پۆل بریمەر

بیرەوەرییەکانی پۆل بریمەر لەعێراقدا

# ساڵەکەم لەعێراق



# My Year in IRAQ

وەرگێرانی

محەمەد چیا

چاپی دووەم

2010

Scanned with CamScanner

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

پەرەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSvslbo_

Ktebi_PDF



Scanned with CamSc

٢٠١١/٦/٢٦
ڕێبوار
کتێبخانەی ڕەهەند
خاوەنی عبدالله قلی
بازاڕی... شەقامی...

# ساڵەکەم لەعێراق

خەبات بۆ بونیادنانی سبەینێیەکی ئومێدوار

باڵیۆز

پول برێمەر

بە هاوبەشی لەگەڵ مالکۆلم ماك- کۆنل

وەرگێڕانی بۆ کوردی

محمد چیا

Scanned with CamSc

- ناوی کتێب/ ساڵەکەم لەعێـراق
- ناوی نوسەر/ بۆڵ بریمەر
- وەرگێڕانی بۆ کوردی/ محەمەد چیا
- تایپ/ وەرگێڕ
- تیراژ/ (٢٠٠٠) دانە
- بڵاوکار/ نێوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
- ساڵی چاپ/ ٢٠١٠
- چاپی دووەم
- شوێنی چاپ: چوارچرا

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی(١١٤٩) ساڵی (٢٠١٠)ی پێدراوە.

**نرخی (٧٠٠٠) دینارە**




Scanned with CamSc



"بۆ سەرکەوتن هەزار باوک هەیە"

پۆل بریمەر

یەکەم حاکمی مەدەنی ئەمریکی لە عێراق

دوای روخانی رژێمی صەدام



Scanned with CamSc

## ساڵەكەم لەعێراق

ئەمە ئەو تاكە كتێبەیە كە گوزارشتێكی بەرپرسێكی باڵا دەخاتەڕوو لەناوەوە، سەبارەت بەو ماوە شڵەژاوەی كە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی صەدام حسێن لەعێراقدا هاتەكایەوە. تێیدا برێمەر باس لەو وردەكارییە هەژێنەرانەو ململانێ پەنهانانەی پێشوو دەكات لەناوەندە ڕامیارییە عێراقییەكان و سەركردە ئەمریكییەكاندا، ئەو لە گەڕەكە كۆنەكانی شاری نەجەفی پیرۆزەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ ژووری بارودۆخەكان لەكۆشكی سپی و بازنەی دەرەوە لەپێتاگۆن.

یادەوەرییەكانی برێمەر دەمانگوازێتەوە بۆ پشت دەرگا داخراوەكان لەبەغدا، لەكاتی دانوستانە دژوارەكان لەگەڵ سەركردە عێراقییە تازە پێگەیشتووەكان، لەكاتی هەوڵدانیاندا بۆ پێكهێنانی دامودەزگا دیموكراسیە چالاك و حەوییەكان بۆ ئایندەی عێراقێكی هیوابەخشو ئومێدوار. هەروەها ئەو دانیشتنە گەرموگوڕانە دەخوێنینەوە لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكیدا– جۆرج بوش و دیك چینی و كۆلن پاول و دۆناڵد ڕامسفێڵد و كۆندۆلیزا ڕایس– لەو كاتەدا كەوا برێمەر كۆششی دەكرد لەپێناو بەدیهێنانی ئەو تێڕوانینەدا كە لەگەڵ سەرۆك بوشدا پێكەوە هاوڕابوون بۆ پێكهێنانی عێراقێكی نوێی ئازادو دیموكراسی.

برێمەر وردەكاریی كۆششەكانی خۆی پێشكەش دەكات لەماوەی ساڵێكدا لەبەرەنگاربوونەوەی هەوڵەكانی ژەنراڵ و بەرپرسە مەدەنییەكان لەوەزارەتی بەرگریدا، بۆ دابەزاندنی ژمارەی هێزەكانی ئەمریكا لەعێراق و گۆڕینیان بە پۆلیس و سەربازی عێراقیی. هەروەها ئەو بێ ئومێدییەی كە هەستی پێدەكرد بەرامبەر پرۆسە سیخوڕییەكان كە پێداگریان دەكرد لەگەڕان بەدوای چەكە كۆكوژەكاندا، ئەمە لەكاتێكدا كە یاخیبوون لەهەڵكشاندا بوو، ڕەوشەكەش لەوەدا بوو لەدەست دەربچێت.

برێمەر باس لەو گرفتە كەڵەكە بووانە دەكات كە ڕووبەڕووی بۆتەوە لەكاتی كاركردنی لەگەڵ هۆزو تایفە و ڕەنگە جیاوازە عێراقییە جۆراوجۆرەكاندا، بۆ گەیشتن بەناراستەیەك بەرەو حكومەتێكی بەرپرسیارو نوێنەرایەتی، ئەمە لەكاتێكدا كە هەندێك لە ئەندامانی حكومەتی ئەمریكا هانیان دەدا بۆ ئەوەی پەلە بكات لەتەسلیمكردنی حوكمڕانی عێراق بەو ئۆپۆزسیۆنانەی كە پێشتر لەدەرەوەی عێراق ژیابوون و، لەسەردەمی ڕژێمی سەدامدا دوورخراوەبوون.

" ساڵەكەم لەعێراق " كتێبێكە پێویستە لەسەر هەموو كەسێك بیخوێنێتەوە كە بایەخ بە چیرۆكی ڕاستەقینەی مامەڵەكردنی ئەمریكی دەدات لەگەڵ یەكێك لە مەترسیدارترین ئەو قەیرانانەی كە

لەدەرەوەدا ڕووبەڕووی بۆتەوە.

باڵیۆز ل. برێمەر ، دبلۆماتکارو و، نوێنەری سەرۆکایەتی بۆ عێراق لەنێوان ئایار/ مایۆ ٢٠٠٣ و حوزەیران/ یۆنیۆ ٢٠٠٤، ماوەی بیست و سێ ساڵ لەوەزارەتی دەرەوەدا لە فەرمانبەر شەخصیەکانی شەش وەزیری دەرەوەدا و لەچوار کیشوەردا خزمەتی کردووە، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، باڵیۆزی ئەمریکا بووە لەهۆڵەندەو باڵیۆزی گەڕۆك بووە بۆ بنبڕکردنی تیرۆر.
دوای ئەوەیش کە دوورکەوتەوە لەکاری حکومی، پۆستی بەڕێوەبەری کارگێڕی دەزگای " کینسجر ئاسۆیەس"ی وەرگرتووە.

لەکانونی یەکەم/ دیسەمبەردا لەبەرامبەر ئەوە خزمەتەیدا کە برێمەر لەعێراق کردبووی، سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش خەڵاتی سەرۆکایەتی بۆ ئازادی پێبەخشی.

مالکۆلم ماك- کۆنل فەرمانبەری پێشوو لەوەزارەتی دەرەوەداو دانەری چەندین کتێب. هاریکاری تۆمی فرانسکی کردووە لە یادەوەرییە بەناوبانگەکانیدا " سەربازێکی ئەمریکی".

## ناوەڕۆکەکان

کەرتی یەکەم
بەشی یەکەم: پاشاگەردانی
بەشی دووەم: وەرگرتنی بەرپرسیارێتی
بەشی سێیەم: بونیادنانەوەی وڵاتێکی وێرانکراو
بەشی چوارەم: سەمای ڕامیاری
بەشی پێنجەم: هیوایەکی دوور

کەرتی دووەم
بەشی شەشەم: " بەمێژوو بێزارمان مەکە"
بەشی حەوتەم: ئایا ئەمریکا دەتوانێت بەرگەی گەرمیەکە بگرێت
بەشی هەشتەم: نەخشەی ڕێگا بەرەو دیموکراسیەت
بەشی نۆیەم: دەسگیرکردنی صەدام

کەرتی سێیەم
بەشی دەیەم: دەستپێکردنی جەنگێکی تفت و تاڵ
بەشی یانزەیەم: نوسینەوەی دەستور
بەشی دوانزەیەم: پێکدادان بەدیواردا
بەشی سیانزەیەم: یاریەکی ئەنجام یەکلانەبوەوە
بەشی چواردەم: عێراقی خاوەن سەروەری



Scanned with CamSc

# کەرتی یەکەم



Scanned with CamSc

## بەشی یەکەم

### پاشاگەردانیی

### دووشەممە ١٢ ئایار/ مایۆ ٢٠٠٣

### بەغداد دەسوتێ

کاتێك فڕۆکەکەی هێزی ئاسمانی سی- ١٣٠ سەربەخوار بەرەو ڕووباری دیجلە لاربۆوە، لەکورسیەکەمەوە لاربوومەوە لەپەنجەرە بازنەییەکەوە سەیری دەرەوەم کرد. پایتەختی بەغدا لەلای ڕاستەوە بەرەو باکور درێژ دەبۆوە، لەناو گەرمایەکی سوتێنەردا لەهەموولاکانیەوە تەپوتۆزاوی و لێدراو دیاربوو. لەدوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا ستونی دوکەڵەکان باوەشیان بەئاسماندا کردبوو. سێ.. پێنج... حەوت ستونم لێ ژماردن.

لەتەنیشتمەوە ، باڵیۆزی خانەنشین هیوم هۆران دانیشتبوو، شتێکی ووت، بەڵام دەنگی بزوێنەری فڕۆکەکە دەنگەکەی هەڵلوشی. ئەو دوو کەیەم لامبرد کە سەرلەبەیانی کاتێك لەکوەیت سواربووین دەستەی فڕۆکەکە کردبوویانە گوێمان.

"... بینای حکومی"، بەدەنگێك بەرزتر لە دەنگی تۆربینی بزوێنەرەکان هیوم هاواری کرد."..
توسینگەکانی حزبی بەعس". هەروەها ئاماژەی کرد بۆ ئەو دوکەڵەی کەلەسەروو لاربوونەوەی ڕووبارەکەوە بەرز دەبۆوە." زۆربەی وەزارەتەکان لەو ناوچەیەدا کۆبونەتەوە. صەدام حەزی دەکرد لەنزیکەوە چاودێری گەلەکەی بکردایە".

لەبەردەمماندا لە چاوە کراوەکەوە، ژەنراڵی هێزی ئاسمانی ریچارد مایرزیش سەیری کرد، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هێزە هاوبەشەکان و هاوەڵەکانی بۆ بەغدا. من و گرووپە بچووکەکەم لەپشووی کۆتایی هەفتەدا لەگەڵ مایەرزدا بە فڕۆکەیەکی سی- ١٧ی گەورەو بەبێ وەستان لە بنکەی هێزی ئاسمانی ئەندرۆز لە میرلەندەوە گەشتمان کردبوو بۆ دۆحە لەقەتەر. لەوێشەوە سواری ئەم فڕۆکەیە بووین، سی- ١٣٠، بەکەمجار بەشەو بۆ کوەیت، پاشان لەبەیانیدا بۆ بەصرە لەباشووری عێراق. هێشتاش لەگەشتداین بۆ ماوەی نزیکەی چل و هەشت کاتژمێرە.

ئەو دوکەڵەی کەلەبەغداد بەرزدەبۆوە زاڵ بوو بەسەر هەموو ئاگاییەکماندا.

کلای مکمناوای، کە باڵیۆزێکی تری خانەنشین و هاوڕێیەکی کۆنەو -ئێستاش جێگرمە- لەنزیکەوە دانیشتووە، هاواریکرد و ووتی،" توانستە پیشەسازییەکان تالآن دەکەن، دوای ئەوەی کە شوێنێك لەشەمك و کەلوپەلەکەی دادەماڵن دواتر دەیسوتێنن. هەندێك حساباتی کۆن هەیە کە



Scanned with CamSc

دەبێت یەکلایی بکرێتەوە".

هیوم سەری ڕەزامەندیی راوەشاند لەکاتێکدا کە من خەریك بووم کەپەکانم دەکردەوە گوێم. ئەو یەکێك بوو لەدیارترین بەرەچەڵەك عەرەبەکان لەوەزارەتی دەرەوەدا، بەشێکی زۆر لەخزمەتەکانی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەسەر بردبوو، بەباشی شارەزای بەغداد بوو، لەکاتێکدا کە من هیچ شارەزاییەکەم لەبارەی بەغداوە نەبوو.

لەو ئەرکانەی کە پێمسپێرابوون لەماوەی سێ دەیەدا وەك دبلۆماسییەکی ئەمریکی، ئەرکی گەورە فەرمانبەران لای هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەو باڵیۆزی گەڕۆك بۆ بنبڕکردنی تیرۆر لەسەردەمی سەرۆك رۆناڵد ریگاندا، ئەوانیش ئەو ئەرکانەن کە زۆربەی هەرە زۆری پایتەختەکانی ناوچەکە بەهۆیانەوە گەڕاوم. هەموو پایتەختەکان بێجگە لەبەغدا. لەکاتێکدا کە من و فرانسی خێزانم لەوساوە پێش سی و حەوت ساڵ لەباڵیۆزخانەی ئەمریکا لەئەفغانستان خزمەتمان کردبوو، ئەوا ئەمە یەکەمین گەشتم دەبێت بۆ عێراق، ئەو وڵاتەی کەتێیدا ڕووبەڕووی گەورەترین تەحەدا دەبمەوە لەژیانمدا.

پێش تەنها یەك مانگ تەنها باڵیۆزێکی دیکەی پێشوو بووم بەدوور لە کۆشکی سپی بەکامەرانی دەژیام، لەکەرتی تایبەتدا کارم دەکردو بەشی بەڕێوەبردنی قەیرانەکانم پێسپێرابوو لە کۆمپانیای گەورەی مارش ئاند ماکلینانی ئەمریکیدا. من و فرانسی خێزانم دڵمان لای ئەو فشارە ڕامیاریەو بارگرانیەی کاری قورس و ماندوکەر نەبوو کە دبلۆماسیەتێکی ئاست بەرز دەیسەپێنێت. بەڵکو لەمدوایەدا خانوویەکی گوندیانەمان لە نیو ئینگلەند کڕیبوو بەهیوای بەسەربردنی پشووەکان تێیدا لەگەڵ منداڵ و نەوەکانماندا.

بەڵام لە دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە گەرمە لەسەر بەغداد، هەشت هەزار میل لە لەدەوروبەری واشنتۆن و چیاکانی فێرمۆنتەوە دووربووم. بۆ جاری دووەم گەڕابوومەوە بۆ حکومەت، وەك بەڕێوەبەری تازە دەستنیشانکراو بۆ دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کەلەم دوایەدا دامەزرابوو. هەندێك لەراپۆرتە رۆژنامەییەکانیش منیان وەك " جێگری پادشای ئەمریکی" لەعێراقی داگیرکراودا پێناسە کردبوو.

بەوپێیەش کە بەرزترین کارمەندێکی ئەمریکیم لەبەغداد، ئەوا دەبمە نوێنەری شەخصی سەرۆکی ئەمریکی جۆرج دەبلیو بوش. پاشان ئەو زنجیرەی سەکردایەتیە کە لەمن بەرزترە لەرێگەی وەزیری بەرگری ڕامسفێلدەوە راستەوخۆ بە سەرۆکەوە دەبەسترێتەوە. منیش دەبمە خاوەنی تاکە دەسەڵاتێکی مەزن- بەهەڵاوێردەی دیکتاتۆر صەدام حسێن- کە زۆربەی عێراقیەکان دەیناسن. لەبەرئەوەی من مەدەنیم، ئەوا دەسەڵاتی فەرمانکردنم نەبوو بەسەر زیاتر لە ١٧٠,٠٠٠ سەربازدا



Scanned with CamScanner

لەهێزەکانی هاوپەیمانان کە لەهەموو ناوچەکانی عێراقدا پەرش و بڵاوبوونەوە، ئەو وڵاتەی کە لەرووی پانتاییەوە نزیکەی هێندەی کالیفۆرنیا دەبێت و ژمارەی دانیشتوانەکەشی دەگاتە ٢٥ ملیۆن کەس. بەلام سەرکردایەتی ناوەندیی ئەمریکی- باڵی سەربازی هاوپەیمانان کە بارەگای سەرکردایەتیەکەی لە تامپای فلۆریدا بوو- لەلایەن سەرۆك و رامسفێڵدەوە فەرمانی پێدرابوو کەوا هەماهەنگی بکەن لەکارەکانیاندا لەگەل دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان و مندا.

هێزەکانی هاوپەیمانان کە دوای سێ هەفتە لەجەنگی توندوتیژ توانیان صەدام حسێن شکست پێ بێنن، پێکهاتوون لە سەربازەکان و هێزەکانی مارینزی ئەمریکی بەپلەی یەکەم، بەلام زیاتر لە ٢٠,٠٠٠ سەربازی بەریتانی و ژمارەیەکی زۆر کەمتر لەوە هێزی ئوستورالیش بەشداربوون، سەرەرای ئەو هێزانەی کەسەر بەپەیمانی ناتۆ بوون، لەوانەش هاوپەیمانە نوێیەکانمان لەئەورووپای ناوەراست.

ئەو زەویانەی کەداگیریان دەکرد جۆراوجۆر بوون وەك جۆراوجۆری دیمەنی مرۆیی عێراقی. هێزەکانی هاوپەیمانان لەزۆنگاوەکانی شەتولعەرەبدا هەبوو لای بەیەکگەیشتنی روباری دیجلەو فورات، هەروەها لەشارە روبارییەکان و شارە پیرۆزەکان لەباشور کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی شیعە مەزهەبن و نزیکەی ٦٠٪ ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن. بەدووری پێنج میلیش بەرەو باکور، شوێنی پێشەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان هەبوو لەسەر چیا سەوبەرییەکان لەنیشتمانی کوردان کەئەمانە عەرەب نین و ٢٠٪ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن. هەروەها هێزەکانمان لەناوچە بیابانییە بەرین و گەرمەکانی ناوەراست و خۆرئاوای عێراقیش هەبوون، کە ناوەندی ناوچەی سونە مەزهەبە عەرەبەکان پێکدەهێنێت کە ١٩ ٪ی عێراقیەکان پێکدەهێنن و ئەمانە بۆ ماوەی چەندین سەدە هەژموونیان بەسەر کۆمەڵگەی عێراقیدا کردبوو.

رادەی دەنگی بزوێنەرەکان کەمبوەوە، فرۆکەکە زیاتر بەلای چەپدا لاربۆوە. یەکێك لەدەستەی فرۆکەوانیەکە کە لاوێك بوو جلێکی سەربازی رەنگ بیابانی لەبەردابوو، پەنجەکانی دەستی راستی درێژکردبوو، هاواریکردو ووتی، " پێنج خولەك"، پاشان ئاماژەی کرد بۆ کەمەری بۆ ئەوەی توندکردنی پشتێنی سوری سەلامەتیمان بەبیر بهێنێتەوە.

ئەم جۆرە لەفرۆکەی گواستنەوە پێی دەوترێت سی "١٣٠" گومبان تالون" ( چرنووکی جەنگ)، کە زۆرجار هێزەکانی بزۆسە تایبەتیەکان هەڵدەگرێت بۆ خۆفرێدان بە پەرەشووت لەبەرزاییە کەمەکانەوە، یان نیشتنەوە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی هێرشبەری لەقوڵایی زەویەکانی دوژمندا. بە بەرزایی ٢٠٠ پێ و بەخێرایەکی زۆر لەشاری بەصرەوە بەرەو شاری بەغدا فرین، بەسەر ئەو گوندانەدا کە خانووەکانیان لەقوڕ دوورستکرابوون، هەروەها بەسەر باخە خورماکاندا بەتێوندی



Scanned with CamSc

جوگە کۆنەکانی ناودێریدا کەوایان کردبوو وڵاتی نێوان دوو ڕووبار بەدرێژایی هەزاران ساڵ وەک ناوچەیەکی بەپیت و فەڕ بمێنێتەوە.

ئەو فڕینە خێرایە لەبەرزاییەکی کەمەوە بۆ ئەوە نەبوو هەلی بینین بۆ کەسایەتیە گرنگەکان فەراهەم بکات، بەڵکو بۆ کەمکردنەوەی مەترسی ئاگری چەکە دژە ئاسمانیەکان بوو. لەماوەی داگیرکردندا پێش مانگێک، ئاگری چەکە ئۆتۆماتیکیەکان و چەکە بچووکەکان فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای ئەمریکیان پێکابوو، لەو کاتەدا کەبەسەر کۆمەڵگە کشتوکاڵیە کشوماتەکاندا فڕیبوون. سەرەڕای ئەوەش کە سەرۆک بوش پێش پانزە ڕۆژ کۆتایی هاتنی" پرۆسە جەنگیە سەرەکیەکان)ی ڕاگەیاندبوو، بەڵام جێگری سەرکردەی سەرکردایەتی ناوەڕاست ژەنراڵ جۆن ئەبی زەید ، لە بارەگای پێشەوەی سەرکردایەتی سەرکردەیی ناوەندی لەقەتەر ڕاپۆرتێکی کورتی پێشکەش کردین و، دانی بەوەدا نا کە هێشتا لەو وڵاتەدا ئاشتی بەرپا نەبووە.

دوای کەمتر لە پێنج خولەک لەفڕۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی دەنیشینەوە. لەو کاتەدا کە خەریکی توندکردنەوەی پشتێنی سەلامەتی بووم باوێشکم دار بیرم لەو ڕووداوانە کردەوە کە منیان گەیاندە ئێرە.

ئەوە لە ناوەڕاستی مانگی نیسان / ئەپریل دا بوو کاتێک کە من و فرانسی فڕۆکەخانەی هاتفۆردمان لە کۆنکتیکت بەجێ هێشت لەئۆتۆمبیلێکی کرێدا کە لەجۆری فۆرد تۆرس بوو لەرێگەماندا بۆ فیرمۆنت بۆ هەڵبژاردنی کەلوپەل بۆ خانووە گوندییەکەمان، فرانسی کێکێکی بچووکی کڕی بوو بۆنی دارچینیەکەی ناو سەیارەکەی پڕکردبوو کاتێک کە لە ڕێگەی خێرای ۹۱ ی نێوان ویلایەتەکانەوە بەرێکەوتین.

دڵخۆش و کامەران دیاربوو لای کردەوە بۆ لای من و ووتی " کە لەگەڵ تۆدا دەم، هەمیشە هەست دەکەم لەنێو دوو دەستی ئەمین و پارێزراودام" .

سەیرێکی چاوە شینە خەندە گرتووەکانیم کردو نەمویست خۆشیەکەی لێ تێکبدەم. ئەو نەک تەنها بەدەم ئازاری ماسولکەکانیەوە دەناڵێنێت کە زۆرجار دەیخاتە ناو جێگاوە، بەڵکو لەمدوایەشدا تووشی خزان هاتبوو لەدوو بڕبڕاگەی پشتیداو، ئەمەش وایکردبوو تووشی ئازارو ژان بێت لەدەماری لاقی ڕاستیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێوەیەکی کاتی ئاسوودە بوو هەستی بەئاسودەیی دەکرد سەبارەت بە ڕێکخستنی ئەوماڵەی کە تەرخانمان کردبوو بۆ بەسەربردنی مۆڵەتەکانمان تێیدا.

بەڵام دەبوو ئاگاداری بکەمەوە لەوەی کە خەیاڵمی سەرقاڵ کردووە، هەر ئێستا پێی بڵێم. چونکە واشنتۆن ناتوانێت ماوەیەکی درێژتر چاوەڕوانی بکات.



Scanned with CamSc

بەسزەوە ووتم،" پێویستە قسە بکەین لەبارەی کارێکەوە کە خراوەتە بەردەمم".

بەخێرایی پێش ئەوەی کێکەکە بگاتە دەمی پرسی، " کام کارە"؟ من و فرانسی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانماندا هەبوو بەشێوەیەك کە خێرا هەریەکەمان هەستی بەمیزاجی ئەویدی دەکرد، یەکسەر کەشی ناو ئۆتۆمبیلەکە ساردبۆوە. لایکردەوەو پرسی،" کام کار؟ ئەوەی من دەیزانم ئەوەیە کە تۆ کارت هەیە".

ئەو تەواو ڕاستی دەکرد، بەڕێوەبەری بەشی بەڕێوەبردنی قەیران لە مارش و مکلینان ماوەی هەژدە مانگە کاتی داگیرکردووم. بەڵام فرانسی دەزانێت من خولیای ئەوەم هەیە بەشێوەیەك لەشێوەکان شارەزاییەکەم بەکاربهێنم لەبارەمەیدانی وڵاتەکەماندا لەجەنگی جیهانی دژ تیرۆردا. من ماوەی نزیکەی بیست ساڵە لەو جەنگەدا بەشدارم، دواین پۆستیش کە وەرمگرتبوو سەرۆکی لیژنەی نیشتمانی بوو بۆ تیرۆر کەلەهەردوو پارتەکە پێکهاتبوو. لەو ڕاپۆرتەشماندا کەپێشکەش سەرۆك کلنتۆنمان کردبوو لە حوزەیران/ یۆنیۆ ۲۰۰۰، لیژنەی پێشنیەی شێن پێشبینی ڕوودانی هێرشی تیرۆریستی کردبوو لەسەر زەوی ئەمریکادا کە بەرکەوتنێکی فراوانی لێدەکەوێتەوە" وەك ئەوەی لە پیرل هاربر ڕوویدا". بەهەمانشێوەی ڕاسپاردەی زۆربەی لیژنەکان، ڕاسپاردەکانمان تاڕادەیەکی زۆر فەرامۆشکرا تا ئەو کاتەی هێرشەکانی ۱۱ ئەیلول/ سێپتەمبەر ڕاستی پێشبینی و تێڕوانینەکانی ئێمەی سەلماند.

دوای ڕوودانی ئەو کارەساتە، هەتا من کە لەتەمەنی شەست و دوو ساڵیدام، نەمتوانی تەنها تەماشاکارێك بم. لەم چەند مانگەی دوایشدا ئەندامانی ئیدارەی بوش لەچەندین پلەی جیاوازدا وتووێژیان لەگەڵ من کردووە. بەڵام فرانسی هەرکاتێك ئەو بابەتە باس دەکرا بەتوندی ناڕەزایی دەردەبڕی.

وا ئێستا جارێکی تر ئەم بابەتەم ووروژاندەوە کەلەناو ئۆتۆمبیلێکدابین لەباکوری هارتفۆرد." ئەمە کارێکە بوارم دەداتێ کە جیاوازییەکی ڕاستەقینە دروست بکەم. ئەو کارە پێویستی بەهەموو ئەو کارامەییانەم هەیە کەلە ماوەی کاری پیشەی دوورودرێژمدا بەدەستمهێناوە... دبلۆماسیەت، شارەزایی لە ڕۆشنبیرییەکانی تردا، کارگێڕی و ...هتد.

" ئەو کارە چییە"؟ ئێستا ئەسکوێی (فضولي) گرتی. من باش فرانسی دەناسم، ئەگەر بتوانم دەست بگرم بەسەر بیرکردنەوەیدا ئەوا نیوەی ڕێگەکەم بۆ لەوێ بڕیوە.

" بارمەتیدانی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کاروبارەکان لەعێراق". پێش چەند ڕۆژێکیش لەماڵەکەماندا لە دەوروبەری واشنتۆن سەیری ڕوماڵی تەلەفزیۆنی " سی ئێن ئێن" مان دەکرد کەتیایدا پیاوان و ماڵانی عێراقی خۆشیی مەستی کردبوون بەپێڵاوەکانیان دەیانکێشا بە سەری



Scanned with CamScanner

پەیکەری پەڕیوی صەددام حسێندا دوای ئەوەی پیاوانی مارینزی ئەمریکی خستبوویان.
"تۆ"؟ بە ئارامیی سەیری کردم لەکاتێکدا کە من چاودێری ڕێگەکەی بەردەمم دەکردو دڵیشم ئەزرووی پێدا دەهات و دەلەرزی. من ئەم ئەحەدایەم دەوێت. بەلانی کەمەوە هەڵی هەوڵدانم دەوێت. بەڵام تا ئەو پیرۆزبایم لێ ئەکات پێی هەڵناستم.
لەماوەی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلەکەدا بەئاراستەی باکوور بەناو گردە سەوزەکاندا باسکردنی بابەتەکە چووە پێشەوە. پێم ڕاگەیاند کە سکۆتر لیبی، گەورەی فەرمانبەرانی دیك چێنی جێگری سەرۆك و، پۆل وولفۆویتز، جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکی بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندییان پێوە کردووم.
ئەو بەڕێوەبەرێتیە مەدەنیەی کە پنتاگۆن لەبنەڕەتدا لەعێراق داینابوو " دوای کۆتایی هاتنی پرۆسە جەنگییەکان" – نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییەکان– شارەزایی کەمبوو لە دانوستانە دیپلۆماسی و سیاسیە ئاست بەرزەکاندا. بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری گێڕانەوەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کۆشکی سپی نەیدەویست سەرۆکی نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییەکان، جای گارنەری فەریقی خانەنشین، لەپۆستی نوێنەری هەمیشەیی سەرۆکدا بۆ عێراق دابنێت. منیش کارامەیی و شارەزایی پێویستم هەبوو بۆ ئەو پۆستە.
" ئەوان بەلایانەوە گرنگە من پۆستی بەڕێوەبردنی عێراقی داگیرکراو وەربگرم".
دواجار، دوای بێدەنگیەکی درێژو ڕۆچوون لەبیرکردنەوەدا، فرانسی دووبارە زەردەخەنەیەکی کردوو وتی، " ئەگەر کەسێك هەبێت بتوانێت بەو کارە هەستێت، ئەوا تۆ دەتوانیت پێی هەستیت".
لەو کەسانە نیم کە خاوەن سۆزدارییەکی زیادەڕۆیانە بم، بەڵام فرمێسك لەچاوەکانم دەرپەڕی کاتێك گوێم لەوە بوو کە وتی: من دەمزانی ئەوەی دەتخواست لێی بۆ ڕازی بوون و هەروەها لەمنیش. بەڵام بەئەندازشەوە دەستی خستە سەر ڕانم و وتی،" پێش ئەوەی ڕاکەم بگۆڕم پەیوەندی بکە بەو کەسەوە کەپێویستە پەیوەندی پێوە بکەیت ".
ئێمە بەتەواوەتی دەمانزانی ئەگەری سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراق قورسە. بەڵام لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلەکەدا بەناو قەدپاڵی گردە خۆرەتاوەکاندا لەچیاکانی گرین پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە نیسانیە/ (ئەبریلیە)، نە من و نە فرانسیش پێشبینی سروشتی ڕاستەقینەی ئەو ئەرك و کۆششەمان نەدەکرد کە دەکەوێتە سەرشانی هەریەکەمانەوە.
دوای ئەوە بە دە ڕۆژ، لە نوسینگەی کۆشکی سپی ئامادەبووم.
کارەکان بەخێرایی تێپەڕین دوای وتوێژکردنم لەگەڵ فرانسیدا. ڕامسفیڵدی وەزیری بەرگری داوای لێکردم لەگەڵیدا کۆببمەوە کاتێك زانی ئارەزووی وەرگرتنی ئەو پۆستەم هەیە. چەند

دەیەیەك بوو ڕاسپێراوم دەناسی، هەر لەوکاتەوە کەپێکەوە لەئیدارەی سەرۆك فۆرد دا کارمان دەکرد. بەدرێژایی ئەو ساڵانە پەیوەندیمان پێکەوە مابوو، من سەرسام بووم بە نیشتمانپەروەریەکەی و، خێرایی بەدیهێنان و، پاڵنەرەکانی. ڕەوشی عێراقمان تاو توێ کرد، بابەتەکانی خۆمم بۆ دووپاتکردەوە. ووتی مەسەلەکە لەگەڵ ئەندامەکانی تردا لەگروپی ئاسایشی نیشتمانی تاوتوێ دەکات و دواتر وەڵامم دەداتەوە. کاتژمێر شەش و نیو لەئێوارەی ئەو ڕۆژە، نوسینگەکەی پێی ڕاگەیاندم کاتژمێر دەی ڕۆژی دوایی لەگەڵ سەرۆکدا کۆبوونەوەمان هەیە.

سەرۆك بەبێ مەبەستێك پرسیاری لێکردم " بۆچی ئەم پۆستە مەحاڵەت دەوێت"؟

سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش کەسێکی تەواو چالاك و پێداگرە، وەك ئەوەی لەدوای هێرشەکانی ۹/۱۱ لەسەر تەلەفزیۆن بەدەرکەوت و هەوڵی دەدا وورەو تواناکی وڵات تەیار بکات و کۆیان بکاتەوە. من هەرگیز پێشتر بەدیداری نەگەشتبووم وێڕای ئەوەی لەکاتی کارکردنمدا وەك دبلۆماتکار بارك و دایکیم دەناسی و ڕێزم هەیە بۆیان.

" لەبەرئەوەی پێموایە ئەمریکا کارێکی مەزنی ئەنجامداوە بەوەی کە عێراقییەکانی ڕزگارکرد، هەروەها لەبەرئەوەی بڕوام وایە دەتوانم هاوکاری پێشکەش بکەم".

ئەم یەکەم دانیشتنە کورتە کۆتایی هات، بەهەڵاوێردەی پەیامێك کە فرانسی خێزانم داوای لێکردم کە بە سەرۆکی بگەیەنم، " بەڕێز سەرۆك، خێزانم دەیەوێت بزانێت ئەو لەوتارەکەتدا کەلەبارەی ڕەوشی وڵاتەوە بوو، ئەو بەشەی بەلاوە باشە کە دەڵێت، ، ئازادی دیاری ئەمریکا نیە بۆ جیهان، بەڵکو ئەوە بەخششێکی خوایە بۆ مرۆڤ ،".

سەرۆك کاتێك ئەوقەی لەگەڵمدا دەکرد بزەیەك گرتی و، دیار بوو بەوتەکانی فرانسی کاریگەربوو بوو.

لەدوو هەفتەی دواتردا، بەشداریم لەزنجیرەیەکی گەرموگوڕی کۆبونەوەکاندا کرد بۆ ئەوەی پێش ڕۆیشتنم بۆ عێراق ڕەوشی ئەو وڵاتە بزانم. لەنێوان دانیشتنەکانیشدا هەوڵم دەدا ئەو کەسانە کۆبکەمەوە کەوا پێویستە لەگەڵم کاربکەن. پنتاگۆن عەقیدی فڕۆکەوان سکۆتی نوروودی وەك یاریدەدەری سەربازی بۆ دیاریکردم. سکۆتی ئەو ڕێوشوێنانەی دەزانی کەلەپنتاگۆن دەگیرێنەبەر بۆیە بەلێهاتوویەکی نائاساییەوەو بەخێرایی کەوتە خزمەتکردنم، هێزی دەریاییش مولازمێکی لاوی چالاکی پێشنیاز کرد کەئەویش جستن لیمزن بوو.

لە سەردانەکەمدا کەپێی هەستام بۆ لای جێگری سەرۆك چینی زانیم کە یاریدەدەرە تایبەتیەکەی، برایان ماکورماك، بایەخ بەوە دەدا کە بێت بۆ عێراق. بینمیم لەتەنیشت ئامێری لەبەرگرەوەکەوە لەنوسینگەی دەرەکی چینیدا لەکۆشکی سپی وەستابوو لێم پرسی ئایا ئەوە ڕاستە؟.



Scanned with CamSc

" بەڵێ وایە" بە زەردەخەنەیەکی متمانە پێبوونەوە ئەمەی ووت.

لێم پرسی " ئایا ژنت هێناوە"؟ ئەمدەویست کەسێك کە خێزانی گەنجی هەبێت لەگەڵ خۆم بیبەم بۆ بەغدا.

وەڵامیدامەوە، " هێشتا ژنم نەهێناوە. دەتوانم لەماوەی هەفتەیەکدا ئامادە بم بۆ ئەوەی بکەمەو ڕێ.

بەخۆمم ووت ئەمە ئەو دڵگەرمییەیە کە پێویستم پێەتی، یەکسەر دەست بەکارمکرد.

من دەرکم بەوە دەکرد پێویستم بە ڕاوێژکارێکی دانا هەیە کە خاوەن شارەزایی بێت، بۆیە بیرم لەهاوڕێ کۆنەکەم کردەوە باڵیۆز کلایتۆن مکمناوای. دووجار لەوەزارەتی دەرەوەدا جێگرم بووە، لەڤێتنام لەوەزارەتی بەرگری خزمەتی کردووە، ئەو کۆمەڵگەی هەواڵگری دەناسی. دوای ئەوەی کلای وەك باڵیۆزێك لەهایتی خزمەتی کرد، بۆ خۆی " گۆڕانێك بۆ ڕژێم" ی بەڕێوەدە برد کەوا کارێکی قورس و زەحمەتە، خانەنشین بووەو ئێستا لە کارژلەنای باشووری نیشتەجێیە.

بەیارمەتی وەزارەتی بەرگری، شوێن پێیم هەڵگرت دوای نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ئەو ڕۆژە. کلای لەشەمەندەفەرێکدا بوو بۆ بەسەربردنی مۆڵەتێك لە فلۆریدا.

تێڕوانینی خۆمم بۆ کارەکە بۆ باسکرد:" لەوێ شەوان و ڕۆژانێکی درێژ هەن، دەبێت بچمە ناو دانوستانگەلێکی ناتەباو فرە ڕاوە، پێویستم بەزۆرێك لە یارمەتی دەبێت کلای. هیوادارم پەیوەندیم پێوە بکەیت".

" لە وێستگەی دواتردا دەوەستم، سبەینێ لات دەبم جێری".

دەبێت کارمەندێکی گەورە هەبێت شارەزای کلتوورو زمانی عەرەبی بێت. پێش دەیەیەك لەگەڵ یەکێك لە باشترین ئەو کەسانەدا کارم کردبوو لەوەزارەتی دەرەوەدا، باڵیۆز هیوم هۆران. پێیم خۆشحاڵە لەخانەنشینیەکەیدا لەواشنتۆن.

سەرکەوتوو بووم لەوەی ڕازی بکەم کارم لەگەڵدا بکات، لەڕۆژەکانی دواتردا ئەویش لەپێناگۆن ئامادەی دانیشتنەکانی تێگەیشتن و حاڵی بوون بوو.

لەگەڵ کلای دا وتووێژمکرد سەبارەت بەو کارە کارگێڕیە ترسناکە کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هاوپەیمانان زیاتر لە شەش سەد کارمەند لەخۆدەگرێت و بەدڵنیایەوە ژمارەکەش بەرز دەبێتەوە بۆ هەزاران.

ووتم، " تەنها یەك کەس دەناسم دەتوانێت ئەو تەحەدا کارگێڕیە لەئەستۆبگرێت، پات کێندی".

" ئەمە تەواو ڕاستە"، کلای بەڕەزامەندییەوە وەڵامی دایەوە. بۆ ماوەی چەند دەیەیەك لەوەزارەتی دەرەوەدا لەگەڵ پات کارمان کردووە، باشترین کەسێکی ئیدارییە کە لەم ماوەیەدا وەزارەتی دەرەوە بەرهەمی هێنابێت.



Scanned with CamSc

بات پۆستی جێگری باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی هەبوو لەنەتەوە یەکگرتووەکان لەنیویۆرک. ئایا ئەو پۆستە واز لێدەهێنێت و خێزانەکەی بەجێ دەهێڵێت و روو دەکاتە عێراقی پڕ لەمەترسی و مەرگ و تیاچوون؟ کلای توانی شوێن پێی بات هەڵبگرێت ئەمەش لەرێگەی ئاوەندی پرۆسەکانی وەزارەتی دەرەوە، لەو کاتەدا ئەو لە مۆڵەتێك دەگەڕایەوە کە لە مەکسیك لەگەڵ خێزانەکەیدا بەسەری بردبوو.

دوای ئەوەی بات رەزامەندی سەرۆکەکەی بەدەست هێنا، باڵیۆز جۆن نیگرۆپۆنتی، وەڵامی دامەوە، " شەرفەمەند دەبم لەگەڵتدا خزمەت بکەم".

دواهەمین بۆشاییەك مابوو کە دەبوو پڕی بکەمەوە. دەمزانی کارەکە ئەوەی دەخواست کارلێکێکی زیاترم هەبێت لەگەڵ کۆنگرێسدا. یەکێکیان پێشنیاری کرد کە تۆم کۆرلۆگۆس پسپۆڕ لەکاروباری کۆنگرێسدا رەنگە حەز بکات لەعێراق خزمەت بکات. ماوەی چەند دەیەیەکە تۆمم ناسیوەو دەمزانی زیادبۆکردنێکی گرنگ دەبێت بۆ گروپەکە بەهۆی ئەو رێزو بایەخپێدانەوە کە لەلایەن هەردوو پارتەکەوە پێی دەدرێت. بەڵام گومان هەبوو لەوەی بەم تەمەنەوە ڕازی بێت دەستبەرداری ئەو ئارامی و ئاسایشە بێت کەلەکارەکەیدا لەواشنتۆن هەیە لەپێناو کارێکدا کە بە مەترسی تەنراوە لەبەغدا. بەڵام شتێکی کتوپڕو دڵخۆشکەر بوو بۆم کە تۆم یەکسەر ڕازی بوو بەوەی کارمان لەگەڵدا بکات و بێتە ریزمانەوە. دواتریش هاوەڵێکی ترمان بۆ گروپەکە زیادکرد کەپێشتر لەوەزارەتی دەرەوەدا کاری دەکرد، بۆب کیلی، ئەویش کاری هەماهەنگیکردنی ئەو سەردانانەی پێ سپێردرا کە ئەندامانی کۆنگرێس بۆ بەغدا ئەنجامیان دەدا.

دوای کەمتر لەدە رۆژ لەوەرگرتنی کارەکەم، گروپێکی کارکردنی تایبەت بەخۆمم پێکهێنا لەگەڵ گەورە باریدەدەرەکانمدا. بەڵام تازە بە تازە هەستم بەقەبارەی ئەو ئەرکە کرد کە ڕووبەڕووی دەبینەوە. بۆشاییەکی هێز لەعێراق بوو بووە مایەی پاشاگەردانی. کاتێك کە تانکەکانی هاوپەیمانان پێشرەویان کرد بۆ بەغدا، نەك تەنها قەڵغان و زرێپۆش و تۆپهاوێژەکانی پاسەوانی کۆماری تێکشکان، بەڵکو هەروەها دیکتاتۆریەتی صدام حسێنی بەعسیش تێکشا، کەتاریکترین ستەمی شمولییە لەجیهاندا و لەهەموویان سەرکوتکەرترەو، سەرکردەکانیشی هەڵهاتن. لەکاتێکیشدا هاوپەیمانان کە ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرکرادیەتیان دەکات نیوەی ئامانجی ئاشکرایان بەدیهێنا لەگۆڕینی رژێمدا بەلابردنی صدام حسێن، بەڵام ئێمە گرفتی دیاریکردنی ئەو عێراقیە شەرەفمەندو چالاکانەمان هەبوو کە لەدوای روخانی بەعسەوە دەیانتوانی حوکمڕانی عێراق بکەن و، بەئاسانی بۆمان نەدەدۆزرانەوە.

کاتێك کەبیرم لەو هەڵوێستە دەکردەوە، جیم دۆبنز، کە دیپلۆماتکارێکی پێشوو و توێژەرەوەیەکی



Scanned with CamScanner

کارامە بوو لەگەڵ دامەزراوەی ڕاند دا، کاتێك هات بۆ نوسینگەکەم لەپێناگۆزن رەهەندێکی تری زیادکرد. ئەو یەکێك لە بەڵگەنامەکانی پێدام و ووتی، " پێویستە ئەم ڕاپۆرتە بخوێنیتەوە جێری" من دەمزانی ڕاند یەکێکە لەدامەزراوە ڕاوێژکارییە سەنگینەکان لەوڵاتدا.

توێژینەوەکە رەشنوسی راپۆرتێك بوو کە (ڕاند) ئامادەی کردبوو تێیدا رێژەی ئەو هێزانەی خەملاندبوو کە بۆ سەقامگیرکردنەوەی رەوشی عێراق لەپاش جەنگدا پێویستە. راپۆرتێکی تۆکمە و پوخت بوو، توێژەرەوەکان لۆژیکێکی ووشکیان بەسەر ئەو گرفتانەدا جێبەجێ کردبوو کەلەوێ (لەعێراق) هەبوون.

تێروانینی لێکۆڵینەوەکە لە پەیوەندی لەنێوان ئاستی هێزەکان و سەقامگیریدا، لەماوەی حەوت داگیرکردنی پێشوودا، جیاواز بوو لەنێوان ئەزموونی هاوپەیمانان لەدوای جەنگی جیهانی دووەم لەئەڵمانیاو ژاپۆن و، صۆماڵ ١٩٩٣دا، هەروەها بەڵقانیش لەم دەیەیەی دواییدا، هەروەها لەگەڵ ئەزموونی نوێماندا لەئەفغانستان، هەرچەندە من پسپۆرێکی سەربازی نیم، بەڵام بۆمدەرکەوت کە دەرئەنجامەکان قەناعەتپێکەرو مایەی نیگەرانین.

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە " ژمارەی دانیشتوان لەعێراق ئەمڕۆ نزیکەی ٢٥ ملیۆن کەس دەبێت. ئەم ژمارەیەش ٥٠٠,٠٠٠ هەزار سەرباز دەخوازێت لەوێ بن بۆ ئەوەی هەر ٢٠ سەربازێك سەقامگیرکردنی ئاسایشی ١٠٠٠ کەس لەدانیشتووانی پێ بسپێرێت. ئەمەش سێ هێندەی ژمارەی ئەو هێزە بیانیانەی پێویست دەبێت کەئێستا لەعێراقدان".

ڕاپۆرتەکە سەرقاڵکەربوو. من لەو کەسانەم کە ڕازیم لەهەوڵەکانی دۆناڵد ڕامسفێڵدی وەزیری بەرگری بۆ گۆڕینی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانەی کە لەسەدەی بیست و یەکدا سەرهەڵدەدەن. ڕامسفێڵد وێنای بەکەی بچوکتری دەکرد لەڕووی قەبارەوە کەزیاتر سوکەڵە بن، کە چەکە ووردو هەستیارەکان و هێزی تایبەت پشتگیریان بکات.
هەروەها هاوڕابووم لەسەر ئەوەی هێزەکانمان پێکهێنراون بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ جەنگی ووشکانی توندو بەهێزدا بکەن لەناوچە دوورەکانی ئەورووپادا بەشێوەیەکی باشو لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەو حاڵەتە کتوپڕانەدا کە رەنگە لەناوچە دوورترەکانی تری جیهاندا ڕووبەڕوویان ببنەوە.
ڕاستە هێزە سوکەڵەو خێراکانی ڕامسفێڵد لەماوەیەکی کورتدا سەرکەوتنێکی سەرسامکەریان لەعێراق بەدەست هێنا. بەڵام ئایا رەوشەکە لەزەمینی عێراقدا پشتیوان دەبێت، بەکورتی ئێمە پێویستمان بە سێ یەکی ژمارەی ئەو هێزانە دەبێت کە لێکۆڵینەوەکەی (راند) پێشنیاری دەکات.

پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە داوای نوسخەیەکی کورت و پوختی ئەو ڕاپۆرتەم کردو ناردم بۆ دۆناڵد ڕامسفێڵد، لەهاوپێچی ڕاپۆرتەکەمدا ووتبووم، " پێموایە پێویستە سەیرێکی ئەمە بکەیت".



Scanned with CamSc

هیچ وەڵامێکم پێنەگەیشتەوە سەبارەت بەڕاپۆرتەکە.

لەرۆژی دواتردا، من و عەقید نوروود وتووێژمان دەکرد لەبارەی ئەرکەکەمانەوە.

کاتێك کە لیستی کارمەندەکانی دەخوێندەوە پێی ووتم،" گەورەم ئایا دەزانی هەموو مەدەنیەکان لە بەغدا خۆبەخشن. کارەکە قورس و ماندوکەر دەبێت، بەڵکو رەنگە مەترسیداریش بێت". ئەو ڕاستیکرد. لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانندا نەبوو سەرکەوتن بەدەست بێنن، ئەگەر نەتوانم هانیان بدەم بۆ گوێڕایەڵی و گەشبینی. دوای بیرکردنەوەیەکی درو ڕۆژەی چڕوپڕ لەوە، گەیشتمە دروشمێك بۆ ئەرکەکەمان کەوا گەشبینی دەدالە ئەوەی هیواو ئومێدمانە.

سکۆتی کەسێکی لە پنتاگۆندا دۆزیبۆوە کە تابلۆی تەختەیی لاکێشەیی نوسینگەیی دروست دەکات. دروستکەری تابلۆکان لەسەر تابلۆکەم ئەو دەستەواژەیەی جێگیرکردبوو کە هەموو ئەو میوانانە دەبینن کە لەماوەی چواردە مانگی ئایندەدا سەردانم دەکەن لەویش ئەوەیە :" بۆ سەرکەوتن هەزار باوك هەیە".

لەو مانگانەدا بەو کارمەندانەم دەووت لەگەڵمدا کاردەکەن کە من مەبەست لەهەموو ووشەیەکە تێیدا.

لەو ماوەیەدا دزەکردنێکی نائاسایی هەواڵ لەواشنتۆنەوە ڕوویدا. دوای کۆبونەوەم لەگەڵ سەرۆکدا هەواڵی لەگەری دامەزراندنم گەیشتە دەزگاکانی راگەیاندن. بەخێرایش ئامێری پڕوپاگەندەکان کاری لەسەر هەڵـسەنگاندنی دیاریکردنم کرد لەچوارچێوەی ئەو ململانێیەدا کە هەیە لەنێوان رامسفێڵدی وەزیر و کۆلن پاولی وەزیری دەرەوەدا.

هەندێك لەچیرۆکەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە من و رامسفێڵد هەر لەو کاتەوەی کە لە ئیدارەی فۆرد دا کارمان دەکرد یەکتری دەناسین. تێبینی ئەوەشم کرد کە رامسفێڵد لای سەرۆك ناوی منی پێشنیار کردووە بۆ ئەو پۆستە، بۆیە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت بمە (پیاوی ئەو). هەندێك چیرۆکی تریش جەختی لەسەر ئەو ساڵانەی خزمەتی دبلۆماسیم دەکرد کەتێیدا پاوڵ ناسیوە، وام خەملاند کە من لەلایەن وەزارەتی دەرەوەوە پاڵێوراوم.

سەرۆك بوش بەتەواوەتی ئاگاداری ئەو پروپاگەندانە بوو، لەهەفتەی داهاتوودا، پێش چوار رۆژ لەوەی بەرەو بەغدا بەرێبکەوم، بانگهێشتی کردم بۆ لەوەی لەکۆشکی سپی پێش کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی بەتەنهاو پێکەوە نانی نیوەڕۆ بخۆین.

لەژورێکی بچووکدا کە پەنجەرەکانی بەسەر باخچەکەی کۆشکی سپیدا دەیڕوانی لەدەرەوەی نوسینگەکەی نانمان خوارد، هەردووکمان وەرزشی بووین سەرۆك بوش باری ڕاکردن و بەرزکردنەوەی قورسایی دەکرد، ئەمە لەکاتێکدا من پێشتر بەشداری پێشبڕکێکانی مارسۆنم

دەکرد، لەبەرئەوە زەلاتەی هەرمێ و هەلو و سەوزەمەنیمان خوارد.

دوای گفتوگۆیەکی درێژ لەبارەی کێشە رامیارییە دەرەکیەکانەوە، هاتینە سەر عێراق.

بوش لێی پرسیم،" ئەتوانم چی بکەم بۆ یارمەتیدانت"؟

ووتم،" من پێویستم بە یارمەتی هەیە لە دوو بوارەدا گەورەم".

یەکەمجار ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کەئەزموونم لەحکومەت و لەکەرتی تایبەتدا وای لێکردووم لەبانگەشەکارانی بنەمای " یەکێتی سەرکردایەتی بم". ناتوانم سەرکەوتن بەدەست بهێنم ئەگەر کەسانێکی دیکە هەبن لەعێراق و بەهەمانشێوەی من بلێن کە ئەوانیش نوێنەرایەتی سەرۆك دەکەن. من بەشێوەیەکی تایبەتی نیگەران بووم لەوەی کە زالمای خەلیلزاد بەرپرس لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا، کە ئەویش هەروەها نازناوی " نوێنەری سەرۆکایەتی" هەلگرتووە " لەناوەڕاستی نیسان/ ئەپریل دا سەردانی عێراقی کردبوو بۆ یارمەتی دانی جای گارنەر لەپەیوەندیکردن بەسەرکردایەتیە رامیارییەکانەوە. ئەو بۆچوونەم لا دروست بوو کە ئەو بە سیفەتی " نوێنەر" بەردەوام دەبێت لەسەردانەکانی بۆ عێراق.

" گەورەم سەرۆك، ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کەپێویستە دەسەلاتی تەواوەتیم هەبێت لەبەکارهێنانی هەموو دەرامەتەکانی حکومەتی ئەمریکا لەپێناو سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا".

سەرۆك یەکسەر ووتی:" تێدەگەم لەوەو رەزامەندم لەسەری".

ووتم، " ئەوە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت و کارێکی زەحمەتیش دەبێت، هەنگاوێکی ماراسۆنانەی دەوێت. هاوکات پێویستم بە پشتگیریکردنی بەرێزت دەبێت بۆ بەدەستهێنانی کات لەپێناو ئەنجامدانی کارێکی شایستەدا.

هەندێك کەس پێیان وابوو لەتواناماندایە عێراق داگیر بکەین بۆ ماوەیەکی کورت و پاشان هەموو دەسەلاتەکان بدەینە کۆمەلێك لەئەفیکراوە عێراقیەکان بۆ ئەوەی ئەوان کاروبارەکانی ولات بگرنە دەست. هەموو ئەمەش پشتی دەبەست بەو گەشبینیەی کە بەشێوەیەکی هەندەکی پشتی دەبەست بەو ئاسانییە رێژەییەی هەلمەتی سەربازی کە بەوە پێناسەکرا کە "ئاسانە". دەرکەوت کە ئەم بۆچوونە لەلایەن ژمارەیەك لەعێراقییە ئەفیکراوەکانەوە پشتیوانی لێکراوە. رۆژی پێشوو، لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلدا بۆ کارەکەم لەپنتاگۆن، هەواڵی سەرەکی لەهەواڵەکانی کاتژمێر شەشی بەیانیدا ئەوە بوو کە جای گارنەر رایگەیاندوە دەیەوێت لە ١٥ ئایار/ مایۆدا حکومەتێکی عێراقی پێکبهێنێت. ئەو کات من شەقامی جۆرج واشنتۆنم بەجێ هێشتبوو.

من دەمزانی پێویست بەکارێکی بەردەوام دەکات بۆ ئەوەی هەم عێراقیەکان و هەم



Scanned with CamSc

ئەمریکەییەکانیش رزگار بکرێن کە پشتیوانی لەم خەیاڵە هەڵەشەیە دەکەن- ئەوەی کە هەندێک کەس لەئیدارەکەدا پێی دەڵێن " گواستنەوەی پێش وەخت" ی دەسەڵات- کەبەشێوەیەکی هەندەکی رقلێبوونەوەیان لەچەمکی" سەرلەنوێ بونیادنانەوەی نەتەوە" دەبجولێنێت. بۆ سەرۆکم باسکرد کە بەخشینی بونیادێکی رامیاریی جێگیر بەعێراق نەک تەنها دامەزراندنی دامودەزگای دیموکراسی دەوێت، بەڵکو هەروەها بونیادنانی ئەوەی پێی دەوترێت دامەزراوەی" هەڵمژینی پێکدادانەکان"یشی دەوێت کە کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدەهێنێت- رۆژنامەگەریی ئازاد، سەندیکاکانی کرێکاران، پارتە رامیارییەکان و، رێکخراوە پیشەییەکان. ئەوەشم بەسەرۆک راگەیاند کە ئەم دامودەزگایانە یارمەتی تاک دەدەن بۆ خۆپاراستن لەزاڵبوون و ملهوڕبوونی هێزی حکومەت.

سەرۆک بوش وتی، " لەوە تێدەگەم. من تەواو پابەندم بە بونیادنانی حکومەتێک کە نوێنەرایەتی گەلی عێراق بکات. ئێمە دەستبەداری عێراق نابین". پاشان کەمێک وەستا، بەشێوازێکی جەختلێکردنەوەش ئەوەی وت، " لەوێ دەمێنینەوە تا ئەرکەکە بەجێ ی خۆی دەگات. دەتوانیت پشت بەمن ببەستی بەچاوپۆشی لەرۆژنامەی رامیاریی یان ئەوەی کە دەزگاکانی راگەیاندن دەیڵێن".

هەروەها ئەوەشم وت،" بەرێز سەرۆک مەسەلەیەکی تری گرنگ هەیە. ئاستی هێزەکان. من کەسێکی دبلۆماتکارم، نەک ژەنراڵێک. بەڵام ئاگادارم لە رەشنوسی راپۆرتێکی قەناعەتپێکەر کەلەلایەن دامەزراوەی (راند)ەوە پێم گەیشتووە پێی وایە سەقامگیرکردنی رەوشەکە لەعێراق رەنگە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر زیاتر بێت لە ژمارەی ئەو هێزانەی کە ئێستا هەمانە".

بوش بەبایەخەوە گوێیگرت و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پاوڵ و وەزیری دەرەوە لەهەوڵی ئەوەدان ژمارەیەکی زیاتر لە هێزەکانی وڵاتانی دۆست کۆبکەنەوەو، وتی:، " بەڵام ئەوە دەرورژێنم".

دوای نانخواردن، سەرۆک لەگەڵمدا هات بۆ نوسینگەی کۆشکی سپی و داوای لەوانی تریش کرد ئامادەبن. کاتێک هاتنە ژوورەوە- جێگری سەرۆک، وەزیری دەرەوە و بەرگریی و کۆندۆلیزا رایسی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و، ئاندی کارد، گەورەی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی- بوش داوای لێکردم لەتەنیشت خۆیەوە دابنیشم و بە شۆخیەوە وتی، " نازانم ئایا پێویستمان بەم کۆبونەوەیە هەبوو. من لەگەڵ جێریدا لەسەر هەمور شتێک رێکەوتووین".

ئەوە پەیامێکی روون بور. نە پیاوی رامسفێلدو نەپیاوی پاوڵم بەڵکو پیاوی سەرۆکم.

سەرۆک بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر، لە ٩ ئایار/مایۆ دا پەیامێکی پێدام بەدامەزراندنم وەک نوێنەری سەرۆکایەتی بۆ عێراق و هەروەها دەسەڵاتێکی تەواوەتی پێدام بەسەر کارمەندانی حکومەت و



Scanned with CamSc

چالاکیەکانیان و پارەکانیان لەوێ. دوای ئەویش ڕامسفێلد، وەك بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دایمەزراندم و، " هەموو کارە جێبەجێکردنی و یاسایی و دادەوەرییەکانی" لەعێراق پێسپاردم.

ئەم دوو بەڵگەنامەیە کەلە ناو جانتا پڕ لە وەرەقەکەمدایە لەناو کورسیەکەمدا لە فرۆکەی سی – ۱۳۰، ئەو دەسەڵاتانەی پێدام کە پێویستم بوو بۆ ئەوەی هەستم بەکارەکان. واملێهات بەحەسرەت بووم بۆ ئەنجامدانیان.

دەنگی بزوێنەوەکانی فرۆکەکە جارێکی تر نزم بۆوە. نزمبوینەوە بۆ بەرزایی ۵۰۰ پێ. باڵەکانی هاوسەنگی جوڵان و زەمینەی فرۆکەکە لەژێر پێماندا لار بۆوە. دوای ئەوە پێچکەکانی فرۆکەکە کرانەوە. وا ئێمە لەبەغدا دەنیشینەوە.

لەگەڵ گروپەکەمدا سواری فرۆکەیەکی شیفرولیە سابربانی گولە نەبڕ بووین لەناوەڕاستی کاروانێکی بچووکدا کە لەپێشەوەو لەدواوە ئۆتۆمبیلی هامفی قەڵغانپۆش پاسەوانی دەکردین کە چەندین چەکی سوك و قورسی هەڵگرتبوو. ژمارەیەکیش لەئەندامانی ئاسایش پارێزی ئامادەباش کەلەناو ژمارەیەك ئۆتۆمبیلدا بوون لەپێشەوەو لەدواماندەوە پاسەوانیان دەکردین. کاتێکیش دیواری ئەو وێستگەیەمان بەجێ هێشت کەوا گولە هەڵێکۆڵی بوو، لەسەرماندەوە فرۆکەیەکی ئەباچی چەکدار کەوتە سەرەمانەوە بۆ ئەوەی پاسەوانیمان بکات.

ناو ئۆتۆمبیلەکە فێنك و سارد دیاربوو ئەمەش دوای ئەو گەرما سوتێنەرەی لەڕێڕەوی فرۆکەخانەکەدا هەبوو، بەخۆمم ووت، ئێمە لەئابار/ مایۆداین. ئایا ڕەوشی ئاب/ ئۆگۆستس دەبێت چۆن بێت؟

ڕێگەی فرۆکەخانەی بەغدا، بەهەر شەش ڕێڕەوەکەیەوە، وەك زۆرێك لە شتەکانی تر لەعێراق، بەو ناوە ناونرابوو کە بەباڵای صەدامدا هەڵدەدات. ڕێگەکە نیمچە چۆڵکراوبوو. بەرەو ناوەڕاستی شارەکە بەخێرایی ڕۆیشتین، لەدووری پێنج میلەوە بۆ خۆرهەڵات. تاکەکانی ئابرامزو ئۆتۆمبیلەکانی جۆری برادلی پاسەوانی هەندێك لە ڕێڕەوە بەرزەکان و لاربونەوەکانی دەرچوونیان دەکرد، شەپۆلەکانی گەرما لە قەڵغانە ڕەنگ گەنمە ڕەنگگرتوەکان بەرزدەبۆوە. ڕیزێك لە ئۆتۆمبیلەکانی جۆری هامفی بەدرێژایی ئەو ڕێگەیەدا کە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆیشت پێشڕەویان کرد. ڕێگەکە لەهەر ئۆتۆمبیلێکی عێراقی چۆڵ بوو، تەنها پاشماوەی ئەو ئۆتۆمبیلە جێبە ڕوسیە سوتاوانە نەبێت کە لەو جەنگە ڕاندانەو خێرایەدا بۆ دەستگرتن بەسەر بەغدادا تێکشکابوون.

ئەو تابلۆو دروشمانەی کەبەدرێژایی ڕێگە خێرا سەوزەکە بڵاوبووبوونەوەو بەپیتی عەرەبی و ڕۆمانی نوسرابوون و ئاماژەیان بەو دووریانە دەکرد کەماونەتەوە لەسەر ڕێگەکانی چوونە دەرەوە



Scanned with CamSc

ڕەهەندێکی سوریالیان دەدایە ڕێگە خێراکە. دەکرێت لەفیلمێکی خەیاڵی زانستیدا بین لەدوای ڕوداوگەلێکی توندوتیژ لە لۆس ئەنجلۆس، ئەو شارەی کە خۆی لەشانی بەغدا دەدات لەڕووی قەبارەو ژمارەی دانیشتوانیەوە. لەنزیك ناوچەرگەی پایتەختیشەوە، سەرنجم لە یەکتربڕێکدا لەژێر پەرژینی درختەکانی دفلیەوە کە دوو ڕێگەی تەریبەکەی لێك جیادەکردەوە. هیچ جوجوڵێکی هاتووچۆش لەسەر ڕێگەکە نەبوو. بەڵام دوکەڵ لەوێدا چڕ بوو، کەلەنێو پەنجەرەکانی بینا حکومییە سوتاوەکانەوە لەشێوەی هەورێکی خۆڵەمێش و ڕەشدا بەرز دەبۆوە.

دوای ئەوە لەلای ڕاستمانەوە گوێمان لە دەنگی فیشەك بوو کەدیار بوو هی چەکی بچووك بوون. ئۆتۆمبیلێکی جۆری پیکابم بینی کەبەدەوری سەرەو لێژیەکدا دەسوڕایەوە، دوو پیاوی لەسەر بوو کە کۆمەڵێك فەرشی کەڵەکە کراوی ئاریکۆڕیکیان گرتبوو، پیکابەکە لەپشت دارخورماکانەوە ون بوو.

سکۆتی لە کورسیەکەی دواوە بوو ووتی، " ئەوانە تاڵانچین. بڵاوکراوە حکومیەکان پێیان دەڵێن، عەرەبانچیەکان، کە زۆرجار ئۆتۆمبیلیان نیە. پێم وایە ئەو کەسانە ئۆتۆمبلێکیان دەسکەوتووە، بەڵام وا دیارە کەسێك هەیە کە بەرگری لە ماڵومولکەکانی دەکات.

سەرم بۆ ئەم گاڵتەجاڕیە ڕاوەشاند، ئەو ئاگرکەوتنەوەو تاڵانکردنانەم وەبیرهاتەوە کە لە لۆس ئەنجلۆس ڕویدا لەکاتی ئاژەوەگێڕیەکەی رودنی کنگی ساڵی ١٩٩٢دا. کاتێك کە فەرمانگەی پۆلیسی ئەو شارە دەستەوسان بوو لەڕاگرتنی ئەو بێسەروبەریەدا یان ئارەزووی نەبوو ئەوە بکات، داواکرا لەهێزە چەکدارەکان لەڕێگەی هێزەوە سەروەریی بۆ یاسا بگێڕنەوە. وا دوای ١١ ساڵ لەبەغدا، سوپاو پۆلیسی عێراقی توانەوە یان ون بوون، بە گوزارشتە سەربازیەکە لەکارەکەیان دورخرانەوە. وا دیارە سەربازە ئەمریکیەکان کە ژمارەیان لە ٤٠ هەزار سەرباز زیاتر بوو فەرمانی ئەوەیان پێ نەبوو ئەو تاڵانچیان بگرن.

لەسەر ڕێگەی فرۆکەخانە زیاتر لە دوانزە تانك و ئۆتۆمبیلی سەربازی جۆری برادلیمان تێپەڕاند، هەروەها ژمارەیەکی تر ئۆتۆمبیلی قەڵغانپۆشی ئەمریکی و ئۆتۆمبیلی هیمفی تۆپ و ڕەشاش هەڵگرمان بینی کە لەچەند ناوچەیەکی بەرگریدا لەباکوری ڕێگە خێراکەو باشوریدا وەستابوون. جگە لەوەش پیکاپێکمان بینی کە پڕبوو لە دەسکەوت و هەڵدەهات بۆ دوور بێ ئەوەی هیچ کەسێك ڕووبەڕوی بێتەوە جگە لەهاوڵاتیەکی بەدبەخت نەبێت کە بە کلاشنکۆفەکەیەوە شوێنی کەوتبوو.

دەکرا بە تۆپێکی تانکی ئابرامزی ١٢٠ ملم ئەو پیکابەو تاڵانچیەکانیش لەناوبرانایە. بەڵام بەپێی ڕاپۆرتێکی کورتی سەرکردایەتی ناوەند لەقەتەر، هێشتا هێندە هێزی پێویستمان لەبەغداد نیە کە

بتوانین " ئامانجە تەکنیکیە سەرەکیەکان"- پاراستن- ڕێگاوبان و پردو دەزگاکانی کارەباو بانك و گەنجینەکانە و دانانی مەفرەزەکان لە شەقامەکاندا.

ووشەکانی ڕاپۆرتی (ڕاندم) بیرکەوتەوە. پێویستە ئەوە بەخێرایی بگۆڕێت.

شەپۆلی یەکەمی تالآنکردن دوای کەوتنی بەغداد لەنیسان/ ئەپریلدا ئەوەی ئاسانکرد کەمن وەك نوێنەرێکی سەرۆکایەتی لەعێراق دابمەزرێم. هەر ئەوەندەش کە تەلەفزیۆنەکان ئەو دڵخۆشییەی عێراقیەکانی لەسەر تاسەری جیهاندا بلأوکردەوە کە ستایشی کەوتنی پەیکەری صەدامیان دەکرد لە گۆڕەپانی فیردەوس، هێندەی نەبرد دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی وەرچەرخان بۆ ئەوە ڕووماڵی بەردەوامی ئەو تالآنکاریانە بکەن کە دوابەدوای ئەوە ڕویدا. بەشێوەیەك وەك ئەوەی ستافی کامێرامانەکان ئاراستەی خۆیان گۆڕی بێت لە وێنەگرتنی تانکە ئەمریکیە سەرکەتووەکانەوە کە پێگەکانی دوژمنیان لەناودەبرد بۆ وێنەگرتنی بەردەوامی تالآنچیەکان کە داموودەزگا حکومیەکانیان لەناودەبردو کورسی و تەپلەك و پانکەو فێنکەرەوەو کەلوپەلی ناوماڵیان هەلگرتبوو دەیانگواستەوە.

تۆڕە تەلەفزیۆنیە ململانێکەرەکان، کە سەرنج و پەرۆشی کەمندکێش دەکەن دڵخۆش بوون بەوەی پەیامنێرەکانیان بلأویان دەکردەوە لەبارەی ئەو پاشاگەردانەی لەشەقامەکانی بەغدادا هەبوو. بەلآم ڕامسفێلدی وەزیری بەرگریی بەوە دڵخۆش نەبوو. بۆیە لەکاتی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی پنتاگۆندا لە ۱۱ نیسان/ئەپریلدا، لەتوڕەییدا تەقیەوە.

ڕامسفێلد ڕایگەیاند " یەکێك لە ڕۆژنامەکانم بەرچاوکەوت و نەمتوانی بڕوا بکەم. هەشت ناونیشانی سەرەکیم خوێندەوە کەباسیان لەو بێسەروبەری و توندوتیژی و پێکدادانانە دەکرد کەلەعێراقدا هەیە، وەك ئەوەی مەسەلەکە هاوشێوەی " هێ بنی" بێت لەچیرۆکی، ئاسمان دەکەوێتە خوارەوەدا. هیچ کاتێك شتێکی هاوشێوەی ئەمدم نەدیوە. ئێمە ولآتێکمان هەیە ئازاد بووە، گەلێك لەچنگی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە دەرباز بووە کە دیکتاتۆرێکی پیس بەسەر گەلەکەیدا مومارەسەی دەکرد. ئەو دیمەنانەی کە لەتەلەفزیۆندا دەیبینن و چەندین جار لێدەدرێنەوە، وێنەی هەمان ئەو پیاوەیە کە لەیەکێك لە بیناکانەوە دێتە دەرەوەو گوڵدانێکی بەدەستەوەیە، کە ڕەنگە بیست جار بینیێتان و پرسیارتان کردبێت، ئای خوایە... ئایا دەکرێت ئەو هەموو ژمارە زۆرە لە گوڵدان لەو ولآتەدا هەبێت؟".

بەلآم لاقرتێکردنی ڕامسفێلد شەپۆلی یەکەمی پێکدادانی لەبازنەی دەرەوەدا شاردەوەو پەنهانی کرد

(E- Ring) [1] لەپنتاگۆن، تازە بەتازەش گەورە یاریدەدەرانی مەدەنی و سەربازی وەزیر کەبەرپرسن لەعێراقی دوای جەنگ رووبەرووی حەقیقەتی داگیرکردنی وڵاتێکی ئیسلامی گەورە بوونەتەوە لەناوجەرگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ئاوەژووبوودا.

لەکاتی سەرکەوتنی ئۆتۆمبیل لەپاش نیوەڕۆی ئەم ڕۆژە گەرمە لەناوەڕاستی بەغدا دا، ئەو کۆبونەوەیەم هات بەخەیاڵدا کە شەوی ڕابردو لەگەڵ جای گارنەردا لەکوەیت ئەنجامدا. داوام لە خۆی و گەورە فەرمانبەرەکانی کرد کە لەبەغدا گەڕابوورەوونەوە، بۆ ئەوەی لەمیوانخانەی ماریۆت لەگەڵم کۆببنەوە هەم بۆ خواردنی نانی ئێوارەو هەم بۆ ئاگادارکردنەوەشم لەڕەوشەکە.

یەکسەر بە جای سەرسام بووم، ئەو کەسێکی خۆشەویست و لەسەرخۆیە، هەمیشە دەم بەپێکەنینەو شێوەزارێکی باشوریی هەیە. بەڵام جای ئەو شەوە زۆر پێنەکەنی. ئەو بێزار بوو لەو هەواڵانەی کە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرانەوە سەبارەت بەوەی کە ئەو دەگۆڕێت، چونکە لەماوەی سێ هەفتەی یەکەمیدا نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی خراپ بەڕێوە بردووە. هەواڵە سەرەکیەکانی سەرلەبەیانی دوێنێش لە هەردوو ڕۆژنامەی " نیویۆرك تایمز"و " واشنتۆن پۆست"دا ئەوەیان دەگەیاند کە واشنتۆن سەرقاڵە بەپاکسازیکردنێکی گشتگیری نوسینگەی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەو یارمەتیە مرۆییەکانەوە لەناویشیاندا لەکارلادانی گارنەر.

گارنەر ووتی، " جێری، هەموو ئەم هەواڵانە دەخەنە هەلوێستێکی ناخۆش و تەنگەلانەوە".

دڵنیام کردەوەو ووتم، " ئەوانە دزەکردنە باوەکانە جای، ئەوانە ئەو کەسانەن کە ئەجێنداو رق و کینەیان لەدڵدایە".

هەستم بەهاوسۆزی دەکرد لەگەڵ جای، ئەو سەربازێکی پێشوو بوو لە خانەنشینیەکەی گەڕابۆوە لەپێناو خزمەتکردنی وڵاتەکەیدا نەك لەبەر هەر هۆیەکی تر. بەتوندی هەستم بەوە کرد کەپێویستە ڕێز لەخزمەتەکەی بنرێت و شایستەی ئەوەیە بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بەڵام چڕبوونەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئەو فەزایەی کەلەبەغدادا بەرپابوو وێنەی گارنەری لەکەدار کرد. ئەوەش تەنها لەسەر ئەو دیمەنە نەوەستابوو کە ڕامسفێلد ئاماژەی بۆ کرد لەبارەی لاوێکەوە کە گوڵدانێکی گەورەی شینی بەدەستەوە بوو، بەڵکو لەسەر ئەو ڕیزە دوور درێژە تورانەی کە وەستابوون لەبەردەم وێستگەکانی سوتەمەنیدا، هەروەها تاڵانکردنێکی (تەواوەتی) مۆزەخانەی نیشتمانی عێراق بوو، کە تاڵانچیەکان بەئەنقەست هەزاران پارچەی

---

[1] - E-Ring زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی سەربازییە لەپنتاگۆن. کە ئاماژە دەکات بۆ بازنەی E یان بازنەی دەرەکیی لە پنتاگۆن زۆربەی کارەکان کە ڕوماڵکردنێکی ڕاگەیاندنیان هەیە جێبەجێ دەکرێن. ئەوەش زانراوە کە پنتاگۆن لەپێنج بازنە پێکدێت کە بە بازنەی A دەست پێدەکات و بە بازنەی E دەرەکیی کۆتایی دێت.

ئاسەواری کۆنیان دزی بوو، کە نرخیان بەپارە ناخەملێنرێت و مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی شارستانیەت لەوڵاتی نێوان دوو ڕووباردا.

ڕەنگە گارنەرو یاریدەدەرەکانی هەندێك هەڵەیان کردبێت، بەڵام شارەزاییەکی هەیە لەعێراق کە زۆر زیاترە لەوەی کە من هەمە، وە من گوێزانەوەیەکی سانام دەوێت لەنێوان نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتە مرۆییەکان و دەسەڵاتی کاتی نوێی هاوپەیمانان‌دا.

لەبەرئەوە حەزدەکەم شەوی یەکشەمە لەکوەیت، لەکاتی نانخواردنی ئێوارەدا کەپێکهاتبوو لەیاپراخی گەڵامێو بەگۆشتی بەرخەوە لەگەڵمدا بێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەتەواوەتی ئەمزانی کە من شوێنی ئەو دەگرمەوە، نەك لەبەرئەوەی چەند هەڵەیەکی کارگێڕی کردبوو، بەڵکو لەبەرئەوەی سەرۆك و رامسفێڵد بەرپرسێکیان دەوێت کە شارەزاییەکی زیاتری ڕامیاری هەبێت. منیش لەڕووی کردارییەوە ئەمزانی پێویستە لەسەرم لەلای خۆم بیهێڵمەوە هەتا لەسەر پێیەکانی خۆم دەوەستم. لەکۆتایی نانخواردنەکەدا، هەستمکرد جای ڕازی بووە کەپابەندبێت بەمانەوەکەیەوە لەعێراق هەتا کاتی گەڕانەوەکەی دێت کەبڕیارە لە ١٥ حوزەیران/ یۆنیۆدا بێت.

ئێستا، دوای بیست و چوار کاتژمێر، کاروانەکەمان بەناو ڕێگەی خێرای قادسیەدا بەرەو دیجلە و ناوچەی کەرخی بەغدا بەڕێوە بوو، ئەو ناوچەیەش بەشێوەیەکی تەواوەتی تەرخانکرابوو بۆ ڕژێمی صەدام. بەرەو نوسینگەی سەرکردایەتی نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتە مرۆییەکان بەڕێکەوتین کەلەناو کۆشکی کۆماریدا بوو کە کۆمەڵگەیەکی بەرفراوانی داگیرکردبوو پانتاییەکەی هەشتا فەدان دەبوو، کەوتبووە لای کەناری ڕوبارەکەوە. ئەمەش هەروەها بارەگای سەرکردایەتی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دەبێت لەخۆشی و ناخۆشیدا.

ئۆتۆمبیلە هامفیەکەی پێشەوە لای ئەو بەربەستە لیمانە وەستا کەلەبەردەم دەروازەی کۆشکەکەدا دانرابوو. لەکاتی پێشڕەوی کردنی لەسەرخۆماندا بەدرێژایی ڕێگە چەماوەییەکەی دەروازەکە لەنێوان دارخورما پادشاییە فەرامۆشکراوەکاندا، بەتیلەی چاو سەیر گومەزە فەیرۆزییەکەم کرد کەلەسەرروو ناوەندی شوێنەکەوە دیاربوو.

بیناکە ڤێلایەکی سپی نەبوو، وەك ئەوەی من پێمرابوو، کاتێك کە لە واشنتۆن سەیری وێنە ئاسمانیەکانی ئەم شوێنەم دەکرد. بەڵکو ڤێلایەکی ڕەنگ فەیرۆزەیی بوو.

گارنەر لەرۆژەکانی یەکەمی دوای کەوتنی بەغدادا ناچارکرابوو ژمارەیەك بڕیاری خێرا دەربکات، بەشێوەیەکی دیاریکراویش بەداخ بووم بۆ هەڵبژاردنی ئەم شوێنە. نەك تەنها کۆشکەکە کرداریی نەبوو، لەو ڕووەوە کە دابڕابوو لەژیانی پیشەیی و کلتوریی پایتەخت، جگە لەوەش لەعەقڵی عێراقیەکاندا پەیوەست بوو بوو، پەیوەست بوێکی توندوتۆڵ بەڕژێمی بەعسەوە. ژمارەیەکی زۆر



Scanned with CamSc

لە ئەفسەرە عێراقیە جیابۆوەکان لە ژێر زەمین و بیانا دەرکیەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا سزا درابوون و لەسێدارە درابوون.

ئەوەشمزانی کاتێك یەکەم گروپ لە کرێکارە عێراقیەکان کە لەدوای پرۆسەی رزگاریەوە هاتبوونە ناو ئەم کۆشکەوە، لەکاتی بینینی ئەو بەڵگانەدا کە ئاماژەیان بە بێ ئابڕویی و بەرەڵایی صەدام دەکرد، فرمێسك لەچاوەکانیان هاتبووە خوارەوە.

بناغەی کۆشکەکە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بونیادنرابوو، لەناو تەخشانکردن و خۆهەڵکێشانێکی بازاڕیانەدا بە داهاتەکانی نەوتەوە کە بەشێوەیەکی خێرا دەستی بەگەشەکردن کردبوو. دواتر صەدام دوو بینای تری شێوە هیلالی تری دروست کردبوو، بە زەوقێکی هونەری لەسەر شێوازێکی فاشیانە نەخشێنرابوون، کە لەبەردەمیاندا دوو پەیکەری برۆنزی دوانزە پێی صەدام دانرابوون. لەسەروو ئەم پەیکەرانەشدا کڵاوێکی سەربازی نامۆ هەبوو کەهاوشێوەی ئەو کڵاوە دارینە سەربازیانە بوو کە سەربازە بەریتانیەکان لەو سەردەمەدا کە بەریتانیا حوکمی هندستانی دەکرد لەسەریان دەکرد.

چوینە ناو هۆڵە مەڕمەڕیەکەوە کە دەنگی دەدایەوە هەروەها زەمینە شەوقدارەکەی کە بەین بەین وایەری پەیوەندیکردن و کارەبا لەسەری کەوتبوون، هەستم بە دوو بۆنی جیاواز کرد: گازو بۆنی سەرئاوە داخراو و گیراوەکان. یەکێك لەپاسەوانە بەهێزەکان کە جانتاکانی بۆ هەڵگرتبووم ووتی:" نە کارەبا هەیە و نە ئاوی پاك گەورەم ".

هەروەها فێنکەرەوەش نیە. تاکە زیانێکی گەورە کە جەنگ ڕاستەوخۆ بەم بینایەی گەیاندبوو بەر یەکەی فێنکەرەوەی هەوا کەوتبوو.

ئێستا من لەدووری هەشت هەزار میل و بەلانی کەمەوە سەدەیەك زەمەنەم لەنیشتمانەکەم.

لەکاتێکی دواتری ئەو شەوەدا، دوای ئەوەی لەگەڵ تاك بەتاکی چەند هەزار کەسێك لە فەرمانبەران و لەو هێزانەی لەوێ بوون- هەتا ئەو پیارە لاوانەی کە لە چێشتخانە هەرە گەرمەکەدا کاریان دەکرد تەوقەمکرد- لەیەکێك لەشوێنەکانی کۆشکەکەداو لەهۆڵێکی فراواندا ئامادەی کۆبونەوەیەکی گشتی بووم.

بلندگۆ نەبوو، لەبەرئەوە کاتێك بەتەنیشت جای گارنەرەوە وەستام لەپێشەوەی قەرەباڵغیەکەدا پێویست بوو لەسەرم هاوار بکەم بۆ ئەوەی گوێیان لەدەنگم بێت. دەنگ لەناو ژووررو بنمیچە مەڕمەڕیەکەدا دەنگی دەدایەوە، " سەرەتا، دەمەوێت رێزو ستایشی قوڵی سەرۆك بە ژەنراڵ و هاورێکانی ڕابگەیەنم لەسەر ئەو کارە نائاساییەی کە ئەنجامی دا لەسایەی رەوشێکدا کەناسان نە وێناکردنی. هەروەها من دەمەوێت لەگەڵ ئێوە هەمووتاندا کاربکەم بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی

عێراق".

من ئەو ووشانەم بەمەبەستەوە بوو، بەلاّم هەروەها بینیم پێویستیەك هەیە بۆ گێڕانەوەی دڵنیایی بۆ ئەو کرێکارە شەکەت و نائومێدانە کە لە نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییەکاندا کاریان دەکرد، زۆرێکیشیان هەستیان بەوە کرد کە فەرمانبەرانی کۆشکی سپی ئەمان دەکەنە قوربانیی.

دوای ئەوە، من و گارنەر لە ژورێکی بچوکی کۆبونەوەکاندا کە بەسەر کراوەیەکی ناوخۆیدا دەیڕوانی کە گەرمای رۆژی جارێکی تر پەخش دەکردەوە، لەگەڵ سی گەورە فەرمانبەردا کۆبوینەوە، ئەوەش یەکەم کۆبونەوە دەبێت بۆ ئاگاداربوون لەدەسەلاّتی کاتیی هاوپەیمانان لەبەغدا. " راوێژکارە گەورەکانمان" بڕبڕەی پشتی دەسەلاّتی کاتیی هاوپەیمانانیان پێکدەهێنا، ئەمانە لە وەزارەتەکانی عێراقدا دادەمەزرێنرێن و لەگەڵ فەرمانبەرە عێراقیە مەدەنیە هاوتاکانیاندا کار دەکەن بۆ بونیادنانەوەو وەگەڕخستنەوەی رەوڕەوی کار لەو وەزارەتانەدا. ئەوان ژمارەیەك ژن و پیاوی وەك دەوترێ سەربازی وون بوون، هەموشیان خۆبەخش بوون. تیشکی گوڵەپەکە لەگەڵ سوڕانی بزوێنەرەی مولیدەی کارەباکەدا کەلە دەرەوەو لەنزیك ئەسێڵە پەسەکەوە دانرابوو کەمیدەکردو رۆشن دەبۆوە.

لەسەروو کۆمەڵێك مێزی خواندەوە دانیشتم کەبەشێوەیەکی چوارگۆشە دانرابوون. لەتەنیشتیشمەوە جای و لیوا تیم کرۆسی بەریتانی جێگری جای دانیشتن.

پێم ووتن،" ئێوە قەبارەی ئەو تەحەدایە دەزانن زیاتر لەوەی کە من دەیزانم. ویلایەتە یەکگرتوەکان و هاوپەیمانەکانی لەدوای داگیرکردنی ئەلمانیاو ژاپۆن لەساڵی ١٩٤٥ وە کارێکی بەم قەبارەیەیان ئەنجام نەداوە.

ژمارەیەك لەکەسە ماندووەکان و ئەوانەی چاویان لەئێمە بریبوو سەری هاوڕابوونی خۆیان ڕاوەشاند.

جەختمکردەوە لەسەر ئەوەی " چەسپاندنی یاساو رژێم دەبێتە پێشەنگی کارەکانمان. روماڵکردنی دزی و تالاّنکاریەکان لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە کە بێ هیچ رێگریەك ئەنجام دەدرێن وایان لێکردوین دەستەوسان دیاربین". تۆزێك وەستام، پاشان بەردەوام بووم، " کاتێك ئەو هێزانەی ویلایەتە یەکگرتوەکان سەرکردایەتیان دەکات لەساڵی ١٩٩٤دا هایتیان داگیرکرد، هێزەکانمان شەش تالاّنچیان کوشت کە قەدەغەکردنی هاتوچۆیان بەزاندبوو ئیدی دوای ئەوە تالاّنکاریی وەستا".

" پێم وایە پێویستە لەسەرمان لێرەش هەمان شت بکەین، هەتا ئەگەر ئەمە مانای گۆڕینی رێساکانی

پێکدادانی سەربازیش بگەیەنێت".

کۆمەڵەکە بێدەنگ بوون بێدەنگ بوونێك کە لەبێزارییەوە دێت.

" پاسەوانیکردنی وەزارەتە عێراقیەکان و بەرژەوەندییە بازرگانیەکان مەسەلەیەکی جەختلێکراوە. پێویستە لەسەرمان کۆشش بکەین لەپێناو گێڕانەوەی پۆلیسی ناوچەیی بۆ سەر شەقامەکان".

جارێکی تر وەستام و دەنگم نزمکردەوە. ئەوانە پیاوی گارنەرن. ئەوان بەوپەڕی هێزیانەوە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك کاریان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆششەکانیان بەشکستخواردوو ناو دەبەن.

دوبارە دەستمپێکردەوە، " دەمەوێت بزانن چەندە شانازیی بەخزمەتەکانی ئێوەوە دەکەم کە پێشکەش بە وڵاتەکەتان و گەلی عێراقی دەکەن. کارێکی قورس لەبەردەمماندایە. ئێستا پێویستە لەسەرمان بۆ پێشەوە بڕوانین، نەك بۆ دواوە".

دوای ئەو کۆششە بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆحی مەعنەویان، داوامکرد بێ شاردنەوەی خەوشەکان لەڕەوشەکە ئاگادارم بکەنەوە. لەمیانەی ئەو کۆبونەوە گەموگوڕانەدا کەلەواشنتۆن ئەنجامدا، نوێنەرانی وەزارەتی بەرگریی و دەرەوەو خەزێنە و ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی و دەستەی ئەرکانی هاوبەش لەڕەوشەکە ئاگاداریان کردومەتەوە، بەڵام سەبارەت بەڕادەی دارمانی ئەم وڵاتە هیچ کەسێ هەستێکی وای پێ نەبەخشیوم.

پیتەر جیبسۆن، ڕاوێژکاری یەکەمی نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتە مرۆییەکان لەوەزارەتی کارەبا دەستیپێکرد وتی: " وێستگەکانی کارەبا لەهەموو ناوچەکانی وڵاتدا تەنها سێ سەد میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنن. ئەوەش بەشی شارێکی بچووك ناکات، ئەم وڵاتەش ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە بیست و پێنج ملیۆن کەس دەبێت".

پرسیم، " چی ڕویداوە. هێزە ئاسمانی و زەمینیەکانی هاوپەیمانان هێرشیان نەکردۆتە سەر وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەعێراقدا".

ڕونیکردەوەو وتی، "ڕەوشەکە ئاڵۆزە"، هەندێك لەئەفسەرە سەربازیەکانی تریش کە چاودێری گفتوگۆکانیان دەکرد وردەکاری زیاتریان خستەڕوو.

پێش جەنگ، عێراق هێندە کارەبای بەرهەم نەدەهێنا کە بەشی هەموو خواستەکان بکات. لەبەرئەوە بەعسیەکان کارەباکەیان دابەش دەکرد. شێنکی سروشتیشە شیعەکان لە باشوورو کوردەکان لەباکور بڕێکی کەمتریان بەر بکەوێت. لەکاتی هەڵمەتەکەشدا کە بۆ ماوەی سێ هەفتە بەردەوام بوو ، بەرپرسە بەعسیەکان و ئەفسەرەکانی پاسەوانی کۆماریی تاریککردنی بەرین و فراوانیان بەکارهێنا وەك سستمێکی ئاگادارکردنەوە کە هەڵیکۆپتەرە هێرشبەرە ئەمریکیەکان



Scanned with CamScanner

بەشەودا لەباکورەوە بۆ باشور دەفڕن. کاتێکیش کە کارەبا هەبوو پاشان دەبڕا، ئیدی هێزەکانی سەر بەرژێم دەیانزانی پێویستە لەسەریان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی تەقە بەئاسمانی تاریکدا بکەن، ئەم تەقەکردنە بێشومارانەش زیانێکی گەورەیان بەتۆڕەکانی کارەبا گەیاندووە.

جیسۆن ئەوەشی ووت، " هاوکات گرفتی تالانکاریش ڕووبەڕومان بۆتەوە".

تالانچیەکان وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباو وێستگە لاوەکیەکانیان دزی و چی تێدا بوو لە ئامێرەکانی کۆنترۆڵ و ئامێرە ئەلکترۆنیەکان بردیان. هاوکات ستونەکانی گواستنەوەی کارەبایان هێنایە خوارەوە بۆ دزینی کێبڵە مسەکان کە دەیتوێننەوەو دەیکەنە قاڵب و، لەبازارە ڕەشەکانی کەوێتدا دەیفرۆشن.

پاشان پرسیم، " ئەی ئاوڕۆکان و ، چارەسەرکردنی ئاو"؟

ڕەوشی ئەویش لەکارەباکە باشتر نیە. خزمەتگوزاریە پێویستەکانی تریش، لەناویشیاندا کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك و ڕێگرتن لەکەوتنەوەی ئاگر، لەهەندێك لایەنەوە خراپ بوون.

درۆ ئێردمان، ڕاوێژکاری وەزارەتی پەروەردەش ووتی: " زۆربەی قوتابخانەو زانکۆکان داخراون".

ستیف براونگ، ڕاوێژکاری وەزارەتی تەندروستی لەدەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان ووتی:" سەرچاوەکانی ئاوی پوختی خواردنەوە زۆر کەمن." بەلام تێبینیەکی ئیجابی پێشکەش کرد. " خۆشبەختانە هێشتا ژمارەیەك لەنەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستیەکان کار دەکەن، وێڕای نەبوونی کارەبا کە بۆتە ڕێگر لەبەردەم ئەنجامدانی نەشتەرگەریدا".

یەك لەدوای یەك فەرمانبەرەکان ڕاپۆرتی خەمباریان پێشکەش دەکرد.

ووتم، " باشە، با قسە لەسەر پۆلیس بکەین".

بۆب گیفۆرد، ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ و، سەرپەرشتیاری پۆلیسی عێراقی بە دەنگێکی ئاسۆزدارانە ووتی: " یاساو رژێم کەلەسەردەمی حوکمی سەددامدا هەبوو بەشێوەیەکی تەواوەتی داڕما". سێ هەفتە لە تالانکاری کە تا ڕادەیەکی زۆر بەبێ هیچ ڕێگرییەك ئەنجام دەدرێت- هاوکات تورەیەکی خەفەکراوی درێژ لە ڕژێم پاڵی دەدات، یان لەلایەن پاشماوەکانی ڕژێمی بەعسەوە دەبرێن بەڕێوە بەمەبەستی وێرانکاری- بۆتە هۆی وێرانکردنی چەندین بینای حکومی لەبەغدا. بەلام وەزارەتی نەوت لەو شەپۆلی تالانکاریە ڕزگاری بوو، چونکە هێزەکانی ئەمریکا فەرمانی دابوو شوێنەکە بپارێزرێت، کە تۆمارو داتاکانی تێدایە لەبارەی کێڵگە نەوتیەکانی باکور و باشورەوە- کە ئەوانە میراتی گەلی عێراقن.

ئامانجەکانی کردەوەکانی تالانکردن فراوان و بەربلاوبوون، ئەو بینایانەی پەیوەندیان بە سوپا یان دەزگا جۆراوجۆرەکانی هەواڵگری سەددامەوە هەبوو لەهەموو ناوچەکانی ولاتدا لەگەڵ زەوی



Scanned with CamSc

تەختکران- لەهەندێك بارەگای سەربازیدا بەرد بەسەر بەردەوە نەمابوو. دەیان دامەزراوەی دەوڵەت تالانکرابوون، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی سەربازی بوون، تەنها دیوارە ڕوتەکانیان مابوونەوە.

پرسیم، " ئەی پۆلیس لەکوێیە"؟

گیفۆرد، کە پسپۆڕە لە کاروباری پۆلیس لەوەزارەتی دەرەوەداو، خاوەن ئەزمونە لەئەفغانستان، سەبرێکی هاوڵەکانی دەورووبشتی کردو ووتی: " بەشێوەیەکی تیۆری نزیکەی چوار هەزار پۆلیس هەن کە باش ڕاهێنراون و لەبەغدادا کار دەکەن. بەڵام تەنها دەمانچەیان پێیە. زۆربەشیان وەك هێزەکانی سوپا وون بوون و دیارنەمان. ئەمە لەکاتێکدا تاڵانچیەکان کلاشنکۆف و، هەندێکیشیان ڕەشاش و تەنانەت ئار بی جی یان پێیە. پیاوانی پۆلیس ئێستا ئەوەتان لەناو ماڵەکانی خۆیاندا و تەنها پاسی ماڵەکانی خۆیان پێدەکرێت. تاوانەکانی سەر شەقامەکان و.. هەڵکوتانەسەری چەکداری بۆ دزیکردن و، ڕفاندن و تاوانەکانی کوشتن زۆربوون".

هەروەها چەندین ڕاپۆرتمان پێگەیشتووە لەبارەی ڕووداوی دەستدرێژی سێکسیەوە. لاقەکردن و دەستدرێژیە سێکسیەکان لە ئامرازە دڕندانەکان بوون کە سەدام بەکاری دەهێنان بۆ کۆنتڕۆڵکردنی گەلەکەی. لەهەموو مەخفەرو قشڵەیەکی پۆلیسدا، ژوورێك هەبوو بۆ لاقەکردن و دەستدرێژیکردنی سێکسی، لەهەموشیان زیاتر لەئەکادیمیەی ناوەندی پۆلیسی بەغدادا.

هەستمکرد پێویستە ژمارەیەکی زۆرتر لە پۆلیسی سەربازی ئەمریکی چەکدارمان هەبێت کە بە باشی پڕ چەك کرابن بۆ ئەوەی بەناو ئەو شەقامانەدا بڵاوبکرێنەوە، هاوکات چەند تێبینیەکیشم لای خۆم تۆمار کرد بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەم بە ژەنراڵ ئەبی زەیدەوە لەقەتەر.

پێش ئەوەی کۆبونەوەکە تەواو بێت، بە گروپەکەم ڕاگەیاند بەم زووانە فەرمانێك بۆ ڕیشەکێشکردنی بەعس دەردەکەم. " هەروەها بەهیوام لەناوەڕاستی حوزەیران/ یۆنیۆدا ئیدارەیەکی عێراقی کاتی بونیاد بنێم. بەڵام پەلە ناکەین لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا چونکە لەعێراق میکانیزمی پێویست نیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە- نە سەرژمێرو نە یاساکانی هەڵبژاردن و پارتە ڕامیاریەکان بوونیان نیە، هەروەها هەموو ئەو پەیکەرە ئیداریانەش کە پەیوەندیدارن و ئێمە وەك بەڵگەنەویستێك سەیریان دەکەین بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە. هاوکات پێویستە لەسەرمان پێچکەی ئابوری بجوڵێنین ئەوەش ئەحەدایەکی زۆر گەورە پێکدەهێنێت. عێراقێکی سەقامگیر پێویستی بە کەرتێکی تایبەتی چالاك هەیە".

ئەوان هەموویان قەبارەی ئەرکەکە دەزانن، بەڵام ڕەنگە ئەمە یەکەمجار بێت کە تێیدا بەڕاشکاوانە ڕوون بکرێتەوە.

" با ئەو وانانە فەرامۆش نەکەین کەپەیوەندیدارن و لە ئەڵمانیاو ژاپۆن وەرمانگرتوە. دیموکراسیەتەکان کار ناکەن ئەگەر بونیادی ڕامیاری پشت بەکۆمەڵگەیەکی مەدەنی پتەو نەبەستێت... هەروەها پارتە ڕامیارییەکان و ڕۆژنامەی ئازادو، دادگایەکی سەربەخۆ و، بەپرسیارێتیەکی ڕاشکاوانە لەبەرامبەرماڵ و دارایی گشتیدا، ئەمانە ئامرازەکانی هەڵمژینی شۆکن لەکۆمەڵگەداو، پارێزەری ئاکن لە دەسەڵاتی ستەمکاری دەوڵەت".

من و سەرۆك بوش هاوڕاین لەسەر ئەم ئامانجانە بەنسبەت عێراقێکی ئازادەوە. ئەوەش لێرەدا بۆ هەموومان گرنگە ئەوەیە بەردەوام پێداگر بین لەسەریان چونکە چارەسەرێك دەدۆزێتەوە بۆ ئەو پێکدادانەی کە لەکاتی قەیرانە خێراکاندا سەرهەڵدەدات.

لەو کاتەدا کە جانتاکەمم دادەخست وتم، " دواجار پێویستە هەمووومان وەك یەك خۆمان لە خۆبایی بوونی تاکی و دامەزراوەیی لابدەین. بەڵێ ئێمە بێ پێچ و پەنا ، هێزی داگیرکەرین، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت ئەم وڵاتە موڵکی عێراقیەکانە. پێویستە ئامانجمان بارمەتیدانی ئەوان بێت لەهەستاندنەوەی وڵاتەکەیاندا بەو پەڕی خێراییەك کە بکرێت".

ئازایەتی لەسیمای هەندێك لەو ژن و پیاوانەدا دەرکەوت کەلەدەوری مێزەکە بوون، بەڵام دەموچاوەکان هیچ هەڵچونێکیان پێوە دیارنەبوو، گومانیش لەروخساری هەندێکی تریشان دەخوێندرایەوە.

وتم، " سوپاس بۆ هەمووتان". کات زۆر درەنگ بوو، پێویستم بە دوو کاتژمێر خەو هەبوو بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەو کەنەفتەییەی کەوا کاتی تێپەڕاندبوو. " سبەینێ کاتژمێر حەوتی بەیانی کۆبونەوە بەهەموو کارمەندەکان دەکەین".

بۆ من و بۆ لاری دی ڕیتای یاریدەدەری تایبەتی ڕامسفێلد ژورێکی بچووکی نوستن تەرخانکرابوو بەرامبەر" شوێنی تایبەتکراو بۆ نوستنی پیاوان". ناوچەیەکە بۆ کارمەندە مەندەیبە گەورەکان تەرخانکراوە لە نهۆمی دووەمدا. سەرینێك و پەردە کوڵلەیەکم بۆ دانرابوو. پانکەیەکی بێ کارەباش لای پەنجەرە کراوەکەوە دانرابوو، بەشێوەیەك کە بوو بووە ڕێگر لەبەردەم ئەو شنە لاوازەدا کەلەپەنجەرەکەوە دەهاتە ژورەوە. بەڵام ئێمە خۆشبەخت بووین: چونکە سەربازە پلە نزمەکان لەناو حەوشی کۆشکەکەدا لەناو چادری ڕیزکراوی بێ سایەدا خەوتبوون.

لەنزیك پێنجەرەکەمەوە وەستابووم، ڕوانیم بۆ خوارەوە تێبینیم کرد پێڵاوە رەشە فەرمیەکانم توێژێك تۆزی دواهەمین گەردەلولی تۆزاوی باکور کەهەڵدەکاتە سەر بەغداد گرتبووی. هەروەها هەردوو دەرقاچەی پانتۆڵەکەشم پیس و تۆزاوی بووبوون. زۆربەی زۆری ئەو پیاو و ژنانەی کە پۆستی باڵایان هەبوو جلوبەرگی نافەرمیان لەبەر دەکرد، ئەوەش سازشێك بوو تەپوتۆزو گەرماو ئاسانی

شۆردن دەبەسەپێنێت ( دەبوو جلەکانمان لای مێزی تەسلیمکردنەکەوە دانایە بۆ شۆردن- کە لەسەری ئەم تێبینیە نوسرابوو، " شتی ناو گیرفانەکان دەربێنە").

بەڵام من دەمویست بەردەوام بم لە لەبەرکردنی چاکەتێکی ڕەشباو و کراسێکی سپی و بەستی بۆینباخ. من نوێنەری شەخصی سەرۆکم بۆ گەلی عێراق، نەك کەسێکی هونەری کە چاکەتێکی گەشتیارانە لەبەربکەم و کڵاوێکی بسیبۆڵ بکەمە سەرم. لەو ئەرکانەی کە لە ئاسیاو ئەفریقادا وەك دبلۆماتێکی لاو پێی هەستابووم ئەوە فێر بوو بووم بەرپرسە ناوچەییەکان- بەڵکو هەتا مامۆستای قوتابخانەکان بەپێی پلەوپایەیان جلوبەرگیان لەبەر دەکرد، بەشێوەیەکی بەهێزیش هەستم بەوە کرد لە نیشانەکانی ڕێزگرتنی گەلی عێراقی ئەوەیە، ئەو جلوبەرگانە لەبەربکەم کە پلەوپایەکەم دەیخوازێت.

سەرەڕای ئەوەی جلەکانم بەرگەی تۆز دەگرن، ئەوا پێڵاوی فەرمی لەبەغدادا بەرگە ناگرێت. لەو کاتەدا کە هەستم بە ماندوبی دەکرد، بەشێوەیەکی کوپر لەکاتی ڕێکخستنی توێنەکەمدا دەرکم بەوە کرد کە چارەسەرێکم هەیە بۆ ئەوە.

بیرم لەو ئاهەنگی ماڵئاوییە کردەوە کە خێزانەکەمان پێش سێ ڕۆژ بۆیان ساز کردبووم. منداڵەکانیشمان هاتبوون بۆ لامان بۆ نانخواردن لە پێش هەیوانی ماڵەکەماندا، کە شوێنی کۆبونەوەکانمانە بۆ ئاهەنگەکانی لەدایك بوونی ئەندامانی خێزان و ڕۆژەکانی چواری تەمموز/یۆلیز ( یادی سەربەخۆیی). لەنزیکمەوە پۆل و هاوسەرەکەی لۆراو نەوەکەمان صۆفیای تەمەن یەك ساڵ دانیشتبوون. کچەکەمان و مێردەکەشی لەهەردوولای فرانسیەوە دانیشتبوون، خەریکی خواردن و خواردنەوە بووین، صۆفیاش بەگرگاڵەکانی جۆرێك لە خۆشی خستبووە ناو ئەو خەمەوە کە بۆنەکە لەخۆیی گرتبوو.

کارێکی قورس بوو ڕازی بم بەوەی دووربکەمەوە لەو خێزانەم کەلە مێژەوەیە خۆشم دەوێت. ئەو کات کە نەوەکەم دەبینمەوە فێری قسەکردن بووە. چەند جار ناچار بووم چاوەکانم بنوقێنم بۆ ئەوەی فرمێسکەکانم تێیاندا قەتیس بکەم.

تاکە شتێك کەوای لێکردم بتوانم بەجێیان بهێڵم ئەوە بوو لە نوێژەکانیاندا بیرم دەکەن و منیش لەنوێژەکانمدا بیریان دەکەم، هەروەها دڵنیابوون لەوەی ئەو خوایەی کە هانیداوین بۆ هەستان بەم جۆرە قوربانیدانە هێزو توانای ئەوەشمان پێدەبەخشێت کە بەرگەی بگرین.

دوای لێبووندوە لەخواردن، خێزانەکەم دیاریان پێشکەش کردم. یەکێکیان وێنەیەکی فۆتۆگرافی صۆفیا بوو لەناو چوارچێوەیەکی درەوشاوەدا. دوای ئەویش پۆل صندوقێکی پێدام و وتی، " بە گونجاوی دەبینیتەوە "



Scanned with CamSc

لەناو صندوقەکەدا جوتێك جزمەی "تیمرلاند"ی ڕەنگ قاوەیەکی کاڵی مەیلەو زەرد بوو لەگەڵ تێبینیەکدا کە ئەوەی دەگەیاند: "برۆ و شەق لەیەکێکیان هەڵبدە باوکە".

لەیەکەم شەوی گەرمدا لەبەغدا بەخۆمم ووت: لەسبەینێ وە ئەم جزمانە لەپێ دەکەم.

پێش ئەوەی بخەوم، لەنوسینگەکەمدا دانیشتم، کۆمپیوتەرەکەمم کردەوە کە بە پاتری کار دەکات دەستم کرد بە نوسینی یەکەم نامە بۆ فرانسی خێزانم بەپێستی ئەلەکترۆنی، لەژێر ڕۆشنایی گڵۆپێکی فلۆریدا. لەمانگەکانی دواتریشدا، هەموو شەوێك نامەیەکم دەنارد بۆ فرانسی، بەچاوپۆشین لەکات و ماندوێتی. ئەوەش لەو ڕێگایانە بوو کە دەمانتوانی لەڕێگەیەوە پەیوەندیمان بەردەوام بێت، سەرەڕای ئەو دووریەش کەلەیەکی جیاکردبووینەوە. لەم یەکەم شەوەشدا، نەمدەزانی ئایا نامەکە لەڕێگەی پێچاوپێچی پەیوەندیە سەربازییەکانەوە جێبەجێ دەبێت و دەگات یان نا.

دوای نوسینی کورتەیەك لەبارەی ئەو هەستە جۆراوجۆرانەوە کە لەماوەی ٥٦ کاتژمێری پێشوودا بۆم دروست بوو بوون، نامەکەم بە تێبینیەك کۆتایی پێهێنا لەبارەی ماڵە نوێکەمەوە.

ڕەوشی کۆشك وا دیار بوو باشتر بوو لەهەفتەی پێشوو. ئێستا هەندێك کارەبامان هەیە (بەرهەمهێنەرەکانی کارەبا) و، چەند گەرماوێك کەبەشێوەیەکی خوڵ ئاویان پێدا دێت (زۆربەیان گەرماوی گەرۆك بوون). فێنکەرەوە نیە، ئەمەش دوای مانگێك گرفت دەنێتەوە (ئەمڕۆ پلەی گەرما لەبەصرە گەیشتبووە ١١٥ پلە (٣٢ پلەی سەدی).

دەستیان کردبوو بەهێنانی ئەو کەرەفانانە کە ئاوی بەردەوام و فێنکەری هەوایان تێدابوو هەر دانەیەکیان بۆ خەوتنی چوار کەس دەبوو، دەمانویست من بخەنە نار یەکەمین دانەیانەوە کە دەگات، هەر ئەمڕۆش ئامادەکرابوو. کاتێك شەوی پێشوو لەکوەیت ئەوەم بیست، فەرمانم کرد بە گەورە فەرمانبەرەکان کە چوار کەس لەوانەی کە ماوەیەکی درێژتر لێرە ماونەتەوە بیانخەنە ناو یەکەمین کەرەفانەوە، منیش لەکاتی ئێستادا جێگەم هەروا دەمێنمەوە. ژیانێکی سەرەتاییە، بەڵام زۆر خراپ نیە بە بەراوورد بەرەوشی چەند ڕۆژێك لەمەوبەر.. یان ئەوەی کە هێزەکانمان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

دەستمکرد بە دەرکردنی فەرمانەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان. دیزەزمەیەکی کارگێڕیە، بەڵام پێویستە لەسەرم لەبەر جای بە وریایی بجوڵێمەوە (ناتوانم لەئێستادا بەرگەی لەدەستدانی بگرم، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەکەسە گرنگەکان لەگەڵ خۆیدا دەبات). بەڵام بەتەنیشت ئیدارەکەی ئەوەوە بەشێوەیەکی پلەبەندی دەست دەکەم بە بونیادنانی پەیکەرێکی کارگێڕیی بۆ ئەوەی لەچەند هەفتەی ئاییندەدا بگوێزینەوە بۆی.



Scanned with CamSc

بارێشکمدا و ئیدی نەمتوانی بەڕوونی ووشەکانی سەر کۆمپیوتەرەکە ببینم.

نوسیم " ئەمە هەموو ئەوەیە دەتوانم ئەمشەو بۆتی بنوسم. لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ هەردوو سورەکە"!

سورەی دووەم لەژیانمدا مینی سەگە ماڵیەکەمە.

پەردەکوللەکەم لابردو لەسەر چەرچەفە شێدارەکە ڕاکشام. لەگەڵ ئەوەدا کە سەرم لەناو سەرینە نەرمەکەدا نوقم بوو، بەڵام زوو خەو نەیبردمەوە وەك ئەوەی چاوەڕوانم دەکرد. لەبری ئەوە، لەناو تاریکیە خنکێنەرەکەدا ڕاکشام و گوێم لەدەنگگەلێکی نامۆ دەگرت لەکۆمەڵگەکەدا. ئەو ژاوەژاوەی لە رادیۆ سەربازیەکەوە دەهات، گرمە گرمی موەلیدەکان، ئیشپێکردنی بزوێنەری ئۆتۆمبیلێکی زەبەلاح.

دەنگی گوللەی چەکە بچووکەکان بێدەنگی شەویان پەرت دەکرد. تەقاندنی ریزێك گوللە بەناو روبارەکەدا، ئەو ژاوەژاوەی کە لە دیوارەکانەوە دەنگی دەدایەوە.. تەقینەوەیەکی توند کەلەئەنجامی تەقاندنی تۆپێکەوە هات. گوللەی سووك. گوللەی رەشاش.

پەردە کوللەکەم لابردو چووم بۆ ئەوەی کەپەکانی گوێ بدۆزمەوە کەلە فرۆکە سی- ١٣٠ کەدا دەستم کەوت. کاتێك کردمە گوێکانمەوە، دەنگی فیشەکەکان لەگوێمدا کپ بوونەوە.

ئەوە چی ڕوو دەدات؟ لەخۆمم پرسی. تاڵانچی.. تاوانکاران؟ مەحاڵ بوو لەناو ئەم ژوورە تاریك و تەریکەوە بزانم لەدەرەوە چی ڕوو دەدات.

دوای ئەوە ئەو دەستەواژە دڵنیاکەرەوەم بیرکەوتەوە کە لەو دانیشتنە سەربازیانەدا گوێم لێبوو بوو لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا بەستبووم. " هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ بوونی بەرەنگاریەکی، ڕێکخراو دژی داگیرکردن، هیچ بەڵگەیەکیش نیە لەسەر بوونی " سەرکردایەتی و کۆنترۆڵ لەناو ئەو عێراقیانەدا کە تەقە لە هێزەکانمان دەکەن".

بەو بیرۆکە ئاسودەکەرە بە شەکەتی خەوم لێکەوت.



Scanned with CamSc

**بەشی دووەم**

## وەرگرتنی بەرپرسیارێتی

**بەغدا**

**١٣-١٦ ئایار/ مایۆ ٢٠٠٢**

لەیەکەم شەومدا لەعێراق توانیم چوار کاتژمێر بە بەردەوامی بخەوم پێش ئەوەی بەردەبەیانێکی تا ڕادەیەك سارد هەستم. دەنگی بانگبێژەکە نزیك بوو بڕواداراني بانگهێشت دەکرد بۆ نوێژی بەیانی. بەهۆی نەبوونی بڵندگۆوە- کە زیکە زیك دروست دەکات، لەکاتی تێکەڵبوونی ڕۆشنایی بەتاریکی دەنگەکە ساف و بێگەرد دەهاتە بەرگوێ.

ئامێری لەسەر ڕاکردنم نەبوو، بۆیە شۆرت و پێڵاوی ڕاکردنم لەپێکردو لەگەڵ ئیریك- پاسەوانە تایبەتیەکەمدا- نزیکەی دوو کیلۆمەتر بەناو ئەو ڕێگە چەو ڕێژاندا ڕامکرد کەوتبوونە نێو باخچە چیمەندکەو باخە خورماکانی پشت کۆشکەکەوە. بەهۆی نەهاتنی ئاو بە بەلۆعەکاندا نەمتوانی خۆم بشۆم. ناچار پەنام بردە بەر بوتڵێك ئاوی پلاستیکی، بەدەستێك خۆم دەشت و بەدەستەکەی تریش ئاوم دەکرد بەخۆمدا. لەنێو ئاوێنە گەورەکەوە کە چوارچێوەکەی بەئاڵتون ڕوکەش کرابوو دیمەنم ناشیاو دەردەکەوت.

دوای دە خولەك، کلای و هیوم هاتنە ناو نوسینگەکەمەوە. هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆمان نەبوو بەواشنتۆنەوە، لەبەرئەوە دەبوو دەستبەرداری ئەو ڕۆتینە بم لەوەزارەتی دەرەوەدا هەبوو کە دەبێت بەو بروسکانەدا بچمەوە کە شەو گەیشتوون.

هەروەها (کلای)یش نائومێد بوو. ژمارەیەکی زۆر لەخۆبەخشی ڕێگە پێنەدراو و چاوەڕوان نەکراو بەلێشاو خۆیان کردبوو بەناو نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو بارمەتیە مرۆییەکان و دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانداـ ئەمەش فورسایەکی زیاتری خستبووە سەر ژێرخانی ئابوری. بۆیە پێویست بوو لەسەرمان کۆنترۆڵی بەلێشاوهاتنی ئەو کەسانە بکەین، بۆیە داوام لە کلای کرد بروسکەیەك بنێرێت بۆ واشنتۆن کە بەبێ ڕەزامەندی پێشوەختی ئێمە هیچ کەسێك نەیەت بۆ بەغداد.

کلای وتی، " هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ ناردنی بروسکەیەکی فەرمی لەم شوێنەدا جێزی".

" دەمزانی پێویستە لەسەرمان خۆبەخۆییانە کار بکەین"

هەر زووش ئەوەمان زانی کە سەدان مەدەني لەوانەی کار بۆ ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی دەکەن لەڕێگەی پۆستی ئەلەکترۆنیەوە پەیوەندیی نا فەرمیان بە کارمەندە کارگێڕییەکانەوە هەیە



Scanned with CamSc

لەئەمریکا لەڕێگەی پەیوەندیی سەربازیی باڵاوە . کلای کە باڵیۆزێکی خاوەن ئەزموونە دەرکی بە بوونی ئەم فەوزایەو – ئەمانی دیسپلین- ە کرد کەیاوەری ئەم سستمە حزبەخزییەیە.

ئێستا کلای و هیۆم بەستەیەك لە راپۆرت و نەخشەو وێنەی مانگی دەستکردیان وەرگرت کە لەنوسینگەکانی نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییە کاتیەکان کۆکرابوونەوەو بەهەموو شوێنێکی ئەم بینا زەبەلاحەدا بڵاوبوو بوونەوە.

دەمزانی لەڕێگەی شوێنکەوتنی تۆمارەکان و پوختەکردنی بەڵگەنامەکانەوە دەتوانین سروشتی ڕاستەقینەی ڕێکخستەکە لەناو وڵاتدا بزانین زیاتر لەوەی کە بەراوێزکردن لەگەڵ چاودێران و ڕەخنەگرەکان لەواشنتۆن دەستمان دەکەوێت کە هەشت هەزار میل لێرەوە دوورن.

کلای کاتێك کە خەریکی دانانی کاغەزەکان بوو لەسەر نوسینگەکەم ووتی، " داوای شیکارێکی خێرات کرد لێمان، ئەم شیکارەکەیە".

هیۆمیش ووتی: " وەك دەڵێن، کاروبارەکان بەپێی پلانەکە ئەڕۆشتوون بەرێوە".

کلای ووتی، " زۆرێك لەبەدحاڵی بوون هەیە".

وێڕای بڵاوبونەوەی ئەو خەملاندنە توندەی دواتر سەبارەت بە " هەڵەکان" کە دوای کەوتنی سوپای عێراق ڕوویاندا، ئەوا ئێمە ئەم بەیانیە زانیمان کە هیچ شێوان یان تێکەڵبونێك نیە، کەلە بەدوایەکدا هاتنی پرۆسەی ڕوداوەکاندا ڕوویدابێت.

بەخێرایی پوختەی پلانەکەی پێشوو بۆ پەلاماردانم پشکنی.

پێش ئەوەی هاوپەیمانان هێرشی ووشکانی دەست پێ بکەن لە ١٩/ ئازار/مارسی ٢٠٠٣دا، بەرپرسیارێتی لە " پرۆسەکانی دوای جەنگەوە" لە ژەنراڵ تۆمی فرانکسەوە گوێزرایەوە بۆ نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییەکان کە تازە بەتازە لە واشنتۆن دامەزرابوو. لەکانونی دووەم/ ینایری ٢٠٠٣دا- لەکاتێکی درەنگی قۆناغی پلاندانانندا- ڕاسفێڵد فەریقی خانەنشینی سوپا جای گارنەری دانابوو بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەو نوسینگەیە.

هۆکاری بوونی ئەم دامەزراوەیە، وەك لەناوەکەیەوە دیارە، سەرپەرشتیکردنی چاکسازی ژێرخانی حەیەویی عێراقی بوو کە بەهۆی جەنگەوە زیانی پێ گەیشتبوو، وەك کێڵگە نەوتیەکان و، نەخۆشخانەکان و ڕێگەو تۆڕەکانی پەیوەندیکردن. لە کارە بەراییەکانی تریشی ڕێگرتن لە ڕوودانی کارەساتێکی مرۆیی- برسێتی و بڵاوبونەوەی پەتا- لەناوەندی ئەو ملیۆنان کەسەدا کە پێشبینی دەکرێت لەو جەنگە هەڵێن کەرەنگە بۆ ماوەی چەند مانگێك بەردەوام بێت. وێڕای پەیوەندیی دامەزراوەکەش بە سەرکردایەتی ناوەندەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ بەر پرسیار بوو لەبەردەم نوسینگەی وەزیری بەرگریدا لەپنتاگۆن.



Scanned with CamSc

گارنەر سەرکردایەتی ئەو بزوسە مرۆییەی کرد لەساڵی ١٩٩١دا کە بووە هۆی رزگارکردنی هەزاران پەنابەر لەچیا سەهۆڵبەندەکان لەباکوری عێراقدا، ئەمەش دوای ئەوەی صەدام حسێن سوپاکەی نارد بۆ ئەوەی سەرکوتی یاخیبووە کوردەکان بکات لەدوای وەستانی جەنگی کەنداوەوە. وەك ئامادەکارییەکیش بۆ قۆناغی بەرایی بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییەکان لە ٢٠٠٣دا، دامەزراندنی نزیکەی سێ صەد کەسی ئیداریی و پسپۆڕ درایە دەست گارنەر. مەبەست لە نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوە ئەوە بوو ببێتە هێزێکی پەرچەکرداری خێرا، یان گروپێك بۆ کوژاندنەوەی ئاگرکەوتنەوەکان و، بەرپرس لەگەیاندنی پێداویستیە خێراکان. ئەگەر صەدام کێڵگە نەوتیەکانی وێران بکردایە، ئەوا لەنوسینگەی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەدا دەستەیەکی تایبەتکراو هەبوو بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکان و داخستنی بیرەکان. ئەگەر جەنگی درێژخایەنیش هاوڵاتیانی ناچارکرد پەنابەرانە بەر بیابانە چۆڵەکان، ئەوا پیاوەکانی گارنەر ئامادەبوون بۆ لەخۆگرتنی ئەو پەنابەرانەو کردنەوەی چادرگە بۆیان و نانپێدانیان.

ووتم، " دیارە گارنەرو پیاوەکانی هەر یەکسەر لەدوای هاتنیانەوە لەکوەیت لە شوبات/ فبرایرەوە دەستیان بەکاری بەردەوام کردووە".

بەتەنیشت گروپەکانی چاککردنەوەی بیرە نەوتەکانەوەو کرێکارانی فریاکەوتنی نێودەوڵەتیەوە، گروپی نوسینگەی سەر لەنوێ ئاوەدانکردنەوە ئەندازیاری مەدەنیشیان تێدابوو، وێڕای شارەزایان لە بواری ژێرخانی ئابوریدا. هەروەها چەند پسپۆڕێکی ڕامیاریش لەنوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەدا لە گروپەکەی " حوکمی ئیداری" دا هەبوون، کە باڵیۆز رایان ك. کرۆکر، جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی نزیك سەرکردایەتی دەکردن. رایان بەرپرسێکی خاوەن ئەزموون بوو لەوەزارەتی دەرەوەدا، وەك باڵیۆزێك لە سوریاو کوەیت و لوبنان خزمەتی کردبوو. بەشێوەیەکی پاراو بەعەرەبی قسە دەکات، هەروەها لەکۆتایی هەفتاکاندا چەند ساڵێك لەباڵیۆزخانەی ئەمریکا لەعێراق کاری کردووە.

وێڕای ئەو چیرۆکە رۆژنامەوانیانەی کە باس لەوە دەکەن پنتاگۆن وەزارەتی دەرەوەی "دورخستۆتەوە" لە بەشداریکردن لە سەرلەنوێ ئاوەدانکرنەوەی عێراقدا، ئەوا بوونی کرۆکەری چالاك و دەیان کەسی تر لە وەزارەتی دەرەوەدا، وێڕای ئەو گەورە کارمەندانەی لەگەڵم کار دەکەن، ئەوە دەردەخەن کە بەرپرسان لەوەزارەتی دەرەوەدا لەدوای کەوتنی بەغداوە بەشداربوون، بەشدارییەکی قوڵ.

دوای تێپەڕبوونی هەندێك کات بەسەر گەیشتنمدا بۆ بەغدا، چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیم خوێندەوە لەبارەی لێکۆڵینەوەیەکی وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە ئایندەی عێراق وای دادەنێت

کە پلانێکی تەواوی داناوە بۆ چالاکیەکانی دوای ململانێ لەوڵاتدا. کرۆکەریش بەشداریەکی چالاکانەی کردووە لەلێکۆڵینەوەکەدا، لەبەرئەوە پرسیارم لێکرد ئایا ئەو "پلانێک"ی کرداری داناوە بۆ عێراق. وەڵامیدامەوە، " کە ئەو هەرگیز پلان پێشکەش ناکات". بەڵکو تێدەکۆشێت بۆ بەشدارپێکردنی عێراقیە ئەمریکیەکان بۆ بیرکردنەوە لەئایندەی وڵاتەکەیان دوای لابردنی صدام. کرۆکەر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئەو هەرگیز تێنەکۆشاوە بۆ دانانی پلانێک بۆ دوای جەنگ. کاتێکیش کە هەلی ئەوەم بۆ رەخسا لێکۆڵینەوەکە بخوێنمەوە کە پێك هاتبوو لەپێنج بەرگ، هاورابووم لەگەڵیدا.

بەدوور لەوەزارەتی دەرەوەش، گارنەر هیواخواز بوو کاتێك کە رەوشەکە خواستی بتوانێت سوود لەدەرامەتی دەزگا حکومیەکانی تری ئەمریکا وەربگرێت.

هیۆم ووتی، " ئاکە گرفتێك کەوا گارنەر نەیتوانیوە چارەسەری بکات بریتیە لەنادیار".

نادیاری گەورەش لە شوبات/ فێبرایەردا بریتیە لەوەی ئایا لەواقیعدا جەنگ روو دەدات کە بەدوایدا داگیرکردن بێت. گریمانەی قەبوڵکراویش لەچوارچێوەیەکی فراواندا- ئەوەی کە عێراق چەکی کۆکوژی پەرەپێداوەو هەستاوە بەزەخیرەکردنی و بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی پشت گوێ خستووە- بریتی بوو لە مەسەلەی یەکلاکەرەوە پێش جەنگ، یان ئەو هەڵوێستەی سەر دەکێشێت بۆ جەنگ. چەندین کەس لەئەندامە دیارەکان لەئیدارەکەی بوشدا بەدڵسۆزیەوە هیوایان دەخواست کە دیبلۆماسیەتی نێودەوڵەتی سەرکەوتووبێت لەداماڵینی چەکەکانی عێراق و دورخستنەوەی بەعسیەکان لەحوکم.

ئەگەر بکرایە جوودابووەکان صەدام و دوو کورەکەیان و گەورە بەعسیەکانی تریان لەدەسەڵات داماڵیبایە، بێ رژانی خوێن یان ناچاریان بکردنایە بەبێ ئەنجامدانی هەڵمەت وڵاتیان بەجێ بهێشتایە، ئەوا ئەرکی نوسینگەی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەو یارمەتە مرۆییەکان تەسك دەبێوە. بەپێی ئەم پێشبینیە گەشبینانەیەش، ئەوا حکومەتی عێراقیی کەلەدوای رزگاربوونەوە لەکۆمەڵێك لەعێراقیە دورخراوەکان پێکدەهات کە دەسەڵاتیان لەرژێمی عێراقی وەردەگرت، دەتوانێت بەشێوەیەکی خێرا فەرمانرەوای عێراقی بکردایە.

بەو شێوەیە جای گارنەر داوای پیاو و پارەی کردبوو لە دامەزراوە ئەمریکیەکان لە سەرەتاکانی ساڵی ۲۰۰۳، کارمەندە بیرۆکراسیەکانیش بە ریزەوە پێیان ووتبوو، " کاتێك کەوا کۆمەڵێك داواکاری دیاری کراوت هەبوو بگەرێرەوە بۆ لامان".

کاتێکیش جەنگ دەستپێکرد لە ۱۹ ئازار/مارس و دوای تەنها سێ هەفتە رژێمی صەدام حسێن کەوت، گارنەرو نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراق هەلبور بوون، کۆمەڵێك



Scanned with CamSc

بەرپرسیارێتی سەپێنرابوو بەسەریاندا کە بەهیچ شێوەیەك چاوەڕوانیان نەکردبوو، ئەمەش بەبێ دەرامەتێکی پێویست، مرۆیی و دارایی وەکو یەك.

لەناو دەقی بەڵگەنامەکاندا دوو وێنەم دۆزییەوە کە کێڵگەکانی نەوت لە رومیلە رزگاری بوو بوو کە بەعسیەکان ویستبویان وێرانی بکەن و تەنها چەند زیانێکی لاوەکی پێگەیشتبوو، چونکە پێش ئەوەی عێراقیەکان فەرمانی تەقاندنەوەیان پێ بگات، هێزەکانی سەرکردایەتی ناوەند دەستیان بەسەر بیرە بۆمبرێژکراوەکاندا گرتبوو.

لەشوێنانی تریش، ئەو زیانانەی دواتر گەیشتبوون بەژێرخانی ئابوریی بەشێوەیەکی رێژەیی لاوەکی بوون، چونکە هێزەکانی پاسەوانی کۆماریی دوژمن ئەوەیان هەڵبژاردبوو کە بەدرێژایی روبارەکان و کەناڵەکان لەباشوری عێراق سەنگەر بەستن- بۆ ئەوەی شارەکە ببێتە قەڵایەك بۆ بەغدا، وەك ئەوەی هەندێك لە پلاندانەرانی سەربازی لێی دەترسان، وەك ئەوەیش کە لەکۆبونەوەی یەکەمم لەگەڵ گەورە فەرمانبەرەکان لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بیستم، هاوپەیمانان هێرشیان نەکردۆتە سەر وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بەڵام تۆڕی کارەبای عێراق بەهۆی ساڵانێك لەفەرامۆشکردن و ، بەم دواییەش دەسەڵاتدارانی بەعس هەوڵیاندابوو کارەبا وەك چەکێکی بەرایی بەکار بهێنن لەجەنگدا ئەویش بە کوژاندنەوەی چەندین جارەی لەشەودا بۆ ئەوەی بەهۆی تاریککردنی شاری بەغداوە بەشەودا بتوانرێت هیلیکۆپتەرەکانی هێزی ئەمریکا ببینرێت و تەقەیان لێبکرێت، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی هەڵەشەو گۆترەیی تەقەیەکی زۆر بەئاسماندا بکرێت و زیان بەتۆڕەکانی کارەبای شاری بەغداو هەندێك لەشارەکانی تری عێراق بکەوێت.

بەهۆی ئەوەی جەنگی سەرەکی تەنها بیست و یەك رۆژ بەردەوام بوو، نەك چەند مانگێك، هەروەها لەبەرئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بەخێرایی شارو گوندەکانیان بەجێ هێشتبوو گەیشتبوونە بەغدا، ئەمەش وایکردبوو حاڵەتی کۆڕەو و گردبونەوەی پەنابەران ڕوو نەدات، لەمە لەکاتێکدا صدام حسێنیش پێش جەنگ فەرمانی کردبوو بەشە خۆراکێك بدرێتە هاوڵاتیان کەبەشی سێ مانگیان بکات لە کەرەستە سەرەکیەکانی وەك (ئاردو برنج و فاصۆلیاو رۆن)، لەبەرئەمە برسیەتی بەشێوەیەك ڕوویندا کە مایەی مەترسی بێت.

کلای وتی، " هیچ ڕایەك نیە کەلەپاش ڕووداوەکان بەتەواوەتی پێکابێتی و ڕاست دەرچووبێت ".

هیوم کاتێك کە دۆسیەیەکی نهێنی دەدایە دەستم کەوا فەراغەکانی سووربوو وتی، " ئەوە تاکە پلانێك نیە کە ئامانجەکەی خۆیی نەپێکابێت"

هەروەها پنتاگۆن پێشبینی کردبوو زۆربەی هەرە زۆری کەرتەکانی سوپای عێراقی کە ژمارەیان



Scanned with CamScanner

٧١٥,٠٠٠ سەربازە خۆیان بدەن بەدەستەوە لەمانەش ٤٠٠,٠٠٠ هەزاریان شیعەن. بەو یەکەکان بەسەلامەتی دەمێننەوە پاشانیش دەگرێت ئەو سەربازانە لە پرۆژەکانی سەرلەنوێ بونیادنانەوەدا بەکار بهێنرێن کە موچەیەکی جێگیر دەدات و یارمەتی بژێوی دەدات. هەر بۆ ئەمەش لە ١٠ نیسان/ ئەپریلدا ژەنراڵ فرانکس فەرمانی بەهێزەکانی عێراقی کردبوو" بەدرێژایی کات بەجلی فەرمییەوە بمێننەوەو، پارێزگاری لەسەلامەتی یەکەکان و سستم و دیسپلین بکەن لەیەکەکاندا".

بەڵام ئەم پلانانە حسابی بۆ واقیعی تاڵی ئەو سەربازە شیعانە نەکردبوو کە تەحەمولی پشکە بەشی زیاتیکی ئیسارتی و ، کرتی رەمزی و ، چەوساندنەوەی دڕاندانەو لەسێدارەدانی هەڕەمەکیان کردبوو بەزۆری لەسەر دەستی ئەفسەرە سونەکانیاندا. ئەم سەربازانە هەستیان بە دڵسۆزی نەدەکرد بۆ سەرکردە بێزراوەکانیان، هەروەك چۆن پاڵنەرێکی بەهێزیان نەبوو بۆ پاراستنی سەلامەتی یەکەکانیان. لەسایەی بۆمبارانکردنی بێ رەحمانەو وورد دا کە بێ هەڵەکردن لەتاریك و نوتەکی شەودا ئامانجەکانی دەپێکا هەروەها توندترین گەردەلولی باکوریدا، چەکەکانیان هەڵگرتوو گەڕانەوە بۆ کێڵگەو گوندو شارەکانیان لەهەموو شوێنەکانی عێراقدا. کاتێکیش عێراق رزگارکرا هیچ یەکەیەکی سەربازی عێراقی لەهەموو وڵاتدا بەسەلامەتی نەمابووەوە. وەك ئەوەش کە دوای کەوتنی بەغدا سەرکردایەتی ناوەندیی ئەمریکا جەختیکردەوە، سوپای عێراقی وەك هێزێکی رێکخراو نەمابووەوە. بەپێی دەستەواژەکانی پنتاگۆن " خۆی لەکاروبارو ئەرکەکەی کشابۆوە وازی هێنابوو".

لەبەرئەوە جای گارنەرو گروپەکەی قەیرانی پەنابەرانیان نەدیبۆوە تا چارەسەری بکەن، هەروەها هیچ هێزێکی کاریگەر لەسەربازە عێراقیەکان نەبوو بۆ ئەوەی لەپرۆژەکانی سەرلەنوێ بونیادنانەوەدا بەکاری بهێنێت وەك ئەوەی کەسانێك لەپنتاگۆن بۆی چووبوون. هەروەك چۆن هەموو وەزیرەکان و جێگری وەزیرەکان و هەزاران لەگەورە بەعسیەکان هەڵهاتبوون. لەبەرئەوە گارنەر ڕووبەڕووی دروستبوونی بۆشاییەك لەهێزی ڕامیاریدا بوو بووەوە، هەروەها نەبوونی شارەزایی لەلایەن سەرکردە عێراقیەکانەوە، لە سەرۆك گوندەکان و سەرۆك شارەوانیەکان و کەسە کارگێڕیەکان لەوەزارەتەکانی بەغدادا.

لەیەکەم بەیانیمدا لەبەغدا ئەو تێبینیەم هات بەخەیاڵدا کە مارشاڵی پرۆسی فۆن مولتکە لەسەدەی نۆزدەدا ووتوویەتی و زۆر ئاماژەی پێدەکرێت، " هیچ پلانێك نیە بۆ جەنگێك کە بتوانێت لەبەردەم یەکەم بەرکەوتنی بە دوژمندا خۆی بگرێت". لەکاتێکدا کە بە ڕاپۆرتەکاندا دەچووینەوە بیرم کردەوە لەوەی کە " هیچ پلانێکی مەدەنی نیە خۆی بگرێت لەبەردەم یەکەم بەرکەوتنی



Scanned with CamSc

بەواقیعدا".

هیوم سەرنجی ڕاکێشان بەلای گرفتێکی تردا کە بەهۆی ئەزموونە درێژەکەیەوە لەناوچەکەدا تێبینی کردبوو. کاتێك کە سەرکردە سەربازیەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان گوندە عێراقیەکانی ڕزگارکردبوو، کەمێکیان بەعەرەبی قسەیان دەکرد یان هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگەی عێراقیان دەزانی، خێرا دەستیان کردبوو بە کۆکردنەوەی ئەنجومەنی گوندەکان یان دانانی سەرۆك شارەوانیەکان و بەڵکو هەتا فەرمانڕەواش. ئەوەش وەڵامدانەوەیەکی لۆژیکی بوو بۆ پێداویستیە سەربازیەکانمان بۆ بونیادنانی " خاڵەکانی پەیوەندیکردن" لەگەڵ دانیشتوانە ناوچەییەکاندا.

هیۆم ووتی،" وا دیارە ژمارەیەك لەسەرکردەکانمان ئەم بڕیارانەیان داوە بێ ئەوەی چاوەڕوانی دەرئەنجامە ڕامیارییەکان بکەن. وادیارە ئەوان بەشێوەیەك مامەڵە دەکەن بێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی گرنگیان هەبێت دەربارەی ئەو کەسانە کە دەستیشانیان دەکەن. کارێکی سەیریش دەبێت کە ژمارەیەك لە بەعسیەکان یان تاوانبارەکان یان هەردووکیان لەناو ئەو کەسانەدا ئەبینینەوە.

زۆربەی ئەوانی لەدەوری مێزەکان دانیشتبوون لە کۆبونەوەی کاتژمێر حەوتی بەیانیدا ئەو گەورە کارمەندانە بوون کە تەواو شەکەت دیاربوون. ئەوەش لە ڕیشە نەتاشراوەکان و چاوە بەقوڵاچوەکانیاندا دیاربوو.

منیش هەروەها هەستم بەماندوویی دەکرد. نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتییە مرۆییەکان لەژێر سەرکردایەتی جای گارنەردا بوو تارادەیەك بەشێوازێکی نافەرمیی دەبرا بەڕێوەو کۆبونەوە فەرمیی و ڕێکخراوەکان کەم بوون، چونکە کارمەندەکان پەرش و بڵاو بوون و ڕووبەڕووی چەندین قەیران ببوبوونەوە. جای کەسێك بوو نزیك بوو لەدڵەوە، زۆرناسانکاریش بوو بەنسبەت کەسێکی سەربازیەوە، هەروەها لەم ژوورەدا چەندین کەس هەیە کە لایەنگری ئەون، منیش شوێنی ئەو دەگرمەوە. بۆیە دەبێت پیاوەکانی بەسروشتی حاڵ من بناسن پێش ئەوەی لایەنگرییەکەیان بگوێزنەوە بۆ من. ئەوەش مەسەلەیەکی بەرێزدانانەیە. بەڵام بەشێك لەکارەکەی من ئەوە بوو کە وێڕای ئاستەنگەکانیش ڕۆحی دیسپلین و هەستکردن بەئامانج لای ڕێکخراوەکە پەخش بکەمەوە ، بۆ ئەوەی بتوانین پلان بۆ ئادیارێکی درێژ دابنێین.

گوێمگرت بۆ ڕاپۆرتەکان لەبارەی ڕەوشی بەیانیەوە، پاشان ڕامگەیاند ئەوەی لە کۆبونەوەکە ماوەتەوە تەرخان بکرێت بۆ گیروگرفتە ئابورییەکان کە تێکرای عێراقیەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

پێم ووتن،" پێویستە لەسەرمان، بەدەر لەئاسایش، گیروگرفتە خۆراکیەکان چارەسەر بکەین. پێویستە ئەوە لەبەرایی کارەکانمان بێت، لە مەسەلە گشتگیرەکانیش وەك ئەوەی چی بکەن بۆ

پشتگیری دارایی، هەروەها ئەو دامەزراوانەی کە هی دەوڵەتن، نەخت و، نرخ و فەراهەمکردنی برنج و پاقلەمەنیەکان .....و"

گاری فۆگلر پێی بریم و ووتی: "غازی شل"، نرخی ئەو شمەکانەی پێداویستی رۆژانەن. " هەروەها نرخی بەنزین خراپەو لەبەرزبوونەوەدایە".

لەسایەی ئابوری ئاراستەکراوی بەعسدا، قۆرخکردنەکانی دەوڵەت زاڵ بوو بەسەر دابەشکردنی گازی شل و بەنزیندا، بەشێوەیەکی ئاسایی نرخەکانی ئەو شتانە وەك خۆیان مانەوە. بەمەش قەیرانێکی پەیکەریمان بەمیرات بۆ ماىۆوە.

لەماوەی کورتدا گرفتێکی قووڵ هەبوو لەپشت کەمهێنان لە بەنزین و غازی شلدا. پاڵاوگەکانی نەوتی عێراق، کە هەموو جۆرەکانی سوتەمەنیان بەرهەم دەهێنا سەرەرای غازی شلیش، کۆن بوون – ئەوەش تا رادەیەکی زۆر دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە صەدام بێدەشی کردبوون لەپارەپێدانی پێویست تا نوێ بکرێنەوە. عێراق لەپێدانی نەوتی خاو بەتورکیا لەبەرامبەر نەوتی شلدا توانیبووی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، بەڵام ئێمە ئێستا رۆژانە رووبەرووی کەمهێنانێك دەبینەوە کە بەلانی کەمەوە دەگاتە ١٥٠ شاحینە.

دوای دوو هەفتەی تر غازی شل کە بۆ چێشتلێنان لەعێراقدا بەکاردەهێنرێت تەواو دەبێت.

راوێژکارەکان پێیان راگەیاندم کە سێ پاڵاوگە هەرە گەورەکە لەعێراق زۆر کۆنن و چاکردنەوەیان زۆر بێ سوودە، لەسایەی ئابوریی ئاراستەکراوی صەدامدا لەوانەیە فاکتەری پەکلاکەرەوە لەپیشەسازی ووزەدا بەم زووانە بەتەواوی لەکار بکەوێت.

بەڵام سوتەمەنی تاکە کێشەیەکمان نەبوو. دەیڤید ئامی ووتی رووبەرووی " قەیرانێکی گەورەی بودجە" دەبینەوە ئەگەر نەتوانین هەندێك لەدەرامەتەکان بەگەر بخەینەوە. ئاماژەی بەوە کرد کە ٩٨٪ی بودجەی دەوڵەت لەرێگەی داهاتەکانی نەوتەوە دێت، بەڵام بەشێوەیەکی خێرا ناتوانین ئەو داهاتە زیاد بکەین بەبێ هەڵگرتنی سزاکان، کە نەتەوە یەکگرتوەکان لەدوای جەنگی کەنداوەوە لەساڵی ١٩٩١ەوە سەپاندویەتی و رێگەی لە فرۆشتنی نەوت گرتووە. دەبوو ئەو لێپێچینەوەیە بکرایە بۆ ئەوەی رێگە لەصەدام بگیرێت لەوەی داهاتەکانی نەوت بەکار بهێنێت بۆ بونیادنانەوەی هێزە سەربازییەکانی یان بەدەستهێنانی چەکی کۆکوژ.

لەساڵی ١٩٩٦دا، بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراکی دانا، بەپێی ئەو بەرنامەیە داهاتەکانی نەوتی فرۆشراو لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا خەرج دەکرا لەهێنانی خۆراك و دەرماندا، بەڵام بەرنامەکە گەندەڵ بوو دەوترا کە رەنگە هەندێك لەوڵاتان، لەناویشیاندا فەرەنساو روسیا لەو گەندەڵییە تێوەگلابن. صەدام نەك بەوە رازی نەدەهێنا کەپشکە هەرە باشەکە



Scanned with CamSc

بەرێت، بەڵکو زۆرێك لە ماڵ و دەرامەتەکانی لە بونیادنانی پەنجا کۆشکدا خەرج کردبوو. ژەنڕاڵ فرانکس ئەمەی ناو نابوو " بەرنامەی نەوت بەرامبەر کۆشکەکان".

گرفتێکی تریش هەبوو پەیوەندی هەبوو بەکڕینی بەرووبوومەکانی گەنم و برنجی عراقیەوە، کە وەزارەتی بازرگانی لەسایەی حوکمی صەدامدا بەنرخێکی زۆر کەم کڕیبووی کە ئەو نرخە بەدەستی خۆی کەمی کردبۆوە. کڕینی دەرامەتەکانیش زیاتر لە ۱۳۰ ملیۆن دۆلاری دەویست، ئەمەش بەپێی ووتەی رۆبین رافلی راوێژکارمان لەوەزارەتی تفاق حسن.

ئاماژەی بەوە کرد ڕەنگە پێویستمان بەوە بێت ئەو پارەیە لە بەرنامەی خۆراکی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەدەستی بێنین. پێشی ووتم، " ئەوان لەسەر پێنج ملیار دۆلار لە داهاتی نەوت بەرامبەر خۆراك دانیشتوون". بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەران بوو سەبارەت بە ئاسایش لای خاڵەکانی کۆکردنەوەدا. بۆیە بەرۆبیتم ڕاگەیاند کەوا بەرووبوومەکان کۆیکاتەوەو ئێمەش پەیوەندی دەکەین بە سەرۆکی نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

هەروەها ، لەکاتی کۆبونەوەکەدا زانیم، وەزارەتی فێرکردن دەیەوێت لەرۆژی دواتردا هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبەرێتی زانکۆی بەغدا ئەنجام بدات. بۆ ڕێگەدان بەکۆتایی پێهێنانی ساڵی خوێندن لەکاتی دیاریکراودا. گرووپی پەروەردەیشمان بەوە ئاسوودە نەبوو، چونکە ئەگەری زۆری ئەوە هەیە بەعسیەکان ئەو گرووپە بن کە زیاتر ڕێکخراوبن و بیبەنەوە. پێم ڕاگەیاندن با هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوەی کە هەڵدەبژێردرێت وای دادەنێن کە بەشێوەیەکی "کاتی" هەڵبژێردراوە، تا کاتی ئەوەمان دەبێت لەدۆسێی کەسی بکۆڵینەوە.

دوای کاتژمێرێك کۆبونەوەکەم کۆتایی پێهێنا. ڕونمکردەوە کە پێویستە لەسەر کارمەندەکان زیاتر خۆڕاگربن و، جەخت لەسەر چارەسەرە کرداریەکان بکەنەوە، ڕۆنەچنە ناو بەزینە ڕەشبینیەکانەوە. هەمیشە ئاسانە هەڵوێستێکی نێگەتیڤانە وەربگرێت، بەتایبەتی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن خەوشەکانمان دەدۆزنەوە. بەڵام ڕێگەنادەم کە ڕەشبینی بگۆڕێت بۆ نەکردنی کار. ڕەنگە لەململانێکردن بۆ بەدەستهێنانی جەماوەریتی نەیبەمەوە، بەڵام وەك گورەکەم پێشنیاری کرد، جزمەکان کە لەپێمدایە هانیان دام لە پاشەڵی هەندێك کەس هەڵدەم.

عەقید سکۆتی نورووودی یاریدەدەری سەربازیم ووتی: " گەورەم سەیرێکی ئەمە بکە". ئەمە لەکاتژمێر شەش و چارەکی سەرلەبەیانی رۆژی دواتردا بوو، چوارشەممە ۱٤ ئایار/مایۆ. نوسخەیەکی چاپکراوی لە وتارێکی رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" پێدام کەبڵاوکرابوەوە.

ووتم " نەفرەت"، مانشێتەکەم بەدەنگێکی بەرز خوێندەوە. " سیاسەتێکی نوێ لەعێراقدا دەخوازێت فەرمان دەربکات بۆ ئەوەی تەقە لەتاڵانچیەکان بکرێت". رۆژنامەکەم فڕێدایە سەر

نوسینگەکەم، پرسیم، " سکۆتی کەی ئەمە دەرچووە"؟

"دەورووبەری کاتژمێر شەش گەورەم".

دەبێت پاتریك تایلر پەیامنێری "تایمز" دوای نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە هەواڵەکەی لەبەغداوە ناردبێت. سەرچاوەکانی تایلر کە ناوی نەهێنابوون ئاماژەیان بەو زانیاریانە کرد کەلەکۆبونەوەی شەوی یەکەمدا باسکرابوون. زیاترم لەهەواڵەکە خوێندەوە تایلر لەزاری سەرچاوەکانیەوە وتبووی، " دەست دەکەن بەتەقەکردن لەهەندێك لەتالآنچیەکان بۆ ئەوەی هەواڵەکە بلاوبێتەوە کە بە بەکارهێنانی هێزێکی کوشندە مامەڵە لەگەڵ ئەو هێرشاندا دەکرێت هەڵدەکوتنە سەر ماڵ و موڵکەکان و ئۆتۆمبیل دەدزن و تاوان و توندوتیژی ئەنجام دەدەن".

تایلر ئاماژەی بە "بەرپرسەکان" کردبوو بێ ئەوەی ناویان بهێنێت وتبوی وا دیارە " پەیڕەوە توندڕەوانەکە لەکرۆکی ئەوەدا دێت. کە سەرۆك بە بەرێز برێمەری ڕاگەیاندووە بۆ رزگارکردنی سەرکەوتن لەعێراق لەتێهەڵتخلیسکانەوە بۆ فەوزاو پاشاگەردانیی" هەروەها وتبووی " مەترسیەکانی کوشتنی عێراقیە لاوەکان یان بێ کارەکان یان پرزە لەبەربڕاوەکان".

ئەوانەی کە هەواڵەکەیان بردبوو هەوڵی بەرەوپێشبردنی ئەنجەدەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانیان خستبووە سەر خۆیان." لەڕێوشوێنە توندەکانی تریش کە بەرپرسەکان وتیان ئەوەیە کە بەرێز برێمەر بەهیوایە ڕیشەکێشکردنی بەعس ڕابگەیەنێت.... . سەرەڕای ئەوەی زانیاریەکانیش وورد بوون، ئەوا پەیوەستە بە سیاسەتە هەرە گەورەکەوە، منیش نامەوێت سەرکردە سیاسیە عێراقیەکان و هاوڵاتیە ئاساییەکان لەتەلەفزیۆنی جەزیرەوەو بە وەرگرتنی لەڕۆژنامەی " نیویۆرك تایمز"ەوە ئەمە بیبستن.

دەزگای پروپاگەندە سەرقاڵکەرەکان لەناو کۆشکدا ئەوەشی ووت گارنەر پێش لەو وادەیەی کە چاوەڕوان دەکرا دەڕوات و لەگەڵ خۆیشی ژمارەیەك لەو کارمەندانە دەبات کە لایەنگری ئەون. دەمویست سوود لەشارەزایی جای وەربگرم لەخزمەتگوزاریە لۆجیستیەکاندا، بەلآم سەبارەت بە دزەپێکردنی هەواڵ و بلآوکردنەوەی ئەوا من بەداخەوە نابم.

لەکاتێکی دواتردا، لەناوەندێکی پەیوەندییەکاندا لە بارەگای سەرکردایەتی سەرکردەی هێزە ووشکانیەکانی هاوپەیمانان فەریقی سوپا دەیڤد ماکیرنان دانیشتبووم، لەنزیك فرۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی. لەناوەڕاستی کۆنگرەیەکی ڤیدیۆیی پارێزراودا بووین کەبەغدای بە بارەگای سەرکردایەتیکردنی سەرکردایەتی ناوەندیەوە لەقەتەرو دۆناڵد ڕامسفێڵدی وەزیری بەرگریەوە دەبەستەوە لەپنتاگۆن. پێش ئەوەی لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە بەتەلەفۆن پەیوەندیی ببەستێ، پیرۆزبایم لە ماکیرنان کرد، کەئەمریکیەکی سووری بە ڕەگەز لێرلەندیە، بەهۆی ئەو سەرکەوتنە

نایابەوە کە هاوپەیمانان بەدەستیان هێنا، بەڵام چاوە شینەکانی شەکەتیەکی قوڵیان ئاشکرا کرد.

ڕامسفێڵد ڕایەکی فەلسەفی وەرگرت سەبارەت بەدزەکردنی هەواڵەکە. کە بێگومان ئەو لە دژەپێکەرانی هەواڵەکە پشکی زیاتری بەردەکەوێت. بە شێوازێکی گاڵتەجاڕی باوەوە کە لەبایەخی ئەوەی ڕوویداوە کەمدەکاتەوە ووتی، " گومانی تێدایە نیە کە ڕاپۆرتەکە بەتاڵ نیە لەڕاستی، بەڵام ئەوەی کە نیگەرانم دەکات ئەوەیە کەڕێساکانی پێکدادان لەکاتی گواستنەوەی بەناو زنجیرەی سەرکردایەتیدا لاواز بووە".

ڕێساکانی پێکدادان کەهێزەکان بەپێی ئەمە مامەڵەیان لەگەڵ عێراقیەکاندا دەکرد بە بەردەوامی لاواز بووە. لەکاتی هەڵمەتەکەدا، فراوانبوونێکی ئەو هێرشانەمان بینی کە خۆکوژەکانی صەدام ئەنجامیان دەدا- کە هێزێکی غەیرە نیزامی بوون بەجلی مەدەنیەوە- بۆیە بەهێزەکانمان ڕاسپارد بەرگری لەخۆیان بکەن و تەقە لەهەر کەسێکی مەدەنی بکەن کە چەکی هەڵگرتبێت. ئێستاش هەندێك میلیشیاو چەتەی تاوانکاریی و چەکدار هەن کە لەژمارەیەك لەشارەکانی عێراقدا خەریکی ڕێگری و ڕاوو ڕووتن و. هێزەکانی هاوپەیمانان و سەرکردەکانی لەوە دڵنیا نەبوون کە چۆن ڕووبەڕوویان ببنەوە.

جۆن ئەبی زەید سەرکردەی سەرکردایەتی ناوەند لەقەتەر هاوڕا بوو لەگەڵ ڕامسفێڵد سەبارەت بەزیادبوونی لاوازی ڕێساکانی پێکدادان. ووتی، " لەمڕۆوە، بۆ زامنکردنی جێبەجێکردنی ڕێسایەکی پێکدادانیکی تۆکمەو بەهێز زنجیرەی سەرکردایەتی چالاك وەگەڕ دەخەمەوە کە هەموو سەربازێك و پیاوێکی مارینز دەبێت بەباشی بیانزانێت.

هیچ کەسێك باسی تەقەکردنی لەو کەسانە نەکرد کەهەڵدەستن بەتالان و بڕۆ ، چونکە کۆمەڵە کۆتێکی ئینزیباتی هەبوو لەسەر کۆنگرە تەلەفزیۆنیەکان. ئەبی زەید بەردەوام بوو ئاماژەی بۆ ئەو تۆڕە فراوانەی کارو ئامانج و فەرمانەکان کرد کە تەحەکوم بە هەموو لایەنێکەوە دەکات لە لایەنەکانی پرۆسە سەربازییەکان و ووتی، " ئێمە پێویستمان بەوەیە پێداچوونەوە بەڕاسپاردن بەئەرکەکاندا بکەینەوە، بۆ ئەوەی ڕادەو ئاستی دانایی دروستیان بزانین.

ڕامسفێڵد شێوازی پێداگرانەکەی لەڕێگەی پەیوەندیکردن لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە بەڕوونی دەرکەوت کە لێی پرسی" تا ئێستا بەچی گەیشتوویت"؟

ئەبی زەید ڕوونیکردەوە ووتی،" ڕەوشەکان ئارامن و مەفرەزەی ئاسایشی کارا ڕەوانە دەکەین".

ڕامسفێڵد پرسی، کارا"؟ وەك دەبیسترابێت ئەو ڕقی لە دەستەواژەی نامۆ و ناڕوونی سەربازی هەیە.

ژەنراڵ ووتی: " مەفرەزی گەڕۆك، جەنابی وەزیر"، پاشان خێرا ڕوونیکردەوە، " ئۆتۆمبیلی

قەڵغانپۆش و همڤی چەکدار و مەفرەزەی پیادە...".

وتیشی، " ئەوەی ئێمەی مەدەنی داوای دەکەین نمایشکردنێکە بۆ هێز".

ئەبی زەید شێوازی دوانەکەی سووك کرد وتی، " ئێمەی سەرباز حەز دەکەین وا بیر بکەینەوە کە ژمارەیەکی زیاتر لەخاڵ و نیشانەی سەربازی هەیە لەم مەسەلەیەدا جێی. بوونی هێزە زیاتر کاراکان لە شەقامەکاندا ئنطباعێك دروست دەکات بەچاوپۆشی لەوەی کە ناوی لێدەنێین. ئەمە پەیوەندیی بە بەناستەکانی هێزەوە، هێندەی ئەوەی پەیوەستە بە لێنیچینەوەکان و ئەو بایەخپێدانە بەرایانەوە کە هێزەکان دەیگرنەبەر.

خڕبوونەوەی ئۆتۆمبێلە قەڵغنپۆشەکانم بیرکەتەوە لەدەوری فولکەکانی جوڵەی هاتوچۆو پردە بەرزەکان لەکاتی هاتنم لەفڕۆکەخانەوە بۆ ئێرە. یەکەی زرێپۆشەکان کەپێکهاتبوون لە تانك و ئۆتۆمبێلەکانی همڤی کەوا ڕەشاشیان هەڵگرتبوو دەکرێت پارێزگاری لە ئامانجێکی جێگیر بکەن. بەڵام ڕەنگە تاڵانچییە دزە چەکدارەکان هێرش بکەنە سەر کۆگایەکی حکومی خۆراك لەدووری دوو شەقامەوە یان کۆگای یەکێك لەبازرگانەکان بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ سزایەك ببنەوە.

ئەبی زەید وتی، " جەنابی وەزیر، ڕەنگە ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت سەرلەنوێ بڵاوە بەسەربازەکانمان بکەینەوە".

" ئێستا ئێمە بەرەوپێش دەچین"، لەگەڵ خۆمدا دەدوام کاتێك کەوا ئەوەم لەدەفتەری تێبینیەکانمدا تۆمار دەکرد.

ئەبی زەید وتی، " شتێك هەیە کە جەختلێکراوە ئەویش ئەوەیە، هیچ هێزێك سەرلەنوێ لەدەوروەی عێراقدا بڵاوە پێناکرێتەوە تا ڕەوشی ئەمنی لەوێ سەقامگیر نەکەین".

ئەوەش یەکەم دانپێدانانێك بوو سەبارەت بەپێویستی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ وەستاندنی ئەو بێ یاساییەی کەلەشەقامەکاندا هەیە.

* * *

دواتر، لەنوسینگەکەمەوە لەڕێگەی تەلەفۆنێکی پارێزراوەوە قسەم لەگەڵ ئەبی زەید کرد لە بارەگا سەرەکیەکەی خۆی لەدۆحەی قەتەر.

وتم، " سوپاس بۆ ئەو پاڵپشتیە کە لەوتوێژەکانتدا لەگەڵ وەزیر پێشکەشت کرد جۆن. زۆر گرنگە ئەوە بزانین کە هیچ یەکێك لەهێزەکان ناگەڕێتەوە بۆ نیشتمان مادام ڕەوشی ئەمنی لەعێراق بەو شێوەیە شڵەقاو بێت".

وتی، " ئێمە ئێستا کار دەکەین بۆ دانانی ڕێسایەك بۆ پێکدادانێك کە بەهێزتربێت و مەفرەزەیەك

خۆراگرتریت. سەبێنێش ماکیۆنان شتێکت پێدەدات.
ووتم، من ئەوە دەنرخێنم، ئامەوێت لەبابەتی ئەوە کەمبکەمەوە کەپێمدراوە، بەڵام سەرکردایەتی ناوەند هێندە تانك و ئابرامز یان ئۆتۆمبیلی براڵی نیە کە پاسەوانی هەموو پۆلیسخانەیەك بکات لەوڵاتدا. پێویستە لەسەرمان قەناعەت بە پۆلیسی عێراقی بکەین بگەڕێنەوە بۆ ناوەندەکانیان. وە من پێویستم بە گەورەترین ژمارەی پۆلیسی ئەمریکی هەیە کەبتوانیت بەوپەڕی خێرایی بۆمی ڕەوانە بکەیت".
ئەبی زەید ساتێك وەستا، " ڕەنگە بتوانم ٤٠٠٠ یان زیاتر کۆبکەمەوە". ووتیشی پێموایە دەتوانن لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا لەئەمریکاو ئەورووپاوە دەست بکەن بەهاتن بۆ عێراق.
نزیکەی ١٤,٠٠٠ پۆلیسی عێراقی هەن کە ئێستا لەناوەندەکانیاندا لەبەغدا ئامادەن. ئاڵوگۆڕکردنی ٤٠٠٠ پۆلیسی ئەمریکی پێیان بە کڵاوەکانیانەوە کە لە کەڤلار دروستکراوەو بە سەدریەکانیانەوە، کە چەکی جۆری ئێم- ١٦ یان هەڵگرتووە یان ئەوەتان بەسەر ڕەشاشی ئۆتۆمبیلە هامفیەکانەوە، دەبێت ببێتە هۆی لاوازکردنی توانستی ئەو کەسانەی کەخەریکی تاڵانکارین.
" سوپاس جۆن".
تەلەفۆنەکە چرپاندی و ، پاشان بێدەنگ بوو.
وەوچەرخانێکی سەیرە لەڕووداوەکاندا، کارمەندە خەشمگرتوەکان ووردەکاری کۆبونەوەیەکی نهێنیان لەگەڵ مندا دزە پێکردبوو دابویانە " نیۆیۆرك تایمز". ئەم هەواڵەش پاڵی بە ڕامسفێڵدو سەرکردایەتی ناوەندەوە نابوو مەفرەزەی بەهێزتر ڕەوانەی شەقامەکانی بەغدا بکەن. ئێستا سەربازیەکانیش ڕەزامەندبوون لەسەر پێشکەشکردنی پۆلیسی سەربازیی پێویست بۆ ئەوەی پۆلیسی عێراقی بەهێز بکەن و مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکەن.
گوێم لەو ڕەخنانە بوو سەبارەت بەوەی کەوا کارمەندەکانی نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییەکان وەك پێویست لەکۆشکی کۆماریی ناچنە دەرەوە. بۆ بنبڕکردنی ئەو ڕەخنەیەش، بڕیارمدا هەموو ڕۆژێك بەلانی کەمەوە سەردانی دامەزراوەیەکی عێراقی بکەم، لەناو بەغدای گەورەداو پاشانیش لەناوچە دوورەکاندا.
سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە، ستیڤ براونگ ڕاوێژکاری وەزارەتی تەندروستی لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و سەعید حەقی لەگەڵمدا کۆبوونەوە کە پزیشکێکی ئەمریکی عێراقی بوو لەنیسان/ ئەپریلدا لەگەڵ نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییەکاندا هاتبوو بۆ بەغداو وەزارەتەکەی باش دەناسی، لە نەخۆشخانەی ناوەندیی منالان. حەقی یەکێك بوو لەو دوو



Scanned with CamSc

سەد عێراقیە ئاوارانەی کەلەهەمرو شوێنەکانی جیهانەوە هاتبوون بۆ ئەوەی خزمەتی ولاتە بەرەتیەکەیان بکەن لەدامەزراوەیەکدا پێی دەوترێت ئەنجومەنی عێراقی بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەو بوژاندنەوە. ئەم گروپەش عێراقیەکی ئەمریکی بەهرەدار سەرۆکایەتی دەکردن ناوی عماد ضیاء بوو، کەئەو راستەوخۆ بەرپرسە لەبەردەم مندا.

نەخۆشخانە خوراسانیە چەندین قاتەکە لەناوەڕاستی شاری پزیشکیدا لەو گەشانەوە ئەوتیەی هێنایە زەینمەوە کە بەغدا لەحەفتاکاندا بەخۆیەوە بینی. بەڵام نەخۆشخانەکە لەناوەوە هاوشێوەی ئەو رووکارە نوێیەی دەرەوەی نەبوو.

نزار عەنبەکی بەرێوەبەری نەخۆشخانەکە لەناو دەروازە شوشەییە تۆزگرتوەکەوە پێشوازی لێکردین. کەشەکە لەناوەوە تاریك و گەرمێز بوو لەچاو دەرەوەدا. هەروەك چۆن هەوای ناوەوە چڕ بوو چەندین بۆنی تیژی هەڵگرتبوو: بۆنی مادەی پاککەرەوە، ئاوەڕۆ عەرەق، هەڵم و بوخاری موەلیدەی کارەبا.

لەکاتی تەوقەکردندا دکتۆر ووتی: " بەخێرهاتی جەنابی باڵیۆز".

چاکەتەکەی سپیەکی پاك بوو، بەرسێلی کردبوو، چاوەکانی درەوشاوە بوون. هەموو شتێك ئاماژەی بەوە دەکرد کە پزیشکێکی بەتوانایە.

ووتم " صباح الخیر"، ئەمەش سڵاوێکی عەرەبیە کە ئەم بەیانییە لە هێزمەوە فێری بووم.

هەوڵدام بۆ ئەوەی بەعەرەبی قسە بکەم زەردەخەیەکی لای گەورە فەرمانبەرەکان دروست کرد کەوا کۆبوونەوە بۆ چاوپێکەوتنم. بەڵام نیگەرانی پێیانەوە دیاربوو. فەمانبەرە مەدەنیە عێراقیەکان وەك ئەم پزیشکانە ئازانن ئەم جۆرە بۆنانە چی بۆ حەشاردراون. ئەوان بەهەمان شێوەی عێراقیەکان زۆربەی جار لەجیهانی حەزو خەونە دڕندانەکانی یەك پیاودا ژیاون. بەشێك لەکاری ئەمرۆشم ئەوەبوو بەرابەریکردن، قەناعەتیان پێ بکەم، کە زەمەنەکە ئێستا گۆڕاوە. بەڵام مادام صەدام و گەورە بەعسیەکان ماون و دەستگیرنەکراون ئارامکردنەوەی نیگەرانیەکانیان کارێکی ئاسان نابێت.

دکتۆر عەنبەکی بەدەستی فەرمووی لێکردم کەمانای باش میوانداریی دەگەیاندو بردینی بۆ ژووری میوانداریەکان، ژورێك بوو سستمی فێنکەرەوە هەواسازیەکی باش نەبوو بەرگی سەر مێزی کۆبونەوەکان تیشکی خۆر ڕەنگەکەی بردبوو، لەسەر مێزەکە کۆمەڵێك بوتڵی ئاو و سودەی لیمۆی ئاساردو کوپی چا هەبوو.

دوای هەندێك وتوێژی گشتی کە نەریتە عەرەبیەکان دەیخوازێت، بەڕوونی و بە لەسەرخۆیی بەئینگلیزی دووام، دوای ئەوەی کەزانیم بەرێوەبەرو گەورە کارمەندەکان کەلەدەوری مێزەکە

دانیشتبوون لەگەڵ ئینگلیزیدا ئاشنایان هەیە. " دکتۆر پێداویستیە خێراکانتان چییە؟ چیمان پێدەکرێت بۆ ئەوەی یارمەتی تۆو یارمەتی نەخۆشەکانی پێدەین؟... ئەم هەفتەیە و هەفتەی دواترو... مانگی دواتر"؟

" پێداویستیەکانمان زۆرو فرەجۆرن جەنابی باڵیۆز، دەزانین کە ماوەیەکی درێژ نیە لێرە هاتوون..."
" چۆن دەتوانین ئێستا یارمەتیتان بدەین دکتۆر؟ تکایە بەئازادی پێم بڵێ".
گوزارشتکردنی مرۆڤ لەبیرۆکەکان بەشێوەیەکی راستگۆیانە وەك ئەزمونێکی نوێ وابوو لایان. بەڵام عەنیەکی هەوڵیداو ووتی، " جەنابی باڵیۆز، شارەکە بەرۆژو بەشەو وەکو یەك ئارامیی و ئاسایشی تێدا نیە. ئاماژەی بۆ دەرەوەی پەنجەرە کراوەکە کرد بۆ شەقامی رەشید، دڵی بازرگانیی بەغدا. " فەرمانبەرەکان هەموو رۆژێك لەکاتی جەنگدا دەهاتن بۆ کار. ئێمە لەشەودا کاتێك کە موشەکەکان دەکەوتنە خوارەوە کارمان دەکرد، چەندین کیلۆمەتریش بەپێ دەڕۆیشتین بۆ ئەوەی بگەینە ئێرە، هەتا کاتێك تانکەکانی ئەمریکاش بۆمبارانی دەکرد. ئێستا..."
"... ئێستا شەقامەکان زۆر ترسناکن بەرێزم"، یەکێك لە پزیشکە ئافرەتەکان کە تەمەنی لەسیەکاندا بوو، بونیادێکی لاوازی هەبوو سەرپۆشەکەی هاتبووە بەسەر چاکەتە سپیە پزیشکیەکەیدا ووتی: " فەرمانبەرەکان ناوێرن بێن بۆ خەفەریاتی شەوانە. تاوانکارەکان... هەر ئافرەتێکیان دەست بکەوێت لەشەودا دەیبەن. لای من ژمارەیەك پزیشك و سستەری ئافرەت هەیە. بەڵام هەموومان خێزانمان هەیە، جەنابی باڵیۆز شەقامەکان تەحەمول ناکرێن".
" بەڵێنتان پێدەدەم رەوشی ئەمنی باش دەبێت. هەزاران پۆلیسی سەربازی ئەمریکی چەکدار لەماوەی چەند رۆژی ئایندەدا دەگەن. گرفتی تر جیتان هەیە؟ رووەمکردە بەرێوەبەرو پرسیارم لێکرد.

جارێکی تر دەستی درێژکردەوە. " ئۆتۆمبیلەکانمان ناتوانن بڕی پێویست لەبەنزینیان دەست بکەوێت بەهۆی کەمهێنان لەو بڕەدا کە دەنێرێت. هەروەها ئێمە پێویستمان بەدیزل هەیە بۆ کارپێکردنی موەلیدەکە، کە ئەویش ئێستا بەشێوەیەکی باش کار ناکات. پێش جەنگ بەماوەیەکی درێژ چاکردنەوەیمان دواخستبوو. هەروەها کەلوپەل و پێداویستیە پزیشکیەکانمان پێویستە.. دەرزی و دەرمان و کەلوپەلی تەداوی و.. هەندێك دژە بەکتریاکان، ئێمە بێ ووچان لەئازار/مارسەوە کار دەکەین. بەڵام پێویستیمان بە یارمەتیی هەیە".
هەندێك بەدەگی کۆمەکی پزیشکی هەبوو لای نوسینگەی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەو یارمەتیە مرۆییەکان لەکوەیت تەرخان کرابوو بۆ چادرگەی پەنابەرەکان کە هەرگیز ئەو چادرگانە بونیادنەنران. دڵنیابووم لەوەی دەتوانم هەندێك بەنزین و گاز لای دیفید ماکیرنان و سەرکردایەتی



Scanned with CamSc

ناوەند دەست بخەم. یارمەتی دانی ئەم نەخۆشخانەیەو فەرمانبەرە پاڵەوانەکانی ئەمە تەنها دەبێتە هۆی بەهێزکردنی نیازپاکی بەرامبەر هاوپەیمانان، بەڵکو یارمەتیدانیان تاکە هەڵبژاردنێکی ئەخلاقییە.

ووتم، "خێرا پسپۆڕەکانمان دەنێرم بۆ پشکنینی گرفتەکانی موەلیدەکە. هیوادارم لیستێکم بدەنێ. لیستێکی تەواو و ئیرونەسەلم بدەنێ سەبارەت بەپێداویستیەکانی ترتان. ئێمەش ئەوەی لەتوانامان بێت بۆتانی ئەنجام دەدەین".

بەڕێوەبەر زەردەخەنەیەکی کرد گوزارشتی لەپێزانین دەکرد، پەنجەی جوڵاندەوو ووتی: موچەکانمان.. نزیکەی دوو مانگە هیچ مووچەمان وەرنەگرتووە. مووچەکەمان زۆر کەمە جەنابی باڵیوز. بەڵام کاتێك هیچ شتێك وەرنەگرین، ئەوا ژیان مەحاڵ دەبێت. هەریەکەمان خێزانێکی گەورە بەڕێوەدەبات، باوك و دایك و مامەکان و ئامۆزاکان و منالی زۆر".

بەسۆزەوە سەرم ڕاوەشاند بۆ ئەوەی ئەم پیاوە باشە لە ئەنگیی دەستپانکردنەوە بپارێزم. "هیوادارم بەمزووانە پێدانی هەموو مووچە دواخراوەکانی کارمەندانی خزمەتی مەدەنیی لەعێراق ڕابگەیەنین. وەزارەتی تەندروستیش لە پێشی پێشەوەی کارەکانمانەوە دادەنێین". شەپۆلێك لەشادمانی لەڕوخسارباندا دەرکەوت.

بیرمکردەوە پێویستە ئێستا دەست بەجێبەجێ کار بکەین.

پاش ئەوە هەستام بە گەشتێك بەناو نەخۆشخانەکەدا. خۆم ئامادە کردبوو بۆ بینینی منالە نەخۆشەکان، بەڵام هیچ شتێك نە یتوانێت دورم بخاتەوە لەڕیزی خێزانەکان و پەرووەرشیاری منالانی تازە لەدایك بوو. بەهۆی ئەوەیش کە تەنها بەشەودا موەلیدەی کارەباکە کاری دەکرد. بەشێوەیەکی خولیی بۆ فەراهەمکردنی سوتەمەنیی، یەکەی سازکردنی هەوا کاری نەدەکرد. هەواکە گەرم و شێداربوو. مێش لەهەموو شوێنێکدا هەبوو لەپەنجەرە کراوەکانەوە دەهاتە ژوورەوەو لەسەر شیشە ئاسنینەکان کۆبووبوونەوە. دایکە خەمبارەکان خۆیان لە عەبای رەشەوە پێچابوو، بە ڕاوەشاندنی پارچە کارتۆن مێشیان لەمناڵەکانیان دوردەخستەوە.

بۆنی سکچوونی ناخۆش ئەو خزمەتەی بیرهێنامەوە کەلەئەفغانستان و ئەفریقا پێش سی و پێنج ساڵ بەسەرمبرد. بەڵام پێش ئەوەی صەدام و بەعسیەکان سامانە نەوتییەکەی تالآن بکەن و بە ملیارات دۆلار بەفیرۆ بدەن عێراق خاوەن سستمێکی تەندروستی گشتیی سەرسامکەربوو، یەکەمجار لەشەڕی هەشت ساڵەی بێهودانەی عێراق ئێراندا لەساڵانی هەشتاکانداو پاشانیش لەداگیرکردنی کوەیتدا لەساڵی ١٩٩٠.

ئەم نەخۆشخانەیە بەهۆی ناسەقامگیریی ڕەوشیەوە دەناڵێنێت هەر لەو کاتەوە کە سزاکانی نەتەوە

یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٩١دا سەپێنران. پروپاگەندەی فەرمیی بەعس لەسەر ئەوە وەستابوو کە سزاکان بوونەتە هۆی بڵاوبونەوەی بەدخۆراکی و مردنی پێشوەخت لەناوەندەکانی منداڵە عێراقییە هەژارەکاندا بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە. بەڵام بەشێکی گەورە لە پاشەکشەکردنی تەندروستی کاتێك ڕوویدا کەڕژێم باشترین دەرمان و چارەسەرو کەرەستەکانی نەخۆشخانەکان کە بەپێی بەرنامەی نەوت بەرامبەرە بەخۆراك دەستی کەوتبوون بردنی بۆ ئەو نەخۆشخانانەی کە تەرخان کرابوون بۆ دەستەبژێری حزبی و پاسەوانەکانی کۆماری.

بەدخۆراکی بەپلەی یەکەم تووشی ئەو منداڵە شیعانە بوو بوو کە خێزانەکانیان بەدەست فشارەکانی کوشتن و سەربڕینەوە ناڵاندبوویان کە دەزگاکانی هەواڵگریی سەر بە صەدام حسێن لەدژیان ئەنجامی دەدا، ئەمە جگە لە پاسەوانانی کۆماریش. زۆرجار خێزانە شیعەکان لەپسولەی بەشە خۆراك بێبەش دەکران. لەبەرئەوە منداڵەکانیان برسیان دەبوو پاشان دەمردن. ئەوانەشیان لەژیاندا دەمان دەیانگواستەوە بۆ ئەم جۆرە نەخۆشخانانە، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی وێنای دەردەسەرییەکانیان دەگرت و، " چەند نمونەیەك لە سیاسەتەکانی سزا سەختە هەڵەکان"ی پێشکەش دەکرد– وەك ئەوەی ڕەواج پێدەرانی پروپاگەندەی بەعسی دەیانویست. پێش ئەوەی واشنتۆن بەجێ بهێڵم سەیری ڕاپۆرتێکی بانکی نێودەوڵەتیم کرد وای دەخەمڵاند کە کورتترین تەمەنی چاوەڕوانکراو و بەرزترین ڕێژەی مردنەکان لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەدا لەنێوان منداڵانی عێراقدا هەیە.

لە بەشی منداڵانی تازە لەدایك بوودا، چەماندوە بۆ ئەوەی تابلۆی مۆدێلی پۆڵایی زیوییەکە بخوێنمەوە کە لەسەر دایەنگەکە چەسپێنرابوو. بینیم لەساڵی ١٩٦٢دا لە "ئەڵمانیای خۆرئاوا" دروستکرابوو، واتە پێش چل ساڵ. ئەو منداڵە بچووکەی لەناویدا بوو داپۆشەکی شری پەڕۆیی لەبەردابوو. تیشکی بەتینی خۆر کەلەپەنجەرە کراوەکەوە دەهاتە ژوورەوە تاکە سەرچاوەیەکی گەرمکەرەوە بوو. سستەرەکان ناچار بوون ئەو جۆلانانەی ساواکان کە لەسێبەردابوون و بەر تیشکی خۆر نەدەکەوتن دەیانگواستەوە بۆ بەر تیشکی خۆرەکەو کۆششیان دەکرد بۆ ئەوەی پارێزگاری لەپلەیەکی گەرمیی هاوسەنگ بکەن.

لەبەشەکەی تردا، لای پێشکەی ساوایەکی زۆر بچووکی پێست لۆچ بووی زاکاوەوە وەستام بەشێوەیەك بوو کە من دڵنیابووم ئەو منداڵە پێش وەختی خۆی لەدایك بووە.

" پرسیم لە پزیشکە نۆبەگرتووەکە کە لاوێکی درێژی شان چەماوە بوو دوو ڕۆژ بوو ڕیشی نەتاشی بوو " بۆچی نایخەنە ژووری منداڵانی نەبەکامەوە.

پزیشکەکە ووتی، " لەبەرئەوەی پێش وەختی خۆی لەدایك نەبووە (منداڵی نەبەکام نیە). سەیرێکی



Scanned with CamScanner

تۆماری منالەکەی کرد و وتی،" خەدیجە حەوت مانگەو لەواقیعدا. گرفتی ئەو تەنها ئەوەیە کە بەخراپی تووشی بەدخۆراکی بووە".

سەیرێکی سۆزندەی کانۆلاکەیم کرد. منالەکە بەدووچاوی بەقوڵاچووی سەیری کردم بۆ ئەوەی بیانتۆوکێنێت. ناچار بووم چاومی لەسەر بگوێزمەوە. ئایا هەبێوی جەنگە یان قوربانی سەرکوتکردنی بەعس و خراپی بەڕێوەبردنە؟ ئەوە گرنگ نیە. ئەو وەك ملیۆنان عێراقی تر پێویستی بەیارمەتی و کۆمەك هەیە. بینی ئەو منالە ئازارچەشتووە وەك هەورە بروسکەیەك شۆکی خستە دڵمەوە": من بەرپرسیارم لێی و لەهەزارانی تری وەك ئەو. هەبوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا شتێك ناگەیەنێت ئەگەر نەتوانم هەندێك باشکردن لە ژیانی گشتی عێراقیەکاندا بکەم. پێش ئەوەی کات لەکات بترازێت.

لەکاتێکی دواتری ئەو بەیانیەدا، من و رۆبین رافل سواری ئۆتۆمبیلەکەم بووین کە شۆفرلێتێکی سابربانی گوللە نەبڕبوو بەرەو نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتینە ڕێ لە میوانخانەی قەنال لەو ڕووەوە کە بەرامبەر ڕوبارەکە بوو. رۆژنامەمدم لەم سەردانە ئاگادارکردەوە ئەوەش زۆرێك لەبایەخپێدانی دروستکرد. ئەوەش گونجاو بوو بۆم چونکە دەمویست نەتەوە یەکگرتووەکان ناچار بکەم ترخی بەروبوومی گەنم و برنج بەشێوازێك لەشێوازەکان بدات.

دەوروبەری کاتژمێر ۱۰ گەیشتینە کۆمەڵگەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەدیواربەند کرابوو. رامیرۆ دا سیلڤا کە بەرپرسێکی سەرنجڕاکێش بوو لەنەتەوە یەکگرتووەکان و پورتوگالی بوو، لەگەڵ هەندێك لە هاوەڵەکانیدا پێشوازی لێکردم بۆ ژووری گەورەی کۆبونەوەکانی.

بە سلیڤام ڕاگەیاند " ئێمە پێویستمان بەپارە هەیە بۆ کڕینی بەروبوومی گەنمی نیشتمانی. باڵیۆز خاتوو رافل ئەوەت بۆ ڕوون دەکاتەوە".

هەر ئەوەندە کورتەیەکم پێشکەش کرد لەبارەی قەیرانەکەوە دا سیلڤاو هاوەڵەکانی دەستیان کرد بەرەخنەگرتن لە بیانووەکانی بەشێوازێك کە ئاماژەی بەوە دەدا نایانەوێت یەك دینار چییە پێشکەش بکەن، تەواو وەك ئەوەی کە رۆبین پێشبینی دەکرد.

قسەکەم پێبڕین،" ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە بەنسبەت عێراقیەکانەوە بەڕێز دا سلیڤا. پێویستە لەسەرمان پێچکەی ئابوری پاڵبدەین، کڕینی بەروبوومەکانیش شێوازێکی باشە بۆ ئەوەی بڕێکی گەورە لەدارایی بەخێرایی ڕۆکەینە دەستی خەڵکەوە".

وتی، " بەڵام جەنابی باڵیۆز، پارەو داراییەکانی نەوت بەرامبەر خۆراك موڵکی حکومەتی عێراقیەو ناتوانم بەبێ ڕەزامەندیی حکومەت ئازادی بکەم."

وەڵامم دایەوە، " ئێستا من حکومەتی عێراقیم. بە نوێنەرایەتی ئەو حکومەتە داوا لەنەتەوە



Scanned with CamSc

یەکگرتوەکان دەکەم ئەو پارەو داراییانە ئازاد بکات".

دوای ئەوە یەکێك لەهاوڵەکانی دا سیلڤا ڕێرەوی گفتوگۆکەی گۆڕی و ووتی، " بەرنامەی کڕینی گەنم بەرپرسیارێتی وەزیری بازرگانیی عێراقە. ئێمە هەڵوێستی وەزارەت ئازانین سەبارەت بەم مەسەلەیە".

رۆبین بەشێوەیەکی پێداگرانە ووتی ، پێشبینیمان دەکرد ئەوە بخوازرێت، " وەك گەورەی راوێژکارانی وەزارەت، من لێرەم بۆ ئەوەی پێت ڕابگەیەنم کە دەمانەوێت بەشێوەیەکی خێرا ئەوە ئەنجام بدرێت".

ڕووغان کردەوە هاوپەیمانان بەرپرسیارێتیەکە لەئەستۆ دەگرێت و ئەو پێویستی بەیارمەتی ئەتەوە یەکگرتووەکانە. ئەو پێچو پەنائێخستنە بچووکەی ئەتەوە یەکگرتووەکانمان تێپەڕاند.

بۆ تەواوکردنی ڕێکەوتنەکە، هەستام و تەوقەم کرد لەگەڵ دا سلیڤا. " ڕۆژنامەنوسان لەدەرەوەن. بۆچی لەگەڵم نایەیتە دەرەوەو شتێك بڵێیت"؟

لەبەر هەیوالەکەدا لەبەردەم ڕۆژنامەنوساندا ڕامگەیاند: خۆشحاڵم پێتان ڕابگەیەنم کە ئەتەوە یەکگرتوەکان ئامادەیە بۆ خەرجکردنی بڕێکی زیاتر لە ماڵوموڵکی عێراقیەکان بۆ پێداویستیە بەپەلەکانیان، ئەویش بە بەکارهێنانی پارەپوڵی ئەوت بەرامبەر بەخۆراك بۆ کڕینی بەرووبومەکانی گەنم. پرۆسەکانی کڕینیش لەهەفتەی ئایندەدا دەست پێدەکات. دا سلیڤا بەتەنیشتمەوە بە بێدەنگی وەستابوو زەردەخەنەیەکی خستە سەر ڕوخساری.

لەهەفتەی دواتردا دەستمان کرد بە کڕینی گەنم.

لەنێوارەی ئەو ڕۆژەدا، کۆبونەوەیەکی سەرپێیی مێژوویم لەگەڵ کلای و هێزمدا گرێدا. ئەمەش ئەوکاتە دەستی پێکرد کە هێزم ژمارەیەك لە ڕۆژنامەیەکی عێراقی نوێی بێ سانسۆری پێدام کە لە دوای ئازادکردنی عێراقەوە ئەم جۆرە ڕۆژنامانە لەبەغدا ڕویان لەزیادی کردبوو.

ئەرکە نوێیەکەم لەنێوان هەندێك بەرپرسیارێتی جێگری پادشادا کە درابووە ماك ئارسەر، فەرمانڕەوای ئیمپریالی کرداریی ژاپۆن لەدوای جەنگی جیهانی دووەم و ، بەرپرسیارێتی ژەنراڵ لوسیوس کلای، فەرماندەی داگیرکەری ئەمریکی بۆ ئەڵمانیای نازی شکستخواردوو خۆی دەبینێتەوە.

پلەی گەرما لەئوسینگە بچووکەکەدا بەرز بوو، پانکە سەقفیەکەش کەبەسرابوو بەموەلیدەی کارەباکەوە زۆر چالاك نەبوو. کلای ووتی " پێموایە پلەی گەرما لەتۆکیۆ یان بەرلین گەیشتبێتە ئەم ڕادەیە. لەگەڵ داهاتنی تاریکیشدا، گوێمان لە دەنگی گوللە بوو کە لەوبەری ڕووبارەکەوە دەبیسرا.

وەڵامم دایەوە "من ڕازی دەبم بەو گرفتانەی کە ماك ئارسەر ڕووبەڕوویان بۆوە. ڕەوشەکان بەنسبەت ئەوەوە بەمشێوەیە ئاڵۆز نەبوون".

بەهاتنی ساڵی ١٩٤٥، ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ ماوەی سێ ساڵ سەرقاڵی پلاندانان بوو بۆ ڕێوشوێنەکان کەلە دوای جەنگەوە دەگیرێنەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا کە شارەکانی ئەڵمانیاو ژاپۆن وێران کرابوون، بەلاّم حکومەتی ئەمریکا پلانی بۆ دوای جەنگ داڕشتبوو، تەنانەت لەزەخیرەکردنی کابینەی بارهەڵگرەوە بیگرە کەپێچکەو خلۆکەکانیان بەپێوانەی هێڵە ئاسنیەکانی ئەو وڵاتانە دروست کرابوون بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی بڕۆن بەسەریدا. بەلاّم لەعێراق، هاوپەیمانان خۆیان لە دروستکردنی وێرانکاریەکی فراوان لادا لەژێرخانی ئابووری و گەیاندنی زیان بە مەدەنیەکان. بەلاّم خێرایی جەنگ کاتی پێویستی بۆ نەهێشتبەوە بۆ پلاندانان بۆ ئاڵۆزیی و شڵۆقانی کۆمەلاّیەتی دواتر، ئەمە لەکاتێکدا کە چەندین دەیە لە خراپی بەڕێوەبردنی بەردەوام ئابوری عێراقی تێك شکاندبوو.

زیاتر لە دەیەیەکە ئەمریکا باڵیۆزخانەی نیە لەعێراقدا. هەروەك چۆن سەرژمێرییە ئابورییەکان کە بەشێوەیەکی ئاسایی لەکۆمەڵگەیەکی کراوەدا بوونیان هەیە لەعێراقدا وا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە کە نهێنییەك بێت لەنهێنیەکانی دەوڵەت. لەمەشدا عێراق لاسایی یەکێتی سۆڤیەتی جارانی کردبۆوەو شوێنپێی ئەوی هەڵگرتبوو کەدواجار لەناوەوەدا تەقیەوە، ئەمە لەکاتێکدا چەندین کەس لەخۆرئاوادا پێیان وابوو کە چەندین لایەنی هێزی ڕیشەیی لەسیستمەکەیدا هەیە.

لای خۆرئاوابوونەوە، باسمان لە جیاوازی ڕامیاریی و دەروونیی ئەم داگیرکردنە کرد. لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی شکستێکی گەورەیان بەهەردوو ئەو وڵاتە هێنا کە داگیریان کردن. هەردوو گەلی ئەڵمانی و ژاپۆنیش بەتەواوەتی خۆیان ئامادەکردبوو بۆ چوونە ناو جەنگێکی درێژو سەختەوە، بەلاّم دوڕاندیان و خۆیان بەدەستەوەدا.

هیۆم ووتی، " ڕەنگە ئەڵمانی و ژاپۆنیەکان بەو داگیرکردنە خۆشحاڵ نەبووبن، بەلاّم دەیانزانی کاتێك شەڕێك دەدۆڕێنیت ئیدی دوای ئەوە داگیر دەکرێیت".

ووتم، " بەلاّم ئێمە ڕژێمێکی بێزراومان شکست پێهێناوە نەك وڵاتەکە".

زۆربەی عێراقیەکان خۆشحاڵ بوون بە لەسەر کارلابردنی صەدام و پیاوەکان، بەلاّم کەمێکیان خۆشحاڵ بوون بە داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن سوپایەکی بیانی غەیرە موسڵمانەوە.

کلای ووتیشی، بەداگیرکردنی ئەڵمانیای خۆرهەلاّت و دورگە باکورییەکانی ژاپۆن کە دووربوون لەکەنارەوە لەلایەن سوپای سووری سۆڤیەتەوە، لای ئەو دوو وڵاتەی کە لەجەنگی جیهانی دووەمدا شکستمان پێهێنابوون پاڵنەرێکی بەهێز هەبوو بۆ هاوکاریکردن لەگەڵماندا- هیچ



Scanned with CamScanner

کەسێك نەیدەویست کە سوپای سوور جێگای سوپای ئەمریکا بگرێتەوە.

ڕێڕای ئەوەی ئەڵمانیاو عێراق ئارادەیەك دوو نەتەوەی تازەپێگەیشتوون، ئەوا یەکگرتنی ئەڵمانەکان یەکێتی ئەڵمانیا بەدیهات، بەتایبەتی کۆششەکانی ئۆتۆ فۆن بسمارك سەرکردەی ڕاوێژکاری ئەڵمانی لە سەدەی نۆزدەدا. لەکاتێکدا کە جیاوازییەکی ئاینی هەیە لەنێوان باکوری پرۆتستانتی و باشوری کاسۆلیکیدا، بەڵام ئەڵمانەکان یەك کلتوور و یەك زمانی هاوبەشیان هەیە.

هێزم ئاماژەی کرد بە جیاوازییەکان بەنسبەت عێراقی نوێوە.

لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، بەریتانیەکان عێراقیان بونیادنا بەکۆکردنەوەی سێ ناوچە پێکەوە کەپێشتر لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون، کە هاوپەیمانی ئەڵمانیای ئیمپریالی بوو. گەلی عێراقی جیاواز پێکهاتەیەکیان دروستکرد کە تێیدا جیاوازی ڕەگەزی و تایفی توند هەبوو. لەباشوور، پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان زۆرینەی عەرەبی شیعە مەزهەبی موسڵمان و ئێراندا. کەمینەی عەرەبی سوننە مەزهەبیش، نزیکەی ٢٠٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن، کەلەناوچەکانی ناوەڕاستی عێراقدا لەشێوەی هۆزو تایفەی جێگیردا کۆبوونەتەوە. سوونەکان بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ لەسایەی حوکمی عوسمانی تورکیدا و پاشانیش لەسایەی حوکمی بەعسدا فەرمانڕەوایی عێراقیان کرد. کوردو تورکمانەکانیش کە سوونەن بەڵام عەرەب نین هەژمورنیان بەسەر باکوردا کردووە. جگە لەمانەیش کەمینەی تر هەبوون وەك مەسیحی و یەزیدییەکان.

لەساڵی ١٩٦٨ بەعسیەکان لەرێگەی کودەتاوە دەسەڵاتیان لەعێراق گرتە دەست. صەدام حسێن بێرەحمانە هەستا بە پاکتاوکردنی ڕکابەرەکانی لەحزب و بەشێوەیەکی کەسیی دەسەڵاتی بەسەر دەوڵەتدا کرد. کاتێکیش لە نیسان/ ئەپریلی ٢٠٠٣دا لەدەسەڵات لادرا، بەعسیەکانی صەدام لەدەسەڵاتدا ماونەوە ماوەیەك کە سێجار زیاتر لەوەی کە هیتلەر مایەوە. صەدام شوێنەواری دیکتاتۆریەتە سەختەکەی بەقوڵیی لە ناخ و ڕستەی مەعنەویی و دەروونیی کۆمەڵگەی عێراقیدا هەڵکەندبوو.

هەروەها ئابوری هەردوو وڵاتە داگیرکراوەکەش جیاوازییەکی ترە لەنێوانیاندا. ئەڵمانیا پێش نزیکەی سەد ساڵ لەجەنگی جیهانی یەکەم بنکەیەکی پیشەسازیی پتەو هەمەجۆری بونیادنا. چاکبوون و هەستانەوەی پیشەسازی ئەڵمانیش بەشێوەیەکی خێرا دوای جەنگی جیهانی یەکەم ئەو نەرمییەی خستەڕوو کەلە سروشتی بونیادە ئابوریەکەیدا هەبوو. هەروەك چۆن ئابوری کەرتی تایبەت لەئەڵمانیا سەربەخۆ بوو لە دەسەڵاتی دەوڵەت بەلانی کەمەوە هەتا ناوەڕاستی سییەکان.

بەڵام عێراق بەشێوەیەکی هەمەکیی پشت بە پیشەسازی نەوت دەبەستێت کە دەوڵەت خاوەنیەتی. سۆشیالیزمی دڕندانەی صەدام حسێنیش تەنها لەناوبردنی چینی ناوەندو کەرتی تایبەتی لێکەوتەوە.



Scanned with CamSc

صەدام لاسایی مومارەسەکانی جۆزیف ستالینی دەکردەوە لەبەکارهێنانی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەی دانیشتواندا بەزۆر، ئەویش بۆ تاوێسەندنی گرژی و ئاڵۆزییە رەگەزی و ئاینیەت و شاراوەکان. بۆ ئەمەش بەعسییەکان هەزاران سونەی عەرەبیان لەشاری کەرکوك و دەوروبەریدا لەزەوی کوردەکاندا نیشتەجێ کرد.

بەعسیەکان بۆ ماوەی سێ دەیە عێراقیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لەسەر شێوەی نازی و مارکسیەکانی سۆڤیەت، حزبی بەعسی عێراقی- کە صەدام حسێن و، عەرەبە سونەکان هەژمونیان کرد بەسەریدا- تەنها کۆنترۆڵی ژیانی رامیارییان نەکردبوو، بەڵکو هەروەها بەسەر هەموو کۆمەڵگەی عێراقیشدا لەرێگەی تێکەڵەیەك لە تۆقاندنی دەوڵەتی پۆلیسی و مەرایکردن، ئەمە لەکاتێکدا کە بەرێوەبردنی ئابوری بەشێوەیەکی خراپ و گەندەڵ ئاراستەکرابوو.

پێویست بوو لەسەر ئەندامانی حزبی بەعس ئامادەی کۆبونەوە هەفتانەییە تەلقینەیەکان بوونایە، دروشمەکانی ئەم دواییانەی حزبیان لەبەر دەکرد کە ستایشی صەدام و کورەکانی و کەسە نزیکەکانی خێزانی صەدامیان دەکرد. چاوەروان دەکرا لەئەندامەکان منداڵەکانیان بەکاربهێنایە، بەکەمجار وەك سیخوڕ (زۆرێکیان خیانەتیان لەخێزانەکانیان کرد) پاشان ببنە ئەندام لەحزبدا. وەك ئەوەی لەئەڵمانیای نازی و روسیای ستالینیدا هەبوو، داوایان لە ئەندامانی حزب دەکرد سیخوڕی بەسەر خێزانەکانیان و هاوڕێی دراوسێکانیان و هاوەڵە بەعسییەکانیانەوە بکەن. ئەم مومارەسە نامرۆییانە لەگەڵ دڕندەیی صەدام و کورە مەزاجی و بەدخووەکانیدا، کەشێك لەترس و توقاندن و بێ متمانەییان لەهەموو ناوەندەکانی کۆمەڵگەی عێراقیدا دروست کردبوو.

لەسەر شێوەی هیتلەر، صەدام بڕوای وابوو کەوا قەدەر بۆ شکۆمەندیی هەڵیبژاردووە. ئەم بڕوایەکی توندی بەئەرکە مەزنەکەی هەبوو بەشێوەیەك فەرمانی کردبوو بە گەورە بەعسییەکان-لەناویشیاندا سەدان ئەفسەری هەواڵگریی کەلەدەرەوە وەك دبلۆماتکار کاریان دەکرد - بۆ ئەوەی کتێبی -خەباتم-ی هیتلەر بخوێنەوەو دیراسەی بکەن.

لە ٩ ئایار/مایۆدا، لەدواهەمین رۆژی ئامادەبوونمدا لەپێتاگۆن، دۆناڵد رامسفێڵد فەرمانەکانی راسپاردنی لەیاداشتێکدا پێدام. یاداشتەکەی رامسفێڵد پێداگری تێدابوو لەسەر ئەمانە:" هاوپەیمانان بەتوندی لەدژی داروودەستەکەی رژێمی پێشووی صەدام دەجەنگێت- حزبی بەعس و گیانبەخشەکانی صەدام ( ئەو جەنگاوەرە نافەرمیانەی کە لەکاتی پێشڕەویکردندا بۆ بەغدا هێزەکانمانیان بێزار کردبوو)، هتد.

روونیشیدەکەینەوە کە هاوپەیمانان پاشماوەکانی رژێمی صەدام لەناو دەبات".

لەو بەیانیەدا، دۆگلاس فێث بریکاری وەزارەتی بەرگریی رەشنوسی فەرمانێکی نیشاندام داوای"



Scanned with CamSc

ڕیشەکێشکردنی بەعس دەکات لەکۆمەڵگەی عێراقیدا".هەروەها پێداگری لەسەر بایەخی ڕامیاریی مەرسومەکە کردەوە." پێویستە لەسەرمان ئەوە بۆ عێراقیەکان بخەینەڕوو کەئێمە سوورین سەبارەت بە بونیادنانی عێراقێکی نوێ". سەرەڕای ئەهاتنی ناوی سوپای عێراقی لە ڕەشنوسەکەدا، من دەمزانی واڵت سڵۆکۆمب، گەورەی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانان بۆ کاروباری بەرگری و ئاسایش، خەریکە ونوێژ دەبارەی ئایندەی سوپای عێراق دەکات دوای ئەوەی کەدارمینی ڕیزەکانی و دیارنەمانی ڕوون بۆوە.

وێنەیەکی مەرسومەکەم بە سکانەر گرتەوە. ژەنراڵ فرانکس لە " پەیامی ئازادیدا" کەلە ١٦ نیسان/ ئەپریل دا ئاراستەی کردبوو، تێدا حزبی بەعسی یاساغ کردبوو. ئەمەش حکومەتی عێراق ڕزگار دەکات لەو گروپە بچووکە دڵسۆزە ڕاستەقینەیە کە لە پلە باڵاکانی حزبدا بوون، ئەوانەی بەناوی ئەوەوە تاوانیان ئەنجام دابوو، هەروەها وڵات لە ئایدۆلۆژیەتی حزبی بەعس پاکدەکاتەوە.

ڤیث ووتی: " ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە جای ئەمڕۆ بڕیارەکە دەربکات".

ووتم، ڕاوەستە، من هاوڕام لەسەر گرنگیی زۆری ئەم هەنگاوە، بەشێوەیەك پێموایە پێویستە چاوەڕوانی بکرێت هەتا من دەگەمە ئەوێ".

ڤیث ڕازی بوو لەسەر تکاکەم، بەڵام هانیدام دوای ئەوەی گەیشتمە بەغدا بەوپەڕی خێرای کە بکرێت بڕیارەکە دەربکەم. جەختیشی کرد لەسەر خاڵێکی تر کە لەیاداشتەکەی ڕامسفێڵد دا هەبوو کە دەڵێت پێویستە مەرسومەکە جێ بەجێ بکرێت".. هەتا ئەگەر بێزاریەکیشی لەکارگێڕیدا دروست کرد".

حزبی بەعس شانازی بەوەوە دەکرد کە زیاتر لەیەك ملیۆن ئەندامی هەیە، زۆرێکیشیان بۆیە چووبوونە ناو ئەو حزبەوە تا کارێکیان بۆ دابین بکرێت وەك مامۆستا یان کارمەندێکی کارگێڕیی، یان لەبەرئەوەی کەسەکە یان یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەی ناچارکراوە ببێتە حزبی. هاوپەیمانانیش تورەو نیگەران نەبوو لەوانە.

بایەخی ئێمە لەسەر ئەو چوار ئاستە باڵایانەی ئەندامیەتی حزب وەستابوو کە فەرمانەکە لەژیانی گشتیدا هەڵاوێردەی کردبوون. ئەوانیش ئەوانە بوون کە بەهۆی پێگەی قەڵەمڕەویان لەرژێمدا، بووبوونە ئامرازی سەرکوتکردن بەدەستی صەدامەوە. هەواڵگریمان ژمارەی ئەو کەسانەی بە ١٪ هەموو ئەندامانی حزب خەمڵاندبوو، یان نزیکەی ٢٠،٠٠٠ کەس، زۆربەیان لەعەرەبی سونە بوون.

بەڵام من دەرکم بەوە کرد کە " بێزاریی یان وەڕسی کارگێڕیی" کە ڕامسفێڵد باسی کردبوو دەکرێت زۆرێك لە نەگونجاویی لەخۆبگرێت. گەورە بەعسیەکان سەرکردایەتی هەموو وەزارەت

و دەزگایەکی سەربازی عێراقیان پێکهێنابوو. بە پاساغکردنی خزمەتی گشتی ئەوان را لەبەڕێوەبردنی حکومەت دەکەین زیاتر زەحمەت بێت. لەلایەکی ترەوە، من تا ڕادەیەك ئاسوودە بووم چونکە دەمزانی ئەکنۆکراتە تا سیاسیەکان دواتر دامەزراوەکان بەڕێوە دەبەن.

بە فیشم ڕاگەیاند کاتی دەرکردنی فەرمانەکە لەگەڵ ڕایان کرۆکەرو دەستەی حوکمکردنی کارگێری لەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانندا باس دەکەم- دوای ئەوەی بەغدا بەجێ دەهێڵم. ئەو هەواڵانەش کە گەشبوونە دەست " نیۆیۆرك تایمز" مەسەلەکەیان کردبووە کارێکی جەنجاڵێکراو لەئێستادا.

لەکاتێکی دواتری ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممەدا لەگەڵ ڕایان و سکۆت کارپێنتەری جێگیریدا- جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروبارە مرۆییەکان- هەروەها دوو لەبەرپرسانی حوکمی ئیداریی، میگهان ئۆسۆلیڤان و ڕۆمان مارتینیزدا کۆبوومەوە.

نوسینگەکەم کە بەشی دوارەی کۆشکەکە ڕووبەڕووی بوو قەرەباڵغ و گەرم بوو بەهۆی بوونی هەر پێنجمان تێیدا. هەر یەکەمان نوسخەیەکی ژمارە ١ی فەرمانەکەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانی بەدەستەوە بوو:" ڕیشەکێشکردنی بەعس لەعێراق".

ڕایان نوسخە عەرەبییە فەرمییەکەی بەتەنیشت نوسخە ئینگلیزەیەکەوە دانا بۆ ئەوەی بەراووردی بکات و دڵنیابێت لەوەی هەموو ووشەیەك بەشێوەیەکی دروست وەرگێڕدراوە.

ووتم، " کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگریی ئیمزایان لەسەر ئەم فەرمانە کردووە. لەبەرئەوە بۆ دواهەمین جار دەیخوێنینەوە، پاشان ئەگەر هەڵەیەکی گەورەی زمانی تێدا نەبێت ئیمزای دەکەم ".

تێبینیم کرد میگهان، کە هەمیشە وورد و بەئەرتیە، بینیم نوسخەکەی خۆی بەرەنگی جۆراوجۆر نیشانە کردبوو خاڵەکانیشی لەپەراوێزەکاندا تۆمارکربوو. لاوێکی قژزی خەڵکی بۆستن بوو بەرەگەز ئیرلەندیی بوو، قژ سورێکی دەم بەخەندە بوو. بەرپرسێکی دیاربوو لەوەزارەتی بەرگریدا و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بوو لەزانستی ڕامیاریی لەزانکۆی ئۆکسفۆرد، دانەری دوو کتێب بوو لەبارەی ڕۆڵی سزاکان لەسەردەمی تیرۆری ئێودەوڵەتیدا کەهەردوکیان پێشوازییەکی باشیان لێکرابوو.

ڕۆمان مارتینیز، لاوێکی ئەمریکی کوبی بوو کەلە نیۆیۆرك پێگەیشتبوو، لەزانکۆی هارڤەرد. زۆرجار وا دیاربوو کە قسەیەکی گاڵتەئامێزی هەبوو لەسەر زۆرتریی ئەو کۆبونەوانەی کە زەحمەت بوون. ڕۆمان لەساڵی٢٠٠٢دا چەندین مانگی لە نوسینگەی پلاندانان لەپێناگۆن لەدارشتنی پەیکەی نوێی حکومەتی نوێی عێراقدا بەسەر بردبوو. ئەویش بەهەمانشێوەی میگهان، خاوەن بیرێکی قەشەنگ و داهێنەرانە بوو، ئەو بەقوڵی لەمەسەلەی ڕیشەکێشکردنی بەعسی

دەزانی و لێی ئاگاداربوو.

رایان کرۆکەر ئەم دوو لاوە یاریدەدەری بە "بیرمەند" بانگ دەکردن، منیش بونیام لە کۆرەکەدا دەتر خاند.

ووتم، " ئێمە هەمووومان چەند جارێك دەقەکەمان خوێندۆتەوە رایان، ئایا ئێوە دڵنیان لەوەی فەرمانەکە ئامانجەکانی دەپێکێت"؟

هەریەکەمان جارێکی تر شەش برگە کورتەکەی فەرمانەکەمان خوێندەوە.

دوای ئەوەی ئامادەبوونی ژەنراڵ فرانکس" هەڵوەشاندنەوەی حزبی بەعسی عێراقی راگەیاند" لەناوەراستی نیسان/ئەپریلدا، ئەوا فەرمانەکە راگەیاندنەکە جێبەجێ دەکات" بەهەڵوەشاندنەوەی پەیکەرەکانی حزب و دوورخستنەوەی سەرکردەکانی لە شوێنەکان دەسەڵات و بەرپرسیارێتی لەکۆمەڵگەی عێراقیدا". ئامانج لەمەش زامنکردنی ئەوە بوو کە حکومەتی نوێی نوێنەرایەتیکردن لەعێراقدا نەکەوێتە بەر هەرەشەی ئەو بەعسیانەی بۆ دەسەڵات گەرابوونەوە.

دوو برگەکەی دواتر ئەندامانی حزبی بەعسی دیاریکردبوو ئەوانەی" دوورخرانەوە لە پلەکانیان و یاساغکرا لەسەریان لەئایندەدا لەکەرتی گشتیدا کاربکەن". ئەمەش ئەو چوار پلەیە دەگرێتەوە کەبە فەرمی " بەئەندامانی گەورەی حزب" ناسراون. هەروەك چۆن ئەو ئەندامانەی حزب هەڵدەسەنگێرێن بەنسبەت رەفتاری تاوانکاریانەوە یان وەك هەرەشەیەکی ئاسایش بۆ هاوپەیمانان و گرتنیان یان خستیانە ژێر چاودێری و مانەوەی بەزۆرەوە ئەگەر پێویستیکرد.

هاوپەیمانان کاغەزە بەناوبانگەکانی یاریان دەرکرد کە ناو و وێنەی پەنجاو پێنج سەرکردەکانی رژێمی بەعسیان لەسەربوو، کە بە صەدام و دوو کورەکەی و گەورە سەرکردەکانی حزبی بەعس دەستیان پێکردبوو. بەڵام ئەو پەنجاو پێنج کەسە بەشێك بوون لەو بەعسیانەی کەپێویست بوو دووربخرێنەوە لەژیانی گشتی. بۆ پشتگیریکردن لەم هەوڵەش بریار درا پاداشت بدرێت بەهەر کەسێك زانیاریەکی وا پێشکەش بکات ببێتە هۆی ئەوەی ئەندامانی باڵای حزبی بەعس دەستگیر بکرێن " ئەو کەسانەش کە تێوەگلابوون لەو تاوانانەدا کە رژێمی پێشوو ئەنجامی دابوون"- لەزۆربەی حاڵەتەکاندا هەمان خودی ئەم کەسانە بوون.

فەرمانەکە ئەوەشی تێدا هاتبوو کە لێکۆڵینەوە دەکرێت لەئەگەری هەبوونی پەیوەندیی سێ چینە باڵاکان لەلوتکەی پەیکەری کارگێریی هەر وەزارەتێکی حکومی و، کۆمپانیایەك و دامەزراوەیەکی تری حوکمیدا، لەناویشیاندا زانکۆکان و پەیمانگاکان و نەخۆشخانەکان بە حزبی بەعسەوە.

ئەگەر دەرکەوت هەریەکێك لەو بەرێوەبەرانە " ئەندامێکی تەواوەتی و کارای حزبی بەعسە" ئەوا لەپۆستە حکومیەکەی لادەدرێت، بەڵام ئازادی ئەوەی هەیە لەشوێنێکی تری کەرتی تایبەتدا کار

بکات.

میگهان ووتی، " ئەم بەشەی فەرمانەکە هەندێك لە گەورە ڕاوێژکارەکانمان بێزار دەکات کەلە وەزارەتەکانماندا کار دەکەن". ئەو ڕاوێژکارانە ماوەی مانگێکە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی ناو وەزارەتەکاندا کاردەکەن، کاتێکیش فەرمانەکە دەردەچێت ئەوا لەسەر هەندێکیان یاساغدەکرێت پۆستی گشتی بگرنە دەست.

هەروەها فەرمانەکە نمایشکردنی " وێنەی صەدام حسێن و هاوشێوەکانی" یان ئەندامە ناسراوەکانی تری ڕژێمی بەعسی لەشوێنە گشتیەکاندا یاساغکرد. لەمڕووەوە، ڕیشەکێشکردنی حزبی بەعس لەمەبەستەکانی و بوارەکەیدا هاوشێوەی ڕیشەکێشکردنی نازیەت بوو لەئەڵمانیا لەدوای جەنگ، کەوا خاچی چەماوەو وێنەی هیتلەرو، مەراسیمەکانی ماك ئارسەر لەژاپۆنی داگیرکراو قەدەغەکرا، بەوەش هەموو سیماو ڕوخسارەکانی ڕژێمی سەربازی لابرا.

رایان ووتی، " بڕگەی کۆتایی گرنگە".

بەدەنگێکی بەرز خوێندمەوە. " بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان یان ئەوەی بەهەر ناونیکی ترەوە لەو پۆستەدا بێت دەکرێت هەڵاوێردە لەم بڕیارەدا بکات ئەویش لەسەر بنەڕەتی ڕەچاوکردنی هەر حاڵەتێك بەجیا".

بە واتایەکی تر، نەرمییەك هەیە لەبڕیارەکەدا لەوەدا بەعسیەکان پەیوەندییان بەحزبەوە کردبێت بۆ ئەوەی بتوانن لەپیشەکەیاندا کاربکەن و بمێننەوە یان نا.

. میگهان تێبینیەکانی پشکنی و ووتی، " پێویستە لەسەر ڕاوێژکارانی وەزارەتی خوێندنی باڵا هەندێك لەبەعسیەکان لەزانکۆ دوربخەنەوە".

وەك ئەوەی چاوەڕوانکراو بوو، بەعسیەکان لەهەڵبژاردنەکانی زانکۆی بەغدا سەرکەوتن، چونکە ئەوان باشترین و ڕێکخراوترین لیستەکانی پاڵێوراوانیان پێشکەش کردبوو. بەڵام ڕێگەدان بە ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە پێویست بوو بۆ کۆتایی هێنان بە وەرزی خوێندن لەکاتی خۆیدا.

ڕوونمکردەوە لەو کاتەی کە فەرمانەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، دەکرێت " مەڕ لەبزن جیابکەینەوە". بەڵام پێویستە لەسەرمان بەخێرایی بجوڵێین بۆ گۆڕینی ئەو بۆچوونەی کە پێی وابە هاوپەیمانان صەدامیان لابرد بۆ ئەوەی دەسەڵات بدەن دەست ژمارەیەکی تر لەبەعسیەکان.

وێڕای ئەوەی فەرمانەکە ڕێگە لە ۱٪ی ئەندامانی حزبی بەعس دەگرێت لەوەی لەپۆستە گشتییەکاندا کاربکەن، ئەوا من دەمویست چاوبخرێتە سەر کەسە گونجاوەکان. هەمووانیش لەسەر ئەوە کۆك بوون کە بەهۆی خراپی ڕەوشی هەواڵگریمانەوە ئەمە کارێکی زەحمەتە.

ووتم،" ئێمە عێراق نا ناسین وەك ئەوەی عێراقیەکان خۆیان دەیناسن". لەبەرئەوە دەبێت

عێراقییەکان بەشداریی پێ بکەین، ئەوانەی هەر لەسەرەتاوە لەپرۆسەی ریشەکێشکردنی بەعسدا بەرپرسیارێتیان هەبووە. هەروەك چۆن پێویستە دان بەوەدا بنێین کە کامڵ و تەواو نیە، بەڵام رادەیەك لەنەرمیی نواندنی تێدایە.

مەسەلەیەکی تری رامیاریم لایە دەمەویت بیوروژێنم.

ووتم، " هەفتەی پێشوو چاوم بە لیژنەی بەڕێوەبەرەکان کەوت لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی. هەموو گروپەکە لەژووری رەوشەکان لەکۆشکی سپی ئامادەبوون.. جێگری سەرۆك و پاوڵ و رامسفێلدو کۆندالیزا رایس و جۆرج تێنت. لەبەرنامەی کۆبونەوەکەدا تەفیکراوەکان و حکومەتی نوێی عێراق هەبوو".

" تەفیکراوەکان لەناو ئەو ئەنجومەنە بچووکەی سەرکردایەتیدان لەکاتی کۆنگرەیەکدا پاڵێورابوون کە سەدان عێراقی لە کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٢دا سازیان کرد، ئەویش بەرۆڵی خۆی بەرهەمی یاسای رزگارکردنی عێراقە کە سەرۆك بیل کلنتۆن لەساڵی ١٩٩٨دا ئیمزای کرد، ئەم یاسایە "... لادانی ئەو رژێمەی کە صەدام حسێن سەرۆکایەتی دەکات" کردە بەشێك لە سیاسەتی ئەمریکی.

تەفیکراوەکان جیاوەکانن و لەدەرەوە دەژین، ئەو پیاوانەن کە چەندین ساڵە لەدژی رژێمی صەدام وەستاونەتەوەو لەلایەن خۆرئاواو هەندێك لەوڵاتە عەرەبیە میانڕەوەکانەوە پشتگیریان کراوە، زۆرجاریش لەرێگەی دەزگاکانی هەواڵگریەوە. بۆم دەرکەتووە نوسینگەی ڤیث و ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکی و نوسینگەی سەرلەنوێی بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییەکان چەند مانگێکە بەشێوەیەکی نارێکخراو لەگەڵ تەفیکراوەکاندا وتوێژ دەکەن. ئێمەش پێویستیمان بە روونیی هەیە سەبارەت بەنیازەکانمان لەپێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی.

لەسێ وڵاتدا نیشتەجێ بووم کە پێشتر لەمیانەی جەنگی جیهانی دووەمدا ئەڵمانیا داگیری کردبوون، زانیم کە مەیلێك لای ئەوانەی کە لەوڵاتدا نیشتەجێن هەیە بۆ روانین بەچاوێکی گومانەوە لەپێکهێنانی (حکومەتەکان لەمەنفادا). لەبەرئەوە بەتەنها تەرکیز لەسەر ئەنجومەنی سەرکردایەتی عێراقی، بەو پێیەی ئەو ناوك و کرۆکە سەپێنراوەکەیە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی لەوان ، مەترسیەکی هاوشێوە دروست دەکات لەناوەندی گشتیی ئەو عێراقیانەدا کە لەوڵاتەکەیاندا ماونەتەوەو بەدەست درندەیی صەدامەوە ناڵاندویانە.

هەروەك چۆن ئەنجومەنی سەرکردایەتی عێراقی، هاوسەنگییەکی گونجاوی تێدا نیە لەنێوان سوننەو شیعەکاندا، تای تەرازووەکە بەلای کوردەکاندا لاردەبێتەوەو، تورکمانەکان یان مەسیحیەکان یان ژنی تێدا نیە.



Scanned with CamSc

کاتێك ڕۆژی دووشەممە گەیشتمە بەغدا، زانیم گارنەر بۆ ڕۆژی دواتر کۆبونەوەیەکی بەسەرۆکایەتی من ئامادە کردووە لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی عێراقیدا. ئەو کۆبونەوەیەش دواخرا چونکە من ویستم ڕاوێژ لەگەڵ ڕاوێژکارە سیاسیەکانمدا بکەم پێش ئەوەی بچمە ناو وتوێژە وردەکانەوە سەبارەت بەو پلانەی کەهەمانە سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەتی کاتی هەروەك چۆن ویستم ئاماژەیەك بدەم بە کەسایەتییە سیاسیە عێراقیەکان ئەوەی تێدا ڕون بکەمەوە کە من پەلەی ئەوەم نیە لەگەڵیاندا کۆببمەوە، دواجاریش، ئەوە بۆ هەموو لایەك ئەمەڕوو کە ئێستا من بەرپرسم، نەك جای.

وێڕای گەرمای ژوورەکە، توانیم ئاگایی هەمووان بۆ لای خۆم ڕابکێشم. " وتم پێمدەون هەندێك بخوێنمەوە لەوەی کە بەڕێوەبەرەکان لەبارەی حکومەتی نوێی عێراقەوە وتویانە.

"یەکەم، خاڵی دەستپێکردنی ئەرکەکە بریتیە لەسووربوونی سەرۆك لەسەر ئەوەی دەستەی فەرمانڕەوایکردن هەموو عێراقیەکان بگرێتەوە، باکوورو باشور، سوننەو شیعەو و کورد و تورکمان و مەسیحیەکان. چونکە پێویست دەبێت لەسەر حکومەتی کاتی دەستوورو یاساگەلێکی نوێ دابنێن و، سەرپەرشتی چاکسازی ئابوری بکەن لەعێراقدا. ئەوەش لەشەو ورۆژێکدا نایەتە دی، وێڕای ئەوەیش کە سەرکردە مەنفیەکان خوازیارینی یان بڕوایان پێیەتی. ئەمەش وتەی پاوڵە کەدەڵێت: ئەوە ڕێنومایی سەرۆکە کە پەلە نەکەین لەبونیادنانی ئیدارەیەکی عێراقی کاتیدا تا کۆمەڵێکمان دەست دەکەوێت بتوانن نوێنەرایەتی بکەن. ئەمەش تێڕوانینی شەخصیی پاوڵە: پێویستە پێداگرین لەسەر مەرجەکانی پرۆسەی سیاسی، بەتایبەتیش ئاسایش. پێویستە ڕێگە بەوە بدەین سەرکردە عێراقیەکان دەربکەون".

ڕۆمان پرسی، " ئایا (بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) تێگەیشتنێکی باشیان هەیە سەبارەت بە واقیعی سیاسی ئێرەو، ئەوەی لەسەرزەمینی واقیعدا دەگوزەرێت؟".

کاتێك کە خەریکی خوێندنەوەی تێبینیە تۆمارکراوەکانی لای خۆم بووم وتم، " ئەمە وتەی جێگری سەرۆکە کە دەڵێت ئێمە هێشتا لەقۆناغێکدا نین کە تێیدا سەرکردە عێراقیەکان کە خاوەن نوێنەرایەتین دەربکەون. ئەوان هێشتا دەترسن. ئێمەش پێویستمان بەستراتیژیەتێك هەیە لەسەر زەمینی واقیع کە پەیوەستە بەو ڕەوشەی کە لەدوای جەنگەوە هاتۆتە کایەوە، نەك ئەو ڕەوشەی کەهیواخوازین باڵ بکێشێت و بەرپابێت،" ئەوەش وەك پشتگیرییەکی کراوە دەرناکەوێت بۆ نەفیکراوەکان.

تێبینیەکانم هەڵگێڕایەوەو وتم، " بەکورتی، بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی کەئێمە پێویستمان بەکات و، هاوسەنگیەکی گەورەتر هەیە گەورەتر لەوەی کە



Scanned with CamSc

لای کۆمەڵێکی بچووك لەو ئەفیکراوانە هەیە کەتا ئەمڕۆ مامەڵەمان لەگەڵدا کردوون".

رایان پرسی، " کەی هەواڵەکەیان پێدەگەیەنیت جێری"؟

ووتم، " سبەینێ پاش نیوەڕۆ. لەبەیانیدا پۆلیسێکی باش دەبم کاتێك کە فەرمانی ریشەکێشکردنی بەعس ئیمزا دەکەم.

لەکاتی کۆبونەوەشمدا لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا لەکاتژمێر پێنجی پاش نیوەڕۆ ، پێیان رادەگەیەنم کە ئێمە بەمزووانە بەتەما نین جڵەوی کاروبارەکانیان پێ بسپێرین.

مەنفیەکان بەسروشتی حاڵ دەیانەوێت بەخێرایی خۆیان لەباتی حکومەتێك جێگیر بکەن پێش لەوەی کاریگەرییان لە لەندەن و واشنتن و تاران و ریاز کەم و بەرتەسك بێتەوە، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیان لەسەر ئەزری واقیع لەعێراق نەدرێتێ. وەك جێبەجێکردنێکی رێنومایەکانی سەرۆکیش، دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دەیویست دڵنیابێت لەوەی کە ئێمە حکومەتێکی کاتیی پێکدەهێنین کە نوێنەرایەتی گەلی عێراق بکات، نوێنەرایەتییەکی فراوان.

بەکورتی، ئێمە دەمانویست کۆنترۆڵێکمان هەبێت لەبونیادنانی حکومەتێکی کاتیدا گەورەتر لەوەی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی عێراقی دەیویست بۆمان. ئەوش کە رەوشەکەی ئاڵۆز کرد ئەوەبوو زاڵمای خەلیلزاد " نێردراوی سەرۆکایەتی پێش دوو هەفتە لەگەڵ ئەو ئەنجومەنەدا کۆببوبووەو ئەو ئینتیباعەی لا بەجێ هێشتبوون کە ئێمە لەناوەڕاستی ئایار/مایۆدا دەسەڵاتی حکومیان پێدەسپێرین. ئەو لێدوانەش لەڕووکەشدا شیاو بوو لەگەڵ سیناریۆی " گواستنەوەی پێشوەخت"ی دەسەڵات کە پنتاگۆن بەئاراستەیدا دەڕۆیشت. بەڵام ئەو ئاراستەی کەلە کۆبونەوەی بەرێوەبەرەکانەوە دەرچوبوو پێشبینی کردبوو پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ عێراقیەکان لەباشترین حاڵەتدا چەند مانگێکی پێبچێت.

بەوشێوەیە، لەهەڵوێستێکی تەنگەلانیدا دەبم کاتێك دەچم بۆ کۆبوونەوەی پاش نیوەڕۆی رۆژی هەینی، چونکە دەبێت جەخت لەوە بکەمەوە ئێمە دەمانەوێت سوود لەو "پێشکەوتن"ە ببینین کەبەکرداریی بەدەستمان هێناوە لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی عێراقیدا، هاوکاتیش خۆقوتارکردن لەوەی کە خلیل پێی راگەیاندبوون.

لەبەرەبەیانی رۆژی هەینیدا، ١٦ ئایار/ مایۆ ٢٠٠٣، لە نوسینگەکەمدا بەئامادەبی رایان و سکۆت و میگهان و مارتینیز ئیمزام لەسەر فەرمانی ژمارە (١) کرد کەلەلایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە دەرچووبوو.

سکۆت وێنەیەکی ئەو فەرمانەی هەڵگرتەوە. وێنەکە وەك فارگۆنی شەمەندەفەری تونێلەکان وابوو لەناوەوەو لەکاتی بەدیارکەوتنی لوتکەکەیدا.

ووتم، " ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنە عێراقیەکان پێ وەستان ئەم هەواڵە دووبارە دەکەنەوە".

هیوم پێکەنی و ووتی، " بەدڵنیاییەوە هەواڵەکە گەیشتووە بە هەموو بازاڕو چایخانەو هەموو گوندێك، هەر لەبەصرەوە هەتا هەولێر".

ووتم، "باشە، لەمە ئەرکەکەی پاش نیوەڕۆم ئاسان دەکات".

پێش کۆبونەوە لەگەڵ وەفدی عێراقیدا، لەدوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا، مەرسومی ڕیشەکێشکردنی بەعسم لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا باسکرد. ڕامگەیاند " پرۆسەکە لەسەر سێ بنەما دەڕوات بەڕێوە. دادپەروەرو شەفاف و ڕێکوپێك دەبێت. سووریش دەبین لەسەر زامنکردنی سوود وەرگرتن لەو بەهرانەی بەزۆر چوونەتە ناو حزبی بەعسەوەو بۆ بەرژوەندیی گەلی عێراق. لەپێناو ئەمەشدا ئێمە ڕازین بەوەی کە ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی دروستکردنی هەندێك کەموکورتیی لەبەڕێوەبردنی حکومەتدا".

ئەم ڕاگەیاندنە تێدەکۆشا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵاکان لەناوەندی کارمەندەکانی ناو نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییەکان هێندەی ئەوەی مامەڵە لەگەڵ سکاڵاکان دەکات لەناوەندی تەکنۆکراتە بەعسیەکاندا کە دوور دەکەنەوە لەکارەکانیان.

وەك دەریشکەوت، زۆربەی ئەندامە دیارەکانی حزبی بەعس کەوا کاریگەردەبن بەم بڕیارە دوای ڕوخانی ڕژێمی صەدام وەزارەتەکانیان بەجێ هێشت. بەڵکو زۆرێکیان لەوڵات هەڵهاتن. لەگەڵ ئەوەشدا جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە زەحمەت دەبێت.

دووبارەم کردەوە هاوپەیمانان هەڵەگەلێك دەکات لەهەڵبژاردنی عێراقیەکاندا ئەوانەی کەدەبێت پۆستەکانیان بەجێ بهێڵن و ئەوانەی کە دەمێننەوە لەپۆستەکانیاندا. ئەوەشم ووت عێراقیەکان ووردتر توانای ئەو جیاکردنەوەیان دەبێت لەپیادەکردنی سیاسەتێکی دادپەروەرانەدا. " لەبەرئەوە جێبەجێکردنی پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی بەعس بەخێراترین کات بە حکومەتێکی عێراقیی کاتی ڕادەسپێرین.

دوای کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکە کە بیست خولەکی خایاند، کۆبونەوەیەکم لەگەڵ گەورە ڕاوێژکارانی وەزارەتەکاندا سازکرد لەنوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییەکان، ئەوەی لەکۆبونەوەکەدا ڕویدابوو دەنگدانێکی شەو لەو پۆستە ئەلەکترۆنیدا کە بۆ فرانسیم نارد ڕونمکردەوە:

دەربارەك سکالاو شکایەت هەبوو، زۆرێك ووتیان ئەم کارە زۆر زەحمەت دەبێت. بیرم هێنانەوە کە ڕێنموماییەکانی سەرۆك ڕوونن: ڕیشەکێشکردنی بەعس جێبەجێ دەکرێت هەتا ئەگەر ئەوە لەسەر حسابی توانستی ئیداریش بکەوێت. هەموانیش ڕووبەڕووی ساتێکی نارەحەت بوونەوە".

ڕاوێژکارەکانم نارد بۆ وەزارەتەکانیان بۆ ئەوەی عێراقیەکان لەو گۆڕانکارییە نزیکانە ئاگاداربکەنەوە کە ڕوو دەدەن. یەکێکیشیان بە ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز"ی ڕاگەیاندبوو کە فەرمانەکەم " فاشیانەیە".

هەرچەندە فەرمانەکە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی حزبێك بوو کەبەفاشی بوونی خۆیەوە دەینازی، بەڵام ئەو قسە زۆرگەمژانەیە تووشی شۆکی کردم.

لەڕووی ئیجابیەوە، سەبارەت بەڕیشەکێشکردنی بەعس زۆربەی عێراقیەکان پشتگیریان لەفەرمانەکە کرد. لەواقیعیشدا سەدان جار ئەوە دەبیستمەوە کە فەرمانی ژمارە (١) هەنگاوە هەرە گرنگەکە بوو کە وەك بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەعێراق گرتمەبەر. ئەو هەنگاوە بەجوانی ڕونیکردەوە کەئێمە تەنها تێناکۆشین بۆ لابردنی زۆرداریی و دڕندایەتی صەدام، بەڵکو هەروەها بۆ بونیادنانی سستمێکی ڕامیاریی نوێش لەجێیدا.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی کە کۆبونەوەی دەستەی فەرمانبەرانمان هەبوو لە ژووری کۆبونەوەکانی کۆشك، چاوەڕوان بووین، حەوت لە نوێنەرە عێراقیەکان لەگەڵماندا کۆببنەوە. ئەو کۆمەڵەیەی کە سوربووین لەسەر ئەوەی وەك گروپی حەوت ئاماژەیان پێبکەین پێکهاتبوون لە:

- ئەحمەد چەلەبی، لەکۆنگرەی نیشتمانی عێراقی، شیعە بوو. منداڵێکی تا ڕادەیەك سەرسامکەربوو، لەتەمەنێکی زوویدا لە زانکۆی شیکاغۆ دکتۆرای لەبیرکاریدا هێنابوو، لەیەکێك دەوڵەمەندترین خێزانەکانی عێراقە، لەعێراق هەڵهاتبوو بەهۆی مامەڵە بازرگانیەکانەوە سامانێکی زۆری بەدەستهێنابوو کە هەندێك لەو سامانانەی جێگەی گومان بوون. چەلەبی پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ کۆنگرێس و هەندێك لە مەدەنییەکانی ناو پنتاگۆندا، بەڵام لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی یان دەزگای هەواڵگریی ناوەندیدا پەیوەندیی نەبوو.
- ئیاد عەلاوی، سەرکردەی بزوتنەوەی نیشتمانی عێراقی، ئەمیش هەروەها شیعەیەکی عەلمانییە، ڕکابەری سەرەکی چەلەبی بوو. عەلاوی کە پزیشکە لەساڵی ١٩٧٨ لە هەوڵێکی تیرۆرکردنی ڕزگاری بوو ئەوکاتەی کەلە بەریتانیا دەژیا. کاتێك کە ژمارەیەك لەداردەستە تاوانکارەکانی صەدام ویستیان لە ناو نوینەکەیدا بیکوژن، لەساڵەکانی دواتردا، عەلاوی لەنزیکەوە لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییە خۆرئاوایی و عەرەبیەکاندا کاری کردووە.
- هەردوو سەرکردە کوردیەکە، مەسعود بارزانی ، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمان و هەندێك جاریش ڕکابەرەکەی، جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ئەم دوو پارتە هێزێکی میلیشیای کارایان پێشکەشکرد بۆ ئەوەی شانبەشانی

هێزەکانی هاوپەیمانانی تایبەت لەباکوری عێراق لەکاتی هەڵمەتەکاندا لەدژی رژێم صەدام بجەنگن. هێزەکانی پێشمەرگە پێکهاتبوون لەو جەنگاوەرە خێڵەکیانەی کەلەپێناو ئازادیدا دەجەنگان، پێشتر لەنەوەدەکاندا، لەکاتی ململانێ ناوخۆیە درِندانەکاندا (مەبەست لەجەنگی براکوژی نەوەدەکانە) لەدژی یەك جەنگاون.

- ئەنجومەنی سەرکردایەتی عێراقی هەروەها نەصیر چادرچی لەخۆ دەگرت کە پارێزەرێکی سونی بەرێز بوو تەمەنی حەفتا ساڵ دەبوو، پێشەوایەتی حزبێکی بچوکی دەکرد، حزبی دیموکراتی نیشتمانی عەلمانیی، بەڵام بەعسیەکان لەکۆتایی شەستەکاندا لەناویان برد.
- ئیبراهیم جەعفەری، ئەویش بەهەمانشێوەی عەلاوی پزیشك بوو، نوێنەری سەرەکی حزبی دەعوەی ئیسلامی شیعە بوو، کە لەکۆتایی حەفتاکاندا پێشەوایەتی جوڵانەوەیەکی یاخیبونی کراوەی کرد دژ بەرژێمی بەعس، پێش ئەوەی حزبەکەو جەعفەریی ناچار بکرێن هەڵبێن و پەنا بەرنە بەر مەنفا.
- حزبە ئیسلامیە شیعەکەی تر، ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی لەعێراق، دکتۆر عادل عبدالمهدی و حامد بەیاتی نوێنەرایەتیان دەکرد، دەوترا هۆکاری ئەمە دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کەدیارترین سەرکردەکانی ئەو پارتە لەبەغدا نەخۆش کەتووە، کە ئەویش عبدالعزیز حەکیم بوو. گومانی ئەوەم برد کە نەخۆشیەکەی حەکیم رەنگە " دبلۆماسیی" بێت چونکە ئەو ناسرا بوو بەوەی متمانەی بە نیازو پاڵنەرەکانی هاوپەیمانان نەبوو.

ئێمە هیوامان وابوو لەبەکارهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی عێراقیدا لیژنەیەکی رێکخستنی بونیاد بنێین کە کۆمەڵێکی گەورەتر کۆبکاتەوە لەرووی قەبارەوە، بەرۆڵی خۆی حکومەتێکی عێراقی هەڵبژێرێت. بەڵام ئێمە دەمانزانی لای ئەفیکراوە عێراقیەکان خواست و خولیای گەورەتر هەبوو.
پاش نیوەرۆ رۆژی هەینی ١٦ئایار/مایز کەمێك دوای پێنج کۆبوینەوە، بینیم ژووری کۆبونەوەکان گەرمتربوو لەچاو شەوی دوو شەمەدا. ژمارەیەکی زۆر ئاوی بوتڵی بچووکی ناسارد لەسەر مێزە گەورەکە هەبوو. بەهۆی گەرماوە هەموومان بە بەردەوامیی ئاومان دەخواردەوە. تیشکی گڵۆپەکەش وەك هەمیشە لەگەڵ سوڕانی مرەلیدەی کارەباکەدا رۆشن دەبووەوەو کز دەبوو.
لەهاوپەیمانانیش فەریق دیڤید ماکیرنان سەرکردەی سەربازی لەعێراق" باڵیۆز جۆن ساورز نوێنەری تایبەتی بەریتانیا، کە دبلۆماتکارێکی ژیرو بەئەزموون بوو عەرەبی دەزانی و " جای گارنەرو" رایان کرۆکەرو" هیۆم هۆران" و من بووین. بۆ دەرخستنی هەماهەنگی سیاسی و سەربازی لەگەڵ هاوپەیمانانداا لەسەر داوای من ژەنراڵ جۆن ئەبی زەیدیش لەدۆحەوە هاتبوو. عێراقیەکان لەلایەکی مێزەکەوە لەبەرامبەر کۆمەڵی دەسەلآتی کاتیی هاوپەیمانان دانیشتبوون و، نوێنەرەکانیشان



Scanned with CamScanner

لەپشتیانەوە دانیشتبوون.

ئاماژەم بەهەندێك تێبینی بەرایی كرد، وەفدەكەمان هەندێك لەشێوەكانی خۆشدوانیی عەرەبیان پێشكەش كرد كەتێیدا سوپاسی یەك بەیەكی (میوانەكان) كرا كە بەدەم بانگهێشتەكەمانەوە هاتبوون. نەمدەویست زیادەڕۆیی بكەم لەشكلیاتەكاندا، بەلام دەمویست عێراقیەكان ئەوە بزانن كە دەسەلاتی كاتی هاوپەیمانەكان سەركردەی وەك هێزم و رایانیان تێدایە كە زۆر بەباشی شارەزای كلتورەكەیانن.

بەشێوەیەكی لەسەرخۆ كە هەركەسێك پێویستی بەوەرگێڕان هەبێت بتوانێت فریای ووشە بە ووشەكانم بكەوێت ووتم، " دەمەوێت جەخت لە بایەخ و بەهەند وەرگرتنی ئەو شەراكەتە بكەمەوە كە هاوپەیمانان خوازیاریی لەنێوان دەسەلاتی كاتی هاوپەیمانان و ئەنجومەنەكەتاندا، لەكاتی گوێزانەوەمان بۆ حكومەتی نوێنەرایەتیكردن".

بۆ پێداگریی لەسەر ئەم خاڵەش، ئەوەشم ووت، " ئێمە پێشبینی دەكەین كە پێشكەوتن بەم ئاراستەیەدا بەشێوەیەكی كەڵەكەبوونی بێت". ڕوونیشە ئەوە مانای گواستەوەی خێرای دەسەلات ناگەیەنێت وەك هەندێك حەزی پێدەكەن. " بەلام ئێمە ئامادەین سازش لەبەرپرسیارێتیەكی زیاتر بكەین بۆ سەركردە عێراقیە بەرپرسەكان".

دكتۆر جەلال تالەبانی، سەركردەی كوردی بەتەمەن یەكەم كەس بوو وەلامی دایەوە. ئەو پیاوێكی كورتی جەستە پڕی ڕووخۆشە، چاویلكەیەكی بازنەیی لەچاودابوو سمێلی تەنك كردبوو. بەزمانێكی ئینگلیزی دروست و پوخت ووتی،" جەنابی باڵیۆز دەمەوێت خۆشحالی خۆم دەرببڕم، بەئامادەبوونم لەم كۆبونەوەیەدا، لەگەڵ هاوپەیمانان لەناو یەكێك لەكۆشكەكانی پێشووی سەددامدا".

ئەحمەد چەلەبیش تێبینیەكانی تالەبانی دووبارەكردەوە. ئەو كەسێكی خاوەن لەش و لارێكی ماندووەندو قۆز بوو، بەپێچەوانەی شێوازی باوی عێراقیەكانەوە سمێلی تاشی بوو. بەزمانێكی ئینگلیزی پاراو قسەی كرد.

چەلەبی یەكەمجار بەلای گارنەردا ڕووی وەرگێڕا و ووتی، " ئێمە سوپاسی هەمووتان دەكەین زۆرتان لەبەرامبەر ئەو كارە قورسەدا كە لەپێناو گەلی عێراقدا پێی هەستان". پاشان ڕووی بۆ لای من وەرگێڕا و ووتی، " بەخێر هاتنی باڵیۆز برێمەرو بارێدەدەرەكانی دەكەین".

مەسعود بارزانی سەكردەی هێزێكی كوردی گەورەیە لەوپەڕی باكوری خۆرهەلاتی عێراق و جەنگاوەرێكی توندو رەقە. بالای كورت و بەخۆوە بوو، قژی سەری ڕوتابۆوە. چاوە بچووكە مەیلەو رەشەكانی پارێزیان پێوە دیاربوو. لەچاو تالەبانی هاوەڵیدا كەمتر ئاسودە بوو بەم شوێنە،

بەلام نەتەوەکەی گوێرایەڵی دەکەن.

بارزانی بەعەرەبی ووتی، " باڵیۆز برێمەر، ژەنراڵ گارنەر، من بەناوی هەموو عێراقیەکان قسە دەکەم کاتێك سوپاسی هاوپەیمانان دەکەم بۆ رزگارکردنی عێراق".

پێم ووتن " من دەمەوێت لەبارەی رەوشی ئەمنیەوە قسە بکەین. من بە بەباخەوە گوێ لەراوبۆچونەکانیان دەگرم. ئاسایش بەردی گۆشەیە بۆ هەموو کۆششەکانمان لەپێناو بونیادنانی عێراقێکی نوێدا، دواجاریش بونیادنانی حکومەتێکی نوێنەرایەتکردن".

ئیاد عەلاوی شێوەی دانیشتنەکەی خۆی رێککردەوەو بەپێداگری و بەزمانێکی ئینگلیزی پاراو قسەی کرد. بەهەمانشێوەی چەلەبی ئەمیش حێڵی تایبەتی بوو چاویلکەی لەچاو نەکردبوو، " بۆشاییەکی ئەمنی هەیە، یاسا نەماوەو بەشێوەیەك تاوان لەشەقامەکاندا بلاوبۆتەوە کەپێشتر نمونەیان نەدیوە". پاشان بەردەوام بوو لەوەسفکردنی ئەو پاشاگەردانی و بێ سەروبەرییەدا کە هەموومان دیبوومان، " خەڵك پێویستیان بەپاراستنی زیاتر هەیە".

ژەنراڵ ئەبی زەید لەسەر ئەو تێبینیە ووتی ،" دەمەوێت لەهەفتەی ئایندەدا کۆبونەوەیەك رێبخەم لەگەڵ گەورە سەرکردەکانم و ئەندامانی ئەم ئەنجومەنەدا بۆ وتووێژکردن لەبارەی چارەسەرە کرداریەکانەوە بۆ ئەم گرفتە ئەمنییە".

دواتر وتوێژمان کرد لەبارەی فەرمانی ریشەکێشکردنی بەعس کە ئەم بەیانییە ئیمزام کرد. هەر حەوت کەسەکە بەکورتی و بەشێوەیەکی گەموگوڕانە پێشوازیان لەم فەرمانە کرد. دوای ئەوە دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری کە شوێنکەوتووانی حزبەکەی حزبی دەعوەی ئیسلامی، لەکاتی حوکمی صەدامدا زۆریان چەشتبوو، لەبارەی ئەو ترسەوە کە تاڵەبانی و چەلەبی خستیانەروو بەزمانێکی تێکشکاو، کە بەدەستی زۆری ئاماژەی دەکردو بەپەلە قسەی دەکرد، زۆرجاریش لەنێوان ئینگلیزی و عەرەبیدا تێکەڵی دەکرد و لەبابەتێکەوە دەچووە سەر بابەتێکی تر ئەمەیش وایکرد وەرگێرەکانمان ماندوو بن. ووتی، ئایێت هاوپەیمانان رێگە بەڕوودانی ئەوە بدەن. هەموو هیواخواز بووین هاوپەیمانان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە رەفتاریان بکردایە بۆ لەناوبردنی ئەم ئاشوب و فیتنەیەو هەر لەبێشکەکەیدا لەناوبرایە".

چەلەبی ووتی، " من هانی هاوپەیمانان دەدەم ئەو مەرسومە تێپەڕێنن کەئەمڕۆ دەرچووەو هەنگاوی زیاتر بنێن بەئاراستەی ریشەکێشکردنی بەعسدا.

رێوشوێنە توندەکان لەبەرژەوەندی شیعەدایە. بەلام چەلەبی بەشێوەیەکی کتوپڕ لە توندی و پێداگری و ووتەکەی خۆی کەمکردەوە کەبەپەنجەی ڕاستی شایەتومان بەشێوازێکی عەرەبیانەی وورباکردنەوە ووتی: " بەلام پێویستە لەسەرمان ئەوە بزانین کە چەندین کەس لەعێراقیەکان

ناچارکراون ببنە بەعسی". ئاماژەم بەوە کرد کە سیاسەتی ئێمە وا دارێژراوە کە دان بەم واقیعەدا بنرێت.

نیو کاتژمێری یەکەمی دانیشتنەکە گەرم و بەلکو شکلیی بوو. بەڵام کاتێك چووینە سەر پرۆسەی سیاسی رەوشەکە ساردی تێکەوت.

بۆ جاری دووەم پێمڕاگەیاندن " من دەمەوێت سەرلەنوێ جەخت بکەمەوە کە رێگە بەرەو حکومەتێکی نوێنەرایەتیی دەبێت بەشێوەیەکی کەڵەکەبووانە بێت".

ئێستا ئەندامانی ئەنجومەن بەشێوەیەکی پێداگرانەتر لەپێشتر قسە دەکەن، سەرەتا تالەبانی ووتی. " لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە سوپاسی هاوپەیمانان دەکەین بۆ ئەو کۆششانەی ئەنجامیداون، ئەوا من وریایی دەدەم لە رەواندنەوەی سەرکەوتنی سەربازی بەئەنجامنەدانی کۆششێکی خێرا و رێکخراو بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ".

حامد بەیاتی، نوێنەری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق بۆ یەکەمجار قسەی کردو ووتی " جەنابی باڵیۆز پێویستە لەسەرمان پرۆسەی سیاسی خێرا بکەین. ، شەقام، چاوی لەو ئازادییە کە بەڵێنتان پێداوە". لەوەشم زانی کە سیاسییە عێراقیەکان پێیان خۆشە "شەقامی عەرەبی" ئاڵۆز" تا رادەیەك لەهەموو مشتومڕێکدا ئامادە بکەن و ناوی بهێنن.

چەلەبی ووتی، " لەگەڵ رێزمدا جەنابی باڵیۆز برێمەر، دەبێت ئەو بەڵێنانەی مانگی پێشوو دران سەبارەت بە بونیادنانی حکومەتێکی ئینتیقالی لەماوەی چەند هەفتەیەکدا بە بیر دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان بێنمەوە" لەگەڵیدا زەدەخەیەکی نەرمی بۆ جای گارنەر کرد.

سەیری چەلەبیم کردو بە رێتمێکی هاوسەنگ ووتم، " هاوپەیمانان بەنیازن حکومەتێکی ئنتیقالی بونیادبنێن لەزووترین کاتدا کە بتوانرێت ئەوە بەئەنجام بگەیەنرێت. بەڵام من ئەو بیرۆکەیە رەت دەکەمەوە کەپێی وایە هاوپەیمانان لەمەدا خاوەخاو و دەستی دەستی دەکات. وەك ووتم، پرۆسەکە کەڵەکەبوییە پێویستە ئامانجی بونیادنانی حکومەتێکی نوێنەرایەتیی ڕاستەقینە بێت. تەنها سەرکردەیەکی عەرەبی سوننە لەنێوتاندا هەیە" . هەموویان سەیری نصیر چادرچییان کرد. " نە تورکمان و نە مەسیحیەکان و نە ئافرەت بوونی نیە".

من مومارەسەی ئەو دەسەڵاتەم دەکرد کە سەرۆك بوش پێیدابووم، " بێ بەکارهێنانی چەکوش". ئەوان سەرکردەی تێگەیشتوون. پێویست نەبوو لەسەرم ئەوە روون بکەمەوە کە ئەوان هەموویان لەو ئەفیکراوانەن کە بەم دواییانە گەڕابوونەوە بۆ عێراق بێجگە لە چادرچی. " گومانیشم نیە لەوەی حکومەتی نوێنەرایەتی پێویستە ژمارەیەك لەو عێراقیانە لەخۆ بگرێت کە لێرە ماونەتەوەو لەژێر حوکمی صەدامدا بەدرێژایی چەندین دەیە ناڵاندویانە. ئەوەش لەو کۆششە هەڵاوێردانە



Scanned with CamSc

کەمناکاتەوە کەئەو حزبانەی ئەمشەو لێرە ئامادەن بۆ رزگارکردنی وڵات لەئەنجامیاندا " رەنگە ستایشەکەی دوایی هەندێك هەستی هەستیاری ئارامکردبێتەوە، رەنگیشە نەیکردبێت. بەهەر حاڵ من بەشدار نابم لەپێشبڕکێیەکدا لەگەڵ ئەوانەی کە لەگەڵمدان یان لەگەڵ ئەفیکراوەکاندا.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هان بدرێن بۆ بیرکردنەوەو کارکردن. ئێمە لەکۆتاییدا پێویستمان بە یارمەتییەکانیانە لەسەرلەنوێ بونیادنانەوەی وڵاتەکەیاندا. " هاوپەیمانان رێز لەو رۆڵە دەگرێت کە هەر یەکێکتان گێڕاوتانە هەروەها لە رێکخراوەکانیشتان لە روبەڕووبونەوەی صەدامدا بەدرێژایی چەندین ساڵ. ئێمە وای دەبینین هەر یەکێك لەئێوە رۆڵی دەبێت لەو حکومەتە کاتییەدا کە دەمانەوێت بەم نزیکانە بونیادی بنێین. بەڵام بۆ گێڕانی ئەو رۆڵە، پێویستە لەسەرتان وا لەخۆتان بکەن ببنە دەستەیەك کە زۆرتر نوێنەرایەتی هەموو رەوتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بکەن. من دەمەوێت لەماوەی دوو هەفتەدا لەگەڵتاندا کۆببمەوە، لەو ماوەیەشدا، هیوادارم بتوانن رێگەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی خۆتانی پێ فراوان بکەن بۆ ئەوەی ببنە ئەو دەستەیە".

لەکۆتایی کۆبونەوەکەدا، راگەیاند رۆژنامە بانگهێشت کراوە بۆ ئەوەی بەخێرهاتن لەئەنجومەنی سەرکردایەتی عێراقی بکەن. لەو کاتەشدا ئێمە گوێمان لەهاواری پەیامنێرەکان و کامێراکان بوو لە هۆڵەکەی دەرەوەی ژووری کۆبونەوەکاندا. " هەندێك تێبینی دەدەم پێشنیاریش دەکەم نوێنەرێك دیاری بکەن بۆ ئەوەی بەناوی هەمووتانەوە قسە بکات".

داواکەم شڵەژانێکی دیاری دروست کرد. سەرەڕای هەڵوێستی هاوکاریی روکاریانە، ئەوا ئەو کۆمەڵە جیاوازە لەڕووی رەگەزی و رۆحی و سیاسیەوە لەسەر هاریکاریی ڕانەهاتبوون. هەڵبژاردنی مەسعود بارزانی بۆ ئەوەی وەك وتەبێژێك بەناویانەوە قسە بکات لەبەردەم رۆژنامەوانەکاندا زیاتر لە بیست خولەکی خایاند. ئەوەش بەڵگەیەك بوو لەسەر ئەو ئاستەنگانەی کە کۆمەڵەکە هەتا لەوەرگرتنی بڕیارە سادەکانیشدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.



Scanned with CamSc

## بەشی سێیەم

## هەڵساندنەوەی وڵاتێکی بارکەتو و دارماو

### حیللە، عێراق

### ٢٢ ئایار/ مایۆ ٢٠٠٣

یلدۆزەرێك چەند پێیەك لە خۆڵی ڕامالی، گۆڕێکی بەکۆمەڵی دەرخست هێندەی گۆڕەپانێکی تۆپی پێ دەبوو.

وێڕای ئەوەی سەدان ژن و پیاو کاریان لەشوێنەکەدا دەکرد کە پڕ بوو لەتەپوتۆز، بەڵام دیمەنەکە ئارام دیاربوو ئارامییەکی نامۆ. پیاوان بەدەستەکانیان چاڵیان هەڵدەکەند، ئەمە لەکاتێکدا ژنان، کە زۆربەیان عەبای ڕەشیان لەخۆیان ئاڵاندبوو، ئێسك و پروسەکانیان کۆما دەکردو لەنایلۆنیانەوە دەپێچا.

لەکاتێکی درەنگی ئەو بەیانییەدا من و رایان و سکۆت بەئۆتۆمبیل کەوتینە ڕێ بەدرێژایی ئەو ڕێگە خێرایەی کە پڕ بوو لەچاڵ بەتەنیشت ڕوباری فوراتدا بەرەو کێڵگەی مردن کەوتینە ڕێ لەدووری شەست کیلۆمەترەوە لەباشوری بەغداد. ئەو گەرمایەی کە گڵی زەوییە ئەکێڵراوەکە پەرچی دەکردەوە بەتین بوو.

" گەورەم سەیرێکی ئەوێ بکە"، یەکێك لەمارینزەکان کەلەگەڵماندا سەرکەوتبوو بەئاراستەی چەپدا ئاماژەی بەدەستی کرد.

پیاوان کۆمەڵێك ئێسقانیان – کە زۆربیان پێچراوەبوون لەپارچەیەك قوماشی دشداشەوە یان عەباوە– دەیان دایە دەست کەسانێك کەبەدوای کەسوکاری کوژراویاندا دەگەڕان– بێگومان هیچ گۆشتێك بەو ئێسقانانەوە نەمابوو جگە لەتەڵزمە دەمارو پێستی بەجێماو نەبێ پێیانەوە، بەڵام هێشتا پرێکی سەرسامکەر لەقژ لەنێوان ئێسقانە سپیەکاندا مابونەوە.

هەندێکجار دەتوانرا پەیکەری ژنێك یان پیاوێك بناسرێتەوە بەهۆی جلە جیاوازەکانی بەریانەوە، یان بەهۆی پسولەیەکی خۆراکی لۆچ بۆوە، یان دانێکی ئاڵتونیی دیارەوە. دۆزینەوەی ناسنامەی کوژراوێکیش دەبووە هۆی دۆزینەوەی خێزانێکی تر بەتەنیشتیەوە، پاشان بۆ تێکڕای گوندەکەش. لەکاتێکدا کە ژنەکان ئێسقانەکانیان لەشتەوە دەپێچا، ئەوەم بینی کە پیاوێکی مارینز تێبینی کرد، لەناو نایلۆنێکەوە ئێسکە سەری منداڵێك دیاربوو بەقەبارەی لەپی دەستێك، لەگەڵ پارچەیەك لەقژ



Scanned with CamSc

کەهێشتا پێیەوە شۆڕبوو بۆوە. هەستم کرد دڵم تێکەڵ دەبێت.

حیللە دەکەوێتە ناوجەرگەی ناوچەی موسڵمانە شیعەکان لەعێراق، لەنزیک هەردوو شاری کەربەلاو نەجەفەوە. بەهەمانشێوەی ژمارەیەك لە شارۆچکەو گوندەکانی تری ناوچەکە، لەکاتی ڕاپەڕینی شکستخواردووی شیعەکاندا لەدژی صەدام حسێن لەساڵی ١٩٩١، حیللە زۆری چەشتبوو بەدەست پیاوانی ڕژێمی بەعسەوە، ئەو کاتەی ڕژێمی بەعس سوپا شکستخواردووەکەی لەکوەیت کشایەوە، لەسەر بنچینەی کۆمەڵە بەڵێنێکی نادیارو ئاڵۆز لەهاوپەیمانان کەلەجەنگی کەنداودا سەرکەتبوون، شۆڕشگێڕە شیعەکان، بەسەرکردایەتی ئەو کەسانە کە لە سوپا هەڵهاتبوون و چەکی سووکیان پێبوو، توانرا دەست بەسەر شارو شارۆچکەکاندا بگیرێت و، بەرپرسە بەعسیەکان لەناو ببرێن و، هەڕەشەیەکی ترسناك لەسەر ڕژێم دروست بکەن.

لەبەرامبەر ئەمەدا تۆڵەی صەدام خێراو دڕندانە بوو. ئەو هێزانەی سەر بە ڕژێم بوون- یەکەکانی پاسەوانی کۆماری کە سوننەکان و پێکهاتە نیمچە سەربازییەکانی دەزگاکانی هەواڵگری هەژموونیان تێیدا هەبوو- دەستیان بەسەر باشوری عێراقدا گرتەوە. ئەوەی لەتەمەنی سەربازیدا بوو لەپیاوان نەفیکران و کوژران، هەلیکۆپتەرە سەربازییەکان هێرشیان کردە سەر گوندەکان و بە موشەك بۆمبارانیان کردن. ژن و پیاو و منداڵەکانیشیان خستە ناو ئۆتۆمبیلی گەورەو بردنیان بۆ شوێنی دوورە دەست و دابڕاوی وەك ئەم شوێنە لەوێ دەستدرێژی گوللەیان لێکردن و تەرمەکانیان بەکۆمەڵ کرد بەژێر خاکەوە.

ووتم، " ئەوە هاوشێوەی ئایساتزگروپنە لەکاتی هۆلۆکۆستدا".

سەبازێکی مارتینیزی لاو بێ ئەوەی تێبگات لەوەی من ووتم ووتی، " بەڵێ گەورەم".

بۆم ڕوون کردەوە: " مەفرەزەی گەڕۆکی سەر بەهیتلەر بوون، سوپاو پۆلیس زیاتر لەملیۆنێك کەسیان لەشوێنی کەنارو دابڕاوی وەك ئەم شوێنەدا کوشت.. جوولەکەو قەرەج و زیندانیەکانی جەنگ و، پیاوانی ئاینی کاسۆلیك مەزهەب....".

کاتێك کە دەگەڕاینەوە بۆ لای ئۆتۆمبیلەکەمان کەلەمیەری هەندێك درەختی ئۆکالپتۆسدا وەستابوو، پیاوێك کە کراسێکی فوڕاوی نەخش چوارگۆشەی لەبەردابوو ئاماژەی بۆ کردم و، بردینی بۆ لای پێنج کۆمەڵە ئێسك و پروسك کەبەشێوەیەکی ڕێك و پێك خرابوونە ناو چەرچەفەوە.

ئاماژەی بۆ یەکێك لە کەللە سەرەکان کردو فرمێسك بە کۆڵمەکانیدا هاتە خوارەوە بەئینگلیزیەکی تێککشاو ووتی، " دایکم... خوشکەکەم و... خوشکەکەم و... کچەکەم و ...کوڕەکەم". وەك ئەوەی بەرەشاش تەقە بکات بەدەست تێیگەیاندم، " سوپا کوشتنی".



Scanned with CamSc

چاومان کەوت بە موختاری ناحیەکە، چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی نیشان داین کە تازە گیرابوون و دیمەنی پرۆسەکانی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی نیشان دەدا لەحیللە. ووتی، " جەنابی باڵیۆز هیوادارم ئەم بەڵگەیە بەریت بۆ جاك شیراك. فەرەنسیەکان، ئەوان کە صەدامی قەسابیان لەدەسەلاتدا هێشتەوە".

وەك پێشنیارێك ووتم، " لەبری ئەوەی من ئەو وێنانە بەرم بۆ جاك شیراك، بۆچی تۆ و پارێزگاری حیللە بانگهێشتی ناکەن بۆ ئەوەی بۆ خۆی بێت و بەچاوی خۆی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە ببینێت.؟

ئەم کێڵگەی مردنە ڕوخساری ڕژێمی پێشوو بوو کە هێزەکانمان لەماوەی سێ هەفتەدا بەزاندیان و شکستیان پێهێنا.

لەکاتێکی دواتری ئەو ڕۆژەدا، لەشاری حیللە بیرۆکەیەك هات بەخەیاڵمدا لەبارەی عێراقێکی نوێوە ئەویش ئەو کاتەی چاوم کەوت بە شێخ فرقت قەزوینی. کەوا کەسێتیەکی زۆردار بوو درێژیەکەی سەدو ئەوەندو سێ سانتیمەتر دەبوو. بەڵام درێژتر دیاربوو بەهۆی لەسەرکردنی مێزەرەیەکی ڕەشەوە، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی بە بنەچە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی محمد پێغەمبەر. لەکاتی ڕوخانی ڕژێمی صەدامدا ئەم شێخە مزگەوتێکی ئازاد کردبوو لەحیللە کە صەدام بۆ پیاهەڵدانی ناوی خۆی فەرمانی دابوو دروست بکرێت.

قەزوینی لەبارەی خەونەکەیەوە سەبارەت بە مزگەوتەکە بەشێوەیەکی زۆربلێیانە دەدوا لەنوسینگەکەیدا ، ئێمەش بیبسی ساردنەکراومان دەخواردەوە.

ئەو بەشێوەیەکی شانۆگەریانە دەستی دەجولاندو ووتی، " جەنابی باڵیۆز من دەمەوێت لێرەدا زانکۆیەك دروست بکەم. داواش لە قوتابیان و مامۆستا موسڵمان و مەسیحی و جولەکەکان دەکەم لەم زانکۆیەدا ئەوە نیشان بدەن کە عێراقی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ عێراقیەکان".

شێخ سوپاسگوزاریی خۆی دەربڕی بۆ ئەمریکیەکان کە عێراقیان لەدەستی صەدامی ستەمکار ڕزگارکرد. بۆ پێشەوە لاربۆوە بەهۆی ورووژانەوە چاوەکانی شەوقیان دایەوە ووتی، " من زۆر سەرسامم بە دیموکراسیەت. پێویستە عێراق ببێتە پەنجاو سێهەمین ویلایەتی ئەمریکا".

هەستوسۆزەکانی روون بوون، هەتا ئەگەر چی حسابەکانی هەندێك لێ شێوابوون.

لەخۆمم پرسی سەبارەت بەوەی خەونەکەی شێخ قەزوینی چی بەسەردێت. ئەوپەڕی خۆشحاڵیش دەبم لەدواهەمین ڕۆژمدا لەعێراق پاش چواردە مانگی تر بۆ دەسکەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارە جارێکی تر سەردانی شێخی قەزوینی بکەمەوە.

• • •



Scanned with CamSc

دوای بەجێهێشتنی حیللە، پێمان گونجاو بوو سەردانی بابل بکەین چونکە ڕێگەکەمان بە ناوچەکەیدا دەڕۆیشت. کاتێك لەژێر خۆری ئەو عەسرەدا ڕۆیشتین بۆ بینینی ئەو وێنکچوونە شێواوانەی کە صەددام لەو شارە کۆنەدا دروستی کردبوون، هیچ بەڵگەیەکمان لەبارەی باخچە هەڵواسراوەکانەوە نەدۆزیەوە.

کاتێك سەیری ئەو دیوارە لەخشت دروستکراو و وێنە ڕەنگاو ڕەنگانەم دەکرد کەلەسەر کۆشکەکەی نەبوخوز نەصر نەخشێنرابوون کەسەر لەنوێ دروستکرابۆوە ووتم" وا دەردەکەوێت هاوشێوەی دیزنی ژرلەندی خۆرهەڵات بێت".

لەوانەیە دیوارە بەخشت دروستکراوەکان جێگەی کارگەیەکی پۆلای تێدا بێتەوە. صەددام دوای ئەوەی لە ئەوەدەکاندا سوپاکەی لە جەنگی کەنداودا تێکشکا سەر لەنوێ کارکردنی لەبونیادنانەوەی بابلدا چڕکردەوە. وێڕای نارەزایی زانایانی شوێنەواری بیانیش، ڕژێم لەسەر پاشماوە کۆنەکان و دوای ئەنجامدانی هەڵکۆڵینێکی بەپەلە، بیناکەی بونیادنایەوە، لەکاتی ئەو پرۆسەیەشدا چەندین کاری دەستی و تابلۆ کە نوسینی بزمارین لەسەر هەڵکۆڵرابوو داپۆشران و بوون بەژێرەوە.

صەددام کۆشکێکی شەخصی تری لەسەر گردەکەی بەرامبەر دروست کردبوو کە دەکرا لەسەرو بینا جێگرەوەو ترسناکەکانەوە ببینرێت کەلەدەوروبەرمان قیتکرابوونەوە.

لەسەدەی حەوتەمی پێش زایندا، نەبوخەزنەصر، ئەو ئیمپراتۆرەی چەندین پادشای ملکەچکردبوو، بابلی بونیادنایەوە بۆ ئەوەی شکۆ کۆنەکەی بۆ بگێڕێتەوە کەلە سەردەمی حاموراپیدا درەوشابۆوە فەرمانی کردبوو ناوی لەسەر هەموو بەردێك هەڵبکەنرێت. ئێستاش وا ناوی صەددام حسێن لەسەر سەدان هەزار لەبەرد هەڵکۆڵراوە کە ئەم بابلەی پێکهێناوە ، ئاماژەش بەوە کراوە کە ئەمە لەپێناو شکۆداریی عێراقدا" بونیادنراوە".

بیناسازەکان ئەم بینایاندیان بونیاد ناوە لەکاتێکدا کە هەزاران لاشە لە گۆڕەستانەکانی حیللەدا شیدەبوونەوە.

" بە گروپەکەی هاوەڵەمم ووت ،" با ئەم شوێنە بەجێ بهێڵین".

کێڵگەکانی مردن لە حیللە وایان لێکردم ڕووبەڕووی یەکێك لە سەخترین تەحەددا ببمەوە کەلەبەردەم هاوپەیمانانداید: چۆن بنەماکانی هێزە ئەمنیەکانی عێراقی نوێ دابنێین، واتە سوپاو پۆلیس.

سەرۆك بوش بەجوانی بۆی ڕونکردمەوە ئێمە گۆڕینی ڕژێم تێدەپەڕێنین و یارمەتیدەر دەبین لە بونیادنانی" عێراقی نوێ"ی ڕزگاربوو لە دڕندایەتی صەددام. دیکتاتۆر بۆ ماوەی زیاتر لە سێ دەیەیە



Scanned with CamSc

حزبی بەعس و سوپاو دەزگاکانی هەواڵگری بەکارهێنابوو بۆ لەشکەنجەدانی عێراقیەکان و هاوسێکانیان و گەیاندنی بێ نەوایی و مردن پێیان. بۆیە دەبێت ئەوە بگۆڕرێت.

بەڵام زۆرێك لەعێراقیەکان چەندین ئەوەیە بەشەرەفەوە لەناو هێزە چەکدارەکاندا خزمەتیان کردووە. سەرەڕای سەرکوتکردنی سوننە، سەربازە شیعەکان ئازایانە بەرگریان لەنیشتمانەکەیان کرد دژ بەئێرانییە شیعەکان لەجەنگی درێژخایەنی خوێناویی عێراق ئێران لەساڵانی هەشتاکاندا. سوپای کۆن ژمارەیەك لەپێشەگەرە ڕاستەقینەکانی تێدا بوو بەهۆی ئەو هۆکارەشەوە جێی متمانەی صەدام نەبوون. صەدامیش لاسایی ڕژێمی هێتلەری دەکردەوە، لەوەی سوپای خستبووە ژێر چاودێرییەکی توندەوە، هاوکاتیش دەزگا هەواڵگرییەکانی خستبووە ناویاندەوە بۆ ئەوەی بینە سیخوڕ بەسەریانەوەو، پاکتاوکردنی سەرکردە گەورەکان بەشێوەیەکی دووبارەو بەردەوام بۆ ئەوەی لایەنگریی سەرکردایەتی سەربازیی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. هەروەك چۆن سوپای لە ئامانجەکەی خۆی لادابوو و گۆڕیبووی بۆ ئامرازێکی سەرکوتکردن.

بەدرێژایی ساڵانیش، سوپای صەدام بەهەزاران عێراقی کوشت. لەکۆتایی هەشتاکانیشدا سوپا هێرشێکی سەرکوتکردنی دڕندانەی کردە سەر باکور، پێشمەرگەو خەڵکە مەدەنییەکانی وەك یەك کوشت. لەشاری هەڵەبجە، فرۆکەکانی سوپای عێراق لە ڕۆژێکی خۆرەتاوی ئایار/ مارسی ١٩٨٨دا، بۆمبی گازی ئەعصابیان بەسەر ئەو شارەدا ڕشت ، ئەمە لەکاتێکدا هێلیکۆپتەرەکان هەستان بەڕشتنی غازی کوشندە بەسەر گوندنشینەکاندا. بەهۆی ئەوەشەوە زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار کەسی کورد لەو ڕۆژەدا مردن، هەزارانی تریش توشی بەڵەکی و دروستبوونی پەڵە بوون لەسەر جەستەیان کە بەدرێژایی ژیان دەمێنێتەوە. هەروەها گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەحیللە شایەتێکی بێدەنگن لەسەر ڕۆڵی سوپا لە سەرکوتکردنی دڕندانەی شۆڕشی شیعەکان لەساڵی ١٩٩١. بەو شێوەیە سوپای صەدام بووە ئامرازێك بەدەست ڕژێمی دڕندەوە بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان و شیعەکان.

کاتێك گەیشتمە عێراق، سوپا کۆنەکە لە زووەوە نەمابوو. کاتێکیش بەسەربازگیراوە عێراقیەکانیش ئاراستەی جەنگەکەیان بینی لەساڵی ٢٠٠٣دا کە بەچ ئاقارێکدا دەڕوات، سوپایان بەجێهێشتوو و چوونەوە بۆ کێڵگەکان و بۆ لای خێزانەکانیان. ژەنراڵ ئەبی زەید لەکۆبونەوەیەکی ڤیدیۆییدا کەلە ١٧ نیسان/ئەپریلدا سازکرا بەوەرگرتن لەڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی " نیۆیۆرك تایمز"ەوە، بە بەرپرسە گەورەکانی ڕاگەیاند، هیچ یەکەیەکی سەربازیی عێراقی بە سەلامەتی نەماوەتەوە. لەبەرئەوە ئەو مەسەلەیە چیدی باسی لێوەناکرێت کەئایا ئەو هێزەی کە هەیە بەکاری بهێنین، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لەسەرمانە، وەك ئەوەی هەندێك لە ئەفسەرو هەواڵگرەکانی



Scanned with CamSc

ئەمریکا دەیانووت، هەوڵ بدەین ئەو یەکە کۆنانەی سوپا بهێنینەوە بۆ "بونیادنانی" سوپای نوێ لەسەر شێوەی سوپا کۆنەکە.

ئەمە لەکاتێکدا بیرۆکەی هێنانەوەی هێزەکەی پێشوو، یان بەشێك لێی، دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ سیاسەتی سەرەکیداو دەبێتە کۆسپ لەبەردەمیدا.

بۆ یارمەتیدان لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتانەدا، من خۆشبەخت بووم بە بوونی والت سلۆکۆمب لەگەڵمدا وەك گەورەی ڕاوێژکاران بۆ کاروباری بەرگریی و ئاسایش.

والت کە توێژەرێکی درەوشاوەیە لە برنستۆن و پارێزەرێکی دەرچووی هارفەردە، بۆ ماوەی چەندین دەیە لەگەڵ ئیدارەی دیموکراتیەکاندا کاری کردووە لە مەسەلە ستراتیژییە بەرزەکان و کێشەکانی سنوردانان بۆ خۆپڕچەککردن. دوایین پۆستێکیش کە وەریگرتووە بریکاری وەزارەتی بەرگرییە بۆ سیاسەتەکان لەسەردەمی سەرۆك بیل کلنتۆندا. بەهۆی ئەوەی دیموکراتیەکی میانڕەو بوو لەناولیستانی ئەوەی کە لەپارێزگارە نوێیەکان پارێزرابوو، کە ئەو ناوە بەچەندین ڕاوێژکاری رامسفێلدەوە لکابوو، والت پراگماتیەکی بەرچاو ڕوونی مێژوویی فراوان وخاوەن تێڕوانینێکی جیهانی گشتگیر بوو.

لە بەرایەکانی ئایار/ مایۆدا، پێش ئەوەی بەرەو عێراق بکەوینە ڕێ، سلۆکۆمب لەگەڵ گەورە بەرپرسانێدا لەپێنتاگۆن کەوتە وتووێژەوە، لەوانەش پۆل وۆلفۆیتز جێگری وەزیری بەرگریی، سەبارەت بەو دەرئەنجامانەی کە لەدوای توانەوەی سوپای صەدامەوە بەسەر سیاسەتدا دێت لەعێراق. ڕوون بوو عێراق پێویستی بە سوپا هەیەو ئێمەش پێویست بوو لەسەرمان شوێنێك بۆ ئەو سەربازە کۆنانە بدۆزینەوە لەکۆمەڵگەی عێراقیدا. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم ئامانجە بهێنینە دی؟

لە ٩/ ئایار/ مایۆی ٢٠٠٣، ڕۆژێك پێش ئەوەی بەرەو عێراق بکەوینە ڕێ، یاداشتێکم بۆ رامسفێلدی وەزیر نارد، نوسخەیەکیش بۆ وۆلفۆیتزو، نوسینگەی سیاسەتەکان لەوەزارەتی بەرگریی و، پارێزەری گشتی، تێیدا ئەو وتووێژو دەرئەنجامی یەکەمە ڕوون کرابۆوە کە پێویستە لەسەرمان سوپای صەدام هەڵوەشێنینەوە هەروەها دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگریی، ئەمەش وەك دەستپێکێك بۆ ئەوەی دەزگایەکی ئەمنیی عێراقی نوێ بونیاد بنێین. هاوکات سەبارەت بەوە ڕەشنوسی فەرمانێکم هاوپێچ کرد لەگەڵ یاداشتەکەدا بەڵام بە وەزیرم ڕاگەیاند، "من ڕەشنوسی فەرمانەکە لەکۆتایی هەفتەدا دەخەمە بەردەم سەرکردایەتی ناوەندو هەر گۆڕانکارییەکی پێشنیارکراوتان بۆ دەنێرمەوە".

لەشەوی دواتر پاش گەیشتمان بۆ عێراق، کاتێك کە شنەی دەریا لیلهامی بەهەندێك ساردیی دا،



Scanned with CamScanner

کۆبونەوەیەکی ترم لەگەڵ والت و کلای گرێندا سەبارەت بەم کێشەیە. کە چەند رۆژێك بوو وتوێژمان لەبارەوە دەکرد، کاتێکیش بیرۆکەکە پەرەی سەند، لەگەڵ بەرپرسیارانی پنتاگۆندا دەستمان بە وتوێژەکان کرد لەناویشیاندا دۆگلاس فیثی بریکاری وەزارەتی بەرگری. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەندێك دەرئەنجام بخەینەڕوو بەشێوەیەك بتوانم راسپاردەیەك بەرزبکەمەوە بۆ وەزیری بەرگری.

ووتم، " با بەڕوونی ئەوە دیاری بکەین کە ئامانجەکانمان چین. پێویستە قەناعەت بەعێراقیەکان بکەین کە ئێمە رێگە بەهاتنەوەی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی صەدام نادەین- حزبی بەعس، یان دەزگاکانی هەواڵگری، یان سوپای صەدام. ئێمە هێزەکانمان نەناردووە بۆ ئەو کەرتەکەی تری جیهان بۆ ئەوەی صەدام لابەرین و دیکتاتۆرێکی تر لەشوێنەکەیدا دابنێین".

لەبەرئەوەی پێویستە لەسەرمان بونیادی رەگەزیی وڵات و مێژووەکەی لەبەرچاو بگرین، کۆکردنەوەی سوپای عێراقی نوێش ئاسان نابێت. پێویستە لەهەموو نەتەوەکان پێکهاتبێت: شیعەو کوردەکان و عەرەبە سونەکان. بەدڵنیاییەوە ئەمە رەوشی سوپای صەدام نەبوو. زۆرینەی ئەفسەرەکانی لەعەرەبی سونە بوون، زۆربەی هەرە زۆری پۆستە باڵاکانیش ئەوانە گرتبوویان کە سەر بە صەدام بوون. ئەوەکەی تریش کە لەسوپای عێراقی دەمێنێتەوە لەو سەربازانە پێکهاتبوون کە زۆربەیان شیعە بوون، زۆربەشیان لەرێگەی درندانەو سوکایەتی پێکردنەوە لەناو ریزەکانیدا هێڵرابوونەوە: ئەو کەسەی لەسوپا هەڵدەهات نەك تەنها خۆی سزا دەدرا، بەڵکو هەروەها خێزانەکەشی. لەبەرئەوەش هیچ کەسێك بەخۆبەخشی خۆی نەدەگەڕایەوە بۆ سوپا تەنها کەمێك نەبێت لێیان. ئیدی ئایەتمەندی و بارکگراوندیان هەرچۆنێك بێت، لەناویشیاندا هیچ یەکێك لەشیعەکان ناگەڕێنەوە. والت ووتی، " بۆ گێڕانەوەیان، پێویستە لەماڵەکانیان بیانهێنینە دەرەوە".

وەڵامم دایەوە، " بەڵام لەسەردەمی مندا نا". سلۆکۆمب ووتیشی " دووبارە هێنانەوە"ی سوپا کۆنەکە لەباشترین رەوشدا هەوڵدانێك دەگەیەنێت بۆ بونیادنانی چەند یەکەیەکی نوێ کە ئەفسەرێکی سونە سەرکردایەتی دەکات پلەکانی تری خوارەوەش ئەو سونانە پڕی دەکەنەوە کە سەر بە ئەفسەرە سونەکانن. رەنگە گروپێکی تر لە فەرماندەکانی جەنگ و میلیشیاکان. هەتا ئەگەر هەندێك ئەفسەری سونەمان بینیەوە کە ئێمە گومانێکمان نیە لەوەی سەرکردایەتی کردنی ئەو هێزانەیان پێ بسپێرین، ئەوا زۆربەی هەرە زۆری شیعەو کوردەکان لەم هەوڵەدا ئەوە دەبیننەوە کە هاوپەیمانان دەیانەوێت بەبێ صەدام صەدامیەت بگێڕنەوە.

کوردەکان لەدوای جەنگی یەکەمی کەنداوەوە بۆ ماوەی دوانزە ساڵ خاوەن جۆرێك لە فەرمانڕەوایەتی خۆیی بوون، کە هێزی ئاسمانی ئەمریکا لەهێزەکانی صەدامی دەپاراستن،



Scanned with CamSc

لەکۆبونەوەکانی یەکەمدا، هەردوو سەرکردە کوردیەکە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بۆیان روونکردمەوە کوردەکان بەهیچ شێوەیەك رازی نابن بەوەی لە سوپای پێشوی عێراق یەکە سەربازیەکان پێکبهێنرێنەوەو پڕچەك بکرێنەوە.

ئەمانی متمانەی شیعەکان و سەرکردەکانیان بەسوپای کۆن زیاتر قوڵە. ئەوان بەو کوشتارگەیە بەبیرت دێننەوە کە سوپای صەدام لەدوای جەنگی کەنداوەوە ئەنجامی دا، هێشتا ژمارەیەك لەشیعەکان هەست بەتوڕەیی دەکەن چونکە ئەمریکیەکان نەهاتنە ناوەوە بۆ وەستاندنی ئەو کوشتارگەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکردە شیعەکان، لەناویشیاندا ئایەتوڵڵای عوزما سیستانی، هانی لایەنگرەکانیان داوە هەر لەئازادکردنی عێراقەوە هاوکاری هاوپەیمانان بکەن. ناکرێت سەرکێشی بەلەدەستدانی هاوکاریەکانیانەوە بکەین.

هاوکات هەندێك ئاستەنگی کرداریش هەبوو لەهێنانەوەی سوپا کۆنەکەدا. سوپا پێویستی بە بنکەو بارەگاو کەرەستەی سەربازی هەیە. بەڵام لەدوای ڕوخانی رژێمەوە، هەموو بنکەو بارەگاو مەخفەرەکان وێران کران و تەنك تەنها داماڵران لەهەموو چەك و جبەخانەکان کە دەکرێت بەکاربهێنرێن، بەڵکو تەنانەت ئەلو وایەرو داووبەردیشیان بەسەریەکەوە نەهێشتن.

کلای ووتی، " هیچ یەکەیەك یان مەخفەرو بارەگایەك بەسەلامەتی نەماوەتەوە" لەبەرئەوە مەسەلەکە تەنها بەزیندوکردنەوەی هەندێك کەتیبەی کۆنەوە نەماوەتەوە". هەتا ئەگەر رێگەیەکیشمان دۆزیەوە بۆ هێنانەوەی هەندێك لە یەکە سونیەکان، ئەوا شوێنێك نیە بۆیان. ناتوانرێت رێوشوێنی نوێ و تفاق بۆ سوپایەکی کۆن فەراهەم بکرێت کە بونیادنراوەتەوە بەماوەیەکی زەمەنی کورت تر لەوەی ئەگەر بۆ سوپایەکی تەواو نوێ بونیاد بنرایە.

والت ئاماژەی بۆ ئەوە کرد هەندێك کەس وای دەبینن کە گێرانەوەی هەندێك لەئەفسەرە سونەکان دوای پشکنینیان بەووردی لەوانەیە هانی ئەفسەرەکانی پێشوو بدات بۆ ئەوەی پشتیوانی لەهاوپەیمانان بکەن. بەڵام ئەم ووتەیە، وەك والت پێی وابوو، ئەو گرفتە فەرامۆش دەکات کە ئەو ژمارە زۆرە لەگەورە ئەفسەران نوێنەرایەتی دەکەن لەسوپای صەدامدا. سەروو چوارصەد هەزار سەرباز هەیە، کە شیعەکان زۆربەی ئەمانە پێکدەهێنن، چەند سەد هەزارێك لەئەفسەرانیش کە زۆربەی زۆریان لەسوونەن. قەبارەی سوپای صەدام نزیك دەبێتەوە لە قەبارەی سوپای ئەمریکا بەڵام ئەمریکا وڵاتێکە ژمارەی دانیشتوانەکەی دە هێندەی ژمارەی دانیشتوانی عێراقە، سوپای عێراق ١١,٠٠٠ هەزار ژەنراڵی لەخۆگرتووە ( لەنێوان عەمیدو فەریق روکندا)، ئەمە لەکاتێکدا لەئەمریکادا ژمارەی ئەو ژەنراڵانە ناگەنە ٣٠٠ کەس.

هەتا ئەگەر ئاستەنگ و ئارەزایەتیە سیاسیەکانیشمان فەرامۆش کرد سەبارەت بەهێزێکی پێکهاتوو



Scanned with CamSc

لەهەموو سوننە هەروەها توانیمان گرفتەکانی کەرەستەو بنکەی سەربازیمان بەشێوەیەك لەشێوەکان تێپەڕاند، ئەوا ناتوانین پۆستی سەرکردایەتی بدەینە زیاتر لە ڕێژەیەکی سەدیی بچووك لەریزی ئەفسەرە پێشینەکاندا. ئەمەش وا دەکات ئەوانی تر تووشی خەشم و قین بکات وەك ئەوەی لەئێستادا هەیانە، وەنگە زیاتریش لەئێستا ئەو خەشمە بیانگرێت ئەویش بەهۆی گەڕانەوەی ژمارەیەکی کەم لەهاوڕێ‌ پێشینەکانیان بۆ دەسەلات.

دوای گەیشتنم بۆ بەغدا، بەهەردوو ژەنراڵ ئەبی زەیدو ماکیرنانم ڕاگەیاند کە سەرۆك سوپایەکی عێراقی وای دەوێت کە ئاسایشی نیشتمانی بپارێزێت. بەلام بڕیار لەسەر هێزێکی گەورە نادەین کە سیفەتی نوێنەرایەتی تێدا نەبێت و هاولاتییە عێراقیەکان سەرکوت بکات و هەڕەشە لەدراوسێکانی بکات. هەر سوپایەکیش ئەوەی پێوە دیاربێت کە دەسەلات دەگەڕێنرێتەوە بۆ کۆمەڵێك لە ئەفسەرە سوننیەکانی سوپای پێشوو لەلایەن شیعەو کوردەکانەوە ڕەت دەکرێتەوە کە ٨٠٪ی گەلانی عێراق پێکدەهێنن. ئەویش سەر دەکێشێت بۆ هەلگیرسانی جەنگی ناوخۆیی.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە لەسەرمان شوێنێك بدۆزینەوە بۆ سەربازەکانی سوپای پێشوو لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا. لەبەرئەوە پێشنیارەکەی سلۆکۆمب ئەوەی لەخۆگرتبوو پێشوازی لەو ئەفسەرانە بکەین کە لە سوپای صەدامدا هەبوون بۆ ئەوەی بخرێنەوە ناو سوپای نوێ ی عێراقەوە کە هەر هەموویان لەخۆبەخشەکان پێکهاتوون، هەڵبەتە ئەمەش دوای ئەوەی بەووردی دەپشکنرێن و لەدۆسیەی کەسیان دەکۆلرێتەوە، بەشێوەیەکی لەخۆوەیش هیچ کەسێك دوور ناخرێتەوە تەنها ئەوانە نەبێت کەلەپۆستی بەرزی سەرکردایەتی لەناو حزبی بەعسدا و لەناو بازنەی ناوخۆیی هێزەکانی ئاسایشدا خزمەتیان کردووە. هەروەك چۆن پێشوازی لەو سەربازانەی سوپای پێشووش دەکرێتەوە کە وەك خۆبەخش لەناو سوپای نوێدا خزمەت بکەن.

بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، بەپێی شایستە بوونی کەسی بڕیار بەسەر ئەو ئەفسەرانەدا دەدرێت کەلەپلەکانی ئەفسەریدا لەپێشەوەن. ئێمە پێمان وایە ژمارەیەکی زۆر لەعێراقیەکان شانازی بەخزمەتکردنەوە دەکەن لەسوپای نوێ عێراقدا، دوای ئەوەی مەشقیان پێدەکرێت و لەڕووی سەرکردایەتیکردن و پێدانی کەرەستەی سەربازییەوە بەشێوەیەکی گونجاو سازکردنیان. دواتریش بۆت دەردەکەوێت کە ڕەوشەکە بەو شێوەیە دەبێت، هەموو ئەو ئەفسەرانەی لەسالی دواتردا پەیوەندیان کردووە بەسوپای نوێوە لەوانە بوون کە پێشتر لەهێزە کۆنەکاندا یان لەیەکێك لە میلیشیاکانی دژ بەصەدامدا خزمەتیان کردبوو.

هەروەها پێویست بوو لەسەرمان مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکەین کە بڕێکی زۆر کەم لە ئەفسەرە پێشووەکان دەگەڕێنەوە بۆ پیشە سەربازییە کۆنەکەیان لەهێزە نوێیەکەدا، بەرەچاوکردنی ئەوەی



Scanned with CamSc

سوپای نوێی عێراق تەنها بەشێك پێکدەهێنێت لەو ژمارە زۆرەی لەسەردەمی صەدامدا هەبوو لەبەرئەوە بەتەنیشت ئەو ڕوونکردنەوەیەوە کە ئەفسەرە عێراقیەکانی پێشوو ئەوانەش کە حەز دەکەن لەسیستمی نوێدا کار بکەن و هیچ گومانێکیان لەسەر نیە، پێشوازییان لێدەکرێت، ئەوا پێویستە لەسەرمان سەرچاوەیەکی بژێوی و داهات بۆ سەدان هەزار لەو سەربازانەی سوپای پێشوو بدۆزینەوە و دەست بکرێت بەتێکەڵکێشکردنیان لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا. دەکرێت هەندێکیان وەك پاسەوانی ئاسایشی حکومی نیمچە سەربازیی دابمەزرێنین بۆ ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان یەکلایی ببنەوە بۆ هەستان بە کارە هەستیارو زۆرتر کاریگەرەکان. هەندێك کەسیش لەناو دەزگا سەربازییەکاندا کاریان کردووە وەك فەیلەقی پزیشکی و ئەندازیاریی، دەکرێت ئەمانە بگوێزرێنەوە بۆ وەزارەتە مەدەنییەکان. دەکرێت ئەوانی دیش بگەڕێنەوە سەر ژیانی مەدەنیانەی خۆیان کە جەنگی ئەم دوایە پەکی خستبوو.

بۆ دەستپێکردن بەم پرۆسە ووردە، پێویست بوو لەسەرمان یەکجار دەزگاکانی هەواڵگری و ئاسایشی ڕژێمی پێشوو قەدەغە بکەین. بەئەنجامدانی ئەوەش یەك سەرباز لەکارەکەی لانادرێت و هیچ یەکەیەکیش هەڵناوەشێرێتەوە. هەموو ئەوە پێش چەند هەفتەیەك ڕوویدا. بەڵکو پەیکەری دەسەڵاتی پێشوو بەشێوەیەکی فەرمی هەڵدەوەشێرێتەوە و ئاماژە بەوە دەکرێت کە کۆتایی صەدام و بەعسیەکان هەمیشەییە.

بەوپەڕی ووردییەوە هەستاین بە هەماهەنگی ئەم پرۆسە یەکلاکەرەوەیە لەگەڵ پنتاگۆندا. لە ١٩ ئایار/ مایۆدا یاداشتێکم ڕەوانە کرد بۆ رامسفێڵدی وەزیری بەرگریی ئەو ڕاسپاردانەم بۆ ڕوونکردبۆوە سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی بەرگریی عێراقی و" دەزگا پەیوەندیدارەکان". لەناویشیاندا دەزگای هەواڵگریی صەدام و دەزگا ئەمنیی و پروپاگەندەییەکانی. ووتیشم ئەو لێپێچینەوەیە دەبێتە " هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە لەهەواڵەکانمان بۆ لەناوبردنی ئەو بنەمایانەی کە ڕژێمی پێشووی صەدام لەسەریان وەستابوو، هەروەها تا بۆ گەلی عێراقی بسەلمێنین کە ئێمە ئەو کارەمان ئەنجام داوەو جارێکی تر صەدام و چەتەکانی ناگەڕێنەوە".

ئاماژەم بەوەش کردبوو بۆ ڕامسفێڵد کە ئێمە پێشنیارمان کردووە بژاردنەوەی کۆتاییهاتنی خزمەتەکانی سەدان هەزار لەسەربازەکانی سوپای پێشوو بدرێت، بەهەوڵاوێردەکردنی گەورە بەعسیەکان و ئەفسەرەکانی هەواڵگری و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ. بەسروشتی حاڵیش زۆرێکیان لەوڵات هەڵهاتوون. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت ئێمە پارە دەدەینە ئەو کەسانەی کە پێش تەنها چەند هەفتەیەك لاوە ئەمریکیەکانیان دەکوشت، بەڵام ئەوە نرخێکە پێویستە بیدەین. پێش ناردنی ئەو نامەیە بۆ پنتاگۆن، من و سلۆکۆمب پلانەکانمان لەگەڵ سەرکردە سەربازیی و مەدەنیە



Scanned with CamSc

پەیوەندیدارەکانی هاوپەیمانانلدا باسکرد، لەناویشیاندا ماکیرنان لەبەغداو بارەگای سەرکردایەتی هێزەکانی ناوەند لەقەتەر.

لەپێناگۆن لە ۲۲ئایار/مایۆدا، فیث بەوورردی بە رەشنووسی فەرمانەکەدا چوەوە کەبەشێوەیەکی فەرمی دەزگاکانی هەواڵگری و ئاسایشی صەدام قەدەغە دەکات. داوای لێکردین هەندێك خاڵی بۆ ڕون بکەینەوە، ئێمەش بەپێی ئەوەی کە ئەو وویستی بزمان رونکردەوە. وتەبێژی فەرمی رۆژنامەوانی من بەدرێژایی شەو لەگەڵ لاری دیریتای گەورە فەرمانبەرانی نوسینگەی ڕامسفێلدا مایەوە بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەنێوان دەقی راگەیاندنەکە و پلانە رۆژنامەوانیەکاندا بکەن. لەکاتێکی دواتری ئەو رۆژەدا، کاتێك ڕامسفێلد رێگەی دام هەنگاو بۆپێشەوە بنێم، لە کۆبونەوەیەکی تەلەفۆنیدا سەرۆکم لە پلانەکە ئاگادارکردەوە.

لەرۆژی هەینیدا، ۲۳ ئایار/مایۆ ۲۰۰۳، فەرمانی دووەمم ئیمزا کرد کەلەلایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە دەرچوو بوو، " هەڵوەشاندنەوەی قەوارەکان". ئەو قەوارانەش وەزارەتی بەرگریی و، هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەئاسایشی نیشتمانی و، هەموو تەشکیلاتە سەربازییەکانی دەگرتەوە. لەناویشیاندا پاسەوانانی کۆماریی و، پاسەوانانی تایبەتی کۆماری و، حزبی بەعس و گیانبەخشەکانی صەدام. فەرمانەکە کۆتایی بەخزمەتی هەموو ئەندامانی سوپای پێشوو هێنا، ئاماژە کرابوو بەو برە پارانەی کە دەدرێن، ئەوەشی تێدا هاتبوو کە هاوپەیمانان پلان دادەرێژن بۆ بونیادنانی سوپایەکی عێراقی نوێ " وەك هەنگاوی یەکەمی پێکهێنانی هێزێکی بەرگریی خۆیی و نیشتمانی بۆ عێراقی ئازاد". ئەو هێزە ملکەچی دەسەڵاتی مەدەنیەکان دەبێت " پیشەیی و نا سیاسی و بەتوانا و لەرووی سەربازییەوە کاریگەر دەبێت و نوێنەرایەتی هەموو عێراقیەکان دەکات".

هەر ئەوەندەی کە واشنتۆن ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەم پلانە، ئیدی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان و سەرکردایەتی ناوەند جەختی کردە سەر پەیڕەوێك کەلە دوو قۆناغ پێکهاتبوو بۆ سەرلەنوێ تێکەڵکردنەوەی سەربازە لەکارە دەرکراوەکان. خوازیاریی ئەو سەربازانەمان پێگەیشت کەلەسوپای پێشوودا بوو بوون، بەتایبەتی لەناوجەرگەی ناوچە شیعەکان بۆ ئەوەی لە بەرنامەکانی کاروبارە گشتییەکاندا کاربکەن. پاشان سلۆکۆمب ڕایگەیاند ئێمە دەمانەوێت سوپایەکی نوێ دامەزرێنین لەماوەی ساڵێکدا کەلە فرقەیەکی تەواو پێکهاتبێت و ژمارەیان ۱۲,۰۰۰ سەربازی مەشقپێکراو بێت، پاش ساڵێکیش سێ فرقەی تر دادەمەزرێنین. ئەفسەرو ئەفسەرەکانی پۆلیسیش لەسوپا کۆنەکەدا دەیاندۆزینەوە، وێڕای ئەو کۆمەڵە بەرهەڵستکارە کوردیی و شیعانەی کە دژ بەرژێمی صەدام بوون، ئەوانە سەرکردایەتی کردنی ئەم یەکە نوێیانەیان پێدەسپێرین.



Scanned with CamSc

لەماوەی هەفتەیەکدا، پرۆگرامی پێدانی پارەی گواستەوەمان ڕاگەیاند بۆ سەربازەکانی سوپای پێشوو. سەرەتا بە پێدانی موچەیەکی مانگانە دەستمان پێکرد بۆ هەموو سەربازە عێراقییەکانی سوپای پێشوو بێجگە لەگەورە ئەفسەرە بەعسیەکان (نزیکەی ٨,٠٠٠ هەزار بوون لەنێوان سەدان هەزار ئەفسەرەدا کە ناویان هاتبوو لە لیستی حساباتدا). پێدانی ئەو برە پارانەش بەردەوام بوو هەتا گێڕانەوەی سەروەری لە حوزەیران/یونیۆ ٢٠٠٤ و دوای ئەوەش. هەروەك چۆن بۆ یەکجار بڕێك پارەمان دایە تێکڕای بەسەربازگیراوەکانی پێشوو.

لەو ڕاگەیاندنەدا کە داوا دەکات سەرلەنوێ سەربازە عێراقیەکانی پێشوو لەنێو سوپای نوێدا تێهەڵکێش بکرێنەوە، نامەیەکی شەخصیم بۆ زیاد کرد: " سوپای عێراق کلتورێکی درێژی هەیە لەپێناو نەتەوەکەیدا، بۆیە زۆرێك لە ئەفسەرو سەربازەکانی، بەڵکو زۆربەی زۆریشیان، وا لەخۆیان دەڕوانن کەوا لەپێناو خزمەتکردنی میللەتەکەیاندا کار دەکەن نەك ڕژێمی بەعس. ئێمە هەردەم ووتومان سەربازەکانی سوپای پێشوو، بەهەڵاوێردەکردنی ئەوانەی بەقوڵی چوونەتە ناو ڕژێمی بەعسەوە، بەشێکی جیانەبۆوە لەئایندەی عێراق پێکدەهێنن ".

ڕوشەکان گەشبینانە بوون. عێراق کۆمەڵگەیەکە بەتوندی بەدەست برین و نیگەرانیەوە دەناڵێنێ. لەبەرئەوە مەشقپێکردنەکە ماوەیەکی درێژتری ویست، دەرکەوت کە زەحمەت ترە لەوەی چاوەڕوان دەکرا. بەعسیەکان عێراقیان گۆڕی بۆ کۆمەڵگەیەکی لادراو (یان وەك خەواریجەکان عێراقی سەردەمی ئەمەویەکان– وەرگێڕی کوردی) کوردو شیعە ڕاودونراو و سەرکوتکراو بوون تێیدا. مرۆڤ خۆی بە خۆشبەخت دەزانی ئەگەر دەزگا هەواڵگریەکانی صەدام هەڵیان بکوتایەتە سەر ماڵی دراوسێکەی و ئەمیان بپواردایە. لەڕابردوشدا، خۆلادان لە لەسێدارەدان ڕەنگ سەرکەوتنێکی بچوکی ڕۆژانە دادەنرا بۆ زۆرێك لەکوردەکان. وا ئێستاش داوا لەو کەسانە دەکەین جلی سەربازی بۆ وڵاتەکەیان لەبەربکەن و شانبەشانی یەك بەرگری لەنیشتمان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە تاکە خەیارێك بوو لەبەردەمماندا.

دوای چەند مانگێک، ئەو کاتەی خۆم ئامادە دەکرد بۆ بەجێهێشتنی عێراق، سەرکردەی کوردی جەلال تاڵەبانی پێیڕاگەیاندم فەرمانی پێشوو " بۆ هەڵوەشاندنەوەی" سوپای کۆن باشترین بڕیارێك بوو کە هاوپەیمانان بەدرێژایی چواردە مانگ لەعێراق وەریانگرتبێت.

دوابەدوای دەرکردنی فەرمانەکە، سەردانی سەید عەبدولعەزیز حەکیمم کرد، کەیەکێك بوو لەسەرکردەکانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق. بەهیوا بووین هەندێك لە ئەندامەکانی میلیشیای فەیلەقی بەدری سەر بەو حزبە کە ژمارەیان ١٠,٠٠٠ پیاو بوو بخەینە ناو سوپای نوێی عێراقەوە.

حەکیم، کەسێکی لاوازی ڕیشداربوو، تەمەنی لەسەرەتای پەنجاکاندا بوو، بەناوبانگ نەبوو لەنێوان هاوەڵەکانیدا لەناو گروپە حەوت ئەندامیەکەدا. باوکی ئایەتوڵلایەکی گەورەی شیعەکان بوو لەعێراق تا لەساڵی ١٩٧٠ کۆچی دوایی کرد، برای ئایەتوڵڵا سەید محمد باقر ئەلحەکیمە کەیەکێکە لە دیارترین سەرکردە شیعەکان لەوڵاتداو سەرکردەی فەرمیی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیە. صەدام بەدرێژایی ساڵانی پێشوو لەکۆی نۆ برای هەشتیانی کوشتبوو، لەبەرئەوە حەکیم لەناوەندە شیعەکاندا ڕێزی لێدەگیرا، لەگەڵ ئەوەشدا بیست ساڵی لەئێران بەسەربردوو.

بەڵام سەرکردەکانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق لەناو حزبە عێراقیەکاندا بەزەحمەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ناسراون. ئەوان شارەزای یاریکردنن لەسەر لێواری کەندەڵان، هەمیشەو هەتا دواهەمین سات لەسەر هەڕەشەکانی خزبان دەمێننەوە. ئەم شێوازەش لەمیانەی مانگەکانی داهاتوودا بەزۆریی دەبینینەوە.

ئەو کە لەنزیکەوەو لەڕێگەی چاویلکە ڕەنگاو ڕەنگەکەیەوە تێی دەڕوانیم ووتی، " جەنابی باڵیۆز پێم بڵێ، تۆ دەڵێیت ئەفسەرە عێراقیەکان سەرکردایەتی کەتیبەکانی ئەم سوپا نوێیە دەکەن. ئەو ئەفسەران کێ دەبن"؟

لەوەڵامدا نازناوە عەرەبیەکەیم بەکارهێناو پێم ووت، " ئەی سەید بەڵێنت پێدەدەم سەرکردەی یەکەمین کەتیبە شیعە بێت".

هاوپەیمانانیش ئەو بەڵێنەیان بردە سەر.

دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك بەسەر ئیمزاکردنی فەرمانەکەدا سەبارەت بەدەزگا ئەمنیەکانی پێشوو، سەردانی مەسعود بارزانیم کرد لەماڵە شاخاویەکەی لەنزیك صەلاحەدین لەکوردستان کە خاوەن فەرمانڕەوایەتیکی خۆیە.



(مەسعود بارزانیی و پۆڵ بریمەر)

بارزانی خێزان و هۆزەکەی بۆ ماوەی چەندین دەیە بەدەست هێزە بەعسیەکاندوە ناڵاندویانە، لای شوێنی نیشتەوەی هەڵیکۆپتەرەکە لەسەر چیایەك کە چەند کیلۆمەترێك لەماڵەکەیەوە دوور بوو لەکاتی سەرکەوتن بەرێگە قەمچوپێچەکەدا بۆ ماڵەکەی، ئاماژەی بۆ گۆزەپانێکی فراوان کرد بەرەو باکوری رێگەکە کەدرێژدەبێتەوە بۆ بەرزاییەکانی چیاکە.

بەشێوەیەك کە رەزامەندیی پێوە دیاربوو ووتی، " ساڵی ١٩٩١ لێرەدا سوپای صەدامان شکاند. نەمانەتوانی لەدژڵەکەدا تانکەکانی جۆری تی- ٧٢ رێبگرین، بەڵام کاتێك کە سەرکەوتن بۆ لێرە تێکمان شکاندن".

جەنگاوەرە چیاییە سەختەکە دەستی جوڵان بۆ ئاماژەدان بۆ لاپاڵە چیاییە تیژەکان، کەهەندێکیان تائێستا شوێنەواری بەفری زستانیان پێوە ماوە. چەندین سەدەیە ئەوێ هەوارو مەنزڵگەی گەلەکەیەتی، دەکرا شانازیکردنی بەو دیمەنە سروشتییەوە هەست پێ بکەیت.

بارزانی کەهێشتا لەگۆڕەپانەکانی جەنگی دەڕوانی دەستی گرتم و ووتی، " پیرۆزبایت لێدەکەم سەبارەت بە قەدەغەکردنی فەرمیی سوپای صەدام. ئەوەی ئەنجامتداوە کارێکی نایابە. ئەو دەسەلمێنێت هاوپەیمانان سوورن لەسەر بونیادنانی عێراقێکی نوێ و یەکگرتوو".

ووتم، " تۆ دەزانیت هەندێك کەس هانیان دەداین بۆ ئەوەی نوسخەیەکی بچوککراوەی سوپاکەی صدام پێکبهێنینەوە".

بارزانی ووتی، " دەکرا ئەوە ببێتە هەڵەیەکی گەورە. ئێمە وەك کوردەکان لەعێراق جیابووینەوە هەر لەسەرەتاوە لەدژی سوپای بەعسی جەنگاین. ئێستا ئێمە دوانزە ساڵە فەرمانڕەوایی خۆیمان هەیە. ئەگەر جارێکی تر بەعسیەکان بگەڕێنەوە ئەوا جەنگێکی ناوخۆیی هەڵدەگیرسێت".

ئێستا ئاماژەم بۆ زنجیرەیەك لەچیاکان کرد، ئاماژەم کرد بۆ خۆرئاواو ووتم، " سوریا و تورکیا ئێران.. لێرەش لەعێراق، هەموو ئەم وڵاتانە کوردیان تێدایە. ئەو جەنگە ناوخۆییشە سەردەکێشێت بۆ جەنگێکی هەرێمی".

بارزانی زەردەخەنەیەکی کردو ووتی " بەڵام ئێمە ئێستا دورکەوتووینەتەوە لەو کارەساتە".

بەعەرەبی وەڵامم دایەوە، " إنشاء الله".

کاتژمێر دەو نیوی رۆژی ٢٦ ئایار/ مایۆ، پێشوازیم لەیەکەم شاندەکانی کۆنگرێس کرد. ئەم شاندە بەسەرکردایەتی دنکان هنتەری ئەندام کۆنگرێس بوو، ئەندام پەرلەمانێکی کۆماریە لە کالیفۆرنیاو سەرۆکی لیژنەی هێزە سەربازییەکانە لەئەنجومەنی نوێنەران.

لەو بەیانییە گەرم و تەپوتۆزاوییەدا لەبەغدا، شێوازێکمان دامەزراند بۆ دانیشتنەکانی حاڵی بوار کەلەساڵی دواتردا پەیڕەومان کرد. بەهۆی هۆکاری ئەمنییەوە پێناگۆن بڕیاری دابوو هیچ



Scanned with CamSc

ئەندامێکی کۆنگرێس شەو لەبەغدا نەمێنێتەوە، بۆیە بەفڕۆکەیەکی جۆری سی- ١٣٠ لەکوەیتەوە هاتبوون بۆ ئوردن و پاشان لەوێوە هاتبوون بۆ بارەگای سەرکردایەتی دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان. لەوێ من و ژەنراڵ ریکاردۆ سانشێز، سەرکردەی هێزە هاوبەشەکانی ئایندەی هاوپەیمانان و هاوەڵەکانم لەدەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان، لەرەوشی ئەمنی و سیاسی و ئابوریی ئاگادارمان کردنەوە.

ئەم سەردانانە قورساییەکی گەورەیان دەخستە سەر شانمان. بەڵام ئەندامانی هەر دوو حزبە سیاسیەکە کە دەگەڕێنەوە بۆچوونی باشتر لەبارەی واقیعی عێراقەوە دەبەنەوە لەو بۆچوونەی کەپێش ئەوەی بێن هەیانبوو. بۆیە هەمیشە شایانی ئەو کاتە بوون کە بەسەرمان دەبرد لەگەڵیاندا.

لەماوەی چواردە هەفتەی دواتردا، میوانداریی ٢٣٩ ئەندامی کۆنگرێسمان کرد- ئەوەش ژمارەیەکی پێوەرییە بۆ پۆستێکی حکومیی ئەمریکی لەخۆرهەلاتی ناوەڕاستدا.

شێوازی کاری تێکڕایی بارەگای سەرکردایەتی دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان لەگەڵ بەرزبوونەوەی گەرمی وەرزەکەدا ئەویش بەرزبۆوە. لەیەکێك لەرۆژەکاندا لەسەرەتاکانی مانگی حوزەیران/ یۆنیۆدا، پلەی گەرما گەیشتە ٤٤ پلەی سەدی، ئەوەش زۆر گەرمە بۆ کەسێك لە نیوئینگلەند دا پێگەیشت بێت. مێزێکی مەرمەڕی زۆر نرم هەژمون بەسەر ژوورەکەدا دەکات کە بەرزییەکەی هێندەی مێزێکی قاوەیە، بەڵام تیرەکەی رەنگە دوو مەتر بێت، میوانەکان و دەستەی کارمەندان لەدەوری کۆدەبنەوەو لەسەر کورسی شەق و شڕ دادەنیشتن کە لەکۆشکەکەدا بەجێهێڵرا بوون.

ئەو کاتە کە راوێژکارەکانمان لەگرفتە ئابورییە زۆرەکانی عێراق ئاگاداریان دەکردمەوە، بەشێوەیەکی پلەبەندیی کۆمەڵێك لەنەخشەو هێلکاریی بەیانیم کۆکردەوە- نەخشەیەك کە هەموو کێلگە نەوتیەکان و بۆرییەکانی نەوت و سوتەمەنی دەخستەڕوو، هەروەها هێلکارییەکی هەموو تۆڕەکانی کارەبا، نەخشەیەك بۆ سستمی هێلەکانی ئاسن، کۆمەڵە نەخشەیەکی تر کە ناوچە کشتوکاڵییە سەرەکیەکانی عێراقی نیشان دەدا. زۆرجار لەناو ئەو کۆمەڵە نەخشەو هێلکاریاندا شتێکم دەدۆزیەوە بۆ ئەوەی لەرێگەیەوە خاڵێك بۆ میوانە عێراقیەکان، یان ئەندامێکی کۆنگرێس، یان دەستەیەکی کارمەندەکانی لای خۆم ڕون بکەمەوە.

لەیەکەم کارە بەراییەکانمان دەستکردنەوە بوو به بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و سوتەمەنی. بەڵام ئەوە تەحەدایەکی قورسی بەسەرماندا دەسەپاند.

ژووری کۆنترۆڵکردنی پاڵاوگەکانی دۆرە لەناوچەکانی عێراقدا ئەو پەنجەرە بچوکانەی ژووری لێخوڕینی ساحەی وەبیر دەهێنامەوە لەناو کەشتیە ئاسمانیەکەی زنجیرەی تەلەفزیۆنی " فلاش گۆردن" کە ئەو کات تازە لاو بووم سەیرم دەکرد: دەسکەکانی ئیشپێکردن و ئامێرەکانی پێوانەی



Scanned with CamSc

هەڵمیی و قوڵەکانی بادانی دەستی. ئەم ژوورە خنکێنەرە لەو تەحەدا ئابوورییە قورسانە بەرجەستە دەکات کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بەڕێوەبەرەکە کە ئەندازیارێکی بەتواناو زمان شیرین بوو ناوی دشر خەشەب بوو ئاماژەی بۆ دەرەوەی پەنجەرە شکاوەکە کرد بەرەو بورجەکانی دڵۆپاندن و بۆرییەکانی پاڵاوگەکەو ووتی، " ئەمریکییەکان لەساڵی ١٩٥٥ دا ئەم پاڵاوگەیەیان بونیادنارە لەسەردەمی پادشایەتیدا. دەتوانم بڵێم هیچ شتێك نەگۆڕاوە.. ڕەنگە چاککرابێتەوە، بەڵام نەگۆڕاوە".

هەزارو نۆسەدو پەنجاو پێنج... نزیکەی پەنجا ساڵ فەرامۆشکردن.

گاری فۆلگەر، کە یەکێك بوو لە ڕاوێژکارەکانی وەزارەتی نەوت لەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان ئەوەی کە خەشب ووتی ئەم ڕوونکردەوەو ووتی،" بەشێوەیەکی ئاسایی پێویستە توانای پاڵاوتن بە بەردەوامی بەرزبکرێتەوە بۆ ئەوەی لەبەرهەمهێناندا پێش بکەوێت. بەڵام بەعسییەکان تەنها بۆ کاتی پێویست نەبێت وەبەرهێنانیان ئەنجام نەداوە، واتە هەر لە خۆماڵیکردنی نەوتی عێراقەوە هەتا ئێستا هیچ وەبەرهێنانێك ئەنجام نەدراوە".

پاڵاوگەکان کەمتر لەووزەی خۆیان و زۆر کەمتر لە خواست کاریان دەکرد، ئەمەش ڕاڤەی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەمڕۆ دەیبینین لە بەرهەمەکانی پاڵاوتن- بەنزین و گازو کیرۆسین. کارکردنی بەردەوامی ئەم ئامێرانەش بۆ چەندین دەیە دوای کۆتایی هاتنی تەمەنی بەسودی خۆیان ئاماژەیەکە لەسەر کارامەیی ئەندازەیی و هەڵاوێردەیی خەشەب و ئەو کرێکارە عێراقیانەی لەگەڵیدا کاریان دەکرد.

ئەوان زیاتر لە کارامەیی هونەریی خاوەن لێهاتوویەکی تریش بوون. خەشەب کاتێك باسی ئەو شەو و ڕۆژە سەختانەی ناوەڕاستی مانگی نیسان/ ئەپریلی دەکرد زەردەخەیەك گرتی، کاتێك کەوا تالانچییەکان ویستویانە هێرش بکەنە سەر پاڵاوگەکان، بۆ گەڕان بەدوای وایەرو و بۆریی و دۆزینەوەی کەرەستەی ئەلەکتۆنی بەنرخدا.

بەشانازییەوە ووتی، " چەکی کلاشنکۆفم بەسەر کرێکارەکانمدا دابەشکرد. پێکەوە بەرگریمان کرد لە پاڵاوگەکان تا سەربازەکانی ئێوە هاتن. سێ شەو و سێ ڕۆژ تامی خواردنمان نەکرد". گاری ڕوونیکردەوە، " کاتێك کەتیبەی ١٠١ی گەرۆك پاراستنی ئەم پاڵاوگەیانەیان پێسپێرا بینیان پاڵاوگەکان سەلامەتن".

بە خەشەبم ووت، " تۆ پیاوێکی ئازایت".

بەڵام ئێمە پێویستمان بە زیاتر لەم ئازایەتیە سەرسەختانەیە. پیشەسازیی نەوت وەك خوێنی ئابووریی عێراق وایە. ئابووریش دەمرێت ئەگەر نەوت دەرنەهێنرێت. عێراق خاوەنی دووەم مەزنترین یەدەگی

نەوتی لێ دڵنیابۆوەبە لەجیهاندا، نزیکەی ١١٢ ملیار بەرمیل. بەڵام لەکاتی حوکمی صەدامدا، پیشەسازیی نەوت، وەك هەموو پیشەسازییەکانی تر، بەهۆی دابەزینی وەبەرهێنانی یەکینەوە نالأندی. ئەوپەری وەبەرهێنان گەیشتە نزیکەی ٥,٢ ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا پێش دەستپێکردنی جەنگ. کاتی رزگارکردنیش، بەشێوەیەکی بنەڕەتیی بەرهەمهێنان وەستا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە کرێکارەکان دەترسان لەوەی بچن بۆ سەر کارەکانیان. کاتێك من گەیشتم عێراق هیچ بڕێك لەنەوتی هەناردە نەدەکرد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو وڵاتەی کە دەبێت من بیبەم بەڕێوە گرفتی لە نەبوونی داهاتەکاندا هەیە- نەك خەرجیەکان.

شوێنی پیشەسازیی تر هەبوون کە فەوتابوون، وەك لەو سەردانە پێشوەختەمەدا بۆ کارگەی چنینی حللە بۆم دەرکەوت، ئەوەش بەهۆی خراپی کارگێڕیی رژێمی صەدام و، کەمیی وەبەرهێنانەکان و، تیۆری ئابوریی سۆشیالیستی ناکردارییەوە بوو.

قوماشە چنراوەکان جۆری خراپ و بێ کەڵك بوون، پەرەسێلکە بەنێو پەنجەرە شکاوەکاندا هاتوچۆیان دەکرد بۆ ناو ژووری رستنەکان بۆ ئەوەی بەپەنای پایەکانەوە هێلانەی قوڕین دروست بکەن.

بەڕێوەبەرەکە پۆزشی هێنابەوەو ووتی، " تەنها هەندێك جێکەنەی شیکردنەوەی لۆکەو ئامێری رستن و چنینمان هەیە".

یەکێك لەو تابلۆیانەی کەلەسەر یەکێك لەجێکەنەکان داکوترابوو ئەوەی دەردەخست کەلە شەفیلدی بەریتانیا، ساڵی ١٩٦٣ دروستکراوە، هەروەها دیاربوو زۆربەی ئامێرەکان بەهۆی لەحیمکردنەوە یان لکاندنی پلێت پێیانەوە بە برغو چاککرابوونەوە. بەڵام ئامێرە کۆنەکان گرفتە مەترسیدارەکە نەبوون لەکارگەکەدا، بەڵکو ئەوە بوو کە ئەوەی کارگەکە بەرهەمی دەهێنێت کەس نایەوێت.

بەڕێوەبەرەکە رونیکردەوە، " ئێمە قوماشێکی لۆکەی سپی ئاست نزم و مامناوەند بەرهەم دەهێنین. بەڵام خەڵك پۆلیستەری بریقەداریان دەوێت بۆ تەنورەو عەزیزیی و چاکەت و کراس و دەسماڵ".

پرسیم، " ئایا ناتوانیت پۆلیستەر بکرێت"؟

پیاوەکە شانی هەڵتەکاند، " پێش چەند ساڵێك ئەوەمان کرد. سەرکەوتوو بووین لە فرۆشتنی بەرهەمەکەماندا. بەڵام حکومەت فەرمانی نوێی دەرکرد".

وەزارەتی پیشەسازیی، خاوەن کارگەکەی ناچار کردبوو، کە قوماشی لۆکە بەرهەم بهێنێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە حکومەتی بەعسی پرۆژەیەکی لۆکەی لەباکور بونیاد نابوو، بەڵام دواتر ئەو لۆکەیەی بەرهەم هاتبوو جۆرەکەی خراپ بوو. بەشوێنکەوتنی لۆژیکی سۆشیالیستی

کاولکەر، کارگەی رستن و چنینی حیللە ناچار کرابوو ئەو جۆرە لۆکەیە بەنرخێك بکڕێتەوە بەرزتر لەنرخی جیهانی هەروەها داوای لێکرابوو پێشەکی بەشی سێ ساڵ لە لۆکە بکڕێت لەبەرئەوە کارگەکە کەوتبووە ناو کارێکی هەڵەوەو کەوتبووە ژێر باری قەرزێکی زۆری بانکی دەوڵەتەوە کەداوای لێکرابوو قەرزێك پێشکەش بکات کە ناتوانرێت بدرێتەوە. هەموو هەڵەیەکیش سەری کێشابوو بۆ هەڵەیەکی تر.

ئەو کاتەی کە ئۆتۆمبیلەکەمان بەناو ڕێگاکەدا بەناراستەی باکور ملی دەنا بیرم لە پاڵاوگەکانی دۆرەو کارگەی ڕستنی حللە دەکردەوە. لە گۆشە نیگای ئابورییەوە پێویستە لەسەرمان واز لەم پرۆژە حکومییە ڕاوەستاوانە بێنین بۆ ئەوەی نقوم بین. بەڵام ئەوان نیو ملیۆن عێراقی بەکاردەهێنن و بێکاریش لەسەرو ٥٠٪ وەیە.

ئەو جەنگەی کە صەدامی ڕوخاند زیانێکی کەمی بەژێرخانی ئابوریی گەیاندبوو، بەڵام نابێت ئەوە بوترێت لەبارەی فەمانڕەوایەتی بەعسیەوە. بەهۆی خراپی کارگێڕیی و دزینی ڕاشکاوانەوە ئابوریی وڵات لەماوەی سی و پێنج ساڵی ڕابردوودا پەکی کەوتبوو، جگە لە دەیەیەك لە سزاکان. بۆیە پێویستە لەسەرمان بەخێرایی بجولێین بۆ لابردنی ئەو سزایانەو، دەستکردن بە پرۆسەی چاکسازیی ماوە درێژ.

پێش ئەوەی صەدام عێراق وێران بکات، ئەم وڵاتە یەکێك بوو لە سەرکەوتوترین ئابوریەکانی لەناوچەکەدا. لەسەرەتای حەفتاکاندا داهاتەکانی نەوتی گەیشتبووە ٧٥ملیار دۆلار (بەنرخەکانی دۆلار ساڵی ٢٠٠٣). پشکی تاك لە داهاتی نەتەوەیشدا لەساڵی ١٩٨٠دا لە لوتکەکەیدا گەیشتبووە زیاتر لە ٧,٠٠٠ دۆلار، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندن بەخۆڕایی بوو چاودێری پزیشکیش پشتیوانی لێکراوە بوو، ئەمە وایکردبوو عێراق وڵاتێکی خاوەن داهاتێکی مامناوەندو خاوەن ڕۆژ بێت. بەڵام لەماوەی بیست ساڵی دواتردا، صەدام و دەستوپێوەندەکانی هەڵیانکوتایە سەر ئابوریی عێراق و جێی ئاوەندو لەناویان برد. صەدام سامانەکانی عێراقی لەجەنگە خوێناوییەکانی دژ جەنگی ئێراندا، لەدروستکردنی کۆشکەکانی لەتەنیشت فوراتەوە کەهاوشێوەی قەڵاکانی بابلن لەناوبرد.

لەسەرەتاکانی حوزەیران/ یۆنیۆدا، گەورە ڕاوێژکارە ئابوریە نوێیەکانمان، ماکفیرسۆن کە جێگری وەزیری خەزێنەو پێشتریش بەرێوەبەری ئاژانسی ئەمریکیە بووە بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و سەرۆکی مولەتدراوی زانکۆی ویلایەتی مەشیگان، ئەو تەحەدایانەی کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە بەمشێوەیە کورت و پوختیان کردبۆوە: " سستمی کارەبایی لەخوار ئاستی پێوانەییەوەیە و پەراوێزیی و پڕ لەهەڵەیە" ناتوانرێت پشت بە ئاو ببەسترێت لەیەکێك لە بە پیت ترین ناوچەکانی



Scanned with CamSc

جیهاندا" سستەمی تەندروستی پەڵەیەکی شورەییە" سستەمی پەیوەندییەکان و گەیاندن لەجۆرەکانی جیهانی چوارەمن. بەگشتی، جۆری ئەو ژێرخانە ئابورییەی عێراق خراپترە لەو وڵاتانەی تر کە لەئیدارەی ئینتیقالیدا سەرکەوتوو بوون ".

لەو کاتەدا کە هەواڵە خراپەکان کەڵەکە دەبوون، شەوێك بە کلایم ڕاگەیاند ئێمە ڕووبەڕووی قەیرانێك دەبینەوە لەمەترسیەکیدا هاوشێوەی ئەو مەترسیەیە کە ئەمریکا لەکاتی وەستانە ئابورییە مەزنەکەدا تێی کەوت.

بەیانیەك پیتەر هاتە ناو نوسینگەکەمەوە هەندێك کاغەزی هەڵگرتبوو، گروپەکەی ماوەی چەند ڕۆژێك بوو وەزارەتی داراییان دەپشکنی بۆ گەڕان بەدوای ژمارەکانی بودجەدا دواجار هەندێك زانیاری بەسوودیان دۆزیبوەوە. ڕاپۆرتێکی چاپکراوی نیشاندام لەوەی دەخستەڕوو کە بەعسیەکان بەدرێژایی سێ دەیەی ڕابردوو تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتیان بۆ هێزە سەربازییەکان ڕەوانە کردووە.

ئەو سستەمە ئابورییەی کە حزبی بەعس تەبەنی کردبوو کۆدەبێتەوە لەنێوان خراپترین ئەوەی کەڵەسۆشیالیزمی باوەڕ بوو بەتۆباوییەت بەئاراستەکردنی بیرۆکراتی و ئەو پرۆژانەی کە دەوڵەت خاوەنیانە و- لەو گەندەڵییەی کە سستەمە ناکرەوەکان پێی دەناسرێنەوە. ئەنجامەکەشی بریتیە لەخراپ بەکارهێنانی دەرامەتە سەرمایەدارییە عێراقیەکان بەشێوەیەکی بەردەوام و سەرسوڕهێنەر. لەبەرئەوە عێراقی نوێ پێویستی بە ئابوریەکی نوێ هەیە.

ووتم، " پیتەر تۆ پەروەرشتیاری. ئایا پێت وایە بتوانین عێراقییە کاریگەرەکان لەم بوارەدا فێری بنەماکانی ئابوریی بازاڕی ئازادیان بکەین"؟

" بەدڵنیاییەوە دەتوانین هەوڵی ئەوە بدەین".

بەوشێوەیە دوو مانگ دەستی پێکرد لە سیمینارە ئابورییەکان کە ئێوارانی دوو شەممان دەبەستزا، کە ئاوبانگێکی گەورەی دروست کرد لەناوەندەکانی ئەو کارمەندانەدا کە لەوەزارەتەکان و " کەرتی تایبەتیدا کاردەکەن" عێراق ساواو، سەرکردە سیاسیە لاوە جێی هیواکان. من ئومێدواربووم ئەم دانیشتانە پەرەبسێنن بۆ جۆرێك لە ئەنجومەنی ڕاوێژەکارە ئابورییەکان بۆ ئەو حکومەتە کاتییەی کە دەمانەوێت پێکی بهێنین.

لەیەکێك لە کۆنگرە ئابوریە بەراییەکاندا، ژمارەیەکی زۆر لەئامادەبووان لە سەنتەری کۆنگرەکان لەدەوری مێزە لاکێشەییەکە کۆبووبونەوە، لەدووری میلێك لەکۆشکەکەوە. پیتەر، وەك سەرۆکی زانکۆیەکی ئەمریکی بەناوبانگ سەرنجی عێراقیەکانی ڕاکێشا ئەویش ئەو کاتەی کە دەستیکرد بە باسکردنی ووردەکاریە خەمهێنەرەکان و، ئەو زانیاریانەی کە لەپێش پرۆسەی

ئازادییەوە بە تهێنییەك لەنهێنیەکانی دەوڵەت دادەنران.

پیتەر ووتی،" پێویستە لەسەرمان دەرك بەرادەی خراپی رەوشەکە بکەین بۆ ئەوەی بتوانین رێگە
لەبەردەمماندا سازو ئامادە بکەین".

ئاماژەی بەوە کرد کە لەنەوەدەکاندا پشکی تاك لەخەرجکردنەکاندا بۆ چاودێری تەندروستی لە
١٧ دۆلارەوە دابەزیوە بۆ ٥٠ سەنت. هەروەك چۆن نیوەی کۆمپانیاو دامەزراوە تەندروستیە
بەراییەکانی ئەم وڵاتە لەو دەیەیەدا داخراون. رێژەی مردن لەعێراق، پێنج بەرامبەری رێژەی مردن
لەچاو وڵاتێکی وەك عەرەبستانی سعودیەی دراوسێدا بەرزبۆتەوە. تەمەنی پێشبینیکراو لەعێراق
دابەزیوە بۆ ٦١ ساڵ، بە بەراوورد بە بەرزبوونەوەی مامناوەندیی هەرێمی بۆ ٦٧ ساڵ.

پیتر ووتیشی، "رەوشی فێرکردنیش لەمانە باشتر نەبووە. بەپێی یونسێف، لە ٨٠٪ی قوتابخانەکانی
عێراق کە ژمارەیان ٢٥،٠٠٠ قوتابخانەیە لەرەوشێکی نالەباردان و، بەلانی کەمەوە نیوەیان
پێویستان بەوە هەیە سەرلەنوێ بونیاد بنرێنەوە".

قوتابخانەکان بەدەست قەرەباڵغی بەردەوامەوە دەناڵێنن، هەندێك جار نزیکەی ١٨٠ قوتابی
لەپۆلێکدا کۆدەکرێنەوە. بەشێوەیەکی مامناوەندیی هەر شەش خوێندکار یەك کتێبیان
بەردەکەوێت.

هاوکات ئاماژەی بەوەشکرد، " لێرەدا لەوڵاتی نێوان دوو روباری کۆندا قەیرانێکی ئاویی هەیە".
سەرکۆنەکردنیش لەمەدا، وەك لەبوارەکانی تریشدا، دەکەوێتە سەر خراپی بەڕێوەبردن و
کارگێڕی. ئەو پسپۆڕانەی کەلەگەڵ پیتەردا کاردەکەن و هاوتا عێراقییەکانیان ئەوەیان
خەمڵاندووە کە زیاتر لەنیوەی ئەو ئاوەی کە بۆ ناو بۆرییەکانی دابەشکردن رەوانە دەکرێت
بەهۆی کۆن بوون و شڕی بۆریەکانەوە بەفیڕۆ دەچێت، هەندێك لەو بۆریانە چل ساڵ بەسەر
تەمەنیاندا تێپەڕیوە. هەر بۆیە لەنەوەدەکاندا فەراهەمکردنی ئاوی خواردنەوە لەبەغدا بۆ ٦٠٪
دابەزی.

لەو کاتەی هێزەکانی هاوپەیمانان هاتن نیوەی کارگەکانی چارەسەرکردنی ئاو لەبەصرە کاریان
نەدەکرد. سستمەکانی ئاوەڕۆی داخراویش تەنها خزمەتی ٢٠٪ی دانیشتوانی عێراقی دەکرد،
زۆربەیان لەبەغداد بوون، هیچ یەکێك لەسێ کارگەکانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ لەبەغدا کاریان
نەدەکرد- وێڕای ئەوەی هیچ یەکێك لەو کارگانە بەهۆی جەنگەوە زیانیان پێنەگەیشتبوو. ئەم
کارگانە گرفتی کەمی پارەپێدانیان هەبوو لەلایەن حکومەتەوەو دوای ئەوەش تاڵانکران.
ژمارەیەك لەعێراقیەکان کەلەدەوری مێزەکە بوون بەشێوەیەکی تووڕە بوتڵی ئاوەکانیان
بەپەنجەکانیان دەگوشی.



Scanned with CamSc

لەیەکێك لەسیمینارەکانی ئێوارەی دوو شەممەدا، دەیڤد ئۆلیڤەر، بەڕێوەبەری کارگێڕیی بودجە لەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان، بڕێکی زیاتر لەهەواڵە بەسوێکانی پێشکەش کرد.

" زۆربەی ئەو پرۆژانەی کەوڵات دەیانبات بەڕێوەو ژمارەیان ۱۹۲ پرۆژەیە، بەشێوەیەکی زەرەرهێن دەبرێن بەڕێوە کە ساڵانە نزیکەی ملیارێك دۆلار لەسەر حکومەت دەکەوێت. ناکرێت حسابی ئەو تێچوونە ناڕاستەخۆیانەش بکرێت کەبەهۆی تەرخانکردنی ناچالاکانەی سەرمایەو کارگەرەوە دروست دەبن".

دوای ئەوەی بەشداربووەکان لەوە گەیشتن، دەیڤد گورزە کوشندەکەی وەشاندو ووتی ، " سیستمی بانکی موفلیسە".

ئەو شەش بانکەی حکومەت خاوەنیان بوو بەپێی ڕاسپاردەی سیاسی قەرزی دەدا؟ ئەوەش " سەرمایەداریی" حسابگرە باوەکانی لێکۆڵەرەوانی یەکێتی سۆڤیەت بوو. ڕێژای بوونی نزیکەی دوانزە بانکی تایبەتیش، ئەوا ئەوانە وەك صندوقی دڵنیایی خێزانی دادەنران زیاتر لەوەی کە دامەزراوەی دارایی دروست بن. لەکاتی ڕزگاربشدا، سیستمی بانکی بەتەواوەتی داخرا، لەناویشیاندا بانکی ناوەندیی.

دەیڤد بەردەوام بوو. " لەبەرئەوەش ئێمە هەروەها ڕووبەڕووی قەیرانی نەبوونی سیولەی نەختی دەبینەوە:چۆن دەتوانین پارە بدەینە گەلی عێراقی بۆ ئەوەی پێنچکەی ئابوری بخەینەوە گەڕ"؟

لەیەکێك لەڕۆژەکاندا دوای گەڕانەوەم لەسەردانی یەکێك لە قوتابخانەکانی بەغدا، داوام لە فیل کارولی گەورە ڕاوێژکاری وەزارەتی نەوت کرد کە تازە گەیشتبوو، بۆ ئەوەی سەردانی نوسینگەکەم بکات. فیل پیاوێکی درێژو سەر ڕووت بوو بە شێوەزاری تەکساسی قسەی دەکرد، بەڕێوەبەرێکی بەرێزو خانەنشین بوو لەکۆمپانیای دەرهێنانی نەوت، وام لێهات زۆر پشتم پێدەبەست بۆ ئەوەی ئامۆژگاریی لێوەربگرم سەبارەت بە کەرتی ئۆرگانیی نەوت.

ووتم، " لەکاتی گەڕانەوەم بۆ کۆشك ئەم بەیانییە، تێبینی زیادبوونی ریزی وەرگرتنی بەنزینم کرد فیل".

وەڵامی دایەوە، " بەڵێ ئەوەش شتێکی کتوپڕ نیە. ئێمە ڕووبەڕووی گرفتی بەرهەم هێنانی بڕی پێویست لە بەنزین بوینەتەوە لەپاڵاوگەکاندا. لەدوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراقیشەوە ڕێژەیەکی زۆر لەئۆتۆمبیل دێنە ناو وڵاتەوە. نرخی بەنزینیش گەیشتۆتە (پێنج سەنت) بۆ هەر گالۆنێك".

ووتم، " بەپێی بڕیاردەری بەرایی لەئابوریدا پشتیوانیکردنی زۆر چالاکیەکان دەشێوێنێت ".

وەڵامیدایەوە، " بەڵێ وایە، بەڵام گرفتەکە لەو خراپترە. ئایا دەزانیت نرخی لیترێك بەنزین



Scanned with CamSc

لەتورکیا چل هێندەی نرخەکەیەتی لێرە؟ مەسەلەکەش زۆر خراپترە بەنسبەت جۆرەکانی تری سوتەمەنیەوە. نرخی گازی چێشت لێنان بەرزدەبێتەوە بۆ ١٥٠ هێندە لەدواهەمین هێڵدا لەسوریا. لەبەرئەوە ئێمە هەروەها گرفتی دزین و ئەودیوکردنمان هەیە. ئەوەش بەملیارات دۆلار زیانمان پێدەگەیەنێت".

ووتم، " پێویستە لەسەرمان شتێك بکەین. ناتوانین دابنیشین لێرەدا و سەیری ئەودیوکردنی ئەو مادەیە بکەین ئەمە لەکاتێکدا عێراقیەکان ریز بگرن بۆ ئەوەی بەنزینیان دەست بکەوێت".

داوام لە هێزە سەربازیەکان کرد رێنومایی پێشکەش بکەن سەبارەت بەمامەڵەکردن لەگەڵ گرفتی ئەودیوکردندا.

پشتگیری نرخەکان بەتەواوەتی پەرت و بڵاوە لە ئابوریدا. لەیەکێك لە کۆبونەوەکانی سەرلەبەیانیاندا ماکفیرسون سەرنجی راکێشام بۆ یەکێك لەروخێنەرترین نمونەکان، پێمر بۆی رونکردمەوە، " عێراقیەکان نرخێکی هێمایی دەدەن بە کارەبا). هەروەك چۆن پیشەسازی عێراقی لەبەرامبەر ووزەدا تێچونێکی نا ئابوریانەیان دەدا. بۆ نمونە، کارگەکانی چیمەنتۆ کە دەکرێت بڵێین لەبری ئەو کارەبایەی بەکاریان دەبرد هیچ پارەیەکیان نەدەدا ".

رێگە بەکارگەکانیش درابوو لەبەرامبەر چیمەنتۆدا داوای نرخێکی نزمتر لە نرخی بازار بکەن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پیشەسازی بیناسازی لەسەر گریمانەیەکی ساختە دەوەستێت بەدابەزینی تێچوونی کەرەستەکان. ئەمجۆرە سەوداو مامەڵانە هەمرو چالاکییە ئابوریەکانی گرتبۆوە.

یەکێك لەو ئابوریناسانە کەلەگەڵ پێمردا کاردەکەن ئاماژەی بەوە کرد، " بانکی نێودەوڵەتی تێچونەکانی ووزە بە ٥ ملیار دۆلار دەخەمڵێنێت لەساڵێکدا".

بەڵکو هەواڵی خراپتر لەمەش هەبوو. لەساڵی ١٩٩٥وە، سەدام پەیرەوی لەسستمی پێدانی پسولەی خۆراك کردبوو. سەرۆکی هەمرو خێزانێك پسولەیەکی خۆراکی پێدابوو بۆ وەرگرتنی "برە خۆراکێك"ی مانگانە کەلەهەموو ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا لەرێگەی چوار هەزار بایەعەوە دابەش دەکرا.

دوای کۆبونەوە لەگەڵ دەستەی کارمەنداندا پێمر پێی راگەیاندم، " نەتەوە یەکگرتووەکان پێی وایە زیاتر لە نیوەی گەلی عێراق پشت بەو بەشە خۆراکە مانگانەیە دەبەستێت. بەڵام هەروەها بازاڕی خۆڵەمێشی چالاکیش هەیە لەفرۆشتن و کڕینی شتومەکدا، لەبەرئەوە کێ دەزانێ؟ پشتگیری خۆراکیندان لەلایەن حکومەتەوە- واتە ئێمە لەئێستادا- ساڵانە ٣ ملیار دۆلارمان لەسەر دەکەوێت". واتە کۆی ئەو پارەیەی کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێت ٦٥ بۆ ٧٠ لەسەدی دەرامەتەکانی دەوڵەت قووت دەدات.

هەروەها پشکەکانی برنج و ئاردو پاقلەمەنی و ڕۆن چالاکی ئابووری دەشێوێنن. بەتەنها وەزارەتی بازرگانی مالی هێنانەناوەوەی بەرهەمە خۆراکیەکانی هەیە کە مانگانە دەدرێتە هاولاتیان. وەزارەتیش ٣٦ سایلۆی هەیە بۆ زەخیرەکردنی برنج و گەنم و، سێ هەزار ئۆتۆمبیلی بارهەلگریشی هەیە بۆ دابەشکردنی شتومەکەکان. هەموو ئەوەش شکست بەخواستی داواکردنی کشتوکالی ناوخۆیی دێنێت و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم چالاکیەکانی زەخیرەکردن لەکەرتی تایبەتدا. بۆ هێشتنەوەی کشتیارەکانیش- کە زۆربەیان لەشیعەن- لە کێلگەکانیاندا، حکومەت پەنای بردبوو بۆ پێدانی هاوکاریەکی زیاتر پێیان، بەفرۆشتنی تۆ و پەین و دەرمانی لەناوبردنی مێروو پێیان بەچارەکی نرخی تێچوونی ڕاستەقینەیان.

دوای نیوەڕۆی یەکێك لەڕۆژە پڕ لەکارەکانمان لەکۆتاییەکانی ئایار/مایۆدا، کۆبوونەوەیەك سەبارەت بە بودجە لەگەڵ دەیڤید ئۆلیڤەردا زیاتر لەکاتژمێرێکی خایاند، کە من تەنها پانزە خولەك کاتم بۆ دیاریکردبوو.

بۆی ڕوونکردمەوە، " ئامادەکردنی بودجەی ناوەندیی پێشەروبەرەیە چونکە بەعسیەکان ڕێوشوێنە داراییە باوەکانیان لەناوبردووە". هێلکاریەکی لەسەر مێزە مەڕمەڕەکە بلاوکردەوە بۆ ڕوونکردنەوەی خالەکەی دواتر: " دەتوانین بلێین تەنها ٨٪ی تێچوونەکانی حکومەت لەڕێگەی وەزارەتی داراییەوە ئاراستە دەکرێن".

وتم، " ئەوە شتێیە. ئەی باقی خەرجکردنەکان بۆ کوێ دەڕۆن"؟

" وا دیارە زۆرینەی هەرە زۆری خەرجیە حکومیەکان توسیگەی جۆراوجۆری پەیوەست بەسەرۆکایەتیەوە تەحەکومیان پێوە کردووە... هەروەها بە ژمێریارە هەلبژێردراوەکانی صەدام. هەروەها بودجە نهێنییەك بووە لەنهێنیەکانی دەولەت لەسەردەمی صەدامدا- لەمەشدا وەك ڕوسەکانیان کردووە. ناتوانین تۆماری سودبەخشیش لەبارەی ئەم تێچوونە زەبەلاحانەوە لەدەرەوەی بودجەوە بدۆزینەوە".

دوای نیوەڕۆی یەکێك لە ڕۆژەکان کاتێك کە لە کاری گروپەکە ئیرادەمام پیتەر ووتی، " صەدام لەبواری ئابوریدا شارەزایی نیە".

کاتێك کە ڕاپۆرتێکی چاپکراوی ترم هەلدەگرتەوە بە گالتەوە پێم ووت، " خەریکە هەست بەوە دەکەم کە ئێوە گەلەکۆمەم لێدەکەن".

بۆ دابینکردنی خەرجیە حکومیەکان، کە لە نەوەدەکاندا خەرجیەکان لە دەرامەتەکان زیاتر بوو، صەدام پەنای دەبرد بۆ چاپکردنی پارە. لەکۆتایی ٢٠٠٢دا، هەلئاوسان گەیشتە سەرو لەسەد ١٠٠,٠٠٠ ڕێژەی بێکاریش گەیشتە ٥٠٪. ئەو هەلئاوسانە لەڕادەبەدەرش گورزێکی توندی



Scanned with CamScanner

وەشاند لەچینەکانی ناوەندو کارمەندە مەدەنییەکان و، بەشێوەیەکی دراماتیکیش نرخی دیناری عێراقی دابەزی.

ووتی، " ئێمە زۆر پێویستمان بەوە هەیە پارە بخەینە دەستی عێراقییە ئاساییەکانەوە بۆ ئەوەی پێچکەی ئابوری بجوڵێنین".

ئەو ڕاستی دەکرد. بەڵام پرسیارەکە ئەوەبە چۆن دەتوانین بەو کارە هەستین.

ئەوە کارێکی ئاڵۆز بوو چونکە تواناکانی دانانی بودجەکان لە وەزارەتە عێراقیەکاندا زۆر سنووردار بوو، هیچ سستمێکی بانکیش نەبوو بۆ دابەشکردنی پارەکان. لەبەرئەوە لەسەرەتاوە جەختمان لە کارمەندە حکومییەکان کردەوە، کەسانێك وەك ئەو کارمەندانەی کەلە نەخۆشخانەی منداڵان کاریان دەکرد. خەملاندمان کە نزیکەی ١,٥ ملیۆن کارمەندی حکومیی هەیە کەلەناوەڕاستی مانگی ئازار/ مارسەوە موچەیان پێنەدراوە. هەروەها ئێمە زۆر پێویستمان بەوە هەبوو کە پارە بگەیەنینە سەدان هەزار عێراقی کە خانەنشین کرابوون و ماوەی چەند مانگێك بوو هیچیان وەرنەگرتبوو.

لەکاتێکدا کە پەنەرو هاورێکانی لە لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکەدا قووڵ دەبونەوە، سستمێکی زۆر پێسەروبەرەیی پێدانی مووچەی فەرمانبەرە مەدەنییەکانیان دۆزییەوە. هەموو ڕێکخستێك کە هەبوو لە پلەبەندیی مووچەکاندا بەدرێژایی ساڵان لەرێگەی تۆڕێك لەرێکەوتنەکانی پێدانی تایبەتی هاوتەریب لەگەڵ مووچە حکومییە فەرمییەکان تێکدرابوو. ئەوانەش زۆرجار بریتیی بوون لە (پاداشتەکان) لەبەرامبەر ئەنجامدانی کارەکان و، هەندێکیشیان پاداشت بوون بۆ پارمەتیی دانی گەورە بەعسیەکان. هەندێکیشان بەرتیلی دەمامکداربوون بەدەمامکی کرێیدان.

ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی ناتوانین مووچەکان دوابخەین هەتا سستمێکی شیاو بۆ پێدانی کرێکان دادەنێین. پێویستە بوو لەسەرمان خێرا بکەین. بۆیە داوام لێکردن پلانێکی سادەم بۆ بێنن بۆ ئەوەی بەخێرایی دەست بکرێت بە پێدانی مووچەی فەرمانبەرە حکومییەکان هاوکاتیش لەگەڵ عێراقیەکاندا کار بکەین بۆ دانانی سستمێکی وردو هەستیار بۆ مووچەکان. لە ١٨ ئایار/ مایۆ، ڕەزامەندیم دەربڕی لەسەر پێدانێکی ساناکراو کەپێکهاتبوو لە چوار پلە بۆ ملیۆنان فەرمانبەری مەدەنیی. موچەی خانەنشینانیشم بەرزکردەوە بۆ ٢٠ دۆلار، کە پێشتر برە مووچەیەکیان پێدەدرا بەرامبەر بوو بە ٢ دۆلاری ئەمریکی.

ووتم، ئەمە چارەسەرێکی کاتیی و ئامادەیە. بەڵام باشترە لەوەی هیچ شتێك نەکەین و ئەو خەڵکەش نەدارو بێ پارەو بەتاڵ بن".

گۆڕانکاریەکمان کرد لە پلەبەندی مووچەکاندا بۆ ئەوەی دوو پلەکەی خوارەوە هەندێك

مووچەکانیان بەرز بکەینەوەو پلەکانی سەرەوەش کەمێك لەمووچەکانمان کەمکردنەوە. بەمەش مووچەی مانگانەمان بەتێکڕایی گەیشتە ۱۷۰ ملیۆن دۆلار. ئەوەش هانی بەکاربردن دەدات. هەر لەو ماوەیەشدا بە بەشداریی پسپۆرە عێراقییەکان و بیانیەکان دەستمان کرد بەلێکۆڵینەوەیەکی پێشەیی خێرا بۆ گەیشتن بە زنجیرەیەکی نوێ ی فرەپلە بۆ مووچەی فەرمانبەران.

دەیڤید ئاگاداری کردمەوە و ووتی، " پێدانی مووچەکانیش کارێکی ئاسان نابێت".

مەسەلەکەش هەر بەو شێوەیە بوو کە ئەو ووتی.

• • •

پێویستمان بە تۆماری فەرمانبەرەکان بوو، کەئەوەیش لەهەندێك لەوەزارەتەکاندا زەحمەت بوو دەسکەوتنیان و ، لەهەندێك لەوەزارەتەکانی تریشدا نەبوو، زۆربەشیان زیادکرابوون. پێویستە مووچەکان بەپارەی نەخت بدرێن، بەڵام لەبەرئەوەی دیناری عێراقی کەم بوو، ناچار بووین موچەکان بە دۆلاری ئەمریکی بدەین. هاوکات پێویست بوو لەسەرمان ئاسایش بۆ سەدان ملیۆن دۆلار دابین بکەین و لەهەموو ناوچەکانی وڵاتدا دابەشی بکەین کەهەندێکیان بەهۆی چالاکیی تیرۆریستی و تاونکارەکانەوە هێشتا نائارام بوون. لە ۲٤ ئایار/ مایۆدا، بەپاسەوانیکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان یەکەم مووچەمان دا بە فەرمانبەرە حکومییەکان.

کۆششی دواتریشمان بریتی بوو لە چالاککردنی ئابوریی کە تەواوکردنی ئەو ڕێکەوتنە بوو کە من بۆمە میانگیری لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ کڕینی بەرهەمی دانەوێڵە. بەکرداریش دروێنەی گەنم لەباشور دەستی پێکرد، ئەگەر بەخێراییش دەست بەکار نەبین ئەوا ڕووبەڕووی جوتیارەکان دەبینەوە کە زۆربەیان شیعەن.

کاتێك لەگەڵ گروپەکەیدا کۆبورمەوە رۆبین ڕالف ووتی، " دوای ئەوەی هەندێك لەپارەکانی عێراقمان لای نەتەوە یەکگرتووەکان ئازاد کرد، ئەوا ئێمە ڕاسپاردە دەدەین نرخی یەك تەن بۆ ۱۰۵ دۆلار بەرزبکرێتەوە".

پێم ووتن، " با ئەوە ئەنجام بدەین".

جارێکی تر کڕینەوە بەو نرخە بواری ئەوەمان دەداتێ ۱۵۰ ملیۆن دۆلاری تر بخەینە ئابورییەوەو دواتر دەست بکەین بە جوڵان بەرەو نرخەکانی بازاڕ.

لەو ماوەیەدا من بەدوای ڕێگەی تردا دەگەڕام بۆ چالاککردنی ئابوریی. بەڵام هەواڵە ئابوریە خراپەکان کە دواتر دەهاتن لە ۳۱ ئایار/ مایۆدا ئاچاریان کردم سروشتە ئابوریە پارێزکەرەکەم بخەمە لاوە. داوام لە گروپی ماکفیرسۆن کرد پرۆژەکانی پێدان (بەخشین) بێنن " لەجۆری پرۆژەکانی بەڕێوەبردنی پرۆژەی کارەکان" . هێندەی پێ نەچوو بە بەهای ۱۰۰ ملیۆن دۆلار



Scanned with CamSc

بەرنامەیەکی چالاککردنی گەورەمان ڕاگەیاند لەبەرنامەکانی کارە گشتییە کتوپڕەکاندا.

لەهەفتەکانی دواتردا، وەزیری ئاودێری بەوەکالەت محمد زاری شبلی و جین ستاخیفی گەورە ڕاوێژکاری دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان پلانێکیان دانا بۆ سەرلەنوێ سازکردنەوەی سستمی کەنالە ئاوییەکان لەناوچە شیعەکانی باشورداو فەراهەمکردنی کار بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە. هەروەها بەرنامەکە نیازباشی و پارە لەو شوێنانەدا بلاودەکاتەوە کەسەربازە مۆڵەتدراوە بێکارەکان زۆر زۆر پێویستیان پێیەتی- ئەوەش لەجۆری ئەو پرۆسە مەدەنیانەیە کە نوسینگەی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەو یارمەتە مرۆییەکان وێنای کردبوو.

ئەو تۆڕە جۆگەیانەی کە روباری دیجلەو فوراتیان بەیەکەوە دەبەستەوە لەڕەوشێکی زۆر خراپدا بوون چونکە صەدام کارکردنی لەو جۆگانەدا قەدەغە کردبوو، ئەمەش وەك یەکێك لەو سزا درندانە زۆرانەی کە لەنەوەدەکاندا سەپاندبووی بەسەر شیعەکانداو، هێندەی نەبردبوو لیتە پڕی کردبوونەوە. ئەو خاکە لیتەییە بەپیتە زۆربەی گۆڕابوو بۆ بیابان. کاتێکیش سەردانی وەزارەتی ئاودێریم کرد، جین و وەزیر پێیان ڕاگەیاندم بۆ " پاکردنەوەی ئەو جۆگانە بە پاچ و خاکەناز"دەتوانن " دەیان هەزار پیاو" بخەنە کارەوە.

جین ووتی، " ئێمە پێویستمان بە تەنها ٢٠ ملیۆن دۆلار هەیە بۆ پێدانی مووچە پێیان".

هەستمکرد وەزیر هەناسەکانی بەسران. لەسەردەمی صەدامدا وەزیر داوای پارەی نەدەکرد، بەتایبەتی بۆ بەکارخستنی کرێکارە شیعەکان.

ووتم، " هەستە بەو کارە". بەلام لەکوێ پارەی پێویست پەیدا بکەم.

لەکاتی گەڕانەوە بۆ لای ئۆتۆمبیلەکان، وەزیر ئاماژەی بۆ دوو قەفەصی ئاسنینی ژەنگاوی کرد کەلەناو باخەکەدا بوون. رونیکردەوە بۆم، " وەزیرە بەعسیەکەی پێش من بەرپرسە باخییەکان، یان ئەوانەی کە خۆشی پێنەدەهاتن دەیخستە ناو ئەو قەفەصەوە. ئەو لای صەدام یەکێك بوو لەکەسە باشەکان".

وێنای بکەن ولاتێك وەزیری ئاودێرییەکەی زیندانی تایبەت بەخۆیی هەبێت.

لەماوەی سێ مانگی دواتردا، پرۆژەکە ٢٠,٠٠٠ کیلۆمەتر جۆگەیان پاککردەوەو زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ هەلی کاریان رەخساند- هەروەها بووە یارمەتیدەرێکیش بۆ ئەوەی هاوپەیمانان ڕێزی شیعە میانڕەوەکان بەدەست بێنن.

هەروەها پتەرو ڕاوێژکارە ئابورییەکانی بەرنامەیەکی بەهێزیان دانا بۆ گێڕانەوەی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان لەعێراق بەو پەڕی خێرایی کە بکرێت. ووتیشی ئامانجەکەی ئەوەیە، " پێوەرە پێوانەییەکان بەرز بکاتەوە بۆ سەرو ئەو ئاستانەی کەلەپێش جەنگدا هەبوون". ڕەزامەندیم دەربڕی



Scanned with CamSc

لەسەر بەرزکردنەوەی بەخشین بە چاودێری تەندروستیی بەرێژەی ٣,٢٠٠ ٪، هەروەها مووچەی مانگانەی پزیشکەکانم ٨٠٠٪ بەرزکردەوەو، فەرمانم کرد بەکڕینی ٢٢ ملیۆن جورعەی لوقاح بۆ منالان و دابەشکردنی.

بە گەورە راوێژکارەکان لەدەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانانم راگەیاند پێویستە لەسەرمان کار لەسەر کەمتوانایی بواری فێرکردنیش بکەین. لەبەرئەوە ئامانجێکمان دانا بۆ سەرلەنوێ سازو ئامادەباشکردنەوەی هەزار قوتابخانەو دابەشکردنی زیاتر لە ملیۆنێك دەستە لەگەلوپەلی قوتابخانەکان لەگەڵ هاتنی ٣٠ ئەیلول/ سێپتەمبەردا.

هەروەها مووچەی مامۆستایانمان بەرزکردەوە بۆ ١٥٠ دۆلار لەمانگێکدا، کەپێشتر بڕی مووچەکانیان بەرامبەر بە سێ دۆلاری ئەمریکی بوو. هەروەها دەستمانکرد بە پاککردنەوەی کتێبی خوێندنگاکان و پرۆگرامەکان لە پروپاگەندەی بەعس، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت زیاتر لە پێنج ملیۆن کتێب چاپ بکرێت پێش ئەوەی لە تشرین یەکەم/ ئۆکتۆبەردا قوتابخانەکان بکرێنەوە.

لەو ماوەیەدا، پسپۆڕانی دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان و بەڵێندەرەکانی دەیان پرۆژەیان دیاری کردبوو بۆ چاککردنی سستەمی ئاو و، پەیوەندییەکان و، بەندەرەکان و، کارەبا. پێش جەنگ، عێراق نزیکەی ٤,٠٠٠ میگا وات کارەبای بەرهەم دەهێنا، سەرەڕای ئەوە خواست لەسەر کارەبا بەلانی کەمەوە بە بڕی ٦,٠٠٠ میگا وات دەخەمڵێنرێت. صدام ئەو کورتهێنانەی لەکارەبادا بۆ چەندین ساڵ پەردە پۆش کردبوو ئەویش بەدزینی ووزە لە کەرتەکانی تر بۆ ئەوەی بڕی ١٦-١٨ کاتژمێرە کارەبا رۆژانە بداتە شاری بەغدا. لە یەکەم شەوێشمدا لەبەغدا زانیم کە هەمرو عێراق تەنها بڕی ٣٠٠ میگا وات کارەبا بەرهەم دەهێنێت، واتە ئەو بڕەی کە شارۆچکەیەکی بچووکی ئەمریکا پێویستی پێیەتی.

راوێژکاری کارەبایمان پیتەر جیبسۆن پێشبینی ئەوەیکرد، " لەگەڵ هەندێك چانسدا بتوانین بەهاتنی ٤ ی تەمووز/ یۆلیۆ بەرهەمی کارەبا بۆ دە هێندەی ئێستا بەرزبکەینەوە، راسپاردەی لەوەشدا بەهاتنی ٣٠ ئەیلول / سێپتەمبەر ئامانجی گەیشتن بە ئاستەکانی پێش جەنگ بخەینە پێش چاوی خۆمانەوە".

پێم ووت، " ئەوە بکە. بەلام خەملاندنێك بەتێچوونی پێویست پێشکەش بە ئۆلیڤەر بکە". ئەوەش داوایەکی ترە بۆ پارە.

هەروەها دەستمان بە پەیرەوکردنی سستەمێك کرد بۆ پەخشکردنی ئەو کارەبایەی کە هەیە بەسەر تۆڕی کارەبای نیشتمانیدا ئەویش بۆ گرەنتی دابەشکردنێکی دادپەروەرانە لەنێوان ناوچەکاندا. شەوی چوار شەممە ٤ ی حوزەیران / یۆنیۆ فرۆکەی سەرۆکایەتی لەبنکەی عەدیدی ئاسمانی



Scanned with CamSc

نیشتەوە. بەهاوڕێیەتی باڵیۆزی ئەمریکی مۆزین کۆین گواستمانەوە بۆ فڕۆکەخانەی زەبەلاحی سەربازیی، سەرکردەی سەرکردایەتی ناوەند ژەنراڵ تۆمی فرانکس و فەریق جۆن ئەبی زەید و ئەوەی کە دواتر جێی دەگرێتەوە لەگەڵمان گردبوونەوە، لەگەڵ ژمارەیەك لە بەرپرسە قەتەرییە گەورەکان لەڕیزی پێشوازی لای پەیژەی فڕۆکەکەوە ڕاوەستاین. گەرما لێرە لە خوارووی کەنداو هاوشێوەی گەرمایە لەبەغدا، شێش هاوشێوەی گەرماوێکی هەڵمییە.

لەرێگەدا لەدۆحەی پایتەختەوە، ئاتوانیت سەرنج لەو دەوڵەمەندییە ئاشکرایەی ئەم میرنشینە دەوڵەمەندە بەنەوت نەدەیت. کۆشکە مەرمەرە سپیەکان وەك کێلی گۆڕەکان لەبیاباندا پەرش و بلاوبوبوونەوە.

لەنێوان هەر ئۆتۆمبیلێك و یەکێکی تردا ئۆتۆمبیلێکی بی ئێم دەبلیو یان ڕۆلز ڕۆیس دیاربوو. نزیکەی ۱٦۰,۰۰۰ هەزار قەتەری و ۷۰۰,۰۰۰ خەڵکی بیانی لەم وڵاتەدا دەژین: ئەوانەیان لە باشووری ئاسیاوە هاتوون کارە سووکەکان دەکەن، فەلەستینی و میصریەکانیش بە بازرگانییەوە خەریکن، ئەورووپییەکانیش کە کێڵگەکانی نەوت و کەرتی بانکی بەڕێوە دەبەن و، سەرپەرشتی جوڵەی فڕۆکەکان دەکەن. بەهۆی ئەو یەدەگە مەزنەی گاز لەوڵاتدا، زۆربەی قەتەرییەکان ناچار نابن کاربکەن. ئەم شێوازەش لەکەنداودا ڕەنگە دووبارە بیتەوەو بەرزو نزم بکات. لەوەشم بۆ دەرکەوت عێراقیەکان لەهەموو گروپە ڕەگەزی و ئاینیەکان زیاتر ئارامگرو بەهێزو خۆڕاگرن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قەتەرییانەی کەلە کۆبوونەوەکانی سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەدا بینیم هەڵوێستێکی خۆبەزلزانیان نیشان دا لەبەرامبەر زۆرینەی عێراقیەکاندا کە شیعەن، کە بە جوتیاری لادێو گومڕا دایان دەنان. کاتێکیش ئاماژەم کرد بۆ بوونی جێنێکی پێشەوەری شیعە لەعێراقدا، بە عەبا هاوینیە ئەرمەکانیانەوە گومان و دڵەڕاوکێ گرتنەیەوە.

بیرم لەوە کردەوە عێراقی ئازاد بە گەلە تێگەیشتوو شکۆدارەکەیەوە ڕۆژێك لەڕۆژان یارمەتیدەر دەبێت لەگۆڕینی ناوچەکەدا.

سەرۆك بوش لەسەر پەیژەی فڕۆکەکە دابەزی، کەلە کۆبوونەوەیەکی لوتکە لەعەقەبە لەسەر دەریای سوور گەڕابۆوە. لەڕۆژێکی مەعنەوی بەرزو شیاودا دەرکەوت کاتێك ڕێگەکەی دەبڕی لەبەردەم ڕیزی پێشوازیکەرەکانیدا.

باڵی گرتم و ووتی، " برێمەر، کارەکانت چۆن بەڕێوە دەچن؟ وەرە لەگەڵمان بۆ میوانخانە و هەندێك جگەرە بکێشە".

کۆلن پاول و کۆندۆلیزا ڕایس شوێن سەرۆك کەوتن بۆ لای ئۆتۆمبیلە کادیلاکە ڕەوێشە تایبەتەکەی و منیش گەڕامەوە بۆ لای ئۆتۆمبیلەکەی باڵیۆزخانە لە دواوەی کاروانی



Scanned with CamSc

ئۆتۆمبیلەکانەوە. ویستم سوار ئۆتۆمبیلەکە بم یەکێك لە یاریدەدەرەکانی سەرۆك بەرەو لام ڕایەکرد ووتی، " بەڕێزم سەرۆك دەیەوێت لەگەڵ خۆیدا سوار بیت".

دەبوو لەو گەرما توندەدا بەدرێژایی کاروانی ئۆتۆمبیلەکان بەخێرایی بڕۆم.

لەسەر کورسیەکی تاك لەبەرامبەر سەرۆکدا دانیشتم. کۆندولیزا ڕایسیش لەسەر کورسییەکی تر بەتەنیشتمەوە بوو، وەزیری دەرەوەش لەسەر کورسیەك بەتەنیشت سەرۆکەوە دانیشت.

من و سەرۆك وتووێژێکی گەرم و خێراو قوڵمان کرد لەو کاتەدا کە ئۆتۆمبیلەکان و ماتۆڕەکان بەخێرایی بەرەو میواخانەی ریتز کارلتون لەسەر کۆرنیشی دۆحەی نەخشاو و ڕەنگاو ڕەنگ.

ووتم، " با لەئاسایشەوە دەست پێبکەین. ڕەوشەکە لەبەغدا بەرەو باشی دەڕوات. بەڵام هێشتا ڕووبەڕووی هەندێك گیروگرفت دەبینەوە. توندوتیژی لەسێ سەرچاوەوە دێت: تاڵانچیەکان و، بەعسیە دەمارگیرەکان- گیانبەخشەکانی صەدام- و هەواڵگرە نیمچە سەربازییەکان. لەوانەشە هەروەها ئێرانیەکان ڕۆڵ لەو ڕەوشەدا بگێڕن".

سەرۆك پرسی، " ئەی ڕاوبۆچوونی عێراقیەکان لەوەدا چیە"؟

" بەپێی وتووێژەکانم لەگەڵ سەرۆك هۆزە شیعەکانی باشور و ئەوانەی تریشیان، نایانەوێت ئەو کەسانەی لەئێرانن یاری بەرەوشی عێراق بکەن".

" ئەی ڕەوشی ئاسایش لەناوچەکانی تری وڵات چۆنە"؟

کاری زۆرمان هەیە ئەنجامی بدەین لەناوچەی خۆرئاوا و باکوری بەغدا، شوێنی سونەکان. زۆرێك هەن لەژەرەرمەندە ئازارچەشتوەکان. هەندێك ڕاپۆرتیشم لایە لەبارەی توندڕەوەکانەوە کە لەناوچەی دورگەی عەرەبیەوە دێن بۆ ناوچەکە". ئەمەیان شتێکی کوێر بوو بەنسبەت ئەوانی ترەوە.

ئەوەشم پێ ووت کە دوو فیرقەی تەواو لە پاسەوانانی کۆماری، نبوخزنصر و عەدنان، لەباکوری بەغدا سەنگەریان گرتبووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر هێرشێکی پێشبینیکراوی فرقەی چوارەی پیادەی ئەمریکی کەلەباکورەوە بەنێو تورکیادا دێن، ئەمەش ئەوە هێرشە بوو کە ئەنجام نەدرا چونکە تورکەکان ڕێگەیان بەو هێزانە نەدا بەناو وڵاتەکەیاندا تێپەڕبن. زرێ پۆشەکانی دوژمن بۆمبارانکراون، بەڵام زۆربەی هێزە عێراقیەکان لەناو گوندە سونیەکاندا پەرش و بڵاو بونەتەوە وەك تکریت و سامەڕاو فەلوجە- و بەغداد. " پێویستە لەسەرمان کۆششی زیاتر بکەین بۆ ئەوەی دوایان بکەوین".

بوش پرسی، " ڕەوشی عێراق بەگشتی چۆن دەبینیت"؟

وەڵامم دایەوە، " جەنابی سەرۆك، من لەبەر دوو هۆ گەشبینم. یەکەم لەعێراقدا دەرامەتێکی نایاب

هەیە، بڕێکی زۆر لەئاو و زەوی بەپیت، وێڕای ئەو یەدەگە نەوتییە زەبەلاحەش. عێراقییەکانیش گەلێکی کارامەو چالاکن".

هەروەها چیرۆکی سەردانەکەم بۆ پاڵاوگە نەوتییەکانی دۆرە بۆ گێڕایەوە.

ئەوەشم ووت، " لەبەرامبەردا، زۆر زەحمەتە بتوانین بڕی ئەو تێکشکانە دەروونییەی گەلی عێراق بزانین. ئەمە دارمانێکی زیاتر دراماتیکیە بۆ هەر ڕژێمێك لەماوەی چەند دەیەیەکدا. صەدام فەرمانڕەوایەتی عێراقی گرتە دەست بۆ ماوەیەك کە نزیکەی سێ هێندەی ئەو ماوەیە بوو کە هیتلەر تێیدا فەرمانڕەوایی کرد. زۆربەی عێراقیەکانیش ئەزموونی بیرکردنەوەی ئازادانەیان نەبینیوە. ئەوان خەریکە دەرك بە چەمك و مەفهومی ئازادی ناکەن، بەڵام ئەوان دەیاندوێت ئەوەی کە پێویستە بکرێت پێیان ڕابگەیەنین".

پرسیاری لێکردم، " ئایا دەتوانن وڵاتێکی ئازاد بەڕێوەبەرن. هەندێك لەسەرکردە سوننەکانی ناوچەکە گومانیان لەوە هەیە. ئەوان دەڵێن، ، شیعە هەموویان درۆزنن، ئایا تۆ ڕات چییە"؟

" من ڕام وانیە. من چاوم بەژمارەیەك لە شیعە دڵسۆزو میانڕەوەکان کەوتووە، من دڵنیام لەوەی دەتوانین مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین".

" ئەی دەربارەی ئابووری"؟

" گرفتە هەرە سەرەکییەکە بێکارییە. ئێمە ڕامان وایە ڕێژەی بێکاریی گەیشتۆتە ٥٠٪، بەڵام لەڕاستیدا کێ دەزانێت؟ گەلی عێراقی لاو و تازە پێگەیشتووە، نزیکەی نیوەی دانیشتوانی عێراق لەخوار هەژدە ساڵیەوەن. ئەوەش ئاوێتەیەکی تەقینەوەیە".

ڕوونمکردەوە لەعێراقدا ئابورییەکی ستالینیی هەیە کەبەدەست خەوشێکی وەزیفییەوە دەناڵێنێ. پێویستە لەسەرمان چالاکیی بەرهەمهێن بدۆزینەوە کە هەلی کار بڕەخسێنێت. بەسەرۆکیشم ڕاگەیاند من دەمەوێت بەرنامەی کارە کتوپڕییەکان ڕابگەیەنم لەم هەفتەیەدا. پێویستە لەماوەیەکی درێژدا یارمەتیی عێراقیەکان بدەین لەگۆڕینی پیشەسازییە سەربازییەکان بۆ پرۆژەی مەدەنی. گومانیشی تێدا نیە گەندەڵییش مەترسیەکی گەورە پێکدەهێنێت.

ووتی، " ڕاپۆرتێکم خوێندۆتەوە کە ١٥٠,٠٠٠ هەزار خانەنشین هەیە مووچەکانیان وەرنەگرتووە".

" لەواقیعدا ژمارەکە زۆر لەوە زیاترە، جەنابی سەرۆك. بەڵام ئێمە کاردەکەین لەسەر ئەوەی مووچەکانیان پێبدەین".

" ئەی چی هەیە دەربارەی بونیادنانی سوپاو پۆلیسی نوێی عێراقی"؟

" ئەوە یەکێکە لەکارە بەراییەکانمان. بەڵام سەربازە پێشینەکان لەبارنین یان مەشقپێکراو نین لەسەر

ئەنجامدانی کاری پۆلیس". ئەوەشم ووت کە بێرنارد کێریك مفەوەزی پێشووی پۆلیس لەنیۆیۆرك تازە گەیشتووەو وەك راوێژکارم بۆ پۆلیسی عێراقی دەست بەکار دەبێت. پلانیشم هەیە بۆ بونیادنانی هێزێکی پۆلیسی شارەزاو کارامە.

" لەماوەی سێ هەفتەدا دەست بەمەشقی بنەڕەتی دەکەین". ووتیشم کەتیبەی یەکەمی سوپای عێراقی پێکدەهێنین.

هەروەها ئەوەشم بەسەرۆك ڕاگەیاند کە بەرهەم هێنانی نەوت بەهێواشی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی پێشووی. " ئێمە ٧٠٠,٠٠٠ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا بەرهەم دەهێنین. دەبێت بتوانین لەهەفتەی ئایندەدا لەرێگەی هێڵی بۆرییەکانی تورکیاوە دەست بەهەناردەکردن بکەین. دەکرێت بەم نزیکانە گوێزەرەوەکانی نەوتیش بێن بۆ بەندەرەکانی باشور".

کاروانی ئۆتۆمبیلەکان لە وێستگەی خوارەوەی میوانخانەی ریتز کارلتوندا لەنێوان کیسی خوڵ و خاشاکەکان و حاویەکانیاندا وەستان.

سەرۆك بەگاڵتەوە ووتی، " لەگەڵمدا بێنەرەوە بەشی خوارەوەی باشترین میوانخانەکانی جیهان دەبینیت".

لەبەیانی دواتردا، لەسەر خوانی نانی بەیانی لای سەرۆك، ژەنراڵ فرانکس راپۆرتێکی پوختکراوی پێشکەش کرد لەبارەی گرفتە ئەمنیەکان لەباکورو خۆرئاوای بەغدا. پاوڵ و رایس و ئاندی کارد گەورە فەرمانبەری کۆشکی سپی، لەدەوری مێزێکی لاکێشەیی لەگەڵمان کۆبوونەوە.

فرانکس ووتی، " جەنابی سەرۆك ، هەروەك لەبەردەم رامسفێڵدی وەزیردا پێداگریم کرد، پێویستە لەسەرمان، ئاستی هێزەکانمان هەر بەو شێوەیەی ئێستا بهێڵینەوە بۆ ئەوەی پێداویستیەکانمان پڕبکاتەوە".

بەیەکارهێنانی نەخشەیەك ئاماژەی کرد بۆ چەند ناوچەیەك لەباشور کە تێیدا هێزێکی نوێی هاوپەیمانان نیشتەجێ کراون بەقەبارەی فرقەیەك دەبن و لەژێر سەرکردایەتی پۆلۆنیداو رەگەزی تریش لەخۆدەگرێت.

ووتم، " جەنابی سەرۆك من پسپۆڕێکی سەربازی نیم، بەڵام پێموایە پێویستە لەسەرمان وریابین لەخەملاندنی بەهای هێزە نائەمریکیەکاندا. ئامانجی ئێمە دەرکەوتنەوەیە لەهەر ئاڵۆزبوونێك لەتێکڕایی توانا جەنگاوەرییەکانماندا ". وا دیارە هێزەکانی پەیمانی وارسۆی پێشوو لەسەر کاغەز باشن ، بەڵام وەك هێزە ئەمریکی و بەریتانییەکان مەشقپێکراو نین.

" ئەوەی گرنگە بەپلەی یەکەم ئەوەیە پارێزگاری لەهێزێکی پێویست بکەین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ لەهەر دوژمنێك لەعێراقی نوێدا". من بیرم لە بەعسیە پەشیمان نەبووەکان و جیهادیە



Scanned with CamScanner

ئیسلامیەکان و ئێرانیە هەوانتە خۆزەکان دەکردەوە. ووتم، " هێشتا ڕووبەڕووی هەندێك جەنگی توند دەبینەوە، بەتایبەتی لەناوچەی ناوەڕاستی بەغداو باکوری. دوێنی لەکۆتایی ٨٢ لەمەفرەزەیەك لەشاری فەلـلوجە سەربازێکمان لەدەستدا ".

پاوڵی وەزیر لەزۆربەی کاتی گفتوگۆکاندا بەبێ دەنگیی مایەوەو لەبیرکردنەوەدا ڕۆچوو بوو. ماوەی سێ ساڵێکە یەکتری دەناسین و ڕێز لەیەکتری دەگرین– لەو کاتەوە کە ئەو سەرۆکی سوپای پێنجەمی ئەمریکی بوو لەئەورووپا لەماوەی جەنگی سارددا و منیش باڵیۆزی ئەمریکی بووم لە هۆڵەندا. ئێستا ووتی، " هەندێك گریمانە جێی: با گریمانەی حاڵەتی نمونەیی بکەین لەماوەی چەند مانگی کەمی ئایندەداو ئێمە حکومەتێکی نوێنەرایەتیمان دەست کەوت لەعێراق، کە زۆرینەی لەشیعەیە. ئایا شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ دەکرێت، وەك ئەوەی لە نێجیریا و پاکستانا هەیە"؟

ووتم، " جەنابی وەزیر، من دەزانم دەکرێت بەتەنیشت یاسای عەلمانیی خۆرئاواییەوە شەریعەت بوونی هەبێت وەك ئەوەی لەقەتەر هەیە، مادام شەریعەت لەچوارچێوەی مەسەلە خێزانیەکان بمێنێتەوە".

کۆڵن پرسیاری کرد، " سیناریۆی باشترین حاڵەت کە لات بێت بۆ ساڵی ئاینده چییە"؟

ووتم، دەکرێت لەماوەی ساڵێکدا دەستور دابڕێژین و، هەڵبژاردنێکی تا ڕادەیەك دیموکراسی ئەنجام بدەین. بەڵام سەرکەوتن لەو جوارچێوە زەمەنییەدا زۆر زەحمەتە".

کۆندۆلیزا ڕایس تێبینیەکانی دەنوسی." ئایا دەکرێت لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا پێگەی دەنگدانی هەبێت کە پێویستە حزبەکان بەدیبهێنن بۆ ئەوەی لەپەرلەماندا نوێنەرایەتیان هەبێت، وەك ئەوە لەهەندێك وڵاتانی ئەورووپی وەك ئەڵمانیادا هەیە؟ ئەو بیری لەڕێگاکانی خۆلادان لە دابەشبوونی پەرلەمانی عێراقی دەکردەوە بۆ چەند دەستەیەکی کینە لەیەك و ڕکابەر.

ووتم، " بەدڵنیاییەوە خوازیاری ئەوەین. ئەوە لە شێوازەکانی چاککردنی هەلی گەیشتنە بە ژینگەیەکی ڕامیاریی جێگیر".

سەرۆك پێش ئەوەی بڕوات ئاگاداری کردمەوە لەوەی سڵاوی بەسەربازانی صالحیە بگەیەنم. کاتێك کە دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە فڕۆکەکەم لەبەغدا نیشتەوە بەخێرایی ڕۆیشتم بۆ ئامادەبوون لەزنجیرەیەك لە کۆبونەوەکان لەگەڵ گروپی ئابووری سەبارەت بەسەرهەڵدانی قەیرانی دینار. وشەی قەیرانیش دەستەواژەیەکی زۆر بەهێز نەبوو، وێڕایی زۆر بەکارهێنانی لەبارەگای سەرکردایەتی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان. سەرەڕای ئەوەی صەدام بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەستابوو بەلەچاپدانی پارە، هێشتا هێندە پارە نەبوو کە پێداویستیەکانی وڵات پڕبکاتەوە. ماڵئاوایی



Scanned with CamSc

لەشێنەیی.
گرفتی هاوپەیمانان ئەوە بوو کەئێمە خەرجیەکانی حکومەتی عێراقی دەدەین ، واتە چەند سەد ملیۆن دینارێك لەمانگێکدا. ئەوەش متمانەی نزمی دیناری چاپکراوی "صەدام"ی هێندەی تر دەهێنایە خوارەوە کە لەدوای جەنگی یەکەمی کەنداوەوە پارەی ڕەسمی بوو لەباشووری عێراق. ئەو گرفتی پارەیەش کە ڕووبەڕوومان دەبۆوەئاڵۆز بوو چونکە دیناری صەدام تەنها دوو جۆر بوو: ۲۵۰ دیناری و ۱۰،۰۰۰ دیناری. ئەوەش هاوشێوەی هەوڵی بەڕێوەبردنی ئابوریە بەشێوەیەك هاوتا بێت لەگەڵ پارەی دە سەنتی و پێنج دۆلاریدا بەپێی نرخەکانی گۆڕینەوەی باو.
ئاڵۆزکردنێکی تریش هەیە پەیوەندی بەکوردەکانەوە هەیە. کاتێك لەساڵی ۱۹۹۱ دا لەعێراق جیابوونەوە ناوچەی کوردستانی سەربەخۆ و خۆجێیان دامەزراند، ئاکوو بەردەوام بوو لەبەکارهێنانی پارەی عێراقی پێشوو کەپێی دەوترێت دیناری سویسری چونکە کۆمپانیایەکی سویسری چاپی کردووە. بەهای دیناری صەدامیش زۆر دابەزی لەبەرامبەر دیناری سویسری و هەموو دراوە جیهانیەکاندا، چونکە صەدام بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانەکان بەردەوام پارەی چاپ دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەرەتاوە ڕامگەیاند هاوپەیمانان دان بەم دوو جۆرە دینارەدا دەنێت وەك دراوێکی یاسایی بۆ عێراق. بڕوام وابوو کە پێویستە عێراقیەکان وەك کۆگایەك بۆ بەها متمانە بە دراوەکەیان بکەن.

ئەم قەیرانەی دوایی بەشێوەیەکی هەندەکی بەهۆی دزەکردنی ئاوی بۆڕیە تەقێنراوەکانەوە دروست بوو بۆ ناو گەنجینەکانی بانکی ناوەندی لەکاتی کۆتاییهاتنی جەنگدا. ئەوەش بووە هۆی پێکەڵك بوونی چەندین ملیار دیناری عێراقی. کەمی دینار وەستانی هاوپەیمانان لەبەکارهێنانی دۆلار بۆ پێدانی موچەی فەرمانبەرە مەدەنیەکان و خانەنشینەکان قورس کرد، کە ئەوە گەورەترینی خەرجیەکاغانە کە مانگانە دووبارە دەبێتەوە. بەڵام ناتوانین بڕێکی زیاتر لەدیناری صەدامیی چاپ بکەین بەهۆی وون بوون – یان دزرانی– ئابلۆکانی چاپکردنی کاغەزی دە هەزار دیناریی. هەروەها لەبەرئەوەی خەڵك گومانی ئەوە دەکەن کەبەشێکی زۆری ئەو کاغەزە دە هەزار دینارییانە ساختەن، ئەم کاغەزە دە هەزار دیناریانە تەنها بەبڕی ۷۰-۷۵ ٪ ی بەهاکەی خۆیان وەردەگیران.

ئابلۆکانی کاغەزی ۲۵۰ دینارێمان لابوو. ئابووریناسەکان پێشنیاریان کرد چاپی بکەین و بەبەهای دە هەزار دیناریی خەرج بکرێت بۆ پشتیوانی کردن لە راستێنەیی کاغەزی دە هەزار دیناریی. بۆیە ڕاسپاردەم دا بەناچاریی کاغەزی ۲۵۰ دیناریی نوێ چاپ بکرێت. بەڵام بەهۆی ئەوەی فەرمانی ریشەکێشکردنی بەعس ڕێگە لەخستنەڕووی وێنەی صەدام دەگرێت، بۆیە پێویست بوو لەسەرم



Scanned with CamScanner

ڕێگە بەخۆم بدەم سازش بکەم لە چاپکردنی کاغەزەکانی (صەدام).

بەڵام هەر ڕۆژێك کەدەڕۆیشت و بڕێکی زیاتر لە دۆلار دەخرایە بازاڕەوە، متمانەی گەل بە دیناری صەدام زیاتر دەگەڕایە دواوە.

لەکۆتاییەکانی ئایاردا قەیرانەکە ڕووی لەزیادیی کردو گۆڕینەوەی دینار لەبەرامبەر دۆلاردا ڕووی لەشکستی زیاتر کرد. گومانی تێدا نیە هۆکاری ئەو ڕەوشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانە کە یارییان بە دراو دەکرد هەروەها بۆ ئاسانی ساختەکردنی کاغەزی ١٠,٠٠٠ دیناریی صەدامیی. هۆکارەکەی هەرچییەك بێت، ئەوا ئەو وەرچەرخانە توندە لە دراودا وا دەکات ئامادەکردنی بودجەی حکومەت و هەروەها بودجەی کۆمپانیا تایبەتیەکان زۆر زەحمەت بێت. دەشمانزانی دوو دڵی و گومان لە دراودا ئاستەنگی کەمەندکێشکردنی وەبەرهێنانە بیانییەکان کە وڵات زۆر پێویستی پێیەتی زیاتر دەکات.

* * *

دوای کۆبونەوەکە پیتەر ماکفیرسۆن لەگەڵ گەورە ڕاوێژکارە داراییەکانیدا هاتن بۆ بینینم و وتی،" من و هاوڕێکانم ئێستا پشتیبی دارمانی تەواوەتی دیناری صەدام دەکەین".

لەبیستنی ئەم هەواڵە خەمهێنە سەرم ڕاوەشاند. دراوی عێراقی کە بەهای نیە دواهەمین شتێ پێویستمان پێیەتی. ئەوەش دەرئەنجامێکی کۆمەلایەتی و ڕامیاریی گەورەی دەبێت چونکە ئەوەی ماوەتەوە لەپاشەکەوتی ملیۆنان عێراقی دەبسڕێتەوە. پیتەر ووتیشی دارمانەکەش بەشێوەیەکی فەرمیی بەدۆلارکردنی ئابوریی دەسەپێنێت.

وەلامم دایەوەو ووتم، " ئەوە وەك کارەساتێك دەبێت". پەیامێکی وێرانکەر دەنێرێت بۆ عێراقییەکان بەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا عێراق وەك پاشکۆیەکی خۆی سەیر دەکات و داگیرکردنیش هەمیشەییە. " ناتوانین ڕێگە بەوە بدەین".

دوای زۆرێك لە هێنان و بردن، بڕیارماندا کە پێویستە لەسەر هاوپەیمانان دراوێکی نوێی یەکگرتوو بهێنێتە کایەوە کە لەهەموو ناوچەکانی عێراقدا بەکاربهێنرێت، بە کەرتە کوردیەکەشەوە. هەروەها ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی لەدوای جێگیربوونی نرخی گۆڕینەوەی سەرەتایی دیناری کۆن، ڕێگە بدەین بەوەی بەشێوەیەکی ئازاد دیناری عێراقی لەبەرامبەر دراوە جیهانیەکاندا نمایشی خۆی بکات. پاشانیش لەو گەندەڵییە ڕزگارمان دەبێت کەلەکاتی فەرمانڕەوایی صەدامدا نرخە جۆراجۆرەکانی گۆڕینەوە بەرپایان کردبوو.

بەیانیەکی زۆر گەرم لە حوزەیران/ یۆنیۆدا، بە گەورە ڕاوێژکارەکانم ڕاگەیاند، " ئەوە کارێکی زۆر گەورەیە کە پێشتر لەسەردەمی جەنگدا ڕوینەداوە. بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەمان نیە."



Scanned with CamSc

ئەوە یان بەدۆلارکردنی هەموو ئابووری".

یەکەم گرفتێك کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە بریتیە لە زانینی قەبارەی ئەو پارەی کەلەواقیعدا دەستاودەستی پێدەکرێت. ژمارەکانی بانکی ناوەندیی ڕێکخراو نین و لەزۆربەی هەرە زۆری مەسەلەکاندا ناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت. شتێك نیە پاڵمان پێوە بنێت بۆ ئەوەی بڕوامان وابێت کە لەم بوارەدا ئەوە باشترە. ئێمە وامان خەمڵاندبوو کە نزیکەی ٤-٥ ملیار دیناری سەدام و دیناری سویسری لە بازاڕەکان و هەڵگیراو هەبێت. بەپشت بەستن بەم ژمێرەکردنانەش، پێمان وابوو کە پێویستە لەسەرمان نزیکەی ٢,٢٠٠ تەن لە دیناری عێراقی نوێ چاپ بکەین و دابەشی بکەین و نزیکەی ٢,٨٠٠ تەنیش لە دیناری کۆن کۆبکەینەوەو لەناوی بەرین، ئەوەش خەمڵاندنێك بوو دوای دەرکەوت زۆر نزیك بوو.

لەلایەکی ترەوە ڕەوشی ئەمنی پانتایەکی گەورە لە بیرکردنەوەمان داگیر دەکات. لەم کاتەدا، دوای تێپەڕبوونی مانگێك بەسەر هاتنمدا بۆ عێراق، هێرشەکان بۆ سەر هێزەکانی هاوپەیمانان بە چەکی بچووك و هەتا ئارپی جی وێڕای ئەوە ناوبەناو لەشوێنی جیاوازەکاندا بوو بەڵام بەردەوام لەهەڵکشاندان بوون. پێش داگیرکردن، سەدام دەیان هەزار تاوانکاری ئاسایی و کەسانی پیاوکوژو دزو دەستدرێژیکاری بەرەڵا کردبوو. چەتە چەکدارەکان لە شەقامەکاندا کێشەو گرفتیان دەنایەوە. لەکاتی دابەشکردنی دیناری نوێشدا هێرشە تاوانکارییەکان بۆ سەر بانکەکان ڕوو لە زیادی دەکەن، ئەمەش ئەو تەحەدایە کە لەکاتی گۆڕینەوەی دراوەکاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

بەگەورە فەرمانبەرکانم ڕاگەیاند " بەهەموو پێوەرەکان ئەمە ئەرکێکی قورسە. عێراق سستمێکی بانکیی چالاکی نیە، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی تەلەفۆن و، ڕێگاکان خراپن، ئاسایش خراپترە. هەروەك چۆن پێویستە لەسەرمان بەنهێنی پلان دابنێین بۆ خۆلادان لە تەنگوچەڵەمەی زیاتر لەدراودا".

ماکفیرسۆن دەستی بە وتووێژی نهێنی کرد لەگەڵ ژمارەیەك لەکۆمپانیای چاپکردن سەبارەت بەتێچوونی چاپکردنی دراوی نوێ و مێژووی وەرگرتنی. پێی ڕاگەیاندین کەبەلانی کەمەوە سێ مانگی پێدەچێت لەو کاتەوە کە بڕیارەکە وەردەگیرێت تا دەستکردن بە وەرگرتنی دراوە نوێیەکە. هیچ ڕۆژێکیش لەبەردەمماندا نەبوو بۆ ئەوەی لەکیسی بدەین.

ووتم بە ماکفیرسۆن، " با بەو کارە هەستین".

لە ٢١ حوزەیران/ یۆنیۆدا، بە یاوەری شاندێکی عێراقی، سواری فڕۆکەیەکی سی – ١٣٠ بووم لە فڕۆکەخانەی بەغداوە لە گەشتێکدا بۆ عەممان کە ٩٠ خولەکی خایاند، بۆ ئامادەبوون لە

کۆڕی ئابووری جیهانیدا. هەروەك شەوی پێشوو لە ئیمەیلە تەلەکۆزنیەکەمدا بۆ کچەکەم ووت، ئەم ڕووداوە " کۆبونەوەیەکی گەورەیە هەموو سیاسیەکان و پیاوانی کار پێکەوە بەشێوەیەکی جدیی و بەووردیی بیر لە مەسەلەکان دەکەنەوە".

لە عەممان کۆلن پاولیش بووە یاوەرم لەکۆبونەوەیەکی تایبەتدا لەگەڵ شا عەبدوڵڵای دووەم لە نوسینگە تایبەتیەکەی خۆیدا. ژوورەکە ڕازێنرابۆوە بە نمونەی تانکەکان و، دیوارەکانیش چەندین بڕ لە چەك و شمشێرو خەنجەریان نمایش دەکرد، ئەوە ڕەنگدانەوەی پیشە پێشوەکەی بوو وەك سەرکردەی هێزە تایبەتەکان.

پادشا ووتی، " جەنابی وەزیر، جەنابی باڵیۆز، من زۆر بایەخ دەدەم بەچۆنیەتی ئەو یارمەتیدانەی کە دەکرێت ئوردن لەکاروبارە ئەمنیەکاندا پێشکەشتانی بکات.

ئوردن دەوڵەتێکی سونەیە زۆرینەی دانیشتوانەکەی فەلەستینین، لەکاتی هەڵمەتی سەربازیدا بۆ سەر عێراق زۆر یارمەتیی داین، ڕێگەی بەهێزە تایبەتەکانی هاوپەیمانان دا لەخاکەکەیدا کار بکەن. پێش دوو ڕۆژیش لەبەغدا، لەسەر داوای پادشا ئانی ئیوەرژم لەگەڵ سەرۆکی هەواڵگری ئوردن و سەرۆکی وێستگەی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیدا خوارد بۆ وتوێژکردن سەبارەت بە هاوکاریکردن لە مەشقپێکردنی هێزە نوێیەکانی پۆلیسی عێراقی و هاوکاریی عێراقی ئوردونی بۆ کۆنترۆڵکردنی سنور.

کاتێك بەو وتوێژانەدا ڕۆیشتینەوە، بۆم دەرکەوت پادشا بیرۆکەکەی پێ قەبوڵە، بەڵام هێشتا ئامادە نیە لەپەیوەندیەکی ئەمنیدا خۆی و وڵاتەکەی پابەند بکات. سوپاسی پادشام کرد لەسەر خستەڕووەکەی و ووتم ئێمە پەیوەندیی بەیەکەوە دەکەینەوە.

لە عەممان من و کۆلن پاول بەئۆتۆمبێل بەرەو ئەو لایەی کە دەریای مردووی لێیە ڕۆیشتین. پاول بە زەردەخەنەوە ووتی، " ئایا دەزانیت دۆناڵد رامسفێلد لەبەرایەکانی ئایار/ مایۆدا پێش ئەوەی سەرۆك دامەزراندنت ڕابگەیەنێت پەیوەندیی پێوەکردم".

کاتێك کە ئۆتۆمبیلەکە بە ڕێگە لێژو پێچاوپێچەکەداو بەناو تراویلکەی گەرماکەدا دەڕۆیشت ووتم، " پێی ڕاگەیاندم پێش ڕۆیشتن بۆ لای سەرۆك ناوی من دەخاتە پێش چاوی ئێوەو کۆندلیزا رایس و جۆرج تینت و جێگری سەرۆك ".

کۆلن ئیعترافی کردوو ووتی، " هەوڵمدا پارێزگاریی لەهاوسەنگیی دەنگم بکەم لە تەلەفۆنەکەدا بەڵام کاتێك تەلەفۆنەکەم داخستەوەو لەخۆشیاندا یەکسەر هاوارم کرد". دەستی لەگەڵ ئامارەی قسەکانیدا جوڵاند. " ئەو کەسانەی لەدەرەوەی نوسینگەکەم بوون وایان زانی یانسیم بۆ دەرچووە".

هەستم بەناسودەیی کرد کاتێك زانیم لەنێوان گەورە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا پشتیوانی بەرپرسێکی ترم دەستکەتووە.

لە چادرێکی گەورەدا بەتەنیشت ئاوی خۆڵەمێشی دەریای مردووەوە ، بەئامادەبوانم ڕاگەیاند ئامانجی ستراتیژی هاوپەیمانان بریتیە لە کردنەوەی ئابوری عێراق بەڕووی جیهاندا، ئەمەش دوای لابردنی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆتە شتێکی مومکین. پێداگریم کرد لەسەر ئەو گرنگیەی کە دەیدەن بەهاندانی کەرتی تایبەتی عێراقی و وەبەرهێنانە بیانیەکان کە صەدام دوری خستبۆوە. " بونیادنانی ئابوری چالاك لەعێراق کارێکی ئاسان نیە، وەك چۆن بونیادنانی کەشێکی ڕامیاری پڕ لەهێزو چالاکی زۆرێك لە ئەحەداکان لەخۆدەگرێت".

بە بیری ئامادەبوانم هێنایەوە عێراق لەژێر فەرمانڕەوایی صەدامدا لەرێگەی " پلانی دەوڵەتی سەربازیی هەڵەو دزێتی ئاشکراو ڕاشکاوانەوە ڕووبەڕووی هارین بۆتەوە ". پێش جەنگ بێکاریی گەیشتبووە ٥٠٪ بەلام وەك لەدۆحە بەسەروکم ڕاگەیاند، ئایندەی عێراق ئەوە نیە جێگەی بێ هیوایی بێت. پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی ولاتەکە برێکی زۆر لەیەدەگی فراوان و دەرامەتی مرزیی هەیە. " لەو ماوە کورتەدا لەعێراق بەسەرم برد، بەردەوام کاریگەر بووم بە توانا تەکنیکیە هەلاویردەکانی ئەو کرێکارە عێراقیانەی کەلە حکومەت و پیشەسازیدا کاردەکەن. ئەوان تەنها پێویستیان بە کات هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەو کارامەییەیان لە کاری بەرهەمهێندا. ئێمەش ئەو هەلەیان پێدەدەین".

لەرۆژی دووشەمە، ١٧ تەموز/ یۆلیۆدا، یەکەم دوو هەنگاوی بنەڕەتیمان تا لە پرۆگرامەکەماندا بۆ چاکسازیکردنی ئابوریی ماوە درێژ. تەنها ئەوەم ڕاگەیاند لەماوەی سێ مانگی ئایندەدا لە ١٥ تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەرەوە عێراق دەست دەکات بەگۆڕینی دراوی نوێ بە دینارە کۆنەکان. هەروەها پاسایەکم مۆرکردووە بۆ بونیادنانی یەکەم بانکی ناوەندیی عێراقی سەربەخۆ، ئەوەش دامەزراوەیەکی هاوشێوەی بانکی یەدەگی فیدرالیی ئەمریکیە و ئامرازێکی ئابوریی گرنگە لەهەر ولاتێکی نوێدا کە سەقامگیریی تێدا بێت.

## بەشی چوارەم
## سەمای ڕامیاریی

### بەغداد
### هاوینی ٢٠٠٣

لەو کاتەدا کە پسپۆڕانمان کۆششیان دەکرد بۆ دانانی پلانەکانی چاککردنی ئابووری عێراقی، گروپێکی تر لەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان کاریان دەکرد بۆ دەستکردن بە پرۆسەی چاکسازیی سیاسی.

لە ٢٢ ئایار/مایۆدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەنگیدا بۆ لابردنی سزاکان لەسەر عێراق کەلە ساڵی ١٩٩٠ وە سەپێنرابوو بەسەر ڕژێمی صەدامدا. بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش ژمارە ١٤٨٣ داوای لەهاوپەیمانان کرد لەگەڵ نوێنەری نوێی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کار بکەن" بۆ ئاسانکاریی ئەو پرۆسەیەی کە دەبێتە هۆی دامەزراندنی حکومەتێکی عێراقی نوێنەرایەتی و دانپێدانراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا"، بڕیارەکەش ناوی لێنرا " ئیدارەی کاتیی هاوپەیمانان".

دوای نیوەڕۆی ڕۆژێکی گەرم بە سکۆت و ڕۆیانم ڕاگەیاند، " ئەم بڕیارە بوارێکی گەورە بۆ ڕاڕایی بەجێ دەهێڵێت".

بەپێی بڕیارەکە دەکرێت نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەغدا ئەرکی بونیادنانی ئیدارەیەکی کاتیی ئاڵۆز بکات. ئەگەرەکانی هەستانی عێراقیەکان بەجەمکردنی هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان یەك لەدژی ئەو دەبێتە مایەی نیگەرانیی. لەبەرئەوە دەستمان کرد بە بژارکردنی ستراتیژە ڕامیارییەکەمان. پاشان بڕیارماندا بەسەر ئیبراهیم جەعفەرییدا تاقی بکەینەوە، سەرکردەی شیعی حزبی دەعوەی ئیسلامی، لەشاری کەربەلا سەردانمان کرد.

لەکاتی ڕۆیشتنماندا بەئۆتۆمبیل بەرەو باشوری بەغدا، بەناو گوندە کشتوکاڵییە گەنم ڕەنگییەکاندا، وتووێژمان لەبارەی پلانەکەمانەوە کرد.

هەستمکرد پێویستە لەسەرمان بەخێرایی ئیدارەی کاتیی عێراقی دابمەزرێنین بۆ ئەوەی عێراقیەکان بیخەینەڕوو کە هاوپەیمانان سوورن سەبارەت بە چاکسازیی ڕامیاریی و پێدانی بەرپرسیارێتی پێشوەخت پێیان بۆ ئەوەی خۆیان فەرمانڕەوایەتیی خۆیان بکەن. بەڵام پێویستە ئیدارەی کاتیی عێراقیی نوێنەرایەتیی هەموو عێراقیەکان بکات. پێشتریش بە گروپە حەوت کەسەکە



Scanned with CamSc

("نەفیکراوەکان")م ڕاگەیاندبوو کەئەوان لەڕووی نوێنەرایەتیکردنەوە لەئاستی پێویستدا نین. عێراقیەکان نوێنەرایەتیکردنێکی فراوانتریان دەوێت. هەروەها سەرۆکیش ئەوەی دەوێت. هەر ئەمەشە کە هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەوڵی بۆ دەدات.

بەڵام من لەهاوپەیمانانمان دەمەوێت ، نەك لە نەتەوە یەکگرتووەکان- بەئەجندە سیاسیە ئەموەزاوییەکەیەوە- سەرکردەیەتیکردنی پاڵدانی ئەم پرۆسەیە بۆ پێشەوە لەئەستۆ بگرێت.

ئەگەر توانیمان فشار بخەینە سەر گروپە حەوت کەسیەکە بۆ ئەوەی بەزووترین کات فراوانی بکەین بۆ کۆمەڵێك کە زیاتر نوێنەرایەتی بکات و نزیکەی ٣٠کەس لەخۆبگرێت، ئەوا هاوپەیمانان دەتوانن بەشێوەیەکی فەرمی ناوی ئەو دەستە فراوانکراوە بنێت " ئیدارەی کاتی"و بەخێرایی دەسەڵاتی وەزاریی پێدات.

بەڵام لەکاتی پێشڕەویکردنماندا پێم ووت، " هەروەها پێویستە لەسەرمان پلانێکی نوێی درێژخایەن دابنێین".

ئەوەش کاتێکی درێژی دەوێت.

بەنموونەی بواری ئابوری، خراپ فەرمانڕەوایکردنی عێراق زیانێکی گەورەی بە پەیکەری ڕامیاریش گەیاندبوو. ئەوەش لەماوەی شەو ڕۆژێکدا چاك ناکرێتەوە. زوڵم و ستەمکاریی لەماوەی سی ساڵدا ئیدارەی مەدەنیی و قەزاو، هەموو دیمەنێك لەدیمەنەکانی حوکمی نوێنەرایەتی شێواندبوو. هەڵبژاردنەکان و حوکمی یاسا تەنها بانگەشەیەکی ساختەبوون.

عێراق پێویستی بەدەستورێکی نوێیە، کە عێراقیەکان بینوسنەوە، بۆ ئەوەی شوێنی بەڵگەنامەی ساختەی بەعسیەکان بگرێتەوە، پێشموایە دەستوری نوێ بۆ پێناسەکردن و ناساندنی کۆمەڵێك لە سنور بۆ سستمی ڕامیاریی پێویستە. ناکرێت هیچ بەڵگەنامەیەکیش بەتەنها گرەنتی ئاییندەی عێراق بکات. بەڵام دەستوری نوێ دەکرێت یارمەتیدەر بێت لە دارشتنی ژیانی ڕامیاریی وڵاتدا. ئەو بەربەست و ڕێوشوێن و هاوسەنگیە پێویستەکان پێشکەش دەکات بۆ رژێمی ڕامیاریی. بە سەلماندنی مافی هاوڵاتیان و ئەرکە بنەڕەتیەکانیان لەیاساداو، دیاریکردنی پەیوەندیەکان لەنێوان دانیشتوانی عێراق و ناوچەکانی، دەکرێت بەڵگەنامەکە بەشداریەکی گەورە بکات لە سەقامگیرکردنی وڵاتدا.

هەموو عێراقیەکان کە ڕاوێژمان پێکردبوون ڕازی بوون لەسەر ئەوەی کە دەستوری نوێ چالاك و کاریگەر دەبێت. زۆربەشیان ئاماژەیان کرد بۆ دەستوری بنەڕەتی وڵات هی ساڵی ١٩٢٥ کەلەسایەی بەریتانیەکاندا ئەبەنی کرابوو. پاشان کۆمەڵێکی هەڵبژێردراو کە نزیکەی ١٠٠ کەسی لەخۆ دەگرت- زۆربەیان سوونە بوون- ئەو بەڵگەنامەیان ئامادەکرد کەلەڕاپرسیەکی



Scanned with CamSc

بەڵام دوبارەبوونەوەی ئەم ئەزموونە لەئێستادا بەشێوەیەکی گشتیدا دەنگی لەسەر درا. بەڵام دوبارەبوونەوەی ئەم ئەزموونە لەئێستادا بەشێوەیەکی
نوێنەرایەتی واتە کۆکردنەوەی شەبەنگێکی فراوان لەعێراقیە بەتواناکان کارێکی زەحمەتە. ئێمە هیواخواز بووین ئەوە هاندەربێت لە ورووژاندنی مشتومڕو کێبڕکێیەکی فراوان لەناوەندەکانی رەگەزە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوانی عێراقداو، دانانی دەستورێك کەوا گەلی عێراق لەرێگەی ریفراندۆمەوە لەسەری ڕازی بن. ئەنجامدانی ئەوەش زەحمەت دەبێت و کاتێکی درێژی دەوێت. بەڵام پێویستە دەرئەنجامەکە لە دەستکردی عێراقیەکان بێت. بە هاوەڵەکانم ڕاگەیاند بێگومان دیموکراسیەتەکە جیاواز دەبێت لەدیموکراسیەتی ئەمریکا یان بەریتانیا. بەڵام لەبەرئەوەی عێراقیەکان پێویستیان بەکات هەیە بۆ داڕشتنی سستمەکەیان، ئەوا دەستور و دەنگدان لەسەری پرۆسەیەکی "خاو" دەبێت لە ستراتیژەکەماندا.

" پێموایە ئێمە ناوی دەنێین ستراتیژە" خێرا- خاو"ەکەمان، کاتێك کاروانی ئۆتۆمبیلەکان چوونە ناو دەوروبەری کەربەلاوە بە ڕایان و سکۆتم ڕاگەیاند. بونیادنانی حکومەت بەخێرایی، بەڵام رێگەپێدانی پێویست، بۆ نوسینەوەی دەستورر.

لەنوسینگەیەکی سادەدا لەکەربەلا لەنزیك مەزاری ئیمام حسێنی کوڕی عەلی چاومان بە دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری کەوت ، ئیمام حوسێن مەزنترین شەهیدانی موسڵمانە شیعەکانە. جەعفەری کە پزیشکێکی جستە کەمگۆشت و لاوازو مەزاج توندە لەناوەڕاستی پەنجاکانی تەمەنیدایە، چەند ساڵێك لەبەریتانیا ژیاوە. بەخێرایی قسەی دەکردو، بەئاماژەو دەست جوڵاندنەکانی پێداگری لەسەر ئەو خاڵانە دەکرد کە باسی دەکردن.

جەعفەریی ئەو ئاگادارکردنەوانەی دووبارە کردەوە کەلەکاتی یەکەم دانیشتنم لەهەفتەی یەکەمی هاتنم بۆ بەغدا لەگەڵ گروپە حەوت کەسیەکەدا وروژاندی، " بەعسیەکان پێیان وایە دەتوانن دەسەڵات بەدەست بهێننەوە، بۆیە پێویستە ڕایانبگیرێن".

پێموا بوو ئەو زانیاریی ووردی لایە. وەك بەسەرۆك بوشیشم ڕاگەیاند لەقەتەر، لای هاوپەیمانان راپۆرتی مەعقول هەن لەبارەی موسڵمانە دەمارگیرەکان کەلەدورگەی عەرەبیەوە دزە دەکەن بۆ عێراق و زۆرجار لەمزگەوتەکاندا پەیوەندی دەکەن بە بەعسیەکانەوە. ئەوان شیعە " بەهەڵگەڕاوە" دەزانن و هێزەکانی هاوپەیمانە ناموسڵمانەکانیش لەعێراق پیرۆزیەکانیان پێشێل کردووە. کۆمەڵێك بەڵگەش هەیە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو توندڕەوانە رەنگە بیانەوێت زەمینەیەکی هاوبەش بدۆزنەوە لەگەڵ بەعسیە عەلمانیەکاندا، " پەیمانامەیەکی ناپیرۆز" دژ بە دوژمنێکی هاوبەش. بەپێی ئەزموونی پێشووشم لە بنبڕکردنی تیرۆردا دەمزانی ئیسلامیە توندڕەوەکان قەڵەمڕەویەکی گەورەیان لەناو قاعیدەدا هەیە.



Scanned with CamSc

پیرم لە کۆما ئیسك و پروسکەکانی حیللە کردەوە، جەعفەریم دڵنیا کردەوە: " هاوپەیمانان ڕێگە بە گەڕانەوەی بەعسیەکان نادەن بۆ ئەوەی جارێکی تر دەست بەسەر وڵاتدا بگرنەوە".

کاتێك کە من خەریکی خواردنەوەی چایەکی گەرم بووم، پرزسە ڕامیاریە خێرا- خاوەکەم ڕوون کردەوە کەلەئێستاوەو دوای دەرکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش دەست پێدەکات.

جەعفەری نیگەران بوو. حزبەکەی ، حزبی دەعوەی ئیسلامی، لەبەرئەوەی دەستەوەشێن و بەهەڵمەت بوو لەژێر فەرمانڕەوایی صەدامدا زۆری چەشتبوو . ها ئەوەتا ئێستاو دوای گەڕانەوەی لەمەنفا لەئێران سەرقاڵی پتەوکردنی بنکەی دەسەڵاتەکەیەتی. وا دیار بوو ئەو پەیڕەوێکی " هێواش هێواش"ی پێ باشترە.

لەڕێگەی وەرگێڕەکەیەوە ووتی، " جەنابی باڵیۆز برێمەر، تۆ لەبارەی چەند ڕۆژو چەند هەفتەیەك لەمشومڕەوە قسە دەکەیت کە ئەنجامی دەدەین بەڵام لەوە بۆ ماوەی چەندین دەیەو سەدە کاردەکاتە سەر گەلەکەمان ، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان زۆر بەئاگاییەوە هەنگاو بۆ پێشەوە بنێین".

جەعفەری پیاوێکی ڕۆشنبیرە خوێندنی پزیشکی لە موصڵ تەواوکردووە، ئەو شارە فرە ڕەگەزەی دەکەوێتە باکور. وە من قسە لەگەڵ سیاسیەکی ئەزموندیدەدا دەکەم. ئەو لە ئایندارە توندڕەوەکان نیە، سەرەڕای ئەوەی ناوی پارتەکەی " حزبی ئیسلامیە".

لەدوای شۆڕشی ئیسلامی لەئێران لەساڵی ۱۹۷۹دا، زۆرێك لەخۆرئاوایەکان پێیان وابوو هەموو شیعەکان دەمارگیرو ئایندارێکی بەرایین. ئەم بۆچوونە هەڵەیەش بووە پاڵپشتێك ئەو وێنە دووبارە بۆوەی کە تەلەفزیۆنەکان لەبارەی ئەو میوانانەوە نیشانی دەدەن کە شەلاق و زریێ لەخۆیان دەدەن کاتێك سەردانی مەزاری ئیمام عەلی دەکەن و، خوێن بەکراسەکانیاندا دێتە خوارەوە.

بەڵام ڕەنگە ژمارەی عەلمانیە عێراقیە شیعەکان کەمتر نەبێت لەژمارەی ئایندارەکانیان. لەناو پارتەکەی ئیبراهیم جەعفەریشدا لەهەردوو جۆرەکە هەیە. هەروەها من هەستم بەلایەنی عەلمانیش کرد لەودا.

ووتم، " بەڕێز جەعفەری، بەگوێجان لەگەڵ بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هاوپەیمانان دەیانەوێت بەخێراترین کات کە مومکین بێت ئیدارەیەکی کاتی بونیاد بنێن. ئێمە ئومێدەوارین کە سەرکردە بەرپرسەکان لە تایفەی شیعی هاوکاری ئەم هەوڵە بکەن. گومانی تێدا نیە ئەگەر ئەمڕۆ شیعە هەمان ئەو هەڵەیە دووبارە بکەنەوە کەلەساڵی ۱۹۲۰ کردیان ئەوا ئەمە بەتراژیدیا دادەنرێت".

وەك داپێدانانێك بۆ ئەوەی کە ئاماژەم پێکرد سەری ڕاوەشاند. لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، کاتێك هێزەکانی بەریتانیا هاتنە ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕوخاوی عوسمانی لەوڵاتی نێوان دوو

رووبار، شیعەکان گوێڕایەڵی مەرجەعە ئاینیەکەیان کرد بەوەی هاوکاری "خاچپەرستەکان" نەکەن. ئەو بڕیارەش شیعەی پەراوێزخست لە فەرمانڕەواییکردنی وڵاتەکەیاندا. وا ئێستا دوای هەشتا ساڵ رزگارکردن هەلێکی نوێیان پێ دەبەخشێتەوە.

لەبەرامبەردا عەرەبە عێراقیە سوننەکان، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە لەسایەی حوکمی عوسمانیە تورکە سوننیەکاندا مامەڵەیەکی جوداو باشتریان لەگەڵدا کرابوو، هاوکاری داگیرکردنی بەریتانیایان کردو وەك تایفەیەکی جیاو بایەخپێدراو لەژێر سایەی حوکمی پادشایەتیدا مانەوە کە یەکەمجار بەریتانیەکان دایانمەزراند، دواتریش لەکاتی رژێمی بەعسدا.

جەعفەری دیاربوو رۆچوو بووە ناو بیرکردنەوەوە. رامکێشایە ناو زۆرانبازییەوە، بەڕوونیش ئاماژەم بۆ ئەوە کرد شەمەندەفەرەکە وێستگەکە بەجێ دەهێڵێت و بڕیاری سەرکەوتنیش بۆ ناو شەمەندەفەرەکە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسیەکان خۆیان.

لەسروتەکانی درەنگانی شەودا کە مومارەسەیان دەکەم تەلەفونکردنە لەگەڵ رامسفێڵدی وەزیردا بۆ ئاگادارکردنەوەی لەدوایین پێشهاتەکان. زۆرجاریش کە پەیوەندی تەلەفۆنی بەکاردەهێنم بۆ قسەکردن، رەنگە هەندێکیان بڵێن ئەم پەیوەندییە بۆ هەناسەدانێك بێت بە بیرکردنەوەکانم. کە زۆرێکیان لەمێشکمدا دەسوڕانەوە".

شەوێکیان ستراتیژە سیاسییە" خێرا- خاوەکەم" بۆ باسکردو ئەوەم بۆ گێڕایەوە کەلەگەڵ جەعفەریدا وتووێژمان کرد. " پێموایە جەنابی وەزیر ئەو ئیمزای دەکات".

رامسفێڵد وتی، " باشە جێری، ئایا وەڵامی ئەوانی دیکە چۆن دەبێت؟

" بەتەواوەتی نازانم، بەڵام پێم وایە ئەوانیش هەروەها سواری شەمەندەفەرەکە دەبن".

" ئایابە. چی ترت لایە"؟

" رەنگە بەداخەوە بێت لەبەرئەوەی پرسیارت کرد جەنابی وەزیر".

" من گوێت لێدەگرم"، دەنگەکەی بێ لایەنانە هاتە بەرگوێم.

مشکەکانی بیرۆکراسیەت لەوەزارەتەکەتدا خەریکە دەمانخۆن"

وەزارەتی بەرگری تاکە دامەزراوەیەك نیە کە سستی دەخاتە کارەکەمانەوە بەڵکو زۆرێك لەتەنگەتاوکردنەکان لەرێگەی پێنتاگۆنەوەن.

زۆرێك لەپێشنیارەکانمان بە لاقرتێپێکردنەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. کۆلای پێی راگەیاندم کە ئەو بڕوای وایە ئێمە بەرەو تێکشکانی هەمان ئەو شەمەندەفەرە دەچین کە تووشی گارنەر بوو ئەگەر لێگەڕاین (فەرمانبەرەکان)ی واشنتۆن لەوەمان بەسەردا بسەپێنن کە دەبێت پێی هەستین ئەوانەش کەناتوانین پێیان هەستین، هەروەها پێم ووت، " ئێمە رۆژانە بۆ ماوەی بیست کاژێر



Scanned with CamScanner

لەرەوشێکی زۆر خراپدا کار دەکەین، وا دیارە ئێوەی ئەو کاتە لەوەلامدانەوەی ئەو پرسیارە گێلانە دەدەینەوە کەلە واشنتۆندوە بۆمان دێت. ئێستا وای لێهاتوو لێرە ناوی دەنێن، بەرێوەبردن لەدووری ٨٠٠٠ میلەوە.

هێڵەکە بۆ ساتێك بێدەنگ بوو. بێ ئەوەی بیر لەمەسەلەکە بکاتەوە... زۆرباشە.

لەماوەی ئەو دە رۆژەدا کەلە مانگی ئاپاردا لە وەزارەتی بەرگری بەسەرم برد، ئەوکاتەی کە لەرەوشی عێراق ئاگادار دەکرامەوە، پێیان ڕاگەیاندم کە رامسفێڵد ئارەزوویەکی هەیە بۆ بایەخدان بەووردەکاری مەسەلەکان و " ترساندن "ی فەرمانبەرە مەدەنییەکانی. وۆلفۆویتزی جێگرێشی بەهەمان شێوەی ئەوە، بەڵام دەوترێت مەدەنییەکانی تر لە دانیشتنەکانیان لە نوسینگەی رامسفێڵد دەچوونە دەرەوەو ترس پێیانەوە دیاربوو.

" جێری خۆم چارەسەری ئەوە دەکەم".

منیش بەهیوای ئەوە بووم.

رۆژی سێ شەممە ٣ حوزەیران / یۆنیۆ، سیرجیۆ دی میلۆ، نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتە بەغدا، یەکسەر بۆ سەردانکردنم هات بۆ کۆشك.

لەکاتی چاوەڕوانیکردنیدا بە کلایم ڕاگەیاند، " بڕوا ناکەم نەتەوە یەکگرتووەکان بەخێرایی دەستپێشخەری بکات بۆ کارکردن".

پلاندکەم هاوکاریکردنی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان دەخواست لەکاتی کارکردنماندا بۆ فراوانکردنی گرووپی حەوت بۆ ئیدارەیەکی کاتیی فراوان. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان زۆرجار بەدیدێکی جیاوازە دەیانڕوانی بۆ جیهان. دەمزانی زۆرێك لەعێراقیەکان پێیان وابوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان چاوی لە دڕندایەتی صەدام پۆشیوە.

دی میلۆ کە لەدایك بووی بەرازیل بوو بەڵام هەڵگری رۆشنبیرییەکی ئەورووپی بوو، شارەزاو بە ئەزموون بوو لە ململانێکانی جیهانی سێیەمدا، فەرمانبەرێکی مەدەنیی و نێودەوڵەتیی روخۆش و نەرمونیان بوو، زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانی. هەروەك چۆن ئەو دبلۆماتکارێکی لێهاتوو بوو. خێرا پێی سەرسام بووم.

پێی ووتم، " ئەمەوێت یارمەتیی پێشکەش بکەم جەنابی باڵیۆز".

کاتێ گوێم لەوە بوو ئاسوودە بووم. دووایین شت کە پێویستمانە لەسەما ڕاماریە ئاڵۆزەکەدا ئەوەیە عێراقیەکان هەست بکەن کە لەتوانایاندایە نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ هاوپەیمانانادا جەم و کۆبکەنەوە.

کاتێك دی میلۆم بەرێکرد بۆ لای ئۆتۆمبیلەکەی، تەوقەی لەگەڵ کردم ووتی،" دەتوانین پێکەوە



Scanned with CamSc

کار بکەین".

دی میلۆ قسەکەی بردە سەر، بەڵام هەندێك لەئەندامانی گرووپی حەوت کاریان کرد بۆ تێکدانی پلانەکەمان. دووان لەوانە ئەحمەد چەلەبی و جەلال تاڵەبانی بوون کەبەلایانەوە قورس بوو دوای چەند دەیەیەك لە فێڵ و پلانگێڕیی لێی دوور بکەونەوە. ڕۆژێك دوای ئەوەی لەگەڵ ئەفیکراوەکاندا کۆبوومەوە لەبەرواری ١٦/ئایار/مایۆدا، ڕاپۆرتێك لە ڕۆژنامەی "نیۆیۆرك تایمز" دابەزی ئاماژە بە بێ هیوایی عێراقیەکان دەکات، ئەوانەی کەلەگەڵیاندا کۆبوومەوە سەبارەت بەوەی کە گوێیان لێ بوو بوو. هەستیان بەوە کردبووە هاوپەیمانان پاشەکشەیان لە "ڕێککەوتننامەکان" کردووە کە لەماوەی پێشوودا ئەوان لەگەڵ حکومەتی ئەمریکادا پێیگەیشتبوون. کاتێك زانیم هەواڵەکە پشت دەبەستێت بە دوو چاوپێکەوتن کەلەگەڵ تاڵەبانی و چەلەبیدا ئەنجامم دابوو، بەجیا پەیوەندییم بەهەریەکەیانەوە کرد. پێم ڕاگەیاندن ناتوانین کارێکی جدی لەگەڵ گرووپەکەیاندا ئەنجام بدەین ئەگەر وتووێژە نهێنییەکانمان بەشێوەیەکی شێوێنراو بگەیەنرێتە ڕۆژنامەکان. تاڵەبانی ڕەزامەندبوو لەسەر ئەوەی عێراقییەکان پێویستیان بەکارو تەقەلای جدی هەیە و گرووپی حەوتیش نوێنەرایەتی هەمووان ناکات.

بەڵام چەلەبی کەلە کۆتاییەکانی ئایار/ مایۆدا بینم، وتارێکی پێشکەش کردم سەبارەت بە پێویستی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە بۆ ئەوەی بەخێرایی بەرەو " حکومەتێکی کاتی " بچین، ووتی کە زالمای خەلیلزدا، نوێنەری ئەوکاتی سەرۆکایەتی، بەڵێنی داوە دوای چوار هەفتە لەڕزگارکردنی عێراق پێکی بهێنێت.

وەڵامم دایەوەو ووتم، " ئەوە مەسەلەیەکی ناواقیعییە. ئێمە پێویستمان بەحکومەتێکە نوێنەرایەتی هەموو عێراقییەکان بکات. دەشتوانن یارمەتیمان بدەن. بەڵام نیازمان وایە بەخێرایی بجوڵێین بۆ بونیادنانی ئەو حکومەتە کاتییە کە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کردووە".

لە حوزەیران/مایۆدا، بۆ پێداچوونەوەی هەندێك خاڵ لەگەڵ سیاسییە عێراقیەکانی تردا کۆبوومەوە، لەناویشیاندا عەدنان پاچەچی، کە سوننییەکی بەتەمەنە و بۆ گرووپە حەوت کەسیەکە هێنابوویانە ڕیزی خۆیانەوە. پاچەچی بۆ ماوەیەکی کورت پێش چل ساڵ پۆستی وەزارەتی دەرەوەی عێراقی وەرگرتبوو، پاشان بەرەو تاراوگە هەڵهاتبوو، لە میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو نیشتەجێ بوو بوو. پێمڕاگەیاند " ئێمە ڕەزامەندین کار لەگەڵ گرووپی حەوتدا بکەین و ڕۆڵێکتان لە حکومەتی نوێی عێراقیدا پێ بدەین. بەڵام پێویستە تەقەلاو هەوڵەکانی خۆت بسەلمێنیت لەکۆمەککردندا بۆ فراوانکردنی گرووپەکەتان تا ژمارەیەکی زیاتر لەعەرەبە سوننەکان و مەسیحییەکان و تورکمان و پێش هەموو شتێکیش ژنان لەخۆبگرێت".

پاچەچی لەسەر ئەوە ڕەزامەند بوو.

لەماوەی پێشوودا، گفتوگۆیەکی هەژێنانەم لەگەڵ عەبدولعەزیز حەکیمدا ئەنجام دا کە بەرپرسێکی باڵایە لەئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیدا لەعێراق. وتووێژەکە بەقسەی خۆش دەستپێکرد کاتێك حەکیم خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی لەبەرامبەر دەرکردنی بڕیاری ڕیشەکێشکردنی بەعس و هەڵوەشاندنەوەی دەزگا ئەمنییە بێزراوەکانی عێراقدا.

وتی، " زۆرێك لەعێراقییەکان گومانیان لەپابەندبوونی هاوپەیمانان هەبوو بەلەناوبردنی ئامرازەکانی تیرۆری سەر بەصەددام تا ئەو کاتە دوو بڕیارەکەتان لەبارەیەوە ڕاگەیاند.

ئەو وتەیەی وا دەرکەوت هاندەربێت. " کەواتە یارمەتیمان دەدەن لەفراوانکردنی گرووپی حەوتدا بۆ ئیدارەیەکی کاتیی کە نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کردووە"؟.

حەکیم بێدەنگ بوو پاشان بەیەك وشە وتی، " مەحاڵە".

" بۆچی نا ئەی سەیید"؟

بێدەنگی زاڵ بوو، پاشان باسی لەتێڕوانینی پارتەکەی کرد. " ئەگەر ئێستا گەلی عێراق کۆنگرەیەکی نیشتمانی ساز بکات، ئەوا دەتوانین لەماوەی سێ مانگدا دەستور بنوسینەوە.. بەبێ یارمەتییەکی بیانی. وەك دەزانن ئێمە کلتورێکی مەزنمان هەیە لەمەعریفە جەنابی باڵیۆز".

بە دەستەواژەیەکی تر، لێگەڕێ پیاوانی ئایینی شیعە یاریی بەزۆرینەی شیعە بکەن بۆ زیان گەیاندن بەرەگەزە عەلمانیی و ڕەگەزەکانی تر لەکۆمەڵگەی عێراقیدا.

بەهێواشی ڕوونکردەوە کە شێوازەکەی سەرکەوتوو نابێت. لەڕاستیدا ئامانجی ئێمە حکومەتێکی "نوێنەرایەتییە"، لەگەڵ پارێزگارییەکی دەستوریدا بۆ هەموو عێراقییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا من هاوڕابووم لەگەڵیدا سەبارەت بەوەی پێویستە عێراقییەکان خۆیان دەستورەکەیان بنوسنەوە.

بە ساردییەوە گوێیگرت. پاشان بێ گوێپێدان وتی، " چیت ئەوێت هەڵبژێرە، بەڵام بەخێرایی".

لەو شەوەدا یاداشتێکم بۆ ڕامسفێلد نارد کە پوختەی ڕەوشەکەم بۆ ڕوونکردبۆوە. تێبینیم کرد گرووپی حەوت ئەگەشتونەتە ئەو ئاستەی کە خوازراوە لێیان، " بەڵکو دیارە ئیفلیج بوونێك هەیە لەناو گرووپەکەدا سەبارەت بەچۆنیەتی فراوانکردنی بەخێرایی، وێڕای ئەوەی دان بەوەدا دەنێن کەپێویست ئەوە بکرێت ".

ئەوەشم پێڕاگەیاند کە هاوپەیمانان دەیانەوێت حکومەتێکی کاتی پێکبهێنن کە نزیکەی سی ئەندام لەخۆبگرێت بەشێوەیەکی فراوان هەموو دەستە و کۆمەڵانی کۆمەڵگەی عێراقی لەخۆ بگرێت (ئەوانەی لەناوەوە بوون، ئەوانیش لەتاراوگە بوون شیعەکان و کوردەکان و عەرەبە سونەکان و تورکمان و مەسیحییەکان و هۆزەکان، ژنان و پیاوان). کاتێکیش کە حکومەت رادەگەیەنن،



Scanned with CamSc

هەروەها دەست بەپرۆسەی دەستوریش دەکەین، رەنگە لەکۆتاییەکانی تەمموز/ یۆلیۆدا.
بە رامسفێلدم راگەیاند " رەنگە هەڵبژاردنەکان دوای ساڵێکی تر ساز بکرێت". ئەوەش دەخوازێت عێراقیەکان لەماوەی شەش مانگدا دەستوری نوێ بنوسنەوە، پاشان رەزامەندیی لەسەر وەربگیرێت. ئەمەش کارێکی زەحمەتە، بەڵام ئامانجێکە شایستەی هەوڵ و کۆشش بۆکردنە.
لەو ماوەیەدا، ئەوانەی لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانداا کار دەکەن کۆششەکانیان چڕکردبۆوە بۆ راکێشانی بەشەکانی تر لەکۆمەڵگەی عێراقی بۆ ناو پرۆسەی سیاسی. لە کارە هەرە بەرایەکانیشمان گرەنتیکردنی ئەوەی کە دەبێت ژنان بەشێك بن لەحکومەتی نوێ. خاتوو جۆدی فان رست، کە بەرپرسیارێکی رامیاریە بەهرەدارەو کاروباری ئافرەتانی پێسپێراوە، لەگەڵ دوو ژنی تردا کە بەعەرەبی قسە دەکەن لەگروپی حوکمدا- لیدیا خلیل، کە میصریەکی ئەمریکیە و، جۆلز چاپل کە دبلۆماتکارێکی بەریتانیە هەستا بوون بەرێکخستنی کۆبونەوەیەك لە ٢٩ ئایار/ مایۆدا لەگەڵ سی ژنی سەرکردەیی عێراقیدا. جۆلز لەباڵیۆزخانەی بەریتانی لەئوردن خوازرابوو، هەر سێکیان پەیوەندیەکی ئاواییان هەبوو لەگەڵ ژنە عێراقیەکاندا.
لەیەکێك لەژوورە رازێنراوەکانی کۆبونەوەکانی کۆشکدا بەخێرهاتنم لەژنەکان کرد.
لەرێگەی وەرگێرانەوە بە ئامادەبوانم راگەیاند " هیوادارم ئەم کۆبونەوەیە دەستپێکی ژمارەیەك لەکۆبونەوەی هاوشێوەی ئەمە بێت" ، ئەوەشم ووت ئامانجەکانی هاوپەیمانان بریتیە لە فەراهەمکردنی ئاسایش و، بونیادنانی حوکمی یاساو، باشکردنی ئابوری وڵات.
" من دڵنیام لەبایەخی ئەو پێگەیەی کە ئافرەت لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا هەیەتی. زۆرێك لە هاورێ عێراقیەکان بە پەرۆشەوە باسی ئەو رۆڵە بێ هاوتایەیان بۆ باسکردوم کە ئافرەت لەچلەکان و پەنجاکان لەجیهانی ئیسلامیدا گێراویانە. پێشبینی ئەوەش دەکەم ژنان بێنە ناو ژیانی سیاسیەوە لەعێراقدا، من پشت بەئێوەو بە هاورێکانتان دەبەستم بۆ یارمەتیدان لەدیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئەو ژنانەدا کە دەتوانن لەحکومەتی کاتیدا کاربکەن".
هەندێك لەژنەکان لەدەوری مێزێکی درێژ دانیشتبوون و ئەوانی تریش لەدوایانەوە وەستابوون. هەندێکیان ووتیان ئەوان خۆشحاڵن بەوەی ئێمە پێداگریی دەکەین لەسەر کاروبارەکانی ژنان. هەندێکی تریشیان دەستیان کرد بە قسەکردن لەبارەی بایەخ و هیواکانیان سەبارەت بەئایندەی عێراق.
لەناکاو، دوای بیست خولەك، یەکێکیان کە ئەندام بوو لەیەکێتی ژنانددا، یەکێك لە رێکخراوە کۆمۆنیستیەکان کەصەددام لەپێشدا نەرمی لەگەڵدا نواندبوون و دواتریش سەرکوتی کردبوو، ووتی: " دوو ژنی بەعسی لەم ژوورەدا هەیە"!



Scanned with CamSc

ژنێك كەلەوبەرەوە وەستابوو، دیاربوو تۆمەتەكە ئاراستەی ئەو كرابوو هاواریكرد، " ئەگەر ئەمە رۆحیەتی ئەم جۆرە كۆبونەوانە بێت، ئەوا ئەمە مایەی ئەفسوسە بۆ ئایندەی گەلی عێراق"!

كۆبونەوەكە ئاڵۆز بوو دوای ئەوەی هەموو دەستیان بەهاواركردن كرد. وەرگێرەكەم چیدی نەیتوانی بزانێت چی ڕوو دەدات. لەكۆتاییدا توانیم جۆرێك لەسستم بسەپێنم، بە ژنەكانم ڕاگەیاند كە بوارێكی گەورە هەیە بۆ وتوێژكردن لەبارەی ئەم كێشەیەوە. بەڵام ئێستا پێویستە شێوازێك بدۆزنەوە بۆ رێكخستنی خۆیان و، بونیادنانی لیژنەیەك كەبكرێت لەگەڵماندا كار بۆ بانگەشەكردن بۆ كۆنگرەیەكی نیشتمانی ژنان بكات.

بۆ خۆشبەختی، دوای چوونە دەرەوەم بەشداربوەكان، لیژنەیەكی ئاراستەیان هەڵبژاردبوو، كە یارمەتی داین بۆ كۆنگرەی یەكەمی ژنان لەعێراق لە ٩/ تەمموز/ یۆلیۆ. بەڵام ئەم كۆبونەوەیە جارێكی تر هەستەكانی تاڵی و ناخۆشی لەماوەكانی حوكمڕانی صەددامی خستەوەڕوو.

كۆبونەوە پێشوەختەكانم لەگەڵ گروپی حەوت ئاستەنگی تێكەوت. دوای دانیشتنی یەكەمم، دوو هەفتەم بۆ دانان بۆ ئەوەی بیرۆكە بهێنن لەبارەی چۆنێتی فراوانكردنی گروپەكەیان بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر نوێنەرایەتی عێراقیەكان بكات. لەناوەڕاستی حوزەیران/ یۆنیۆدا، داوام لە گروپی حەوت كرد كۆبونەوەیەكی تر ساز بكەین، لەو كۆبونەوەیەدا ئەو تەحەدایەم وە بیرهێنانەوە كە پێم وتبوون. زانیم شكستیان هێناوە.

وتم، " هاوپەیمانان بەردەوام دەبن بۆ دۆزینەوەی نوێنەرانی تر. ئێمە بەنیازین ئیدارەیەكی كاتی لەماوەی چوار بۆ شەش هەفتەی ئاییندەدا دابمەزرێنین". شەمەندەفەرەكەش ئامادە دەبێت بۆ دەرچوون. هەندێك مەسەلەم باسكرد كە فشار دەخاتە سەر هاوپەیمانان و هەوڵدەدەین ڕاوبۆچوونی عێراقیەكان لەوبارەیەوە وەربگرین. پێویستە لەسەر هاوپەیمانان هەندێك بڕیار وەربگرن كە پەیوەستە بە خستنە ناوەوەی دراوی نوێ. ڕاوبۆچوونی ئەوان چییە؟ ئێمە پێمان وایە كارێكی باش و ئۆرگانییە كۆتەكان لەسەر وەبەرهێنانە بیانییەكان هەڵبگرین. ئایا ڕازی دەبن؟ ئێمە دەمانەوێت هانی پێشوەختی خزمەتگوزاری مۆبایل بدەین. ئایا ئامۆژگاریی ئەوان بۆ ئەوە چییە؟ هەروەها ئێمە ڕووبەڕووی هەندێك مەسەلە دەبینەوە وەك چاككردنی هەردوو سستمی دادوەریی و فێركردن، چۆن و كەی سەرژمێرییەكی گشتیی ئەنجام بدەین. لەوەش گرنگتر ئێمە پێویستیمان بە ئامۆژگاریی عێراقیی هەیە لەبارەی بونیادنانی سوپایەكی عێراقیی نوێ و ڕاهێنانی ژمارەیەكی پێویست لەپۆلیس.

بە گروپی حەوت و ڕاوێژكارەكانیانم ڕاگەیاند، " من پێشوازی لە ئامۆژگارییەكان و یارمەتیەكانی گروپەكە دەكەم سەبارەت بە ژمارەیەكی زۆر لەو مەسەلانەی ڕووبەڕووی هاوپەیمانان دەبنەوە.



Scanned with CamSc

ئەوانەش کۆمەڵێك ئەحەدان پەیوەندیان بەئایندەی وڵاتەوە هەیە". بەڵام کەمێکیان ڕاهاتبوو لەسەر ئەوەی ڕاسپاردەو ئامۆژگاریی سەبارەت بە مەسەلە جدیی و گرنگەکان پێشکەش بکەن. وەك دوای کۆبونەوەکەش ڕایان وتی، " ئەوانە کەسانێکن وا ڕاهاتوون وەك تۆێژوسیۆنێ لەخۆیان بڕوانن زیاتر لەوەی ڕایێن لەسەر وەرگرتنی بڕیارێك سەبارەت بە هەر مەسەلەیەك". من دەمویست ئەوە بگۆڕم. دەبوو ئەوەش بگۆڕێت ئەگەر عێراق بیەوێت بەرەو پێش بڕوات. ئەوەش بریتی بوو لە بەرنامەی کارم بۆ عێراقیەکان: ئەگەر ئەو سیاسیانە بیانەوێت ڕۆڵێك ل گوێزانەوەی سیاسیی وڵاتدا بگێڕن، ئەوا پێویستە لەسەریان کاربکەن.

لەنامەیەکی ئەلەکترۆنیدا کەلەو شەوەدا بۆ فرانسیم نارد پێمڕاگەیاند، " بەنیازم ئەوەیان بۆ ڕوو بکەمەوە کە چەند مەسەلەیەکی مەترسیدار هەیە پێویستە لەسەریان مامەڵەی لەگەڵدا بکە لەبری ئەوەی خەون ببینن بەو نوسینگەیەوە کە لەکاتی گواستنەوەدا کاری تێدا دەکەن یان جۆری ئە ئۆتۆمبێلەی کە داوای دەکەن"؟.

بەڵام گروپی حەوت جارێکی تر شکستی هێنا لەهەڵبژاردندا. نەیانتوانی ڕێگە بدەن بەهە دابەشکردنێکی دەسەڵاتیان. هەروەك چۆن پێویستی گروپەکە بۆ کۆدەنگییەك بێ ئەنجام بوو، نەتوانرا بگەینە ڕاسپاردەیەك سەبارەت بە هەر یەك لەم مەسەلانەی کە خستمانە پێشچاویا ئەمەش مانای بوونی زیاتری ئاستەنگەکان دەگەیەنێت لەبەردەمماندا.

دەستمکرد بەئاماژەدان بەهەندێك لەئەندامانی گروپی حەوت کە ئێمە و نەتەوە یەکگرتووەکا سوورین لەسەر ئەوەی ئیدارەیەکی کاتیی بونیادبنێین، بەوەش دەسەڵاتی ئەوان لەئەنجومەنێک فراواندا وون دەبێت. هەندێکیان سەرسام نەبوون بەم ئەگەرە. لە کۆتاییەکانی ئابار/ مایۆ جەلەبی بە سکۆتی ڕاگەیاند دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا لەپێناو دەرچوونی کچەکەیدا لەهارڤۆرد پێشبینیم کرد هەندێك کات لەواشنتۆن بەسەر دەبات بۆ ئەوەی فشار بەکار بێنێت تا پلانەکەما بۆ بونیادنانی حکومەتێکی فراوانتر لەڕووی نوێنەرایەتیەوە هەڵبوەشێنێتەوە.

لەو ماوەیەدا، زیاتر سێرجیۆ دی میلۆم دەناسی و جێگەی ڕێز بوو لام. ئەو کەسێکی خۆش مەشرەب و پڕ لەخەندە بوو. لای خۆم هێشتمەوە بۆ ئەوەی پلانەکەی خۆمانی پێڕابگەیە سەبارەت بە دامەزراندنی ئیدارەیەکی کاتیی لەناوەڕاستی تەمموز/ یۆلیۆدا. ئەویش بەشێوەیەکو ڕێکوپێك لە وتووێژەکانی لەگەڵ عێراقیەکان ئاگاداری دەکردمەوە. ڕۆژێکیان بانگهێشتی کردم بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ لەگەڵیدا لە بارەگای سەرکردایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە میوانخانەی قەنال. لەسەر خوانەکە خواردەمەنی عێراقیی پڕ لەبەهارات و بیرەی بەرازیلی باش هەبوو سێرجیۆم لە ئەنجامی ئەو وتووێژانە ئاگادارکردەوە کە ئەنجامیان دەدەین.



Scanned with CamSc

ووتی، " پلانێکی باشە جێری، هیچ کارێك ئەنجام نادەم ئاستەنگ بۆ هاوپەیمانان دروست بکات".
ووریام کردەوەو پێم ووت، " بەڵام لێرە هەموو کەسێك ئەتەوە یەکگرتووەکانی خۆش ناوێت سێرجیۆ. زۆرێك لەعێراقیەکان پێیان وایە کە ئەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی لەصەدام کردووەوەو چاوی داخستووە لەبەرامبەر ئەو گەندەڵیەی کە لەبەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراکدا رووی داوە".
سەری ڕاوەشاند. وەك تێگەیشتم کە ئەوە بەلایەوە شتێکی نوێ نەبوو. " پێویستە لەسەرمان بەگفت و بەکار متمانەی گەل بەدەست بێنینەوە".
ئێستا بۆم دەرکەوت کە ئەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان لەسەر هەمان هێڵ دەڕۆن و دی میلۆش ئەگەری دیاریکردنی حکومەتێکی کاتی ئاڵۆز ناکات.
کاتێك گەرمای هاوین هات، گرووپە سیاسیە ئەمریکیە بەریتانیەکمان شەو ڕۆژ کاریان دەکرد بۆ دۆزینەوەی پاڵێوراوی تر بۆ حکومەتە نوێیەکە، دەیان دبلۆماتکار و شارەزا ئەمریکی و بەریتانیەکان، زۆرێکیشیان شارەزای ناوچەکەن، بەهەموو ناوچەکانی عێراقدا گەڕان بۆ دۆزینەوەی تێکەڵەیەك لە پاڵێوراوەکان بۆ حکومەتە کاتیەکە کە نوێنەرایەتی هێزەکان و گرووپە سیاسی و ئاینی و کەمینەکانیان دەکرد. هەروەها گرووپەکە بەشێوەیەکی پلەبەندی ژمارەیەك لەئافرەت و سەرکردەی هێزو تایفە ئاینیەکانیان ناسی کە دەکرێت وەك ئەندامێك تیانبڕوانرێت. بڕیاریشماندا ناوی حکومەتەکە بنێین " ئەنجومەنی حوکمی عێراق"، وەك دانپێدانانێك بەو دەسەڵاتانەی کە بەنیازین بیدەینە گرووپەکە.
لەکۆتاییەکانی مانگی حوزەیران/ یۆنیودا، ئەو کەسەی کە داوای ئەو تەختەی عێراقی دەکرد کەماوەیەکی زۆرە لەناوچووە هات بۆ ئەوەی لەگەڵمدا کۆببێتەوە. خێزانی هاشمی (کەهێشتا حوکمی ئۆردون دەکەن) دوای ئەوەی لەلایەن بەریتانیەکانەوە دامەزێنرا لەساڵی ١٩٢٠ حوکمی عێراقی پادشایان کرد ، هەتا لەساڵی ١٩٥٨ لە کودەتایەکی خوێناویدا کۆتایی پێهێنرا.
شەریف عەلی کوڕی حسێن پیاوێکی لاوازو قژ بوو قژێکی ڕەشی نەرمی هەبوو لەگەڵ سمێڵێك لەسەر شێوەی ئێرل فلین. شەریف عەلی ئێستا تەمەنی لەکۆتایی پەنجاکاندا بوو، کاتێك کە منداڵ بووە خێزانەکەی بە پەلە، دەریان هێناوە لەعێراق ئەوکاتەی کە ڕژێمی پادشایی لەعێراق لەگۆڕ نرا. لەو کاتەوە ماوەیەکی درێژ لەئینگلتەرا ژیاوە، لەوەشی پێوە دیار بوو. عێراقیەکی نمونەیی نەبوو بە قاتە (سافیل رۆ)کەیەوە کە نرخەکەی هەزاران دۆلاری تێدەچێت و، پێڵاوە ئیتالیە گران بەهاو کاتژمێرە رۆلێکسەکەیەوە، هەروەها بۆنی عەتری دوای تراشکردن کەلێی دەهات و، زمانە ئینگلیزیەکەی. بە سواری فرۆکەیەکی تایبەت و هاوڕێیەتی حەفتا کەسەوە گەڕابۆوە بۆ بەغدا.

شتێکی کتوپڕ نەبوو کە شەریف عەلی ڕازی بێت لەسەر ئەوەی گروپی حەوت نوێنەرایەتی هەموو عێراقییەکان ناکەن و، هەڵبژاردنی پێشوەختیش زەحمەت و نادادانایانەیە.

بەشێوەی بەرێوبەرێك کەقوتابی قوتابخانەیەك بدوێنێت وتی" ئەوان بەوپەڕی سادەییەوە توندڕەوەکان هەڵدەبژێرن. جەنابی باڵیۆز سەرنجت بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە من وام پێباشە ڕاپرسیەکی پێشوەخت بکرێت– ئایا ڕازی دەبیت لەسەر گەڕانەوەی ڕژێمی پادشایی یان نا"؟ وتیشی حکومەتی کاتی ڕووبەڕووی کاتێکی نارەحەت دەبێتەوە.

هاوڕابووم لەگەڵیدا، " نەخێر، کارێکی ئاسان نابێت. بەڵام دیموکراسیەت بەو شێوەیە کاردەکات".

لەکۆتاییەکانی حوزەیران/ یۆنیۆدا ، هەندێك لە ئەندامانی گروپی حەوت بەرگریان لەوە دەکرد حکومەتی نوێ فراوان بکرێت. زانیشمان جەلال تاڵەبانی سەرکردەی کوردیی لەیەکێك لەکۆبونەوەکانیدا پلانێکی داناوە بۆ لەباربردنی ئەنجومەنی حوکم، لەرێگەی ئەوەوە گروپی حەوت داوای " کۆنگرەیەکی نیشتمانی" بکەن کە بەخۆی هەڵیانبژێرێت بۆ هەڵبژاردنی حکومەتی نوێ. ئەوەش رەنگە ئەو یەکێتیە نیشتمانییە پەرتوبڵاو بکاتەوە کە بۆ بەدیهێنانی کۆشش دەکەین.

کاتێکیش لەرۆژی دواتردا تاڵەبانی، کە سیاسەتمەدارێکی سەرنج ڕاکێشە ئەگەرچی پێویستی بەهەندێك ووردیی هەیە، لەگەڵمدا کۆبۆوە، وێڕای نەیاریی توندی پشت پەردەکانی ڕۆژی پێشووی، پەیمانی دا "سەد دەرسەد" لەگەڵماندا بێت. دواتر زانیمان کاتێك کەوا کارێکی جدی لەگەڵ تاڵەبانی ئەنجام دەدەیت باشتر وایە پێشتر بەڵێنێکی لێ وەربگیرێت.

دوای چەند رۆژێك بەرپرسە گەورەکە لەئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق بانگهێشتی کردم بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ لەماڵەکەی لەسەر کەناری روباری دیجلە. دوای خواردنی نان ر چێشتێکی نایاب، چووین بۆ ژووری کۆبونەوەکانی، چامان خواردەوە و باسی سیاسەتمان کرد لەکاتێکدا ئەو جگەرەی عێراقیی دەکێشا.

لەکۆبونەوەکانی پێشووماندا ئەو هەمیشە بەرگریی لەفراوانکردنی گروپی حەوت دەکرد بۆ ئەنجومەنێکی حوکمڕانیی کە نوێنەرایەتیەکی فراوانتر بکات. بەڵام ئەمڕۆ هەستێکی دژی هەبوو لەبەرامبەریدا. من و ڕاوێژکارەکانم دەمانەوێت پارتەکەی لە ئەنجومەنی حکومدا بن. بەڵام ئەگەر بەشداریان نەکرد تێیدا، ئەوا دەبێت ئەوە هەڵبژاردنی خۆیان بێت. ئێمە نامانەوێت وا لەهاوپەیمانان بڕوانرێت کە گروپێکی شیعەی گرنگیان دوورخستۆتەوە، ئەگەرچی ناکۆکی هەژێنیشە.

حەکیم پێی ڕاگەیاندم دان بەوەدا دەنێت کە هەڵبژاردن لەم قۆناغەدا نا مومکینە. " بەڵام هێشتا وام پێ باشترە کۆنگرەیەکی نیشتمانی ببەسترێت بۆ هەڵبژاردنی ئیدارەی کاتیی".

هەندێك دۆندرمەی ی بەتامی فستقەوە خوارد، پاشان وتی، " یان با لێگەڕێن گروپی حەوت

حکومەتی عێراقیی هەڵبژێرن".

وتم، " ئەو مەحاڵە سەید. کۆنگرەیەکی نیشتمانی نابەستین لەم قۆناغەدا : شتێك نیە نزیك بێتەوە لە کۆدەنگییەکی نیشتمانیی لەسەر جۆنیەتی هەڵبژاردن، ناکرێت نمونەی ئەم کۆمەڵەیە لەئمونەی ئەم کاتە کەمەدا هەڵبژێردێت. ناتوانین رێگە بەگرویی حەوت بدەین خۆی بگۆرێت بۆ حکومەتێکی کاتیی فراوانتر. هاوپەیمانان ئێستا دەچنە قۆناغی کۆتایی لەکۆکردنەوەی ئەنجومەنی حوکم. بۆیە داواکارم تۆ و هاوەڵەکانت بەشێك بن لەو پرۆسەیە.

لەو گوزارشتە وشکە کەلەسەر سیمای سەید دەرکەوت وامزانی من لەوانە بێت مشتومڕی تێزرێکی بیرکاری ئاڵۆز بکەم، نەك ئایندەی حزب و وڵاتەکەی.

لەو کاتەدا کەبەدەست ئاماژەی بەیەکێك لەخزمەتکارەکانی کرد بۆ ئەوەی سینییەکان لابەرێت بەشێوەیەکی کورت وتی " من دەمەوێت بەمۆڵەتێك تا دوو رۆژی تر بڕۆم بۆ لەندەن".

وتم، " من تێدەگەم لە پێویستی تۆ بۆ حەسانەوە و هاوسۆزم لەگەڵیدا. بەڵام لەگەڵ هەمو رێزێکمدا پێموایە رۆیشتن لەئێستادا کارێکی داناپانە نیە".

بە بیرم هێنایەوە ئێمە بەنیازین لەماوەی سێ هەفتەی ئایندەدا دوا پەنجە بخەینە سەر ئەنجومەنی حوکم. وتیشم ئێمە " دەمانەوێت سەرکردەی هەمو حزبە گرنگەکان بخەینە ناو ئەنجومەنەکەوە". وەك بەبیر جەعفەریشم هێنایەوە، ئاگادارم کردەوە لەوەی گرنگە شیعە ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەنەوە کەلە بیستەکانی سەدەی ڕابردودا کردیان.

حەکیم لەئاماژەکە تێگەیشت. ڕازی بوو لەسەر هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی، بەڵام وای دەردەخست کە پابەند نیە سەبارەت بەوەی بەشداری بکات لەئەنجومەنی حوکمدا.

لە ٢٣ حوزەیران/ یۆنیۆدا، سەرەی چەلەبی هات. تازە گەڕابۆوە بۆ عێراق، دوای بەسەربردنی دە رۆژ لەواشنتۆن بۆ ئەوەی کۆنگرێس و ئیدارە لەپلانە سیاسییەکانی هاوپەیمانان گەلبکات. چەلەبی هێشتا کەسێیەکە لەواشنتۆن قسەی دەڕوات. بیستومە هەندێك لەزانیاریە هەواڵگرییەکان لەبارەی چەکی کۆکوژی رژێمی صەدامەوە لەرێگەی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقیەوە گەیشتوە بەواشنتۆن، ئەگەرچی من ئەوەم نەبینیوە.

چەلەبی ئێستا بۆتە نەیارێکی ڕاشکاوانەی هاوپەیمانان، لەهەوڵی ئەوەدایە سەرکردەکانی گروپی حەوت قایل بکات بەوەی ئامادەی ئەنجومەنی حوکم نەبن و تەنها نوێنەرەکانیان لەدەستەکەدا دابمەزرێنن. منیش رێسایەکی جێگیرم دانابو کە دەبێت ئەو ئەندامانەی کەلە ئەنجومەنی حوکمدا ئامادە دەبن خودی سەرۆکی گروپ و پارتەکان بن نەك نوێنەرەکانیان. ئەوەش تاکە رێگەیەکە بۆ گرەنتیکردنی ئەوەی خودی پارتەکان بەرپرسیارێتی لەئەستۆبگرن لەبارەی ئەو بڕیارانەوە کە

ئەنجومەنی حوکم دەیاندا. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، دەکرێت سەرکردەکان نوێنەرەکانیان بنێرن بۆ ئەنجومەنی حوکم و ، خۆشیان لەلاوە نیشانە لە بڕیارەکانی بگرنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا من دان بەوەدا دەنێم کە چەلەبی لەو سەرکردە عێراقییە دەگمەنانەیە کەلەناوەوەی تێدەگەن. ئەو دەستڕۆیشتوویی خۆی لای لایەنگرە سیاسیەکانی لەواشنتۆن بەکارهێنابوو بۆ ئەوەی هانیان بدات صەدام لە دەسەڵات لابدەن. بۆیە بەهەمان شێوەی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق وامان پێ باشە ئەو لەناو چادرەکەدا بێت نەك لەدەرەوەی. بەڵام نەك بەنرخێکی بەرز.

لەکۆبونەوەیەکی قورسدا کە ماوەی دوو کاتژمێری خایاند لەو ڕۆژەدا، چەلەبی وتارێکی بۆ دام سەبارەت بە" هەڵەکانمان" وە چۆن پێویستە لەسەرمان واز لەپلانەکانمان بێنین سەبارەت بە ئەنجومەنی حوکم.

" لەبری ئەوە هەوڵ بدەین لە پارێزگاکاندا هەڵبژاردن ئەنجام بدەین".

ڕاستە، بیرم کردەوە. بەبێ دەستور، لەسایەی یاسای بەعسدا کەهێشتا کاری پێدەکرێت، بەبێ سەرژمێریکردن و، یاسای هەڵبژاردنەکان و، بەبێ یاساگەلێك چالاکی حزبە سیاسیەکان ڕێك بخات.

وازم لێهێنا قسەکانی تەواو بکات، پاشان بیرم لە کۆبونەوەی یەکەمان کردەوە لە ئایار/مایۆدا. " ئەو کاتە گروپی حەوتم لەوە ئاگادارکردەوە کە ئێوە نوێنەرایەتی عێراق ناکەن. ئێوە نەفیکراون. داواملێکردن گروپەکەتان فراوان بکەن بۆ ئەوەی ئەو عێراقیانەش لەخۆبگرێت کەلێرە لەسایەی حوکمی صەدامدا ژیاون، هەروەها ژنان و مەسیحیەکان و تورکمانەکان و سەرۆك هۆزەکان بۆ ناو گروپەکە زیاد بکەن. ئێوە ڕەزامەندبوون لەسەر ئەوە، بەڵام ئەنجامتان نەدا".

لەبەرئەوەی گروپی حەوت شکستی هێنا لەتاقیکردنەوەکەدا، پێمڕاگەیاند لەمانگی ڕابردوودا ئەو کاتەی ئەو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە هاوپەیمانان شەو ڕۆژ کاریان کردووەو پاڵێوراوانیان بۆ ئەنجومەنی حوکم دیاریکردووە.

وتم، " ئێستا ئێمە زیاتر لە هەشتا ژن و پیاومان لەهەموو ناوچەکانی عێراقەوە دۆزیوەتەوە کەپێمان وایە شیاون، نیازم نیە ئەو هەموو کارە زەحمەتە لەپەنجەرەوە فڕێ بدەم".

جەختمکردەوە من دەمەوێت ئەو و سەرکردەی حزبەکانی تریش لەئەنجومەنی حوکمدا هەبن. لەو ئەنجومەنەدا کەدەسەڵاتی ڕاستەقینەی سیاسی بوونی هەیە.

بەڕوونی دیاربوو چەلەبی خۆشحاڵ نەبوو کە خێرا دەسەڵات بەنەفیکراوەکان نەسپێرین.

وتی، " جەنابی باڵیۆز، بە سستکردنی پرۆسەی سیاسی ئەو بۆچوونە لای خەڵك دروست دەکەیت کە ئەمریکا دەیەوێت بۆ ماوەیەکی درێژ لەعێراقدا بمێنێتەوە. ئەوەش ئاماژەیەکی باش نیە".



Scanned with CamSc

وەڵامم دایەوە" دکتۆر چەلەبی، سەرۆك زۆر ڕوون بوو. لەعێراق دەمێنەوە تا کارەکانمان تەواو دەبێت، تەنها یەك ڕۆژیش دوا ناکەوین".

" نەزانم ئەوەی ووتوە. بەڵام بە مستی ڕۆیشتن، ئەو بۆچوونە ئەدەنە هەندێك کەس کە ئەمریکا دەیەوێت لەعێراقدا بمێنێتەوە".

وەستام و چووم بۆ لای نوسینگەکەم و وێنەی هاوسەرەکەمم هێنا کە لام بوو. هاتمەوە بۆ ئەو شوێنەی چەلەبی دانیشتبوو، وێنە فۆتۆگرافیەکەمم نیشانداو ووتم، " ئەگەر کەسێك هەیە گومانی هەیە لەوە، ها ئەم گرەتنیانە کە من زیاتر لەوەی پێویستە یەك ڕۆژ چییە لێرە نامێنمەوە".

ووتی، " بەدڵنیاییەوە لەوە دەڕوانم". لەکاتی ڕۆیشتن بۆ دەرەوە، چەلەبی بەسوێوە ئاماژەی کرد بۆ ساورزی باڵیۆزی بەریتانی کە بەپێی ئەوەی بیستبووی، ژمارەیەکی زۆر لە پاڵێوراوە "ئیسلامیەکان"مان دەبێت لەئەنجومەنی حوکمڕانیدا. ئەویش لەعەلمانییە دیارو ناسراوەکانە بەوەی زیاتر حەزیان لەشتە خۆرئاواییەکانە نەك لەئیسلامیەکان. لەم قۆناغەشدا، چەلەبی ئایندەی سیاسی خۆی لەحکومەتێکی عێراقی عەلمانیدا دەبینێتەوە.

لەدواهەمین هەفتەی مانگی حوزەیران/ یۆنیۆدا، وتووێژێکی قوڵم لەبارەی ڕەوشی ئەمنی عێراقەوە لەگەڵ ژەنراڵ ئەبی زەید باسکرد، سەرکردەی نوێی دانراو بۆ سەرکردایەتی ناوەندی، فەریق ڕیکاردۆ سانشیزی سەرکردەی نوێی هێزە هاوبەشە تایبەتەکان هەموو هێزەکانی هاوپەیمانان لەعێراق.

جۆن هاوڕیەو ڕێزێکی زۆری بۆ دادەنێم، لوبنانیەکی ئەمریکیە عەرەبی دەزانێت و ناوچەکەش بەتەواوەتی شارەزایە.

ڕیك سانشێز لەسەرخۆو بیرکردنەوەی قووڵ بوو، سەلماندی کە خۆگرە لەکاتی قەیرانەکاندا. وەك داناییکیش لەلایەن ئێمەوە بەگرنگی یەکلاکەرەوە بۆ هەماهەنگی توندوتۆڵ لەنێوان سەربازییەکان و مەدەنییەکاندا، من و ڕیك ڕێکەوتین نوسینگەکەمان لەناو کۆشکدا هاوبەش بێت.

من پێموابوو دەتوانین بەسەر ئەو توندوتیژییە ڕوو لەزیادبووەدا زاڵ بین ئەگەر پتاگۆن ئەو پشتیوانیەی کە پێویستە بیداتە گرووپی سەربازی.

لەهەمان هەفتەدا لەگەڵ هۆزی گەورەی شەمەردا کۆبوومەوە، وەك بەشێك لەهەوڵەکانمان بۆ دۆزینەوەی نوێنەرایەتیەکی هۆزیی شیاو لەئەنجومەنی حوکمدا. چەندین ساڵی خزمەتم وەك دبلۆماسیەك لەئەفغانستان و مەلاوی ئەو ڕۆڵە گرنگەی بۆ دەرخستم کەهێشتا هۆزەکان لەژمارەیەك لەوڵاتاندا هەیانە.

هۆزەکانی عێراق ئەو شارستانیەتە کۆنەی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار پەرچەدەکەنەوە. بەو شێوەیە

دەكرێت لەناو یەك هۆزدا ئەندامانی شیعەو هەم سوننەش وەك یەك هەبن، هەندێك جاریش ئەندامان لە گروپە رەگەزییە جۆراوجۆرەكانیش.

بەشێوازێكی تر هۆزە عێراقیەكان دژیەكیەك دەخەنەڕوو. لەرووكەشدا، وا دیارە زۆر گرنگ نەبێت چونكە ٧٠٪ی گەلی عێراق لەناوچە شارستانەكاندا دەژین. هەروەك چۆن دەسەلاتی سەركردەی هۆزەكان كەمتر بۆتەوە لەچاو ئەو كاتەدا كە بەریتانیا ولاتەكەیانی داگیركرد پێش هەشتا ساڵ لەگەڵ ئەوەشدا، تائێستاش هۆزەكان رۆڵێكی گرنگ دەگێڕن لەژیانی كۆمەلایەتی و رامیاری ولاتدا. بەڵكو ئەو عێراقیانەش كە بۆ چەندین نەوە دەچێت لەشارەكاندا نیشتەجێن پێویستیان بەكەمێك لەهاندان هەیە بۆ مشتومڕكردنی بابەتی پێشینە خێڵەكیەكانیان. هێشتا زۆرێكیشان بەشانازییەوە ناوی هۆزەكانیان بەشێوەی فەرمیی دەلكێنن بەناوی كۆتاییانەوە.

بەلام هەروەها هۆزەكانیش بەناوبانگن بەوەی رێز لەدەسەلات دەگرن و، هەردەمیش ئەوەیان زانیوە كە كێ لەسەرەوەیەو كێ لەژێرەوەیە. ئەگەری ئەوەش زۆرە كە ئەوەی لەبەغدا دەسەلات دەگرێتە دەست پشتیوانی لێ بكەن، تا ئەو كاتەی ئەو كەسە دێت كە لەو بەهێزترە.

كۆبونەوەم لەرۆژی ٢٤ حوزەیران /یۆنیۆدا لە بارەگای سەركردایەتی دەسەلاتی كاتیی هاوپەیمانان لەگەڵ نزیكەی دوانزە شێخی سوننە بوو لەشێخەكانی هۆزی شەمەر، دیدارێكی لەبیرنەچوو و جێگەی باسە. شەمەر بەیەكێك لەگەورەترین هۆزە عەرەبیەكانی عێراق دادەنرێت، ئەندامانی شیعەو سوونە لەخۆ دەگرێت، سەرەڕای ئەوەی بەشێوەیەكی گشتیی سەركردایەتیەكەی سوننیە.

ئەندامان بە دزداشە سپی و بۆنە خۆشەكانیانەوە هاتبوون بۆ ئەم كۆبونەوەیە. زۆربەیان تەمەنیان لەسەروو شەستەكانەوە بوو، بەلاَم لەنێویاندا ئەندامی بچوكتریش هەبوو لەڕووی تەمەنەوە، شێخ غازی یاوەر، كە ئێمە وەك پالێوراوێك بۆ ئەنجومەنی حوكم سەیرمان دەكرد. تەمەنی نزیكەی چل ساڵێك دەبێت، رۆشنبیریەكی ئەمریكی هەیە و سەرمایەگوزارێكی سەركەتووە لە شانشینی عەرەبی سعودیە. مامی سەركردەی هەرە دیاری هۆزەكەیە، راستەوخۆ لەدەرەوەی موصڵ دەژی. وەك رێزێكیش بۆ ئەوانەی لەئەو گەورەترن، لەكۆبونەوەكەدا غازی هیچی نەوت. لیدیا خەلیل بەعەرەبیە رەوانەكەیەوە لەگروپی حوكم هاتە پالمانەوە.

هاوشێوەی زۆربەی سەركردەی هۆزەكان، ئەم جۆرە پیاوانە زۆر دەدوێن. ئەوان زۆر شەیدای رۆڵی مێژوویی خۆیانن لەعێراق، بەدڵخۆشیەوە باس لەو رۆژانە دەكەن كەتێیدا بەرەنگاری بەریتانیەكان دەبوونەوەو پشتیوانیان لێدەكردن. لەكۆتایی كۆبونەوەكەدا كە سێ كاتژمێری خایاند، دوای خواردنەوەی زۆرێك لەچار و گۆڕینەوەی پیرۆزبایی سەبارەت بەرزگاركردنی عێراق، گەورەی شێخەكان دەستی بەقسە كردو ووتی:

• حاکم ( زاراوە عەرەبیەکەی بەکارهێنا کەواتە بەو شێوەیە هۆزەکان بۆ من دەڕوانن)، دەمەوێت دڵنیات بکەمەوە لە پشتیوانی هەمیشەیی هۆزی شەمەر بۆ تۆ و ئەو حکومەتانەش کە رزگاریان کردین". دەنگی رەزامەندیی لەلایەن شێخەکانی تریشەوە دووپات بۆوە.

لەسەر هەمان بابەت بەردەوام بوو، " پشتیوانیمان جێگیرەو لەق نابێت". دەستی بۆ سنگی بردو وتی ئەم هەستەی لەعەقڵیەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام ئەوەی گرنگترە ئەوەیە کەلەدڵی خۆی و هاوەڵەکانیدا نوسراوە. هەموان سەریان ڕاوەشاند.

"ئێمە بەدرێژایی دەیەکانی ڕابردوو هەمیشە پشتیوانیمان نیشانداوە، دڵسۆزیش دەبین بۆ ئەم ئەرێتە خێلایەتیە". بڕێکی زیاتر لە دەنگی رەزامەندیی بیسترا.

دواجار وتی، " ئەگەر رۆژێك بڕیارماندا کە خیانەتتان لێ بکەین، بەڵێنت پێدەدەم پێش مانگێك ئاگادارت بکەمەوە".

بەم دڵنیاکردنەوەیە کە لەسەر دڵم نوسراوە، لەرۆژی دواتردا گەڕامەوە بۆ باکور بۆ ئەوەی چاوم بە سەرکردە کوردەکان بکەوێت.

باکوری عێراق، نیشتمانی کۆنی کوردەکان، تەواو جیاوازە لەباشوور. ناوچەیەکی شاخاویی پاوەن و مێرگە، گردەکانی کەم بەرزو، دۆڵەکانی پەراگەندەو چەپەکن، جۆباری هەڵتۆقیویان تێدایە و، لێژاییەکانی بەگوڵاڵە رازاونەتەوە. گەنم و گوڵەبەرۆژەو خەرتەلەو چەندین جۆری درەختی بەردار لەکێڵگەکاندا دەڕوێن. کەش و هەوا لەباشوور زۆر ساردترە. بەفری کۆتایی بەهار توایەوەو مێرگە بەرزەکانیش بەپیت وفەڕبوون. ئای لەدوای گەرمای نێوان دوو دۆڵەکە ئەم دیمەنە چەند چێژبەخش و خۆشە.

کوردەکان بەمێژوو کلتوریانەوە شانازی دەکەن. زۆربەیان بە زمانێکی دانسقەو دەگمەی هۆنراوە ئامێز دەدوێن، سۆرانیی، کە زیاتر لەفارسیەوە نزیکە تا عەرەبیی. ئەوان پارێزگاریان لە مۆسیقاو سەما کلتورییەکانیان کردووە. هەروەها کوردەکان خواردنەکانیان خۆش دەوێت، کەباشترین خواردنە لەعێراقدا، تێکەڵەیەکە لە چێشتخانەی عەرەبیی و تورکیی و فارسیی. لەچاو زۆبەی عێراقیەکاندا زۆرێکیان کەمتر پابەندن بەئیسلامەوە ، زۆربەی کات خۆیان شەرابەکانیان دروستی دەکەن.

کوردەکان میللەتێکی شاخاوین، سەرسەخت و سەربەخۆن. زۆربەی سەدەکان لەفەرمانڕەواکانی بەغداد یاخی بوون، ئیدی بەریتانیەکان بوو بن یان عێراقیەکان. هەردوو سەرکردەکەش، جەلال تاڵەبانیی و، ناوچەکەی باکوری خۆرئاوا و، مەسعود بارزانیی، لەخۆرئاوا، لەحاڵەتی جەنگدا بوون لەگەڵ صەدام و، بۆ ماوەی چەند دەیەیەکیش لەنێوان خۆیاندا جەنگاون.



Scanned with CamSc

ئامانجم ئەوە بوو ئەوو دووانە ڕازی بکەم بێنە ناو ئەنجومەنی حوکمەوە. لە وتووێژەکانی پێشوومان لەبەغدا، کوردەکان دوو دڵیان نواند لەوەی جارێکی تر ملکەچی حوکمی بەغدا ببنەوە.

پێش ساڵی ١٩٩١ بەچەند ساڵێك، کوردەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی عێراقی ئازاد بونیادێکی فیدراڵی هەبێت ڕێز لەگەڵ کوردی تەنهاو وەلاخراو بگرێت. ئەو سەربەخۆییەش کەلەدوای جەنگی کەنداوەوە بەدەستیان هێنابوو- خۆی لەناوچەیەکی کوردستانی سەربەخۆدا دەبینێتەوە کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەلایەن هێزی ئاسمانی هاوپەیمانانەوە لەسوپای صەددام پارێزراوە- ئاماژەیەکی بۆ ئەو خواست و حەزەی کە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیانە.

* * *

لەسەردانەکەی پێشوومەوە ئەوەم دەزانی کە هەردوو سەرکردە کوردییەکە خۆشحاڵ بوون بەئازادبوونی عێراق و هەڵوەشاندنەوەی حزبی بەعس و هێزە ئەمنییەکان. بەڵام هیچ کامێکیان نەیاندەویست لە ئەنجومەنی حوکمدا بن. بەڵکو لای تاڵەبانی بیرۆکەیەکی پەلە هەبوو بۆ چوون بۆ ئاسیاو ئەورووپا لەهەمان ئەو کاتەدا کە ئێمە سەرقاڵی پێکەوە کۆکردنەوەی ئەنجومەنی حوکم بووین.

لە بارەگاکەی لەسلێمانی، پێم ڕاگەیاند " ئێمە سوورین لەسەر پشتیوانیکردن لە بونیادنانی عێراقێکی فیدراڵیی". تاڵەبانی خۆشحاڵ بوو چونکە هاوپەیمانان ئێستا ڕەزامەندن لەسەر ئەو ئامانجە کوردییە کۆنە، بەڵام هێشتا دوو دڵ بوو لەوەی بەشداری بکات لەئەنجومەنەکەدا.

بەپێداگرییەوە ووتم، " ئەنجومەنی حوکم دەسەڵاتێکی سیاسی ڕاستەقینەی دەبێت".

پاش چەند کاتژمێرێك لەمشتومڕ و، دواتریش لەسەر خوانێکی ئێوارەی بەخشندەی کوردیانە، تاڵەبانی ڕازی بوو لەسەر ئەوەی سەردانەکەی بۆ ئاسیا دوا بخات، سەرەڕای ئەوەی هێشتا سوور بوو لەسەر ئەوەی سەردانی ئەورووپا بکات.

دواجاریش کاتێك کە پەرداخێك لەشەربەتی مێوژی بەتامیان دەخوارد تاڵەبانی ووتی، " جەنابی باڵیۆز، من لەسەر داوای شەخصی تۆ ڕازیم لەئەنجومەنی حوکمدا کاربکەم".

بەکێکیان ڕازی بوو، ئەوی تریان ماوە.

لەرۆژی دواتردا، لەگەڵ بارزانیی قسەم کرد. ئەو لەتاڵەبانی کەمتر نەرمو شلگیربوو، نزیکتر بوو لە سەرکردەیەکی کوردیی خێڵەکیی تەقلیدییەوە. بارزانیی بەجلە کوردییە تەقلیدییەکانیەوە بەشێوەیەك کە ووشە دەستەوسان دەبێت لەوەسفکردنی شەیدا بوو بەژیان، لە ماڵە جوانەکەیدا لەبەرزترین چیاکانی صەلاحەدین، کە پیاوەکانی و درەختی سێوەکان دەوروەیان لێدابوو. ناتوانم سەرزەنشتی بکەم، بەتایبەتیش کاتێك کە پلەی گەرما



Scanned with CamSc

لەبەغدا دەگاتە ٤٩ پلە، لەصەلاحەدین لای بارزانی گەرما سی و دوو پلەیە.

بارزانی پێی ڕاگەیاندم، " من حەزم لەبەغدا نیە. نامەوێت لەوێ بژیم هەتا گەشتیش بکەم بۆی. بەڵام ئەگەر هەر پێداگری بکەیت، ئەوا بەناچاری ڕازی دەبم لەئەنجومەنەکەدا کاربکەم".

"من سوورم".

" کەواتە منیش ڕازیم".

ئێستا هەنگاوەکانم خێراتر کرد. من و جۆن ساوەرز لەڕۆژێکدا دوو جار کۆدەبینەوە لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمی فراوانکراودا. پێشتر ئامانجی دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکممان ڕاگەیاندبوو بەهاتنی ١٥ تەمموز/ یۆلیۆ. وە ئێستا چەندین پاڵێوراو هەیە.

پێویستە کار لەسەر پوختەکردن و جیاکردنەوەیان بکەین، بێ فەرامۆشکردنی ئەوەی کە دەبێت ئەنجومەنەکە نوێنەرایەتیی بێت و لەگەڵ ئەوەشدا بچووك و چالاك بێت. وامان دانا لەوە دەچێتە هۆی دروستکردنی ئەنجومەنێك کە ژمارەی ئەندامەکانی لەنێوان بیست و پێنج بۆ سی ژن و پیاودا بێت. بەتێڕوانین لەسروشتی هەڵوەشاوەی کۆمەڵگەی عێراقی، دەرکەوت کە ئەوە کارێکی زۆر ئاڵۆزە. گرووپەکەشمان بەگەیشتنی عرفان صدیق بەهێزتر بوو، کە بەرپرسێکە لەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو دەرچووی ئۆکسفۆردەو بەعەرەبیەکی ڕەوان قسە دەکات.

یەکەمجار، وای دادەنێین شیعە زۆرینەی ئەنجومەنەکە پێکبهێنن لەو سۆنگەیەوە کەوا دادەنرێت ئەوان ٦٠٪ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن. پاشان ئێمە دەمانەوێت گرەنتی بوونی نوێنەرایەتیەکی باشی ژن هەبێت- بێدەسەڵاتانی ژێر حوکمی صەدام وەك چۆن لەزۆربەی وڵاتانی عەرەبیشدا هەر وان. هەروەها ئێمە پێویستمان بە دۆزینەوەی نوێنەرایەتیەکی چالاکی ئەندامە سوننە نیشتمانپەروەرەکانە. دۆزینەوەی ئەمانەش وای لێکردین ڕووبەڕووی گرفتێکی پەیکەری هاوپەیوەست بە سیاسەتی عێراقی دوای ڕزگاربوونەوە ببینەوە: دەستنیشانکردنی سەرکردە سوونەکان کە متمانەیان پێبکرێت. چونکە زۆربەی سوونە هەڵسوڕاوە سیاسیەکان ئەندام بوون لە دەزگا ئەمنیەکانی صەدام یان حزبی بەعسدا یان وەك خیانەتکار کوژرابوون. کوردەکانیش داوای ڕێژەی ٢٠٪یان دەکرد کە ئەوە ڕێژەی ژمارەی کوردەکانە لەعێراقدا. هەروەها مەسیحی و تورکمان و کەمینەی تریش هەبوون دەبێت بەڕێگەیەك لەڕێگەکان بەشداریان پێبکەین. وەك ئەوەی کارەکەش وەك پێویست زەحمەت و ئاڵۆز نەبێت، هیواداریش بووین بتوانین هەژدە پارێزگاکەی عێراقیش نوێنەرایەتیان تێدا هەبێت، ئەشمانەویست ئیسلامیەکان هەژموون بکەن بەسەر زۆرینە عەلمانییەکانی وڵاتدا.

پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی حوکمم لەنامەیەکدا بۆ سەرۆك بوش بەم شێوەیە وەسف کردبوو "

گەمەیەکی سەیرو ئاڵۆزو سێ ڕەهەندانەیە".

لەوکاتەدا کە فەرمانبەرەکان کۆششیان دەکرد لەدۆزینەوەی هەڵبژاردنە ئاڵۆزەکاندا، هەرلەم کاتەدا کۆبونەوەیەکی دەدا سەرکردەکانی گرووپی حەوت قایل بکەم بەشداریی لەئەنجومەنەکەدا بکەن، کۆبونەوەیەکی تری درێژم لەگەڵ ئەلحەکیمدا سازکرد، کە یەکێکە لەسەرکردەکانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق، ئەویش لە ١ تەمموز/ یۆنیۆدا بوو: ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئەگەر پێشوەختە لیستی تێکرایی ئەندامەکانی ئەنجومەنی حوکم ببینێت هاوکاری دەکات ، بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی کە "نوێنەرایەتییە". دەرکم بەوە کرد دەیەوێت ژمارەی شیعەکان بزانێت بۆ ئەوەی دڵنیابێت کەئەوان زۆرینە دەبن. دڵنیام کردەوە کە دەرئەنجامی کۆتایی " هاوسەنگی کۆمەڵگەی عێراقی بەرجەستە دەکاتەوە"، کە دانانە بە زۆرینەی شیعەدا. ووتیشم داوا لە هیۆم هۆران دەکەم لیستی پاڵێوراوەکانی ئەنجومەنی حوکمی نیشان بدات بەمەرجێك بەکەس نەڵێت کە ئێمە ئەوەمان کردووە.

کاتێك چەلەبی هات بۆ کۆبونەوەیەکی تر لە ٣ تەمموز/یۆلیۆدا زیاتر ڕوخۆش و نەرمونیان بوو، دوای ئەوەی بیستبووی کە من هەردوو سەرکردە کوردییەکەم قایل کردووە بەوەی بێنە ناو ئەنجومەنەکەوە. ووتیشی سەرسام بووە بەوە چونکە ئەوان پێش هەفتەیەك لەبەردەم ئەودا جەختیان کردۆتەوە کە بەهیچ شێوەیەك نایەنە ناو ئەو ئەنجومەنەوە. دەرکی بەوە کرد کە پێویستە لەسەری یان لەناو گەمەکەدا بمێنێتەوە یان خۆی بخاتە بەر مەترسی پەراوێزخستنەوە.

چەلەبی پێی ڕاگەیاندم لەم دواییەدا چاوی بە ئایەتوڵڵا عەلی حسێن سیستانی کەتووە، ئەو پیاوە شیعە ئێرانییەی کەوا گەورەترین ڕێزی لێدەگیرێت لەعێراقدا. لای پیاوانی ئاینی شیعە زنجیرەیەکی هەرەمیی هەیە کەلەرێگەی خوێندنی ئاینییەوە پێی دەگەن، لەرێگەی ئەم پلەبەندییەی پایەی ئاینییەوە مەرجەعەکانیان دەسەڵاتیان هەیە بەسەر شوێنکەوتەکانیاندا. بەڵام سوننەکان ئەم پلەبەندیی و زنجیرە ڕوونەیان نیە بۆ دەسەڵات لەنێوان پیاوانی ئاینیاندا، بەوەش مەرجەعیەتێکی هاوشێوەی شیعەکانیان نیە. سیستانی بەوە بەناوبانگە کە پیاوچاکێکەو ژیانێکی لەخۆگرەوەیی دەژی و بەپێشەنگیکردنی باش پێشەوایەتی گەلەکەی دەکات. ئەو بە چەلەبی ڕاگەیاندبوو چۆنیەتی کۆکردنەوەی ئەنجومەنەکەی بەلاوە گرنگ نیە، بەڵام پێداگربووە لەسەر ئەوەی عێراقیەکان خۆیان دەستور بنوسنەوە نەك هاوپەیمانان.

چەلەبی پێی ڕاگەیاندم کە " سیستانی ئەوەی خوێندۆتەوە کە ژەنراڵ ماك ئارسەر دەستوری ژاپۆنی نوسیوەتەوە و ئایەتوڵڵای عوزماش دەترسێت هاوپەیمانان هەمان شت بکەن".

پێش چەند ڕۆژێك، ئایەتوڵڵا فەتوایەکی دەرکرد کەتێیدا پێداگرە لەسەر ئەوەی پێویستە



Scanned with CamSc

عیراقیەکان دەستور بنوسنەوەو، کۆنگرەی دەستوریی هەڵبژێردرێت، نەك لەلایەن هاوپەیمانانەوە دیاری بکرێت.

بەچەلەبیم ڕاگەیاند کە " هاوپەیمانان نیازیان نیە دەستور بنوسنەوە، وە من سوورم لەسەر ئەوەی سیستانی لەوە تێبگات".

چەلەبی ووتی دی میلۆ بەسیستانی ڕاگەیاندووە لەروکەشدا ئەو هۆکارێك نابینێتەوە بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن بەم زووانە لەعێراق. ئەو کاتەی کە ئەو نوێنەری ئەتەوە یەکگرتووەکان بوو لەتەیموری خۆرهەڵات، دوای گەیشتنی بۆ ئەوێ رێکخراوەکەی هەڵبژاردنی ئەنجام دا.

وەڵامم دایەوە ئەو بەراووردە کە دی میلۆ کردوویەتی گونجاو نیە بۆ ئێرە- تەیموری خۆرهەڵات- داگیرگەیەکی پێشووی پورتوگاڵە لە کۆمەڵە دورگەکانی ئەندەنوسیا. عێراق ۲۵ ملیۆن کەسە بە بەراوورد لەگەڵ ملیۆنێك لەتەیموری خۆرهەڵات، ئەمە جگە لەوەی ئێرە بونیادێکی کۆمەڵایەتی زۆر زیاتر ئاڵۆز هەیە. بۆیە لەسایەی ئەم ڕەوشەی ئێستادا ناکرێت هەڵبژاردن لەعێراقدا بکرێت.

دوای ڕۆیشتنی چەلەبی، پەیوەندیم کرد بە دی میلۆوە و پێم ڕاگەیاند کە کۆبونەوەکەی لەگەڵ سیستانیدا بەشێوەیەکی گشتی بەسوود بووە، بەڵام وای لە ئایەتوڵڵا سیستانی کردووە خراپ لەڕادەی ئاڵۆزیی ئەنجامدانی خێرای هەڵبژاردنەکان لەعێراق تێبگات.

پێی ووتم: " هەوڵ ئەدەم ئەوە لەگەڵ سیستانیدا چاك بکەمەوە".

بەڵام وەك زانیمان زیانەکە کەوتبوو.

لەو کاتەدا کە ئێمە کارمان دەکرد بۆ فراوانکردنی ئەنجومەنی حوکم لەهەفتەی یەکەم لەتەمووز/ یۆلیۆدا، بەریتانیەکان بیرۆکەیەکیان هێنا سەبارەت بەوەی یەکێك لەئەندامانی حزبی شیوعی عێراق بخرێتە ناو ئەنجومەنەکەوە. لەماوەی پەنجاو شەستەکاندا، ئەم حزبە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندە عێراقیەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو، تائێستاش لەو بازنانەدا لایەنگری هەیە. صەدام ڕێگەی بەم حزبە دابوو بەشێوەیەکی لاواز بمێنێتەوە چونکە پێی وابوو بیباوەڕییە ڕاگەیەندراوەکەی ڕەنگە لەڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلامگەراییدا بەسوود بێت.

ساورز لێی پرسیم ئایا نارەزاییەکی مەبدەئیم هەیە سەبارەت بە بیرۆکەکە. ووتم نەخێر، بەمەرجێك کەسێك بدۆزینەوە سەبارەت بەچۆنیەتی کارگێڕیی ئابوریی واز لەبیرۆکە کۆمەنیستیە هەڵەکانی هێنابێت.

بەو شێوەیە لە ۸ تەمووز/ یۆلیۆدا، من لەنوسینگەی ساورز بووم بۆ وتوێژکردن و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ عەزیز محەمەد ئەمین ئەمینداری گشتیی خانەنشینی حزبی شیوعی عێراق کۆبوومەوە. کوردێکی تەمەن ۷۹ ساڵان بوو، شوێنەواری ساڵانی پێوە دیاربوو و هەستی پێدەکرا. دوای



Scanned with CamSc

باسکردنی پلانەکەمان سەبارەت بە ئەنجومەنەکە، لەبارەی ئەوەی دەیزانێت لە کەوتنی شیوعیەتی سۆڤیەتی پرسیارم لێکرد.

عەزیز خۆی لەوەڵامەکە بواردو ئەوەی باسکرد کە بریجنێف ئەو نامانەی پێی دەگات هەرگیز نایانخوێنێتەوەو ئەو نامانەیش کە دەیانێرێت هەرگیز خۆی نایانوسێت.

تێبینەکانی بۆچونێکی تایبەتیان لام دروستکرد کە ئەم پێی وایە بریجنێف هێشتا جڵەوی کاروبارەکانی مۆسکۆی بەدەستەوەیە. نازایەتی ئەوەشم نەبوو کە پێی بڵێم لەمدوایەدا لێوبڕیش لەرەوشێکی باشدا نەبوو. بەو شێوەیە عەزیزمان لە لیستەکەدا سڕییەوە.

بۆ خۆشبەختی من و ساوەرز، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ جێگرەوەکەی عەزیز لەسەرکردایەتیکردنی حزبدا سازکرد، حەمید مەجید موسا. پیاوێکی باڵا مامناوەندی چالاك بوو تەمەنی لەناوەڕاستی چلەکاندا بوو بەڕوونی دەرکی بە هاندانی کەرتی تایبەت دەکرد لەعێراق. موسا کە شیعە بوو سەلماندی، ئەو یەکێکە لە ئەندامە هەرە کاریگەرو خاوەن جەماوەرییەکان.

ئێستا گەیشتینە قۆناغی کۆتایی، بەڵام هێشتا پێویستە دوا پەنجەمان لەسەر نوێنەرایەتی شیعە لەئەنجومەنی حوکمدا دابنێین. لە ١٠ تەمووز/ یۆلیۆدا، کۆبونەوەیەکی ترم لەگەڵ عەبدولعەزیز حەکیمدا ساز کرد کە هێشتا ئەو توندو گیر بوو. ویستی عادل عەبدولمەهدی جێگری وەك نوێنەری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق لەئەنجومەنی حوکمدا دابنێت.

پێی ووتم، " پێویستە لەسەرم خۆم بۆ خزمەتی گەلەکەم یەکلایی بکەمەوە ".

لەمبارەیەوە، حەکیم شوێن ئەو تەقلیدەی ئیسلامی شیعی دەکەوت لەناوچەکەدا • بەلەخۆگرتنەوەو پشت هەڵکردن لەکاری دونیایی". توقیەکردن" زۆرێك لە سەرکردە ئاینیە شیعەکان ڕوزەی خۆیان جرکردۆتەوە لەرۆچوون لە زانستە ئاینیەکان و لایەنە رۆحانیەکان و خزمەتکردنی گەلەگەیان، هەتا دەرکەوتنی شۆڕشگێرە ئاینیەکانی وەك ئایەتوڵڵا خومەینی لەسەر شانۆ لەحەفتاکاندا. بەدورکەوتنەوەشیان لەشانۆی عەلمانیی، هەندێکجار، نەك بەهەمیشەیی، دەیانتوانی خۆیان لە لەسێدارەدانەکانی صەدام بپارێزن.

ووتم، " ئەنجومەنی حوکم باشترین شوێنە بۆ خزمەتکردنی گەل. تێیدا دەسەڵات و بەرپرسیارێتی هەیە".

بەشێوەیەکی تێپەڕیش ئەوەم باسکرد کە نوێنەرایەتیی شیعە لەئەنجومەنەکەدا گرنگ دەبێت، لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراقدا یان بەبێ ئەو، ئەوەش پەیامێکی ڕوونە کە بڕیاری ئەو هەر چیەك بێت ئێمە بەردەوام دەبین بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە.

" ئایا ناتوانیت مامەڵەیەکی هەڵاوێردانە لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیدا لەعێراق



Scanned with CamSc

بکەیت بەوەی ئێمە بە نوێنەرێکمان بەشداریی بکەین"؟

• "نەخێر، هەموو حزبەکانی تر ڕازی بوون کە کەسی یەکەمی پارتەکەیان نوێنەرایەتیان بکات. ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیش لەعێراق نوێنەرایەتی ناکات ئەگەر تۆ لەئەنجومەنی حوکمدا نەبیت".

• "بەشێوەیەکی جدیی لەمەسەلەکە ئەڕوانم ئەگەر هەندێك گرەنتیم پێبدەیت".

• "چ گرەنتییەك"؟

مەهدی کە تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو ووتی ئەوان دەیانەوێت " لەمامەڵەدا فەزڵیان زیاتر بێت".

• "ئەوە بەهیچ شێوەیەك نابێت. من بەرپرسیارێتیم هەیە لەبەرامبەر هەموو عێراقیەکاندا بەوەی ئەنجومەنەکە وەك هەموویەك کاربکات. وە من لەبەردەم سەیید حەکیم یان هەر ئەندامێکی تر لەئەنجومەنی حوکم لەهەر کاتێکدا بێت و، بیست و چوار کاتژمێر لەڕۆژێکدا ئامادە دەم. بەڵام جەوهەری دیموکراسیەت بریتیە لە دادپەروەریی و مامەڵەی یەرابەریی ڕێك و وەك یەك. تۆ و هاوەڵەکانت لەئەنجومەنەکەدا دەتوانن بەجدیی کار بکەن بۆ ئەوەی ناکۆکیەکانی نێوانتان چارەسەر بکەن".

حەکیم بریاریدا بە لیستی ئەندامانی پێشنیارکراوی ئەنجومەنەکەدا بچێتەوەو پاش ئەوە بریار دەدات. دواتر هیوم بەنهێنی لیستەکەی نیشان دابوو. وەك ئەوەی پێشبینیکراو بوو، حەکیم نارەزایی دەربڕی لەسەر ناوی کەسێك لە نەیارەکانی. ئێمەش لەدوا ساتەکاندا ئەو ناوەمان زیاد کردبوو وەك ئاماژەیەکی چەواشانەو سەرنج ڕاکێشانی. کاتێکیش هەواڵم بۆ نارد کە ئەو ناوە دەسڕمەوە ئەگەر حەکیم ڕازی بێت خۆی بەشداری لەئەنجومەنی حوکمدا بکات، گەیشتینە ڕێکەوتن.

گرووپی سیاسی بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی سەبارەت بەناوەکان و پێکهاتەی ئەنجومەنەکە هەتا شەوێکی درەنگی ٩ی تەمموز/یۆلیۆ، دوو گرفتی تری دەستیشان کرد. هەتا ئێستا تەنها سێ ئافرەتمان هەیە لەلیستی ناکۆتایی ئەنجومەنەکەدا. بەڵام ئێمە هیواداربووین بەلانی کەمەوە چوار کەسمان هەبێت. بۆ ماوەی دوو هەفتە جەختم لە کوردەکان کردەوە بۆ ئەوەی هەندێك پاڵێوراوی ژنم بۆ بێنن، بەو ئیعتیبارەی کە ژنان هەڵسوڕاوی سیاسی نەبوون لەکوردستان لە دەیەی ڕابردوودا.

لە ١٠ تەمموز/ یۆلیۆدا، هەردوو پارتەکە پێیان ڕاگەیاندین ئەیانتوانیوە بگەنە ڕێکەوتنێك لەنێوان خۆیاندا بۆ ئەوەی هەر ئەندامێکی تر ژن پێشنیار بکەن بۆ ئەنجومەنەکە. بیست و چوار کاتژمێری تر مۆڵەتمان پێدان، بەدرێژایی یەك ڕۆژی تەواو گفتوگۆو مشتومڕیان کرد بەڵام نەگەیشتنە هیچ

ئاکامێك.

گرفتەکەی تر بەشداری پێکردنی یەکێك بوو لەو ئیمامە شیعیانەی کە زۆرترین ڕێزی هەیە لەعێراقدا، کە ئەویش سەیید محمد بەحرلعلومە. پیاوێکی ئاینی گەورەی شیعەیە، لەکاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە دیکتاتۆریەت هەڵهاتووە زۆربەی ساڵانی دواتر لە لەندەن ژیاوە بەلاَم ناتوانێ بەئینگلیزی قسە بکات.

من چەند جارێك چاوم پێی کەتووە، لەڕێگەی چەندین میانکارەوە پەیوەندیمان پێوە کردووەو لەو بارەیەوە قسەمان لەگەڵ کردووە، بەلاَم پێداگر بوو لەسەر ئەوەی بەشداری نەکات لەئەنجومەنی حوکمدا. ئێمە پێویستمان بە شیعەیەکی تر بوو بۆ ئەوەی زۆرینەیان پێبدەین لەئەنجومەنەکەدا کە بیست و پێنج ئەندام لەخۆدەگرێت. دەشمانزانی کە بەحرلعلوم قورساییەکی گرنگ بۆ ئەنجومەنی حوکم زیاد دەکات.

ئێستا لەشەوی هەینیدابین ١١ تەمموز/ یۆلیۆ، سووربووین لەسەرئەوەی رۆژی یەکشەممە لە ١٣ تەمموز/ یۆلیۆدا ئەنجومەنەکە ڕابگەیەنین. من و ساوەرز گەیشتینە ئەوەی پێویستە لەسەرمان هەوڵێکی تر بدەین بۆ ئەوەی بەحرلعلوم ڕازی بکەین بەشداری بکات. بۆیە سەرلەبەیانی رۆژی شەممە چووین بۆ ماڵە ساناو ساکارەکەی لەبەغدا.

بەحرلعلوم کەسێکی بالاَکورتی بەخۆوە بوو ریشێکی سپی درێژو دوو روومەتی خڕو، چاویلکەیەکی ئەستوری بازنەیی لەچاودا بوو. لەکاتی کۆبونەوەدا، ئیمام بەشێوەیەکی دیار خۆشحاڵ و دەروون گوشادیی نیشاندا، بەدرێژایی سێ کاتژمێر من و جۆن مشتومڕی هەموو ئەوانەمان کرد کە وتبومان. ئەو کەسێکی خێراو مشتومڕکەرو داواکارو زەین کراوە بوو. ئەو بەهەموو ئەمانە هەڵدەستاو چاوەکانیشی لەتروکاندا بوون. کاهینێکی یەسوعیی بەبیر دەهێنامەوە کە لە ناو جلی کورتەبالاَیەکی جادوییدا بێت.

بەحرلعلوم سێ هۆکاری پێشکەش کرد کە ئەویان دوو دڵ کردووە لەوەی بەشداری لەئەنجومەنەکەدا بکات.

دوای ئەوەی پەنجەی شایەتیدانی ڕاستی بەرزکردەوە وتی، "یەکەم، ئێوە لەکاتێکی زۆر درەنگی پرۆسەکەدا هاتوون بۆ لای من و ژمارەیەك کەسی پێشنیارکراو هەن بۆ ئەنجومەندەکە من نایانناسم." پاشان پەنجە گەورەی ڕاستی بەرزکردەوە. " دووەم، فەتواکەی ئایەتوڵلا سیستانی روونیکردۆتەوە پێویستە دەستەیەکی هەڵبژێردراو دەستور بنوسێتەوە. دواجاریش، سێ ناوچەی شیعەنشین هەیە لە باشوور نوێنەرایەتیان نیە لەئەنجومەندەکەدا".

داوای لێبوردنێکی زۆرمان کرد لەوەی بەشێوەیەکی کەسی و لەکاتێکی زوودا نەهاتووین بۆ لای



Scanned with CamSc

هیچ شتێك لەوەی پێشنیاری دەکەین لەگەڵ فەتواکەدا دژ ناوەستێتەوە. ئێمە هیوادارین یەکەم هەنگاوەکان کە ئەنجومەنەکە پێی هەڵدەستێت دامەزراندنی لیژنەیەکی ئامادەکاری بێت بۆ راوێژپێکردن سەبارەت بەچۆنیەتی نوسینەوەی دەستور. روونیشمان کردەوە ئێمە بۆ ماوەی دوو مانگ کارمان کردووە بۆ هەڵبژاردنی بەجوکترین ئەنجومەنێك کەهاوکات سیفەتێکی نوێنەرایەتیشی هەبێت. ووتیشمان کە لە بیست و پێنج ئەندام دە ئەندامیان سەر بە باشوورن.

لەگەڵ خواردنەوەی چەندین کوپ چادا گفتوگۆکەمان بەردەوام بوو، بەپێشکەشکردنی دۆندرمە بەتامی فستق دەرووەکە کرایەوە. وە لەقۆناغێکدا، ساوەرز تێبینی کرد ئەگەر لیمام بڵێت "نا" ئەوا ناکە کەسێك دەبێت کەلەهەموو عێراقدا رەتمان دەکاتەوە. ئەوەش رەخنەیەکی توندی خستەوە.

" رەتتان ناکەمەوە. من حەز دەکەم هاوکاریتان بکەم. بەڵام من ناتوانم بەشێوەیەکی شەخصی لە ئەنجومەنەکەدا بەشداری بکەم". دەیویست کورەکەی بەنوێنەرایەتی خۆی دابنێت. ووتمان ئەخێر. لەم قۆناغەدا ناتوانین هیچ هەڵاویردەیەك لە رێساکەدا بکەین" تەنها سەرکردەکان".

پێم ووت، " تەنها کارکردن بەس نیە. ئەگەر تۆ دەتەوێت خزمەتی گەلەکەت بکەیت، پێویستە بەشداری لە ئەنجومەنەکەدا بکەیت کە تێیدا بریارە گرنگەکان وەردەگیرێت".

ئەو دەسەڵاتە گەورانەمان گەڵاڵە کردووە کە پێشنیاری دەکەین بیدەینە ئەنجومەنی حوکم، روونیشمان کردەوە کە تەنها لیژنەی ئامادەکاری میکانیزمی نوسینەوەی دەستور پێشنیاز دەکات، نەك خۆی دەستورەکە بنوسێتەوە. پێویستە لەسەر ئەنجومەنیش لەبارەی ئەم میکانیزمەوە بریار بدات. لەمەسەلەکە تێنەگەیشت و، وای زانی ئەوە ناکۆکیەك دەخاتەوە.

کەمێك راما، پاشان جارێکی تر پەنجەکەی بەرزکردەوەو پرسی، " ئەی چی ئەگەر ئەنجومەنەکە راسپاردەیەکی دا بۆ نوسینەوەی دەستور دژ وەستایەوە لەگەڵ فەتواکەی سیستانیدا؟ ئەو کاتە من لەکوێدا دەبم"؟

وەڵامم دایەوە باشترین رێگەیەك بۆ گرەنتیکردنی نوێنەرایەتیکردنی فەتواکە ئەوەیە کار لەئەنجومەنەکەدا بکەیت.

" وایە. بەڵام ئەی چی ئەگەر زۆرینەی ئەنجومەنەکە رازی بوو لەسەر میکانیزمێك دژ وەستایەوە لەگەڵ فەتواکەدا"؟

هەموان رێز لەئارامیی دەگرن لەکارەکەدا، بەڵام ئەوە خەریك بوو مانایەکی تایبەتی وەردەگرت بەنسبەت منەوە.

ساوەرز ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوانەی ئێمە قسەمان لەگەڵ کردوون هیچ کەسێکیان حەز بەوە ناکات پێویستی بوون بە لیژنەیەکی دەستوریی هەڵبژێردراو فەرامۆش بکرێت.



Scanned with CamSc

کاتژمێری دواترمان بە مشتومڕ بەسەر برد سەبارەت بەوەی حەزی دەکرد کوڕەکەی لەبری ئەو کاربکات. بەڵام ئێمە پابەندبووین بەهەڵوێستمانەوە.

" کەواتە جەنابی باڵیۆز تۆ سووریت لەسەر ئەوەی من بەشێوەیەکی کەسی بەشداری بکەم لەئەنجومەنەکەدا، وان نیە"؟

ئەوەم دووبارە کردەوە کە بۆ دواجار ووتم. ئەمە " خاڵی وەرچەرخانە" لەمێژووی عێراقدا پێویستە لەسەر سەرکردە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگە بەشداری لەئەنجومەنەکەدا بکەن بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت. پێویستیشە شیعە ئەو هەڵە تراژیدییانە دووبارە نەکاتەوە کەلە ساڵی ۱۹۲۰ ئەنجامیان دا. ئەنجومەنی حوکم باشترین شوێنە بۆ کارکردنە سەر ئەو مەسەلانەی کە لای "گەلەکەی" جێی بایەخن.

دوای بیستنی ئەوە، بەحرلعلوم گواستیەوە بۆ مەسەلەی کەمی ژمارەی ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتی پارێزگا شیعەکانی باشوور دەکەن. ئایا ناتوانین سێ کەسی تر زیاد بکەین بۆ نوێنەرایەتی کردنی ئەوانە. ووتمان کاتی ئەوە تێپەڕیوە. ئێمە دەمانەوێت ڕۆژی دواتر ئەنجومەنەکە ڕابگەیەنین.

فیلبازانە ئەوەشم ووت، " ڕەنگە ئەنجومەنەکە حەزی کردبێت دواتر بەشێوەیەکی گونجاو بیر لەفراوانکردنی خۆی بکاتەوە. لەوانە کۆمەڵێك پارێزگای تریش هەبێت هەست بکات بەشێوەیەکی باش نوێنەرایەتی لەناو ئەنجومەنەکەدا نیە.. ".

بە زەردەخەنەیەکەوە ووتی، " من دەمەوێت بە بەردەوامیی ئەو مەسەلەیە باس بکەم. زەردەخەنەکەشی فراوان بوو، " لەبەرئەوەی ڕازیتان کردم بەکرداری بێمە ناو ئەنجومەنەکەوە بیرم لەوە کردەوە کە من لەوانەیە توانیبێتم ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە خۆش بکەم.

بەو شێوەیە لای نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ۱۲ تەمموز/ یۆلیۆ، بیست و پێنج ئەندامان پەیدا کرد. بەڵام هێشتا هەندێك مەسەلە ماون کە پێویستە چارەسەریان بکەین.

تاڵەبانی لەمۆسکۆوە بەرەو لەندەن دەچوو بۆ ئەنجامدانی " هەندێك گفتوگۆ". پەیوەندیم بەساوەرزەوە کرد و داوام لێکرد پەیوەندی بەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاوە بکات بۆ ئەوەی لەڕۆژی دواتردا چاوپێکەوتنی فەرمیی بۆ تاڵەبانی ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بگەڕێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، تاڵەبانی نەیدەتوانی لەکاتی گونجاودا بگەڕێتەوە تا لەبەیانی ڕۆژی دواتردا لەئەنجومەنەکەدا ئامادەبێت. بۆیە پات کنیدی ناچار بوو پسولەی دڵنیاییە کەسیەکەی خۆی بەکاربهێنێت بۆ کڕینی بلیتێکی گەشتکردنی پلە یەك بۆی هەتا بتوانێت ڕۆژی یەك شەممە بەیانی زوو لەئەورووپاوە بیهێنێتەوە.

هەروەها سێرجیۆ دی مێلۆش لەدەرەوەی وڵات بوو، لە شانشینی عەرەبی سعودیە. من و ساوەرز بە بەردەوامی ئەو پێشکەوتنانەمان پێرادەگەیاند کە لەبابەتی ئەنجومەنەکەدا بەدی هاتوون. پێشتر سێرجیۆمان ڕازی کردبوو لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنەکەدا بەڕۆڵی بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکە هەستێت. ئەمەش یارمەتی ئەوە دەدات لەبەردەم ڕای گشتی نێودەوڵەتیدا و لەتۆمەتانە کەمدەکاتەوە کە ئەنجومەنەکە دروستکراوی هاوپەیمانانە.

دوای کۆبونەوە لەگەڵ بەحرلعلومدا ، بە تەلەفۆن پەیوەندیم کرد بە دی میلۆوە کە لە شانشینی عەرەبی سعودیە بوو. خۆشحاڵ بوو بە لیستی کۆتایی ئەندامانی ئەنجومەنەکەو ووتی بەیانی ڕۆژی یەك شەممە دەگەڕێمەوە بەهیوای ئەوەی لەکاتی گونجاودا بگات بۆ ئەوەی خۆی ئەنجومەنەکە ڕابگەیەنێت.

پاشان ئەوە هات بەخەیاڵمدا کە بەژمارەیەك لە پاڵێوراوەکان ڕابگەیەنم کە لەڕیزی ئەندامانی ئەنجومەنەکەدا نین. یەکەم، مەتران دلی، سەرکردەی تایفەی مەسیحیە کلدانیەکان. ڕەوەندی بچووکی مەسیحی لەعێراق بەش بەش بوون، وەك هەموو تایفە ئاینیەکانی تری وڵات. کلدان هەبوو کە وا دیاربوو لەڕووی ژمارەوە لە ئاشوریەکان زیاتر بوون، بەڵام وەك ئاشوریەکان بەباشی ڕێکخراو نەبوون و لەڕووی سیاسیشەوە کەمتر چالاك بوون. بۆ پارێزگاری کردن لە ئامانجی دەسکەوتنی بچوکترین دەستەیەکی نوێنەرایەتی کردنی مومکین، تەنها شوێنی یەك مەسیحیمان هەبوو لەناو ئەنجومەنەکەدا.

نوێنەرێکمان بۆ مەسیحیە ئاشوریەکان هەڵبژاردو پێشبینیمان کرد ئەمە ببێتە مایەی بێزاریی لای کلدانەکان. ئەوەش ڕاست دەرچوو، لەو شەوەدا دڵی مەتران پڕ نەبوو لەخۆشەویستی مەسیحیانە. دوای سکاڵاو نارەزایی دەربڕین لەدورخستنەوەی، بەتوڕەیی ڕۆیشت.

دوای ئەوەش داواکاری ئەخت. شەریف عەلی زۆر بێزارو نیگەران بوو لەدورخستنەوەی لەئەنجومەنەکە. سکاڵای کردو ووتی، " بەڵکو ئێوە سەبارەت بەئەنجومەنەکەش ڕاوێژتان پێنەکردم".

ساوەرز بە ئارامیەوە وەڵامی دایەوە، " لەماوەی چوار هەفتەی پێشوودا هەوڵمدا لەگەڵت کۆببمەوە. بەڵام تۆ لەدەرەوەی وڵات بوویت. هەروەك چۆن هاوڵەکانت بەڕوونی ئەوەیان باسکرد کە شەریف عەلی گەورەترە لەوەی بەخۆی بەشداریی لەم جۆرە ئەنجومەنەدا بکات. ڕێساکەش ئاماژە بە بەشداریکردنی تەنها سەرکردەکان دەکات".

دواجار ووتم، " هاوپەیمانان هیچ هەڵوێستێك وەرناگرێت سەبارەت بە پادشایەتی. ئەوە مەسەلەیەکە عێراقیەکان بڕیاری لەسەر دەدەن. سبەێ ئەنجومەنەکە دەست بەکار دەبێت. ئێمە



Scanned with CamSc

هیواخوازین و پێشبینی دەکەین عێراقیە بەرپرسەکان پشتیوانی لێ بکەن".

لەو حاڵەدا کۆبونەوە ساردەکە کۆتایی پێهات.

گروپە سیاسیەکەمان لەکاتێکی درەنگی ئەو شەوەدا جارێکی تر کۆبۆوە بۆ پێداچوونەوەی ئەو پلانانەی تایبەتن بە سبەینێ. بە من و ساوەرزیان ڕاگەیاند کە گروپی حەوت دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کۆبونەتەوەو چەند کاتژمێرێك مشتومڕی بێ بەرهەمیان کردووە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێکەوتنێك کە ڕۆژی دواتر کێ وتەبێژی فەرمیی ئەنجومەنەکە دەبێت. بەپیاوەکانم ڕاگەیاند کە دووربکەونەوە لەم جۆرە مەسەلانە. پێم وتن، " وێنای بکەن کارەکە چۆن دەبێت کاتێك بیست و پێنج کەسیان لە ژورێکدا کۆدەبنەوە و پێویست دەبێت لەسەریان بڕیارە لەبارەی مەسەلەگەلێکی گرنگەوە بدەن".

ڕۆژی یەك شەممە ١٣ تەمموز/یۆلیۆ ڕۆژێکی مێژوویی بوو بۆ هەموو عێراقیەکان. بەڵام بەبێ ئاستەنگەکانی ساتی کۆتایی نمونەیی لەوڵاتدا.

تاڵەبانی لە لەندەن گەڕایەوە، ماندوو بوو بەڵام چالاك بوو.

چەلەبی لای بەربەستی بینای ئەنجومەنەکەوە لەگەڵ چوار لەیاریدەدەرکانیدا وەستا، سەرەڕای ئەوەی ڕێساکە کە بەرپرسە ئەمنیەکان دایان نابوو ڕێگە بەهەر ئەندامێکی ئەنجومەنەکە دەدات تەنها دوو لەیاریدەدەرەکانیان بانگهێشت بکەن بۆ ئاهەنگەکە. هیچ ئەندامێکی تری ئەنجومەنی حوکمیش هەوڵی نەدابوو ڕێساکە بشکێنێت. بەڵام چەلەبی هەڕەشەی ئەوەی دەکرد دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە ئەگەر ڕێگەی هاتنە ژوورەوەی پێ نەدرێت.

سکۆت کارپێنتەرم نارد بۆ لای دەروازەکە کە لەبەردەمیدا کێشی لە بەرزکرابۆوە ئەم پەیامەم پێدا نارد" : ڕێساکە دووانە. ئەگەر ئەوەت پێ باشترە بگەڕێرەوە بۆ ماڵەوە". چەلەبی دووان لە یاریدەدەرەکانی گێڕایەوە.

چێشتەنگاو سێرجیۆ لەفڕۆکەخانەوە پەیوەندی کرد وتی دوا کەوتووە، بەڵام بەڕێوەیە بۆ شار.

ئەو پلانەی کە شانشینی یەکگرتوو و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم لەسەری ڕێکەوتبوون ئەوە بوو کە بیست و پێنج ئەندامەکەی ئەنجومەنی حوکم لەبینایەکدا کۆببنەوە دوور نەبێت لەکۆشکەوە، ئەوەش بینایەکە بات کێیدی بەزەحمەت سازی کردبوو بۆ ئەوەی وای لێ بێت برێکی گەورە ڕێکوپێکی و جوانی پێوە دیاربێت. هەروەها پلانەکەش وا بوو کە گروپەکە خۆیان وەك ئەنجومەنێك بۆ حوکمڕانی ڕابگەیەنن (ئەوەش بەنسبەت ئێمەوە بە هەڵبژاردنی " ئاوسبوون بێ گلاوبوون" ناسرا).

دوای ئەوە ئەنجومەنی حوکم داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکان و شانشینی



Scanned with CamSc

یەکگرتوو دەکەن بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەتی تێیدا بەڵێنە ڕادەگەیەنن کەئەوان ئەنجومەنی حوکمڕانیان پێکهێناوە. لەکاتی نانی نیوەڕۆدا هەموومان دەچین بۆ هۆڵێکی گەورە تێیدا لەبەردەم ڕۆژنامەگەریی جیهانیدا خۆیان پێشکەش دەکەن.

کاتژمێر دوانزەو نیوی نیوەڕۆ سێرجیۆ گەیشتەوە شار و یەکسەر هات بۆ نوسینگەکەم. من و ئەو و ساوەرز قسەمان کرد تا ئەو کاتەی کە پاش ٤٥ خولەك بانگهێشتێکمان پێگەیشت کە ئەنجومەنی حوکم ئامادەیە بۆ چاوپێکەوتنمان. من و ساوەرز پێکەوە بەڕێکەوتین بۆ سەنتەری کۆبوونەوەکان، بۆ ئەوەی سێرجیۆ بتوانێت خۆی بەشێوەیەکی سەربەخۆ بێت.

ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم سەیید بەحرلعولومیان هەڵبژاردبوو، دواهەمین کەس کە هاتبووە ناو ئەنجومەنەکەوە، بۆ ئەوەی بەفەرمی بەناوی ئەوانەوە قسە بکات ئەمەش وەك ڕێزگرتنێك لەتەمەنی (وێڕای ئەوەی عەدنان پاچەچی لە بەحرلعلوم بەتەمەنتر بوو، بەڵام پاچەچی سوننەیە).

کاتێك ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم لەدەوری مێزێکی هێلکەیی گەورە کۆبوونەوە کە بەقوماشێکی سەوز داپۆشرابوو، بەحرلعلوم تێبینی سروشتی مێژوویی ئەم ڕۆژەی کرد. پێی ڕاگەیاندین کە ئەنجومەنەکە دوو بڕیاری وەرگرتووە. یەکەمیان هەموو پشووەکانی حزبی بەعس هەڵدەوەشێنێتەوە، لەناویشیاندا یادی شۆڕشی صەدام لە ١٧ تەمموز/یۆلیۆدا. ٩ نیسان/ئەپریل، پشیان " ڕۆژی ڕزگاری"یان کردە پشوویەکی فەرمی.

بەحرلعلوم پرسیاری کرد کە ئایا دەمەوێت قسە بکەم. پێشنیارم کرد یەکەمجار شوێنەکە بداتە دی میلۆ کەبەشێوەیەکی کورت قسەی کرد. دوای ئەوە بەحرلعلوم جەختی کرد لەسەر ئەوەی کە قسە بکەم، لەبەرئەوە ڕازی بووم وەك ئەوەی کە ڕۆژێکی مێژوویی بوو بۆ عێراق و عێراقیەکان.

لەکۆتاییدا ووتم، " ئەنجومەنی حوکم بریتیە لە هەنگاوی یەکەم پێکەوە بەگەشتێك دەڕۆین بەرەو ئامانجە هاوبەشەکەمان بە بونیادنانی حکومەتێکی عێراقیی دیموکراتی و نوێنەرایەتیی. ئەنجومەنەکە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی دەبێت و هاوپەیمانانیش ئامادەن بۆ یارمەتیدان بەهەر ڕێگەیەك کە بکرێت و پێکەوە سەردەکەوین".

دوای خواردنی ژەمێکی کورتی نیوەڕۆ، هەموومان پێکەوە بەدووری دوو سەد یاردە چووین بۆ ناوەندی کۆنگرەکان. من و دی میلۆ و ساوەرز لەڕیزی یەکەمی هۆڵی کۆنگرەکاندا دانیشتین، ڕووبەڕووی شانۆکە. دوای بیست و چوار خولەك، ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم سەرکەوتن بۆ سەر شانۆکە و لەسەر کورسیەکانیان دانیشتن کە وەك شێوەی نیوە مانگێك ڕیز کرابوون. لەپشتیشیانەوە ئەخشەیەکی سادەی عێراق هەڵواسرابوو لەگەڵ هەردوو ووشەی: ئەنجومەنی حوکمدا.

دوێنێ گروپەکەم بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک خەریکی ڕێکخستنی ئەم مۆڵە بوون. لەکاتێکی
درەنگی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە. زانیم کە لە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان کەسانێک هەر
دەیانەوێت هەندێک ئاڵای ئەمریکی و بەریتانی و عێراقی لەسەر شانۆکە دابنێن. هەموو ئاڵاکانم
ڕەت کردەوە جگە لەئاڵایەکی عێراقی نەبێت، بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی هاوپەیمانان و پاراستنی
پاکبوختی شانۆکەو ڕۆژلێگرتنی.

گرفتەکەش ئەوەیە نموونەیەک لەئاڵای عێراقی نیە کە هەمووان لەسەری کۆک بن. دوای جەنگی
کەنداو، صەدام هەر دوو وشەی (الله أکبر)ی زیادکرد بۆ ئاڵا کۆنەکە کە لەسێ ڕەنگی سپی و
ڕەش و سوور پێکدێت ئەویش بۆ مەرایی کردن بۆ ئیسلامیەکان. گرفتی ئەنجومەنەکەش ئەوە بوو
ئەوان ناڕازی بوون لە بەکارهێنانی ئاڵای صەدام. بەڵام ئەو ئەندامانانەی کە زیاتر ئاینداربوون
لەئەنجومەنەکەدا ڕازی نەبوون ئەو دوو وشەیە لابرێت لەسەر ئاڵاکە. لەبەرئەوە لەکۆتاییدا هیچ
ئاڵایەک دانەنرا، بەڵکو تەنها نەخشەیەکی یەکگرتووی عێراق و بەس.

لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا، بەحرلعلوم (بەیاننامەی سیاسی) خوێندەوە کە ئەنجومەنی حوکم لەو
ڕۆژەدا دەریکردبوو. تێیی دا "ئەنجومەنەکە" لەڕێگەی دەستپێشخەرییەکی نیشتمانیەوە
دامەزراوە"، بەیاننامەکە ئەوەی دیاریکرد کە ئامانجەکانی ئەنجومەنەکە بریتییە لە فەراهەمکردنی
ئاسایش بۆ عێراقییەکان، " هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەرئەنجامانەی کە بەهۆی ستەمکاریی سیاسیەوە
پەیدابوون و... ڕیشەکێشکردنی ئایدۆلۆژیای بەعس لەکۆمەڵگەی عێراقیدا".
هەروەها ڕایگەیاند ئەنجومەنەکە بەڵێن دەدات " بنەمایەک دابنێت بۆ ڕژێمێکی فرەیی فیدراڵیی
دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ". ئیمام ئەوەشی وت کە ئەنجومەنەکە نوێنەرایەتی
هەموو ڕەوتەکانی ژیانی عێراقیی دەکات و هەوڵی بەشدارپێکردنی هەموو عێراقیەکان دەدات
لەپەرەپێدانی ژیانی سیاسیی وڵاتدا. هەروەها ئەنجومەنەکە دەست دەکات بەنوسینەوەی دەستور کە
ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان.

سەرەڕای بەرپرسیارێتی تێکڕایی هاوپەیمانان لەعێراق، بە بیرمدا هات کە هیچ تێبینییەک نەدەم لە
ئاهەنگەکەدا. وامزانی قسەکردنی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیدەر دەبێت لە
جێگیرکردنی شەرعیەتی ئەنجومەنی حوکم. بۆیە کاتێک کە بەحرلعلوم لێ بۆوە لەقسەکردن، تەنها
دی میلۆ قسەی کرد، بەنوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لە پێکهێنانی ئەنجومەنی
حوکم کرد.

دوای ئەمە پرسیارەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەستیان پێکرد، خۆشیەکە دەستیپێکرد.
یەکەم کەس کە وەستابوو پەیامنێری ڕادیۆی بی بی سی بوو کە بەشێوەیەکی گاڵتەجارانە پرسیاری

کرد، " ئایا ڕاستە کە " ئەنجومەنەکە دەستکردی ئەمریکایەو هیچ دەسەڵاتێکی نیە و بێ سوودە لەجەوهەردا؟!

تاڵەبانی مایکرفۆنەکەی گرت و سەرزەنشتی پەیامنێرەکەی کرد چونکە نوێنەرایەتی " گەورە داگیرکەرە پێشینەکانمان دەکات. ڕادیۆی بی بی سی بەهیچ شێوەیەك ڕاستی لەبارەی عێراقەوە ناگێڕێتەوە". دوای ئەوە تاڵەبانی چووە ناو کرۆکی بابەتەکەوە و ووتی، " ئەنجومەنەکە ئەو حکومەتەیە کە لە هەمرو ئەو حکومەتانەی کە هەبوون زیاتر نوێنەرایەتی توێژەکانی عێراق دەکات". پاشان هاتە سەر باسکردنی هەندێك لەدەسەڵاتەکانی و بە دەستەواژەیەکی نا دڵنیایانە پێی وابوو کە پەیامنێرەکە نازانێت لەبارەی چیەوە دەدوێت.

پاشان پەیامنێری تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرەی هەمیشە دژی هاوپەیمانان، ووشەیەکی دەمامکداری لەشێوازی پرسیاردا کرد کەهاوشێوەی پرسیارەکەی پەیامنێری بی بی سی بوو. ئەوەش زنجیرەیەك بەرچەکرداری لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەکەوە لێ کەوتەوە.

پاچەچی بەوبقارێکی مەزنەوە ئەو وتەیەی رەت کردەوە کە دەڵێت ئەنجومەنەکە بوکەڵەیەکە و پێی وابوو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبیی دەتوانێت بەکارێکی باش هەستێت ئەگەر بایەخدانی بەو گۆرانکاریە ڕاستەقینانەی کەلەعێراق ڕوو دەدەن خستە پێشەنگی کارەکانی خۆیەوە.

بۆ ئەوەی هیچ کەسێکیش بەسەریدا بالآ نەکات نصیر الچادرچی، کە پارێزەرێکی گەورەیەو سەر بەخێزانێکی سونێ بەناوبانگە و بەدرێژایی حوکمی تاکڕەوی و ستەمکاریی صەدام لەعێراقدا ماوەتەوە، بەڕرووی ئەلجەزیرەدا هاتەوەو ووتی" بەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبیی دەڵێم" واز بێنن لەپێشکەشکردنی ئامۆژگاریی بۆ عێراقیەکان بەوەی دژایەتی ئەمریکیەکان بکەن ". لەلایەن ئامادەبووان و ژمارەیەك لەرۆژنامەنوسە عێراقیەکان چەپڵەی بۆ لێدرا.

ئەوەش پاڵی بە بەحرلعلومەوە نا کە هەستێتەوە لەسەر کورسیەکەی و هاواری کردو ووتی، " هەمرو ڕومالکردنە عەرەبیەکان بۆ جەنگ و بۆ رزگارکردنی عێراق بەشێوەیەکی لایەنگرانەو دژ بەعێراقیەکان بوو. ئەم دەزگایانەی ڕاگەیاندن لەسەرەتای جەنگەکەوە هەتا ئێستا هەرەشەمان لێدەکەن"! کاتێك لەشوێنەکەی خۆی دانیشتەوە، بەسۆزیەکەی برێکی تر لەچەپڵەلێدانی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەمەش وایکرد جارێکی تر هەستێتەوە سەر پێ:

" ئێوە ئەو رۆژنامەنوسانەی کە سەر بە ئەلجەزیرەو ئەلعەرەبیەو هاوشێوەکانیان- هیچ کاتێك ئەو کردەوە درِندانەتان ڕومالْ نەکردووە کە صەدام ئەنجامی دەدان! ئەو سەد هەزار لەعێراقیەکانی کوشت! بە غاز هێرشی کردە سەر عێراقیەکان! بۆچی گۆرِە بەکۆمەڵەکانتان پیشانی بینەرەکانتان نەدا"؟ کاتێکیش بەحرلعلوم دانیشتەوە زیاتر دەنگی چەپڵەلێدان بەرزبۆوە.

بەلام ئەمجارەیان لەلایەن تالەبانیەوە هاندەدرێت کەلەتەنیشتیەوە دانیشتووە، بەحرلعلوم جارێکی تر هەلیەزیەوە. نەدەتوانرا رابگیرێت.

" رۆژنامەگەریی عەرەبیی بەردەوام باس لەگەڕانەوەی صەدام دەکات. ئەو جارێکی تر ناگەڕێتەوە. ئێستا ئەو لەزبلدانی مێژوودایە! هەرگیز ناگەڕێتەوە"! چەپلەی زیاتر لێدرا، دواجار بەسەرکەتوویی و ڕازیبوونەوە لەسەر کورسیەکەی دانیشتەوە.

کاروبارەکان بۆ ماوەی چل و پێنج خولەك بەو شێوەیە بەڕێوەچوون. ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم وەلامی هەر وەلامێکی دژ (کە زۆربەشیان دژبوون) بەکارامەیی و هەلچوونەوە دەدایەوە. لەکۆتایی کۆبونەوەکەدا، ئافرەتێك لەنێوان ئامادەبوواندا هەستایە سەرپێ ووتی ئەو نوێنەرایەتی ڕێکخراوێکی ناحکومی وون دەکات و بەیاننامەیەکی درێژی پێشکەش کرد لەبارەی ئیمپریالیزمی ئەمریکیەوە و، جەنگی پاکتاوکردنی ئەمریکی دژی عێراقیەکان، و لەوبارەیەوە..

ئێستا رۆلی یەکێك لەسێ ژنەکەی ناو ئەنجومەنەکە هات، دکتۆرە رجاء الخزاعی، کەپزیشکێکی میهرەبانی منداڵبوون بوو لە شارۆچکەی دیوانیەی شیعی لەباشور. ئەو پێشتر کەسێکی شەرمن بوو متمانەی بەخۆی نەبوو. بەلام ئەمڕۆ نا. دکتۆرە رجاو ووتی: لەماوەی سی سالی ڕابردوودا یارمەتیی لەدایك بوونی هەزاران منالی دایکە عێراقیەکانم داوە. ئێستاش بۆ یەکەمجار لەمێژووی نوێی عێراقدا، ژنانی عێراق لەناو کۆمەڵگەکەیاندا شوێنیان دەبێت. وە من ئەمڕۆ هەست بەشانازیی دەکەم بۆ لەدایك بوونی نەتەوەیەکی عێراقی نوێ.

لەڕاستیدا ئەدایەکی جوان و سەرسامکەربوو

وەك لەتێبینیەکەمدا کە دواتر بۆ سەرۆك بوشم نارد بوو:

" لەڕاستیدا رۆژی یەکشەممە زیاتر بوو لە لەدایك بوونی حکومەتێکی نوێنەرایەتیی بەرەنی" بەلکو پرۆسەکە گوزارشتگەلێکی بەهێزی لێکەوتەوە لەبارەی شانازیکردنی نیشتمانیی عێراقیەوە.



Scanned with CamSc

# بەشی پێنجەم

## هیوایەکی دوور

## بەغداد

## ١٤ تەمموز/ یۆلیۆ ٢٠٠٢

وێنەی ژەنراڵ ئەبی زەید لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە بەرینەکە بەلەرزەیەك دەرکەوت و پاشان وون بوو. بەڵام دەنگەکەی نەبڕا.

" باخیە بەعسیەکان بەدڵنیاییەوە ئاستی چالاکیەکانیان بەرز دەکەنەوە، جەنابی وەزیر" ، جۆن ئەمەی لەبارەگای سەرکردایەتی ناوەندەوە لەتامپا ووت کە قسەی بۆ ڕامسفێڵد دەکرد لەپێناگۆن.

بۆ ئەم کۆنگرە تەلەفۆنیە ڤیدیۆییە پارێزراوە، کە تاڕادەیەك هەموو پاش نیوەڕۆیەك سازی دەکەین، لەسەر ئەم تەکنەلۆژیایە ڕاهاتووم کە ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت. من لەبەردەم شاشەکەدا دانیشتبووم لەژوورێکی تەنگی نهۆمی دووەمی کۆشکدا، دەمتوانی ئەو کەسە بەشداربووە ببینم کە قسەی دەکرد، ئەمە لەکاتێکدا پەنجەرە ئەلکترۆنیەکان کەلەخوارەوەی وێنەکەوە بوون هەموو ئەوانەی نیشان دەدا کەلەبازنە تەلەفزیۆنیە داخراوەکەدا بەشداربوون. کاتێکیش کە سستمەکە ئیش دەکات، بەشێوەیەك وەهمی کۆبونەوەکەمان دەست دەکەوێت وەك ئەوەی هەمووان لەدەوری مێزی کۆنگرەکان کۆبوبینەوە.

بەڵام دوای نیوەڕۆی ئەم ڕۆژە گەرمە لە تەمموز/ یۆلیۆدا، کۆنگرە تەلەفۆنیە ڤیدیۆییەکە کە دەگەیشتە بەغداد و ئەبی زەید لەفلۆریدا و ڕامسفێڵد وێنەکە باش نەدەهات بەڵکو لەرزیوو پچڕپچڕ بوو.

ووتم، " جۆن وێنەکەم وون کرد. ئایا تۆش هەروەها وونت کرد"؟

" دیسان"، ڕامسفێڵد ئەمەی لەبەرخۆوە ووت.

وەزیر کەسێك بوو بەوە نەناسرابوو بەئارام بێت. ئەمڕۆ وێنەکە بەسوود بوو کە دەکرێت پشتی پێبەسترێت چونکە ئەبی زەید نەخشەو هێڵکاریی بەکاردەهێنێت.

ئەبی زەید دەستپێکی قسەکانی بەوە کۆتایی پێهێنا، " ... دەکرێت دڵنیابین لەوەی جیهادییە بیانیەکان لە سوریاو لوبنان مدشقیان پێدەکرێت".



Scanned with CamSc

جارێکی تر وێنەکە گەڕایەوە دیمەنێکی باوەڕ پێنەی نمایش دەکرد کە ژەنراڵ دەیخستەڕوو هەروەها نەخشەیەك لەسەنتەری سەرکردایەتی ناوەند. هەر لەکاتی ڕوخانی ڕژێمی صەدامەوە لە نیسان/ ئەپریلدا. سنوری درێژی نێوان عێراق و سوریا ڕێگەی بەرەتیی بۆ بەعسیە هەڵهاتووەکان فەراهەم کردبوو، هەروەها میحوەری سەرەکی ئەو جەنگاوەرە ئیسلامیە توندەڕەوانەش بوو کە دەهاتن بۆ عێراق.

مەبەستی جیهادیەکان ئەوە بوو کە سەرکردایەتی ناوەند پێی دەووت " سێ گۆشەی سونی"، کە ئەو سێگۆشە فراوانەیە پێکهاتووە لەبیابان و دۆڵی فورات بۆ خۆرئاواو باکوری بەغدا. ئەم ناوچەیە ئەو پەناگەیە بوو کە ژمارەیەکی نەزانراو لە بەعسییە توندڕەوەکانی سەر بە فیرقەی پاسەوانانی کۆماری- کەلەبنچینەدا ئەمانە ئامانجی فرقەی پیادەی چواری ئەمریکی بوون کە لەدوای کەوتنی بەغداوە لەئازار/مارسدا تورکەکان ڕێگەیان پێدەدا لەباکورەوە بێنە ناو عێراقەوە. لەشارەکانی وەك فەللوجەو ڕەمادیی و خودی بەغدا، بەهۆی ئەو بۆمبانەوە کەلە کەنار ڕێگەکان دەچێنران و، هێرشی قەناص بەدەستەکان و هێرشەکان کە بە ئار بی جی ئەنجام دەدران، هاوپەیمانان ژمارەیەکی زیاتر لە هێزەکانیان لەدەست دەدا. لەدوای ئەوەی لە نیسان/ ئەپریلدا کە پەیکەری صەدام لەگۆڕەپانی فیردەوس شکێنراو هێنرایە خوارەوە تا ئێستا چل سەربازو مارینز لەکاتی جەنگدا یان بەهۆی ڕووداوەوە لەعێراق کوژراون. هەندێك لەو کوڕو کچانە سەر بە یەکەکانی پاسەوانی نیشتمانی یەدەگ بوون. مردنیشیان بووە هۆی ئەوەی لەشارەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەنگدانەوە بۆ کابیتۆل و بۆ پنتاگۆن دروست بکات.

ویلایەتە یەکگرتوەکان هەوڵیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا فشار بخاتە سەر سوریا بۆ ئەوەی جڵەوی ئەو چالاکیانە بکات. بەلام سوریا کە حزبێکی بەعسی تایبەت بەخۆی فەرمانڕەوایی دەکات، خۆی قایمکرد لەبەردەم فشارە دبلۆماسیەکان یان ئابوریەکاندا، ڕەنگیشە خۆڕاگربێت لەبەرامبەر هەر شتێکدا، تەنها دەستێوەردانێکی سەربازیی ئاشکرا نەبێت. سەرۆك بەشار ئەسەدیش، کوڕی سەرۆکی کۆچکردوو حافز ئەسەد، دەزانێت لەئێستادا ئەگەری ئەوە نیە، چونکە هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق و ئەفغانستان سەرقاڵن.

لەوکاتەدا کە رامسفێلدو ئەبی زەید بەدوای چارەسەردا دەگەڕان" کۆنترۆڵی باشتر لەسەر سنور"، من لە قەیرانی هەڵکشاوی ئەمنی ووردبوومەوە.

پنتاگۆن هیوادارابوو ئەو هێزە سەربازیە گەورانەی کە سوپای عێراقیان تێکشکاند بگۆڕێت بە تێکەڵەیەك لەو یەکە ئەمریکی و بیانیانەی "هاوپەیمانان کە ئارەزوومەندن". هەروەها چاوەڕوانی دەکرد بەهاتنی ئەیلۆل/ سێپتەمبەر فرقەیەك بەسەرکردایەتی پۆلۆنیا لەبری فرقەیەکی مارینزی



Scanned with CamSc

ئەمریکی ئاسایشی ناوچە شیعەکانی نێوان بەغداو بەسرە لەئەستۆ بگرێت. کە هێزێکە بەقەبارەی لیوایەکەو کەمترە لە سێ هەزار سەربازو بەرپرسیارە لەناوچەیەکی پرۆسەکان کە ئەو ناوچەیە پێویستی بەفرقەیەکە، پێکهاتووە لە پۆلۆنی و ئۆکرانیەکان و یەکەی بچوکتر لەئەمریکای ناوەڕاست. بەڵام گەورەترین تەشکیلە بوو لەو تەشکیلاتانە کە لەباشوور بوون ، بێجگە لەو مەفرەزە بەریتانیەی کە لە ١٠,٠٠٠ هەزار سەرباز پێکهاتووە.

ئێستا ئەبی زەید باسی ئەوەی کرد ئەو ٢٣,٠٠٠ هەزار سەربازە نا ئەمریکیەی کە لەوڵاتدایە بەس نابێت، هەتا ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمانان کە پۆلۆنیا سەرکردایەتیان دەکات جێی ئەو یەکە جەنگاوەرە ئەمریکیانە بگرێتەوە کە لەعێراق دەچنە دەرەوە.

من هاوبەشی جۆرێ ئەکرد لەو بێئومێدییەی. ماوەی چەند هەفتەیەکە هەستم بەوە کردووە کە پنتاگۆن هەستی بەپێویستی تێکشکاندن و، پێشوەخت زاڵبوون بەسەر یاخیبوونی بەعسیەکان و ئیسلامیەکان نەکردووە کە بەردەوام لەهەڵکشاندایە. سستی جوڵەی دامەزراوەی پنتاگۆن بەشێك بوو لەگرفتەکە. لەناوەڕاستی حوزەیران/ یۆنیۆدا، لەبەغدا بەشداریم لە کۆنگرەیەکی تەلەفۆنی ڤیدیۆی پارێزراو کرد لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیدا، بەسەرۆکایەتی سەرۆك، تێیدا باسمان لەئاسایش کرد لەعێراق. ووتم، " من نیگەرانم لەوەی ڕەنگە هێزکانمان لەکاتێکی زۆر زوودا بکشێنینەوە. ئەوە بەس نیە بڵێین هێزی وڵاتانی تری هاوپەیمان جێگەی فرقەکانی سوپای مارینز دەگرنەوە".

پێشتر لیستی ئەو یەکە بچوکانەم پشکنی بوو کە ئەفسەری پەیوەندیی هەیە لەبارەگای سەرکردایەتی ناوەند لەتامپا و هێز دەنێرێت بۆ بەغدا. لەڕاستیدا ناوێتەیەك بوو، هەموویان ڕێسای پێکدادانی تایبەت بەخۆیان هەبوو کە ئەوە دیاری دەکات چۆن و لەکوێ و کەی دەجەنگێن. بۆ نمونە، لیوایەکان بە چوار پزیشك و یەك تیم (فصیل) بەشداری دەکەن، واتە هەمووی نزیکەی ٣٥ کەس دەبن.

پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی " پڕکردنەوەی بۆشایی بە هێزە بیانیەکان پێوستە لە توانا سەربازیەکانمان کەم نەکاتەوە". تێبینی ئەوەشم کرد هێشتا جەنگ کۆتایی نەهاتووە. ئێمە پڕکێشی ئەوە دەکەین ئەو ئینتیباعە بدەینە عێراقیەکان کەئێمە جدیی نین، ئەگەر ئەوەش ڕوبدا ئەوا ڕەوشی ئەمنی بەخێرایی ئاڵۆز دەبێت.

دەمویست بگەمە گوێی سەرۆك، ئەو هەستەم لا هەبوو کە دەزگا چەکدارەکان ڕەنگەبشە خودی ڕامسفێڵد، پەلە دەکەن لەگێڕانەوەی هێزەکان بۆ نیشتمان.

وەك ئەوەی کە هەمیشە لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە، سەرۆك بوش



Scanned with CamSc

لەبەشی سەرەوەی مێزکەوە کە بە تەختە داپۆشراوە لەژووری ڕەوشەکان لەکۆشکی سەر
دانیشتووە.

سەرۆک وتی، " من هاوڕام لەگەڵتدا جێری، بەلام من پێموایە تۆ خراپ تێگەیشتویت. هێزە
ئەمریکیەکان کە پاشەکشە دەکەن یەکەی ئەمریکیی تر جێگایان دەگرێتەوە".

ڕەوشەکە بەو شێوەیە نەبوو کە من تێگەیشتبووم لەگۆڕینی هێزە کۆنەکان، بەلام ڕەنگە من هەڵەم
هەر چۆنێك بێت ئەوا ڕاستکردنەوەی کاروبارەکان دەکەوێتە ئەستۆی سەربازیەکان. بەلام
ژەنراڵی مارتنز پیتەر پیس، جێگری سەرۆکی دەستەی سەرۆک ئەرکانە هاوبەشەکان، مەسەلەکەی
زیاتر ئاڵۆزکرد بەوەی کە وتی کاتێك کە فرقەی سێ پاشەکشە دەکات (کە سەرکردایەتی
هێرشکردنە سەر بەغدای کرد) لە تەمووز/ یۆلیۆدا، ئەوا دەگۆڕێت بە فرقەی پیادەی چوار
کەلەڕووی هێزەوە یەکسانە بەو بەلام لەبەرئەوەی فرقەی چوار بەکرداریی لەعێراق
بلاوکراوەتەوە، ئەوا هێزە جەنگاوەرییە پوختەکەمان وەك ئەوەی کە من تێدەگەم نزیکەی فرقەیەك
کەم دەکات.

لەکۆتایی ئەو کۆبونەوەیەدا، سەرۆك ئەوەی زیاد کرد کە " هاوڕایە لەگەڵ بریمەردا" بەوەی هێزە
نێودەوڵەتیەکان وەك هێزە ئەمریکیەکان چالاك نابن، کۆندۆلیزا ڕایس هەوڵیدا ئەوە بە
سەربازیەکان ڕون بکاتەوە کە ئایا لەواقیعدا بەریتانیەکان پلان دادەڕێژن بۆ ئەوەی لە پایزدا
هێزەکانیان لەباشوری عێراق بکشێننەوە. ئەوان قاڵی ئەو مەسەلەیەن. دوای ئەوە باسەکە درێژەی
کێشا.

دوای ئەوە کۆبونەوەیە، پەیوەندیم کرد بە فەریق کرادۆك، گەورە یاریدەدەری سەربازی
ڕامسفێلد، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە وەزیر دەرك بەو نیگەرانیە دەکات کە من هەستی پێدەکەم
لەبەرامبەر کشانەوەی هێزەکاندا.

دوای ئەوە پەیوەندیمکرد بە دوکتۆرە ڕایسەوە.
پێمراگەیاند " بەبۆچوونی من هاوپەیمانان نیوەی ژمارەی ئەو سەربازانە لەخۆدەگرێت کە ئێمە
پێویستمان پێیەتی وە ئێمە پرکێشی دەکەین ئەگەر ئەو هێزانە بگوێزینەوە بۆ باشوور" . ئەوکات
ئەو لێکۆڵینەوەی ڕاندم هەر لەزەینما بوو کە پێش ئەوەی بێم بۆ عێراق نیشانی دام.
وتی، " هەروەها منیش نیگەرانم. داوام لە سەرکردەکان کردووە شیکارێکی دوورو درێژ
پێشکەش بکەن لەبارەی توانا سەربازیەکانمانەوە بەشێوەیەك کە بتوانم سەرۆکی لێ
ئاگاداربکەمەوە".

یەکسەر دوای ئەو پەیوەندیە، داوام لە کالای مکماناوای کرد کاتێك گەڕایەوە بۆ قەتەر لەگەڵ



Scanned with CamSc

جۆن ئەبی زەید دا کۆببینەوە بۆ ئەوەی وردەکاری واقیعیانەی لێیەوە دەست بکەوێت لەبارەی هێزەکانمانەوە. ئێمە نەمانەدەویست لەگەڵ سەربازیەکاندا ڕووبەڕووبینەوە. بەڵام من ناسنی لەتوانا و ئاستی هێزە سەربازیە ئەمریکی و هاوپەیمانەکانمان ئەکەین دڵنیابووم ئەگەر پارێزگاری لەعێراقدا- بەتایبەتی هێزی جەنگاوەری- ئەوا لەبونیادنانەوەی وڵاتدا ڕووبەڕووی کە پێویستمان گرفتی ڕاستەقینە دەبینەوە.

لەو گرفتە سەرەکیانەی تریش کەمی زانیاری هەواڵگری وورد بوو لەبارەی سروشتی دوژمنەوە. لەسەرەتاکانی تەمموز/ یۆلیۆدا، "بیل" سەرۆکی وێستگەی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دەستبەکار بوو. ئەو کەسێکی شارەزاو لێزان بوو، بۆ چەند ساڵێك لە ناوچەکەدا کاری کردبوو دەیتوانی بەعەرەبی قسە بکات. وێستگەی بەغدادیش لەڕاستیدا گەورەترین وێستگە بوو لەجیهاندا، بۆیە ئەوە بە کارێکی گەورە دادەنرا بەنسبەت ئەوەوە. بنیم بەشێکی گەورە لەگرفتەکە لەوەدایە کە واشنتۆن کارە پێشینەکانی وێستگەکەی دیاریکردووە کە بەدوای چەکی کۆکوژدا بگەڕێن و ئەو گەورە بەعسیانەش دەستگیر بکەن کە کاغەزی یاریەکان بەناوبانگی کردن، کە وێنەی گەورە داواکراوەکانی لەسەر چاپکراوەوەو سەرکردایەتی ناوەند دابەشکردن.

هەر لە کۆتاییەکانی ئازار/ تەممووزەوە هێزەکانی هاوپەیمانان بەدوای گەنجینەی چەکە عێراقیەکاندا دەگەڕا بەڵام تا ئێستا هیچ چەکێکی کۆکوژ نەدۆزراوەتەوە. زانیشم کە بیل لەلایەن بارەگای سەرکردایەتی ئاژانسەکەوە لە لانگلی، فێرجیناوە فشاری لەسەرە. ئەو سەرپەرشتی گروپێکی ڕومالکردنی عێراقی دەکرد، کە دەزگایەکی هەواڵگری بوو نزیکەی ۱٤۰۰ مەدەنی و سەرباز لەهاوپەیمانانی لەخۆدەگرت بەدوای چەکی کۆکوژدا دەگەڕان. دەبێت ئەم کۆششەش فورسایەکی ئیداری فشاردەری خستبێتە سەر وێستگەی بەغداد.

بەڕاشکاوانەوە ووتم، " باشە بیل گەڕان بەدوای چەکی کۆکوژدا گرنگە. هەروەها ئێمە زۆر پێویستمان بەوە هەیە صەدام و دەستەکەی دەستگیر بکرێن. بەڵام پێویستە لەسەرمان هێرش بکەینە سەر ئەوانەی کەوا ئۆتۆمبیلەکانی همفی دەتەقێننەوەو سەربازەکانمان دەکوژن- هەروەها ئەو کەسانەی کە هێڵەکانی ووزەو بۆریە نەوتیەکان وێران دەکەن.

هەستاو بە حەسرەتەوە ووتی، " من دەمەوێت فورسایەکە دابەش بکەم بەسەر ئەو ئەولەویاتانەدا کە لامە".

ووتم، " ئەوە کارێکی دوورە کە سەربازەکانمان بە چەکی کۆکوژ بکوژرێن. بەڵام ئەوان ڕۆژانە ڕووبەڕووی تەقینەوە دەبنەوە لەسەر دەستی یاخیە بەعسیەکان یان تیرۆریستەکان. بۆیە پێویستە

دۆزینەوەی ئەو کەسانە لە پێشینەی کارەکان بێت".

وا دیار نەبوو قەناعەتی کردبێت. بۆیە بە بیر "بیل"م هێنایەوە کە ئەو وەك نوێنەری بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی، ئەوا بەرپرسیارێتیەکەی لەبارەی هەواڵگریی لەعێراق، ئاژانسەکەر دۆزینەوەی چەکی کۆکوژی تێپەڕاندووە.

" دەمەوێت هەموو توانا هەواڵگریەکان کە لێرە پەیوەندیدارن کۆبکەیتەوەو لەماوەی بیست و چوار کاتژمێردا پلانێکم پێشکەش بکەیت بۆ ئەوەی شوێن ئەو کەسە شەڕەنگێزو خراپکارانە بکەوین".

لەو کاتەدا کە پیاوەکانی بیل لەڕۆژی دواتردا کاریان دەکرد، بەرنامەیەکی خەڵاتی دارایم ڕاگەیاند تایبەت بە صەدام و دوو کوڕەکەی، واشنتۆنیش لەسەری ڕازی بوو. خەڵاتەکە بریتی بوو لە ٢٥ ملیۆن دۆلارو گواستنەوەی خۆی و خێزانی ئەو کەسەی کە هەواڵەکە دەگەیەنێت، لەگەڵ ١٥ ملیۆن دۆلار بۆ هەر یەك لەکوڕەکانی، عودەی و قوسەی.

ڕۆژی پێنج شەمە ١٧ تەمموز/ یۆلیۆ بەیەکێك لەبەیانییە خنکێنەرەکانی بەغدا دەستپێکرد لەناوەڕاستی هاویندا کاتێك هەڵهاتنی خۆر هەڕەشەی گۆڕینی شارەکەی دەکرد بۆ فڕنێکی پڕ لەدوکەڵ و تەپوتۆز. من و کلای ئێستا کەرەڤانەیەکی سازو لەبارمان هەیە، بۆیە شەوان ڕەوشەکە خراپ نەبوو- کاتێك کارەبامان هەبوایە. بەڵام ئەمڕۆ ماندووم. هەروەها هەموانیش.

بەهۆی جیاوازی کاتیشەوە لەنێوان ئێرەو واشنتۆندا کە دەگاتە هەشت کاتژمێر، زۆرجار دوای نیوەی شەو پەیوەندیە تەلەفۆنیەکانم وەردەگرت لەژووری پەیوەندییەکان لەنهۆمی دووەم. بە بیر ئەو نوسینگانەدا دەڕۆیشتم کەپڕبوون لەو کەسانەی کە لەهەر لە بەرەبەیانەوە لەپشت نوسینگەکانیانەوە دانیشتبوون.

سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان گەشەی کرد بوو بۆ ئەوەی نزیکەی ٣٠٠٠ کارمەند لەخۆبگرێت لە بیست و پێنج وڵاتەوە، ئەوا ئێمە تەواو فشارمان لەسەر بوو. بۆ چەند هەفتەیەك تەلەفۆنمان نەبوو. ژوورەکانی کۆشکیش ژمارەیان لەسەر نەبوو. لەبەرئەوە بانگهێشتکردن بۆ کۆبونەوەیەك دەبوو کەسێك بنێردرایە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە، بەهیوای ئەوەی لەکاتی گونجاودا بیاندۆزێتەوە. بە فرانسیم ڕاگەیاند کە ئەمە ئەو ڕێگەیەم بەبیردێنێتەوە کە سەرکردەی هۆزە ئەفریقیەکان بەکاریان دەهێنا بۆ بانگکردنی ئەوانەی کە دەیانویست لەگەڵیان کۆببنەوە، ئەویش بەناردنی گێچەڵکەرێك بە گۆچانێکەوە بۆیان.

زۆربەمان لەکۆشکدا بۆ چەندین کاتژمێر بە بەردەوامی حەوت ڕۆژ لەهەفتەیەکدا کارمان دەکرد، هەمیشە سوورو بەردەوام بووین لەسەر کارەکانمان، لەگەڵ گەرمای توندو بڕانی بەردەوامی



Scanned with CamScanner

کارەباو ئاوو، دەنگی تەقینەوەو پێکدادانەکان. زۆری کارەکان لەڕادەیەکدا بوو کە چەندین جۆر لادانی لەکاتدا بەخۆوە بینی. زۆرجار سەرسام دەبووم کاتێك دەمزانی کۆبونەوەیەك کە پێش تەنها سێ رۆژ ئەنجامدراوە ئەمە لەکاتێکدا من پێم وابوو ئەو کۆبونەوەیە پێش چەند هەفتەیەك بووە. بەڵام ئێمە بەو مەسەلانە پێدەکەنین بەوەی کە ئەمە " کاتی بەغدایە". دواجار رێکەوتین لەسەرئەوەی لەهەفتەی، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان‌دا تەنها سێ رۆژ لەهەفتەیەکدا هەیە: دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێ.

زۆرجار حەزمان لەحەسانەوەیەکی سادە دەکرد، کوپێك لەبەفر و، دوشێك دەکرێت پشتی پێبەستێت.. ڕوویەك کە تەپوتۆزی تێدا نەبێت، ئەو رەگەزەی کە هەمیشە لەبەغداد ئامادەیە. تەپوتۆز لەهەموو شوێنێکدا هەبوو، هەموو شتێك ڕەنگی تۆزێکی کپی گرتبوو. بەڵکو گەڵای دارخورماکان و ئۆکالیپتوسەکانیش بە ڕەنگی تەپوتۆز ڕەنگ بوو بوون. بەڵام کاتێك هەر هێزەکانمان بەهەموو کەرەستەو چەکەکانیانەوە لەنیوەڕۆی خنکێنەری بەغدادا دەبینی ئیدی سکاڵاکانمان دەڕەوینەوە.

ئێمە سەرسامبووین بەوەی کە چۆن ئەو کوڕو کچە لاوە ئازایانە بەرگەی ئەو گەرما توندە دەگرن. تاکە حەوانەوەیەك کە بەدرێژایی کاتژمێرەکانی کارکردن دەستیان دەکەوێت بریتیە لە بەسەربردنی چەند خولەکێك لەسێبەرداو خواردنەوەی قومێك ئاو کە ساردیش نیە.

قاوەی ئیسپرسۆی بەهێز باشترین یارمەتیدەرە بۆ من. دوای چەندین ساڵ لەخزمەت لەدەرەوە، ڕاهاتووم لەسەر خواردنی ئەوەی کە من پێی دەڵێم " قاوەی ڕاستەقینە"– ئیسپرسۆی ئیتالیی باش. لە واشنتۆن ئامێرێکی ئیسپرسۆم هەبوو، دوای ئەوەش هاتم بۆ بەغدا، داوای دوو ئامێرم کرد لەرێگەی سستمی پۆستی سەربازییەوە. لای کوڕو کچەکەشم رێنومایی هەمیشەیی هەبوو بۆ ناردنی کیسی قاوە بۆم لەرێگەی کەناڵی سستمی پۆستی سەربازییەوە، بەڵام بەهۆی گۆڕانی سستمەکەوە نەمدەزانی دەگات یان نا. تەواوبوونی قاوەش هۆکارێك بوو بۆ نیگەرانیەکی ترسناك. بەڵام ئەو توانای پێدەبەخشین بۆ ئەوەی هەژدە تا بیست کاتژمێر لەرۆژێکدا کار بکەین و هۆکارێکی بەجێشی دەدایە فەرمانبەرەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بۆ ئەوەی سەردانی نوسینگەکەم بکەن.

بەیانی ئەم پێنج شەممەیە لەحەوت و نیودا، پلەی گەرما لە نوسینگەکەمدا گەیشتە۳۸ پلەی سەدی کاتێك لەگەڵ دیف ئۆلیڤەری گەورە ڕاوێژکارانی دارایدا کۆبرومەوە. بابەتەکەش هێندەی گەرماکە بێزارکەر بوو.

بەهەمانشێوەی هەموو فەرمانبەرەکان لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان. دیف بێ وەستان کاری دەکرد



Scanned with CamSc

چونکە لەکەسانی تر زیاتر دەرکی بە گرفتە ترسناکە داراییەکان کردبوو کە ڕووبەڕوو[ی]
دەبینەوە. ئەو سەبارەت بە قاوەکەی بەیانی سوپاسگوزاری کرد.

دوای ئەوەی ئەو ڕاپۆرت و ئەخشە ڕونکارییانەی نیشاندام کە هێنابوونی، ووتی ، " ئێمە بەرەو
ئیفلاس بوون دەڕۆین گەورەم".

دیف ئەمیرالیکی خانەنشین بوو لەکۆتایی پەنجاکانی تەمەنیدا بوو قژێکی بۆرو سیمایەکی هەبوو
شوێنەواری ئەو کەشەی پێوە دیاربوو کە کەشتیوانەکان تووشی دەبن. ئەو سەرکردایەتی ژێرئاوی
ئەتۆمیی کردوەو، وەك بەرپرسێکی گەورە لەلیژنەی تەکنەلۆژیاو کڕینەکاندا لەهەردوو
ئیدارەکەی جۆرج بوشی باوك و کلینتۆندا خزمەتی کردووە. ئەو لێهاتوویی دەرخست لە
لێگرتنەوەو گوشینی هەمرو دیناریك و فلسێك لە داراییە دیاریکراوەکەمان. ئەگەر ووتیشی ئێ
ڕووبەڕووی گرفتێکی دارایی دەبینەوە، دەتوانم گرەو لەسەر ئەوە بکەم.

" کەی"؟

" ناتوانم بڵێم کەی. ڕەنگە لە مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر یان لە کانونی یەکەم/ دیسەمبەر[دا]
هەرچۆنێك بێت، ئەوە ناکاتە وەرزی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤. مەسەلەکەش لەسەر توانای ئێ[مە]
لەخێرایی بەرزکردنەوەی ڕێژەی هەناردە نەوتیەکانمان دەوەستێت".

پێشبینیکردنی بێمایەبوون و بێ پارەکەوتنی هەر وڵاتێك مەسەلەیەکی ناخۆشە. بەڵام ئەگەر نەتوانی[ن]
پارە مانگانەکانمان بدەین لەناویشیدا مووچەی ملیۆنان فەرمانبەری حوکمیی و خانەنشین، ئەوا ئە[وە]
سەرئەنجامێکی سەخت و نالەباری دەبێت.

پرسیم و لەوەڵامەکەشی دەترسام، " بودجەی ساڵی ئاییندە چۆن دەبێت"؟

پێش دە ڕۆژ، داوام لەڕاوێژکارەکانم کرد لەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان بۆ ئەوەی لەگەڵ هاو[ڕێ]
عێراقییەکانیاندا کار بکەن بۆ ئەوەی داهات و خەرجیەکانی وڵات بۆ ساڵی ٢٠٠٤ بخەمڵێن
هەوڵبدەن بگەنە قەبارەی ئەو کورتهێنانەی کە لەبودجەدا دەبێت. هەواڵەکانیش لەمبارەیەوە باش
نەبوون.

وێرانکردن و تەقاندنەوەی بەردەوامی بۆرییەکانی نەوت و ئەوەی کە لێی دەکەوێتەوە
لەپاشەکشەی توندی داهاتی هەناردە نەوتییە پێشبینیکراوەکان گرفتێکی گەورەی دەخستەڕوو.
عێراق نەوتی خاو لەڕێگەی بۆرییە نەوتیەکانەوە ڕەوانە دەکات کە دەگەنە سەر دەریای سپ[ی]
ناوەڕاست و بەناو تورکیادا تێدەپەڕن، لەکێڵگە باشورییەکانیشەوە لەڕێگەی هێڵە کورتەکانەوە بۆ
ئەو وێستگانەی کەبارهەڵگرە نەوتیەکانی لێیە لەباکوری کەنداو. عێراق زیاتر لەچوار هەزار
کیلۆمەتر بۆری نەوتیی لەخۆدەگرێت، پاراستنیشی لە تێکدەرەکان ئاڕادەیەك مەحاڵە. ئە

لەکاتێکدا فیلّ کارۆلی ڕاوێژکاری نەوتیمان، جەختی لەوە کردەوە کە ژێرخانی ئابووریی نەوت بەندەواوەتی- سەری بیرەکان و بۆرییەکان و وێستگەکانی هەلّدان و پالاّوگەکان- هەموویان وەك ئەو پالاّوگەی دۆرە کە سەردانمان کرد ماندوو پەکیان کەوتووە.

دیف دەستی لەسەر ئەو هێلّکارییە دانابوو کەلەسەر مێزە مەڕەمەڕەکە بوو ووتی، " کورتهێنانێکمان هەیە دەگاتە ملیارێك دۆلار لەم سالّدا. ئەو کورتهێنانە پێشبینیکراوەش بۆ سالّی ئاییندە لەملیارو نیوێك دۆلار زیاتر دەبێت".

ووتم، " ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت پێویستە خێرایی بکەین لەگرێبەست لەگەلّی پاسەوانەکاندا. کاتێکیش هێزەکانی ئاسایشی عێراق دەچنە هاوکارییان، پێویستە وێرانکردنەکان کەم بێنەوە".

دیف بەنارامیی ووتی، " بەلّێ، بەلاّم ئەو کاتە ئەرکێکی گەورە لەبەردەمماندا دەبێت لەچاککردنەوەی پیشەسازی نەوتدا. هێشتا ژمارەی تەواومان لەبەردەستدا نیە چونکە کارەکانی ڕومالکردن هێشتا تەواو نەبوون، بەلاّم گروپەکەی فیل کارۆل خەملاّندویانە ئێمە لەنێوان سالاّنی ٢٠٠٤-٢٠٠٧ پێویستمان بە دوو ملیار دۆلار دەبێت".

کردەوەکانی تێکدانی بۆرییە نەوتیەکان تاکە گرفتێك نەبوو لە کەرتی نەوتدا. ئەندازیارەکانی ناو سوپا، سەر بە هێزە هاوبەشەکانی تایبەتی٧ ی سەر بەهێزی هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی فەریق سانشێز، کارێکی مەزن ئەنجام دەدەن بەچاککردنەوەی ئەو بۆرییە نەوتی و وێستگانەی کە زیانیان بەردەکەوێت. بەلاّم لەناوەڕاستی حوزەیران/ یۆنیۆدا، هەندێك لەبیرۆکراتیەکان لەپێنتاگۆن کتوپڕ بڕیاریاندا بەرپرسیارێتی چالاکیی ئەندازیارەکان لەهێزە تایبەتیە هاوبەشەکانی ٧ ەوە بگوازرێتەوە بۆ دەسەلاّتی کاتیی هاوپەیمانان و، وەستاندنی پارەپێدان لەکاتی ئەم پرۆسەیدا. دەسەلاّتی هاوپەیمانانیش پارەی ئەوەیان نەبوو پشتگیریی لە کارەکەیان بکات. بەو شێوەیە لەنێوان شەو و ڕۆژێکدا، دوو هەزار ئەندازیار کە سازو ئامادەباش بوون بەخۆیان و بەرزکەرەوە جولاّو و حەفارەکانی هەلّکەندنی چالّ و کەرەستە کازاییە پێویستیەکانیانەوە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت- پێکارکەوتن و لەناو چادرە گەرمەکانیاندا خەریکی یاریی ڤیدیۆیی بوون.

دوبام لەپێنتاگۆن هێنایەوە یەك. پۆل وۆلفیتزی جێگری وەزیری بەرگریی ڕێنموماییی دایە لەس براونی وەزیری سوپا بەوەکالەت بۆ ئەوەی پارەپێدانی ئەو ئەندازیارانە بگێڕێتەوە، دواجاریش بودجەی ئەو ئەندازیارانەمان پێگەیشتەوە. بەلاّم ئەوە وەك ئاگادارکردنەوەیەکی پێش وەخت وابوو لەبارەی ئەوەی چۆن دەکرێت واشنتۆن کاری سەرلەنوێ بونیادنانەوە ئالّۆز بکات.

مەسەلەیەکی ترم لەگەلّ تۆلیڤەردا ورووژاند.

پێم ووت، " دیف، بۆ حەرکوێیەك بڕۆم عێراقیەکان پێم دەلّێن پارەکان بەدەستیان ناگات. نە بۆ



Scanned with CamSc

وەزارەتەکانی تر دوای دیاریکردنی دەرماڵەکان و، نە بۆ پارێزگاکان و، نە بۆ هیچ کەسێك. چی ڕوو دەدات"؟

دیف ڕونیکردەوەو ووتی، " چەند هۆکارێك هەیە. یەکەم، بیرۆکراسیەتی عێراقی ناتوانێت بەخێرایی بجوڵێت و دەستوبرد بکات. درندایەتیی صەدام فێری ئەوەی کردوون دەبێت هیچ هەڵەیەك نەکەن. ڕەنگە ئەوەش کوشندە بێت. لەبەرئەوە هیچ کەسێك بەبێ ڕەزامەندی دەیان فەرمانبەر هیچ هەنگاوێك نانێن".

سەرەڕای ئەوەش، لەبەرئەوەی وەزارەتی دارایی تەنها سەرپەرستیی ٨٪ دەکات لەبودجەی نیشتمانی، ئەوا ، کاتێك هەوڵماندا لەڕێگەی ئەم دامەزراوەیەوە هەموو بودجەی نیشتمانی بەڕێوەبەرین کارەکەمان قورس تر کرد.

دەیڤید پێی وابوو " ئەوەندەمان هەیە کە هاوبەرامبەری خۆگرتنەوەی دارایی بێت. لەگەڵ ڕەوشەکەدا ڕادێین، بەڵام ئەوە هەندێك کاتی دەوێت".

بیرم کردەوە ئەوە وەك هەموو شتێکی تر وایە لەعێراقدا.

ئێستا خەمڵاندنێکی باشمان هەیە بۆ ئەو زیانەی کە ڕفاندنی سوتەمەنی لەعێراقدا دروستی دەکات. صەدام هانی ڕفاندنی نەوتی دەدا بۆ ئەوەی خۆی لەسزاکان بدزێتەوەو داهاتێك بەڕێگەی ناڕەوا بۆ ڕژێمەکەی پەیدا بکات. لەو ماوەیەشدا، چەتە تاوانکارییەکان بەدرێژایی شەتولعەرەب و لەپاڵاوگەکانی باکور نزیك بەکێڵگەکانی نەوتی کەرکوك دیزل و کیرۆسین و بەنزین لەو پاڵاوگانەوە بەرێکەوتن لەگەڵ پۆلیسی صەدامدا سوتەمەنیە جۆراوجۆرەکانیان دەبرد بۆ تەنکەرو کەشتیەکانیان- ئەو ڕفێنەرانە دەیانتوانی سوتەمەنی دزراو لەوڵاتانی دراوسێدا بەچەل قاتی ئەو نرخە بفرۆشن کەلەعێراقدا لەبری ئەو سوتەمەنیانە وەردەگیرا. ئەم جۆرە قازانجە دەیان هەزار لەو تاوانکارانی کەمەندکێش کردبوو کە صەدام پێش دەستپێکردنی جەنگ لەزیندانەکان بەرەڵای کردبوون.

ڕفاندنی دیزل لە باشور مەسەلەیەکی ئاڵۆز بوو. لەسەرەتاوە بە تانکەر دەگوێزرایەوە بۆ قەپی تەخت و نهێنی و ، پاشان بۆ گوێزەرەوە بچوکەکان کە ئەوتەکەیان دەبرد بۆ بەشی خوارەوەی کەنداو بۆ بەندەرەکانی وەك ئەبو زەبی، بەمەش قازانجێکی زۆرو زەبەندەیان دەستدەکەوت.

ڕێژەی ڕفاندنی نەوت لەدوای ڕوخانی ڕژێمەوە بەشێوەیەکی زیادکرد کە مایەی خەم و نیگەرانی بوو بەهۆی کەمیی هێزەکانی پاسەوانیی پێویست بۆ پاڵاوگەکان و کۆنترۆڵ نەکردنی سنورەکانی عێراق. بازرگانی ناڕەواو قاچاغیش سێ شوێنەواری خراپی گەورەی هەیە. یەکەم، وەزارەتی نەوتی عێراق بێ بەش دەکات لەو قازانجانەی کە دەبێت لە سوتەمەنیی دەستی بکەوێت. هەروەك چۆن

ڕفاندن، دواین گەنجینە نەوتیەکانی عێراق لەبەندیێت، هەروەها کەمی سوتەمەنی لەهەموو ناوچەکاندا دروست دەکات، ئەمەش هۆکاری دروستبوونی ئەو ڕیزە درێژانەی هاولاتیانی توڕەیە کە لەشارە گەورەکاندا دەوەستان بۆ وەرگرتنی بەنزین. کەمی گاز بۆتە هۆی ئاڵۆزکردنی کێشەی کارەباش، چونکە بەرهەمهێنەرەکانی کارەبا پێویستیان بە گاز هەیە بۆ ئەوەی کاربکەن.

دیڤ ئۆلیڤەر هەندێك حساباتی کرد." بۆ کڕینی هەموو جۆرەکانی سوتەمەنی لەکوەیت و تورکیا، پێویستە لەسەرمان نزیکەی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار لەمانگێکدا خەرج بکەین ".

پرسیارم کرد، " سێ ملیار دۆلار لەساڵێکدا! ئەو برە پارەیە لەکوێ بهێنین".

بۆ ئەوەی گرفتەکەش ئاڵۆزتر بێت، هەموو پاڵاوگەکانی ناو عێراق لەکار وەستابوون هەر لەئازار/ مارسەوە تا ناوەڕاستی هاوین. لەسایەی حوکمڕانیی صەدامدا پاڵاوگەکان لەمانگەکانی هاویندا بەکاردەهێنران بۆ زەخیرەکردنی بەرهەمەکانی نەوت بۆ ئەوەی ئەو خواستە زۆرە پڕ بکەنەوە کە لەمانگە ساردەکانی زستان و پایزدا لەسەر سوتەمەنی هەیە. بەڵام ئێمە ئەو زەخیرەیەمان نەکردبوو کەلە زستانی ئایندەدا پێویستمان پێیەتی.

من و ژەنراڵ سانشێز باسمان لەقەدیراندکە کرد، ئەفسەرەکانی پلانێکیان هێنا کە ناوی " پرۆسەی خاری ووزە بوو". وا داڕێژرابوو کە مامەڵە بکات لەگەڵ هەردوو لایەنەکەدا کەهەڵدەستن بە کاری ڕفاندنەکە. یەکەم، هاوپەیمانان ئەو تەنکەرانە دەگرێت کە نەوت بەنایاسایی دەگوێزنەوەو، پاشانیش سوتەمەنیەکە دەبەن بۆ ئەو شوێنانەی کە زۆر پێویستیان بەسوتەمەنی هەیە، پاشانیش تانکەرەکان دەدەن بە وەزارەتی نەوت. هەروەها داوام لە ژەنراڵ ئەبی زەید کرد دەریاوانیی سەرکردایەتی ناوەند دەست بکات بە ڕێگرتن لەو کەشتیانەی کە هی ڕفێنەرەکانن. ئەگەر لەکۆتاییشدا توانیمان بڕێکی باش لەکەشتیەکان دەستگیر بکەین، ئیدی پرۆسەی ڕفاندنیش سودێکی نابێت.

ئامانجی دووەمیش لەپرۆسەکە مامەڵەکردن بوو لەگەڵ تۆڕێندرەوە نهێنیەکاندا کە هی ئەو چەتانە بوون لەکۆتاییەکانی ئازار/ مارسەوە کاریان دزینی کێبلی هێڵەکانی کارەبا بوو. کاتێك ئەوانە کێبڵەکانی فشاری بەرز دەدزن بۆ دەستکەوتنی مس، ئەوە بەتەنها نابێتە هۆی کەمهێنان لە ووزەی کارەبای وڵاتدا، بەڵکو هەروەها دەبێتە هۆی داخستنی کێڵگە نەوتیەکانی باشوری نزیك بە بەصرەش، ئەوەش لەڕۆژێکدا نزیکەی ٥٠٠،٠٠٠ هەزار بەرمیل یان ١٠ ملیۆن دۆلار زیان بەعێراق دەگەیەنێت. لەڕاستیشدا هێزەکانی بەریتانیا سکاڵای ئەوەیان کرد کە ژمارەیان کەمەو ئاتوانن پاسەوانیی لەهەموو میلێك لە تۆڕەکانی کارەبا بکەن. عێراقیش دوانزە هەزار میل لە هێڵی کارەبا لەخۆ دەگرێت.



Scanned with CamScanner

من دەمزانی ئەم گرفتانە چارەسەر ناکرێن، بەڵام ئەو تەحەدایەی کە هاوپەیمانان لەعێراق ڕووبەڕووی دەبنەوە گەورە بروە. ئەو ووردیی و خێراییەی کە هاوپەیمانان بەکاریان هێنا لە لەناوبردن و شکست هێنان بە هێزەکانی پاسەوانانی کۆماری سەر بەصەدام و روخاندنی رژێمی بەعس، عێراقیە پێگەیشتوەکانی تووشی سەرسامیی کرد . دوای ئەو نمایشکردنەی هێزەش، زۆرێك چاوەڕوانیی ئەوە لەلێمە دەکەن کاتێك کە تانکەکان لەجولان دەوەستن بتوانین کاری سەرسامکەری هاوشێوەی ئەوە بنوێنین. لەگەر لەتواناشماندا بوربێت بڕکە تۆپهاوێژەکان تەفروتونا بکەین لە لوتکەی گەردەلولی بیاباندا کە چاو چاو نابینێت، باشە ئەی بۆچی ناتوانین ووزەی کارەبا دابین بکەین یان بەشێوەیەکی بەردەوام بەنزین دابین بکەین؟ بەتێپەڕبوونی هەر ڕۆژێکیش کە هاوپەیمانانی پڕ چەك دەستەوسان دەبن لەچاککردنەوەی گرفتە ئابورییە بنەڕەتیەکاندا، ئەوا وورەو متمانەی باخییە عێراقیەکان و تیرۆریستە بیانیەکان بەخۆیان زیاتر دەبێت.

ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع ڕووی دەدا وایکرد ئەو سیناریۆ گەشبینانەی پێش جەنگ هەبوو بەوەی کە عێراق لەرێگەی هەناردەکردنی نەوتەوە لەدوای چەند هەفتەیەك یان مانگێك لەرزگارکردن دەتوانێت تێچونەکانی سەرلەنوێ بونیادنانەوە بدات، بووە خەیاڵ. ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت لە پرۆژەیەکی درێژخایەنی بونیادنانەوەی وڵاتێکەوە تێگلاوین.

کەلێنەکە فراوانتر بوو لەنێوان واقیع و پێشبینیەکانی رومالکردنە رۆژنامەوانییە سلبیەکان بۆ عێراقی دوای جەنگ. سەرەڕای ئەوەی کەمێك لە رۆژنامەوانە خۆرئاوایەکان لەکاتی جەنگدا هەواڵی خراپیان بلاوەکردەوە، لەوا ئێستا کەمێکیان بایەخێکی گەورە بەوە دەدەن کە لەبارەی لایەنی ئیجابی کارەکانی هاوپەیمانانەوە ڕاپۆرت پێشکەش بکەن.

بەهۆی ئەم گرفتەوە دان سینۆری گەورەی راوێژکارە رۆژنامەوانیەکان زیاتر تووشی نائومێدی هات. دوای نیوەڕۆی رۆژێکی خنکێنەر لەرۆژەکانی تەمموز/ یۆلیۆ هات بۆ نوسینگەکەم بۆ وتوێژکردن لەبارەی ڕەوشەکەوە.

پێی ووتم، " پێویستە لەسەرمان ڕەوت و پەیرەومان بگۆڕین، ئێستا رۆژنامەکان هیچ هەواڵێکی باش ڕوماڵ ناکەن.

دان هاوڵێکی چالاك بوو ئاوێتەیەکی بێ وێنە لە شارەزایی هەبوو لەکارەکان و حکومەتدا. دەرچووی کۆلیژی کارگێڕیی و ئابوریی بوو لە هارفرد، چەند ساڵێکی لەکەرتی تایبەتدا بەسەر بردبوو پێش ئەوەی بێت بۆ قەتەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژنامەکان لەکاتی جەنگدا. دواتریش لە نیسان/ ئەپریلدا لەگەڵ نوسینگەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو یارمەتیە مرۆییەکاندا هات بۆ بەغدا، ئەو یەکێك بوو لە کارامەترین شارەزاکانی پەیوەندیکردن کەلەماوەی چل ساڵی ڕابردوودا

پێمیم:
گومانی تێدا نیە دان سەبارەت بەڕوماڵکردنە ڕۆژنامەییەکان ڕاستی دەکرد.
ئێمە هەزاران پرۆژەمان ئەنجام داوە لەهەموو ناوچەکانی وڵاتدا، وەك سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ڕێگەوبان و پردەکان، یان پاکردنەوەی بەندەرەکان لەکەنداو، بەڵام زۆربەیان بچووك بوون وەك نوێکردنەوەی قوتابخانەیەك یان بونیادنانی هەتیوخانەیەك. ئەو پرۆژانەش کاریگەری گەورەیان هەبوو.
لەهاویندا سەردانی چەندین پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەم کرد، بەڵام هیچیان بەشێوەیەکی گەورە لەڕووی ڕۆژنامەوانیەوە ڕوماڵ نەکران. دیارە ئەم هەواڵانە سەرنج ڕاکێش نین بۆ هەواڵسازەکان و بەرهەمهێنەکان هێندەی سەرنجڕاکێشی ڕوداوەکانی تاڵانکردن و بڕانەکانی کارەبا و سەرەکانی وەرگرتنی بەنزین و- دواجاریش بەرزبوونەوەی ڕادەی توندوتیژییەکان.
لەبەرئەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزەکان و مەدەنیەکان لەهاوپەیمانان لەسایەی ڕەوشێکی سەختدا کۆشش و تەقەلا دەدەن و زۆرشتیان لەعێراقدا ئەنجام داوە، بەڵام کەمینەیەکی زۆر کەم لەدەرەوەی وڵات بەکارەکانیان دەزانن.
دان کە ژمارەیەك لە نوسخەی هەواڵەکانی تەلەفزیۆنی هەڵگرتبوو سکاڵای کردو ووتی" ڕوماڵکردنەکان وا وێنای هێزەکان دەکەن وەك ئەوەی قوربانی بن نەك پاڵەوان. ئەوان لەتێشتمان لەبارەی ئەو کارە سەرسامکەرەوانە نازانن کە ئەمان پێی هەڵدەستن". ووتیشی تەحەدای گەورە ناساندنی ئەم هەواڵانەیە بە ڕۆژنامە. یەکێك لە پەیامنێرەکان تازە هەستاوە بە سەردانێکی دەگمەنی کۆبونەوەیەك کەلە شارەوانی تکریت ڕویداوە. بەدانی ڕاگەیاندووە، " ئەگەر ئەوان بتوانن لەشوێنی لەدایك بوونی صەدامدا مومارەسەی دیموکراسیەت بکەن ئەوا دەتوانن لەهەر جێگەیەکی تریش بیکەن". دان ووتی، " جەنابی باڵیۆز پێویستە لەسەرمان ڕێگەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی بەغدا".
ووتم، " قسە لەگەڵ سوپادا دەکەم بۆ ئەوەی هێلیکۆپتەری بلاك هۆك بهێنن بۆ ئەوەی پەیامنێران بنێرین بۆ هەموو ناوچەکانی وڵات".
هێلیکۆپتەرەکانمان هێنا بۆ هەڵگرتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. بەڵام بەداخەوە هەر لەڕوماڵکردنی هەواڵەکانی مردن و کارە توندوتیژیەکان بەردەوام بوون، ئەمە لەکاتێکدا ئەو پێشکەوتنەیان فەرامۆشکرد کەلە ئاوەدانکردنەوەو بونیادنانی بنەماکانی دیموکراسیەتدا بەدی هاتبوون.
پێشبینیە خەمبارەکەی دیف ئۆلیڤەر سەبارەت بە بودجە بەلانی کەمەوە هەندێك ژمارەی پێشکەش کردم لەو کاتەدا کە خۆمم ئامادە دەکرد بۆ ڕاوێژکردن بگەڕێمەوە بۆ واشنتۆن. لەوێ دەبوو



Scanned with CamSc

ڕێخۆشکەریی بکەم بۆ یارمەتیە زیادکراوە زەبەلاحەکان کە بێگومان بۆ پڕکردنەوەی خەرجیە چاوەڕوانەکراوەکان بۆ بونیادنانەوەی وڵاتێکی زۆر نەخۆش پێویستمان پێی دەبێت. دەکرێت بڵێین هەمرو ڕۆژێك، ڕاوێژکارەکان بڕێکی زیاتر لەهەواڵی ناخۆشیان بۆ دەهێنام. دەرئەنجامە کۆتاییەکانیش هەر چۆنێك بن، ئەوا لەسەرم بوو دەست بە نەرمکردنی کۆشکی سپی و نوسینگەی بەڕێوەبردنی بودجەو کۆنگرێس بکەم ، تا ڕازیان بکەم بەوەی ، کە بۆ ئەوەی ڕەوشەکە لەعێراقدا بەرەو باشی بڕوات، ئێمە پێویستمان بە بڕێکی زیاتر لە دارایی هەیە.

دەمزانی ڕازیکردنیان ئاسان نابێت. لەو کاتەوە گەیشتومەتە عێراق، لەپێکدادانابووم لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەدا کەلەواشنتۆن دارییەکان لەژێر دەسەڵاتیاندا بوو. لەو ڕووداوە خەمهێنانەش ئەوە بوو سەرۆك فەرمانی پێکردبووم کە بەخێرایی کاربکەم، بەڵام زۆرجار دامەزراوەکانی وەك نوسینگەی بەڕێوەبردنی بودجە و ئاژانسی ئەمریکیی بۆ گەشەپێدانی نێودەڵەتیی سەر بەوەزارەتی دەرەوە ئاستەنگیان بۆ دروست دەکردم.

لەرەوشی ئاساییدا، نوسینگەی بەڕێوەبردنی بودجە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەپێشکەشکردنی وردەکارییەکانی چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو پارانەی تەرخانکراون و ڕەزامەندیان لەبارەوە وەرگیراوە. ئەو پرۆسەیەش هەمیشە هەندێك کاتی دەوێت. بەڵام ڕەوشەکە لەعێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا ئاسایی نەبوو. ئێمە کاتێکی زۆرمان لەبەردەستدا نەبوو بۆ ئەوەی پێچکەی ئابووریی بخەینە گەڕ. لەکۆبونەوەکەمدا لەگەڵ سەرۆك لەقەتەر لە سەرەتاکانی حوزەیران/ یۆنیۆدا، ئاندی کارد ی گەورە فەرمانبەری کۆشکی سپیم بردە لایەکەوەو داوای هەندێك لێبوردنم کرد لەو تۆڕە بیرکراسیە ڕۆتین و باوانە. ئەو بەڵێنی یارمەتی پێدام. بەڵام ململانێ بچوکەکان لەگەڵ فەرمانبەرەکان لە نوسینگەی بودجەدا هیچ کاتێك کۆتاییان پێ نەدەهات.

لەماوەی هەفتەکانی یەکەمەدا لەعێراق، بۆ دۆناڵد ڕامسفێڵدم نوسی کە ئێمە ناتوانین تەحەمولی ئەو پەیڕەوە خاوە بکەین کە بیرۆکراتیەکان لەواشنتۆن دەیگرنەبەر. ڕامسفێڵد پێشتر داوای لە جۆن هامەر کردبوو، کە جێگری پێشووی وەزارەتی بەرگریی بوو لەسەردەمی سەرۆك کلینتۆندا، بەهاوڕێیەتی گروپێك لەبەرایەکانی تەموز/ یۆلیۆدا بێن بۆ عێراق بۆ ئەوەی ئەوە ببینن کەرووبەڕووی هاوپەیمانان دەبێتەوە. لەراپۆرتە تایبەتیەکەیدا بۆ ڕامسفێڵد، هامەر لەو تەحەدایانەی کۆکردبۆوە کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دەبنەوە، باسی ئەوەی کردبوو کە " دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان ڕووبەڕووی گرفتێك دەبێتەوە زۆر قورسترە لەتەحەدای سەرلەنوێ بونیادنانەوەی تەقلیدیی دوای جەنگ. عێراق ئابورییەکی تەواو شکستخواردووی هەیە. دەسەڵاتی



Scanned with CamSc

کاتی هاوپەیمانانیش رووبەڕووی رەوشێك دەبێتەوە هاوشێوەی ئەڵمانیای شکستخواردووە لەساڵی ١٩٤٥ و یەکێتی سۆڤیەتی شکستخواردوو لەساڵی ١٩٨٩.

ئەو بەرپرسەی پێشوو لەئیدارەکەی کلینتۆندا تێبینی ئەوەشی کردبوو کە وێڕای ئەم رەوش و بارودۆخە، " ئەوا دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرەو پێش دەچن، بەڵام لە هێزو پارەو نەرمی لەئەنجامدانی کارەکاندا گرفتی هەیە". پێداگریشی کردبوو کە " تێکێکردنەوەی میکانیزمەکانی حوکمکردن و ، کارکردن بەشێوازی باو و ئاسایی، ئاستەنگ دروست دەکات لەبەردەم دەسەڵاتی کاتی هاوپەیماناندا" . ووتیشی ئەو سستمی بودجە بنەڕەتیەی کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دایناوە " لەنموونەی ئەم ژینگە ئاڵۆزەدا دەسکەوتێکی سەرسوڕهێنەرە ". بەڵام هاوەر بە ڕامسفێڵدی ڕاگەیاندبوو، " سەرسام بووم کاتێك ئەو کۆت و ئاستەنگانەم بیست کە فەرمانبەرە بچووکەکانی لای تۆ دەستی پێوە دەگرن بۆ دەسکەوتنی دارایی و وابەستەبوونەکان. لەدوای رەزامەندی وەرگرتنی تۆ رەزامەندی وەرگرتنی نوسینگەی بەڕێوەبردنی بودجە لەسەر پێدانی پارەکان دە رۆژ دەخایەنێت. ئەوان ئاستێك لەوردەکاری داوا دەکەن کەبەڕاشکاوی پێموایە ناکرێت بەرگریی لێ بکرێت". هەروەها بەتوندی هانی ڕامسفێڵدی دا " ئەم هەڵە بقۆزێتەوە بۆ رزگاربوون لە تەنگەتاوکردنەکانی نوسینگەی بەڕێوەبردنی بودجە... هەروەها بۆ کارئاسانیکردن و پێدانی ئەو نەرمی نواندنەی کە بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان پێویستیەتی.

ئەوەش شتێکە کە من تەنها دەتوانم ئامینی بۆ بکەم.

لە ٧ تەمموز/ یۆلیۆدا، یاداشتێکم رەوانە کرد بۆ ڕامسفێڵد جەخت لەوە دەکاتەوە کە لێپێچینەوەکانی نوسینگەی بەڕێوەبردنی بودجە " وا دەکات کۆششەکانی خێراکردنی سەرلەنوێ بونیادنانەوەو سازکردنەوەی ئابووری عێراق زیاتر زەحمەت بێت و کاتێکی زیاتری پێدەچێت".

هەروەها ئەوەشم بە بیرهێنایەوە کە واشنتۆن زۆر خاوی دەنوێنێت لەدامەزراندنی ئەو فەرمانبەرانەدا کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان پێویستی پێیانە: تا ئێستا هیچ کارمەندێك لەو ٢٥٠ کەسە نەگەیشتونەتە بەغدا کەپێش چەند هەفتەیەك داوام کردبوون. رۆتین لەواشنتۆن بەدرێژایی ساڵ پێدانی داراییەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەیشتنی فەرمانبەرەکان خاو و هێواش دەکاتەوە.

زانینی ئەحەداکان شتێکەو زانینی ئەوەش کە چی بکەی لەبەرامبەریدا شتێکی ترە. لەماوەی هەفتەیەك لەدوای هاتنم بۆ بەغدا، روون بۆوە کە ئێمە پێویستیمان بە پلانێکی کاری گشتگیر هەیە، بەتایبەتی پلانەکانی پێش جەنگ کە واشنتۆن ئامادەی کردبوو تێپەڕێنراوە. هەروەها دەرکم بەوە کرد پلانە درێژو پەڕەوەکە هەزاران کەس ئاراستە دەکات کە لای دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان

کاردەکەن، بەپێچەوانەی ئەوەشەوە ئەوا زۆری گرفتە پێ لەسەر داگیراوەکان بەئاراستەو جیاوازدا ڕایان دەکێشێت. بەبێ بوونی دیاریکردنێکی ڕوونیش بۆ ئەو کارانەی کە ئەولەوییەتیان هەیە، ئەوا ئێمە بە خەرجکردنی کۆششێکی بێ بەرهەم پڕکێشی دەکەین.

ویستم ئەوە بۆ هاوەڵەکانم و ئەوانەی لەواشنتۆنن ڕوون بکەمەوە کە چی پێویستە لەسەر هاوپەیمانان ئەنجامی بدەن و، هەروەها دیاریکردنی ئامرازەکانی پێوانەکردنی باشی بەدیهێنانی ئامانجەکانیشمان.

بۆیە داوام کرد لە بات، کیدی و کلای ماکماناوای سەرپەرشتی دانانی پلانێکی ستراتیژی بکەن کە ئامانج و پێوەرو خشتەی زەمەنیی ڕوونی هەبێت. هەروەها دایتۆن ماکسویل گەورە فەرمانبەر لەئاژانسی ئەمریکیی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتیی گرووپێکی لەنوسینگە نوێیەکەمان بۆ دانانی سیاسەتەکان پێکهێنا، تا پلانێکی کاری کرداریی دابنێت، بۆ ئەوەی ئامانجی دیاریکراو پێشکەش بکات بۆ ئەو گرفتە زۆرانەی کەوا ڕووبەڕووی گەلی عێراق دەبێتەوە.

بەدایتۆنیشم ڕاگەیاند، " من بایەخ بەدەرئەنجامەکان دەدەم نەك تیۆر یان ئەو مشتومڕەی کە کۆتایی نایەت. لە سیاسییە عێراقیەکانەوە زۆرێکم لەوانە دەستکەوتووە".

ئەوە جەوهەری سەرهەڵدانی پلانە ستراتیژیەکەمان بوو، کە تێڕوانینێکی بەرزخوازیی بوو بۆ ئایندەی عێراق و هەنگاوە دیاریکراوە پێویستەکان بۆ گۆڕینی وڵاتە وێرانکراوەکە بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی گەشەکردوو و کە تێیدا یەکسانی و ئاشتی سەروەر بێت. دەریشکەوت کە ئەخشە پلانەکە کارێکی گەورەیەو پێویستە بەو پەڕی خێرایی گروپەکەمان جێبەجێی بکات.

لەسەرەتاکانی تەممووز/ یۆلیۆدا، نوسینگەی دایتۆن ڕەشنوسی پلانێکی دانا، پێی دەوترا " تێڕوانینێك بۆ کاراکردنی توانستی عێراقیەکان". منیش لە ٤ تەممووز/ یۆلیۆدا ڕەوانەم کرد بۆ ڕامسفێلدی وەزیر وەك هەنگاوی یەکەم بۆ ڕازیکردنی بیرۆکراتیەت لە واشنتۆن و کۆشکی سپی و کۆنگرێس. ئەو ئامانجە کۆتاییەی کە وێنای دەکەین بۆ عێراق کۆمانکردەوە لە " ئاشتییەکی هەمیشەیی لەعێراقێکی دیموکراسیی یەکگرتوو سەقامگیردا"، خاوەن ئابورییەکی چالاك و حکومەتێکی نوێنەرایەتیی کە پشتگیریی لەئازادییەکان بکات و بیانپارێزێت.

کلای تێبینی کردو ووتی، " ئەو ئامانجێکی زۆر زەحمەتە".

ووتم و دەرکیشم بەوە دەکرد کە ئێمە ئامانجگەلێکی زەحمەت دیاری دەکەین بۆ هاوپەیمانان و عێراقیەکان وەکو یەك، " نیشانەگرتن بۆ سەرەوە باشترە لە نیشانەگرتن بەرەو خوارەوە". بەڵام پێویستی پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی ئیجابیشم سەلماند بۆ عێراقیەکان و فەرمانبەرەکان لەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان و لەجیهاندا. بەڵام ئەلتەرناتیڤەکە، بریتیی دەبێت لە خۆبەدەستەوەدان و



Scanned with CamScanner

ڕەشبجی، کە دەبێتە مایەی ئیفلیجی و شکستخواردن.
پلانی ئاسایشم وەك ئەولەویەتی کارەکان دەستیشان کرد. عێراق موڵکی عێراقیەکانە، هەرکاتێك توانیان زووتر بەرگریی لەخۆیان بکەن، ئەوا ئەوە باشترە. لەبەرئەوە ئێمە پێویستمان بە ڕاهێنانی هێزێکی پۆلیسی کاراسەو لێهاتوو هەیە لەزووترین کاتدا، خێرایی کردن لە بەسەربازگرتنی سوپای نوێی عێراق و مەشقپێکردنی.
هەروەها لەسەر ئەوەش هاوڕابووین کە پێویستە لەسەرمان باشکردنێك لەژیانی ڕۆژانەی عێراقیەکاندا دروست بکەین. لەبەرئەوە زنجیرەیەك لەئامانجەکانمان لە " خزمەتگوزاریە بەرەتیەکاندا" دانا کەلەماوەی نەوەد ڕۆژی ئاییندەدا بەئەنجام دەگەیەنرێت. ئێمە لەهەوڵی ئەوەدا بووین بەهاتنی ١ تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەر بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا بگێڕینەوە بۆ ئەو ئاستەی کەلەپێش جەنگدا هەبوو. هەروەها هەزار قوتابخانە سازو ئامادەباش بکەینەوەو دووسەدو چل ئەخۆشخانەکەی وڵات بەکار بخەینەوەو، کتێبی خوێندنی پوختەکراو لە ئایدۆلۆژیەتی صەدامیەت بەسەر خوێندکارانەدا دابەش بکەین.
هەروەها گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە گواستنەوەی تەواوەتی بۆ ئابووری بازاڕ چێوەی کاری هاوپەیمانان تێدەپەڕێنێت. ناتوانرێت چوار دەیە لەوێرانکاری ئابووری لەماوەی داگیرکاریەکەدا کە بێگومان کورت دەبێت چاك بکەینەوە. بەڵام لەتوانامانداییە عێراق بخەینە سەر هێڵی گەشەکردنێکی بەردەوام و بونیادنانی تەوژمی پێویست لەپێناو ئابووری بازاڕدا. هەروەها گەڕاندنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانەوەی نەوت، بۆ پێش جەنگ بەهاتنی ١ تشرین یەکەم/ ئۆکتۆبەر. هەروەها هاوپەیمانان دراوێکی نوێ لێدەدات شوێنی دیناری صەدامیی دەگرێتەوە کە بەهاکەی دابەزیوە. هەروەها بانکێکی ناوەندیی سەربەخۆ بۆ یەکەمجار لەعێراق دادەمەزرێنرێت و، کۆشش دەکەین بۆ سەربەستکردنی یاساکانی بازرگانی و بەرهەمهێنان لەعێراق.
دواجاریش، ڕێگەخۆش دەکەین لەبەردەم بەرپابوونی حکومەتێکی نوێنەرایەتیدا. ئەوەش ئەحەددایەکی ئاڵۆزە و کاتی دەوێت چونکە عێراقیەکان ئەزموونێکی درێژیان نیە لەخۆبەڕێوەبردندا و ئەو دامەزراوانەشیان نیە کە پشتگیریی لەبەرپابوونی ئەوە بکات. لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان تێگەیشتن لە بنەماکانی دیموکراسیی بچەسپێنین و جێگیریی بکەین، سەرەڕای ئەوەی هەمووان پێیان وایە کە ئەوە کارێکی ئاسان نابێت. هەروەها دەتوانین هانی عێراقیەکان بدەین بۆ ئەوەی دەستور بنووسنەوەو ، ئەوەش دەکەین.
لەگەڵ گروپی پلاندانان و سەربازییەکاندا کارم کرد بۆ دانانی ئامانجەگەلێکی دیاریکراو کە بکرێت لە ماوەی ٩٠، ١٢٠، ٣٦٠ ڕۆژدا بەپشت بەستن بە ئامانجە ستراتیژیەکانمان پێی بگەین.



Scanned with CamSc

ئەوەی کە گرنگە پێشکەوتنەکە لەسەر زەوی ببینراوبێت کاتێك کە کۆشکی سپی دەڕوات بۆ کۆنگرێس لەپێناو دەستخستنی یارمەتیی زیادەدا، هەروەها کاتێکیش کە من و پاوڵ وەزیری دەرەوە ئامادەی کۆنگرەیەك دەبین کە نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەشەی بۆ کردووە بۆ دەستخستنی ئەو بەخشینە نێودەوڵەتیانەی کە تەرخانکراون بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراق.

وەك دایڤ ئۆلیڤەریش رونیکردەوە، دەرامەتە نەوتیەکان بەشی خەرجییەکانی حکومەتی عێراق ناکات. پێشبینی ئەوەشیکرد لەبەرایپەکانی ساڵی ٢٠٠٤دا تووشی بێ پارەی بین. لەبەدبەختیی هەموو بڕگەیەك لە لیستی ئەولەویەتەکاندا پارەی تێدەچێت، لە مەشقکردن بە پۆلیسەوە بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی قوتابخانەکان.

لە کاتی پرۆسەی پەرەپێدانی پلانەکەمان و داوای پارەپێدانی زیاتردا پێویستە لەسەرمان لەپەیوەندیدا بین لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتیدا. ئەم بانکە بەکرداریی پانزە کەس " گروپی هەڵسەنگاندن" ی ناردووە بۆ عێراق، هەر یەکەشیان راسپێردراوە بەخەمڵاندنی ئەو پارانەی کە عێراق پێویستیەتی بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کەرتەکانی ووزە یان کشتوکاڵ یان پیشەسازیی- و دەیان بەشی تری ئابوریی گفتکار. لە کۆتاییەکانی تەمووز/ یۆلیۆدا، لەگەڵ جیم وولفنسۆنی سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتیدا بە تەلەفۆن باسم لەپرۆسەکە کرد.

پێم ووت، " جیم، من دەزانم کە بانك شەش مانگ دیاری دەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکە. ئێمە پێویستمان بەوەیە کارەکانی هەڵسەنگاندن بەخێراییەکی زیاتر ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی بواری ئەوەمان هەبێت شارەزاییەکانتان بۆ دانانی پێشنیاری یارمەتییە زیادەکان بەکاربهێنین.

" تێگەیشتم، کەی پێویستت پێی دەبێت"؟

" لەماوەی شەش هەفتەدا- لەبری شەش مانگ. هەموو شتێك لێرە بەکاتی عێراق دەڕوات بەڕێوە جیم".

وولفنسۆن بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە، " ئەوەی لەتوانامدا بێت دەیکەم".

ئەوەشی ئەنجام دا. گروپەکە بەڕێگەیەك لەرێگەکان توانیان کاری هەفتەیەك لەرۆژێکدا ئەنجام بدەن- ئەوەش بەدەسکەوتێکی بچووك دانانرێت لەهاوینی عێراقدا. بانکەکە لەکۆتاییدا گەیشتە ئەوەی کە بۆ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە عێراق پێویستی بە ٥٥-٧٧ ملیار دۆلار هەیە.

دوای پەیوەندیکردن بەجیمەوە، لەکاتێکدا پلەی گەرمای بەغدا لەبەرزبوونەوەدا بوو لەگەڵ دەنگ و هاواری جوڵەی هاتوچۆی دوای نیوەڕۆ لەسەر شەقامی ئەبو نەواس بەسەر رووبارەکەدا، هەستمکرد ئێمە خەریکە بەرەو پێش دەچین لەکارەکانماندا. دەنگی هەلیکۆپتەرێك بیستر‌ا کەبەسەر بیناکاندا دەفڕی بۆ ئەوەی خۆی لابدات لەو تەقانەی کە لەناوەڕاستی شارەکەوە لێدەکرا.



Scanned with CamSc

هەڕەشەی هێرشە مووشەکیەکانیش ناچاریان کردم کردنەوەی فڕۆکەخانەی بەغدادی نێودەوڵەتی لەبەردەم جوڵەی بازرگانیدا دوابخەم. ئێستاش فڕۆکەکانی جۆری سی- ١٣٠ لەکاتی نیشتنەوەدا بەشێوەیەکی پێچاوپێچ خۆیان لار دەکەنەوە بۆ ئەوەی (فێڵ) بکەن لەو مووشەکانەی کە شوێن گەرمای فڕۆکە دەکەون.

دەرکم بەوە کرد ئێمە لەپێشبڕکێیەکداین، کە باشبوونی ئابووری و سەرلەنوێ بونیادنانەو، وێرای بونیادنانی حکومەتێکی نوێنەرایەتی لەگەڵ ئاسایشدا تێکچڕاون. ئەوەندە بەسە کە تێکدەرێك بەهۆی ئارنجۆکێکەوە بۆشایی لە بۆرییەکی نەوتدا دروست بکات و بەرهەمهێنانی نەوت بوەستێنێت، کە دەکرێت ئەوە چەندین ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر لەپارێزگاکاندا پەك بخات و، دەبێتە هۆی وەستاندنی ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانەیەك یان نەخۆشخانەیەك و، ناچاربوون بەکڕینی سوتەمەنی لە کوەیت و تورکیا بەنرخێکی زۆر گران. هەروەك چۆن ئاڵۆزبوونی ڕەوشی ئەمنی بەهۆی ئەو بۆمبانەوە کەلەسەر ڕێگاکان دەتەقنەوە و هێرشی قەناصەکان وا دەکەن بەکارهێنانی باڵیەوە بیانەکان زەحمەت بێت یان زۆری تێبچێت.

لەکاتێکدا کە هاوین زیاتر دەهاتە پێش، دەرکم بەوە کرد هەندێك کەس لەواشنتۆن خەمڵاندنی ئاڵۆزی و تەحەداکانیان بەکەم سەیر دەکردو پێیان وابوو لەڕێگەی یەکسەر گواستنەوەی دەسەڵاتەوە بۆ ئەنجومەنی حوکمی عێراقی دەتوانین چارەسەری گرفتەکەمان بکەین، وەك ئەوەی ئەو کۆمەڵە دەتوانێت بە ڕێگەیەك لەڕێگەکان زاڵ بێت بەسەر گرفتە ئەمنی و -ئابووری و- ڕامیاریە بەیەکداچووەکاندا ئەمە لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دەستەوەستانە لەبەرامبەر ئەوەدا.

ئەو جۆرە هیواخوازیانەش مژدەی خەیریان پێ نەبوو.

زۆری ڕەوشەکان لەکۆشکی سپی کە بەتەختە ئاوپۆش کرابوو ساردتر بوو لە نوسینگەکانی بتاگۆن کە ڕۆژی درێژی پێشووم بەسەربرد لەوتوێژکردن لەگەڵ ڕامسفێڵدو کارمەندەکانیدا.

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٢ تەمموز/ یۆلیۆ، لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بووم لەسەر ئاستی نوێنەرەکان بەسەرۆکایەتی ستیف هادلی جێگری ڕایس کە بۆ کاروباری عێراق ڕاسپێردراو بوو. پۆڵ وولفۆیتز نوێنەرایەتی وەزارەتی بەرگریی دەکرد، ریچارد ئارمیتاجیش وەزارەتی دەرەوەو، (بیت بیس)ی نوێنەرایەتی ژەنراڵ مایەرزی دەکرد. ئێمە هەندێك وردەکاریمان ئامادە دەکرد بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە لەڕۆژی دواتردا ئەنجام دەدرا، ئەوەش ئەو کۆبوونەوەیە کە سەرۆك خۆی سەرۆکایەتی دەکات. پلانە ستراتیژیەکەی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان و تەکتیکەکانی پێشکەشکردنی داخوازی یارمەتیە زیادەکان دوو بەندی سەرەکیان



Scanned with CamSc

لەخشتەی کارەکان پێدەهێنا.

هادلی کە ماوەی بیست ساڵێکە دەیناسم بەرپرسێکی حکومی ووردو خاوەن ڕێزێکی گەورە بوو. ئەو کۆبونەوەکانی بە چالاکانەو بەرهەمدارانە بەڕێوە دەبرد. وا دیاربوو ئەو قایل بوو بە پلەی ئەو وردەکاریانەی کە پلانە ستراتیژیەکە دەیخاتەڕوو و ووتی، " پلانەکە لە زانیاری و پێشنیاریەکاندا پڕو تەواوە".

ووتم، " پێموایە ڕووبەڕووی گرفت دەبینەوە لەگەڵ دیموکراسیەکاندا. لەو بەیانییەدا لە کاپیتۆل هیل بووم هەندێك لەئەندامانی کۆنگرێسم لە پلانەکە ئاگادار دەکردەوە، نانسی پیلۆسی ئەندامی کۆنگرێس رەخنەی لێگرتین بەوەی کە ، ئەگەر ئێمە پلانێکمان هەبووایە ئەو سەربازەکانمان لەوێ نەدەمردن،" هەو[2] سەرۆکی کەمینە بوو لەئەنجومەنی نوێنەراندا سیاسیەکی بەئەزموون بوو

[2] - هەمیشە لەکاتی وەرگێڕانی دەقێکی عەرەبیدا بۆ سەر زمانی کوردی بەتایبەتی ئەگەر دەقەکە ناوی ئافرەتێکی تێدا بێت، ئەو کێشەیە دێتە ئاراوە کە چۆن بتوانرێت بەئاماژەیەك ئەوە دەربخرێت کە ئەو کەسە مێیە (حەوایە)، بەتایبەتی تریش ئەگەر کاتێك دەقەکە بە(اسم اشارة) یان بە (ضمیر)ێك یا (اسم موصول)ێك ئاماژەی کردبوو بۆ کەسەکە، بۆ نمونە لەو دەقەی سەرەوەدا دەڵێت: (التي زعمت) ئەمە لەزمانی عەرەبیدا بەروونی دیارە کە ئەو لێرەدا مێیە (حەوایە) بەلام لەکوردی سۆرانیدا ناتوانرێت ئەمە ئاماژەیە بکرێت، بۆیە زۆر جار ناچار دەبیت بڵێیت ئەو خاتوونە، بەلام نازناوی خاتوون مەرج نیە دروست بێت بخرێتە پاڵ ناوی هەموو مێیەکەوە، بۆیە من وەك ئەوەی بەکاری وەرگێڕانەوە خەریکم لەعەرەبیەوە بۆ سەر شێوەزاری سۆرانی، زۆرجار ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبمەوە، هەرچەندە من پسپۆڕی ڕێزمانی کوردی نیم، بەلام دیارە ئەو بەڕێزانەش کە لەم بوارەدا پسپۆڕن هیچیان نەکردوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، بۆیە بەناچاریی من وەك خۆم لەمەودوا بۆ جیاکردنەوەی ناوی مێیەك لەنێرێك، لەکاتێدا کە ناوەکە بەڕاستەوخۆ نەهاتبوو، بۆ نمونە، بە (اسم اشارة، یان موصول، یان ضمیر)ێك ئاماژەی پێکرابوو ئەوا لەبری ئاماژەکردن بۆی بە (ئەو) بۆ ڕەوش یان حالەتی مێ (حەوا)، من (هەو) بەکار دەهێنم، ئەویش بە پشت بەستن بەهەردوو ناوی (ئادەم و حەوا)، بۆ نێرەکە (ئـ)ی ئادەمەکە وەردەگرم و هەروەك ئەوەی باوە دەڵێم (ئەو)، بۆ ڕەوشی مێیەکەش (حـ)ی حەوا وەردەگرم، بەلام لەبری ئەوەی بڵێم (حەو) دەڵێم (هەو)، چونکە پیتی (ح) پیتێکە بنچینەی کوردیی نیە، دەگمەنە پیتێکی ڕەسەنی کوردی هەبێت بە پیتی (ح)ی عەرەبی دەستپێبکات، ئەم پیتی (ح) تەنانەت بۆ کوردی هەندێك ناوچەو شێوەزاریش قورسە بەکارهێنانی، بەگشتیش بۆ زمانە بەرپشە هیندۆئەوروپیەکانیش هەر قورسە گۆکردنی، بە پشت بەستن بەمەش من (ح)وەکە لەگەڵ (هـ)وەدا سوك و ئاسانتر دەکەم و بۆ ڕەوشی مێ دەڵێم (هەو) ، پێشموایە لەهەندێك ناوچەی کوردەواریشدا ئەم شێوە دەربڕینە بۆ ئاماژەکردن بۆ ناوی کەس یان شت زیاتر بەکار دەهێنرێت لەبری ئەوەی بڵێیت ئەو، دەڵێت (هەو).

لەلایەکی ترەوە پێم باشە بۆ ئەو ئامرازی پەیوەندییەی کە دەلکێت بەسیفەتی کەسەکەوە کە پێشتر ناوی هێنراوە بۆ جیاکردنەوەی ناوەکەی کەوا کەسەکە نێرە یان مێیە، بەتایبەت لەکاتی ناوهێنانی کەسێکی بیانیدا کە نازانرێت مێیە یان نێرە، لەڕەوشی نێرەکەدا ئامرازی (ی) بەکاربهێنرێت و لەڕەوشی مێیەکەشدا ئامرازی (ێ) وەك ئەوەی بۆ نمونە بۆ سیفەت یان پۆستی کەسێکی نێر بوترێت (جێگری) یان (نوێنەری)، بەلام بۆ ڕەوشی مێیەکە بوترێت (جێگرێ) یان (نوێنەرێ)، ئەوا ئەگەر ئەوترێت ئەمە لەگەڵ شێوەزاری کرمانجی سەرووەدا گرفت دەبێتەوە، پێموایە بەکارهێنانی زۆر باشترە لەوەی بڵێین لەشێوەزاری کرمانجی خوارووەدا، ئێمە ئەو گرفتەمان هەیەو ناشتوانین هیچ چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە.



Scanned with CamSc

لەکالیفۆرنیا. ووتیشم ئەندامێکی تر لەکۆنگرێس، پۆتەر گۆسی کۆماریی، لەوەی دورخستەوە بەئاماژەکردن بۆ ئەوەی کە من هاتووم بۆ بینای کاپیتۆڵ بۆ وتوێژکردن لەبارەی ئەو پلانە ستراتیژیەوە کە ئەو پێی وایە بوونی نیە.. غۆس لەوەشی ووت، مردنی سەربازەکان بەردەوام دەبێت مادام هێزەکانمان لەعێراق بڵاوبوبێتنەوە.

گواستنەوەی عێراق بۆ سەروەرییەك کە بەخۆی بەرپابێت لەئامانجە سەرەکیەکانی پلانەکە بوون. ئەرمیتاجیش بەمتمانەوە هەستی بەوە کرد کە لەتوانای وەزارەتی بەرگریدایە بتوانێت بە ـزمانی دبلۆماسیانە فشار بخاتە سەر نەتەوە یەکگرتوەکان و دراوسێ نادڵسۆزەکانی عێراق- هەوڵەکانیان بچەندگەڕ- کە ئەمەش یارمەتیی هەردوو بەرە سیاسیی و دبلۆماسیەکە دەدات.

ئێمە سەرچاوەکانی، ئەو بێزاریەمان باس دەکرد کە سەبارەت بەدەستخستنی پشتیوانی لەپێناو یارمەتیە زیادەکاندا لەئارادان، کاتێك بریان ماکۆرماك، یاریدەدەرە تایبەتیەکەم لەدەرگایەکی لاوەکیەوە بەبێدەنگی هاتە ناو ژووری رەوشەکانەوەو تێبینیەکی پێدام.

خوێندمەوە، " ژەنراڵ سانشێز جەخت دەکاتەوە کە ژمارە دوو و سێ کوژراون".

هەردوو کوڕەکەی صەدام مردن، عودەی و قوصەی برا بچوکی، بەرپرسیاری دەزگا هەواڵگرییەکانی رژێم. کارێکی مەزنە هێزە چەکدارەکانمان پێی هەستاون، هەروەك چۆن بەرنامەی پاداشتەکان بەرهەمدار بوو.

مردنی عودەی و قوسەی لەو ترسە کەمدەکاتەوە کە زۆرێك لەعێراقیەکانی گرتۆتەوە. کوڕەکانی صەدام دڕندە بوون. عودەی بێ ئابڕوبوو چێژی لەهەڵکوتانە سەر ئاهەنگەکانی زەماوەند وەردەگرێت و وای لە داردەستەکەی کردبوو بووکەکان بەزۆر بهێنن بۆ ئەوەی ئەتکیان بکات. زانیاریشمان لایە کە هەردوو کوڕەکەی صەدام خەریکی رێکخستنی هەندێك بەرگری دژ بەهاوپەیمانان.

ئەو کاتەی کە هەواڵەکەم ڕاگەیاند دەنگی هاوارو چەپڵەرێزان لەژووری ئارامی رەوشەکاندا بەرزبۆوە.

من لەسەرچاوەیەکی سەرەکیەوە ئەوەم دەبیست کەوتبوو کە جەختی لەسادیەتی عودەی دەکردەوە. لەبەرایی پرۆژەکانیشم لەعێراق دەستکردن بوو بە بونیادنانی ژێرخانی وەرزش لەعێراقدا، ئەویش ئەوەیە کە عودەی لەسیاسەتدا نوقمی کردبوو. ئامانجمان بریتی بوو لە

---

وەك ووتیشم من پسپۆڕ نیم لە رێزمانی کوردیدا، ئەوا بۆ رزگاربوون لەم گرفتە من بۆ خۆم ئەمە وەك رێنچکەیەك بەکاردەهێنم؛ ئەگەر کەسێکی پسپۆڕیش ترانی رازیم بکات بەشتێکی باشتر لەمە، ئەوا من ئامادەم دەستبەرداری ئەم رێنچکەیەی خۆم ببم (محمد حیا - وەرگێڕی کوردی).



Scanned with CamScanner

سەرلەنوێ وەرگرتنەوەی عێراق لە بزوتنەوەی ئۆلۆمپیدا لەکاتی گونجاوی یاریە ئۆلۆمپیەکانی دوای ساڵێك. بۆ ئەوەی ئەم کۆششەش بەرەو پێش بڕوات، پشتم بە ئەحمەد ڕازی بەست، بەناوبانگترین یاریزانی تۆپی پێ لەعێراق. ڕۆژێکیان، کاتێك کە ڕۆیشتم بۆ لای مامۆستای کۆنی ئۆلۆمپیی بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕازیدا یەکەم شەست هەزار تۆپ بەسەر منداڵانی عێراقدا دابەش بکەم، ڕازی ئەوەی پێڕاگەیاندم کە چۆن عودەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو سزای ئەندامانی هەڵبژاردەی نیشتمانیی تۆپی پێی دەدا کاتێك ئەگەر لەیاریەکدا بیاندۆڕاندایەو عێراقیان (ڕیسوابکردایە)، جارێکیان وای لە ڕازی کردبوو بۆ ماوەی پانزە کاتژمێر بە بەردەوامیی شەق لەتۆپێکی لەچیمەنتۆ دروست کراو بدات.

ئێستا بەخێرایی چووم بۆ پنتاگۆن بۆ ئەوەی گوێم لەچیرۆکی کوژرانەکەیان بێت. یەکێك لەهەواڵگران ژمارەیەك سەربازی لەکەتیبەی ١٠١ و هەندێك لەهێزەکانی پرۆسە تایبەتیەکان بردبوو بۆ ڤێللایەکی گەورە کە سیمایەکی ئاسایی هەبوو لەموصڵ کەکوڕەکانی صەددامی حەشار دابوو. کاتێکیش سەربازەکان دەوری خانوەکەیان گرتبوو داوایان لێکردبوون خۆیان بدەن بەدەستەوە، ڕەتیان کردبۆوەو دەستیان کردبوو بەدەستڕێژو هەڵدانی نارنجۆك، بەمەش ژمارەیەك لە سەربازە ئەمریکیەکانیان بریندار کردبوو. سەربازە ئەمریکیەکانیش بەموشەکی تاوی وورد پێك و بۆمبهاوێژی قورس ڤێلاکەیان داگرتبۆوە. ئێستاش تەرمی هەردوو براکە لەفرۆکەخانەی بەغدادیە بۆ ئەوەی جەستەکانیان توێکاریی بکرێت.

سەرۆك کە پوختەی پلانە ستراتیژیەکەمانی دادەخست ووتی، " ئەمە وەرەقەیەکی باشە برنەمر". لەرۆژی دواتریشدا لەسەرو مێزی ژووری ڕەوشەکانەوە لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنیشێت و دەڵێت. " پیاوەکانت لێهاتوو خاوەنی شارەزایین".

وەك حەملاندنێکی تێبینیەکانی سەرم ڕاوەشاند، بەڵام وەڵامم نەدایەوە تێبینیم کرد کە زیاتری لایە. نوکی قەڵەمەکەی دا لە پلانەکەو ووتی. " باشە، ئەوەی دەمەوێت بیزانم ئەوەیە بڕی ئەو پارەیە زیادەیەیە کە پێویستت پێەتی".

چینی جێگری سەرۆك و ڕامسفێلد و، کۆلن پاول و کۆندالیزا ڕایس و ئاندی کارد چاودێریان دەکردم لەدەوری مێزەکە. لەنیسان/ ئەپریلدا، کۆنگرس ٢,٥ ملیار دۆلاریان تەرخان کرد بۆ یارمەتیی دانی عێراق بۆ ئەوەی بێتەوە سەرخۆی، بەڵام ئەو پارانە لەناوەڕاستی ئاب/ ئۆگۆستدا کۆتایی پێدێت. داواکردنی یارمەتیی زیادەش لەلایەن ئیدارەوە هەمیشە هەستیاریەکی سیاسی لەگەڵدا دروست دەبوو. بەڵام هێشتا ئەو تەکنیکانە دیاری نەکراون کە پەیوەستن بەمێژووی پێشکەشکردنی داواکەوەو چۆن. ئادیاری گەورەش بڕیە لەو بڕەی کە پێویستمان پێی دەبێت.



Scanned with CamSc

سەرەتا ووتم، " جەنابی سەرۆك، بەپێی شیکاریی بەرایی گروپەکەی بەغدا ئێمە بەلانی کەمەوە پێویستمان بەئەمای ٥ ملیار دۆلارین". ئەوەشم ووت کە ژمارەی کۆتایی لەسەر شیکاری زیاتر و شیکارەکانی گروپی بانکی نێودەوڵەتی دەوەستێت.

بوش کورسیەکەی گێڕایەوە بۆ دواوە. وا لە سیمایدا دیار نەبوو کە بێزاربوو بێت لەژمارەکە. تاکە پەرچەکردارێکیشی ئەوە بوو کە ووتی " من سەرسامم لەوەی کە ژمارەکە کەمە. ئەو جەختکردنەوەی سەرۆکم بیرکەوتەوە کە لە ئایار/مایۆدا ووتی: لەپێناو یارمەتیدان و بونیادنانی عێراقێکی ئازادو پشتیوانی لێکردنی لەوەی پێویست بێت ئیدارەکەی دەیکات. ئەوەتا ئێستاش دڵنیام دەکاتەوە لەوەی کە بۆ ئەنجامدانی کارەکە دەمانەوێت.

" جەنابی سەرۆك، پێویستە لەسەرمان شتێك بکەین سەبارەت بەسووککردنی ئەو قەرزانەی کەلەسەر عێراقن. وەزارەتی دارایی وای خەملاندووە عێراق نزیکەی ١٢٠ ملیار دۆلار قەرزارەو لەسەرەیەتی بیداتەوە. ناتوانین حکومەتی نوێی عێراقیش بخەینە ژێرباری قەرزەکانی صەدامەوە. چونکە ئەوە هەڵەی ئەو بارێۆیانەی جەنگ دووبارە دەکاتەوە کە لە فرسای بەسەر ئەڵمانیادا سەپێنرا". پێش دە رۆژ، (رایس)م ڕاسپاردبوو سەرۆك چاو بەوەدا بخشێنێت کە جێمس بێکەری وەزیری پێشوتر هەوڵێکی سیاسی نێودەوڵەتی بدات بۆ ئەوەی قورسایی قەرزەکانی عێراق سووك بکرێت.

برگەی کۆتایش لەخشتەی کارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەوە بوو کە ئایا کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە فشار دەخەنە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو دەرکردنی بڕیارێکی تر لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە کە داوا لەدوڵەتانی ئەندام دەکات بە ناردنی یەکەی جەنگاوەریی، بەشداریی لەهێزەکانی هاوپەیمانانلدا لەعێراق بکەن ؟

پاول ووتی، " پێموایە ئەوە پێویست نیە. بڕیاری ١٤٨٣ ئەوە رون دەکاتەوە کە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن هێز بنێرن". بۆ بیرکردنەوە لەمەسەلەکە ساتێك وەستا. " لەبەرامبەردا، دەکرێت بڕیارە نوێیەکە یارمەتیدەر بێت لەهاتنانی هیندەکان و هەندێکی‌تر بۆ ئەوەی بێنە ناو کاروانەکەوە. مەسەلەکە ئەوەیە ئەو نرخە کامەیە کە پێویستە لەسەرمان بیدەین لەپێناو بڕیارە نوێیەکەدا، روسەکان هەوڵ دەدەن یاری بکەن بۆ ئەوەی هەندێك گرەنتی بەدەست بێنن سەبارەت بەقەرزەکانیان کە پێیان بدرێتەوە، هەروەها گرێبەستەکانی نەوت کەلەگەڵ صەدامدا ئیمزایان کردووە. هەروەها وەك هەمیشە فەرەنسیەکانیش بێزارمان دەکەن. بەلام پێموایە دەتوانین چارەسەری ئەوە بکەین، هەروەها دەتوانین بەکزی دەنگ بگەینە بڕیارێك. هەروەها دەتوانین داوا لەباڵیۆزەکانمان بکەین کە دەمودووی هاوتاکانیان لەنیۆیۆرك و پایتەختە گەورەکان تاقیبکەنەوە.



Scanned with CamSc

سەرۆك ووتی، " کۆلن ئەوە بکە".

دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە، نوسینگەی پاسادانان لەپنتاگۆن نوسخەیەك لە پلانە ستراتیژیەکە کە قەبارەکەی پەنجاو حەوت لاپەڕە بوو دابەشی کرد بەسەر ٥٣٥ ئەندامی کۆنگرێسدا. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو سیناتۆرو نوێنەرێك نوسخەیەکی ئەو پلانەی پێدرا، بەڵام هێشتا ژمارەیەك لە نەیارەکانی سەرۆك لەساڵی دواتردا بیانووی ئەوەیان دەهێنایەوە کە ئیدارەکەی بوش هیچ پلانێکی نەبوو بۆ داگیرکردنی عێراق.

" بەتامە دکتۆر جەعفەری"، ئەوەم ووت کاتێك کە پارووپەك مریشکی تازەو پاراوم لەنانی ناو دەفرەکەم هەڵدەژەند.

رۆژی ١ ئاب/ ئۆگۆستس، سەردانی ئیبراهیم جەعفەریم کرد لەماڵەکەی خۆی لەبەغدا، کە ئەو شوێنە هەروەها نوسینگەی حزبی دەعوە بوو لەپایتەخت. ئەویش دوای ئەوەی کە تازە یەکەم سەرۆکایەتی خولی ئەنجومەنی حکومی وەرگرتبوو.

جەعفەری ئەوەی زانیبوو کە بایەخ بەچێشت لێنان و جۆرەکانی خواردن دەدەم، چەند هەفتەیەك بوو بەڵێنی پێدابووم خواردنێکی تایبەت بەشاری کەربەلام پێشکەش بکات، فسنجان، کە خواردنێکی فارسی بەتامە، مریشك بە دۆشاوی هەنارو کوتراوەی گوێزو ئاوی لیمۆ و شەکرەوە لێدەنرێت. ئەم خوانەش کەلەبەردەمماندایە نمونەیەکی ئاشکرایە لەسەر چەندین سەدە لەپەیوەندی کۆنی نێوان وڵاتی دوو رووبارو فارس. گومانیشی تێدا نیە کەوا ئەو شیعانەی سەردانی نەجەف و کەربەلایان کردووە ئەم جۆرە خواردنەو خواردنی تری بەتامی وەك ئەمەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە بۆ ئێرە.

کاتێك کە سینیەکان لابران و چا پێشکەش کرا، ژمارەیەك لە بەرپرسانی حزبی دەعوە هاتنە ناو کۆڕەکەوە. پاشان جەعفەری سەبارەت بە چۆنیەتی بەرێکردنی کارەکانی ئەنجومەنی حوکم، دەستی کرد بە قسەکانی کە پەلەکردن و ئاماژەکردن بەدەستەکانی بەسەریدا زاڵ بوو.

ئەو کە بە پەرۆشیەوە کورسیەکەیی دەلەرزاند ووتی، " بە پلەی یەکەم پێویستە لەسەرمان یارمەتی کەسە بێبەشکراوەکان بدەین لەعێراق—هەژارە برسیەکان و خێزانی شەهیدەکان..."

ئەوان هەزاران ژن و پیاون، کەلەبنچینەدا شیعەن، ئەوانەی لەجەنگی هەشت ساڵەی صەدامدا مردن کە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەدژی ئێران بەرپایکرد.

" صەدام ژمارەیەکی زۆر لەخێزانەکانی وێرانکرد بەهۆی ئەمەوە هێندە منداڵ هەتیو کەوتوون کەلەژمار نایەن. یارمەتیدانی ئەو خێزانانەش لە هەرە پێشینەی کارەکانمان دەبێت".

جەعفەری وەك پزیشکێك مەسەلەکەی لەدوو ڕووەوە باسکرد، وەك پزیشکێك و وەك



Scanned with CamSc

سەرکردەیەکی شیعە. هەمیشە شیعە عێراقیەکان ویستویانە خۆیان بپارێزن لەچەوساندنەوەو خۆ بەدوورگرتن لەسیاسەت و درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ باوەڕداران. بەڵام لەحاڵەتی حزبی دەعوەدا چەوساندنەوەی صەدام ژمارەیەکی زۆر لەقوربانیی خستەوە، بۆیە سروشتی بوو جەعفەری ئارەزووی ئەوە بکات دەرامەتە بەنرخەکان تەرخان بکات بۆ لایەنگرەکانی.

بە نەرمیەوە هەوڵمدا بەرەو چارەسەرە کرداریەکان ئاراستەی بکەم، " من تەواو دەرك بەوە دەکەم دکتۆر. بەڵام پێویستە بەووردیەکی گەورەترەوە گرفتەکە بزانین و پێشنیاری چارەسەری پوخت و دروست بکەین"

بەهێزی هەڵچونیەوە دەنگی بەرزبۆوەو ووتی، " زۆر شت هەیە کە پێویستە بە زۆر کەس پێشکەش بکرێت".

ئەوە نواندنێکی هاندەرانە نەبوو. ئێمە پێویستمان بە هەنگاوی کرداریی هەیە، نەك سۆزی جۆشخواردوو.

پرسیارم لێکرد، " ئەگەر بۆمی دیاری بکەیت دەتەوێت یارمەتی کێ بدەیت؟ کامەیە ئەو سستمەی کە بەکاری دەهێنێت بۆ پشکنینی ئەوانەی داواکان پێشکەش دەکەن؟ کێ بەکارەکە هەڵدەستێت؟ ئەو بڕە پارەیە چەندە پێشبینی دەکەیت بیدەیتە ئەو کەسانەو ماوەکەش چەند دەخایەنێت"؟

جەعفەری و هاوەڵەکانی وەڕس و بێزار دیاربوون. هیچ وەڵامێکیان لا نەبوو.

ووتم، " بۆچی ئەنجومەنی حوکم کەسانێك دیاری ناکات بۆ ئەوەی لەگەڵ شارەزاکانی هاوپەیمانانتدا کار بکەن دکتۆر جەعفەری؟ کاتێکیش ڕادەی پێویستیەکە دیاری دەکەن، ئەوا دەتوانن بڕی تێچوونەکە بخەمڵێنن و پاشان پێشنیارەکان پێشکەشی ئەنجومەنەکە بکەن بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کام بەرنامەیە پێویستە ئەولەویەتی پێبدرێت. ئێمە هێندە پارەمان نیە کەبەشی هەموو شتێك بکات. بەپشت بەستن بەوەی کە دەیزانین، لەوانەیە لەسەرەتای ساڵی ئایندەوە پارەکانمان تەواو بێت. ئایا مووچەیەکی دەستبلاوانە دەدەیت بە سەدان هەزار بێوەژنی جەنگ، یان تۆڕی کارەبا چاکدەکەیتەوە"؟

جەعفەری و پیاوەکانی شپرزەبوون و پەشۆکان. دەبوو چی ڕویدایە ئەگەر حکومەتی ئەمریکا لە ئایار/مایۆدا عێراقی بەم ئەفیکراوانە بسپاردایە، وەك ئەوەی کە هەندێك کەس لەواشنتۆن دەیویست.

پێش ئەوەی بڕۆم، داوام لە جەعفەری کرد بۆ خولەکێك بەتەنها کۆببینەوە بۆ باسکردنی " مەسەلەیەکی هەستیار". یاریدەدەرەکانی جەعفەری لەژووری خواردنەکەدا بەجێیان هێشتین. ڕوونکردەوە ئێمە زانیومانە موقتەدا صەدر، کە پیاوێکی شیعەی جەماوەر وروژێنە لەنەجەف،



Scanned with CamSc

بەمدوایانە لەرۆژنامەیەکدا کە وا ناسراوە زمان حاڵی ئەوە هێرشێکی توندوتیژی کردۆتە سەر ئەو عێراقیانەی کە هاوکاری هاوپەیمانان دەکەن، لیستێکیش هێناوە کەناوی ١٢٤ کەسی تێدابوو بە خیانەتکار وەسفی کردوون و ووتویەتی " لێدانی ئەو کەسانە ئەرکێکی نیشتمانی و ئاینیە".

موقتەدا صەدر کوڕی ئایەتوڵڵای عوزما محمد صادق صەدرە، کە یەکێك بوو لە پیاوە ئاینیە دیارەکانی شیعە لەعێراق کە بەکرێگیراوەکانی صەدام لەساڵی ١٩٩٩دا کوشتیان. موقتەدا تەمەنی لەبیستەکان یان سەرەتای سیەکاندایە- ئەوەش خاڵێکی گرنگە چونکە پیاوانی ئاینی شیعە بەپێی تەمەن و ئەو کاتەی کەتەرخانی دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە ئاینیەکان پێش دەکەون و پلەیان بەرزدەبێتەوە. ماوەی چەند هەفتەیەکیشە نیگەرانیمان زیادی کردووە لەچالاکیەکانی ئەم لاوە ئاژاوەگێرە. پێش دوو هەفتەش پلانێکی ڕاگەیاندبوو بۆ پێکهێنانی " سوپایەکی ئیسلامی" سەربەخۆ لەحکومەت. ئەوەتا ئێستاش هەڕەشەی کوشتنی عێراقیەکان دەکات.

جەعفەری ووتی، " ئەمە سەرسامم دەکات".

نوسخەیەکی رۆژنامەکەم دایە و ووتم، " لەوکاتەوە کەبلاوکراوەتەوە، بەلانی کەمەوە یەکێك لەو کەسانەی لەلیستەکەدا ناویان هاتووە کوژراوە".

هەروەها گومان هەیە کە موقتەدا صەدر دەستی هەبێت لەکوشتنی ئایەتوڵڵای عوزما عەبدولمەجید خوئی لەسەرەتاکانی نیسان/ئەپریل لەشاری نەجەف، دوای ئەوەی تازە گەڕابۆوە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی رۆحی شارەکە بگرێتە دەست.

جەعفەریم ئاگادارکردەوە، ئێستا ژمارەیەك لەهاوەڵەکانی بانگکرد بۆ ڕاوێژکردن سەبارەت بەمەسەلەکە، کە " موقتەدا صەدر مایەی مەترسیەکی زور لەگەشەو زیادییە".

لەهەوڵێکدا بۆ گۆڕینی بابەتەکە، یەکێك لەیاریدەدەرکانی "عەلی عەدنان" ووتی، " جەنابی باڵیۆز، ئەگەر هاوپەیمانان ڕەوشی ئابوری باش بکەن، ئەوا موقتەدا بنکەی پشتیوانیەکەی لەدەست دەدات".

" تکایە هیچ کەسێك ئامۆژگاریم نەکات لەبارەی گرنگی باشکردنی ئابوریەوە، من هەزاران خۆبەخشم لایە لەوانەی کە شەو و رۆژ کاردەکەن لەپێناو باشکردنی ئابوریدا، نەك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی موقتەدا، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوە کارە ڕاست و دروستەکەیە بۆ بەرژەوەندی عێراق".

ئەو وا فێربووە لەگەڵ قسەکردندا بەدەستیش ئاماژە بکات، لەمەیش ئەوی ڕاوەستان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ جەعفەریدا بکەم. " دکتۆر، تۆ ئێستا سەرۆکێکی شیعەی دیارو سەرۆکی ئەم خولەی ئەنجومەنی حوکمیت. پێویستە لەسەر سەرکردایەتی شیعە بەخێرای

هەندێك فشار بخاتە سەر موقتەدا... پێش ئەوەی كاروبارەكان لەدەستمان دەربچن.
سەری ڕاوەشاند بەڵام هیچ شتێكی نەووت.

لەكاتی گەڕانەوەمدا بۆ بارەگای سەركردایەتی دەسەڵاتی كاتیی هاوپەیمانان، بڕیارمدا كە هێزم هۆزان بنێرم بۆ نەجەف بۆ ئەوەی هەمان پەیام ئاراستەی ئایەتوڵلاكانی تر بكات لەوێ. هەروەها لەرۆژی دواتردا مەسەلەكە لەگەڵ سەیید بەحرولعولمدا باس دەكەم. بیرم كردەوە موقتەدا صەدر دەتوانێت وڵات لەت وپەت بكات. نابێت ڕێگەش بدەین ئەوە ڕووبدات.

لەسەرەتاكانی ئاب / ئۆگۆستسدا، بێ ئومێدبوونم زیادی كرد لەو خاوی و سستیەی كە زاڵە بەسەر ئەنجومەنی حوكمدا. بۆیە لەرۆژی دوو شەممەی چواری ئەو مانگەدا (لەیەكێك لەفەرمانبەرەكانەوە ئەوەم زانی لەمرۆ پەنجاو هەشتەمین رۆژە كە تێیدا لەكاتژمێر نۆی بەیانیەوە پلەی گەرما دەگاتە ٣٨ پلەی سەدیی)، لەگەڵیان كۆبوومەوە بۆ پێداچوونەوەی وردەكارییەكانی بودجەی ساڵی ٢٠٠٣.

پێش ئەوەی بێینە سەر مەسەلەی پێشینیەكانی بودجە، یەكێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی حوكم، دكتۆر موەفق روبەیعی، كەپزیشكێكی شیعەی نەرمونیانە، پسپۆڕی بواری دەمارییە، لەبەریتانیا خوێندویەتی، پرسیارێكی نابەجێ و نەگریسی كرد.

ووتی، " جەنابی باڵیۆز برێمەر، هەواڵێكی رۆژنامەیی بەغدای هەژاندووە دەڵێت تۆ بەنیازیت لەگەڵ ژمارەیەك لەعێراقیەكاندا هاوسەرگیری بكەیت".

من هەندێك پروپاگەندەم لەبارەی ئەو وتارانەوە لەكارمەندەكان بیستبوو كە لەلام كار دەكەن، بەڵام وامدەزانی ئەوان بۆ ئەوە وا دەكەن بیانەوێت قسەم لێدەربهێنن و لەوبارەیەوە بدوێم.

ئینجا روبەیعی بەزەردەخەنەیەكەوە ووتی، " بۆیە جەنابی باڵیۆز، ئەنجومەنەكە دەیەوێت بزانێت ئایا ئەوە ڕاستە".

بەزەردەخەنەیەكەوە وەڵامی زەردەخەنەكەیم دایەوەو ووتم، " نەخێر چونكە ئێستا هێندەی ئەو ژمارەیەی كە ئاینەكەم ڕێم پێدەدات ژنم هەیە".

بەڵام گاڵتەكە درێژەی نەكێشا. كاتێك لێ بووینەوە لەپێداچوونەوەی بودجە، گەڕامەوە بۆ سەر مەسەلە سەرەكیەكە.

پێش ئەوەی ئەنجومەنی حوكم پێكبهێنرێت، داوام لە فەرمانبەرەكانم كرد لیستێكی دوورو درێژم بۆ ئامادە بكەن لەبارەی " دەسكەوتە پێشوەختەكان"ی ئەنجومەنەكەوە. كە بریتیە لە كۆمەڵە بڕیارێك دەكرێت بەخێرایی ڕابگەیەنرێن بۆ ئەوەی ئەنجومەنی حوكم ئەوە نیشانی گەلی عێراق بدات كە بەڕاستی جڵەوی بەرپرسیارێتی وەرگرتووە. بۆ نمونە، پێشنیارم كرد كە بەشێوەیەكی ئاشكرا " داوا



Scanned with CamSc

بکەن" لەهاوپەیمانان بەهاتی ١ تشرینی یەکەم /ئۆکتۆبەر بەرهەمهێنانی کارەبا بگێڕنەوە بۆ ئەو ئاستەی پێش جەنگ هەبوو، هەروەها ڕێگەیەکی خێرا بدۆزنەوە بۆکەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لەبەرئەوەی ئەم پلانەش لەواقیعدا لەبەردەستماندایە، ئەوا کارەکە دەبێتە پرۆسەیەکی قازانجی دوو لایەنە، تێیدا ڕێزی داواکاریەکە لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و وەڵامدانەوەکەی ئێمە بۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی حوکم. لەکۆبونەوەی یەکەمیشمدا ڕوونمکردەوە کە ئێمە دەمانەوێت بەشێوازێك کە جەماوەر هەستی پێبکات ئەنجومەنەکە سەربکەوێت. بەڵام ئەنجومەنی حوکم لەوبارەوە هیچی نەکرد.

ئەمڕۆ بەبیرم هێنانەوە کە ئەنجومەنەکە وەڵامی ئەو یاداشتەی نەداوەتەوە کەپێش چەند هەفتەیەك بۆم نارد تێیدا داوای یارمەتیم کردبوو بۆ دانانی بەرنامەیەکی گشتی بۆ ئاسانکردنی سەرلەنوێ تێهەڵکێشکردنەوەی ئەفسەرەکانی سوپای پێشووی عێراق لەناو کۆمەڵگەدا. لێرەشدا هەروەها پێشنیارەکەمان بە فڕوفێڵێکردنێك قەبوڵکرا.

لەئەنجومەنەکەدا دیسپلینێکی توند بوونی نەبوو، سەرەڕای ئەم داخوازییە سەر ڕاستانەیە لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە.

وەك لەنامەیەکی ئەلکترۆنیدا بۆ فرانسیم نوسی بوو ئەمە وەك " تویێك وایە خرابێتە سەر هەڵگرێك لەگەڵ کۆمەڵە یاریزانێکدا کەناتوانن لەو تۆپە بدەن لەسەر ڕاگرەکە دانراوە".

سروشتی کاری گوێپێنەدەرانە بەربەستێك بوو لەبەردەم گورجوگۆڵیی ئەنجومەنی حوکمدا، لەرۆژی یەکەمەوە بۆ ڕۆژی کۆتایی. ئەوان ڕاهاتبوون لەسەر ئەوەی لەدووشەممەوە بۆ پێنج شەممە کۆبونەوەیان دەکرد، تەنهاش لەبەیانیاندا، هەتا لەم ماوەیەشدا دوای کاتژمێر دەی بەیانی دەستیان بەکۆبونەوە دەکرد. دوای خواردنی نانێکی نیوەڕۆی سەعی و دەستبلاَوانە، بەچالاکی ترەوە خەریك دەبوون، یان لە خەوێکی قووڵی پاش نیوەڕوانی گەرمی بەغدادا ڕۆدەچوون.

ووتم، " ناتوانن لەبەرێوەبردنی وڵاتێکدا کە ٢٥ ملیۆن کەسی تێدایە تێرامێنن بێ ئەوەی کارێکی جدیی بکەن. کاتژمێری کارەکانی ئەنجومەنی حوکم لەهەفتەیەکدا کەمترە لەوەی کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان هەموو ڕۆژێك ئەنجامی دەدات".

ئەندامە دانیشتوەکانی دەوری مێزە بەرینەکە بەسەرسامیەوە چاویان تێبڕیم. هەندێکیشیان لایان بۆ ئیبراهیم جەعفەری کردەوە کە شڵەژاو و پەشۆکاو دیاربوو.

هەروەها سەرۆکایەتی خولیی ئاستەنگ لەبەردەم چالاکی ئەنجومەنی حوکمدا دروست دەکات. ئەوەش وەك چارەسەرکردنێکی پێویست سەری هەڵدا کاتێك کەلە تەمموز/ یۆلیۆدا ئەنجومەنی حوکم دامەزرا. دەرکەوت کە ئەندامەکان ناتوانن ڕێکبکەون لەسەر یەك سەرۆك بۆ ئەنجومەنەکە،



Scanned with CamSc

لەبری ئەوەش لەرێگەی بیانوو پاساوی لێکئاڵاوەوە- کە ئاماژەدانێکە بۆ دابەشبوونە تائفیەکانی ناو ئەنجومەنەکەو عێراق- گەیشتنە ئەوەی نۆ کەس بۆ سەرۆکایەتیەکی خولی هەڵبژێرن.
لەبنچینەدا بڕیاریان لەسەر پێنج پیاودا بۆ ئەوەی بەشێوەی خولی لەو سەرۆکایەتیە بکەن سێ شیعەو سونیەك و کوردێك. ئەوەش پارێزگاری لە زۆرینەی شیعە دەکات، ئەوەش مەسەلەیەکی سەرەکیە بەنسبەت شیعەوە، ئەمە لەکاتێکدا سوونەو کوردەکان نوێنەرایەتیەکی یەکسانیان بەردەکەوێت، بەڵام هەردوو سەرۆکە کوردیەکە بارزانی و تاڵەبانی نەیانتوانی ڕێبکەون لەسەر ئەوەی کامیان کورسیە کوردیەکە وەربگرێت. بۆیە هەر یەکەیان داوای ئەوەی دەکرد کە لەئەنجومەنی سەرۆکایەتیدا هەبن. ئەمەش ئەوەی لای عەرەبە سونەکان وروژاند کەئەوانیش داوای کورسیەکی تر بکەن بۆ ئەوەی لەرووی قورساییەوە لەگەڵ کوردەکاندا یەکسان بنەوە. شیعەش پێداگریان کرد کە دەبێت وەك چۆن لەئەنجومەنی حوکمدا زۆرینە بوون ئەوا لە سەرۆکایەتیشدا دەبێت زۆرینە بن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پێویستە ژمارەی شیعەکان بەرز بکرێتەوە بۆ چوار، ئەمەش ژمارەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیەکە بەرزدەکاتەوە بۆ هەشت، بەڵام چۆن دەتوانرێت ڕەوشەکانی هاوبەرامبەری لەدەنگەکاندا تێکبشکێنرێت؟ بۆیە شیعەیەکی تر بۆ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی زیادکرا بۆ ئەوەی ببنە نۆ کەس- دوا زیادکردنەکەش بۆ شۆڕبا بەغدادیەکە بریتی بوو لە ڕێکخستنی سەرەی ئەندامانی سەرۆکایەتی بەپێی ئەلفوبێ.
ئاکە کێشەیەك کەبەخێرایی لەئەنجومەنی حوکمدا چارەسەر کرا بریتی بوو لە دیاریکردنی مووچەی ئەندامەکانی. بۆ ئەمەش لیژنەیەکی لقی بەسەرۆکایەتی چەلەبی گەیشتنە بودجەیەکی ئاقوڵاو لەڕادەبەدەر بۆ ئەنجومەنەکە. چەلەبی پێشنیاری کرد ئەندامان ٥٠,٠٠٠ هەزار دۆلار لەساڵێکدا وەربگرن، لەکاتێکدا وەزیرەکان چوار هەزار دۆلار وەربگرن. جگە لەمەش بەنزینیان بۆ دابین بکرێت، ئەمەش وایکرد لە دەیڤید کە بەگاڵتەوە بڵێت کە ئەوە بوار بۆ هەر ئەندامێك دەڕەخسێنێت مانگانە پەنجا هەزار میل ببڕێت لەشارێکدا کە ڕێگەو بانێکی خراپ و نالەباری هەبێت.
لەهەمان ڕۆژدا بەئەنجومەنەکەم ڕاگەیاند ئەو بودجەیەی پێشنیاریان کردووە بۆ بیست و پێنج ئەندامەکەیان لە بودجەی تەرخانکراو بۆ وەزارەتی پەروەردە زیاترە کە ٣٢٥,٠٠٠ کارمەندی هەیە. چەلەبی ڕەخنەی گرت و ووتی ئەوە تەنها "پرۆژە" یەکی بودجەیە.
کاتێك کە کۆندۆلیزا ڕایس پەیوەندی کردو هەواڵی خراپی لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە پێگەیاندم . سەرۆکی لیبانی کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکرد هەوڵی دابوو بەیاننامەیەکی پیرۆزبایی بۆ ئەنجومەنی حوکمی عێراق دەربکات بەڵام شکستی هێنا، سەرەڕای



Scanned with CamSc

ئەوەی کە خودی ئەنجومەنی ئاسایش لەبڕیارێکدا داوای کردبوو ئەو"ئەنجومەنی حوکمڕ پێکبهێنرێت.

ڕایس ڕونیکردەوە، " دۆستە ئەڵمانەکانمان، بەیارمەتی فەرەنسیی و ڕوسەکان ئەو بەیاننامەی پێشوازییەیان کوشت".

" پێموایە ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت ڕەنگە وەزارەتی دەرەوە نەتوانێت ئەوروپیەکان بەوە ڕازی بکات کە یارمەتیدەر بن لە دەرکردنی بڕیارێکی نوێ لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە کە داوا لە هێزە نێودەوڵەتیەکان دەکات بێن بۆ عێراق".

" لەوە دەترسم جێری".

چووینە سەر مەسەلە حەیەوییەکە کە سەبارەت بە دەرماڵە زیادەکانە. لەو کارانەی کە پارەکانی بودجە ئەنجامیان داوە لای ئێمە، هەروەها لەوەی کە لە گروپەکانی بانکی نێودەوڵەتیەوە زانیمان دەرکەوت کە ئێمە پێویستمان بەچەندین هێندەی ئەو پێنج ملیار دۆلارەیە کەلەبەردەم سەرۆکدا باسمکرد. ئیدارەکەش ناتوانێت پەیڕەوی ئەو خشتە باوە بکات بۆ داواکردنی پارە. نمونەی ئەم جۆرە داواکارییە هەمیشە لە کانونی دووەم/ یەنایەردا پێشکەش بەکۆنگرێس دەکرێت، بۆیە پێش کۆتاییەکانی بەهار پارەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکان فەراهەم نابێت. پێویستیشە لەسەرمان پێش ئەوە دەست بەسەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە بکەین. بەبێ ناردنی بڕێکی زیاتریش لەپارە، ئەوا ئەو پەڕی لە مانگی شوبات/ فیرایردا عێراق بێ پارە دەکەوێت و (ئیفلاس) دەکات.

" من پێویستم بەیارمەتیی تۆ هەیە بۆ ئەوەی کۆشکی سپی و نوسینگەی بەڕێوەبردنی بودجە ڕازی بێت تا داواکاری بودجەی ئێمە لەهەمرو داواکارییەکانی تری حکومەت جیابکاتەوە.

ڕایس ووتی، " ئەوە کارێکی زەحمەت دەبێت، ئەوەی بەبیر هێنامەوە کە کۆنگرێس دەیەوێت لە هەفتەی یەکەمی تشرینی دووەم/ نۆفەمبەردا کۆببێتەوە.

سەیرێکی ڕۆژمێرەکەمم کرد: لەکۆتاییەکانی مانگی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەردا کۆبونەوەی واڵە کۆمەکبەخشەکانمان هەیە. بۆیە زۆر گونجاو و لەبارە یارمەتیە زیادەکانمان پێش ئەوە بەدەست بگات بۆ ئەوەی بۆ وڵاتانی تری دەربخەین کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەستاوە بە پێشکەشکردنی پشکی خۆی".

پێکەنی و ووتی، " جێری ئەوەی لێرە بەمن بکرێت دەیکەم. بەڵام مادام تۆ زۆر پێویستت بە دەرامەتەکانە لەبەغدا، ئەوا ئێمە لەماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا پێویستیمان بە وردەکاری زیاتر هەیە کەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لەوبارەیەوە پێمان بدات".

لەهەفتەی دواتردا داوای یارمەتییە زیادەکانمان پێشکەش بەڕامسفێڵد کرد. تێیدا پارێدەدەرەکانی



Scanned with CamScanner

دەیڤید ئۆلیڤەر کە شەو و ڕۆژە کاریان کردبوو هەروەها لەگەڵ گروپەکانی بانکی نێودەوڵەتیدا هەماهەنگیان کردبوو، گەشتبوونە ئەوەی کە دەبێت داوای ٢٠ ملیار دۆلار بکەین. لەبادائشی هاوپێچی داواکەدا بەرامسفێلدم ڕاگەیاند، " پێویستە لەسەرمان ئەو بۆشایی و کەلێنە پڕبکەینەوە لەنێوان ئابورییەکی کەوتوو و ئابورییەکدا کەوا گەشەیەکی بەردەوام بۆ کەرتی تایبەت فەراهەم دەکات. ئەرکەکەشمان دەخوازێت بۆ گەلی عێراقی ڕونی بکەینەوە کە ئازادی سیاسی هاوکات مانای ژیانێکی باشتریش دەگەیەنێت. کات سەرچاوەیەکی بەفیڕۆدەرە لێرە. ئێمەش پێویستمان بەوەرگرتنی هەڵوێستێکە " ئیدی مەسەلەکە هەرچی بخوازێت".

پێداگریشم کرد کە نوسخەیەکی لێ بنێرێت بۆ رایس بۆ ئەوەی کۆشکی سپی بێنە ناوەوە. بەڵام تۆڕە جاڵجاڵۆکەییەکان بەردەوام بوون لە خنکاندنی کارەکەمان.

لەکاتێکدا کە من توانیم بجوڵێم و بانگهێشتی هاوەڵەکانم بکەم بۆ ئەوەی بێن و ڕاستەوخۆ کارم لەگەڵدا بکەن، ئەوا پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵە ماوەوەکان لەهێزی کار لای دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان گرفتێك بوو کۆتایی نەدەهات. هەواڵە باشەکان ئەوە بوو هەزاران ئەمریکی لەهەمو مەیل و بوارەکانی ژیاندا خۆیان بەخشیوە بۆ ئەوەی لەعێراق خزمەت بکەن. بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو کە پرۆسەی ناو زیادکردنیان بۆ سەر لیستی موچەی حکومەت زۆر خاو بوو. لە ئەنجامی ئەوەشدا، هەتا پایز نەمانتوانی نوسینگەکانمان لەپارێزگاکاندا پڕبکەینەوە. لەمانگە تەنگانەکانی یەکەمی کۆششەکانی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیماناندا، زۆربەیان بۆ ئەرکی ماوە کورت - شەست ڕۆژ بۆ نمونە- لای سەرۆکی یەکەی نوسینگەی لێکۆڵینەوە فیدراڵیەکان کاریان وەرگرت، چەند مانگێکیش تێپەڕی پێش ئەوەی بەشێوەیەکی سانا و ئاسان کەسانێك بۆ کارکردن بگەنە عێراق، دامەزراندنەکانی وەزارەتی دەرەوەش درێژ نەبۆوە بۆ ساڵێك تەنها لەکۆتایی ماوەی داگیرکردندا نەبێت. ئەوەش بووە هۆی هەزاران دامەزراندنی پچڕپچڕو دەگمەنیی یادەوەری دامەزراوەیی.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ٧ اب/ ئۆگۆستس، خەریك بوو لەگەڵ ژمارەیەك لە گەورە ڕاوێژکاراندا بارەگای سەرکردایەتی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانم بەجێ دەهێشت بۆ کۆبونەوە لەگەڵ بەرپرسان لەوەزارەتی دارایی، کاتێك کە بێرنی کێریك، گەورەی ڕاوێژکاراکانی پۆلیس کە هێلەکێکی پارێزگاریی لەبەر کردبوو کڵاوە سەربازیەکەشی خستبووە ژێر باڵی ڕاستیەوە لەوەش ئاماژەیەکی نادڵنیاکەربوو هاتە ناو نوسینگەکەم و ووتی، " کاتێك من بەرێوە بووم بۆ ئێرە، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لەنزیك باڵیۆزخانەی ئوردون لەناوچەی ئەندەلس تەقیەوە".

پێم ووت، " وریای خۆت بە".

خاڵەکانی هەڵنەکاند. بێرنی پۆلیسێکی پێشوو بوو ماسولکەی بەهێزو پسپۆڕبوو لەزمانی مەدەنیی



Scanned with CamSc

نوێدا، هەر ئەو بوو کە پرۆسەی لێپێچینەوەکانی پۆلیسی نیوێۆرکی لەدەستو
لەوەڵامدانەوەی هێرشەکانی ١١ ئەیلوول/سێپتەمبەردا.

کاتێك پاش چەند کاتژمێرێك گەڕامەوە لەوەزارەت، ئەو گەڕابۆوەو وردەکاری تەقینەوەکە
لەگەڵ خۆی هێنابوو. " وا دیارە کارێکی لێزانانە بێت"، ئەوەی بەژمارەیەك کەس
لەنوسینگەکەم بوون ئەوانیش بریتی بوون لە کلای و بات کیدی و، بەڕێوەبەری
ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی "بیل" و تۆم فۆنتسی سەرۆکی یەکەی نوسینگەی لێکۆڵینەوەی
فیدراڵیی بوو لامان.

دوو پیاو ئۆتۆمبیلێکی ئاساییان لە شەقامە ئارامەکەی نزیك بە باڵیۆزخانەکە وەستاندووەو
ڕۆیشتوون. دوای چەند خولەکێك، ئۆتۆمبیلەکە تەقیوەو چوار پۆلیسی عێراقی کوشتووە
پاسەوانی دەروازەکەیان کردووە و حەوت کەسی سەر شەقامەکەش بریندار بوون. تەقینەوە
بەشێك لە دیواری دەرەوەی ڕوخاندووە، بەڵام هیچ زیانێکی گەورەی بە بینای سەرەکی
باڵیۆزخانەکە نەگەیاندووە.

بە بریمم ووت، " یەکەمین ئۆتۆمبیلە تەقێنراوەکان. ئایا تیرۆریستی نێودەوڵەتیمان هەیە،
لەسەرمان ئێستا بن بڕیان بکەین"؟

وەڵامی دایەوە، " ئەگەری ئەوە هەیە، بەڵام بۆچی باڵیۆزخانەی ئوردنیان کردۆتە ئامانج"؟
کلای کە تازە لە گەشتێکی ئوردن گەڕابۆوە کە چوو بوو بۆ وتووێژکردن سەبارەت بەمەشقکردن
پۆلیس لەوێ ووتی، " هەمووان دەزانن ئەوان لەکاتی جەنگدا یارمەتیان داوین.
لەهەموو لایەك و بازاڕێکدا ئەوە بزانرێت کە ئوردونیەکان ڕەنگە هەندێك یارمەتی
پێشکەش بکەن".

لەو شەوەدا، بیل هات بۆ ئەوەی قاوەیەکی نیسبرسۆ بخواتەوەو پێداچوونەوە بە ڕووداوەکانی
ئەمڕۆدا بکەین.

بە ووتەیەك پێشمکەوتوو ووتی، " من هاوڕام لەگەڵ بێرنیدا. تەقینەوەکە کارێکی لێزانانە
بەڵام لەوانەیە تیرۆریستی نێودەوڵەتی نەبن...".
" هەواڵگریی"؟ ئایا دەکرێت هەواڵگریی پێشوو بەرپرسیار بێت لەم ڕووداوە؟
ووتی، " با بەمەسەلەکەدا بچینەوە".
پێش نزیکەی هەفتەیەك، لەکاتی چاوپێداخشاندنی بەیانیان بە زانیاریە هەواڵگریەکاندا،
ئەفسێکی زیرەکی ئافرەتی ناو سوپا کە بەعەرەبی قسەی دەکرد و ناوی جولیا
بەڵگەنامەیەکی هەواڵگریان نیشاندام کەناوی بەرکەوتبوو- تەواو لەگەڵ ئیمزاو مۆرەکانی

...وو گۆڕانکی پێی ئەو بەڵگەنامەیەدا.
...وو ڕوونکردەوە، " جەنابی باڵیۆز بەروارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٣ کانونی دووەم/ یەنایەر
...ەوەی ڕوونکردەوە، لە فیرقەکانمان لەنوسینگەیەکی تالانکراوی هەواڵگریدا دۆزیویانەتەوە".
...، بەکێک لە فیرقەکانمان لەنوسینگەیەکی تالانکراوی هەواڵگریدا دۆزیویانەتەوە".
...وانی ووت، " شیکارانی هەواڵگریی سەربازی و ئەوانەی لەوێستگەکەدا کار دەکەن پێیان
...و بەڵگەنامەیە ئەصڵییە و زۆر نهێنی و هەستیار بووە لایان".
...ەندەکە ئاراستەی " هەموو نوسینگەکان و لقەکان کراوە". بۆ وەڵامدانەوەی " ڕەوشێکی
... داگیرکردنی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە)، هەواڵگریی فەرمانەکانی بۆ جێبەجێکردنی
...یەیێک گێڕابەوە لەدوای هەر کەوتنێکی ڕژێمەوە کە دەکرێت ڕووبدات. کە بە فەرمانی "
...سێگەیە بسوتێنن" دەست پێدەکات".
...ەکەم خوێندەوە. داوای ستراتیژیەتی بەرگرییەکی ڕێکخراوی دەکرد، کە پێکهێنانی
... و ڕاهێنانی جەنگاوەران لەسەر کاری یاخیگەریانەی دەگرتەوە. پێویستە لەسەر "
...وراوان" هەستن " بەکاری تێکدەرانە و تالانکردن". هەروەها هێرشی هەڕەمەکی قەناصگرتن
... چەکدارانە ڕێکبخرێت.
...ەی بەردەوام بووەو دەڵێت، " ... بەکرێگیراوەکان لەهەموو شارۆچکەیەکدا بڵاوبکەنەوە..
...ەکانی ڕووزەی کارەباو بۆری ئاو وێران بکەن. بچنە ناو مزگەوتەکان و شوێنە پیرۆزەکانی
...ەوە." هەروەها بەڵگەنامەکە فەرمانی بە سیخوڕو شۆفارەکانی هەواڵگریی کردووە خۆیان
...بکەن و کاری کوشتن و تیرۆرکردن ئەنجام بدەن.
...م لەبیل " ئایا لەتوانای ئەو کەسە چالاکانەی هەواڵگریدایە تەقینەوەی وەك کردەوەی
...ەوەی باڵیۆزخانەی ئۆردون ئەنجام بدەن"؟
... بەڵێ ئەگەری ئەوە زۆرە کە بتوانن. ئەوان بەڕێوەبەرایەتیەکیان هەبوو پێی دەوترا م-١٦
...وەیەکی زۆر پسپۆڕی بواری تەقەمەنی لەخۆگرتبوو. وە ئێمە لەڕێگەی هەواڵگریمانەوە
...ە ئەو کەسانە لەنزیکەوە کاریان دەکرد لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی م – ١٤دا کە ئەمانە پیاوانی
...ێنەکانی سەر بەهەواڵگریی بوون– جەلادو بکوژەکان".
...کردوە کە شیکەرەوانی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی دڵنیان لەوەی کە ئەو دوو
...رایانە دەتوانن جۆرێك لەتەقەمەنی بەرهەم بهێنن کە بەکاردەهێنرێن لەئامێرەکانی
... بەکەری و ، تەقینەوەی هەڵگیراو لەئۆتۆمبیلەکاندا: ئەو بۆمبانەی کە لەئەنیشت
...ەکان دادەنرێن و بۆمبی ئۆتۆمبیلەکان کە لەکەرەستەی جبەخانە دروست دەکرێن.
...دەکرێت ئەو ئۆتۆمبیلە بۆمبڕێژکراوەی لای باڵیۆزخانەی ئۆردنی بەرای هەڵمەتێکی ئەو



Scanned with CamSc

بەرگریە بێت کە هەواڵگریی رێکیان دەخات.

پرسیم، " ئایا هیچ بیرۆکەیەکتان هەیە لەبارەی ئەوەوە کە کێ ئەم کردەوانە رێکدەخات؟"

ووتی، " بەڕێوەبەری لقی کردەوە تایبەتەکان لەبەڕێوەبەرێتی هەواڵگریی م-١٤ ی حەلبوسی دڵێمیە".

"ئایا هێشتا نەگیراوە"؟

" بەبێ ئەو زانیاریانەی لامانە نەخێر"؟

ماندوو بووم، لەو شەوەدا بەئاسانی نەخەوتم. شەڕوپێکدادانێکی گەورە هەبوو لە رووبارەکەوە. بەڵام ئەوەی کە نەیدەهێشت بخەوم دەنگی گوللە یان کاریگەریی ئەو قاوەیە بوو کە خواردبوومەوە.

ئەو ووشە عەرەبیانە بەزەینمدا هەڵواسرابوون "بۆ هەموو نوسینگەو لقەکان". دەزگای ... صەدامیش زۆرێك لە نوسینگەو لقەکانی لەخۆدەگرت.

لەشەوی دواتردا لەگەڵ کیریك و گروپەکەیدا دانیشتین بۆ پێداچوونەوەی هەڵوێستمان لە مەشقپێکردنی پۆلیسدا.

لەیەکەم ڕۆژمدا لەعێراق، کاتێك کەچاوم بە تاڵانچیەکان کەوت بەئازادی لەشەقامەکانی ... دەسوڕانەوە پێشنیارم کرد تەقەیان لێبکرێت، وام دانا کە لە ئەولەویەتی کارەکانمان ... پۆلیسێکی عێراقی شارەزاو لێهاتوو دەبێت کە بەشێوەیەکی باش ئامادەو پڕ چەك کرابێت. چونکە لەماوەی درێژدا ئاسایشی عێراق، وەك هەر وڵاتێکی تر، لەسەر هێزی پۆلیسێکی ... کارامە دەوەستێت کە بتوانێت رێگە لەتاوانی سەر شەقامەکان و، ڕفاندن بگرێت و، ... یارمەتیدەر بێت لە ئاراستەکردنی تەنگوچەڵەمەو بشێویەکان کە ئەگەری ڕوودانیان ... نارەزایەتی دەربڕینێکی ئاشتیانە. هەروەك چۆن بوونی پۆلیسێکی عێراقی کە پشتی پێبەستن ... جەنگاوەرەکانی هاوپەیمانان بۆ جەنگان لەدژی یاخیبووەکان یەکلایی دەکاتەوە. بەڵام بەدیهێنانی ئامانجە ئاڵۆزە ئاسان نابێت و تێچوونی کەم نابێت، یان پرۆسەیەکی خێراو زوو بەدەست نایەت. دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی جەنگکردن بە یەکە ووشکانیە گەورەکان، وەزارەتی دارایی ... ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بۆ هەڵسەنگاندنی سستمی دادوەریی تاوانیی عێراقی. ئەو کەسانەی ... دامەزراوەی "دین کۆرب" گرێبەستیان بۆ ئەو کارە کردبوو لەکۆتاییەکانی ئایار/ مایۆ ... ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکە دەستیان بەهاتن کرد. دوای گەیشتنی کیریك، پلانە تایبەتەکانی ... پێشکەش کرد سەبارەت بە دەزگای پۆلیسی عێراقی. هەنگاوی یەکەمیش ئەوە بوو کە ... عێراقیەکان کەپێشتر لەسایەی رژێمی صەدامدا کاریان کردبوو بانگهێشت بکرێنەوە

ناوەندەکانیان. کێرێک دەستی کرد بە پرۆگرامێك بەتێچوونێکی کەم بۆ سەرلەنوێ مەشقکردنەوە بەو پۆلیسانە لەسەر بنەمای پۆلیسی نوێ و رێزگرتن لەمافی هاولاتیان. ئەوەش تەنها سەرەتایەك بوو. تا ناوەڕاستی حوزەیران/ یۆنیۆ زیاتر لە ١٥,٠٠٠ پۆلیس گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانیان.
من پێشتر لەپارەوپوڵەکانی حکومەتی عێراق بڕی ١٢٠ ملیۆن دۆلارم تەرخانکردبوو بۆ دەستکردن بە مەشقپێکردنی هێزەکانی پۆلیسی نوێی عێراق و سازو ئامادەباشکردنیان. بەڵام وەك روونە ئەوە ئاوێنکی سەرەتاییە لەسەر حسابی ئەوەی کە دەردەکەوێت پرۆگرامێکە زۆری تێدەچێت. ئەمشەویش مفەوەزی پێشوی پۆلیسی نیویۆرك راپۆرتێکی کورتی تێروتەسەلی پێشکەشکردم، تێیدا گرفتەکان و چارەسەرەکان کۆکرابوونەوە کە هەر لەبەراییەکانی تەمموز/ یۆلیۆوە کارمان لەسەر کردبوون.
وتی، " مەسەلەکە لەمەی خوارەوەدا پوخت دەبێتەوە: بۆ ئەوەی ئاسایشێکی پێویستمان دەست بکەوێت، بۆ هەر ٣٠٠بۆ ٣٥٠ هاولاتیەك ولات پێویستی بەیەك پۆلیس دەبێت. لەبەرئەوە عێراق پێویستی بە ٦٥,٠٠٠ بۆ ٧٥,٠٠٠ هەزار پۆلیس هەیە. ئەمڕۆ بەباشترین خەملاندن ٣٢,٠٠٠ هەزارمان هەیە". وتیشی ئەمانە پۆلیسەکانی پێشوون کەبەدەم بانگەشەکەی هاوپەیمانانەوە هاتوون بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان و لە ڕووی جۆرەوە ئاستیان نزمە. " رەنگە هەندێك لەو کەسانە قەبوڵکراوبن. بەڵام مەشقێکی ڕاستەقینە و چەك و تفاقیان پێویستە، هەروەك چۆن ئەوان ڕانەهاتوون لەسەر تەکنیکەکانی پۆلیسی نوێ".
ئێمە پێویستە لەسەرمان خۆبەخشە نوێکان بەرەوپێش بەرین و مەشقیان پێبکەین. " بەڵام ئەگەر ئێمە پێویست بێت مەشق بە ٤٠,٠٠٠ پۆلیس بکەین لەئاستی ئەفسەرەکان و بەرەو خوار، ئەوەش لەناو عێراقدا ئەنجام بدەین، ئەوا پێویستمان بە شەش ساڵی تر دەبێت".
سەرم ڕاوەشاند، " مەحاڵە. بۆچی ئەوە کاتێکی درێژی دەوێت"؟
چونکە لێرە لەهەموو ناوچەکانی ولاتدا شوێنێکی باش و گونجاومان نیە کەبتوانین تێیدا مەشق ئەنجام بدەین. هەموو ئەو شوێنانەی کە تایبەت بوون بەمەشقپێکردن وێران و خاپور کراون".
دیسان تالانکردن..
پرسیم، " ئایا دەتوانین لەماوەی دوو ساڵدا ئەوە ئەنجام بدەین"؟
گروپەکەی کێریك بنکەیەکی ئاسمانی بەکارنەهێنراوی پەیمانی وارسۆی دیاریکردبوو لە تاسزار لەهەنگاریا، کە سەربازگەی پێویست و هۆڵی خواردنی تێدایە، هەروەها پۆلەکانی وانە خوێندن و گۆرەپانیش بۆ مەشقی تەقەکردن.
بێرنی وتی، " دەتوانین مەشق بە ١٦,٠٠٠ پۆلیس بکەین لەساڵێکدا. بەڵام پێشوەخت هیچ



Scanned with CamScanner

بەرنامەیەکی مەشق نەبووە کە بەم قەبارەیە بێت. کاتێك کە بەرپرسیاری پۆلیس بووم لەنیۆیۆرك گەورەترین بەرنامەی مەشقم بەڕێوە دەبرد لەجیهاندا. بەڵام قەبارەکەی گەیشتە ٦,٠٠٠ تەنها شەش هەزار پیاو لەساڵێکدا. بەڵام تۆ داوای نزیکەی سێ هێندەی ئەم ژمارەیە دەکەیت". هەروەها چۆن کارێك بەو قەبارەیە پێویستی بە ٧٥ ملیۆن دۆلار دەبێت لەساڵێکدا.

سەرسام بووم لەوەی کێریك مەسەلەکەی بەخێرایی رونکردەوە. " ئێجرونی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهێنەرە نێودەوڵەتیەکانی پۆلیس. پاشان پێویستە لەسەرمان ئەوە بزانین کە لەکوێ ئەو برە پارەیە بەدەست بخەین".

داوام لێکرد هەستێت بەدانوستانی خێرا سەبارەت بە بنکە هەنگاریەکە هەروەها داوام کرد لە دیف ئۆلیفەر ١٨ ملیۆن دۆلاری تر لەبودجە بارگرانەکەمان هەڵگرێت بۆ ئەوەی دەست بکەین بە سازکردنی شوێنەکە. هەروەك چۆن داوام لەوەزارەتی دەرەوە کرد قسە لەگەڵ ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری بکات لەئەوروپا لەبارەی ئەو ڕاهێنەرانەوە کە دەکرێت دەستبخرێن لەگەڵ بری ئێجرونەکەشیدا.

هاوکات، پیاوەکانی کێریك لەسەر زەوی عێراق بەردەوامن لەسەر مەشقپێکردنە کەم تێچوەکانیان. دیاربوو ئێمە پێویستمان بەبڕێکی گەورە لەپارە دەبێت بۆ مەشقپێکردنی پۆلیس و سازوئامادەباشکردنیان، ئەوەش دەبێت لە یارمەتیە زیادەکانەوە بێت- هیچ گرەنتیەکیشمان نیە بەمەشقپێکردنی بری پێویست لەپۆلیس بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە لەدژی دەسەڵات لەهەڵکشاندان.

لەکاتێکدا کەئێمە کۆششمان دەکرد بۆ ئەوەی هانی لەنجومەنی حوکم بدەین بۆ ئەوەی کاربکات و هاوکاتیش مامەڵەمان دەکرد لەگەڵ ئەو تەحەدا فرەو گەورەیەدا بۆ بونیادنانی هێزێکی پۆلیسی نیشتمانی، ناچاربووم ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشە زل و قەبەبووە ببمەوە کەلەلایەن موقتەدا صەدری پیاوی ئاینی لاوی شیعەوە خەریکە لەسەر هاوپەیمانان دروست دەبێت.

کۆمەڵێك راپۆرتی نیگەرانکەرم لەبارەی موقتەداوە لەلایەن مایك گفۆلەری هەماهەنگکاری بەتواناماناەوە پێگەیشت کەلەناوەڕاستی عێراقە، ئەو شوێنەکەی لەحللە برو دەیتوانی بەعەرەبی قسە بکات، هەروەك چۆن ئەو چەندین ساڵی وەك دبلۆماتکارێکی ئەمریکی لەیەکێتی سۆڤیەت بەسەربردبوو. ئەو موقتەدای وا پێناسە کردبوو کە " ئیسلامیەکی بەلشەفییە" تەنها یەك شت دەزانێت لەویش هێزە، ناشوەستێت هەتا بەدەستی نەهێنێت.

مایك لەشیکارەکەیدا پێی وابوو مەسەلەی ئەوەی کە موقتەدا پشتگیریەکی فراوانی نیە پەیوەندی نیە بە بابەتەکەوە. ئەو پشت بە تاقمێکی بچووك دەبەستێت لەشوێنکەوتووە گیانی بەگیانەکانی



Scanned with CamScanner

کە ژمارەیان لە دووسەد پیاو تێپەڕ ناکات. بەڵام بەکاریان دەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی مزگەوتەکان لەباشوور، ئەمەش ئەوەی پێدەبەخشێت کە دەست بەسەر ئەو پارەوپولانەدا بگرێت کە کۆی دەکاتەوە. تاکە ڕێگەیەکیش بۆ ئەوەی بەخێراترین کات مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەوەیە بخرێتە پشت شیشی زیندانەوە.

دوای ئەوە راوێژکارمان لەوەزارەتی داد دادوەر دۆن کامبل ئاگاداری کردمەوە، دادوەرێکی عێراقی بەناوی ڕەعد ئەجوحی، بەڵگەیەکی قەناعەتپێکەری دۆزیوەتەوە سەبارەت بەتێوەگلانی ڕاستەوخۆی موقتەدا لەکوژرانی ئایەتوڵڵا عەبدولمەجید خوئی لە نیسان/ئەپریلدا. هەر بۆیە دادوەرەکە یاداشتێکی دەستگیرکردنی بۆ موقتەدا صەدرو دوانزە کەس لەشوێنکەوتەکانی دەرکردووە. هەروەها کامبڵ ئەوەشی ووت کە پارێزەری مارینز لەشاری نەجەفی پیرۆز، لەچوارچێوەی ناوچەی پرۆسەکانی مارینزدا، بەڵگەکەیان سەبارەت بەتێوەگلانی موقتەدا بینیوە. داوام لە مارینز کرد بەڵگەکە بێنن بۆ بەغدا بۆ ئەوەی بتوانم بەمەسەلەکەدا بچمەوە.

بەڵام مارینز ڕێگەیان بە پارێزەرەکان نەدابوو بێن. بۆیە لە ٤ی ئاب/ئۆگۆستدا، "یەکەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت"م پێکهێنا پێکهاتبوو لە دوو داواکاری گشتی لەنوسینگەی پارێزەری گشتی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، ئەمریکیەك و ئوسترالییەك، هەروەها ڕێنومایم پێدان بۆ ئەوەی خێرا بچن بۆ نەجەف بۆ ئەوەی لەگەڵ دادوەرە عێراقیەکەدا کۆببنەوە. ئەگەر بۆیان دەرکەوت ئەو مەسەلەیەی لەدژی موقتەدا بەرزکراوەتەوە بەهێزە، ئەوا ئەوان سەرپشکن داوا لە پۆلیسی عێراقی بکەن یاداشتی دەستگیرکردنەکە جێبەجێ بکەن.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، ژەنراڵ سانشێزو وەزیری بەرگریم لەدوایین گۆڕانکارییەکان ئاگادارکردەوە. دیاربوو ئەوان تێدەگەیشتن لە پێویستی وەرگرتنی ڕێوشوێنێك و ڕەزامەند دەبن لەسەری.

لەرۆژی دواتردا پلەی گەرما لەبەغدا گەیشتە ٥٥ پلەی سەدی. هەروەها مەسەلەی موقتەداش لەهەڵکشاندا بوو. ئەجوحی دادوەر گروپەکەمانی ئاگادارکردبۆوە کە دوو شایەتحاڵی لایە ئامادەن شایەتی بدەن کە ئەوان گوێیان لێبووە موقتەدا فەرمانی کوشتنی خوئی دەرکردووە. بەڵام دادوەرەکە دەیەوێت لاشەکە بکاتەوە پێش ئەوەی پۆلیسی عێراقی هەستێت بەجێبەجێکردنی دەستگیرکردنەکە. بۆ هەستان بەو کارەش پێویستە لەسەری یەکەمجار مۆڵەت لەئایەتوڵڵای عوزما وەربگرێت بۆ ئەوەی لاشەی خوئی لەگۆڕەکەی دەربهێنێتەوە کە لە مەزارگەی ئیمان عەلیدایە، کە ئەوێ پیرۆزترین شوێنە لای موسڵمانە شیعەکان. ئەجوحی ووتی پێشبینی دەکەم ئەم مەسەلەیە چەند ڕۆژێك بخایەنێت.



Scanned with CamSc

ئەوە گونجاو بوو بۆ ئێمە، چونکە ژەنراڵ سانشێز پێویستی بە سێ بۆ چوار ڕۆژ بوو بۆ داڵانی پلانەکان و دیاریکردنی شوێنی هێزەکان کە پشتگیری لە پولیسی عێراقی دەکەن لەگەڵ هاتو لەکاتی دەستگیرکردنەکەدا ڕووبەڕوی گیروگرفت بۆوە. هەروەك چۆن ئێمە نەمانەویست پرۆسەکە لەرۆژی هەینیدا ئەنجام بدەین کاتێك کەهەمیشە نەجەف پڕ دەبێت لەنوێژخوێنان. بۆیە ڕۆژی شەممە ٩ ئاب/ ئۆگۆستمان دیاریکرد بۆ جێبەجێکردنی دەستگیرکردنەکە.

گروپێکی کەمم لەبەشی بەڕێوەبردنی حوکم ڕاسپارد سەبارەت بە پلانەکەو داوام لێکردن بەرنامەیەکی زانیارییەکان دابنێن بۆ پشتیوانی لەپرۆسەکە. پێویستمان بەوە دەبێت پەیوەندی بە سەرکردە شیعەکان و جەماوەرێکی فراوانترەوە بکەین. داواشم لە هێزم هێزان کرد ئامادە بێت بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتە ئاینیەکانی نەجەفدا بکەین.

دوای ئەوە دەرهێنانەوەی تەرمەکە بەهۆی چەند هۆکارێکی تەکنیکیەوە دواکەوت، ئەمەش وایکرد دەستگیرکردنەکە هەفتەیەك دوابکەوێت بۆ ١٦ ئاب/ئۆگستس. ئێمەش سوودمان لەکاتەکە وەرگرت بۆ دەسکەوتنی لیستێکی دورودرێژ سەبارەت بە پرۆژەکانی سەرلەنوێ بونیادنانەوە کە دەتوانین لەکاتی دەستگیرکردنەکەدا بەخێرایی لەنەجەف و هەروەها لەگەڕەکە شیعەکاندا ئەنجامیان بدەین.

بەڵام خەریك بوو سەربازە ئەمریکیەکان هەستیان بەگرژی و ئاڵۆزبوون دەکرد لەبارەی پلانەکەوە. هیچ یەکێك لەئەفسەرەکان کە قسەم لەگەڵ کردن ئەوەیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەووت، بەڵام هەستمکرد ئەوان نیگەرانن کە پرۆسەی دەستگیرکردنەکە ببێتە هۆی ڕوودانی پێکدادان لەباشور و لەناوچە شیعە نشینەکانی بەغدا. ئەم نیگەرانیەش کاتێك زیاتربوو کە کردەوەیەکی تێکدەرانەی ترسناك لەشاری بەصرەی شیعەنشیندا ڕوویدا لە ١١و ١٢ ئاب/ ئۆگستسدا. ئەمەش بەریتانیەکانی تووشی شۆك و سەرسامیی کرد لەو ڕوداوانەو نەیاندەزانی هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە. بەڵام بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی موقتەدا دەستی لەو شلۆقی و گرژی و ئاڵۆزبوونانەدا هەبوو.

هەتا ئەم ساتەش، ئەبی زەید و سانشێز دەڵێن ئەوان ئامادەن " پشتیوانی تەواو" پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی پۆلیسی عێراقی هەستێت بەدەستگیرکردنی موقتەدا. بەڵام دواتر ڕوون بۆوە کە مارتێز دژ بەپرۆسەکە بوون. لەهەفتەی دووەمدا لە ئاب/ ئۆگۆستس، کلای لەگەڵ دادوەر کامبڵدا هاتن بۆ نوسینگەکەم.

کلای ڕایگەیاند کە"پرۆسەکە خەریکە گڕو تەوژمەکەی نامێنێت. مارتێز لەنەجەف و لەچوارچێوەی سەرکردایەتی سەربازیی هاوپەیمانانا کار دەکەن بۆ ئەوەی موقتەدا دەستگیر



Scanned with CamSc

نەگرێت". هەروەها فشار دەخەنە سەر دادوەرە عێراقیەکە بۆ ئەوەی واز لەدەستگیرکردنەکە بهێنێت.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، بۆم دەرکەوت کە مارینز بەهەمانشێوە فشار دەخەنە سەر پنتاگۆن بۆ ئەوەی ڕێگە لەدەستگیرکردنەکە بگرێت. تاکە ڕاڤەیەکیش کە دەتوانم بیکەم بۆ ئەم حاڵەتە ئەوەیە کەهێزی یەکەمی مارینز لەماوەی سێ هەفتەی ئایندەدا عێراق بەجێ دەهێڵێت- بۆ ئەوەی ئەو هێزە شوێنی بگرێتەوە کە پۆلۆنیا سەرکردایەتی دەکات-ناشیەوێت پێش ئەوە هیچ گرژی و ئاڵۆزییەك ڕووبدات.

بەکلایم ڕاگەیاند " ئەوە مەفهومە. هیچ مارینزێك نایەوێت ئەو دواهەمین پیاوێك بێت کەلەعێراقدا دەکوژرێت. بەڵام موقتەدا هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ئارامی و سەقامگیری دروست کردووە".

لەڕۆژی دواتردا، سەرکردایەتی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی لە لانگلی، لە فیرجینیا، هەڵسەنگاندنێکی نیمچە هیستریایی ناردبوو بۆ سەرۆك لەبارەی " مەترسیەکانی وەرگرتنی ڕێوشوێنەکان" دژ بە موقتەدا. ئاژانسەکە پێی وابوو پێویستە لەسەرمان فەرامۆشی بکەین، چونکە ئەو پشتیوانەی کە هەیەتی لاوازەو، وورده وورده نامێنێت و دەپوکێتەوە. کاتێکیش پرسیارم کرد لە دەیفید ریگمۆند، جێگرەوەی جۆن ساوەرز وەك گەورە بەرپرسانی بەریتانیەکان لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، لەبارەی هەڵوێستی حکومەتەکەیەوە، تەنها سەیرێکی پێڵاوەکانی کرد و بێدەنگ مایەوە.

چارەسەرکردنی گرفتی موقتەدا بەشێوەیەکی کاتی هەڵپەسێردرا.

دوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی حوکم لەناوەڕاستی ئاب/ئۆگۆستسدا، دارا نورەدینی دادوەر- کە کوردێکی دەست گەورەو جەستە پڕەو ئەندامە لەئەنجومەنی حوکمداو یەکێکە لەدادوەرە ڕێزدارەکان لەوڵاتدا. لەبارەی هاوەڵێکی پێشوییەوە قسەی لەگەڵ کردم. پیاوەکە دادوەرێکی سونی بوو تەمەنی حەفتاو شەش ساڵ بوو هێزەکانی هاوپەیمانان لە مانگی تەمووز/یۆلیۆ لەبەغدا دەستگیریان کردبوو، پاشان بردبوویان بۆ گرتوخانەیەك لە شاری ئوم قەصری گەرم لەسەر کەنداو، کە زۆربەی جار پلەی گەرما تێیدا دەگاتە ٦٠ پلەی سەدی لەگەڵ بەرزبوونەوەی شێدا.

نورەدین پێی ووتم، " ئەو پیاوێکی باشە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دادوەر بووە لەدادگادا. بەڵێنت پێدەدەم کە ئەو هیچ گرفتێك دروست ناکات. بەڵام ئەگەر لەوێ بمێنێتەوە ئەوا بەزیندوویی نامێنێتەوەو دەمرێت".

پێم ووت، " ئەوپەڕی هەوڵی خۆم دەخەمەگەڕ"



Scanned with CamSc

مەسەلەی ئەو دادوەرە بەروونی گرفتی زۆرێك لەو دەستگیرکراوە عێراقیانەی بزواند کە
هاوپەیمانان دەستگیریان کردوون هێزە شەکەتەکانمان رووبەڕووی گرفتی ڕاستەقینە دەبنەوە
لەدیاریکردنیان و لێپرسینەوەیان، بە دادوەر کامبلم ڕاگەیاند ئێمە کەسانێك لەرەوشێکی
دەستگیر دەکەین کە نەویستراوەو مایەی قەبولکردن نیە"

لەسەرەتاکانی تەموز/ یۆلیۆدا، داوام لەکامبڵ کرد پلانێك ئامادە بکات بۆ باشتر بەدواداچوون و
لێپرسینەوەی دەستگیرکراوەکان بەشێوەیەك بتوانین وەڵامی پرسیارەکانی ئەندامانی خێزانی
دەستگیرکراوەکە بدەینەوە کەلەکوێ بەندکراوە ئەگەر هەر یەکێك لەبەندکراوەکانیش بە
تاوانکار دادەنرێت، پێویستە لەسەرمان پارێزەرێکی بۆ دابین بکەین و بەزووترین کات بیدەینە
دادگایەکی عێراقی.

کامبڵ و هاوەڵەکانی لەسوپادا کاریان دەکرد بۆ بونیادنانی سستمێکی کۆمپیوتەری بەدواداگەڕان
لەهەموو وڵاتدا بۆ زانینی ژمارەی ئەو کەسانەی کەبەندکراون لەگەڵ زانینی ئەو شوێنانەی کەتێیدا
بەندکراون.

بە هەبوونی ئەو زانیاریانەش، دەتوانین سستمێك فەراهەم بکەین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی
کەسوکارەکانیان. ئەوە گرفتێکی زۆر ئاڵۆز بوو. بۆ نمونە، چەندین ڕێگە هەبوو بۆ نوسینی ناوە
بلاوە عێراقیەکان بەپیتی لاتینی. هیچ میکانیزمێکی ڕێکخراویش نەبوو بۆ تۆمارکردنی داتاکان
لەشوێنەکانی دەستگیرکردنی بەندکراوەکاندا.

کۆلن پاول لەناوەڕاستی ئاب/ ئۆگستدا بەنامەیەکی ئەلەکترۆنی نیگەرانی خۆی نیشاندا. پێی
ڕاگەیاندم کەهەندێك لەحکومەتە بیانیەکان سکاڵای ئەوەیان کردووە هێزەکانی هاوپەیمانان و
پۆلیسی عێراقی بێ جیاکردنەوە خەڵکانی گومانلێکراوی بێتاوان دەستگیر دەکەن و ، ڕێیان
لێدەگرن پەیوەندی بەهیچ کەسێکەوە بکەن و، هەروەها بێبەشیان دەکەن لە نوێنەری یاسایی.
ئەو وێنە سەوزە ترسناکانەی لەڕێگەی ئامێری بینینی شەوەوە دەگیران هی ئەو سەربازانەی کە
دیلە عێراقیە دەست بەستراو دەموچاو داپۆشراوەکانیان پەلکێش دەکرد، لەکاتێکدا کە ژن و
منداڵەکانیان دەگریان و، لەجیهانی عەرەبی و "سی ئێن ئێن و " بی بی سی ئینتەرناسیونال"دا نمایش
دەکران. پاول نوسیبووی " ئێمە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە رووبەڕووی سەربڕین دەبینەوە".
ئەو ڕاستی دەکرد. ئەو هەواڵانەم پێڕاگەیاند کە خستومانەتە گەڕو ئاماژەم بەوەشکرد کە من
نارازیم لەبەرەوپێش چوونی خاوو ستانە. لەکاتی گەڕان بەدوای بەعسیە گرنگەکانداو، لەکاتی
شەپۆلەکانی دەستگیرکردندا کە لەکۆتاییدا توانی کردەوەکانی تالانکردن ڕابگرێت، هەروەها
لەسەدان هەڵمەتدا بۆ گەڕان بەدوای یاخیبووە جیهادییەکاندا، هێزەکانمان هەزاران

گوماننلێکراویان دەستگیرکردووە. وەمن زۆر رقم لەو کارە دەبۆوە کەهەر دەبوو بکرێت، هەروەها لەو ئینتیباعە خراپەش دەزانم کەلەعێراق و دەرەوەدا وەك یەك دروستی دەکات. بەڵام من زیاتر رقم دەبۆوە کاتێك گوێم لەهەواڵی کوژرانی لاوێکی ئەمریکی تر دەبوو کەبە گوللەی قەناص یان تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێك لەسەر رێگەیەدا دەکوژرا. رەنگە هەندێك لەو بەندکراوانە زانیاری بەسودمان پێدەن لەبارەی ئەو جەنگە توندوتیژەی کە هێشتا چاوەڕوانمان دەکات لەوانەشە ئەوە گیانی ئەمریکیەکان رزگاربکات.

لەهەمانکاتدا، ئەمدەویست سیاسەتەکەمان لەبەندکردنی دەستگیرکراوەکاندا بێتە هۆی داخوراندنی ئەو ئیربانگە باشەی کەبەلادانی صدام بەدەستمان هێنابوو. هیواخوازبووم پرۆسەی جیاکردنەوەکان بەخێرایی تەواو بکرێت کاتێك کە ژمارەیەکی پێویست لەوانەمان دەبێت کەدەتوانن بەعەرەبی قسە بکەن لەگەڵ وەرگێرە عێراقیەکاندا. بەشێوەیەك بکرێت ئەو بەندکراوە دەستگیرکراوانە بەربدەین کە لەسەر سەرپێچی بچووك گیراون هەروەها ئەوانەیش کە هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەداوە. بەڵام کاتێك پرسیارم کرد لەبارەی رەوشی دادوەرە سونیە پیرەکەوە، وادیارە بوو کەس هیچی لەبارەیەوە نەدەزانی. مەسەلەکەش سێ هەفتەی خایاند تا توانرا شوێنەکەی بدۆزرێتەوەو دە رۆژی تریش پێش ئەوەی ئازاد بکرێت. ئەمەش تورەیی وروژاندم.

بەتەنها گفتوگۆیەکم لەگەڵ ژەنراڵ سانشێزدا لەئەنجامدا سەبارەت بەگرفتی بەندکراوەکان و بەڵێنی دا ئەوەی لەتوانایدا بیخاتەگەڕ.

لەرۆژی دواتردا، بات کیدی شیکارەکەی خۆی پێشکەش کردم. پێی وتم، " مەسەلەکە پەیوەندی نیە بە ریکاردۆ سانشێزەوە تەنها. هیچ کەسێك نایەوێت بەرپرسیارێتی ئازادکردنی بەندکراوێك لەئەستۆ بگرێت لەترسی ئەوەی دەربکەوێت یەکێکیان تێوەگلاوە لەتاوانکاریدا یان چەکی کۆکوژدا یان بەعسیەکی دڕندە بووبێت. چونکە لەپێناگۆن سزاکەی خراپ و توند دەبێت ئەگەر بەندکراوێك ئازادکراو دوایی دەرکەوت ئەو کەسە ئەمریکیەکی کوشتووە. ئەفسەرەکان ئەستێرەکەی دواتریان پێنادرێت و پلەیان بەرز ناکرێتەوە، کەواتە تێگەیشتیت لەناوەڕۆکی قسەکەم".

بەتەواوی لەوە گەیشتم، لەبەرئەوەی من بەدوای بەرزکردنەوەی پلەدا نەدەگەڕام، هەستمکرد کە من چارەسەرم لایە. دوای چەند کاتژمێرێك، دوای ئەوەی من و سانشێز شاندێکی کۆنگرێسمان ئاگادار کردەوە لەوەی کە ڕوو دەدات، بردمە لاوەو لێم پرسی، " ئایا ڕێگەیەك هەیە بۆ ئەوەی من بەرپرسیارێتی ئازادکردنی هەندێك لەبەندکراوەکان لەئەستۆ بگرم؟ ئێمە ٤٠٠٠ هەزار کەسمان بەند کردووە. لەوانەیەك ژمارەیەکیان بەلای ئێمەوە گرنگ نەبن. من تەواو ئامادەم بۆ ئەوەی



Scanned with CamSc

بەرپرسیاریەتەکە لەئەستۆ بگرم ئەگەر ئەوە یارمەتیدەربێت".

لەسیمای ریکدا ئەو کەنەفتەیە دەرکەوت کە زۆرجار لەدەموچاوی ئەو سەرکردە سەربازییە گەورانەدا دەیبینم، ئەوان کە ڕووبەڕووی ڕۆژانێکی نەبڕاوە لەبڕیاری قورس و زەحمەت دەبنەوە کە زۆر دەگمەن دەتوانن کاتژمێرێك بۆ دوو کاتژمێر بەشێوەیەکی بەردەوام بخەون.

ووتی، " ئێمە کار بۆ چارەسەری گرفتەکە دەکەین گەورەم".

بەڵام بەهیچ شێوەیەك وەڵامی ئەو پێشنیارەم وەرنەگرت کە بۆمکرد.

گرفتی دووەم کە لەگەڵ بەندکراوەکاندا ڕووبەڕوی بوینەوە ئەوە بوو ئێمە شوێنێکی گونجاومان نەبوو بۆیان جگە لە شوێنە سەربازییەکان. دوای گەیشتنی دادوەر کامبڵ گەڕا بەدوای بەندیخانەی عێراقی لەباردا، بەڵام بە دەست بەتاڵی گەڕایەوە. لەسەرەتاکانی حوزەیران/ یۆنیۆدا، ڕاسپاردەی دا سەرلەنوێ زیندانە بەناوبانگەکەی صەدام بکەمەوە کە ئەبوغرێبە، کە بە دووری ۲۰ کیلۆمەتر دەکەوێتە خۆرئاوای بەغداوە.

پێموت، " دون، من دوودڵم لەئەنجامدانی ئەو کارە چونکە شوێنەکە لای هەموو عێراقیەکان و جیهان بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی ترسناکی هەیە ".

دەمزانی ژمارەیەکی کەم لەعێراقیەکان لەئەبوغرێبدا هەنگاوێکی باش دەبیننەوە هەتا ئەگەر سەرلەنوێ ڕێکیش خرابێتەوە. چونکە لەسایەی صەدامدا، پۆلیسی نهێنی، ئاسایشی ئاسایش، دەسەڵاتی بەسەر زیندانەکەدا گرتبوو. تەنها لەساڵی ۱۹۸٤ دا، لەکاتی ساڵە خوێناویەکانی سەرەتای جەنگی عێراق ئێراندا، پیاوکوژەکانی صەدام ٤,۰۰۰ زیندانیان بەڵانی کەمەوە لەئەبوغرێبدا کوشت. بەدرێژایی ساڵانیش، هەزاران عێراقیی بەدڕندانەترین شێوە سزا دران پێش ئەوەی لەسێدارە بدرێن یان بخنکێنرێن یان گوللەباران بکرێن. بەڕوانین لەو مێژووەش، بەرپرسیارێتی لە زیندانیە عێراقیەکانم لەوەزارەتی ناوخۆوە گواستەوە بۆ وەزارەتی داد. تاکە سوودێکیش کە زیندانی ئەبوغرێب فەراهەمی دەکات ئەوەیە، ئەوەی کە مەبەستم بوو، دیوارە ئەستورەکانی و مەودای ناوەوەی بوو کە جێگەی هەزاران زیندانیی تێدا دەبۆوە.

بۆیە دون و گروپەکەیم نارد بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی تری گەڕان بەدوای زیندانی گونجاو لەباردا ئەنجام بدەن.

دوای چەند هەفتەیەك، لەکۆبونەوەیەکی شەوانەی درەنگ لەنوسینگەکەمدا، دوون ووتی، ' جەنابی باڵیۆز، هەموو وڵات گەڕاین. هیچ زیندانێك نیە ئەوپەڕی ڕادە لەئاسایشی هەبێت جگە لەزیندانی ئەبوغرێب".

پرسیم، "ئەی چی دەربارەی زیندانە بچوکترەکان؟ خوا دەزانێت صەدام زۆرێکی هەیە لێیان".



Scanned with CamSc

دوو جەختیکردەوەو وونی، * بەدڵنیاییەوە هەیەتی، بەڵام هەموویان لەدوای پرۆسەی رزگارییەوە هێرشیان کراوەتەسەرو، هیچ شتێکیان لێ نەماوەتەوە".

بۆیە بەدوو دڵییەکی زۆرەوە ڕازی بووم لەسەر ئەوەی سوپا سەرلەنوێ زیندانی ئەبوغرێبی ناوبانگ خراپ ساز بکاتەوە تا بەندکراوەکان لەخۆبگرێت. بەڵام بەدوو مەرج. پێویستە لەسەریان ئاستی بەرزبکەنەوە بۆ پێوەرە سزاییە نێودەوڵەتیەکان و، گۆڕینی ژوورەکانی لەسێدارەدان بۆ مۆزەخانەیەك کە ڕێکخراوێکی ناحکومی عێراقی بەڕێوەی بەرێت بۆ ئەوەی هەمیشە دڕندایەتی صەدام بە بیری گەلی عێراق بهێنێتەوە.

زیندانی ئەبوغرێب نوێکرایەوە. سەدان بەندکراو گوێزرانەوە بۆ زیندانی لەبارو کەمتر سارد. هەروەها ئاوی پێویستیان بۆ تەرخانکراوەو پانکەی هەڵواسراویان بۆ دابینکراوەو هەر هەشت کەسێکیان لەناو ژوورێکی بەشیشگیراودا دادەنرێن، ئەمە لەکاتێکدا پیاوەکانی صەدام پەنجا کەسیان دەکردە هەریەکێك لەو ژوورانەوە کەبەشێوەیەك پیس بوون هیچیان نەیاندەتوانی دابنیشن. بەڵام هێشتا بەصەدانی تر لەدەستگیرکراوەکان لەناو چادردا بەندکرابوون لەو کاتەدا کەخەریکی سەر لەنوێ نوێکردنەوەی زیندانەکە بوون.

لەکۆتاییەکانی تەمموز/یولیۆدا، سێرجیۆم برد بۆ بینینی یەکەم بەشێك لەزیندانەکە کە سازو ئامادەباش کرابۆوە. سەرسام بوو بەوەی کە ئێمە ژوورمان تەرخان کردبوو بۆ سەردانکردنی خێزانی و وتووێژکردن لەگەڵ پارێزەری بەندکراوەکاندا کە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانیان ڕووبەڕوو کرابۆوە.

کاتێکیش کە بەئۆتۆمبیل دورکەوتینەوە، سەیرێکی دواوەم کرد بۆ دیوارە کۆنکرێتیە ڕەنگ خۆڵەمێشیەکان و لەرزێکی سووکم لێنیشت. یەکێك لەو شوێنە کۆنانەی کە سەردانمان کرد چەند ژوورێکی لەخۆگرتبوو کە پێشتر سزای لەسێدارەدانی جۆراوجۆری تێدا ئەنجام دەدرا، هەروەها لێژییەك کە دەیبردیت بۆ لای کورسیەك کە هەندێك کێڵ بە بنمیچەکەوە کرابوون چەند گرێ و قوڵفێکیان پێوە بوو. ئەمانە ژووری ئەشکەنجەدان بوون، کە دەپارێزرێن بۆ ئەوەی بمێنەوە و نەوەکانی داهاتووی عێراق ببینن و پەندی لێوەربگرن.

لەم ماوەیەدا گرفتی موقتەدا صەدر بەهێواشی پەرەی دەسەند. لەبەرامبەریشیدا گرژی و ئاڵۆزبوونی هەڵکشاوی زیاتری مارتینز، بڕیارمدا مایك دیتز، کە پارێزەرێکی متمانەپێکراوە لەنووسینگەی پارێزەری گشتی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بنێرم بۆ نەجەف بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ دادوەرە عێراقییەکەدا بکات و نیازە ڕاستەقینەکانی بزانێت. ئەگەر ئامادەیە یاسا بسەپێنێت ئەوا پشتیوانی لێدەکەین. هەستمکرد چەندە چاوەڕوانیمان درێژە بکێشێت لەجوڵانمان لەدژی

موقتەدا، ئەوا ئەو کارە زەحمەت تر دەبێت. هەموو گەورە فەرمانبەرەکانی لای خۆشم ڕازی بوون لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنە، بەڵکو دواکەوتن لەو جوڵاندنەوەیەو ئەوەی کە ڕەنگ بێت ڕوبدات حەپەساندبوونی.

لە ١٤ اب/ ئۆگۆستس، ڕۆشتم بۆ باشور، سەردانی هەردوو شاری دیوانیەو عیمارەم کرد. لەهەردوو شوێندا بینیم لایەنگرانی موقتەدا دنەی ئەو دەسەڵاتانەیان دەدا کە لەوێ بوون، ئەوان هەوڵیاندابوو بەهۆی هاریکاریکردن لەگەڵ هاوپەیمانانداا فەرمانڕەوای دیوانیە دەربکەن. لەکۆبونەوەیەکیشدا کە لە بینای شارەوانی ئامادەی بووم، یەکێك لە سیخوڕو پیاوەکانی موقتەدا هەستایەوە بۆ ئەوەی بەسەختی هێرش بکاتە سەر هاوپەیمانان و داوای ئەوە بکات یەکسەر هێزەکانی لەعێراق پاشەکشە پێ بکات.

لەو ڕۆژەدا کە لەباشور بەسەرم برد، هەلیکۆپتەرێکی ئەمریکی ئالآیەکی ئاینی لەشاری صدر خستبوو- ئەو گەڕەکە شیعە نشینە هەژارەی کە دەکەوێتە بەغدار بەناوی باوکی موقتەداوە ناونراوە- ئەمەش بووە ڕوودانی کاری ئاژاوەگێڕانەو هێرش کردنە سەر هێزەکانی هاوپەیمانان کەلەوێن. هێندەشی نەبرد زانیاریی هەواڵگریمان پێگەیشت کەوا کەسێك لەنێو جەماوەرەکەدا پەیوەندی کردووە بە موقتەداوە لەنەجەف و پرسیاری لێکردووە کەئایا دەبێت خۆی و هاوەڵەکانی تەقە لەئەمریکیەکان بکەن. موقتەداش وەڵامی داوەتەوە، " بەڵێ، ئەو ئەرکی ئێوەیە".

ئێستا ڕۆڵی بەریتانیەکان هاتووە بۆ ئەوەی سەبارەت بە پرۆسەکەی موقتەدا پاشەکشە بکەن. لەشەودا دوای ئەوەی لەباشور گەڕامەوە، دەیڤید ریچمۆند پێی ڕاگەیاندم کردەوە ئاژاوەگێڕییەکان لەبەصرە " دەمارەکانی توندگیرکردووە" لە لەندەن . ئەوان دو دڵن لەوەی ڕێگە بە پۆلیسی عێراقی بدەن دەست بە هەڵمەتی دەستگیرکردن بکات.

ووتم، " ئێستا هەموو کەسێك خۆی دەپارێزێت لەم پرۆسەیە تەنها من نەبێت- سەربازە ئەمریکیەکان، ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی و، سەربازە بەریتانیەکان و، ئێستاش وا حکومەتی خاوەن شکۆشی هاتە سەر". ووتیشم بەپێی ئەوەی کەئەمڕۆ لەدیوانیەو عیمارە بینیم لەڕووبەڕووبونەوەی موقتەدا کات لەبەرژەوەندیی ئێمە نیە.

لەکۆتایی ڕۆژێکی زۆر درێژو نەهاتدا، یاداشتێکم نارد بۆ ڕامسفێڵد دانم نا بەمەترسی جوڵان لەدژی موقتەدا، بەڵام هاوکات پێموابوو ئێمە ناتوانین ڕێگە لەدادوەرە عێراقیەکە بگرین " لەجێبەجێکردنی یاسای عێراقی". ووتیشم مەسەلەکە پەیوەندی هەیە بەجەوهەری ئامانجی ئێمەوە لێرە کە بونیادنانی حوکمی یاسایە لەعێراق. پێویستە لەسەرمان ڕێگە لەموقتەدا بگرین پێش ئەوەی بڕێکی زیاتر لەهێز کۆبکاتەوە.



Scanned with CamScanner

لەرۆژی هەینی ١٥ ئاب /ئۆگۆستدا، نامەیەکی ئەلەکترۆنیم نارد بۆ فرانسی کە هەموان لە واشنتۆن" تەواو ترساون، یەکەمجار لەتارمایەکانی خۆیان کە دوێنێ یاداشتێکی ناپەرپرسیارانەیان ناردووە بۆ سەرۆك، ئێستاش بەریتانیەکان قاچیان بەیەکدا دێت..."

سەربازیەکانی لای خۆمان ڕاڕابوون. سەرکردایەتی سانشێز پلانێکی کرداریی باشیان دانابوو بۆ پشتیوانیکردن لەپۆلیسی عێراقی کاتێك کە هەڵدەستێ بە دەستگیرکردنی موقتەدا. بەڵام هەڵمەتەکەی مارتنز بەرهەمداربوو. لەشەوێکی درەنگی ئەو شەوەدا ئەبی زەید لەدۆحەوە پەیوەندی پێوە کردم بۆ گوزارشتکردن لەنیگەرانی خۆی. بەڵام وتی من بڕیارم لەسەر هەر چییەك دا ئەوا ئەو پشتیوانی لێدەکات.

لەم ماوەیەدا، دادوەر ئەلجوحی ڕوونیکردەوە کە ئەو پێویستی بە سێ بۆ چوار ڕۆژ هەیە پێش ئەوەی دەستگیرکردنەکە ئەنجام بدرێت. ١٨ ئاب/ئۆگستیشی وەك نزیکترین وادە دانا بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە. هەواڵیش لەبارەی ئەگەری دەستگیرکردنەکەوە دەستی بەدزەکردن کرد، بۆیە بەکارێکی دانایانەمان دانا قسە لەگەڵ جەعفەریی بکرێت، کەئێستا سەرۆکی ئەنجومەنی حوکمە.

لە ١٧ ئاب/ ئۆگۆستدا، من و دەیڤید ریچموند چووین بۆ بینینی جەعفەریی بۆ ئەوەی ئاگاداری بکەینەوە هێندەی نەماوە پرۆسەی دەستگیرکردنەکە ئەنجام بدرێت. وای دەرخست کە ئەو بەباشی ئاگاداری ئەو داوایەیە کەدلەدژی موقتەدا بەرزکراوەتەوە. ئەو زۆر پرۆسەکەی پێ پەسەند بوو. وتی کاتێك دەحەوێنمەوە کە گوێم لەوە بێت پلانەکە پۆلیسی عێراقی جێبەجێی دەکات – نەك هێزەکانی هاوپەیمانان–، " دەستگیرکردنی موقتەدا مەسەلەیەکی جەوهەرییە بۆ دادپەروەریی". ڕوێشی لەعێراقی نوێدا " نابێت هیچ کەسێك لەسەروو یاساوە بێت ".

پاشان لەکاتێکی درەنگی ١٨ ئاب/ئۆگۆستدا هەواڵێکی کتوپڕمان پێگەیشت کە ڕامسفێڵد ڕێنمایی داوە پلانی دەستگیرکردنەکە بۆ "کاتێکی تر" دوابخرێت.

هەروەها دۆگ فیث، بریکاری وەزارەتی بەرگریی، بە کلای ماکمناوی ڕاگەیاندبوو، " ئێمە دەمانەوێت لەوە دڵنیابین کە ئێوە وەك پێویست بیرتان لەم پرۆسەیە کردۆتەوە".

بەتێڕوانین لەو کاتانەی کە بە بیرکردنەوە لە دەستگیرکردنەکە بەسەرمانبردو، هەروەها ئەو بایەخەی کە ئێمە دابوومان بە پرۆسەکە، کلای لەتوڕەییدا گڕی تێبەربوو.

فیث وتی پێویستە لەسەرمان پێشبینی زنجیرەیەك لەپرسیار بکەین سەبارەت بەپرۆسەکە لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا. کاتێکیش کە پرسیارەکان گەیشتنە کۆتایی دوای نیوەی شەو، هەمان ئەو خاڵانەیان دووبارەکردەوە کە چەندین جار وەڵامیان دابوونەوە. کەچی پرسیارەکان لەپرسیاری یەکەمەوە روون بۆوە: " کێ صەدر دەستگیر دەکات"؟ ئەوەش مایەی توڕەبوون بوو چونکە ئێمە



Scanned with CamSc

بۆ چەندین جار بەدواشتێمان ڕاگەیاندبوو کە پۆلیسی عێراقی پرۆسەکە ئەنجام دەدات ئەمەش وەك وەڵامدانەوەی یاداشتی دەستگیرکردنێك کە دادگای عێراقی دەریکردوە. بەڵام ئێستا ئیتر کاتەکەی زۆر دواکەوت، چونکە ڕوداوەکانی بیست وچوار کاتژمێری دواتر ڕووبەڕوبونەوەی جەیشی لەگەڵ موقتەدا دواخست کە بەداخەوە ئەوە دوایین جاریش نەبوو.

ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ئەلتەرناتیڤێکی کاتی بوو. لەحوزەیران/یۆنیۆدا هەفتانە دەستم بە پەخشێکی تەلەفزیۆنی کرد بۆ گەلی عێراقی ئەوەش وەك ڕێگەیەك تا لێیەوە تێڕوانینمان بۆ وڵاتەکە بخەینەڕوو، هەروەها کاروکردەوەکانیشمانیان پێڕا بگەیەنین. کاتێکیش کە ویستم قسەکانم تۆمار بکەم لەگۆشەی ژورێکی گەورەدا وەستام کە بنمیچێکی سەوزی هەبوو دەکەوتە بەرامبەر نوسینگەکەم بەناو گومەزە بازنەیەکەدا. کامێرە بچوکەکەو هەڵگرەکەی وەڵا دوو یاری وابوون. دان سینۆری ڕاوێژکارە ڕۆژنامەوانیەکەم، بەتەنیشت کامێراکەوە وەستابوو کە کۆمەڵێك کاغەزی هەڵگرتبوو ئەو نوسینانەی سەریەم دەخوێندەوە کە بەپیتی گەورە لەسەری نوسرابوون. کاتێکیش لەخوێندنەوەی کاغەزێك دەبوومەوە، دان بەریدەدایەوە سەر زەویەکە، کەهەندێك جار دەکەوتنە بەرپێم- ئەوەش کارێك بوو کە سەرنجی دەبردم و وای لێدەکردم کە لەسەر شاشەکە بدەردەکەوتم زۆربەی جار پچڕ پچڕیی لەقسەکانمدا هەستی پێ بکرێت.

بەڵام ڕۆژی هەینی ١٥ ئاب/ ئۆگۆستس مەشقم لەسەر قسەکردن کرد. پلەی گەرمای هاوین نەهاتەخوارەوە، کردەوە وێرانکاریەکانیش بەردەوام بوون لەتێکدانی تۆڕەکانی کارەباو و ژێرخانەی نەوتی، ڕادەی تاوانەکانی سەر شەقامەکانیش ڕوویان لەزیادبوون کرد، بەهێزانیش توندوتیژی لەنێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و جەنگاوەراندا بەرز بۆوە ئەوەش وای لێکردین دان بەوەدا بنێین ئەوانە کەسانی باخبوری ڕێکخراون. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارمدا پەیامێکی گەشبینانە ئاراستەی گەلی عێراق بکەم.

دەمزانی گەلی عێراق، هەروەك ئەمریکیەکان، ئارەزووی ئەوە دەکەن، هەموو ئەو گرفتانە چارەسەر بکرێن کە لەصەدامەوە ماونەتەوە و، باری ئاسایش و ئابوریی و ڕەوشی سیاسی بەو پەڕی خێرای باش بێن. بەڵام وەك ئەوەی لە مانگی ئایار/ مایۆدا لەبەردەم سەرۆکدا پێشبینیم کرد، هیچ چاککردنێکی خێرا بوونی نیە. بۆیە پێویستە لەسەرم ئەوە بەعێراقیەکان ڕابگەیەنم ، هاوکات لەسەر ئارامیی و هیوا هانیان بدەم ، کە ئەمە شتێکە زۆربەیان نیانە.

لە کۆتاییەکانی تەمموز/ یۆلیۆدا لەوتووێژێکی تەلەفۆنیدا فەرانسی بیرۆکەیەکی پێبەخشیم. پێش ئەم وتووێژکردنە بەرزێك لەگەڵ کۆمەڵێك کە نوێژیان لەگەڵدا دەخوێنێت زووانی گرتبوو، باسی ئەوەیکرد لەکاتی نوێژەکانیان لەپێناو گەلی عێراق ئایەتی ١١:٢٩ لە سیفر ئیرمیا بەدڵی ژمارەیەك

لەژنەکاندا هاتووە. گەڕام بەدوای ئەو ئایەتەداو سەرسامی کردم، بەڵام ئاسوودە نەبووم بەوەی
ئایەتێك لەکتێبی پیرۆز بەکاربهێنم.
بۆیە پەنام بردە بەر شارەزایەکی عەرەب و موسڵمانەکان، هیۆم هۆران، کە هەروەها لە کڵێسەی
پرسبیتاریەندا بەرپرس بوو. ووتی بەو پێیەی کە موسڵمانەکان وەك پێغەمبەرێك دان بە ئیرمیادا
دەنێن، ئەوانە گونجاو ئاماژە بەئایەتێك لەئەو بکەیت. ئیرمیاش بەشێوەیەك گشتگیرو قوڵتر لەهەر
شتێك کە بکرێت بیهێنمەوە گوزارشت لەوە دەکات کە دەمەوێت بیڵێم. ئایەتەکەم دایە دون
هامیلتۆنی نووسەری وتارەکانم، کە دبلۆماتکارێکی خانەنشینە لەئاژانسی ئەمریکی بۆ زانیارییەکان.
لەدوای چەند ڕۆژێك کردیە گرێبەندی ووتەکەم بۆ گەلی عێراق.
بڕێکی زۆر لەڕۆشنایی خرایە سەرم و ، دەستم بەخوێندنەوە کرد:

(الله بالخیر)
من پۆل برێمەرم، بەڕێوەبەری ئیدارەی کاتیی هاوپەیمانان. ئیرمیا پێغەمبەر پێی ڕاگەیاندووین" : من
ئەوە دەزانم کە بۆ ئێوە ئامادەکراوە لەخەیرو چاکە نەك لەشەڕ، ئێوە ئەو سبەینێیەتان دەبێت کە
خوازیارینی"
ئەو نەهامەتیانەی گەلی عێراق ڕووبەڕوویان دەبێتەوە روون و ئاشکران. ئەم گرفتانەش لەهیچ
کەسێك پەنهان نین.
بەڵام مەسەلەکان هەر بەوشێوەیە نامێننەوە.

- لەبەردەم هەموو عێراقیەکاندا هیوایەك هەیە بەئاینده.
- ئێوە بەڕێزو کەرامەتەوە دەژین.
- ئێوە بەئاشتی دەژین.
- ئێوە لەبوژاندنەوەو پەرەسەندنیدا دەژین.
- ئێوە بەئارامی لەناو خێزان و دۆستەکانتاندا دەژین و بەشێوەیەکی جێگیر داهاتێکی شیاو شایستەتان دەبێت.
- ئێوە لەعێراقدا دەژین کەوا گەلی عێراق حوکمی دەکات لەپێناو عێراقدا.

بەدڵنیاییەوە هەموو ئەم شتانە بەدی دێن.
ئاینده‌تان پڕە لەهیوا و کەرامەت. زەحمەتیشە پارێزگاری لەکەرامەت بکرێت کاتێك کە هێزە
بیانیەکان بەناو شەقامەکانتا دێن و دەڕۆن، بەچاوپۆشین لەنیاز باشیان. لەماوەی چەند مانگی
ئاینده‌دا ژمارەی ئەو سەربازانە کەمتر دەبنەوە کەلەسەر ڕێگاکان دەیانبینن کاتێك کە پۆلیسی
عێراقی مەشقپێکراو و چالاك جێگەی سەربازەکانی هاوپەیمانان دەگرنەوە. بەتێپەڕبوونی کاتیش،



Scanned with CamSc

سوپایەکی عێراقی نوێ جێگەی سەربازە بیانیەکان دەگرێتەوە، سوپایەك کە ئینتیمای بۆ بەك کەس نەبێت، بەڵکو بۆ دەستورێك کە ئێوە ڕەزامەندی لەسەر دەردەبڕن.

ئایندەتان پڕە لەهیواو ئاشتی. زەحمەتە وێنای ئاشتی بکەیت لەکاتێکدا کە چارەکە سەدەی لەململانێی بەردەوام یادەوەری هەموو عێراقیەکانی ژاکاندوە. بەڵام ڕزگاربون لەستەمکارێکی ئارەزووی پڕکێشییە دەرەکیەکانی دەکرد ئاشتی دەهێنێت، ئاشتی لەگەڵ دراوسێکانتان و لەگەڵ جیهاندا.

ئایندەتان پڕە لە هیواو بوژانەوە. زەحمەتە وێنای بوژانەوەش بکەیت کاتێك کە کردەوەکانی وێرانکاری چواردەوری گرتوون. بەڵام چاککردنی ژێرخانی ئابوری و فراوانکردنی، بەپووسە بە زیرەکی و ووزەکانی ئێوەوە، گڕلەدانی ئێوەش بوژاندنەوەکە بەدی دەهێنێت.

ئایندەتانە پڕە لە کارگەریی ڕاستوڕێك و بەرهەمدار. زەحمەتە وێنای ئەوە بکەیت بەئارامی لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانتداو بەداهاتێکی شیاو بژیت کەبەشێوەیەکی ڕاست و دروست پەیدات کردبێت لەکاتێکدا کەوا کارەکان کەمن و کاتێکی زۆر بەسەردەبەیت لەهەوڵدان بۆ ئەوەی ڕێگایەك پەیدا بکەیت کەبتوانیت لێیەوە پارووپولی پێویست بۆ پێداویستیەکانی ژیان دابین بکەیت. بەڵام بەرنامەکانی هاوپەیمانان کە ئێستا جێبەجێ دەکرێن هەلی کاری زیاتر دەڕەخسێنن. وا خەریکە پارە لە بەغداوە بۆ هەموو پارێزگاکان دەگوزارێتەوە. ئێمەش هەنگاوی خێرا دەنێین بۆ هاندانی بونیادنانی کارە بەرهەمهێنەکان کە هەلی زیاتری کار دەڕەخسێنن و فراوانی دەکەن. هاوکات بەرنامەی هاوپەیمانانی تایبەت بە پاککردنەوەی جۆگەلەکان، بۆ نمونە، ١٠٠,٠٠٠ هەلی کاری لەماوەی پێنج هەفتەی ڕابردوودا ڕەخساندووە.

ئایندەتان پڕە لەهیواو بەحکومەتێك لەگەڵی عێراقیەوە بۆ گەلی عێراق. ئاستەمە وێنای ئەوەش بکرێت کاتێك کە زۆربەی عێراقیەکان لەکاتی دیکتاتۆریەتی صەدامدا لەدایك بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە صەدام و بەعسیەکان بێگومان عێراقی بوون، بەڵام هیچ کاتێك بۆ بەرژەوەندی گەلی عێراقی حوکمیان نەکردووە. ئێستاش وا لیژنەی ئامادەکاریی کە ئەنجومەنی حوکم دایمەزراندووە هەوڵدەدات ڕاوبۆچونتان وەربگرێت سەبارەت بەو ئامرازانەی کە پێی دەستورە نوێیەکان دەنوسرێتەوە. من شێوەی کۆتایی ئەو دەستورە نازانم. بەڵام دەزانم کە عێراقیەکان دەینوسنەوە، وا لەئارەزووە کۆمەڵیەکانی گەلی عێراقیەوە پێدەگات و، بۆ بەرژەوەندی گەلی عێراق تێدەکۆشێت. کاتێکیش کە دەستور دەنوسرێتەوە، دەخرێتە بەردەست ئێوەی گەلی عێراق بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن.

ئەو ئایندە باشترە بۆ هەموو ئەو عێراقیانەیە کەدێن. ئەمڕۆ زۆرێك کاری قورس لەبەردەم



Scanned with CamSc

هەربەکێکماندایە. ئەو کردەوە تێکدەرانەیە کەرۆژی هەیتی کرایە سەر هێڵی بۆرییەکانی هەناردەکردنی نەوت لەکەرکوك گورزێکە لەبەرژەوەندی ئابوری گەلی عێراق.

ئەو تاوانکارانەش کە هەستاون بەو کارە هاوبەشی تیرۆرانیمان ناکەن بۆ عێراقێکی نوێی گەشەسەندوو. بەلاّم دەتوانرێت بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بین، ئەگەر پێکەوە کار بۆ بونیادنانی عێراقێکی باشتر بکەین.

من دەرك بەوە دەکەم ژمارەیەك لەئێوە هەست بە شکست و نائومێدی دەکات. هەروەها گەلی ئەمریکا یان شانشینی یەکگرتوو یان پۆلۆنیا یان هەر وڵاتێکی تری هاوپەیمانان لەهەمان ڕەوشدا هەست بە نائومێدی و تووڕەیی دەکەن.

ژیان بۆ هەتا هەتایە بەو شێوەیە نامێنێتەوە. گەلی عێراق پێکەوە سەرلەنوێ بونیادی وڵاتێکی مەزن دەنێتەوە- وڵاتێك کە هەمووتان شانازی دەکەن بەوەوە کە بۆ منالّ و نەوەکانتانی بەجێ بهێڵن.

ڕۆژی سێ شەممە ۱۹ ئاب/ ئۆگۆستس وەك ڕۆژێکی ئاسایی لەبەغدا دەستی پێکرد.

دوای کۆبونەوەی ئاسایی بەیانیانی کارمەندان و، چەند چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی، بەرپرس لەنەتەوە یەکگرتوەکان کە سەرپەرشتی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکی دەکرد هات بۆ کۆبونەوە لەگەڵمدا، ئەو ئەرمەنییەکی قوبروصی بوو ناوی بینون سیڤان بوو. کارمەندێکی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو، لەناوەڕاستی تەمەنیدا بوو، چاوێلکەیەکی بێ چوارچێوەی لەچاو دەکردو سەرشتێکی ڕۆژهەلاّتیی ناسکی هەبوو. بەسەردانێکی کورت هاتبوو بۆ بەغدا ( لەو بەرپرس بوو لەبەردەم ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکانداو دواتریش سەبارەت بەگەندەڵییەکانی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکدا خرایە ژێر لێکۆڵینەوە.

نوسینگەکەی گرفتی دروست دەکرد بۆ حکومەتی عێراقی. کارمەندانی دەسەلاّتی کاتیی هاوپەیمانان بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك لەگەلّ وەزارەتە عێراقیەکاندا کاریان کردبوو بۆ دانانی پێشیەدان بە هەزاران گرێبەست کە لەسایەی صەدامدا بەپێی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراك ئیمزا کرابورن. ئەو گرێبەستانەش کە وەزارەتەکان بڕیاریان لەسەر دەدا کە بەکەڵك و باشن لەرێگەی دەسەلاّتی کاتیی هاوپەیمانانەوە پێشکەش بەنوسینگەی سیڤان دەکران لەنیۆیۆرك، کە بەپێی بڕیار لەسەردانی ئەو ئیدی دەتوانرا شمەك و خزمەتگوزارییەکان بنێردرێن بۆ عێراق.

بەهاتنی ۱۹ئاب/ئۆگۆستس، وەزارەتە عێراقیەکان ڕەزامەندیان لەسەر ۲,۵۰۰ گرێبەست نیشان دابوو کەبەهاکەیان دەگەیشتە چەندین ملیار دۆلار لەبەرامبەر شمەك و خزمەتگوزاریدا کە عێراق زۆر پێویستی پێیان بوو. بەلاّم نەتەوە یەکگرتوەکان تەنها یەك گرێبەستی ئیمزا کردبوو بۆ لەوەی جێبەجێ بکرێت و تێچوونەکەی بدرێت. بەسیڤانم ووت ، " ناتوانین چاوەڕوانی نەتەوە



Scanned with CamSc

یەکگرتووەکان بکەین تا لەرێگەی میکانیزمێکی بیرۆکراتیانەوە خۆی لێیان لابدات. ئێمە پێویستمان
بەوە هەیە ئەو گرێبەستانە بەخێرایی بجولێنین. گەلی عێراقیش چاوەڕوانی شتێکی کەمتر لەوە
ناکات".
گرفتێکی تریشمان هەبوو. جگە لە گرێبەستەکانی نەوت بەرامبەر بەخۆراك کە کار لەسەر
جێبەجێ کردنیان ناکرێت، نوسینگەی سیڤان سەرپەشتیاری٢٧٧ ملیۆن دۆلاری دەکرد بۆ
دابینکردنی تێچوونە کارگێڕییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا کۆتایی هاتنی بەرنامەی نەوت
بەرامبەر بەخۆراك لەتشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا. عێراقیش مافی وەرگرتنەوەی ئەو پارانەی هەبوو
کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاری نەهێنابوو.
بە بیری سیڤانم هێنایەوە و ووتم، " ئەوە پارەی عێراقیەکانە، نەك پارەی نەتەوە یەکگرتووەکان"
سیڤان پێش ئەوەی بڕوات بەڵێنی دا " چاو بە ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەر ئەو گرێبەستان
دەخشێنمەوەو گەورەترین بڕی مومکین لەو ٢٧٧ ملیۆن دۆلارەت پێدەدەم".
هاوکات تێبینیەکم لای خۆم تۆمار کرد بۆ ئەوەی داوا لەجۆن نیگرۆپۆنتینی باڵیۆزمان لەنەتەوە
یەکگرتووەکان بکەم کەوا کارمەندەکانی بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکەن. نەتەوە
یەکگرتووەکان بە ملیار دۆلاری لای خۆی گلداوەتەوە کە هی گەلی عێراقەو من بەنیازم لەژێر
دەستیان دەریبهێنم.
دوای نیو کاتژمێر، لەنێوەی کۆبونەوەیەك لەگەڵ شاندێکی کۆنگرێسدا بەسەرۆکایەتی جۆن
ماکین، بات کێنێدی تێبینیەکی بۆ ڕەوانە کردم کەباسی لەڕوودانی تەقینەوەیەکی گەورە دەکرد
لەکۆمەڵگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەخۆرهەڵاتی شاری بەغدا. یەکسەر بانم نارد بۆ شوێنەکەو
پێمڕاگەیاند کە هەموو یارمەتیەکی مومکین پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات.
دوای نیو کاتژمێر بات لەشوێنی ڕوداوەکەوە پەیوەندی کرد. " بەتەواوی کۆمەڵگەی نەتەوە
یەکگرتووەکان وێران کراوە. دیمەنەکە ترسناکە. هیچ شتێك نەماوە- نە شوێنێك بۆ نوسینگەکان
یان خەوتن یان بۆ کارکردن (هەموو شوێنێك خاپور بووە".
" پێیان ڕابگەیەنە ئێمە شوێن و چاودێری پزیشکی و خۆراکیان لەکۆمەڵگەکەی خۆماندا بۆ دابین
دەکەین تا ئەو کاتەی کە پێویستیان پێی دەبێت". هەروەها سکۆتی نوروودم ڕاسپارد ٢٥٠
قەرەوێڵە بنێرێت بۆ هۆڵێکی ناهەنگێڕانی گەورە کەلەناو کۆشکدا هەبوو لەپێناو نەتەوە
یەکگرتووەکانداو، کۆکردنەوەو تەیارکردنی بەرپرسانیش لەوەزارەتی تەندروستی بۆ
بەدەمەوەچوونی بریندارەکان.
پەیامێکم نارد بۆ ئەنجومەنی حوکم کە دەمەوێت هەرئێستا سەردانی شوێنی تەقینەوەکە بکەم،



Scanned with CamSc

پێشنیاریشم کرد ئەوانیش وەفدێك لەگەڵمدا بنێرن. پاشان داوامکرد قسە لەگەڵ کۆفی ئەنانی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکەم. وەزارەتی بەرگریی پێراگەیاندم کە ئەو ئێستا لەمزڵەتدایە لەنەرویج، داوام لێکردن بەو پەڕی خێرایی بۆی بگەڕێن و بیدۆزنەوە. کاتێك کە من خەریك بوو بەڕێدەکەوتم، سکۆتی نۆرروود بە پەیامێکەوە گەڕایەوە کە ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو سەرۆك لەکرۆفۆرد، تکساسەوە دەیەوێت پەیوەندیم پێوە بکات، بۆ ئەوەی سەبارەت بەتەقینەوەکە زانیاری و رونکردنەوەی پێبدەم کەئێستا بۆتە سەرباسی هەواڵەکانی جیهان.

کاتێکیش لەماوەی پانزە خولەکدا هیچ کامێك لەپەیوەندیەکان نەهاتن، لەگەڵ باڵیۆز دەیڤد ریچموند کۆشکم بەجێ هێشت و لاماندا بەلای بینای ئەنجومەنی حوکمدا بۆ ئەوەی سێ ئەندام لەگەڵ خۆمان بەرین کەئەنجومەنەکە هەڵیبژاردبوون، دکتۆر نصیر الچادرچی و، شێخ عبدالکریم عەمەداوی و ، باڵیۆز عەقیلە ئەهاشمی.

لەوکاتەدا کەبە پێدەنگی بە ئۆتۆمبیل بەڕێکەوتبووین بۆ کۆمەڵگەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوەندی نوسینگەی وەزارەتی دەرەوە لەڕێگەی مۆبایلەکەمەوە پەیوەندی لەگەڵ کۆفی ئەنان بەستبوو لەنەرویج. هاوسۆزی قوڵی خۆمم سەبارەت بەرووداوەکەو تووڕەیی خۆمم سەبارەت بەهێرشەکە پێراگەیاند. ئەوەشم ووت کە من گەورە فەرمانبەرەکانی خۆمم ڕەوانەی شوێنی تەقینەوەکە کردووەو ئێمە شوێن و خۆراك و هەموو شێوەکانی تری هاوکاری و پشتیوانیمان خستۆتە خزمەت فەرمانبەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان. " ئێمە بەهەر ڕێگەیەك کە مومکین بێت ئامادەی هاوکاریین". ئەنانیش پێزانینی قووڵی خۆیی پێراگەیاندم.

دوای پێنج خولەك، ژووری ڕەوشەکان لەکۆشکی سپی لەڕێگەی پەیوەندیەکەوە گەیاندمی بەسەرۆك بوش.

ووتم، " جەنابی سەرۆك، ئێستا ناتوانم دوایین هەواڵت پێرابگەیەنم چونکە هێشتا لەگەڵ چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی حوکمدا بەڕێوەین بۆ شوێنی ڕووداوەکە.

سەرۆك بوش ووتی، " پێیان ڕابگەیەنە کە من سەرسامم بەئازایەتی ئەوان و پێداگریی بکە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ناسەڵەمێتەوە لەبەردەوام بوون لەسەر کارەکەی لەعێراق و، هیوادارم نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەسەر هەمان ڕەوت بەردەوام بێت".

یەکێك لەلاکانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان کەپێکهاتبوو لەسێ نهۆم بوو بووە پارچەیەك لە سوڕگاڵ کە دوکەڵی لێبەرزدەبۆوە. بەسەدان عێراقی و ئەمریکیش بەناویدا پەرش و بڵاو بوو بوونەوەو دەگەڕان بەدوای ئەوانەدا کە ڕزگاریان بوو بوو و گوێیان لەدەنگیان دەگرت.

بات کیندی بەکراسێکی پەسبزووە لای ئۆتۆمبیلەکە پێمگەیشت شەکەتی و ماندویی پێوە دیاربوو،



Scanned with CamScanner

بردیمە لاوەوە.
وتی، ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری گەورەیە تەقیوەتەوە. هێشتا خەریکی ژماردنی کوژراوەکانن
بیستومە سێرجیۆ رزگاری بووە بەڵام لەناو داروپەردوەکاندا گیری خواردووە".
هێزەکانمان هەوڵیان دەدا ئەو و فەرمانبەرەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان رزگاربکەن
ئۆتۆمبیلەکە ڕاستەوڕاست لەژێر نوسینگەکەی دی میلۆدا تەقیوەتەوە، بەمەش گۆشەی بیناکە
بەتەواوەتی ڕوخا. تەنها شتێکی کەم لەئۆتۆمبیلەکە مابۆوە لەگەڵ بەشی دواوە لەخوارەوەی چاڵە
قوڵەکەدا. سەرۆکی نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵ تۆم فۆنتس هات بۆ لام بۆ ئەوەی
پێمرابگەیەنێت کە دەستێکی مرۆڤیان دۆزیوەتەوە لەنزیک چاڵەکەوە، کە ئەمەش وایلێکردبوو کە
پێی وابێت روداوەکە هێرشێکی خۆکوژیی بووە.
هەردوو بەرپرسی نەتەوە یەکگرتووەکان بینۆن سیڤان، کەپێش کەمێک لەڕووداوەکە چاوم پێکەوتن
و، رامیرۆ دا سلیڤا بریندار بوو بوون و لەحاڵەتی واق وڕماندابوون. هەروەها بیستبوشیان کە
سێرجیۆ لەژێر سەقفێکی ڕوخاودا گیری خواردووە، قسەی لەگەڵ دەربازکەرەکاندا کردووە.
ژەنراڵ سانشێزیش گەیشت بۆ ئەوەی ناوەندێکی سەردایەتیکردن دابنێت.
پاش پانزە خولەک، سانشێز لەناو قەرەباڵغیەکەوە بانگی کردم و بردمی بۆ لای ئەندازیارێکی
ئەمریکی لاو، سەربازێکی هێزی ئەندازیاریی کە لەخۆڵ گەوزابوو. بەهۆی جۆشخواردنەوە
شێوەی روخساری گۆڕابوو.
سەربازە لاوەکە وتی، " گەورەم، بەڕێز دی میلۆ لەشوێنێکی زۆر تەنگ لەژێر پارچەیەکی
گەورەی کۆنکریتدا گیری خواردبوو. نەیدەتوانی بجوڵێت بەڵام هێشتا بەئاگابوو کاتێک کە
دۆزیمانەوە توانی کەمێک قسە بکات".
دیمەنەکە ترسناك بوو.
بەردەوام بوو لەسەر قسەکردن و وتی، " زۆر هەوڵماندا دەریبهێنین جەنابی باڵیۆز، بەڵام
نەمانتوانی، ئەو پارچە کۆنکریتەی کەوتبوو بەسەریدا زۆر زەبەلاح بوو".
وادیارە دی میلۆ هەستی بەنزیک بوونەوەی مەرگ کردووە، چونکە سەربازەکە وتی دوایین
قسەکانی ئەو ئەوە بوو کە " مەهێڵن نەتەوە یەکگرتووەکان لەوڵات پاشەکشە پێبکەن"!
سوپاسی سەربازەکەم کرد بۆ کۆششە ئازایانەکەی بەنەوازشەوە دەستم نایە سەر شانی، دڵتەنگ
و خەمگین وەرچەرخام. هەستم کرد دڵم تێکەڵ دەبێت. سێرجیۆ پیاوێکی چاك و هاوڕێیەکی باش
بوو. سەلماندنی کە ئەو لایەنگرێکی بەهێزە بۆ کاری هاوپەیمانان. گومانیشی تێدا نیە لەدەستدانی
ئەو کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق. بەڵام ئەمتوانی



Scanned with CamSc

لەشوێنەکەدا هەواڵی گیان لەدەستدانی سێرجیۆ بەکەس ڕابگەیەنم چونکە شوێنەکە پڕ بوو لەپەیامنێران و، دەبێت یەکەمجار نەتەوە یەکگرتووەکان هەواڵەکە بەخێزانەکەی ڕابگەیەنن.

دوای گەڕانەوەم بۆ نوسینگەکەم، جارێکی تر لەگەڵ سەرۆك قسەم کردەوە. دیمەنی مردنی سێرجیۆم بۆ باسکرد. داوای لێکردم عێراقیەکان دڵنیابکەمەوە کە تیرۆریستان ناتوانن ناچارمان بکەن لەعێراق بچینە دەر. بەڵام وویستی لێم هانی ئەنجومەنی حوکم بدەم بۆ ئەوەی " بجوڵێت" و بکەوێتە خۆی بۆ ئەوەی بڕیاری یەکلاکەرەوە وەربگرێت.

بەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی لەبارەگای دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان، بانگهێشتی گەورە ڕاوێژکارانی هەواڵگری و ئاسایشم کرد.

بەبیری کۆمەڵەکەم هێنایەوە کە ئێمە چەند جارێك قسەمان کردووە لەبارەی گرفتی هەواڵگریمانەوە، ئەویش وەك وەڵامدانەوەیەکی داواکەم بۆ چاککردنی هەماهەنگی لەنێوانماندا، ڕاسپاردەیان دا " شانەیەکی بوونە یەك" بونیاد بنرێت کە هەموو سەرچاوەکانی هەواڵگریمان لەدژی تیرۆریستەکان پێکەوەو لەیەك شوێندا کۆبکاتەوە.

وتم، " ئەمەوێت ئێستا بەبێ دواکەوتن ئەوە بکرێت. ئەو سنورە لەیادبکەن کە هەیە لەنێوان ئاژانسەکان و کەناڵەکانی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکاندا. هەموو تواناکانتان یەکبخەن. ئێمە لێرە ڕووبەڕووی گرفتێك بووینەتەوە. تیرۆریستەکان بەشێوەیەکی جدیی و کوشندە گەیشتوون، پێویستە لەسەر ئێمەش جدیی بین".

هەروەها وتم، پێویستە لەسەرمان بەدواداچوون بکەین بۆ دیاریکردنی پێداویستیەکانمان لەفەرمانبەران و لەتەکنەلۆژیا، ئەوانەش پێداویستیەکن کە واشنتۆن وەڵامی نەداونەتەوە. پێویستە لەسەرمان پارێزگاری لە کۆمەڵگەکەمان و نێردراوە بیانیەکان و ئەنجومەنی حوکم بکەین.

دوای ئەوە چووم بۆ لای ئەنجومەنی حوکم. هەندێك لەئەندامانی حوکم گوزارشتیان لە توڕەیی و بەداخەوەبوونی خۆیان کرد لەبەرامبەر تەقینەوەکەی کۆمەڵگەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

چادرچی قسەی کرد لەبارەی " ئەو تاوانە تۆقێنەرانەوە کە تیرۆریستەکان ئەنجامی دەدەن".

عەبدولعەزیز حەکیمیش سەرنجی لەوەدا کە " هێرشەکە هەوڵێکە بۆ ئەوەی ڕێگە لەعێراقیەکان بگرێت لەوەی قەدەری خۆیان بەدیبهێنن".

بۆ ماوەی کاتژمێرێك وازم لێهێنان بۆ ئەوەی قسەوباس بکەن. پاشان خۆشدوییە تەقلیدیەکانم تێپەڕاند،" دوێنێ قسەم لەگەڵ سەرۆکدا کرد و داوای لێکردم دوو پەیامتان پێ ڕابگەیەنم. یەکەم ئەمریکا لەترسی تیرۆریستەکان واز لەبەرپرسیارێتی خۆی ناهێنێت، دووەمیش ئەوەیە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەنجومەنی حوکم بجوڵێت". هەروەها وتم دوای نیوەڕۆ جارێکی تر قسە لەگەڵ



Scanned with CamSc

سەرۆکدا دەکەمەوەو ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ باسە دەکەم کە ئەنجومەنەکە گرتویەتەبەر. هەروەها ١٢ بۆ ٢٠ کاتژمێری یەکلاکەرەوەیان لەبەردەستدایە. " پێویستە لەسەرتان ئەوە بۆ گەلی عێراق بخەنەڕوو کە ئێوە دەتوانن بەکرداریی حوکم بکەن. ئیدی سەردەمی قسەکردن بەسەرچوو".

پێشنیارم بۆ کردن یەکسەر شەش هەنگاو بهاون: بەیاننامەیەکی بەهێز نارەزایی دەربڕێت لەڕوداوی تەقینەوەکە، داوا لەعێراقیەکان بکرێت پەیوەندی بکەن بەهێزە ئەمنیەکانیانەوەو پشتیوانی لیّ بکەن، بەتایبەتی هێزەکانی بەرگریی مەدەنی عێراقیی ( کە دواتر ناوی لێنرا پاسەوانی نیشتمانی عێراقیی)" داواکردن لەوڵاتانی دۆست، لەناویشیاندا تورکیا بۆ ئەوەی بێنە ناو هاوپەیمانی سەربازیەوە" ستراتیژیەتێکی رۆژنامەوانی پێشەنگ ئەوە بۆ گەلی عێراق بخاتەڕوو کە ئەنجومەنەکی بەچالاکییەوە کار دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی رەوتی سیاسی، ئەو ئێستا حوکم دەکات نەك دواتر.

قسەکەشم بەوە کۆتایی پێهێنا داوام لێکردن پێش چەند هەفتەیەك بڕیار لەسەر ژمارەیەك لەو پێشنیارانە بدەن، لەناو ئەو پێشنیارانەشدا سەرلەنوێ تێکەڵکردنەوەی سەربازەکانی پێشوو لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا. پاشان رەشنوسی بەیاننامەیەکم پێشکەش کرد سەبارەت بە تەقینەوەکەی بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان و پێشنیارم کرد یەکسەر دوای کۆبونەوەکە لەدەرەوە لەبەردەم رۆژنامەنوسەکاندا ڕایبگەیەنن.

شۆکەکە ئەندامەکانی بێدەنگ کردبوو. وورده وورده دەرکەوت کەوا کاتی کارکردن هاتووە. بەبێدەنگی ژمارەیەکی کەمیان نارد بۆ ئەوەی کار لەسەر ڕەشنوسی بەیاننامەکە بکەن.

لەرۆژی دواتردا هەڵسەنگاندنی خۆمم پێشکەش بە واشنتۆن کرد لەبارەی ئەنجومەنی حوکم لەمانگی یەکەمیدا، کە بەمشێوەیە کورتم کردبۆوە" ... تائێستا ئەنجومەنی حوکم سست بووە لەوەرگرتنی ڕێوشوێنەکان سەبارەت بە ژمارەیەك لە مەسەلە ترسناکەکان کە خراونەتە بەردەمی بەبێ پاڵدان و ئاراستەکردنێك لەلایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە".

بیرمکردەوە لەوانەیە شۆکەکە رەنگە هانیان بدات بۆ ئەنجامدانی کارێکی بونیادنەرانە.

دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە لەرێگەی شاشەی تەلەفزیۆنەوە بەشداریم لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیدا کرد. باسمان لەو ستراتیژە کرد کە پەیوەستە بە یارمەتیە زیادەکانەوە. رامسفێڵد و پۆڵ وولفۆیتز و رایس رێگەکەیان خۆشکرد. سەرۆك ووتی کە ئەو "هیچ گرفتێکی نیە" بەداواکردنی ٢٠ ملیار دۆلار لە یارمەتیە زیادە نوێیەکان بۆ دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان. دواتریش هەندێك هەواڵی خۆش.

پاشان چووینە سەر باسکردنی تەقینەوەکەی بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان.

سەرۆك بوش ووتی، " دەمەوێت زۆر ڕوون بم لەم بارەیەوە. پێویستە لەسەرمان لێرەدا و لێستا



Scanned with CamScanner

بەتەواوە بەهۆی و خۆراگرین لەدژایەتیکردنی تیرۆر دا".

سەرەی من هات قسە بکەم لەبارەی رەوشی عێراقەوە، راشکاو بووم، " ئێمە پێویستمان بەهەواڵگرییەکی باشترو گەورەتر هەیە بۆ بنبڕکردنی تیرۆر لەعێراق. هەروەها پێویستە کۆششەکانمان لەهەواڵگری بنبڕکردنی تیرۆردا کەمتر نەبێت لەو کۆششانەمان کە دەیدەین لەپێناو دۆزینەوەی چەکی کۆکوژدا".

هەندێك لەئامادەبووان لەژووری رەوشەکان گوێیان لێم بوو بوو کە من پێشتر لەم بارەیەوە قسەم دەکردو . هەندێکیشیان نەیانبیستبوو.

لەکۆتایی قسەکانمدا ووتم، " جەنابی سەرۆك، من پێشنیار دەکەم دوای جەژنی کار وتارێکی سەرەکی پێشکەش بەگەلی ئەمریکا بکەیت کەتێیدا تێروانینی خۆت لەبارەی عێراقەوە دیاری بکەیت".

سەری راوەشاند، بەڵام هیچ شتێکی نەووت.

دوای چەند کاتژمێرێك، رایس پەیوەندی کرد بۆ ئەوەی بپرسێت کە چۆن دەتوانێت هاوکاری بکات. " من و کۆلن قەناعەتمان بەوە هەیە کە عێراق بۆتە گۆڕەپانێکی یەکلایی کەرەوە لەجەنگی دژە تیرۆردا، وە ئەگەر ئێمە لەعێراق سەرکەوتنمان بەدەست هێنا، ئەوا دەتوانین شکست بەتیرۆری ئیسلامی بهێنین".

لەکۆتایی ئاب / ئۆگۆستدا فێرمۆنت ساردو سەوزو ئارام بوو. لەرۆژی دواتری گەیشتنمدا بۆ ئەوێ، هەینی ۲۹، دەبوو هەندێك پەیوەندی لەگەڵ بەغدادا ئەنجام بدەم، هەروەها ژمارەیەکی زۆر نامەی ئەلەکترۆنیم هەیە کە وەڵامیان بدەمەوە. بەڵام ئەو کارانە تا رادەیەك خۆش بوون بەهۆی نەبوونی خۆڵ لەسەر دەسکی تەلەفۆنەکە، یان تەپوتۆز لەسەر کلیلی کیبۆردی کۆمپیوتەرەکە.

خێزانەکەم لەدەورم بوون. فرانسی لەحاڵەتێکی باشدا بوو لێرە لەنیشتمان. سەگەکەشمان، مینی، بەدەوری ئەوەکەماندا دەسوڕایەوە، صۆفیا، کەئێستا خەریکە قسە دەکات، بەڵام ئەك بەزمانێکی روون و پاراو.

ئەوکاتەی کە نانی ئێوارەم دەخوارد بەخێرایی بەهەندێك ژمارەی بودجەدا چوومەوە، پاشان کلای لەبەغداوە تەلەفۆنی کرد. هەواڵ زۆر خراپ بوو.

ووتی، " تەقینەوەیەکی گەورەی تر رویداوە جێری، ئەم جارەیان لەشاری نەجەفە، بەلانی کەمەوە سەد کەس کوژراون".

وەك هەمیشە هەواڵی یەکەم ئاڵۆزو دژبەیەکە، بەڵام روودانی هێرشێکی گەورە مەسەلەیەکی گومان هەڵنەگرە. دەرکەوت یەکێك لەکوژراوەکان لەگەورە ئایەتوڵڵاکان و یەکێك لەئەندامانی



Scanned with CamScanner

مەرجەعیەتە، محمد باقر ئەلحەکیم، برا گەورەی عەبدولعەزیز حەکیم، ئەندامی گرنگ لەئەنجومەنی حوکمدا، ولات تووشی شۆك هاتبور بەهۆی ئەم کارە تیرۆریستیەوە کە دلی ناوچەیەکی شیعەنشینی کردبۆوە ئامانج.

لەماوەی چەند خولەکێکدا، تەلەفۆنەکەمان لەناو مالەکەمان لەکێلگەکەدا لێیدا. بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر پەیوەندیم لەگەل بەغداو پنتاگۆن و کۆشکی سپیدا بەست. کەخێرا مەسەلەی رون بۆوە.

" بەفرانسیم ووت " دەبێت بگەرێمەوە".

" کەی جێژی؟، برێکی زۆر لە کێشت لەدەستداوە. تۆ پێویستیت بەحەوانەوە هەیە".

بەدەنگێکی زبر ووتم " ئەمڕۆ..."

فرانسی لەئامێزی گرتم. " جێژی خۆشەویستەکەم.. لەوانەیە رەوشەکە لەوێ ئارام بێتەوە و بتوانیت بگەرێیتەوە". هەموومان هەولماندا یەکتری دلنیا بکەینەوە کە ئەوە مومکینە. بەلام دواتر هیچ یەکێکمان بڕوای بەوە نەدەکرد.

پاشان لەناکاو ئۆتۆمبیلێکی سەربازیی هات کە پیاوانی ئاسایشی تێدا بوو بۆ ئەوەی بمگوێزنەوە بۆ فرۆکەخانەی هارتفۆرد، کە لەوێوە فرۆکەیەکی جۆری " گلف ستریم" لەگەشتێکی درێژدا دەمباتەوە بۆ بەغدا.

کاتێك کە ئۆتۆمبیلەکە کەوتەڕێ سەیرێکی دواوەم کرد و بینیم هەموو ئەوانەی کە خۆشم دەوێن لەبەردەم دەرگای دەرەوەدا وەستابوون و دەگریان.

# کەرتی دووەم



Scanned with CamSc

## بەشی شەشەم

## " بەمێژوو بێزارمان مەکە"

### بەغدا

### ٣١ ئاب/ ئۆگۆستس ٢٠٠٣

دەستەی فرۆکەی سی -١٣٠ لەنێوان ڕەفەی هەڵگرتنی کەلوپەلەکانەوە لاربووندەوە، وەلا یاریزانی (جباز) خۆیان بە کێبلێکەوە هەڵواسیبوو کەلەسەرەوە شۆڕبووبووە. " بەباشی پشێنەکان بەستن". لەگەڵ کپوونی دەنگی بزوێنەرەکەدا، دەنگەکە وەکئەوەی گمەی بێت دەهاتە بەرگوێ.

پشتەوەی فرۆکەکە بەتیژی خواربۆوەو لەلای ڕاستەوە پەرەکانی پانکەکەم بینی دەگۆڕا بۆ خەپلەیەکی ڕەنگ خۆڵەمێشی ئاڵۆزو ناڕوون کاتێکیش کە فرۆکەکە بەشێوەیەکی لولێچی دابەزیە خوارەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە مانەوەی فرۆکەکە بکات لەسەنتەری نیشتنگەی فرۆکەخانەکەدا لەگەڵیدا ڕۆشناییەکانی نیشتنگەکە بەخێراییەکی ڕوولەزیادبوو دەسوڕایەوە.

پێشتر سەبارەت بەوەی کەلەکانی "نیشتنەوەی هێرشبەریدا" پێشبینی دەکەین ئاگادار کرابووینەوە، کە ئەویش مانۆڕێکە دانراوە بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشەی ئەو موشەکانەی کە دوای گەرمی دەکەون. بنەماکەش ئەوەیە خۆت لەپێشڕەوی درێژ لابدە لەبەرزاییەکی کەم بەسەر گوندەکاندا کە یاخیبوەکان دەتوانن ئەو موشەکانە ئاراستە بکەن کە لەسەر شان دەتەقێنرێن. لەڕۆژی پێشوودا، موشەکێکی سام-٧ ترابوو بە فرۆکەیەکی گواستنەوەی سەربازیەوە لەکاتی نیشتنەوەیدا. موشەکەکە نەیپێکابوو، بەڵام پێش ئەوەی لەعەممان هەستین فرۆکەوانەکانمان ووتیان، " نامانەوێت شەڕەنگێزەکان ئەمشەو خۆشبەخت بن".

باشە، وەك سەربازە ئەمریکیەکان دەڵێن.

ڕادەی شۆڕبونەوەکە زیادی کردو دەنگی سوڕانی پانکەکەی سەر بزوێنەرە جێگیرەکان بەرزبۆوە. ستافەکە دواین جوڵەی زەمبەلەکیان بەئاراستەی لای ڕاستدا کرد ، جارێکی تر بزوێنەرەکان کەوتنەوە گرمە گرم، فرۆکەکە چەند ساتێك وەستا پێش ئەوەی پێچکەکانی نیشتەوەی لەسەر نیشتنگە کۆنکریتیەکە سەقامگیربن.



Scanned with CamSc

دوای نۆزده کاتژمێر لەبەجێهێشتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جارێکی تر گەڕامەوە بۆ عێراق.

لەمیانەی گەشتە درێژەکەدا بۆ ئوردن، ژمارەیەك لە نامەم خوێندەوە کەلە کارمەندەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە نێردرابوون لەبارەی رەوشی ئەمنیەوە دوای تەقینەوەکەی نەجەف کە بووە هۆی کوژرانی ئایەتوڵلا محمد باقر ئەلحەکیم. سەرکردەکانی شیعە رێوڕەسمێکی مۆڵ و قەرەباڵغیان رێکخستبوو ( بەپیادەو بە ئۆتۆمبیل) لەبەغداوە بۆ هەردوو شاری پیرۆزی نەجەف و کەربەلا. لەرێوڕەشتنەکەدا پەژارەیەکی زۆر تێکەڵ بەتوڕەیی بوو، کە رەنگ بوو لەو رەوشە بەرەو ئاڵۆزبوون بچوبایەو توندوتیژی زیاتری لێ بکەوتایەوە.

بەهۆی زیادبوونی ئەو هەرەشانەوە کە رۆژانە ڕووبەڕوویان دەبمەوە ئێستا گۆڕینێکی نوێ لە پەیوانە تایبەتیەکان پاراستنی شەخصیی منیان لەئەستۆ گرتووە، زۆربێکیان کەسانی بەهێزو بەتوانی سەر بە مارینزن کەئێستا لەناو کۆمپانیای ئەمریکی بلاك ۆوتەردا کاردەکەن کە لەرێگەی گرێبەستەوە ئەرکی ئەمنی لەئەستۆدەگرن. ژمارەیان لەناو ئۆتۆمبیلەکانی شفرۆلیە سابربانەدا زیادی کردبوو- ئەوانە چەکی جۆری رەشاشی کورتیان هەلگرتبوو جاردێری رێگە فەرامۆشکراوەکەی فرۆکەخانەیان دەکرد- کاروانەکەمان پێکهاتبوو لە دوو ئۆتۆمبیلی هەمفی قەڵغانپۆش و، ئۆتۆمبێلێکی سابربانی تری قەڵغانپۆش کە چەکدارەکانی بلاك ۆوتەری هەلگرتبوو، بەدوایدا دوو ئۆتۆمبیلی هامفی دەهات. بەڵام هێندەی ئەوەی کە بیرم لە ئەگەری ڕوودانی هەر ڕووداوێکی توندوتیژی دەکردەوە کە ئەگەری هەبوو ڕووبەڕووی زیاتر لە ٣٠٠,٠٠٠ شیعە ببێتەوە کە بەرەو باشور بەرێوەن بۆ بەشداریکردن لەرێوڕەسمی ناشتنی ئایەتوڵلادا هێندەی ئەوە بیرم لەسەلامەتی خۆم نەدەکردەوە. رەنگە سەرکەوتنی یاخیبووەکان لەهێرش کردن سەر بەشداربووەکانی رێوڕەسمەکە جەنگێکی ئەهلیی لێبکەوێتەوە. ئێمەش هێندە هێزەی هاوپەیمانان یان پۆلیسی عێراقیمان نییە بتوانێت رێگە بەو توندتیژییە بگرێت کەرەنگە لەزۆرێك لەشارەکاندا شیعە لەدژی سوننەکان هانبدات.

لەکاتێکدا کە گەورە فەرمانبەرەکان لە بارەگای سەرکردایەتی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان ئاگاداریان دەکردمەوە لەدوایین پێشهاتەکان، کلای ووتی، " رێوڕەسمەکە بەبێ هیچ رووداوێك بەرێوەچوو. سبەینێ بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بەدەوری مەزارگە پیرۆزەکانی کەربەلادا دەسوڕێنەوە پاشان رۆژی پێنج شەممە تەرمەکە بەرەو نەجەف بەرێدەخرێت.

ووتم، " بەلانی کەمەوە شتێکیان ئەنجامم داوە". پرسیم " ئەی رەوشی کاروبارەکان لەئەنجومەنی حوکم چۆنە"؟

لەکاتێکدا کە سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد ووتی، " هێشتا لەکۆبونەوەدان. وا دیارە ئەوان دواجار لەسەر پێکهێنانی حکومەت ڕێکەوتن ئێستا مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئایا ئەمشەو رایدەگەیەنن یان نا".

زاڵبوونی ئەنجومەنەکە بەسەر ناکۆکیی و ڕکابەریی نێوان ئەندامەکانی و ڕێکەوتن لەسەر لیستی وەزیرەکان بەدەسکەوتێکی نایاب دادەنرێت. گرفتەکە ئەوەیە کە ئیبراهیم جەعفەریی، سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بۆ مانگی ئاب/ئۆگۆستس، دوو دڵە لەوەی کە سەرۆکی هاتووی دوای خۆی بۆ مانگی/ئەیلول سێپتەمبەر، ئەحمەد چەلەبی خاڵگەلێکی سیاسی بەدەست بهێنێت بەپێشکەشکردنی ناوەکانی حکومەتی نوێ بەگەلی عێراق. بۆیە جەعفەریی دەیەوێت پەلەبکرێت لەراگەیاندنیدا پێش ئەوەی ماوەی حوکمڕانیەکەی خۆی تەواو بێت.

جەعفەریی ئەندامی گەورەی ئەنجومەنی حوکم تاکە کەسێك بوو لەوێ مابۆوە کاتێك کە من و هاوەڵە بەریتانیەکەم گەیشتینە بینای ئەنجومەنی حوکم لەکاتژمێر نۆی شەودا. دوای هەندێك خۆشدویی و سەرەخۆشی بەهۆی شەهیدبوونی ئایەتوڵڵا حەکیم، جەعفەریی دەستی کرد بە قسەکردنێکی باو لەبارەی" هەستانی عێراقیەکان بەکاری زیاتر لەپێناو ئارامی و ئاسایشی خۆیاندا".

پرسیارێکی ورووژاند کەپێش چەند هەفتەیەك ئاراستەی ئەنجومەنی حوکمم کرد؛ " ئێمە تەواو ڕەزامەندین. بەڵام تۆ بەتەواوی پێشنیاری چی دەکەیت؟ تۆ دەزانیت ئێمە شەو ڕۆژ کار دەکەین بۆ ئەوەی قەبارەی پۆلیسی عێراقیی و هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی زیادبکەین".

جەعفەریی ووتی،" پێموایە مایەی داخە نموونەی ئەو جۆرە ڕووداوە لەشارە پیرۆزەکەماندا ڕوویدات. دەبوو هاوپەیمانان کاری زیاتریان بکردایە بۆ پاراستنی ئاسایش لەوێ".

" دکتۆر جەعفەریی چەند جارێك ئەوەم ڕوونکردۆتەوە، بۆ تۆ و بۆ هاوەڵەکانت کە گەورە پیاوانی ئاینی لەنەجەف داوایان کردبوو هێزەکانی هاوپەیمانان لەدووری مەزارگە پیرۆزەکانەوە بمێننەوە. ئێمەش وەك ڕێزێك بۆ ئەو شارە پیرۆزانە ئەوەمان کرد". بۆیە پیاوکوژەکان توانیان بەشێوەیەکی ئاسان ئەو بۆمبە بچێنن کە بووە هۆی کوشتنی ئایەتوڵڵا محمد باقر ئەلحەکیم و ژمارەیەك لەلایەنگرانی خۆیان.

کۆبونەوەکە بەبەڵێنێکی جەعفەریی کۆتایی هات کە سێ لەئەندامانی ئەنجومەنەکەیان ئامادە بکات بۆ لیژنەی ئەمنیی هاوبەشی نێوان ئەنجومەنی حوکم و هاوپەیمانان کە پێش مانگێك پێشنیارمان کرد بۆ ئەوەی سەرلەبەیانی سبەی لەگەڵ هاوتاکانیاندا لەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان کۆببنەوە.

سەرەڕای کەنەفتەیی جیاوازی کات، هەستمکرد پێویستە هەندێك کات تەرخان بکەم بۆ پێداچوونەوەی لیستی. وەزیرەکان کە ئەنجومەنی حوکم پێشنیاری کردبوون. لەکاتی



Scanned with CamSc

پێداچوونەوەی ناوەکان لەگەڵ ئەمریکیەکان و بەریتانیەکان لەگرووپی بەڕێوەبردنی حوکمەکەمدا، ووتم، بەلانی کەمەوە شتێکیان ئەنجام داوە. ئەوەش هەواڵێکی باشە لەچاو ئەو کاتەدا کەلەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا بەفیڕۆیان دا".

سکۆت ووتی، " بەڵێ، بەلاّم شێوازی هەڵبژاردنی کەسەکان هاندەر نیە". ڕوونیکردەوە ئەوانیان بەهەمان ئەو شێوازە هەڵبژاردووە کەلە هەڵبژاردنی لیژنەی ئامادەکردنی دەستووردا گرتیانەبەر. " جارێکی تر لەسەر ئەوە رێکەوتوون کە هەر یەکێك لەبیست و پێنج ئەندامەکە وەزیرێك هەڵبژێرێت. لەواقیعدا ئەوان خۆیان دووبارە کردۆتەوە بەبێ ئەوەی هەر کۆششێکی ڕاستەقینە بکەن بۆ فراوانکردنی بنکەی ئەنجومەنی سیاسیی".

میگهان ئۆسۆلیڤان ووتی ئەم شێوازە گرفتێك دەخاتەوە: لەحکومەتی پێش جەنگدا بیست و یەك وەزارەت هەبوو بەلاّم ئێستا چوار وەزارەتیان زیادکردووە بۆ ئەوەی هەر ئەندامێك پارچەیەك لەکێکەکەی بەربکەوێت. یەکێك لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکمیش بە ووتەی" کار بۆ هەمووان" گوزارشتی لەمە کردبوو.

کلای تێبینی ئەوەی کرد کە " لەبەرامبەردا ئەوان لەدووری هێڵە سورەکانی ئێمەوە ماونەتەوە". کە ئاماژەی بۆ ئەو ووریاکردنەوە کرد ئێمە ڕازی نابین بەوەی ئیسلامیەکان لەهەردوو وەزارەتی ناوخۆو پەروەردەدا بن.

لەنێو ئەو سیانزە شیعەیەدا کە هەندێك لەوەزارەتە بنچینەییەکان دەبەن بەڕێوە کەسانی ئاینداروعەلمانیان تێدابوو، بەلاّم لەنێویاندا توندڕەوە تایفیەکان بوونیان نەبوو. وەك پێشبینیشمان کردبوو، کوردەکان پێنج پۆستە وەزاریەکانیان لەنێوان هەردوو پارتە سەرەکیە کوردیەکەدا دابەش کردبوو. سوونەش پێنج وەزارەتیان بەرکەوتبوو، لەنێویاندا وەزارەتی ووزەو داد کە دەورێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لەبونیادنانی حوکمی یاسادا. هەروەها مەسیحیەکی ئاشووری وەك وەزیری نوێی گەیاندن و، تورکمانیەکیش کە رەشاد مەندان بوو هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بوو لەئەندازەی مەدەنیدا کەلەبەریتانیا بەدەستی هێنابوو، وەك وەزیری زانست و تەکنەلۆژیا دانرابوون. جۆنز چابلێش کە دبلۆماسیەکی بەریتانی بوو کۆششێکی زۆری کردبوو بۆ ئەوەی ژنانی عێراقی بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵێك بگێڕن لەژیانی وڵاتدا بێ هیوای خۆی دەربڕی لەبوونی تەنها یەك ژن لەنێو وەزیرەکاندا– نەسرین بەرواری، کە هەر کورد بوو، لەحکومەتی کوردیدا خزمەتی کردبوو.

ئەو ئەندامانەی کە قەڵەمڕەویان زیاتر بوو– جەعفەری و حەکیم و تاڵەبانی و چەلەبی– بەهەموو قورسایی خۆیانەوە دابەزی بوون بۆ کۆکردنەوەی ئەم وەزارەتە.



Scanned with CamSc

دەزگای هەواڵگریمان لەلیستی ئەو زانیاریانەدا کەلایان بوو وورد بینی لە ناوی پاڵێوراوەکان کردبوو بەلام لەناو وەزیرەکاندا کەسێکی نەبینیوە بەعسییەکی گەورە بوبێت، سەرەڕای ئەوەی ئێمە دەزانین زانیارییەکانمان لەم مەسەلەیەدا زۆر کەمە. بەوە کۆتاییم پێ هێنا " وا دیارە گروپێکی کارامەو لێوەشاوەین. من زۆر ماندووم ناتوانم ئەمشەو لەمە زیاتر بەدواداچوون بۆ ئەم مەسەلەیە بکەم. لێیان گەڕێن با بچنە پێشەوەو هەستن بەڕاگەیاندنی ئەوەی کە دەیانەوێت. دەمەوێت خۆم بشۆم و بخەوم".

لەوکاتەدا کە ئامادەبووان لەدەوری مێزە مەڕمەڕەکە هەستان بۆ ئەوەی بڕۆن، کلای خاوەخاوی دەکردو شتێك هەبوو کە نیگەرانی کردبوو.

ووتی، " من نیگەرانم سەبارەت بە مەزاجی پێنتاگۆن جێربی".

" چی نوێ هەیە"؟

" من لەوێ لەڕێگەی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانمەوە دەبیستمەوە کە هێزە چەکدارەکان و، بەتایبەتیش سوپا، زۆر نیگەرانن سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکردن بە هێزەکان لەبەهاری داهاتوودا.

زۆربەی ئەو هێزانەی کەئێستا لەعێراقدان لەماوەی نێوان شوبات/ فێبرایەرو نیسان/ئەپریلی ٢٠٠٤ دا ساڵەکەیان لەعێراق کۆتایی پێدێنن. پێویستە لەسەرو سوپاو مارینزیش بەلانی کەمەوە پێنج فرقە دیاری بکەن بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت. ئەمە ئەگەر کەمکردنەوەیەکی گەورە بەهێزەکانمان نەکرێت. کلای ڕەشنوسی ڕاپۆرتێکی سەرکرایەتی ناوەندی لەسەر مێزەکەم دانا، تێیدا ژەنراڵ ئەبی زەید پێشنیار دەکات عەمیدێك بنێردێت بۆ عێراق " بۆ هەماهەنگی و بەکات و رادە مامەڵەکردن" لەنێوان هەموو هێزە ئەمنیەکانی عێراق، لەناویشیاندا سوپای نوێی عێراق و پۆلیس و پاسەوانانی سنورو، چڕکردنەوەی کارەکەی.

بەکلایم ووت، " ئێمە ڕێکەوتووین لەسەر پێویستی خێرا ئامادەکردنی هەموو پێداویستیەکانی مەشقکردن. بەلام ئەو پەیامەی کە ڕاپۆرتەکە لەناوئاخیندا هەڵیگرتووە ئەوەیە کە هێزە عێراقیەکان لەماوەیەی کورتدا دەتوانن جێگەی هێزەکانمان بگرنەوە. بەلام ناکرێت ئەوە بەم خێراییە ڕوو بدات ئەگەر ئێمە بمانەوێت پۆلیس و سوپایەکی عێراقی کارامەو لێوەشاوەمان دەستبکەوێت".

کلای ووتی، " بەلام دەمەوێت بڵێم ئەمە ئەوەیە کە نیگەرانم دەکات. وا دیارە کەسانێك هەن لەواشنتۆن و ئامبا دەیانەوێت قەناعەت بەخۆیان بکەن لەوانەشە هەروەها بەڕامسفێڵدیش، کە پۆلیسێك یان پاسەوانێکی سنوری عێراقیی لەبەهاری داهاتوودا لەڕووی تواناو کارامەییەوە لەگەڵ سەربازێکی فرقەی چواری پیادە یان مەفرەزەی سێی زرێپۆشەکاندا لەڕووی تواناو کارامەییەوە

هاوبەرامبەر دەبێت.

وتم، " ئێمە هێندەی لەتواناماندا بێت دەبێت پەلە بکەین لەمەشقکردن بەعێراقیەکان. بەڵام دەبێت کارناشناو کارامە بن، نەك هاوشێوەی ئاوانکارە ناتواناکان کە لەناو دەزگاکانی پۆلیسی صەدامدا هەبوون".

کلای وتی، " سۆلۆکۆمب بەوپەڕی توانایەوە کۆشش دەکات بۆ چڕکردنەوەی بەرنامەی مەشقی سوپا لەماوەی ساڵێکدا".

لەکاتی سەردانێکی کورتمدا بۆ عێراق لە ئاب/ئۆگۆستدا، دۆناڵد ڕامسفێلد فشاری کرد بۆ ئەوەی پلانی ئەو مەشقەی کە بیست و حەوت کەتیبەی لەسوپای نوێی عێراق پێدەگەیاند لەدوو ساڵەوە کە سۆلۆکۆمب پێشنیاری کردبوو، چڕبکرێتەوە بۆ یەك ساڵ. ئێستاش گروپێکی مەشقی فراوانی هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی لیوا پۆل ئیتۆن لەبنکەی قەرەقۆش لەدووری سەد میل لەباکوری خۆرهەڵاتی بەغداوە کاردەکەن و ، بەم نزیکانەش یەکەم کەتیبە کە لە ٥٠٠ یار پێکدێن ئەو مەشقە تەواو دەکەن و دەردەچن.

کلای وتیشی،" سۆلۆکۆمب پێی وایە ئیتۆن دەتوانێت مەشقەکە کورت بکاتەوە، بەڵام ئەوە ئەرکێکی قورس دەبێت. ئێستا چی بکەین سەبارەت بەمەشقپێکردنی پۆلیس دوای ئەوەی پرۆژەی ئەو مەشقپێکردنە کە بڕیاربوو لەیەکێك لە سەربازگەکانی هەنگاریادا ئەنجام بدرێت شکستی هێنا"؟

پێش ئەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان بەجێ بهێڵم، هەواڵی ئەوەم پێگەیشت کە پەرلەمانی هەنگاریا ستی دەنوێنێت لەبڕیاردان لەسەر داواکەمان بۆ مەشقپێکردنی پۆلیسە عیراقیەکان لەو وڵاتەدا.

بەشەکەتی وەڵامم دایەوە، " بەیانی زوو بیرێنی لەگەڵ خۆت بێنە پێویستە لەسەرمان کاتێك کە ڕامسفێلد لەهەفتەی ئایندەدا دێت بۆ ئێرە مەترسیەکانی خۆمانی لەوبارەیەوە لەگەڵدا باس بکەین. دەبێت ئێستا بڕۆم بۆ ئەوەی ژوورە نوێیەکەم ببینم".

فرانك گالاگری سەرۆکی گروپی ئاسایش لە " بلاك وۆتەر وتی " ئەم ژوورە زۆر لایەنەی باشی هەیە گەورەم"، " دیوارەکان ئەستورن".

ئەمە هۆکاری سەرەکییە بۆ گواستنەوەم لەکەرفانەکەی نزیك کۆشکەوە بۆ ئێرە: ئاسایش. بەداواکاریەك لەلایەن ڕامسفێلدەوە، هەواڵگری ئەمریکا ڕومالێکیان کردبوو بۆ رەوشی ئەمنی من و بەوە گەیشتبوون کە من لەهەموو بەرپرسە ئەمریکیەکانی تر لەجیهاندا زیاتر هەڕەشەم لەسەرە. ناوچەی سەوز، وەك ئەوەی کە سەربازەکان ناویان لێناوە ناوچەی کۆشك، نەك تەنها هەڕەشەی هێرشە رووڵەزیادبوەکانی بە هاوەن و موشەك لەسەرە، بەڵکو ڕاپۆرتە هەواڵگریەکان



Scanned with CamSc

ئەوەیان کەشف کردووە کە ناوی من لای لیستی یاخیبووەکان لەپێشی پێشەوەدایە. بوارێکی گەورەش هەیە بۆ بوونی بکوژێك لەناو سەدان عێراقیدا کەلەکۆشکدا کار دەکەن هەر لە دەرگاوانەوە بیگرە هەتا ئەفسەری پەیوەندیی. راپۆرتێکی بلاك وۆتەریش کە بەجدیی وەرگیرابوو ئاماژەی بەوە کردبوو بەکێك لەسەرتاشە عێراقیەکانی ناو کۆشك بەکرێ گیراوە تا لەکاتی سەرتاشینمدا بمکوژێت. بلاك زوتەر دەیویست من کەرەڤانەکە بەجێ بهێڵم کە لەگەڵ کلاپیا پێکەوە بووین بۆ بینایەك کە بتوانن بەرگریم لێ بکەن و زیاتر بمپارێزێت لەهەڕەشەی بۆردمانی هاوەن و موشەکەکان و یاخیبووە بکوژەکان کە خۆیان مەڵاسداوە.

لەڕۆشنایەکی کزدا لەبەردەم ڤێلالا دزێوەکەدا وەستام. کە بەدەستی صەدامی دروستکرابوو؛ زەخرەفەی زۆرو بێ رەونەق. لەدووری سێ صەد یاردە لەباشووری خۆرهەڵاتی بینای کۆشکی سەرەکیەکەوە ژمارەیەکی زۆر خانووی هاوشێوەی ئەمە لەنێوان دارخورما فەرامۆشکراوەکاندا هەیە. تێکڕای ناوچەی کۆشك جۆرێك بوو لە کۆمەڵگەیەکی خێزانی صەدام. ژمارەیەکی زۆر لەم بینا دزێوانە بۆ دوو کوڕەکەی و خەسوەکانیان دروست کرابوون. دەوترا ئەم خانووە بۆ خەسووەکەی قوصەی تەرخانکرابوو.

بەناو زۆرە بێڕاخەرەکاندا رۆیشتم، کەپڕبوون لەگرێبەندی تیمچە کەوانەیی مەڕمەڕو چلچرای کریستاڵی ساختە کەبە بنمیچە بەرزەکاندا هەڵواسرابوون. ئەم شوێنە ئەفسونی زۆرێکی چاوەڕوانی هەیە لەدوبسنگەکانی شەمەندەفەردا. لەڕاستیدا تاسەی کەرەڤانە بچووکە سادەکەی خۆمم کرد کەبگەڕێمەوە بۆی.

گالاگر ووتیشی، "دەتوانیت لەماوەی دوو رۆژدا بگوێزیتەوە، هەرکە پەناگەکەمان بونیاد نا".

من فرانك دەناسم و خۆشمدەوێت، بۆ خۆشبەختیش ئەو بەرپرسیار بوو لە ئاسایشی هنری کیسنجر کاتێك کە لەندەوەدەکاندا من بەڕێوەبەری کارگێڕیی دامەزراوەی (کیسنجر ئاسۆشێتس)بووم فرانك " سیخوڕێکی تایبەت" بوو لەمارێنزداو من تەواو متمانەم پێدەکرد.

لەم چەند هەفتەیەی دوایدا هاوەن و موشەك بەدەوری بارەگای سەرکردایەتی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانندا دەکەوتە خوارەوە. بۆیە گرووپی ئاسایشی بلاك رۆتەر پێداگریی کرد لەسەر بوونی شوێنێکی سەرکردایەتی لە کۆنکرێت و شوشەی پارێزەردا و پەناگەیەکیش لەگۆشەی باکوری خۆرهەڵاتەوە لەنهۆمی یەکەمی ماڵە نوێیەکەدا چونکە زۆربەی هاوەن و موشەکەکان لەباشوری خۆرئاواوە بەسەر روباری دیجلەدا هەڵدەدران.

کاتێك کە لەکەشێکی ئاراستەیەك ساردا گەڕامەوە بۆ کەرەڤانەکەم، هەستم بەدڵزیەکی هەست کرد سەبارەت بە بارەگا نوێیەکەم. ماڵەکە گۆڕینەوەیەك بوو لەنێوان سەلامەتی و حەوانەوەی



Scanned with CamSc

زیاتر، برێکی زیاتر لەدابڕان لە کارمەندەکانم و، ژیانی شارو خودی وڵاتەکە. بەڵام سەرەڕای بوونی مەترسیش من سوورم لەسەر ئەوەی لەچوارچێوەیەکی فراوانتری کۆمەڵگەی بارەگای سەرکردایەتی – لەهەموو شوێنەکانی بەغداو عێراق- دا بیم و بچم و بگەڕێم.

دیاربوو بێرنی کێریك لەرووی جەستەییەوە شەکەت بوو، بەڵام هێشتا سووربوو لەسەر کارکردن. ئەوە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك دەچوو بەدرێژایی چەند کاتژمێرێك کاری دەکرد، لەهەوڵی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی پۆلیسی عێراقیدا بوو لەکاتێکدا کە یارمەتی پێشکەش دەکرد بۆ نوێکردنەوەی وەزارەتی ناوخۆ. دەرکەوت کە کێریك دەیزانی شتێك هەیە چونکە بە شێوازی پۆلیسێکی شەقامەکانی نیویۆرك ووتی، " بۆچی وا هەست دەکەم کە کۆبونەوەکە هەواڵێکی خۆش نایێت گەورەم"؟

کاتێك کە نوێترین نامەکانم لێوەردەگرت ووتم، " ڕێکەوتنامەی مەشقکردن بە پۆلیس لەهەنگاریا لەناوبرا بێرنی. پێویستە لەسەر پەرلەمانەکەیان لێکۆڵینەوەو مشتومڕ لەسەر مەسەلەکە بکات. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت لەنزیکترین کاتدا پێش کۆتایی ئەمساڵ بڕیاری لەسەر نادرێت".

ووتی، " ناتوانین ئەو هەموو ماوەیە چاوەڕوانی بکەین".

ووتم، " بەڵێ، بۆیە دەستبەرداری هەنگاریا دەبین".

ووتیشم، " کلای، مادام بێرنی دەگەڕێتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، پێویستە لەسەرت سوود لەمە وەربگریت. بەزووترین کات برۆ بۆ عەممان و هەوڵ بدە پێشنیاری مەشقکردنی پۆلیس لەئوردن کۆتایی پێ بهێنە".

کلای پرسی، " ئایا ئێمە بەتەواوی دڵنیاین لەوەی کە هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ ئەوەی لەعێراق مەشقەکە ئەنجام بدەین"؟

کێریك بەخەمەوە ووتی، " کلای، دەیان جار ئەمەمان باسکردووە. هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ ئەوە لەو ماوە زەمەنیەدا کە باڵیۆز بریمەر دایناوە. فاکتەری سەرەکی بریتیە لەشوێنی پێویست و دابینکردنی پێداویستەکان تێیداو.. ژووری وانەخوێندن و گۆڕەپانی گوللەهاوێژی. هەموو ئەمانەش لەعێراق فەراهەم نین. ئێمە باس لە مەشقپێکردنی سی و پێنج هەزار یان چل هەزار پۆلیس دەکەین لەماوەی دوو ساڵدا".

بیرمکردەوە ، کە لەوانەیە لەو ماوەیە کەمتریش، بەڵام ئەوەم نەووت.

بێرنی بەردەوام بوو، " من گەورەترین هێزم لەوڵاتدا بەڕێوەبردووە گەورەترین بەرنامەی مەشقم لابوو لەئەمریکا، شەش هەزار مەشقپێکراو لەساڵێکدا. بەڵام ئەو بەرنامەیەی ئەوێ لەچاو ئەم بەرنامەیەی ئێرەدا هەر هیچ نیە".

ووتم، " کلای، برۆ بۆ ئوردن و پلانێك ئامادە بکە. من بەخێرایی پێویستم پێیەتی. پەیامێکی بەپەلە لەمنەوە بە بۆ شا و پێی بڵێ: من هیوادارم داوا لە پیاوەکانی بکات کە یارمەتیمان بدەن".

کلای ووتی پێویستم بەوەیە دزگ براند لەگەڵ خۆم بەرم، کەسی دووەمی بەریتانیی لە گروپەکەی بێرنیدا، یەکسەر ڕەزامەندیم لەسەر ئەوە نیشاندا.

دوای دوو ڕۆژ پەیوەندیەکم لە ڕۆبن جفری سەرۆکی نوسینگەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەپێنتاگۆن پێگەیشت سەبارەت بەبودجە زیادەکە، ڕۆبن پێش ئەوەی بگەڕێتەوەبۆ واشنتۆن بۆ ئەوەی لەوێ لە بەرژەوەندییەکانمان بەئاگابێت لەهاوینیدا چەند مانگێك لەبەغدا خزمەتی کردبوو. ئەو بەرپرسیارێکی پێشوو بوو لە بانکێکی وەبەرهێنانیدا، ئەویش وەك چەندین کەس ر بۆ ئامانجێکی خۆنەویستانە بەخۆبەخش هاتبوون بۆ ئەوەی لێرە یارمەتیی عێراقیەکان بدەن. ئەو زانیاریەکی باشی هەبوو سەبارەت بەو گرفتانەی کە ئێمە ڕووبەڕوویان دەبینەوە. ئەو چاو و گوێی من بوو لەچالاکیەکانی لەنێوان دەستگاکان لەدەسەڵاتی جێبەجێکردندا.

ڕۆبن پێی ڕاگەیاندم، " بیرکردنەوەی ئێستام سەبارەت بە یارمەتییە زیادەکان بۆ ڕوون نەبۆتەوە". هێشتا پێنتاگۆن و نوسینگەی بەڕێوەبردنی بودجەو کۆشکی سپی بەو تەکتیکانەدا دەچنەوە کەتایبەتن بە داواکردنی یارمەتیە زیادەکان لەکۆنگرێس. " پێموایە کە نوسینگەی بەڕێوەبردنی بودجە وەستاوە لەگەڕان و ووردبوونەوە لەژمارەکان بۆیە وادیارە بەشێکی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە یارمەتیە زیادەکاندا نزیك دەبێتەوە لەبڕی بیست ملیار دۆلارە پێشنیارکراوەکە".

ئەوە یەکێك بوو لەو مەواڵە خۆشە دەگمەنانە لەکاتێکدا کە هەموو ئامە ئەلەکترۆنیەکان و پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان ووردەکاریان تێدا بوو لەبارەی گرفتێك یان قەیرانێکی نوێوە. ئەو پێشنیارەی کە دەیڤ، ئۆلیڤەرو پیاوەکانی تەواویان کردبوو بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم واشنتۆن لە ئاب/ ئۆگۆستسدا ئەوەی تێدا دیاری کرابوو کە بونیادنانەوەی هێزەکانی ئاسایشی عێراق لەئەولەویەتی کارەکانمانە- بەتێچوونێك کە دەگاتە ٦ ملیار دۆلار. هەروەها پێداگریمان کرد لەسەر فراوانکردنی بەرهەمهێنانی ووزە و سەرلەنوێ چاککردنەوەو وەگەڕخستنەوەی پیشەسازی نەوت.

ئەمە ئەو ئەولەویاتانەن کە هەموو بەشێك لە پارەوپولی یارمەتیە زیادە داواکراوەکان شایەنیانە تیایاندا خەرج بکرێت: هێزەکانی پۆلیسی عێراقی کە بتوانێت بەرگریی لەوڵاتەکەی بکات، هەروەها گەڕاندنەوەی تەزووی کارەبا بۆ ناو هێڵەکان، کە یارمەتیدەر دەبێت لەهیوابەخشین بە ئایندەیەکی گەشاوە و سەقامگیر بەخەڵك و" پیشەسازیەکی نەوتیی کە دەکرێت دەست بکاتەوا بە بەدیهێنانی ووزە مەزنەکانی وەك میراتێك بۆ گەلی عێراق.

بەڵام بیست ملیار دۆلار پارەیەکی زۆرە. هەستم بەوە کرد بۆ دەستخستنی ئەو برە پارەیە کۆنگرێس دەمخاتە هەڵوێستێکی قورسەوە.

بەڵام من ئامادە بیمە کیسی مشتەکۆڵە لێدان لەبەردەم کامیراکانی تەلەفزیۆندا، ئەگەر ئەمە مانای ئەوە بگەیەنێت ئێمە ئەو پارانەمان دەستدەکەوێت کە عێراق پێویستی پێیەتی.

لەو کاتەدا نەمدەزانی توندی ئەو مشتەکۆڵانەو ڕادەی نزیکیان چەندە.

لەکاتێکدا کە بیرم لەوە دەکردەوە، گوێم لەدەنگی تەقینەوەیەکی دوور بوو لەخۆرئاوا. لەوانەیە بۆمبێکی تری تەنیشت ڕێگایێت تەقیبێتەوە.

ئەوەی ئەو چوارشەممەیە لەلایەن ئەنجومەنی حوکمەوە پێمڕاگەیەندرا موقتەدا صەدر پلان دادەڕێژێت بۆ ئەوەی دوای نوێژی هەینی لەنەجەف فەتوایەك دەربکات و تێیدا داوا لەباوەڕداران بکات لەدژی هاوپەیمانان جیهاد بکەن. لەلایەنی تەکنیکیەوە صەدر ناتوانێت- کە ئەو لەباشترین ڕەوشەکانیدا هێشتا قوتابیەکی لاوە- ناتوانێت ئەم جۆرە فەتوایە دەربکات، چونکە ئەو پیاوێکی ئاینی تەواو شیاو شایستە نیە. بەڵام شوێنکەوتووە بێکارەکانی و بڕزە لەبەر براوەکانی لە گەڕەکی شاری صەدری هەژارنشین ڕەنگە ئەوە جیانەکەنەوە.

ئەندی مۆریسۆنی ڕاوێژکارم لەشاری بەغدا پێیان ڕاگەیاندم، کۆمەڵەکەی صەدر هەوڵدەدەن دەستبگرن بەسەر پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەدا کە هاوپەیمانان لەشاری صەدر جێبەجێی دەکەن بەترساندنی ئەو عێراقیانەی لەوێ کار دەکەن- دەیانەوێت دەستبگرن بەسەر پارەکانماندا تا فەزڵی ئەنجامدانی کارەکان بۆ خۆیان بگەڕێتەوە. ئەوەش تەکنیکی بەکارهێنانی هێزە لای چەتەکان. هەروەها هەواڵی نیگەرانکەرمان پێگەیشتووە لەبارەی ئەوەوە کە بەکرێگیراوەکانی موقتەدا هانی پشێوی و نانەوەی تەنگوچەڵە دەدەن لەشاری کەرکوك، کە لەوێدا شوێنی گرژیی و ئاڵۆزییە ڕەگەزییەکانە.

من و کلای و هیوم ڕاوێژمان کرد. ئەنجومەنی حوکم دەیویست لەڕۆژی دواتردا وەفدێك بنێرێت بۆ نەجەف بۆ ئەوەی داوا لەئایەتوڵڵا سیستانی بکات بێتە ناو مەسەلەکەوە.

هیوم وتی، " ئەگەر سیستانی بەتوندی سەرزەنشتی ئەو گەمژەیە بکات ئەوا ناوی ڕووی نابێت".

کلای وتیشی، " ئەوەش یارمەتیدەر دەبێت لەو کاتەدا کە عێراقیەکان بەتۆمەتی کوشتن دەیگرن، یان کاتێك هەوڵی ئەوە دەدەن".

وتم، " ئەوە بەنسبەت کارە باشەکانەوە، وەك ڕامسفێڵد دەڵێت. بەڵام ئەگەر موقتەدا چەتەکانی بەرەڵاکرد، ئەوا توندوتیژی لەدژی هێزەکانمان روو دەدات، بەتایبەتی لەشاری صەدر".



Scanned with CamScanner

نوری بەدرانی وەزیری نوێی ناوخۆی عێراق لەکاتێکی دواتری ئەو هەفتەیەدا هات بۆ نوسینگەکەم بۆ ئەوەی سەردانم بکات. ئەو شیعەیەکی عەلمانی قژزەو لەسەرەتای پەنجاکانی تەمەنیدایە و، ژنبرای ئیاد عەلاوییە ئەندامی ئەنجومەنی حوکمە. بەدران چەند جارێك لە هەوڵی تیرۆرکردن و ڕفاندن قوتاری بووە کە دەزگا سەرکوتکەرەکانی صەدام لەنەوەدەکاندا پێی هەڵدەساتن. بۆیە بەلامەوە کتوپڕ نەبوو کاتێك پلانێکی پوختی دانا بۆ چاکسازیکردن لە وەزارەتەکەیدا، کە بەرپرسە لە پۆلیسی ئاسایی و پاسەوانانی سنورو یەکە نیمچە سەربازییەکان، کە لەوکاتەدا ئێمە پێمان دەووت فەیلەقی بەرگریی نیشتمانی، دواتر ناوی لێنرایەوە پاسەوانی نیشتمانیی عێراقیی.

بەدران ووتی، " جەنابی باڵیۆز، هیوادارم هاوڕابیت لەگەڵمدا. کلیلی لەناوبردنی ئەم توندوتیژییە پۆلیسە"

ئەو بەووزەیەکی خەفەکراوەوە قسەی دەکرد، وەك ئەوەی مەشقی کردبێت لەسەر ئەوەی کە دەیوت. بەبیری هێنامەوە کە مومارەسەکردنی ئەم جۆرە لەدەسەڵات بەنسبەت شیعەکەوە کە زۆر چەوساندنەوەی چەشتبێت و بۆ ماوەی چەند دەیەیەك لەسایەی صەدام حسێندا وەك پیاوێك ڕاونراو ژیابێت کارێکی دڵخۆشکەرو هەم توقێنەریشە. بۆ ئەوەی کۆبونەوەکەش بەووتەیەك بکاتەوە کە بگونجێت لەگەڵ دەرئەنجامەکەمدا سەبارەت بە چارەسەکردنی گرفتی توندوتیژی لەعێراق، ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە زاوا بەهێزەکەی باش ڕایهێنابێت. عەلاوی لەنێو سەرکردەکانی ئەنجومەنی حوکمدا، بیرکردنەوەیەکی کرداریی خستەڕوو کە شەقڵی هێزی پێوەیە. بەدران باسی لەوە کرد کەلەهەفتەی یەکەمی لەوەزارەتدا ژمارەیەك (سیاسەتی نوێی )داناوە، بەڵام پێش ئەوەی دەستبەکاربێت دەیەوێت ڕەزامەندی من وەربگرێت.

یەکەم برێتیە لە بونیادنانی" یەکەیەکی پۆلیسی تایبەت"، کە ئەندامەکانی لەولەوێ لەسەربازەکانی پاسەوانانی کۆماری بن، کەئەم یەکەیە وەك هێزێکی بەرپەرچدانەوەی خێرابێت و لەژێر فەرمانی پۆلیسدا بێت و ڕووبەڕووی هێرشەکانی یاخیبوەکان ببێتەوەو تێکیان بشکێنێت.

ئەوە هەژێنەر بوو: بوونی یەکەیەکی بچووك لەپۆلیسی تایبەت دەکرێت کارامەیی و شارەزاییەك بۆ بنبڕکردنی یاخیبوەکان پێشکەش بکات زیاتربێت لەوەی لای هێزەکانی هاوپەیمانان هەیە- زمان و ناسینی کلتورو، مەعریفەی بنچینەیی شەقامەکان و، تۆڕگەلێك لە هەواڵدەرەکان. بەڵام پرسیم ئایا دەتوانین متمانەیان پێبکەین؟ هێزەکانی پاسەوانانی کۆماریی بەشێوەیەکی گشتی بە بەعسیە دڵسۆزەکان دادەنرێن. هەروەها من دەزانم سەردارەکەی، کە عەلاویە، ئەندامێکی پێشووی حزبی بەعسبووە پێش ئەوەی لەمەنفا پەیوەندی بە بەرگرییەوە بکات، عەلاویی دژی جێبەجێکردنی بەهێزی سیاسەتی ڕیشەکێشکردنی بەعسە. ئەوەش بەشێوەیەکی هەندەکیی شێوازی عەلاویە بۆ



Scanned with CamSc

وەڵامدانەوەی رکابەرە سەرسەختەکە، چەلەبی، کە بەهێزترینی لایەنگرانی ریشەکێشکردنی بەعسە لەچوارچێوەیەکی فراواندا.

پرسیم، " ئایا دەتوانیت وەك پێویست ووردبیتەوە لێیان و لێیان بکۆڵیتەوە"؟

بەدران وەڵامی دایەوە، " جەنابی باڵیۆز دەکرێت ئەوە ئەنجام بدرێت".

ووتم، " باشە، بەردەوام بە لەکارەکەت بەمەرجێك ئەوان بەشێوەیەکی گشتگیر بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەو دۆسێکانیان بپشکنرێت". گۆڕەکانی حلەبجەم بەبیرهاتەوە ووتم، " پێویستە ئەو پیاوانە پێش ئەوەی بڵاوبکرێنەوە هەندێك مەشقی بنەڕەتی لەبارەی مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنیەکان وەربگرن".

کاتێك کە بەدران پشتی هەڵکرد بۆ رۆیشتن، بەرپرسیارێتیم ئەوم بەبیرم هێنایەوە لەبەرامبەر هاوپەیمانانەکاندا." بایەخ بەوە بدە کە لەنزیکەوە لەهەموو رووەکانی مەشقی پۆلیسەوە لەگەڵ راوێژکارەکانماندا کار بکەو هەماهەنگی بنوێنە، جەنابی وەزیر".

بەدران ووتی " بەدڵنیاییەوە باڵیۆزی بەرێز"، " دەبینە هاوەڵ و هاورێی گەرموگوڕی یەکتر".

لەماوەی چەند رۆژێکدا، ئەوەم لادەبێت کە ئەم ووشانەم بەبیر بهێنێتەوە.

دۆناڵد رامسفێڵد لەرۆژی پێنج شەممە ٤ ئەیلول/ سێپتەمبەردا گەڕایەوە بۆ بەغدا. ئەیووت کە پێشتەوە لولێنچیەکە سەرسامی کردووە.

زانیم ئامانجی سەرەکی سەردانەکەی ئەوە بوو کە بۆ خۆی کار لەسەر کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکات. هەروەها ئەوەشم زانی کە فشارێکی زۆر دەخاتە سەر سەربازییەکان بۆ ئەوەی پاساوێك بۆ رودانی ئەوە بدۆزێتەوە.

ئەرکی سەرشانیشمە کە بەرگری لە پێویستی مانەوەی هێندەی ئەو هێزانە بکەم کە بۆ جێگیرکردنی سەقامگیری لەوڵاتدا پێویستمانە.

لەو شەوەدا، دوای وتووێژ لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکاندا، رامسفێڵد هات بۆ کۆشك بۆ خواردنی نانی ئێوارە لەگەڵ من و لەگەڵ گەورە بەرپرسەکاندا. ئێمە گروپێکی بچووك بووین لەزووری کۆبونەوەکاندا چێشتی بەتامی سوپامان دەخوارد: رامسفێڵدی وەزیرو، بات کینەدی و، بیل سەرۆکی وێنەگەی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی و، دیڤید ریچمۆند و، کلای ماکمناوای و من.

سەرەڕای بەرنامەی گەشتە شەکەتکەرەکەو کۆبونەوە بەردەوامەکان، رامسفێڵد لەسەر خوانەکە کە جۆراوجۆر بوو هەژمونی کرد بەسەر مشتومڕەکاندا. ووتی، " ئێوە هەمووتان هەڵدەستن بەزۆر کاری باش لێرە. دەسکەوتی باشیش بەدەست هاتووە. بەڵام بەگشتی بەرەوپێشچوونێکی گەورەو



Scanned with CamScanner

فراوان نابینم. لەوانەیە پێویستمان بە پێوەرگەلێکی باشتر بێت.. شێوازێك کە زیاتر کاریگەربێت بۆ پێوانەکردنی رادەی بەدیهاتنی ئامانجەکانمان".

وە بیرم هێنایەوەو ووتم، " لەبەرئەوە پلانە ستراتیژیەکەمان دانا کەلە تەموز/یولیۆدا بێت، بەڵام من نامەوێت لەنوسینی زۆرێك لەراپۆرتەکاندا ماندووبن. ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کەلەسەر ئەو حاڵە بوەستین کەئەویش بەئەنجامگەیاندنی کاروبارەکانە بەخێرایی".

" وەك دەزانن، جەنابی وەزیر، پلانەکەمان ئامانجگەلێك و پێوەری دیاریکراو لەخۆدەگرێت. وا ئێمە تریك دەبینەوە لە ماوەی نەوەد رۆژی یەکەم و داوادەکەین کە دابنیشین و ئەوە دیاری بکەین کە بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی ئەو سێ مانگە چیمان کردووە".

سێ هەفتەی مابوو بۆ ١ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر، بەڵام وەك دیاربوو ئەوە رامسفێڵدی خۆشحاڵ نەکرد.

دوای کەمێك بەڵێدوانێکی هەموومانی سەرسام کرد، " دەمەوێت بپرسم کە ئایا هەموو ئەوانەی لێرە کار دەکەن هەستی سووبوون و پێداگریان هەیە لەسەر کارەکانیان".

هەموو ئەوانەی لەدەوری مێزەکە بوون بێدەنگ بوون. ئەگەر کەسێکی قاڵبوو لەسیاسەت لەدبلۆماسیەتدا، ئەوا لەوانە بوو ئەو تورەییەی کەلەناخدا پەنگی دەخواردەوە هەڵمبڕشتایە. پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە دووجار هەناسەم دا، بەڵام دەنگم تیژبوو.

لەگەڵ ئاماژەکردنم بۆ دەروازەکانی کۆشکەکە ووتم، " جەنابی وەزیر، دەتوانیت هەریەکێك لەو هەزاران کەسەی کە لێرە کار دەکەن رابگریت.. هەر لە سەربازێکی ئاساییەوە کەهێلکەی سوورەوەکراو لەچێشتخانەکە رادەوەشێنێت بۆ ئەوەی خواردن بە نۆرەی پاسەوانیی بدات لەنیوەی شەودا تا باڵیۆزێکی خانەنشینی وەك من و کلای، گومان دەکەم کە تۆ کەسێك لێرە بدۆزیتەوە هەست بە سووربوون و پێداگریی نەکات لەنێوانماندا". ووتیشم هەموو ئەوانە خۆبەخشن و لەهەفتەیەکدا حەوت رۆژو لەرۆژێکدا هەژدە بۆ بیست کاتژمێر کاردەکەن، چونکە ئەوان دەزانن کارەکەی ئێمە گرنگ و جەختلێکراوە.

وەك ئەوەی رامسفێڵد کەمێك بەخۆیدا بچێتەوە، ساتێك بێدەنگ مایەوەو. جارێکی تر وەزیر دەستی بەقسە کردەوە، " ئەوەی مەبەستم بوو بیڵێم ئەوە بوو کە من دەزانم ئێوە کاردەکەن، بەڵام ئایا ئەولەویەتتان هەیە بۆ کارەکان؟ ئێوە ناتوانن هەموو شتێك ئەنجام بدەن. لەبەرئەوە پێویستمان بە روونی هەیە سەبارەت بەوەی کە کام کارە زیاتر گرنگە".

ئەوە کارێکی ئاسانە. پێم ووت کە ئەو کارە " ئاسایشە"، بەبێ ئاسایش ناتوانین ئامانجەکانی دیکەمان بەدی بهێنین– ئامانجە ئابووری و سیاسیەکان".



Scanned with CamSc

، هاوڕام لەگەڵیدا جێری. بەڵام ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بەخێرایی کار بکرێت بۆ سەرپێخستنەوەی هێزە ئەمنیەکانی عێراق".

بیرمکردەوەو بەخۆمم ووت، وا جارێکی تر گەڕاینەوە سەر باسەکە.

بەکورتی باسم لەو پلانە خێرایە کردەوە کە پێش چەند مانگێکیش ئاراستەی ڕامسفێڵدمان کرد. ووتیشم کە کلای و ئۆگ براند دەڕۆن بۆ ئوردن بۆ ئەوەی ئەو پلانانەی تایبەتن بەگەورەترین بەرنامەی مەشقپێکردن لەجیهاندا لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتەدا بیبرنەوە.

باسەکە بەشێوەیەکی سروشتی سەری کێشا بۆ پەیوەندی لەنێوان هەواڵگری و چاککردنی کاریگەری دژ بە یاخیبوونی بەعسیەکان و تیرۆری نێودەوڵەتی. هەموان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی پێویستە لەسەرمان کۆکردنەوەی زانیاریە هەواڵگریەکان باشتر بکرێت.

ووتم، " لەواقیعدا هەستێکم هەیە کە بونیادنانی شانەی هەواڵگری تێهەڵکێش لێرە، وا دەکات ئەو هەماهەنگیەی کە هەمانە لەنێوان دەزگاکانی هەواڵگریدا سەبارەت بەزانیاریەکان باشتر بێت لەوەی کە لەواشنتۆن هەیە. جۆرج تنیت لەهەفتەی ڕابردوودا لای من دانی بەوەدا نا کە دەیەوێت نمونەکەی خۆی لای ئێمە دووبارە بکاتەوە".

ئەوە بابەتێك نەبوو کە ڕامسفێڵد بیەوێت لێرە بەدواداچونی بۆ بکات. ئێستا ململانێ لەنێوان یەکە جۆراوجۆرەکانی هەواڵگریدا لەپنتاگۆن و ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی بۆتە بابەتێکی بێزارکەر لەواشنتۆن.

پێش ئەوەی بچمە ناو جێگەوە بۆ خەوتن، نامەیەکی ئەلەکترۆنیم نارد بۆ فرانسی و تێیدا ووتم ووتەکەی ڕامسفێڵد سەبارەت بە هەستەکردن بە سووربوون و پێداگری لەسەرکارەکان لەنێوان کارمەندانی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەدا " تووڕەیان کردم". بەڵام ئێستا نیگەرانم زیاتر لەوەی کە من تووڕەم. ئێستا ڕوونە کە سەرقاڵبوونی ئاشکرای پنتاگۆن لەئاڵوگۆڕکردنی هێزەکان لەبەهاردا ئارەزووی بونیادنانی هێزێکی ئەمنی عێراقیی بەتوانا بەخێراترین کات کە مومکین بێت زیاتر و فشارهێنەرتر دەکات.

* * *

سەرۆك لەشەوی پەکشەممە ٧ ئەیلول /سێپتەمبەر وتارێکی لەبارەی عێراق و، جەنگی فراوانی دژ بەتیرۆرو پارەتیە زیادەکان کەبەمزوانە دەدرێن پێشکەش بەگەل کرد. هەندێك تێبینیم هەبوو لەوتارەکەو، هەستمکرد بەڵگەیەکی ڕازیکەری پێشکەشکرد بۆ پشتیوانیکردن لەکارەکەمان.

درای پێداچوونەوەی ئەنجامەکان کە بە تێکدانی هاوپەیمانی قاعیدە- تاڵیبانی تیرۆریست بەدیهاتبوون لەئەفغانستان، سەرۆك هاتە سەر باسی عێراق." ئێمە پارەتی ئەو گەلە دەدەین کە



Scanned with CamScanner

زۆری چەشتووە لەو وڵاتەدا بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی شایستەو دیموکراسی لەناو دڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. پێکەوە، هەڵدەستین بەگۆڕینی شوێنێك کە تێیدا ژورەکانی ئەشکەنجەدان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان بڵاوبۆتەوە بۆ میللەتی پاساو دامەزراوە ئازادەکان. ئەرکەکە زەحمەت و بەتێچوونە- بەڵام شایانە بەوڵاتەکەمان و ، پەکلاکەرەوەیە بەنسبەت ئاسایشمانەوە".

سەرۆك بوش باسی لەوە کرد کە کۆلن پاوڵ ڕاسپاردووە بۆ دەرکردنی بڕیارێك لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕێگە بە" بونیادنانی هێزێکی نێودەوڵەتی دەدات لەعێراق ئەمریکا سەرکردایەتی بکات".

گومان هەبوو لەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی دابەش بوو لەنێوان ئەنگلۆئەمریکیەکان و ئەورووپیە کیشوەرییەکاندا لەسەر ئەوە ڕەزامەندی دەربڕێت. بەڵام مەسەلەکە شایانی هەوڵ بۆدانە ـ ئەگەرچی دەرکەوتوە فەرەنسیەکان و ئەڵمانەکان و ڕوسەکان پەککخەرن.

سەرۆك ڕوونی کردەوە کە چۆن ئەو بەنیازە داوای ٨٧ ملیار دۆلار لە کۆنگرێس بکات بۆ ئەفغانستان و عێراق و جەنگی هەمەلایەنەی دژ بەتیرۆر. هەروەها جەختیکردەوە کە عێراقیەکان بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوو ئەرکی ئاسایشی خۆیان لەئەستۆ دەگرن و مەشقپێکردنی ژمارەیەکی زیاتر لێیان بەشێوەیەکی خێرا بەرەوپێش دەچێت. ئەوەش خاڵێکی دڵخۆشکەر بوو چونکە نوسەری وتارەکانی زیادەڕۆیی نەکردبوو تێیدا.

لە ١٦ ئەیلول/ سێپتەمبەردا بانگهێشت کرام بۆ یەکەم کۆبونەوە لەگەڵ وەزیرە عێراقیەکاندا. ئەوان لەگەڵ جێگرەکانیاندا لەدەوری مێزێکی گەورەی چوارگۆشە دانیشتبوون لەژووری کۆبونەوەکان لەناوەندی کۆنگرەکاندا. لەسەری سەرەوەی مێزەکە لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانی سێر جێرمی گرینستۆکدا دانیشتم کە لەمدواییەدا هاتبوو، ئەو دبلۆماسیکی کارئاشنایەو ماوەی چەند ساڵێکە دەیناسم، دوایین پۆستێکیش کە وەریگرتبوو باڵیۆزی بەریتانیا بوو لەنەتەوە یەکگرتوەکان. دوای خانەنشین بوونی تۆنی بلێری سەرۆك وەزیران "بۆ بەهێزکردنی" ئامادەیی بەریتانیا لەعێراق بانگکردبۆوە. جێرمی لەگەڵ خۆیدا بەرپرسێکی بەریتانی تری بەڕێزی هێنابوو کە ناوی ڕەعد القادری بوو. باوکی ڕەعد عێراقی بوو بۆیە بەعەرەبیەکی ڕەوان قسەی دەکردو شارەزاییەکی قولی سەبارەت بە کۆمەڵگەی عێراقی هەبوو. لەو بەختیاریی بووە ئەندامێکی دیار لەگروی بەڕێوەبردنی حوکمی ئەمریکی – بەریتانیدا.

بات کێندی کارێکی تری سەراسیمەکەری ئەنجامدابوو بەچاککردنەوەی ئامێرەکانی وەرگێڕانی یەکسەری لەژوورەکەدا (سەرەڕای ئەوەی بەبێ هیچ ڕاڤەیەك بۆی کاتژمێرەکە لەسەر ١٢:٣٢ ی پاش نیوەڕۆ بەوەستاوی مایەوە). بۆیە ئەو وەزیرانەی کە ئینگلیزیان نەدەزانی دەیانتوانی گوێ لە



Scanned with CamSc

وەرگێڕە یەکسەرییە شارەزاکانی سەر بەوەزارەتی دەرەوە بگرن کە ووشە ئینگلیزیەکانیان وەردەگێڕا بۆ عەرەبی– سەرەتا بەسڵاو دەستم پێکرد" صباح الخیر" کە بەزەردەخەنەیەکەوە ووتم. لەماوێندا هەموو بەیانیەك کاتژمێر حەوت دوای ڕۆیشتن و خوێندنەوەی ئەو نامانەی کە شەو هاتبوون وانەم لەبارەی فێربوونی زمانی عەرەبی قسەپێکردنەوە وەردەگرت.

دوای پیرۆزبایی کردن لەوەزیرەکان پێمڕاگەیاندن کە من سەرسامم بەئازایەتی و خۆبەختی ئەوان لەبونیادنانەوەی عێراقدا. "ئێوە ئێستا بەرپرسیارن لەوەزارەتەکانتان لەوەرگرتنی بڕیارەکانی ڕۆژانەدا کەوا کار دەکاتە سەر ژیانی عێراقیەکان. ئێوە دەسەڵاتی تەواوەتیان هەیە لەدیاریکردنی بودجەکانتان و هەڵبژاردنی کارمەندەکانتان". بەڵام ئاگادارم کردنەوە کە پێویستە لەسەریان پێشوەخت گەورە ڕاوێژکارەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ئاگاداربکەنەوە سەبارەت بەدەستپێشخەرییەکانی سیاسەتە گەورە پێشنیارکراوەکان.

" پێتان خۆش بێت یان نا– خۆش نیە ملکەچی داگیرکەر بیت، دەتوانم بڵێم کە داگیرکەر– هاوپەیمانان– سەروەری دەسەڵاتن لێرە".

ژمارەیەك لەوەزیرەکان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەکۆبونەوەکەو سوپاسی سەرۆك بوش و سەرۆك تۆنی بلێریان کرد لەسەر ڕزگارکردنی وڵاتەکەیان. ئەوانی تریش زیاتر بایەخیان بەو بودجە زیادە زەبەلاحەکە دەدا کە سەرۆك خستبوویە بەردەم کۆنگرێسەوە بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دەربېڕێت.

کامل گەیلانی وەزیری دارایی پرسی، " ڕۆڵی ئێمە چییە لەتەرخانکردنی داراییەکاندا"؟

ئەو پیاوێکی سەرمایەگوزاری سوننی بوو لەناوەڕاستی چلەکانی تەمەنیدا بوون لەخێزانێکی دیاربوو، خاوەنی بڕوانامە بوو لە ئابووری و کارگێڕیدا، ئەحمەد چەلەبی خزمی لەو پۆستەدا دایابوو.

پێمڕاگەیاندن ئێمە" لەنزیکەوە لەگەڵ بریکاری وەزیرەکان و فەرمانبەرە مەدەنییە عێراقییەکان لەهەموو وەزارەتێکدا کارمان کردووە بۆ گەیشتنە پرۆگرامێك بۆ پرۆژەکان"، ووتیشم ئێمە پێشوازی لە پێشنیارەکانیان دەکەین. پێداگریشم کرد کە ئێمە لەگەڵ هاوەڵەکانیان بودجەی ساڵی ٢٠٠٤مان داناوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە پێشبینی دەکەین تۆکمەو تیروتەسەل بێت، هاوکات بۆ هەموو وەزیرێك بڕارێك لەئازادیی هەڵسوکەوت هەیە لەئاڵوگۆڕپێکردنی پارەکان لەناو وەزارەتەکەیدا. " من ڕێنمومایی رووونم داوەتە هاوەڵەکانم بۆ ئەوەی بەهەموو شێوەیەك کە مومکین بێت یارمەتیتان بدەن. سەرکەوتنی ئێوە دەبێتە سەرکەوتنێك بۆ ئێمەش".

لەکۆتاییدا، بەوەزیرەکانم ڕاگەیاند ئەنجومەنی حوکم ئەم بەیانیە هەنگاوێکی زۆر گرنگی ناوە



Scanned with CamSc

بەرەوزامەندی دەربڕینی لەسەر ئەو چاکسازییە ئابورییە بەهێزانەی کە پێتەر ماکفیرسۆن پێشکەشی کردوون، گرنگترینیشیان لابردنی ئەو قەدەغەکردنەی کە صەدام بەسەر وەبەرهێنانە بیانیەکاں سەپاندبووی.

پێزانینی خۆم بۆ ئەحمەد چەلەبی دەربڕی، بەو پێیەی سەرۆکی لیژنەی لقیی ئابوریە لەئەنجومەنی حوکمدا، کە لەسەر داواکاریی من و لەکاتی گونجاودا سەرپەرشتیی لیژنەی ئابوریی کرد بۆ یارمەتیدانی سەرۆك لەپێشکەشکردنی بەڵگەیەکی پشتیوانیکەر بۆ بودجە زیادەکە.

ئەوەش ئەحمەد چەلەبییە لەباشترین ڕەوشەکانیدا.

لەدوای کۆبونەوەکە، کۆمەڵێك لەڕاوێژکارەکان لەدەوری مێزەکە کۆبونەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەدانیشتنەکە.

ووتم " پێموایە سەرەتایەکی باشمان دەستپێکردووە لەگەڵ حکومەتی نوێدا".

سووربووم لەسەر ئەوەی کۆبونەوە لەگەڵ گەورەترین ژمارەی مومکین لە وەزیرە عێراقیەکان لەسەرەتای دەست بەکاربونیانەوە بکەم، داوام لە فەرمانبەرەکانم کرد ئەو کۆبوونەوانە لەوەزارەتەکاندا رێك بخەن. ئەوەش جیاوازیەکی بەسوود پێشکەش دەکات لەگەڵ ئەو نەریتەی کەصەدام پێشتر لەسەری ڕاهاتبوو، بەوەی وەزیرەکانی بانگ دەکرد بۆ ئەوەی لەبەردەمیدا بوەستن و زۆربەی جاریش بیانتۆقێنێت. هەروەها یارمەتیم دەدات بۆ ئەوەی بچمە دەرەوەو هێندەی بکرێت بەناو بەغدادا بگەڕێم.

لەو ئەندامانی حکومەتی نوێی کە جێگەی سەرسامین هاشم شبلی وەزیری دادە. کە پارێزەرێکی سونیی لەسەر خۆو زمان پاراوەو تەمەنی لەناوەڕاستی چلەکاندایە، بۆ ماوەی زیاتر لەبیست ساڵ لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتەکاندا کاری کردووە لەناوچەکەدا. لەنوسینگە بێ ڕاخەرەکەی پێشوازی لێکردم کەلە نهۆمی زەمینی وەزارەتی داد بوو، کۆپێك چای گەرمی ناچارانەمان خواردەوە.

کاتێك دەستمان بەکارکرد ووتی، " جەنابی باڵیۆز، ئەمە ئەولەویاتی منە کەئەمەوێت سەیری بکەیت". ئەو پشتیوانی منی دەویست لەبەهێزکردنی دادگا کارگێڕییەکانداو، چاککردنی مافی ئەو پارێزەرانەی کە بەرگریی لەتۆمەتباران دەکەن و، پەلەکردن لەپێداچوونەوەی مەسەلەی بەندکراوەکان کەلای هاوپەیمانان دواخرابوون.

" جەنابی وەزیر سەبارەت بەو ئامانجانە ئێمە هاوڕاین لەگەڵ تۆدا".

بەڵام شبلی وریایی ئەوەی دا کە صەدام سستمی دادوەریی گەندەڵ کردبوو دادوەرەکانیشی تۆقاندبوو.

وەڵامم دایەوە کە ئێمە " هاوپەیمانان دەرك بەگرنگیەکە دەکەن"، بەبیرم هێنایەوە کە



Scanned with CamScanner

لەحوزەیران/یۆنیۆدا لیژنەیەکی پێداچوونەوەم ڕاسپاردووە بۆ پشکنینی دۆسێی ٨٦٠ دادوەری عێراقی. ئێستا بەدۆسێی زۆربەیاندا چووینەتەوە، ڕەزامەندیمان دەربڕیوە لەسەر نزیکەی ٦٠٠ کەسیان بۆ ئەوەی لەدادگا نوێیەکاندا خزمەت بکەن".

لەبارەی ئەوەوە بیستوومەو پێشوازی لێدەکەم. بەڵام من پێویستم بەتێپەڕاندنی ئەوەیە بەجیاکردنەوەی بەڕێوەبردنی دادگاکان لەحکومەت، بەوەی گەورەی دادوەرەکان سەربەخۆیێت لەوەزارەتەکەی".

خۆشحاڵ بووم بەبیستنی ئەوە، وازهێنانی ڕەزامەندنانەی فەرمانبەرێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەدەسەڵات بە گۆڕانێکی بوێرانە دادەنرێت. هاغدا لەسەر کارکردن لەگەڵ پارێزەرەکانمان بۆ ئامادەکردنی بڕیارێك بۆ بونیادنانی سستمێکی دادوەریی سەربەخۆ کە بتوانم ئیمزای لەسەر بکەم.

وەزیر بە ووتەیەك کۆتایی بەکۆبونەوەکە هێنا، " جەنابی باڵیۆز برێمەر هیوادارم ئەمەت لەیاد بێت ; ئێمە چاو لەویلایەتە یەکگرتووەکان دەبڕین لەبونیادنانی عێراقێکی نوێدا. ئەگەر عێراقیش سەرکەتوو بوو، ئەوا سستمە عەرەبیەکان لەناوچەکەدا یەك لەدوای یەك دەکەون".

ئیلی بەدنسەبەت منەوە بەڵگەیەك بوو لەسەر ئەوەی کە تایفەی سوننی چەندین سەرکردەی گرنگی بۆ ئایندەی عێراق لەخۆگرتووە، کە بە بەعسیزمەوە نەگلاون.

دوای ئەوە بەدوو ڕۆژ، ئەوپەڕی خۆشحاڵ بووم کە فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ئیمزا بکەم بۆ بونیادنانی یەکەم سستمی دادوەریی سەربەخۆ لەعێراق، ئەوەش پێکهاتەیەکی ئۆرگانیە لە پێکهاتەکانی ئەو دیسپلین و ڕێوشوێنە دیموکراسیانەی کە یەکەمجار خرایە لاوەو، پاشانیش لەناوبرا، ئەویش ئەوکاتەی کە بەعسیەکان لەعێراق دەسەڵاتیان گرتە دەست.

لەناو ژوورە داخراوەکەی ماڵەکەمدا نوستبووم کاتێك جارێکی تر تەقینەوەیەك بەئاگای هێنامەوە. لەدوای تەقینەوەکەشەوە بڵندگۆکە هاواری کرد ، "خۆتان پەنا بدەن! خۆتان پەنا بدەن".

"گوللەی هاوەنە گەورەم"، یەکێك لە پاسەوانە ئەمنیەکانی بلاك وۆتەر هاواری کرد. گلۆپێکی بەهێزی داگیرساند بۆ ئەوەی ڕێنمومایم بکات بۆ قادرمە مەرمەڕە ساردەکە پاشان بۆ شوێنی سەرکردایەتیە قەڵابەندەو پارێزراوەکە کە هەروەها وەك پەناگەی ماڵەکەش بەکاردەهێنرێت.

هەرکە چوومە ناو ژوورە بچووکە تەنگ و خنکێنەرەکەوە گوللە هاوەنێکی تر لەدووری ٢٠٠ میلی باکورەوە کەوتە خوار.

دوای پێنج خولەك، سێیەم دانە لەناوچەیەکی دووری کۆمەڵگەکەوە کەوتەخوارەوە.

ئەوانە هێرشی بێزارکەری خێرای هەڕەمەکی بوون نەك بومبارانێکی ڕێکخراو، زۆربەشیان لەشەودا ڕووی دەدا. بەڵام خەوی لێ دەزڕاندین و ئەوەی بەبیر دەهێناینەوە کەهێشتا جەنگ

بەردەوامە. فەرمانبەرێكی دەسەڵاتی كاتیی هاوپەیمانان
كاتێك كە بڵندگۆكە هاوار دەكات، لەسەر هەموو لەكەرەڤانەكانیان، بەخێرایی بگەنە نهۆمی خوارەوەی
ئیدی لەسەر كارەكانیان بن لەكۆشك، یان نهۆمی خوارەوەی
كۆشكەكە. كاتێكیش ئەم هێرشانە بوونە مەسەلەیەكی رۆتینی، ئیدی ئەو چۆڵكردنانەش مۆركێكی
خۆش و بەڵكو ناهەنگێڕیانەیان وەرگرت. گروپەكان لەسوچەكانی نهۆمی خوارەوەدا كۆدەبوونەوە
بۆ دەستپێكردنەوەی كۆبونەوەكان كەلەنهۆمی سەرەوە دەستیان پێكردبوو، یان كتێبیان
دەخوێندەوە، یان لەگەڵ هاوەڵەكانیان زۆربڵێیان دەكرد. دواى ئەوەش دەنگێك هاوار دەكات، "
هەموو شتێك ئارام و ئاساییە" ئیدی دەگەڕاینەوە بۆ سەر كارەكانمان.
دوای ئەوەی دەركەوت، كە زۆربەی گوللە هاوەنەكان لەلای باشوری خۆرئاوای دیجلەوە
دەتەقێنران بلاك وۆتەر زۆری نوستەكەمیان گوێزایەوە بۆ گۆشەی باكوری خۆرهەڵات كەوا
لەخانووەكەدا كەمتر ئەگەری پێكرانی هەیە. لەوێ خەوێكی باشترم هەبوو، بەڵام دەنگی
بڵندگۆكە لەقوڵترین خەودا ڕایدەچڵەكاندم.
دۆگ براند، سەرۆكی پۆلیسی بۆزكشایر كەوا كەسێكی بەخۆوەبوو لێهاتوو بوو، دواتر كە
كیریك ڕۆیشت ئەمە بوزە گەورە راوێژكاری وەزارەتی ناوخۆ بەوەكالەت، " مەسەلەكە شایانی
قەبولكردن نیە گەورەم. ئەم پیاوە زۆر كەودەنە".
سەرچاوەی نیگەرانییەكە نوری بەدرانی وەزیری نوێی ناوخۆ بوو، كە چەند رۆژێكە زۆر توند
هەڵسوكەوت دەكات.
" چی دەوێت؟ وامزانی من پێشتر ئارامم كردۆتەوە".
" هیواخواز بووم وا بوایە گەورەم. ئەو هۆشی خۆی لەدەستداوەو خەریكی وێرانكردنی
وەزارەتەكەیە. ئەو خەڵك دەردەكات و، بەتەواوی وازی لەو پەیكەرە نوێیە هێناوە كە من و بێزی
دامان نابوو".
دڵنیام كردەوەو پێم ووت، " ئێمە ڕابواردنی تێكدانی مەشقی پۆلیسمان لا نیە. دۆگ من خۆم
سەیرێكی مەسەلەكە دەكەم. لەم كاتەدا لەنزیكەوە ئەوەی پێڕاگەیاندم كە ڕوو دەدات".
دۆغگ كە بەپێی پەتی درێژییەكەی سەدو نەوەدو هەشت سانتیمەتر بوو كەسێكی جەربەزەو
چاونەترس بوو. بەڵام توڕەیی وروژاندم كاتێك كە لەو وردەكارییانە كۆڵیمەوە كە بۆی
باسكردبووم. بەدرانی وەزیر بەشێوەیەكی هەڕەمەكی و بەسەرپێچیكردن لە ئامۆژگارییەكانی
فەرماندەی پۆلیسی سەربازیی ئێمە مەفرەزە هاوبەشە عێراقی و ئەمریكیەكانی گۆڕی بوو. لەوەش
خراپتر بەدران بەبێ ئاگاداركردنەوەی فەرماندە سەربازییەكانی ئێمە خەریكی دروستكردنی



Scanned with CamScanner

هێزێکی ئیمچە سەربازیی بوو. ژەنراڵ سانشێزیش دوای دو ڕۆژ جەختی لەمە کردەوەو وتی ئەم هەنگاوە هێزەکانی هاوپەیمانان و گرووپەکەی بەدرانیش دەخاتە مەترسیەوە. پاشان زانیم کە وەزیر بەشێوەیەکی کتوپڕ بە سۆزان جۆنسۆنی ڕاوێژکارمان لەوەزارەتی دەرەوەی ڕاگەیاندووە کە دەیەوێت بۆ ماوەی شەش مانگ سنورەکانی عێراق دابخات و "هەموو بیانیە بێ مۆڵەتەکان "بکاتە دەرەوە.

بەفەرمانبەرەکانم ڕاگەیاند" ئەمە لەڕووی بنەماوە بیرۆکەیەکی مەزنە، بەڵام چۆن دەکرێت جێبەجێ بکرێت؟! ئێمە سیاسەتێکمان نیە بۆ پێدانی فیزا، لەبەرئەوە هیچ ڕێگایەك نیە بۆ دیاریکردنی ئەوانەی کە " ڕێگە پێدراون". هێشتاش پۆلیسێکی سنوریی مەشقپێکراومان نیە". ئەم هێزە ئەمنیانە پێشتر لەسەردەمی صەدامدا گەندەڵترین هێزبوون و، باجی گومرگیان وەردەگرت.

بەدۆگم ڕاگەیاند" بەدران ژن برای ئیاد عەلاویە و بەئەو دەڵێم چلەوی بکات".

نیگەرانیەکەی من سەبارەت بە سەرقاڵبوونی پێتاگۆن بە " پێوەرەکانی پێوانەکردن"ی مەشقپێکردنی هێزە ئەمنیەکان لە ١٢ ئەیلول/ سێپتەمبەردا وا دەرچوو کاتێك یاداشتێکم لە دۆناڵد ڕامسفێڵدەوە پێگەیشت کە ئاراستەی من و ژەنراڵ ئەبی زەید کرابوو.

لە: دۆناڵد ڕامسفێڵدەوە

بابەت: وەڵامدانەوە لەبارەی مەسەلە ئەمنیەکانەوە

پێموایە کە لەئێستا بەدواوە ئەو وەڵامانەی کە دەینێرینەوە لەبارەی مەسەلە ئەمنیەکانەوە دەبێت هێزە ئەمریکیەکان و، هێزە نێودەوڵەتیەکان و ، هێزە عێراقیەکانیش لەخۆبگرێت. پێویستە هەموویان بخەینەڕوو چونکە ئەوان ئێستا هێزە ئەمنیەکانی عێراق پێکدەهێنن.

پێویستە ئامانجمان بەرزکردنەوەی ژمارەی عێراقییەکان بێت و، هەوڵ بدرێت بڕێکی زیاتر لەهێزە نێودەڵەتیە زیادەکان بەدەست بهێنین و، ڕێگە چارە بدۆزینەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارەی کەلەسەر هێزەکانمانە، کە ببێتە هۆی ئەوەی بتوانین ڕۆڵی ئەمریکی کەمبکەینەوە. چەندەش بە خێرایی هێزە عێراقیەکان گەشە بکەن، ڕێژەی سەدیی هێزە ئەمریکیەکان لە کۆی گشتی هێزەکان کەمدەبێتەوە.

لەگەڵ سوپاسدا.

یاداشتەکەم دووجار خوێندەوەو خستمە سەر مێزەکەم. دوو برگەی کورت و، ئەگەری زۆرێك لەگرفتەکان. داوام لەکلای کرد ئامادەبێت.

دوای ئەوەی یاداشتەکەی خوێندەوە سەری ڕاوەشاندو وتی، " ئەمە ئەوە بوو من لێی دەترسام. ئەوان لەوێ سەرقاڵی ئاڵوگۆڕکردنی هێزەکانن و، پێیان وایە دەتوانن بەزیادکردنی ژمارەی



Scanned with CamSc

هێزە عێراقیەکان پاساو بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانمان بێننەوە. ئێستا مەسەلەکە زۆر مەترسیداربووە".

زۆرجار من ئەوەم دەووت کە جیاوازیەکی فراوان هەیە لەنێوان سەربازێکی ئەمریکیدا کە ئۆتۆمبیلێکی برادلی جەنگیی لێدەخوڕێت لەگەڵ پۆلیسێکی عێراقی نوێدا کە ڕەنگە چەند جارێك بە دەمانچە ٩ ملم جۆری کارۆفەکەی کەدەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆڤیەت گوللەی تەقاندبێت. نزیکەی ٣٨.٠٠٠ پۆلیسی عێراقی هەیە کەوا گەڕاونەتەوە بۆ خزمەتکردن، ئێمە پێویستمان بە ٣٥,٠٠٠ی تر دەبێت. کلای ئەوەشی پێ ووتم کە بڕێنی خەملاندویەتی ٤٠٪ی ئەو پۆلیسانەی گەڕاونەتەوە بۆ خزمەت، لەوانەیە بەهۆی بێ توانایی یان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە یان بەهۆی هەردوکیانەوە دەریان بکەین. هێشتا لەبەردەم پۆلیسێکی عێراقی کارامەو کارئاشادا ڕێگەیەکی درێژ هەیە.

لەیاداشتەکەی ڕامسفێلد دا بەڕوونی ئەوە هاتبوو کە فشارە ڕاستەقینەکە لەواشنتۆنەوە کەڵەکە دەبێت لەپێناو " بەرزکردنەوەی ژمارەی عێراقیەکاندا" " بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر هێزەکانمان، کە لەمە وامان لێدەکات بتوانین ڕۆڵی ئەمریکی کەمبکەینەوە". بێگومان ئەمە ئامانجە دروستەکەیە. هەر لەسەرەتاشەوە دەرکمان بەوە کردووە کە لەماوەی دووردا ئاسایشی عێراقی پێویستە پشت بە هێزە عێراقیەکان ببەستێت. بەڵام پێویستە مەشقێکی پیشەیی بەدەست بهێنن. پێداگریشم کرد کە ئەوە کاتی دەوێت. بەپێی ئەزمون و شارەزایمان ئەمە ساڵێکی دەوێت.

پەلەکردن لەبونیادنانی سوپای عێراقی نوێدا دەڕۆیشت بەرێوە. لە ئاب/ ئۆگۆستسدا، سەردانی بنکەیەکی مەشقم کرد لە قەرەقوش، لەباکوری خۆرهەڵاتی بەغدا، ئەو کارە نایابەم بینی کە لیوا پۆل ئیتن و گروپەکەی پێی هەڵدەستن لەگەڵ کەتیبەی یەکی سوپای نوێی عێراقدا. بەڵام بەسەربازگرتنی سوپایەکی کارامەو کارئاشا کارێکە پێویستی بەزۆرێك لەکارگەر دەبێت و کاتێکی زۆریشی دەوێت، هەتا ئەگەر یارمەتییە زیادە سەخییەکانیشمان پێگەیشت. هیچ گرێنتیەکیش نیە کە هاوپەیمانان بتوانن ئامانجەکەی والت سۆلۆکۆمب بهێننە دی بەمەشقپێکردنی ٢٧ کەتیبە لەساڵێکدا. مەسەلەکەش زیاتر دەشێوێت ئەگەر دەستمان کرد بەزیادکردنی ژمارەی ئەو پۆلیسە عێراقیانەی، کە چەکی سوکیان پێیە و هێزەکانی پاسەوانی نیشتمانی عێراقی نیمچە سەربازیی کەبەشێوەیەکی سست گەشە دەکات بۆ ڕاپۆرتەکان لەبارەی کۆی گشتیی هێزە ئەمنیەکان لەعێراق.

کلای ووتی، " کاتێك دەگەڕێیتەوە بۆ واشنتۆن دەبێت سەبارەت بەمە هەندێك ووریاکردنەوەی ڕوون پێشکەش بکەیت لەپێناو دەستخستنی یارمەتییە زیادەکاندا. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە



Scanned with CamSc

کۆتاییەکی خۆش بۆ ئەم فیلمە نانوسرێت".

لەم کاتەدا، دەرکەوت ئێمە بەرەو ئەوە دەڕۆین کە گروپی بەڕێوەبردنی حوکم ناویان نابوو "تێکشکانی شەممەندەفەرەکە" سەبارەت بە پرۆسەی نوسینەوەی دەستوری عێراقی.

مەسەلەکە پەیوەست بوو بە جەوهەری ئامانجەکانی هاوپەیمانان بەنسبەت وڵاتەوە. دوای چوار دەیە لە ستەمکاری و تاکڕەوی، سەقامگیری عێراق لەسەر پەرەپێدانی دامەزراوگەلێکی پتەو و پاراستنێکی ڕوون دەوەستێت بۆ تاکەکان و مافی کەمینەکان. بەجێگیرکردنی حوکمی یاساو ڕێساکان و دیسپلینەکان لەحکومەتدا، دەستور چالاك و کاریگەر دەبێت بۆ داڕشتنی دامەزراوەکانی عێراق و پاراستنی مافی هاوڵاتیان.

ئەو پلانەمان کە ڕۆژێك دوای وتارەکەی سەرۆك، بەدوورودرێژی لەڕۆژنامەی 'واشنتۆن پۆست'دا خستەڕوو پێشبینی میکانیزمێك دەکات کە ئەو شێوازە دەگرتەبەر بەریتانیەکان لەسەری ڕۆیشتن لەساڵی ۱۹۲۵دا. کۆنگرەیەکی دەستوری کە پێکهاتووە لەکۆمەڵێکی دیاریکراو لەنوێنەرانی عێراقیەکان ڕەشنوسی دەستورێکی نوێ دادەنێن کەدەخرێتە بەردەم خەڵك بۆ ئەوەی لەریفراندۆمێکی گشتیدا دەنگی لەسەر بدەن. پاشان هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت بۆ گەیشتن بە پەرلەمانێکی عێراقی خاوەن سەروەری، ئەویش بە پشت بەستن بەو مەرجانەی کەلەناو دەستورەکەدا هەن، پاشان هاوپەیمانان هەڵدەستن بەگێڕانەوەی سەروەری بۆ حکومەتێکی هەڵبژێردراو.

دام بەوەدا تا کە ئەو تەحەددایەی ڕوبەڕوی دەبینەوە لەدیاریکردنی ئەو کۆمەڵەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەناو عێراقیەکاندا دەستیشان دەکرێن بۆ ئەوەی ڕەشنوسی دەستورە نوێیەکە ئامادە بکەن. بەهۆی ئەو ئەزموونە درێژەیمەوە کە وەك دبلۆماتکارێك هەمە ئەوا ڕێککارییەکان سەبارەت بە مەسەلە بنەڕەتیەکان کە دەستور لەخۆیی دەگرێت ئاسان نابێت، بەتایبەتی لەکۆمەڵگەیەکی دابەشبوری وەك عێراقدا کە پێشتر بەشێوەیەکی دڕندانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. بەڵام دەستور بەردی بونیادێکی تۆرگانیی و کاریگەرە.

سیستانی لەفەتواکەیدا لە حوزەیران/ یۆنیۆدا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت کۆنگرە دەستورییەکە هەڵبژێردرێت، ئەوەش وەك ئێمە دەزانین پرۆسەی سپاردنەوەی سەروەری بەعێراقیەکان دوادەخات، چونکە عێراق یاسا یان میکانیزمی هەڵبژاردنی نیە. پێشنیارمان کرد و ئەنجومەنی حوکمیش لەسەر ئەوە ڕازی بوو، لیژنەیەکی ئامادەکاری دەستوری پێکبهێنرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو پرۆسەیە بەخێرایی ئەنجام بدرێت.

بەڵام لە ۱۰ ئەیلول/ سێپتەمبەردا، پلانەکە بەرەو شکست دەڕۆیشت. سکۆت کارپێنتەر لەگەڵ

میگهان و لەداری ئەوانیشەوە لیدیا خەلیل و رۆمان مارتینیز لەکاتێکی درەنگی دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا هاتن بۆ نوسینگەکەم. سکۆت ووتی، " لیژنە ئامادەکاریەکە لە هێڵی شەمەندەفەرەکە دەرچوون. وا دیارە بڕیاریان داوە ڕاسپاردەیەك بەرزبکەنەوە بۆ ئەنجومەنی حوکم بۆ ئەوەی کۆنگرەی دەستوری بەدەنگدانی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردێت".

ئەمە گرێیەکی ترنیە پێویستە لەسەرمان بیکەینەوە.

بەو کۆمەڵەیەم ووت کە لەدەوری مێزە مەرمەڕیەکە کۆبووبوونەوە، " بیرۆکەیەکی مەزنە و مایەی سەرسامیە. بەڵام ئێمە دەزانین ناکرێت ئەوە بەخێرایی بەئەنجام بگەیەنرێت".

شارەزایانی هەڵبژاردنەکان لەئەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و حکومەتەکانی هاوپەیمانان زۆر ڕوون لە هەڵسەنگاندنەکانیاندا: نۆ بۆ دوانزە مانگ پێویستە بۆ ئەوەی ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە ئامادە بکرێن. لەساڵی ١٩٨٧ەوە سەرژمێری نەکراوە، هیچ سنورێکیش نیە بۆ بازنە هەڵبژاردنیەکان، حزبی سیاسی نیشتمانی بوونیان نیە، یان یاسای حزبە سیاسیەکان، یان لیستی هەڵبژاردنەکان، یان یاسای هەڵبژاردن. ئەو تاکە ئەزمونەش کەلەلای عێراقیەکان بوونی هەیە سەبارەت بەهەڵبژاردن بریتیە لەهەڵبژاردنە بەعسیە ساختانەکە.

ڕۆمان بەکورتی ووتی، " بە پوختیەکەی پێتان دەڵێم. ئەگەر دەستور هەنگاوی یەکەم بێت، ئەگەر پێویست بێت کۆنگرەیەکی دەستوری هەڵبژێردێت، ئەوا پرۆسەی گێڕانەوەی سەروەری و عێراقیەکان دوو ساڵێکی تری دەوێت".

ئەوەش ماوەی داگیرکاری درێژدەکاتەوە. گومانیشم هەیە لەوەی کە ڕای گشتی لەعێراق یان ویلایەتە یەکگرتوەکان ڕێگە بەمە بدات. بەڵام ڕاسپاردەی لیژنەی ئامادەکاری بەهەڵبژاردنی کۆنگرەی دەستوری دەگونجێت لەگەڵ فەتواکەی ئایەتوڵڵا سیستانیدا، لەبەرئەوە ئەگەری هەیە ژمارەیەك لەئەندامانی شیعە لەئەنجومەنی حوکم لەسەر پرۆسەکە ڕەزامەندی دەربڕن چونکە ناتوانن بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە تەحەدای ئەو بکەن و ڕووبەڕووبینەوە لەگەڵیدا.

من پێداگربووم لەسەر ئەوەی نابێت سەروەری بۆ گەلێك بگەڕێنرێتەوە کە توندوتیژی و دابەشبوون بەسەریدا زاڵ بووە تا ئەو کاتەی دەگەینە میکانیزمێکی سیاسی کرداری کە ببێتە هۆی داڕشتنی دەستور.

هەندێك لەئەندامانی ئەنجومەنەکە، بەتایبەتیش پاچەچی و چەلەبی، لەم گرفتەدا هەڵێکیان دۆزیەوە. چارەسەرەکەشیان دووبارەکردنەوەی پێشنیارەکانی فەرەنسابوو لەئەتەوە یەکگرتوەکان، ئەویش ئەوەیە کە هاوپەیمانان بێ بوونی دەستورو بەپەلە سەروەری بگێڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی حوکم.

بۆیە کاتێك کە لەناوەڕاستی ئەیلول /سێپتەمبەردا پاوڵ وەزیری دەرەوە سەردانی کردین



Scanned with CamSc

لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم بەتوندی پشتیوانی کرد لە پێداگرییەکەی من لەسەر پرۆسە سیاسییە بنچینەیی‌یەکەمان و ووتی " زۆر پێویستە" شەرعیەتی حوکم لەسەر بنچینەیەکی دەستوری بێت کە هەڵبژاردنێکی لێ بکەوێتەوە. لەو کۆبونەوەیەدا پاول بەراشکاوی ووتی ئەو ئەلەرناتیفەی کە داتراوە بۆ ئەوەی سەروەریی بدرێتە ئەنجومەنی حوکم بێ بوونی دەستورێک- بەهیچ شێوەیەك مایەی قەبولکردن نیە".

گرفتەکە ئاڵۆز بوو بەهۆی هەڵوێستی ئاشکرای ناروونی سیستانییەوە، ئەو کە لەنێوان داهێنانێکی رۆحی و بەشداربکردنی ڕاستەوخۆ لەپرۆسەی سیاسیدا دێت و دەچێت. ئایەتوڵلا بەخۆی و بە عەمامە ڕەشەکەیەوەوە عەبا ئاینییە رەشباوەکەی و ڕیشە سپیەکەیەوە، خاوەن قەڵەمڕەوییەکی مەزنە لەشاری نەجەفی پیرۆزدا.

ئایەتوڵلا سیستانی سەرکردەی هەر دیاری مەرجەعیەت بوو لەنەجەف، هەروەها بەرپرسی رۆحی حەوزە بوو، کە ناوەندێکی بەناوبانگە بۆ لێکۆڵینەوەی شیعەت تا ئەو کاتەی پیاوانی ئاینی لەساڵی ۱۹۷۹دا دەستیان گرت بەسەر ئێرانداو ناوەندی تایفەی شیعەیان لەرێگەی سنورەوە گواستەوە بۆ شاری قومی ئێران. سیستانی لای تایفەی شیعە رۆڵێکی هاوشێوەی ئەو رۆڵە دەگێڕێت کە پاپا لای کاتۆلیکەکان دەیگێڕێت. ئەو جوڵەی رۆژانەی سیاسەت ئابات بەڕێوە، بەڵام مومارەسەی قەڵەمڕەویی خۆی دەکات لەرێگەی وتوێژە تایبەتیەکانیەوە لەگەڵ شوێنکەوتە دڵسۆزەکانی و دەرکردنی بەیاننامە یان فەتوای گشتی کە ناوبەناو دەریان دەکات.

بەڵام زۆرجار سیستانی گفتوگۆی وردەکاریی تەکتیکیە سیاسیەکانی دەکرد لەزووری پێشوازیکردنە سادەکەدا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەنەنجومەنی حوکم. بۆ نمونە، لە ٤ ئەیلول/ سێپتەمبەردا، ئایەتوڵلا بەئەندامانی ئەنجومەنی حوکمی ڕاگەیاند کە سەردانیان کردبور عێراق پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند هەیە لەسەر سنورەکانی و هەبوونی هەواڵگرییەکی ناوخۆیی چالاکیش، ئەوەش ڕێوشوێنێکە زۆرێك لەشوێنکەوتە شیعەکانی وای دەبینن کە ئەوە بەبیرهێنانەوەی بەعسیەکانە، بەڵام دەکرێت قەبولکراوبێت کاتێك کەلەلایەن سیستانیەوە پێشنیار بکرێت و پیرۆز بکرێت. ئەمە لەکاتێکدا کە ئایەتوڵلا هەروەها بەئەندامانی ئەنجومەنی حوکمی ڕاگەیاندبوو کە ئەو دژی ئەوەیە هێزە بیانیەکانی دراوسێی عێراق بێنە ناو هێزەکانی هاوپەیمانانەوە لەعێراق. ژمارەیەکیش لەهاوپەیمانانی سیستانی کەئەندامی ئەنجومەنی حوکم بوون پشتیوانیان لەم هەڵوێستە کرد.

ئەم هەواڵە لەلایەن واشنتۆنەوە پێشوازیی لێنەکرا. لەگەڵ ئەوەی کە پنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوە فشارەکانیان بەردەوامە بۆ ئەوەی تورکەکان بێنە ناو عێراقەوە، ئەوا ئەم خیارە پێش ئەوەی بێتەدی

بەملیۆنان شیعە ئەو وەک مەرجەعێک دادەنێن، واتە
بەهۆی هەڵوێستی سیستانیەوە مرد. "لاسایی" ژیانی بکرێتەوە و شوێنی داناییەکانی
ڕێونیکەرێکی ڕۆحی بێ گوناە کەپێویستە حوکمدان مەسەلەیەکی هاوبەش دروست
بکەوێت. را تێستا لای ئەو شیعانەی کەلەئەنجومەنی تورکیا بەنێو ناوچەکانی ئەواندا
بووە لەنێوان ئەوان و کوردەکاندا، کە بەتوندی دژی ئەوەن هێزی
بێتە ناو عێراقەوە.

هێزم و پسپۆڕە هەرێمییەکان لەگرێی بەرێوەبردنی حوکم دڵنیایان کردمەوە کە ئایەتوڵڵا سیستانی
ئایەوێت لەکۆتاییدا عێراق بێتە دەوڵەتێکی ئایینی وەک ئێران کەپیاوانی ئایینی بیبەن بەڕێوە. بەڵام
هەر لەوکاتەوە کە لە حوزەیران/ یۆنیۆدا لەگەڵ سەرۆک و کۆلن پاول و کۆندالیزا ڕایسدا
کۆبوومەوە دەرکم بەوە کرد نیگەرانییەک لەواشنتۆن سەبارەت بەم مەسەلەیە هەیە.

لەداری پرۆسەی ڕزگارییەوە، ئایەتوڵڵا لەرێگەی چەند کەناڵێکی تایبەتیەوە ڕایگەیاند کە ئەو
لەگەڵ هیچ یەکێک لەهاوپەیمانان کۆنابێتەوە. منیش هیچ فشارێکم بەکارنەهێنا بۆ ئەوەی
بەشێوەیەکی شەخصی لەگەڵی کۆببمەوە. هێزمیش کە لەئیسلام و جیهانی عەرەبی تێدەگان
ڕەوشەکەی بەرەوانی ڕاڤەکرد، " جێری، ناکرێت بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەوە ببینرێت کە ئەو
هاوکاری هێزە داگیرکەرەکان دەکات. چەند ئارمایەکی ساڵی ١٩٢٠ و ئەوەی هاوەڵایەتی کرد
هەیە. ئەو پێویستە لەسەری ئەملاولای خۆی لە کەسە هەڵەشەکانی وەک موقتەدا بپارێزێت. بەڵام
سیستانی کارمان لەگەڵ دەکات. ئێمە لەگەڵ ئەو هەمان ئامانجمان هەیە".

لەکاتێکدا کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و خۆرئاوایی بەبالأی ئەو دابەشبوونە گریمانکراوەدا
هەڵیان دەدا لەنێوان ئایەتوڵڵا سیستانی و هاوپەیمانانەدا هەیە، من و ئەو بەردەوام و بێدابڕان
سەبارەت بە مەسەلە سەرەکیی و هەستیارەکان لەرێگەی میانکارەکانەوەو بەدرێژایی ئەو ماوەی
هاوپەیمانان لەعێراق بوون پەیوەندیمان هەبوو.

هێزم ڕاستیدەکرد. لەبەرایەکانی هاویندا، سیستانی ناردی بۆ لام کە ئەو " بەهۆی دوژمنکارییەوە
بۆ هاوپەیمانان" هەڵوێستی وەرنەگرتووە. بەڵکو ئایەتوڵڵا پێی وایە کە خۆلادانی گشتی لەگەڵ
هاوپەیمانان ڕێگەی ئەوەی پێدەدات کە سودێکی گەورەتری هەبێت لە " هەوڵە هاوبەشەکانمان"دا،
وە ئەو بەشێك لە متمانەی خۆی لەدەست دەدات لەناوەندی باوەڕدارەکاندا ئەگەر بەشێوەیەکی
ئاشکرا هاوکاری کرد لەگەڵ بەرپرسانی هاوپەیمانانەدا، وەک ئەوەی کە ژمارەیەك لەشیعەو سوننە
عەلمانیەکان دەیکەن، هەروەها لەو پێشەوا ئاینیە شیعانەش کە پلەی ئاینیان نزمترە.

لەپەیوەندیەکانی دواتردا ئایەتوڵڵا سیستانیم دڵنیاکردەوە کە من تەواو لەئازارو مەینەتیەکانی
شیعە تێدەگەم ئاماژەم بەوە کرد کە یەکەم سەردانم بۆ دەرەوەی عێراق بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان

بووە لەحیللە. ئاماژەم بۆ ئەوەشکرد کە هاوپەیمانان بڕێکی زۆر پارەیان خستۆتە گەڕ لەپرۆژەکانی سەرلەنوێ بونیادنانەوە لەناو دڵی ناوچە شیعەکاندا.

هەروەها من و سیستانی بە بەردەوامی سەبارەت بەرەوشی ئەمنی لەنەجەف نامەمان ئاڵوگۆڕ دەکرد ، بەتایبەتی لە ئاب/ ئۆگۆستسدا کاتێك کە موقتەدا صەدر بووە مایەی هەڕەشەیەکی زەساك. بە ئایەتوڵڵام ڕاگەیاند کە ئیمە، من و ئەو " بەرپرسیارێتی هاوبەشمان دەبێت لەخۆلادان لەتوندوتیژی ناپێویست". هیچ یەکێکمان نامانەوێت کاری توندوتیژی شیعە لەدژی سوننە یان بەپێچەوانەوە ڕووبدات. هەریەکەمان ئارەزووی عێراقێکی سەقامگیرو دیموکراسیمان دەکرد کە بەئاشتی لەگەڵ دراوسێکانیدا بژی.

تەنها لەنێوان تەمموز/ یۆلیۆدا، زیاتر لە دە نامەمان لەگەڵ ئایەتوڵڵادا گۆڕیوە سیستانی بەشێوەیەکی دووبارە پێزانینی شەخصی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی کە هاوپەیمانان لەپێناو شیعەو عێراقدا کردوویانە، بەڵام ئەو هەر سوورو پێداگر بوو لەسەر ئەوەی دەبێت هەڵبژاردنی کۆنگرەی دەستوری بەشێوەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ بێت.

لەهەوڵێکیشدا بۆ کردنەوەی کەناڵی پەیوەندی ناڕاستەوخۆی تر لەگەڵ سیستانی، پاوڵی وەزیری دەرەوەم لەگەڵ خۆمدا برد بۆ خواردنی نانێکی ئێوارە لەماڵی ئایەتوڵڵا حسێن صەدر، بەرزترین پیاوی ئاینی شیعە لەبەغداد کەیەکێکە لەبەرهەڵستکارە ئازاکانی صەدام، چەند ساڵێك لەناو ماڵەکەی خۆیدا خرابووە ژێر چاودێرییەوە، ئەمەش کاتی پێویستی بۆ ڕەخساندبوو کە سەد کتێب لەبارەی ئیسلامەوە بنوسێت، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە پۆلیس دەیانبرد بۆ قسە لێوەگرتن، ئەو کات بەپانکەیەکدا لەناو ناوەندی پۆلیس هەڵدەواسراو بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك ئەشکەنجە دەدرا من بە بەردەوامی سەردانی ئایەتوڵڵام دەکرد، زۆر کاریگەربووم بە ڕۆحانیەتی ئەو پیاوەو ئازایەتیەکەی.

دەمزانی کە حسێن صەدر هەموو هەفتەیەك چاوی بەسیستانی دەکەوێت، لەبەرئەوە پێش دوو هەفتە لەسەردانەکەی پاوڵ، پێشنیارم بۆ کرد کە لەوانەیە لەبری "هەڵبژاردنیان" بکرێت کۆنگرەی دەستوریی بەشێوەیەك لەشێوەکان لەنێوان هەموو ڕەگەزەکانی کۆمەڵگەدا "دیاری بکرێت"، ئەمشەویش پاوڵ لەسەر پێشنیاری من ورتی، ئەوەی کە گرنگە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك سەروەری بگەڕێنرێتەوە بۆ عێراقیەکان ئەویش دوای ئەوەی دەستەیەکی نوێنەرایەتی لەعێراقیەکان دەستور بنوسنەوەو دواتریش گەل دەنگی لەسەر بدات صەدر بەئاماژەیەکی ناڕوون وەڵامی دایەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە کۆنگرەی دەستوریی بە" دیاریکردن"ی ئەندامەکانی بنوسرێتەوە.

بەڵام سیستانی لەهەڵوێستی خۆی نەهاتە خوارەوە. ئەو هەڵوێستە ڕەق و توندەشی دەبێتە هۆی

پرچەڵکردنەوەی پلانی یەکەمان بۆ پرۆسەی سیاسی لەعێراق.

سەرەڕای نەبوونی سەقامگیریی ڕەوشی سیاسی و بەرزبوونەوەی ڕادەی یاخیبوون، خەریك بوو لەواشنتۆن و نەتەوە یەکگرتووەکان چەند لایەنێك سەریان هەڵدەدا کە هاوڕابوون لەسەر ئەوەی سەروەریی پێش کاتی خۆی ڕادەستی عێراقیەکان بکرێتەوە. لەواشنتۆن، هەڵمەتی " ئێستا سەروەریی" ( کە دەنگدانەوەی سیاسەتی گواستنەوەی سەروەری پێشوەخت بوو لە نیسان/ئەپریل دا ئەوانیش پۆل وۆلفۆیتزی جێگری وەزیری بەرگریی و دۆگلاس فیثی بریکاری وەزارەت بۆ سیاسەتەکان و، جۆن حەننا بوون لەنوسینگەی جێگری سەرۆك. کەئەماند نزیك بوون لە ئەحمەد چەلەبی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بەرژەوەندیی ئەم سیاسەتە فشاری بەکاردەهێنا، لەکاتی دوور سەردانی درێژیدا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە ئایار/مایۆدا ئەنجامی داو، پاشان جارێکی تر لە ئەیلول/ سێپتەمبەردا وەك سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم گەڕایەوە بۆ ئەمریکا.

لەنەتەوە یەکگرتووەکان/ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی مشتومڕی بڕیاری فراوانکردنی " بارمەتی" سەربازیی و بوژاندنەوەی سیاسیی نەتەوە یەکگرتووەکانیان دەکرد لەعێراق لەدوای تەقینەوەکەی ئاب/ ئۆگۆستس. ئەوەش هەڵی ئەوەی بۆ فەرەنسیەکان فەراهەمکرد بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان زیادبکەن بۆ داخوازی ئەوەی عێراق ڕادەستی ئەنجومەنی حوکم بکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە فەرەنسا دوای دامەزراندنی ئەنجومەنەکە ڕەتیکردەوە دانی پێدا بنێت.

پەیوەندیکردنی ڕامسفێلد پێمەوە لە ١٣ ئەیلول/ سێپتەمبەردا نیگەرانی کردم. ئەو دڵگەرمی خۆیی نیشاندا بۆ ئەوەی لەنزیکترین کاتی گونجاودا سەروەریی بۆ ئەنجومەنەکە یان کۆمەڵێکی تر لەعێراقیەکان بگوێزرێتەوە. منیش بەڕاشکاوی پێمووت کە دژ بەو ڕایەی ئەوم، بۆیە خێرا وەڵامی دایەوەو ووتی " کەواتە کاغەزێکم بۆ بنێرەو تێیدا هۆکارەکانت بنوسە".

لەهەمان ڕۆژدا مەترسیەکانی خۆمم خستە ناو یاداشتێکەوەو پێشکەشم کرد. ووتم من ڕازیم لەسەر ئەوەی بەخێرایی بەرپرسیارێتی سیاسی و ئەمنیی بدرێتەوە بەعێراقیەکان، بەشێوازێك کە هەلێکی دادپەروەرانەیان بۆ سەرکەوتن بۆ بڕەخسێت. ناکۆکی سەرەکی نێوان ئێمەو ئەنجومەنی حوکم کە خۆی لەپێویستی هەڵبژاردنی کۆنگرەی دەستوریدا دەبینێتەوە گێڕایەوە بۆ ئەو ڕاسپاردەیەی لیژنەی دەستوریی سەبارەت بەهەڵبژاردنی کۆنگرەی دەستوریی " کە لەواقیعدا ئەمە هەر جوڵەیەك بەئاراستەی سەروەریی عێراقدا بەپێی هەڵسەنگاندنی ئێمەو هەڵسەنگاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نزیکەی دوو ساڵ دوا دەخات..." لەبەرئەم هۆیەش پرۆژەکە لەلایەن ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی حوکمەوە پشتیوانی لێکرا.

لەمامەڵەکردنیش لەگەڵ بابەتی گواستنەوەی سەروەریی بۆ ئەنجومەنی حوکم، پێداگریم کرد



Scanned with CamSc

لەسەر ئەوەی " پێویستە لەسەرمان رونیبکەینەوە کە ئەم ئاراستە ئەلتەرناتیڤە بەرەو سەروەریی بەدەست هێنەوە قەبوڵ نیە. ئەنجومەنی حوکم توانای ئەوەیان نیە حوکمی عێراق بکەن. ئەندامەکانیشی وەك تاك تواناکانیان هەر چۆنێك بێت، ئەوا پشتیوانی و لایەنگیریەکی گەورەیان لەپشتەوە نیە. ئەوان متمانەی بەشێکی فراوان لەدانیشتوانیان بەدەست نەهێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان ڕاڕاو دور دڵ بورن لەوەرگرتنی بڕیارگەلێکی گرنگدا کەپەیوەندی بەسیاسەتەوە هەیە، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان هانیان بدات و پاڵنەرێت بۆیان".

، ئەنجومەنەکە دەفرێکی تەواو رێك و پێك نیە. پێدانی سەروەریش پێی پێش دەستورو هەڵبژاردنەکان نەك تەنها سوکایەتیە بەپابەندبورنی تەواومان بەپرۆسەی دەستوریی، بەڵکو هەروەها ئەو پرۆسەیە دەخاتە بەردەم مەترسی شکستخواردنەوە. ئەگەر لێگەڕایت ئەنجومەنی حوکم بەتەنها بە' ئاراستەکردن" ی نەتەوە یەکگرتوەکان چی وویست بیکات، ئەوا ئەگەری زۆر هەیە خۆی هەڵوەشێنێتەوە، یان لەوەش خراپتر، کەسێك یان دور کەس هەژموونی بەسەردا بکەن و ئەوانی تریکە بخەنە پەراوێزەوە".

بەیەیری هێزمەوە بەڵگەکەمم پێشکەش کرد. لەشەوێکی درەنگی هەمان شەودا، پەیوەندییەکم لەوەزیری بەرگرییەوە پێگەیشت: "ڕەزامەندم لەسەر یاداشتەکەت و دەبێترم بۆ سەرۆك بوش و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی. تۆ ڕاست دەکەیت".

ئەگەر هەمیشە کاروبارەکان لەواشنتۆن بەو شێوەیە ساناو ئاسان دەبوو...

لەهەفتەی سێیەمی ئەیلول /سێپتەمبەردا جۆن ئەبی زەیدو ریکاردۆ سانشێز هاتن بۆ ئەوەی ئاگادارم بکەنەوە لەو هەوڵ و کۆششانەی کە دەدرێن بۆ تێکەڵکردنی پلانە ستراتیژیەکەیان لەگەڵ پلانی ستراتیژی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانندا. دیاربوو ئەوان بەرەو پێش دەچوون. ئاسایشی باشتر لەباکوری کوردیی و بەشی زۆری باشوری شیعیی. مەشقپێکردنی سوپای نوێ عێراقیش بەخێرایی بەرەوپێش دەچوو. "کلای"یش گەیشتە رێکەوتنێك لەگەڵ ئوردنیەکاندا بۆ مەشقپێکردنی نزیکەی ١٥٠٠ پۆلیس لەمانگێکدا، وێڕای ئەوەی کە کارەکانی بونیادنان لە بنکەی مەشقپێکردن لەئوردون ئەوە دەگەیەنێت کە تا دوای کۆتایی رەمەزان لەتشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا ناتوانین دەست بەکاربین.

بەڵام لەسێگۆشەی سوننیداو، چەندین شوێنی تری بەغدادا، یاخیبوون مەترسیەکی گەورەی دروست کردبوو، کە ئەمە خەریك بوو کاری دەکردە سەر پرۆژەکانی سەرخۆکەوتنەوەی ئابوریی کە هاوپەیمانان پێی هەڵدەستان. هەندێك لەو ئەوروپیانەی کە بەگرێبەست کاریان لەو پرۆژانەدا دەکرد بەهۆی ئەو بۆسانەی کە بۆ ئۆتۆمبیلەکانیان دەنرایەوەو ئەو هێرشانەی کە دەکرانە سەر



Scanned with CamSc

شوێنی کارەکانیان تۆقێنرابوون.

بەڵام لەبی زەید دڵنیای کردمەوە کە هێزەکانی هاوپەیمانان و "کارناشنا تایبەتەکان" تۆزەکانی ئەو یاخییانە بەرادەیەك هەڵدەوەشێننەوە زیاتر لەوەی کەئەوان دروستیان دەکەنەوە. لەبی زەید ووتی، "من ڕاسپاردە دەدەم لەبری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان پیاوەکانی ریك (سانشێز) مەشق بەهێزەکانی پۆلیس بکەن".

ئێمە پێشبینی نموونەی ئەم جۆرە پێشنیارەمان دەکردو بەلامەوە باش نەبوو. ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت هێزەکانی ئەمریکا هەڵدەستن بەمەشقپێکردنی پۆلیسی عێراقیی، لەهەمانکاتیشدا ئەرکی ڕووبەڕووبونەوەی یاخیبوەکان لەئەستۆدەگرێت. وێڕای ئەوەی کە سەربازەکانمان باشترین سەربازی جەنگاوەرن لەجیهاندا، بەڵام ئەوان مەشقپێکراو و باش ئامادەکراون بۆ پرۆسە خێراکان نەك بۆ کارەکانی پۆلیس لەکۆمەڵگەداو لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانباران. پرسیارم کرد لەهۆکاری پاڵنەری سەربازیەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. فشار بۆ مەشقپێکردنی هەزاران پۆلیسی عێراقی تازە وەرگیراو لەماوەی کەموکورتدا وادیارە نیە لەماوەی درێژدا نزیککردنەوەیەکی مەعقول بێت بۆ ئاسایشی وڵات.

ووتم، "ئێمە پێشتر باسمان لەمە کردووە جۆن. من تەواو رەزامەندم لەسەر ئەوەی بەو پەڕی خێرایی کاربکرێت بۆ هەستاندنەوەی هێزەکانی ئاسایشی عێراق. لەبەرئەوە کردومەتە رەگەزی هەرە گەورە لە یارمەتیە زیادەکاندا. بەڵام لەڕاستیدا من قەناعەتم بەوە نیە کە سوپا بزانێت پۆلسێکی کارامە مەشقبدات، ئێستا دوای سەرکەوتنی خیاری ئۆردنی ، نامەوێت ئاراستەکان ئاڵوگۆڕ پێبکەم".

بەڵام کاتێك کە ئەبی زەیدو سانشێز ڕۆیشتن هێشتا مشتومڕەکە یەکلایی نەبووبویەوە.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی، گومانەکانم ڕاست دەرچوون سەبارەت بەوەی کە سەربازیەکان بەهیوان لەبەهاردا پۆلیسی عێراقی نائامادەکراو بخەنە شوێن هێزەکانی ئەمریکا، ئەویش لەکاتی کۆنگرەیەکی تەلەفزیۆنیدا کە سەرکردایەتی ناوەندو دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دەبەستێەوە بە ڕامسفێڵدو پۆل وۆلفۆیتزو ئەبی زەیدەوە.

وەزیری بەرگری ووتی کە ئەبی زەید ئەگەرێکی گریمانەکراوی پێشکەشکردووە کە بەهاتنی ئازار/مارس هێندە پۆلیسی عێراقی ئامادەبێت کە ڕێگەمان پێدات فرقەیەکی ئەمریکی لەعێراق بکێشینەوە.

ڕامسفێڵد ئاماژەی بەوەدا کە هەست بەوە دەکات هێشتا زۆر زووە بزانین ئایا ئەوە سەرکەوتوو دەبێت چونکە لەسەر خێرایی مەشقپێکردنی هێزەکانی ئەمریکا دەوەستێت.



Scanned with CamSc

چەمامەوە بۆ لای میکرۆفۆنەکە لەژووره بچوکەکەی پەیوەندییەکانداو ووتم، " جەنابی وەزیر، پێویستە لەسەرمان واقیعی بین" من پێداچوونەوەم کردووە بەدۆسێکاندا. نزیکەی ٤٠,٠٠٠ پۆلیسی عێراقیمان هەیە لەخزمەتدا، بەڵام ئەوانە لەبنەڕەتدا پۆلیسی سەر شەقامەکان، تەنها برێکی کەمیان بۆ ماوەی سێ هەفتە مەشقیان پێکراوە. (کیریك)یش ئەوەی خەملاندووە کە پێویستە لەدواجاردا نیوەی ئەوانە دەربکەین.

باسم لەپلانی مەشقپێکردنی پۆلیس کرد لەئوردن، تێبینی ئەوەشمدا کە بەرنامەکە لەماوەی پانزە مانگدا ٢٥,٠٠٠ پۆلیسی مەشقدیدە بەرهەم دەهێنێت. بەڵام ئەك پێش ئەو بەروارە بەیەك ڕۆژ. لەکاتێکدا کەئێمە بەخێرایی لەمەشقپێکردنی پۆلیسی عێراقدا بەرەوپێش دەچووین، ئەوا بەرپرسیارێتی بنەڕەتیی پێویستە بریتی بێت لەپاراستنی وڵات لەدوژمنە دەرەکییەکان، نەك فەراهەمکردنی ئاسایشی ناوخۆیی، هێزە سەربازییە باش مەشقدیدەکان کە هەڵدەستن بە ئەرکی پاراستنی ڕژێمی گشتیی بریتییە لە بەڵاو نەهامەتی وڵاتانی جیهانی سێیەم.

هەستم بەوە کرد هیچ کەسێکی ناو کۆنگرەکە نایەوێت ئەم هەڵسەنگاندنە بیستێت.

رامسفێلد ووتی، " پێویستە لەسەرمان خێرا بکەین لەبەرنامە ڕاهێنانیەکاندا.

" جەنابی وەزیر، ئێمە بەوپەڕی خێراییەوە بەرەوپێش هەنگاو دەهاوین". بەرنامەی ئوردنی لەساڵێکدا چوارهێندەی ئەو ژمارەیە مەشق پێدەکات کە پۆلیس لەهەر شوێنێکی تری جیهاندا تێدا مەشقی پێکراوە.

پۆل وۆلفیتز پێی وابوو پۆلیسی عێراقی باشتر دەبن لەهێزەکانی ئێمە چونکە ئەوان بەعەرەبی قسە دەکەن و دەتوانن بەشێوەیەکی باشتر زانیاریی هەواڵگریان دەستبکەوێت لەبارەی یاخیووەکانەوە.

ووتم، " ئەمە ڕاستە پۆل من هاوڕام لەگەڵتدا. بەدڵنیاییەوە دەتوانین زانیاریی هەواڵگریی باشتر بەکاربهێنین لەدژی شەڕەنگێزان. بەڵام لەماوەی درێژدا سەرکەوتن لەعێراق بەدەست ناهێنین ئەگەر هێزێکی پۆلیسی کارامەو کارئاشنا لەدوای خۆمانەوە بەجێ نەهێڵین".

ئەو کەشە بێهیواکەرەی کە بەئاراستەی ئاڵوگۆڕکردنی هێزەکاندا دەچوو نیگەرانی دەکردم. هێزەکانمان و سەرکردەکانیان لەخزمەتێکی خۆنەویستی و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا ڕۆچوون. بەڵام دابینکردنی ئاشتی لەعێراق دوای سەرکەوتن لەهەڵمەتی سەربازیی تەقلیدیدا کارێکی ئاژاوەگێڕیی درێژ دەبێت– وەك چۆن لەقەتەر سەرۆك و ڕاوێژکارەکانی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لەمە ئاگادارکردنەوە. هەروەها گومانێکی بێزارکەرم بۆ دروست بوو کە ئەحەداکانی ئاڵوگۆڕکردنی هێزەکان لەبەهاردا فشار دەخاتە سەر سەرکردەکان لەپێناگۆن بۆ چاوخشاندنەوە بەهەنگاوگەلێکدا کە لەماوەی درێژدا زیان بە سەرکەوتن دەگەیەنێت لەعێراقدا.

لە ٢٠ ئەیلول/ سێپتەمبەردا گەڕامەوە بۆ پنتاگۆن بۆ ئەوەی لەهەفتەی ئایندەدا بۆ قسەلێوەرگرتن لە کاپیتۆل هیل ئامادەبم.

کلای لەبەغداوە پەیوەندی پێوەکردم.

" ئەم بەیانییە تەقە لە عەقیلە هاشمی کراوە کاتێك کەلەماڵەکەی خۆی هاتۆتەدەر. ئێستا هەر لە نەخۆشخانەی یەرموکە".

عەقیلە یەکێك بوو لەو سێ ژنەی کەلەئەنجومەنی حوکمدا بوون، شیعەیەکی عەلمانی زۆر تێگەیشتوو دبلۆماتکارێکی پێشوو بوو. هەر خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی هاوەڵێتی وەفدی عێراقی بکات بۆ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەنیۆیۆرك.

" رادەی خراپی پێکرانەکەی چەندە"؟

کلای ووتی، " بڕواناکەم دەرباز بێت جێری، گوللەی کلاشنکۆف گەدەی پێکاوەو خوێنێکی زۆریشی لەبەرچووە".

" ئەوەی کە پێویست بێت ئەنجامان داوە"؟

"بەڵێ: گوێزراومانەتەوە بۆ نەخۆشخانەکەمان لەناوچەی سەوز و منیش لەوێم. دەستمگرتووە بەڵام هیچ دەنگ و قسەیەکی نەبوو بەڕاشکاویش قسەم لەگەڵ خزمەکانیدا کرد، لەوەناچێت رەوشی باش بێت".

یەکەمجار سێرجیۆ، پاشان حەکیم و ئێستاش هەم. ئەم مەسەلەیە بەکوێ دەگات"

لەکاتێکدا کە بە ستراتیژەکەمدا دەچوومەوە سەبارەت بەقسەلێوەرگرتن لەکاپیتۆل لەگەڵ دۆناڵد رامسفێڵددا رۆژی یەك شەممە ٢١ ئەیلول/ سێپتەمبەر، زانیم کە نوسینگەی دۆگ فیس رەشنوسی کارنامەی سیاسەتەکانی داناوە کە تێیدا داوای " شێوەیەك" لەشێوەکانی سەروەری پێشوەخت دەکات. هێشتا رامسفێڵد نەیخوێندبۆوە، بەڵام بەڵێنیدا شەو نوسخەیەکیم بۆ بنێرێت بۆ ئەوەی پێدا بچمەوە.

هەر دەبێت کەسێکیان یاریی بەم چەمکە بکات.

بەیانی رۆژی دووشەممە ٢٢ ئەیلول/سێپتەمبەر، من و پۆل وۆلفۆویتز بەتەنها لە نوسینگەکەی لەپنتاگۆن کۆبوینەوە. بابەتەکە بریتی بوو لە پێشنیارەکەی فیس کە داوا دەکات بەناوی (حکومەتی کاتییەوە) سەروەریی راسپاردەی عێراقیەکان بکرێتەوە".

رۆژی یەکشەممە خوێندمەوە بابەتێکی کۆنە بە بەرگێکی نوێوە.

من و پۆل لەسەر مێزێکی لاکێشە دانیشتین کە دەکەوتە نزیك دەرگاکەیەوە. ئێمە ماوەی زیاتر لەبیست ساڵە یەکتری دەناسین، من رێزم لەپێگەیشتنی ئەو و قوڵیی بەرچاوڕوونیەکانی دەگرت

لەمەسەلە ئاڵۆزەکاندا. هەروەك چۆن هاوڕام لەگەڵ بڕوای ئەودا کە پێی وایە عێراقێکی دیموکراسی لەوانەیە شۆڕشێك لەناوچەکەدا بەرپا بکات. بەڵام من دڵنیام ئەوە کات و بەرچاو ڕوونی دەوێت.

کاتێك کەلەسەر مێزەکە دانیشتبووین و قاوەمان دەخواردەوە، پۆل پرسی، " لەبارەی پێشنیارەکەی (ڕفیس)ەوە ڕات چۆن"؟

" بەڕاشکاوانە دەڵێم زۆرپێم باش نیە. وا دیارە ئێوە ڕادەی ناکارایی ئەنجومەنی حوکم نازانن". بێ هیچ پێچ و پەنایەك قسەکانم هەڵبژارد. " ئەوان ناتوانن کەژاوەیەك ڕێك بخەن، ئیدی چۆن دەتوانن ولاتێك بەڕێوەبەرن".

دیاربوو کە پۆل ڕازی نەبوو لەقسەکانم. ووتی، " بەڵام پێویستە لەسەرمان لەبەرەوەی سیاسەوە بەخێرایی بجوڵێین. ئەی چۆنە ئەگەر ئەنجومەنی حوکممان فراوانکرد بۆ ١٠٠ یان ٢٠٠ کەس بۆ ئەوەی زیاتر نوێنەرایەتی بکەن و، پاشان سەروەریان پێ بدەین"؟

وەڵامم دایەوە، " پێموایە بەلاتی کەمەوە لەڕووی تیۆرییەوە دەتوانین ئەوە بکەین. بەڵام کاتێکی زۆری دەوێت". بەبیرم هێنایەوە گروپێکی بەڕێوەبردنی حوکمی ئەمریکی بەریتانیی کە نزیکەی پەنجا کەس دەبن ڕۆژانە بیست کاتژمێر کاردەکەن، زیاتر لەدوو مانگ خەریك بوون تا توانیویانە ٢٥ عێراقی بۆ ئەنجومەنی حوکم دەستنیشان بکەن." تەنها خوداش دەزانێت کە فراوانکردنی ئەنجومەنەکە چەندێك کاتی دەوێت".

" بۆچی لێنەگەڕێین ئەنجومەنی حوکم خۆی خۆی فراوان بکات"؟

" پۆل ئەو کەسانە توانای خۆیان دەرنەخست لەفراوانکردنی بنکەی نوێنەرایەتیاندا، نە لە ئایار/مایۆدا، یان کاتێك کە ئەنجومەنی ئامادەکاریان دیاری کرد، یان پێش دوو هەفتە کاتێك کە وەزیرەکانیان دەستنیشانکرد".

دیاربوو وۆلفویتز قەناعەتی نەدەکرد و بابەتەکەی گۆڕی بۆ ڕەوشی ئەمنیی. ئایا ناکرێت ڕێگەیەك بدۆزینەوە بۆ خێراکردنی مەشقپێکردنی عێراقییەکان بەشێوەیەك کە جێگای ئەمریکیەکان بگرنەوە؟ لەکوێ پێشتر ئەوەم بیستبوو؟

پێم ووت کە ئێمە مەشقپێکردنی پۆلیسمان خێراکردووە بەڕادەیەك کە چوار بەرامبەری گەورەترین بەرنامەی مەشقپێکردنە لەهەر شوێنێکی تری جیهان لەماوەی ساڵێکدا.

" هەروەك چۆن ئێمە بەرەوپێش دەچین لەمەشقپێکردنی سوپای نوێی عێراقدا. لەماوەی ساڵێکدا لەبری دوو کەتیبە دەبینە خاوەنی بیست و حەوت کەتیبە. بەڵام واقیعی نە پۆل بیر لەوە بکەینەوە کە کام لەم هێزانە توانای پێویستیان دەبێت کاتێك کە لەبەهاردا کاتی ئاڵوگۆڕپێکردنی هێزەکان



Scanned with CamSc

دێت. ئەگەر سەربازیەکانیش بێجگە لەمەیان پێ ووتیت ئەوا جەواشەت دەکەن".
وەڵامی دایەوە، "پێموایە بەهاتنی ئەو کاتە پێویستە توانای ئەوەمان هەبێت لەمەسەلە ئەمنیەکان
سوپای عێراقی بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەکاربهێنین".
"بەڵام پۆل، ئەگەر تاکە وانەیەکی ڕوون هەبێت کەلە چل ساڵی ڕابردوو وەرمانگرتبێت ئەوە
کە هانی سوپایەکی کارامەو مەشقدیدە نەدەین ئەرکی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ لەئەستۆ بگرێت،
بەتایبەتی لەعێراقدا کە سوپا ئامرازێکی هەڵبژێردراوی سەرکوتکردن بووە لای صدام.
"من لەمەدا هاوڕات نیم. پێموایە ڕەوشی ئەمنی دەیسەپێنێت بەسەرماندا سوود لەهەر هێزێکی
عێراقی فەراهەم بوو وەربگرین".
ئەو دۆسیەیەی کە پێشنیارەکەی فیسی لەخۆگرتبوو داخرا.
بەناسودەی ڕۆیشتم بەرەو ئاراستەی بیرکردنەوەی باو لەپێنتاگۆن.

نیگەرانیم لە ڕەوشی گشتی زیادی کرد بەتایبەتی لەم هەفتەیەدا کاتێک لەنێوان ژووری لیژنەکان لەکۆنگرێس دەهاتم و دەچووم. بەدرێژایی ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو زۆرجار بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەکۆنگرێسدا ئامادەبووم. بەڵام هیچ کاتێک ڕووبەڕووی ئەو دوژمنایەتیە نەبوومەتەوە کەلەلایەن هەندێک لە نوێنەران و ئەندامانی کۆنگرێسەوە تووشم هات. ئەمەش لە ئەیلول سێپتەمبەردا بوو. کە چووبوینە ناو وەرزی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٤ەوە.

لەماوەی چوار ڕۆژی دواتردا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان نۆ جار لەبەردەم لیژنەکانی کۆنگرێسدا ئامادەبووم. هەستمکرد لەنێوان دەستانێکی ئەمیندام کاتێک کە تۆم کۆرزلۆگی ژوورەو ژوور لەگەڵم دەهات، بەهەمان ڕوخۆشیەوە سڵاوی لەکۆماری و دیموکراسیەکان دەکرد. بەهۆی تینی ڕۆشنایەکانی تەلەفزیۆنەوە یادەوەریەکانم لەبارەی ئەو هەفتەیەی ئامادەبونەکانم لەبەردەم لیژنەکانی کۆنگرێسدا شێوابوون هەروەها بینینیشم. بەڵام لەچەند ڕۆژێکدا بەڕوونی بەدیارکەوتەوە.

لەلیژنەی دەرماڵەکان (یارمەتیەکان)ی سەر بەئەنجومەنی پیران، سلبیەتێکی چاوەڕوانکراوم پێگەیشت لەلایەن دیموکراسیەکانەوەو پشتیوانیەکیش لەلایەن کۆماریەکانەوە. سەرۆکی لیژنەکە سیناتۆر تید ستیفنز کە خەڵکی ئالاسکایە ڕونیکردەوە بەخێراترین کاتی گونجاو داوای یارمەتییە زیادەکان دەخاتە دەنگدانەوە. لایەنی دیموکراسیش سەبارەت بەبڕی پارە داواکراوەکان و سەبارەت بەوەی کە ئیدارەکە لەعێراق "پلانی نیە" سکاڵای کرد. کاتێکیش کە بۆم باسکرد کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان پلانە ستراتیژیە تەواوەکەیان کەپێکهاتووە لە پەنجاو حەوت لاپەڕە لە ٢٣ تەمموز/ یۆلیۆدا داوەتە هەموو ئەندامێکی کۆنگرێس، ئەندامەکان دانیان بەوەدا نا کەئەوان



Scanned with CamSc

بەهیچ شێوەیەك نەیانبینیوە. هەروەك چۆن لەهەمان حەفتەدا لەوتەیەكمدا لەبەردەم یانەی ڕۆژنامەوانی نەتەوەییدا پەردەم لەسەر وردەكارییەكانی پلانەكە لادا. لەو فەرمانبەرەی وەزارەتی بەرگریش كە هەر دانەیەك لەو ٥٣٥ نوسخەیەی لە تەمموز/ یۆلیۆ داوەتە هەموو نوسینگەیەك لەكاپیتۆل هیل- ئێستا لێرە لەگەڵمدایە.

بەگوێمیدا چرپاند، " ئەگەری زۆری هەیە فەرمانبەرە دیموكراسیەكان فڕەیان دابێت".

لەڕۆژی پێنجشەممەدا ٢٣ ئەیلول/ سێپتەمبەر، كۆنگرەی پارتی سیناتۆرە كۆمارییەكان بانگهێشتیان كردم بۆ ئەوەی لەبەردەم كۆبونەوە هەفتانەكەیاندا قسە بكەم. كۆبونەوەكە بەشێوەیەكی باش بەڕێوە چوو. بەڵام هێشتا ژمارەیەك لەسیناتۆرەكان هەن كە دەیانەوێت یارمەتیە زیادەكان بگۆڕن بۆ قەرزێك لەسەر عێراق، یان بەلانی كەمەوە گرەنتی بەبارمتەكردنی لەپای داهاتە نەوتییە ئایندەكاندا، واتە لەداهاتوودا ئەو پارەیە لەداهاتی نەوت بەرتێتەوە. من لەدژی ئەو بیرۆكەیە قسەم كرد. چونكە عێراق وڵاتێكی ئیفلیج بووە بەهۆی قەرزەكانی صەدامەوە كەوا گەیشتۆتە چەند ملیار دۆلارێك. ناشتوانین پركێنشی بەوە بكەین حكومەتی فشەڵی نوێی عێراق بخەینە ژێر باری بڕێكی زیاتری قەرزو بیكەینە بەماڵ بەسەریەوە.

بەپێی نەریت، كاتێك كە وتەبێژێك بانگهێشت دەكرێت بۆ یەكێك لە كۆبونەوە حزبیەكان پێویستە بۆ حزبەكەی تریش فەراهەم بێت. بۆیە بۆ خوانێكی نیوەڕۆش چووم بۆ لای كۆبونەوەی دیموكراسیەكانیش. هەر لەوكاتەشەوە كە چوومە ناو هۆڵەكەوە زانیم كە تووشی گرفت دەبم. زۆبەی ئەندامانی پیرانی سەر بەدیموكراسیەكان لەدەوری خوانی نیوەڕۆ دانیشتبوون. سەرۆكی كەیە لەبەردەمی هۆڵەكەدا وەستابوو، ئەكانی ئەدایە بەرخۆی كە بێت و پێشكەشم بكات، بەڵكو تەنها بەوە وازی دێنا كە ئاماژەپێدام بۆ ئەوەی بچم بۆ لای دوانگەكە.

سەرەتا بەباسی بایەخ و گرنگی یارمەتیە زیادەكان دەستمپێكرد بەئاماژەكردن بۆ " وانەكانی مێژوو"، كەلەزەینمدا ئەو شكستخواردنانە هەبوون لەدوای جەنگی جیهانی یەكەمەوە ڕویاندا، هەروەها ئەو سەركەوتنانەش كە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بەدەست هاتن. بەڵام سیناتۆر گای ڕۆكلفەر بەشێوازێكی زبرو ڕەق قسەكەی پێبڕیم، " هەموومان مێژوو دەزانین، جەنابی باڵیۆز. بەمێژوو بێزارمان مەكە".

ساتێك وەستام پاشان هاتمەوە سەر باسكردنی ئەوەی كە چۆن هاوپەیمانان لەدوای جەنگی جیهانی یەكەمەوە پاشەكشەیان كرد دوای ئەوەی قورسایی قەرزێكی هاوەریان خستە سەر ئەڵمانیا.

ڕۆكلەر هاواری كرد، " نامانەوێت لەبارەی مێژووەوە ببیستین".

بەردەوام بووم و، ووتم ئەوەی ئەمەوێت لەبارەی مێژووەوە بیڵێم ئەو جەنگەیە كەپەیوەندیان هەیە



Scanned with CamSc

بەداواکاریەکەی سەرۆکەوە. لەبەرئەوە پەیوەندیشی دەبێت بەو سیناتۆرانەوە کە لەبارەی چۆنیەتی دەنگدان لەسەر ئەو داواکاریەوە بڕیارەکان وەردەگرن". نزیکەی حەوت خولەك پاساوە لۆژیکیەکەی یارمەتیە زیادەکانم ڕونکردەوە، لەمکاتەدا سیناتۆرەکان دەست بەسراو دانیشتبوون و بەتوڕەییەوە دەیانڕوانی.

یەکەم پرسیار سیناتۆر جۆ بیدن کردی، ئەو پشتیوانی لەجەنگی دژ بەعێراق کردبوو، پرسیارەکەی نزیك بوو لە وتارێك لەبارەی گرنگی کۆششە نێودەوڵەتیەکان لەبری کۆششی تاك لایەنەی ئەمریکا لەعێراق. ووتم کۆششەکانی ئێمە نێودەوڵەتین. دوانزە وڵات بەناردنی هێز بەشداری دەکەن. هەروەها هاوڵاتی بیست و پێنج وڵاتم لایە لەنێو ئەو کارمەندانەدا کە لەناو دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانادا کار دەکەن. نزیکەی شەست وڵاتیش بەڵێنیان داوە بەشداری لەئاوەدانکردنەوەی عێراقدا بکەن. تاکە وەڵامێکی ئەو ئەوە بوو وتی، " بەسمە چیتر لەبارەی هاوپەیمانانەوە قسەم بۆ مەکە ".

لەکاتێکی دواتری ئەم هەفتەیەدا، لەبەردەم لیژنەی هێزە چەکدارەکان لەئەنجومەنی پیراندا گەواهی خۆمدا، ئەو دانیشتنە بڕو کەبەدوای ئەزمونەکەمدا هات لەبەردەم ئەنجومەنی یارمەتییەکاندا. کۆماریەکان گونجاوبوون و دیموکراسیەکانیش بۆڵەبۆڵکەر. سیناتۆر ئیداورد کیندی هەستاو، لەوانەیە بۆ پەرچکردنەوەی تەنگاوبوونی دیموکراسیەکان بێت کە پلانە ستراتیژەیەکەی ئێمەیان فەرامۆشکردبوو کە پێش دوو مانگ پێمدان، نوسخەیەك لە پلانەکەی لەبەردەم کامێراکاندا ڕاوەشاندو کارەکەی ئێمەی "بەگاڵتە" وەسفکرد. بەتەواویش نەبوت کە چی بینیوە لەپلانەکەدا کە خۆش و مایەی گاڵتەپێکردن بێت.

دانیشتنی گوێگرتنی کۆتایی لەبەردەم لیژنەی کاروباری دەرەوەدا بوو لەئەنجومەنی نوێنەران، کە بەشێوەیەکی گشتیی پشتیوانی لەسەرۆك دەکات سەبارەت بەعێراق. تۆم لانتۆسی دیموکراتی لەکالیفۆرنیاوە کە هاوپەیمانێکی سەرسەخت بوو لەجەنگی دژ بەتیرۆردا لەو کاتەی کە من باڵیۆزی گەڕۆکی ڕێگان بووم بۆ بنبڕکردنی تیرۆر، بەڵگەیەکی بەهێزی لەبەرژەوەندی یارمەتیە زیادەکان پێشکەش کرد. بەڵام ژمارەیەك لەدیموکراسیەکان چەندین تۆمەتیان لە دژی " قازانجە لەڕادەبەدەرەکان" ووت کە گرێبەستکارەکان دەستیان دەکەوێت. ژمارەیەکی تریش لە دیموکراسیەکان وانەیەکیان دادام لەبارەی " دەیان هەزار" لەو هاوڵاتیە عێراقییە بێتاوانانەی کە وەك ئەوەی ئەوان دەڵێن گوایە هێزەکانمان کوشتونیان.

سیناتۆر دیان ئـ . واتسۆن لەلۆس ئەنجلسەوە داوای کرد ژمارەی تەواوی ئەو عێراقیانەی پێدەم کە لەو کاتەوەی جەنگ دەستپێکردوە کوژراون، لەبەرامبەر ئەوەشدا کە ئەمزانی بەتوندیی



Scanned with CamSc

ڕەخنەی لێبگرم. کاتێك کە ویستم وەڵام بدەمەوە، پێی بڕیم، ئاماژەی بەوەدا کەوا کاتەکەی تەواو بوو. بۆیە داوام لەسەرۆك کرد وەڵام بدەمەوە.تا. واتسۆن پێداگریی کرد. کاتەکەی تەواو بوو، هەروەها گرینگرتیش.

بەڵام من سووربووم. چەندین کەسیش لەدیموکراتەکان هانی سەرۆکیان دا ڕێگەم پێدات بۆ ئەوەی بەردەوام بم. ڕوونمکردەوە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەڕیزی هاوڵاتیانی مەدەنی و سەربازییەکاندا پێوە بوون لەکاتی ڕزگارکردنی عێراقدا کەمترە لەوەی کە لەهەر پرۆسەیەکی سەربازیی گەورەی مێژوودا بەرکەوتوون. بەمەش لەشوێنەکەدا هەراوهۆریایەك کەوتەوە کە هاوڕێ بوو لەگەڵ سەرنج و ڕوانینی تووڕانەی فەرمانبەرەکاندا. بەردەوام بووم لەسەر قسەکانم: دوای پەنجا ساڵ ئەبێت مێژوونووسەکان ژمارەی ئەو مەدەنیانەیان ئەدەزانی کە لەجەنگی جیهانی دووەمدا کوژران. بەڵام پێویستە لەبابەتەکە دوورنەکەوینەوە. لەعێراق، هێزەکانمان بەکارێکی جوامێرانە هەستاون بەرزگارکردنی وڵاتێك کە ٢٥ ملیۆن کەس لەخۆدەگرێت لەچنگ یەکێك لەدڕندانەترین دیکتاتۆریەتەکانی جیهان.

لەماوەی ئەم هەفتە کەنفتەکەرەدا تەنها یەك ناوبڕ ڕویدا: لەرۆژی چوارشەممە ٢٤ ئەیلول/ سێپتەمبەر، سەرۆك و لۆرای خێزانی من و هاوسەرەکەمیان بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی لەکۆشکی سپی هاوبەشی ئێوارە خوانێکی تایبەتیان بکەین. جارێکی تریش سەرۆك سووربوو لەسەرئەوەی لەناوەندەکانی واشنتۆندا بەبایەخدان بە خوانی ئێواران بناسرێت. ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست"یش ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئەوە " ژووانێکی دوولایەنەیە".

من و فرانسی لەبەشی خۆرهەڵاتەوە سواری سەرخەرە کارەباییەکە بووین بۆ بارەگای تایبەتی خێزان، کاتێکیش کە دەرگای سەرخەرەکە کرایەوە، سەرۆك و خێزانەکەی لەوێ وەستابوون و دەستیان درێژکردبوو.

سەرۆك جلوبەرگی نافەرمیی لەبەرکردبوو پانتۆڵێکی پانوپۆڕو کراسێکی شینی تاریك" لەکاتێکدا خاتوو لۆرا جلەکانی زیاتر ڕەسمی بوون قاتی لەبەرکردبوو لەگەڵ پێڵاوی پاژنە بەرزدا. ئەوەش کە یەکسەر سەرنجت ڕادەکێشێت ئەو ئاژەڵە ماڵیانەی سەرۆك و هاوسەرەکەیەتی، سپۆت، سەگی سپیلی بەریتانی و، بارنیی، سەگە سکۆتلەندییە ڕەشەکە و، ئیندیا، پشیلە زیاتر ڕەشەکە. ئاژەڵەکان بەدەوری پێیەکاندا دەسوڕانەوەو دەهاتن و دەچوون، ئەمەش وا دەکات ئەوانەی لەوێدا ئێشەجێن هەست بە ماڵێك بکەن کە پڕیەتی لەخۆشەویستی.

سەرۆك بردمی بۆ لای کورسیە زەردەکەی ئەوسەری ژوورەکە و لەبارەی عێراقەوە قسەمان کرد، لەکاتێکدا کە فرانسس و خاتوو لۆرا لەبارەی کتێبەوە قسەیان دەکرد. یانە بەلاتی کەمەوە



Scanned with CamSc

پێموابوو لەبارەی کتێبەوە قسە دەکەن چونکە هەردوکیان حەزیان بەخوێندنەوە بوو، دەرکەوت هەردوکیان لەناو جێگادا دەخوێننەوە. زانیشم من و سەرۆک بەرووشەی تارادەیەك وەك یەك کۆنایی بەرۆژەکانمان دێنین: تکایە! کتێبەکە بخەرە لاوەو رۆشناییە نەفرەتیەکە بکوژێنەرەوە".

سەرۆك بیرەیەکی بێ ئەلکهولی خواردەوە، ئێمە (هاوسەری سەرۆك و هاوسەرەکەم و منیش) شەرابی سپیمان خواردەوە.

سەرۆك لەبارەی عێراقەوە پرسی.

ئەوەم بۆ دوبارەکردەوە کە لە حوزەیران/یۆنیۆدا لەدۆحە پێمڕاگەیاند کە گەلی عێراق زرنگ و کۆششکەرە، " لەماوەی درێژدا من گەشبینم. ئەوەی لەسەرمانە بیکەین ئەوەیە هەلیان پێدەین".

سەرۆك سەبارەت بەڕای عێراقیەکان پرساری کرد لەبارەی حکومەتێکی ئیسلامیەوە. " ئایا ئایەتوڵڵا جلەوی کاروبارەکان دەگرێتە دەست"؟

ووتم ئێستا هاوپەیمانان دەستیکردووە بەڕاپرسییەکی گشتی بۆ راوبۆچوونەکان کە لە ئەیلول/ سێپتەمبەردا بەرێوە دەچێت." تا ئێستا دەتوانین بڵێین- سەرەڕای ئەوەی لەم قۆناغەدا من ناتوانم پێشبینی ئەواوی بۆچونەکان بکەم لەمبارەیەوە- بەڵام وادیارە کەمێك لەشیعەکان دەیانەوێت حکومەتێکی ئاینی دابمەزرێت". ئەوەی گرنگە بۆ سەقامگیری لەئایندەدا هاندانی عێراقە لەسەر تەبەنی کردنی دەستورێك کە مافەکانی تاکەکانی بپارێزێت و جۆرێك لەفیدراڵیی بەرجەستە بکات کە هاوسەنگی دەکات لەنێوان هێزی مێژوویی بەغداو دەسەڵاتی پارێزگاکاندا.

" دانیشتنەکانی گوێلێگرتنت سەبارەت بە پارمەتیە زیادەکان چۆن بوو"؟

دانم بەوەدا نا کەوا " ماندوکەربوون. نۆ دانیشتن لەچوار رۆژدا، بەڵام ئەو ئینتیباعەم دەستکەوت کە دواجار هەردوو حزبەکە پشتیوانی لەداواکە دەکەن". لەشیکردنەوەکەمدا ئەوەم بەدی کرد سەرەڕای ئەو دوژمنکارییە کە ڕووبەڕووم بۆوە، ئەوا زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێس دان بەپێویستی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی عێراق و بەردەوامی جەنگی دژە تیرۆردا دەنێن.

سەرۆك لەبارەی ڕەوشی ئەمنیەوە پرسیاری کرد.

ووتم، " بەڕاشکاوی پێموایە ئێمە زانیاریی هەواڵگریی پێویستمان نیە لەبارەی یاخیبوونەوە. ئەو ئەزمونەش کە هەمە لەبنبڕکردنی تیرۆردا قەناعەتی پێکردووم کە ئێمە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی ڕوو لەزیادبوو ئاڵۆز دەبینەوە. ئەم مەترسیانەشم لەگەڵ جۆرج تنیت دا باسکردووە".

سەرۆك بوش لەمە تێگەیشت بەڵام شتێکی لەوبارەوە نەووت.

" ئەی ئاستی هێزە عێراقیەکان چۆنە"؟

" وردە وردە. لەماوەی دوو هەفتەی ئایندەدا کەتیبەی یەکەم مەشق تەواو دەکەن و دەست



Scanned with CamSc

بەکاردەبن. بەڵام جەنابی سەرۆک بەڕاشکاوی دەڵێم من نیگەرانم لەچۆنیەتی ژماردنی عێراقیەکان لە پۆلیس و بەرگری مەدەنی لەلایەن پنتاگۆنەوە".

"مەبەست چییە لە، ژماردن"؟

"زادیارە ئەوان هەموو عێراقییەک کە جلێک لەبەربکات وەک بەشێک لەدامەزراوەکانی هێزی ئێکرایی بەراهەم بوو ئەژماری دەکەن. ئەوەش چەواشەکارییە. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پۆلیسێکی عێراقی یەکسانە بەسەربازێکی فرقەی پیادەی یەکەم یان کەتیبەی ١٠١. لەواقیعشدا وا نیە".

پرسیاری کرد لەبارەی ئەو کەسەی کە بەو ئاراستەدا فشار دەدات، ووتم من پێموایە نیگەرانیەکی مەفهوم هەیە لای سوپا سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکردنی هێزەکان لەسەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٤. "ئاسایش لەعێراقدا پێویستە لەماوەی درێژدا پشت بەعێراقیەکان ببەستێت، بەتایبەتی لەسەر هێزێکی پۆلیسی مەشقدیدەو لێهاتوو. بەرنامەیەکیشمان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم هێزە. بەڵام ئەمەش بۆ هەشت مانگی تری دەوێت. ئەگەر پێش ئەو بەروارەش هەر شتێک لەبارەی توانستە عێراقیەکانەوە بکەین ئەوا خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین".

دوای ئەمە قسە هاتە سەر باسی ئەحمەد چەلەبی کەئێستا لەگەڵ وەفدی عێراقیدا لەنیویۆرکە بۆ سەردانی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان.

"جەنابی سەرۆک دەزانیت ئەو شانی فەرەنسیەکانی گرتووە بۆ ئەوەی فشارمان بۆ دروست بکات کە ئێستا سەروەری ڕادەستی ئەنجومەنی حوکم بکەین".

"بەڵام ئایا ئەوانە توانستی ئەوەیان هەیە"؟

"نەخێر، بەو شێوەیە نین. پێش دوو ڕۆژ پەیوەندیم کرد بەچەلەبیەوە داوام لێکرد وازبێنێت. بەڵێنی پێدام، بەڵام دوێنێ جارێکی تر لەڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز"دا هێرشی کردۆتەوە سەرمان. ناتوانرێت ئەو چاکبکرێت".

"بەڵێ، کۆندی لە وتارەکە ئاگاداری کردمەوە". سەرۆک ووتی چەلەبی بە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی ڕادەگەیەنێت کە عێراق "بەئاسانی" دەتوانێت: بەرهەمهێنانی نەوتی دوو بۆ سێ هێندەی ئێستا بەرزبکاتەوە. ئەوەش واقیعی نیە، هەروەها ئەو داواکاریی یارمەتیە زیادەکان هەڵدەوەشێنێتەوە کە ئێمە پێشکەشمان کرد، بەتایبەتی کە هەندێک لە کۆمارییەکان ڕاڕاو دوودڵن لەبارەیەوە. بەڕاستی ئەمە تووڕەییم دەورووژێنێت. بەنیازبووم بەتوندی ئاگاداری بکەمەوە کاتێک هاتە نێو ڕیزی پێشوازیکەرەکان لەو ئاهەنگی پێشوازییەدا کە دوێنێ لەنیویۆرک میوانداریکردبوو. بەڵام کچەکەی لەگەڵدا بوو، بەگونجاوم نەزانی لەبەردەمیدا سەرزەنشتی بکەم. بەڵام بەڕاستی هەراسانکەرە.



Scanned with CamSc

بەڵام چەلەبی جۆرێك لە کەسایەتیە تراژیدیەکان وەڵامم دایەوە، " من تەواو هاوڕام لەگەڵتدا. ئەو زۆر زیرەکە، هەروەها لەو سەرکردە عێراقیە دەگمەنانەیە کە ئابوریی نوێ دەرك پێدەکەن و شارەزان تێیدا. ئەو بەکارێکی زۆر گەورە هەستا بۆ دەسخستنی پاڵۆی ئابوریی لەرێگەی ئەنجومەنی حوکمەوە. بەبێ ئەو ئەنجومەنەکە نەیاندەتوانی بەو کارە هەستن. بەڵام زیرەکیەکەی و ئەماحکاریەکانی دواجار لەناوی دەبەن.

سەرۆك پرسی، " ئایا چەلەبی چانسی خۆی لای پێناگۆن لەدەستداوە"؟

باسم ئەکرد کە من پاشنووەرزیەکی زووی ئەمرۆ سەبارەت بەچالاکییەکانی چەلەبی پەیوەندیکرد بە سکۆتەر لیبی گەورە فەرمانبەرەکانی جێگری سەرۆکەوە، ئەو پێیڕاگەیاندم کە " لیرەش هەموان زۆر بێزاربوون لێی.

سەرۆك ئاماژەی بەسەرۆکی فەرەنسی کردو وتی" رۆژی پێشوو گفتوگۆی زۆر ڕاشکاوانەم کرد لەگەڵ شیراکدا. پێی ووتم هەندێك کەس لەئەمریکا پێیان وایە فەرەنسا دەیەوێت ئەمریکا لەعێراق شکست بێنێت. جاك وتی، ئەخێر، ، ئەوە هەڵەیە، پێمڕاگەیاند کە هەرکاتێك تۆ لەبارەی ئەو بابەتەوە دەدوێیت ئەم ئینتیباعە لای زۆر کەس دروست دەبێت".

بەشێوەیەکی کپ پێکەنین. هەروەها بەسەرۆکم ڕاگەیاند کە من لەفەرەنسا خوێندوومەو لەوێ ژیاوم، لەوێ ماڵ و ژمارەیەك هاوڕێم هەبوون. بەڵام پێموایە هەڵوێستی فەرەنسا لەبارەی عێراقەوە ناکرێت پاساوی بۆ بهێنرێتەوە.

دوای نزیکەی چل و پێنج خولەك، خاتوو لۆرا پێشنیاری کرد نانی ئێوارە بخۆین. لەژوورێکی نانخواردنی بچووکدا لەدەوری مێزێکی چوارگۆشە نانمان خوارد. لەتەنیشت سەرۆکەوە مێزێکی بچوك هەبوو کە ئەڵەفۆنێکی سووری لەسەر بوو. خاتوو لۆرا وتی ئەوان هەمیشە پێش نانخواردن وەك من و فرانسی نوێژ دەخوێنن، بۆیە دەستەکانمان لەکۆشماندا لێکناڵان و سەرمان نزمکردەوەو نوێژمان خوێند. باسمان لەهەندێك بابەتی باو و بڵاو کرد لای ئەو ژن و مێردانە هەن کە لەناوەڕاستی تەمەنیاندان، بەزۆری منداڵەکان و هەروەها لەبارەی نەوەکانمانەوە. بەڵام جارێکی تر قسەکە سەری کێشایەوە بۆ عێراق. بەسەرۆکم ڕاگەیاند یەکێك لەئەندامە باشەکانی ئەنجومەنی حوکم کە عەقیلە هاشمیە سەرلەبەیانی ئەمرۆ گیانی سپارد.

بەنیگەرانیەوە وتی، " ئەوە شتێکی ناخۆشە".

فرانسی وتی، " پێموایە پێویستە لەسەرمان لەپێناو خێزانەکەیدا نوێژ بخوێنین".

سەرۆك سەری دانەواندو پێشنیاری کرد کە فرانسی سەرۆکایەتی نوێژخوێندنەکە بکات. بۆ جارێکی تر دەستەکانمان هەڵپێکایەوەو سەرمان دانەواندنەوەو، داوامان لەخوا کرد کە رەحمە

عەقیلە بکات و سەبوریی خێزانەکەی بدات.

لەدوای چوار شەو لەرێگەی گەڕانەوەدا بەفڕۆکە، لەشوێنێکدا لەژوورە تاریکە سادەکەی فڕۆکەی هێزی ئاسمانیی جی -٥ دا لەسەر زەریای ئەتڵەسی لەناکاو ئێوارە خوانەکەی کۆشکی بیم بیر کەوتەوە، وێنەی نوێژکردنی هەر چوارمانم هاتەوە بەرچاو بۆ رۆحی ژنێکی موسڵمانی ئازا کەناوی عەقیلەیە. کاتێك کە یەکسەر نوێژمان کرد، هەوڵمدا کەمێك رەوشی کەشەکە لەسەر سەرۆك سووك بکەم ئەویش بەوەی دوایین گفتوگۆی نێوان من و خاتوو عەقیلەم بۆ سەرۆك و هاوسەرەکەی باسکرد.

رۆژێکیان عەقیلە لەپەراوێزی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی حوکمدا لۆمەی کردم" "جەنابی باڵیۆز ئێوەی ئەمریکیی لەبابەتی دیموکراسیدا دوور دەڕۆن".

مەبەستت چیە"؟

"شەوی ڕابردوو ویستم منالەکانم ببەم بۆ نانخواردنی ئێوارە بۆ ئەوەش چێشتخانەیەکم هەڵبژارد. ئەوان دەیانویست بچن بۆ شوێنێکی ترو، - دوای ئەوەی کە ئێستا بوونەتە دیموکراسی- خێزانەکە پێداگریان کرد بیخەینە دەنگدانەوە، دوای ئەوەی ئەوان دەنگیان بۆ شوێنەکەی تردا من دۆڕاندم".



Scanned with CamSc

## بەشی حەوتەم

# ئایا ئەمریکا دەتوانێت بەرگەی گەرماکە بگرێت

## بەغداد

## ٢ تشرین یەکەم/ئۆکتۆبەر

بیناى شارەوانى کە نۆژەنکرابۆوە قەرباڵغ بوو، پێش ڕزگارکردن، ئەم گەڕەکەی کەدەکەوێتە خۆرهەڵاتى بەغدا پێى دەوترا ٧ نیسان، مێژووى بونیادنانى حزبى بەعس لەساڵى ١٩٥١، کاتێکیش کە ئەنجومەنى ناوچەیى لەهەڵبژاردنەکانى شارەکەدا دیارى کرا کە دەسەڵاتى کاتى هاوپەیمانان ڕێکیخستبوو لە حوزەیران/ یۆنیۆدا، یەکەم شت کەئەنجامى دا ئەوە بوو ناوى گەڕەکەکەى گۆڕى بۆ ٩ نیسان، وەك ئاماژەیەك بۆ کەوتنى ڕژێمى صەدام. لەسایەى صەدامدا، بیناکە بارەگاى سەرکردایەتى هەڵسانى هیلیکۆپتەرە جەنگیەکان بوو. ، لەکاتێکدا کە سەیرى منداڵانى قوتابخانەکانم دەکرد کەگۆرانیان دەووت و سەمایان دەکرد لەسەر شانۆکەى بەردەمماندا، بیرمکردەوە لێرەدا بنکەیەکى یەکەى هەلیکۆپتەرەکانى جۆرى می- ٢٨ هەبووە کەلەساڵى ١٩٩١دا هەزاران شیعەیان کوشت.

منداڵەکان لەگەڵ ڕیتم و دەنگى تەپڵ و نایدا دەنوشتانەوە، کوڕەکان چەفتەو جامانەیان بەسەرەوە بوو، کچەکانیش کراسى چتراویان لەبەردابوو لەگەڵ بازنەى زیویان لەدەستیاندا. دەرکەوت کەئەوان بەڵگەیەکى بەرچاون لەسەر ئەوەى ئەزموونەکەمان لەحوکمى ناوچەییدا خەریکە بەرهەمەکەى پێدەگات. لەسایەى صەدامدا، حزبى بەعس لەبەغداد زاڵبووبوو بەسەر هەموو لایەنەکانى ژیانى گەلدا، تا دەگاتە سەر ڕاکێشانى بۆریى ئاو بۆ مزگەوتێك یان گەرکێك یان بازاڕێك و، سەرلەنوێ بەندەداریکردنى ڕێگەکان. ئێستا، خەڵك لەدەیان شارى عێراقدا نوێنەرى ناوچەیى خۆیان هەڵدەبژێرن کە بەرپرسن لەبەردەمیاندا.

لەتەنیشتمەوە سەرۆکى ئەنجومەنى نوێى شارەوانیى دانیشتبوون دکتۆر زیاد قەتان، کە هەڵگرى بڕوانامەى دکتۆرابوو لەئابووریداو بیست ساڵ لەئەڵمانیا ژیابوو، دواى ڕزگارکردنى عێراق گەڕابۆوە. ئەو ئەو قوربانیدانەى بەرجەستە دەکرد کە زۆرێك لەعێراقیەکان بەرامبەر وڵاتەکەیان هەستى پێدەکەن، دواى ئەوەى خۆشگوزەرانى ئەورووپاى بەجێ هێشتبوو * بۆ خزمەتکردنى

نیشتمانەکەم" بەرامبەر موچەیەکی کەم و کارێکی فورس بۆ بونیادنانەوەی ٩ نیسان.

لەکۆتایی نمایشەکەدا، کوڕێکی تەمەن حەوت ساڵ سرودێکی ووت کە باس لەمەزنی عێراق دەکات هەروەها باسی لەدزێوی و ستەمکاری رژێم دەکرد لەئەنجامدانی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا. کاتێکیش کە سەرۆکی ئەنجومەنی گەڕەکەکە گوێی لەو لاوانەیەوە بوو فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتەخوارەوە.

تێبینمکرد خودی بیناکەش ئەو گۆڕانکارییەی پێوە دیاربوو کەلەدوای ٩ نیسان/ئەپریلەوە ڕویدا بوو. سوپای صەدام کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنابوو بۆ سەرکوتکردنی گەلەکەی. بەڵام ئەمڕۆ، نوێنەرانی گەل لێرەدا بۆ بەرژەوەندی ئەوان کاریان کرد، قوتابخانەکان و ناوەندە ژنانیەکان و نەخۆشخانەکانیان بونیادنایەوە، هەروەها باخچەی گشتی و باریگەیان دروستکرد، هەروەها هەلی کاریان بۆ زیاتر لە پێنج هەزار بێکار رەخساند. بەوەش کۆتاییم پێهێنا کە بیناکە هێمایەکە بۆ هیوای عێراق بەسبەینێ.

ژمارەیەك لە رۆژنامەنوسە عێراقیەکان لەوێ بوون لەگەڵ دوو پەیامنێری خۆرئاوایدا کە رومالی ئاهەنگەکەیان دەکرد.، کاتێك گەڕامەوە بۆ ئۆتۆمبێلە قەڵغانپۆشەکەم، بیرمکردەوە لەو رومالکردنە ڕاگەیاندنیەی، کە دەستمان دەکەوێت. هەواڵی خۆش هەواڵ نیە.

بەڵام برێکی زۆر هەواڵی ناخۆش هەیە دەربارەی ئەوەی کێ دەیەوێت بیبینێت.

لەکاتی گەڕانەوەمدا بەئۆتۆمبێل بۆ بارەگای دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان، پێداچوونەوەم بەڕاپۆرتە رۆژانەییەکاندا کرد دەربارەی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان. بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا رۆژی رابردوو گەیشتۆتە ٤,٢١٧ مێگا وات، ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەییە دوای رزگارکردن و دەکرێت بڵێین دەگاتە ئاستەکانی پێش جەنگ. لەماوەی چەند رۆژی ئایندەشدا چەند مولیدەیەکمان دەست دەکەوێت لەدوو کارگەی گەورەوە کەلەسەر چەم و رێژگەی ئاون. ئەمەش وامان لێدەکات کە ئامانجی ئەو نەوەد رۆژە بەدیبهێنین کەلە پلانە ستراتیژیەکەدا دیاری کراوە. لەرۆژی پێشوودا ١,٩٦ ملیۆن بەرمیل نەوتمان بەرهەمهێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئێمە دەگەینە ئامانجی دوو بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا پێش سێ مانگ لەو بەروارەی کە بۆی دیاریکرابوو. هێرشێکی تریش لەسەر هێڵی بۆری باکور ڕویدا، لەبەرئەوە هێشتا هەناردەکانمان دواکەوتوون. بەڵام وورده وورده زاڵدەبین بەسەر بەرهەمهێنانی نەوتدا، دڵی ئابوری عێراق.

سەرەڕای ئەو شکستانەش من قەناعەتم بەوە هەبوو، ئێمە دەتوانین قەیرانی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان تێپەڕێنین، لەقۆناغێکدا هێندە لەووزەی کارەباو نەوتمان لە خەزانەکاندا دەبێت کە کاریگەری ئەو هێرشانە بۆ سەر تاوەرەکانی کارەباو بۆرییەکانی نەوت کەم بکەینەوە. کاتێکیش



Scanned with CamSc

خاڵی لوتکە بەجێ بهێڵین. بەدڵنیاییشەوە ئەوە ڕوو دەدات، دەتوانین لەجەنگی زێرخانی ئابوریدا دوژمنەکانیشمان هەمان حسابات بۆ خۆیان دەکەن، ستراتیژیشیان بریتی دەبێت لە زیادکردنی کردەوە تێکدەرانەکان. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت پێویستە لەسەرمان پارێزگاریی لەبوونی هێزێکی سەربازیی بەهێز بکەین تا بتوانین ئاسایشی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەمان بپارێزین.

بەڵام ڕۆژنامەگەریی خۆرئاوا عەرەبیی ئارادەیەکی زۆر تەنها جەختیان لەهێرشەکانی یاخیبووەکان دەکردەوەو لەڕاگەیاندنەکانیاندا ڕۆشنایان دەخستە سەرو، ئەو هەواڵانەیان پشت گوێ دەخست کە داوای گەشبینی ئەکرد وەك کردنەوەی ئەنجومەنی ناوچەی ٩ نیسان.

کاتێك کە کاروانەکەم پردی کۆماریی دەبڕی بەئاراستەی ناوچەی سەوزی پارێزراو لەکاتی جوجوڵی جڕی پاش نیوەڕۆدا، ئەو منداڵانە هاتنەوە بەرچاوم کە لەبیناى شارەوانی ناوچەکەدا سەمایان دەکردو سروودیان دەچڕی. ئەوان جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی عەرەبی شیعەی زۆنگاوەکان و، دەشتەکیە سوونەکان و، کوردەکان و تورکمانەکانیان لەبەرکردبوو، متمانەیان بەخۆیان هەبوو. کاتێك بیر لەئایندەی ئەو منداڵانە دەکەیتەوە، هەموو کارێکی قورس و بێ هیوایی بوون لەسەر شان و دڵت سووك دەبێت کەلەبونیادنانی عێراقی نوێدا ڕووبەڕووت دەبێتەوە.

فران گالاگری سەرۆکی ئاسایشی تایبەت بەخۆم دوای دوو کاتژمێر، کاتێك کە هاتە ژوورەکەم و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست پێڕاگەیاندم، " لەڕاستیدا ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر خراپمان بینی".

ماندویی بەڕووی فرانکەوە دیاربوو، کەئەوە بەهیچ شێوەیەك شتێکی ئاسایی نیە: دەکرێت هاوەنێکی ٨٢ ملم لەدووری ٣٠ مەترەوە بتەقێندرێت بێ ئەوەی چاوی گالاگر بتروکێنێت، ئەو مارینزێکی پێشوو بوو. کاغەزی تیانووسی تێبینەکانی هەڵگێڕایەوە.

پێی ووتم، " جەنابی باڵیۆز، شەرەنگێزەکان گروپێکیان دانابوو بۆ ئەوەی دوای نیوەڕۆ لەکاتی گەڕانەوەدا لەئاهەنگی ئەنجومەنی ناوچەکە هێرش بکەنە سەرت، بەڵام کەمەوە گروپێکی لێدەر".

دانیشتم و هەستم بەتوڕەیی کرد. " مەسەلەکە چییە"؟

فرانك ووتی، " ڕاپۆرتێکی ڕادیۆیی گیراوە. هەموو ئەوەی کە پیاوانی هەواڵگریی دەبڵێن. عەرەبیەکی عێراقی بەزمانێکی سەربازیی، نامەی یەکەمی لەو کاتەدا ووتی کە سواری ئۆتۆمبێلەکان دەبوین بۆ ئەوەی بیناکەی شارەوانی بەجێ بهێڵین. ئەم پەیامەی نارد، ، "ئامانجەکە ئۆتۆمبێلێکی شۆفرلێتە دووەم دانەیە لەبەردەم سێیەم ئۆتۆمبێلی ڕەشاش هەڵگردا. ئەوان بەئۆتۆمبێلی هامڤی وا دەڵێن".

بیرم کەوتەوە کاتێك کە سواری ئۆتۆمبێلی سایبرانەکە بووم لەنزیك بینای شارەوانیەکەوە. زۆرێك لەخەڵك هەبوون کە بەشێوەیەکی ئاسایی لەو ناوە دەسوڕانەوە. یەکێك لەوانە منی دەستیشان



Scanned with CamSc

دەکرد بۆ ئەوەی بکوژرێم.

"چیتر"؟

"ئەوی تر لەسەر ڕادیۆ وەڵامی دایەوە کەئەوان لە ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری داخراودا دێنە پێشەوە بۆ ئەوەی بەپێنج ئاربیجیەوە ڕێگە لەکاروانەکە بگرن.

گوله ئار بی جی لەنێو گروپە تیرۆریستیەکاندا بلاو بوو. پێکانی ئەم چەکە ووردەو ئەقاندنیشی ئاسانە، سەرەکەی بەشێوەیەکی وەها دروستکراوە بتوانێت زرێپۆش ببڕێت، هەموو هەفتەیەك پێشبینی کوشتنی من دەکرێت لەنێوان سەربازەکانماندا لەنێو شارەکاندا. ئەگەر گوللەیەکی ئار بی جی بەر ئۆتۆمبیلەکەم بکەوێت، ئەوا ڕەنگە ئەوانەی لەناویدان بسوتێن.

ئەی بۆچی گوللەکانیان پێوە نەناین فرانك"؟

فرانك ووتی، "ئەو کوڕی سۆزانییە لەناو قەرەباڵغیەکەدا گیری خوارد. پەیوەندی کرد بۆ ئەوەی گروپێکی تر بۆسەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام هیچ کەسێك وەڵامی نەدایەوە. پەیوەندیەکی زۆر نزیك بوو گەورەم".

پێش چەند هەفتەیەك پێشبینیم دەکرد بکوژێك بێتە ناو کۆشکەکەوە، سەرەڕای مەترسی مورشەکەکان و گوللە هاوەنەکان کەلەسەریان ڕاهاتووین. بەڵام ئەم پەیوەندیە ڕادیۆیە تۆمارکراوانە ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن کە یاخیبووەکان سوورن لەسەر کوشتنم. بەڵام من کارم هەیە ویێویستە پێی هەستم، ئەفرەتیشم لێ بێت ئەگەر یاخیبووەکان بتوانن ڕێگەی هاتوچۆی ناو بەغداو عێراقم لێبگرن.

ووتم، "سوپاس فرانك. مادام تۆ لێرەی با بە خشتەی ئەو سەردانەمدا بچینەوە کە ڕۆژی شەممە بۆ قەرەقوش ئەنجامی دەدەم".

ویستم جەخت لەوە بکەمەوە کە سەرەڕای هەڕەشەکانیش بەردەوام دەبم لەجموجۆڵ. فرانك نامەکەی وەرگرت ڕۆیشتە دەرەوە لەنوسینگەکە، دواتر زانیم کە بە بریان ماکورماکی ڕاگەیاندووە کە زۆر نیگەرانە لەوەی کە من سوورم لەسەر ئەنجامدانی ئەو گەشتە. لەو شەوەدا کاتێك کە نامەیەکی ئەلەکترۆنیم نارد بۆ فرانسی، باسی ئاهەنگەکەی بینای شارەوانیم بۆ کرد بێ ئەوەی باسی ڕاپۆرتەکەی فرانکی بۆ بکەم.

ڕیزی سەربازەکان بەبێ هەڵەکردن لەسەر زەویەکی لمین لەقەرقوش ڕێیان دەکرد. بەتەنیشت ئیاد عەلاوی سەرۆکی مانگی تشرینی یەکەم / ئۆکتۆبەری ئەنجومەنی حوکمەوە وەستام، لەکاتێکدا کە کەتیبە دەرچووەکە لەبەردەم تەختەی نمایشکردنەکەدا وەستابوو.

ئیاد عەلاوی بەشانازیکردنەوە ووتی ، " جوان و نایاب دەردەکەون".



Scanned with CamSc

تیشکی رۆژ لەسەر ئەو کلاشینکۆفانەوە پەرچ دەبۆوە کە سەربازەکان هەڵیانگرتبوو. هەروەها لەو جلوبەرگە سەربازیانەیان لەبەرکردبوو کەسەربازە ئەمریکیەکان پێش دوانزە ساڵ لەپرۆسەی گەردەلوولی بیاباندا لەبەریان دەکرد، ئەمەش دیمەنەکەی بەهێزکرد کە ئەو پێنجسەد پیاوە ئێستا بوونەتە دۆستی هاوپەیمانان. ئەو مەشقەی کەپێیان کرابوو لەماوەی هەشت هەفتەدا زۆر قورس بوو. راهێنەرە ئەمریکیەکان فێری سوورکە کارامەییەکانی پیادەڕەویان کردبوون، هەروەها چۆنیەتی پشت بەخۆبەستن و بوونی ئینتیمایان بۆ یەکەکەیان و وڵاتەکەیان. ئەم کەتیبەی یەکەمەی سوپای نوێی عێراقیش پەیوەندی دەکەن بە فرقەی پیادەی چوارەوە کەپاسەوانی سنورەکانی نێوان عێراق و ئێران دەکەن.

دوای لێدانی دەهۆڵەکان، سەربازەکان دەستی ڕاستیان بەرزکردەوەو سوێندی بەوەفایی و دڵسۆزبوونیان خوارد. پاشان پێکەوە ئەمەیان ووت: " من نیشتمانپەروەرم. لەپێناو ئازادی وڵاتەکەمدا، خزمەدەبەخشم".

لەلای چەپیشەوە ئەو کەتیبە نوێیەی کەهاتبوون وەستان. ئەمانیش بەرەبەیان دوای چەند کاتژمێرێك لەپاککردنەوەی سەربازگەکەو ڕێکخستنەوەی دەست بەمەشق دەکەن.

سەدان میوان کە ئامادەی ئاهەنگەکە بووبوون ناچاربوون بەهۆی تیشکی خۆرەکەوە بەنیوە چاو سەیری مەراسیمەکە بکەن. بەڵام بینیم کە عەللاوی هیچ کات چاوەکانی قیل و تەنگ نەکردەوە، هەستەکانی ئەو ساتانە عەلاوییان هێنایە گریان.

منیش هەروەها هەستم بەشانازیی دەکرد. ئەم ئاهەنگە لەگرنگترین ئەو رووداوانەبوون کە لەدوای رزگارکردنەوە ڕوویان دابوو. ئەمە ڕوداوێکی تری دیارە لەو بابەتە سەرەکیانەی کەلەناو پلانە ستراتیژیەکەماندا بوو، ئارادەیەکیش ئامانجەکەمان لەکاتی خۆیدا جێبەجێکرد. وەك پێشبینیمان کردبوو زۆربەی لاوەکان پێشتر لەسوپای کۆندا سەرباز بوون. بەڵام ئەرکی ئەمڕۆیان بەرگریکردنە لەنیشتمانەکەیان نەك سەرکوتکردنیان. وەك لە مانگی ئایار/مایۆدا بەڵێنم بە عەبدولعەزیز حەکیم دابوو ، سەرکردەی کەتیبەی یەکەم شیعەیەکی سوپای پێشووی صەدام بوو کە دواجار ئەو هەلەی بۆ رەخسا کە خزمەتی وڵاتە ئازادەکەی بکات لە ئەنگی و شورەیی بەعسیەکان.

بەڵام وەك ئەوەی لەسەری راهاتووین، ئەمڕۆش بێ گرفت نەبوو. لەناوچەی گواستنەوە پێش سەرکەوتنی هەلیکۆپتەری بلاك هۆك بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ بەغدا، عەللاویم بردە کەنارێکەوەو پێمراگەیاند کە رۆژنامەی " نیۆیۆرك تایمز"، ئەم بەیانیە هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە کەلە زمانی دوو ئەندامی ئەنجومەنی حوکمەوە قسە دەکات، کەئەوانیش پاچەچی و چەلەبیە، هەروەها سوێحوك



Scanned with CamScanner

شابوك ئاكە ئەندامی ئەنجومەنی تورکمانی، ئەمانە رەخنەیان لە داوای ئەو بودجە زیادەیەی گرتووە کە داوامان کردووە.

بەعەللاویم ووت، " سەرۆك پابەندبوونێکی گەوەی پێشکەشکردووە بەسەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراق سەرەڕای ئەو مەترسیانەی کەوا ئەو ڕووبەڕیان دەبێتەوە. کارێکی گەمژانەشە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم بەشێوەیەکی ئاشکرا رەخنە لەپلانەکەی بگرن لەکاتێکدا کەئێستا کۆنگرێس سەرقاڵی مشتومڕکردنە لەسەری. چونکە ئەوە زیان بە سەرۆك و بەگەلی عێراقیش دەگەیەنێت".

عەللاویی ووتی، " تێگەیشتم. بەڵام ژمارەیەك لە ئەندامەکانی تری ئەنجومەنەکە لەو مەسەلە ئاڵۆزانەدا شارەزاییان نیە"

ئەندامانی ئەنجومەن دەیانویست کە ئەو برە پارە زیادەیەی دەرماڵە زیادەکان لەعێراقدا خەرج بکرێت نەك بدرێتە گرێبەستکارەکان. منیش لەسەر ئەو ئامانجە هاوڕام. بەعەلاویم ووت کە فەرمانم بەگرێبەستکارە بیانیەکان کردووە گەورەترین رادەی کارەکان بدەنە گرێبەستکارە عێراقیەکان لەناوەوەداو بەکارخستنی زۆرترین ژمارە لەعێراقیەکان. کۆمپانیای (بکتل)یش کەوا گەورەترین کۆمپانیای گرێبەستکردووە لەگەڵماندا، ئامانجی ئەوەی هەیە کە ٧٠٪ی گرێبەستەکان لەناوەوەی عێراقدا خەرج بکاتەوە، بەشێوەیەکی کرداریش ٤٠,٠٠٠ عێراقی بەکارخستووە.

عەللاویی رازی بوو قسە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمدا بکات

لەرۆژی دواتردا، لەگەڵ وەفدێکی کۆنگرێسدا کۆبوومەوە کە بەسەرکردایەتی سیناتۆر میچ ماکۆنل بوو. فەریق سانشێز لەبارەی ئەو پێشکەوتنەوە کە فەیلەقی بەرگریی نیشتمانی و پۆلیس و هێزەکانی هاوپەیمانان پێشکەشیان کردبووە لەبنبڕکردنی یاخبووندا بەشێوەیەك دوا کەهەستمکرد لەکانی گەشبینیەکی زیادەرۆیی کراوی تێدایە. رایگەیاند کە هێزە سەربازیەکانی هاوپەیمانان هەڵدەستێت بە دامەزراندنی پۆلیس لەهەموو ناوچەکانی عێراقەوەو مەشقیان پێدەکات و ئێستا نزیکەی ٥٤,٠٠٠ پۆلیس لەخزمەتدان.

پرسیم، ئەو ژمارەیە لەکوێوە هات؟ پاشان بیرمکەوتەوە کە پێش دوو رۆژ ژەنراڵ ئەبی زەید پلانەکەیی پێراگەیاندم بۆ کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەکانونی دووەم/ یەنایەردا لە پانزە لیواوە بۆ یانزە لیوا. ئەو پشتی بە ژمارەیەکی زیاتر لەهێزەکانی بیانی و هێزەکانی ئاسایشی عێراقی دەبەست بۆ ئەوەی جێگەی ئەو فرقە رۆیشتوانە بگرنەوە.

قسەم بە ریك نەبڕی کاتێك ئەو قسانەی بۆ ئەندامەکانی ئەنجومەنی پیران دەکرد. بەڵام دەرکم بەوە کرد کە پێویستە لەسەرم کاتێك کە ئەو لێیۆوە هەندێك هێڵ بکێشم. ناکرێت پۆلیسی عێراقی بە هێزەکانی هاوپەیمانان بەراوورد بکەین. چونکە زۆربەی ئەو پۆلیسانە مەشقدیدە نین.



Scanned with CamSc

ناکرێت تۆ پۆلیسێکی هاتوچۆی پێشوو بێنیت و بیگۆڕیت بۆ پۆلیسێکی کارامە لەڕێگەی مەشقپێکردنێکەوە بۆ ماوەی سێ هەفتە، کەلەلایەن یەکە سەربازیەکانی هاوپەیمانانەوە ئێستا لەعێراق ئەنجام دەدرێت. هەروەها ئەگەر ئەو پۆلیسانە لەژمارەی تێکڕایدا بەسەربازی پێویست بۆ پارێزگاریکردن لە ئارامی و ئاسایش و ڕژێم لەعێراق ئەژمار بکرێن، ئەوا ئەو پاسارە بچینەیەمان نامێنێتەوە کە وەك دەرمانەی زیادە داوای دەکەین بۆ مەشقپێکردنی ٤٠,٠٠٠ پۆلیسی کارامە لە

تۆردن.

دوای ئەوەی سانشێز لێبۆوە من قسەم کرد.

" پێویستە وریاو بەئاگابین لەوەی زۆر پەلە نەکەین لەگواستنەوەی سیاسی بەشێوەیەك کەلەدوای خۆمانەوە پەیکەرێکی مەدەنی لەرزۆك و خۆنەگرتوو بەجێ بێڵین. هەروەها پێویستە لەسەرمان بونیادنانی پۆلیس و هێزێکی چەکداری کارامەو نوێ و نا سیاسی گرەنتی بکەین".

ڕوانینم لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی پیرانەوە گواستەوە بۆ سانشێز. گرژی و ئاڵۆزیەکی زۆر لەزیادبوو لە زووری کۆبونەوەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان هەبوو. خۆشحاڵ بووم بەوەی کە بات کێندی فێنکەرەوەکەی بەکارکردوویی هێشتبۆوە.

دوای ئەو کۆبونەوە گرژو ئاڵۆزە، داوام لە دۆگ براندی سەرکردەی پۆلیسی یۆرکشایەر کرد کە ئێستا بور بووە گەورە ڕاوێژکارمان بەوەکالەت لەوەزارەتی ناوخۆدا، کە لەگەڵ کلایدا بێت بۆ ئەوەی باسی مەشقپێکردنی پۆلیس بکەین. " با بە ڕەوشەکەدا بچینەوە دۆگ. لەکۆتایی ئاب/ ئۆگۆستدا، بێرنی کێریك وتی پێویستە لەئێستادا واز لەچەندین کەس لەو پۆلیسانە بێنین کە ژمارەیان ٣٥,٠٠٠ هەزار دەبێت بەهۆی ناکارامەیی و گەندەڵی و ئەوەوە کەپێشتر پێشێلکاریان دەرهەق بە مافی مرۆڤ کردووە. ئێستاش سانشێز وتی کە ٥٤,٠٠٠ هەزار پۆلیسمان هەیە ر دوای مانگێکی تر وەك مەفرەزە دەردەچن. چۆن دەکرێت ئەوە ڕوویدات"؟

دۆگ وتی، " وادیارە ژەنراڵ سانشێز بەپێی فەرمانێك کاردەکات کەلەلایەن ژەنراڵ ئەبی زەیدەوە دەرچووە بۆ وەرگرتنی ٣٠,٠٠٠ هەزار پۆلیس لەماوەی مانگێکدا. لەبەرئەوە سوپاش خەڵکی نیمچە شارەزا لەسەر ڕێگاکانەوە دەهێنێت و، بۆ ماوەی سێ هەفتە مەشقیان پێدەکات و ، دوای ئەوە چەکداریان دەکات و پێیان دەڵێت پۆلیس، بەوپەڕی سادەییەوە ئەمە ئام و ئەنگییە".

" تۆ سەربازیەکان دەناسیت کلای. ئایا دەتوانیت ئەو فەرمانە بەدەست بخەیت کەبەکاری دەهێنن بۆ هەستان بەسەربازگرتن"؟

کلای بەوپەڕی سادەییەوە وتی " دەتوانم بەدەستی بخەم.

سەربازیەکان بەردەوام بوون لەسەر پلانەکەیان بۆ گۆڕینەوەی پۆلیسی عێراقی نامەشقدیدە بە



Scanned with CamScanner

بەکە جەنگییە ئەمریکییەکان. بەڵام پێش ئەوەی ئەم گرفتە لەپەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ئەم دوای نیوەڕۆیەمدا لەگەڵ ڕامسفێڵد بورژوژێنم، داوای لێکردم کە هەندێك " هەنگاوی کاتی" ئیجابی بدۆزمەوە کەشایانی باسکردن بێت، کە بتوانین پێی هەستین" بۆ گواستنەوەی" دەسەڵاتی سیاسی بۆ عێراقییەکان. " پێویستە لەسەرمان (جێزیی) هەندێك بەرەوپێشچوون لە بەرەی سیاسیدا بخەینەڕوو".

ئەمە ئەو سیاسەتی بەرگریيانەیە بوو کە فیس پێشکەشی کرد.

ڕامسفێڵد دانی بەوەدا نا کە بواری ئابوری باشە. منیش هاوڕابووم لەگەڵی بەڵام تێبینی ئەوەشمدا ئێمە لەدوای ڕزگاربوونەوە نیعمەت و هاوکاتیش نیقمەتی ئەو هەزاران ئۆتۆمبێلەمان دیوە کە ئێستا شەقامەکانی عێراقیان قەرەباڵغ کردووە. لەدووبارەکردنەوەی ئەو وتوێژەشماندا کە لە ئەیلول/ سێپتەمبەردا ئەنجامدرا، جارێکی تر وەزیر فشاری بەکارهێنا بۆ ئەوەی جموجوڵ لەبواری سیاسیدا بخەینەڕوو. پاشان ووتی وا خەریکە ئەبی زەید ڕۆڵی "عێراقیی" لەبواری ئەمنیدا دەخاتە ناو ڕاپۆرتەکەیەوە. ئەمەش گرنگە بۆ نیشاندانی جموجوڵی ئیجابی بۆ گەلی عێراق.

نۆرەی من هات بۆ ئەوەی مەسەلەکان ڕوون بکەمەوە، یەکەمجار، بە وەزیری بەرگریم ڕاگەیاند من ڕازیم لەسەر ئەوەی هانی ئەنجومەنی حوکم بدرێت کە بجوڵێت یان جێبەجێکردنی میکانیزمێکی تر. پاشان چوومە سەر پرسیاری ئاسایش. " جەنابی وەزیر، پێویستە لەسەرم ڕاشکاوانە بم. تۆ ژمارەیەکی قەبەکراو دەبینیت لە لیستەکانی پۆلیسدا. پێویستە کە بەخۆمان پێنەکەنین بەوەی کە عێراقییەکان باشتر ئامادەن لەوەی کە ئێستا هەن. ئێمە پێویستمان بە پۆلیسێکی کارامەو مەشقدیدە هەیە لێرە. پۆلیسێکی ڕاهێنراو لەئاستێکی بەرزدا. ئەمە ئامانجی ئەو بەرنامەیەی ئۆردنە".

وا دیارە بوو ڕامسفێڵد قەناعەتی بەقسەکانم نەبوو. ووتی وا باشترە" بەخێرای دەست بە پرۆسەکە بکرێت" بەوەی کە سوپا ڕابسپێررێت هێزە زیادەکانی پۆلیس مەشق پێبکات.

هاوڕا نەبووم لەگەڵی. ئەو قسەی دزگ براندم بۆ کردەوە کە دەبوت سوپا لەسەر شەقامەکان خەڵکی نیمچە شارەزا دێنێت و بۆ ماوەی یەك دوو هەفتەیەك مەشقیان پێدەکات و ناویان دەنێت پۆلیس.

لەکۆتایی گفتوگۆکەدا، دیاربوو ڕامسفێڵد لەمەسەلەکە تێدەگەشت، بۆیە پێی ووتم ژمارەی پۆلیسەکان لەڕێژەی ئەو ژمارە پێشبینیکراوانەی هێزی تێکڕایی دادەبەزێنرێت کە نوسینگەکەی لە هەفتەی ئایندەدا ڕایدەگەیەنێت.

هەستمکرد ڕامسفێڵد ماندوو دیارە، ئارامگریی کەمتربوبووەوە لەوەی کەپێشتر هەیبوو. ململانێ لەعێراق بوو بووە بابەتێکی گەرم لەواشنتۆن لەنێوان هەردوو لایەنە ڕکابەرەکەدا، بەتایبەتیش هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکان تەنها یەك ساڵ لێمانەوە دوور بوو- گومانیشی تێدا نیە ڕامسفێڵد

هەستی بەحاڵەتەکە دەکرد.
لەو گرفتانەش کەحکومەتی ئەمریکا ڕووبەڕوویان بوو بووبەوە ئەوە بوو کەئێمە گەنجینەکانی چەکی کۆکوژەکانی عێراقمان نەدۆزیبوونەوە، کە ئەوە هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی جەنگ بوو.
دکتۆر دەیڤید کای و گروپەکەی بۆ ماوەی چەند مانگێک عێراقیان ڕومالکردو گەڕان. لە؟ تشرینی یەکەمی/ ئۆکتۆبەردا، کای ڕاپۆرتی یەکەمی پێشکەش بە لیژنەی هاوبەشی ئەنجومەنی پیران و نوێنەران کرد. پوختەی ئەوە ئەنجامەی پێگەیشتبوو ئەمە بوو: ئارادایەك دڵنیاین لەوەی کە صەدام حسێن لەکاتی هەڵگیرساندنی جەنگدا ئەو هەزاران تەنە لەغازە ژەهراوییەکان و کڵاوەی جەنگی نەبووە بۆ ئەوەی بیانتەقێنێت، یان سەدان گیلۆگرام لەو مادانەی کەلە جەنگی بایۆلۆژی کوشندەدا بەکاردەهێنرێت، یان ئەو سستمە پیشەسازییەو مادەی پەرچەکەرەوانەی کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی وەك ئەوەی دەزگاکانی وڵاتە گەورەکانی خۆرئاوا دەیانووت عێراق هەیەتی.
لەگەڵ ئەوەشدا وێنەی چەکی کۆکوژ بەئاڵۆزی مایەوە. لەنەوەدەکاندا، صەدام حوسێن ئاستەنگی بۆ کارەکانی پشکنەرانی چەکە کۆکوژەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکرد. بەرنامەکەشی بۆ چەکی بایۆلۆژی دەرنەخست تەنها کاتێك نەبێت کەیەکێك لەجیابووەکان ئەوەی ئاشکرا کرد. لەتشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ٢٠٠٢، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کە عێراق پێشێلکاری شانزە بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات و داوایکرد لێکۆڵینەوە لە چەکە کۆکوژەکانی بکرێت.
کای لەبەردەم کۆنگرێسدا جەختیکردەوە کە ڕاپۆرتەکەی " خستنەڕوویەکی ئاشکرایە". باسی ئەوەش کرد کە گروپەکەی لەتاقیگە نهێنییەکاندا بەڵگەی نیگەرانکەریان دۆزیوەتەوە لەبارەی بەرنامەگەلێکی جەنگی بایۆلۆژی سەربەخۆوە، کەلەوانەیە ئەوانەی کاریان تێدا کردووە هەڵهاتبن بۆ دەرەوە،" لەوانەشە بەڵگەکان و هەتا ئەو مادانەش کە پەیوەستن بە چەکەکەوە بردبێتیان لەگەڵ خۆیاندا". لەکاتێکیشدا کە هێشتا گروپەکە مادەکانیان نەدۆزیوەتەوە، " ئەوا ئێمە نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناغەی کە بتوانین بەتەواوەتی ئەوە بڵێین کەئایا چەکەکان نەبوون یان لەپێش جەنگەوە هەبوون و ئاکە کارێکی، ئێمەش ئەوەیە کە بزانین بۆ کوێ چوون". کای پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ واشنتۆن پێیڕاگەیاندم کە نیمچە دڵنیایە لەوەی کە هەواڵگری عێراقی بەرنامەیەکی ئەزموونی بۆ جەنگی میکرۆبی شاردۆتەوەو ئەوەش لەبەردەم کۆنگرێسدا باس دەکات.
هەر بەو شێوەیە کای لەبەردەم کۆنگرێسدا ووتی" تۆڕێك لەتاقیگەی نهێنی لەچوارچێوەی دەزگاکانی هەواڵگری عێراقیدا" تەرخانکراوە بۆ جەنگی کیمیاوی و بایۆلۆژی، پشکنەرەکانی



Scanned with CamScanner

نەتەوە یەکگرتووەکان لەکاتی گەڕانیان لەسەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٣دا بەدوای چەکی کۆکوژدا نەیانتوانیوە ئەم تاقیگانە بدۆزنەوە. هەروەها کاتی هەندێك شوێنی کەشفکرد کە توانراوە بۆ دوو مەبەست بەکاربهێنرێن کە دەتوانن گازی ژەهراویی و پێتینەرەکانیش بەرهەم بهێنن. ئەو گروپەکەی بەهۆی ڕوخانی ئەو دیواری نهێنییەوە کە ڕژێمی بەعسی حەشاردابوو توانیویانە ئەو زانیاریانە بدۆزنەوە.

من چەندین ساڵە ئیدانەی ئەو پشتیوانیانەم دەکرد کە ڕژێمی بەعس پێشکەش بەتیرۆری دەکرد. ئەو لیژنە نیشتمانیەش کە تایبەت بوو بە تیرۆرو پێکهاتبوو لەهەردوو حزبەکەو، من سەرۆکایەتیم دەکرد، ڕاپۆرتێکیان پێشکەش بەسەرۆك کلینتۆن و کۆنگرێس کرد، پێش یانزە مانگ لە ١١ ئەیلول/ سێپتەمبەر، کە ئەوەی دەگەیاند ئەمریکا ڕووبەڕوی ئەگەرێکی ترسناك دەبێت بەوەی توندڕەوە ئیسلامیەکان هەستن بەئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی مەزن لەوڵاتەکەماندا. ئاسایشی ئەمریکیش تووشی مەترسیەکی کوشندە دەبێتەوە ئەگەر تیرۆریستەکان چەکی کۆکوژیان بەدەست هێنا. بۆیە بەتوندی لەپشتی بڕیاری سەرۆکەوە وەستام بەهێرشکردنە سەر عێراق و ڕوخاندنی ڕژێمی ترسناکی صەدام. بەهەمانشێوەی دەیڤیدیش تووشی سەرسامی هاتم کاتێك کە ئەو گروپەی کەهاتبوون بۆ ڕوماڵکردنی عێراق کۆگاکانی چەکە کۆکوژەکانیان نەدۆزییەوە.

بەڵام پاش بینینی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەگردو تەپۆڵکەکانی کوردستانی عێراق و وێنەی توقێنەری ئەو کوردانەی کەوا چەکە کیمیاوییەکانی صەدام لەهەڵەبجە کوشتنی، ئەوا من بەدڵنیاییەوە دەخەوم، چونکە دەزانم صەدام لەدەسەڵات لادراوەو ئیدی ناتوانێت دەستی بەچەکەکانی توقاندن و لەناوبردن بگات. ئیدی ئەگەر ئەرسانەیەکی ترسناك لەچەکی کۆکوژی هەبێت یان تەنها بنکەیەکی پیشەسازیی سازکراو بۆ هەڵبەستن و کۆکردنەوەیان، ئەوا من دڵنیام لەوەی کە ڕێگەمان لەو ستەمکارە گرت کە ژمارەیەکی زیاتری خەڵکانی بێتاوان بکوژێت.

کاتێك کای ڕاپۆرتەکەی پێشکەش بە کۆنگرێس کرد، بەلامەوە شتێکی کتوپڕ نەبوو کە زۆربەی گێڕانەوەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن جەختیان لەسەر ئەو دانپێدانانەی کای کردەوە کە نەتوانراوە کۆگاکانی چەکی کۆکوژ لەعێراق بدۆزرێتەوەو، لەبایەخی ئەوەیان کەمکردەوە کە ووتبوی تەواو دڵنیا نیە لەوەی کە ئەو چەکانە بوونیان هەیە یان هێشتا حەشاردراون و نەدۆزراونەتەوە، یان ڕفێنراون بۆ دەرەوەی وڵات.

بێگومان ئەو دەرئەنجامانەی کای هەواڵی ناخۆشیان دروست کرد بۆ بازنەی دەرەوە لەپێناگۆن. نەفیکراوەکانی ناو کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی کە ئەحمەد چەلەبی سەرۆکایەتی دەکات پێش جەنگ هەندێك زانیاریی هەواڵگرییان دابووە نوسینگەی وەزیری بەرگری. ئێستا ئەو کاتێتە



Scanned with CamScanner

کۆگاکانی کلاوەی جەنگی گازی سارین هەڵدەگرن یان تیوپ و ڤیدیۆیانە بوونیان نیە کەوا لە بواری تاقیگەیی چەکی بایۆلۆژی و میکرۆبیدا سودی لێدەبینرێت بۆ نەوەی شوشانەی کەلەئامادەکردنی تاقیگەیی چەکی بایۆلۆژی و میکرۆبیدا سودی لێدەبینرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت پێیان ڕووبەڕووی ئەو سلبییەتە بەردەوامە ببینەوە کەلەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانیدا هەیە. بۆیە ڕامسفێلد پێویستی بەوەیە نیشانی بدات کە داگیرکەر بەخێرایی پێشکەوتن لەکارەکانیدا بەدی دەهێنێت. هەروەها دەیەوێت ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەڕیزەکانی سوپای ئەمریکادا پێوە دەبن کەمبکاتەوە.

ئێمەش لەگەڵ ئەودا هاوڕاین. بەڵام لەسەر شێوازی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە ڕێکنەکەوتووین. دوای ئاگادارکردنەوەم لە پێشهاتە سەربازییەکان لەڕۆژی دواتردا، داوام لە ژەنراڵ سانشێز کرد بێنێتەوە. پێویستمان بەوە بوو کە هەڵوێستەکە لەمەشقپێکردنی پۆلیسی عێراق ڕوونبکەینەوە. لەماوەی چواردە مانگدا لەڕووبەڕووبونەوەی گرفتە قورسەکان لەگۆشە نیگا جیاوازەکانەوە، من و سانشێز پارێزگاریمان لە پەیوەندییەکی نایاب کرد لەنێوانماندا. بەڵام پەیوەندیی پیشەییمان ئاڵۆزیی تێکەوت. پرۆتۆکۆلی سەربازی پلەی ژەنراڵی دەداتە باڵیۆزەکان بە چوار ئەستێرەوە (فەریق یەکەم) و، ریکاردۆ ژەنراڵیش سێ ئەستێرە (فەریق). بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەویش ژەنراڵ ئەبی زەیدە لەسەرکردایەتی ناوەند. بەڵام من نوێنەری شەخصی سەرۆکم لەعێراق و، سەربازییەکان فەرمانیان لایە کە دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ مندا بکەن.

" (ریك) لەبارەی بەرنامەی مەشقپێکردنی پۆلیسەوە ئێمە هاوڕاین ".

لەسەر شێوازی خۆی و بەئارامیی بیری لەوە کردەوە کە من ووتم و پاشان ووتی. " زۆرباشە گەورەم"، بەپارێزەوە ئەمەی ووت.

پاش کەمێك ووتم، بە وەزیری بەرگریی و ئەبی زەیدم ووت کە ڕۆڵێکی گرنگ بۆ سەرباز لەم پرۆژەیەدا هەیە. ئەویش یارمەتیدانمانە بۆ دۆزینەوەی نزیکەی ۲۰۰,۰۰۰ کەس بۆ ئەوەی دەستیشان بکرێن بۆ ئەوەی بتوانین لەوانە سی و پێنج هەزار یان چل هەزار قوتابی هەڵبژێرین بۆ ئەوەی لەئوردن مەشقیان پێبکرێت. وادیارە ئێستا سەرکردایەتیەکەت پەلە دەکات لەوەی هەزار عێراقی بخاتە ناو بەرنامەیەکی سێ هەفتەیی و پاشا بیانێرێت بۆ بەهێزکردن و پشتیوانیکردن لە یەکەکان.

ووتم، " پێویستە ژەنراڵ ئەوە بزەستێت. ئەم بەرنامەیە هێزێکی پۆلیسی ساختە پێدەگەیەنێت کە خاوەن توانایەکی زۆر کەمن و ناتوانن جێی متمانەو ڕەزامەندی عێراقیەکان بن. هەروەها دەکرێت ئەو ژمارە قەبانە سەرکردەکانمان چەواشە بکەن و وابزانن کە عێراق سازو ئامادەیە دەتوانێت لەوەی کەئێستا هەیە باشتر بەرگریی لەخۆی بکات".



Scanned with CamSc

سانشێز بەشێوەیەکی فەرمی وتی: بەڵێ گەورەم. ڕێنموماییەکان ڕون و ئاشکران. ئیدی پۆلیس وەرناگرین".

وتم، " باشە، بەڵام هێشتا گرفتێکمان هەیە پەیوەندی بەوەوە هەیە کەدەیکەین بە پیاوەکانی پۆلیس ئەوانەی کە بەفیعلی لە لیستەکانی مووچەدا ناویان هەیە. لەوانەیە بتوانین هەندێکیان بگوازینەوە بۆ دەزگای پاراستنی ناوەندەکان و شوێنەکانی مەشقکردن، کەوا مەشق بایەخی کەمترە". وە ئێمە هەڵدەستین بە بەسەربازگرتنی ئەم کەسانە بۆ ئەوەی هەستن بە پاراستنی وەزارەتە سەرەکیەکان و بیناکانی تر.

ریك وتی، " بەو کارە هەڵدەستم گەورەم".

دوای بەرەبەیان خەریکی داکەندنی پێڵاوی ڕاکردن بووم کاتێك کە زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا کەلەئەنیشت نوێنەکەمەوە بوو. کاتەکەی زۆر زووە تا هەر کەسێك لەعێراقەوە پەیوەندی بکات، لەوانەشە زۆر درەنگ بێت بەنسبەت هەندێك لەکارمەندانەوە لەواشنتۆن.

" باوکە، دڵخۆشم بەوەی تۆم دیەوە"

ئەوە بولی کوڕمە. بەرگریم لەو پاڵنەرە کرد بۆ پرسیارکردن لەوەی کە ئایا دایکی باشە.

" ئایا هەواڵی ڕۆژنامەی ، نیویۆرك تایمزت بینیوە"؟

بە گاڵتەوە وتم، " نەخێر، عەبدوڵڵا، ئەو کوڕەی کە ڕۆژنامەکان دەهێنێت هێشتا نەهاتووە".

" دەتوانیت لە ئەنتەرنێتدا سەیری بکەیت باوکە. وا دیارە سەرۆك سەرۆکایەتی کردنی دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانانی لەبری پێناگۆن بە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی سپاردووە".

چاپی ئەلەکترۆنی ڕۆژنامەی "تایمز" ی بەدیاتیان دابەزی و هەواڵی پەیامنێری واشنتۆن دەیفید سانگر دابەزی بوو.

بوش ئەخشەو بەرنامەکەی لەعێراق ڕاستدەکاتەوە.

لەزاری گەورە بەرپرسانی ئیدارەکەی سەرۆك بوشەوە ئەوەی گواستبۆوە کەوا کۆشکی سپی فەرمانی کردووە بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیەکی گەورە سەبارەت بەهەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ئارامکردنەوەی ئەو توندوتیژیەی کە لەعێراق و ئەفغانستاندا هەیە و خێراکردن لە زوو ئاوەدانکردنەوەی هەر دوو وڵاتدا.

وا دیارە پەیکەرە نوێیەکە، کەلەلایەن کۆندۆلیزا ڕایسی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییەوە بەڕێوە دەبرێت بەشێکە لەو هەوڵانەی کە دەدرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی ڕەوشەکان بکرێت لەعێراقدا.

بەشانیش هەواڵەکە جەخت دەکاتەوە لەوەی کۆندۆلیزا ڕایس، نەك ڕامسفێلد، ئەو کەسە دەبێت

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەویش لەبەردەم وەزارەتی بەرگری که چاودێری ڕەوشی عێراق دەکات. بەرپرسیار دەبێت.

بەرپرسێکی گەورە لەئیدارەکەدا ووتی، " ئەوە پرسیارو لێپرسینەوە لەکۆشکی سپیدا دروست دەکات".

لەکۆتایی وتارەکەدا نووسەر دەڵێت:

لەکۆتایی وتارەکەدا نووسەر دەڵێت:
بەرپرسان لەوەزارەتی بەرگری بەسەختی سکاڵایان کردووە کە دوورخراونەتەوە لەوەرگرتنی بڕیار لەعێراقدا، هەتا دوای ڕوو لەزیادبوونی هێرشەکان بۆ سەر هێزە ئەمریکیەکان و، بڕانی کارەبا و مانەوەی بەرهەمهێنانی نەوت زۆر لەخوار ئەو ئاستەوە کە پێش جەنگ لەسەری بوو.

نەمتوانی لەڕێگەی ڕۆژنامەکەوە بزانم سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە بەنسبەت منەوە کوێر بوو. هەندێك کەس هەست دەکەن ئێمە سست و مەبەست چیە لەوە. جەختکردنەوەیەك هەیە کە نامەیەکی ئەلەکترۆنیم نارد بۆ رۆبن جێفری خاوین لەگێرانەوەی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکاندا. کە ژمارەکانی ئەم بەیانییە ئاماژە بەوە دەکەن نوێنەری دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان لەواشنتن، وزەی کارەبای بەرهەمهاتوو دەگاتە نزیکەی ٥,٠٠٠ میگاوات و، بەرهەمهێنانی نەوتیش گەیشتۆتە ١,٩٤٦,٠٠٠ هەزار بەرمیل لەنیوەی شەوداو لەم هەفتەیەشدا دەگاتە ٢ ملیۆن بەرمیل. ووتیشم کە ئێمە لەماوەی چەند ڕۆژی ئایندەدا دراوێکی نوێ دەخەینە بازاڕەوە و، هەموو قوتابخانەو نەخۆشخانەکان خراونەتەوە کار، سەرەڕای هەموو بانکەکانیش. هەروەك ئارادەیەکیش ئەوە گومان هەڵدەگرە کە دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان ژمارەیەك لە بەرپرسانی بچووك و ماناوەندو گەورە لە ستافی دەرەوەو باڵیۆزە خانەنشینەکان ئەوانەی کەلەعێراق کاردەکەن لەخۆدەگرێت کەزیاترە لەوەی کە لەهەر شوێنێکی تردا هەیە جگە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

"دەزانم چی لەوێ ڕوو دەدات جێری".

رایس دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژ پەیوەندی کرد. ئەوەم بیست سەبارەت بە مەترسیەکانم لە رۆبن.

" ئەو پەیامنێرە بەشێوەیەکی هەڵە لەمەسەلەکە گەیشتووە جێری".

مەبەست لە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە ئەوە نەبوو کە دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان کەمکرێتەوە؛ بەڵکو نیازی ڕێکخستنە نوێیەکە ئەوەیە یارمەتیمان بدات لەتەیارکردنی پشتیوانیی لەلایەن فەرمانبەرەکانەوە.

ووتم، " باشە، بەڵام هێشتا من نیگەرانم سەبارەت بەچۆنیەتی خوێندنەوەی ئەوە لەناوەندەکانی واشنتۆندا. سەرەڕای شێوازی داڕشتنەکەی، ئەوا خەڵك ئەوەیان لا دروست دەبێت کە پەیوەندییەکان لەنێوان دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان و پنتاگۆندا لاوازبوون، ئەمەش دەماغانە



Scanned with CamSc

گرفتێکی گەورەوە لەگەڵ سەربازییەکاندا".

وتی، " مەسەلەکە وانیە. ئێمە دەمانەوێت یارمەتی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بدەین لەخێرایکردن لەکارەکەیدا".

وتم، " ئەو هەواڵە نا وورداەی ڕۆژنامەی، تایمز، بەرەو ئەوە دەڕوات کە لەیادەوەریدا بمێنێتەوە. شتێکی هەڵەیان بە بیردا دێنەوەو، دەچێتە ناو زەینەکانەوەو، ناتوانیت بەهیچ شێوەیەك کارەکە چاك بکەیتەوە".

" لەبارەی ئەوەوە قسەم بۆ بکە جێری".

باسمان لەئیفلجبوونی ئەنجومەنی حوکمکرد لەبارەی پرۆسەی دەستوریەوە.

رایس لێی پرسیم ، " چی دەکەیت ئەگەر ئەنجومەنی حوکم پێداگربوو لەسەر هەڵبژاردنی کۆنگرەی دەستوری؟ پێموا نیە کە ڕەوشی ڕامیاری لەواشنتۆن پشتیوانی لەوە بکات تا ساڵێکی تر ڕەوشەکە بەمشێوەیە بمێنێتەوە. ئایا دەتوانین جۆرێك لەحکومەتی کاتی دروست بکەین"؟

تۆزێك وەستام بۆ تێرامان لەوەی هەموو ئەندامێك لەگروپی سەرۆك بۆ سیاسەتی دەرەوە- پاول و رامسفێڵدو ڕایس- لەماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا ئەم بیرۆکەیە بەرەو من پاڵدەدەن. وا دیارە من بەتەواوەتی تەنها ماومەتەوە.

" ئێمە کاردەکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە کۆنەی. بەڵام ئەوەی گرنگە پرۆسەیەکی سیاسی پتەو یەکگرتوو دەست پێبکەین ، هەتا ئەگەر تەواوکردنی ساڵێکیشی پێچوو".

" پێویستە ئەنجومەنی حوکم پاڵبدەین بۆ ئەوەی کار بکات".

پێموت کە بەهۆی ئەوەی مانگی ڕەمەزان تەواو بووە، ئەوا ئەنجومەنی حوکم دەتوانێت بگاتە کۆنگرەیەکی دەستوری پوختەکراوی ناوچەیی لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٤ دا.

ڕاسپاردە بەچی دەدەیت"؟

وتم، ئاسایش تاکە گرفتی ئێمەیە. بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەد هەزار کەسی تاوانبار ئەوانەی کە صەدام بەرەڵای کردوون. ئەو کەسانە گوێ بەوە نادەن حکومەت کاتی بێت یان نا. هەروەها بەعسیەکان، کەدەیانەوێت بەهێز بگەڕێنەوە بۆ دەسەڵات، پارە دەدەن پێیان بۆ ئەوەی بۆمب بچێنن. ئەو کەسانەش یان تیرۆریستن یان جیهادین گوێ بەوە نادەن مەسەلەی حکومەت نیشتمانی بێت یان نا. لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم پەلەکردن لە حکومەتێکی کاتیدا گرفتی ئەمنیمان بەشێوەیەکی هەڵە چارەسەر دەکات. ئەگەر هێزە سەربازییەکانیشمان پێش کاتی خۆی کەمکردنەوە، ئەوا ئێمە هانی ئەو کەسانە دەدەین کە توندتیژی زیاتر ئەنجام بدەن، نەك کەمی بکەینەوە".



Scanned with CamSc

رایس ووتی، " وام لێهاتووە کە سەبارەت بەم کێشەیە هیچ نازانم. من دان بەوەدا دەنێم کە تۆ ئەم کەسەی کە لەسەر شانۆی ڕووداوەکاندا دەژیت".

ئەم تێبینەی دوایی وای لێکردم هەست بەوە بکەم کەوا کەمتر تەنیام. بەلاّم وەك ئەوەی لەناو شەوانەکەمدا بۆ فرانسی ئاماژەم پێکردبوو ، " ئەگەر ئەمریکا نەتوانێت دوای کەمتر لەشەش مانگ بەرگەی گەرمایەکە بگرێت، ئەوا ئێمە ڕووبەڕووی سەدەیەکی زۆر شێواو دەبینەوە".

دیاربوو کە ئێمە بەرەو خاڵی کێشەکە دەڕۆیشتین سەبارەت بە ئاکارایی ئەنجومەنی حوکم. دوای چەند ڕۆژێك چاوم بە سکۆت کارپنتەرو تۆم کراجسکی کەوت، کە بەرپرسێکی ترە لە ستافی دەرەوەدا، جێگری سکۆتە لەبەڕێوەبردنی حوکمدا.

" بەڕاستی پێم بڵێن، ئایا ئەنجومەنی حوکم ئایندەی دەبێت"؟

من قەناعەت و بڕیاری ئەوانم دەویست ئایا بیست و چوار ئەندام، ئەوانەی کەهێشتا لەڕووی تایفی و ڕەگەزییەوە دابەشبوون، بۆ ماوەیەکی درێژ هاریکاریی بکەن ئەوەندەی کە بەس بێت بۆ ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی دەستوریی نوێنەرایەتی.

تۆم ووتی، " لەماوەی سێ مانگی ڕابردوودا زۆر بیروڕاکانیان ئاڵوگۆڕ نەکردووە".

" یان ئەرکەکانیان لەکارکردندا"، سکۆتیش ووتی. " ئەوان بڕێکی زیاتر لەدەسەلاّتیان دەوێت، بەلاّم نازانن چۆن بەکاری بێنن".

پێموتن، " بەنسبەت منەوە ئاشکرایە کە جەماعەت لەواشنتۆن ئارامیان نەماوە. فشارێکی زۆریش هەیە بۆ ڕادەستکردنەوەی سەروەریی بەوپەڕی خێرایی کە مومکین بێت. وە من دڵنیام کە ئەوە هەڵەیە.

بۆیە پێویستە لەسەرمان بەشێوازێك لەشێوازەکان دەست بە پرۆسەی دەستوریی بکەین و، فەتواکەی سیستانی بخەینە لاوە. یان ئەوەتا وابکەین کە ئەنجومەنی حوکم کارابێت یان با بڕوات و نەمێنێت".

سکۆت ووتی،" کاتێکیش کەوا کۆنگرەی دەستوریی کۆتایی پێدێت، دەتوانین هەندێك لەئەندامەکانی ئەنجومەنی حکوم بەدین و بیانخەینە ناو وەزارەتەکان و ناویان بنێین دەستەی بەرهەمهاتوو ، حکومەتی کاتیی. لەم ماوەیەدا ئەوانەیان کە ماونەتەوە لەئەندامانی کۆنگرەی دەستوریی لەنوسینەوەی دەستوردا سودیان لێوەردەگرین، بەمەش کار بۆ فراوانکردنی شوێنی سوننە لەسەر مێزەکە دەکەینەوە، سکۆت مامەڵەی لەگەڵ بابەتێکی بنەڕەتیدا دەکرد. ئێمە بۆ ماوەی چەند مانگێکە کاردەکەین بۆ ئەوەی بگەینە شێوازێك بۆ ئەوەی وا لە سوونە بکەین زیاتر بێنە ناو پرۆسەی سیاسییەوە. مادام ئێستاش بەرپرسمان لەدەسەلاّتی کاتی هاوپەیمانان لە پایەختی

بارزگاکانی ناوچە سونییەکان بۆ دروست بوون و، فەرمانبەرەکانمان دەستیان کردووە بەپەیوەندیکردن بەسەرکردە سونییەکانەوە. بەڵام وەك پێشتر بینیمان ( هەروەها وەك لەوەی کە سیاسییەکان لەنەتەوە یەکگرتوەکان و سیاسییە عێراقیەکان دواتر بینیانەوە). زەحمەتە بتوانیت سەرکردەیەکی سوونە یان بەرپرسێك دیاری بکەیت. چونك صەدام یان خستبوویە ناو حزبی بەعسەوە یان زۆربەیانی کوشتبوو.

رۆژ بیرۆکەکەی سکۆت بۆ حکومەتی کاتی دەکرێت سەربگرێت. " بەڵام چۆن دەتوانین کۆنگرەی دەستووری ببەستین"؟

سکۆت پرسی، " ئەی چی سەبارەت بە پوختەکردنی خیاری دووەم بۆ لیژنەی ئامادەکاری، جۆرێك لەپرۆسەی " هەڵبژاردنە ناوچەییەکان،"؟

پێموڵن کە من " پێش چەند رۆژێك ئەو بیرۆکەیەم بە ئەحمەکیم ڕاگەیاندووە بەڵام ئەو هێشتا پەیوەستە بەهەڵبژاردنە گشتییەکانەوە. بەڵام لێرەدا شتێك هەیە دەتوانین بیکەین. سبەینێ بە بیرۆکەی نوێترە وەرنەوە بۆ لام".

لەسەر مێزە مەرمەڕە فراوانەکە دانیشتم چەند خولەکێك بیرمکردەوە. بیرۆکەکەیان لۆژیکی بوو. بەڵام پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکان لەعێراق بەداخەوە هەمیشە لۆژیکی نین. گومانی تێدا نیە کە ئایەتوڵڵا سیستانی لەسەر ئاستێکی عەقڵانی بیردەکاتەوە کە جیاوازە لەبیرکردنەوەی خۆرئاوایەکان. سیستانی لەبارەگا سادەکەیەوە لە نەجەف، عێراق و جیهانی فراوان لەروانگەی تێڕوانینە ئاینییە ئیسلامییە شیعییەکەیەوە دەبینێت، سەرەڕای تێڕوانینە سیاسیە توندڕەوانەکەی. ئەو هەزاران فەتوای دەکردووە سەبارەت بەکۆمەڵەیەکی سەیرو سەرسامکەر لە مەسەلەکان، بەڵکو هەتا چۆن باوەڕدار ئاو دەخواتەوەو کەی دەیخواتەوە. سەرەڕای وێنەی دابڕاو و گۆشەگیرانەی ئایەتوڵڵای عوزما، ئەو؛ ئەو پێداگرە لەوەی کەوا لەپرۆسەی سیاسیدا کاریگەری هەبێت، ئەگەر بەشێوەی ئاڕاستەوخۆش بێت. وە من گومانم هەیە کە هەر بە هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بۆ کۆنگرەی دەستوری لەفەتواکەی پاشگەز دەبێتەوە چونکە ئەو زۆرینەی شیعە لەکۆنگرەکەدا دەستەبەر دەکات.

لەوانەیە گروپی بەرێوەبردنی حوکم بگەنە میکانیزمێك کە ئەنجومەنی حوکم بتوانێت کۆنگرەیەکی دەستوری نوێنەرایەتی بەزۆرینەی شیعەوە ببەستێت و ئەو هەڵبژاردنە نیشتمانیە درێژە تێپەڕێنێت کە سیستانی داوای دەکات. ئەگەر نەگەیشتنە ئەوەش، ئەوا دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و عێراقیەکان لەنێوان ڕەوشێکدا هەڵدەواسرێن کە رەوشی نەداگیرکردن و نە سەروەریشەو ناکرێت بەرگری لێبکرێت.

بۆیە هەر دەبێت یەکێك نەرم بێت.

لەکاتێکی درەنگی شەوی ١٠ تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەردا، لەنوسینگەکەم دانیشتبووم کاتێك کە گوێم لەدەنگی تەقەو پێکدادان بوو لەوبەری ڕوبارەکەوە.

عەقید نۆرفۆرد وتی، " تەقەکردنێکی چڕە لەمەدینە صەدر گەورەم".

کاتێك دوای کاتژمێرێك چوومە ناو خانوەکەمەوە کە زیاتر نزیك بوو لەڕوبارەکەوە دەنگی تەقەکان لەدوورەوە دەبیسترا. ڕاپۆرتی زیاترمان لەوبارەیەوە پێدەگەیشت: زیاتر لە ٣٠٠ چەکدار هێرشیان کردۆتە سەر فەوجی دووی زرێپۆشەکان کەبەرپرسیارە لە ئەمنی ناوچەی صەدری هەزارنشین کە نزیکەی یەك ملیۆن کەس لەو شوێنە نزم و کەمبایەخپێدراوەدا دەژین کە صەدام سەپاندویەتی بەسەریاندا. دوو لەسەربازەکانمان کوژران و چەندینیش بریندار بوون.

هێرشەکە لەلایەن میلیشیاکانی "سوپای مەهدییەوە" ئەنجام درابوو کە سەر بەموقتەدا صەدر بوون. بەهۆی تەحەداکردنی هاوپەیمانان لەلایەن موقتەداوەو ، دابەشکردنی ئەو بەخششانەوە کە لەڕێگەی مزگەوتەکانی ناوچەی صەدرەوە دەهاتن، موقتەدا توانیبووی ئەندامی نوێ بکاتە لایەنگری خۆی. ئەوانەی کە شوێنکەوتەی بوون ناویان نابوو مەهدی، ئەو ئیمامەی کە منداڵێکی بچوکی دوایین ئیمامەکانی شیعە بووەو لەسەدەی نۆیەمدا ژیاوەو دیارنەماوەو چۆتە ناو جیهانی ڕۆحەوە. شیعە باوەڕدارەکان پێیان وایە کە مەهدی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دادپەروەری بڵاوبکاتەوەو ڕێنومایی مرۆڤایەتی بکات.

لەهەفتەی ڕابردودا، موقتەدا دەستی کردە بەهەڕەشەکردنی گوتەیی توند بۆ سەر هاوپەیمانان و بە "داگیرکەرە تیرۆریستەکان" ناوی بردن. ئێمە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لەڕێگەی سەرکردە شیعە میانڕەوەکانەوە ویستمان جڵەوی موقتەدا بگرین. بەڵام ئەو لاوە توندڕەوە گوێی لەداواکارییەکانمان نەگرت. بەڵکو پەنای بردە بەر لەبەرکردنی کفنێکی سپی لەبری عەبای ڕەش کە ئیمامەکان لەبەری دەکەن ئەویش وەك هێمایەك بۆ ئەوەی کە پێشوازی لەشەهیدبوون دەکات. هەروەها لەو هەواڵە نیگەرانکەرانەی تریش ئەوە بوو کە موقتەدا هاریکاریی لەگەڵ پیاوێکی ئاینی سوونی توندڕەودا دەکرد کە ئەویش ئەحمەد کوبەیسی بوو، بە ئۆتۆمبیلی توندڕەوە سونەکان لەناوچەی سێگۆشەی سونیەوە بەرەو باشور دەچوو بۆ ئەوەی میلیشیا بچووکەکەی گەورەو بەهێز بکات.

لەبەیانیەکی زووی ڕۆژی دواتردا، بەتەنها لەگەڵ سانشێزدا کۆبوومەوە بۆ وتوێژکردن لەبارەی هێرشەکەوە،

وتم، " ئێمە زۆر نەرم بووین لەگەڵ موقتەدا. ئەویش بەو شێوەیە پاداشتمان دەداتەوە".



Scanned with CamSc

وتی؛ • ئەواو هاوڕام لەگەڵتدا گەورەم. ئەمڕۆ مەدینە صەدر پڕ دەکەین لەمەفرەزەو ئەوەی چەکی پێ بێت دەیگرین".

لەڕۆژی دواتردا، بیل سەرۆکی وێستگەی هەواڵگری، ڕاپۆرتێکی بۆ هێنام کە موقتەدا هێندە نیەتی دامەزراندنی حکومەتێکی عێراقی بەدیلی ڕاگەیاندووە. ئەو خۆی و باخیرونەکەی یەکسان کردووە :" بە ئیمامی مەهدی ئیمام و سەرکردەمان".

• جەنابی باڵیۆز سبەینێ وەزیرەکانی لەبەردەمیدا سوێند دەخۆن".

وەڵامم دایەوە، " لەناوچوون بۆ ئەو. ئەگەر بەخێرایی لەگەڵ ئەم پیاوەدا مامەڵە نەکەین، ئەوا هەلی وەستاندنی لەدەست دەچێت"

هێندەی ئەبرد هەواڵی ترم لە مایك گفۆلرەی نوێنەری دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لەحللە وەرگرت، بە دیپلۆماسی وردو کارامانە نوسیبووی بەیاننامەکەی موقتەدا بەشێك لەسۆشیالیزمێکی گشتگیر پێکدەهێنێت، ئەو بەربەستی لەسەر ڕێگاکان لەنەجەف و کەربەلا داناوە. هەروەها لایەنگرەکانی دەستیان بەسەر مزگەوتەکاندا گرتووە لەکەربەلا بەمەبەستی ئاهەنگێڕان بە بۆنەی لەدایك بوونی ئیمامی مەهدیەوە لەکۆتایی ئەم هەفتەیەدا. ئەمەش هەلی ئەوە بۆ موقتەدا دەڕەخسێنێت کە بڕێکی زۆر پارە کۆبکاتەوە لەو بەخشینە خێرخوازیانەی ملیۆنان کەسەی چاوەڕوان دەکرێت سەردانی مەزارگە پیرۆزەکان بکەن. هەروەها ئەو دەیەوێت بەرەو ناوچەی پیرۆزی نەجەفیش بڕوات، کە ئەوێ سەرچاوەیەکی گەورەترە بۆ دەستخستنی پارە. هەروەها ئەو زەخیرەو چەکی لەناو مزگەوتە پیرۆزەکاندا شاردۆتەوە.

ڕاپۆرتەکەی تۆك ووریایی ئەوەی دابوو کە سەرکەوتنی موقتەدا لەڕووبەڕووبوونەوەیەکی تردا لەگەڵ هاوپەیمانان دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنگرەکانی زۆر زیاد بکات کە ئێستا لەناوەندە شیعەکاندا کەمن. ئەوکاتە ڕووبەڕووی یاخیبونێکی تردەبینەوە، کە ئەمجارە لەبری بەعسیە جیهادیەکان دەمارگیرە شیعەکان دروستی دەکەن.

هەروەها مایك ووتبووی کە " بەیاننامەکەی صەدر لەجەوهەریدا ڕاگەیاندنی جەنگێکی سیاسیە لەدژی هاوپەیمانان". هەروەك لە مانگی ئاب/ ئۆگۆستدا داوای کرد پێوستە پۆلیسی عێراقی بەتۆمەتی کوشتن موقتەدا دەستگیر بکات، کە پێشتر ئەو بڕیاری گرتنەی هەڵواسرابوو.

• • •

کلای دۆگ و براند و ریك سانشێزم بۆ کۆبونەوەی گروپی قەیران بانگکرد. ئێمە پێویستمان بە پرۆسەیەکی سیاسی پۆلیسی سەربازیی هاوبەش هەبوو. " ناتوانین لێگەڕێین جارێکی تر دەرباز



Scanned with CamSc

بێت. پێویستە لێگەڕێین پۆلیسی عێراقی ئەو و ئەوانەیش کەناویان لە یاداشتی ئەو دەستگیرکردنەی ئاب / ئۆگۆستدا هاتووە دەستگیربکرێن.

پلانەکەمان ئەوە بوو کە هێزەکانی هاوپەیمانان پشتیوانی پۆلیسی عێراقی بکەن تا نەهێڵن موقتەدا بچێتە ناو شاری صەدرەوە، ئەگینا گرتنی ئەو لەو شوێنەدا دەبێتە مایەی ڕژانی خوێن و بشێوی نانەوە لەناوچەکەدا.

سانشێز ووتی، " پێویستم بە بیست و چوار کاتژمێر هەیە بۆ ئەوەی فەرمانی ئاگادارکردنەوە بدەمە یەکەکانمان. ئەگەر چل و هەشت کاتژمێریش بێت ئەوە باشترە".

پرسیم، " بۆچی؟ ئایا تۆ هێزەی وڵامدانەوەی خێرات نیە لەوێ"؟

ڕێك سەری ڕاوەشاند. هێزی یەکەمی مارینز گەڕانەوە بۆ نیشتمان و، هێزی بیانی شوێنیان گرتەوە. " ئەو سەرکردە ئیسپانیەش کە لەنەجەفە هاوکاری ڕەت دەکاتەوە. ئەو دەڵێت جوڵە ناو شارەکەوە لەم جۆرە ئەرکانەدا ڕێساکانی پێکدادان دەشێوێنێت".

ڕێساکانی پێکدادان جوڵەمان تووشی ئیفلیجی دەکات.

دوای ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن، ڕوومکردە کلای . " من لەوە دەترسم وەزارەتی بەرگری بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بمانبەستێتەوە ئەگەر نەتوانم ڕێنومایی لەڕامسفێڵدەوە وەرگرم بۆ ئەوەی بەخێرایی دەست بەکاربین" . لەماوەی ئەم هەفتەیەدا دووجار وەزارەتی بەرگریم لەدواین پێشهاتەکانی قەیرانەکە ئاگادارکردەوە، ئەمجارە ووریایی ئەوەم دا کە " کاتی جوڵەکردن دژی موقتەدا لەدژی بەرژەوەندییەکانمان دەجوڵێتەوە". هەروەها ئەوەشم باسکرد کە دەستگیرکردنی موقتەدا پرۆسەیەکی عێراقی دەبێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت پێویستە پێشبینی ڕودانی گێروگرفت بکەین و خۆمان ئامادە بکەین بۆ جوڵان، ئەویش لەدوای پشووەکانی شیعەکانەوەو، لەدوای سێ ڕۆژی تر.

لەوکاتەدا ڕامسفێڵد لە مۆڵەتێکی دەگمەنی مافداردا بوو، دوای نیوەڕۆم بەپەشۆکاویی بەسەر برد، لەکاتێکدا کە پنتاگۆن لەهەوڵی دەستخستنیدا بوو.

دواجار پەیوەندیەکیان لەگەڵ پۆل وۆڵفۆیتزدا بۆ بەستم ، " من دەرك بە مەترسی ڕەوشەکە دەکەم"، بەڵام بەچاوپۆشین لەوەی کە پێی هەڵدەستین، " پێویستە فەرمانەکە لەلایەن تۆوە دەربکرێت". هەروەها ووتی بەپەلە قەیرانەکە لەگەڵ ڕامسفێڵددا باس دەکەم کەهێشتا لەگەشتیدایە. " ئایا قسەت لەگەڵ ئەبی زەید کردووە"؟

"داوام کردووە بۆ ئەوەی پەیوەندیی پێوە بکەم".

کاتێك دوای چەندین کاتژمێر پەیوەندیم بە ژەنراڵ ئەبی زەیدەوە کرد، پێڕاگەیاندم کە لەگەڵ وۆڵفۆیتزدا قسەی کردووە. ئەبی زەید لەمشتومڕەکەیدا لەگەڵ جێگری وەزیر ئەوەی بەدیکردبوو



Scanned with CamSc

...ەڵەقوبوون و داگیرکردنی بنکەی پۆلیس، توانیبویان پێنج ئۆتۆمبێلی مەفرەزەکان و چەك و جل بەزن و، شێخی ناوچەکەی کە سەر بەموقتەدا بوو ناوی کازمی بوو، دەستی گرتبوو بەسەر ئەگەرنی ئەملحەیەی گرنگدا، دەستی کردبوو بە مەشقکردن بەگەنجەکان بۆ ئەوەی بتوانن چەك بەکاربهێنن و بیانبەن بۆ ڕێکخستنە سەربازییەکان لەنزیك ناوچە پیرۆزەکانەوە. هەروەها موقتەدا (دادگایەکی) دامەزراندبوو سەبارەت بەو نارەوایانەی کەلەدژی ئیسلام دەکرێن و ڕایگەیاندبوو دان بەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان یان هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانان‌دا نانێت. ...ستانی بەئاشکرا هەستی بەوە کردبوو کە لەلایەن ئەو لاوە توندڕەوەوە هەڕەشەی لێدەکرێت.

ئەوەشمان زانی کە ئەو ۲۰۰ چەکداری ناردبوو بۆ کەربەلا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هێزەکانی موقتەدا ببنەوە. هەروەها هەندێك لەجەنگاوەرەکانی سیستانی لەئەندامن لەناو میلیشیاکانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق، فەیلەقی بەدەر.

بەکلایم ڕاگەیاند، " ئەمە پێشینەیەکی خراپە چونکە قەناعەت بە ئەنجومەنی باڵا شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق دەهێنێت کە هاوپەیمانان ئاسایش فەراهەم ناکەن، بۆیە وەك ئەوەی ئێمە داوامان دەکرد میلیشیاکانیان هەڵناوەشێننەوە".

هاوڵاتییە ترساوەکانی کەربەلا لەبەردەم کۆمەڵگەی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان‌دا کۆببوونەوە و داوایان کردبوو لێپێچینەوە لەبەرامبەر چەتەکانی موقتەدا بکرێت. ووتیان یەکێك لە سەرکردەکانیان ووتوویەتی ، " سودی چیە خۆتان ناو بنێن حکومەت ئەگەر ئامادە نەبن کە ڕێوشوێن بگرنەبەر و لێپێچینەوە بکەن".

ئەوە هەمان هەستی منیش بوو.

شارەکە ناوچەی پرۆسەکانی کەتیبەی بولگاریی بوو کەسەر بە فرقەی پۆلۆنیی بوو. ئەوان هەندێك ڕاپۆرتیان ناردبوو بۆ ناوەندی پرۆسەکانی سوپای هاوبەش لەبەغدا کەهیچ شتێك لەشارەکەدا لەئارادا نیە، کەئەمە بەدڵنیاییەوە ڕاست نەبوو.

لەو کاتەدا کەئێمە پلانمان دادەنا بۆ جوڵەکردن، ژەنراڵ سانشێز گەیشت بۆ ئەوەی دان بەوەدا بنێت کە هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانان لەکەربەلا خۆیان گێل دەکەن لەوەی کە لەوێ ڕوو دەدات. ئەو تێکشکاو بوو نەیدەزانی چی ڕوو دەدات. سەرلەبەیانی بە هەلیکۆپتەر چوو بوو بۆ بابل بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵ لیوا ئەندریە تیزکیویکز سەرکردەی فرقەی پۆلۆنیدا کۆبێتەوە، کە "نارەزایی گرتبوو" لەو فەرمانەی کەئاراستەی کرابوو بۆ ئەوەی بچێتە نێوان ئەو جەنگاوەرە ناوچەییانەی کە لەکەربەلادا لەدژی یەك دەجەنگان و ناوبژیوانیان بکات. زیك بەبێزاریی و بێزکردنەوەو ووتی، " پاشان فەرمانەکەی ڕەتکردمەوە بۆ ئەوەی نارازیبوونەکەی

لەو کارە بەنوسین بخاتەڕوو".
ئەو بەڵێنی دا کە دیدەوانی سەربازیی ئەمریکی بەتوانا بنێرێت بۆ ئەوەی چاودێری ڕەوشەکە بکەن
لەکەربەلا.
ورتم، " با بەلای کەمەوە تەوقێکی سەربازیی لەباکوری کەربەلاو ئەجەفدا دابنێین لەسەر ئەو
ڕێگایانەی لەبەغداوە دێن بۆ ئەوەی هێزەکانی موقتەدا لەدوورەوە بهێڵرێنەوەو نەهێڵرێت نزیك
بنەوە. پێویستە لەسەر هێزەکانت هەموو ئۆتۆمبێلێك بەووردی بپشکنن- بەدرێژایی ڕۆژ".

هێزە سەربازییە ئەمریکیەکان توانیان ڕێگەکان لەباکورەوە دابخەن- بەلاَم لە کۆلاَنە کۆنەکانی
کەربەلادا پێکدادان ڕوویدا لەنێوان سوپای مەهدی سەر بە موقتەداو فەیلەقی بەدری سەر بە
ئەنجومەنی بالاَی شۆڕشی ئیسلامی.
ساتشێز لەبابلەوە ئەوەی ڕاگەیاند کە گومانی هەیە لەوەی پۆلیسی عێراقی بتوانن بەتەنها موقتەدا
بگرن کە لەشاری ئەجەف خۆیی لەناو بینا کۆنە دیوار ئەستورەکانیدا قایم کردووەو، بەسریەیەك
لە پاسەوانە تایبەتیەکانی دەورەدراوە کە بەچەکی ئۆتۆماتیکی و ئاربی جی خۆیانیان پڕچەك
کردووە، هەروەها زۆر نزیکیشن لە مەزارگەی ئیمام عەلی و بارەگای ئایەتوڵلای عوزماوە.
جەنگ و پێکدادان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لەهەردوو شارەکەدا بەردەوام بوو لەو کاتەدا کە ئێمە
لەهەوڵی ئەوەدا بووین پلانی هاوپەیمانان دابنێین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ موقتەدا دا. گڤۆلەر
ئاماژەی بەوەشکرد کە تائێستا پەنجا بۆ شەست کەس کوژراون و ژمارەی بریندارەکانیش نازانرێت.
وتیشی کە بەکارهێنانی چەکی ئۆتۆماتیکی گەورەو ئار بی جی هەڕەشە لەزیانگەیاندنێك دەکەن
بەو شوێنە زۆر پیرۆزانەی موسڵمانە شیعەکان کە ناتوانرێت ئەو زیانانە چاکبکرێنەوە.
ئێمە پێویستمان بەوە بوو بەوپەڕی توانامانەوەو بەشێوەیەکی پوخت و یەکلاییکەرەوە مامەڵە لەگەڵ
ئەم هەڕەشەیەیدا بکەین، بەلاَم بەشێوازێك کەوا قەناعەت بە هەموو گروپەکانی ناو عێراق بکات
کە هیواخوازن میلیشا بهێڵنەوە بەوەی هاوپەیمانان لێبوردە نابن لەگەڵ ئەم جۆرە تەحەداکردنانەدا.
تێبینەکم نارد بۆ رایس کەتێیدا نوسیبووم، " ڕەوشەکە لەگەڵ موقتەدادا بەخێرایی پەرە دەسێنێت".
هەروەها پێشموت کە هێرشی کردۆتە سەر بینای دادوەرو وێستگەی تەلەفزیۆن لە کەربەلاو
ژمارەیەك کەسی بە بارمتە بردووە.
لەکۆنگرەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە لەکاتێکی دواتری ئەو
شەوەدا بەسترا، سەرۆکم لەقەیرانەکە ئاگادارکردەوە. خۆشحاڵی کردم بەوەی ئامۆژگاریی کردین
کە زۆر سوور و پێداگربین.



Scanned with CamSc

١٦ تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەر برێکی زیاتر هەواڵی ناخۆشی پێبوو. لەشەوی پێشوودا، چەکدارەکانی موقتەدا لەکەربەلا سێ سەربازی تری ئەمریکیان کوشتبوو. هەروەها موقتەدا پەیامێکی وێنەگیراوی ناردبوو بۆ فەرمانڕەوا ناوچەییەکەو هەڕەشەی کوشتنی کردبوو، گفتولەریش چەند ڕاپۆرتێکی پێشکەش کرد لەبارەی ئەوەی کە هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی بشێوی لەشارەکانی بەصرەو عیمارەو دیوانیەو ناصریە. ڕەوشەکەش لە مزگەوتی کەربەلا وەك خۆی مابوەوە، زانیشمان کازمی پانزە کەسی وەك بارمتە بەندکردووە.

لەم کاتەدا هێزەکانی موقتەدا نوسینگەی ئەنجومەنی شارەوانیان لە شاری صەدر داگیرکرد. کاتێکیش کە پۆلیسی عێراقی ڕەتی کردەوە دەریان بکات، سەرۆکی پۆلیسم دەرکردو پەیوەندیمکرد بە سانشێزو گفتولەرەوەو وتم، " ئەگەر پۆلیسی عێراقی بینای شارەوانی نەگرێتەوە، ئەوا پێویستە لەسەر یەکێك فەرماندەکانت ئەوە بکات. پێویستە یاسا و ڕژێم لێرە بەرقەرار بکەینەوە".

مایکم نارد بۆ کەربەلا بۆ ئەوەی خۆی لەسەر ئەرزی واقیع چاوی حەقیقەتەکان ببینێت.

مەسەلەکە زۆر نیگەرانکەربوو. نەمدەتوانی بزانم کە ئایا سەربازییەکانیش هەروەها بەئەنقەست خاوەخاو لەم مەسەلەیەدا دەکەن، وەك لە ئاب/ئۆگۆستدا ڕویدا، یان ئەوان ناتوانن فەرمانی پێویست بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست وەربگرن. هەروەها خەمڵاندنێکی باشم بۆ ڕەوشی پەناگۆن دەست نەکەوت.

لەکاتێکی دواتری ئەو ڕۆژەدا دۆگ براند لەکەربەلا گەڕایەوە. پۆلیسی ناوچەیی کە دەوری مزگەوتەکەیان تەنیبوو ڕێگەیان بەژمارەیەکی "نەزانراو" لەمیلیشیاکانی موقتەدا دابوو بەچەکەکانیانەوە لە بیناکە بێنە دەرەوە. ئەمەش ئەو ئەنجامە بوو کە من لێی دەترسام. هێشتا ژمارەیەکی نەزانراو لە پیاوە چەکدارەکان لەگەڵ بارمتەکانیاندا لەناو مزگەوتەکاندا مابوونەوە. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە دەتوانیت بێ ترس تەحەدای دەسەڵاتی عێراقی و هاوپەیمانان بکەیت.

پیاوەکانی میلیشیای موقتەدا کە بەرپرس بوون لەکوشتنی سەربازەکانمان لەفەوجی زرێپۆش ئەوانەی کە تووشی بۆسەکە هاتبوون هێشتا بینای ئەنجومەنی شارەوانی مەدینە صەدریان داگیرکرد بوو ئەمەش وەك تەحەداکردنێکی ئاشکرای پۆلیسی عێراقی وایە.

لەهەمان ڕۆژدا، موفەق ڕوبەیعی، ئەندامی شیعە لەئەنجومەنی حوکم کە وەفدێکی بردبوو بۆ نەجەف بۆ وتووێژکردن لەگەڵ سیستانی سەبارەت بەقەیرانەکەی موقتەدا ، داوایکرد چاوم پێبکەوێت و نامەیەکی پەلەشی لەلایەن ئایەتوڵڵاوە هێنابوو.

موفەق وتی، " جەنابی باڵیۆز دوێنی لەو وەفدە دواکەوتم تا نامەکەت بدەم بەئایەتوڵڵا سیستانی



Scanned with CamSc

سەبارەت بەپرۆسەی سیاسی".
روبەیعی، دکتۆرێك بوو لە بەریتانیا خوێندنی تەواو کردبوو، لەلایەن حسین صەدری ئایەتوڵڵای شیعی دیاری شاری بەغداوە چاودێری دەکراو متمانەداری ئەو بوو، هەروەها یەکێك بوو لەکەناڵەکانی گواستنەوەی نامەکانی من بۆ سیستانیی سەبارەت بە بەرپرسیارێتی هاوبەشمان بۆ دۆزینەوەی رێگەی بەرەو پێشچوونی سیاسی. من داوام لە روبەیعیی کردبوو نامەیەك بەرێت بۆ سیستانیی سەبارەت بە بەرژوەندیە هاوبەشەکانمان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەك کە بەهۆیەوە عێراقیەکان بەخێراترین کات کە فەراهەم بێت بتوانن دەستورەکەیان بنوسنەوە، جارێکی تریش پێداگریم کردبوو لەسەر ئەو گرفتە تەکنیکیانەی کە بەهۆی ئەنجامدانی بە پەلەی
هەڵبژاردنەکانەوە دروست دەبن.
روبەیعی هەستی کردبوو کە " ئایەتوڵڵا لەو هەڕەشەیە دەترسێت کە موقتەدا پێکهێناوە". باسی لەوە کرد کە چۆن سیستانیی، دوای بڵاوبونەوەی یاخیبوونەکەی موقتەدا، گەڕاتەوە بۆ قوڵایی بیناکەی کە ڕاڕەوی تەنگ و پێچاوپێچی تێدایە لەنزیك مەزارگە پیرۆزەکانی شاری نەجەفەوە. پێش دوو شەو، موقتەدا لەگەڵ کۆمەڵێك لە شوێنکەوتوەکانیدا بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت چوون بوون و داوایان کردبوو ئایەتوڵڵای عوزما بیبینن. سیستانیی رەتیکردبۆوەو محمد رەزای کوڕی ناردبوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ گروپەکەدا قسە بکات. کۆبونەوەکە گۆڕابوو بۆ هاوارکردن و
نەڕاندن بەسەریەکدا، موقتەدا بەسەر پیاوە ئاینیەکاندا هاواری کردبوو.
سیستانی بەروبەیعی ووتبوو باشترین هەڵبژاردنی ئەو ئەوەیە کە موقتەدا نەمێنێت.
من وامدانا کە ئەو مەبەستی ئەوەیە کە لاوەکە بکوژرێت.
روبەیعی هەوڵی داوە قسە لەگەڵ سیستانیدا بکات سەبارەت بە پرۆسەی دەستوریی. بەڵام ئایەتوڵڵا زۆر سەرقاڵ بووە بە موقتەداوە بەشێوەیەك کاتێك لەوبارەیەوە پرسیاری لێکراوە دەستی راوەشاندووەو ووتویەتی،" هەڵبژاردن؟ کێ دەتوانێت لەکاتێکی وادا قسە لەبارەی هەڵبژاردنەوە بکات"؟
روبەیعی بەزانیاریەکی تر سەرسامیی کردم. سیستانی پێی ووتبوو کە بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا نامەیەکی نهێنیی بۆ ناردوەو تێیدا پێشنیاری کردووە کە ئایەتوڵڵا "فەتوایەك دەربکات و تێیدا داوای جیهاد بکات لەدژی هاوپەیمانان"، وەك ئەوەی کە سەرکردەکانی شیعە لەساڵی
١٩٢٠دا لەدژی بەریتانیەکان ئەنجامیان دا.
ئەو کارە ئاماژەی بە ئەبوونی بەرپرسیارێتی دەکرد بەشێوەیەکی نائاسایی لای سەرۆکی سوریا. ئێمە زانیاریی هەواڵگریی باشمان لایە ئەوە دەردەخات کە ژمارەیەك لەیاخیبووە تیرۆریستەکان لەڕێگەی



Scanned with CamSc

سوریاوە دێتە ناو عێراق. بەڵام ئەم پەیامە لەلایەن ئەسەدەوە بۆ هاندانی شیعەکان بۆ ئەوەی یاخی بن. ئەگەر سەرکەوتو بێت، ئەوا یاخیبونێکی خوێناوی لەدوو بەرەو رووبەرووی هاوپەیمانان دەبێتەوە، ئەمەش هەزاران قوربانیی لێدەکەوێتەوە، لەناویشیاندا ئەمریکییەکان.

ئەبیرانەکەی موقتەدا ئەو قەناعەتەی لا بەهێزکردم کە پێویستمان بە هەبوونی توانایەکی سەربازی بەهێز هەیە لەعێراق تا ئەو کاتەی کە ئەوەندە هێزی ئاسایشی عێراقی لێهاتوو و سەرکردایەیەکی عێراقی چالاکمان دەبێت بتوانێت ئارامی و سەقامگیریی وڵات بپارێزێت.

لەو شەوەدا نامەیەکی ئەلەکترۆنیم نارد بۆ فرانسی و تێیدا باسم لە بێزاری و نائومێدی خۆم کرد: دەکرا لە ئاب/ ئۆگستدا خۆمان لەم قەیرانەی کەربەلا لابدایە کاتێک کەراسپاردەم دا بەوەی هانی پۆلیسی عێراقی بدرێت تا موقتەدا دەستگیر بکەن. ئەو کاتە کەس لەگەڵ راکەمدا نەبوو.

ئەمە سەلماندنێکی نموونەیە کە خۆلادان لەوەرگرتنی بڕیارە قورسەکان تەنها سەرکەوتنێکی کاتی لێدەکەوێتەوە. ئەوە نابێتە هۆی هیچ شتێک بێجگە لەزیادبوونی ئازارەکان کاتێک کە چیدی ناتوانرێت خۆ لەوەرگرتنی بڕیارەکان ببوێرێت.

* * *

لە ١٨ ی تشرین یەکەم /ئۆکتۆبەردا، دواجار ئەنجومەنی حوکم و حزبە سیاسیە عێراقیەکان بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد لەبارەی یاساو رژێمەوەو دایانە ئیمامەکانی شاری کەربەلاو نەجەف، کە ئەوە سیفەتی سەرپێشکردنی ناوچەیی دایە ئەو پرۆسە هاوبەشانەی کە بەم نزیکانە لەدژی موقتەدا ئەنجام دەدرێن.

پرۆسەکە بەشێوەیەکی باش لە شاری صەدر بەڕێوەچوو. هێزەکانی فرقەی زرێپۆشی یەکەم بەرەو میلیشیاکانی سوپای مەهدی پێشڕەویان کرد کە بینای شارەوانیان لەشاری صەدر داگیرکردبوو ژمارەیان بە دوو سەد کەس دەخەمڵێنرا. بەرگرییەکی کەم روبدا، هیچ کەسێک لەڕیزی ئەمریکیەکاندا پێوە نەبوو، پێویستی نەکرد هەڵیکۆپتەری جەنگیش بهێنرێت. هێزەکانمان زیاتر لە چل کەسی گومانلێکراویان دەستگیرکرد، کە بیست و حەوت کەسیان بەندکران.

لەکەربەلا پلانەکە ئەوەی دەویست کە پۆلیسی عێراقی مزگەوتەکان کۆنترۆڵ بکەنەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە هێزەکانمان ئەمنی ناوچەکە دەپارێزن. ئەوەی گرنگە کە لەکاتی گرتن و کۆنترۆلکردنی قەرەباڵغیەکەدا پۆلیسی عێراقی دیاربێت و بزانرێت کە ئەوە بەکارەکان هەڵدەستێت.



Scanned with CamSc

ئەو پرۆسەیە شەوی دووشەممە لە ٢٠ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەردا لەکەربەلا ئەنجامدرا بەسەرکەوتوو دانرا. پۆلیس ئەو کەسانەی ئاگادارکردەوە کەلەناو مزگەوتەکاندا خۆیان پەنادابوو بۆ ئەوەی خۆیان بدەن بەدەستەوە، ئەوانیش گوێیان پێنەدابوو. ئیدی پۆلیس و کەسانێك لە فەیلەقی بەرگریی نیشتمانی عێراقی چووبوونە ناو مزگەوتەکانەوەو داوایان لەهێزەکانمان کردبوو لەدوایانەوە بن. بەرگریی ڕوینەدا، وێڕای ئەوەی کە لەناو مزگەوتەکەدا لەسەربانەکانیەوە ئامادەکاریی بۆ بەرگریکردن کرابوو. لەبەیانی دواتردا، نوری بەدرانی وەزیری بەرگریی عێراق کارێکی باشی کرد کاتێك بۆ میللەتی ڕونکردەوە کە پرۆسەکە عێراقیی بووە و تەنها داوایان لەهاوپەیمانان کردووە یارمەتیان بدەن.

بەو شێوەیە لەماوەی سێ ڕۆژدا دوو کردەوەمان ئەنجامدا، هیچ کامێکیان زۆر گرفتیان نەخستەوە. هیچ پێوەبوونێك لەناو هێزەکانی ئەمریکادا نەبوو هیچ پەرچەکردارێکیش دژ بە هاوپەیمانان ڕوونەدا. ئەمە لەکاتێکدا ئێمە هیچ یەکێك لە دوو ئامانجە سەرەکیەکەمان نەگرتووە. موقتەداو کازمی شوێنکەوتەو دڵسۆزی. هەروەها زیاتر لە ٤٠,٠٠٠ هەزار کەسمان ڕاگرت کەدەیانویست شاری صەدر بەجێ بێڵن و رووبکەنە کەربەلا، ئەمەش ئەوەی دەرخست کە موقتەدا توانای هەیە بە( پارەو- لەوانەشە لەلایەن ئێرانیەکانەوە پێی بگات) بەشێوەیەکی ترسناك کار لە ژمارەیەکی گەورە لە شوێنکەوتە دەمارگیرەکانی بکات.

تۆ فولی ڕاوێژکاری دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان بۆ کاروباری کەرتی تایبەت، ئەوەی پێشکەشکردم کەدووررم دەخاتەوە لەکردەوە وێرانکارییەکان کە موقتەدا پێیان هەڵدەستێت ئەویش ئەو کاتەی کە پێشنیاری کرد لەگەڵیدا بڕۆم بۆ یەکێك لەکۆبونەوە ڕێکخراوەکان کە سەرمایەکارانی عێراقی ئەیبەستن. لەشەوێکی سارد دا لەناوەڕاستی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەردا لەدیجلە پەڕینەوە بەرەو میوانخانەی (الحمراء) کەیەکێك بوو لەو دامەزراوانەی کە زیاتر پەرپوت بوو لەناوچەی میوانخانەکان لەبەغدا. لەژوورێکی شێداری کەمڕوناکیدا لەگەڵ پانزە سەرمایەکاری عێراقیدا کۆبوینەوە.

کۆبونەوەکەم بەو پەیامە دەستپێکرد کە لە مونتەدای ئابوریی جیهانیدا پێشکەشم کرد ئەویش ئەوە بوو کە عێراق پێویستی بە کەرتێکی تایبەتی بەهێزو حەیەویی هەیە بۆ ئەوەی سەربکەوێت. "یەکەمین کارەکانی ئێمەش ئێستا ئەوەیە کە ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی پارەو قەرزەکان بگەیەنینە دەستی ئێوە، دەست پیاوانی سەرمایەکارە عێراقیە بەرپرسیارەکان".

بەڵام وەڵام ئێمە هەستمان بەوە کردووە بانکەکانی دەوڵەت ناتوانن قەرزی بازرگانی بدەن. "ئامرازە سیاسیەکانی دەوڵەت ئەوە بوو کە قەرزی تەنها بۆ ئامانجی سیاسی دەدا نەك بازرگانی".



Scanned with CamSc

بەسای بانکەکانیش کە ئەنجومەنی حوکمەمان هاندا بڕیاری لەسەر بدەن ڕێگە بە بانکە بیانیەکان
دەدەن بێنە ناو عێراقەوە. هەروەها ووتیشم کە ئەوە شتێك نیە جگە لەبەشێك لەهەوڵی فراوان تر
بۆ ئەوەی تۆمارێك بۆ باسابەکی بازرگانیی هاوچەرخ دابنرێت.
تۆم بەشێکارەکانماندا چووەوە بۆ ئەو پرۆژانەی کە هی دەوڵەتن. " بەجدی لەگەڵ وەزارەتەکاندا
وتوێژمان کردو گەیشتووینەتە ئەوەی کە دەکرێت بەلایەنی کەمەوە هەندێك لەو پرۆژانە لەبازاری
ئایەندا بێنەوە". بەڵام ئاماژەی بەوەش کرد کەهەندێکی تریان ناتوانن ڕکابەری بکەن و
بێنەوە، هەروەك چۆن هەندێك پرۆژەی تریش هەن ئەمانتوانی بگەینە ئەوەی کە بەکەڵکی ماندەوە
بێن.

لەکاتی مشتومڕی درێژدا کە دوای ئەمە ڕوویدا، یەکێك لەسەرمایەکارەکان هەوڵی دەدا زیاتر
لەبارەی پلانەکەمانەوە بۆ دراوە نوێیەکە بزانێت. ووتم من دڵنیام کە ئەو ئاڵوگۆڕەی کە دوای
چەند ڕۆژێکی تر دەستپێدەکات، سەرکەوتوو دەبێت سەرەڕای ئەحەدا لۆجیستیە زۆرەکانیش،
چونکە لەسەرمان دەبێت کە نزیکەی ٢,٢٠٠ تەن لەدراوە نوێیەکە دابەش بکەین، کە بەشی ئەوە
دەکات کە ٢٧ فرۆکەی بارهەڵگریی جۆری جمبۆ گت– پڕ بکات و نزیکەی ٩,٠٠٠ تەنیش لە
پارە کۆنەکەش وەربگرینەوە. لەوڵاتێکدا کە سستەمێکی بانکی و تەلەفۆنی ئەو ڕێگاکانیش خراپن
و لەرەوش و بارودۆخی جەنگیشدایە.
پارانی سەرمایەکار بەوە ڕزی بوون و ووتیان، " شتێکی باش و سەرسامکەرە، بەڵام ئایا پارێزگاریی
لەنرخە جۆراوجۆرەکانی گۆڕینەوەی کۆن دەکەن کەلەسەری ڕاهاتووین"؟
ووتم نەخێر، چونکە ڕژێمی پێشوو گەندەڵ بووەو، ڕێگەی بەهەندێك لە کۆمپانیاکان داوە دراوی
جیهانی بەیەك لەسەر هەزاری نرخە فەرمییەکەی بکڕنەوە. " بۆیە بڕیارمانداوە دیناری نوێی عێراقی
بەئازادی بخەینە بازاڕەکانەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو دراوەکاندا ڕووبەڕووبێتەوە.
بەرجەکردارەکانی دەوری مێزەکە ئەوەی دەگەیاند کە هەندێکیان بەم بڕیارە خۆشحاڵ نەبن.



Scanned with CamSc

# وێنەکان



پۆل بریمەروفرانسس خێزانی



بوش و بریمەرو رامسفێڵد لەکۆشکی سپیدا



دکتۆرعادل عەبدولمەهدی



بریمەر لەپشت نوسینگەکەیەوە



سەرۆک بوش تەوقە لەگەڵ ژەنراڵ سانشێز دەکات لەکاتی سەردانە کتوپڕکەیەدا بۆ بەغدا لە ٢٧ تشرینی دووەم/٢٠٠٣



Scanned with CamSc



بریمەر دەستگیرکردنی صەدام
ڕایگەیاند لە ١٤ کانونی یەکەم ٢٠٠٤







ئیمزاکردنی دەستوری کاتیی



صەدامی زیندانیکراو



چەلەبی قسە لەگەڵ صەدامی دەستگیرکراودا دەکات



باڵیۆز دیک جۆنز، جێگری بەڕێوەبەری دەسەڵاتی هاوپەیمانان لەبەردەم ئەنجومەنی شاری بەعقوبەدا وتە پێشکەش دەکات.



لەکاتی کردنەوەی ناوەندێکی ئافرەتان لە بەغدا لەڕۆژی جیهانی ژنان /٢٠٠٤



پیرۆزبایکردن لە پیاوانی پاسەوانی نیشتمانی لەکاتی مەشقکردندا.



لەچەپەوە بۆ راست دەیڤید ریچمۆند، بۆب بلاکویل، ئەخزەر ئیبراهیمی، بریمەر، شێخ عجیل یاوەر



Scanned with CamSc



کۆبونەوەی رۆژانە لەگەڵ ئەیاد عەلاویی سەرۆک وەزیران حوزەیرانی ٢٠٠٤



کۆبونەوە لەگەڵ جەعفەریی /٢٠٠٤



لەکاتی خواحافیزکردن لە بەرهەم ئەحمەد صالح جێگری سەرۆک وەزیران ٢٨/ حوزەیران ٢٠٠٤



Scanned with CamSc



لای مۆنۆمێنتی قوربانیانی صەدام لەحیللە لەگەڵ شێخی قەزوینی و ڕزگاربووەکاندا ٢٧ حوزەیران/ یۆنیۆ ٢٠٠٤



گواستنەوەی سەروەریی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی داوەریی مەدحەت مەحمود و ئەیاد عەلاویی سەرۆک وەزیر ١٠:٢٦ ی بەیانی، ٢٨ حوزەیران/ یۆنیۆ ٢٠٠٤.



سەرۆک بوش و تۆنی بلێری سەرۆک وەزیری بەریتانیا دوای ئەوەی هەواڵی گواستنەوەی سەروەریان پێڕاگەیەنرا لەکاتی لوتکەی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی لە ئەنقەرە، تورکیا.



لەکاتی پێشوازیکردن لە
تۆنی بلێر سەرۆک وەزیری
بەریتانیا لە بەصرە



بەسەرکردنەوەی
هێزە
ئەمریکییەکان



لەگەڵ لیوا دەیڤید پیترایۆس،
سەرکردەی فرقە ١٠١، هەروەها جۆن
ساوەرزی بالیۆزی بەریتانیاش
لەدواوە دیارە.



Scanned with CamSc




هێزم هۆزان، لەگەورە راوێژکارانی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لەبەغدا



لەکاتی سەردان بۆ ناوچە جیاجیاکانی عێراق



ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم (لەشەپەوە بۆ ڕاست) عەدنان پاچەچی، عەبدولعەزیز حەکیم، جەلال تاڵەبانی، ئیبراهیم جەعفەری، یونادم کنا



Scanned with CamSc




[illegible]



[illegible]



سێرجیۆ دی میلۆ نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، مانگێک پێش
ئەوەی بکوژرێ بەتەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکەوە لە بارەگای نەتەوە
یەکگرتووەکان لە بەغدا



Scanned with CamSc



کۆبونەوەی ئەنجومەنی حوکم (لەچەپەوە بۆ ڕاست): ژەنراڵ ریکاردۆ سانشێز، بریمەر، ژەنراڵ جۆن ئەبی زەید، ئەحمەد چەلەبی، عەقیلە ئەلهاشمی



پلاندانان بۆ
ئاوەدانکردنەوە لەگەڵ
سەرکردەی هۆزەکان
لە ناوەڕاستی عێراق



قسە لەگەڵ کۆندۆلیزا ڕایس ڕاوێژکاری
ئاسایشی نیشتمانیدا دەکەم لە کوردستان



باکوری بەغدا، وەستانێک بۆ
پڕکردنەوەی سوتەمەنیی

ئێوارە خوانێك لەماڵی ئایەتوڵڵا حسێن سەدر (لەچەپەوە بۆ ڕاست) ئایەتوڵڵا
سەدر، موفەق ڕووبەیعیی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق، دان سێنۆر «بریمەر





کۆبوونەوە لەگەڵ پۆل
وڵفیتزی جێگری وەزیری
بەرگری و ژەنراڵ ئەبی زەید
لەنووسینگەکەی بریمەر



دۆگلاس فیس بریکاری وەزیری بەرگری

خاوەنی کارگەیەکی چیمەنتۆ لەبارەی بودجەی حکومەتی عێراقیەوە پرسیاری کرد. پێمڕاگەیاند
کە زۆر نە ڕەزامەندیم لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠٠٤ دەبڕیوە، کەوا بڕی داهاتەکان دەگاتە
١٣.٥ ملیار دۆلار. "بەلام ئێمە ڕووبەڕووی کورتهێنان دەبینەوە بەهۆی ئەو پشێویانە گەورەیەوە
کە ڕژێم پێکەشی دەکات". باسم لەو پلانەمان کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پشێویانە
نەبینراوو نەگونجاوە ئەویش بەشێوەیەکی قۆناغیەندی، شێوەی سەیرکردن و زەردەخەنەکانیان
ئەوەی نیشان دەدا کەهەندێکیان نارازین لەو هەڵوەشاندنەوەیە چونکە پێشتر لەو پشێویانەی
ڕژێم سوودمەند بوو بوون.

کاتێك ئۆتۆمبیلەکەم لەمیوانخانەکە دووردەکەوتەوە، من و ئۆم ڕێکەوتین لەسەر چەندین کەس
لەپیاوانی سەرمایەکار کە مایەی سەرسامی بوون و ئامادەبوون بێنە ناو بازاڕی ڕکابەرییەوە. بەلام
وەك چەندین جار لەبەردەم هاوڵەکانمدا سکالامکردووە، "لۆدوێغ ئیرهارد لەعێراقدا نیە - یان
بەلانی کەمەوە ئێمە یەکێکمان نەبینەوە".

ئیرەیم بە پێشینەکانم برد لەئەلمانیای داگیرکراودا چونکە ئەوان ئیرهادیان دۆزیەوە، کە
فەرمانبەرێکی مەدەنی ماناوەند بوو، پیاوێکی زیرەك توانی ببێتە ئەندازیاری هێنانەوەسەرخۆی
ئابووری ئەڵمانیا لەدوای جەنگ.

لە ٢١ تشرینی یەکەم، ئۆکتۆبەر، سەردانی دکتۆر ئیبراهیم ئەلجەعفەریم کرد کە ماوەی زیاتر
لەمانگێك بوو لەدەرەوەی وڵات بوو. هاوڵە عێراقیەکانم بەڵێنیان پێدام کە "پێش هاتنی مانگی
ڕەمەزان بەچەند ڕۆژێك" هاوین کۆتایی دێت، ئەوان ڕاستیان کرد چونکە هەوای ئەمڕۆ هەندێك
لە نمەی ساردی بارانی پێوە بوو.

پێم ووت، "پێویستە لەسەرمان ئەدای ئەنجومەنەکە چاك بکەین".

ووتی، "لەگەڵ ڕێزمدا جەنابی باڵیۆز، ئەگەر ئەنجومەنەکە لاواز بێت ئەوا تەنها سەرزەنشتی
خۆت بکە، چونکە تۆ داتناوە. ناشتوانین پێشبینی ئەوە لەئەنجومەنەکە بکەین کە بە
بەرپرسیاریەتیەوە هەڵسوکەوت بکات ئەگەر هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت".

جەعفەری بە ئاسکی قسەی دەکرد.

لەو دەسەلاتانەم وەبیرهێنایەوە کە پێمانداون. ووتیشم، "من ئامادەم دەسەڵاتی زیاتریان پێدەم،
بەلام بۆ ئەوەی ئەوە ڕووبدات، پێویستە لەسەر ئەنجومەنەکە بەرپرسیاریتی ئەوە هەڵبگرێت کە
ئەنجومەنی دەستووری بەخێرایی گرێبدات. هەروەها دەبێت سەرلەنوێ دەست بکاتەوە بە
ڕێکخستنەوەیەکی گشتگیری لێپێچینەوەکانی".

پێشنیاری ئەوەم خستەڕوو ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەنجومەنی حوکم جۆرێك لە "سەرۆکایەتی

حکومەت • لە دوو یان سێ کەس لەئەنجومەنی حوکم بونیادبنێت. وایگومان برد کە ڕەنگە ئەوە مومکین بێت، بەڵام وتی ئەو جۆرە دەستەیە پێویستە بەشێوەی نۆرە بێت، لەوانەیە لەنێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا کە لە نۆ کەس پێکهاتێت. دەشکرێت دوای ئەوە ئەندامەکانی تری ئەنجومەنی حوکم دابەش بکرێت بۆ چەند لیژنەیەك، کەهەریەکەیان بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی سەرپەرشتیکردنی سێ بۆ چوار وەزارەت لەئەستۆ بگرێت.

وتی • لەوانەیە ئەوە سەرکەوتوبوبێت ئەگەر خۆمان لەو خولە مانگانەیە لادا کە ڕێگە بە ئەندامانی ئەنجومەن نادات وەك پێویست مومارەسەی پۆستەکانیان بکەن. هەروەها پێویستە لەسەریان کە فەرمانبەر بەکاربهێنن و ئامادەبن بۆ ئەوەی کاری جدی بکەن و شێوازێکی ڕێکخستنی باشتر تەبەنی بکەن.

لە بیرکردنەوەماندا چوومەوە سەبارەت بە دەستور بەتایبەتی نیگەرانیمان لەو دواکەوتنەی کە بەهۆی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە روو دەدات. پرسیارم لێکرد لەبارەی دووەم خیاری لیژنەی ئامادەکاریەوە، " بۆچی بیرۆکەی ئەو نوێنەرانە تاقیدەکەینەوە کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن"؟ لەبەرئەوەی کە جەعفەری شیعەیە، ئەوا نیگەران مایەوە سەبارەت بەڕاوبۆچونی پیاوانی ئاینی لەحەوزەی زانستی لەنەجەف. بەڵام بەچاوێك سەیری کردم کە گوزارشتی لە زیری دەکرد " پێشنیار دەکەم کە تۆ لەگەڵ ئایەتوڵڵای عوزما و حەوزەدا لەبارەی بیرۆکەکەتەوە قسە بکەیت".

ڕاگەیاند من ئەم جۆرە نامەیەم بەسێ پەیامبەرداو لەماوەی دە ڕۆژدا بۆ ئایەتوڵڵا ناردووە بۆ ئەوەی دڵنیای بکەمەوە کە ئێمە دەمانەوێت پرۆسەی دەستوری لەدیدی عێراقیەکانەوە شەرعی بێت.

هەروەها پێداگریمکردووە " ئێمە ڕازین لەسەر ئەوەی کە پێویستە عێراقیەکان دەستور بنوسنەوەو لەپاش ئەوانیشدا بینوسنەوە. ووتیشم ئێمە هەستدەکەین کۆنگرەی دەستوری هەڵبژێردراو پێویستی بوون بە شەرعیەت فەراهەم دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی دەبنە نوێنەر بۆ کۆنگرەکە لەوکاتەدا دەست بە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی گشتی و فراوان دەکەن و دواتریش دەستورەکە دەخرێتە ڕاپرسیەکی گشتییەوە کە هەموو هاوڵاتیانی عێراق دەنگی لەسەر دەدەن.

" دکتۆر جەعفەری، بە ئایەتوڵڵام ڕاگەیاندووە، هەروەها من ئەوەش دەزانم کە ئەو ناتوانێت پاشگەزبێتەوە لەفەتواکەی لەبارەی هەڵبژاردنەوە". لاریبومەوە بۆلای جەعفەری و لەسەرخۆ بەهورت بۆ ئەوەی جەخت لەوە بکەمەوە کە دەیڵێم، " ئەوەشم پێووت کە ئەویش وەك من بەرپرسیارێتی لەئەستۆدایە بۆ ئەوەی لەپێناو عێراقی نوێدا کاربکات".

هەروەها وەك لەمانگی ئایار/مایۆداو لەنوسینگە زۆر گەرمەکەیدا ئەوجارەش پێموتەوە کە دەبێت شیعەکان ئەو هەڵە کارەساتبارە دوبارە نەکەنەوە کەلە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کردیان و ئەوانی بۆ ماوەی هەشتا ساڵ لەدەسەڵات دورخستەوە.

جەعفەری ووتی نامەکە بۆ سیستانی سەرسامی کردووە و دواجاریش ووتی، " دەمەوێت یارمەتی پێشکەش بکەم".

ووتم، "دکتۆر جەعفەری، پێموایە گەورەترین یارمەتیەك کە تۆو سەرکردەکانی تری شیعە دەتوانن پێشکەشی بکەن ئەوەیە چارەسەرێك بدۆزنەوە بۆ کێشەی هەڵبژادرنەکان و شیکردنەوەی ئەمە بۆ حەوزە".

جەعفەری پرسیاری لێکردم لەبارەی ڕەوشی ئێستای موقتەداوە.

ووتم، " کاتی ئەوە نزیك بۆتەوە کە پۆلیسی عێراقی ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر".

پرسی، " بۆچی پێشتر دەستبەکارنەبوون لەمەدا؟ ئەگەر ئەو کاتەی کە لەگۆشەدا بوو مامەڵەتان لەگەڵیدا بکردایە باشتر بوو. چونکە ئێستا لەسەر مێزەکەیەو کارەکە قورسترە".

" بەهیوای ئەوەی کە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم وەك تۆ بەئاشکرا پشتیوانی لەپۆلیسی عێراقی و هاوپەیمانان بکەن کاتێك کەڕێوشوێنی پێویست دەیگرێتەبەر بۆ ئەوەی یاساو ڕژێم بسەپێنرێتەوە".

دووبارەی کردەوە، " من دەمەوێت یارمەتی پێشکەش بکەم".

گروپی بەڕێوەبردنی حوکم هاتن بۆ نوسینگەکەم بۆ ئەوەی پێداوچوونەوە بەهەڵوێستەکەدا بکەین. میگهان ئۆسۆلیڤان ووتی، " من هەست بە هەندێك نیشانەی لاوازی ئومێد دەکەم لەناوەندەکانی شیعەدا، لەوانەیە دواجار هەستیان بەوە کردبێت کە دەبێت بەرەوپێش بچن".

بەتێڕامانەوە ووتم، " لەوانەیە... بەڵام بڕوانن بۆ نۆ ئەندامەکە لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتیدا ئێوەبن و خوا. کاتێك دوێنێ داوام لێکردن چاوم پێیان بکەوێت بۆ وتوێژکردن لەبارەی ئەو ڕەوتەی کە دەیگرینەبەر، نیوەیان ئامادە نەبوو بوون. پاچەچی لە ئاب/ ئۆگۆستەوە لەدەرەوەی عێراقەو چەلەبیش ماوەی مانگێکی ترە ئەویش لەدەرەوەیە. تاڵەبانی و بارزانیش چەند هەفتەیەکە نەهاتوون بۆ بەغدا. چۆن دەتوانین قەناعەت بەکەسێك بکەین تا وا لەم دەستەیە بکەین بەجدیی بێنە پێشەوە"؟

من بەنیازبووم بەم زووانە بچمە دەرەوە بۆ ئەوەی بەشداریی لە کۆنگرەی وڵاتانی کۆمەکبەخشدا بکەم کە نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کردووە لە مەدرید، بۆ ئەوەی هانی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بدات تا بەشداریی لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراقدا بکەن. پاشان بێگومان کۆبونەوەیەکی (ڕاوێژکردن)ی سەخت لەواشنتۆن دەبێت. بەهیوای ئەوەی لەگەڵ خۆمدا

جوارچێوەیەکی سیاسی باشتر هەڵبگرم.

کۆنگرەی مەدرید رەوشێکی پڕ لەهەرای تربوو کەوا کەمتر کاری لەخۆگرتبوو، چونکە وەزیرانی بەرەوەو دارایی وڵاتان پێشتر پشك و بەشداریکردنەکانیان دیاری دەکەن.

رووەکەم پێشکەشکردن، لەگەڵ هەندێك هاوەڵی ئیسپانی کۆنگرەدا لەلایەکەوە نانم خوارد بۆ خۆبەدوور گرتن لەو رێوشوێنە ئەمنیە توندەی کە لەهەموو لاکانی تری میوانخانەکەوە گیرابوونە بەرز، چاوم بەدوور کەس لە هاوەڵە گرنگەکانم کەوت.

کۆلن پاول زیاتر گرنگ، بوو بەلامەوە. بۆ ماوەی کاتژمێرێك بەیەکەوە قسەمان کرد.

وتووێژەکە بەو پرسیارەی من دەستی پێکرد لەبارەی رەوشی ناردنی بڕێکی زیاتر لە هێزی پیادەوە بۆ ناو هاوپەیمانان. ووتم، " گومانم هەیە لەوەی بتوانین هێزی تورکی بهێنینە ناو عێراقەوە". لەوەشم پێ روون کە گرفتەکە تەنها لە نەیاری کوردەکاندا نیە لەبەرامبەر دوژمنە تەقلیدیە تورکەکانیاندا. بەڵکو ئەوەیە کە هەڵوێستی سیستانیش هەروەها زۆربەی شیعەکانی لەدژیان بوەستنەوە.

پاول ووتی، " ئەبی زەید بەردەوامە لەفشارخستنە سەریان بۆ ئەوەی بەشداریان پێبکات".

وەڵامم دایەوە، " بەتەواوەتی نا. چونکە قسەی ئەبی زەید لەسەر ئەوە دەوەستێت کە دەتوانێت تەنها لەگۆشە نیگای سەربازیەوە بەشداریان پێبکات. بەڵام دەرك بەوەش دەکات و، منیش دەزانم کە سانچێزیش دەرك بەوە دەکات، ئەگەر توانیمان تورکەکان بێنینە ناوەوە، ئەوا ئەمە رەوشی ئەمنی زیاتر خراپ دەکات. کوردەکان دوور دەکەونەوەو شیعەش دەکەونە ژێر فشارێکی گەورەترەوە بۆ ئەوەی بەرگری بکات".

پاول لە هێزە جوڵێنەرەکان تێگەیشت.

ووتم، لەبەرئەوە لەبری ئەوەی خۆمان بخەینە ناو جەنگێکەوە کەناتوانین بیبەینەوە، ئەوا من هانی ئەنجومەنی حوکم دەدەم بۆ ئەوەی دەست بەوتووێژێکی فراوان بکەن لەگەڵ تورکەکاندا، لەناویشیدا رێگاکانی بەشداریکردنی تورکەکان لەئابووری عێراقیدا، کە ئەمە ئەوەیە ئەوانیش دەیانەوێت. دوای دەستپێکردنی ئەم وتووێژانەش، پێشنیار دەکەم بۆ ئەنجومەنەکە بانگەشەی وڵاتانی تریش بکەن بۆ ئەوەی بەشداری لەئابووری عێراقدا بکەن... بۆ نمونە وەك پاکستان و بەنگلادیش و مەغرب".

کۆلن لەسەر ئەم پەیڕەو بەرنامەیە ڕازی بوو. ووتی هەرچۆنێك بێت تورکەکان کەمێك کشاونەتەوە.

" بەڕاشکاوی دەڵێم کۆلن، من هەست بەڕوو لەزیادبوونی ئاڵۆزی دەکەم لەپێنتاگۆن، ئەمەش



Scanned with CamScanner

بەو هێزانەی کە دێن".
بەهاندان لەلایەن سوپاوە، لەبارەی ئاڵوگۆڕکردن

پاول ووتی گرفتەکە ئەوەیە کەلەوانەیە سەرۆك قورسایی زیاتری لەسەر بێت بۆ پڕکردنەوەو
فەراهەمکردنی ئەو پاسەوانانەی کە ئەرکی پاسەوانیان پێدەسپێرێت لەویلایەتە بنەڕەتیەکان لەکاتی
هەڵبژاردنەکاندا.
ووتم، " من دەرك بەوە دەکەم کە دەچینە سالّی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانەوە. بەلاّم ئەرکی من
ئەوەیە باشترین ئامۆژگاری پێشکەش بەسەرۆك بکەم سەبارەت بەحەقیقەتی ئەوەی لەعێراقدا
دەگوزەرێت و هەیە. پێویستە زۆر ئاگامان لەوەبێت کە چەواشەی نەکەین بەو بڕوایەی کە
عێراقیەکان بەشێوەیەکی کتوپڕ وایان لێهاتووە ئەتوانن ئارامیی و ئاسایشی خۆیان بپارێزن و ئەو
بەرپرسیارتیە وەربگرن".
ووتم سەربازیەکان فێلّ دەکەن سەبارەت بە ئامادەکردنی پۆلیس. ئەوان دەیانویست کە سوپای
نوێی عێراقی لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆدا بەشداری پێبکەن." سێ هێڵی سورم هەیە. پێویستە
لەدوای خۆمانەوە هێزێکی پۆلیسی کارامەو ناگەندەڵ بەجێ بهێڵین، کە چاودێریی مافەکانی مرۆڤ
بکات" هەروەها پێویستە لەسەرمان لێنەگەڕێین سوپای عێراق دەست لەکاروباری ناوخۆوە
وەربدات، یان هەر میلیشیایەك" هەروەها پێویستە لەسەرمان سەروەری بگوازینەوە بۆ حکومەتێکی
هەڵبژێردراو و لەسەر بنچینەی دەستور".
" ئەرکێکی قورسە جێری".
وەلاّمم دایەوە، " ئێمە ئەگەر نەرمی لەمانەدا بنوێنین مەترسیەکی گەورە دروست دەکەین.
کەلەوانەیە رەوشەکە لەماوەی پێنج بۆ هەشت ساڵدا بگۆڕێت بۆ فەوزا یان جەنگی ناوخۆیی یان
ستەمکاریی- یان هەرسێکیان پێکەوە". هەروەها ئەوەشم باسکرد کە مێژووی عێراق پڕیەتی لە
هەڵەکان لەهەموو ئەم مەسەلانەدا. پێویستە لەسەرمان چیرۆکی سەرکەوتنێك بونیاد بنێین کە
دوای پەنجا ساڵ بە باشی بمێنێتەوە، بەهەمان ئەو شێوەیەی کە لەئەڵمانیاو ژاپۆن کردمان. " سەرۆك
هەمیشە دەتوانێت بڕیاربدات پشتیوانی لەم بەرنامەیە نەکات. بەلاّم ئەمە ئەو بەرنامەیەیە کە من
دەیبینم".
پاول بێ هەڵچوون گوێیگرت. تاکە پەرچەکردارێکیشی ئەوە بوو ، " پێویستە لەسەرت رەوشەکە
چۆنە وا بۆ سەرۆکی باس بکەیت، بەلاّم...".
پاشان پرسیاری کرد لەبارەی ئەوەی دەمەوێت بیکەم لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا. بەبیری هێنامەوە
کە لەسەردانەکەیدا لە مانگی ئەیلول/ سێپتەمبەردا گەیشتە ئەو بۆچونەی کە ئەوان " ئامادەنین بۆ
ماوە هەرە گرنگەکە".



Scanned with CamSc

وەڵامم دایەوە ووتم: " بەشێوەیەکی دروست گوزارشتت لەوە کرد"،چەمکی " ئاڵوگۆڕکردنی گەورەم" خستەڕوو".

ئەو ڕەشبین بوو سەبارەت بەوەی کە ئەنجومەنی حوکم بتوانێت بەو کارە هەستێت. " پلانی ب لە هەگبەکەتدا هەیە".

ووتم ئێمە هەموو جۆرە بیرۆکەکانمان لێکداوەتەوە، لەوانەش دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ ئەوەی بەشی زیاتر بە وەزیرەکان بدەین. " هەندێک لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکم تووشی شۆک بوون کە ووتم من بیر لەوە دەکەمەوە بەشێوەی هەفتانە لەگەڵ وەزیرەکاندا کۆببمەوە. لەوانەیە ئەوە وایان لێبکات کە بجوڵێن".

لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٢٧ تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەردا، من و دۆناڵد ڕامسفێڵدی وەزیری بەرگری و ژەنەراڵ دیک مایەرز و، ژەنەراڵ ئەبی زەید لەکۆشکی سپی کۆبووینەوە لەگەڵ سەرۆک و کۆندی ڕایس و ئەندی کارد دا.

سەرۆک بە پرسیارێک لەبارەی دوایین پێشهاتەکانی ڕەوشی سیاسیەوە دەستی بەقسەکانی کرد. وورده‌کارییه‌کم پێشکەشکرد لەبارەی ئەو گیروگرفتانەوە کە لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا ڕووبەڕوویان دەبینەوە، بەڵام تێبینیم کرد کە گۆنگرەی مەدرید سەرکەوتوو بوو. پێم ووت ، " زۆربەی عێراقیەکان پشتیوانی لەتێڕوانینی تۆ دەکەن بۆ عێراقێکی دیموکراسی و بێ وەی".

ئەبی زەید دانی بەوەدا نا کە هێرشەکانی ئەم دواییە بۆ سەر هێزەکانمان " شێوازی ئاڵۆزی نوێیان" لەخۆگرتبوو لەلایەن تیرۆریستەکانەوە. من و ئەو هاوڕابووین لەسەر ئەوەی کە پێویستە لەسەرمان ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی سوننە لەپرۆسەی سیاسیدا بەشداری پێبکەین. بەڵام من تێبینیم کرد گرفتەکە لەوەدایە کە ئەوان ڕێکخراوی سیاسی یان لەسەر ئاستێکی فراواندا سەرکردەی دانپێدانراویان نیە چونکە صەدام یان کوشتونی یان خستونیەتە ناو حزبەکەی خۆیەوەو کردونی بە بەعسی. هەروەها ووردەکاری پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقیم ڕونکردەوە.

باسمان لەشێوازەکانی بەهێزکردنی هێزەکانی ئاسایشی عێراقی کرد. ئەبی زەید ڕاسپاردەی دا کە هەندێک لە ئەفسەرە شیاوەکانی سوپای صەدام بگەڕێنرێنەوە بۆ سەر کارەکانیان.

ووتم، " ئەوە مەترسی هەیە. پێویستە لەسەرمان وا بکەین ئەو هەستە دروست نەبێت کە ئێمە ڕژێمی پێشوو دەگەڕێنینەوە".

سەرۆک بە پێداگریەوە ووتی، " شتێک هەیە کە ڕوونە. بەردەوامی ئاراستەکەمان لەعێراق. هەروەها نابێت هیچ لاوازیەک بخەینەڕوو لەبەرامبەر ئەو هێرشانەی ئەمدواییەدا و، لەئێستاشدا سووربوون و پێداگریمان لەدەست نەدەین".



Scanned with CamScanner

دوای ئەمە بەچەند کاتژمێرێك، لەکۆبونەوەی سێیەم و درێژمدا لەگەڵ گەورە ئەفسەرەکانی رامسفێلدو کارمەندە مەدەنییەکانیدا لەپنتاگۆن ڕۆچووم سەبارەت بەو سیاسەتەی کەلەعێراق دەیگرینەبەر. بابەتەکەش جارێکی تر " خیارەکەی ــفیت" بوو " کە من و پۆل لەپنتاگۆن لە ٢٢ ی ئەیلول / سێپتەمبەردا گفتوگۆمان لەبارەوە کرد. پێشنیارەکەیان ئەوە بوو کە ئەنجومەنی حوکم " ئەنجومەنێکی تەشریعی کاتی " دابمەزرێنێت" و ئێمە لەگەڵ هاتنی ٩ نیسان/ئەپریلی ٢٠٠٤دا، یادی یەکەم ساڵەی کەوتنی ڕژێمدا سەروەریی بگێڕینەوە بۆ عێراقیەکان.

بیرم لە ئاگادارکردنەوەی کلای کردەوە پێش چوونم بۆ واشتۆن بۆ ئەوەی کۆشش لەپێناو دەرماڵە زیادەکاندا بکات. ئەمە هەمان فیلمە کۆنەکەیە کە کۆتاییەکەی خۆش نیە.

رامسفێلد لێی پرسیم، " جێری ڕای تۆ چیە".

ووتم ، "جەنابی وەزیر، پێموا نیە گواستنەوەی سەروەریی بۆ دەستەیەکی عێراقی ناهەڵبژێردراو و بەبێ دەستورێك کارێکی بەرپرسیارانە بێت. لەو قەوارەیەدا کە دەسەڵاتیان پێ دەسپێرێتەوە ڕێوشوێن و ، دیسپلین نابێت. بەمەش عێراق ڕووبەڕووی مەترسی کەوتنە ناو بێسەروبەریی یان جەنگێکی ناوخۆیی دەکەینەوە، بەبێ بوونی دەستورێك بۆ داڕشتنی بونیادی سیاسی بۆ عێراق و گرەنتی مافی تاك و کەمینەکان. ناتوانم پشتیوانی لەم جۆرە ئەنجامە بکەم".

ڕەشبینی خۆمم نیشاندا لەوەی دەستەیەك کە ئەنجومەنی حوکم دایمەزرێنێت شەرعیەتی زیاتری هەبێت لە شەرعیەتی خودی ئەنجومەنەکە. " پاشان من نازانم ئەو دەسەڵاتانە چین کە ئەو ئەنجومەنە تەشریعیە دەبێت" . هیچ کەسێك وەڵامی نەبوو بۆ ئەم پرسیارە.

بۆیە رامسفێلد ووتی، " ئەوە دەبێت کە تۆ دەیڵێیت".

بۆیە ووتم، " بەڵام لەبەرئەوەی من بە بیرۆکەیەکی خراپی دەزانم، ئەوا هیچ وەڵامێکیشم نیە بۆ ئەوە".

رامسفێلد بە قەشەنگییەوە ووتی، " ئەوە ئەرك و کاری خۆتە".

لەڕۆژی دواتردا لەکۆشکی سپی لەکاتی کۆبونەوەدا لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی، جارێکی تر بە دوور پەیڕەوە سیاسیە بەدیلەکەدا چووینەوە.

خیاری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ئەوە بوو پابەندبێت بە پلانی گواستنەوەی سەروەریی بۆ حکومەتێکی عێراقی هەڵبژێردراو لەسەر بنچینەی دەستور. هەروەها پێشنیاری خشتەیەکی کاتیمان کرد بۆ ئەوەی تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ ئەوە بەجێبهێنرێت. پنتاگۆن داوای ئەوەی دەکرد که لەنزیکترین کاتدا دەسەڵات بگوازرێتەوە بۆ عێراقیەکان و، پێی وایە ئەمە ئەو پەڵەی (داگیرکەر)ە دەسڕێتەوە کە دراوە بەهێزەکانی هاوپەیمانانەوە.

وەك نە من و نە ئەبی زەیدی و نە هیچ عێراقیەکیش، ئیدی یاخی بێت یان نا، بەم جۆرە نامازانە ناحەلەتێت. چونکە ژمارەیەکی زۆر هێزمان دەبێت لەولاتدا، ئەمەش وا دەکات زۆربەی عێراقیەکان وا سەیری بکەن کە سوپای (داگیرکەرە)، بەچاوپۆشین لەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکات.

ئەبی زەید ئەو پلانە سەربازیانەی خستەڕوو بۆ پەلەکردن لەسەربازگرتنی هێزە ئەمنیە عێراقیەکاندا، ئەمەش وای لە چینی جێگری سەرۆك کرد پرسیاری ئەوە بکات چۆن دەکرێت ئەم پەلەکردنە ئەو هێرشانە کەم بکەنەوە کە دەکرێنە سەر پیاوەکانمان و عێراقیەکان. وەلامێکی باش نەبوو بۆ ئەم پرسیارە چونکە ئەو دەستی خستە سەر گرێمانە سەرەکیی و مەرکەزییەکە.

لەکاتی کۆبونەوەدا ئەو هەستەم بۆ دروست بوو کە وەزیر وای دادەنێت من بەپێچەوانەی ئاراستەی شەپۆلەکەوە مەلە دەکەم. خۆشم هەر پێموایە کە بەوشێوەیەم.

لەکاتێکدا کە زووری ڕەوشەکانمان بەجێ دەهێشت ئاندی کارد باڵی گرتم. " جۆری هەندێك کات هەیە؟ ئەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم". بەقادرمەکاندا سەرکەوتین بۆ نوسینگەی گەورە فەرمانبەرانی کۆشکی سپی. کەهاتینە ژوورەوە کارد دەرگاکەی داخست.

وتی، " من دەمەوێت بەهەر ڕێگەیەك بووە یارمەتیت پێشکەش بکەم. بەلام پێویستە ڕاشکاویت لەگەڵ سەرۆکدا سەبارەت بەڕاوبۆچونەکانت. پێموایە جەماعەت لەواشنتۆن بۆسەت بۆ دەنێنەوە".

زانیم مەبەستی چیە: کاتێك کە سیاسەتێك شکست دەهێنێت، ئەوا ئاسانە کە فەرمانبەرە گەورەکان بەدوای بەرانەکانی قوربانیدا بگەڕێن.

بیرم کردەوە کە ئێمە شکست ناهێنین.

" بێگران مەبە. زۆر ڕاشکاو دەبم لەگەڵ سەرۆکدا، وەك هەمیشە وا بووم". هەروەها ڕوونکردەوە کە من هەست دەکەم سەربازیەکان زۆر نیگەرانن سەبارەت بە ئالوگۆڕکردنی هێزەکان و ئەوەش بیرکردنەوەیەکی زۆری دەوێت. " بەڕاشکاوی، بیرۆکەی گواستنەوەی سەروەریی پێشوەخت وا دەکات کە تێڕوانینی سەرۆك بۆ عێراق زۆر قورس بێت، ئەمە ئەگەر نەڵێین زەحمەتە بەدی بێت".

ئاماژەم بەوەدا نا کە خیارەکە هەندێك بوار بەسەرۆك دەدات بۆ ساڵی ٢٠٠٤، لەگەڵ ئەوەشدا من ڕوونم کە تێڕوانینم، پێموایە تێڕوانینی ئەویش، زۆر ئەوە تێدەپەڕێنێت. " پێویستە لەسەرمان بەوە هەستین کە ڕاست و دروستە بۆ عێراق بۆ ماوەی پێنج یان دە یان بیست ساڵ بۆ پێشەوە. هەروەها



Scanned with CamSc

دانیشم بەوەدا نا کە رەنگە هەستان بەکاری ڕاست و دروست ژیانی سەرۆك زیاتر زەحمەتتر بکات لەسالی ئایندەدا. بەڵکو لەوانەیە بەسەرنەکەوتنی لەهەڵبژاردنەکاندا باجی ئەمە بدات. بەڵام بەراشکاویی دەڵێم، بروام وایە کە تاکە تێڕوانینێکی گونجاو ئەوەیە کە لەپێناو مێژوودا بەکارە ڕاست و دروستەکە هەستێن".

کارد ووتی من ڕازیم، پرسیاریشی کرد کە پێویستە کۆبونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ سەرۆکدا ئەنجام بدەم. وەڵامم دایەوە کە ئەوە ئەنگەتاوکەر دەبێت چونکە ڕامسفێڵدی سەرۆکم لەگەڵمدا هاوڕانیە.

کارد پێشنیاری کرد کە پەیوەندیکردنی تەلەفۆنی لەوانەیە باشتر بێت.

پێش ئەوەی نوسینگەکەی ئاندی بەجێ بهێڵم، پێموت کە من دەمەوێت لە ئایار/ مایۆدا کارەکەی خۆم لەعێراق کۆتایی پێ بهێنم دوای بەسەربردنی ساڵێك لەو وڵاتە " کە درێژترین ساڵ دەبێت لەژیانمدا".

دوای ئەوە لەسەر داوای خۆی لەنوسینگەی ڕایس لامدا.

ووتی، " جێری، من هاوڕای تۆم لەو نیگەرانیەی کەهەتە سەبارەت بەدەمارگیریی سەربازیەکان بەڵام هەروەها دەمانەوێت لەبەرەی سیاسیشەوە بچینە پێش". پێشیراگەیاندم کە ئەو ڕای خۆی یەکلایی ناکاتەوە بەرامبەر دوو هەڵبژاردنەکە، ڕاسپاردەش دەدەم کە سەرۆك سبەینێ هیچ یەکێکیان هەڵنەبژێرێت و هەڵوێستی یەکلایی نەکاتەوە.

نارەزایم لەوە دەربڕی ووتم، " من پێویستم بە ئاراستەکردنی ئەو هەیە".

لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە گروپی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی کار بکەن بۆ سەقامگیرکردنی رەوشەکە لەعێراق لەگەڵ ئیدارەی حوکم لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بۆ ئەوەی بزانین کە دەتوانین لەنێوان ئەو دوو خیارو هەڵبژاردنەدا شتێك هەڵبهێنجێنین.

لەرۆژی دواتردا سەرۆك بەتەواوەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کرد.

ئەبی زەید یەکمجار ڕاپۆرتێکی کورت و پوختی پێشکەش کرد لەبارەی رەوشی سەربازی و پلانە سەربازیەکانمان بۆ پەلەکردن لەمەشقپێکردنی هێزەکانی ئاسایشی عێراق. پێداگریی کرد لەسەر گرنگی بەشداریپێکردنی زیاتری سونەکان، ووتیشی ئەو پێی وایە کە هەلێکمان هەیە کە سێ مانگ درێژە دەکێشێت بۆ لەوەی بەو کارە هەستێن. سەرۆك لەم حاڵەدا وەستاو پرسیاری کرد ئایا سونەکان تێڕوانینێکی جیاوازتریان هەیە لەعێراقیەکانی تر. " ئایا گرنگ نیە بەلایانەوە بەئاشتی بژین لەگەڵ ئەوانی تردا"؟ دوای سێ مانگی تر چی دەکەن؟ ئایا لای سونە تێڕوانینێکی جیاواز



Scanned with CamSc

هەیە بۆ عێراقی ئێستا؟ ئەبی زەیدو ڕامسفێلد وەڵامیان دایەوە ئەوان پێیان وایە مەترسی هەیە لەو کاتەدا لەوەی ناوەندی قورسایی لە تایفەی سوننیدا بەلایەکدا بڕوات کە دووریێت لەئێمەوە.

لەسەر داوای ڕامسفێلدیش، هەردوو خیارەکە خرانەڕوو- خیاری پنتاگۆن و خیارەکەی من. پاول ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە گرفتی ڕاستەقینە لەعێراق ئاسایشە، لەبەرئەوە لەگەڵ ئەوەی کە بەسوودە لەبەرەی سیاسیەوە پێشکەوتن بەدەست بهێنین بەڵام هەموو ئەوەی کە ئەنجامی ئەدەین پابەجێکی نابێت ئەگەر گیروگرفتە ئەمنییەکان چارەسەر نەکەین.

سەرۆك بە ووردی گوێی لە هەردوو خیارە سیاسی و سەربازییەکە گرت کە خرابوونە بەردەمان لەبارەی عێراقەوە. خۆی بەهیچ شتێکەوە پابەند نەکرد. ئەمە لەکاتێکدا بە بەیانامەیەك کە سوربوونی دووپاتەکردەوە کۆتایی بە کۆبونەوەکە هێنا: " لەعێراق سەرکەتوو دەبین سەرەڕای ئەو کاتە نارەحەتانەی کە پێیدا تێدەپەڕین. پێویستە هیچ کەسێك گومانی لەمە نەبێت. بەچاوپۆشین لەوەی کە ڕۆژنامەکان یان ڕکابەرە سیاسیەکانمان لەو بارەیەوە دەیڵێن ئەوا ئەوەی ڕاست و دروست بێت ئەوە ئەنجام دەدەین. سەرکەوتن لەعێراق هەموو جیهان دەگۆڕێت. پێویستە گەلی ئەمریکاش گومان نەکات لەوەی کە ئێمە دڵنیاین لەئەنجامەکە. لەوانەیە لەکاتی هەڵبژاردندا سەرنەکەوین. گوێی مەدەری".

ئەمە ئەو ئاراستەیە بوو کە من پێویستم پێی بوو.

لەکاتی چوونە دەرەوە لەژووری ڕەوشەکان رایکێشامە لاوەو پرسیاری لێکردم ئایا دەکرێت پێکەوە کۆببینەوە.

خشتەی کارەکانت چۆنە.

من لەژێر ئاماژەی پێدانی تۆدام.

سەیری خشتەی کاتەکانی کرد کەلەگیرفانیدا بوو پرسی ئەکرێت کە کاتژمێر یەك کۆببینەوە. ووتم بەدڵنیاییەوە.

ووتی، " بۆچی نیوەڕۆ نایەیت و دەتوانین پێکەوە مەشقیش بکەین".

جلوبەرگی شیاوم نەبوو.

ووتی، " ئەوەی پێویستت بێ پێت دەدەین. نیوەڕۆ وەرە بۆ کۆشك".

لەبری ئەوەی زەلاتە بخۆین وەك لە ئایار /مایۆدا خواردمان، من و سەرۆك لەجیمنازیۆمەکەی تایبەت بەخۆی لەنهۆمی سێیەم مەشقمان کرد، ئەو کراس و پێڵاوەم لەبەرکرد کە لە گەنجینە تایبەتەکەی خۆی پێدابووم.

دەمزانی کە سەرۆك یانەی " کرۆفرەد ١٠٠ دگری" لەبەردەکرد، کاتێك کەهێشتا بەشێوەیەکی

ڕێکوپێك ڕای دەکرد، هەروەها کراسی ڕاکردنی دەدایە هەر کەسێك کە لەگەڵیدا ڕایدەکرد کاتێك کە پلەی گەرما لە ٣٧ پلەی سەدیی (١٠٠ پلەی فەهرەنهایەت) زیادی دەکرد. بریان ماکیرماك، یاریدەدەرە تایبەتیەکەم دوو کراسی بۆ دروست کردبووم بەکێکیانم دایە سەرۆك لەسەری نوسی بوو "یانەی بەغداد ١٢٠ دگریی".

سەرۆك بڕیاریدا کەنەمرۆ ئامێری نیتیکیاڵ بەکاربهێنێت بۆیە من ئامێری ڕۆیشتنم بەکارهێنا. هەردووکمان گومانمان لەبەکارهێنانی هەبوو- ئەویش بەهەمانشێوە سکاڵای لەئازاری ماسولکەکان هەبوو. بۆیە هیچ کامێکمان نەمانتوانی مەشقی ڕۆیشتن ئەنجام بدەین. بەهۆی ئەوەشەوە کە هیچ کامێکمان نەمانەتوانی بەتوندی مەشق بکەین، بۆیە لەکاتی مەشقکردنداقسەمان دەکردو وتوێژمان لەبارەی هەموو بابەتەکانەوە کرد. دوای نزیکەی چل و پێنج خولەك چوین بۆ نهۆی دووەم بۆ ئەوەی ساردبینەوە.

ئاندی کارد بەسەرۆکی ڕاگەیاندبوو لەبارەی ئەوەوە کە دەمەوێت ئەویەڕی تا ئایار/مایۆ لەعێراق بمێنمەوە. ئەویش ڕێزی لەوە گرت بەڵام نیگەران بوو لەبارەی دانانی پلانێك بۆ ئەو کەسەی کە دوای من دێت.

"چ جۆرە کەسێك پێویستە شوێنی تۆ بگرێتەوە جێری"؟

"بیرم لەوە نەکردۆتەوە. پێموایە زۆر سەرقاڵ بووم".

ووتی، "پێویست ناکات وەك تۆ وابێت. ئایا دەکرێت کەسێکی سەرمایەکار بێت"؟

وەڵامم دایەوە، "پێموا نیە. پێویست دەکات کەسێك بێت کە کارامەیەکی سیاسی زۆری هەبێت و باشترە کە شارەزایی هەبێت لەناوچەکەدا، ئەگەرچی ڕەنگە ئەوە پێویست نەبێت. لەوانەیە پێویست بکات بەشوێن کەسێکدا بگەڕێت لەوەزارەتی دەرەوەدا بێت".

ڕوخساری بوش مۆن بوو.

"بیرت نەچێت کە من فەرمانبەر بووم لە وەزارەتی دەرەوەدا. پێویستە بۆ خانەنشین بووەکان بڕوانیت".

قسەی لەبارەی گروپە سیاسیەکەی کرد لەوەزارەتی دەرەوەداو ووتی، تنیت زۆر سەرقاڵە، بەڵام لای خۆم دەیهێڵمەوە. من خۆشم دەوێت. لەواقیعدا گروپی سیاسەتی دەرەوە کە لامە بەدرێژایی ماوەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتیم دەیانهێڵمەوە".

کاتێك کە ساردبوینەوە لەنوسینگەکەی سەرەوەیدا ساندەویچمان خوارد، سەرۆك لێپرسیم لەبارەی پەیوەندیم بە ڕامسفێلدەوە. "چۆن کارەکەت دەبینیەوە. ئایا بەڕاست لەووردەکاریەکان دەکۆڵێتەوە"؟



Scanned with CamScanner

وتم: " جەنابی سەرۆك، من سەرسامم بە دۆناڵد ڕامسفێڵد. من ماوەی سێ ساڵە دەیناسم و ڕێزی لێدەگرم و وای دادەنێم کە زۆر زیرەکە. بەڵام زۆر گرنگ بەوردەکاری مەسەلەکان دەدات".

ئەوە کەوایە دیار بوو بۆ سەرۆك.

وتم: " ڕامسفێڵد ژێرفەرمانە مەدەنییەکانی دەترسێنێت، لەبەرئەوە زۆر بەدەگمەن ئەبێت جگە لەخۆی لەکەسێکی ترەوە بڕیارم دەست ناکەوێت. ئەوەش کێشە نیە، بەڵام شتێکی نموونەیی نیە".

لەوکاتەدا کە بوش بیری لەمە دەکردەوە، هەلی ئەوەم قۆستەوە کە جارێکی تر لەبارەی ژمارەکان ئاگاداری بکەمەوە.

" مەیلێك لەوەزارەتی بەرگریی هەیە بۆ ئەوەی پۆلیسێکی عێراقی بە سەربازێکی ئەمریکی یەکسان بکات و وای دادەنێت کە ئەوەی گرنگە ژمارەی تێکڕایی ئاکەکانە- هاوپەیمانان و عێراقیەکان- ئەوانەی کە لەهەر ساتێکدا دەبنە کەسی ئاسایش پارێز. ئەمە مەسەلەیەکە تەواو جیاوازە لەکەرانەیە".

هەروەها وتم سەرەڕای ئەوەی کە وەزیری بەرگریی پێداگریی کرد لەسەر ئەوەی دابەزاندنی ژمارەی هێزەکان " مەحکوم دەبێت بە باروودۆخەکان"، ئەوا ئەمە تەواو دروست نەبوو. وا دیارە کەمکردنەوەی هێزەکان پەیوەندی هەیە بەنیگەرانیەکانی سوپاوە سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکردنی هێزەکان لە وەرزی بەهاردا. ووتیشم من تووشی شۆك هاتم بە هەڵسەنگاندنەکانی ئەبی زەید لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا بەوەی کەپێویستە لەسەرمان " لەماوەی سێ مانگدا شکست بە یاخیبوون بێنین"، کە ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ کاتی ئاڵوگۆڕکردنی هێزەکاندا. " من ڕاسپاردە دەدەم کاتێك کەوا کاتی ئەوە دێت بڕیار لەبارەی ئاڵوگۆڕکردنی هێزەکانەوە بدرێت، پێش ئەوە ئێوە ئەو بڕیارە بدەن، بەووردی ڕەوشی ئەمنی فیعلی لەسەر ئەرزی واقیع بپشکنرێت".

هەروەها ووتم من هاوڕام لەگەڵ قسەکەی پاولدا کە پێویستە لەسەرمان ڕەوشی ئەمنی باش بکەینەوە، وەگەرنا لەهیچ بوارێکی تردا سەرکەوت بەدەست ناهێنین- بەڕێوەبردنی حوکم و ئاوەدانکردنەوە. ئێمە بەدوای ژمارەیەکی پێویستی کەسە شەڕانی و تاوانکارەکاندا ناگەڕێین بۆ ئەوەی بیاندۆزینەوەو بیانکوژین.

"ئایا هەواڵگریمان وەك پێویست باشن لەبەجێگەیاندنی کارەکانیاندا"؟

" نەخێر ، گەورەم. ئێمە کەسانێکی زۆرمان هەیە بەدوای چەکی کۆکوژدا دەگەڕێن، بەڵام ئەوەندەی کە پێویست بێت خەڵکمان نیە تا بەدوای تیرۆریستەکاندا بگەڕێن. من هەوڵدەدەم هاوسەنگی بگێڕمەوە هەروەها ئەبی زەیدیش، وا خەریکە لەکۆتایشدا ئەم مەسەلەیە دەست بەجێبەجێکردنی دەکرێت"؟.



Scanned with CamSc

" چی ترت لایە پێم بڵێیت"؟

" بەڕاشکاوانە دەڵێم، من نیگەرانم لەو هەوڵە گەرم و گوڕانەی کە لەلایەن واشنتۆنەوە لەئارادایە سەبارەت بە بابەتی سیاسی واتە من بکەنە بەرانی بەقوربانی کراو".

سەرسام بوو لەقسەکەم، " مەبەستت چیە لەمە"؟

" ئەوە هەڵوێستی وەزارەتی بەرگریی دەبێت کە ئەوان ڕاسپاردەیان داوە بەکۆتایی پێهێنانی (داگیرکردن) بەخێرایی. بەڵام من بەرهەڵستیی ئەوەم کرد، بۆیە دوای ئەوە هەموو گرفتەکان دەکەونە ئەستۆی منەوە"

کاتێك کەلەسەر خوانی نانخواردنەکە هەستاین سەرۆك ووتی، " سەبارەت بەوە نیگەران مەبە، لێرە دەتپارێزم. هەروەها لەعێراقیش شکستناهێنین".

دوای ئەوەی خۆمان شت و جلەکانمان لەبەرکردەوە، سەرۆك ووتی، " وەرە لەگەڵم بۆ خوارەوە با خاتورنەکان ببینین" . هیچ بیرۆکەیەکم لانەبوو لەبارەی چیەوە قسە دەکات، بەڵام لەژوورە بچوکەکەی نانخواردندا، کەپێش مانگێك من و فرانسی نانمان تێدا خوارد، چاومان بە خاتوو لۆرا بوش کەوت کەلەگەڵ دوو خاتونی تردا نانیان دەخوارد. سەرۆك منی پێناساندن، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە هەردووکمان بۆینباخی سورمان بەستووە.

دوای هەندێك خۆشدویی لەگەڵ میوانەکانی خاتوو بوشدا، سەرۆك سەیرێکی کاتژمێرەکەی کردو ووتی، " پێویستە لەسەرمان بڕۆین. جێریی و هەروەها منیش هەر یەکەمان وڵاتێکمان هەیە دەیبەین بەڕێوە".



Scanned with CamSc

## بەشی هەشتەم

# نەخشەی ڕێگا بۆ دیموکراسیەت

## بەغداد

## تشرینی دووەم / نۆڤەمبەر ٢٠٠٣

بەیانی ڕۆژی هەینی ٣١ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر، کاتێ لە واشنتۆن گەڕامەوە، لەگەڵ کلای و گروی بەڕێوەبردنی حوکمدا کۆبوومەوە کە ئەمە کۆششەکانمان فراوان دەکرد بۆ ئەوەی پەیوەندی بەسوننەکانەوە بکەین. گروپەکە گەیشتنە چەند بیرۆکەیەکی باش، لەناویشیدا پێشکەشکردنی بڕێکی زیاتر لەپارەو دارایی بۆ پرۆژەی کارە گشتییەکان، ئەویش لەڕێگەی سەرۆک هۆزە سوننەکانەوە، وەک چۆن ئەمەمان لەنوێکردنەوەی جۆگەکانی ئاودا کرد لەباشووری نیمەنشینەدا. بۆ ئەمەش ژمارەیەک لەسەرکردە سوننەکانیان دیاریکرد لەوانەی کەلەوانەیە لە کورسی سەیرکەراندا دابنیشن و چاوەڕوانی ئەوە بکەن بزانن کە ئایا هاوپەیمانان دەسەڵات لەدەستی حزباندا دەهێڵنەوە یان نا.

ڕۆژ، "پەیوەندیکردن بە سوننەوە زۆر گرنگە". ڕوونیشمکردەوە کە من بڕیارم داوە داوا لەدیفید ڕچیوندی هاوڵاتی بەریتانیم بکەم کە ئەو بەباشی عەرەبی دەزانێت و شارەزایی هەیە لەناوچەکەدا، بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی تەواوەتی لەبارەی ئەم پرۆژە گرنگەوە لەئەستۆ بگرێت.

لەبارەی گیروگرفتەکانیشمانەوە لەئەنجومەنی حوکم، پێمڕاگەیاندن کە لەکۆبوونەوەکانمەوە لە واشنتۆن، هەروەک چۆن لە کۆبوونەوەکانیشمانەوە، بۆم ڕوونبۆتەوە کە ئارامیی جەماعەت لەوێ لەسەر سەرکردە عێراقیەکان بەرەو تەواوبوون دەڕوات. ئاراستەی ئەو حەوت هەنگاوەی کە لە (واشنتۆن پۆست) لە ئەیلول/ سێپتەمبەردا باسمکرد پشت بەوە دەبەستێت کە ئەنجومەنی حوکم دەستێت بە بەستنی کۆنگرەیەکی دەستووری. گرفتەکەش لە فەتواکەی سیستانیدا بوو کە داوای هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەکەی دەکرد. بەڵام لەوانەیە ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان ساڵێکی وێت. دوای ئەوە عێراقیەکان پێویستیان بە نوسینەوەی دەستورەکەیان دەبێت، دوای ئەوەش بخرێتە ڕاپرسیەکی گشتیەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت. گرتنەبەری ئەم پرۆسەیەش واتە دواکەوتنی گواستنەوەی سەروەریی تا کاتێکی درەنگی ساڵی ٢٠٠٥. وە من دووبارە دڵنیام لەوەی عێراقیەکان و هاوپەیمانەکانیشمان ناتوانن ئەو هەموو کاتە چاوەڕوانی بکەن.

بۆ تێپەڕاندنی ئەم گرفتەش لە تەمموز/ یۆلیۆدا، پێشنیاری ئەوەمان کرد ئەنجومەنی حوکم داوای ئەلتەرناتیڤی دیکە لە لیژنەی ئامادەکاری بکات بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بۆ کۆنگرە. ئێمە هیوا خوازبووین لیژنەکە چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ ئەنجومەنی حوکم پێشکەش بکات بۆ ئەوەی رازی بێت لەسەر میکانیزمێك جگە لەهەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ. لەکۆتایی ئەیلول/ سێپتەمبەریشدا، لیژنەی ئامادەکاری گەیشتە دوو خیار- هەڵبژاردنی نوێنەرەکان لەدەنگدانێکی نیشتمانی ڕاستەوخۆدا، یان هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بە بەکارهێنانی کۆنگرەکان لەناوچەکاندا. بەپێی زانیارییەکانیشمان ٢٠ لە کۆی ٢٤ ئەندام لەئەنجومەنی حوکم ئەوەیان پێباشە لەناوچەکاندا کۆنگرە ببەسترێت، بەڵام زیاتر لەمانگێك تێپەڕی نەیانتوانی زاڵبن بەسەر ئەو فشارەدا کە ئیسلامیە شیعەکان مومارەسەیان دەکرد، بەمەش لەبارەی چۆنێتی بەداوداچوونەوە نەیانتوانی بگەنە ڕێکەوتنێك. ئیدی ئێستا ئاراستەکەمان بەرەو دەستوورو سەروەریی ڕووبەڕووی هەڕەشە بۆتەوە.

پێمڕاگەیاندن، "لەوانەیە تەنها دوو هەفتەمان لەبەردەستدا بێت بۆ ئەوەی بزانین کەئایا ئەنجومەنی حوکم دەتوانێت هاوکاریمان بکات. ئەگەرێکی گەورەش هەیە کە لەتاقیکردنەوەکەدا شکست بێنن، بۆیە پێویستە لەسەرمان پەیڕەو ئاراستەیەکی تر بدۆزینەوە".

گرووپی بەڕێوەبردنی حوکم هەر لەسەرەتای تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەرەوە بە ئەلتەرناتیڤەکاندا دەچوونەوە، کاتێك هەستمان بەوە کرد کە ئەنجومەنی حوکم ناتوانێت لەسەر ئەو ئاراستەیە ڕێکەوێت کە دەیگرێتەبەر. ئەو تەحەدایەش لەبەردەمماندا بوو بریتی بوو لە دیاریکردنی پلانێك کە گرنگترین ئامانجەکانمان بێنێتە دی. گرووپەکە وتیان ئەوە لەبەردەم ئەنجومەنی حوکم و کەسانی تریشدا لەچینی سیاسی عێراقی کە پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە ئەوە ڕوونبۆتەوە سیستانی لە هەڵبژاردن پاشگەز نابێتەوە. پێش ناچێت زۆرینەی ئەنجومەنەکە لەدژی خواستەکانی ئیسلامیە شیعەکان بوەستنەوە. هەروەك چۆن ئێمە دەرکمان بەوە کردووە ئەو "سەرکەوتن"ەی کە وای کردووە ئەو شیعە تائیفیانەو -سیستانی- ببنە بەربەستێك لەبەردەم بەرەوپێش چووندا نایێ سەرکەوتن. پاشانیش گەیشتیە وەستانێکی تەواوەتی لەناو ئەنجومەنی حوکم لەنێوان ئێمەو ئەواندا.

ڕۆمان وتی، "جەنابی باڵیۆز برێمەر، تۆ هەردەم دەڵێیت کە ئەنجومەنی حوکم، بەرپرسیارێتیەکانی هەڵناگرێت، . ئەوەش ڕاستە. بەڵام ناتوانن ئەوە بکەن چونکە نەیاریەتی سیستانی واتە خۆکوشتنی سیاسی بۆ ئیسلامیە شیعەکان".

بۆم دەرکەوت کە ئەو ڕاست دەکات. بەڵام وەك ئەوەی هەردەم لەعێراقدا هەیە، گرفتەکەمان زیاتر ئاڵۆز بوو. کوردەکان و سوننەکان نایانەوێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستبەرداری



Scanned with CamSc

دەسەلات بێت ئەگەر متمانەی تەواوەتیان نەبێت کە لەژێر ڕەحمەتی ئیسلامییە شیعەکاندا نابن لەبەرئەوە پێداگریان کرد لەسەر دەسکەوتنی گرەنتییەکی نووسراو سەبارەت بە فیدراڵییەت و مافی کەمینەکان پێش ئەوەی حکومەتی ئەمریکا واز لە قەڵەمڕەوی سیاسی بێنێت. بۆ بەدیهاتنی ئەوەش، دەیانویست دەستوریان دەست بکەوێت.

دواجار، ژمارەیەك لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکم، لەناویشیاندا چەلەبی و پاچەچی و هەندێك کەسیش لەپێناگۆڕن بەردەوام بوون لەفشار دروستکردن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یەکسەری سەروەری بگەڕێنرێتەوە بۆ عێراقییەکان، لەوانەشە بۆ خودی ئەنجومەنی حوکم، بەبێ بوونی دەستور یان هەڵبژاردن.

دوای پێداچوونەوە بەهەڵوێستەکەدا تێبینیمکرد، "داینکردنی ئەم هەموو داواکاریانە کارێکی قورس دەبێت".

دەنگی تەقینەوەیەك کە لە شوێنێکی نزیکەوە بوو قسەکەی پچڕین- زۆر نزیك بوو بەرادەیەك کە بووە هۆی ئەوەی پەردە ئەستورەکان کە بەپەنجەرەکەدا هەڵواسرابوون لەگەڵ ئەو شەپۆلەدا کە تەقینەوەکە دروستی کرد بەرەو ناوەوەی ژوورەکە بێن، پاشان گەڕانەوە بۆ دواوە. دوای ئەوە دەنگێك بەرزبۆوە کە هاواریکرد: خۆتان پەنا بدەن! خۆتان پەنابدەن! خۆتان پەنابدەن!

لەکاتی گواستنەوەماندا بۆ نهۆمی خوارەوەی کۆشکەکە، بڕیارماندا کە لەبری ئەوەی هەوڵبدەین کە بەرەوپێش چوونی پرۆسەی حەوت هەنگاوەکە بسەپێنین، هەستین بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی زنجیرەی هەنگاوەکان و ڕێگەدان بە کۆتایی هێنان بەداگیرکردن پێش دانانی دەستوری هەمیشەیی، بۆ ئەوەی وەڵامی داواکاریی عێراقییەکان و هەروەها فشارە بەردەوام ڕوو لەزیادبوەکانی ئەمریکییەکانیش بدەینەوە. بەڵام ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کە بەوە هەڵنەستین مەگەر کاتێك نەبێت کە توانیمان گرەنتی دانانی پرەنسیپە دیموکراسییەکان و یەکێتیی نیشتمانی بکەین لەدەستوری کاتیدا. هەروەها ئێمە دەمانویست هەڵبژاردنی نیشتمانی بەخێراییەکی کرداریی ئەنجام بدەین.

لەناو ئەو بیرۆکانەشدا ئەوە بوو کە لێگەڕێین ئەنجومەنی حوکم و هەندێك لەعێراقییە بەتواناو کارامەکان دەستورێکی کاتیی بنوسنەوەو ئەوەش وەك بنچینەیەك بەکاربهێنرێت بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵەیەکی نیشتمانی ئینتیقالیی. ئەو دەستەیەش بەرۆڵی خۆی هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی حکومەتێکی عێراقیی کاتیی کە سەروەریی پێدەسپێرین.

رزمان ووتی، "لەوانەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت".

بڕیارمدا دوایین هەڵ بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حوکم بدەم کەپێکهاتبوون لە نۆ ئەندام تا پرۆسەی سیاسی حەوت هەنگاوەکە ڕزگار بکەین. بۆ ئەوەی کۆبونەوەکەش نافەرمی بێت بەشێوەیەك ڕێگە

بەوە بدات بەئازادی بیرۆکەکان ئالوگۆڕبکرێت، لە ٦ تشرینی دووەم/ نۆفەمبەردا بانگهێشتمکردن بۆ ماڵەکەم، دەرکم بەوە کرد کە فشاری برسیەتی و تینوێتی- وەختی بەربانگ نزیک بووبۆوە- لەوانەیە حەوسەڵەی زۆر قسەکردن و بەخۆدا هەڵدان نەهێڵێت.

لەزۆروری دانیشتن کەوا کەلوپەلەکان تێیدا پەرش و بڵاوبوو بوونەوە دانیشتین، بەسەرکردە عێراقیەکانم راگەیاند هاوپەیمانان پێویستیان بەکارکردنە لەگەڵ دەسەڵاتێکی عێراقیی کاریگەردا، "دامەزراوەیەك بتوانێت بەخێرایی بڕیارە سەلێتراوەکان وەربگرێت.. هەموو ئەم سیفەتانە گرنگ بەبەڵگە سەلێتراو... بەخێرایی. هەروەها من دەمەوێت دەسەڵاتی زۆر فراوانتر بدەمە ئەم دەستەیە. بەڵام ئەم ئەنجومەنەی ئێستا توانای ئەوەی نیە. وە من حەز دەکەم کاری لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەگەر ئەنجومەنی حوکم نەتوانێت بەشێوەیەکی باشتر خۆی رێکبخاتەوەو کارەکان بەرەوپێش بەرێت ، ئەوا من ئامادەم لەگەڵ کۆمەڵە عێراقیەکانی تردا کاربکەم- لەوانەیە لەگەڵ وەزیرەکانی ناو حکومەت..."

هەرگیز پێشتر نەمویستوە قێڵ لە ئەنجومەنەکە بکەم، لەبەرئەوە دەرکیان بەوە کرد کە هەڕەشەکانم بۆ دورخستنەوەیان و دابڕکردنیان جدییە. لەکاتێکدا کە دەچوومە ناوەرۆکی بابەتەکەوە هەموویان گوێیان گرتبوو- دەست کردن بەپرۆسەی دەستوری بەوپەڕی خێرایی کە مومکین بێت-. ئەم هەڵوێستەی خۆمم دووبارە کردەوە کە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نیشتمانیی ڕاستەوخۆ لەپێنار کۆنگرەیەکی دەستوریدا وەك ئەوەی سیستانی داوای کردووە گێڕانەوەی سەروەریی بۆ نزیکەی دوو ساڵ دوا دەخات. " ئایا دەتانەوێت بەرپرسیاربن لەو دواخستنە"؟

ووتم ئێمە دەرك بەوە دەکەین کە زۆرینەی ئەنجومەنەکە پێیان باشە راسپاردەی لیژنەی ئامادەکاریی هەڵبژێرێت کە نوێنەر بۆ کۆنگرەی دەستوریی هەڵبژێرێت. ووتیشم، " ئەگەر ئێستا دەستبەکاربوون، دەتوانین کۆنگرەکە لە ناوەڕاستی کانونی دووەم/یەنایەردا ببەستین. بەپێی پلانە ناوخۆییەکەشمان ئەگەر نوسینەوەی دەستور شەش مانگی پێچوو، ئەوا لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٤دا سەروەریی بۆ عێراقیەکان دەگێڕینەوە.

تۆ ئەندامەکە چوونە ناو مشتومڕێکی قوڵەوە لەنێوان خۆیاندا، کە وەرگێڕەکەم هەوڵیدەدا بەئاگایێت لێی. بەڵام دەرکەوت، وەك پێشبینیمان دەکرد، ئارەزووی ئەوەیان نەدەکرد بەبێ هەڵبژاردنێکی نیشتمانی کۆنگرەی دەستوریی بەسترێت.

شیعە دینداڕەکان، بەتایبەتیش عەبدولعەزیز حەکیم رەقبوون سەبارەت بە هەڵبژاردنە ڕاستەوخۆکان. تێبینی حەکیمیش لەجەوهەرەکەیدا ئەوە بوو ، ئەو بڕیارە دراوە"( لەلایەن هاوپەیمانە ئیسلامیەکانی ئایەتوڵلاوە لەئەنجومەنەکەدا). دیاربوو کە حەکیمیش بە عەمامە رەش و



Scanned with CamSc

ـما تاریك و چاویلەكە، رەنگاورەنگەكانیەوە لەو هاوپەیمانانە بوو.

چەلەبی و پاچەچی تێبینیەكانیان چڕكردەوە لەسەر پێكهێنانی حكومەتێكی عێراقی كە خاوەن سەروەریەكی تەواو بێت كە رووداوی سیاسی بنەڕەتیە لەئایندەوی راستەوخۆی عێراقدا، پێداگریان لەسەر پرۆسەی دەستوریی نەكردەوە. تاڵەبانیش كە سەرۆكی ئەنجومەنی حوكم بوو بۆ مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر بۆ نەرمكردنەوەی مەسەلەكان پێداگریی لەسەر پێویستی كۆدەنگی • كردەوە.

كۆبونەوەكە بەهیچ ئاراستەیەكدا نەدەڕۆیشت.

دووەم، لەڕاستیدا دیموكراسیەت مەزنە. بەڵام دیموكراسیەت حوكمی زۆرینەیە، لەگەڵ پاراستنی مافی كەمینەكاندا. بۆیە مەرج نیە بەبێ كۆدەنگیی نەبێت كە رەنگە ببێتە هۆی ئیفلیجكردنی پرۆسەكە ئیدی مەسەلەكان یەكلایی نەكرێنەوە.

بەو بڕگەیە كۆتاییم بە كۆبونەوەكەم هێناو هیوای بەربانگرتنكردنەوەیەكی خۆش و بەتامم بۆ خواستن.

لەو كاتەدا كە هاوەڵێتی ئەو سەركردەكانی ئەنجومەنەكەم دەكرد بۆ لای ئۆتۆمبیلەكانیان، دەركم بەوە كرد كە پرۆسەی حەوت هەنگاوەكە مرد. بەڵام من پێداگربووم لەسەر ئەوەی كە لەكۆتاییدا دەبێت عێراقی نوێ حكومەتێكی دەستوریی نوێنەرایەتی بێت. ئێمە پێویستمان بە ئاراستەیەكی ئەلتەرناتیڤە بۆ ئەوەی بچینە پێشەوە. كاتمان نیە تا بەفیڕۆی بدەین.

لەبارەماندا بڕگەی دەستوری كاتیی پێشنیازبكەین، هیواخوازبووین كە ئەوە فەتواكەی سیستانی تێپەڕێنێت و رێگەمان پێبدات كە سەروەریی بگوێزینەوە بۆ حكومەتێكی عێراقی بەمەرجێك چوارچێوەیەكی یاسایی هەبێت و دامەزراوەو پەیكەریی سیاسی و دیموكراسیی عێراقی بونیادبنێت و، كەمینەكان و مافەكانی مرۆڤ بپارێزێت. بەڵام ئێمە لەسەر ئەو مەرجە ڕازی بووین كە فەتواكەی سیستانی دایناوبوو- كە بەوپەڕی خێرایی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت بۆ دەستەیەك كە رەشنووسی دەستوریی هەمیشەیی عێراقی دابنێت.

دەمزانی كە زۆربەی عێراقیەكان لە دەستورێكی "كاتیی" تر بێزاردەبن. صەدام چەند بەڵگەنامەیەكی كاتیی لەماوەی سی و پێنج ساڵی ڕابردوودا نوسیبوو، وە هەریەكێك لەو ئەحكامانەی كە من هەڵیاندەبژێرم ئەو فەرامۆشی كردبوون، بەتایبەتی ئەوەی كە مامەڵە لەگەڵ مافەكانی مرۆڤدا دەكات. بۆ جێبەجێكردنی تێڕوانینی بوش بۆ عێراقی نوێ، پێویستە دەستوری كاتیی مافە بنەڕەتیەكانی تاكەكان لەخۆبگرێت و، مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی فیدراڵیزمدا بكات كە جێگەی ناكۆكی و مشتومڕە، هەروەها رێوشوێن و دیسپلین دابنێت بۆ ئەوەی جارێكی تر

دیموکراسیەتی عێراق هاوشێوەی ئەو دیموکراسیەتە ستەمکاری ڕوونەداتەوە لەولاتدا. بەدڵنیاییەوە نابێت کە لەئەمریکادا هەیە. پێویستە عێراقیەکان خۆیان بڕیار لەسەر چوارچێوەکان بدەن. بەلام ئەم بنەما بنەڕەتیانە پێویست دەبن، وەك بینیمان، بۆ سەقامگیریی ماوە درێژ لەولاتێکدا کە ئالۆزییە تایفیەکان لەتوکوتی دەکەن. بۆیە ئامانجمان ئەوەیە هەوڵبدەین ئەو خالانە بەشێوەیەکی پێویست لە بەڵگەنامە کاتیەکەدا گرەنتی بکەین بەشێوەیەك کە بتوانێت لەهەر دەستورێکی هەمیشەیی دواتردا هەلی مانەوەی بۆ فەراهەم بێت.

لەدوو ڕۆژی دواتردا، گرووپی ئیدارەی حوکم چەند ئەندامێکیان لەئەنجومەنەکەدا دیاری کرد لەوانەی کە پێیان باشە بگوێزینەوە بۆ دەستوری کاتی. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ڕایس لەسەر بیرۆکەکە لە ٧ی تشرینی دووەم/ نۆفەمبەردا، قسەم لەگەڵ دکتۆر عەدنان پاچەچیدا کرد، کە ئەندامێکی سوننەی بەتەمەنی ئەنجومەنی حوکم بوو لە شەستەکاندا وەزیری دەرەوە بووە، یەکێکیش بوو لەو کەسانەی کە زیاتر داناو جدیی بوو لەئەنجومەنی حوکمدا. من دەمزانی کە پاچەچی زۆر پێداگری لەسەر مافەکان و ئازادییە فەردییەکان دەکاتەوە، هەروەها لەو کاتەی کەلەمەنفا ژیاوە ئەو بارمەتیدەر بوو لەداناني ڕەشنوسی یاسای بنەڕەتی ئیمارەتی عەرەبی یەکگرتوودا کە ئەو ڕەشنوسە هاوشێوەی دەستورە.
کاتێك کە بیرۆکەی دەستوری کاتیم بۆ پاچەچی باسکرد قۆزتیەوەو ڕازی بوو بیخاتە بەردەم ئەنجومەنی حوکم و پێیان ڕابگەیەنێت کەبیرۆکەی خۆیەتی.

* * *

لەشەوی دواتردا لەماڵی تاڵەبانی، ئەم سەرکردە کوردیە پێڕاگەیاندم کە پاچەچی ئەم بەیانیە لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی حوکمدا بیرۆکەی دانانی دەستورێکی کاتیی باسکردووە.
"جەنابی باڵیۆز ڕای ئێوە لەوبارەیەوە چییە؟ پێش ئەوەی هەر هەنگاوێك لەو بارەیەوە بنرێت ڕا باشە کە هەڵوێستی هاوپەیمانان لەو بارەیەوە بزانرێت".

ناچاربووم کە زەردەخەنەکەم بشارمەوە، پاچەچی وا تەبەنی پلانی دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانانی کردبوو کە ئەوە بیرۆکەی خۆیەتی، ئێستاش وا تاڵەبانیی ڕەزامەندی لەسەر "بیرۆکەکەی پاچەچی" نیشان دەدات".

وتم، "بەڕاشکاویی. ئێمە بە پلەی یەکەم دەستورێکی هەمیشەییمان پێ باشترە. بەلام سیستانی ئەو ڕێگەیەی گرت. بۆیە پێویستە لەسەرمان ڕێگەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگە داخراوە دەربچین. لەوانەشە ئەوە ڕێگەکە بێت. بەلام پێویستە دەستوریی کاتی زیاتر بێت لەتەنها ڕێکەوتنێك لەسەر پرەنسیپەکان".



Scanned with CamScanner

بەمازەی بەوە کرد کە دەبێت ئەو بەڵگەنامەیە مافی تاکەکان بپارێزێت، لەناویشدا ئازادی ئایین، هەروەها شێوەکانی هەڵبژاردنی حکومەتێکی کاتی ڕوون بکاتەوەو، دەسەڵاتەکانی دیاری بکات. بۆ پەرەی دەستورەکەش "کاتی" بێت پێویستە بڕیارێکی ڕوون لەخۆ بگرێت سەبارەت بەوەی کاتێك بێت کە ئەو دەستورە کۆتایی پێ بێت.

پێشبانی بەدەستی ئاماژەی بەبازنەیەکی گەورە کرد کەمانای ڕەزامەندی دەبڕین دەگەیەنێت لەسەر خاڵەکان. " بەڵام" پەنجەیەکی بەرزکردەوە، " ئێمەی کورد دەمانەوێت بەڵگەنامەکە مامەڵە لەگەڵ مەترسیەکانماندا بکات، بەتایبەتیش داواکردنی فیدراڵیی لەلایەن ئێمەوە- بۆ پاراستنی خۆمان".

بۆ دووەم جاری وەڵامم دایەوە، " بەڕێز تاڵەبانی، تۆ دۆستێکی کۆنی ئەمریکایت و زۆرێك کەس هەن لەواشنتۆن کە بەتۆ سەرسامن. پێویستە لەسەرمان من و تۆ کە تا تۆ سەرۆکی ئەنجومەنەکەیت بڕیارێکمان پێ بکەوێت لەبارەی ڕەوتی بەرەوپێش چوونەوە" . چونکە دوای ئەو ئەندەکیم دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنەکە کە ئیسلامییەکی شیعەیە و، لە ۱ کانونی یەکەم/ دیسەمبەردا سەرۆکایەتیەکە وەردەگرێت.

تاڵەبانی گەشایەوەو بەڵێنی دا کە، " ئەنجومەنی حوکم هەموو ڕۆژێك کۆبێتەوە".

لەکاتێکدا کەئێمە سەرقاڵی تەکتیکاتە کرداریەکان بووین، ئەو ئامستەنگانەم لەمێشکی خۆمدا دروستکرد کەپێویستە لەسەرمان تێیان بپەڕێنین. خەڵکانێك هەن لەواشنتۆن کەپێویستە ڕازیان بکەین. کۆمەڵەکەی تریش لەناو قەمچوپێچەکانی گەرەکە کۆنەکانی نەجەفدا خۆی حەشارداوە.

لە ۱۰ تشرینی یەکەم / ئۆکتۆبەردا، دوای ئەوەی تاڵەبانی دڵنیاکردمەوە لەسەر ئەوەی ئاوامستەنێیەکە لەئەنجومەنی حوکم " مشتومڕێکی چڕی" لەسەر دەکرێت، بڕیارمدا قسە لەگەڵ بەڕێوەبەرە بنچینەییەکاندا بکەم لەواشنتۆن. بەڕوانین لە کێشمەکێشی سیاسی هەمیشە توندو زۆرجار ئاڵۆزیش لەعێراق، پێویست بوو لەوە دڵنیابمەوە کە بەڕێوەبەرەکان لەواشنتۆن پشتگیری دەرك بەستراتیژەکەمان دەکەن.

پێش چەند ڕۆژێك ڕۆبەرت بلاکویل لەجەماعەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی گەیشتە بەغداد بۆ ئەوەی ڕەوشی عێراق بەسەر بکاتەوەو ئاگاداربێت لەو هەوڵانەی کەئێمە پێی هەڵدەستین لەدەستپێشخەری پەیوەندیکردن بە سوننەکانەوە. لەڕاستیدا ئەرکەکە ئاڵۆزو زەحمەت بوو بۆ بونیادنانی پردی پەیوەندییەکان لەگەڵ سوننەکاندا کە ئەمە یەکێك بوو لە ئەولەویەتە گەورەکانی کارەکانمان، من دڵخۆش بووم بە بوونی یەکێك لە ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا بۆ بینینی ئەو پێشکەوتنەی کە ئێمە بەدەستی دەهێنین هەروەها ئەو پێشنیارانەش کە بۆ چاککردنی ڕەوشەکە

پێشکەشیان دەکەین. کاتێکیش ڕایس ڕاسپاردەی ئەوەی دا کە سەردانی بکەم، ڕەزای بووم لەگەڵ ووریاکردنەوەی کەپێویستە ڕۆبەرت بەهەماهەنگی لەگەڵ مندا هەنگاوەکانی هەڵبێنێتەوە. گومانی تێدا نیە لەکاتی گەڕانەوەیدا ڕۆبێرت ڕاپۆرتێك بۆ ڕایس بەرز دەکاتەوە، هەر بۆیە ووستم بەباشی لە تێگەیشتنی پنتاگۆن و وەزارەتی بەرگری سەبارەت بەئاراستە نوێیەکەمان دڵنیابمەوە.

داوام لە ڕۆمان مارتینیز کرد نامەیەکی کورتم بۆ بنووسێت بۆ ئەوەی بینێرم بۆ ڕامسفێلد و پاول و ڕایس بەشێوەیەك کەپێش کۆبوونەوەی لیژنەی بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە لەکاتێکی دواتری ئەمڕۆدا دەبەسترێت نامەکەیان لابێت.

پێمووت، کە " هەروەها هەوڵ ئەدەم پێش ئەوە پەیوەندی بکەم بە وەزیری بەرگریشەوە".

وەك هەمیشە، نامەکەی کورت و پوخت بوو، بیرکردنەوەکانی منی لەخۆگرتبوو:

ئاراستە نوێیەکەمان لەسەر کاری ئەنجومەنی حوکم دەوەستێت لەگەڵ پارێزەرە عێراقەکاندا، بەهەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان‌دا، بۆ دانانی دەستورێکی کاتی. ئەگەر یەکسەریش دەستمان بە پرۆسەکە کرد، ئەوا ئێمە هیواداریین نوسینەوەی دەستورەکە لەناوەڕاستی ئازار/ مارسدا کۆتایی پێ بێت و دوای ئەوەش لە هاوینی ٢٠٠٤دا هەڵبژاردنێکی نیشتمانی بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی ئینتیقالی ئەنجام بدرێت. ئەو ئەنجومەنەش دەتوانێت حکومەتێکی عێراقیی دیاری بکات کە هاوپەیمانان سەروەریی ڕادەست دەکەنەوە. دوای ئەوەش بەخێرایی کۆمەڵێکی تری هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆنگرەیەکی دەستوریی هەڵبژێردرێت کە هەڵدەستێت بە نوسینەوەی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق.

ئەمە پوختەی نامەکە بوو: "تا ئێستا ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم بەشێوەیەکی باش وەڵامدانەوەیان بۆ ئەم بیرۆکەیە هەیە، سەرەڕای ئەوەی تا ئێستا هیچ پلانێك بەشێوەیەکی فەرمیی پێشکەش نەکراوە. ئەم ئەلتەرناتیڤەش زۆرێك لەمەترسیەکان دەڕەوێنێتەوە سەبارەت بەو خشتە زەمەنیە سیاسیەی کە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم پێش مانگێك ووروژاندیان. هەروەها ئەم ئاراستەیە گەرەنتی پاراستنی ئازادیە بنچینەییەکان و بونیادنانی فیدراڵیی لەعێراق دەکات بەلانی کەمەوە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لەدەستوردا تێبینیکراوە، ئەمەش نیگەرانیی کوردەکان و سوننەکان دەڕەوێنێتەوە. هەروەها ئەو داوایەی شیعە دیندارەکانیش جێبەجێ دەکات کە دەستوری هەمیشەیی عێراق دەستەیەکی هەڵبژێردراو دایبنێن. دواجاریش ئارەزووی چەلەبی و حەکیم و پاچەچیش بەدی دەهێنێت لە بونیادنانی حکومەتێکی عێراقیی خاوەن سەروەریی تەواو لەزووترین کاتدا".

نامەکەم بەوە کۆتایی پێهێنا کە من وای دادەنێم ئەم پلانە " چوارچێوەی دەرەوەیە" بۆ ئەوەی قەبوڵکراوە بەنسبەت بەرژەوەندیەکانمانەوە لەعێراق. هەتا ئەگەر دەستوریش دەقێکی لەخۆگرت



Scanned with CamScanner

کە حکومەتی ئینتیقالی پابەند بکات بە پرۆسەیەکی سیاسی ڕوون و مافدگەلێکی جەوهەریش، ئەوا ئەو ئەگەرانەی کە ئەم پرۆسەیە بەرەو عێراقێکی سەقامگیر دەبن هێشتا زۆر بەرز نین، لەوانەیە باشتر نەبێت لە ٦٠-٤٠. بەم شێوەیەش باش نابێت، مەگەر تەنها " ئێمە پێداگرو توند بووین لەجەنگداو ئیرادەی سیاسیمان نیشاندا کە تا کۆتایی بەدواداچوونی بۆ بکەین".

دوای ئیمزاکردنی پەیامەکە، لەگەڵ (بیل)ی سەرۆکی وێستگەکەدا باسی یاخیبووانمان کرد، ئەو نوێترین هەڵسەنگاندنی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی پێڕاگەیاندم. دوای ئەوەش کە بەڵگەنامەکەی پێدام کە لە چوار لاپەڕە پێکهاتبوو، ڕوونیکردەوە " لەکاتی گونجاودا ئەمە دەداتە ئاژانسەکە بۆ ئەوەی سبەینێ بەرێوەبەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کۆببنەوە".

هەڵسەنگاندنەکانی وێستگەکە ڕازیکەرو نیگەرانکەریش بوون:" دوژمن پێی وایە سەرکردایەتی ئەمریکی زیاتر جەخت لەسەر ستراتیژیەتی دەرچوون دەکاتەوە نەك چاودێریکردن و بەدواداچوون بۆ ڕەوشی جەنگ". هاوپەیمانانیش پەیامێکی ڕوونیان بۆ گەلی عێراق پێنیە.

وەك بەرێوەبەرێکی ئیداریی داواملێکرا ڕای خۆم لەبارەی ڕاپۆرتی وێستگەکەوە پێشکەش بکەم. لەسەر تێکرای هەڵسەنگاندنەکە ڕازی بووم بەڵام هاوڕانەبووم لەشێکدا ئەویش ئەوەیە کەوا گرفتەکە بەهۆی ناڕوونی پەیامەکەوەیە. " ئێمە ئەو هەستە دەدەینە ژمارەیەك لەعێراقیەکان کە ویلایەتە یەکگرتوەکان سوورە لەسەر ئەوەی بەزوویی بڕوات و عێراق بەجێ بهێڵێت". هاوڕاش بووم لەسەر پێویستی " بونیادنانی ئاسایشێکی هەمیشەیی بۆ گەلی عێراق و پشتی پێدەبەسترێت بەو پێیەی کە پێویستیە هەرە گرنگەکەیە بۆ سەرکەوتن لەکۆتاییدا".

کاتێك بیل ڕۆیشت، بیرم لەوەکردەوە کە ئێمە لە دوڕیانێکی یەکلاییکەرەوە نزیك دەبینەوە لەعێراقدا. ئەگەر ئەوانەی کەدەیانەوێت بەشێوەیەکی خێرا سەروەریی بگوازرێتەوە بۆ عێراقیەکان سەرکەوتن، ئەوا من هیچ ڕێگەیەك نابینمەوە کە وامان لێبکات پێکهاتە ئۆرگانیەکان بۆ حکومەتێکی نوێنەرایەتیی کۆبکەینەوە. بەمەش لەکۆتاییدا یاخیبووەکان دەیبەنەوە. ئەگەر لایەنە نابقیە - ڕەگەزییەکان لەعێراق سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، ئەوا وڵات دابەش دەبێت و جیدی ناتوانرێت چاکبکرێتەوە. بەدوای ئەمەشدا جەنگێکی خوێناویی دێت و یاخیبووەکان دەیبەنەوە.

وتەکانی سەرۆك بوشم بەبیرهاتەوە کاتێك کە بۆ دوایین جار قسەمان کرد. لەعێراق شکست ناهێنین. ڕازی بووم لەسەر ئەوە. هیوایەکم بەسبەینێ هەیەو ئەوپەڕی ئەوەی لەتوانامدا بێت لەپێناو ئەوەدا دەیکەم.

١٠ تشرینی دووەم / نۆڤەمبەرم لە وتووێژی قوڵدا بەسەربرد لەگەڵ سەرکردە شیعیە بەرەتیەکاندا لەبارەی پلانە سیاسیە نوێکەوە. ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق



Scanned with CamSc

و حزبی دەعوە خۆشحاڵ بوون لەپەیرەوەکەو ووتیان ئەوان دڵنیان لەوەی کە ئایەتوڵڵا سیستانی پشتیوانی لێدەکات. پێمراگەیاندن کە ئێمە بۆ گرەنتی کردنی پشتیوانی ئەو پشت بەوان دەبەستین. پاشان داوام لە میگهان و رۆمان کرد لەگەڵ چەلەبی قسە بکەن، کە بەشێوەیەکی نائاسایی شڵەژابوو بەرروونی ئەوەی باسکرد کە ئەو دژی هەڵبژاردنی پێشوەختە. وا دیارە ئەو هەستی بە نزمی لایەنگری گەلی عێراقی دەکرد بۆ خۆی. لەبەرئەوە سەرەڕای ئەوەی حکومەتێکی دەوڵەت لەنزیکترین کاتدا بێتە خاوەن سەروەریی، بەڵام ئەو پێی وابوو لەوانەیە بتوانێت برێکی زیاتر لە جەماوەر بۆ خۆی زیادبکات، ئەگەر ئەو حکومەتە بەفراوانکردنی ئەنجومەنی حوکم دەستیشان کرا لەبری ئەوەی بەهەڵبژاردن بکرێت.

دوای ئەوە زنجیرەیەك پەیوەندی تەلەفۆنیم ئەنجامدا لەگەڵ بەرێوەبەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیداو، سەرەتاش لەگەڵ رامسفێڵد دا. ئەو کاتی ئەوەی نەبوو لە نامەکە بکۆڵێتەوە، لەپلانەکە ئاگادارم کردەوە. حەماسەتێکی مامناوەندانەی هەبوو، بەڵام ووتی رایس و پاول و چینی پێیان راگەیاندووە کە ئەوان هەست دەکەن ئاراستە نوێیەکە " زۆر درێژە". ئایا ناتوانین " خشتەیەکی کاتی نزیکترمان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان) دەست بکەوێت" : بۆ نمونە ٣٠کانونی دووەم/ یەنایەر بەرامبەر ١٥ ئازار/مارس بۆ تەواوبوونی نوسینەوەی دەستوری کاتیی؟

پێموت هەتا ئەگەر لەکاتێکی زووتردا دەستوری کاتییمان کۆتایی پێهێنا، ئەوا هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی یاساداناني ئینتیقالیی ئەحەکوم بە کاتی گواستنەوەی سەروەرییەوە دەکات. هەروەها کاتی هەڵبژاردنەکان بەخێراییەك دیاری دەکرێت کە بتوانین لیستی پاڵێوراوەکان و، یاسای هەڵبژاردنی و، یاسای حزبە سیاسیەکان دابنرێت. ئەو رێکخراوە ناحکومیەیش کە گرێبەستمان لەگەڵیدا کردووە، دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ رێکخستنی هەڵبژاردنەکان، کە بەلانی کەمەوە پێویستمان بە شەش تا نۆ مانگ هەیە بۆ تەواوکردنی تۆمارکردنی پاڵێوراوان. بەڵام رازی بووم لەسەر پێشکەشکردنی دواکات بۆ دەستوری کاتیی کە ١ی ئازار/ مارس بێت.

رامسفێڵد پێشنیاری کرد کە ئەوە بۆ رایس و پاول و جێگری سەرۆك رونبکەمەوە.

دوای ئەوەی کە پرۆسەکەم لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بۆ رایس رونکردەوە لێی پرسیم، " لەو ژینگە ئەمنیەدا چۆن دەتوانن هەڵبژاردن ئەنجام بدەن"؟

ووتم، " لەوانەیە رەوشەکە باشتر بوویێت. بەڵام هەتا ئەگەر کردەوەی توندوتیژیش لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا روویدا، ئەوا ئەم ئاراستەیە باشترە لەو کەندەڵاندی کەئێستا تێکەوتووین".

ووتی، " جێری، هێشتا هەندێك کەس لێرە وایان پێ باشە لەمانگی نیسان/ ئەپرێل دا سەروەری رادەستی حکومەتێکی دیاریکراو بکەین".

وەك بڵێی مەبەستی لەمە کۆمەڵەکانی نوسینگەی سیاسەتەکانە لەپێناگۆن پیمووت، " من بە توندی لەدژی ئەم ڕێگەیە دەوەستمەوە. چونکە نە حزمەتی سەرۆك دەکات و نە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش لەعێراق. کۆندی (مەبەستی کۆندەلیزا رایسە) من چارەسەرێکی بۆتوپی پێشیار ناکەم، بەڵام ئێمە بەلای کەمەوە ڕێگەیەکمان دۆزیوەتەوە بۆ بەخشینی ژیانی سیاسی عێراقی لەڕێگەی دانانی دەستورێکی کاتی و بەشداریپێکردنی گەلی عێراق لەپرۆسەی سیاسی، لە ساڵی ٢٠٠٤دا.

وتی، " پشتیوانی لێدەکەم سەرەڕای ئەوەی کەوا زووتریت باشترە. حەمڵاندنت چۆنە لەبارەی گواستنەوەی سەروەرییەوە".

وتم، " ئەگەر باشترین ڕەوشمان وەرگرت کە دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان لەبارەی لیستەکانی هەڵبژاردنەکانەوە پێشیاری کردووە، ئەگەر هیچ کاتێکیشمان بەفیڕۆ نەدا، ئەوا دەبێت بتوانین ئەم لایەنە لە ئاب/ ئۆگۆستدا بەئەنجام بگەیەنین.

دوای دە خولەك جارێکی تر کۆندی پەیوەندی کردەوە. " زۆر گرنگە بەنسبەت تۆوە لەو کۆنگرە تەلەفزیۆنیەدا کەڕۆژی چوارشەممە لەگەڵ سەرۆك ئەنجامدەدرێت لەکۆبونەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو پێشنیارە نوێیە ڕونبکەیتەوە. وا باشتریشە کە فڕۆکەیەك بدۆزیتەوەو سبەینێ بەیانی بەکاتی واشنتۆن بگەڕێیتەوەو، بەڕێوەبەرەکانی لێ ئاگاداربکەیتەوەو، پاشانیش ڕووبەڕوو لەگەڵ سەرۆکدا دابنیشیت". لەوانەیە ئێستا لەبەغدا کات دوای نیوەی شەو بێت، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت لەپێناو فریاکەوتنی کۆبونەوەی بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە لەکاتێکی دواتری هەمان ڕۆژدا دەبەسترێت پێویستە لەسەرم هەر لەئێستاوە دەست بەجوڵان بکەم.

لەوکاتەدا کە بات کێیدی هەوڵی لەوەی ئەدا فڕۆکەیەکم بۆ بدۆزێتەوە تا من و کۆمەڵێکی بچووك لە فەرمانبەرانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەکاتی گونجاودا بگوازێتەوە بۆ ئەوەی فریای کۆبونەوەکەی ڕۆژی دواتر بکەوم، پەیوەندیم کرد بەوانی ترەوە کە لەناو لیستەکەمدا بوون.

کاتێك پەیوەندیمکرد بەجێگری سەرۆکەوە، نیگەرانی خۆیی نیشان دا لەبارەی خشتە زەمەنیەکەوەو، وتی، " بەڵام لەلایەکی ترەوە من نیگەرانم لەوەی کە هەڵبژاردنی پێشوەخت ببێتە هۆی ئەوەی توندڕەوە ئیسلامیەکان بیبەنەوە". هاوڕابووم لەسەر ئەو خاڵە، بەڵام ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە پێویستە لەم کەندەڵانە دەرچین کەئێستا تێیکەوتووین.

لەپەیوەندیەکەی ترمدا / کۆلن پاول نیگەرانی خۆیی دەربڕی لەوەی خشتە زەمەنیەکە هێشتا زۆر درێژە ( منیش نیگەران بووم لەوەی زۆر هێنراوەتەوە پەك). بەڵام لەکۆتاییدا وتی من لەگەڵ هەر خیارێکی کرداریدام. ئەمە لەکاتێکدا کە ئەولەویەتی یەکەمەکەمان دەمێنێتەوە " باشکردنی ڕەوشی

لەمنیی".

گوێم لە دەنگی تەقەی ڕەشاش بوو کەلەلای ڕێگەی فرۆکەخانەوە دەبیسترا، وەك لەوەی جەنگ لەسەر قسەکانی پاوڵ بکاتەوە.

پێش ئەوەی بەکاروانەکە بڵێم بۆ ئەوەی لەکاتێکی درەنگی شەودا بچین بۆ فرۆکەخانە دوایین پەیوەندی تەلەفۆنیم لەگەڵ تاڵەبانیدا بوو. ووتم، ببورە جەنابی سەرۆك بۆ بێزارکردنت لەم کاتە درەنگەی شەودا، بەڵام حکومەتەکەم پێویستی بە دوو ڕۆژ کارکردن هەیە لەسەر پلانەکەی تاڵەبانی و پاچەچی. هیوادارم کەئەوپەڕی هەوڵی خۆتان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانن ئارامی ئەنجومەنی حوکم بپارێزن".

" بەدڵنیاییەوە ئەوە دەکەم جەنابی باڵیۆز".

" شتێکی تر هەیە: پێویستە لەسەرت ڕەزامەندی سیستانی لەسەر ئەم پلانە بەدەست بهێنیت. یەکێکیان بنێرە بۆ نەجەف یان ئەگەر پێویست بوو خۆت بڕۆ. ناتوانم داوا لەحکومەتەکەم بکەم ڕەزامەندی لەسەر ئارستەیەك دەربڕێت بەبێ وەرگرتنی هەندێك گرەنتی کە نەجەف ڕازییە لەسەری".

" تێگەیشتم. هیوای گەشتێکی سەرکەوتووت بۆ دەخوازم جەنابی باڵیۆز".

من و دان سینۆر و بریان ماکۆرماك و ڕۆمان مارتینز و بۆب بلاکویل پەلەمان کرد لەوەی ناوچەی سەوز بەجێ بهێڵین و بەرەو فرۆکەخانە بکەوینەڕێ. لەوێشەوە بەگەشتێکی پێنج کاتژمێری دەگەینە ڕامستاین، لەئەڵمانیا، بۆ ئەوەی بریندارەکان بگوازینەوە بۆ ئەوێ، لەوێشەوە بەفرۆکەیەکی تر بەرەو واشنتۆن بەڕێدەکەوین. هەرکە بەیانی زوو گەیشتمە ئەوێ، ئامادەی کۆبونەوەیەکی یەکلاییکەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەبم لەکۆشکی سپی. وا بڕیاربوو لەکاتژمێر دوودا لەبەغداوە بەڕێبکەوین، بەڵام خراپی کەش بووە هۆی ئەوەی گەیشتی هێلیکۆپتەرەکانی بلاك هۆك هێواش بکاتەوە.

کەشوهەوا لەناو فرۆکەی سی- ١٤١ ستارلفتەر بۆ بەتاڵکردنی پزیشکی کەلەسەر شوێنی نیشتنەوەی فرۆکەکان وەستابوو سارد بوو. گروپەکەم لەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لە ژووری بارەکان لەسەر قورسی ڕەق و لەبەرامبەر بریندارەکاندا دانیشتن، لەچاوەڕوانی دوایین ئۆتۆمبیلی فریاکەوتندا بێت و بریندارەکانی بخرێنە ناو فرۆکەکەوە. بەشی دواوەی ڕیزەکان دەگەیشت بەکلکی فرۆکەکە کە لێژوو کراوە بوو دەتوانرا لەنێوان کاتێك و کاتێکی تردا گوێت لە دەنگی ناڵەو هاواری بریندارەکان بێت، ئەمە لەکاتێدا کە فریاگوزارە پزیشکیەکان دەستەبەرەی ئۆپاڵ هەڵدەگرت و دەیانخستەوە شوێنەکانی خۆیان بەڵام زۆربەی بریندارەکان بەویقاربوون یان بەهێز



Scanned with CamSc

ئارام بوون و خۆڕاگربوون لەسەر سەختی و ناڕەحەتیەکان.

لەناو جلە نارەحەتیەکانمدا هەڵدەلەرزیم، هیوا خوازبووم کە بریندارەکان شتێك هەبێت دایانپۆشێت و بیانپارێزێت لەسەرما. لەیەکەم گەردەلولی بەهێزی پایزدا بەفر لەسەر شاخەکانی کوردستان باری و، شەپۆلێکی سەرما بەرەو باشور هەڵیکرد بەناو دۆڵی دوو روبارداو، لەگەڵ خۆیدا گەردەلولێکی لمی ساردی دروستکرد.

لەپشتمانەوە، پەرستیارو کارمەندە باشەکان بەجلوبەرگی فرۆکەوانی خۆڵەمێشی و جلوبەرگی پیاوی بۆزەوە بەهێمنی و چالاکانە لەناو دەستبەرە پڕ لەنەخۆشەکاندا دەجولانەوەو، خەریکی چاودێریکردنی بریندارەکان بوون، برینداریکیان لەشاش و لەقاقەوە پێچرا بوو، ئامێری ئۆکسجین و هەناسەدانی بۆ دانرابوو کە بەسەروچاوی پێچراو و بەرزبوونەوەی ئامێری هەناسەدانەکە، وەك ئەو پارچەیە رابوو کە ئەوانەی دەچنە ناو ئاوەوە دەیگرن بەدەمیانەوە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە ئۆکسجین وەربگرن.

را گومانم برد سوتابێت و، وێنای ئەقینەوەیەکم کرد لەسەر رێگەیەك کەبەناگرەکەی دەوری ئۆتۆمبیلێکی هامفی گرتبێت. چاوم داخست و نوێژمکرد لەپێناو ئەو لاوە ئەمریکیە قارەمانانەدا.

لەکاتی گەڕانم بەعێراقدا، چاوم بەو هێزانە دەکەوت کەوەك مەفرەزە دەردەچوون، یان لە حاڵەکانی پشکنیندا بوون، یان کاریان بۆ بونیادنانەوەی وڵات دەکرد. سەرەڕای گەرمای توندو ناڕەحەتی هاوین و، گەردەلولی لمی و بارانی ساردی ئێستا، ئەوا سەربازەکانمان بەئامادەباشی ماونەتەوەو سوورن لەسەر ئەوەی شکست بەو یاخیبوونە بێنن کە زوو لەزیادایە. ئەوان شادومان و دڵخۆش بوون کاتێك قسەم لەگەڵدا دەکردن و ئامادەبوون روبەڕووی مەترسیەکان ببنەوەو قوربانیەکان قەبوڵ بکەن.

بەرزبونەوە بەهەلیکۆپتەر لەشەوداو لەم جۆرە کەشەدا پڕ لە مەترسی بوو، بەڵام لەوانەیە مەترسیەکان لەچاو رۆژدا کەمتربن. پێش نۆ رۆژ، لەبەیانیەکی خۆرەتاوی رۆژی ٢ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا، لەنزیك فەللوجە یاخیبووەکان موشەکێکی زەوی بەئاسمان کەلەسەر شان دەتەقێنرێت بەئاراستەی دوو هەلیکۆپتەری سوپای ئەمریکادا تەقاند کەلەجۆری چینوك بوون، ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە سێگۆشەی سوننی و لەهەموو شارەکانی تر زیاتر یاخیە. فرۆکەکان سەربازیان هەڵگرتبوو بەرەو فرۆکەخانەی بەغداد دەچوون بۆ ئەوەی دوو هەفتە پشوو بەسەربەرن. کاتێك دوکەڵی سپی موشەکەکان بەرزبونەوە، گرووپی فرۆکەکە بالۆنی مەگنیسۆمی گەرمیان تەقاند بۆ ئەوەی موشەکەکان دووربخەنەوە. بەڵام بەر یەکێك لەهەلیکۆپتەرەکان کەوت و تێکشکا، بەهۆیەوە پازە سەرباز کوژران و بیستی تریش بریندارببوون کە برینی دوانیان کوشندە بوو.

ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکە لەنزیك فەلوجە یەکێك بوو لەو ڕۆژانەی کە زیاتر خوێناوی بوو بەنسبەت هاوپەیمانانەوە لەدوای جەنگە توندو سەختەکانی سەرەتای هەڵمەتەکانەوە. ئەو زیانە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی و نێودەوڵەتیی وروژاند، ڕووداوەکەیان وا نیشان دا کە بەرگریی دوژمنێکی نادیارو ئاڵۆز وەك ئاستەنگێکی سەرەکی دەمێنێتەوە کەڕووبەڕووی هاوپەیمانان و زۆربەی عێراقیەکان دەبێتەوە. لەوکاتەوە، فەرمان دراوە بە هەلیکۆپتەرەکانی بلاك هۆك کە لەهەموو ناوچەکانی عێراقدا دەمگوێزنەوە لەبەرزاییەکەی نزم و بەخێرایی هەستن تا مەترسی هێرشە زەمینیەکان کەمتر بکەنەوە.

گوێم لەدەنگی پەروانەی هەلیکۆپتەرەکان بوو کاتێك کە فڕۆکەیەکی تری بەتاڵکردنەوەی پزیشکی نیشتەوە. دوای چەند خولەکێك ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنەکە بەناو هۆدە کراوەکەدا هاتە ناوەوە. سەیری دراوەم کرد بینم دوو کارمەندی پزیشکی دەستەبەرەیەکیان هەڵگرتبو بەرەو فڕۆکەکە دەهاتن و لەدواشیانەوە دوو سەربازی تر بەدارشەقەوە دەهاتن.

خانمێکی نەقیب کەسەر بەهێزی ئاسمانی بوو هاتە ژوورەوە کە دەنگەوەرەیەکی پێبوو. بەدەنگێکی بەرزتر لەدەنگی بزوێنەرەی فڕۆکەکە وتی، بیورن گەورەم، بەڵام کەمێك چاوەڕوانی گەیشتنی حاڵەتێکی تر دەبین".

وتم، " کابتن سەبارەت بەئێمە نیگەران مەبن".

بریان سەیرێکی میلی کاتژمێرەکەیی کرد. کاتژمێر ۲:۳۵ ی سەرلەبەیانی بوو لەعێراق، بەلای کەمەوە لەبەردەمماندا چواردە کاتژمێر لەفڕین هەبوو.

وتی، " شەوێکی زۆر درێژ دەبێت گەورەم".

" دەگەینە ئەوێ...".

".. کاتێك کە دەگەینە گەورەم"، بریان قسەکانی کۆتایی پێهێنا.

بەڵام ئەوە کەی دەبێت.

ووستم لەسەر کورسیەکەم هەڵازێنم، بەڵام جوڵەی نەکرد. لەوانەیە ماندوبم ئەگەر بەدانیشتنەوە سەرخەو بشکێنم. بەختم نەبوو. بیرۆکەکانم شڵۆق بوون.

دواجار فڕۆکەی بلاك هۆکەکە بەرزبۆوەو، کارمەندە پزیشکیەکان دەستەبەرەکانیان بە پشتێن بەستەوەو دوو دەرگا گەورەکەی پشتەوە هەلیکۆپتەرەکە بەسترا، یەك لەدوای یەك چوار بزوێنەرەکەی فڕۆکەکە دەستیان بەسوڕانکرد. کەمامەکانم خستە گوێمەوەو هەوڵمدا لەسەر کورسیە جێگیرەکە کەمێك درێژبم. کاتژمێر ۳:۱۵ خولەکی بەیانی بوو، لە ۱۱ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا.



Scanned with CamSc

ئەو بژارییەی کە بەدەستییەوە دەناڵێنم، ناتوانرێت بەراوورد بکرێت بەوەی کە ئەو لاوە کوڕو کچانەمان لەدواوە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

کاتێك کە گەیشتینە بەرزایی فڕین پلەی گەرمی لەناسۆ ساردییەکی بێزارکەردا جێگیر بوو، ئەوەش وایکرد خەوتن زەحمەت بێت. بەڵام توانیم سەرخەوێك بشکێنم. کاتێك بەهۆش هاتمەوە، نزیکیم لە سەربازە بریندارەکانەوە ئەو ڕووداوە ئازارهێنانەی یاخیبوتیان بەیاد هێنامەوە: مەفرەزەکان دەکەونە بۆسەوە و، قەناصەو، تەقینەوە لەسەر ڕێگەکان. هەستێکی بێزارکەرم بۆ دروست بوو کە سەربازییەکان هێشتا کۆشش دەکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی کاریگەر بۆ ئەوەی پێی ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە. ئەوکات کە پرسیارم لەهاوەڵە سەربازییەکانم دەکرد لەو بارەیەوە، زۆرجار ئەو هەستەم بۆ دروست دەبوو کەلە "ئاراستەی خۆم" لامداوە. ژەنراڵەکانمان ڕاستیان دەکرد لەو نیگەرانەی هەیان بوو لەبارەی ئاڵوگۆڕکردنی بەمزواندی هێزەکانەوە. بەڵام من هاوڕانیم لەسەر ئەوەی کە بە فراوانکردنی هێزەکانی ئاسایشی عێراقی کە مەشقدیدە نین بەو پەڕی خێرایی گیروگرفتەکانمان چارەسەر بن – لەناویشیدا سەرلەنوێ تەشکیلکردنەوە یەکەکان کە ئەفسەرە بەعسییەکان فەرماندەیان بکەن– یان بە تەسلیمکردنەوەی سەروەری بە ئەنجومەنی حوکم.

بیرکردنەوەمم گێڕایەوە بۆ بەیانی ٣ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر، ڕۆژێك لەدوای کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەری چینۆك. کلای کاغەزێکی پێدام ئەو هەڕەشە ئەمنیانەی پوختکردبۆوە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. ئەو پێشنیارە سەرەکیەکەی ، کە ڕەزامەندیم لەسەر نیشان دا، ئەوە بوو سۆاتیژیەتێکی گشتگیر نیە بۆ شکستهێنان بەدوژمن. ئەو پێداگریی کرد لەسەر باشبوونی هەواڵگریی لەسەر یاخبوو و تیرۆریستەکان. هەردوکیشمان دەمانزانی کە ئەوە قورسترین جۆرەکانی زانیاریی هەواڵگرین کە دەکرێت دەستبخرێن. پێی ووتم، " هەرگیز ناتوانین سەرکەوتووبین تەنها ئەو کاتە نەبێت کە زانیاریی باشترمان دەست بکەوێت لەبارەی ئەو کەسانەوەو، بتوانین باشتر دوژمنەکانمان بناسین".

خاڵی دووەمی ئەوە بوو کە سوپا لەکۆتاییەکانی ئاب/ ئۆگۆستسەوە جۆنە ڕەوشێکی سلبی یان هەڵچوونەوە، کاتێك کە هێرشەکان بەئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو لەسەر لاتەنیشتەکانی شەقامەکان دەستیان پێکرد. دوای ئەوەش بە دوو مانگ وادیار نەبوو کە پرۆسەکانمان چیدی لەسەر ئەو ڕێتمە بڕۆن بەرێوە کەلەهاویندا هەبوو. چیدی یەکەکانی فرقەی هەشتاو دوو لەئەنبار– پێگەی یاخیبووە سوونەکان– بەچالاکیەوە مەفرەزەکانی بەناو شارەکاندا نەدەرۆیشتن وەك ئەوەی لەدوای ڕزگارکردنی عێراقەوە ئەوەی دەکرد. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی مەترسیەکانی پێکران و پێوەبوون



Scanned with CamSc

لەهەندێك شاری وەك فەللوجە کەمبکاتەوە، بەلاّم ئەو هەستەی دروستکرد کە ئێمە وازمان هێناوە بۆ دوژمن. " وادیار نیە پرۆسە بەرگرییەکانمان مەحکوم بێت بەستراتیژیەتێك کە جوانێتی زیاتر لەگەڕان بەدوای کەسانێك لەناو ڕیزەکانی دوژمندا و بەزاندنیان تێیەڕێنێت". ئامازەی بۆ ئەوەشکرد کە ئێمە لەدوای ڕزگارکردنی عێراقەوە چەند جارێك چووینەتە ناو فەللوجەوەو دەرچووین لێی. کلای، ووتیشی، " دەڕۆینە ناوەوەو، کەمێك دەگەڕێین و، چەند کەسانێکی خراپەکارو شەڕەنگێز دەستگیر دەکەین و دەڕۆین. پاشان ئەوان دەگەڕێنەوەو جارێکی تر کۆنتڕۆلی ناوچەکە دەکەنەوە، ئێمە بەگرنگترین شتێك هەڵناستین لەم جۆرە لەیاخیبوون: بێەشکردنی دوژمن لە بنکەکانی هاریکاریی یان پشتیوانی.

کلای بوختەی قسەکەی بەمە کۆتایی پێهێنا، " ئێمە ئەوەندەی کە بەس بێت لە خراپەکاران و شەڕانگێزەکان ناکوژین".

پێمڕاگەیاند کە ئەگەر دڵدانەوەیەك هەبێت ئەو ئێستیاعەدیە کە لەکۆبونەوەکانم لەواشنتۆن لەکۆتاییەکانی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەردا دەستم کەوت کە جێگری سەرۆك و پاول و رایس هاوڕان لەگەڵماندا کە ئێمە ڕووبەڕووی گرفتێکی ئەمنی ترسناك دەبینەوە لەعێراقدا، گرفتێك ناتوانرێت چارەسەر بکرێت بەجوڵانەوە بەخێراییەکی گەورەتر لەبەرەی سیاسیی.

لە ٦ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا یاداشتەکەی کلای پالێیوەنام بۆ ئەوەی هەوڵبدەم پەیوەندی بە سکۆتر لیبیەوە بکەم، گەورە فەرمانبەری جێگری سەرۆك، ئەو لەدەرەوە بوو. سەرسام بووم بەوەی کە جێگری سەرۆك پەیوەندی پێوە کردمەوە.

ئەوپەڕی بێزاریی خۆمم پێڕاگەیاندن لەبارەی ئاڵۆزبوونی ڕەوشی ئەمنیەوە. بۆمبەکانی کەنار ڕێگاکان و بۆسەکان تەنها هێزەکانمان ناکوژن، بەڵکو ئەو بەڵێندەرە مەدەنیانەش دەکوژێت کەوا لەبواری ئاوەدانکردنەوەدا کاردەکەن. ووتم، " گەورەم جێگری سەرۆك، پێموایە ستراتیژیەتێکی سەبازیمان نیە بۆ سەرکەوتن لەعێراق. وا دێ بەخەیاڵمدا کە سیاسەتمان بەئاراستەی ئاڵوگۆڕکردنی هێزەکاندا بێت زیاتر لەوەی بەئاراستەی ستراتیژیەتی سەرکەوتندا بێت". وادیارە بەرەو عەقڵیەتی " قەڵغان" بۆ خۆدروستکردن و خۆپارێزیی خزاوین. هەربۆیە شتێکی ڕێکەوت نیە کە هێرش بۆ سەر سەربازییەکان و بەڵێندەرە مەدەنیەکان لەماوەی دوو مانگی ڕابردودا زیادی کردووە بێ ئەوەی لەم ماوەیەدا هیچ پرۆسەیەکی سەربازیی گەورەمان ئەنجام دابێت. ئێستاش دوای تێپەڕبوونی پێنج ڕۆژ لەکەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرەکە لەفەللوجە، هێشتا هیچ پەرچەکردارێك لەلایەن هاوپەیمانانەوە ڕووینەداوە. یاخیبوون دەتوانێت هەموو ئەوە هەڵوەشێنێتەوە کە هاوپەیمانان بەدەستیان هێنابوو هەروەها لەکۆتاییشدا جەنگێکی ئەهلیی هەڵگیرسێنێت، کەتێیدا بەعەسیە سونەکان لەگەڵ

سوننیا شیعی و کوردیەکان بکەونە جەنگەوە، عێراق لەسەر بنەمایەکی تایفی و جوگرافی دابەش بێت.

ووتیشم، "گەورەم جێگری سەرۆک، لەگەڵ هەموو ئەم قسەکردنە لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی هێزەکانی ئەمریکاو خستنی عێراقیەکان بۆ ناو بگرەو بەردەو مشتومڕی زۆرو فشاردان بۆ کۆتایی هێنانی پێشوەخت بەداگیرکردن لەوانەیە ئەو هەستەی دروستکردبێت لەناو یاخیبووەکاندا کە ئێمە وانو بەهێزی و هەیبەتی خۆمان لەدەستدابێت.

ووتی، "منیش هەمان پرسیار دەکەم. کامەیە ستراتیژیەتمان بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن؟ ئەو هەستەم هەیە کە هەڵوێستی پنتاگۆن لەسەر ئەوە دەوەستێت کە شەڕ کۆتایی پێهاتووەو ئەوان لەدوای بەدیهێنانی سەرکەوتن ئێستا لەقۆناغی پاککردنەوەی پاشماوەکانی دوژمندان. ئەوان وای نابینن کێتە جەنگێکی گەورەمان بەرپاکردووە لەدژی تیرۆریستەکان لەعێراق و لەشوێنەکانی تردا".

بەر نیگەرانیەی خۆمم دووپاتکردەوە کە هەمە سەبارەت بەخستنی عێراقیە ڕانەهێنراو و بەسەنقیدیدەکان بۆ ناو ڕیزی هێزە ئەمنیەکان.

چینی ووتی، "هەمان مەترسیش لای من هەیە جێری. بەڵام پێموایە گرنگە برێکی زیاتر لەعێراقیەکان بەشداری پێبکرێن. ئەمەش لەپاکستان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لەجێبەجێکردنی بەسەر تالیبان و قاعیدەدا لەوەزیرستان و لەشانشینی عەرەبی سعودیەدا لەبڕینی پشتوانە دارایەکان لە بن لادن".

ڕەڵامم دایەوە، "من ڕەزامەندم لەسەر ئەو ئامانجە جەنابی سەرۆک. هەر لەسەرەتاشەوە ووتومانە کە بەرگریکردن لەعێراق دەبێت دواجار ببێتە بەرپرسیارێتیەکی عێراقیەکان. بەڵام زیادکردنی هێزە عێراقیە ناکارامەو مەشق نەدیدەکان ناکرێت بخرێتە شوێنی ستراتیژیەتێکی سەربازیەوە".

پرسیاری کرد پرۆسەی سیاسی لەکوێدا دەوەستێت. ووتم من بەو پەڕی خێرایەوە کە مومکین بێت دەیجوڵێنم. "بەڵام ناکرێت ئێمە فێڵ لەخۆمان بکەین کە ئەو جۆرێکە لەچارەسەری سەرسامکەر بۆ گرفتەکانی عێراق. بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە یاخیبووەکان بەهیچ شێوەیەك دیموکراسی نین، ئەوا بەدڵنیاییەوە کاتێك دەگەینە بەرهەمهێنانی ئاراستەیەکی مەعقول بەرەو دیموکراسیەت ئەوا هێرشەکانیان بەرزدەکەنەوەو پەرەی پێدەدەن".

ئایا دەتەوێت لێرەدا ئەم مەسەلەیە لەگەڵ جەماعەتدا باس بکەم و ئاماژە بەنیگەرانیەکانت بکەم، یان ئەوە بخەمە سەر شانی خۆم"؟

ووتم، "پێم باشە ئەگەر خۆت ئاسودەیت ئەوە بخەیتە سەرشانی خۆت. بەڕاشکاویی دەڵێم، هیچ سەرکەوتنێکم بەدەست نەهێناوە لەوەی کە وا لەبیرۆکەکانم بکەم لای پنتاگۆن مەعقول بێت.

بەڵام لەوتوێژەکانمەوە لەگەڵ سەرۆک لەوە تێدەگەم کە ئەو لەوەدا هەڵوێستێکی توند وەردەگرێت".

جینی ووتی، " دەتوانیت گرەو لەسەر ئەوە بکەیت".

سوپاسی کردم لەسەر پەیوەندیکردنەکەم و داوای لێکردم لەهەر کاتێکدا ویستی جارێکی تر پەیوەندی پێوە بکەمەوە. ووتم من بایەخێندانەکانی ئەو بەرز دەنرخێنم و بەڵێنم پێدا کە ئەم هەڵە بەخراپی بەکارنەهێنم.

رۆژی دواتر، ٧ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر، رۆژێکی خراپ بوو. لەدانیشتنی ئاگاداربوونەوەی سەربازیی بەیانیاندا، ریک سانشێز کوژرانی چوار سەربازی تری ڕاگەیاند کەلەئەنجامی چەند هێرشێکدا لەوە ڕوویدا بوو، هەروەها کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرێکیش لەنزیک تکریت.

لەدوای نیوەڕۆی ئەو رۆژەدا، بە تەنها کۆبونەوەیەکی درێژم لەگەڵ ئەبی زەید ئەنجام دا کە ماوەی دوو رۆژە لەعێراقە، بەمەبەستی کۆبونەوە لەگەڵ گەورە ئەفسەرەکانی هێزەکان لەهەموو ناوچەکانی وڵات.

ووتی، " ئەوان دڵنیان، بەڵام زۆر خۆپارێزی دەکەن لەڕووبەڕوو بونەوەی کەسە خراپ و شەرەنگێزەکان. هانمدان لەسەر ئەوەی زیاتر پێشڕەوی بکەن و بێنە گۆرەپانەکەوە".

" من بەتەواوەتی پشتیوانی لەوە دەکەم جۆن".

پێراگەیاندم کە ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردانی فرقەی هەشتاو دوو لەرەمادیی و پرسیاری کرد کەئایا هەر رەخنەیەکم هەیە لەسەر کۆبونەوەی بە شێخەکانی هۆزەکان لەو وڵاتە. " پەیامی بنەڕەتیم ئەمە دەبێت، " هاوکاریمان بکەن ئەگەر نا،".

بەنسبەت منەوە ئەوە کارێکی دروست بوو. ئەوەش رێگەیەکی ترە بۆ پەیوەندیکردن بەسوونەکانەوە لەخۆرئاوای عێراق. ووتم، " بەڵام پێویستە لەسەرمان ئامادەبین بۆ بەدواداچوون و لێدان بەتوندیی. ئەو کەسانە فێڵی هەڕەشە لێکردن بەئاسانی کاریان لێ ناکات".

" هەر بەو شێوەیە دەبێت".

خۆشحاڵ بووم بەپێشنیاری جۆن بۆ ئەوەی لەسێ گۆشەی سونیدا فشاری زیاتر بەکاربهێنێت، ئەوەی کە دوو مانگیشە من بەکارێکی پەسەندی دەزانم. بەڵام ئەو زۆرتری پێ بوو. " من نیگەرانم لەوەی کە جەماعەت هەوڵ بدەن لێکمان دابڕن و بەربەستێک بخەنە نێوانمانەوە. هەندێکیان دڵنیان کە تۆ پێت وایە زۆربەی گیروگرفتەکان لەعێراق دەکرێت بەچاککردنی رەوشی ئەمنی چارەسەر بکرێن".

بە ئەبی زەیدم راگەیاند کە ئەوە بەتەواوەتی وانیە، پێدەچێت رەنگدانەوەی وتوێژێک بێت کەپێش



Scanned with CamScanner

چەند ڕۆژێك لەگەڵ زەنراڵ پێتەر پیس لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی سازکرابوو. پیس ووتی، " گرنگترین ستراتیژیەتی سەربازیی بریتیە لە خێراییکردن لەڕەوت و ئاراستەی ئیدارەی حوکمدا". بەدەستەوازەیەکی تر، پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقیی و پێدانی سەروەریی و کۆتایی هێنان بەداگیرکاریی. پێویست بوو لەسەرم نارازی بم بەوە. " بەدڵنیاییەوە پێویستە لەسەرمان ئەو کارانە بەجێم بەهێنین. بەڵام ئاسایشێکی باشتر لەپێشتر ترە".

نەبی زەید ووتی لەو بێزارە لە والت سڵۆکۆمبی گەورە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، ئەو هێشتا نارازیە لەوەی ژمارەیەك لەئەفسەرە سونییە مەیدانیەکان بهێنرێنەوەو سودیان لێوەربگیرێت. " ئێمە پێویستمان بەسەرکردەی سەربازیی کارامە هەیە بتوانن سەرکردایەتی هێزەکانیان بکەن. ماندوو بێ تاقەت بووم لە خوێندنەوەی ڕاوبۆچوونەکانی کە لەوبارەیەوە لەڕۆژنامەکاندا بڵاودەبنەوە".

سڵۆکۆمب وەڵامی پرسیاری پەیامنێرەکانی دەدایەوەو کۆششەکانمانی ڕوون دەکردەوە لەبونیادنانی سوپای نوێی عێراقیدا. ژمارەیەك پرسیار کران لەبارەی ئەوەوە کە گوایە لەڕێگەی هەندێك ئەفسەری نەناسراو و بێ ئاگاوە زانیاریی دزەی کردووە کە گوایە پنتاگۆن بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن تا سەرکۆنەی بکەن لەسەر ئەو یاخیبوونە چاوەڕوانەکراوەی کەئێستا ڕووبەڕووی بوینەتەوە.

بەنەبی زەیدم ڕاگەیاند من لەگەڵ سڵۆکۆمبدا هاوڕام کە دەبێت زیاتر وریابین. لەوانەیە بتوانین هەندێك لەعەقیدو عەمیدە پاڵێوراوەکان بگەڕێنینەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە لەدۆسیەو پێشینەی هەر یەکێکیان دەکۆڵینەوە. " نەك سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی سەرکردە بەعسیەکان یان پارکوژەکان. مادام ئەو ئەفسەرو سەربازانەو بەپرسانی پنتاگۆن دیانەوێت لە ڕۆژنامەکاندا باسمان بکەن ئێمەش وەڵامیان دەدەینەوە".

ساتێك بێدەنگ بوو پاشان ووتی، " ووتم من دژی هەڵوەشاندنەوەی سوپام، بەڵام ئەم ڕایەم نەگواستۆتەوە بۆ ڕۆژنامەکان".

مبشە. هەڵوەشاندنەوەی سوپا؟

لە ئابار/ مایۆدا، کەوا خەریکی ئامادەکردنی فەرمانی دووەمی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان بووین والت سڵۆکۆمب ڕاوێژی بە سەرکردایەتی ئاوەند کرد، لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی بەرگریی پێشوو عێراق و دەزگا هەواڵگریەکانی صەدام و، هێزە ئەمنییەکانەوە، لەفەرمانەکەدا هاتبوو کە دوای ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان وڵاتیان داگیرکرد سوپای عێراقی خۆی خۆی هەڵوەشاندەوە. ئێمە بڕیارەکەی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانمان ڕێکخستەوە- هەموو وشەیەك کە تیایە پێداچوونەوەمان بۆ کرد- لەگەڵ پۆڵ وۆڵفۆیتز و دۆگ فیسدا پێش ئەوەی لە ٢٣ ئایار/

مایۆدا بڕیارەکە دەربکرێت. هەروەها لەمەدا راوێژ بە فەریق دیڤید ماکیرنان کرابوو، کەوا سەرکردەیەکی مەیدانی بوو لای ئەبی زەید.

کاتێك کە وتوێژەکە تەواو بوو ووتم، من ڕێزم هەیە بۆ هەڵوێستەکەت، بەڵام هاوڕایم لەگەڵت. لەو کاتەوە کە گەیشتووم هەموو وتوێژەکانم لەگەڵ شیعەو کوردەکان قەناعەتیان پێکردووم کە گێڕانەوەی سوپای صەدام دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێکی ناوخۆیی لێرە. ئەگەر تۆش پێتوایە ئێمە ئێستا ڕووبەڕووی گرفت بوینەتەوە، ئیدی وێنای بکە کە ئەو کاتە چۆن دەبێ".

کاتژمێر هەشتی بەیانی فڕۆکەکەمان گەیشتە بنکەی ئەندروزی ئاسمانیی، ئەمەش بواری ئەوەی پێدام پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ بڕۆم بۆ ژووری ڕەوش و کاروبارەکان لەکۆشکی سپی بەخێرایی لەبنکەکە خۆم بشۆم. لەسەر داوای کۆندۆلیزا ڕایسیش، کۆبونەوەکە تەنها تایبەت بوو بە "بەڕێوەبەرەکان"، بەبێ یاریدەدەرەکانیان. هەر سەرۆکایەتی کۆبونەوەکەی کرد، کە جێگری سەرۆك لای ڕاستیەوە دانیشتبوو، هەریەك لەکۆلن پاول و دۆن ڕامسفێڵد و جۆرج تێنت و ئاندی کارد نوێنەرایەتی وەزارەتی دەرەوەو بەرگری و ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی و کۆشکی سپیان دەکرد. پیت پیسی ژەنراڵی مارینزیش نوێنەرایەتی مایك مایەرزی سەرۆکی دەستەی فەرماندەکانی ئەرکانی هاوبەشی دەکرد.

کاتێك لەدەوری مێزە لاکێشەکە کۆبوینەوە کە لە تەختەی ماهۆغانی دروستکرابوو، دیاربوو کە ئێمە گەیشتوینەتە ڕادەیەکی جیاکەرەوە لەپەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق. ئەوەیش کە لەماوەی چەند ڕۆژی دواتردا لەواشنتۆن بڕیاری لەسەر دەدەین سیاسەتی سەربازیی و سیاسی گشتگیرمان دادەڕێژێتەوەو بڕیاری بردنەوە یان شکست دەدرێت. لەبەرئەوە پێویستە زاڵبین بەسەر ماندوبەتیدار بەوپەڕی ڕوونییەوە هێڵە گشتیەکان بۆ شێوازی نوێی پێشنیارکراوی کارکردنی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دیاری بکەین. ڕایس داوای لێکردم پلانەکە شیکار بکەمەوە بۆ پەیکەرە بنەڕەتیەکانی بۆ ئەوەی هەموان لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەمەبەستەکەمان تێبگەن.

یەکەمجار بەوەدا چوومەوە کەوا چۆن گەیشتینە ئەم ڕێگە داخراوەی ئێستا. ڕونیشمکردەوە کە ئامانجە ستراتیژیەکەی هاوپەیمانان ئەوەیە بنەما هەمیشەییەکانی دیموکراسیەت لەعێراق دابنێین. بڕوام وایە کە ئێمە پێویستمان بە دەستورێکە بۆ کێشانی سنوری ژیانی سیاسی و دامەزراوەیی. پلانە بنەڕەتیەکەشمان پێشبینی بەستنی کۆنگرەیەك دەکات بۆ نوێنەرە عێراقیەکان کە هەڵدەستن بەنوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی. دوای ئەوەش هەڵبژاردنی حکومەتێك دێت کە سەروەریی پێ دەسپێرین.

بەڵام سیستانی لەپێداگرییەکەی پاشگەزنەبۆوەو، لە حوزەیران/یۆنیۆدا فەتوایەکی دەرکرد



Scanned with CamScanner

کەدەبێت دەستوری هەمیشەیی ئەو عێراقیانە بینوسنەوە کەلەرێگەی هەڵبژاردنێکی نیشتمانی ڕاستەوخۆوە دیاری کرابن. لەم مەسەلەیەشدا ئەنجومەنی حوکم نەیاندەویست ڕووبەڕووی بینەوە یان نەیاندەتوانی ئەوە بکەن. لەبەرئەوەی عێراقیش هیچ رژێمێکی هەڵبژاردنی تێدا نەبوو، ئەوا شوێنکەوتنی ئاراستەی سیستانی ئەوە دەسەپێنێت کە دواکەوتنێکی درێژ ڕوودەدات لە گێڕانەوەی سەروەرییەکاندا بۆ عێراقیەکان، هەروەها کەشە سیاسیەکانیش لەعێراق و ئەمریکا و بەریتانیاش ڕازی نابن لەسەر ئەم دواکەوتنە.

پلانە نوێیەکەشم شیکردەوە. ئەنجومەنی حوکم هەڵدەستێت بە یارمەتیدانی پسپۆرە یاساییە عێراقیەکان بۆ نوسینەوەی دەستوری کاتی بەهاتنی ١ ئازار/مارس. لەهاوینیشدا هەڵبژاردن بۆ حکومەتێکی ئینتیقالی دەکرێت کەسەروەری پێدەسپێرینەوە- هیواخوازین ئەوە لە ١ تەموز/یۆلیۆدا بێت. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥دا کۆنگرەیەکی دەستوری هەڵبژێردراو هەڵدەستێ بەنوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی.

رایس و پاول نیگەرانی خۆیان نیشاندا لەئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکاتێکی زوودا وەك لەسەرەتای هاوینی ٢٠٠٤. منیش لەگەڵ ئەوەدا بووم کە ئەمە مەترسیدارە. هەموو پسپۆرەکانی هەڵبژاردنیش کە ڕاوێژمان پێکردوون، سەرەڕای نەتەوە یەکگرتووەکانیش، پێیان وایە کە شەش بۆ نۆ مانگمان پێویستە بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەین. دەکرێت هەڵبژاردنەکان لە حوزەیران/یۆنیۆدا ئەنجام بدرێن، بەڵام بەشێوەیەکی "پوخت" نابێت چونکە کاتی پێویست نیە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی یان ئامادەکردنی لیستی هەڵبژاردنەکان. هەروەك چۆن پەراوێزێکیش نابێت بۆ دواخستن. بەڵام من پێموایە ئەگەر مومکین بێت گرنگە سەروەریی بگەڕێنرێنەوە بۆ حکومەتێکی هەڵبژێردراو.

بە جەماعەتم ڕاگەیاند کە ئەلتەرناتیڤێك هەیە بۆ هەڵبژاردنەکان لەپێناو دیاریکردنی ئەندامانی حکومەتدا- کۆنگرەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان- ئەوەش پێشنیارێکە خیاری دووەمی لیژنەی ئامادەکاریی پەرچەدەکاتەوە. ئەم پرۆسەیەش حکومەتێك بەرهەم دەهێنێت کەوا کەمێ شەرعیەتی دەبێت، بەڵام رێگە بەهەمەجۆریی دەدات لەسەر ئاستی ناوچەیی لەچۆنیەتی هەڵبژاردنی حکومەتی ئینتیقالی. لەوانەش گرفتی ئەمنیی کەمتربێت.

لەو مشتومڕاندا کەلەدوای ئەوەوە هاتن، کۆلن پاول چەند جارێك لەوەی دووبارەکردەوە کە خشتەی زەمەنیی بۆ پێشنیارەکە " زۆر هیواخوازانەیە". ناشتوانێت لای سەرۆك ئەم ئاراستەیە بەباش دابنرێت تا ئەو کاتەی کە یەقینی تەواومان دەبێت کە ئەنجومەنی حوکم و سیستانی پشتیوانی لێدەکەن.

ووتم، " حەکیم و جەعفەریی ئەنکیدیان بۆم کردەوە کە سیستانی پشتیوانی لەپلانەکە دەکات.



Scanned with CamSc

داواشم لەتالەبانی کرد زوردەکاری ئەمە لەگەڵ ئایەتوڵڵادا باس بکات. ئێمە لەلایەنی مێتالیەوە حەز دەکەین کەئەو بەشێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانی لە پرۆسەکە بکات. بەڵام شارەزاکانم پێیان وایە رووداني ئەوە دوورە. پێمان وایە ئەو پەرەکەی ئەو بەبێ دەنگبوون قەبولی دەکات". بەڵام سەبارەت بە نیگەرانی لەئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەناو کەشێکی توندوتیژدا، ئەوا پێویستە لەسەرمان کە واقیعی بین. دانم بەوەدا نا، " کە توندوتیژی دەبێت. بەڵام پێویستە قەبولی واقیع بکەین بەوەی هەڵبژاردنەکان لەعێراق بۆ ماوەی چەند ساڵێك هەروا توندوتیژانە دەبێت. چەك لەهەموو شوێنێکی وڵات بڵاوە. کۆمەڵگەیەکی توندوتیژە وەك کۆلۆمبیا".

جێگری سەرۆك پێشنیاری پەیرەوێکی تری کرد کە زانیم چەلەبی و پاچەچی لەپشتیەوەن. " لەوانەیە پێویست بێت ئەنجومەنی حوکم دەستەیەکی جێبەجێکاری هەڵبژێرێت وامان لێبکات وەك حکومەتێکی ئینتیقالی دانی پێدابنێین".

وەڵامدایەوە کە ئەوە ستراتیژیەتێکی مەترسیدارەو رای خۆمم دووبارەکردەوە کەئێمە بەلانی کەمەوە پێویستمان بەدەستورێکی کاتیە پێش ئەوەی سەروەری بدەینە دەستەیەکی هەڵبژێردراو یان پاڵفتەکراوە. نمونەی ئەم بەڵگەنامەیەش یارمەتی دەر دەبێت لەپاراستنی مافی تاکەکان و کەمینەکان و پەیکەرێکی حکومی بونیاد دەنێت.

رایس بەتوندی پێداگری کرد لەسەر بوونی دەستورێك بۆ رێکخستنی ژیانی سیاسی لەعێراق و پاراستنی مافی کەمینە عەرەبە سونەکان و کوردەکان.

دواتر مشتومڕ کرا لەسەر لایەنە باش و خراپەکانی رەوت و ئاراستەکە.

لەقۆناغێکدا، پاول بەسادەیی ر بێ پێچ و پەنا وتی، " هەموو ئەمە لەدەرەوەی بابەتەکەوە دەبێت تا ئەوەی مامەڵە لەگەڵ رەوشی ئەمنیدا دەکەین".

ووتم، " هەمووتان هەڵوێستی من دەزانن. هیچ چاکسازیەکی سیاسی بۆ گرفتی ئەمنی نیە. پێویستە لەسەرمان لەپرۆسەکانی هەڵبژاردن و گواستنەوەی سەروەریدا بەخێرایی بجوڵێین چونکە ئەمە ئەوەیە کە ئێمەو گەلی عێراق دەمانەوێت. بەڵام پێویستە لەسەرمان دان بەوەدا بنێین کە ئەوە ناتوانێت شکست بەتیرۆریستەکان بهێنێت".

پێش ئەوەی کۆبونەوەکە دوابخەین، لەسەر ئەوە رێکەوتن کرا کە پێشنیارەکەم بۆ گرتنەبەری سیاسی لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیدا باس بکرێت کەرۆژی دواتر خودی سەرۆك سەرۆکایەتی دەکات. پێویستە لەسەری ئەو خشتە زەمەنیە دیاری بکرێت کە ئەوە بۆ عێراقیەکان دیاری دەکات ، ئایا راسپاردە بدەین بەهەڵبژاردنی حکومەتێکی کاتی لەرێگەی هەڵبژاردنەکانەوە یان لەرێگەی کۆنگرەکانەوە بێت لەناوچەکاندا.



Scanned with CamSc

سەرەڕای گرژی و ئاڵۆزیەکانیش توانیمان پێشکەوتن بەدەست بهێنین.

لەرێگەدا بۆ کۆشکی سپی لەگەڵ ڕامسفێلد دا، بەو کاغەزەدا چووینەوە کە شەو لەبەغدا ئامادەی کردبوو سەبارەت بەو گرفتانە کە دەکرێت بەسەر پرۆسەی سیاسی توندا بێت. میغهان مەترسیەکانیش ئەوە بوو کە گەلی عێراق مەفهومی دەستوری کاتی ڕەتبکاتەوە، توندترین حوکم لەسەر دەقەکە رێك نەکەوێت، یان نەتوانین پارێزگاری لەپشتگیریەکەی سیستانی و ئەنجومەنی شیعەکان بۆ پرۆسەکە بکەین.

کاتێك گەیشتینە دەروازەی کۆشکی سپی بەڕامسفێلدم ڕاگەیاند " من هەڵبژاردنم پێ باشە لەگۆشەنیگای سیاسیەوە. بەڵام شەوی ڕابردوو بیستم کە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکە بۆ رێکخستنی هەڵبژاردنەکان، ئەو رێکخراوە ناحکومیەی کەوا گرێبەستمان لەگەڵیدا کردووە، ئێستا بەئاڵۆزیەوە قسە لەبارەی ئیمکانیەتی پێشخستنی هەڵبژاردنەکانەوە دەکات بۆ کۆتایی حوزەیران/یۆنیۆ".

وەڵامی دایەوە، " گریمانەیەکی نامەعقول نیە".

هەروەها وتی، " دەکرێت ئەوە هەموو شتێك خراپ بکات. ئیمە کۆنترۆلکردنی کاتی پرۆسەکە لەدەست دەدەین. هەروەها دەکەوینە گرفتێکەوە ئەگەر لە ئایار /مایۆدا بۆمان دەرکەوت پێویستە هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ پایز یان کاتێکی دورتر دوابخەین".

" بەڵام ئایا هەر پشتیوانی لە هەڵبژاردنەکان دەکەیت"؟

وتم، " بەڵێ بە بەردەوامی پشتیوانی لێدەکەم. بەڵام بەهۆی ئاڵۆزیی دامەزراوەی نێودەوڵەتیەوە بۆ رێکخستنی هەڵبژاردنەکان لەئێستادا، ئەوا من پێموایە بۆ هەڵبژاردنی حکومەتی کاتی وا باشترە سستمی کۆنگرەکان لەناوچەکاندا پەیرەو بکرێت ".

لەژووری ڕەوشەکان لەکۆشکی سپی، دوای ئەوەی سەرۆك لەسەر کورسیەکەی دانیشت، بەپێشنیارەکەمدا چوومەوە. کاغەزێکم خستەڕوو بەناونیشانی " گواستنەوە بۆ سەروەریی" کە من و گروپی بەڕێوەبردنی حوکم لەشەوێکی درەنگی شەوی ڕابردودا ئامادەمان کردبوو. پێشنیارەکەم خستەڕوو لایەنە باشەکانی هەڵبژاردن و لایەنە خراپەکانیم لەبەرامبەر کۆنگرەکان لەناوچەکەدا باسکرد. هەڵبژاردن ئەوپەڕی ڕادە لەشەرعیەت بۆ ئەنجومەنی یاسادانان لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەوە بۆ بەرژەوەندی ئەو پارتانە دەبێت کەزیاتر رێکخراون، لەناویشیاندا ئیسلامیەکان، مەترسیەکی ڕاستەقینەش هەیە لەوەی نەتوانرێت هەڵبژاردنەکان لەهاویندا ئەنجام بدرێت. دەکرێت کۆنگرەی ناوچەکان بەشێوەیەکی باشتر ببرێت بەڕێوە، وا ئاسانتریشە پابەندبوون بەخشتەی زەمەنییەوە. لەبەرامبەریشدا، وا سەیری ئەمەی دوایان دەکرێت کەوا شەرعیەتی کەمترێت".



Scanned with CamSc

کۆلن پاول جارێکی تر قسەی کردەوەو ووتی خشتەی زەمەنیی "زۆر هیواخوازانەیە"، بۆ ئەمەش پێویستە گرەنتی ئەنجومەنی حوکم و سیستانیی بەدەست بێنین. سەرۆکم لەکۆششەکانمان ئاگادارکردەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە. وەزیر ئاماژەی بەرامسفێلد کرد کە گرنگە بەخێرایی سەروەریی بگوازرێتەوە بۆ عێراقیەکان تا بۆیان دەربخەین کە ئەوان لەتوانایاندایە وڵاتەکەی خۆیان بەڕێوەبەرن.

بوش ڕازی بوو، " بەڵام ئەوەشی ووت کە پێویستە لەسەرمان لەکاتی مەشقپێکردنی هێزەکانی ئاسایشی عێراقیدا ئارامگربین. هەروەها پێویستە لەسەرمان واقیع قەبوڵبکەین کە ناتوانین یەکسەرو بەخێرایی بگەینە دەستورێکی هەمیشەیی".

سەرۆك ڕووی کردە من و پرسی، " ئایا کۆنگرەی ناوچەکان ڕێگە بەئاسایشێکی باشتر دەدات مەبەستم ئەوەیە کە ڕیزی دەنگدەرەکان ڕووبەڕووی بۆمبارانکردن یان تەقەلێکردن نابنەوە".

پێمراگەیاند کە پسپۆڕەکان وایان لێهاتووە بەگومانن لەوەی بتوانرێت هەڵبژاردن لە حوزەیران/یۆنیۆی ۲۰۰٤دا ئەنجام بدرێت. بەڵام من ئەو بنەمایەم هێنایەوە کە پێشتر من و ئەو لەئایار/ مایۆدا باسمانکرد ووتیشم کە بەکارهێنانی کۆنگرەی ناوچەکان واتە بێبەشکردنی عێراقیەکان لەمافی هەڵبژاردنەکان پێش گواستنەوەی سەروەریی.

ووتی، " پێویستە لەسەرمان ئەوە بەبیر گەل بهێنینەوە کە کۆنگرەی ناوچەکان وێستگەیەکە لەسەر ڕێگەیەك بۆ هەڵبژاردنی دیموکراسی تەواو و بەرەو حکومەتێکی هەمیشەیی".

هەروەها پرسی پرۆسەی کۆنگرەکان لەناوچەکاندا یارمەتیدەر دەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سوننەدا؟

دامێیداناو ووتم، " نەك وەك پێویست. گرفتی بنەڕەتی بەنسبەت ئەوانەوە بریتیە لە ئەگەری تۆڵەکردنەوەی شیعە لەوەی سوننە لەماوەی هەزارساڵی ڕابردودا پێی کردوون. بۆیە بونیادنانی گرنتیەکانی مافی کەمینەکان لەدەستوری کاتیدا دەبێتە گرەنتیەکی گرنگ بۆ سوننەکان".

پێش تەواوبوونی کۆبونەوەکە، ووتم پێویستە پرۆسەی سیاسی نوێ وا پێشکەش بکرێت کە بیرۆکەی خودی عێراقیەکانە نەك بیرۆکەی ئێمە. لەکاتێکدا کەبیرم لەدزەپێکردنەکان دەکردەوە ووتم " کە ئەوە هەندێك دیسپلینی پێویستە لەماوەی چەند ڕۆژی ئایندەدا".

سەرۆك بوش پێکەنی ووتی، " هاوڕام لەسەر ئەوە برێمەر. پێموایە دەکرێت ئەمە ببێتە یەکەم کۆبونەوەیەك لەمێژوودا کە دوای تەواوبوونی هیچ کەسێك پەلە نەکات لەوەی بچێت ئەوەی کە بڕیارمان لەسەر داوە بەرۆژنامەکانی ڕابگەیەنێت".

هەموو ئەوانەی لەدەوری مێزەکە بوون سەریان ڕاوەشاند.

گەیشتنە کۆتایی خشتەی کارەکان، سەرۆکیش وەك نەریتی خۆی بڕیاری خۆیی لەبارەی هەڵبژاردنەکان یان کۆنگرەکانەوە لەبەردەم جەماعەتدا ڕاگەیاند. بەڵکو کۆبونەوەکەی بە تێبینیەکی گشتی کۆتایی پێهێنا. " من بڕوام بەو چاکی و پاکو پوختییە هەیە کەلەڕۆح و بنچکی گەلی عێراقدا چروەتە خوارەوە. ئەوان غەریزەیەکی بنچینەییان هەیە بۆ ژیان بەئاشتی، بەئاماژەدان بەو بەهایانەی کە سیاسەت تێدەپەڕێنن". کاتێکیش هەستا، ووتی، " گرنگە بۆ هەمووان ئەوە بزانن کە ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر ڕەوت و ئاراستەکەمان و من سوورم لەسەر سەرکەوتن".
جارێکی تر ئەو متمانەیەیم بینیەوە کە هەرگیز ناڵەقێت و چەسپاوە.

سەرۆك و چێنی جێگری و کارد و رایس و پۆل وۆلفۆیتز و من سەرکەوتین بۆ نوسینگەی کۆشکی سپی بۆ بەدواداچوونی پوختی مشتومڕەکانمان. سەرۆك ڕایگەیاند، " کۆنگرەی ناوچەکان پەیرەو دەکەین بۆ گەیشتنە حکومەتێکی کاتیی. هەڵبژاردنەکان مەترسیەکی زۆر لەخۆدەگرن لەو کاتەی کە ماوەتەوە هەتا تەمموز/ یۆلیز".
داوای لەوانی تر کرد کە بڕۆن بۆ ئەوەی من و ئەو بتوانین پێکەوە بدوێین. لەتەنیشت یەکەوە دانیشتین.
لێی پرسیم، " حاڵت چۆنە جێری؟ ئایا تۆ خۆڕاگریت"؟



" من باشم جەنابی سەرۆك و، خۆشحاڵیشم بە ئەنجامی گفتوگۆکان. شەش یان حەوت مانگی قورس دەبێت، بەڵام تێدەپەڕێنین".
" ڕەوشی ڕاستەقینەی ئەوێ چۆنە"؟



Scanned with CamSc

ئەو وڵامی بگەڕدو شایستەی دەویست، منیش بەدوای پیاهەڵدان و بەرزکردنەوە یان کارێکی تر
نەدەگەڕام.
" جەنابی سەرۆك، پێویستە بەچالاکیەکی گەورەترەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەوشی ئەمیدا بکەین
هەواڵگری باش نیە. من بۆ خۆشم قەناعەتم وایە کە سەربازییەکان ستراتیژیەتێکیان نیە بۆ
سەرکەوتن".
سەری ڕاوەشاند. ڕەنگە جێی ئەمەی لا باسکرد بێت.
ووتم، " جەنابی سەرۆك تۆ دەزانی کە یەکێك لەباشترین ساتەکانی سەرۆکایەتی لای من ئەوە بوو
کاتێك کە ماکلیلان، بەدور لە بۆتۆماك سوپای بۆ سەرەو بۆ خوار دەبردو نەیدەویست شەڕ لەگەڵ
باشورییەکاندا بکات. لینکۆلن بروسکەیەکی بۆ نارد کە تێیدا دەڵێت، ، ئەگەر ناتەوێت سوپا
بەکاربهێنیت، ئایا ئەتوانم لێتی وەربگرم؟".
بوش پێکەنی بەڵام هیچی نەووت.
گەڕایەوە بۆ بابەتی خزمەتکردنم لەعێراق. " خشتە زەمەنیەکە چۆن کاردەکاتە سەر ئەوەی
پێتراگەیاندم لەبارەی ئەمانەوەت لەعێراق لەدوای مانگی ئایار/ مایۆوە".
ووتم " دەمێنمەوە هەتا حکومەتی کاتیی پێکدەهێنرێت. تاکە خیارەکەی تریش ئەوەیە کە یەکسەر
لەدوای دانانی ڕەشنوسی دەستوری کاتییەوە ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵم".
ووتی، " نا، پێویستە هەتا کارەکە بەئاکام دەگات بمێنیتەوە- تا ئەو کاتەی سەروەریی دەگێڕینەوە
بۆ عێراقیەکان. کەی دەتەوێت جارێکی تر سەردانمان بکەیتەوە"؟
" بەهیوام بگەڕێمەوە بۆ ئامادەبوون لە ئاهەنگی گروپی سیمفۆنیای عێراقی لە ۹ کانونی
یەکەم/دیسەمبەر لەتاوەندی کنیدی".
ڕوداوەکەی بیرکەوتەوەو، پەیوەندی کرد بە سکرتێرەکەیەوە بۆ ئەوەی تێبینیەك لای خۆی تۆمار
بکات بۆ ئەوەی من و فرانسی وەك میوانی خۆی بانگهێشت بکات. منیش لەسەر ئەوە سوپاسم
کرد.
کاتێك کە بۆ لای دەرگاکە بەڕێیدەکردم ووتی " تۆ بەکارێکی مەزن هەڵدەستیت، پارێزگاریی
لەوە بکە".
کاتێك گەڕامەوە بۆ بەغدا، هەواڵی خۆشمان پێگەیشت کە دکتۆر عادل عبدولمەهدی ئەندامی
نزڤمبەردا لەسەر داوای تاڵەبانی گەشتی کردووە بۆ نەجەف. تاڵەبانی پێیڕاگەیاندم کە عادل
سەرکردایەتی دیار لەئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق، لە ۱۳ تشرینی دووەم/
ئایەتوڵڵا سیستانی لە پرۆسەی نوێ ئاگادار کردۆتەوەو ئەویش ڕازی بووە. هەروەها تاڵەبانی



Scanned with CamSc

ئەوەشی ووت کە رۆژێ پێشتر خۆی چووە بۆ کەربەلا، کەیەکێکی ترە لەشارە پیرۆزەکانی شیعەکان و، لەوێ چاوی کەوتووە بەئایەتوڵڵاکانی تر کەوا پلەیان نزمترەو ئەوان زۆر خۆشحاڵ بوون بە پلانە نوێیەکە. ئەوەشی دووپاتکردەوە کە چەند جارێك پێمانیان ڕاگەیاندووە کە — سیستانی و شیعە باوەڕدارەکان لەگەڵ هەر پرۆسەیەکی سیاسیدا دەبزون کە بێتە هۆی دەستورێك کە دەستەیەکی هەڵبژێردراو داینێن.

لەلایەکی ترەوە گرووپی بەڕێوەبردنی حوکمی لای خۆمان خۆشحاڵ نەبوون بەلابردنی هەڵبژاردن کە حکومەتێکی کاتی لێ بکەوێتەوە. بەڵام وەك زانیان، پسپۆڕەکانی هەڵبژاردن متمانەیان نەبوو بەوەی کە بتوانرێت لەماوەیدا هەڵبژاردن رێکبخرێت. بۆیە پێمراگەیاندن، " بەسیەتی خەفەت خواردن"، ئەوەم بیرخستنەوە کە سیاسەت هونەری مومکینە. " ئەگەر لەماوەی شەش مانگی رابردودا شتێك فێر نەبووبین، ئەوا هەموو رۆژێك فێری ئەم پەندە بووین".

ئەوی ١٤ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر، جارێکی تر لەماڵەکەی خۆم چاوم بە نۆ ئەندامەکەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی حوکم کەوتەوە. عادل عەبدولمەهدی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق کرد چونکە سەرۆکی حزبەکە لەدەرەوەی وڵات بوو.

بە ئەخشەی رێگا نوێیەکەدا رۆیشتمەوەو سوپاسی هاوکاریانم کردو هەروەها سوپاسی تاڵەبانیشم کرد بۆ سەرۆکایەتیکردنەکەی. سەرکردایەتی ئەنجومەنی حوکم زۆر خۆشحاڵ بوون. عادل ڕایگەیاند کە سیستانی رازی بووە لەسەر پرۆسە نوێیەکە. رێکەوتنیش لەسەر ئەوە کرا کە بەیانی رۆژی دواتر تاڵەبانی لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا کۆبێتەوە بۆ وتوێژکردن لەسەر ئاراستە نوێیەکە — و داپێدانانی لەسەر ئەوەی کە هیواخوازینی. دوای ئەوە دەتوانن بانگهێشتی من و دەیڤید ریچمۆندی هاوەڵە بەریتانیەکەم بکەن، بۆ ئەوەی نزیکی نیوەڕۆ لەگەڵ هەموو ئەندامەکانی ئەنجومەنی حوکمدا کۆبونەوە بکرێت، بۆ ئەوەی کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ ئەوە لەبەردەم پەیامنێرەکاندا ڕابگەیەنرێت.

لەکاتێکی درەنگی ئەو شەوەدا، ڕایس پەیوەندی کرد، خۆشحاڵ بوو بەو پێشکەوتنەی کە بەدەستمان هێناوەو نیازی ڕاگەیاندنی لەرۆژی دواتردا. بەهۆی تاڵیی ئەزموونەکانەوە زیاتر لە زانیاری جەختلێکراو بەئاگام هێنایەوە کە پێویستە تەواو دڵنیا نەبێت لەسەرکەوتن، ووتم، دواجار ئەمە عێراقە".

لەرۆژی دواتردا، ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر کاتژمێر ١٢:٣٠، من و ریچمۆند بانگهێشتکراین بۆ ماڵی تاڵەبانی. گرووپی بەڕێوەبردنی حوکم کە لامان بوو پلانەکەی کورت کردبۆوە بۆ رێکەوتنێك لەنێوان دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و ئەنجومەنی حوکمدا و شەوی پێشوو

چەند کاتژمێرێك بوو لەکۆبونەوەدا ئەنجومەنی حوکم ماوەی رەشنوسەکەی ناردبوو بۆ تاڵەبانی. بنیمان کە ئەندامەکان لەدەوری بوون و، بەشێوەیەکی نارێکوپێك وتووێژ لەسەر پلانەکە کرابوو. تاڵەبانی لەسەرەوەی مێزەکەوە دانیشتبوو مێزێکی سپی درێژ لەژووری نانخواردن کۆبووبوونەوە. بەوێنەی کەسەوزك بوو. ئەندامەکانیش لەملاولاوە دانیشتبوون.

بە خوێندنەوەی بەڵگەنامەکە دەستمان پێکرد کە لەسێ لاپەڕە پێکهاتبوو بەشێوەیەکی زۆر باش چوونە پێشەوە هەتا گەیشتینە سەر ووشەی فیدراڵی.

ئەمە وایکرد کە هەندێك لە کوردەکان ووتارێکی هەژێنەر بدەن لەسەر سروشتی فیدراڵیزم. ئەوان رازی نەبوون دەستبەرداری ئەو بەڕێوەبردنە خۆییە بن کە لەناوچەکەیاندا بەرپا بوو بوو.

تاڵەبانی ناچار بوو، کە خۆیشی سەرکردەیەکی کوردیی دیاربوو، بۆ چەندین جار وەبیریان بێنێتەوە کە بابەتی فیدراڵیی لەنێوان ئێستا تا ۱ ئازار/ مارس ۲۰۰٤ لەدەستوری کاتیدا دادەنرێت و، پێداگریی کرد کە " پێویستە ئێستا لابرێت".

هەر ئەوەندەی کە کوردەکان کشانەوە ئیدی شیعەکان وروژان. گرفتە گەورەکە لەلایەن نوێنەری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیەوە لەعێراق هاتە کایەوە. عادل هەتا ئێستا یارمەتیدەرو هاوکاربوو. بەڵام ئەمڕۆ نیگەران بوو لە شێوازی هەڵبژاردنی کۆنگرەی پارێزگاکان. لەواقیعدا دەیویست ئەنجومەنی حوکم هەستێت بە دەستنیشانکردنی هەر کۆنگرەیەك، ئەمەش وا دەکات هەڵی فراوانکردنی وتوێژی سیاسی لەناوبەرێت بۆ گەیشتن بەژمارەیەکی زیاتر لەسونەکان. ئەوەش بۆ ئەنجومەنی حوکم فەراهەم دەکات، کە بە بەردەوامی جەماوەریتی دادەبەزێت لای عێراقیەکان، کە دەسەڵاتێکی گەورەتری هەبێت لەپێکهێنانی حکومەتی کاتیدا.

زۆربەی ئەندامەکانی تر لەمەدا ناکۆك بوون لەگەڵ عادلدا. مشتومڕ لەسەر ئەمەش نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند.

عادل وەك ووریایدانێك ووتی، " ناتوانین هەنگاو بۆ پێشەوە بنێین هەتا چارەسەری ئەم کێشە گرنگە نەکەین".

دواجار پێشنیارمکرد کە ئەنجومەنی حوکم سێ کەس دیاری بکات بۆ ئەوی بچنە ژوورەکەی بەرامبەر بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ دەستنیشانکردنی کۆنگرەکان. دوای نزیکەی کاتژمێرێك، دانوستانکارەکان هاتنەوە بۆ ئەوەی بڵێن نەیانتوانیوە بگەنە رێکەوتن. وەك دەریشکەوت، عادل و ژمارەیەکی کەم لەئەندامانی ئەنجومەنەکە نەیاربوون لەسەر ئەو شێوازەی کەپێشنیار کرابوو بۆ دیاریکردنی نوێنەرەکان. پێشنیاریکرد کە ئەنجومەنەکە " بۆ کاتێکی نادیارکراو" بڕیاردان لەسەر ئەم مەسەلە یەکلاییکەرەوەیە دوابخات.



Scanned with CamScanner

ووتم، " نەخێر، پێویستە بگەینە ڕێککەوتنێك لەسەر ئەمە، وە من ئامادەم بەدرێژایی ڕۆژەکە لێرە بمێنمەوە".

جارێکی تر زانیم گەدەی هەندێك لەدانیشتوانەکانی دەوری مێزەکە بەهۆی نزیك بوونەوەی کاتی بەربانگ سکاڵای برسێتی دەکەن.

هەندێك لەئیسلامییە شیعەکانی تریش چوونە پاڵ عەبدولمەهدی و نیگەرانی خۆیان دەربڕی لەوەی کە ئەنجومەنەکە ناتوانێت کۆنترۆڵی پرۆسەی دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرەکان بکات. ئەوەش بەدڵنیاییەوە ڕاست بوو. ئەوە بوو کە ئێمە کۆششمان بۆ دەکرد.

دوای ئەوە تێکەڵکردنێکی گشتی دروست بوو سەبارەت بەسەرجەمی پرۆسەکە، کە هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە ڕەخنەیان گرت لەوەی کە ئەنجومەنی حوکم بەپێی ئەم پلانە خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، بەهەمانشێوەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، لەکاتی پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی خاوەن سەروەریدا.

ووتم، بەڵام ئەوە پێویستە. ناکرێت عێراق لەیەککاتدا دوو حکومەتی هەبێت، ئەنجومەنی حوکم و حکومەتی کاتی نوێ، لەبەرئەوە پێویستە وەك ئێمە بەتەواوەتی ئەنجومەنی حوکمیش هەڵبوەشێنەوە".

تاڵەبانی و چەلەبی ئەم مەسەلەیان بەشێوەیەك ڕێکخست کە ئەوانی تریش ڕازی بوون لەسەری، بەڵام عادل بەردەوام بوو لەسەر سکاڵاکردنی.

مشتومڕەکە نیو کاتژمێری تری خایاند. دەرکەوت کە دڵنیاکردنەوەکانی تاڵەبانی بەوەی " هەموو شتێك تەواو بێگرێ و گۆڵەیە لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم و پلانە نوێیەکەدا، زیادەڕۆیی تێدا کرابوو. چونکە لێرەدا کۆمەڵێك گرفتی ڕاستەقینەمان هەبوو.

ووتم، " گوێبگرن"، دەستی ڕاستم بەرزکردەوە بۆ ئەوەی هەموو لایەك ئارام بکەمەوە. " لەڕاستیدا بێئومێدبووم لەگفتوگۆکانی ئەنجومەنەکە. هاوپەیمانان لەپێناو بەرژەوەندی ئێوەدا زۆر هەنگاوی بڕیوە. ئەگەر ئەمڕۆ نەگەنە ڕێککەوتنێك، ئەوا ناچارم وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکان بدەمەوە چونکە لەناو ئەنجومەنەکەدا کەسانێك هەیە لەشەوی ڕابردوودا هەواڵەکەی بۆ ڕۆژنامەوانی ئەمریکا دزەپێکردووە". شەپۆلێك لەگوزارشتی فیلاویی لەدەوری مێزەکە دروست بوو. " بۆیە ناتوانین بە بێدەنگی بمێنینەوە. هەروەك چۆن بەرێز تاڵەبانی داوای کردووە کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ببەسترێت. ئەگەر قسەشم کرد بۆ ڕۆژنامەکان، پێویستە لەسەرم ئەوە ڕوونبکەمەوە کە نەمانتوانیوە بگەینە ڕێککەوتنێك چونکە ئەنجومەنی حوکم نایەوێت سەروەری بگەڕێتەوە بۆ گەلی عێراق و دەیەوێت بەسەر پرۆسەکەدا زاڵ بێت کەبەپێی ئەو



Scanned with CamSc

پرۆسەیەش حکومەتێکی کاتی هەڵدەبژێرێت".

ئێستا گوزارشتی شڵەژان لەسەر دەموچاوی ئەواند بەدەرکەوت کەلەسەر مێزەکە لەژووری نانخواردنەکە دانیشتبوون.

بەڵام وشەکانم بەرهەمداربوون. دوای خولێکی نوێ لە مشتومڕی گەرم، تاڵەبانی پێشنیاری کرد پلانەکە بخرێتە دەنگدانەوە، بەمەش بیست کەس لەئەندامەکان ڕەزامەندیان لەسەر پلانەکە نیشانداو چوارکەسیش نارازیبوون لەناویشیاندا عادل.

کاتێك کە من و تاڵەبانی و ڕیچموند ئیمزامان لەسەر ڕێکەوتنەکە دەکرد، هەستم بە شەپۆلێك لەئاسودەیی و گەشبینی کرد کەخۆمم ناچارکرد بیشارمەوە دواتر ڕۆیشتین بۆ کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکە لە ناوەندی ئەنجومەنەکە من و تاڵەبانی دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ڕێکەوتنەکەمان لەبەردەم ڕۆژنامەنوساندا ڕاگەیاند.

لەلێکاڵاتێکی گەورەدا بردمانەوە، بەڵام لەدواساتدا وەرچەرخانێك لای هەندێك لەشیعەکان دروست بوو، پێویست بوو هەستین بەکارێکی جدی لەگەڵیاندا. ئەگەر سیستانی پشتیوانی ئەواتی هەڵبژاردایە، ئەوا ئێمە شیعەمان دەدۆڕاند.

لەبەیانی ڕۆژی دواتردا گەورە فەرمانبەرەکانم بانگهێشت کرد بۆ ژووری کۆبونەوەکان بۆ پێداچوونەوەی کاریگەریی ڕێکەوتنەکەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر لەسەر کارەکەمان.

ووتم، " ئێمە پلان دادەڕێژین بۆ ئەوەی لە مانگی تەموز/یۆلیۆی ئایندەدا لەعێراق بچینە دەرەوە".

هەندێك بەم هەواڵە ئاسودە بوون و هەندێکی تریان پێی شڵەژان.

بەردەوام بووم و ووتم، " ئەوەش دەزانم کە هەمووتان زۆر کارتان هەیە تەواوتان نەکردووە".

ئێستا قەبارەی پلانە ستراتیژیەکەمان بۆتە ١٥٣ لاپەڕە، لەوانەشە یەك لەسەر سێی ئەنجام درابێت کە ئەولەویەتیان هەیە. داوام لەهەر ڕاوێژکارێکی گەورە کرد ئەو ئەرکانە دیاری بکەن کە زۆر گرنگ و پێویستە پێش ڕادەستکردنەوەی سەروەریی وەزارەتەکانیان پێی هەستێت. " دوای ئەوەی ئێوە ئەو ئەرکانەتان دیاری کرد لەوا جیایان دەکەمەوە بۆ ئەوەی لەوانەیان هەڵبژێرم کە لەپێشترن و، دواتریش گرووپی پلانەدان لەتەواوی پلانەکە دەکۆڵنەوە".

بە بیر ڕاوێژکارەکانم هێنایەوە کە سەرۆك ئیمزای لەسەر بودجەیەکی زیادە کردووە بە بەهای ١٨,٦ ملیار دۆلار لەپێناو سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا. بۆیە پێویستە لەسەرمان پەلە بکەین بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانە کاریگەرییەکی بەسودیان هەبێت لەسەر ئەو ماوە کورتەی ماوەتەوە لەبەردەستماندا.

لەکۆتاییدا ووتم، " بیرتان بێت ئێمە نامانەوێت ئەو وەزارەتانە بەهەتیوی بەجێ بهێڵین. سوورین

لەسەر تواناکانی هاوتا عێراقیەکانتان بۆ ئەوەی دوای ئەوەی ئێمە دەکشێینەوە لەسەر کارەکانیان بەردەوام بن". ووتیشم من دەمەوێت چەند دامەزراوەیەکی عێراقی بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیی دامەزرێنم، ئافاتی ژمارەیەك لەوڵاتانی گەشەسەندوو ئەو شتەی کە لەسایەی صەدامدا بڵاوبووبۆوە. هەموو وەزارەتێك دەبێت پشکەرێکی گشتی هەبێت لیژنەیەکی نیشتمانی سەربەخۆش بۆ ڕاستەو ڕاستکردنەوەی گشتی.

میزاجی ناو ژوورەکە تێکەڵەیەك بوو لە شانازیی و نیگەرانی لەلایەك گەیشتبووینە چارەسەرێکی سیاسی و لەلایەکی تریش نیگەرانیی، چونکە دامەزراوە عێراقیە فشەڵەکان کەوا کارمان لەگەڵیاندا کردووە لەبەردەم ئەو گورزانەدا خۆیان ناگرن کە هەموومان دەزانین چاوەڕوانمان دەکەن.

دوای کۆبونەوەکە داوام لە ماریك بلکای گەورەی ڕاوێژکارە ئابورییەکان کرد بێت بۆ نوسینگەکەم بۆ وتووێژکردن لەبارەی مەسەلەی چاکسازییە ئابورییەکان. ماریك کە دووجار پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی پۆڵۆنی و وەزیری دارایی وەرگرتبوو، لە ئەیلول/ سێپتەمبەردا جێگەی پیتەر ماکفیرسۆنی گرتبۆوە. ئەو بۆ وەزیفەکەی لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمان ئاوێتەیەکی بێهاوتا لەزیرەکی و جیاکاریی ئەکادیمی و پسپۆڕی کرداریی هێنابوو. سەرەڕای کارەکەشی لە پۆڵۆنیا وەك ئابوریناسێکی کرداریی چاکسازییەکی ئابوریی بنەڕەتی کردبوو، ماریك هاتبوو بۆ بەغدا بۆ ئەوەی کۆتایی بەسیاسەتی پشتیوانیکردن بێنێت کە لەسەردەمی سەدامدا بڵاببوو بوبەوە کە بەچەند قۆناغێك ڕێگە لەبازاڕی ئازاد دەگرێت.

پێم ووت ببورە، " بەڵام کاتی ڕادەستکردنەوەی سەروەریی کەدیاریکراوە ئەوە دەگەیەنێت ئەم مەسەلەیە هێواش بکەینەوە".

سەری ڕاوەشاند. " تۆ ڕاست دەکەیت. ئەوەی کە دەبێت بیکەین ئەوەیە کە عێراقیەکان بەباشترین شێوە ئامادە بکەین".

بەیانی ئەم یەکشەممە سارده قورس بوو بتوانم تەرکیز بکەم. کاتێکی درەنگی شەوی ڕابردوو، کلای هات بۆماڵەکەم بۆ ئەوەی سەبارەت بە مەسەلەیەکی شەخصی قسەم لەگەڵدا بکات.

پێی ووتم، " چووم بۆ لای پزیشك سەبارەت بەو گرێکەیەی کە هەمبوو. وێنەی تیشکیان بۆ گرتم و چەند پەڵەیەکیان دۆزییەوە. لەوانەیە شێرپەنجە بێت".

نەخێر نا کلای!

ئەو پێشتر جگەرە کێشەکی خراپ بوو، بەڵام ماوەی چەند ساڵێك بوو وازی لێهێنابوو، گاڵەم

لەگەڵ دەکرد کە کۆکەکەی بەهێزی ئەو گەردەلوولە لێن و تەپوتۆزەی بەغداوە بێت.

کلای ووتی، " پێویستە نەشتەرگەریم بۆ بکرێت بۆ لابردنی ئەو پەڵانە. بۆیە ڕۆژی دوو شەممە دەڕۆمەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان".

هیوام بۆ خواست کە ئەنجامی پشکنینەکەی نەرێ بێت. بەڵام هەروەها بێزار بووم لەو بۆشاییەی کەلەدوای خۆیەوە بەجێی دەهێڵێت. کلای زیاتر بوو لەجێگرێکی بەهێز. ئێمە تەواو هەماهەنگاربووین، لەگەڵ ئەوەشدا کلای هیچ کاتێك دوو دڵ نەبوو لەوەی کە ورەم بەرزبکاتەوەو پشتگیریم بکات کاتێك کە دەیزانی من پێویستیم بەوە هەیە.

کەمێك سەرنجم لێداو ووتم، " دەگەڕێیتەوە کلای".

وەڵامی دایەوە، " بەدڵنیاییەوە"

بەڵام هەردوکمان دەمانزانی کە ناگەڕێتەوە.

کاتی خۆرئاوابوونی ڕۆژی یەك شەممە، ئامادەی بەربانگی ئەنجومەنی حوکم بووم. ئەوە هەمیشە ڕێگەیەکی خۆشیگەیەن و بەرهەمداربوو بۆ تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەندامەکاندا. لەم شەوەدا باڵیۆز دیك (ریچارد)جۆنز هاوەڵێتی دەکردم، بەرپرسی سیاسەتەکان لام و، جێگری کرداریم کاتێك کە کلای ئامادە نابێت. دیك دبلۆماسیەکی تری زیری ئەمریکی بوو بەپاڵنەرێکی ناشەخصی لەعێراق خزمەتی دەکرد. ئەو پێشتر لەلوبنان و کازخستان باڵیۆز بووەو بەعەرەبیەکی پاراو قسەی دەکرد، ئێستاش باڵیۆزمانە لەکوەیت. سەرەڕای هەموو شارەزاییەکی دیك، ئەوا من دەمزانی ئەو پێویستی بە کەسێکە یارمەتی بدات لەزانینی سروشتی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان. بۆیە مات فۆلەر، کە یەکێکە لە یاریدەدەرە بەتواناکانم کردە گەورە یاریدەدەرەکانی دیك. مات لەوکاتەوە کە هاتبووم لەگەڵمدا بوو دەمزانی کە دیك لەدەستی کەسێکی ئەمیندا دەبێت.

لەکاتی نانخواردندا، موفەق ڕوبەیعی بردمیە لاوە، ئەو یەکێك بوو لەکەناڵە سەرەکیەکانی پەسەرکردە شیعەیەکانەوە، لەناویشیاندا ئایەتوڵڵا سیستانی.

ڕوبەیعی ووتی، " دکتۆر عادل عەبدولمەهدی دەیەوێت سەرلەنوێ ڕێکەوتنامەی ١٥ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر بکاتەوە. بۆ ئەمەش بەگەڵۆڕییەوە سیانزە ئەندامە شیعەکەی ئەنجومەنی حوکمی بانگهێشت کردووە بۆ لەوەی سبەینێ بۆ وتوێژکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە کۆبینەوە".

نەفرەت. هێشتا مرەکەبی ڕێکەوتنامەکە ووشك نەبۆتەوە وا جارێکی تر گەڕاینەوە. گێڕانەوەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبارەی پێشێلکردنێکی مێژووییەوە بوون کەلە پێگەکانی ئەنتەرنێتدا بڵاوبوونەوە ئەمە لەکاتێکدا ئێمە لێرە خەریکی خواردنی مریشك و کەبابی گۆشتی مەڕ بووین.



Scanned with CamSc

بەسەرادێیەوە ووتم، " ئەو ڕێکەوتنامەدیە جارێکی تر ناکرێتەوە. زۆرینەی زۆری ئەنجومەن ڕازی بووە لەسەری. هەروەها سەرۆك و سەرۆك وەزیری بەریتانیش بەئاشکرا خۆشحاڵیان دەربڕیوە.

سەرسامی لەسەر ڕوخساری ڕوبەیعی پەیامبەری پاکوێنگەرد بەدیارکەوت. گرفتێك نیە. لەوانەیە ئەو ڕادەی تووڕەیی من بەجەماعەتی نەجەف ڕابگەیەنێت.

ووێنەم من زۆر عادلم لەبەرچاوکەوتووە. " عادل لەهەفتەی ڕابردوودا سێ جار پێی ووتم کە ئەو بەوەندی پشتیوانی لە ڕێکەوتنەکە دەکات، لەوانەش شەوی هەینی کاتێك کەپێی ڕاگەیاندین سیستانی ڕازییە لەسەر پلانەکە. بۆچی لەناکاو بووە دژێکی سەرسەخت"؟

بەنیۆیەکی هێواش ووتی، " لەوانەیە زانیاریی تازەی پێگەیشتبێت".

پرسیم، بەڵام لەکوێوە؟ عادل دووجار دڵنیایکردمەوە کە عەبدولعەزیز حەکیمی سەرکردەی حزبەکەی ڕازی بووە لەسەر پلانە نوێیەکە.

ووتم، " با بێ پێچ و پەنا قسەت لەگەڵ بکەم دکتۆر ڕوبەیعی. ئەگەر شیعە سووربوون لەسەر هەڵوێستەکە، ئەوا ئەگەری زۆرە ئەمە دوو ئەنجامی دەبێت. هەردوکیان خراپە. ئەنجومەنەکە دابەش دەبێت و بەوەش تێکدەچێت. پاشانیش ناچار دەبین کە گواستەوەی سەروەریی بۆ ماوەی دوو ساڵی تر دوابخەین تا ئەو کاتەی ڕێگەیەکی تر دەدۆزینەوە. ئەگەر ئەوەش ڕویدا، ئەوا ناچار دەبم بەگەلی عێراقی ڕابگەیەنم کە هۆکاری ئەو دواخستنە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی شیعە".

دیاربوو ڕوبەیعی زیاتر مۆن و گرژ بوو.

ووتم، " لەبیرت بێ، هاوپەیمانان هەنگاوێکی دوورودرێژیان بڕیوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئایەتوڵا سیستانیدا ڕێکبکەوین. لەسەر هەموو شیعەیەکی عێراقیشە دەرك بەوە بکات".

دواتر داوام لەمیگهان کرد بچێتە بنکەڵیشەی عادلەوە بزانێت چی هەڵوێستی پێ گۆڕیوە. عادل یەکێك بوو لەو سیاسییە عێراقیانەی کە بینیومن و پێیان سەرسام بووم. ئەو ئابووریی خوێندبوو، دوورە وڵاتیەکەشی لە فەرەنسا بەسەربرد بوو، کەهێشتا خێزانەکەی لەوێ دەژی. هەردوکمان حەزمان لەخوان و چێشتخانەی فەرەنیسە، ئەو کەسێکی میانڕەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەندامێکی گەورەیە لەحزبی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق.

دوای بینینی عادل میگهان پێی ووتم کە ، " ئەو توڕەیە لەبەرئەوەی کە بەدەنگدان بڕیارەکەمان سەپاند. ئەوەش وەك ئەو دەڵێت پێشێلکردنی بنەمای کۆدەنگییە کە ئەنجومەنی حوکم لەبڕیارە گرنگەکاندا لەسەری ڕێکەوتووە. هەروەها مەترسی زۆریشی هەیە".

عادل نیگەران بوو لەهەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی حوکم دوای ئەوەی هەندێك دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدی هێنابوو.

بەمیگهام راگەیاند، " لەوانەیە ئەوە بەوە نەرم و سانا بکەینەوە کە ڕاستە ئەنجومەنی حوکم وەك دەستەکە نامێنێت، بەڵام دەکرێت ئەندامەکان وەك پەیماندەر بخرێنە ناو کۆمەڵەی ئینیقالیدوە".

هەروەها ئەو ئیگەرانە سەبارەت بە پێکهاتی ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکان کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دیاریکردنی کۆنگرەی ناوچەکاندا.

لەکاتێکی دواتردا لەگەڵ عادل کۆبورمەوەو دووبارەم کردەوە کە ئەنجومەنی حوکم بوونی نامێنێت، بەڵام ئێمە ڕێگەیەك دەدۆزینەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگ بەخشینە ئەندامەکانی لەحکومەتی ئایندەدا. پێمڕاگەیاند ئێمە هاوڕاین لەسەر بوونی گرفت لەهەندێك لەئەنجومەنەکانی پارێزگاکاندا. زۆرێکیان سەربازە سەربازییەکانمان ڕاستەوخۆ لەدوای پرۆسەی ڕزگارییەوە کۆیان کردونەتەوە، زۆرجاریش بێ ئەوەی بەئاگابن لەڕەوشی سیاسی ناوچەکان. دەشزانین کە لەناویاندا بەعسیەکان هەن، نەك تەنها لەسێگۆشەی سوننیدا، بەڵکو لەشارە گەورەکانیشدا.

ڕونیشمکردەوە کە ئێمە پێش ڕێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر پلانێکمان داڕشتووە بۆ پێداچوونەوەی ئەو ئەنجومەنانەو (چالاککردنیان)، بەدەرکردنی ئەو بەعسیانەی کە تۆمارێکی خراپیان هەیە، هەروەها ئێمە دەمانەوێت لەو پرۆسەیەدا کار لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا بکەین.
دیار بوو عادل کەمێك ڕازی بوو لەو خاڵانەی کە وروژاندمن، گریمانەی ئەوەشمکرد کە بەخێرایی بەرەو نەجەف بەڕێدەکەوێت.

بەهاتنی ٢٤ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر، شەست و چوار سەرباز لەهێزەکانی هاوپەیمانان لەماوەی ئەو مانگەدا کوژرابوون — خوێناویترین مانگ لەدوای پرۆسەی ڕزگارییەوە- لەڕێگەی تەقینەوەکان و هێرشەکانی دەستەوەشاندن بەئاربی جی و هەڵهاتن و تەقەی قەناصەکانەوە. هەروەها ژمارەیەك لە شۆفێری ئۆتۆمبیلەکانی بەڵێندەرە مەدەنییەکانیش کوژرابوون و هەندێکیان لەبۆسەی کاروانەکاندا کوژرابوون. دیاربوو ڕەوشەکە بەرەو خراپتر دەڕۆیشت.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، من و جۆن ئەبی زەید و ریك سانشێز بەهۆی کۆنگرەی تەلەفزیۆنی پارێزراوەوە چوونە ناو کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەوە، هەڵسەنگاندنی خەمهێنەرانەی جۆن بۆ ڕەوشەکە زۆربەی کۆبونەوەکەی داگیرکرد.

ئەبی زەید وتی کە سەرکردایەتیەکەی پێی وایە " نزیکەی پێنج هەزار بەعسی دڵسۆز هەیە " کە مایەی زۆرترین هەڕەشەن بۆمان. هیوا خوازە زانیاری باشی هەواڵگریی لەبارەی بونیادی هەرێمی و نیشتمانی یاخیبوونەوە " لەماوەی دوو هەفتەدا" دەستبکەوێت".

پاشان شتێکی وت کە کوێر بوو بەلامەوە: پێویستە هێزەکانی ئاسایشی عێراقی بەشێوەیەك لەپێشەوە بهێڵینەوە کەببینرێن، بەڵام پێویستە " زیادەڕۆیی نەکەین لەهەڵسەنگاندنی " هێزە

عێراقیەکاندا. ئەوان هێشتا " بەهیچ شێوەیەك نزیك نەبونەتەوە لەوەی کە بتوانن بەتەنها خۆیان هەڵسوکەوت بکەن".

ووتیشی، " هەروەها پۆلیسیش لاوازە".

هێشتا پێویستە لەسەر هاوپەیمانان کە خۆیان بە زۆربەی کارە سەربازییە قورسەکان هەستن.

هەڵبەتە. دواجار گرێم لەهەڵسەنگاندێکی واقعی بوو لەبارەی تواناکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە.

بەڵام کاتێك بیرم لەوە دەکردەوە کە سات و وادەی سیناریۆکە لەکاتی خۆی تێپەڕیوە، ئەبی زەید جارێکی تر ئاوازی گەشبینی لێدەدایەوە. ووتی، لەچوارچێوەی کانونی دووەم/ یەنایەر – شوبات/ فێبرایەردا، دەتوانین بگوازینەوە بۆ ئەوەی زیاتر پشت بە هێزە عێراقیەکان ببەستین. لەنیسان/ئەپرێلدا، عێراقیەکان هەڵدەستن بە " زۆربەی جەنگی گەمارۆدانەکان"، زۆربەی ناوچەکانی یاخیبوونیش دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی عێراقیەکانەوە.

لەسەر شاشەی ڤیدیۆکە سەیرێکی چاوە ماندوەکانی ئەبی زەیدم کرد و، هاوسۆزبووم بۆی. ئەو سەربازێکی ئەمریکی بێگەردو ئیشتمانیە بێئەوەی هێزی پێویست بخرێتە بەردەستیەوە داوای لێکراوە کە ئەو یاخیبوونە رووڵەزیادبوونە شکست پێ بهێنێت، لەهەمانکاتیشدا ئاگای لەوە بێت کەمترین قوربانی لەنێو ریزی هێزەکانیدا بکەوێتەوە.

ساڵێکی درێژمان لەبەردەمدا دەبێت.

لەبەیانی رۆژی ٢٦ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا، لە پێگەی سی ئێن ئێن لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ئەوەم خوێندەوە کە رامسفێڵد رۆژێك لەمەوبەر لەشەهادەکەیدا لەبەردەم ئەنجومەنی پیراندا ووتی بیر لە "بانگهێشت" کردنەوەی هەندێك لەیەکەکانی سوپای عێراقی دەکاتەوە. بەپێی هەواڵەکە، رامسفێڵد بەڵێنەی ئەنجومەنی پیرانی راگەیاندووە کە دەکرێت " لەواقیعدا بگەڕێنرێنەوە بۆ دڵنیابوون " لەوەی کە ئایا دەکرێت سەرلەنوێ " یەکەکانی خوار ئاستی ئەفسەرەکان"ئەوانەیان کە ئەگلاون بەبەعسیزمەوە چالاکبکرێنەوە.

ئەوە هەواڵێکی باش بوو بەنسبەت منەوە. پەیامێکی ئەلەکترۆنیم نارد بۆ رۆبن بۆئەوەی ئاگادارم بکاتەوە لەوەی کە رویداوە.

هەرچیەك کە رووبدات، ئەوا مەیلی " هەستاندنەوەی" چەند بەشێك لەسوپای صەدام لەپنتاگۆندا هێشتا ماوە.

بیری ئەو ووریاکردنەوەیەی ئاندی کاردم کەوتەوە لە کۆتاییەکانی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەردا ووتی کە جەماعەت لەواشنتۆن "لەبۆسەدان بۆت" بۆ ئەوەی بمکەنە قۆچی قوربانی بۆ ئەو

بڕیارەی کە لە ئایار/مایۆدا وەرگیراوە " بۆ هەڵوەشاندنەوەی"ی سوپای عێراقی.

ئێریک شمیت، پەیامنێری ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز"، پێش چەند هەفتەیەک نامەیەکی ئەلەکترۆنی ناردبوو بۆ دان سینۆر ئەوەی تێدابوو کە دۆگلاس فیث بریکاری وەزارەتی بەرگری "ڕەزامەندییەکی ڕاشکاوانە"ی پێنەداوم کاتێک پرسیاری لێکراوە کێ بەشداری کردووە لەدانانی بڕیاری ژمارە (٢) دا کە لەلایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە دەرچووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراقی کۆن و دەزگا ئەمنییەکانی. بەپێی قسەی شمیت، فیث پێڕاگەیاندووە، "ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو کە سوپا وەک ئەوەی پێویست بوو خۆی ڕانەگرت. کاتێکیش سوپا تێکشا، خۆی خۆیی هەڵوەشاندەوە، بریمەرو سلۆکۆمب، لەکاتی چوونیان بۆ عێراق ئەو بیرۆکەیەیان بۆ هاتبوو کە دەتوانین سود لەمە وەربگرین کە سوپا خۆی خۆیی هەڵوەشاندۆتەوە بەوەی کە سەرەتایەکی نوێ دەست پێبکەین".

کاتێکیش شمیت لە فیث ی پرسی بوو کە ئایا پشتیوانی لەپلانەکە کردووە فیث ئاماژەی بۆ ئەو ڕۆڵە نەکردبوو کە هەریەکێک لەمشتومڕەکەدا بینیویەتی.

ئەم مەسەلەیەش ئەو ئینتیباعەی بەجێ هێشت کە من و والت بەسەربەخۆیی کارمان کردووە داوام لەدان سینۆر کرد، ئەو بەشەی کەلەچیرۆکەکەدا پەیوەندی بەئێمەوە هەیە وەربگرێت و لاری دی ڕیتای وتەبێژی وەزارەتی بەرگری و هاوڵێی پێشوم لەژوورەکەدا لەکۆشک لێ ئاگادارکرایەوە. دیارە کارەکە سەرکەوتوو بوو چونکە لە وتارێکی "واشنتۆن پۆست"دا لە ٢٠ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر، فیث ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە لەواقیعدا ڕۆڵی لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکەدا هەبووە. هەروەها ڕۆژنامەکە بەیاننامەکەی ڕامسفێڵدی گواستبۆوە کەتێیدا وتبووی کە سوپای عێراقی "خۆی خۆیی هەڵوەشاندۆتەوەو هەموویان چوونەتەوە بۆ ماڵەوە". هەروەها سلۆکۆمب لەهەمان وتاردا وتبووی کە بڕیاری ژمارە (٢) "شتێک نەبووە کە هیچ کەسێکیان لەدواساتەکاندا خەونی پێوە بینیبێت بەڵکو لەسەر پێداگریی گەل لەبەغداد جێبەجێکراوەو وتووێژی لەبارەوە کراوە". باسی ئەوەشی کردبوو کە لەگەڵ کێ و کەی ئەو باسە کراوە: وۆلفۆیتز لەسەرەتاکانی ئایار/ مایۆ و چەند جارێکیش لەگەڵ فیث ، لەدوانەش لە ٢٢ ئایار/ مایۆدا، شەوێک پێش ئەوەی بریمەر بە فەرمیی بڕیارەکە ڕابگەیەنێت".

بۆیە مەسەلەکە لەنێوانماندا کۆتایی پێهات بەڵام لەبری ئەوەی خزمەتی سەرۆک و وڵاتەکەمان بکەین بەرگریمان لەخۆمان کرد.

( دیارە دۆگلاس فیث جارێکی تر سەبارەت بەم مەسەلەیە لە ئاراستەکەی خۆی لایدایەوە کاتێک قسەی بۆ مایکل گۆردن پەیامنێری ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز "کردبوو لەبەرواری تشرینی



Scanned with CamScanner

یەکەم/ئۆکتۆبەر ٢٠٠٤دا. کاتی قسەکردن لەسەر لایەنە چاك و خراپەکانی هەوڵدان بۆ زیندوکردنەوەی هێزێکی کرداریی لە خۆڵەمێشی سوپاکەی صەدام، فیث وتی، " کاتێك بینیمان سوپا لەیەکەکانی خۆیاندا نەماونەتەوەو، خەڵکەکە دیارنەمان و، تالانچیەکان ژێرخانی ئابوریان وێرانکرد، رووداوەکان هەموو ئەو چاکانەیان پوچەڵکردەوە کە پشتیوانی لە بەکارهێنانی سوپا دەکەن و، تەنها لایەنە خراپەکان ماندوە، سوپایەکی خراپ و گەندەڵ و زبرو رەق و نادیموکراسی".

هەوڵی لەخۆگرتنی هەموو ئەوە وەك ئەوە وابوو کە یەکێك تەموموژ بگرێت. مێژووی ئەو ساتەی کە لاپەڕەکانی یەکەم و گرتەی هەواڵەکانی تەلەفزیۆن کە بۆ حەفتا چرکە درێژدەبۆوە ئەوەی لە ئاگایی ئەمریکیەکاندا هەڵکەندبوو کە ئێمە من و واڵت هەڵەیەکی کوشندەمان کردووە کاتێك هەستاوین بە هەڵوەشاندنەوەی هێزە عێراقیەکان. وادیارە ئێستاش پێناگۆن رێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی " ئەو هەڵەیە چاکبکاتەوە" بەوەی چەند یەکەیەك لە سوپا کۆنەکەی صەدام بانگهێشت دەکاتەوە بێگوێدانە ئەیاریی سیاسی توند کەرەنگە لەبەرامبەر ئەو هەنگاوەدا بەرپابێت و ناڕەزایی توندی لەناو ریزی عێراقیەکاندا لێبکەوێتەوە ئەوانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ کەوتبوونە ژێر چەوساندنەوەی ئەو سوپایەوە. هەر لەدوای پرۆسەی رزگاریشەوە، سەرکردەکانی شیعە هانی لایەنگرەکانیان داوە کە هاوکاریی هاوپەیمانەکان بکەن. وە من دەمزانی ئەگەر بێگوێدان چەند یەکەیەکی سوپای کۆن بانگ بکەینەوە، ئەوا ئێمە ئەو هاوکاریە دەخەینە مەترسیەوە، لەوانەشە پاڵ بە شیعەوە بنێن بۆ ئەوەی دژایەتی هاوپەیمانان بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی کێشانی رۆحی چەندەها کەس و کارەکەش زۆر ئاڵۆز دەکات.

لەکاتێکی زووی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا، بۆب بلاکویل ئاگاداری کردمەوە کە " ترسێکی ئاشکرا" لەپێناگۆن هەیە سەبارەت بەئاڵوگۆڕکردنی بەمزوانەی هێزەکان، وا دیارە رامسفێڵدیش متمانەی بەخۆی نەماوە.

هەر لەوکاتەدا زانیم کە ئەو زیادەڕۆیی دەکات.

کاتی ئەوەم نەبوو کە زۆر بیر لەو مەسەلەیە بکەمەوە. هەر لەکاتی گەشتەکەمەوە بۆ واشنتۆن لەکۆتاییەکانی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر، من نهێنیەکم دەشاردەوە: سەرۆك بوش نانی ئێوارەی جەژنی سوپاسگوزاریی لەعێراق دەخوات.

هیچ کەسێك لەدەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان بەم مەسەلەیەی نەدەزانی جگە لەمن و بریان ماکورماك. بریان لەکاتی کارەکەی لەگەڵ جۆو هاگنی جێگری گەورە فەرمانبەرەکانی سەرۆکدا جیرۆکێکی داهێنا بۆ روپۆشکردنی سەردانەکە بەراگەیاندنی سازکردنی ئاهەنگێك بۆ رێکخراوی



Scanned with CamScanner

خزمەتگوزاریە یەکگرتووەکان USO لەناو هۆڵە گەورەکەدا لەناو فرۆکەخانەی بەغدادی نێودەوڵەتی، وەمن دەمەویت میوانداریی هێزەکانیش بکەم بۆ ئەو جەژنە. بەڵام بریان ووریایدا کە ئەفسەری پەیوەندییەکانی لەفرقەی زرێپۆشی یەك بایەخ بەدابەشکردنی بانگهێشتنامەکان نادات. داوام لێکرد کە خۆی سەخڵەت نەکات. چونکە ئەو کاتەی کە سەربازییەکان بەنهێنییەکە دەزانن ئەوا بەحەسرەتەوە دەبن بۆ ئەوە.

هەر بەوە شێوەیەش بوو. رۆژی یەك شەممە ٢٣ تشرینی یەکەم/ نۆڤەمبەر، پێش چوار رۆژ لەجەژنی سوپاسگوزاریی، کۆشکی سپی ئەبی زەیدی لەگەشتەکەی سەرۆك ئاگادارکردەوە، هەروەها رۆژی دوو شەممە بەسانسێر راگەیەنرا بۆ ئەمەش بەشێوەکی نهێنی دەست بەکارو چالاکی کرا. بریان و سەرکردەی، ناوچەیی بەنهێنی لەفرۆکەخانە لەگەڵ گریگ جنگێز سەرۆکی پاسەوانە تایبەتیەکانی سەرۆك و گرووپی ئاسایشی سەرۆکدا کۆبوونەوە بۆ دانانی وردەکارییەکان و خۆئامادەکردن بۆیان.

هەموان پەشۆکاو بوون لەبارەی نهێنیەکەوە. لەرۆژی شەممە ٢٢ تشرینی دووەم یاخیبووەکان موشەکێکی سام ٧ بەفرۆکەیەکی بارهەڵگری سەر بەکۆمپانیای دی ئێچ ئێلەوە نا کەلەجۆری ئیرباص بوو کاتێك کەلەفرۆکەخانە هەستا. موشەکە گەرمییەکە لەیەکێك لە بزوێنەرەکانی فرۆکەکەدا تەقیوە، بەڵام فرۆکەوانەکان سەرکەوتووبوون لە نیشتنەوەی ناچارییدا. سوپای صەدام بەهەزاران دانە لەم موشەکە زەوی بەئاسمانانەی هەبوو، بۆیە رێگریکرد لەوەی کە لە تەمموز/ یۆلیۆدا سەر لەنوێ فرۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتیی لەبەردەم جموجوڵی بازرگانیدا بکرێتەوە. چی روو دەدات ئەگەر کۆمەڵێك لەیاخییەکان دزەیان کردە ناوچەی دەوروبەری فرۆکەخانەکە و ژمارەیەك موشەکی سامیان نا بەفرۆکەکەی سەرۆکەوە؟

هێزەکان بانگهێشت نەکرابوون بۆ ئامادەبوونی * نمایشی رێکخراوی خزمەتگوزاریە یەکگرتووەکان*، بەڵام هەواڵەکە گوێزرابۆوە بۆ فرقەی یەکەم بۆ ئەوەی پێشبینی ئەوە بکات کە هەموو یەکەیەك بە کۆمەڵێك سەربازی پیاو ژن بەشداری بکات. ئەگەر ئەوانەی کەلەرێکخراوی خزمەتگوزاریە یەکگرتووەکانن ئەو هەموو مەسافەیەیان بڕی بێت، ئەوا پێویستە لەسەر سوپا پێشوازیان لێبکات.

دەبوو فشار بخەمە سەر گرووپی رۆژنامەی ناوچەیی بۆ ئەوەی ژمارەیەك لە پەیامنێرانی رۆژنامەکان و تەلەفزیۆنەکان ناچار بکەن ئامادەی نمایشەکە بن چونکە بڕیاربوو کە سڵاوی، سەرۆك لەجەژندا بخوێنمەوەو وتارێکی گەرم و گوڕ بۆ هێزەکان پێشکەش بکەم. رۆژنامەنوسەکان پێیان وابوو، راستیشیان دەکرد، کە ئەم نمایشە گونجاو نیە بۆ ئەوان کە جەنگ گەوزاندبوونی.



Scanned with CamSc

پاشان ئەنجومەنی حوکمیش هەبوو. پێش دە ڕۆژ هەمووبانم بانگهێشت کردبوو بۆ "ئێوارەیەکی تایبەت بە بۆنەی جەژنی سوپاسگوزارییەوە"، بەهیوای ئەوەی زیری و تێگەیشتووی ئیسلامی تەقلیدی پاڵپان پێوەبنێت بەئامادەبوونیان وەڵامی چاکەی ئامادەبوونی هەموو ئەو بەربانگانەی من بدەنەوە. ئەشمانوویست زۆریان لێبکەین لەترسی ئەوەی کە نەك بزانن کە شتێکی ڕێکخراو هەیە بەڵام پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی کە تاڵەبانی ئامادە بێت، سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم لەو مانگەدا. لەکۆتاییدا تەنها پێنج کەس لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکم وەڵامی بانگهێشتنامەکەیان دایەوە و ئامادەبوون: تاڵەبانی و چەلەبی و ڕوبەیعی و دکتۆرە ڕجا ئەلخوزاعی و بارزانی.

کاتی خۆرئاوابوونی، ڕۆژی جەژنی سوپاسگوزاری، زانیم کە فڕۆکەکەی سەرۆك بەڕێوەیە بۆ ئێرە. داوا لە ئەندامانی ئەنجومەن کرا لای ناوچەی نیشتنەوەی فڕۆکەکان لەنزیك کۆشك ئامادەبن. بارزانی گەیشتە ناوچەی سەوز. لەگەڵ پەنجا پاسەوانی شەخصی ڕێگەپێدراودا، هەندێکیان موشەکی ئار پی جیان هەڵگرتبوو. دوای بگرەو بەردەیەك، هێزەکانی فرقەی یەك لای خالی پشکنین چەکەکانی پاسەوانەکانی بارزانیان داماڵیبوو. سەرکردە ئەمریکیەکە ڕووبەڕووی پانگرێت، بەڵام بات کیندی ڕازی کردبوو ئەوە نەکات. بارزانی پەیامێکی بۆ ناردبووم کە ئەگەر چەکەکان نەگەڕێنرێنەوە بۆ پاسەوانەکانی ئامادە نابێت.

بەسەرۆکەکەم ڕاگەیاند "با بچێتەوە" ئەوانی تر سواری فڕۆکەکانی بلاك هۆك بوون.

مێزەکانی نانخواردنی ئێوارە لەشوێنی نانخواردنی بۆب هۆپ ئامادەکرابوون. کە شوێنێکە جێگەی شەش سەد سەربازی تێدا دەبێتەوە. فەرمان بەهەموو سەربازەکان کرابوو پێش ئەوەی بێنە ژوورەوە چەکەکانیان لەلای دەرگاکەوە بەجێ بێڵن.

هاوڕێیی ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمم کرد بۆ لای چەند مێزێك کە لەپێشەوەی ژوورەکەوە دانرابوون، لەنزیك سەکۆ بەرزەکەوە، لەپشتیەوە پەردەیەکی زەبەلاحی پەنادەر هەبوو. وادیارە بوو کە دیمەنەکە مەعقول بێت بۆ نمایشێك کە کۆمەڵێك لە ڕێکخراوی خزمەتگوزارییە یەکگرتووەکان USO پێشکەشی بکەن.

لەچاوەڕوانی خوانی ئێوارەو "خۆشی و دڵنەوازیی"، من و ڕیك سانشێز دەهاتین و دەچووین و تەوقەمان لەگەڵ سەربازەکاندا دەکرد و وێنەمان لەگەڵ دەگرتن.

هیوادارم هەموو وێنەکانیان لە هەڵبژاردەی پۆلی دووەمدا بدتاڵەکەنەوە.

بریان چرپاندی کە فڕۆکەکەی سەرۆك لەقۆناغی کۆتایی نیشتنەوەدایە. ڕیك سانشێز ڕۆیشت بۆلای فڕۆکەکە بۆ ئەوەی پێشوازی لەسەرۆك بکات.

من و عەمید مارتی دمپسی بەخێرایی چووین بۆ پشت پەردەکە. دوای پێنج خولەك، سەرۆك هاتە

ژوورەوەو ، ئاراسپی پێوە دیاربوو، سەیری دەوروبەری خۆیی کرد، " بەخێرهاتی بۆ عێراقی ئازاد جەنابی سەرۆك".

بەتوندی باوەشی پێداکردم.

مارتی دمیسی چاکەتی فرقەی یەکەمی دایە سەرۆك، ئەویش خێرا لەبەریکرد. پاشان ئەو پلانەم بۆ باسکرد کە بریان ماکورماك ئامادەی کردبوو.

سەرۆك پێکەنی و ووتی، " ئەمە مەزنە".

من و سانشێز لەپشتی پەردەکەوە هاتینە سەر سەکۆکە، ریك هەندێك ووشەی بەخێرهاتنی ئاراستەی سەربازەکان کرد، پاشان بەرەو لای من وەرچەرخاو و ووتی، " جەنابی باڵیۆز ئایا دەفەرمویت بۆ خوێندنەوەی راگەیاندنی سەرۆك لەجەژنی سوپاسگوزاریدا".

کاغەزەکەم لەباخەڵی چاکەتەکەم دەرهێنا وەك ئەوەی بمەوێت ووشەکانی سەرۆك بوش بخوێنمەوە، بەڵام تۆزێك لەبەردەم مایکرۆفۆنەکەدا وەستام. پاشان ووتم، " سوپاس بۆ تۆ ژەنراڵی بەرێز. بەڵام تەقلیدەکە وا دەخوازێت کە بەرزترین نوێنەری ئامادەی حکومەتی ئەمریکا ووشەکە بخوێنێتەوە". وەستام بۆ ئەوەی کاریگەرییەکە دروست بێت. " ئایا هەر نوێنەرێکی تر هەیە لەم ژوورەدا لەمن بەرزتربێت".

لەم ساتەدا سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلای تۆرەکەوە هاتە ناو ژوورەکەوەو چوو بۆ ناوەراستی شانۆکە، ژوورەکە پڕ بوو لەهاوارو چەپڵەرێزان. سەربازەکان وەستابوون هاواریان دەکردو دەستیان بەرز دەکردەوە، شەوق و تیشکی کامێراکان بۆ ماوەی چەند خولەکێك بەبێ دابڕان بەردەوام بوو.

سەرۆك باسی لەشانازیکردنی بە سەربازەکانەوە کردو سوپاسی کردن، هەروەها سوپاسی وڵاتەکەمانی کرد بۆ ئەو قوربانیانەی کە پێشکەشیان کردووە، جەختیشی کردەوە کە گەلی ئەمریکا بەتوندی لەپشتیانەوە دەوەستێت. سەربازە بەتەمەنەکان چاوەکانیان پڕ لەفرمێسك بوو بۆ سەربازە لاوەکان و، فرمێسکیش لە روومەتی سەرۆکیشەوە هاتە خوارەوە.

سەرۆك چوو بەرەو لای مێزەکان و تەوقەی لەگەڵ سەربازەکاندا کردو وێنەی لەگەڵدا گرتن، پاشان لەشوێنەکەی خۆی دانیشت لەپشت ریزی خواردنەکەوە بۆ پێشکەشکردنی کەلەشێرو خواردنەکانی تر.

دوای نزیکەی کاتژمێرێك، ئەو کاتەی کە سەربازەکان خواردنیان دەخوارد، من و سەرۆك چووین بۆ بینایەکی تر لەناو فرۆکەخانەکەدا بۆ کۆبونەوە لەگەڵ چوار ئەندامەکەی ئەنجومەنی حوکمدا. لەرێگەدا بۆ ئەوێ، پێمراگەیاند کە تووشی گرفتی نوێ بوینەتەوە لەگەڵ سیستانیدا. " دوێنێ



Scanned with CamSc

نوێنەرایەتی لەنەجەف بووە وتی کە ئایەتوڵڵا ئێستا پێداگری دەکات لەسەر پێویستی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان کە لە مانگی حوزەیران/ یۆنیۆدا سەروەری بۆ دەسپێرێت. ئەمەش پاشگەزبونەوەیەکی تەواوەتیە لەهەڵوێستی پێشوی سیستانی و لەڕێککەوتنامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر".

زیاتر لەوەش، ئەنجومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق بەراوێزکردن لەگەڵ سیستانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازکردووە، کە تێیدا ووتویەتی سیستانی " نیگەرانە سەبارەت بەبوونی کەلێنێکی ڕاستەقینە" لەڕێککەوتنامەکەدا. بەڵام لەکاتێکی دواتری ئەو ڕۆژەدا، نامەیەکی شەخصیم لەسیستانیەوە پێگەیشت کە ئەو سەرسام بووە لەو تێبینیانەی ئەنجومەنی ئەنخەکیم کە پێشکەشی ڕای گشتی کردبوو. " هەڵوێستێکی ئاڵۆزە جەنابی سەرۆک، پێویستە بەتوندی مامەڵە لەگەڵ ئەواندا بکرێت".

سەرۆک سەری ڕاوەشاند. " هەڵوێستی خۆمان لەبەردەم ئەنجومەنی حوکمدا ڕوونتدەکەینەوە".

سەرۆک ئەوەی کرد، داوای لێکردن کە سووربن لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەرو بەپێی ئەو خشتەی زەمەنیەی کە دیاری دەکات بۆ گواستنەوەی سەروەری. سەرۆک بوش وتی، " پێویستە لەم مەسەلەیەدا پێشەوایەتی خۆتان نیشان بدەن. داواتان لێدەکەم سوپاسم بگەیەنن بە هاوەڵەکانی ترتان لەئەنجومەنی حوکم" . هەروەها داوای لێکردن کەرێزو سوپاسی بە ئایەتوڵڵا سیستانی بگەیەنن.

هەر چوار ئەندامەکە بەڵێنیان دا ئەوە بکەن.

هاوڵێتی سەرۆکم کرد بۆ لای ئۆتۆمبیلە زرێپۆشکەی بۆ ئەوەی بچێت بۆ لای سەکۆی نیشتنەوەی فڕۆکەکەی.

پێی ووتم، " خۆڕاگر بە. ئێمە بەرەو پێش دەچین، دەشزانم کارەکە ئاسان نیە".

وەڵامم دایەوە کە ، " خۆم نادەم بەدەستەوە".

دوای سەردانەکە، بایەخی خۆمان بۆ ئەوە ئاراستە کرد کە بزانین سیستانی و ئیسلامیە شیعەکان چیان دەوێت. دەرکەوت، کە پێش دوو هەفتە دکتۆر عادل و ئەنجومەنی بالأی شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق پەیامی ئاڵۆزیان گواستۆتەوە- نازانین بەئەنقەست بووە یان نا- بۆ سیستانی لەبارەی ئەو ئاراستەیەوە کە پێشنیارکراو بوو بۆ چوونە پێش. شیکاری ئێمەش ئەوەی دەگەیاند کە ئیسلامیە شیعەکان و سیستانی بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە.

لەو ئەندامانەی کە لەوانن لەئەنجومەنی حوکمدا بەلانی کەمەوە هەتا ئێستا، تەواو ئەو بیرۆکەیەیان قبوڵە کە ئەنجومەنی تەشریعی ئینتیقالی ناهەڵبژێردراو لەسەر بنچینەی دستورێکی کاتی



Scanned with CamSc

سەروەری وەربگرێت. ئەوەش کە نیگەرانیان دەکات وەك ئەوەی دکتۆر عادل گوزارشتی لێکرد بریتیە لەپلەی زاڵبوونی ئەنجومەنەکە بەسەر پرۆسەی دیاریکردنی ئەو ئەنجومەنەدا. ئەوان داوای دەسەڵاتێك دەکەن کەئێمە ناتوانین بەئاسانی پێیان بدەین.

لەبەرامبەردا، وا دیارە کەسیستانی داواکاریەکی تەواو نوێی زیادکردووە بەوەی حکومەتی کاتی کە سەروەری پێدەسپێرێت حکومەتێکی هەڵبژێردراوبێت. ئەم داوایەش هەرچەند لە رێکەوتنامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر دەکات، کە دارێژراوە بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکەی پێشووی سەبارەت بە هەڵبژاردنی کۆنگرەی دەستوری.

بە ئەنجومەنی ئیدارەی حوکمم ڕاگەیاند کە " شیشی گۆڵەکان گوازراونەتەوە". تەنها ئێمە نین کە بەوەرچەرخانی سیستانیەوە گیرۆدەبووین. بەڵکو عەبدولعەزیز حەکیمیش کە بەشێوەیەکی رێك و بەردەوام لەگەڵ سیستانیدا کۆدەبێتەوە سەرسام بووە چونکە ئایەتوڵڵا جەختی کردۆتەوە کە پێویست ناکات حکومەتی کاتی هەڵبژێردراو بێت. گروپەکەشم هەوڵیاندابوو کە هەڵوێستی سەرکردە سیاسیە شیعەکانی تر بزانن، بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەوانیش سەرسامبوون چونکە ئایەتوڵڵا داواکاریەکی نوێی زیادکردووە.

بۆ دەستکەوتنی خوێندنەوەیەکی باشتر بۆ ئەو رەوشەی لەنەجەف هەیە، ئەو کەناڵە زۆر ئایەتەمم بەکارهێنا بۆ پەیوەندیکردن بە سیستانیەوە: ئەو عێراقیە ئەمریکیەی کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان دەکات (عماد ضياء). کە نیشتەجێی دیترۆیتە لەخێزانێکی بەرێزی نەجەفن و زۆرجاریش سودی خۆی سەلماندووە وەك کەناڵێکی نهێنی بۆ پەیوەندیکردن بەئایەتوڵڵای عوزماوە. نامەیەکی نهێنیم نوسی بۆ ئایەتوڵڵا، بە بەکارهێنانی رووپۆشی نامەیەکی تەقلیدی بۆ پیرۆزبایکردن بەبۆنەی جەژنی رەمەزانەوە. دڵنیاش بووم لەوەی کە ضياء بەپاڵەری حزبی هیچ شتێك لەنامەکە ناگۆڕێت.

دوای پێشکەشکردنی رێزو سڵاوم بۆ ئایەتوڵڵای عوزما بەبۆنەی هاتنی جەژنەوە، ووتم:

بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەترسیانەو گوزارشت لەو هیوا مەزنەی کە هەستی پێدەکەم لەبەرامبەر ئایندەی عێراقدا ئەم نامەیت بۆ دەنوسم. من ماوەی چەند مانگێکە گوێ لەڕاوبۆچونەکانتان دەگرم سەبارەت بە گرنگی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەعێراق بۆ هەڵبژاردنی دەستەیەك کە هەستی بەنوسینەوەی دەستوری، هەمیشەیی و، رێکەوتنامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر ئەوە گرەنتی دەکات. هەڵبژاردنێکی ئازادو ڕاستەوخۆ بەوپەڕی خێراییەوە لەعێراق دەکرێت- ئەوپەڕەکەی ئەگاتە مانگی ئازار/ مارسی ٢٠٠٥، ئەگەر کرابش لەکاتێکی زووتردا ئەوە ئەنجام دەدرێت.

هەروەها نوسیبوشم کە سەرەڕای ئەوەی شتێکی نمونەییە بۆ گەلی عێراق کە بەشێوەیەکی

ڕاستەوخۆ حکومەتی کاتی هەڵبژێرێت کە سەروەری ڕادەستدەکرێتەوە، بەڵام هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەم کاتەدا مومکین نابێت. لەبەرئەوە باشترین ئەلتەرناتیف بیرۆکەی لیژنەی ئامادەکاریە" بە بەستنی کۆنگرە بۆ هاوڵاتیان لەهەموو پارێزگاکاندا... و کۆمەڵە ئاینی و عەشایەرییەکان و حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە فیرکاری و زانکۆییەکان و کەسانی تریش بانگهێشت بکرێن بۆ بەشداریکردن لەو کۆنگرانەدا".

ووتیشم کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دان بە بوونی گرفتدا دەنێت لەهەندێك لەئەنجومەنەکانی پارێزگاکاندا، ووتیشم کە هاوپەیمانان دەکرێت یارمەتی ئەنجومەنی حوکم بدات لەلابردنی کەسە خراپەکاندا. لەکۆتاییشدا ووتم:

شیعە لەعێراق ماوەیەکی زۆر ناڵاندویانە بەدەست ستەمە زاڵم و ستەمکارەکاندوە. پێویستە ئەو مێژووە ناڵە تێیدا بوەستێت، بەڕای من، ڕێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر هەلێکی مێژوویی مەزن دەداتە شیعە و، هەموو گەلی عێراق. کە ئەمە تاکە هەلێکە لەبەردەم گەلی عێراقدا بۆ بونیادنانی ئاییندەیەکی سیاسی بۆ خۆی کەلەسەر ڕێزو کەرامەتی مرۆیی و یەکسان بۆ هەموو تاکەکان دەوەستێت لەبەردەم خوادا، وەلە سەر ڕێزگرتن لە ڕێنموماییە دادپەروەرانەکانی ئیسلام و،لەسەر ئاشتی.

من هیوادارم کە تۆش هاوبەشی ئەم گەشبینیەم بکەیت و بەردەوام بیت لەسەر کارە گرنگەکەت بۆ یارمەتیدانی ئەوەی کە ئایندەی ئەم وڵاتە بەرەو پێش بەرین.

لەو شەوەدا عماد لەنەجەف گەڕایەوە و وەڵامەکەی سیستانیشی لەگەڵ خۆی هێنابۆوە. بەڵام هەواڵەکە باش نەبوو.

عیماد پێی ووتم کە" ئایەتوڵڵا سەرسامە بە تۆ و ڕێزت لێدەگرێت. هەروەها ڕێز لەو هەڵە دەگرێت بۆ کارکردن لەگەڵ ئێوە لەپێناو ئایندەی عێراقدا. بەڵام دەیەوێت هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆی تەواو بکرێت بۆ ئەنجومەنی تەشریعی (یاسادانانی) ئینتیقالی، هەتا ئەگەر هەڵبژاردنەکە نمونەیش نەبێت".

"بۆ نا؟" پرسیارمکردو بیرم لە هەموو کاتژمێرەکانی دانوستان دەکردەوە بۆ گەیشتنە ڕێکەوتنی ١٥ تشرینی دووەم نۆڤەمبەر.

عیماد بەگەشبینیەوە ووتی، " ئایەتوڵڵای عوزما بڕوای بەدیموکراسیەت هەیە و، پابەندە بەکارکردنەوە لەگەڵ هاوپەیمانان".

سەرەڕای متمانەی عیمادیش، ئەوا ئێمە جیاوازین لەگەڵ سیستانیدا، نامەکەی جەختی لەوە کردبۆوە کە سیستانی پێداگریەکەی پێشووی لەسەر هەڵبژاردنەکان بۆ دەستنیشانکردنی ئەو

کۆنگرەیەی کە دەستوری هەمیشەیی دەنوسێتەوە تێپەڕاندووە. ئەوەتا ئێستاش بیرۆکەی دەستەی ناهەڵبژێراو کە سەروەری پێدەسپێرێت ڕەت دەکاتەوە. ئەمەش داواکارییەکی نوێی ترسناکە.

بەیانیەکی زووی ڕۆژی دوایی لەبەردەم کۆمپیوتەرە لاپتۆپەکەمدا دانیشتم، شەش گرفتم ژمارد کە دەکرێت پێداگرییە فێرسچمانەکەی سیستانی لەسەر پرۆسەی دەستووریی دروستی بکات:

١- ئەو ئینتیباعە دروست دەکات کە شیعە ئەنجومەنی حوکم و دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان دەبەن بەڕێوە.

٢- لەوانەیە ئەمە دەرئەنجامی ترسناکی لێبکەوێتەوە سەبارەت بەشێوازی تێڕوانینی سونە بۆ پرۆسەکە- دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان بەوە هەڵدەستن کەلێی دەترسن ئەویش ملکەچبوونە بۆ زۆینەی شیعە.

٣- هانی شیعە دەدات بەردەوام بێت لەسەر فشاری زیاتر لەپێناو گۆڕانگاریی زیاتردا. چی ڕوودەدات ئەگەر دوای ئەوە سیستانی پێداگریی کرد لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەدەستوری کاتیدا؟ یان ژنان بۆیان نیە دەنگ بدەن؟

٤- گومانی ڕاستەقینە دروست دەکات لەبارەی نەبوونی توانستی ئیداریی لەلایەن ئەنجومەنی حوکمەوە. ئەگەر بڕیارێك کە بەزۆرینەی ٢٠ لەکۆی ٢٤ کەس وەرگیرابێت مولزەم نەبێت، ئەی مولزەم کامەیە؟

چۆن دەتوانین دەسەلاتی زیاتر بدەینە دەستەیەك کە ناتوانێت بڕیار بدات، یان بەهەڵپەسێردراوی بیهێڵێتەوە؟ ئایا بەکۆی دەنگ بڕیار وەردەگرن، لەمەشدا مافی ڤیتۆ دەدەنە ئەنجومەنەکە؟

٥- گومانی تێدایە بتوانین لە حوزەیران/ یۆنیۆدا هەڵبژاردنێك ئەنجام بدەین کە میصداقیەتێکی مەعقولی تێدا بێت.

٦- ئەگەر توانیشمان، ئەوا چەند مەترسیەك هەیە کە ڕادەکەی نازانرێت بەوەی کە ئەو گروپانەی کە زیاتر دیسپلین و ڕێکخراون هەژموونی بەسەردا بکەن-ئیسلامیەکان (لەوانەشە سیستانی و ئەنجومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق بەهێزی ئەوەوە هەڵوێستی خۆیان گۆڕیبێت)- یان لەوانەیە بەعسیەکان.

سەیرێکی ئەو ووشانەم کرد کە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەم بوو. ئایا ئەم هەڵسەنگاندنە زۆر تاریکە؟ پێموانیە.

لەکۆتایی مانگادا، هەوڵەکانمان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە سیاسیە وردە هەڵوەشانەوە، ئەویش بەزنجیرەیەك لە دزەکردنی هەواڵەکان. هەواڵێك لە ڕۆژنامەی " نیویۆرك



Scanned with CamScanner

تایز"دا باسی لە نەیاری سیستانی و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراقی لەسەر ڕێکەوتننامەکە کردبوو، هەروەها لەزاری ژمارەیەك " بەرپرسی ئیدارییەوە" کە ناوی نەهێنابوون ئەوەی بڵاوکردبۆوە کە پێویستە ئەو پلانەی کە لە ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ ٢٠٠٤دا سەروەریی دەداتە عێراق، " بەلانی کەمەوە بسازێت لەگەڵ پێداگرییەکەی سیستانی لەسەر ڕاپرسی جەماوەریی".

لەڕۆژی دواتردا، ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" ووتەی گەورە بەرپرسانی هێنابوو کە ئیدارەکە لەوانەیە بۆ ڕازیکردنی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی ناچاربێت لەسەر ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان ".

دوای خوێندنەوەی ئەم دوو ووتارە هەستم بەتووڕەیی کرد. دەمویست پارێزگاریی لەدەستور بکەم، لەگەرچی کاتیش بێت، وەك ڕەگەزێکی سەرەکی لەئاراستەی بەرەو دیموکراسیت لێرە. ئەندەگەیشتین بەلێرە ئەگەر هاوپەیمانان لەبەردەم شیعە یان سیستانیدا بکشایەتەوە. هەروەك چۆن ئەمە هەوڵەکانمان بەتاڵ دەکاتەوە بۆ پەیوەندیکردن بەسوننەکانەوەو، کوردەکانیش زۆر نارەحەت دەبن" بە عەمامە ڕەشەکان" ی نەجەف و کەربەلا، وەك لەماوەی مانگەکانی کۆتاییدا ئەمەم چەندین جار دوبارە کردۆتەوە.

چووم بۆ لای کۆمپیوتەرەکەم و نامەیەکی شەخصیم نارد بۆ کۆنداۆلیزا ڕایس:

ماوەیەکی پێویستم لەواشنتۆن بەسەر برد بۆ ئەوەی هیوام لاواز بێت لەچاندنی دیسپلین لەگۆشەیەك لەگۆشەکانی بیرۆکراسیەتدا. بەڵام لەماوەی ئەم چەند هەفتەیەی کۆتاییدا خەریکە یەکێتی ئەو سیاسەت و جێبەجێکردنە لەدەست دەدەین کە تائێستا بەشێوەیەکی باش خزمەتی کردوین. ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بە ڕێکخستنەوەی حساباتی سیاسیەوە بوایە لەنێوان وەزارەتەکاندا، دەکرا فەرامۆش بکرێت. بەڵام ئەم چیرۆکە مەترسیەك دروست دەکات لەسەر تواناکانمان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی سەرۆك بەباشترین شێوە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لێرە لەم وڵاتەدا.

لەشەوێکی دواتری ئەو شەوەدا، لەڕووی جەستەییەوە زۆر ماندوو بێتاقەت بووم، نامەیەکم نارد بۆ فرانسی کەیەکێك بوو لەو نامە ئەلکترۆنیە نائومێدانەیەی کە لەماوەی ئەو ساڵەدا کە لەعێراق بووم نوسیبووم. بەم ووتەیەش کۆتاییم بەنامەکە هێنابوو:

ڕۆژێکی چەند ناخۆش و ترسێنەرە. لەوانەیە ئەم قەیرانە پەرە بسەنێت تا کۆتایی بەکارەکەم دێنێت چونکە ئەتوانم ڕێنای ئەوە بکەم کە ئیدارە دەگاتە ئەوەی کە ناتوانێت لەگەڵ مندا ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، چونکە ئەمتوانی هیچ یەکێك لەپلانەکانم جێبەجێ بکەم ( سەرەڕای ئەوە

سالەکەم لەعێراق

کە ئەمە بەهۆی سیستانەوەیە لەهەردوو حالەتەکەدا، لەحالەتی دووەمیشدا لەبەر ئەوەی ڕاکەی
گۆڕی). بۆیە گەیشتینە کۆتایی یاریەکە و کاتی گۆڕینی نیشانەچیەکە هاتووە. واش پێویست
دەکات کە نیشانەچیە نوێیەکە تایبەتمەند بێت لەبوارەکەدا.



Scanned with CamSc

# بەشی هەشتەم
# دەستگیرکردنی صەدام

## بەغداد
## کانونی یەکەم/ دیسەمبەر ٢٠٠٣

کاتێك بەیانی ڕۆژی دواتر لەخەوهەستام، دەرکم بەوە کرد ڕەشبینی خیارو چارەسەر نیە. هێشتا کارم هەیە لەعێراق ئەنجامی بدەم.

لەمیانەی هەفتەی یەکەمی کانونی یەکەم/دیسەمبەر، کارمان کرد بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی بەزیندویی بهێڵینەوە، بەوەش سیاسەتێکی دووسەرەمان گرتەبەر: بەشدراپێکردنی هاوپەیمانەکان لەناو ئەنجومەنداو، هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی ئایەتوڵڵا سیستانی بۆ ئەوەی زیاتر نەرم بێت. ئەم پەیڕەوە بەرهەمی هەبوو.

لە ٢ کانونی یەکەم/ دیسەمبەردا، نامەیەکی ترم نارد بۆ سیستانی کەتێیدا جەختکرابۆوە لەوەی کە " ئامانجی هاوبەشمان ئەوەیە کە عێراقیەکان دەستوری هەمیشەیی بنوسنەوە". جارێکی تریش پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی کە دەستوری کاتی ڕێز لە "ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی عێراق دەگرێت". هەروەها جەختمکردەوە لەوەی ڕێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر بریتیە لەباشترین ڕێگە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. لەرۆژی دواتردا عماد ضیاء ووتی سیستانی بەشێوەیەکی باش بەدەم نامەکەوە چووەو قایل بووە پێی.

لە ٥ کانونی یەکەم/ دیسەمبەردا، کۆفی ئەنانی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەراپۆرتێکی بەرزکراوەدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر ڕێکەوتننامەکەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەرو ئاماژەی بەوەش داوە کە ئەگەری ئەوە دوورە بتوانرێت لە کۆتایی حوزەیران/ یۆنیۆدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت. ئەم پەیامە گرنگەش زیاتر بەهێز بوو ئەویش ئەو کاتەی کە عیماد پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لە کوڕەکەی سیستانیەوە پێگەیشتبوو سەبارەت بە کۆبونەوەیەك کە سازکرابوو لەنێوان ئایەتوڵڵای عوزماو عەبدولعەزیز حەکیمدا کەتێیدا دان بەوەدا نرابوو ناتوانرێت هەڵبژاردنێکی نیشتمانی پێشوەخت ئەنجام بدرێت. ئیدی سیستانی بە حەکیمی ڕاگەیاندبوو دەکرێت پیاوانی ئاینی شیعە نەرم بن لە " مەسەلەی هەڵبژاردنەکان"دا. بەڵام بۆ پاراستنی ئاوی ڕوو، ئایەتوڵڵای عوزما پێشنیاری کردبوو ویلایەتە یەکگرتوەکان داوا بکات گروپێك لە نەتەوە یەکگرتووەکان بێت بۆ هەڵسەنگاندنی خشتە زەمەنیەکە بۆ



Scanned with CamSc

ڕێکەوتننامەی ١٥ تشرینی یەکەم/ نۆڤەمبەر، " ڕاگەیاندنی ئەوەی کە لەچوارچێوەی ئەو ماوە زەمەنیەی لە ڕێکەوتنەکەدا هاتووە ناتوانرێت هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت". ئەوکاتەش دەکرێت ئەتەوە یەکگرتووەکان چارەسەرێکی زیاتر کرداریی بۆ گرفتەکە پێشنیار بکات و، ئایەتوڵڵاو یەیاوانی تری ئاینی سەر بە ئەو پێی ڕازی دەبن.

بە سکۆت کارپێنتەرم ڕاگەیاند کە " لەوانەیە توانیبێتمان پرۆسەکە رزگاربکەین". بەڵام نەبوونی دڵنیایی سیاسی لەئێستادا ناچاری کردم کە بانگهێشتکردنەکەم بۆ ئەمریکا لەسەر داوای سەرۆک بۆ ئامادەبوون لە گرووپی سیمفۆنیای عێراقیدا هەڵبوەشێنمەوە. بەلانی کەمەوە فرانسی و منالەکان دەتوانن ئامادەی بن.

لەرۆژی دواتردا لەدیدارێك لە سەردانە خێراکانی بۆ ناوچەکە دۆناڵد رامسفێلد هات، بۆ راوێژکردن لەگەڵ سەرکردەکانیدا. ئەو سروشتی لەگەڵ کارمەندەکانغدا توند بوو بەشێوەیەکی نائاسایش سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکان ئاڵۆز دیار بوو.

رامسفێلد ڕازی بوو لەسەر پێشنیارەکەم کە سەردانی حەکیم بکات، سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بۆ مانگی کانونی یەکەم/ دیسەمبەر. لەکاتی خواردنەوەی چای شیریندا، رامسفێلد بەتوندی فشاری خستە سەر سەرکردەی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق بۆ ئەوەی پابەندبێت بەڕێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەرەوە، بیری خستەوە کە دەبێت پابەندبێت بەڕێکەوتننامەکانەوە، حەکیم تەنگەلان بوو ووتی: هەندێك "ووردەکاریی بچووك" هەیە کە پێویستیان بەڕوونکردنەوە هەیە.

وەك هەمیشە، لەگەڵ رامسفێلد سەرکەوتم بۆ فرۆکەخانە. شەوێکی ساردی زستان بوو، بەهۆی بوونی مەترسیەکانەوە لەرێگەدا هیچ شتێکمان نەبینی جگە لە ئۆتۆمبیلەکانی هاوپەیمانان نەبێت. لەفرۆکەخانە رامسفێلد، بردمیە لاوە.

ووتی، " بۆم ڕوونبۆتەوە کەوا کەناڵی پەیوەندیکردنت لەگەڵ سەرۆکدا ڕاستەوخۆیەو لەرێگەی منەوە نابێت".

پێش ئەوەی بتوانم وەڵام بدەمەوە، رامسفێلد بەردەوام بوو.

ووتی، "کۆندی مەسەلە سیاسیەکانی لەئەستۆگرتووە. پێشموایە ئەوە هەڵەیە. دواین جار کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەستی لە مەسەلە کرداریەکان وەردا، ئێران – کۆنترا ڕوویدا. بەڵام وا دیارە ئەو بەهەردوو پێی خۆی هەڵداوەتە ناو ئەم ئەرکەوە".

وەك ئەوەی کەلەگفتوگۆی شەخصیدا باوە بەناوی یەکەمی خۆیەوە بانگم کردو ووتم، " گومانی تێدا نیە جڵەوی کارەکان دەگرێت "دون".



Scanned with CamSc

بە زەردەخەنەیەکی ساردوسڕەوە وتی، "خۆم لەپرۆسەی سیاسی دوردەخەمەوە". لێگەڕێ با کۆندی و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کاروبارەکان بەڕێوەبەرن. لەوانەیە ئەوە ژیانم ئاسان بکات".

تەوقەمان کردو پشتی هەڵکرد بۆ رۆیشتن، وتووێژەکە دۆستانە بوو، بەڵام دیاربوو رامسفێڵد بێزاربوو لە دەستێوەردانی رایس و زاڵبوونی بەسەر سیاسەتەکاندا. وام خەملاند کە هەروەها وەڵامی ئەو هەواڵە رۆژنامەییانەش دەداتەوە لەبارەی پەیوەندی توندتۆڵم بەسەرۆکەوە. لەوانەیە رامسفێڵد بێزاربێت لە بیروکراسیەت. هەروەها منیش.

کاتژمێر لەیانزەی شەو لایدابوو کاتێك من و بریان سواری ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکەمان بووین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ناوچەی سەوز. هەمیشە کاروانەکەمان پێکدەهات لە دوو ئۆتۆمبێلی هەمفی زرێپۆش بە پلێتی پۆڵاو، سایربانێکی گوللەنەبڕ، سایربانەکەی من و دوو ئۆتۆمبێلی تری سایربانی گوللەنەبڕو دوو ئۆتۆمبێلی هەمفی تر. لەئاسمانیش دوو هەلیکۆپتەر هەبوون لەجۆری بل کە قەنناصی بلاك وتەریان لەسەر بوو.

لەکاتی گەڕانەوەدا لەسەر رێگەی فڕۆکەخانە، بریان هەندێك مەسەلەی خشتەی مەوعیدەکانی خستەڕوو. مونتەدای ئابوری جیهانی دەیانەوێت من بڕۆم بۆ دافۆس، سویسرا لەکانونی دووەم/ یەنایەردا لەپێناو کۆبونەوەی ساڵانەیاندا. منیش وەك پیاوی سەرمایەگوزار ئامادەی هەندێك لە کۆبونەوەکانی پێشوو بوو بووم- دەتوانم سوود ببینم لەهەندێك سازێنکار کەئەم جێگەیە پێشکەشی دەکات بۆ خزین لەسەر بەفر- بەڵام دڵنیا نەبووم لەو ئامانجەی کە دەکرێت مونتەداکە لەمساڵدا پێشکەشی بکات.

" چۆنم سودی چی دەبێت"؟

ئەو بەدوای تێبینیەکدا دەگەڕا لەدۆسی ئەستورەکانی مەوعیدەکانیدا دەنگی تەقینەوەیەکی تێکەڵ بە گڕوتینێکی زۆر هات کە گوێی کەڕ دەکرد- بەشی دواوەی ئۆتۆمبێلە قورسەکەی فڕێدا بەلای راستدا. لەگەڵ ئەوەی گوێیەکانم کەڕ بووبوون بەڵام گوێم لە دەنگی دەسڕێژی گوللە بوو.

" چی رویدا"؟ هاوارم بۆ فران گاگر کرد کە هەمیشە لەکورسی پێشەوە دادەنیشت و ڕەشاشێکی پێبوو.

ئەو خەریك بوو لەدواماندەوە سەیری دەکردو دەگەڕا و چەکە ئۆتۆماتیکیەکەی بەرزکردبۆوە کە لە جۆری ئێم — ٤ بوو.

وەڵامیدایەوەو ئاماژەی کرد بۆ کونی قشەکێك کە کردبویە پەنجەرەکەی نزیك خۆیەوە، " تەقینەوەو گوللەی کلاشینکۆفە گەورەم. خۆتان دانەوێنن! ئەوان تەقە لەپەنجەرەکەی دواوە



Scanned with CamSc

دەکەن".

ڕووبەڕووی بۆسەیەکی تەواو ڕێکخراو بووبووینەوە، کردەوەیەکی تیرۆرکردنی کەبە کارامەیی جێبەجێکراوە.

سەیرێکی دواوەم کرد. بینیم جامی ئۆتۆمبیلە سابربانە زرێپۆشەکە بەهۆی تەقینەوەکەوە تێکشکاوە. ئەوەتا لەدواوە گوللەی کلاشینکۆف خۆی دەکات بەناوەوەدا. خۆم بۆ خوارەوە چەماندەوە.

لەکاتێکدا کەوا ئۆتۆمبیلەکە بەخێرایی دەڕۆیشت فران پرسی: ئایا تۆ باشیت گەورەم"؟

بەزەحمەت هەناسەم دەدا و هەستم بەوورشکبونەوەیەك دەکرد لەگەروما. ئەگەر ئەو پیاوخراپانە پێش چرکەیەك بۆمبەکەیان بتەقاندایەتەوە ئەوا ئێستا مردبووین.

"باشم" توانیم وەڵام بدەمەوە. "بریان"؟

" من باشم".

هەردوو ئۆتۆمبیلی هامفیەکە بەخێرایی لەشەقامە ڕۆشنەکەوە دەرچوورن، ئەوانەی کەلەناویدا تەقەیان دەکرد ڕەشاشە ٥٠ ملیمەکەیان لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر دەگواستەوە. شۆفێرەکەشمان بە خێرایی ٨٠ ملم لەکاتژمێرێکدا کەوتە پێشەوەی سابربانەکەوە. ئۆتۆمبیلەکەی هاوەڵمان و ئۆتۆمبیلە هامفیەکان دەیانویست پێمان بگەنەوە. بەڵام دوو تایەی پێشەوەی یەکێك لەهامفیەکان تەقی بوو بۆیە بەشێوەیەکی شەلوگێڕانە لەدواوە ڕێیدەکرد.

ڕووم وەرگێڕایەوە بۆ لای بریان و لێمپرسیەوە. " بۆچی پێویستە لەسەرم بڕۆم بۆ داڤوس"؟

هەندێك کاتی وویست بۆ ئەوەی خۆی ڕێکبخاتەوە، دوای ئەوەی تێبینیەکانی پشکنی ووتی چەند دانیشتنێك هەیە تایبەتکراوە بەعێراق. عەدنان پاچەچیش کە لەمانگی کانونی دووەم/یەنایەردا دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم دەیەوێت لەوێ ئامادەبێت، ڕێکخەرانیش پێیان وابوو تۆ وەك ئەوەی بەرزترین بەرپرسی مەدەنیت لەعێراق پێویستە لەوێ ئامادەبێت.

لەو کاتەدا کە بەخێرایی دەچووینەوە بۆ کۆشك و هێشتا بۆنی ناخۆشی تەقینەوەکە دەمان بیرمکردەوە، داڤوس، ئەو هەموو ژەمە خواردنە خۆشانە... دەکرێت فرانسیش بێت بۆ ئەوێ و لەسەر بەفر خلیسکێنە بکەین. ئەوەندەی بکرێت دووربین لە ڕێگەی فرۆکەخانەی بەغداو تەقینەوەکان.

ووتم، " پێویستم بەوەیە پێش ئەوەی بڕیار بدەم ڕای دان سینۆر وەربگرم".

* * *

هەستم کرد پێویستم بەحەوانەوە هەیە. کاریگەری کارەکان بەدرێژایی رۆژو تا شەوانێکی درەنگ بەکاتی بەغدا زیاتر لەسەرم دیاربوو. رۆژەکانم لەکاتژمێر پێنجی بەیانیەوە دەست پێدەکەن. دوای خوێندنەوەی بروسکەکانی شەوی ڕابردو و پۆستە ئەلەکترۆنیەکەم، لە کاتژمێر حەوتدا وانەی عەرەبی دەخوێنم، کۆبونەوەی یەکەمم دەست پێدەکات دوای ئەوەش بەنێو کاتژمێر – دانیشتنی بەئاگابوون لە زانیارییە هەواڵگریەکان دەستپێدەکات.

ئەگەر لەخشتەی مەوعیدەکاندا گەشتکردن نەبێت یان ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم، ئەوا خەڵکانێك لەنوسینگەکەی دەرەوەمدا وەك ئەو نەخۆشانەی دەچن بۆ لای پزیشکی دان چاوەڕوانیم دەکەن. لەوانەیە لەناویاندا ئەندام پەرلەمانێکی بەریتانی هەبێت، یان شێخی هۆزێك بە عەبا درێژەکەیەوە، یان نوێنەرێکی لاوی کۆمەڵەیەکی مرۆیی ناحکومی.

دوای نیوەڕۆی هەمرو رۆژێك بەکاتی بەغدا، لەگەڵ ڕایس قسەم دەکرد، هەروەها کۆبونەوەی ڤیدیۆیی رۆژانەم هەبوو لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا. رۆژەکەشم تەواو نابێت تا نامەیەکی ئەلەکترۆنی ئەنێرم بۆ فرانسی، کە زۆرجار ئەوە لەدوای نیوەی شەودا دەبێت.

تەلەفۆنی نزیك نوێنەکەم لەکاتژمێر یەك و نیوی شەوی رۆژی یەکشەممە بەرواری ١٤ کانونی یەکەم/ دیسەمبەر بەئاگای هێنامەوە . کە تازە خەوبردبومیەوە دوای رۆژێکی تر لەکاری هەژدە کاتژمێریی.

" بوورە بێزارم کردی گەورەم". راند بات کارۆلی یاریدەدەرە سەربازییەکەم بوو، کە سەربازێکی چالاکی مارینزەو بەعەرەبی دەدوێت. " لەسەر هێڵە پارێزراوەکە ژەنراڵ ئەبی زەید دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات".

ئاماژەی بۆ تەلەفۆنە سورەکە STU-III دەکرد کەلەنوسینگەکەی ماڵەوەم بوو.

" هێشتا تەلەفۆنە پارێزراوەکەی ماڵ کارناکات. ئایا پێویستە پارێزراو بێت بات"؟

بات ووتی، " ئەوە دەزانم گەورەم، بۆیە پرسیارم لە یاریدەدەرەکەی ئەبی زەید کردو ئەو پێداگریی کرد کە مەسەلەکە بە پەلەیە و پێویستە تەلەفۆنەکە پارێزراوبێت".

" باشە پەیوەندی بکە بە بارەگای سەرکردایەتیەوەو دەست بکە بەجولاّندنی پیاوانی بلاك زۆرتەر".

دەستمکرد بە لەبەرکردنی جلەکانم.

من رۆژانە قسە لەگەڵ ئەبی زەید دەکەم، ئاسایی نیە لەپاش نیوەی شەو و لەسەر هێڵی پارێزراو پەیوەندیم پێوە بکات.

بیرمکردەوە کە ئەوە هەر دەبێت هەواڵێکی زۆر باش بێت یان زۆر خراپ.

لەئاکاو وێنای سەربازە بریندارەکانم کرد لەفرۆکەی سی –١٤١ی بەتاڵکردنەوە پزیشکیەکەدا.

بەهیوای ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر کوژراو بریندارییان لێبکەوتێتەوە.

دوای پانزە خولەك، گەیشتمە نوسینگە نیمچە ڕۆشنەکەم لەکۆشك.

دیك جۆنزی جێگرە نوێیەکەم لەگەڵ پیاوێك لەوێستگەی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی لەوێ بوون. پرسیارم لەدیك کرد چی ڕوو دەدات.

دیك سەیرێکی پیاوەکەی دەزگای هەواڵگریی کردو ووتی، " ناموێت موفاجەئەکەت لێ تێك بدەم".

پیاوی دەزگای هەواڵگرییەکە ووتی، " وابزانم صەدامان دەستگیر کردووە".

تەلەفۆنە سورەکەم هەڵگرت، پەیوەندیەکەم بەستزا بەئەبی زەیدەوە لەبارەگای سەرکردایەتیکردن لەقەتەر.

" ئەم مەسەلەیە چیە کە پەیوەندی بەصەدامەوە هەیە جۆن"؟

وەڵامی دامەوە، " پێموایە دەستگیرمان کردووە. پیاوەکانی پرۆسە تایبەتەکان پیاوێکی ڕیش و چلکنیان لەناو چاڵێکی ناپارێزراودا لەدەرەوەی تکریت دۆزیوەتەوە".

پرسیم، " چۆن دەزانیت ئەوە صەدامە"؟

جۆن ووتی، " کاتێك پیاوەکانمان لە چاڵەکە دەریانهێناوە، ووتویەتی، " من صەدام حسێنی سەرۆکی عێراقم، سەیریان کردووە و شوێنی برین و خاڵی پێوە بووە کە دەزانین صەدامیش ئەوانەی پێوە بووە".

من و ئەبی زەید ماوەی چەندین ساڵ بوو دەمانزانی کە صەدام حسێن دوو هاوشێوەی خۆیی بەکاردەهێنا بۆ چەواشەکردنی دوژمنەکانی. بۆیە پرسیم دەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە ئەوە خودی صەدام حسێنە. جۆن ووتی، " هێناومانە بۆ بەغدا. پاکی دەکەینەوەو دەیخەینە بەردەم ئەو گەورە سەرکردانەی ڕژێم کەلامان بەندکراون. هەروەها خێرا نمونەیەك لە DNA دەنێرین بۆ ئەڵمانیا بۆ ئەوەی تەواو دڵنیابین. فڕۆکەی سی- ١٧ ئامادەیە".

پێداگریم کرد کە " پێویستە سەد لە سەد دڵنیابین. دەبینە گاڵتەجاری جیهان ئەگەر هەواڵەکە بڵاوبکەینەوەو گیراوەکە یەکێك بێت لەهاوشێوەکانی صەدام. چەندێکی دەوێت تا ئەنجامی پشکنینەکە دەربچێت"؟

پیاوەکانم دەڵێن کە ئەوە نزیکەی بیست و چوار بۆ سی و شەش کاتژمێر دەخایەنێت".

ساتێك بیرمکردەوە، " زەحمەتە ئەم هەواڵە بتوانێت ئەو هەموو ماوەیە خۆیبگرێت".

" دەبێت پلانێکی یەدەگ دابنرێت بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵەکە پێش گەڕانەوەی ئەنجامی پشکنینەکان. دوای ئەوەی بەندکراوەکان دەیبینن با جارێکی تر قسە بکەینەوە".



Scanned with CamSc

جارێکی تر گەڕامەوە بۆ ناو نوێنەکەم بەلام نەمتوانی بخەوم. عەقڵم لەوێنەیەکەوە دەچوو بۆ وێنەیەکی تر، بورۆکەکان مێشکمیان قەرەباڵغ دەکرد. ئەو پەیکەرە برۆنزیانەی صەدامی ستەمکارم دەبینی کەلەبەردەمی کۆشکەکەدابوون و بەرزکەرەوەکان دەیانهێنانە خوارەوە، هەروەها ئەو دیوارە بەسام و ویقارانەی بابلی صەدام، کەلەسەر شێوەکەی بونیادترابوونەوە. هەروەها ئەو ریزەکانی ئەو گۆڕە هەڵدراوانەم بینی لەحلیلە. ئایا بۆ دواجار ئەو نەفرەت لێکراوەمان دەستگیرکرد؟

دوای نزیکەی دوو کاتژمێر لەخەوی پچڕپچڕ، هەستام بۆ ئەوەی رووبەڕووی رۆژێکی گەرم و جەنجاڵ ببمەوە. لەکاتێکدا کەلەنوسینگەکەم هەندێک سۆسم بەتامی مێژوەوە دەخوارد، پات کارول کوپێك لە ئیسپرسۆی بۆ هێنام.

پات ووتی، " ژەنراڵ سانشێز و ژەنراڵ فاست بەرێوەن بۆ لات بۆ ئەوەی لەدواین پێشهاتەکان ئاگادارت بکەنەوە".

لەکاتی چاوەڕوانی کردنی هەواڵدا –جۆنزیش هات بۆ لام.

عەمید خاتوو باربرا فاست، بەرپرسی هەواڵگری لەهاوپەیمانان لەگەڵ ریك کەدیاربوو ئەویش پێش برو لەخەوتن هاتن.

فاست ئەو وردەکاریانەی خستەڕوو کەوا شەو گەیشتبوونە بارەگای سەرکردایەتی لەبارەی دەستگیرکردنی صەدامەوە.

ئێمە ماوەی چەند مانگێکە شوێن هەموو پروپاگەندەیەکی ساختە یان راپۆرتێکی بەشبەشبوو دەکەوتین لەبارەی بوونی صەدامەوە. دەنگۆی ئەو بلاوبوو کە لەشارۆچکەکەی خۆی خۆیی حەشارداوە یان هەڵهاتووە بۆ سوریا بۆ ئەوەی لەو چەندین کۆشکانەدا کە بونیادی نابوون خۆی بشارێتەوە. جارێکیان، راپۆرتێکمان پێگەیشت " لەسەرچاوەیەکی متمانەپێکراوەوە" کەلەناو ئۆتۆمبێلێکی تاکسیدا لەکورسی دواوەدا بووە لەبەغدا، کە کلاوێکی سووری لەسەردابووە و رشێکی سپی هەبووە. " لەسەر شێوەی سانتا کرۆز"، وەك ئەوەی یەکێك لەشیکارە گومانکارەکان گوزارشتی لێکردبوو.

لەپایزدا، ستراتیژەکەمان گۆڕی چونکە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە صەدام دابڕاوە لەسەرکردایەتیە بالاکان چونکە زانیبووی ئێمە بەشوێنیاندا دەگەڕێین. بۆیە لەبری ئەوە دەستمانکرد بەگرتنی " ئاسنکارە" بچووکەکان. رەنگە ئەوانەی خزمەتگوزار و باخەوان و شۆفێری صەدام بوون رێگەیەکی باشتر فەراهەم بکەن بۆ گەیشتن بە دیکتاتۆرە هەڵهاتووەکە. بۆیە فاست و ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی لیستێکی زانیاریەکانیان دانا لەبارەی فەرمانبەرەکان و کەسوکارو



Scanned with CamSc

کەسە نزیکەکانیانەوە.

پیان ڕاگەیاندین لەکاتێکی درەنگی ڕۆژی شەممەدا، هێزە تایبەتەکانی هاوپەیمانان یەکێك لەو کەسە گومانلێکراوانەیان لەدەرەوەی تکریتی شوێنی نیشتەجێ بوونی عەشیرەتەکەی صەدام دەستگیرکردووە، پێدەچێت پەیوەندی نزیکی لەگەڵ صەدام و بنەماڵەکەیدا هەبێت، لەکاتی پرسیارلێکردنیدا، پیاوەکە ووتی دەتوانم ڕێنموێتان بکات بۆ لای کەسێك کە " زۆر زیاتر گرنگەو لەنزیك گوندی دۆری کشتوکاڵی لەخۆرئاوای دیجلە لەدووری پانزە کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی شارەکەوە خۆی حەشارداوە. بەڵام بەوپەڕی ڕقگرتنەوە ڕەتیکردەوە کە ناوی کەسە گرنگەکە بهێنێت، بەڵام سەربازەکانمان قسەکانیان بەجدی وەرگرتووە بەپشت بەستن بەستراتیژیەتە نوێکەمان. هێزەکانی پرۆسە تایبەتەکان پلانێکی گەڕان و گرتنیان دانا بە بەشداریی فرقەی پیادەی جواز کەوا کۆنترۆڵی ناوچەکەی لەژێر دەستدایە.

نزیك کاتژمێر هەشت شەوی شەممە، هەواڵدەرەکە گرووپی پرۆسە تایبەتەکانی برد بۆ دوو کۆمەڵگە لەدوو کێڵگەی کەنار لەخۆرئاوای گوندی دوور. ڕووماڵی سەرەتایی لەڕێگەی دووربینی شەوانەوە چەند خانوبەکیان دۆزیبۆوە کە لە خشت و قوڕ دروستکرابوون، بێ ڕۆشنایی یان نیشانەیەك لەسەر بوونی هیچ کەسێك تیایاندا. پاشان سەربازەکان نزیك بوو بوونەوە بۆ شوێنێکی نزیکتر بۆ ئەوەی لەنزیکەوە شوێنەکە بپشکنن.

فاست ووتی، " دیاربوو کە کوخی یەکەم چۆڵکرابوو. بەڵام لەناماخی دووەمدا نیشانە هەبوو لەسەر ئەوەی کەمێك پێشتر خەڵکی تێدا بووە- نان و خواردەمەنی ناو قوتوو لەسەر مێزی کوخەکەو، هەندێك جلوبەرگ لە ناوەوە هەبوو کە ئاماژەی بەوە دەکرد کەسێك لەو شوێنەدا دەژی. لێرە وێنەیەك هەیە، هەروەها ئۆتۆمبێلێکی تاکسی پرتەقاڵی کەلەنزیك گەوری مەڕەکان لەدەرەوەی دیواری کۆمەڵگەکەوە وەستابوو".

عەمید فاست وێنەیەکی تری لەسەر مێزە مەڕمەڕەکە دانا کە هی ئۆتۆمبێلێکی تاکسی ڕەنگ سپی و پرتەقاڵی بوو کە زۆرجار لەشارە عێراقیەکاندا دەیانبینین. سەربازەکان هیچ کەسێکیان نەبینیبۆوە لەناو ماڵەکەدا یان لەناو شوێنە پەرژینکراوەکەدا. خەریك بوو بڕۆن و شوێنەکە بەجێ بهێڵن کاتێك کە پیاوەکان سەیری خوارەوەیان کردبوو هێڵێکی ڕاستیان بینی بوو کە تەپوتۆزێکی زۆری لەسەر بوو. هەروەها هەندێك خشتیش کە بەشێوەی لاکێشە ڕیزکرابوون. کاتێك یەکێك لەسەربازەکان دەیجوڵێنن، دەبینێت گوریسێکی کورتی تێدایە.

فاوست ووتی، " ڕایکێشاو دەلاقەیەك کرایەوە کە بەرگێکی ستایرۆفۆمی هەبوو (مادەیەکە لە تۆزێکی سپی ووشك دروست دەکرێت هاوشێوەی تەپەدۆڕە)".



Scanned with CamScanner

ئەوە دەروازەی چاڵێك بوو کە قوڵییەکەی نزیکەی شەش پێ دەبوو. سەربازەکە هاواریکرد کێ لەناو چاڵەکەدایە بۆ ئەوەی بێتە دەرەوە. هیچ کەسێك وەڵامی نەدایەوە. یەکێکی تر لە سەربازەکان لایتێك دەگرێتە چاڵەکە و خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بۆمبێکی دەنگی فڕێباتە ناو چاڵەکەوە.

بەڵام دوای ئەوە دوو دەستی بەتاڵی پیس و سەرێکی قژنی دانەهێنراوی سپی بەدەرکەوت. پیاوە ڕیشنەکە بە ئینگلیزیەکی قورس و گران قسەی کرد. (("من صەدام حسێنم، سەرۆکی عێراق. دەمەوێت دانوستان بکەم")).

سەربازەکان لەژووری نوستنە تەنگەکەدا کەلەناو خۆڵدا هەڵکەنرابوو دەمانچەیەك و جانتایەکیان دۆزیەوە کە بەڵگەنامەی "گرنگ"ی تێدابوو. لەشەوێکی دواتری ئەو شەوەدا، گروپەکە دوو یاریدەدەری صەدامیان دۆزیەوە کە یەکی کلاشینکۆفێکیان پێی بوو هەروەها کیسێك کە ۷۵۰,۰۰۰ دۆلاری ئەمریکی تێدابوو.

هەلیکۆپتەرێکی سەر بە هێزەکانی پرۆسە تایبەتیەکان صەدامیان گوێزایەوە بۆ ژوورێکی بەندکردنی سەر بە هەواڵگری سەربازی، کە خرایە ژێر پشکنینی پزیشکی و لێپرسینەوەی بەرایەوە.

ریك ووتی " پاسەوانەکان پاکیان کردەوە"، ئەو لەفرۆکەخانە بوو کاتێك هەلیکۆپتەرەکە بە زیندانیەکەوە گەیشت.

عەمید فاست ئەو وێنانەی زیندانیەکەی نیشان دام کەپێش دەستگیرکردن و دوای دەستگیرکردنی گیرابوون.

وێنەکانی یەکەم ئەو کاتە گیرابوون کەوا گەیشتبووە فرۆکەخانە. بە چاوە ڕەشباو و تیژەکانیەوە دەکرا ئەو پیاو بناسرێتەوە کە صەدامە، سەرەڕای ڕیشە چرەکەی کەوا مووی سپی تێ کەوتبوو هەروەها بە قژە سپی بووە گژەکەشیدا. دیاربوو ماندوو بوو، بێ ئەوەی واز لەڕوودا وەستانەوە بێنێت.

ریك سانشێز ووتی، " ئەمەش وێنەکەیەتی دوای تاشینی ڕیش و برینی قژی".

سمێڵەکانی رەش و ، قژی کورت بوو. گومانی تێدا نیە کە ئەم ڕووخسارە دەرکەوتووە لەم وێنەیەدا صەدام خۆیەتی. باربرا ئەوەی روون کردەوە کە گروپی هەواڵگری دوای ئەوە چوار کەسی هێناوە " زیندانیە پلەدارەکانی رژێم" کەلە صەدامەوە نزیك بوون بۆ ئەوەی بیناسنەوە: دووان لە جێگرەکانی سەرۆك- یەکێکیان تاریق عەزیز بوو- بەعسیەکی گەورەی تر و، سکرتێرە تایبەتەکەی. هەموویان جەختیان کردەوە کە ئەو پیاوە دەموچاو لۆچ و ژاکاوە کە لەسەر قەلەویزەیەکی سەربازیی راکشاوە لەو ژوورە بێ پەنجەرەیەدا لەواقیعدا صەدام حسێن خۆیەتی.



Scanned with CamSc

پیاوانی هەواڵگری قسەی زیندانیەکە لەگەڵ هاوەڵە بەعسیەکانیدا تۆمارکردبوو، خەریکی شیکارێك بوون بۆ دەنگەکە بۆ بەراووردکردنی ریتمی قسەکان لەگەڵ قسە تۆمارکراوەکانی پێشتری سەرۆکدا. کەمێك پێش بەرەبەیان، فڕۆکەی سی- ١٧ هەستاو گرنگترین شتێك کە ئەم فڕۆکەیە هەڵیگرتبوو بریتی بوو لە کەمێك لە لیك کەوا کێشەکەی تەنها یەك ئۆنصە بوو بۆ بەراوردکردنی بە نمونەی DNA خێزانەی صەدام حسێن کە لای ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی لەئەڵمانیا هەبوو.

هەروەها ریك ووتی، " پلانەکەی وەزیری بەرگری تایبەت بە گرتنی سەرۆك ئەوەی دەخواست کە بگوازرێتەوە بۆ کەشتیەکی مارینزیی ئەمریکی لەکەنداو بۆ ئەوەی ژیانی پارێزراوبێت".

وەڵامم دایەوە، " ناتوانین ئەوە بکەین".

ئەگەر صەدام دیلی جەنگ بێت لای هاوپەیمانان، ئەوا رێکەوتننامەی جنێف رێگە نادات لەدیلیدا نیشان بدرێت- ئیدی لێرە بێت یان لەسەر کەشتیەکە لەکەنداو. بەڵام ئەگەر لەوڵات بردمانە دەرەوەو وێنەی دیکتاتۆری پێشوومان وەك زیندانیەك پەخش نەکرد، ئەوا زۆرێك لەعێراقیەکان رەتی ئەوە دەکەنەوە کە صەداممان گرتبێت- کە ئەوان لەهەموو نەتەوەکانی جیهان زیاتر دەست بە عەقڵیەتی پلانگێڕییەوە دەگرن.

بەهەردوو ژەنراڵەکەم ووت، " گەل پێویستی بەسەلماندنێکە کە ئێمە ئەومان گرتووە".

هەردوکیان لەمە تێگەیشتن. ماوەی چەند مانگێکە لەبازاڕدا ئەو پروپاگەندەیە بڵاوبۆتەوە کە ئێمە صەداممان دەستگیرکردووە رێکەوتنێکمان لەگەڵدا ئیمزاکردووە. وە صەدام ئێستا لە " کێڵگەیەکدا دەژی لەفلۆریدا"، سەرەڕای ئەوەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی و ناوچەیی تۆمارێکی دەنگی پیاوێکیان بڵاوکردەوە کە گوایە هی صەدام حسێنە و هانی " عێراقیە دڵسۆزەکان" دەدات بۆ ئەوەی باخی بن و ڕاپەڕن.

ئێستا هەڵێکمان لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی بۆ عێراقییەکان و بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنین کە ئێمە صەدام حسێنمان دەستگیرکردووە، هیچ ئەگەرێکی گەڕانەوەی رژێمی بەعسیش نەماوە بۆ بەغدا.

هەروەها ئەوەشم پێووتن کە ئەنجومەنی حوکم پێش چوار رۆژ ڕازی بووە لەسەر ئەوەی کە دادگایەکی عێراقی تایبەت دادەمەزرێنرێت بۆ دادگایکردنی تاوانەکانی جەنگ لەعێراق. گومانیشی تێدا نیە کە ئەوان پێشینی ئەوە دەکەن کەسەرۆکی پێشوویان ڕادەست بکرێتەوە.

ووتم، " من دەرك بەوە دەکەم کە گرنگە بەنسبەت پیاوانی هەواڵگری سەربازییەوە سوود لەصەدام وەربگرن لەبارەی وەرگرتنی هەر زانیارییەك کە بتوانین بەدەستی بهێنین. بەڵام گرنگە رێگەیەك بدۆزینەوە، بە جێبەجێکردنی رێکەوتنامەکەی ژنێف یان نا، بۆ ئەوەی عێراقیەکان ڕازی



Scanned with CamSc

بکەین کە دواجار ئێمە دەستگیرمان کرد".
بەجەماعەتم راگەیاند باشترین رێگە بۆ هەستان بەوە ئەوەیە کە وەفدێکی بچووک لەئەنجومەنی
حوکم سەردانی صەدام بکەن. دەتوانن خەڵك لەوە دڵنیابکەنەوە کە زیندانیەکەیان بینیوە. ووتیشم
" من پەیوەندی بە پاچەچیەوە دەکەم، کەئێستا بەوەکالەت سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حوکم دەکات
بۆ ئەوەی بزانین دەتوانێت چی بکات".
دوای ئەوەی سانشێز و فاست چوونە دەرەوە، من و جۆنز لەم هەنگاوانەمان کۆڵیەوە.
ووتم بەجۆنز " پێویستە ئەم سەرکەوتنە تەبەنی بکەین. کە لەوانەیە خاڵی وەرچەرخان بێت".
دیك بەرەزامەندییەوە ووتی " ئەمە هەواڵێکی مەزنە"، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە مردنی هەموو
ئەندامەکانی خێزانی صەدام یان دەستگیرکردنیان، هەلێکی راستەقینە دەبێت بۆ ئامادەکردنی
پرۆسەیەکی راگەیاندنی پێشەنگ و ئەخشە بۆکێشراو. دیکیش بەو پێیەی کە باڵیۆزی ئەمریکی
بوو لەکوەیت، سەرپەرشتی شانەیەکی هاوبەشی هەواڵگری فرە رەگەزەکانی کردو دەرکی بە
گرنگی پرۆسە راگەیاندنەکان دەکرد. دەکرێت پەیوەندییە کەسیەکان و ئامرازەکانی راگەیاندنی
ناوچەیی و هەرێمی بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکەیە نیشانی باخبوەکان بدرێت کەوا کاتی
ئەوە هاتووە– دوای بەندکردنی صەدام لای هاوپەیمانان– ئیدی چەکەکانیان فڕێدەن و دەست بە
پرۆسەی ئاشتەوایی بکەن.
داوام لەدیك کرد پلانی پرۆسەی راگەیاندنەکە لەئەستۆ بگرێت. " بۆ ئەوەی خۆمان لە
پروپاگەندەی ئەمریکی لابدەین و بەپێی توانا عێراقیەکان بخەینە پێشەوە".
دیك ووتی، "دوای نیوەڕۆ بیرۆکە بەراییەکانم دەخەمە پێش چاوت".
دوای ئەوە سانشێز پەیوەندیکردو پێی ڕاگەیاندم کە "وەزارەتی بەرگری وازی لە پلانی
گواستنەوەی صەدام هێناوە بۆ ناو یەکێك لەکەشتیەکان". بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵی دەستگیرکردنی
صەدام لەبەردەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەکاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ و لەناوەندی کۆنگرەکانی
دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان هەموو رێوشوێنە پێویستەکانمان گرتەبەر. دوای ئەوەش، وەفدێکی
بچووکی ئەنجومەنی حوکم دەبەین بۆ فرۆکەخانە بۆ ئەوەی زیندانیەکە ببینن.
هەندێك کاتم دیەوە بۆ ئەوەی تێبینیەکی بچووك بنێرم بۆ لیوا رای ئۆدیرنۆ، سەرکردەی فرقەی
پیادەی چوار.
" تۆ و گروپەکەت وەك رێکەوتێکیش لەهەمان ئەو رۆژەدا دەمویست سەردانی بکەم لەتکریت.
لەڕاستیدا پاڵەوانن. ئێوە رۆژێکی نایابتان هێنا بۆ هەموو عێراقیەکان و ئێمە زۆر شانازیی
بەهەمووتانەوە دەکەین".



Scanned with CamSc

" ڕۆژێکی گرنگ و پڕ بایەخ دەبێت"، ئەمەم بە سو شی ووت لەکاتێکدا کە ئەو دوو دەسکی تەلەفۆن لەژێر چەناکەیدا بوون و، دەیویست خشتەی مەوعیدەکانم سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە.

هەر پرسیاری کرد ، " ئایا هەموو ڕۆژەکان وا نین"؟

سانشێز پێیڕاگەیاندم کە ڕامسفێڵد بەسەرۆکی ووتووە- کەئێستا لەکەمپ دیڤیدە بۆ بەسەربردنی پشووی کۆتایی هەفتە- سەبارەت بە پرۆسەی گەڕان و دەستگیرکردنەکە. سەرۆکیش پێشبینی دەکات کە پیاوە گیراوەکە صەدام حسێن بێت، لەبەرئەوە ئەو دەیویست لەدوای نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممەدا، دوای دڵنیابوونەوە لەمەسەلەکە وتارێك پێشکەش بەگەل بکات.

لەبەئەوە دوای ئەوەی کاتژمێر لە نۆی بەیانی لایدا لەبەغدا یان یەکی بەیانی لە واشنتۆن، بڕیارمدا کە کۆندی ڕایس بەخەبەر بێنم و هەواڵەکەی پێبگەیەنم. یەکسەر ژووری ڕەوشەکان لەکۆشکی سپی پەیوەندیەکەمی بەوەوە بەستەوە.

پێمڕاگەیاند، " گومانی تێدا نیە کە صەدام حسێنە".

ووتی، " سەرۆك بەئاگا دەهێنم. ئەو دەیەوێت بزانێت".

چەند کاتژمێرێکم لەگەڵ دۆن هاملتۆنی نوسەری وتارەکانمدا بەسەربرد، کە ڕاگەیاندنی دەستگیرکردنەکەی صەدامیان پوختوس دەکرد. ڕەشنوسی بڕیارەکەمان بە تەلەفۆن بۆ دان سێنۆری ڕاوێژکارە ڕۆژنامەوانیەکەم خوێندەوە کە ئەو کاتە لە تۆرێنتۆ بوو لەماڵی دایکی، دان پێشنیاری هەندێك گۆڕانکاری کرد- بەشێوەیەك کە ئاسان بێت بۆ وەرگێڕە خێراکە لەژووری کۆنگرەکان بۆ ئەوەی بتوانێت دەقەکە وەربگێڕێت بۆ عەرەبیەکی ساناو ڕوون.

دان پێداگری کرد کە پێویستە لەسەرمان ئەوە بۆ گەلی عێراق بسەلمێنین کە ئەو کەسەی لامانە خودی صەدام حسێنە. ئەوەش ئەوە دەخوازێت کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆرئاوایی و عەرەبی قەناعەت پێبکەین کە گیراوەکە خودی صەدام حسێنە. کاتێك کە هێزەکان لە مانگی تەمموز/ یۆلیۆدا دوو کوڕەکەیان کوشت، بۆ داتانی ستورێك بۆ ئەو پروپاگەندانەی کە دەیانووت کوڕەکانی صەدام هەڵهاتوون ناچاربووین وێنەی تەرمەکانیان بلاوبکەینەوە.

ئێستا لەکاتی کارەکەماندا، هەندێك ڕاپۆرت گەیشتن کە ئاماژە بەوە دەکەن ئامرازە نوێ و چالاکەکانی ڕاگەیاندنی عێراقی هەندێك هەواڵ بڵاودەکەنەوە کە هەناسەکان قەتیس دەکات یان چاپی زیادەی ئەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانە دەفرۆشێت کە هەواڵی دەستگیرکردنی صەدامی تێدایە لەلایەن ئێمەوە. ڕوونە کە هەواڵەکە دزەی کردووە بۆ گوندنشینە سوننەکانی دەورووبەری تکریت، پاشان یەکسەر گەیشتووە بە پایتەخت. هەندێك لەگێڕانەوەکان باسیان لەوە دەکرد کە صەدام هەڵهاتووە، یان کوژراوە. هاوکات ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی عێراقی دەیانوویست هاوبەشانان



Scanned with CamSc

جەخت لەهەواڵەکە بکەنەوە.

پێش نیوەڕۆ، پەیوەندیمکرد بە پاچەچیەوەو، پێمڕاگەیاند کە پروپاگەندەکان ڕاستن: صەدداممان دەستگیرکرد. یەکەمجار قسەی بۆ نەکراو پاش ساتێك تەقیەوەو ووتی، " چەند ڕۆژێکی مەزنە بۆ عێراق و هاوپەیمانان. پیرۆزبایت لێدەکەم جەنابی باڵیۆز".

ووتم، " من و ژەنراڵ سانشێز دەمانەوێت دوای نیوەڕۆ هەواڵەکە ڕابگەیەنین و هیوادارم لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا لەگەڵمان بێت".

" ئەوە شکۆدارم دەکات جەنابی باڵیۆز". هەروەها ڕازی بوو لەسەر کۆکردنەوەی وەفدێکی بچووك لەئەنجومەنی حوکم بۆ ئەوەی دوای ئەوە سەردانی صەددام بکەن.

من و دۆن هاملتۆن گەڕاینەوە سەر کارەکەمان. پێویستە ڕاگەیاندنەکەم کاریگەر بێت بێ ئەوەی لوتبەرزی سەرکەوتنی پێوە دیاربێت. لەوەش گرنگتر ئەوەیە پێویستە پەیامەکە جەخت لەمانای ئەم ڕووداوە مەزنە بکاتەوە بەنسبەت گەلی عێراقەوە. هەروەها جارێکی تر وویستم پێداگیری بکەمەوە لەسەر هیوای عێراق بەئاینده.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، ناوەندی کۆنگرەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان تەواو پڕبوو بوو. پەیامنێرە خۆرئاواییەکان و عێراقییەکان و هەرێمی و عەرەبیەکان هەموو کورسیەکانیان گرتبوو. زۆربەی تۆڕەکانی تەلەفزیۆنە گەورەکان لەجیهاندا دەیانویست هەواڵەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بگوێزنەوە.

عەدنان پاچەچی پێشکەوت بۆ سەر شانۆکەو من و ریك سانشێزیش لەدوایەوە بووین. ئەوان لەملاو لامەوە وەستان، مایکرۆفۆنەکەم برد و، ووتم، خوشکان و برایان"، تۆزێك بەشێوەیەکی دراماتیکیانە وەستام، " دەستگیرمان کرد"!

چارلز هیتلی یاریدەدەرە ڕۆژنامەوانییە بەریتانیەکەم کە بەعەرەبی قسە دەکات پێش ئەوەی بچمە سەر شانۆکە پێشنیاری بۆ کردم کە یەکەمجار ئەم سێ قسەیە بکەم. چونکە وەرگێڕانی ئاسانە. چارلز ووتی، " تۆ پێویستت بە شتێکی ئاسانە کە کاریگەریەکی باشی هەبێت". لەڕاستیشدا کاریگەری ئەوە خێراو زۆر کاریگەرو ووروژێنەر بوو . ڕۆژنامەنوسە عێراقیەکان هەستانە سەر پێ، بەدڵگەرمیەوە هاواریان دەکرد، هەروەها ژمارەیەك لەرۆژنامەنوسە خۆرئاواییەکانیش، بەڵام گوزارشتەکانی خۆشی زیاتر لەسەر سیماو ڕوخساری عێراقیەکاندا دیاربوو. هەستمکرد کە ئێمە کەلەئازادیدا لەدایك بووین و پەروەردە بووین لەسەری، ناتوانین ئەو کاریگەریە دەروونیە قوڵە بۆ زۆرداریی هەڵسەنگێنین. تاو ئەو کاتەی کە صەددام بەرەڵاو ئازادبوو لەشوێنێکدا، عێراقیەکان ترسی ئەوەیا هەبوو بگەڕێتەوە.



Scanned with CamSc

بەردەوام بووم ووتم، " لەکاتژمێر هەشت و نیوی شەوی شەممەی ١٣ کانونی یەکەمی /دیسەمبەر بەکاتی عێراق صەدام حسێن لەناو ژێرزەمینێکدا لەشارۆچکەی دور دەستگیرکراوە، کە بە پانزە کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری تکریتەوە".

پرسیارم کرد کە وەرگێڕەکە چۆن گوزارشتی لەووشەی ژێرزەمین "Cellar" کردووە. من و دۆن مشتومڕمان کرد لەسەر بەکارهێنانی ووشەی "چاڵێکی جاڵجاڵۆکەیی" (spider hole) بەڵام زانیمان ئەم گوتە عامیەی کە سەربازە ئەمریکیەکان بەکاری دەهێنن جۆرە تێکەڵی و ناحاڵیبونێك دروست دەکات. ئیدی گوتە عەرەبیە بەکارهێنراوەکە هەرچۆنێك بێت، ئەوا ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو دیکتاتۆرەی کە بەملیارات دۆلاری لەکۆشکەکاندا بەفیڕۆدا لەواقیعدا ئێستا کەوتووە.

روونمکردەوە کە من دەمەوێت هەندێك ووشە ئاراستەی گەلی عێراق بکەم پێش ئەوەی پاچەچی و سانشێز قسە بکەن:

ووتم، " رۆژێکی مەزنە لە مێژووتاندا. سەدان هەزار کەس لەنێوە بەدرێژایی چەندین دەیە بەدەست ئەم پیاوە بێبەزەیی و ستەمکارەوە ناڵاندوتانە. بەدرێژایی چەندین دەیەش صەدام داونی بەگژیەکداو، بەدرێژایی چەندین دەیە هەڕەشەی لەدراوسێکانتان کردووەو هێرشی کردۆتە سەریان".

هەندێك لەپەیامنێرە عێراقیەکان تێبینیەکانیان دەنوسی. هەندێکی تریشیان لەگەڵ ئەوانەی لەلای چەپمەوە ئامادەبوون بەهەنسکەوە دەگریان.

ووتم، " ئەو رۆژانە رۆیشتن و ناگەڕێنەوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بۆ ئاینده بڕوانین، بۆ هیوا بە سبەینێ، بۆ ئاینده‌ی ئاشتەوایی".

" ئاینده‌ی عێراق، ئاینده‌ی ئێوەیە، هیچ رۆژێك وەك ئەمڕۆژە پڕ لەهیواو ئومێد نەبووە".

هەروەها جەختمکردەوە لەسەر ئەوەی " ئابووری بەرەو پێش دەڕوات. لەبەردەمیشتاندا لەماوەی چەند مانگێکی تردا ئەگەری بەرپابوونی حکومەتێکی خاوەن سەروەریی هەیە".

عەدنان پاچەچی کە لەلامەوە وەستا بوو نەیدەتوانی کۆنترۆڵی هەستەکانی بکات.

بەردەوام بووم ووتم، " بەگرتنی صەدام حسێن، هەلێکی نوێ هەیە لەبەردەم ئەندامانی رژێمی پێشوودا بۆ ئەوەی کۆتایی بە یاخیبوونە ئازاربەخشەکەیان بێنن، ئیدی ئەگەر مەدەنی بن یان سەربازیی".

ئەمە ناوەڕۆکی ئەو پەیامە بوو کە ویستم عێراقیەکان، بەتایبەتی سوننەکان کە پشتیوانی لە یاخیبوون دەکەن، لەکۆنگرە رۆژنامەوانیەکەدا لەگەڵ خۆیاندا هەڵیگرن.

" با بە رۆحی ئاشتەوایی و هیواوە بێنە پێشەوە، چەکەکانیان بخەنە لاوەو بێنە پاڵ ئێوەوە،



Scanned with CamSc

ئەوانەی کە هاوبەشتان لەنیشتماندا، لەئەرکی بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا". تۆزێك وەستام بۆ ئەوەی وەرگێڕەکە پێم بگاتەوە. " ئێستا کاتی هاتووە بۆ هەموو عێراقیەکان- عەرەب و کورد، سوننە و شیعەکان و مەسیحیەکان و تورکمان- بۆ بونیادنانی عێراقێکی گەشاوەو دیموکراسی بەئاشتی بژی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دراوسێکانیشدا".

دوای ئەوە پاچەچی چووە سەر سەکۆکە. بەعەرەبیەکی ڕەوان باسی لەو خۆشحاڵیە کرد کە خۆی و هەموو گەلی عێراقی گرتۆتەوە. ووتیشی، هەمووان لەوڵاتدا دەتوانن " بڕوانە ئاییندە" دڵنیابن لەوەی کە " عێراقی ئازادو نوێ" دەتوانێت حوکمی خۆی بکات.

دوای ئەوە سانشێز ڕایگەیاند کە " دیوەزمەی درێژی عێراق کۆتایی پێهات" دواتر باسێکی درێژی لەبارەی پرۆسەکەوە کرد. ڕونیکردەوە شوێنەکەی دیکتاتۆر لەناو " کێڵگەیەکی چۆڵکراودا" دۆزراوەتەوە لەنزیك تکریت. هیچ کەسێك بەو هێزەوە بەرەنگەرتووەو بریندار نەبووەو، تەنها یەك گوللەش نەتەقێنراوە. صەدام حسێن: دیل"، سانشێز بەپێداگریەوە ئەم وشەیەی ووت، " زۆر قسە دەکات و هاوکاری نیشان دەدات". داوای کرد کە گڵۆپەکان بکوژێنرێنەوەو کاسێتە ڤیدۆیەکەی لەبارەی شوێنی دەستگیرکردنەکەوە نمایشکرد. هەروەها فیلمەکە ژێرزەمینێکی نیشاندا کەبەباشی لەناو زەویدا هەڵکەنرابوو بەشێوەیەك زۆر بەزەحمەت نەتوانرێت هەستی پێبکرێت و ببینرێت کەلەسەرەوەدا دەلاقەیەکی ستونی هەبوو هەروەها ژورێکی ناسۆیی و پانکەیەکی هەواگۆڕکێی ڕووگیراو و پەنهان.

پاشان کاسێتەکە گۆڕا فیلمێك نیشاندرا کە تێیدا صەدام دوای دیلکردنی پشکنینی پزیشکی بەرایی بۆ دەکرێت. هەرئەوەندەی وێنەی ڕەنگپەڕیو و هەڵبزرکاوی صەدام دەرکەوت، ئیدی جارێکی تر هاتوهاواری عێراقیەکان و گریانیان جارێکی تر دەستپێکردەوە. ها ئەوەتا، دواجار پاش سی و پێنج ساڵی درێژو سەخت، بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەم پیاوە توقێنەرو خراپە- کە بەدڕاندانەیی خۆی هیچ خێزانێکی عێراقی نەماوەتەوە لەدەستی ئەو تووشی زیان نەهاتبێت- چیدی ئازاد و بەرەڵا نیە.

کارمەندێکی پزیشکی کە دەستکێشی لاستیکی لەدەستدا بوو ڕۆشنکەرەوەیەکی لەناو دەمی صەدامدا هەڵکرد، سەری بەرووتی دەرکەوت کەلەپشتیەوە خشتەکانی دیوارە کۆنە درزبردوەکە دیاربوو. کاتێکیش کە چەند وێنەیەکی تری زیندانیەکە لەسەر شاشەکە نمایشکرا. جارێکی تر هەستی جەماوەرەکە ووروژایەوە. ژمارەیەك لەعێراقیەکان جارێکی تر هەستانەوەو هاواریان کرد، " مردن بۆ صەدام"!

هەروەها جارێکی تر فرمێسك لەچاوەکانی پاچەچیەوە هاتەخوار.

لەماوەی بیست خولەکەکەی دواتردا پاچەچی و سانشێز وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە، پاچەچی باسی لەوە کرد کە صەدام ڕووبەڕووی دادگایەکی تایبەتی دەکرێتەوە، "وەك هەموو ئەو کەسانەی کە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتیان ئەنجامداوە". هەروەها ووتی داوا لەئەنجومەنی حوکم دەکەم بۆ
ئاهەنگێڕان بەبۆنەی دەستگیرکردنی صەدامەوە لەهەفتەی داهاتوودا پشووی ڕەسمی ڕابگەیەنێت.
پەیامنێرە عێراقیەکان جارێکی تر هەڵهاتنەوەو هاواریان کرد، " الله اکبر"!
ڕۆژنامەنوسێکی عێراقی پرسیاری لەسەرۆکی ئەنجومەنی حوکمکرد کە ئایا دەستگیرکردنی صەدام
دەبێتە هۆی بەهێزکردنی " عێراقی نوێی یەکبوو و ئاشتیخواز".
پاچەچی ، بێ دیاریکردن، ووتی: ئەنجومەنەکە کار بۆ ئەوە دەکات چەند دامەزراوەیەك بونیاد بنێت" بۆ ماوەی ئینتیقالی" کە دواتر حکومەتێکی نوێنەرایەتی لێبکەوێتەوە کە گەلی عێراق هەڵیدەبژێرێت. هەروەها پێداگری کرد لەسەر ئەوەی گەلی نوێی عێراق لەسەر دەستورێکی
هەمیشەیی و پەرلەمانێکی نیشتمانی دەوەستێت.
کاتێك کە لەسەر شانۆکە لاچووین و ڕۆیشتین دەنگی چەپڵەڕێزانێکی توند بەرزبۆوە.
دوای ئەوەی سەیری کۆنگرە تەلەفزیۆنیەکەی کردبوو لەکەنەدا، دان سینۆر تەلەفۆنی کرد: "
گرەو دەکەم تەنانەت جەزیرەش ناتوانێت چیرۆکێکی خراپ لەبارەی ئەم هەواڵەوە هەڵبەستێت".
دوای کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکە، پاچەچی و ئەحمەد چەلەبی و موەفەق ڕوبەیعی و عادل مەهدی لەگەڵ سانشێزو سکۆت کارپنتەر و من، چووین بۆ ئەوەی چاومان بە صەدام بکەوێت لەشوێنێکی
نهێنیدا لەنزیك فرۆکەخانە.
بەڕێوەبووین بۆ شوێنی نیشتنەوەی هەلیکۆپتەرەکان لەکۆشك کاتێك مۆبایلەکەم زەنگی لێدا. کۆندۆلیزا ڕایس بوو.
بەگەرمیەوە ووتی، " باشتکرد جێری. کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکە زۆر نایاب بوو".
ووتیشی کە بەیانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کۆنگرەیەك دەبەستێت سەبارەت بەو هەنگاوانەی ئاییندە کەپێویستە لەدوای، دەستگیرکردنی صەدامەوە بهاوێژرێن . " ئایا دەتوانیت لەبارەی ئەوەوە
لەکۆتایی ڕۆژدا کاغەزێکم بۆ بنێریت"؟
" بەدڵنیاییەوە". بەغداد شوێنێکە کە هیچ کەسێك ناتوانێت تێیدا لەسەر ڕابردووە شکۆدارەکانی
بحەوێتەوە.
هەروەها ووتی لەکاتێکی دواتری ڕۆژی شەممەدا دەگەڕێتەوە بۆ نوسینگەکەی.
لامکردەوە بۆ لای پاچەچی، " حەز دەکەیت پەیامێك بنێریت بۆ سەرۆك بوش"؟
پاچەچی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و داوای لەڕایس کرد کە سوپاس و پێزانینی خۆی و ئەنجومەنی



Scanned with CamSc

حوکم بگەیەنێتە سەرۆك و گەلی ئەمریکا. " ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوویی مەزنە بۆ عێراق".

خۆر خەریك بوو ئاوا دەبوو دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ساردو سافە کاتێك کە فڕۆکەکانی بلاك هۆك لەنزیك بینایەکی بەردینی دەورگیراو بە تەلی دڕکاوی نیشتنەوە. پۆلیسی سەربازیی چەکدار زۆر بەباشی پاسەوانی تاکە دەرگاکەیان دەکرد. لای دەروازەکەدا، سانشێز پرسی لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکم کەئایا دەیانەوێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ صەدام ببینن یان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن.

لەپێشدا ڕوانیان بۆ ئەوەیان کەلەهەموویان بەتەمەنتربوو، عەدنان پاچەچی، پاشان بۆ عادل مەهدی، دواجاریش تۆزێك لەگەڵ یەك قسەیان کرد: ئەوان دەیانەوێت بەشێوەیەکی شەخصی ڕووبەڕووی صەدام ببنەوە.

ژەنراڵ سانشێز و یەکێك لەپاسەوانەکان بردیانیان بەناو ڕێڕەوێکی کەمڕۆشناییدا کە درێژییەکەی نزیکەی سی پێ دەبوو، بە ڕەنگێکی سەربازیی زەرد بۆیاخ کرابوو، لەکۆتاییدا لەبەردەم دەرگایەکی کانزایی تۆکمەدا وەستا کەدەکەوتە لای چەپەوە.

دەرگاکەی کردەوە چوونە ناو ژوورێکەوە کە زۆر ڕۆشن بوو، شێوەیەکی نامۆی هەبوو پانیەکەی نزیکەی هەشت پێ دەبوو درێژیەکەشی نزیکەی دوو هێندە دەبوو. دوو گڵۆپی فلۆری لەبنمچیەکەدا دەرکەوتن کەبەهۆی لەرەی شەپۆلی کارەباکەوە کەمێك دەلەرزین.

دیوارەکان هاوشێوەی کاشیە سپیە درزتێبوەکان بوون کە لە وێنەکانی کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا دەرکەوتن. دوو نەخشەی سەربازیی بەغداو دەوروبەری لەسەر کاشی یەکێك لەدیوارەکان لکێنرابوو، لەسەر چەپی دەروازەکەش تابلۆیەکی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان هەڵواسرابوو کە وێنەی پەنجاو پێنج داواکراوەکەی لەسەرە کە هەندێکیان سڕابوونەوە، خەریك بوو وێنەی صەدام حسێن لەژێر هێڵی ئەو بۆیە سورەدا دەسڕایەوە کەهێندە تازە بوو هێشتا ووشك نەبووبۆیەوەو دەمتوانی بۆنی مادە کیمیاییەکانی بۆیەکە بکەم.

بەشی دواوەی ژوورەکە سەکۆیەکی نزم بوو مێزێك و چەند کورسیەکی نارێکو پێکی لێبوو. لەسەر مێزەکە تۆمارکەرێك و چەند بوتڵێکی ئاو ر، هەندێك کیسی خواردەمەنی سەربازیی ئامادەکراوی لێبوو.

چوار ئەندامەکەی ئەنجومەنی حوکم چوونە ناو ژوورە تەنگەبەرەکەوە. ئەمریکیەکانیش لای دەرگاکەوە مانەوە. ئەوە ئیشی ئەوان بوو. لەلای ڕاستی دەرگاکەوە، صەدام لەسەر نوێنێکی سەربازیی دانیشتبوو، دزداشەیەکی خەوتنی عەرەبی سپی لەبەردابوو چاکەتێکی زستانەی شینی دابوو بەسەر شانەکانیدا. نەعلی لاستیکی هەرزانی لەپێدابوو، تێبینیم کرد کە نینۆکەکانی



Scanned with CamSc

قاچەکانی شەق بوو بوون ، وەك ئەوەی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك بەناو قوڕدا ڕۆیشتبێت. لەدووری پێیەکەوە قوتوبەکی پلاستیکی شەربەتی پرتەقالی لێبوو کە لەناویدا قامیشێکی مژلێدانی ڕەنگ مەیلەو پەمەیی دەبوو.

لەسەر دیوارەکەی پشت صەدام حسێنیش، وێنەی فەرمیی پنتاگۆنی رامسفێلدی وەزیری بەرگری و سەرۆك بوش هەڵواسرابوو. ئەو بیرۆکەیە سەرسامی کردم و دەستخۆشیم لەو سەربازە کردەوە کە بەئارامیی بیری لێکردبۆوە.

صەدام بەئارامی دانیشتبوو، لەژێر پێڵوی چاوەکانیەوە چاودێریی دەکردین. سەربازێکی ئەمریکی کە بەعەرەبی قسەی دەکرد لەلای شانی ڕاستی صەدامەوە دانیشت، گومانی تێدا نیە فەرمانی پێکرابوو کەئەگەر یەکێك لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکم هێرشی کردە سەر صەدام ئەو نەهێڵێت. پاسەوانەکە بەسانشێزی ووت، " کەمێکە لەخەو هەستاوەو، هەندێك شەربەتم پێدا".

چوار ئەندامەکەی ئەنجومەنی حوکم لەسەر سەکۆ بەرزەکە ڕیزبوون. چەلەبی یەکێك لەکورسەکانی برد وای لەسەر سەکۆکە دانا کە بتوانێت لەسەرەوە بڕوانێتە صەدام وەك چۆن دادوەر لەسەر سەکۆکەی دەیکات. پاچەچی لەپێشەوە دانیشت، بەڵام لەنزیك لێواری سەکۆکەوە نا. دکتۆر عادلیش کورسیەکی لەپشتی مێزەکەوە دانا وەك ئەوەی کە هێشتا لە دیکتاتۆر بترسێت.

موفەق روبەعیی نەیویست دابنیشێت وەك ئەوەی سەکۆکە بپێوێت دەهاتوو دەچوو بەتوڕەییەوە لەبەندکراوەکەی دەڕوانی و هاواری کرد، " صەدام حسێن، صەدام حسێن، نەفرەتی خوات لێبێت! نەفرەتی خوات لێبێت"!

لە وانە عەرەبیەکانمەوە زانیم کە ئەوە جنێوێکی ترسناکە، ئەو قورساییە سۆزدارییەی هەیە کە هەمان گوزارشت لەئەورووپای خۆرئاوادا لەسەدەکانی ڕابردودا دەیوروژاند. ئێستا سەربازەکە نزیك بۆوە لەسانشێز و لەمن و هەوڵیدا ڕاڤەی ئەو قسە پێووتنە بەصەدام بۆ ئێمە ڕاڤە بکات.

صەدام سیما توڕەو گرژەکەی بەرزکردەوە لە ڕۆشنایە درەوشاوەکەدا. " تۆ کێیت کە نەفرەت لەمن دەکەیت ئەی ئەو خیانەتکارەی لەگەڵ ئەمریکیەکاندا هاتوویت"؟

پاشان ڕووی بۆ لای پاچەچی وەزیری دەرەوە وەرگێڕا کەصەدام نەیفیکردبوو، شێوەی دووانەکەی نەرمکرد و ووتی پێی " بۆچی لەگەڵ ئەم خیانەتکارانەدا هاتوویت؟ تۆ لەوان نیت. تۆ یەکێکی لەئێمە". بۆ پێداگری لەسەر "ئێمە"، صەدام ئاماژەی بۆ خۆی کرد هەتا سەری پەنجەکانی بەر سنگی خۆی کەوت.

من و سکۆت کاپنتەر سەیری یەکترمان کرد. صەدام لەیەکەم ساتی چاوپێکەوتنی وەفدەکەدا



Scanned with CamSc

دەیەوێت جیاوازی بخاتە نێوانیانەوە.

کاتێک پاچەچی هاوەڵێتیەکەی فەرامۆشکرد، صەدام سەرنجی لەڕوخساری ئەوانی تردا و بەرقلێبونەوە پرسی، "کێ پێشکەشم دەکات بەو سەرکردە مەزنانەی عێراقی نوێ"؟

عادل لەپشتی مێزەکەوە وەک داواکاریی گشتی قسەی دەکرد و گاڵتەجاڕییەکەی صەدامی بڕیبوو وتی:

• چۆن دەتوانیت پرۆسەی ئەنفال و هەڵەبجە ڕاڤە بکەیت"؟ ئەو ئاماژەی بە هەڵمەتی سەرکوتکردن و دڕندایەتی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکرد لەدژی کوردەکان.

• بۆچی فەرمانەکانت دەرکرد"؟ عادل وتی و داوای وەڵامی کرد.

• ئەوان خیانەتکارو ئێرانیی بوون"، صەدام ورتە ورتێکی کردو بەدەستی چەپ دەستی ڕاوەشاند، وەک ئەوەی بەیەوێت پێویستی لەناوبردنی سەگە هارەکان ڕابگەیەنێت.

ئینجا چوار ئەندامەکەی ئەنجومەنی حوکم پرسیاریان لەصەدام دەکرد، لەگەڵ پرسیارەکاندا جنێویشیان پێدەدا. ئەو یەکەمجار تووشی سەرسامی بوو. ماوەی چەندین دەیەیەکە هیچ کەسێک بەمشێوەیە قسەی لەگەڵ نەکردووە دوای ئەوەش ئەمردو ژیا بۆ ئەوەی چی ڕوویداوە پێی ڕابگەیەنرێت. پاشان صەدام لێوەکانی بەست و چەناکەی بەرزکردەوە وەک گوزارشتکردنێک لە خۆبەزلزانیی. گوێ لەوانە دەگرێت کە ئۆمن، بەڵام وەڵامناداتەوە مەگەر کاتێک کە گونجاوێت. ڕوبەیعی هاواریکرد، "بۆچی ئازایەتی ئەوەت نەبوو بجەنگێیت یان بەلانی کەمەوە مردن لەکاتی هەوڵداندا"؟

صەدام ڕەتیکردەوە وەڵامی بداتەوە لەبری ئەوە ڕووی کردە سانشێز، کە ژەنراڵێکی سێ ئەستێرەیە (لەریق) بەجلوبەرگە سەربازییەکانیەوە.

لە سەرکردە ئەمریکیەکەی پرسی، "ئەگەر تۆ لەجێگەی مندا بوتایە، ئایا هەوڵی بەرگریت دەدا"؟ شانی هەڵتەکاند، پاشان وەرچەرخاو و بەسووک تەماشاکردنێکەوە وەڵامی دایەوە. "جا چی لەبارەی جەنگەوە دەزانیت"؟

ئەوە موفەق ڕوبەیعیی نەترساند. "بەلانی کەمەوە کوڕەکانت پێش ئەوەی بکوژرێن جەنگان".

ڕا دیاربوو صەدام لەئازاردا ڕاتەکی بەڵام دڵنیا نەبووم لەوە.

ئینجا عادل عەبدولمەهدی لەپشتی مێزەکەوە هەستایەوەو هەردوو قۆڵەکانی بڵاوکردەوەو دەستەکانی کردەوە- کە ئەوە ئاماژەیەکی ڕەق بوو کە صەدامی بەئاگاهێنایەوە. "ئێستا قسەت چیە لەبارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دەیان هەزار کەس کە تۆ لەسێدارەتدان و خستتە ناو ئەو گۆڕانەوە"؟



Scanned with CamSc

لەسێدارەدران"؟ سەری ڕاوەشاند. " ئایا صەدام جەنگەی بەرزکردەوە وەك سوك تەماشاکردنێك. هیچ کەسێکیان پرسیاری لەحرمەکانیان کردوە کە ئەو تاوانبارانە کێ بوون؟ ئەوا هەرو خیانەتکاربوون... تیراتی بوون".

روبەیعی لێی پرسی لەبارەی چەند بەعسیەکی دیارەوە کە صەدام لەسەرەتای هەشتاکاندا کوشتی. بۆچی ئەوەت کرد"؟

بەساردیەوە وەڵامی دایەوە: " ئەو قسەیەکە لەسەر شەقامەکاندا دەکرێت. تۆ پەیوەندیت بەوەوە چیە؟ ئەوان بەعسی بوون". وەك ئەوەی ئەو پیاوانە مولکی ئەو بن بەئارەزووی خۆی لەناویان بەرێت.

پاچەچی چەمایەوە بۆ پێشەوە. " بۆچی کوەیتت داگیرکرد، ئەوە سەرەتای ئەو کارەساتە بوو کە عێراقی تێکەوت".

خەریکە صەدام پێبکەنێت و بێ بیرکردنەوە وەڵامی دایەوە، " کاتێك شتێك دێت بەخەیاڵمدا دەیکەم. من وام".

" بەڵام جەنگێك بەرپا بکەیت..."

صەدام دەستیکرد بە وتاردان و بردن و هێنانی قسە لەبارەی هێرشی ساڵی ١٩٩٠. "... هەموو ئەوە تەواو بیانوهێنەرەوە بوو. بەڵام بەداخەوە هەوڵە دڵسۆزانەکەی موبارەك و فەرەنسیەکان نەیتوانی کردەوە دوژمنکاریەکان ڕابگرێت".

پاچەچی سەری ڕاوەشاند چونکە دیکتاتۆری پێشوو فێڵبازبوو. پاشان صەدام سەری بۆلای ڕاست لارکردەوە و بەتیژی چاوی تیبری و بەتوندی پێی ووت، " دکتۆر پاچەچی، ئایا تۆیش هەروەها پێت وانیە کە کوەیت پارێزگای نۆزدەیەمینی عێراقە"؟

" دکتۆر عەدنان، ئێمە تۆ دەناسین، تۆ وەزیری دەرەوە بوویت چی دەکەی لەگەڵ ئەم کەسانەدا"؟

پاچەچی ووتی کار بۆ بونیادنانی دیموکراسیەت دەکات، صەدام وەڵامی دایەوە دیموکراسیەت لەسەردەمی مندا هەبوو. بەڵام پاچەچی ڕای پێچەوانە بوو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە صەدام فەمانڕەوایەکی زاڵم و ڕەق و دڕندە بوو.

صەدام بەتوندی ووتی " دکتۆر عەدنان ئایا تۆش پێت وانیە کە کوەیت پارێزگای نۆزدەیەمی عێراقە"؟

بیرمکەوتەوە کە من لەبارەی کتێبێکی حزبی بەعسەوە بیستبووم پاچەچی "دایناوو" ئەو کاتەی کە وەزیری دەرەوە بوو لەو لەو کتێبەدا بەڵگەی لەبەرژەوەندی داوای ڕژێم هێنابۆوە بۆ گێڕانەوەی کوەیت بۆ سەر عێراق. پاچەچی ووتی، جارێکی تر قسەی نەکردەوە " ماوەیەکی زۆر بەسەر

ئەوەدا تێپەڕیوە".

دوای چەند خولەکێك روبەیعی بەڕقلێبوونەوەیەکی ئاشکراوە سەیری صەدامی کرد. " بۆچی بەرێز محمد صەدرت لەساڵی ١٩٩٠دا کوشت"؟

صەدام ئاماژەی بۆ سنگی کردە پێگوتێندان یاری بە ووشە کرد. "... صەدر؟ پێمە"! ئەی چی لەبارەی براکانی ئەلحەکیمەوە"؟

صەدام وەڵامی نەدایەوە

عادل عەبدولمەهدی دەستیکرد بەژماردنی ئەو پیاوە ئاینیانەی تری شیعەکان کە صەدام فەرمانی کردبوو بەکوشتنیان، بەڵام صەدام پێبڕی.

"ئەوە قسەی سەر شەقامەکانە دەکرێن".

پێنا پاچەچی بەداخ و حەسرەتێکەوە ووتی: " چۆن توانیت بەو شێوە خراپە مامەڵە لەگەڵ وڵاتەکەتدا بکەیت"؟

صەدام ووتی، " هەمیشە بەرژەوەندی گەلم خستۆتە پێشەوە. لەهەڵبژاردنێکی پاکوبێگەردانەدا هەڵبژێردراوم. هەتا ئێستاش دەتوانم برۆم لەهەر شارێکی وڵاتدا بەدوێت بخەوم. ئایا تۆ دەتوانیت ئەوە بکەیت"؟

ووشەکانی بەناویەکداچووبوون و دەستەکانی دەلەرزین.

کۆبیر هێلەرم بیرکەوتەوە لەپەناگەکەیدا لەنیسان /ئەپرێلی ١٩٤٥، کەلەناو خەونەکانیدا دەژیاو فەرمانی بەسوپا لەناوچووەکەی دەکرد سوپای بێشوماری سۆڤیەت تێکبشکێنێت کە دەوری بەرلینیان دابوو.

چەلەبی هەستایەوەو بەتوڕەییەوە لە ژوورەکە چووە دەرەوە، ئەوانی تریش بەشوێنیدا چوون. کاتێك کە روبەیعی بەتەنیشت نوێنەکەی صەدامدا ڕۆشت، چاوی تێبڕی و قسەکەی دوبارەکردەوە، " صەدام حسێن، نەفرەتی خوات لێبێت، چۆن ڕووبەڕوی خوا دەبیتەوە"؟

ئەگەر ووشەکان کاریگەرییەکی سۆزداریان هەبوویێت، ئەوا صەدام بەشێوەیەکی باش شاردیەوە، وەڵامی دایەوە، " وەك باوەڕدارێك بە ویژدانێکی ئاسودەوە".

گەڕایەوە بۆ ڕاڕەوە نیمچە ڕوناکەکە. روبەیعی هێشتا توڕە بوو. پاچەچیش لووت بەرزو لەخۆبایی.

بریان مۆبایلەکەی بۆ هێنا کە ژووری ڕەوشەکان لەکۆشکی سپی پەیوەندیی پێوەکردوو پەیوەندیەکەی بەستەوە بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە کە پیرۆزبایی لەگەڵ عیراق کردو باشترین هیواو ئومێدی بۆ خواست. ئەحمەد چەلەبی گەڕایەوە بۆ ژوورەوە دوای ئەوە



Scanned with CamSc

لەکۆمەڵگە دەرەکیەکەوە چووبووە دەرەوە. ئەو بەبێزاری سەری ڕادەوەشاندو بێهیوا بوو لەبینینەکەی صەددام. هەموو هیوایەك لەناوچوو بۆ گۆڕینی هەڵوێستی دیکتاتۆری پێشوو و بەکارهێنانی بۆ یارمەتیدان لەوەی یاخیبووەکان ڕازی بکات چەکەکانیان دابنێن. ئارادەیەك لەڕووی تووڕەبوونیەوە جیاواز بوو ، " هیچ شتێك فێرنەبووە... هیچ شتێك فێرنەبووە"؟

لەکاتی گەڕانەوەدا بۆ لای هەلیکۆپتەرەکان، سکۆت ڕوانی بۆ سانشێز و بۆ من ، " هیچ یەکێکمان یەك ووشە قسەمان نەکرد. وەك ئەوەی بەشێوەیەکی غەریزی زانیبێتمان کە ئەوە مەسەلەیەکی عێراقیە".

کاتی گەڕانەوە بۆ نوسینگە، بریان ماکورماك بەشێوەیەکی سەیر توانی شوشەیەك شامپانیا پەیدا بکات. من و دیك و جۆنزو گروپی ئیدارەی حوکم بەشمان کردو بەکوپی کاغەزی بچووك خواردمانەوە بەخۆشی سەرکەوتنی هێزە سەربازیەکانمانەوە.

داوام لەدیك و سکۆت کرد بێننەوە بۆ وتوێژکردن لەبارەی بیرۆکەی ئەو کاغەزە تایبەتکراوە بۆ کۆبونەوە تەلەفزیۆنیەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی.

ووتم، " پێویستە لەسەرمان ئەوە دیاری بکەین کە چۆن بتوانین سود لەدەستگیرکردنی صەددام وەربگرین تا ئاشتەوایی پێ بەهێز بکەین، سەرەڕای ئەوەی کە دیارنەبوو پەشیمان بێت ، وانیە"؟

سکۆت ووتی، " سووك و ڕیسوا بوو مایەی بەزەیی پێداهاتنەوە بوو. بەڵام لەوانەیە بتوانین سوودی لێوەربگرین".

پێشنیارمکرد : دەکرێت لەلایەنی مەزنیەوە لای صەددامەوە ئیش بکەین و وای لێبکەین کە لەپێناو بەرژەوەندیی میللەتدا بەشێوەیەکی فەرمیی خۆی بدات بەدەستەوەو ئەوە ئیمزا بکات".

سکۆت ووتی: " ئەوە لە کاغەزەکەماندا بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تێبینی دەکەم".

ووتم، هەرچۆنێك بێت، ئێمە دەمانەوێت ئەوە بەکاربهێنین بۆ دروستکردنی تینێك لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی یاخیبوون و بەهێزکردنی ئاشتەواییدا وەکو یەك".

هەمیشە گومانێك هەبوو لەوەی کە صەددام ڕۆڵی هەبێت لەیاخیبووندا. هەندێك لەشیکەرەوان پێیان وابوو کە لەوانەیە صەددام هەندێك ئاراستەکردنی ستراتیژیی دابێتە یاخیبووەکان. زۆربەی شیکەرەوانیش هەستیان بەوە کردووە ئەگەر سەنتەرێك هەبێت بۆ یاخیبوون ئەوا بە فەرمانی عیزەت ئیبراهیم ئەلدووریی ئاوانباری بەعسیی دەمارگیری جێگری سەرۆکی ڕژێمی پێشووی عێراق کاردەکات. بەڵگەنامەی هەواڵگریی نهێنی کەلە ئەمموز/ یۆلیۆی پێشوودا دۆزرایەوە ئەوەی کەشفکرد کە صەددام هەندێك پلانی بۆ یاخیبوون داناوە. هەروەها لای یاخیبووەکان هێزێکی چەند هەزار کەسی هەیە لەبەعسیە توندڕەوەکان لە هەردوو فرقەکانی پاسەوانانی کۆماریی باگور کە



Scanned with CamSc

هەردووکیان لەگەڵ جیهادییە بیانییەکاندا یەکیانگرتووە. هەروەها نزیکەی ١٠٠,٠٠٠ تاوانباریش هەیە کەپێش جەنگ صەدام بەرەڵای کردن. هەرچۆنێك بێت، ڕوونبۆوە کە صەدام مومارەسەی دەسەڵاتێکی تەکتیکی ناکات بەسەر یاخیبووەکاندا لەناو چاڵە قوڕاویەکەیەوە لەنزیك گوندی دور.
دەستگیرکردنی صەدام بووە مانشێتی هەواڵەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گێڕانی ئاهەنگ لەناو کوردەکان و شیعەکاندا.

وتم، " لەوانەیە سونە میانڕەوەکان دەرك بەوە بکەن کە دواجار صەدام مرد".
کۆت وتی ، "لەوانەیە".

هەروەها باسمان لەوە کرد کەدەکرێت دەستگیرکردنەکە وەك هەلێك بقۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی حوکم ڕازی بکەین نەرمی بنوێنن لەبارەی پرۆسەی ڕیشەکێشکردنی بەعسەوە. لەو کاتەوە کە ئەم پرۆسەیەمان بەعێراقیەکان ڕاسپاردبوو لەسەرەتاکانی تشرینی دووەم/ نۆفەمبەرەوە، چەلەبی لەئەنجومەنی حوکمدا بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی بڕیاری ڕیشەکێشکردنی بەعسی وەرگرتبوو کارەکان بەباشی نەدەڕۆیشتن بەرێوە. لە نوسینگەکانمانەوە لەپارێزگاکان و سەرکردە سەربازییەکانمانەوە ڕاپۆرتمان پێدەگەیشت کە ژمارەی ئەوانەی بڕیاری ڕیشەکێشکردنی بەعس دەیانگرێتەوە لەوە تێپەڕیوە کەیەکەمجار پێشبینیمان دەکرد.

لەکاتی گەڕانەوەدا لە سەردانی صەدام، پاچەچی و دکتۆر عادلم هێنابەوە لاوە و هانم دان بۆ ئەوەی ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی سیاسەتەکە تۆزێك نەرم و سوك بکەن وەك بەشێك لەهەوڵەکان بۆ ئەوەی یاخیبوون بێبەش بکرێت لەپشتیوانی. ئەم دوانەش لەبەیاننامەکەیان لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیاندا ئەمەیان وروژاند، ئێستاش پێویستە لەسەرمان کە پاڵ بە چەلەبیشەوە بنێین هەمان هەنگاوی ئەوان بنێت.

ئامادەکارییەکانمان کۆتایی پێهێنا لەپێناو کاغەزی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا بەباسکردنی ئەوەی کە دوای ئەوە چی لەگەڵ صەدام دەکەین.

سۆکت پێداگری کرد لەسەر ئەوەی گرنگە بەزوترین کات صەدام و گیراوە گەورەکانی تر ڕادەستی دادگایەکی عێراقی تایبەت بکەین. سەرلەبەیانی ئەمڕۆش لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە قسەم لەگەڵ عەمید سکۆت کاسل کرد کە پارێزەری گشتی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانە. ئەو پێی وابوو کە صەدام بە دیلی جەنگ دادەنرێت. لەئەنجامی ئەوەشدا ناتوانین ڕادەستی عێراقییەکانی بکەینەوە تا ئەو کاتەی کارە دوژمنکارییەکان کۆتاییان پێدێت یان تا ئەو کاتەی کە حکومەتێکی عێراقی خاوەن سەروەریی بەرپا دەبێت. بۆیە بە گرویی ئیدارەی حوکمم ڕاگەیاند کە ئێمە پێویستمان بەوەیە دەست بە گواستنەوەی ئەو گیراو عێراقیانە بکەین کە وەك دیلی جەنگ حسابیان بۆ

ناکرێت، یان ڕەوشی دیلی جەنگیان نیە.

هیچ شتێك نیە لەعێراقدا کە زۆر ئاسان بێت.

دوای ئەوە بەکاتژمێرێك، سەرۆك پەیوەندی کرد. ڕەزامەندی پێوە دیاربوو وتی " برێمەر، حاڵت چۆنە؟ کارێکی مەزن بوو".

وتم، " من سەیرکەر بووم جەنابی سەرۆك. هێزە سەربازییەکان کارەکەیان بەئەنجام گەیاند".

وتی، " کۆنگرە تەلەفزیۆنیەکەم بینی، بەیاننامەکەت مەزن بوو، پەیامی ئاشتەوایی‌یەکەش ئاپاب بوو".

جەنابی سەرۆك من خۆشحاڵم چونکە هەندێك لەڕاوێژکارەکان پێیان وابوو کاریگەرییەکەی قووڵ بوو. بەڵام پێموایە پێویستە یەکسەر کار لەسەر ئاشتەوایی بکەین".

سەرۆك وتی، " تەواو هاوڕام لەگەڵت"، پاشان گەڕایەوە بۆ کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەو ئاماژەی بەو خۆشیە کرد کە هەموو هۆڵەکەی داگیرکردبوو. " چۆنت توانی خۆت ڕابگری و جڵەوی خۆت بکەیت"؟

" خەریك بوو لەدەستی بدەم، فرمێسك بەچاوی پاچەچیدا هاتەخوارەوە و ڕۆژنامەوانە عێراقیەکان لەریزەکانی پێشەوەدا لەخۆشیان هەنکسیان دەدا".

بوش وتی، " یەکی پاش نیوەڕۆ قسە بۆ گەل دەکەم. گەلی ئەمریکا لەوە ئاگاداردەکەمەوە کۆشش کۆتایی نەهاتووە، هەروەها پیرۆزبایی لەهێزە چەکدارەکان و ئاژانسی هەواڵگریی ئاوەندی دەکەم لەسەر کارە نایابەکەیان. بەڵام ئاشتەوایی بۆ تۆ و ئەنجومەنی حوکم بەجێدەهێڵم".

وتم، " بەیانی بەیاننامەیەك دەردەکەن. وەك دەزانیت، پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ من و ریك سانشێز لەگەڵ چوار لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکم چووین بۆ لای صەدام".

"ئەی ڕەوشەکە لەوێ چۆن بوو"؟

" زۆر نامۆیە. هەشت کەس بووین لەو ژوورە بچووکەدا، دەمتوانی دەستم درێژبکەم و بەری بکەوێت".

وتم، ئەو پیاوێکی تێکشکاو و شکستخواردووە جەنابی سەرۆك، بەڵام ململانێ دەکات. پەنجەکانی لە توڕەییدا سەمایان دەکرد. چەند جارێك وڕتە وڕتی کرد. بەڵام دوای ئەوەی هێزی کۆکردەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەوانە بێتەوە کە ڕەخنەیان لێدەگرت. دیمەنەکە لەو ژوورە بچووکەدا زۆر کاریگەربوو. لەکۆتاییدا، هێشتا صەدام مرۆڤە، هەتا ئەگەر دڕندەیەکیش بووبێت. صەدام گەیشتۆتە کۆتاییەکەی، بۆ چاڵ و نزمان، دەتوانیت لەچاوەکانیدا ئەوە ببینیەوە کە ئەو خۆیشی دەرك بەوە دەکات".

پرسی، " دادگای تایبەتی عێراقی چۆن کار لەگەڵ صەدام دەکات"؟

وتم، ئەگەر وامان دانا بەشێوەیەکی یاسایی صەدام دیلی جەنگە، ناتوانین یەکسەر رادەستی عێراقیەکانی بکەین. بەڵام ژمارەیەکی تری بەندکراومان هەیە کە رەوشی دیلی جەنگ بەسەریاندا جێبەجێ نابێت وە ئێستا لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا کاردەکەم بۆ ئەوەی بزانم دەتوانین هانیان بدەین بۆ ئەوەی بەمزوانە هەستن بە " هەنگاوگەلێکی ئامادەکاری".

سەرۆك سەبارەت بە بیرۆکەکە پێکەنی، پێکەنینێکی خەفەکراو.

وتم، جەنابی سەرۆك، لەوانەیە هەڵێکی راستەقینەمانە لەبەردەستدا بێت بۆ ئەوەی ئێستا ئۆپۆزسیون هەڵوەشێنینەوە. بەڵام پێویستمان بەوە هەیە هەڵمەتەکەمان بە لێپێچینەوەی سەربازی زۆر توند لەدژیان هاوپشتی بکەین".

سەرۆك وتی: " تەواو هاورام لەگەڵت". سەرۆك لەوتارەکەیدا دوای پیرۆزبایکردن لە سەربازەکان بۆ ئەو سەرکەوتنەیان ئاماژەی بەوە کرد کە " دەستگیرکردنی صەدام حسێن مانای ئەوە ناگەیەنێت توندوتیژی لەعێراقدا کۆتایی هاتووە. ئێمە هێشتا رووبەرووی تیرۆریستەکان دەبینەوە، ئەوانەی پێیان باشترە خەڵکی بێتاوان بکوژرێت لەبری ئەوەی ئاسۆی ئازادی لەدڵی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا پەخش بێتەوە" . بەڵام لەکۆتاییدا وتی، " ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناسرەوێت هەتا لەم جەنگەدا سەرکەوتن بەدەست ئەهێنێت".

لە بەیانی ١٥ کانونی یەکەم/ دیسەمبەردا، ئەنجومەنی حوکم بەیاننامەیەکی دەرکرد بۆ گەلی عێراق سەبارەت بە دەستگیرکردنی صەدام. پەیامەکەی بەئایەتێکی قورئانی کردەوە کە نەفرەت لەخەڵکانی خراپەکار دەکات لەسەر زەویدا.

لەدەقی وتارەکەدا هاتبوو " دواجار ئەفسانەی ستەمکاری ئاگرەو روخا. کەوتنە ئابڕوبەرەکەشی بووە دیمەنی کۆتایی لەپرۆسەی رزگاکردنی عێراق لە کۆتەکانی چەوساندنەوەو ترساندن. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە لاپەڕەیەکی نوێ بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی یەکگرتوو و بێوەیی و ئاشتیخواز هەڵبدەینەوە کە هیوا بەخشێتە هەموو رۆڵەکانی".

هەروەها باسی لەئەنجومەنەکە کرد کە بەدەست ئەشکەنجەو کوشتنەوە ئاڵاندویانە، هەروەها هەموو قوربانیەکانی " جەنگەکانی صەدام" و لەوانەی لەماڵەکانیان هەڵکەندراون و ئێستا هاوار بۆ " گەرانەوەی دادپەروەریی"دەکەن.

سەرەرای ئەوەی کە ئەنجومەنەکە کار دەکات بۆ گێرانەوەی " رۆحی لێبوردەیی بۆ بونیادنانی یەکێتی نیشتمانی لەسەر بنەماگەلێکی جێگیر لەرێگەی بێزاندنی توندوتیژی و تۆڵەکردنەوە... ئەنجومەنی حوکم جەخت لەوە دەکاتەوە کە صەدام و صەدامییەکان، تیرۆریستان و ئەو بیانیانەی



Scanned with CamSc

دزەیان کردۆتە ناو عێراقەوە، ئەوانەی بەشداری لە کردەوەی روخاندن و بلاوکردنەوەی تیرۆردا دەکەن، وەك تاوانکاری جەنگ و دوژمنانی مرۆڤایەتی لەدادگایەکی عێراقیی تایبەتدا دادگایی بکرێن، بۆ ئەوەی سزای دادپەروەرانەیان وەربگرن".

بەئاماژەدان بە ئاشتەوایی کۆتایی بە پەیامەکەی هێنا. " ئێمە داوا لەو کەسانە دەکەین کە هەڵخەڵەتاون و تاوانی دژ بەگەلی عێراقیان ئەنجام نەداوە، ئیدی سەربازبن یان مەدەنیی، لایەنگری و دڵسۆزیان بسەلمێنن، ئەمەش وەك هەنگاوێك بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو باوەشی گەلە جوامێرو بەڕێزەکەمان".

بەیاننامەکەشی بەئایەتێکی قورئانی کۆتایی پێهێنا: " ئێمە زوڵم و ستەممان لێنەکردوون بەڵکو ئەوان خۆیان زاڵم و ستەمکاربوون".

هەستم بە شانازیکرد کاتێك کەوا دەقەکەم خوێندەوە، هەموران وەستان و چەپڵەیان بۆ من و بۆ ریك لێدا.

دەستم بەرزکردەوەو ووتم ، " سوپاسی ژەنراڵ سانشێز بکەن".

ئەویش هەروەها ووتی، " سوپاسی هێزەکان بکەن. ئەوان ئەم دەستکەوتەیان بەدیهێنا".

لەو بەیانییەدا بەناو تارمەو هەیوانی کۆشکەکەدا دەگەڕام، فەرمانبەرە عێراقیەکان بەشێوەیەکی لەخۆڕا چەپڵەیان لێدەدا. پاش نیوەڕۆی دوێنێ لەسەر ریتمی تەپڵ و دەفەکان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك لە ڕاڕەوە هیلالیەکەی ئۆتۆمبیلەکاندا سەمایان کرد ئەو شوێنەی کە پەیکەرە برۆنزیەکانی سەری صدام رۆژێك لەرۆژان هەژمونیان بەسەریدا کردبوو.

لەرۆژەکانی هەفتەکانی داهاتوودا، ئەو ئاماژانە بەدەرکەوتن کە هاوپەیمانان لەوانەیە بتوانێت بەشێوەیەکی ئیجابی سود لەدەستگیرکردنی صەدام وەربگرێت.

شەریف عەلی بن حسێن کەداوای عەرشی دەکرد، هەندێك ئامۆژگاریی پێشکەش کرد سەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هۆزە سونیەکاندا، کە ئەو پەیوەندی رێکخراوی لەگەڵیاندا هەیە و هەندێك لەدەسەڵات و قەڵەمڕەویشی لەنێویاندا هەیە. پێی ڕاگەیاندم کەئەو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە لەگەڵ " کەسانێك لەناو یاخیبوەکاندان" وە ئەو ئامادەیە ئەوە لەئەستۆبگرێت بۆ ئەوەی بچێتە بنکەڵێشەیان و بزانێت چیان دەوێت تا هێرشەکانیان ڕابگرن.

ووتم ئێمە هەروەها هەستی دەکەین کە هەلێکی ڕاستەقینە لەئارادایە بۆ ئەوەی کار لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بکرێت، زۆرێکیان شەڕیان دەکرد وایان دەزانی کە صەدام دەگەڕێتەوە. وتیشم کە لەوانی تریش دانیشتبورن و تەماشایان دەکرد دەترسان صەدام بگەڕێتەوە. " ئەو ناگەڕێتەوە. بەڵام دەمانەوێت وتووێژ لەگەڵ هەردوو ئەم دوو گروپەدا بکەین و پێشوازی لە یارمەتیدانت دەکەین".



Scanned with CamSc

نەریف عەلی ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە هەوڵ بدات پەیوەندی بەیاخیبوەکانەوە بکات.
هەستمکرد کە زۆر گرنگە هەوڵ بدرێت سوود وەربگیرێت لەدەستگیرکردنی صەدام بەهاندان لەسەر ئاشتەوایی، ئەوەش بابەتێکە لەکاتی ڕاگەیاندنی دەستگیرکردنی سەرۆکدا جەختم لێکردەوە. لەکۆبونەوەکانمدا لەگەڵ هەر دوو ژەنراڵ ئەبی زەیدو سانشێزدا، ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی هەوڵات زیاد بکەین بۆ دەستگیرکردنی ئەو یارانەی کەهێشتا لەسەر کاغەزەکانی یارین و دەستگیر نەکراون، هەروەها یاریزانە بچووکەکان وەك " ڕێنماسانکارەکان" ئەوانەی ڕێنومایی هێزەکانیان کرد بۆ گرتنی صەدام. هەروەها فشارمکردە سەر هەردوو ژەنراڵەکە بۆ ئەوە سود لەو ئێکسە وەربگرن کە تووشی یاخیبوەکان هاتووە ئەویش بە ڕاگەیاندنی لێبوردن لەو جەنگاوەرە دوژمنانەی کەوا خۆیان دەدەن بەدەستەوەو چەکەکانیان فڕێدەدەن و توندوتیژی وەلاوە دەنێن.
بۆ گەڕانەوەش بۆ بابەتەکە فشارمکرد بۆ ئەوەی پێش چەند مانگێك دەستم بکەوێت، هانی سەربازیەکانم دا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ ئازادکردنی ژمارەیەکی مومکین لە هەزاران بەندکراو، بێ ئەوەی ئاسایش یان کۆکردنەوەی زانیاریی بکەوێتە مەترسیەوە. سەربازییەکان دەستیان بە کار کرد لەسەر بەرنامەی ئازادکردنی بەمەرجی ئەو بەندکراوە بچووکانەی کەهاوکاری دەکەن، کە ئێمە ئامادەین ئازادیان بکەین ئەگەر کەسێکی بەرێز کەفالەتی هەڵسوکەوتی کردن. هەندێك لەو یارانەش، کەپێشتر نەیاندەویست قسە بکەن و زانیاری لەبارەی تۆڕەکانی یاخیبوونەوە بدەن، ئێستا دوای ئەوە زانیان صەدام گیراوە خەریکە قسە دەکەن. ئەم بەرنامەیەش لەکۆتایی کانونی یەکەم/ دیسەمبەردا گۆڕو تینێکی لە هەموو شوێنەکانی عێراقدا دروستکرد.
لەو ماوەیەدا، هێرش بۆ سەرە هێزەکانی هاوپەیمانان بەبڕی ۲۲٪ دابەزی.
بەدواوەتی ئەو کۆبونەوەیەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییم لەیادە کەلەڕێگەی کۆنگرەیەکی تەلەفزیۆنیەوە ئامادەی بووم لەپاش نیوەڕۆی ۱۵ کانونی یەکەم/ دیسەمبەردا.
زۆرری پەیوەندییەکان وەك هەمیشە پڕبوو. لەسەر شاشەکەش، ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەرکەوتن کەلەسەر مێزێك لەژووری ڕەوشەکانی کۆشکی سپی دانیشتبوون.
سەرۆك سەیری سەرەوەی کردو پرسیاری کرد، " جەزیرە چۆن هەواڵەکەی باسکرد جێری"؟
بەزەردەخەنەوە ووتم، " جەنابی سەرۆك هەوڵ و کۆششیان کرد بۆ ئەوەی هەواڵێکی خراپ و ناخۆش بدۆزنەوە، گروپێکیان نارد بۆ درێژترین ڕیزەکانی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەبەغدا بۆ بەنزین وەستابوون، پەیامنێرەکە لە یەکەم شۆفێری پرسی ، تۆ ماوەی پێنج کاتژمێرە لەڕیزدا وەستاویت بۆ ئەوەی بەنزینت دەستبکەوێت. لەبارەی ئەمەوە چی بەهاوپەیمانان دەڵێیت؟ پیاوەکە دەستی بەرزکردەوە لەهەواداو ووتی، " صەدامیان دەستگیرکرد"! بۆیە پەیامنێرەکەی جەزیرە ویستی



Scanned with CamSc

چاوپێکەوتن لەگەڵ شۆفێرێکی تردا بکات ئەویش هاواری کرد، سوپاس بۆ خوا ، صەدامیان دەستگیرکرد! پەیامنێرەکە هەمان پرسیاری سێ یان چوار جار کردەوە- بەلاَم هەمان وەلاَمی دەسکەوتەوە".

سەرۆك وتی، " ئەمە هەواڵێکی مەزنە".



Scanned with CamSc

# کەرتی سێیەم



Scanned with CamSc

## بەشی دەیەم
## دەستپێکردنی جەنگی توندو سەخت

### بەصرە، عێراق
### ٤ کانونی دووەم/ یەنایەر ٢٠٠٤

"ئێوارەت باش جێری"، تۆنی بلێر بەزەردەخەنە ئاساییەکەی خۆی ئەمەی ووت. " خۆشحاڵم جارێکی تر دەتبینمەوە". چووبووم بۆ بەصرە بۆ کۆبونەوە لەگەڵ تۆنی بلێری سەرۆک وەزیری بەریتانیادا. تەوقەکردنەکەی بلێر گەرم و شێوازەکەی نەرم بوو. لەفرۆکەخانەی بەصرەدا تێکەڵ بوو لەگەڵ سەربازەکان و پیاوانی مارینزی شاهانەدا پێش ئەوەی بێت بۆ بارەگای سەرکردایەتی لەبینای فرۆکەخانەکە.

سێر جێرمی گرینستۆکی گەورەی مەدەنیەکان لەناو هاوپەیمانانداا لەگەڵمهات. دوای ئەوەی کە چامان خواردەوە ، سەرۆک وەزیران پرسیاری کرد کاروبارەکان چۆن دەڕۆن بەرێوە.

" سێ گرفتی سەرەکیمان هەیە: چۆن چارەسەری ترسی شیعەکان سەبارەت بەهەڵبژاردنەکان بڕەوێنینەوە، چۆن پەیوەندی بەعەرەبە سونەکانەوە بکەین و، چۆن پارێزگاریی لەبەردەوامی پشتیوانی کوردەکان بکەین".

بلێر زەردەخەنەیەکی هاوسۆزانەی کرد و ووتی، " ئەمە کارێکی گەورەیە".

ووتم، " با یەك یەك باسیان لێوە بکەین. شیعەو هەڵبژاردنەکان".

بەو هەوڵاندا چوومەوە کە لەدوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەرەوە پێی هەستاین بۆ ڕازیکردنی سیستانی کە لەڕووی تەکنیکیەوە ناتوانرێت لەو ماوەیەدا کە دیاریکراوە هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدەین کەئەویش ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆیە. بەڵام نەمانتوانی دڵنیابینەوە لەهەڵوێستەکەی لەبەرئەوەی خۆپارێزی دەکات لەدەستەڕووی- لەهەندێك کاتدا وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ فێڵە گومانلێکراوەکان لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمدا.

لەنامەیەکدا کە لە بەرواری ١٥ کانونی یەکەم/ دیسەمبەردا ئاراستەی منی کردووە، سیستانی ووتی ئەو دەیەوێت لیژنەیەك لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بێت بۆ عێراق بۆ لێکۆڵینەوە لەمەسەلەکە" بۆ ماوەی سی ڕۆژ"، پاشان پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێك لەلایەن ئەوەوە بەوەی کە ناتوانرێت بەهاتنی ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێن.



Scanned with CamSc

هەروەها بە بلێرم ووت، " ئەوەش وەك خوازیارم وایێت بۆ ئەوەیە ئاوی ڕووی خۆی پارێزێت".
هەروەها هیوادارین، کاتێك کە سیستانی ڕازی دەبێت بەوەی هەڵبژاردنەکانی حکومەتی ێتیقالی مومکین نیە: پشتیوانی بکات لەهانابردن بۆ سستمی کۆنگرەی ناوچەکان کە لەرێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا هاتووە. ئەم سستمە یارمەتی دەردەبێت لە دابینکردنی ئامانجی تێکرایی بە بەشداریکردنی کۆمەڵەیەکی فراوانتر لەعێراقیەکان لە دیاریکردنی ئەنجومەنی ێشتمانی ێنتیقالیدا پێش ڕادەستکردنەوەی سەروەریی لە ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆدا.
ووتیشم، "لەهەفتەی ێشوودا بەسەرۆکم ڕاگەیاند کە لەوانەیە ئێمە لەبەردەم شێوازەکانی داتوستانی فارسی تەقلیدیدا بین. هەر کاتێك کە سازشت پێشکەشکرد، ئەو داواکاریەکی نوێ پێشکەش دەکات. گومانی تێدا نیە کە ئەمە ئەزموونی ئێمەیە لەگەڵ سیستانی لەماوەی چەند مانگی کۆتاییدا".
بلێر سەری هاوڕابوونی ڕاوەشاند. " ئەوان ماوەیەکی درێژە بەم شێوەیە کاردەکەن".
ووتم، بەڵام ئەگەر ئایەتوڵڵا بتوانێت ئەو پرۆسە سیاسیە لەناوبەرێت کەلەسەری ڕێکەوتووین، ئەوا ئەمە خراپترین ترسی عەرەبە سونەکان و کوردەکان دەسەلمێنێت کە یەك پیاوی ئاینی ئایندەی عێراق دیاری بکات".
بە بلێرم ڕاگەیاند کە عەبدولعەزیز حەکیم، سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم لەکانونی یەکەم/ دیسەمبەردا، پێش چەند ڕۆژێك بەناردنی نامەیەك بۆ کۆفی ئەنان تووشی سەرسامی کردین کەتێیدا بەشێوەیەکی فەرمی پرسیار لەنەتەوە یەکگرتوەکان دەکات کەئایا هەڵبژاردنەکان مومکین دەبێت یان نا، هەروەها داوای پێشنیاری ڕێگەیەکی ئەلتەرناتیڤ دەکات بۆ بونیادنانی حکومەتێکی عێراقی پێش ٣٠ حوزەیران/یۆنیۆ. وەك سەرۆك وەزیرانیش دەزانێت، ئەمینداری گشتی داوای کۆبونەوەی کرد لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم و هاوپەیمانانندا لەنیۆیۆرك لە١٩ کانونی دووەم/ یەنایەر، ئەوەش لەوانەیە حەیەویی بێت بۆ پارێزگاریکردن لە بەرەوپێش چوونی پرۆسەی سیاسی.
هەروەها بەسەرۆك وەزیرم ڕاگەیاند کە هەوڵەکانمان بەردەوامە بۆ فراوانکردنی پەیوەندیکردنی هاوپەیمانان بەسونە قینگرتوەکان لەعێراق. ئەوەش ئەولەویەتێکی هەرە گەورەیە بەڵام زەحمەتە ئەنجامدانی. بۆ ئەمەش چەند سەد ملیار دۆلارێکم بۆ ئەو پرۆژانە تەرخانکردووە کە لەپارێزگا سونیەکاندا ئەنجام دەدرێن.
بلێر بزۆکانی بەرزکردەوەو پرسی: " ئەی لەبارەی کوردەکانەوە".
وەك هەموو سەرکردە بەریتانیە زیرەکەکان، بلێر بەئاگابوو لەمێژووی ئیمپراتۆریەتەکە و دەرکی بەو مەترسیانە دەکرد کە کەمینەیەکی ڕەگەزیی لەمێژە چەوساوەی وەك کوردەکان لەسەر

سەقامگیری وڵاتە دروستی دەکەن.

دام بەوەدانا کە " کوردەکان گرفتێکی ڕاستەقینە دەبن".

پێش دوو رۆژ لەسەردانی کەرکوک گەڕابوومەوە لەگەڵ ژمارەیەك لەئەندامانی گرووپی بەڕێوەبردنی حوکم لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاگاداربوینەوە لەو ئاڵۆزیانەی لەشارەکەدا هەن کە سامانی کێڵگە نەوتیەکانی باکور دەکەونە ناو ئەم شارەوە. کاتێك گەیشتین، خۆپیشاندانێکی " ناشیانەمان" بینی کەوا پاوانی میلیشیاکان و سیاسیە کوردەکان ڕێکیان خستبوو دواتر گۆڕا بۆ توندوتیژی، کە بووە هۆی کوژرانی کەسێك و دەیان بریندار. کوردەکان پێیان وایە کەرکوك شارێکی کوردیی بووە، بەڵام بەهۆی سیاسەتی تەعریبی صەددامەوە لەماوەی سی ساڵی ڕابردودا شارەکە بووە بەعەرەب.

لەدوای ڕزگارکردنیشەوە، کوردەکان خۆیان کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبن. هێزەکانی پێشمەرگەش عەرەبەکان ناچار دەکەن بۆ ئەوەی کێڵگەکان بەجێ بهێڵن و، ماڵ و دوکانەکانیان لەبازاڕدا چۆڵ بکەن. هەروەها کوردەکان هەڵدەستن بەکۆکردنەوەی هێزەکانی پۆلیس و بونیادنانی حکومەتی سێبەر. ئەوەش کە ئاماژە بەخراپی ڕەوشەکە دەدات بەهۆی هاوکاریکردنیان لەگەڵ هاوپەیمانانda ژمارەیەك لەعەرەبی ناسراویان ڕفاندووە.

سەرۆك وەزیرانی پرسی، " ئەی دەستور چۆن بەرەو پێش دەڕوات"؟

وەڵامم دایەوە کە یاسای ئیدارەی ئینتیقالی لەنێوان گرنگترین ڕەگەزەکانی میراتی هاوپەیمانانda دەبێت بۆ عێراقی نوێ. ئەگەر بەشێوەیەکی دروستیش بەئاکام گەیشت ئەوا دەبێتە بنچینەیەکی یاسایی بۆ عێراق و ڕێگە بەئێمە دەدات سەروەریی بدەینە حکومەتێکی ئینتیقالیی کە هەلێکی مەعقولی هەبێت بۆ مانەوە.

لەکانونی یەکەم/ دیسەمبەردا، ئەنجومەنی حوکم لیژنەیەکیان بونیادنا بۆ دەستکردن بە کار لەداڕشتنی یاسای ئیداریی ئینتیقالیدا. دەرئەنجامە بەراییەکانیش ئاوێتەیەك بوو لەسەرکەوتن و شکست. ئێمە نیگەران بووین لەهەوڵی کوردەکان بۆ تەبەنی کردنی هەڵوێستێکی ڕەق، بەتایبەتیش سەبارەت بەمافەکانی حکومەتی کوردیی هەرێمی و ڕەوشی کەرکوك. چەندین عەرەب لەئەنجومەنی حوکم پێشنیاریان کرد لەچاکسازیکردن لەداواکاریەکانی کوردەکان ڕۆڵێك بگێڕین، بۆیە بە گرووپی حوکمی ئیداریی لای خۆمانم ڕاگەیاند بۆ ئەمە لەگەڵ لیژنەی ئەنجومەنی حوکمدا کاربکەن.

* دوو ئاراستەی هاوتەریب دەگرینەبەر: گرووپی ئیدارەی حوکم بەدواداچوون بۆ وردەکاریەکان دەکات لەگەڵ عەرەبەکاندا لەئەنجومەنی حوکم، منیش مامەڵە لەگەڵ مەسەلە گران و دژوارەکانی

کوردەکاندا دەکەم". پاشان هەموو لایەنەکان پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ دانانی دەستورێکی کاتی کە بگرێت فشارەکانی سەروەریی هەڵبگرێت کە باخچەیێکی چەپخوون گەمارۆی داوە، " پێویستە لەسەرمان پێش ١ ی ئازار ئەمانە بەئەنجام بگەیەنین بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر ئەو ئاراستەیە بچینەوە کە ڕێککەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر دیاریکردووە.

بلێر ووتی، " لەکۆتاییدا پێموایە لەبنەڕەتدا گەلی عێراقیش ئەوەی دەوێت کە ئێمە دەمانەوێت بۆ عێراق. ئەمەش خاڵی بنچینەییە کەپێویستە لەبەرچاومانی بگرین لەکاتی هەموو دانوستانە شکستخواردووەکاندا".

ووتم، " ڕاپرسییەکان، وەك ئەوەی هەیە دوو پەیامی ڕوون دەگوازنەوە: خۆشحاڵ بوون بە ئازادیی و ترسان لەداگیرکەر، لەنێوانیشیاندا دەرککردن بەوە هەیە کە بۆ پاراستنی سەقامگیریی هاوپەیمانان پێویستە.

بلێر پرسیاری کردو وادیار بوو کە لیستێك لەپرسیارەکان لەناو زەینیدایە، " ڕات چۆن لەبارەی ڕەوشی ئەمنیەوە"؟ " لەسەرەتاوە کارمان بۆ کرد کە وا لەعێراقیەکان بکەین وردە وردە زیاتر بەرپرسیاربن لە ئاسایشی خۆیان. لەمەشدا سەرکەوتنی گرنگمان بەدەستهێنا هەروەها-شکستیش".

هەروەها ووتیشم کلیلی چارەسەرەکە پۆلیسی عێراقیە. لەبەرایەکانی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا، بەرایی ئەو عێراقیانە چوونە ناو گەورەترین بەرنامەوە لەمێژوودا بۆ مەشقپێکردنی پۆلیس لەئوردن. بۆ ئەوەی ببنە پۆلیسی شارەزاو کارامە، ئەوەش هەندێك کاتی پێویستە، بەڵام پرۆسەکە بەردەوامە.

سەرۆك وەزیران پرسیاری کرد لەبارەی سوپای عێراقی پێشووەوە. پێمڕاگەیاند کە سوپای عێراق پێش جەنگ پێکهاتبوو لە نزیکەی ٤٠٠,٠٠٠ سەربازی باش مەشقپێنەکراو و پلە نزم، کە زۆربەیان لەو شیعانە بوون بەهۆی ئەو مامەڵە دڕندانەی ئەفسەرە سوننیەکانەوە دەیانناڵاند. ڕوونبۆوە ئەوانەیان لەجەنگدا نەکوژرابوون هەڵهاتن و گەڕانەوە بۆ ناو ژیانی مەدەنی. " زۆربەیان کشتیارن و حەز دەکەن بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ و لەگەڵ خێزانەکانیاندا بژین. ئێمە هانماندان بۆ ئەوەی بێنەوە ناو سوپای نوێ و فەیلەقی بەرگریی نیشتمانی و دەزگاکانی پۆلیسی عێراقی و پاسەوانانی سنور". ووتیشم کە ٦٠ لەسەدی سەربازەکانی سوپای نوێ پێشتر سەربازبوون، هەروەها ١٠٠٪ی ئەفسەرەکانی پۆل و ئەفسەرەکان. بەڵکو ڕێژەی سەربازە پێشوەکان لەهێزی بەرگریی نیشتمانیدا بەرزترە. " ئێمەش لەمانگی تەمموز/یولیۆوە موچەی سەبازەکانی پێشوو دەدەین. لەبەرئەوە سەربازە پێشوەکان کە بێکارن چەندین هەڵبژاردن لەبەردەستیاندایە بۆ ئەوەی ئەگەر بیانەوێت بێنەوەو

جارێکی تر جڵی سەربازەکانی عێراق لەبەربکەنەوە. ئەگەر ئێستاش لەگەڵمان دەجەنگن، ئەوا ئەمە بۆ پارە ناگەڕێتەوە. بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دەیانەوێت بەهێز بگەڕێنەوە بۆ دەسەڵات".

بە بلێرم ڕاگەیاند کە بەرواری ٣٠ حوزەیران/ یونیۆ بۆ ڕادەستکردنەوەی سەروەریی ئەوە دەخوازێت سەرلەنوێ پلانە ئابورییەکان هەڵبسەنگێنرێنەوە. هەروەها دەتوانین ئەولەویەت بدەینە ئەو پرۆژانەی کەوا هەلی کار دەرەخسێنن، ناشتوانین دەست بەو بەرنامە پێچەوانانە بکەین بۆ کەمکردنەوەی هاوکاریی ووزەو خۆراك.

سەرۆك وەزیران بە ووتەیەك کۆتایی بە کۆبونەوەکە هێنا کەلەکاتی سەردانیدا بۆ ناوچەکە حوسنی موبارەکی سەرۆکی میصرو شا عەبدوڵڵای پادشای ئوردن پێیان ڕاگەیاندووە کە وڵاتانی عەرەبی خەریکە دەرك بەوە دەکەن کەئێمە لەعێراق سەرکەوتوو دەبین. " ئەوان هەڵدەستن بەسازاندنی سیاسەتەکانیان لەگەڵ واقیعی نوێدا. سەرکەوتنی ئێمەش لێرەدا کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر ناوچەکە".

کاتێکیش بلێر هەستا بۆ ڕۆیشتن، تەوقەمان کردو پێموت، شکست خیار و هەڵبژاردن نیە". جارێکی تر بەگەرمیەوە زەردەخەیەکی کردو ووتی ، " تەواو هاوڕام لەگەڵتدا".

کاتێك لەپەنجەرەی فرۆکە سی- ١٣٠ ەوە ڕوانیم لەکاتی گەڕانەوەمان لەبەصرەوە بۆ بەغدا، بیرم لە وتووێژەکانی دوو ڕۆژی پێشوو کردەوە لەگەڵ تاڵەبانی و مەسعود بارزانیی لەکوردستان. کە لە هەولێر کۆبوینەوە، ئەوێ شارێکی جوان و نایابە دەکەوێتە سەر گردێکی فراوانی سایەدار، کە لەشارستانیەتە کۆنەکان ماوەتەوە. قەدپاڵی گردە نزیکەکەکان بەباشی بە مێوە دیم داپۆشرابوون، هەروەها چەند ریزێك لە درەختی فستەق و قەیسی، لەکاتێکدا بەفر لەسەر لوتکەی ئەو چیا دوورانە دەبینران کە سنورەکانیان لەگەڵ تورکیادا پێکدەهێنا.

کوردەکان لەساڵی ١٩٩١ ەوە پارێزگاریی ئاسمانیان بۆ فەراهەمکرابوو کە لەدەستی صەدام پارێزراوبوون، بەمەش لەسەر نیمچە سەربەخۆییەك ڕاهاتبوون. دوای هاوپەیمانی سەربازیی کورداریش لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاداو- جەنگانێکی سەخت- حکومەتە کوردیە هەرێمیەکەی خۆیان دروستکرد کە پەرلەمان و وەزارەتی تایبەت بەخۆیی هەیە. ئەم ڕەوشەش هانیدان لەسەر ئەوەی داوای ڕەوشێکی تایبەتی بکەن لەدەوڵەتی عێراقیی فیدراڵیی نوێدا، ئەمەشیان خستە ناو ڕەشنوسەکەیان بۆ یاسای کارگێڕیی ئینتیقالیی. ئێمەش نارەزوی ئەوەمان دەکرد کەپشتیوانی لە داخوازیی فیدراڵیی بکەین بۆ کوردەکان- بەڵام لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا کە حکومەتی ناوەندیی مومارەسەی دەسەڵات بکات بەسەر مەسەلە نیشتمانیە سەرەکیەکاندا وەك بەرگریی و سیاسەتی دەرەوەو سامانە سروشتیەکانی عێراق.



Scanned with CamSc

سەرکردە کوردەکانیشم ئاگەیاند کەپێویستە لەسەریان واقیعی بن. یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی بەڵگەنامەیەکی "کاتییە"، بۆیە مەسەلە هەستیارەکان، وەك سنووری هەرێم و رەوشی کۆتایی بۆ کوردەکان، ئەوکات بڕیاری لەسەر دەدرێت کاتێك کە عێراقییەکان دەستووری هەمیشەیی دەنوسنەوە. پێشمڕاگەیاندن کە ئێمە پێویستە لەیاسای ئیداریی کارگێڕیدا پێناسەیەك بۆ فیدراڵیەت قەبوڵ بکەین کەلەسەر بنچینەی رەگەزیی بێت، کە ئەوە تایبەتمەندییەکی ناوەندییە لە رەشنوسە کوردییەکەدا.

کەرکوك خاڵێکی گرنگی گەورەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە کوردەکان لەو شارەدا داوای رەوایان هەبوو، ئەوا پێویستە لەسەریان خۆیان لابدەن لەبەکارهێنانی توندوتیژی و کار لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا بکەن بۆ دیاریکردنی لیژنە پێشنیارکراوەکە بۆ داواکردنەوەی موڵکەکان، کە ئەمە لیژنەیەکە ئامانجی ئەوەیە داواکارییە ململانێ لەسەرکدرەکان یەکلایی بکاتەوە. ووتیشم، " ئێمە گورد کچە لاوەکانمان ئەو هەموو ماوە درێژەیان نەبریوە بۆ رزگاکردنی عێراق لەصەدام، بۆ ئەوەی چاویان بەوە بکەوێت کە گەلی عێراق هەڵوەشاوەتەوە".

بارزانی بێدەنگ مایەوە. ئەوە رەوشێکی گرانە، جەنگاوەرێکی ڕاهاتوو لەسەر تەکیك و مانۆڕەکان. لەکاتی هەڵمەتە دڕندانەکانیدا کە لەهەشتاکاندا کوردەکانی سەرکوتکرد، سوپای صەدام هەزاران پیاوی هۆزەکەیان کوشت، لەناویاندا سێ لەبراکانی، زۆرێکیشیان پێش ئەوە ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی ترسناك بوونەوە. ئەو پیاوێکی خاوەن یادەوەرییەکی دوورە.

گێڕانەوەی کەرکوك بۆ پێش تەعریبکردنی بوو بوویە ئەرکێکی پیرۆز بەنسبەت بارزانییەوە. بۆیە لەوتارەکانیدا دەیووت کە " کەرکوك قودسی کوردستانە".

پێموت، " یەك قودس هەیە لەجیهاندا کە بەتەنها خۆی زۆرێك لەگرفتی ناوەتەوە"، بۆیە پێشنیارمکرد واز لەو شوبهاندنە بهێنێت.

سەربرای ئەوەی هەردوکیان (بارزانی و تاڵەبانی) داوایان کرد گفتوگۆکان بەکراوەیی بێننەوە، ئەوا من هەولێرم بەجێهێشت و هەستم بەترس دەکرد. ئێمە لەبەرایی کانونی دووەم/ یەنایەردابین، تەنها دوو مانگمان لەپێشدا ماوە بۆ رێکەوتن لەسەر دەستوری ئینتیقالیی.

لەرۆژی پێنج شەممە ٨ کانونی دووەم/یەنایەردا، لیژنەی داڕشتنی یاسای ئیداریی ئینتیقالیی سەر بەئەنجومەنی حوکم لە هەولێر بوون بۆ رێکەوتن لەگەڵ کوردەکاندا. وە من لەگفتوگۆی تەلەفۆنی رۆژانەدا لەگەڵ کۆندۆلیزا ڕایسدا قسەم دەکرد. ئاگادارمکردەوە کە بەهۆی ووتەیەکی جێرمی گرینستۆکەوە بۆ رۆژنامەکان گرفتێکی نوێ لەگەڵ بەریتانیدا سەری هەڵداوە، لەدوای

چاوپێکەوتنمان لەگەڵ تۆنی بلێردا، گرینستۆك بەرۆژنامەکانی ڕاگەیاندووە، "... کە سیستانی ئێستا دەرك بەڕاستی قسەکەی ئەمینداری گشتیی (کۆفی ئەنان) دەکات کە مەسەلەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەم چوارچێوە زەمەنیەدا کارێکی مەحاڵە".

بۆ زیاتر خەستکردنەوەی قورەکەش، گرینستۆك ئەوەشی وتبوو " چەند ئاماژەیەك هەیە کە سیستانی دەیەوێت دووربکەوێتەوە لەسیاسەت...".

ئەم هەواڵەش لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا لەهەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاوبۆوە.

یەکسەر بێزاریی و نیگەرانی ئەجەفمان بیست. بەڕایسم ڕاگەیاند کە هەر ئێستا چاوم بەڕاپۆرتێك کەوتووە کە ئاماژە بەوە دەکات سیستانی هەست بەپێویستی وەڵامدانەوەی ئاشکرای تێبینیەکانی گرینستۆك دەکات بە سەرلەنوێ پێداگریی کردن لەسەر هەڵبژاردنێکی نیشتمانیی ڕاستەوخۆ. بۆیە ئەو پێشکەوتنەی کە لەرێگەی دبلۆماسیەتی ئارام و لەسەرخۆوە لەکانونی یەکەم /دیسەمبەردا بەدەست هاتبوو پێچەوانە بۆوە.

سیستانی لە تێرامانەوە گواستیەوە بۆ سکاڵاکردن و پاشان بۆ هەڕەشەی پەنهان بەدەرکردنی فەتوایەك کە بەتەواوەتی ئیدانەی رێکەوتنامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر دەکات و سەرلەنوێ داوای هەڵبژاردن دەکاتەوە.

بریار رابوو لەهەفتەی پێشوودا بچم بۆ ئەمریکا بۆ خۆئامادەکردن بۆ وتووێژەکان کە ئەنجومەنی حوکم لەگەڵ کۆفی ئەناندا سازی دەکەن، عەدنان پاچەچی، سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بۆ مانگی کانونی دووەم/ یەنایەر رۆیشت بۆ نەجەف لەسەردانێکی سیاسیدا بۆ بەهێزکردنی پەیامەکەمان کە دابینکردنی سەقامگیریی لەعێراق لەئاییندەدا ئەوە دەخوازێت هەموو لایەنەکان نەرمی بنوێنن. پاچەچی پێی ڕاگەیاندم ئەو دڵنیایە لەوەی دەتوانێت قەناعەت بەئایەتوڵڵا سیستانی بکات کە هەڵبژاردنەکان لە حوزەیران/ یۆنیۆدا مومکین نیە. دڵنیاشی کردمەوە کە " هەندێك کەس هەیە زانیاری هەڵەی پێشکەش دەکات". وەڵامم دایەوە من ڕەشبینم، بەڵام هیوای سەرکەوتنم بۆ خواست.

دوای دوو رۆژ پاچەچی گەڕایەوە لەنەجەف بۆ ئەوەی پێمرابگەیەنێت کە کۆبونەوەکەی لەگەڵ سیستانیدا" بەهیچ شێوەیەك بەرهەمدار نەبووە". ئایەتوڵڵا بەدرێژی باسی لەخراپی رێکەوتنامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر کردبوو. پاچەچی ئەو ڕاپۆرتەی بەبیرهێنابۆوە کە ئەنان پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایشی کردبوو لەکانونی یەکەم/ دیسەمبەرداو تێیدا دانی بە پرۆسەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا ناوەو ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە کە هەڵبژاردنەکان لە حوزەیران /یۆنیۆدا مومکین نیە. بەڵام ئایەتوڵڵا ڕازی نەبووە ئاماژە بکات بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. بەپێی قسەی



Scanned with CamSc

پاچەچی، " سیستانی لەواقیعدا نکوڵی کردووە لەبایەخدانی پێشووی بەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان گروپێك بنێرێت بۆ عێراق".

لەبری فەتواکە، پەیامێکی ڕوون لەسەر پێگەی سیستانی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاوکرابۆوە. کە تێیدا سیستانی لێدانەی ڕێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری کردبوو ووتبووی خەڵکانێکی "پسپۆڕ" جەختیان لەوە کردۆتەوە کە دەکرێت هەڵبژاردنەکان لەماوەی چەند هەفتەیەکدا ئەنجام بدرێن.

بە سکۆت کارپێنتەرم ڕاگەیاند، " وا جارێکی تر گەڕاینەوە. ئایا ئەمە برێکی ترە لە سازشی فارسی، یان سیستانی گەیشتۆتە هەڵوێستی کۆتایی"؟

بڕیارمدا کەوا کەناڵە تایبەتیەکەی خۆم لەگەڵ سیستانیدا تاقیبکەمەوە بۆیە لە ١٣ کانونی دووەم/یەنایەردا (عماد ضیاء)م نارد بۆ نەجەف بۆ ئەوەی پابەندبوونی خۆمان بە دیموکراسیەتی تەواوەوە دووپات بکەمەوە. هەروەها بەئایەتوڵڵا سیستانیم ڕاگەیاند کە ئەمریکا، بەوپێیەی یەکێکە لەپێشەنگەکانی دیموکراسیەت لەجیهاندا، ئەوا بەتەواوی دەرك بەبایەخی هەڵبژاردنەکان دەکات. بەڵام ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان و پسپۆڕانی نێودەوڵەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی هەڵبژاردن لەهاوینەدا مومکین نابێت.

لەڕۆژی دواتردا ضیاء گەڕایەوە بۆ ئەوەی پێمڕابگەیەنێت کە "چاوپێکەوتنێکی باش"ی لەگەڵ سیستانیدا ئەنجامداوە کە خۆشحاڵ بووە بە نامەکەم. بەپێچەوانەی ئەوەوە کە تەنها پێش سێ ڕۆژ بە پاچەچی ووتبوو– هەروەها ئەوەی کەلەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاوبکرابۆوە– ئایەتوڵڵا ووتی ئەو پێشوازی لەهاتنی وەفدێکی بچووکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ ئەوەی بێن بۆ عێراق. پێویستە لەسەری " قسە بۆ عێراقیەکان بکات" پێش دەرکردنی حوکمەکەی لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە. هەروەها عیماد ووتی، "ئایەتوڵڵای عوزما دەرك بەوە دەکات کە هەڵبژاردنی نیشتمانی بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی لەم کاتەدا مومکین نابێت".

هەروەها سیستانی بە عیمادی ووتبوو کە ئەو نایەوێت " گرفت بنێتەوە".

بیرمکردەوە کە چەندین جار ئەمەی ووتبوو بەڵام ئەو لەڕاستیدا دەیوروژاند. بەڵام نیشانە باشەکان لەسەر نەرمی نواندن بەدڵنیاییەوە پێشوازی لێدەکرێت.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، پەیوەندیمکرد بەڕایسەوە بۆ ئەوەی پەیامەکەی سیستانی پێڕابگەیەنم، خۆشحاڵ بوو پێی بەو پێیەی کە " هەواڵێکی خۆشە".

ووتم، لەوانەیە، بەڵام لەبیرت نەچێت کە یەکەم بنەمای بریمەر بۆ ژیان لەعێراق ئەوەیە: ئەگەر ئەوەت بەدەستهێنا کە هەواڵێکی خۆشە، ئەوا ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ زانیاری



Scanned with CamSc

تەواوەتیت دەست نەکەوتووە".

هەندێك ساتی خۆش هەبوو لەکاتی دانوستانە گرانەکان لەگەڵ سیاسیە عێراقیەکاندا. لەیەکێك لەکۆبونەوەکانی ئەنجومەنی حوکمدا، ئەندامان لەراگەیاندنەکەی پێتاگۆنیان دەکۆڵیەوە کە ئێمە صەدام بە دیلی جەنگ دادەنێین. ئەمەش بووە مایەی وروژاندنی هەندێك مەترسی کە بەهیچ شێوەیەك صەدام ڕادەستی عێراقیەکان ناکرێتەوە. بۆیە دڵنیامکردنەوە کە سەرۆك بوش وتی ئێمە لەنزیکترین کاتی گونجاودا صەدام ڕادەستی دادگایەکی عێراقی تایبەت دەکەینەوە.

دادوەر وائل عەبدولەتیف، کە دادوەرێکی بەڕێزە لەبەصرەوە قسەی کرد. پێشبینیکرد کە ووشەیەکی باسای بلێت. بەلام ئاماژەی کرد بەوەی کە ڕێکەوتنامەی ژنێف ئەوە دەخوازێت بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ دیلی جەنگدا بکرێت کە لەسەری ڕاهاتووە. جا بەزەردەخەنەوە وتی. •

ئەمەش مانای تەحەدایەکی ڕاستەقینە دەگرێتەوە سەبارەت بەصەدام. لەکوێ جگەرەی بۆ دەهێنین، بەتایبەتی باسای ئەمریکی ڕێگە دەگرێت لە کڕینی جگەرەی کوبی؟ لەکوێ گۆشتی مانگای شاتوبریان و بۆن و جلوبەرگی فەرەنسی بۆ دەهێنین؟ یان خۆشتنی بە شیری پاقلۆ"؟

دەنگ و صەدای پێکەنین زوورەکەی گرتەوە.

لەو شەوەدا نوسیم: کاتێك کە زاڵم و ستەمکارەکە دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی، چیدی مایە ترس و بیم نابێت.

لەسەرەتاکانی کانونی دووەم/ یەنایەردا، لەسەر ڕاسپاردەیەك لەلایەن ڕاوێژکارەکەمەوە لەوەزارەتی ناوخۆ، ڕووبەڕووی گرفتی موچەی هێزەکانی پۆلیسی عێراقی بوومەوە. دیاربوو ئاستی موچەکەیان وەك پێویست نەبوو و، زۆربەشیان پاڵنەرێکی وایان نەبوو کە هانیان بدات تا ژیانی خۆیان بخەنە مەترسیەوە لەڕووبەڕووبونەوەی ئەو یاخیبونە بەردەوامەدا. بۆیە موچەی هێزەکانی پۆلیسم بەرزکردەوە لەگەڵ پێدانی دەرماڵەی مەترسیدا. بەلام هێشتا موچەکانیان وەك پێویست نەبوو، پاش سێ هەفتە، کاتێك کە پۆلیس هەڕەشەی مانگرتنی کرد، موچەی تێکڕاییان " موچە و دەرماڵەی مەترسیەکان" بە ڕێژەی ٦٥٪ بەرزکردەوە. بۆ هەستان بەوەش پێویست بوو لەسەرمان بڕی ٢٧٥ ملیۆن دۆلار پەیدا بکەین، بەرزکردنەوەی موچەی پۆلیسش وایکرد کە ڕوبەڕوی فشاری بەرزکردنەوەی موچەی سەربازەکانیش ببینەوە. بەلام ناتوانین چاوەڕوانی ئەوە لە دەزگاکانی ئاسایشی عێراقی نوێ بکەین کەژیانی خۆیان بخەنە مەترسیەوە بێ ئەوەی قەرەبویەکی پێویستیان پێبدرێت.

لەم ماوەیەدا، گرفتی ئاڵۆزی میلیشیا عێراقیەکانم لەگەڵ دەیڤد گۆمپرتدا باسکرد، کە جێگرەوەی والت سۆکۆلۆمب بوو وەك گەورە ڕاوێژکاری دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان بۆ بەرگریکردن لە

کاروباره ئەمنیەکان. گۆمپرت ئەفسەرێکی پێشووی مارینز بوو پێشتر لەئەوروپا و بۆ بەرژەوەندی دامەزراوەی راند لەبواری مەسەلە ئەمنیەکاندا کاری کردبوو.

روون بووەوە کە پێویست بوو شتێك بکەین لەبەرامبەر ئەو میلیشیایاندا کە لە بەرگری کوردەکان و شیعەکانەوە دژ بە صەدام پەرەیان سەندبوو. ئێمە وامان دەخەملاند کە نزیکەی ٦٠,٠٠٠ – ١٠٠,٠٠٠ جەنگاوەر هەبوون کەسەر بە نۆ گروپ بوون، هەریەکەیان پەیوەندیان بەحزبێکی سیاسیەوە هەبوو.

من و گۆمپرت پێمان وابوو کە سێ هەڵبژاردن لەبەردەمماندایە. یەکێکیان ئەوە بوو کە هیچ نەکەین.

بە گۆمپرتم ووت، " فەرامۆشکردنیان مەترسی دروست دەکات بۆ هێزەکانی پارتە سیاسیەکان لەوڵاتێکی هەڵوەشاوەدا". رێکەوتین لەسەر ئەوەی کە سەقامگیری لەعێراق لەماوەی درێژدا دەخوازێت هەموو هێزە سەربازیەکان بکەونە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیەوە. لەرووی تیۆریەوە، دەتوانین بەشێوەیەکی سەربازی مامەڵە لەگەڵ میلیشیاکاندا بکەین. بەڵام رێکەوتین لەسەر ئەوە کەوا کارێکی واقیعی نیە بیر لەوە بکەینەوە هاوپەیمانان هێرشە دەکەنە سەر هاوپەیمانە عێراقیە نوێیەکانمان.

تەنها یەك هەڵبژاردن لەبەردەمماندا مابەوە، پەنابردن بۆ بەرنامەی مۆڵەتدانی پیاوانی میلیشیاکان بەشێوەیەکی قۆناغ بەقۆناغ و تێهەڵکێشکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا. دەیڤد ووتی، " هیچ یۆمرێکیش نیە کە شیاوبێت بۆ هەمووان". لەکاتی ئەخشەسازی " بەرنامەکەمان" بۆ گواستنەوەو سەرلەنوێ تێهەڵکێشکردنەوە" پێویستە لەسەرمان رەوشی هەر میلیشیایەك لەبەرچاو بگرین.

٥٠,٠٠٠ میلیشا هەن کە سەر بە پێشمەرگەی کوردین کە شانبەشانی هاوپەیمانان جەنگان بۆ شکستهێنان بە صەدام. لەبەرئەوەی کوردەکان رووبەرووی هەرەشەی ئەمنی نوێ دەبنەوە، بەتایبەتی دزەکردنی تیرۆریستەکان لەئێران و سوریاوە. ئەوا ئێمە پێشبینیمان ئەدەکرد پێشمەرگە بەتەواوەتی هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەوەشمان ناوێت. بەڵکو ئێمە ئامانجمان ئەوەیە کە ژمارەیەکی گەورەیان بخەینە ناو هەردوو حکومەتی نیشتمانی و کوردستانیەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەوانەیان کە دەمێننەوە خانەنشینیان دەکەین.

میلیشیاکانی تر ئەو شیعانەن کە پەیوەندیان هەیە بەحزبە جۆراوجۆرە سیاسیەکانەوە. گەورەترینیان فەیلەقی بەدری سەر بەئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیە لەعێراق، کە ئێران ماوەی بیست ساڵە بۆ جەنگان لەدژی صەدام پشتیوانی لێدەکات. هەندێك میلیشیای تریش هەیە لای حزبی دەعوەو کۆنگرەی عێراقی نیشتمانی و رێکەوتنی نیشتمانی عێراقی. هەروەها "سوپای مەهدیش هەیە" کە



Scanned with CamSc

سوپایەکی ڕێکخراو نیە و سەر بە موقتەدایە. ئامانجیشمان لەگەڵ ئەم میلیشیانەدا زیاتر ئاڵۆزە. ئێمە دەمانەوێت گەورەترین ژمارە لەفەیلەقی بەدر بکێشینەوە و سەرلەنوێ مەشقیان پێبکەینەوە، هەروەها ئارەزوو دەکەین کە ژمارەیەکی زۆریان بخەینە ناو دەزگاکانی ئاسایشی عێراقیەوە. لەم لەکاتێکدا کە سوپای مەهدی بۆتە مایەی هەڕەشە بۆ حوکمی یاسا، بۆیە دەمانەوێت هەڵیوەشێنینەوە، هەتا ئەگەر بەزەبری هێزیش بێت.

گۆمبرتم ئاگادارکردەوەو ووتم، " بەڵام نابێت ساویلکە بین واقیعی نیە چاوەڕوانی ئەوە بکەین لە سەرکردە سیاسیەکان بەئارەزووی خۆیان میلیشیاکانیان هەڵبوەشێننەوە تا ئەو کاتەی کە رەوشەکە زیاتر ڕون دەبێتەوە- لەگەڵ یاخیبوەکان و پرۆسەی سیاسیدا وەك یەك". بۆیە گۆمبرت پێشنیاری دانوستانی کرد لەگەڵ هەموو حزبە سیاسیەکاندا لەسەر بەرنامەیەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانیان و سەرلەنوێ تێهەڵکێشکردنەوەیان لەکۆمەڵگەدا. واشمان دانا بەهۆی نەبوونی لیمکانیەتەوە بۆ ئەنجامدانی کاری زۆر بۆ ئەوەی حزبەکان بزانن کە لەدای حکومەتی خاوەن سەروەریی چۆن دەبێت، تێکڕای پرۆسەکەش نزیکەی هەژدە مانگ دەخایەنێت، دوای گێڕانەوەی سەروەری لەحوزەیران/ یۆنیۆدا.

گۆمبرت ووتی، " ڕەنگە موقتەدا ئامادە نەبێت بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە سوپاکەی هەڵوەشێنێتەوە".

گۆمبرت دەستیکرد بە دانوستانی چڕ لەگەڵ حزبە سیاسیە گەورەکاندا. هەریەك لەحزبەکانیش چاودێری وتوێژەکانی دەکرد کەلەگەڵ حزبەکانی تردا ئەنجام دەدران. ئەنجومەنی باڵای شۆڕش لەعێراق پێی وابوو کە ئێمە پێشمەرگە دەهێڵینەوە تا ئەو کاتەی کە فەیلەقی بەدر هەڵدەوەشێنینەوە. هەر زووش دەرکەوت کە فەیلەقی بەدر رەتی خۆهەڵوەشاندنەوە دەکاتەوە مادام سوپای مەهدی رکابەری هەڵدەستێت بە تۆقاندنی ناوچە شیعەکان و تیرۆریستەکانیش مەدەنیەکان و گەشتیارانی ناوچە پیرۆزەکان دەکوژن.

لەسەرەتاوە بارزانی و تاڵەبانی بە گۆمبرتیان ڕاگەیاندبوو کە بەهیچ شێوەیەك ڕازی نابن واز لەپێشمەرگە بهێنن، کەئەوان پێیان وابوو، ئێمەش لەوە تێدەگەین، ئەوە گرەنتی سەلامەتی گەلی کوردیە، ئەگەر هەوڵی بونیادنانی سوپایەکی عێراقی نوێ شکستی هێنا.

دوای خولێکی نوێ لەوتوێژەکان لەگەڵ پارتە سیاسیەکاندا، گۆمبرت ووتی کە ئەوە گرانترین دانوستان بووە لەژیانیدا بینیبێتی.

بەزەردەخەنەیەکەوە ووتم، " بەخێربێیت بۆ عێراقی نوێ دەیفید".

* * *



Scanned with CamSc

لە ١٣ کانونی دووەم/ یەنایەردا، وەفدێکی تر لەکۆنگرێسەوە هاتن بۆ بەغدا. بەسەرۆکایەتی جۆن مۆرس ئەندامی کۆنگرێس لەپەنسلڤانیا لەگەڵ سێ ئەندامدا لەلیژنەی دەرماڵە بەرگریەکان لەئەنجومەنی نوێنەران. ئەوان لەوانە بوون کە پشتیوانیان لەکۆششەکانمان دەکردو ئەو رەوشە گران و سەختەیان دەزانی کە ئێمە پێدا گوزەرمان دەکرد. ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە ئێمە ئێستا لەهەر شوێنێکی تری جیهان زیاتر پێشوازی لە کۆنگرێس دەکەین، ئەوان بەزۆری بۆ ئەوە دەهاتن بۆ ئەوەی زیاتر پیاوانی کۆنگرێس تێبگەیەنن لەو ئەحەدایانەی کە لەبونیادنانی عێراقی نوێدا روبەرویان دەبینەوە.

لەم کۆبونەوەیەدا، جۆدی ڤان رست بەرپرسی سیاسی لە هەوڵەکانمان بۆ بونیادنانی دیموکراسیەت ئاگاداری کردنەوە، لەناویشدا پلانی بونیادنانی ناوەندە گشتیەکان بۆ دیموکراسیەت لەهەمو شوێنەکانی وڵاتدا. بۆ ئەمەش هەندێك ناوەند بونیادنرابوو کەوا پیاوان و ژنانی عێراقیان رادەکێشا بۆ ئەوەی مافەکانی هاوڵاتی و بەرپرسیارێتیەکانی لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ئازاد دا بزانێت.

جۆدی وتی، " ئێمە کار بۆ ئایندەی عێراق دەکەین. بەڵام من دەترسم لەوەی کە ئێوە لەرێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە بەئاگانەبن لەمە. تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێك زیاتر گرنگە لەفێرکردنی ژنان لەبارەی ئەوەوە کە چۆن دەنگ دەدەن...".

هەروەها وتم، " ئێوە زۆر ئاخوێننەوە لەبارەی قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان و کەناڵەکانی ئاودێری کە بونیادمان ناون. تۆڕی هەواڵەکان زۆرێك لەکاتی خۆی تەرخان دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو وێرانیەی کە پەیوەستە بەیاخیبوونەوە، بەڵام بەشێکی زۆر کەم بۆ " هەواڵە خۆشەکانە". لەراستیدا من تەواو بێئومێدم". ئەو هەواڵە سلبیانە بەشێوەیەکی بەردەوام کاریان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەوڵانەی ئێمە دەکرد کە دەماندا بۆ ئەوەی لەدوای جەنگەوە رەوشی عێراق سەقامگیر بکەین و سەرلەنوێ بونیادی بنێینەوە.

جۆن مۆرس، کە جەنگاوەرێکی پێشووی مارینز بوو لەکاتی جەنگی ڤێتنامدا، دەرکی بەکاریگەری زیانبەخشی ئەو رۆماڵکردنە رەشبینانەیە دەکرد کەوا دەزگاکانی راگەیاندن لە پەخشکردنەوەیان ناوەستن.

وتی، " هێشتا خەڵك پشتیوانی لە کارەکەت دەکات جەنابی باڵیۆز، بەلای کەمەوە لەو بازنەیەدا کە من نوێنەرایەتی دەکەم".

ئەوە چەندە دەخایەنێت ئەگەر هەمو ئەوەی دەیبینن و دەیخوێننەوە لەدەزگاکانی راگەیاندندا خەمهێنەر بوون؟

کاتێك کە سەرۆك بوش یاسای دەرماڵە زیادەکانی ئیمزا کرد کە بڕەکەی ١٨.٦ ملیار دۆلار بوو بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراق لە ٤ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا، ئێمە لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیماناندا گەشبین بووین کە لەکۆتاییدا دەتوانین پارەیەکی پێویستمان دەست بکەوێت بۆ دەستکردن بە بونیادنانی هەزاران پرۆژەو سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراق کەئەمەش ماوەیەکی درێژی پێویستە.

دوای دیاریکردنی کاتی گواستنەوەی سەروەریی لەهاوینی، وە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی یاخیبوون، پێویستیەکی سیاسیم هەستپێکرد لەدەستکردن بەو پرۆژانە بەویەڕی خێراییەوە بەشێوەیەك کە عێراقیەکان بتوانن هەست بە پێشکەوتنی ڕاستەقینە بکەن لەسەر زەوی واقیع پێش ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ. فەرمانبەرەکانمان پلانی ئەو پرۆژانەی کە پێویستن بۆ گرێبەستکردن لەسەر دارایە فیدراڵیەکان خستیانە ڕیزی بودجەوە، داوام لێکردن پرۆژەی کورت بهێنن کە بکرێت لە بەهاردا دەستیان پێبکرێت.

بەڵام ناردنی پارەی دەرماڵە تایبەتیەکان هەرگیز خێرا نەبوو. فەرمانبەرەکان لەواشنتۆن شیکردنەوەی تەواو توندیان دانا بۆ ئەو دامەزراوانەی کە ڕێگە بە ئیمزاکردنی گرێبەستەکان دەدەن، کە ئەوەش لەئەسڵدا کاتێکی پێشێن و درێژی دەوێت. ئەوەش ئەو بەرنامە باوە بوو بۆ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە کەوا پێش شەش مانگ جۆن هامرو ویابیدا لەبارەیەوە. لەبەرئەوەی ئێمە زیاتر لەپێنج هەزار پرۆژەی گەورەو بچوکمان دیاریکردبوو، ئەوا ئەم ئاستەنگە بیرۆکراتیە تێکشکێنەرە دەبێتە هۆی دواخستنی کاروبارەکان. لەڕاستیشدا هەر وابوو.

لە ٣ کانونی دووەم/ یەنایەردا، داوام لەفەرمانبەرەکانم کرد، چونکە من زۆر نیگەران بووم لە خاوبی واشنتۆن، شەش پرۆژەی گەورە بۆ ناوچە سونیەکان دیاری بکەن (کە تێچوونی هەریەکەیان ٢٠ ملیۆن دۆلار زیاتر بێت، هەروەها پێمڕاگەیاندن کە : ئێمە بەهەر ڕێگەیەك بووە لە بودجەی عێراق ئەو پارانە دابین دەکەین*.

لەبەرەبەیانی پێنج شەممەی ١٥ کانونی دووەم/ یەنایەردا، من و ژەنراڵ سانشێز لەگەڵ شەریف عەلیدا کۆبوینەوە. لەدوای دەستگیرکردنی صەدامەوە لە کانونی یەکەم/ دیسەمبەردا، شەریف عەلی پێشنیاریکرد بۆ ئەوەی پەیوەندی بە سەرکردە سونیەکانەوە بکات ئەوانەی کە ڕوونی قەڵەمڕەوی و دەسەڵاتیان هەیە لەناو یاخیبووەکاندا. ئێمەش هانی ئەم هەوڵەماندا بۆ ئەوەی گرتنی تێپەڕبوونی مانگێك، داوای کرد بێتەوە بۆ ئەوەی باس لەهەوڵەکانی بکات کە لەو بوارەدا داویەتی.



Scanned with CamSc

وتی، " من بەرەوپێش چونێکی باشم بەدەست هێناوە، بەتایبەتی لەناوەندی ئەو هۆزە سوننیاندا کە لەپارێزگای ئەنبارن. کە ڕەنگە گەیشتن بەئاگربەست لەهەندێک لەشارۆچکەکاندا مومکین بێت".

سوپاسی شەریف عەلیم کرد بۆ هەوڵەکانی بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە کە بەردەوامیدان بە یاخیبوون بێ کەلکە؟ وتیشم هاوپەیمانان کۆشش دەکەن بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی ئاسایشی عێراق، بەڵام هێزەکانمان دەمێنەوە تا ئەوکاتەی کە عێراقیەکان دەتوانن بەرپرسیارێتی بەرگریکردن لەخۆیان وەربگرنەوە. وتیشم، " لەم ماوەیەدا، ئێمە ئامادەین هێزەکانی هاوپەیمانان لەو شاراندا بکێشینەوە ئەگەر گرەنتی ئەوە وەربگرین کە بێ بوونی ئێمە تیایاندا پارێزگاری لەئەمن و ئاسایشیان دەکرێت. ئەوەی کەئێستا پێویستمان پێیانە بریتیە لەگرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بونیادنانی متمانە لەنێوانماندا".

سیاسەتەکەمانم بۆ باسکرد لەبارەی ئازادکردنی مەرجداری گیراوەکانەوە، ئاماژەم بەوە کرد کە ئێمە پەنجاو شەش گیراوی پارێزگاری ئەنبارمان دیاریکردوە دەمانەوێت ئازادیان بکەین بەمەرجێک کەسێک بێت و گرەنتیان بکات. بەڵام تائێستا تەنها هەشت کەسیان کەفیلیان هێناوە.

سانشێز وتی، " دەتوانیت لێرەدا یارمەتیمان بدەیت".

ڕایگەیاند" ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە بزانین ئەوانەی کە پەیوەندیان بەتۆوە هەیە پێشنیاری کوێ دەکەن بۆ ئەوەی تێیدا ئاگربەست ڕابگرین".

وتی، " زۆرێک لەسوننەکان پێیان وایە دورخراونەتەوە لەپرۆسەی سیاسی. هەتا خەریکە لەنێو ئەنجومەنی حوکمدا نوێنەریان نەبێت. ئەوان سکاڵای ئەوە دەکەن کە ئێوە پیاوەکانتان گرتوون. هەوڵدەدەم یارمەتیدەرتان بم لەبارەی ئازادکردنی بەندکراوەکانەوە بەمەرج، بەڵام ئەوە قورسە چونکە خەڵکەکە نایانەوێت پەیوەندی بەئەمریکیەکانەوە بکەن".

سەرم ڕاوەشاند، "ناتوانن پێکەوە هەردوو کارەکە بکەن، سکاڵاکردن لەبارەی گیراوەکان و ئامادەنەبوون بۆ ئەوەی کەفالەت بدەن تا گیراوەکانیان ئازاد بکرێن".

شەریف خۆی لەم تێبینیە بوارد و وتی لەبری ئەوە دەیەوێت باس لەبونیادنانی " ماوەیەکی ئارامی" بکات لەنێوان ئێمەو ئەوانەدا کە ئەو پەیوەندی پێیانەوە هەیە، لەوانەیە لەناوچەی فەللوجە- ڕەمادی. " بەڵام ئەوە ئاسان نیە. سوننە هەستی بەزۆرێک لەزوڵمکردووە بۆیە پێویستە پێشبینی ئەوەیان لێبکرێت کە هێرش بکەنە سەر هاوپەیمانان. زۆربەی سوننەکان ئەم هەستەیان هەیە".

ئێمە تێبینیەکانی تەحەمول ناکرێن. یەکەم دەڵێت سوننە دەیانەوێت پشکێکی گەورەتریان

بەربکەوێت لەپرۆسەی سیاسیدا. دوای دوو خولەک جەخت لەوە دەکاتەوە کە " زۆربەیان پشتگیری لە یاخیبوون دەکەن. ووتم، " کەواتە تۆ ڕاست بوویت، بۆیە پێویستە لەپێناو سوننەدا نوێژ بکەیت. لەبنەما سەرەکییەکانی حوکمی دیموکراسی ئەوەیە کە گەل نابێت لەرێگەی هێزەوە بگات بەدەسەلات. من و ژەنراڵ سانشێز بەرپرسین لەسەلامەتی لاوە کوڕو کچەکانمان. ئەگەر سووننە بڕیاریاندا توندوتیژی بەکاربهێنن، ئەوا لەعێراقی نوێدا جێیان نابێتەوە".

شەریف عەلی بەخێرایی کشایەوە. بۆیە ئەوەشم زیادکرد کە پێویستە لەسەر سوننە کە بەچالاکییەوە بەشداری بکەن لەبونیادنانی عێراقی نوێدا. " سکالاکردنیش سەبارەت بەئەنجومەنی حوکم هیچ مانایەکی نیە. چونکە ئەو دوای پێنج مانگی تر بوونی کۆتایی پێدێت". پێویستە لەسەریان چاویان لەسەر ئایندە بێت، نەک ڕابردوو.

شەریف عەلی ڕۆیشت و جەختی کردەوە کە بۆ یارمەتیدان دەسەلات و قەڵەمڕەویی خۆی بەکاردەهێنێت.

کاتێك کە بەرەو فڕۆکەخانە ڕۆیشتم لەکاتێکی درەنگی ١٥ کانونی دووەم/ یەنایەردا بۆ کۆبونەوە لەگەڵ کۆفی ئەنان لە ١٩ کانونی دووەم/ یەنایەردا، هەواڵی خۆش و هەواڵی ناخۆشیش هەبوو. هەواڵە خۆشەکان ئەوەیە کە بەرنامەی ئاڵوگۆڕکردنی دراو- کە زۆرێك پێشبینیان کرد شکست دێنێت- سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا. ئێستا لەهەموو عێراقدا یەك دراوی یەکگرتوو بەکاردەهێنرێت. چەند هەزار تەنێك لە پارەی نوێمان دابەشکردو سیانزە تەنیش لەدیناری کۆنمان کۆکردەوەو لەناومان برد- لەوڵاتێکدا بەبێ سستەمێکی بانکی نوێ و، خزمەتگوزارییەکی تەلەفۆنی متمانەپێکراو و، ڕێگەو جادەی خراپ و، بوونی یاخیبوون تێیدا. نرخی دراوەکە ئازادبوو لەبەرامبەر دراوەکانی تردا، لەکاتی دابەزاندنیدا بەهاکەی بەرێژەی ٣٠٪ لەبەرامبەر دۆلاردا بەرزبۆوە.

سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆششە سەرسامکەرەکان کەوا عەمید هیۆ تان و " گروپێکی ئازا" لەمەدەنی و سەربازییەکان ئەنجامیاندا لەهەموو ناوچەکانی عێراقدا. دروشمی ئەرکەکەی هیۆ، ئەوە بوو " کاری گروپی سەرکەوتوو". سەرکەوتووش بوو.

لەبەرامبەردا، لەشەقامەکانی بەصرەدا خۆپیشاندان سازکرا، کە تێیدا بەهەزاران شیعە داوای هەڵبژاردنیان دەکرد لەماوەی سێ مانگدا. خۆپیشاندانەکانیش پیاوانی ئاینی شیعە و سیاسیەکانی سەر بەسیستانی ڕێکیان خستبوو. عەلی حەکیم صافی، کە ئیمامێکی شیعەی موریدی سیستانی بوو ووتاری دابوو بۆ خۆپیشاندەرەکان و ووتبووی، " پێویست ناکات توندوتیژی بەکاربهێنین بۆ ئەوەی مافەکانمان بەدەست بێنین مادام هێشتا ڕێگەو چارەسەری ئاشتی هەیە و دەتوانین بیگرینەبەر،



Scanned with CamSc

بەڵام ئەگەر زانیمان رێگە ئاشتیەکان بوونیان نەماوە ئەوا پێویستە لەسەرمان رێگەی تر بگرینەبەر.
ئەوەش ئاماژەیەکی خراپی دەدا. ئەگەر ئەوە رای سیستانی بێت، ئەوا پێچەوانەی ئەو نامە
تایبەتیەیە کە پێش دو رۆژ لەلایەن ئەوەوە بەدەستم گەیشتبوو.

رەوشەکە وای لێهاتبوو دەتوت ئەو دێوەزمانەیە کە تێیدا دەرگایەك دەکرێتەوە و دوای ئەوەش
دەرگایەکی تر دێت و پاشان دەرگایەکی ترو ...

لە ١٦ کانونی دووەم/ یەنایەردا، لەسەر کورسیەکەم دانیشتم لە ژووری رەوشەکان لەکۆشکی
سپی بۆ ئامادەبوون لەکۆبونەوەیەك لەگەڵ بەرێوەبەرانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، لەدەوری
مێزەکە جێگری سەرۆك و کۆلن پاول و دۆن رامسفێلدو ژەنراڵ پیت پیس و جۆرج تێنت و ئاندی
کارد دانیشتبوون. کۆندۆلیزا رایس سەرۆکایەتی کۆبونەوەکەی دەکرد. من بەسواری فرۆکەیەکی
بارهەڵگری سی ٥ی سەر بە هێزی ئاسمانی لەکاتژمێر شەشی بەیانیدا گەیشتمە واشنتۆن دوای
گەشتێك کە هەژدە کاتژمێری خایاند.

جارێکی تر لەبایەخی بونیادنانی پەیکەرێکی دەستوری کۆڵیەوە کە وڵاتی دابەشبوو یەکیخاتەوە
و رێگەمان پێدەدات بۆ ئەوەی بەنیازباشیەوە لە ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆدا سەروەری بگوێزینەوە.
گرفتی هەنوکەو خێرا ئەوە بوو کە چۆن حکومەتێکی عێراقی هەڵبژێرین. هەڵوێستی ئەمریکیش
پێی وابوو کۆنگرەی پارێزگاکان شێوازی کرداریە بۆ دیاریکردنی کۆمەڵەی ئیشمانی. ئەم
سستمەش ئەوەی سەلماند کە سەرکەوتووە لە دیاریکردنی ژمارەیەك لە ئەنجومەنی پارێزگاکان
لەباشور. بەڵام هەواڵی رۆژنامەکانی ئەم بەیانیە پڕ لەوێنەی کۆبونەوەی گەورەی شیعەکان و
خۆپیشاندانیان لەبەصرەو ئێستاش لەبەغدا پەرچەمەکانی ئایەتوڵڵا سیستانی رادەوەشێنن و داوای
هەڵبژاردنەکان دەکەن. دان سینۆر ئاماژەی بەوە کرد ئەگەر وا دەرکەوت ئەمریکا دژی
هەڵبژاردنەکانە ئەوا وێنەکەمان دەلەرزێ و دەلەقێ.

رایس داوای لێکردم کە بەشێوەیەکی تێروتەسەل ستراتیژی خۆمان بۆ شەش مانگی ئاییندە
بخەمەروو.

وتم، " ئێمە روبەروی چەند تەحەدایەکی سیاسی بەیەکداچوو بوینەتەوە". سەرەرای ئەو
پاشبوونەی کەلەم ماوەیەی دوایدا بەسەر رەوشی ئەمنیدا هات، چەند گرفتێکی
چارەسەرنەکراومان هەیە لەگەڵ سیستانیدا. پێموایە دەکرێت نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیدەربێت
لە دیاریکردنی حکومەتێکی کاتیدا، " بەڵام ئەگەر نەتەوە یەکگرتوەکان رەزامەندی نیشان دا بۆ
کارکردنی لەچوارچێوەی رێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا".

باسەکە گوێزرایەوە بۆ نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەعێراق، ئەخزەر ئیبراهیمی، کە



Scanned with CamSc

وەزیرێکی پێشووی جەزائیرەو، ئێستا نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانە لەئەفغانستان. راسفێلد و چینی نیگەرانی خۆیان ئیشاندا لەبارەی بەکارهێنانیەوە– ئیبراهیمی لەدژی جەنگ وەستابەوە. رایس وەڵامی دایەوە کە ئەو لەئەفغانستان" زۆر بەسود بووە" و دەکرێت لەعێراقیش یارمەتیدەربێت، بەتایبەتی ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان بەئاشکرا رایگەیاند کە هەڵبژاردنەکان بەهاتنی ۳۰ی حوزەیران/ یۆنیۆ مومکین نابێت و ئەڵتەرناتیڤی پێشکەش کرد بۆ دیاریکردنی حکومەتی نوێ. هەروەها پێویستە لەسەرمان نەرم بین لەهەڵسەنگاندنی ئەم ئەڵتەرناتیڤانەدا.

ووتم، " بەڵێ، بەڵام پێویستە لەسەرمان ئامادە بین بۆ رووبەڕووبونەوەی سیستانی ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان ئەڵتەرناتیڤی مەعقولیان هێناو گونجاو بوو لەگەڵ ئامانجەکانمان و خشتە زەمەنیەکەدا، بەڵام سیستانی رەتیکردەوە".

لەبەرامبەردا ئەگەر " کشاینەوە" لەبەردەم سیستانیدا، وەك هەندێك بەرپرسی بیناگا پێشتر لەواشنتۆن لەبەردەم رۆژنامەکاندا پێشنیاریان کردبوو، ئەوا ئیمە پاڵ بەکوردەکانەوە دەنێین بۆ ئەوەی جیابینەوە و، عێراق دابەش ببێت و، جەنگی ئەهلی هەڵبگیرسێت و، ئەمەش دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لەناوچەکەدا.

هەموو هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە هەڵێك بدرێتە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردن لەچارەسەرکردنی ئەو گرفتە سیاسیەدا.

بەناو ڕاڕاوە درێژبۆوەکەدا کەدەکەوێتە لای خۆرئاواوە چووم بۆ بینای حکومەت، بۆ لای دیك چینی جێگری سەرۆك. دان سێنۆر ئەو هەواڵانەی پێڕاگەیاندم کە تازە بیستبوونی لەبارەی بڵاوبونەوەی " هەواڵێکی ترسناك"ەوە لەبەغداد.

بەخەمباریەوە ووتی، " دیارە هەندێك لەپۆلیسە سەربازیەکان کە پاسەوانی بەندکراوەکان دەکەن ناچاریان کردون کە هەستن بە کاری سێکسی هۆمۆسێکسوالانە. هەروەها وایان لەیەکێك لەبەندکراوەکان کردووە کە بەزەویدا بڕوات و ئەوقێکی سەگیش لەملیدابووە. لەوانەیە لەوەشدا هەندێك ئافرەت تێوەگلابن، رونیش نەبۆتەوە کە ئایا ئەو ئافرەتانە لەپۆلیسە سەربازیەکانی ئیمەن یان لەبەندکراوەکانن". یەکێك لە پۆلیسە سەربازیەکان ئەم هەواڵەی بە سەرکردەکەی گەیاندوە.

سێنۆ ووتی، " پێویستە بەوپەڕی خێراییەوە پێش هەواڵەکە بکەوین بەوەی کیمیت رابسپێرین کە رایبگەیەنێت ئیمە هەستاوین بە لێکۆڵینەوەی خێرا لەو هەواڵە".

مارك کیمیت کە عەمیدبوو لەسوپادا لەگەڵ داندا، کاریان ئەوە بوو هەموو رۆژێك لەبەغدا رۆژنامەکانی هاوپەیمانان لەهەواڵەکان ئاگاداربکەنەوە. واباشتر بوو کە کیمیت ئەم هەواڵەی بگەیاندایە بە رۆژنامەکان نەك بەپێچەوانەوە.



Scanned with CamScanner

وتم، " خێرا ئەوە بکە. ئاگات لەوەش بێت کە بەیاننامەکەمان هەموو ئەو هەڵسوکەوتە ناشیاوانە پێدانە بکات و بڵێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرێت کە بەرپرسیارن لەو کارانە و سزایان دەدرێت".

هەمبە کیت دواتر داوای سازکردنی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی کردو رایگەیاند کە فەریق سانشێز فەرمانی کردووە بەدڵنیاییەوە لەو " رووداوانەی کە تیایاندا مامەڵەی خراپ لەگەڵ گیراوەکاندا کرابوو". ووتیشی " لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی گشتگیر پێشەیانە ئەنجام دەدرێت".

دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە، لەکۆبونەوەیەکدا لەبارەی عێراق لەکۆشکی سپی مەسەلەی ئەو خراپ مامەڵەکردنانەی پۆلیسی سەربازی لەگەڵ بەندکراوەکاندا باسکرد.

سەرۆك لەسەر کورسیەکەی بەشێوەیەك کە بۆ پێش چەمابۆوە دانیشت و گرژو مۆن بوو.

ژەنراڵ پیت پیس بەشێوەیەکی کورت باسی لەهەواڵەکە کرد، ووتیشی کە هەموو وردەکارییەکانمان لا نیە.

سەرۆك لەتوڕەییدا سەری راوەشاند لەکاتێکدا کەسەیری جەماعەتەکەی دەکرد ووتی، " هیوادارم هەموو تاوانبارەکان بدۆزنەوە. پێویستە لەسەرمان لەزووترین کاتدا سزایان بدەین. دەمەوێت لەدەرەوەی عێراقدابن و بەوپەڕی خێراییەوە بخرێنە ناو زیندانەوە". جارێکی تر سەری راوەشاندەوە. " دەمەوێت لەم بارەیەوە هەمووان لەبەردەم رۆژنامەکاندا هەڵوێستێکی توند وەربگرن".

کاتێك کەوا کۆبونەوەکە تەواو بوو، سەرۆك کەمێك گلی دامەوەو ووتی" برێمەر حاڵت چۆنە؟ ماندوو دیاریت. پێویستە لەسەرت سەرکەویت".



"من شەکەتم. بەڵام سەردەکەوم".

سەرۆك پێی ڕاگەیاندم کەئەو خۆشحاڵ بووە بەبینینی فرانسی و خێزانەکەم لەکاتی ئەدای فرقەی سیمفۆنیای عێراقیدا. " شەوێکی مەزنت لەکیسدا".

ئەوکاتە کەبەئەدوازشەوە لەشانی دار رۆیشتین بەرەو دەرگاکە ووتی، " گوێنی مەدەری جێریی".

هەمان ئەم ووشانەم بیرکەوتەوە، کەپێش شەش مانگ لەقەندەر ووتیەوە. وەك ئەوە وابوو کە پێش سەد ساڵ بوبێت.



Scanned with CamSc

کۆبونەوەکان لەنیویۆرك لەرۆژی دووشەممە ١٩ کانونی دووەم/یەنایەر ٢٠٠٤دا لەنێوان گەورە بەرپرسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەفدی عێراقی و نوێنەری هاوپەیماناندا بەباشی بەڕێوەچوون. عەدنان پاچەچی سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بۆ مانگی کانونی دووەم/ یەنایەر، سەرۆکایەتی وەفدە عێراقیەکەی کرد کەپێکهاتبوون لەعەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنەکە لەمانگی کانونی یەکەم/ دیسەمبەرداو دکتۆر موحسن عەبدولحەمید- سەرۆکی مانگی ئایندەی ئەنجومەنەکەو سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراقی سوونی و، ئەحمەد چەلەبی و هۆشیاری زێباری وەزیری دەرەوە. ئێمە دەمانویست داوا لەکۆفی ئەنان بکەین گروپێك بنێرێت بۆ عێراق بۆ وەڵامدانەوەی دوو پرسیار کە ئەنجومەنی حوکم لەبەردەمیدا کردیان: ئایا دەکرێت هەڵبژاردنێکی نیشتمانی پێش ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ ئەنجام بدرێت؟ ئەگەر نەشکرا، ئایا دەکرێت نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگە چارەی تر پێشنیار بکات، وەك کۆنگرەکان، بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی لەو کاتەدا؟!

هاوپەیمانان یەکەم کۆبونەوەی بەتەنهایان لەگەڵ ئەمینداری گشتیدا بەست. ئەنان ڕایگەیاند کە ئەو نایەوێت نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەخنە ئاراستەی ئێمە بکات و خۆیشی لەدوورەوە سەیر بکات هەوڵیش نادات کە ڕێکخراوەکە ڕۆڵێکی سیاسی جیا ببینێت. ووتیشی، "بەڵام من پێویستم بە هەڵسەنگاندنێکی ڕاشکاوانە هەیە. ئایا ئایەتوڵڵا سیستانی دەیەوێت نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە ناوەوە بۆ پێشکەشکردنی ڕێگەیەك کە ئاوی ڕووی پارێزێت بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە بگۆڕێت"؟

هەروەها ئەنان نیگەران بوو سەبارەت بەڕەوشی ئەمنی، بێگومان تەقینەوەکەی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەغدا لەزەینیدایە.

پێمڕاگەیاند کە هاوپەیمانان خۆشحاڵ دەبن بەبوونی هەلێك بۆ بونیادنانی شەراکەتێکی ماوە درێژ لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا. وە ئەوەی کە بکرێت دەیکەین بۆ فەراهەمکردنی ئاسایشی شایستەو شیاو بۆ نوێنەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ووتیشم، "جەنابی ئەمینداری گشتی ڕێکەوتنێك هەیە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر، سەرەڕای ئەوە کە کۆدەنگییەك نیە لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتیقالییەوە". ووتیشم کە من پێموایە بەپێی ئەو پەیوەندیانەی کە هەمە لەگەڵیدا سیستانی عێراقێکی دیموکراسی دەوێت.

لەکاتی کۆبونەوەی وەفدی عێراقی لەگەڵ ئەمینداری گشتیدا، لە ڕێگەی یەکەم لامدا بەئاراستەی نێردەی ئەمریکی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و لە نوسینگەی نیگرۆبۆنی کۆبونەوەیەکی شەخصیم لەگەڵ ئەخزەر ئەلئیبراهیمدا ئەنجامدا، کە پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق.



Scanned with CamSc

ئیبراهیمی کەسێکی باریکەڵەو تەمەنی لەسەروو حەفتاوە بوو. بەڵام خاوەن دوو چاوی حەیری و دەرەخشان بوو، کاتێك کە بەعەرەبی فەرمی سەلامم لێکرد بە زەردەخەنەیەك وەڵامی دامەوە. هێندەی نەبرد کە گۆڕی بۆ فەرەنسی و هەندێك خۆشدوویی لەبارەی پاریسەوە کرد لەگەڵمدا، کە خێزانەکەی لێدەژی.

پێیان ئیبراهیمی بەئینگلیزی پێڕاگەیاندم " بەرپرسیارێتیم لەئەفغانستان زۆر ماندوکەرە، جەنابی باڵیۆز بەڕاشکاوی دەمەوێت مۆڵەتێکی درێژ لەگەڵ خێزانەکەمدا لەپاریس بەسەربەرم، بۆیە دوو دڵم لەوەرگرتنی پلەکە لەعێراق. کاتی کۆتایی بۆ گواستنەوەی سەروەریی لە ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆدا چەندە گرنگە"؟

ڕووم: • کاتێکی جێگیرە. پێویستە لەسەرمان نیشانی بدەین کە ڕێکەوتنەکەمان جێبەجێ دەکەین. عێراقییەکان دەیانەوێت سەروەرییان بۆ بگەڕێتەوە. هەروەها پێویستە لەسەرمان ئەوە نیشان بدەین کە سیستانی ئامان ترسێنێت" . ئیبراهیمی قەناعەتی وابوو کە پێویستە " خاوەن عەمامە رەشەکان" حکومەتی کاتیی عێراق نەبەن بەڕێوە. پێمڕاگەیاند من پێموایە کە سیستانی تەنها بایەخ بەگرەنتی بوونی زۆرینەی شیعەکان دەدات لە حکومەتی نوێدا.

وەك ڕایس وتی، ئیبراهیم پیرەمەندێکی بەرچاوڕوون بوو. پێی سەرسام بووم و دڵنیابووم لەوەی دەتوانین پێکەوە بەکارایی و چالاکییەوە کارەکانمان بکەین.

لەڕۆژی دواتردا لەواشنتۆن پێش گەیشتنی وەفدی عێراقیی، من و میگهان سەرۆکم ئاگادارکردەوە لەو وتوێژانەی کە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامدرا. سەرۆك لەپشت نوسینگەکەیەوە ڕاوەستابوو، هەندێك پەنیری دەخوارد. کاتێکیش کە ڕامسفێڵد و پاول و ڕایس هاتن، سەرۆك بەشێك لە پەنیرو ترێ و چەند پەنجە گێزەرێکی پێشکەش کردن بەڵام ئەوان پۆزشیان هێنایەوە. سکێنێکی سویترم برد لەگەڵ پارچەیەك لە پەنیری چەدەر. کاتێك کە قسەمان دەکرد، سەرۆك بەشۆخییەوە ئاماژەی کرد بۆ ئەوەی کە من پارچەکان لەسەر ماڵفورەکە بڵاودەکەمەوە. ئەوەش پێدانەیەکی بەهێزی بۆ نەریتەکانم لەنانخواردندا لای ڕایس و پاول جوڵاند. وتم پیرمچوو من لەکوێم و تەنها ڕێسای بەغدا دەگرمەبەر. سەرۆك زۆر پێکەنی کاتێك ئەوەشم بۆ زیادکرد، " دەتوانن ڕێکیبخەنەوە بەڵام ناتوانن دەری بکەن...".

بەپشت بەستن بە یاداشتێك کە من و میگهان شەوی پێشوو ناردمان بۆ سەرۆك، وتم سوود بەخش دەبێت ئەگەر پیرۆزبایی لەعێراقییەکان بکرێت لەبەرگری بەهێزیان لە ئازادییە کەسییەکان لەڕەشنوسی یاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا. هەروەها پێداگریم کرد لەوەی کە " زۆر گرنگە حەکیم گوێی لەو بایەخە توندە بێت کە ئێمە دەیدەین بە ئازادی ئایین".



Scanned with CamSc

دوای کۆبونەوەکە، سەرۆك جۆرج بوش بەسۆزەوە پیرۆزبایی لەعێراقیەکان کرد. ئاماژەی بۆ هەردوو وێنەکەی واشنتۆن و لینکولن کرد، ووتی ئەمە ژوورێکی مێژووییە؛ سەرۆکایەتی ئەمریکاش دامەزراوەیەکی دیموکراسیە زیاتر گرنگە لەو پیاوانەی کە پۆستەکە وەردەگرن. ووتیشی، " ئەوەی وا دەکات ئەمڕۆ زیاتر بایەخ بەعێراق بدرێت ئەوەیە کە ئێوە هەڵدەستن بە بونیادنانی دامەزراوە دیموکراسیەکان".

سەرۆك داوای لە پاچەچی کرد لەسەر " کورسی دادی"، دانیشێت وەك ئەوەی فەرمانبەرەکان لەکۆشکی سپی ئاماژە بۆ ئەو کورسیە دەکەن کەلای دەستە ڕاستی سەرۆکەوەیە. پاچەچی سوپاسی سەرۆکی کرد لەسەر پێشوازیکردن لەوەفدەکە و سوپاسی ئەمریکاشی کرد " بۆ رزگارکردنی گەلی عێراقی". ووتیشی، " دوای حوزەیران/یۆنیۆ، عێراق بەردەوام دەبێت لە پشت بەستن بە شەراکەتەکەمان. وە من گەشبینم بەئاییندەی عێراق".

پاچەچی بەسەرۆکی ڕاگەیاند کە پێشتر سەردانی کۆشکی سپی کردووە، کاتێك کەلەگەڵ سەرۆك لیندون جۆنسۆندا کۆبۆتەوە، کە ئەویش هەروەها خەڵکی تەکساسە. ووتیشی " گومانی تێدا نیە کە تۆ جیاوازی لەو".

سەرۆك بەزەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە، " ئەوە بەپیاهەڵدان دەزانم". هەروەها سەرۆك بوش ووتی عێراقیەکان پێویستە بزانن کە ئێمە " لەوێ دەمێنینەوە تا ئەرکەکەمان تەواو دەبێت". ئێمە سوورین لەسەر جێبەجێکردنی رێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆفەمبەر، ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆش کاتی گواستنەوەی سەروەریە" لەسەر بەرد هەڵکەنراوە".

سەرۆك لای کردەوە بەلای حەکیمدا، هاوسۆزی خۆیی دەربڕی بۆ لەدەستدانی براکەی لە تەقینەوەکەی ئاب/ ئۆگۆست لەنەجەف ووتیشی، " دەزانم ئەوە لەناخەوە ئازارت دەدات".

دیاربوو حەکیم کاریگەربوو، سوپاسی سەرۆکی کردو ووتی صەدام شەست و سێ کەس لەخزمەکانی کوشتووە، لەناویاندا هەشت برای. پاشان خێرا بابەتەکەی گۆڕی، " ئێمە بەکاتێکی نارەحەتدا گوزەر دەکەین. پێویستە بەڕاستگۆیی و شەفافیەتەوە مامەڵە بکەین و رێنومایی وەربگرین. وەك ئایەتوڵڵا سیستانیش ئاماژەی پێکرد باشترین رێگە بریتیە لەئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان". بە ئارامیەوە لەنێو چاویلەکە ڕەشەکەیەوە سەیرێکی هاوەڵەکانی کرد " ئەوەش هەروەها ڕای هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمە...".

عێراقیەکانی تر بەسەرسامیەوە برۆکانیان هێنایەوە یەك.

حەکیم بەردەوام بوو، "... لەبەرئەوە پێویستە سەروەریی ڕادەستی دەستەیەکی هەڵبژێراو بکرێت. ئێمە پێمان وایە کە خۆپیشاندانەکان هەتا ئەمڕۆ لەعێراق ئەوەیان دەوێت. بەردەوامیش دەبێت



Scanned with CamSc

هەتا ئامانجی خۆپیشاندەرەکان بەدی دێت.
پەندەنگەکی درێژ باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا.
سەرۆك بوش وەڵامی نەدایەوە. دواجار حەکیم ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پێویستە پارێزگاریی لە «ناسنامەی موسڵمانی گەلی عێراق بکرێت».

سەرۆك بوش وەڵامی دایەوە کە ئەویش هەروەها پیاوێکی موتەدەیینە. «دەمەوێت دڵنیام لەوەی کاتێك وەك مەسیحیەك هاتمە عێراق ئازادیم لەوەی مومارەسەی ئاینەکەم بکەم».
ئەمە حەکیمی ملهوڕکردو وەڵامی دایەوە کە عێراقیەکان ڕێز لەهەموو گروپە ئاینیەکان دەگرن. ووتیشی، هیچ جیاکارییەك لەدژی کەس پیادە ناکرێت».
سەرۆك بوش باسی لەرێزی زۆری خۆی کرد بۆ ئایەتوڵڵا سیستانی و داوای لەحەکیم کرد کە سڵاوی ئەوی پێ ڕابگەیێنێت. پاشان جەختیکردەوە لە خشتە زەمەنیە دیاریکراوەکە بۆ ڕێکەوتنامەی ١٥ تشرینی یەکەم/ نۆڤەمبەر. ووتیشی، «هەڵبژاردنی ڕێگەیەك بۆ دیاریکردنی حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ خۆتان بەهاریکاریکردن لەگەڵ باڵیۆز برێمەردا».



سەرۆك بەبیری عێراقیەکانی هێنایەوە کە دیموکراسیەت لەئەمریکادا لەنێوان شەو و ڕۆژێکدا بەدی نەهاتووە، بەڵام بەدرێژایی چەند دەیەیەك پەرەی سەندووە. ووتیشی هەر چارەسەرێك دەبێت بۆ مەسەلەی ٣٠ حوزەیران/یۆنیۆ، «بەڵام کاتێك کە ئەو گرفتە چارەسەر دەکەن، پاش شەش مانگی تر گرفتی تر دەبێت و دوای ئەوەش هی تر. لەبەرئەوە گرنگە بەنسبەت ئێمەوە پابەندبین بەبنەماکانمانەوە». بە کۆمەڵەکەشی ڕاگەیاند کەپێویستە هیچ کەسێك گومان لە پابەندبوونی ئەمریکا نەکات بەعێراقێکی ئازادو دیموکراسیەوە. «لەوێ دەمێنینەوە هەتا ئەو ئەرکە بەئەنجام دەگەیەنرێت».



Scanned with CamScanner

لەکاتێکی دواتردا، عێراقیەکان و گروپی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەوەزارەتی دەرەوە چاویان
بە کۆلن پاول کەوت.
چەلەبی ستایشێکی نەخواستراوی سیستانی کرد، " ئەو یەکێکە لە مەزنترین سەرکردەکانی
وڵاتەکەمان". چەلەبی زەردەخەنەیەکی کرد بۆ حەکیم لەو کاتەدا کە وەرگێڕەکە قسەکەی
وەردەگێڕا.
بیرمکردەوە ئەو زیادەڕۆیی تێدایە، چونکە چەلەبی کەسێکی عەلمانیی بوو.
پاولی وەزیر بەئارامیی چاوی لەحەکیم بڕی ووتی، " لەماوەی پێشوودا لەکۆشکی سپی ووت کە
خۆپیشاندانەکان بەردەوام دەبن. منیش پرسیار دەکەم ئەوە باشترین کەشێکە دروستی بکەین".
گوزارەشتەکەی پاول و دەنگ هەڵبڕینەکەی وای لە حەکیم کرد کە ئازایەتیەکەی لەدەست
بدات، بەشێوەیەکی ناقەناعەتپێکەرانە ڕایگەیاند کە خۆپیشاندانەکان لەواقیعدا" دەرخستنی پشتیوانە
بۆ گواستنەوەی دەسەڵات و، بۆ ئەنجومەنی حوکم و، دیموکراسیەت لەدژی تیرۆر".
هیوام خواست کە حەکیم ئەوە بۆ سیستانی بگوازێتەوە کە سەرکردەکانی ئەمریکا بەئاسانی
ناتۆقن.

* * *

لەکاتی بوونم لەواشنتۆن، لە دیك جۆنزەوە ئەوەم پێگەیشت کە پیاوەکانی موقتەدا صەدر چوون بەرەو مزگەوتی ئیمام عەلی لەنەجەف. پۆلیسی ناوچەییش دووری خستونەتەوە، بەڵام فاوقیزەکە بەژمارەیەکی گەورەترەوە هاتونەتەوە و ڕایانگەیاندووە کە دەیانەوێت "دادگایەکی شەرعی" دابمەزرێنن لەنزیك مەزارە پیرۆزەکەوە " بۆ دادگاییکردن"ی چوار کەس لەپیاوانی پۆلیسی عێراقی کەشەوی پێشوو ڕفاندونیان. هێزە ئیسپانیەکانیش کەبەرپرس بوون لەنەجەف پەشۆکابوون و باسی ئەنجامدانی " وتووێژیان کرد بوو".

لەسەر داوای من، دیك بروسکەیەکی نارد بۆ ئەوەی پشتیوانی لە پۆلیسی عێراقی بکرێت لەدەستگیرکردنی موقتەدادا. پەیامەکەی جەختی لەوە کردەوە کە هەراوهۆریاکە مەزارەکەیان بەجێهێشتووە، بەڵام هێشتا پۆلیسێکی ڕفێنراویان لای خۆیان گرتووە. "دادگاکەشیان" لەشوێنێکی تر لەنەجەفدا بونیادناوەو حوکم بەسەر خەڵکاندا دەدەن و دەیانێرن بۆ "زیندان"ی نهێنی. بروسکەکە پاڵی بە سەرکردایەتی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیەوە نا- بێ هەماهەنگی لەگەڵ وێستگەی بەغدا- نامەیەك بنێرن بۆ سەرۆك کە ووریای دەدات بەوەی دەستگیرکردنی موقتەدا ڕەنگە پیاکێشانێکی گەورە لەناوەندی شیعەکاندا دروست بکات.



Scanned with CamScanner

موقتەدا صەدر مازوات. ناشتوانین دەستەوەستان بوەستین، ئەو تەحەدای سستمی دادوەریی نوێ دەکات لەعێراقدا.

دوای گەڕانەوەم بۆ بەغدا، رەوشەکە زیاتر ئاڵۆز بوو. یاخیبوون جربۆوە، کە بەئۆتۆمبیلی ئامرێکراو و تەقینەوەوە پەلاماری هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی پۆلیسی نوێی عێراقیان دەدا.

هەتا ناوەڕاستی کانونی دووەم/ یەنایەر، ستراتیژیەتی یاخیبووەکان روون نەبوو بەنسبەت هەوڵگری هاوپەیمانانەوە. دەمانزانی کە ئێمە ڕووبەڕووی بەعسیە حەشگرتووەکان و تاوانبارەکان بووینەتەوە. بەڵام ناڕیاری سەرەکی ئەوەیە کە ڕۆڵی تیرۆریستە نێودەوڵەتیەکان چییە. دوای ئەوە پەیامبەرێکی پاکستانی سەر بەقاعیدەمان گرت کە سیدیەکی کۆمپیوتەری پێبوو لەناویدا بەیاننامەیەك هەبوو. دانەری ئەو بەیاننامەیە ئەبو موصعەب زەرقاویی بەرەگەز ئوردنی بوو لەئەفغانستان جەنگابوو، لەساڵی ۲۰۰۱دا بریندار بوو بوو، پێش پرۆسەی رزگاری چارەسەری پزیشکی و پەناگەی لەعێراقدا بۆ دابینکرابوو. پەیامەکە ئاراستەی "نسور اخد" کرابوو کە ناوی حەرەکی ئوسامە بن لادن و یاریدەدەرەکانی بوو. کە بەیاننامەکە نامەیەکی درێژبوو دژ بەئەمریکیەکان و جولەکەو ئیسرائیل و شیعە عێراقیەکان.

زەرقاویی دانی بەوەدا نابوو کە رەوشەکە بەنسبەت یاخیبووە ئیسلامیەکانەوە زیاتر بەرەو خراپبوون دەڕوات. کاتێك کە هێزەکانی ئاسایشی عێراقی جێگەی هێزەکانی هاوپەیمانان دەگرنەوە، پێویستە لەسەر یاخیبووە جەنگاوەرەکان لەدژی ئەو دوژمنە نوێیە بجەنگن " ئەمەش مەترسیەکی ڕاستەقینەیە کە ڕووبەڕووی دەبینەوە، چونکە ئەوانە لەو هاوڵاتیانەمان کەلەدەرەوەو ناوەوەدا دەمان ناسن".

مەترسیەکەی تریش بریتیە لە" جەماوەر"ی سوننە عەرەبەکان ئەوانەی کەخوازیاری " سبەینێیەکی ڕوناك و ئایندەیەکی گەشاوە دەکەن". پێویستە لەسەر عێراقیە موجاهیدەکان هانی سوننەکان بدەن بۆ ئەوەی توندڕەوی بنوێنن و لەڕێگەی زیادکردنی " کردەوە ئیستیشهادیەکانەوە" بەرگریی بەهێز بکەن، کە زەرقاویی خۆی بەرپرسیارێتی بیست و پێنج کردەوەیانی لەئەستۆ گرتبوو" " لەناویشیاندا ئەو کردەوانەی کەلەدژی شیعەکان و کەسایەتیە سەرکردەکانیان ئەنجام درابوو".

هەروەها زەرقاوی دانی بەوەدا نابوو کە کوردەکان "درکن" لە بەردەم یاخیبووندا. هەروەها هێزەکانی پۆلیسی وەك ئامانجێکی تری تیرۆریستەکان دیاریکردبوو.

ئامانجی کۆتایی یاخیبووەکان بریتی بوو لە بەکارهێنانی هێرشە خۆکوژیەکان بۆ ئەوەی پاڵ بەشیعەوە بنێن بێنە ناو جەنگێکی ئەهلیی کراوەوە لەگەڵ جەماوەری سوننەدا. بەڵام زەرقاوی نیگەران بوو لەوەی : " دیموکراسیەت بەڕێوەیە، بۆیە دوای ئەوە ئیدی بیانویەك بۆ یاخیبوون

ئامێنێتەوە".
پرسیارمکرد لە "بیت"، کە بەرپرسی نوێی وێستگەی بەغدا بوو، " ڕات چۆنە لەوبارەیەوە؟ من وای لێبێدەگەم کەئەوان دەبینن عێراق بەرەو دیموکراسی دەڕوات و ئەوانیش ڕقیان لەوە دەبێتەوە".
کاتێك کەسەیری ئەو ڕاپۆرتە چاپکراوەی دەکرد کەلەسەر نوسینگەکەم بوو، بڕۆکانی هێنایەوە یەك، ئەو کەسێکی پیشەیی کورتی جەستە پڕبوو سیماو شێوەی ئەوەی دەگەیاند کەخێرا توڕە دەبێت، " هەموو ئەوە ڕوون دەبێتەوە جەنابی باڵیۆز"
" ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت لەماوەی پێنج مانگی ئایندەدا بەتوندی لێمان دەدەن".
ووتیشی، " نەك تەنها ئێمە. شیعەکان و کوردەکان و سونەکانیش ئەوانەی کە لەڕیزی هێزە لەمینەکاندا خزمەت دەکەن...".
لەماوەی چەند ڕۆژێکدا لەدوای گرتن و کەوتنەڕووی نامەکەی زەرقاوی، دوو خۆکوژ لەبارەگای هەردوو حزبە کوردییە سەرەکیەکە لە هەولێرو لەکاتی جەژنی قورباندا خۆیان تەقاندەوە، بەهۆیەوە نزیکەی حەفتا کەس کوژران، لەناویاندا جێگری بارزانی لەسەرۆکایەتی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردیدا.
یادەوەریم گێڕامیەوە بۆ ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیە لەگەڵ ڕایس دوای ئەو ڕۆژە تۆقێنەرەو ترسناکە لە ئاب/ ئۆگۆستدا کاتێك – وەك ئێستا زانیم– خۆکوژێك لەجەماعەتەکەی زەرقاوی هێرشی کردە سەر بینای نەتەوە یەکگرتووەکان و سێرجیۆ دی میلۆی هاوڕێمی کوشت: " من و کۆلن قەناعەتمان وابوو کە عێراق بۆتە شانۆی یەکلاییکەرەوە لەجەنگی دژە تیرۆردا و ئەگەر ئێمە لەعێراق بردمانەوە، ئەوا دەکرێت شکست بە تیرۆری نێودەوڵەتی بهێنرێت".
بەڵام هیچ یەکێکمان نەماندەزانی کە جەنگەکە چەندە توندو سەخت دەبێت.



Scanned with CamSc

## نوسینەوەی دەستور

### بەغدا
### شوبات/ فیبرایەر ۲۰۰۳

"کاتی بەغدا" فشاری دەخستە سەر ژیانمان. کەم کەس لەئێمە دەیتوانی زیاتر لە سێ بۆ چوار کاتژمێر بەشەودا بخەوێت– ئەمە سەرەڕای ئەو هێرشانەی کە بە هاوەن و موشەک دەکرایە سەرمان. زەنگی تەلەفۆن لەکاتژمێر سێی بەیانیدا، کە هەندێک لەفەرمانبەرەکان لەواشنتۆن جیاواز کاتی نێوان خۆیان و ئێمەیان لەیاد دەچوو. زۆرێکمان بەهۆی تووشبوونمان بەژانەسەر لەئەنجامی نەنفەبوونمانەوە بەلارولێویی وەک جەستەی جوڵاو دەڕۆیشتین بەرێوە.

ئێمە هیواخوازبووین گرووپی نەتەوە یەکگرتووەکان بەمزوانە بگاتە عێراق و بیرۆکەی هەڵبژاردنی پێشمانی پێش ۳۰ حوزەیران/ یۆنیۆ بپێچێتەوەو لایەرێت. بەڵام ئێمە بیستمان کە ئیبراهیمی گومانی هەبوو لەبەکارهێنانی کۆنگرەکان لەناوچەکاندا بۆ هەڵبژاردنی حکومەتی نوێ. لەواشنتۆن، " بەرپرسیارە بێئاگاکان" ئەوەیان بەگوێی رۆژنامەکاندا دەچرپاند کە ۳۰ حوزەیران/یۆنیۆ کە دواکاتە بۆ رادەستکردنەوەی سەروەریی رەنگە " نەرم" بێت. وە من لەوە دەترسام بەو ئاراستەیەدا بڕۆین کە سەروەریی ڕادەستی دەستەیەکی دیاریکراو بکەینەوە. ئەمەش وابکرد کە ئەگەری لەچوارچێوەدانی ژیانی سیاسی لەعێراق لەرێگەی دەستورێکی کاتیی باشەوە مەسەلەیەکی حەیەویی بێت.

خەریک بوو پرۆسەی دیموکراسی لەهەموو پارێزگاکاندا بڵاودەبۆوە، دەیان گرووپی بازرگانی و پیشەیی و ژنان کۆدەبوونەوەو بەرپرسانیان هەڵدەبژاردو لەبارەی دیموکراسیەتەوە دەدوان. بەڵکو ئەم گرووپانە لایەنە باشەکانی بەها دیموکراسیەکانیان دەخستەڕوو هەتا لەپارێزگای ئەنباریش، کە توندڕەوەکانی زەرقاویی و بەعسیەکان تارادەیەک بەشێوەیەکی رۆژانە هێرشیان دەکردە سەر هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی پۆلیسی عێراقیی.

لەڕۆژەیەکی ئازیزیش لەدڵمداو، بەرێنوماییی لەلایەن راوێژکارە وەرزشیەکانەوە، منذر فتفت ، نزیکەی زیاتر لە پێنج صەد پرۆسەی هەڵبژاردنمان لەسەر ئاستی شارەوانی و پارێزگاکان ئەنجامدا بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی لیژنەی ئۆلۆمپی– کە ئەوە مەرجێکی پێشوەخت بوو بۆ وەرگرتنەوەی عێراق لەجوجوڵی ئۆلۆمپیدا، دوای ئەوەی پێش دە ساڵ دەرکرابوو.



Scanned with CamSc

لەرۆژی شەممە ٧ شوبات/ فیبرایەر، نامەیەکمان لەشەریف عەلییەوە پێگەیشت کە پەیوەندیەکانی لەگەڵ یاخیبووە سوونەکاندا لەشاری بەعقوبە لەسەر روباری دیجلەی باکوری بەغدا بەرهەمداربووەو بۆتە هۆی ئەوەی ئاگربەستی یەکلایەنە لەبەرەبەیانەوە دەست پێبکات. بڕیاریش بوو هەتا کاتژمێر شەشی بەیانی رۆژی سێ شەممە بەردەوام بێت.

بانگهێشت کرام بۆ کۆبونەوەیەك لەگەڵ عەمید مارینز جۆن گالینیتی گەورەی فەرمانبەرەکانی سانشێرۆ، بەرپرسی سیاسی سکۆت کارپینتەر و، رۆن شلیشر، کەوا لەگەڵ دەیفید ریچمۆند دا کاری دەکردو گروپێك لەوانەی کە بەباشی عەرەبیان دەزانی بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سونەکاندا، رۆن لەو دبلۆماسیە ئەمریکیانە بوو کە بەباشی عەرەبی دەزانی و شارەزاییەکی زۆریان لەناوچەکەدا هەبوو. بە کۆمەڵەکەمم راگەیاند کە ئێمە پێویستیمان بە دۆزینەوەی باشترین چارەسەرە بۆ سوود وەرگرتن لەم هەلە. " پێویستە بگەینە هەندێك ئاماژەی هاوبەرامبەر، ئەگەر ئەوە مومکین بوو".

ژەنراڵ گالینیتی راسپاردەی دا بۆ تاقیکردنەوەی ئاگربەستەکە هەندێك لەهێزەکان لەهەندێك لەناوچەکانی شار بکشێنرێنەوەو بوونی تێکڕایی سەربازیمان لەدەوروبەری بەعقوبەدا کەمبکەینەوە. رازی بووم لەسەر ئەوە، سکۆت و رۆن وتیان ئێمە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی خۆمان لەپارێزگاکەدا لەو بارەیەوە قسە دەکەین.

ئەوە یەکەم هەنگاوی ئێمە بوو لەهەوڵەکانمان بۆ بونیادنانی پەیوەندییەك لەگەڵ یاخیبووەکاندا. ، بەپێی دکتۆرە رایس، کە هانمدا بۆ ئەوەی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بەدوای ئەوەدا بڕوات، نەتەوە یەکگرتوەکانیش هەندێك پەیوەندیی لەوبارەیەوە پێوەکرابوو. بەگروپەکەمم راگەیاند، " ئامانجمان ئەوەیە کەناڵێکی پەیوەندیی لەگەڵ یاخیبووەکاندا دروست بکەین. لەوانەیە بتوانین رازیان بکەین بەدرێژکردنەوەی ئاگربەست تا دوای رۆژی سێ شەممە و، شەریف عەلیش دەتوانێت لەشوێنەکانی تریشدا ئاگربەست رێك بخات".

لەرۆژی دوو شەممە ٩ شوبات/ فیبرایەر، شەریف عەلی لەپێناو کۆبونەوەیەکی تردا گەڕایەوە. ئاگربەستەکەش ماوەی چل کاتژمێر بوو بەردەوام بوو.

سوپاسم کرد لەسەر هەوڵەکانی و وتم ئێمە دەمانەوێت پێکەوە بۆ ئارامکردنەوەی شارەکە کاربکەین. " پێشنیار دەکەین داوا لەوانە بکەیت کە پەیوەندیت لەگەڵیاندا هەیە بۆ ماوەی هەفتەیەکی تر ئاگربەستەکە درێژبکەنەوە، تا ئێمە بەرنامەیەك دادەنێین کە بەلای هەردووکمانەوە گرنگ بێت".

من داوام لە هاوەڵەکانم کردبوو لیستێکم بۆ بێنن لەبارەی پرۆژەکانی ژێرخانی ئابورییەوە کەوا



Scanned with CamSc

هەلی کار دەڕەخسێنێت و پارە دەخاتە شارەکەوە، بەوەش لەبری یاخبوون ئاییەتمەندێتی بەرچاو بۆ هاریکاری دەخاتەڕوو. " ئایا دەتوانیت چیمان پێ بڵێیت لەبارەی پەیوەندیەکانەوە لەبەعقوبە؟ ئایا بوانیش لەوانەی ئەنبارن کەباسکردن؟ چیان دەوێت"؟

" یاخیبووەکان لەبەعقوبە لەعەشایەرەکان نین. بەڵکو لە ئەندامەکانی هەواڵگری و هێزە ئەمنیەکان و هێزە چەکدارەکانی رژێمی پێشوون. بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیم نیە لەگەڵیاندا. بەڵکو لەرێگەی چەند ئاستێك لەمیانکارەکانەوە دەبێت، ئەوەش کاتی دەوێت".

"ئایا پێشنیارت نەکرد ئاگربەستەکە درێژبکەنەوە"؟

" بەدڵنیاییەوە. بەڵام بەنسبەت بەرژەوەندیەکانیانەوە، ئەوا ئەوان دەیانەوێت بەیەکەرێکی سەرکردایەتی بۆ دەزگا ئەمنیەکان بونیادبنرێت. ئەوان دژایەتی هاوپەیمانان یان ئەمریکیەکان ناکەن، بەڵام هەست دەکەن دەرکراون لەژیانی سیاسی لەعێراقدا دەیانەوێت بەشداری پێبکرێن".

هەندێك لەئەندامەکانی سوپاو هەواڵگری کە ئەو وەسفی کردن بەدڵنیاییەوە دەرنەچوون لەپشکنینە وردەکەدا. بەڵام دەکرێت هەندێکیان دەربچن. بۆیە پێویستە لەسەرمان ئەو کەناڵە بەکراوەیی بهێڵینەوە، بەتایبەتی کە زەرقاوی خۆی دانی بەوەدا ناوە کە بڕێکی فراوان لە ئایفەی سوننی بەتوندی سکاڵا دەکەن لەیاخیبوون.

وتم، " هاوپەیمانان لاریەکی بنەماییان نیە لە ئەندامەکانی سوپای پێشوو. نزیکەی ٨٠ لەسەدی سوپای عێراقی نوێ و فەیلەقی بەرگری نیشتمانی سەربازی پێشوون. هەروەها هەموو ئەفسەرەکان و (ئەفسەرەکانی پۆل)یش".

پێشنیارمکرد فشار بخاتە سەر پەیوەندیکارەکانی بۆ ئەوەی لیستێك ئامادە بکەن کە لە چوار یان پێنج مسەلە پێکهاتبێت و بەتایبەتی پەیوەندی بە بەعقوبەوە هەبێت بۆ ئەوەی وتووێژی لەسەر بکەین. شەریف لەسەر ئەوە ڕازی بوو.

دوای خۆرئاوابوون، سکۆتی نۆرروود هات بۆ نوسینگەکەم. ووتی: لەبەعقوبە ئاگربەست کۆتایی پێهات. بۆمبێك بەکاروانێکی ئۆتۆمبێلەکانماندا تەقیوەتەوەو بەهۆیەوە سەربازێکمان کوژراوە. هەروەها بۆمبێکی تریان دۆزیوەتەوەو پوچەڵیان کردۆتەوە.

لەو شەوەدا داوام لە ڕۆن شلیشر کرد پەیوەندی بە شەریف عەلیەوە بکات بۆ گوزارشکردن لەبێداخەوەبوونمان سەبارەت بە کۆتایی هێنان بەئاگربەستەکە. ئەگەر ئەوانەیش کە ئەو پەیوەندی لەگەڵیاندا هەیە دەزانن کێ هێرشی کردۆتە سەر کاروانەکە، ئەوا پێویستە لەسەریان پێمانی ڕابگەیەنن. هیچ شتێکمان لێیەوە نەبیست. یاخیبوونیش بەردەوام بوو. بەڵام من بەردەوام بووم لەفشارخستنە سەر سەربازییەکان بۆ ئازادکردنی گیراوەکان هەرکاتێك کەوا کەسێك بووە

کەفیلیان.

*　　*　　*

نوسینەوەی یاسای بەڕێوەبردنی کاتیی هەنگاوی گەورەی بۆ پێشەوە دەنا. نوێنەرانەکان لەلیژنەی داڕشتنەوە لەئەنجومەنی حوکم لەگەڵ دەستەیەکی بچووك لەگرووپی بەڕێوەبردنی حوکم لەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان کۆدەبوونەوە. ڕەعد ئەلقادریی و عیرفان صدیق، بەهۆی زانینی زمانی عەرەبی و شارەزاییان لەناوچەکەدا، یارمەتیەکی گەورەیان لەو بارەیەوە پێشکەش کرد. لیژنەی داڕشتنی بەشی مافەکانی تاکەکانم لەیاسای بەڕێوەبردنی ئینتیقالییدا ڕێککردەوەو، پەیکەرەکانی حکومەتی نوێ و میکانیزمەکانیم دیاریکردو، ڕازی بووم لەسەر بنەما بنەڕەتیەکان وەك سەربەخۆیی قەزاو دەسەڵاتی مەدەنیی لەسەر هێزە چەکدارەکان.

لەم ماوەیەدا بەردەوام بووم لە وتووێژەکانم لەگەڵ کوردەکاندا. گەیشتینە ڕێکەوتنێك کەڕێگە بە ناوچە کوردییەکان دەدات پارێزگاریی لەژمارەیەك لەرەگەزەکانی سەربەخۆیی خۆیی نوێ بکەن، ئەمە لەهەمانکاتدا مەسەلە سیاسی و نیشتمانیەکان لەدەستی حکومەتی فیدراڵیدا دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك مەسەلە بێ چارەسەر مانەوە. عەرەب چۆن وەڵامی ئەو ڕێکەوتنە دەدەنەوە کە دروست بووە لەبارەی فیدراڵیەتەوە؟ ئایا بەڵگەنامەکە دان بەزمانی کوردیدا دەنێت وەك زمانێکی فەرمیی، وەك ئەوەی کوردەکان داوای دەکەن؟ ئەی دەستور لەبارەی ئیسلامەوە چی دەڵێت؟ ئەی چی دەربارەی ڕۆڵی ئافرەت لە بونیادی سیاسی عێراقیدا؟ ئێمە پێویستمان بەوەڵامە بۆ ئەم پرسیارانە و -هی تریش- بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالی نیشان بدرێت پێش بەرواری ١ ئازار/ مارس کە دوایین کاتە وەك ئەوەی لەڕێکەوتننامەکەی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا هاتووە.

هەروەها گرفتی بەردەوامیی سیستانیشمان هەبوو. دوای ئەوەی کە ئەنان سەردانەکەی ئیبراهیمی ڕاگەیاند، نوسیم بۆ ئایەتوڵڵا کە من " بێگومانم لەوەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان یارمەتیمان دەدات لە دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو قەبوڵکراو و شەفاف و یەکلاییکەرەوە بۆ بونیادنانی کۆمەڵەی نیشتمانی ئینتیقالیی لە حوزەیران/ یۆنیۆدا"

سیستانی ناڕەزامەندانە ئەوەی بە ضیاء ڕاگەیاندبوو " خەریکە هەست دەکات" کە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەوانەیە لە هاویندا مومکین نەبێت. بەڵام داوای گرەنتی کردبوو سەبارەت بەوەی کە لەماوەی نۆ مانگ دوای ٣٠ی حوزەیران/ یۆنیۆ بەڕێوەبچێت.

سیستانیم دڵنیاکردەوە کە ڕەشنوسی ئێستای یاسای بەڕێوەبردنی ئینتیقالیی ئەوەی دیاریکردووە کە پێویستە پێش ئەوەی مانگی ئازار/ مارسی ٢٠٠٥ تێپەڕێت هەڵبژاردنەکان ئەنجامبدرێت، "



Scanned with CamSc

لەکاتێکی زووتریشدا" ئەگەر کرا. بەڵێنیشم پێدا کە هاوپەیمانان پشتیوانی لەجێبەجێکردنی دەقەکە دەکات.





سیستانی

ئەخزەر ئیبراهیمی هات بۆ عێراق و لە ١٢ شوبات/ فێبرایەردا چوو بۆ ئەجەف بۆ کۆبونەوە لەگەڵ ئایەتوڵڵا سیستانیدا. لەکاتێکی دواتری ئەو ڕۆژەشدا، ئیبراهیمی بەتەنها پێیراگەیاندم سیستانی بەوە رازی کردووە کە ناتوانرێت هەڵبژاردنەکان لەکۆتایی مانگی حوزەیران/ یۆنیۆدا ئەنجام بدرێن. بەڵام وەك لێی دەترسام: سیستانی بە ئیبراهیمی ڕاگەیاندبوو پێی باشە ئەنجومەنی حوکم حکومەتێکی کاتی هەڵبژێرێت، کە لەوانەیە ئەوە بەردەوامی زۆرینەی شیعەکان لەحکومەتەکەدا زامن بکات. بۆ خۆشبەختی ئیبراهیمیش هاوڕابوو لەگەڵمدا کە پێویستە پرۆسەی سیاسی فراوان بکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە کۆنگرەی ناوچەکانی بەلاوە باش نەبوو. ئەوەی بەرەو ئەوە دەڕۆیشت کە حکومەتە ئینتیقالیەکە دیاری بکرێت. بەڵام ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کاتێك لە سەرەتاکانی نیسان/ئەپرێلدا جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ عێراق وتوێژی زیاتر لەبارەی ئەوەوە بکەن.

کاتێك کە ئیبراهیمی سیستانی ڕازیکرد بۆ وازهێنان لە داواکردنی هەڵبژاردنی میانکار، ئەوا هەندێك لەگەورە بەرپرسان لەواشنتۆن پابەند نەبوون بە دواکاتەوە " کە لەسەر بەرد هەڵکۆڵرابوو" بۆ ڕادەستکردنەوەی سەروەریی بۆ عێراقیەکان. لەیەکێك لە کۆبونەوەکانی



Scanned with CamSc

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا لە ١٣ شوبات/ فێبرایەردا، ڕامسفێلد پێشنیاریکرد کە ئێمە دەتوانین، دوای ئەوەی فورسایەکی گەورەمان هەیە لای عێراقیەکان. واز لە پڕۆژەی رادەستکردنەوەی سەرووەری بێنین، " یەکەینە قۆناغ بەقۆناغ"، ووتیشی ئێمە هەمیشە ئامادە بووین بۆ دواخستنی کاتەکە".

هەمیشە؟

هەروەها کۆلن ووتی با گواستنەوەی سەروەریی لە ١ ئاب ئۆگۆستدا بێت لەبری ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ، بۆ دڵنیابوون لەوەی حکومەتی عێراقی کاتی ئامادەیە مومارەسەی دەسەڵاتەکانی بکات، بەشکست دانانرێت. سەرۆك ووتی دواخستنی کاتەکە دەبێتە شکست، بەڵام لەوانەیە بەرێگەیەك بتوانین " کاتی رادەستکردنەوەی سەرووەریی ڕاستکەینەوە".

بینیم هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە هەیە لەسەر ئەو پەیکەرە سیاسیە ئاڵۆزەی کە کۆشش دەکەین بۆ بونیادنانی. چۆن دەتوانم عێراقیەکان ناچاربکەم کە ڕێکەوتنامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر جێبەجێ بکەن ئەگەر واشنتۆن جێگیر نەبێت لەسەر هەڵوێستەکانی؟

لەو شەوەدا لەرێگەی کۆندۆلیزا ڕایسەوە نامەیەکم نارد بۆ سەرۆك بوش و، نوسخەیەکیش بۆ ڕامسفێلدو پاوڵ کە تێیدا بەرەوشی عێراقدا چووبوومەوە. " ئیبراهیمی دەڵێت سیستانی هەروەها ڕازی بووە لەسەر پێویستی گواستنەوەی سەرورەیی لە حوزەیران /یۆنیۆدا. ئەمەش هەواڵێکی باشە. بازاڕیش پڕە لە پروپاگەندە کە ئێمە جدیی نین لەبارەی ڕادەستکردنەوەی سەروەریی لە ٣٠ حوزەیران/یۆنیۆدا. ئەوەی گرنگە بەبەیاننامە گشتیەکانمان ئەم ئاماجە لەناو نەبەین. دواخستن ئەو گومانە دروست دەکات سەبارەت بە نیازە کۆتاییەکانی ئێمە لەعێراق و ڕۆحی ژمارەیەکی زیاتری ئەمریکیەکان دەکێشێت".

هەروەها بینیم کە گرنگە پابەندبین بە کۆتایی شوبات/ فێبرایەرەوە وەك دوا کات بۆ تەواوکردنی یاسای ئیدارەی ئینتیقالی بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانانە سەبارەت بەپابەندبوونمان بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی تر بۆ ڕێکەوتنامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر. ووتیشم کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی حوکم وەك حکومەتێکی ئینتیقالی کارێکی هەڵە دەبێت. ئێمە پێویستمان بە حکومەتێکە بۆ فراوانکردنی بەشداریکردن لەژیانی سیاسی لەعێراقدا، بەتایبەتی بەشداریپێکردنی سوننە. هەروەك چۆن ئەنجومەنی حوکم ئەوەی دەرخست کە ناتوانێت وەك دەستەیەکی جێبەجێکار بەکارەکانی خۆی هەستێت.

سەبارەت بەوەی کە پەیوەندیی هەیە بەرەوشی ئەمنیەوە، جەختمکردەوە لەسەر ئەوەی کە بونیادنانی ڕێکخراو بۆ هێزە ئەمنیە عێراقیە مەشقپێکراوەکان بەتەنیشت " ئارامی و بەکارهێنانی



Scanned with CamScanner

دانایی لەنێوان رەقی و نەرمی نواندندا" لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.
بەڵام هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە کە هێشتا پێویستە لەسەرمان رووبەرووی شەپۆلێکی هەڵکشاوی تیرۆریستە نێودەوڵەتیەکان ببینەوە بەسەرکردایەتی دەمارگیرەکانی نمونەی زەرقاوی، ووتیشم کە زەرقاوی" پێی وایە کەپێویستە لەسەر تیرۆریستەکان لەئێستادا هێرشەکانیان زیاد بکەن. پاشانیش پێویستە لەسەرمان پێشبینی زۆربوونی هێرشە تیرۆریستیەکان بکەین لەنێوان ئەو ماوەیەو تا دەگاتە تەمووز/ یۆلیۆ، لەوانەشە بۆ دوای ئەوەش".

ئەگەر ترووسکەیەکی هیواش مابێت، ئەوە بوو لەنامەکەی زەرقاوییەوە زانیوومان کە ئەو دان دەنێت بەوەدا " ئەمریکا واز لەعێراق ناهێنێت".

وەك ئەوەیش کەلەعێراقدا باو بوو، کاتێك کاروبارەکان زیاتر خراپ دەبن کەوا گومان دەبەیت کە لەڕاستیدا خراپە.

لە ١٤ شوبات/ فێبرایەردا، ریك سانشێز هەواڵی ئەوەی راگەیاند هێرشێك ڕویداوە بۆ سەر ناوەندێکی پۆلیس لەفەللوجە کە " لەئاستێکی بەرزی لێزانیدا بووە "، سێ گروپ لەیەککاتدا هێرشیان کردۆتە سەر ناوەندەکەو داگیریان کردووەو ئەوانەی بەرگریان کردوە کوشتونیان و، بەدەیان زیندانیان ئازادکردووە. فەللوجەش بریتیە لەو ناوچەیەی کە لەسنوری لێپرسراویەتی فرقەی ٨٢ دایە کە سانشێز ووتی ئەوان بەجەرگانە وەڵامیان نەداوەتەوە، لەوانەیە هۆکاریی سەربازیی خۆیی هەبێت، بەڵام ئەو پەیامە چییە کە ئەوە ڕەوانەی دەکات بۆ خەڵکی فەللوجە، کاتێك کە بیر لەوە دەکەنەوە ئێمە بەتوندی وەڵامی کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرێکی جینۆك نادەین کەوا لەدەوروبەری شارەکەدا خرایە خوارەوە؟

دوای چەند رۆژێك روداوێکی بێزارکەری تر ڕوویدا کاتێك کە رۆژنامەی " صەندای تەلەگراف"ی بەریتانی گفتوگۆیەکی لەگەڵ ئەحمەد چەلەبیدا ئەنجام دابوو. ئەو بێ گوێدان ئەوەی بەدوور زانیبوو کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی زانیاریی هەواڵگریی ساختەی لەبارەی چەکی کۆکوژەوە داپێتە حکومەتی ئەمریکا. بە پەیامنێرەکەی ووتبوو" ئێمە پاڵەوانی هەڵەین. ئەوەی پەیوەندی بەئێمەوە هەیە، تەواو سەرکەوتوو بووین. ئەوەتا ستەمکارو زاڵمەکە نەماو ئەوەش ئەمریکەیکانن لەبەغدا. ئەوەش پێش ئەمە وتراوە هیچ گرنگ نیە. ئێستا ئیدارەکەی بوش بەدوای بەرانێکی قوربانیدا دەگەڕێت. وە ئێمەش ئامادەین بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەگەر ویستی".

جاری دواتر کاتێك قسەم لەگەڵ رایسدا کردەوە ووتی هەواڵەکەی رۆژنامەی "صەندای تەلەگراف" بەڕاستی سەرۆك بوشی تورە کردووە. بۆیە رێنومایە داوەتە بەرپرسە ئەمریکیەکان بۆ ئەوەی خۆیان لەچەلەبی بەدووربگرن و فەرامۆشی بکەن.

یاخیبوون دەردەکەوت و پاشان دیار نەدەما بۆ ئەوەی جارێکی تر بەدیاربکەوێتەوە. بەڵام من سووربووم لەسەر ئەوەی کە ئەمە زیندانی ناوچەی سەوز. ئێستاش کە لەرێگەی ئاسمانیەوە دێین و دەچین زیاتر سوورین، هەلیکۆپتەری بلاك هۆك بە بەرزیەکی نزمدا بەسەر بیناکان و کێڵگەکانی گەنمدا بەوپەڕی خێراییەوە دەفڕێت. هەرکە هەلیکۆپتەرێکیش دەنیشێتەوە، ئەوا یەکەیەکی چەکداری ناوچەیی مەفرەزەیەکی ئاسایشمان بۆ دەنێرن کە پێکدێت لەچەند ئۆتۆمبێلێکی هەمڤی زرێپۆش و ئۆتۆمبیلی برادلی جەنگی زرێپۆش.

سەردانی فەرمانڕەوای پارێزگایەك یان بڕینی شریتی کردنەوەی قوتابخانەیەك یان نەخۆشخانەیەك کە نوێکراوەتەوەو بەشداریکردنی سەربازەکان لەخواردنی ژەمە نانێکدا لەهۆڵەکانی خۆیان هەلی ئەوەم بۆ دەرەخسێت زیاتر مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پیاوەکان و ئافرەتە خۆبەخشەکانمان بکەین کەوا هەموو شەو ڕۆژێك ڕووبەڕووی دوژمنەکانمان دەبنەوە. زۆرێکیان هاوڕێیەکی لەدەستداوە، کوژراوە یان برینداربووە، لەتەقینەوەیەکی کەنار ڕێگایەکدا یان لەتەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکدا کە خۆکوژێك تەقاندویەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکان بەردەوام بوون لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، بەگێڕانی مەفرەزە شەوانەکان لەناو گەڕەك و گوندە پڕمەترسیەکاندا کە ناسراون بەوەی لەژێر دەسەلاتی "عەلی بابا" دایە، ئەو گوتە عامیەیەی کە مانای یاخیبووەکان دەگرێتەوە. سەرەڕای ئەم ژینگە سەختەش، ئەوا هێزەکان و، زۆرێك لە ئەندامەکانی کە تەمەنیان نەگەیشتۆتە بیست ساڵ توانای ئەوەیان هەیە کە نەرمی و هاوسۆزی بنوێنن لەگەڵ مەدەنیە عێراقیەکاندا، بەتایبەتی منالآن.

هەروەك چۆن هێزەکانمان توانیان پارێزگاری لە ڕۆحی شادمان و دڵخۆشیان بکەن. لەیەکێك لە خالەکانی پشکێندا لەنزیك تکریت، عەریفێکی لەقوڕ نیشتوو دەستی بۆ کاروانەکەمان ڕاوەشاند بۆ ئەوەی بڕوات، کاتێك کە ناسیمی، بە شوفێرەکەی ووت ڕاوەستێت.

بەخەندەوە ووتی، " سلاو گەورەم، ئایا بیرەیەکی ساردت لایە"؟

ئەوە پاشنیوەڕۆیەکی ساردی زستان بوو کە "گەردەلولێکی قوڕاوی "شێدار هەڵیکردبوو.

زەردەخەنەیەکم بۆ کردوو وتم، " بەداخەوە نیە".

لاوەکە کاتێك کە دڵزیێك لی شل لەلێواری خودەکەیەوە کەوتە سەر گومەزی چاکەتە پارێزەرەکەی ڕاچەنی و، ووتی، " باشە، کەواتە بیرەیەکی گەرمت لایە"؟

زۆری دەوێت تا بتوانرێت ڕۆحی مەعنەوی سەربازێکی وا لاواز بکرێت.

بەهاتنی هەفتەی سێیەم لە شوبات/ فێبرایەر، گواستمانەوە بۆ قۆناغێکی نوێ لەدانوستانەکان لەسەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالی. لەوتووێژەکانماندا لەگەڵ کوردەکان گەیشتینە چارەسەرێکی ڕازیکەر، هەروەها لەوتووێژە نارەسمیەکانیشماندا لەگەڵ ئەندامە بنەڕەتیەکان لەلیژنەی داڕشتنەوە



Scanned with CamSc

لەئەنجومەنی حوکم. بەڵام ئەنجومەنەکە بەتێکڕای دەستی نەکرد بە ووردبوونەوەی جدیانە لەسەر دارشتنەوەیەکی یەکگرتوو. تەنها دە ڕۆژمان لەبەردەمدا مابوو بۆ دواکاتی دیاریکراو لەرێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر، هێشتا چەندین مەسەلە ماون کە پێویستیان بەچارەسەر هەیە.

یەکەم بریتیە لەرۆڵی ئاین. حزبە ئیسلامییە شیعەکان، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق و، حزبی دەعوە پێشنیاریان کرد کە یاسای ئیدارەی ئینتیقالی جەخت بکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئیسلام بنچینەیە (الأساس) -بە ئەلف و لامی تەعریف- بۆ هەموو یاساکان. ئەم مەسەلەیەش کاریگەرییەکی سیاسی گەورەی هەیە بەنسبەت هەموو لایەنەکانەوە. لەکانونی یەکەم/ دیسەمبەردا، حەکیم سەرکردەی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق، هەلی سەرۆکایەتیەکەی قۆزتەوە بۆ فەرزکردنی بڕیاری ژمارە ١٣٧ کە داوا دەکات شەریعەتی ئیسلامی لەعێراقدا جێبەجێ بکرێت. ئەمەش بەنسبەت کوردەکان و عەرەبە سوننەکان و هەروەها شیعە عەلمانیەکانیشەوە مەسەلەیەکی نەخوازراوە، بەتایبەتی ژنان. لەو کاتەشدا بەئاشکرا ڕەتمکردەوە ئیمزا لەسەر بڕیارەکەیان بکەم بۆ ئەوەی ببێتە یاسا.

بۆ پێداگری لەسەر ئەو بایەخەی کە ئێمە دەیدەینە ئەو گرەنتیانەی کە یاسای ئیدارەی ئینتیقالی پێشکەشی دەکات بۆ مافەکانی تاکەکان، بەتایبەتی مافەکانی ژنان، لە ١٦ شوبات/ فێبرایەردا ناوەندێکم بۆ مافەکانی ژنان لەشاری کەربەلای پیرۆز کردەوە. ئێمە ئەم ناوەندانەمان لەهەموو شوێنەکانی وڵاتدا دەکردەوە، چونکە من بەتوندی بڕوام بەوە هەبوو کە دیموکراسیەت لەعێراقدا ڕیشە دادەکوتێت ئەگەر توانیمان بازنەی هەڵبژاردنی پشتیوانی کردن لێی بونیاد بنێین. گومانی تێدا نیە لەدوای چەندین دەیە لەجەنگەکان ئەوا ژنان ئێستا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

بەتایبەتی لەو ڕۆژەدا، زیاتر لە دوو سەد ئافرەتی عەبا بەسەر لەناوەندەکەدا کۆبووبوونەوە، کەپێشتر ئەو شوێنە بارەگای سەرکردایەتی حزبی بەعس بوو لەشارەکەدا، بۆ ئەوەی گوێم لێبگرن کە من دەمووت، " ئەوەی ئەم هەموو بەهرەو توانایانە ببینێت دەرك بەوە دەکات ئەو بەربەستانەی کە لەڕووی ژناندا دانراون لەهەمانکاتدا بەربەستن لەبەردەم پەرەسەندنی عێراق -و جیهانی عەرەبیدا- و گەشەکردن و بوژاندنەوەی... هیچ پیاوێك ڕەوشی باش نابێت چونکە ژنەکەی بەکۆیلی نەزانی بەستراوەتەوە. هیچ کوڕێکیش ڕەوشی باشتر نابێت چونکە دایکی و خوشکەکانی نەخوێندەوارنین" . هەروەها دڵنیامکردنەوە کە هاوپەیمانان بەردەوام دەبێت لە چالاکیە بەهێزەکانی بۆ بەهێزکردنی مافەکان لەعێراقداو " ئایندەی عێراقیش بەزنجیرەکانی دیکتاتۆریەتەوە پێوەند نەبووە، ئایندەی عێراق پڕە لە هیوا". هەروەها دوای ئەوە بۆ ڕۆژنامەکانم دووپاتکردەوە کە ئیمزا

لەسەر بڕیاری ١٣٧ ئەنجومەنی حوکم ناکەم کە مەبەست پێی جێبەجێکردنی شەریعەتە. هێشتا پێویستە لەسەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی مامەڵە لەگەڵ ژمارەیەك مەسەلەدا بکات کە پەیوەستن بەپاراستنی مافەکانی کەمینەکانەوە. کوردەکانیش دەیانەوێت، سەرەڕای ئەو سەربەخۆییە خودییە بەرفراوانە لەناوچەکالیاندا، گرەنتی ئەوەیان هەبێت کە بتوانن ڤیتۆ لەدژی ڕەشنوسی دەستور بەکاربهێنن ئەگەر هاتوو فەرمانەکانی لەبارەی فیدراڵیزمەوە وەك پێویست دەستباڵاو نەبوو. کوردەکان و سوننەکان و عەلمانییە شیعەکان پێکەوە فشاریان بەکارهێنا لەپێناو گرەنتی دامەزراوەیی کە کۆدەنگییەکی فراوان دەخوازێت بۆ دیاریکردنی سەرۆکی وەزیران و وەرگرتنی بڕیارە سیاسیە گەورەکان. ئەوەش گرەنتی ئەوە دەبەخشێت کە زۆرینەی شیعەکان نەتوانن ئیرادەی خۆیان بسەپێنن بەسەر هەموو وڵاتدا، بەڵام پێویستی بە ڕێکخستن و ڕێکەوتن هەیە لەنێوان کۆمەڵەکاندا. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی ڕێوشوێن و بەربەستی زۆر لەخۆی بگرێت.

لەو بوارە گرنگانەی کە ڕێکەوتن لەسەری کراوە خشتەی زەمەنیە بۆ گواستنەوەی عێراق بەرەو دیموکراسیەت. دانانی یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی ڕەزامەندی لەسەر ئەو ئاراستەیە دەردەبڕێت کە ڕێکەوتنامەکەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر پێناسەی دەکات و، ڕێگە خۆش دەکات بۆ گێڕانەوەی سەروەریی لە ٣٠ حوزەیران/یۆنیۆ و هەڵبژاردنی نیشتمانی پێش ٣١ کانونی دووەم/ یەنایەری ٢٠٠٣. بەڵام سێ هەنگاوی زیادە دادەنێت. پێویستە لەسەر عێراقیەکان بەهاتنی ئاب/ ئۆگۆستسی٢٠٠٥ دەستوریی هەمیشەیی بنوسنەوە. ئەم بەڵگەنامەیەش پێشکەش دەکرێت بۆ ئەوەی بەهاتنی ١٥ تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەر ٢٠٠٥ ڕەزامەندی لەسەر نیشان بدرێت، ئەگەر ئەوەش کرا، ئەوا بەپێی ئەحکامەکانی بەهاتنی کانونی یەکەم/ دیسەمبەر هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت. ئێمە دەمانزانی کە خشەیەکی خێرا بەسەریاندا دەسەپێنین، بەڵام هیوامان خواست لەدوای ڕۆیشتنی ئێمە ئەوە ببێتە هۆی ڕێکخستنی چالاکیی سیاسی و چڕکردنەوەی.

لەرۆژی چوارشەممە ٢٥ شوبات/ فێبرایەر، دوای چەند کۆبونەوەیەك لەکاتێکی درەنگی شەودا لەگەڵ دیك جۆنز و پارێزەری دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانداا بۆ پێداچوونەوەی دەقەکە کە پاجەچی دابەشیکرد بەسەر لیژنەی فراوانی ئەنجومەنی حوکمدا " ڕەشنوسی سەرۆکی لیژنە" بۆ یاسای ئیداریی ئینتیقالیی کە چەندین گۆڕانکاریی لەخۆدەگرێت کەلە وتوێژەکانی لیژنەکەدا ڕەزامەندی لەسەر نیشاندراوە. ئەوەی کە ڕەشنوسەکەی جیادەکردەوە بەشی دووەمی بوو، کە ئازادی سیاسی دەبەخشێتە هەموو عێراقیەکان- بۆ گوزارشتکردن لەئاینیان و چوونە ناو پارتە سیاسیەکان و سەندیکاکان و مانگرتن. هاوڵاتیانیش یەکسانن لەبەردەم یاسادا، بەچاوپۆشین لە ڕەگەز یان

مەزهەب یان نەژادیان. تۆمەتباریش ماف یاسایی هەیە لە راوێژکردنی یاسایی و دادگایکردنی خێرا دادپەروەرانە. بۆ ئەم دەسکەوتە گەورەیەش پیرۆزبایم لە پاچەچی کرد.

بەڵام لەرۆژی دواتردا لەبری ئەوەی ئیسلامیە شیعەکان بێن بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەن بۆ کارکردن لەسەر رەشنوسەکە، چوون بۆ نەجەف بۆ راوێژکردن بەسیستانی لەبارەی ئەوەوە کە دەقەکە لەبارەی ئیسلامەوە دەیڵێت. ئەمەش مەسەلەیەکی نیگەران کەربوو، بەتایبەتی بۆ کوردەکان کە هەمیشە لە کاریگەریی مەرجەعیدەکان دەترسان لەعێراقی نوێدا.

لە ١٧ شوبات/ فێبرایەردا، ئیسلامیەکان گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی حوکم بێ رێکەوتن لەسەر رۆڵی ئیسلام. لەحەنگاوێکی کتوپڕیشدا، پاچەچی کۆبونەوەکەی بەبانگهێشتکردنی یەکێك لەئەندامە ژنەکانی ئەنجومەنی حوکم دەستپێکرد، ئەویش دکتۆرە رجاء ئەلخزاعی بوو، کە پزیشکێکی شیعەی عەلمانی بوو. لەگەڵ خۆیدا ژمارەیەکی زۆر لەژنان و رۆژنامەنوسانی هێنابوو بۆ ژووری ئەنجومەنەکە، پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ١٣٧ی کرد یەکسەر ئەنجومەنەکە دەست بەکاربوون و دەنگ لەسەر هەڵوەشاندنەوەی درا، ئەمەش وایکرد دەست بەهەڵمەلە لێدان بکرێت و ئەندامە ئیسلامیە شیعە تورەکان لەژوورەکە بچنە دەرەوە.

پاچەچی و ئەندامەکانی تر تا دوای نیوە شەو مانەوە بۆ کارکردن لەسەر رەشنوسی دەستورەکە، بەڵام دەرکی بەوە کرد ئەوان بەبێ نیصابی یاسایی ناتوانن بگەنە ئەنجامی کۆتایی. دوای ئەوەی کاتژمێرەکە کەمێك لەیەکی شەو لای دابوو، لە ٢٨ شوبات/فێبرایەردا، پاچەچی کۆتایی بە کۆبونەوە درێژەکە هێنا بێ ئەوەی بزانێت کە ئایا ئیسلامیە شیعەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی کۆبونەوەکان و کەی دێنەوە.

هەست و سۆزەکان دەستیان بەهەژین کرد تەنها سی و شەش کاتژمێر لەبەردەمماندا ماوە بۆ گەیشتنە کاتی دیاریکراو. لەشەوێکی درەنگی ئەو شەوەدا، روبەیعی هات و ووتی کە هێشتا شیعەکان دابەش بوون لەبارەی ئەو دەقەوە کە لەیاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا هاتووە لەبارەی ئیسلامەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە سکۆت و میگهان و رۆمان و لیدیا خەلیل هێشتا لاوبوون و پڕ لەووزە بوون، بەڵام ماندویی و کەنەفتەیی پێیانەوە دیاربوو. لەکاتێکدا کە نوێترین رەشنوسی یاسای ئیدارەی ئینتیقالیم دەخوێندەوە پێموتن، "نازانن، هیچ کەسێك نەیوتووە کارەکە ئاسان دەبێت". بەڵام لەوکاتەدا کەقسەم دەکرد دەنگم لاواز دیاربوو مۆزیکی بێزارکەریش دەوری روناکیەکانی گرتبوو - کەئەوەش لەکاریگەریەکانی کەم خەوتنی بوو.

* * *

ئێستا ووبستم سیستانی دڵنیابکەمەوە لەوەی کە باشترین هیوای هەموو عێراقیەکان -



Scanned with CamSc

لەناویشیاندا شیعە- لە تەواوکردنی یاسای ئیداریی ئینتیقالیدایە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. وەك تێبینی پێدانێك بۆم نوسی کە بەهۆی پرۆسەی رزگارییەوە، ئەم ساڵ لە ٢ ئازار/ مارسدا، بۆ یەکەم جار و دوای چەندین دەیە، رێگە بەعێراقیەکان دەدرێت یادی عاشورا زیندوو بکەنەوە- پیرۆزترین رۆژ لای شیعەکان، وەك رێزگرتنێك لە شەهیدبوونی نەوەی پێغەمبەر، حوسێنی کوڕی عەلی.

هەروەها پێداگریم کرد لەسەر ئەوە کە هاوپەیمانان رێز لەبەڵێنەکەمان دەگرن بۆ گواستنەوەی سەروەریی بۆ حکومەتی عێراقی لە ٣٠ حوزەیران/ یونیۆدا. ووتیشم کە حکومەتی عێراقی هەڵبژێراو لەساڵی ٢٠٠٥دا سەروەریی تەواوەتی دەبێت و دەستورێکی نوێ دەنوسرێتەوە. هەروەها بەبیرم هێنایەوە کە " لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا بەپێی دەستور هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام دەدرێت. رەشنوسی یاسای ئیدارەی ئینتیقالیش رێز لە ئیسلام دەگرێت و دەیکاتە ئاینی دەوڵەت و، یاسای ئیدارەی ئینتیقالیش رێز لەناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی عێراق دەگرێت. هەروەها ئەوەی تێدا دەبێت کە حکومەت لەماوەی ئینتیقالیدا ناتوانێت هیچ گۆڕانکارییەك لەیاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا بکات کە ببێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی گەلی عێراقی یان کار لەرۆڵی ئیسلام بکات بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان".

هەروەها ووتیشم کە یاسای ئیدارەی ئینتیقالی رێز لە مافەکانی هەموو هاوڵاتیان دەگرێت- ئەوەش یادخستنەوەیەکی زۆر لێهاتوانە نیە بەوەی شەریعەت لەوانەیە پێشێلی مافەکانی غەیرە موسڵمانەکان بکات سەرەڕای موسڵمانە عەلمانییەکان و ژنانی ئازادیش.

لە دوو راپۆرتی جیای روبەیعی و ضیاءدا وەڵامەکەی سیستانیم بیستەوە. هەڵوێستی ئایەتوڵڵا "نەرم بوو" لەبارەی رۆڵی ئیسلامەوە. سەرەڕای ئەوەی کە سیستانی گوزارشتی لەپێزانینی زۆری خۆی دەربڕیوە سەبارەت بەوەی کە هاوپەیمانان بۆ عێراقیەکانی ئەنجام دەدەن، ئەوا ئەو دەیەوێت لەدوای ٣٠ حوزەیران یۆنیۆوە کۆمەڵەی نیشتمانی ئینتیقالی رەزامەندی لەسەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالی دەربڕێت نەك ئەنجومەنی حوکمی ئێستا. ئەمەش داوایەکی تری ئایەتوڵڵایە. هەردەم من پێموا بووە کە هاوپەیمانان شکست دەهێنن لەئەرکەکانیان لەبەرامبەر گەلی عێراقیدا، ئەگەر سەروەریمان دایە دەستەیەکی دیاریکراو، بێ بوونی دەستورێکی کاتی، کە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ بەرەو پێشبردنی عێراق لەسەر رەوت و ئاراستەیەکی دیموکراسی فەراهەم بکات.

دواجار، لەشەوی ٢٨ شوبات/ فێبرایەردا، دوای رۆژێکی گەرم لە فشارەکان، توانیمان هەموو کاراکانی ئەنجومەنەکە لەناوچەی سەوزدا کۆبکەینەوە، شیعە لەبینای ئەنجومەنی حوکم، کوردەکان لەنوسینگەو ماڵەکانی بەرامبەری. گفتوگۆکانی یاسای ئیدارەی ئینتیقالی دەستیان پێکردەوەو، تەنها یەك رۆژیشمان لەبەردەمدا مابۆوە.



Scanned with CamSc

تاڵەبانی دڵنیای کردمەوە لەوەی کە لەوتووێژێکی" زۆر ڕاشکاوانەدا" لەکاتێکی درەنگی شەوی پێشوودا گەیشتونەتە ڕێککەوتن لەگەڵ شیعەکاندا سەبارەت بەئیسلام و/ هەردوو زمانە فەرمییەکە (عەرەبی و کوردی) بەمەرجێک مەرجی فێربوونی هەردوو زمانەکە نەسەپێنرێت بەسەر هەمووانداو، هەروەها بەسەر توانای ئەو پارێزگایانەدا کە دەکەونە ناوچەی کوردییەوە بۆ تێهەڵکێشبوون، ئەمەش مەسەلەیەکە کە شیعەکان هەوڵیان بۆ دا بۆ ئەوەی ئەوانیش وەک کوردەکان ڕێگەیان پێدرێت تا چەند هەرێمێکی فیدراڵی پێک بهێنن.

بەهۆی ئەوەی کە دەزانم تاڵەبانی مەیلێکی خۆشویستراو بەڵام ترساکی هەیە بۆ ئەوەی بەئامازەیەکی دەستەکانی ناکۆکییەکان بسڕێتەوە، بەڵام بڕیارمدا دڵنیا بمەوە لەهەڵوێستەکانی شیعە پێش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی حوکم، لەپێناو دانیشتنێکی دانوستانی "کۆتایی". بۆیە گروپەکەمان سێ کاتژمێری تر لەگەڵ سەرکردە شیعەکاندا مایەوە، لەناویشیاندا بەحرلعلوم و چەلەبی و ڕوبەیعی و عادل. لەسەر کۆمەڵێک مەسەلە ڕێککەوتین، بەڵام سەرەڕای گەشبینی تاڵەبانی، ئەوا شیعە دەستیانگرت بە شێوازێکی نامەعقولەوە بۆ ڕۆڵی ئیسلام.

دوای چەند کاتژمێرێک لەدانوستانەکان، بەحرلعلوم داوای کرد کە مشتومڕی زیاتر بکرێت سەبارەت بە یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی و کاتەکە بۆ کاتژمێر ١٠ ی سەرلەبەیانی درێژبکرێتەوە. ئێمە ئەوەمان ڕەتکردەوە و ووتمان پێویستە لەسەرمان شەو و ڕۆژ بەردەوام بین چونکە سبەینێ ٢٩ شوبات/ فێبرایەرە، دواکاتی ئێمەیە. "ئەگەر ناچاربوین ئەوا دەرگاکان دادەخەین".

دەرگاکانمان دانەدەخست، بەڵام ئێمە وەک پێویست نەماندەتوانی بخەوین.

بەهۆی ئەوەوە کە بەردەوامبوونی چەند کێشەیەکی هەستیار ڕوونبۆوە، من و دیک جۆنز لەسەر سیاسەتی " جیاوازی بخەرەوە سود دەبینێت" ڕێککەوتین. ئەو و بارزانی ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکمیان برد بۆ ژوورێکی گەورەی ئەنجومەن بۆ پێداچوونەوەی نوێترین ڕەشنوسی دەستوری یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی، مادە بەمادە. منیش کۆمەڵێک لەئەندامەکان کە مابوونەوەو ژمارەیان سیانزە کەس بوو، بردمن بۆ ژووری کۆبوونەوەکان لەنهۆمی دووەم بۆ ئەوەی هەوڵبدەین ڕێککەوین لەسەر ئەو بابەتانەی کە زیاتر گرانن.

لەوانەیە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم دەرکیان بە هەستیاری مەسەلە سەرەکییەکان کردبێت، بۆیە داوایان لێکردم کە سەرۆکایەتی کۆمەڵەکە بکەم. گەورەترین جەنگ لەسەر ئەوە بوو کە ئایا ڕێگە بەپارێزگاکان دەدرێت یەکبگرن و هەرێمێک پێکبهێنن وەک ئەوەی کە شیعەکان دەیانویست، هەروەها ڕۆڵی دەستوریی ژن، کە ئیسلامییە شیعەکان بەشێوەیەکی مەبدەئی ڕازی بوون لەسەر ئەوەی کە ٢٥ ٪ نوێنەرایەتی لە ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتیقالیی بۆ ژن تەرخان



Scanned with CamSc

بکرێت.
بەڵام وەك پێشوو، مەسەلەی سەرەکی رۆڵی ئیسلام بوو. لە رەشنوسەکەی ئێستادا واهاتووە کە ئیسلام بریتیە لە ئایینی فەرمی وڵات و، بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت لەناو سەرچاوەکانی تری یاساداناندا. هەروەها یاسا رێز لە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی عێراق دەگرێت، بەڵام گرەنتی هەموو ئاینەکان و مومارەسە ئاینیەکانیان دەکات".
ئیسلامیە شیعەکان پێداگریان کرد لەسەر ئەوەی دەستەواژەی " سەرچاوەیەکی سەرەکیە" بگۆڕێت بۆ " سەرچاوەی سەرەکی" بەزیادکردنی ئەلفولامی مەعریفە بۆ دەستەواژەی دروەمیان. ئەمەش وایکرد کە ئەندامە نائیسلامیەکانی تر کە متشومڕی ئەم خاڵەیان کردبوو لەگەڵ هاوڵە ئیسلامیەکانیاندا بەمە ڕازی نەبن. ئێمەش هەروەها بەرگریمان کرد، دوای سێ کاتژمێر لەگفتوگۆو متشومڕ شیعەکان کشانەوەو، ڕازی بوون بەوەی کە ئیسلام" سەرچاوەیەك" بێت بۆ یاسادانان، بەڵام ئەوەشیان زیادکرد کە نابێت هیچ یاسایەك لەگەڵ " بیروباوەڕە بنچینەییەکانی ئیسلامدا" دژ بوەستێتەوە، هەموو گروپەکەش لەسەر پێشنیاری پاچەچی ڕازی بوون کە هیچ یاسایەك ماف جێگیرکراوەکان لەبەشی دووەم لەیاسای ئیدارەی ئینتیقالیی پێشێل نەکات.
روبەیعی پەیوەندی کرد بەنەجەفەوەو بەخۆشحاڵیەوە ڕایگەیاند کە سیستانی لەسەر ئەم دارشتە ڕازی بووە. دوای ئەوە پەیوەندیمکرد بە ڕایس و کەمپ دیفیدەوەو گۆڵۆیی سەوزم بۆ هەڵکرا، دوای ئاماژەکردن بۆ ئەوە کە ئەم دەقە لەبارەی رۆڵی ئیسلامەوە لەواقیعدا باشترە لەوەی کە ویلایەتە یەکگرتوەکان پێی ڕازی بوو لەو دەستورە ئێرانیدا کە لەماوەی پێشوودا دەنگی لەسەر درا.
لەکاتژمێر دووی بەیانی رۆژی ۲۹ شوبات/ فیبرایەر، گەیشتمە ئەوپەڕی ئەوەی کە بتوانین ئەمشەو ئەنجامی بدەین و دابەزیم بۆ خوارەوە بۆ ئەوەی بزانم دیلك جۆنزو بارزانیی توانیویانە رێکەوتنێك بێنە ئاراوە لەسەر ئەو مەسەلانەی کەوا کەمتر گرنگن، کە ئەوە یارمەتیمان دەدات لەکاتی یەکگرتنەوەی هەموو ئەنجومەنەکە لەپاش نیوەڕۆدا. بەڵام من خەریك بوو دەگەڕامەوە بۆ نوسینگەکەم، کاتێك لەناکاو کوردەکان لیستێکی دوو لاپەڕەییان پێشکەش کردو داوایان دەکرد بخرێتە ناو یاسای ئیدارەی ئینتیقالیەوە. لەوەش لەو مەسەلانە بوون کە پێش سێ مانگ وروژاندبویان و پێم وابوو کە ئێمە گەیشتوینەتە رێکەوتنێك لەبارەیانەوە. بەڵام ئێستا ڕایان گۆڕیبوو.
وا ئەوەتا ئێستا لەدوای نیوەی شەوی دوایین رۆژەوە ئاراستەمانی دەکەنەوە.
کوردەکانم لەژوورێکی بچووکی کارکردنی نیمچە تاریکدا کۆکردەوەو بۆم روونکردنەوە کە

داواکاریەکانی دوایین سات کەهێناویانە نەك مەعقول نیە بەتەنها، بەڵکو هەڕەشە لە پەیوەندی
تایبەتی " کوردەکان دەکات لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. ئەمەش ئارامی کردنەوە، بەڵانی کەم
لەو بەشەی شەودا کە مابۆوە.

لە دوا گفتوگۆدا لەگەڵ ڕایس، دوای ئاگادارکردنەوە لەڕەوشەکە ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە
هەموو ئاڵۆزییە تایفیەکان و ئەوانی تریش لەئاڵۆزییەکان کە دەکوژێنەوە ئەوە بەدیار دەخەن کە
ئەم ئێستا بەلانی کەمەوە " پارێزەری یەکێتی عێراقین".

ڕۆژی یەکشەممە ٢٩ شوبات/ فێبرایەر دوبارەکردنەوەیەکی کەنفتکەری ئەو ڕۆژەی پێشووی بوو.
دوای سێ کاتژمێر لەخەوتن، گروپی ئیدارەی حوکمم کۆکردەوە بۆ وتوێژکردن لەبارەی
یەکێکانەوە. سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بۆ مانگی شوبات/ فێبرایەر، موحسن عەبدولحەمید
بوو، کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی دیاریکرد بۆ کۆبونەوەی " ستافی کار" و بەدواداچوون،
کۆبونەوەی هەموو ئەندامانیش لەکاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆدا، " بەهیوای ئەوە ئەرکەکان کۆتایی
پێ بهێنین". پێش ئەم دوو کۆبونەوەیەش، لەگەڵ کوردەکاندا کۆدەبمەوە بۆ گەیشتنە ڕێکەوتنێك
لەسەر داواکاریەکانی شەوی پێشوویان. دوای ئەوە ستاف کارەکە هەوڵدەدەن کە چارەسەری
بابەتی ڕۆڵی ئیسلام بکەن پێش کۆبونەوەی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنەکە.

بەخێرایی توانیمان لەگەڵ کوردەکاندا هەندێك خاڵ بخەینە لاوە کەلەشەوی پێشوودا
ورووژاندبوویان. بەڵام سێ مەسەلە مایەوە: داوای پێدانی بڕێکی زۆر پارە لە گەنجینەی ناوەندیی:
ڕۆڵی پێشمەرگەو، مافی بەکارهێنانی ڤیتۆ لەدژی ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستور.

بەنسبەت پارەکەوە هەندێك هەڵبژاردنمان خستە بەردەم کوردەکان کە ئاوی ڕوو دەپارێزن.
سەبارەت بەپێشمەرگەش، پێش سێ هەفتە لەسەر ئەو ڕێکەوتین کە دەبێت پێشمەرگەو هێزە
چەکدارەکانی تر کە ناکەونە ژێر دەسەلاتی سەرکردایەتی ناوەندییەوە پاشاغ بکرێن " بەهەڵوێردەی
ئەوەی کە لەیاسای فیدراڵیدا هاتووە". ئەوان لەئێستادا ئەوەیان ڕەتکردەوە بۆیە ئێمەش ئەو
گرفتەمان لەئێستادا خستەلاوە.

مایەوە ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستور، مەسەلە گرانەکە. کوردەکان نیگەرانیەکانی خۆیان
دوبارە کردەوە لەبارەی دەستوری هەمیشەییەوە کە لەوانەیە " عەمامە ڕەشەکان" بینوسەوە.
تاڵەبانی بەشێوەیەکی دیاریکراو ووتی، " جەنابی باڵیۆز، تۆ داوامان لێدەکەیت بچینە پاڵ
عێراقێکەوە کە تێیدا ئازادیەکی کەمترمان دەست دەکەوێت لەو ئازادیەی کەلەسەردەمی دەسەلاتی
صەدامدا هەمان بوو". پێشنیاریان کرد کە ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستور هەڵبوەشێنرێتەوە

ئەگەر زۆرینەی دوو لەسەر سێی دانیشتوانی سێ پارێزگا لەدژی دەنگیان دا. بەو پێیەش کە حکومەتی کوردی هەرێمی لەسێ پارێزگا پێکهاتووە، ئەوا ئەمە مافی ڤیتۆیان پێدەبەخشێت. پێمراگەیاندن کە پێویستە لەم مەسەلەیەدا راوێژ بە واشنتۆن بکەم، دووبارەم کردەوە کە رێکەوتنەکە هەرجۆرێك بێت لەسەر رێکەوتن لەسەر هەمووی دەوەستێت.

بازرانی لەسەر شێوە خێڵەکیەکەی دانیشتبوو. دەموچاو روخساری، کەلەباشترین رەوشەکاندا داخراوە، زیاتر داخراو بوون. چاوەکانی تەنگ و هاتبوونەوەیەك، وادیاربوو بەناو خۆیدا شۆربوبێتەوە.

هەمووان شەکەت و کەنفتە بوون.

لەوکاتەدا کە من مامەڵەم لەگەڵ کوردەکاندا دەکرد، دیك جونزو سکۆت کارپێنەر لەگەڵ ئەحمەد چەلەبیدا مشتومڕیان دەکرد کەلەناکاو پێشنیاری زمانێکی توندی کرد لەدژی بەعسیەکان لەیاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا. سیاسەتی ئێمە بۆ ڕیشەکێشکردنی بەعس گەورە ئەندامەکانی حزبی بەعسی دەکردە ئامانج کە تەنها ١٪ی ئەوانی پێکدەهێنا، بەڵام دەستەی نیشتمانی باڵا بۆ ڕیشەکێشکردنی بەعس لەژێر بەڕێوەبردنی چەلەبیدا ئەم سیاسەتەی فراوانکرد بەمەش ، بۆ نمونە، هەزاران مامۆستای لەکارەکانیان بێبەشکرد. ئەمەش دژ بە سیاسەتی ئێمە بوو چونکە ئێمە بڕوامان وابوو کە مامۆستایان لەسەردەمی صەدامدا ناچارکرابوون بچنە ناو حزبەوە ئەگەرنا لەکارەکانیان دەردەکران. گومانی تێدا نیە کە من هەڵەمکرد چونکە رێگەم بەدامەزراوەیەکی سیاسی وەك ئەنجومەنی حوکمدا بەرپرسیارێتی سەرپەرشتیکردنی سیاسەتی ریشەکێشکردنی بەعس لەئەستۆ بگرێت.

وا ئێستا چەلەبی دەیەوێت ئەوە بۆ یاسای ئیداریی ئینتیقالی زیاد بکات کە بەعسیەکانی پێشوو بێبەش بکرێن لە مافە مەدەنییەکان. بەدڵنیاییەوە ئەم دەقەش گرفتی گەورە لەگەڵ سونەکاندا دروست دەکات. قسەم لەگەڵ کوردەکاندا کرد کە من پێشبینی دەکەم یارمەتیدەر بن لە رەتکردنەوەی ئەم بیرۆکەیەداو لەبەرامبەردا منیش پشتیوانی لەهەڵوێستەکانیان دەکەم.

سەرکردەیەکی خێڵەکی سونی ناوچەی موصڵ بوو، نارەحەت بووە لە رەفتارەکانی ئەم دواییەی کشانەوەیەکی سونی رێکخراو روویەدا، بەڵام من بیستم کە شێخ غازی یاوەر، کە شیعەکان و لەماڵەکەیدا ماوەتەوەو بەقینەدا کەوتووە. داوام لە سەمیر سومەیدیی کرد، کە شێخێکی سونی قۆزو جوانی ناوچەی ئەنبار بوو، بۆ ئەوەی پەیوەندی بەغازیەوە بکات و هەوڵ بدات بیگێرێتەوە. لەکۆتاییدا غازی ڕازی بوو، هەموو ستافەکەم کۆکردەوەو دەستمکرد بەخوێندنەوەی دەقی هەموو بڕگە جۆراوجۆرەکان کە ناکۆکیان لەسەرە.



Scanned with CamSc

جارێکی تر سەرۆکایەتی کۆبونەوەکەم کرد. هەرکاتێك دەقێکمان دەدۆزیەوە کە ناکۆکی گەورەی لەسەربوو، گروپێك لەعێراقیەکانمان دەنارد لەگەڵ دیك جۆنزو سکۆت کارپێنەردا بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە ڕێکەوتنێك. ئەمەش هەندێك جار سەرکەوتنی بەدەست دەهێناو زۆربەی جاریش شکست. بەتێپەڕبوونی کاتیش زانیمان گرفتەکان لەکوێدا شاراونەتەوە. وامکرد کەشی کۆبونەوەکان هەر بەخۆشی بمێنێتەوە، زۆر بەدەگمەنیش ئاڵۆز دەبوو. ئەوەش ڕوون بۆوە کە بۆ کاتژمێر دوری پاشنیوەڕۆ لێنابینەوە، بۆیە پێشنیارمکرد بۆ موحسن دانیشتنەکە بۆ کاتژمێر شەشی ئێوارە درێژبکاتەوە.

لەنزیکەی کاتژمێر سێدا، داوامکرد خواردن ئامادە بکەن بەگریمانەی ئەوەی کە پێویستمان بە وەرگرتنی هەوایەك و خواردن هەیە، ئەمەش ڕێگەی گفتوگۆی کۆمەڵایەتیانەمان بۆ دەڕەخسێنێت. لەکاتی پشوودا، پەیوەندیمکرد بە کۆندی ڕایسەوە و ئاگادارم کردەوە لەپێشهاتەکان. ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە دەتوانین پێشنیارە کوردیەکە قەبوڵ بکەین لەبارەی ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستور. کاتێکیش هەستی بە ماندوبوونم کرد ووتی، " جێژی خۆت مەدە بەدەستەوە".



لەکاتژمێر پێنج و چارەکی پاشنیوەڕۆدا، گەڕامەوە بۆ کۆبونەوە لەگەڵ کوردەکاندا کە ڕازی بوون بە زمانێکی بەدیل لەبارەی بلیشاکانیانەوە، بەڵام دەستیان کرد بە پرسیارکردن لەبارەی ڕافەکردنەکەوە. دواجار ووتم، " با بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەقەی کە پێش سێ هەفتە قەبوڵتان کرد". و کۆتایی بەم تەنگوچەڵەمەیە بێنین. پێمڕاگەیاندن کە دەتوانین دەقەکەیان قەبوڵ بکەین لەبارەی ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستور. بەڵام بەبیرم هێنانەوە کە پێشبینی پشتیوانی ئەوان دەکەم لە ناڕازیبوونیان سەبارەت بە بێبەشکردنێکی فراوان لەمافە مەدەنیەکان کە چەلەبی پێشنیاری کردووە سەبارەت بە بەعسیەکان.

کاتێك چوومە ناو ژووری کۆبونەوە فراوانەکە، سەرۆکی ئەنجومەنەکە داوای لێکردم لەتەنیشتیەوە دابنیشم لەکاتێکدا کە ئەو سەرۆکایەتی کۆبونەوەکەی دەکرد. لەکاتژمێر شەش و



Scanned with CamSc

چل و پێنج خولەکی ئێوارەدا دەستمانکرد بەوەی کە پێشبینی دەکرا کۆبونەوەیەکی زۆر زۆر درێژ بێت بۆ کارکردن لەسەر باقی مەسەلەکان.

رایکردنەکە ئاسان بوو، هەروەها ماندوکەریش بوو، تێپەڕبوون بە دیباچەکەو شەست و چوار مادەکەی یاسای ئیدارەی ئینتقالییدا، مادە بە مادە. رەزامەندیش دەربڕابوو لەسەر زۆربەی دەقەکە لەرۆژی پێشودا. بەلام هێشتا هەندێك کێشە مابۆوە، بەتایبەتی لە مادەی حەوتەمی تایبەت بەرۆڵی ئیسلام. قەناعەتم بە موحسن کرد بۆ ئەوەی ئەم مادەیە لەجەدولەی یەکەمدا تێپەڕێنین، بەهیوای ئەوەی رێکەوتن لەسەر مادەکانی دواتر ببێتە پاڵنەرێك بۆ رێکەوتن لەسەر ئەم مەسەلە زۆر هەستیارە.

ئەنجومەنەکە خۆی لە دەقەکە لادا و لەکۆتاییدا لەکاتژمێر نۆو نیوی شەودا گۆڕا بۆ مەسەلەی رۆڵی ئیسلام. بەتەنها ئەو مادەیە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر مشتومڕی لەسەر کرا. بەرروونی دەرکەوت کە کۆدەنگییەك نیە لەسەر ئەو زمانەی لەشەوی پێشودا لەگەڵ "ستافی کار"ەکەدا دانوستانمان لەسەر کردبوو- کە روبەیعی لەکاتژمێر دووی بەیانیدا رەزامەندیی سیستانی لەسەر وەرگرتبوو. هێشتا سوونەکان رازی نەبوون و ئەوەشیان ووت. دارا نورەدین دادوەرێکی کوردی بەرێز بوو، نارەزایی دەربڕی لەبەرامبەر ئەو دارشتنەدا کە ئەو یاسایانە یاساغ دەکات لەگەڵ بیروباوەڕە ئیسلامیەکاندا دژ دەوەستنەوە، بۆ ئەمەش گێڕانەوەیەکی رەوانی کرد بۆ ڕیشە تا عێراقیەکانی دادگای عێراقی. بەلام روون بوو کە ئەوە هەڵوێستی شیعەکان ناگۆڕێت

لەم کاتەدا، کوردەکان بەفەرمانبەرەکانمانیان رادەگەیاند کە دەیانەوێت جارێکی تر مەسەلەی کۆتەکان لەسەر بڵاوبونەوەی سوپا لەناوخۆدا بێننەوە ئاراوە. کە پێش چەند هەفتەیەك چارەسەرمان کرد. پەیامێکم بۆ ناردن کە ئەگەر ئەوە بکەن رێکەوتنەکمان هەڵدەوەشێتەوە، ئیدی کشانەوە.

لەکاتژمێر یانزەو چارەکی شەودا، روونبۆوە کەوا کوردەکان پشتیوانی لە دەقە شیعەکە دەکەن لەبارەی ئیسلامەوە، سونەکانیان بەتەنها هێشتەوە. روبەیعی بەجەماعەتی راگەیاند کە " یەك ووشە لەدەقەکە ناگۆڕێت" چونکە سیستانی رەزامەندی لەسەر نیشانداوە، ئەوەش خاڵێکی حساب بۆنەکراوبوو بۆ ئاسانکردنی کارەکە لەسەر سوونە بۆ ئەوەی ڕازی بن. هەروەها ئەمە مەترسی کوردەکانیشی زیندو کردەوە.

هەستمکرد کە مشتومڕەکە مەودای خۆی وەرگرتووە، هەمووان قسەی خۆیان کرد. ئێستا وەختی کارکردنە. کاتێك کە یەکێك لەسوونەکان پێشنیاری کرد کە ئاماژەکردن بۆ " بەها دیموکراسیەکان" بخرێتە سەر مادەی حەوت.



Scanned with CamSc

پێشنیارمکرد بۆ موحسن داوای پشوو بکات، پاشان روبەیعیم بردە کەنارێکەوە بۆ ئەوەی پێی رابگەیەنم کە ئاماژەیەک بە "بەها دیموکراتیەکان" بخاتە سەر برگەی حەوتەم. ئەو رازی بوو بەوشێوەیە کاتێک ئەنجومەنی حوکم هاتەوە بۆ کۆبونەوە کەمێک پێش دوانزەی شەو، ئاماژەم کرد بۆ موحسن تا داوا لە روبەیعی بکات قسە بکات.

دکتۆر روبەیعی وتارێکی رەوانبێژانەی دا، داوای لێبووردنی کرد ئەگەر هەڵوێستی راشکاوانەی سەبارەت بەئیسلام کەسێکی نیگەران کردبێت. ووتیشی بەستوبەتی " برایان" قسە لەبارەی مادەی حەوتەمەوە دەکەن و هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتیش تێبینی ئەوەی کردوە ئارەزوویەک هەیە بۆ هاوسەنگکردنەوەی ئاماژەدان بە بیروباوەڕەکانی ئیسلام ئاماژە بە بنەما دیموکراسیەکانیش بکرێت. پێشنیاری کرد کە دەقەکە رێکبخرێتەوە بەشێوەیەک کە ناکرێت یاسایەک دابرێژرێت " دژ بوەستێتەوە لەگەڵ بیروباوەڕە گشتیەکانی ئیسلام، یان بنەماکانی دیموکراسی، ئەو مافانەی کە لەبەشی دووەمی یاساکەدا هاتوون".

بۆ یەکەمجار داوام کرد لەم کۆبونەوە مارسۆنیەدا قسە بکەم، دوای پیرۆزبایکردن لەئەنجومەنەکە لەسەر جدیەتیان بۆ وتوێژکردن لەبارەی ئەم مەسەلە هەستیارەوە، هانمدان لەسەر تەبەنیکردنی چاکسازیکردنەکە کە روبەیعی پێشنیاری کردووە.

خراپترین قۆناغمان تێپەڕاند.

دوای نیوەی شەو و کاتژمێر سێی بەیانی، میزاج هەڵگەڕابوەوە لەنێوان خۆشی و ئارامی و هێوری زۆردا. تێپەڕاندنی مادەی حەوت یارمەتی داین بۆ سوود وەرگرتن لە هاندانێکی دەروونی بەئاراستەی سەرکەوتندا. ئاماژەکانی سەرکەوتن بەدیار کەوتبوون. رێکەوتنەکان زیاتر ئاسان بووبوون، بەخێرایی چووینە پێشەوە. موحسن هەستی بە کەنفتەیی کرد، لەکاتژمێر یەک و نیودا داوای لەپاچەچی کرد سەرۆکایەتی دانیشتنەکە بکات، تا ئەو کەمێک پشوو بدات.

لەکاتژمێر دوو و چارەکی بەیانیدا مەحمود عوسمان، کە کوردێکی زمان پاراوە. داوای کرد دانیشتنەکە کۆتایی پێ بهێنرێت، سکالای دەکرد کە ماندووەو برسیەتی و دەیەوێت بڕواتەوە بۆماڵەوە و رۆژی دواتر بێتەوە. داوام لەپاچەچی کرد نەهێڵێت، چونکە دوو شەممە و سێ شەممە رۆژی پشووی گەورەیە لای شیعەکان و دەبێت ئەمشەو لێ بینەوە.

لەم کاتەداو لەپەراوێزی ژووری کۆبونەوەکاندا، برازاکەی چەلەبی، سام چەلەبی، کە زۆر یارمەتیدەر بوو لەدانانی ڕەشنوسی یاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا، پرسیارێکی لەگەڵ فەرمانبەرەکانمدا ورووژاند لەبارەی مادەی پەنجاو هەشت کە دیارترین هێڵی سووری پێکدەهێنا بەنسبەت ئێمەوە. ئەم مادەیە لەواقیعدا " رێکەوتنی ئەمنی" تایبەت بەئێمەیە کە پاساوی یاسایی فەراهەم دەکات بۆ بوونی



Scanned with CamSc

هێزەکانمان دوای گێڕانەوەی سەروەری. لەمانگی ڕابردوودا، بەوپەڕی کۆششی خۆمانەوە کارمانکرد لەگەڵ هەر یەکێك لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکم، لەناویشیاندا چەلەبی، هەموو وشەیەك لە سێ بڕگەکەدا بەخوێنی شەهیدە بیرۆکراسیە بێ ئاگاکان نوسرابوو. ناشمانەویێت ئەو دەقە جارێکی تر بکەینەوە. بۆیە داوام لە گروپەکەم کرد بەسەرۆکایەتی دیلك و سکۆت لەگەڵ پارێزەرەکانماندا و برازاکەی چەلەبیدا بچن بۆ ئەوەی ببینن کە ئایا لەتوانایاندایە ئەم گرفتە چارەسەر بکەن بێ ئەوەی مشتومڕێکی گەورە لەشوێنەکەدا بنێنەوە.

دیاربوو ئەوە سەرکەوتوو نەبوو.

لەکاتژمێر سێی بەیانیدا ئەحمەد چەلەبیم بردە لایەکەوە و لێم پرسی دەیەوێت چی بەدیبێنێت.

وتی ئەو ڕونکردنەوەی دەوێت کە عێراق لەدوای ۳۰ حوزەیران/ یۆنیۆوە سەروەریی بەدەست دێنێتەوەو داگیرکاریی کۆتایی پێدێت سەرەڕای مانەوەی هێزەکان. وویستی ڕستەیەك زیاد بکات کە ئەوەی دەگەیاند نابێت هیچ شتێك هەبێت کە ئەو ئینتیباعە دروست بکات لە دوای ۳۰ حوزەیران/ یۆنیۆوە ئیدی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بەردەوام دەبێت لە مومارەسەکردنی سەروەریی. پێمڕاگەیاند کە من ڕازیم لەسەر ئەوە، سەرەڕای ئەوەی کە یاسای ئیدارەی ئینتیقالی بەڕاشکاوانە لەشوێنێکی تردا دەڵێت کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و ئەنجومەنی حوکم لەو بەروارەدا هەڵدەوەشێنەوە. ئەوە سەرکەوت و بێ مشتومڕێکی زۆر ئەم مادەیەشمان تێپەڕاند.

لەکاتژمێر چارەك بۆ چواردا، خرۆشان لەژوورەکەدا دەستی پێکرد کاتێك گەیشتینە سەر مادەکانی کۆتایی. نوێنەرانی ئەنجومەنی حوکم و فەرمانبەرەکان و وەرگێڕەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکیی لەژوورەکەدا لەپشت ئەندامە دانیشتوەکانی دەوری مێزە سپیە گەورەکە کۆدەبونەوە، یەکێك و پاشان دوان و پاشان سیان، کامێراکان لەگیرفانەکان دەردەهێنران. دواین وێستگەمان تێپەڕاندو وا خەریکە هێڵی کۆتایی دەکەوێتە بەرچاو. مێژووش خەریکە دروست دەکرێت.

کاتێك ئەو مادە تەواو کرا، موحسین کەئێستا پشووی دابوو چوەوە شوێنەکەی خۆی ووتەیەکی ڕاستگۆیانەی کورتی پێشکەشکردو تێیدا سوپاسی هاوپەیمانانی کرد.

سوپاسی ئەنجومەنی حوکمم کرد چونکە هەلی ئەوەی پێدام لەگەڵیاندا لەسەر مێزێك دابنیشم. ئەمڕۆ ئەوان مێژوویان دروستکردو لەئایندەشدا بەفەخرو شانازییەوە سەیری ئەم ڕۆژە دەکەن. کۆششی ئەوان جارێکی تر عێراقی کردەوە بە پێشەنگ. ئەوە سەرکەوتنێکە نەك تەنها بۆ ئەنجومەنەکە، بەڵکو بۆ بیست و پێنج ملیۆن عێراقی. لە ۱۵ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا، پێکەوە عێراقمان خستە سەر ڕەوتێك بەرەو دەوڵەتێکی دیموکراسی نوێی. وا ئێستا هەنگاوێکی مەزنمان نا بەو ئاراستەیەدا. ئێستا عێراق هیوایەکی بەئایندە هەیە. هەروەها سوپاسم کردن لەسەر کارەکەیان



Scanned with CamSc

ڕێگەپێنەدانی هەڵاوێردەییان. لە کۆتاییدا وتم، " خوشك و برایانی بەڕێز، دەستورمان بەدەستهێنا"!
ئەحمەد چەلەبی هەستا بۆ ئەوەی پێشنیار بکات کە بەکۆی دەنگ دەقەکە تەبەنی بکرێت، کە ئەوە
تاکە دەنگدانێك بوو کەبەدرێژایی پرۆسەکە ئەنجام دەدرا. هەروەها پاچەچی کۆبونەوە مێژوییەکەی
بەپێشنیارێك کۆتایی پێهێنا کە ئەنجومەنی حوکم و میوانە بانگهێشکراوەکان لە ۳ ئازار/ مارس
دوای پشووی عاشورای شیعەکان کۆببنەوە، بۆ ئەوەی ئیمزا لەسەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالی
مێژوویی بکەن.

کاتێك کەوا گەڕاینەوە بۆ کۆشك کاتژمێر ئاماژەی بە چوار و بیست خولەکی بەیانی دەکرد، ۱
ئازار/ مارس ۲۰۰٤. دوو بیرەی فەرامۆشکراوم لەبەرادەکەدا دۆزیەوە، من و دیك بەخۆشی
سەرکەوتنەوە بیرەکانمان خواردەوە. پەیوەندیمکرد بەرایسەوە. خۆشحاڵی دەربڕی وتی بەسەرۆك
ڕادەگەیەنم.

لەکاتێکی دواتردا سەرۆك پەیوەندیکردو خۆشحاڵ بوو بە دەسکەوتەکەو ستایشی کرد.

وتم، لەدوای ئەو کاتەوە کە لە یال بووم تائێستا نەبووە سێ شەوی لەدوای یەك نەخەوم. ئەوەش
ڕوونێك بوو بۆ هۆکارگەلێکی هەڵە".

پێکەنی و وتی، " لەوانەیە لەوکاتەدا پلەی (C)ت بەدەست هێنابێت بڕێەر، بەڵام لێرە پلەی
(A) یت بەدەستهێنا".

بۆ بەدبەختی هەستە خۆشەکان درێژە ناکێشن. لەکاتێکی دواتری ئەو ڕۆژەدا، بێتی بەرپرسی
وێستگەکە، "بەڵگەیەکی متمانەپێکراو"ی هێنا کە زەرقاوی پلان دادەڕێژێت بۆ کوشتنی
سیستانی.

وتم، " دیارە کە ئەوە لایەڕەیەکە لەکتێبی زەرقاوی. ئەو بە بن لادنی ڕاگەیاند کە پلان
دادەڕێژێت بۆ هێرشکردنە سەر سەرکردە شیعەکان، دیارە کوشتنی سیستانی لەکاتی عاشورادا
لایەکەم ئەولەویەتەکانیەتی.

بێت وتی، " کەس نیە لەو باڵاتر بێت".

بەبێگەڕانەوە بیرمکردەوە سەبارەت بەوەی کە دەکرێت ڕووبدات ئەگەر یەکێك لەخۆکوژەکانی
زەرقاوی توانی ئەو بازنە ئەمنییەی پاسەوانەکانی دەوری ئەجەف ببڕێت. ڕاپۆرتەکە داوای
کارکردنی خێرای کردبوو. بۆیە ئاگادارکردنەوەیەکم نارد بۆ سیستانی و باریدەدەرەکەمم نارد بۆ
چاوکەوتن بە سەرکردەی ئەمنی لەئەجەف بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی و پاراستنی لەکاتی
پشووی عاشوردا، کاتێك شارەکە دوو ملیۆن گەشتیار ڕووی تێدەکەن.

پرسیارمکرد ڕادەی ڕاستی ئەم هەڕەشەیە چەندە؟



Scanned with CamSc

نەمدەتوانی زۆر چاوەڕوانی بکەم.

لەڕۆژی سێشەممە ٢ ئازار / مارس، یەکەم ڕۆژی عاشورا، شەش بۆمب و موشەک بەلای کەمەوە لە کەربەلاداو لەنزیک مزگەوتی ئیمام حسێنەوە تەقیەوە. هەروەها چەند هێرشێکی هاوشێوە ڕویدا، کەمتر ویرانکەربوون لەو مزگەوتە شیعە سەرەکیەی بەغدا، کا هاوڕێم ئایەتوڵڵا حسێن صەدر پێشنوێژی بۆ نوێژخوێنان دەکرد.

بەخێرایی نامەیەکم نارد بۆ ئایەتوڵڵا سیستانی: " تیرۆریستەکان هەوڵدەدەن عێراق لەسەر ئاراستەکەی بەرەو ئایندەیەکی دیموکراسی و هێمن لادەن. سەرکەوتوش نابن... بەڵکو عێراق ئایندەیەکی پڕ لە ئارامی و باوەڕبوون بەخوای دەبێت".

لەو شەوەدا، ضیاء وەلامەکەی سیستانی هێنایەوە. ئەو تووڕەو نیگەران بوو، " بۆچی هاوپەیمانان ناتوانن ئەم هێرشانە ڕابگرن". هەروەها سیستانی ووتی ئەو دەیەوێت مەسەلەکان ساردبکاتەوە، بەڵام هەندێك سنور هەیە کە ڕێگرن لەبەردەمیدا.

بە وتەکەمدا بۆ گەلی عێراقی لەو ڕۆژەدا، ووتم زەرقاوی و تیرۆریستەکانی دەزانن کە دیموکراسیەت دەگاتە عێراق، ئەوا هیچ پاساوێك نامێنێتەوە بۆ هێرشەکان. " زەرقاوی دانی بەوەدا ناوە کە تیرۆریستەکانی لەپێشبڕکێدان لەگەڵ کاتدا، ئەوەش پێشبڕکێیەکە تیایدا دەیدۆڕێنن، دەیدۆڕێنن چونکە گەلی عێراقی دیموکراسیەت و ئازادی و حکومەتێکی عێراقی خاوەن سەروەرییان دەوێت و ئەوەش بەدەست دەهێنن".

لەو ماوەیەدا موقتەدا بەردەوام بوو لەسەر کارە تێکدەریەکانی لەباشور. پۆلیسێکی ڕفاندو پاشان ئازادی کرد، بەدادوەرێکی عێراقی ڕاگەیاندبوو کە سوپای مەهدی لە "زیندان"ی موقتەدا ئەشکەنجەی داوە، هەروەها گوێی لەژن بووە لەشەودا هاواری کردووە. هانی ژەنراڵ سانشیزم دا کە ئامادەبێت بۆ پشتیوانیکردن بۆ دەستگیرکردنی موقتەدا لەدوای کۆتایی هاتنی پشووەکەوە، بەڵام گرینستۆك ووتی کەئێستا کاتەکە لەبارنیە بۆ شوێنکەوتنی.

وەلامم دایەوە، " هیچ کاتێك ڕەوشەکە باش نابێت جێری"، تێبینی ئەوەشمدا کە " سوپا" ی موقتەدا لە ٢٠٠ پیاوەوە لە ئاب/ ئۆگۆستسەوە کە ئەو کات پێداگریم کرد بۆ دەستگیرکردنی ئەمڕۆ ئەو ژمارەیە زیادی کردووە بۆ زیاتر لە ٦٠٠٠.

بەحرلعلوم سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم لە ئازار/ مارسدا، ڕایگەیاند بەبۆنەی هێرشەکانی عاشوراوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ پرسە ڕادەگەیەنرێت، ئیمزاکردنی یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی بۆ ٥ ئازار/ مارس دواخست.

دۆن هاملتۆن، نوسەری وتارەکانم، کە بەدوای وەرگرتنی ڕاپرسیەکانیشدا دەچوو، لەو کاتەی کە

دوایی رایبرسی دەخستە سەر نوسینگەکەم ووتی، " سەیری ئەمە بکە جێربی". ئەوە دەردەخات کە خەڵك لەهەمور ناوچەکانی عێراق کۆنگرەی ناوچەکان بەرێگەیەکی باشتر دەزانێت بۆ هەڵبژاردنی حکومەتی کاتیی. بەڵام ئێستا کاتەکە زۆر دواکەوتووە چونکە روونبۆوە کە ئیبراهیمی بەڵاراستەی دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیدا دەجولێتەوە. دواتر هیچم پێنەکرا جگە لەتێرامان لەگەڵ گرووپی ئیدارەی حوکم بەوەی سیستمی کۆنگرەکان کە رووبەرووی گاڵتەجاریەکی زۆر بۆوە بەشداریپێکردنێکی عێراقی فراوانتر بەرهەم دەهێنێت لەهەڵبژاردنی حکومەتی کاتییدا.

لە ٤ ئازار/ مارس، نامەیەکی ترم لە ئایەتوڵڵا سیستانیەوە پێگەیشت. کە وەك بۆمبێك وابوو. رازی نەبوو لە " رەشنوس"ی یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی- هەمان ئەو بەڵگەنامەی کە روبەیعی پێش پێنج رۆژ ووتی ئەو رەزامەندی لەسەر دەربڕیوە. هەروەها ووتی کە یاساکە " دیموکراسی نیە" چونکە رێگە بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی سێ پارێزگا دەدات ڤیتۆ لەدژی دەستوری هەمیشەیی بەکاربێنن. ووتیشی کە ناتوانێت هەر "ڤیتۆیەکی کوردی"قەبوڵ بکات. ووتیشی ئەگەر ئەم دەقە لەقانونی ئیداریی کاتیدا بەردەوام بوو، ئەوا پێویست دەبێت لەسەری رەخنەی لێبگرێت.

من و ئایەتوڵڵا ماوەی زیاتر لە دە مانگە وتووێژێکی فراوانی دڵسۆزو خۆشیانە ئەنجام دەدەین. ئێستاش وا هەمور شتێك کەوتە سەر مەحەك. من دەمزانی کە پاشگەزبوونەوە لەزۆرێك لەرێککەوتنەکان لە یاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا- کە ئەنجومەنی حوکم بەکۆی دەنگ بڕیاری لەسەر داوە- دەبێتە کارەسات.

دوای چەند دەیەیەك لە شارەزایی وەك دبلۆماتکارێك، هەوڵمدا کە گورزی ناسین لەناو دەستکێشە قەدیفەکانمدا بشارمەوە. نوسیم بۆ سیستانی کە یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی " دەرمەنگیەکی وورد پەرچ دەکاتەوە بۆ بەرژەوەندیەکان و هیواکان و مەترسیە هاوبەش و هاوبەرامبەرەکان لەنێوان عێراقیەکاندا. ناتوانین ئەو مادەیەی کە پەیوەستە بەرەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستور بکێشینەوە. چونکە ئەوە کۆدەنگیەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوەش ئاماژەیەك پێشکەش بە تیرۆریستەکان دەکات کە دەتوانن کۆششەکانمان بۆ بونیادنانی عێراقێکی دیموکراسی و ئازاد لەسەر رەوتەکەی لابەرن... ئەگەر پێداگریش بکەیت، ئەوا خراپترین دیوەزمەکانت لەکاتێکدا روو دەدات کە وڵاتەکەت ناتوانێت تەحەمولی بکات". عیماد ضیاء الدین ئازایانە سواری هەلیکۆپتەری بلاك هۆك بوو بۆ رۆیشتن بەرەو نەجەف.

کاتێك کە روبەیعی لەکاتژمێر دەی شەوی ٤ ئازار/ مارسدا داوای چاوپێکەوتنمی کرد هەستم بەرادەی مەترسیەکانمان کرد. تەنها بیست و چوار کاتژمێری ماوە بۆ ئیمزاکردنی چاوەڕوانکراو لەسەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی، بەلیستێکی هەشتی خاڵیەوە دێتەوە کە سیستانی دەیەوێت بیخاتە



Scanned with CamSc

ناو ئەو دەقەوە کە ڕێکەوتنی لەسەرکراوە. لەناویشیدا ئەو دەقەی کە پەیوەستە بە ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستور. بە ڕوبەیعیم ووت نازانم چۆن دەتوانین بەمشێوەیە کاربکەین. پێش سێ ڕۆژ هەموو ئەنجومەنی حوکم تەبەنی دەقەکەیان کردووە.

بەتوڕەیی ووتم، " ئێوەی شیعە ئێستا یاری بەئاگر دەکەن و خەریکە هەموو پرۆسەکە هەڵدەوەشێنەوە". بەو نامەیەی کە ناردمەوە بۆ سیستانی مەترسی یاریکردن بە دەقە ڕەزامەندی لەسەر دەربڕاوەکەم پێڕاگەیاند. ڕوبەیعی ڕەزامەندبوو ووتی هەوڵدەدەم وا لەسیستانی بکەم لەمەسەلەکە بگات.

بەڵام هێشتا ئەمڕۆ تەواو نەبووە، زانیمان کە شیعەکان چەند کاتژمێرێکە لە ماڵی بەحرلعلوم کۆبونەتەوەو، هەوڵدەدەن کەوا کوردەکان ڕازی بکەن بۆ ئەوەی واز لە داواکارییەکەیان بێن سەبارەت بە ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستور. بۆیە داوای کۆبونەوەم کرد لەگەڵ بەحرلعلومدا، ئەم زانا قەبارە بچووك و چالاکە تۆزێك دوای نیوەی شەو هات. داوای لێکردم کە کێشەی نێوان شیعەو کوردەکان "چارەسەر بکەم". ڕەتمکردەوەو ووتم پێش سێ ڕۆژ شیعە ڕازی بوون لەسەر یاسای ئیداریی ئینتیقالی، وا ئێستا کێشەیەکیان دروست کردووەو پێویستە خۆیان چارەسەری بکەن. بێ هیوا بوو، لەکاتی ڕۆشتنیدا ووتی هێشتا هیوادارە بتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن تا سبەینێ ئاهەنگی ئیمزاکردنەکە سازبکەن. پێموت ئێمە هەر داڕشتنێك قەبوڵ دەکەین کەوا لەگەڵ کوردەکاندا لەسەری ڕێکبەون و هیوای سەرکەوتنم بۆ خواست.

کەمێك دوای دووی بەیانی، پەیوەندیم بەڕایسەوە کردو دوایین پێشهاتەکانم پێڕاگەیاند. پێداگرمکرد لەسەر ئەوەی ئێمە بەردەوام دەبین لەفشار خستنە سەر شیعە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکەو ئێمە هێشتا هیواخوازین کە سبەینێ کاتژمێر چوار بتوانین ئاهەنگی ئیمزاکردنەکە سازبکەین. کاتێکیش چوومە ناو جێگەوە، کەنەفت بووم، دڵنیا نەبووم لەوەی کە بتوانین ئەوە بکەین.

*　*　*

٥ ئازار/ مارس ڕۆژێکی خەمبار و ئازاربەخش بوو، هەتا بە پێوەری عێراقییەکان. کاتێك کە شەبەقی دا، هەموومان دەمانزانی کەوا هەڵێکی گەورە هەیە بەوەی کە ژمارەیەك لەشیعەکان بەپێی ڕێنومایەکانی سیستانی بچن بەرێوەو ئیمزاکردن لەسەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی ڕەتبکەنەوە. یەکەمجار وەڵامەکەی سیستانیم وەرگرت، کە مژدەی خێری تێدا نەبوو " ئێمە ڕێز لەو کارە سەخت و گرانە دەگرین کە جەنابی باڵیۆز پێی هەڵدەستێت و، ئێمە پابەندین بە سەرخستنی پرۆسەکەوە". بەڵام ناتوانێت مافی ڤیتۆ قەبوڵ بکات. " ئایا ڕەشپێستەکانی ئەمریکا دەتوانن ڤیتۆ

لەدژی دەنگدانی گەلی ئەمریکا بەکاربهێنن؟ ئایا لاتینیەکانی ئەمریکا دەتوانن ڤیتۆ لەدژی ئیرادەی هەموو گەلی ئەمریکا بەکاربهێنن"؟

ئەم دەستەواژەیە وای لە رۆمان مارتینیز کرد شۆخی بکات بەوەی کەئێستا سوکایەتی پێکراوە چونکە ئایەتوڵلا " سوکایەتی بە نەتەوەکەم کردووە".

رازی بووم لەسەر ئەوەی، پێش ئەوەی پێچکەکان لەئاراستەی خۆیان لابدەن، بۆ ئەوەی لەسەر بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئەمریکی بەیانیان دەربکەوم تالەم " رۆژە مەزنە بۆ دیموکراسیەتی عێراق ڕابگەیەنم". بەڕوانین لەپێشهاتەکانیش، مەسەلەکە قورس دەبێت چونکە پێویستە لەسەرم جەخت لەوە بکەمەوە کە هەموو شتێك تەواوە، لەگەڵ ئەوەش کە دەکرێت ئێمە بەرەو کارەسات بڕۆین.

بۆ خۆشبەختی ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم کە ئاگایان لەسەرهەڵدانی قەیرانەکە نەبوو، خۆیان گۆڕی بوو لەکاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆدا لەگەڵ خێزانەکانیاندا هاتن بۆ بینای ئەنجومەنی حوکم بۆ ئەوەی ئەم رۆژە مێژوویە ببینن. ماوەی کاتژمێرێك خەریکی تێکەڵبوون و پیرۆزبایکردن بوون لەیەك.

فەرمانبەرەکانم پێیان ڕاگەیاندم کە شیعەکان هێشتا کۆبوونەتەوەو و هاوارکردن هەیە لەنێوان هەندێکیان و کوڕەکەی سیستانیدا لەبارەی ئیمزاکردن لەسەر یاسای ئیداری. نزیکەی کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ، تاڵەبانی هاتە ناو ژوورەکەوەو بەگوێی بارزانیدا چرپاند، کەیەکەم جار بوو لەبارەی قیرسجمەی شیعەوە بیستی. توڕەیی پێوە دیاربوو.

پاچەچی پێی ڕاگەیاندم کە پێنج لەئەندامانی شیعە لەکۆی سیانزە ئەندامەکە لەناو ژوورەکەدان بۆیە تەنامان هەیە و دەتوانین دەست پێبکەین. ڕازی نەبووم و بە فەرمانبەرەکانم راگەیاند کە دوورکەونەوە لەجیاوازی " لێگەڕێن با فشارەکان لەسەر شیعە زیاتربێت".

لەدەوروبەری کاتژمێر سێ و نیودا، چەلەبی و روبەیعی هاتن و داوای کۆبوونەوەی بەتەنهایان کرد لەگەڵ بارزانیدا. ئێستا زانیمان کە شیعەکان دابەش بوون، ژمارەیەکیان دەیانەوێت ئیمزا لەسەر یاسای ئیدارەی کاتی بکەن. وا دیارە چەلەبی هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوەی کرد ئەگەر ئەنجومەنی حوکم رەتی ئیمزاکردن بکەن لەسەر یاساکە. ووتیشی کە جەعفەری و روبیعیش دەیانەوێت ئیمزاکە بکەن. بە فەرمانبەرەکانم ڕاگەیاند کە دابەشبوون لەوانەیە بەسوود بێت.

لەدوو کاتژمێری دوایدا، جموجوڵ زیاتر بوو بەڵام بەبێ ڕوودانی پێشکەوتنێکی گەورە. هەموو نیو کاتژمێر جارێکیش رایس و سیف هادلی جێگرەکەیم ئاگادار دەکردەوە لەدواین رووداوەکان، هارکات چاوەڕوانی هاتنی کاتی ئاهەنگی ئیمزاکردنەکەمان دەکرد لەکاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆدا. چەلەبی هاتەوە ناو ژوورەکەوە روبەیعی و پاچەچی برد بۆ ژوورەکەی پشتەوە، ناردی بۆ

ئەوەی منیش بچم بۆلایان. لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانیشتین، چەلەبی ووتی شیعەکان دەیانەوێت چارەسەرێك بدۆزنەوە".

پرسیم، " چیان هەیە پێشکەشی بکەن. بۆیە پێشنیارم بۆ چەلەبی کرد پرسیار لە تاڵەبانی بکات سەبارەت بەوەی کە کوردەکان دەیانەوێت لەوانەیە رێگەیەك بدۆزینەوە بۆ بەرەوپێش چوون. بەڵام دیك جۆنز زانی کە ئەو نرخەی کوردەکان دەیانەوێت واز لە مادەی رەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستور بێنن ئەوەیە کە یەکسەر شاری کەرکوکیان تەسلیم بکرێت. ئەوەش مایەی قەبوڵکردن نیە.

ئێستا ژمارەیەك لەسوونەکان هاتن بۆ لام و ووتیان، " ئێستا لەژوورەکەدا نیصاب هەیە. با داوای کۆبونەوەیەك بکەین و تۆش دەتوانیت ئیمزا لەسەر یاساکە بکەیت بەو پێیەی کە بەرێوەبەری ئیداریت".

ووتم، " نەخێر. ئێوە وەك عێراقیەکان دەبێت بەوە هەستن. لەماوەی چوار مانگی ئایندەدا ئێمە دەڕۆین بۆیە پێویستە لەسەرتان خۆتان فێری ئەوە بن کە چۆن گرفتەکانتان چارەسەر دەکەن".

زانیارییەك بە ژوورەکە گەیشت کە یەکێك لەجێگرەکانی حەکیم بەرۆژنامەکانی ڕاگەیاندووە کە شیعە نایانەوێت ئیمزا لەسەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالی بکەن چونکە " [illegible]کە مافی ڤیتۆ دەداتە کوردەکان".

بۆ وەلامدانەوەی ئەوەش، کوردەکان عوسمانیان نارد کەیەکسەر ئیدانەی وتەبێژە شیعەکەی کرد. هەر دوو تێبینیەکەش هیچ سودێکیان بە مەسەلەکە نەگەیاند، بۆیە داوام لەیەکێك لە ئەندامانی گروپی ئیدارەی حوکمکرد پەیوەندی بە دکتۆر عادلەوە بکەن کە لەماڵی خۆی لەگەل حەکیمدا کۆبونەوە دەکەن بۆ ئەوە مەسەلەکە ڕاست بکانەوە. داواشم لە تاڵەبانی کرد کە عوسمان بێدەنگ بکات و ئەویش کردی.

ئێستا کاتژمێر گەیشتۆتە پێنج و نیوی پاشنیوەڕۆ، وا کاتژمێرو نیوێك لە ئاهەنگی ئیمزاکردن دواکەوتووین. رایس پێڕاگەیاندم کە وا دیارە رەوشەکە " زۆر خراپە" لەسەر تەلەفزیۆن. دان سینۆر جەختیکردەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنوسەکان کۆبونەتەوەو لەچاوەڕوانی ئاهەنگەکەدان و وا دیارە بێزاربوون.

" لەوێدا سەدان پەیامنێر هەن چاویان لە مێزەکە بڕیوە کە بیست و پێنج قەڵەمی لەسەرە، هەروەها کۆمەڵێك لەمناڵان چاوەڕوانی ووتنی سرودن. ئەمە کارەساتە. پێویست بڕۆم بۆ لایان". رازی بوو. "جەختیکردەوە کە دیموکراسیەت پرۆسەیەکی ئاڵۆزە".



Scanned with CamSc

بەوشێوەیە رۆیشت بۆ ئەوەی قورسترین بەیانامەی رۆژنامەوانی پێشکەش بکات.

لە کاتژمێر ٧:٣٧ی شەودا، دواجار داوا لە ئەنجومەنی حوکم کرا بۆ کۆبونەوە دوای ئەوەی شیعە لەکۆبونەوەکەیان چوونە دەرەوە. بەحرلعلومی سەرۆکی ئەنجومەنەکە بۆ مانگی ئازار/مارس لەسەر کورسیەکەی دانیشت. بیست و یەك ئەندامیش ئامادەبوون.

بەحرلعلوم پۆزشی هێنایەوە سەبارەت بە دواکەوتنی کۆبونەوەکە (نزیکەی شەش کاتژمێر) وەتیشی کە مادەی ٦١ پەیوەست بە ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستوری هەمیشەیی بۆتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری لەهەڵوێستەکاندا. پێویستیشە پارێزگاری لە بنەمای کۆدەنگی بکرێت. پشان وتی، "خۆمان لەهەڵوێستێکی تراژیدیدا بینیەوە" دانی بەوەدا نا کە چەند گۆشەنیگاو تراوانینێك هەیە وەتیشی کە ئەو ڕێز لەمرکابدەرەکانی دەگرێت. شیعەکان نەیاندەویست واز لەپرۆسەکە بێنن، بەڵکو دەیانەوێت چارەسەری گرفتەکە بکەن. پرسی، "ئایا دەکرێت بابەتەکە بۆ کاتێکی تر دوابخەین"؟

ئەم پرسیارە گەردەلولێك لەناڕەزایی دروستکرد. "ئەم دانیشتنە کۆتایی پێهات. ئەگەر کۆبجار ئەم بۆ ئیدارەدانی کۆبونەوە و بوویتمە جێی ڕەخنەی توند، ئەوا واز لەسەرۆکایەتیەکەی دەهێنم" لەناکاو لەسەر کورسیەکەی هەستاو بەتوڕەیی چوو بۆ لای دەرگاکە لەناو هاوارو شڵەژانی ئەندامەکانی تردا کەلەدەوری مێزەکە دانیشتبوون.

کوڕەکەی و چەلەبی ڕاپەڕین و چوون بەگوێیاندا چرپاند. گەڕایەوە بۆ کورسیەکەی کەهێشتا ورتە ورتەی بوو بەدەستیشی ئاماژەی دەکرد.

ئەوەکان بەردەوام بوون. ماوەی کاتژمێرەکانی تر بەبێدەنگی مامەوەر چاودێریم دەکرد لەکاتێکدا کەوا عێراقیەکان فێری وانەی قورس دەبوون لەپێویستی بوون بەنەرمی نواندن و ڕێکەوتن لە سیستمی دیموکراسیدا.

ڕایس لەشەودا چەند جارێك پێشنیاری کرد بۆ ئەوەی فشار بخەینە سەر کوردەکان بۆ ئەوەی واز لەهەڵوێستەکەیان بێنن سەبارەت بەڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستور. بەڵام من ڕام پێچەوانەی ئەو بوو. من بایەخم بەو دەرئەنجامە ستراتیژیە دەدا کە لەپێناو ڕازیکردنی کوردەکاندا فشار بخرێتە سەر کوردەکان بۆ ئەوەی دەستبەرداری دەقێك بن کە ڕێکەوتنی لەسەرکراوە. ڕەنگە ئەوە لەماوەی کورتداو لەبەردەم کامێراکانی تەلەفزیۆندا بەدەستکەوتی بزانین. بەڵام ئەگەر کوردەکانمان ناچار کرد بکشێنەوە لەکاتێکدا کە هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکان بەتوندی لەعێراقدا ئامادەیی هەیە، ئەوا کاتێك کە دەڕۆین هیوایەکی گەورە بۆ بونیادنانی عێراقێکی عەلمانی یەکگرتوو بوونی نابێت. باشترە لەوە، پێموابوو کە لێگەڕێین شیعە ڕووبەڕووی ئەوە ببنەوە کە دروستیان کرد با

ببینین بزانین ئایا دەتوانن رووبەرووی سیستانی ببنەوە.
بێ خێراکردنی پرۆسەکە، دیکم نارد بۆ سەردانی شیعەکان لەکاتی کۆبونەوەیاندا. ئەو راشکاو بوو
لەگەڵیاندا، ووتبووی پێیان کە ئەوان هەڕەشە لە رێکەوتنێکی مێژوویی دەکەن و داوای
لێکردبوون زۆر بیربکەنەوە لە چۆنیەتەی دانی "نرخەکە" کە کوردەکان داوای دەکەن بۆ ئەوەی
راز لە رێکەوتنی مادەی ٦١ بێن. لەکاتی گەڕانەوەیدا ووتی هیچ کاتێك وا ئەو کۆمەڵەی
بەخەمبار نەبینیوە. خەریکە فشارەکە کاری خۆی دەکات.
لەگەڵ ئەوەشدا، لەکاتژمێر دەو نیوی شەودا، هەموو هەوڵەکان شکستیان هێنا بۆ دۆزینەوەی
رێکەوتنێك لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنەکەدا. بەحرلعلوم پێی ووتم کە پێویستی بەکاتە بۆ ئەوەی
سەردانی نەجەف بکات لەپێناو راوێژکردن لەگەڵ سیستانی و ئایەتوڵڵاکانی تردا. پێشنیارمکرد
پشوویەك وەربگیرێت بۆ پێداچوونەوەی مەسەلەکان.
ئەو مادەیەی دەستور کە
لەکاتی پشوودا، ئاڵەبانی پێڕاگەیاندم کە ئەو ئەرم نابێت لەبارەی
رێکەوتنی لەسەر کراوە. دوای ئەوە قسەم لەگەڵ بارزانیدا کردو بیرمخستەوە کەئێمە هاوپەیمانی
کوردەکانیان، رەوشەکە وا دەبینین کە ئەوان دەیبینن. " بەڵام وادیارە شیعە لەگۆشەکەدا
کۆبونەتەوەو پێویستیان بەهەندێك کات هەیە بۆ ئەوەی کار لەگەڵ سیستانیدا بکەن". پرسیم کە
ئایا دەکرێت یەك رۆژیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بڕۆنەوە بۆ نەجەف. دوای سکاڵاکردن رەزامەندی
دەبڕی ووتی کە گەڕانەوەی بۆ شاخی دواخستووە بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی ئیمزاکردنەکەدا
ئامادەبێت، هاوکات جارێکی تریش سەبارەت بە "عەمامە رەشەکان" ناڕەزایی دەربڕی.
کاتێك ئەوەم بە بەحرلعلوم راگەیاند پێداگری کرد کە پێویستی بە دوو رۆژ هەیە تا بڕوات بۆ
نەجەف و بێتەوە. ئیدی لە ووزەمدا نەماو ووتم، " تۆ برۆ قەناعەت بە بارزانیی بکە. ئەوەی توانیم
من کردم". ئەوان وتووێژێکی ئارامیان کرد و بارزانی ڕازی بوو کە کۆتایی ئەم هەفتەیە بداتە
ئیسلامیەکان بۆ ئەوەی هەوڵی چارەسەری کێشەکان لەگەڵ سیستانیدا بدەن. بەڵام ئەوەی ووت
کە سبەینێ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و رۆژ نوری شاوەیس وەك نوێنەر لەجێی خۆی
دادەنێت. بەحرلعلوم گەڕایەوە بۆ سەر کورسیەکەی بۆ ئەوەی ڕایبگەیەنێت کە شیعەکان
پێویستیان بە دوو رۆژە " بۆ ئەوەی ئەنجامی کۆتایی بەدەست بێنن". پاشان دانیشتنێك دەکرێت بۆ
ئەوەی بڕیاری کۆتایی وەربگیرێت. " بەهیوای ئەوەی لەگەڵماندا بوەستن و ئارامتان هەبێت".
لە پەیوەندی کۆتایمدا لەگەڵ رایس، دانم بەوەدانا کە ستراتیژەکەمان بۆ ئەوەی وا لەشیعە بکەین
هەست بە فشار بکەن پرکێشەیەکی زۆر بەرزە. " هەلێکی گەورە هەیە بۆ ئەوەی نەتوانن سیستانی
ڕازی بکەن، ئیدی ئەو کاتەش ناتوانین ئەم بەڵگەنامە ئەفرەتیە ئیمزا بکەین".

ئەوڕۆ ڕۆژی دواتردا، بایەخم بەکاروبارەکانی تری ڕۆژانە دا، لەکاتێکدا کە شیعەکان چوو بوون بۆ نەجەف. لەڕۆژی شەممەدا، سەرۆکایەتی یەکێك لەکۆبونەوە ڕێکخراوەکانم کرد لەگەڵ حکومەتی عێراقیداو جەختمکردەوە لەسەر ئەوەی کە من لەهەر یەکێکیانم دەوێت پشکەرێکی گشتی بۆ وەزارەتەکەی دابنێت، وەك بەشێك لە پلانەکەمان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی. هەروەها پێم ڕاگەیاندن کە من چاوەڕوانی لەهەر وەزیرێك دەکەم بەلای کەمەوە ژنێك وەك جێگری خۆی دەستنیشان بکات. لەبەیانی ڕۆژی یەکشەممەدا چووم بۆ ئەوەی لەگەڵ یانەی تۆپی پێی عێراقیدا مەشق بکەم لەیاریگای ئۆلۆمپی عێراقی بۆ ئەوەی بەشداری خۆشیەکەیان بکەم لەگەڕانەوەی عێراق بۆ ناو جموجۆلی ئۆلۆمپی لە ۲۹ شوباتدا.

لەکاتێکی درەنگی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ڕووبەیی گەڕایەوە بۆ بەغداو یەکسەر هات بۆ سەیگەکەم خۆشیەکی فراوان لەسەر سیماو ڕوخساری بوو.

لەسەر شێوازی پزیشکەکان بە گاڵتەوە ووتی، لێدایکبوونەکە بەشێوەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵام ئەوەی دەمانەوێت بەدەستمان هێنا". لەدوای مشتومڕێکی دوور لەگەڵ سیستانیدا ڕێگەی پشرێکەوتوەکانی داوە لەئەنجومەنی حوکم کە ئیمزا لەسەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالی بکەن.

ووتم، " سوپاس بۆ خوا". ئەنجومەنی حوکم توانیان سیستانی ڕازی بکەن بەوەی ئەگەر ویستیان یە سەرکردەی سیاسی خاوەن ڕاستگۆیی و مصداقیەت، پێویستە ئەو لەووردەکارییەکانی مەسەلە سیاسیەکاندا ئاراستەیان نەکات، گرەوە ترسناکەکەمان بەرهەمی هەبوو لە بەدەست هێنانی هەوڵێکی گرنگدا بۆ بەرژەوەندی عێراقی عەلمانی.

ڕۆژی دووشەممە ۸ ئازار/ مارس ڕۆژی جیهانی ژن بوو، یەکەم ناوەندی ژنانم کردەوە لەکۆی نۆ ناوەند کە دەمانەوێت لەبەغداد بیکەینەوە، ئەوەش هەلێکە بۆ پێداگری لەسەر ئەو بایەخەی کە ئێمە دەیدەین لەپێناو یارمەتی دانی ژنانی عێراقیدا. لەکاتێکدا کە لەسەر زەوی دانیشتبووین و حلواو خورمامان خوارد بەژنانی ناو ناوەندەکەم ڕاگەیاند کە یاسای ئیدارەی ئینتیقالی جەختکردۆتەوە لەسەر ئەوەی کەدەبێت یاسای هەڵبژاردنەکان گرەنتی دابینکردنی ۲۵٪ کورسیەکانی پەرلەمان بکات بۆ ژنان لەعێراقدا، کە بەرزترین ڕێژەیە لەجیهاندا.

ئەیترێك بەناویانەوە وەڵامی دایەوە، " ئێمە خۆشحاڵین بەئەنجامەکان و، ژنانی عێراقیش پاش ساڵانێکی درێژ جارێکی تر ئامادەن بۆ ئەوەی لەژیانی وڵاتدا بەشداری بکەنەوە".

ڕوداوە گەورەکە لەو ڕۆژەدا ئیمزاکردن بوو لەسەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالی. لەکۆبونەوەی



Scanned with CamSc

تایبەتماندا پێش ئاهەنگ گێڕان، ئەندامانی ئەنجومەن بەدرێژی باسیان لە بایەخی ئەم دەستورە ئینتیقالییە کرد. هەروەها چەپڵەی سوپاسی ئەندامانی تری کرد کە ماوەیان بەشیعەدا بۆ ئەوەی لە ئەجەف راوێژ بکەن. تاڵەبانی ووتی ئەمە باشترین دەستورە لەناوچەکەدا، یونادم کەنناش کە تاکە مەسیحییەك بوو لە گروپەکەدا، بەشێوەیەکی شاعیرانە ووتی، " ئەمرۆ شارستانیەت جارێکی تر لە لانکەی شارستانیەتدا دەستپێکردەوە". لە کاتژمێر یەکی پاشیوەرۆدا، لە بینای ئەنجومەنەوە چووین بۆ ناوەندی کۆنگرەکان لەوبەرەوە، لەوێ ژمارەیەکی هەر مەزن لە رۆژنامەنوسەکان پێشوازیان لێکردین کەوا بۆ رومالکردنی رووداوەکە کۆبوبونەوە.

بەحرلعلومی سەرۆکی ئەنجومەنەکە بەرەوانی وەك سەرکردەیەکی ئاینی سادە قسەی کرد. " ئەمرۆ لە دیدارێکی مێژوویی مەزندا بەرۆحی برایەتی و خۆشەویستی راستگۆیانەوە کۆدەبینەوە کەوا هەموو گەلی عێراق یەکدەخات. کاتێك هەموو براکان قسەیان کرد، بەرژەوەندی گەلیان خستە پێش بەرژەوەندی خۆیانەوە. با ئەوەش زانراوبێت کەئێمە هاتووین بۆ ئەم شوێنە وەك یەك کەس و خاوەن یەك بۆچوون".

پاچەچیش کە زۆر کۆششی کرد لە دارشتنی بەشی شۆرشگێڕیی تایبەت بە مافەکانی تاکەکان لەیاسای لیداریی کارگێڕیدا ووتەیەکی رەوانبێژانەی پێشکەش کرد. بارزانیش بەشێوەیەکی کاریگەر قسەی کرد. " من ئێستا بۆ یەکەمجار هەست بەوە دەکەم کە عێراقیم". هەموو ئەندامێکیش چوون بۆ پێشەوەی زوورەکە بۆ ئیمزاکردن لەسەر بەڵگەنامە هەرە دیارەکە لەمێژووی درێژی عێراقدا.

ئاهەنگەکە بەسرودی ئەو ساڵە کۆتایی پێهات کەلە ئاهەنگەکانی ئەنجومەنی ۹ نیسانی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری پێشوودا ووتی.

سوپاس بۆ خوا و ئامین.



Scanned with CamSc

## پێکدادان بەدیواردا

### بەغداد

### نیسان/ ئەپریل ٢٠٠٤

ڕۆشناییەکانی تەلەفزیۆن شەوقداربوون و چاوەکانیشم ماندوو. ژیانم لەماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا پڕبوو لەکۆششکردن، شەوەکانیشم درێژتربوون لەشەوە ئاساییەکانی ترم، کاریگەری ئەوەش لەسەرم بەدیار کەوت، ئەوە لە ٢٣ نیسان/ ئەپریل دا بوو، ئێمەش لە ناوەڕاستی مەترسیدارترین قەیرانی هاوپەیمانانداین.

تەکنیکارەکان دوایین کردەوەکانی ووردبینیان لەگۆشەکانی کامێراکان و، دەنگەکاندا ئەنجامدا، ئاماژەیاندا بەدەستپێکردن. تیشکی سوری کامێراکە داگیرسا.

شەوتان باش

عێراق هەڵبژاردنێکی یەکلاییکەرەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

دەتوانن ئەو ڕێگەیە بگرنەبەر کەبەرەو عێراقێکی نوێ و بێوەی دەڕوات، عێراقێکی دیموکراسی، عێراقی ئازادی سیاسی و هەلی ئابوری، عێراقێك تێیدا زۆرینە بۆ سوونە یان شیعە یان عەرەب یان کوردەکان یان تورکمانەکان نابێت، بەڵکو بۆ هەموو عێراقیەکانە. ئەمە ئاراستەیەکە بۆ ئایندەیەکی درەوشاوەو هیوابەخش.

یان دەتوانن ئەو ڕێگەیە بگرنەبەر کە عێراق بەرەو تاریکی ڕابردوو دەباتەوە، کە تێیدا توندوتیژی و ترس باڵی بەسەریدا کێشاوە، دەسەڵات لەڕێگەی تۆپ و بۆمبهاوێژەکانەوە دێت، کە هیچ کەسێك هەست بەئارامی و هێمنی ناکات تەنها کەسانی بەهێزو ڕەق و سەخت نەبێت...

لەماوەی بیست و یەك خولەکەکەی دواتردا ڕوداوە سەختەکان لەبەردەم گەلی عێراقیدا بڵاوبونەوەو ئەشەندیان کرد؟ ئێمەو ئەوانیش ڕووبەڕوی هێرشێك دەبینەوە کە هێزە نادیموکراسیەکان دەیکەن، ئەو هێزانەی کە تێڕوانیان لەگەڵ ئێمەدا سەبارەت بە عێراقێکی دیموکراسی و بێوەیی یەکناگرێتەوە.

... لەماوەی ساڵی ڕابردوودا هەزاران وتوێژم لەگەڵ ئێوەدا ئەنجام داوە، ئەوانە وایان لێکردم کە دڵنیابم لەوەی زۆرینەی زۆری عێراقیەکان دڕندایەتی ڕۆژانی ڕابردوو و تاریکیەکەی ڕەتدەکەنەوە. ئێوە پێتان ڕاگەیاندم عێراقێکی نوێتان دەوێت کە ئازادی و یەکسانی و هەل پێشکەش

بەهەمووان دەکات.

هاوپەیمانان هاوبەشی تێڕوانینتان دەکەن بۆ ئایندەی عێراق، ئایندەی ئومێدو هیوا. پێکەوە کاردەکەن لەبونیادنانی ئەو ئایندەیەدا کە دەتانەوێت.

بەلام لەکاتێکدا کەلەسەر ئەم ڕێگەیە دەڕۆین زۆر کارە هەیە کە پێویستە ئەنجامیان بدەین.

دوژمنانی ئایندەی روناکتان، ناوچەیی و دەرەکییەکان، دەیانەوێت ناچارتان بکەن لەسەر گرتنەبەری ئەو ڕێگەیەی کەبەرەو دوامان دەباتەوە، بەرەو هێزی زۆرداری دابەشبوون و ڕقلێبوونەوە. ئەم هێزە دژ بەدیموکراسیەش لەخۆیەوە وون نابێت، بەلام پێکەوە دەتوانین شکستی پێ بهێنین. ئێمەش لەهاوپەیمانان بەرۆڵی خۆمان هەلدەستین لەگێڕانەوەی ئەمن و ئاسایش، بەلام ئێوەش هەروەها پێویستە لەسەرتان بەرۆڵی خۆتان هەستن.

ئەگەر بەرگری لەوڵاتە خۆشەویستەکەتان نەکەن ئەوا ناتوانرێت دەربازبکرێت...

لەدوای ئیمزاکردنی یاسای ئیدارەی ئینتیقالییەوە سێ قەیرانی هاوکات بەم خالە ئەنگەلانەی گەیاندین.

قەیرانی یەکەم پەیوەندی بەپرۆسەی سیاسیەوە هەیە- دووەم : پێویستمان بەوە هەبوو کە ئایەتوللاو شوێنەکەوتەکانی لەئەنجومەنی حوکم ڕازی بکەین بۆ ئەوەی پشتیوانی لەهاتنەوەی ئەخزەر ئیبراهیمی بکەن.

سیستانی و شیعەکان زۆر بێ هیوا بوون لەو ڕاپۆرتەی کە ئیبراهیمی دوای سەردانی یەکەمی بۆ عێراق بۆ بەدواچوونی ڕاستیەکان لە شوبات / فێبرایەردا دەریکرد، کە تێیدا جەختی کردبۆوە لەسەر ئەوەی کە هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی پێش کۆتایی سالی ٢٠٠٤ مومکین نابێت. بەلام هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیاری نەکردبوو بۆ کۆنگرەی ناوچەکان. بۆیە ئێمە پێویستمان بە گەڕانەوەی ئیبراهیمی هەیە بۆ عێراق بۆ بونیادنانی کۆدەنگیی عێراقیەکان و، سیستانی، لەسەر میکانیزمی هەلبژاردنی حکومەتی کاتی کە سەروەریی ڕادەست دەکەین.

هەروەها زۆرێك لەعێراقیەکان توڕەبوون چونکە ڕاپۆرتەکەی ئیبراهیمی وەك پێویست ڕەخنەی لەدڕندایەتی صەدام نەگرتبوو. هەروەها بەدگومان بوو بوون لێی، چونکە نەتەوەیەکی عەرەبی سونیە. ئەندامە شیعەکانی ئەنجومەنی حوکم ڕێنەی ئیبراهیمیان دابەشکرد کە هی چەند سالێك لەمەوپێشەو لەگەل صەدامدا جگەرە دەکێشێت.

سیستانیش لەسەر ڕێگەکەی خۆی لەسەر ئەتەرنێت لە ٩ ئازار مارسدا " خۆپارێزی هەبە لەبەرامبەر ڕێکەوتنامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا" ووتوشیەتی کە " هەر یاسایەك دابنرێت بۆ ماوەی ئینتیقالیی شەرعیەتی نابێت ئەگەر لەلایەن ئەنجومەنێکی نیشتمانی هەلبژێردراوەوە بڕیاری

لەسەر نەدرابێت".

لەرۆژانی دواتردا، هاوەڵەکانی سیستانی و، لەناویشیاندا ئەوانەیان کەلەناو ئەنجومەنی حوکمدان، هێرشەکەی خۆیان بۆ سەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالی فراوانکرد. هەندێك بلاوکراوەیان لەناو مزگەوتەکانی باشوردا بلاوکردەوە کە ئیدانەی دەستوری کاتی دەکات و کەشێك لە نەبوونی دلنیایی لەبارەی پرۆسەی سیاسیەوە دروستکردووە.

جارێکی تر لە ٩ ئازار/ مارسدا عیماد ضیاء م ناردەوە بۆ ئەوەی بە ئایەتوڵا رابگەیەنێت کە هیچ گروپێك بەتەواوەتی لە بەلگەنامەکە رازی نیە چونکە لەئەنجامی سازش و رێکەوتنی هەموو لایەنەکانەوە هاتۆتەبوون. دووبارەم کردەوە کە ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەوەی لەتوانایدا بێت دەیکات بۆ گرەنتیکردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەپێی ئەو خشتە زەمەنیە کە لەیاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا هاتووە. ووتیشم لەبەرژەوەندیی عێراق و، ئەودایە، کە جارێکی تر نەتەوە یەکگرتوەکان بگەڕێنەوە.

لەو کاتەدا ضیاء گەرایەوە ئەنجومەنی حوکم خاوەخاوی دەکرد، ئارەزووی بانگهێشتکردنەوەی ئیبراهیمی نەدەکرد، وا دەردەکەوت کە قەیرانی سیاسی قوڵتردەبێتەوە. گروپی ئیدارەی حوکمم نارد بۆ ئەوەی فشاربخەنە سەر ئەندامانی ئەنجومەنەکە، هەلی سەردانی شاری کوتم قۆستەوە، پایەختی پارێزگای واسطی خۆرهەلاتی بۆ کۆبونەوە لەگەڵ نوێنەری سیستانی لەوێ. پێمراگەیاند کە یاسای ئیدارەی ئینتیقالی تاکە ئاراستەیەکی رێکەوتن لەسەرکراوە بەرەو دیموکراسیەتی عێراقی. هەروەها من و بۆب بلاکۆیل هەستاین بە سەردانی چەند ئەندامێکی بەهێزی ئەنجومەنی حوکم.

توری کۆندۆلیزا رایس لە ملکەچبوونی ئەنجومەنی حوکم زیادی کرد." پێویستە لەسەرت ناچاریان بکەیت لەسەر بانگهێشتکردنەوەی ئیبراهیمی. هیچ پلانێکی تر نیە". بۆیە ئامادەکاریی کرا بۆ کۆبونەوەیەکی هاندەری تری ئەنجومەنی حوکم بەهەموو ئەندامەکانیەوە. لەرۆژی چوارشەممە ١٧ ئازار/ مارس، ، وریایم پێدان کە ئەوان بەو کارەیان تەنها پرکێشی رووبەرووبونەوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتوەکاندا ئەنجام نادەن، بەڵکو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانیشدا. ووتم، " ئەگەر نەتەوە یەکگرتوەکان هاوکارو یارمەتیدەر نەبێت لەپێکهێنانی حکومەتێکی کاتیدا، ئەوا گەلی عێراقی دەزانێت سەرکۆنەی کێ دەکات".

ئەمە بێزاریەکی لەدەوری مێزە سپیەکە دروستکرد. جەعفەریی لەیەکێك لە وتووێژە ئالۆزەکانی خۆیدا ئاماژەی بەوە کرد کە دەکرێت عێراق سود لە " بەشداریکردنی نەتەوە یەکگرتوەکان و یارمەتیدانی وەربگرێت"، دانی بەوەشدا نا کە ئەنجومەنی حوکم بووە لەکانونی دووەم /یەنایەردا



Scanned with CamSc

داوای لەنەتەوە یەکگرتوەکان کرد بگەڕێنەوە بۆ عێراق. بۆیە ئەنجومەنی حوکم نامەیەکیان داڕشت کەتێیدا داوا لەنەتەوە یەکگرتوەکان دەکات جارێکی تر ئیبراهیمی بنێرنەوە.

بەڵام کاتێك لەو شەوەدا لەگەڵ رایس قسەم کرد، خۆم لە باسکردنی ئەو هەواڵە خۆشە بوارد بەئاماژەکردن بۆ ئەوە کە ناڕەزایی سیستانی بۆ یاسای ئیدارەی ئینتیقالی هێشتا گرفتێکی گەورەی دروستکردوە. " لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسیدا، دەبێت برێکی زیاتر لەتوندوتیژی ڕووبدات".

توندبوونەوەی کردەوە توندوتیژەیەکان کە موقتەدا صەدرو سوپای مەهدی سەر بە ئەو پێی هەڵدەستێت قەیرانی دووەمی ئێمەی پێکهێنابوو لەبەشێکی زۆری مانگی ئازار/ مارس... ئەو وتاربێژە شیعیە توندڕەوە زیاتر چەقاوەسوو بوو. بەکۆمەڵێك پاسەوانی شەخصیەوە کە چەکی قورسیان پێ بوو ، هەڵیانکوتابووە سەر مزگەوتی سەرەکی کوفە، کە لەسەدەی حەوتەمدا زاوای پێغەمبەر لەو مزگەوتەدا بەرنوێژی بۆ موسڵمانان کردووە.

ئەم پێشێلکردنە ئاماژەیە بۆ پێداگری موقتەدا لەسەر بەدیهێنانی دەسەڵات لەڕێگەی هێزەوە. جارێکی تر دەستیکردۆتەوە بەلەبەرکردنی کفنی سپی بەسەر عەبا رەشەکەیدا لەکاتی وتار خوێندنەوەدا لەکوفە. ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ تینوبوونی بۆ شەهیدبوون، بەڵام پێ دەچێت ئەوە زیاتر بۆ ئەوە بێت کە بیەوێت کار لە شوێنەکەوتوەکانی بکات کە هەڵخەڵەتاندنیانە ئاسانە و، بۆ شاردنەوەی سنورداریی زانستە ئاینییەکەیەتی، بەپێچەوانەی بارکیەوە.

بەهەمانشێوەی زۆرێك لە وتاربێژەکان کە قارقێژو هاتوهاوار دەنێنەوە، موقتەدا وتاربێژێکی خاوەن ئامادەگی بوو. وتارەکەی لەرۆژانی هەینیدا بوو بوویە ڕووگەی ئەو شیعانەی کە بێبەش بووبوون و گیرابوون، ئەوانەی کەهێشتا ژمارەیان سنوردارە بەڵام بە بەردەوامیی ڕوو لەزیادبوونە. شێوازەی گوتاریەکەشی زیاتر توندڕەوانە بوو ئێستا تەنها داوای بەرگریی هاوپەیمانان ناکات بەڵکو هەروەها ئەنجومەنی حوکمیش.

لە ١٢ ئازار/ مارسدا، لە ژەنراڵ سانشێزم پرسی کە ئایا لەتوانایدایە هەندێك لەکەسە نزیکەکانی موقتەدا دەستگیربکات، دوای ئەوەی تووشی نائومێدی هاتم بەهۆی ئەجولانی واشتۆنەوە. " لای عێراقیەکان یاداشتێك هەیە بۆ گرتنی نزیکەی دوانزە کەسیان لەدۆسێی کوژرانی خوئیدا".

بەڵێنی پێدام و ووتی، " کار لەسەر ئەوە دەکەین گەورەم".

لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە ئەوەیە کە ئەجەف و کوفە و دەوروبەریان ناوچەی پرۆسەکانی تێکەڵەیەك لەهێزەکانی هاوپەیمانانە بەسەرۆکایەتی پۆڵۆنیاو، چەند یەکەیەکی ئیسپانی و بولگاریی و ئۆکرانی و ئەمریکای ناوەڕاست، هەریەکەشیان ڕێسای پێکدادانی تایبەت بە خۆیان



Scanned with CamSc

هەبە- هەریەکەشیان بەرپرس بوون لەبەرامبەر پایتەختە ئاتارام و ئاڵۆزەکەیدا.

لە ٢٣ ئازار/ مارسدا، بڕیارمدا هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەوخۆم دەست بکەوێت لەبارەی ڕەوشەکەوە بۆیە چووم بۆ نەجەف بۆ راوێژکردن لەگەڵ هێزەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەوێ.

بیل کۆنست، کەیەکێکە لەپیشەکارەکانی تر لەوەزارەتی دەرەوەدا، ئێستا وەك نوێنەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەنەجەف کاردەکات، کە موقتەدا شەست چەکداری لەسوپای مەهدی لەناو مزگەوتەکەیدا داناوە.

پێویستە لەسەرمان لەوێدا دەریانکەین".

ریك گێفۆلر، کە بەباشی لەرەوشەکانی دەزانی، بێزاربوو، ووتی، " ئەوە هەڵوێستێکی دوژاوە لەبەردوو ڕوەکەوە. ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمانان چوون بۆ ئەوێ و جەنگاوەرەکانی سوپای مەهدی کوژران و تەقە لەگومەزە پیرۆزەکە کرا، ئەوا یەکسەر پیاوەکانی میلیشیاکە دەبنە شەهید، موقتەداش ئەو سەلماندنەی دەست دەکەوێت کەئێمە شەیتانە خاچپەرستەکانین".

ووتم، بەڵێ، بەڵام ناکرێت هەر وا لێیگەڕێین. ئەگەر مزگەوتی کوفە سەری مارەکە بێت، با بەلای کەمەوە جەستەکەی لێکەینەوە".

مایك ووتی، " مەسەلەکە ئاسان نیە گەورەم" . ئاماژەی بەوە کرد کە هێزە ئیسپانیەکان، کە بەرپرسیارن لە نەجەف، ڕەتی دەکەنەوە یەك هەنگاو پێشڕەوی بکەن. ئەم سورر نەبونەشیان موقتەدای هانداوەو زیاتر جەربەزی کردووە.

لەرۆژی دواتردا، لەکاتژمێر چوارو دە خولەکدا بە دەنگی موشەکێکی تر خەبەرم بۆوە کەوا کەوتە ناوچەی سەوزەوە. لەو رۆژەوە رەوشەکە لەخراپەوە بەرەو خراپتر چوو.

هەندێك ڕاپۆرتمان پێگەیی کە سوپای مەهدی سەر بەموقتەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان هەستاون بەدانانی بەربەست لەسەر رێگاکان و، ڕفاندنی پیاوانی پۆلیسە عێراقیەکان و ئەشکەنجەدانیان. ئێستاش شایەتیدانێکی ڕاستەوخۆمان هەیە هی ئافرەتێکە دەڵێت دوای ئەوەی ئاوانبارەکانی موقتەدا زیندانیان کردووە بۆ چەندین جار دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر. بە دیك جۆنزم ووت، " ئەمانە تالیبانم وەبیر دەهێننەوە".

پەیوەندیمکرد بە ژەنراڵ ئەبی زەیدەوەو نیگەرانی خۆمم پێراگەیاند. " ئێمە لەبەردەم میلیشیاکانی موقتەدا دا خەریکە بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ئەو ناوچە ئەفرەتیە لەدەستدەدەین. ئیسپانیەکان ڕەتی دەکەنەوە بجوڵێن".

هەڵێی پێدام و ووتی، " کار لەسەر ئەوە دەکەین جێری".



Scanned with CamSc

لە ٢٦ ئازار/ مارسدا، مایك گفڤلەر رایگەیاند کە موقتەدا هێرشی کردۆتە سەر ئاوەندە دیموکراسیەکان کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەهەندێك لەشارەکانی باشووردا سەرپەرشتی دەکەن. لەهەمان رۆژدا هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ گروپێك لە سوپای مەهدی و میلیشیاکانی فەیلەقی بەدردا روبەڕوبوو بوونەوە کە لەو ناوچەیەدا بوون. سانشێز پێی ڕاگەیاندم کە " لەوێ رەوشەکان دڵنیاکەرەوە نین".

دوای نوێژی هەینی لەو رۆژەدا، موقتەدا صەدر چووە سەر مینبەری مزگەوتی کوفەو توندترین هێرشی رەخنەگرانی کرد. هاواریکرد، " نا! نا بۆ جولەکە. نا ! نا بۆ ئیسرائیل!نا! نا بۆ ئەمریکا!" دوای ئەوەی کە ئیدانەی هاوپەیمانانی کرد بەوپێیەی کە پلانگێڕیەکی زایۆنیزمی ئەمریکی هاوبەشە، موقتەدا ستایشی هێرشەکانی ١١ سێپتەمبەری کرد و بەو وەسفی کرد کە " موعجیزەو نیعمەتێکە لەلایەن خواوە".

سکۆت کاسل کونسوڵی گشتی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان پێیراگەیاندم کە ئەوەی موقتەدا ووتویەتی پێشێلکاریەکی روونە بۆ ئەو یاسایەی کە هاندانی توندوتیژی یاساغ دەکات، چونکە دەکرێت ئەوە ببێتە هۆی تێکچوونی ئارامی و نانەوەی ئاژاوە، لەناویشدا هێرشکردنە سەر فەرمانبەرە مەدەنیەکان ئەوانەی لەهاوپەیمانان و هێزەکانی هاوپەیمانانندا کار دەکەن. ووتیشی، " ئێمە بنەمای زۆرمان هەیە بۆ دەرکردنی یاداشتێك بۆ دەستگیرکردنی".
گومانم لەوە هەبوو کە واشنتۆن پشتیوانی لەم جۆرە لێپێچینەوە ریشەییە بکات.

ئەو رۆژنامەیەی کە بەناوی موقتەداوە قسەی دەکرد لەهاوینەوە هانی توندوتیژی دەدا. کاتێك کە ناوی ئەو عێراقیانەی بڵاوکردەوە کە پێویستە بکوژرێن چونکە هاوکاریی هاوپەیمانانیان کردووە. چەند کەسێکیشیان کوژران. وا ئێستا رۆژنامەکە دەقی تەواوەتی وتارە ئاگرینەکەی موقتەدای بڵاوکردۆتەوە کە هانی توندوتیژی و نانەوەی تەنگوچەڵەمەو ئاژاوە دەدات، هەروەها ستایشی هێرشەکانی ١١ ئەیلول /سێپتەمبەر دەکات. فەرمانم کرد کە بۆ ماوەی شەست رۆژ رۆژنامەکە دابخرێت چونکە ئەو یاسایەی پێشێلکردووە کە هاندانی توندوتیژی یاساغ دەکات.

سوپای عێراقی کە هێزەکانی هاوپەیمانان پشتیوانیان لێدەکردن هیچ ئاستەنگێکی وا نەهاتە ڕیان لەداخستنی رۆژنامەکەدا لە مەدینەی صەدر. بەڵام کاتێك کە پۆلیس دەرگاکانی داخست و ویستی بڕوات، ژمارەیەکی زۆر لەشیعەکان هاتن و لەدەرەوەی بیناکەدا دەستیان کرد بەجنێودان و هەڕەشەکردن.

داوام لە ریك سانشێز کرد پلانێك دابنێت بۆ زاڵبوون بەسەر میلیشیاکانی موقتەدا لەباشور. بە دیك جۆنزم ووت، " لەوانەیە بتوانیت بەشێوەیەکی جدیی دەست بکەیت بەفشارخستە



Scanned with CamSc

سەری".
پێت ووتی، " لەوانەیە جێری. بەڵام ئێمە پێشتر ئەم ڕێگەیەمان گرتۆتەبەر".

لەم ماوەیەدا قەیرانی سێیەمیش لەخۆرئاوای وڵات لەسەرهەڵدانا بوو: ڕەوشی ئەمنی لەفەللوجە لەڕادە دەرچووبوو؛ فەللوجە ئەو ناوبانگەی بەڵێپاتوویی پەیداکردبوو کە شارێکی سەخت و ڕەقەو ناچەمێتەوە. فەللوجە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ۳۰۰,۰۰۰ کەسە بەکەناری ڕووباری فوراتدا درێژدەبێتەوە. وەك چەند ڕیاێك وایە بۆ ئەو کاروانە بازرگانییە تەقلیدیانەی کە بەناو بیاباندا بۆ سوریا دەڕۆن، ئەمەش بوو بوە ڕێگەیەکی بەسود بۆ چەند کاروانێکی بازرگانی تەقلیدیی بەناو بیابان بەئاراستەی خۆرئاوا بۆ سوریا، کە ئەوی لەدوای جەنگی کەنداوەوە بوو بوە ڕێگەیەکی بەسود بۆ قاچاخچیەکان، کاتێك کە صەدام سەرپێچی لە سزاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکرد. کاتێکیش بەریتانیەکان دەسەڵاتیان گرت بەسەر وڵاتی نێوان دوو ڕووبارداو لەدەستی عوسمانیەکانیان وەرگرتەوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، شارەکە ناوەندی شۆڕشێکی خوێناویی بوو. لەهەوڵێکیشدا بۆ کۆنترۆڵکردنی شارەکە، صەدام حسێن خەڵکەکانی ئەو ناوچەیە، ئەوانەیان سەر بەخۆی بوون لەیەکە دەستەبژێرە سەربازییەکان و دەزگاکانی هەواڵگریدا دانابوورن.

لە نیسان/ ئەپرێلی ۲۰۰۳دا، فرقەی هەشتاو دوو بەرپرسیارێتی پارێزگای ئەنباری خۆرئاوای بەغدایان لەئەستۆگرت؛ بەڵام هەتا لەدوای بەهێزکردنیشی بە فەوجی زرێپۆشی سێ و سەدان کەس لەئەندامانی پۆلیسی سەربازیش، فرقەکە نەیتوانی وەك پێویست ئاسایش لەپارێزگاکەدا دابین بکات، بەتایبەتی لەشارەکانی وەك فەللوجەو ڕەمادی لەخۆرئاوای فورات. لە ئازار /مارس ۲۰۰٤دا، هاوبەرامبەرییەکی کرداریی هەبوو لەفەللوجەدا: فرقەی هەشتاو دوو گەمارۆی شارەکەی دابوو، بەڵام بەشێوەیەکی کرداریی وازی هێنابوو لە کۆنترۆڵکردنی شەقامەکانی. یاخیبووەکانیش ئەم پەناگەیەی کەلەناو شارەکەدا بۆیان دروست بوو بەکاریان دەهێنا بۆ زەفەربردن بە هێزەکانی ئەمریکاو نانەوەی بۆمب و، زەخیرەکردنی چەك. دوای کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەری شینۆك لە تشرینی دووەم/ نۆفەمبەردا، یا لەدوای هێرشە ڕێکخراوەکەدا بۆ سەر ناوەندی پۆلیسی فەللوجە لە شوبات/ فێبرایەردا کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی چواردە پۆلیس شتێکی وامان نەکرد. وا ئێستا، فرقەی هەشتاو دوو- کە خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان- هیچی نەکرد جگە لە سوڕانەوەی هەندێك مەفرەزە نەبێت لەشارەکەدا.

مەترسیەکانی خۆمم لای هەردوو ژەنراڵ ئەبی زەیدو سانشێز باسکردو ووتم، " فرقەی هەشتاو



Scanned with CamSc

دوو سیاسەتێکی واقیعی لەبەرامبەر ئەنباردا ناگرێتە بەر. رەوشەکەش باش نابێت هەتا فەللوجە پاك نەکەینەوە".

ئەبی زەید رازی بوو لەم هەڵسەنگاندنە. بەڵام سانشێز رازی نەبوو.

ئەرکی داگیرکردنی پارێزگای ئەنبارو وێرانکردنی پەناگەکانی یاخیبووەکان ئەرکێکە فرقەی یەکەمی مارینز بەسەرکردایەتی فەریق جیم کونوای پێی هەڵدەستێت. بیرم کەوتەوە ئەمە ئەو فرقەیەیە کە وازی هێنا لەدەستگیرکردنی موقتەدا لە ئاب/ ئۆگۆستسی رابردوودا. بەڵام ئەوە لەرابردودا بوو. لە ۲۲ ئازار/ مارسدا چاوم کەوت بە ژەنراڵ کۆنوای بۆ وتوێژکردن لەبارەی ئایندەوە. هێزەکانی دەستی کردبوو بەهاتنە ناوەوە لەکوەیتەوە بۆ عێراق و شوێنی هێزەکانی فرقەی هەشتاو دوو دەگرنەوە.

کونوای ئەفسەرێکی مارینزی نمونەیی بوو، قەدبارێك و پێشەنگ بوو. کاتێك پرسیارم لێکرد لەبارەی نیازەکانیەوە، ووتی ئەو دەیەوێت ئەوە بۆ عێراقیەکان بخاتەروو " گەڵای خورماو لەهەمانکاتیشدا چەکوش"، ئەوەش زمانی مارینزە کە پێی باشە پێی مامەڵە لەگەڵ سێگۆشەی سونیدا بکات. ووتیشی، " لێرە خەڵك فێری مانای دروشمی هێزەکانی مارینز دەبن، " هاورێی باش و دوژمنی سەرسەخت".

کونوای ئەوەشی رونکردەوە کە ئەو سەرسام نیە بە پەیرەوی ئێستای فرقەی هەشتاو دوو. ئەوان مەفرەزەکان لەناو شارەکەدا تەنها بۆ ماوەی چل و پێنج خولەك دەهێڵنەوە. " من دەمەوێت پیاوەکانم بتوانن برۆن بۆ هەر شوێنێك و لەهەر کاتێکدا بیانەوێت لەناوچەی پرۆسەکانماندا. هەروەها دەمەوێت ئەو توانایە بسەلمێنم کاتێك کە کاروبارەکانمان رێك دەخەین". دوای ئەوە کونوای ئەو پلانە کردارییەی خستەروو کە دەیەوێت جێبەجێی بکات.

ئەمە ئەوە بوو کە من هیوام دەخواست گوێم لێبێت. وەڵامم دایەوەو ووتم، " ئەوەی گرنگە لەماوەی نەوەد رۆژی ئایندەدا ئەوە بخەینە روو کە ئێمە جدیین و پشتیوانی لە هێزە عێراقیەکان دەکەین".

هەستم بەگەشبینیەك کرد لەبارەی پارێزگای ئەنبارەوە گەورەتر لەوەی کە لەماوەی چەند مانگی رابردودا هەستمپێکردبوو.

لەم کاتەدا، نابڕوچوونی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراك بۆ خەڵك دەرکەوت، کەماوەی چەند مانگێك بوو باسی لێوە دەکرا. لە ئازار /مارسدا، دەرکەوت کە ژمارەیەك لێکۆڵینەوە سەبارەت بەخراپ بەکارهێنانی ئەو بەرنامەیە و ئەنجامدانی گەندەڵی تێیدا دەکرێت. نەتەوە یەکگرتوەکان گروپێکی تایبەتی دامەزراندبوو بۆ لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە بەسەرۆکایەتی پۆل



Scanned with CamSc

فۆلکەری سەرۆکی بانکی یەدەکی فیدراڵی پێشوو، پەرلەمانی بەریتانیاش هەنگاوی نابوو بۆ سەیرکردنی کێشەکە. گومانی تێدا نیە کە کۆنگرێسی ئەمریکاش بەم زووانە هەنگاوی ئەو هەڵدەگرێت.

زانیم کە ئەحمەد چەلەبی دەیەوێت ئەنجومەنی حوکم ڕازی بکات بۆ لەئەستۆ گرتنی هەر لێکۆڵینەوەیەکی عێراقی. منیش بێگومان دەمویست کە بەخێرایی ڕاستی هەموو ڕووداوەکان بزانم. بەڵام نیگەران بووم لەوەی کە ڕێگە بە دەستەیەکی سیاسی بدرێت لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات. مەترسیەکەشم زیاتر بوو کاتێك زانیمان کە چەلەبی دەیەوێت ئەنجومەنی حوکم گرێبەستێکی بێ کێمکردنەوە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ژمێریاریدا ئەنجام بدات بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیایە هەستێت بەلێکۆڵینەوەکە.

بۆیە بڕیارمدا لێکۆڵینەوەکە بسپێرم بە ئەنجومەنی باڵای عێراقی بۆ ووردبینیکردن لە ژمێریاریەکاندا، کە ئەمە دەستەیەکی حکومی بەڕێزە کە جارێکی تر سەربەخۆیی خۆیی بەدەست هێناوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی بیستەم. بۆ گرەنتی هەماهەنگی کۆششەکانیش، لە ١٥ ئازار/ مارسدا فەرمانێکم دەرکرد تێیدا داوا لەهەموو وەزارەتەکانی عێراق دەکەم کە تۆمارەکانی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك دیاری بکەن لەتۆمارەکانی و زەخیرەکردنی و پاسەوانیکردنیدا. هەروەها بودجەیەکم پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵاکرد بۆ ووردەکاریکردن لە ژمێریاریکردن بۆ سەرپەرشتیکردنی لێکۆڵینەوەکەو ئەنجومەنەکەشم بە تاکە خاڵی پەیوەندی ناوبرد بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و گرووپە شەرعیەکانی بەریتانیا یان ئەوانی تر کەلە کێشەکە دەڕوانن.

چەلەبی ڕوونیکردەوە کە سەرسامە لە بڕیارەکەو هەوڵیدا وام وێنا بکات کە من ڕێگرم لەبەردەم گەیشتن بە نهێنیەکانی ئابڕوچوونەکە. ئەواش تەواو ناڕاستە. من هاوبەشی ئارەزووی ئەو دەکەم لەدۆزینەوەی ئەو تاوانەی کەعێراقیەکان و ئەوانی تر هاوشێوەیان ئەنجامیان داوە. بەڵام من دەمەوێت بەشێوەیەك ئەو کارە بکرێت کە گەردو خەوشی سیاسەتی عێراقی تێکەڵ نەبێت.

پاش چەند ڕۆژێك، بۆ سەرۆك بوشم نوسی و ئامانجەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانم لەماوەی نەوەد ڕۆژی ئاییندەدا بۆ باسکرد. پێشبینیمکرد کە لەگەڵ چوونی عێراق بەرەو دیموکراسی هێرشە تیرۆریستەکانیش ڕوو لەزیادبوون بکەن. هەروەها ووتم کە هێزەکانی ئاسایشی عێراقی هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر " مەشقدیدە نین و ناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت... پێویستە فێڵ لەخۆمان و عێراقیەکان نەکەین کە بڵێین ئەوان دەتوانن لە تەمموز/ یۆلیۆدا جڵەوی کاروبارەکان بگرنە دەست. چونکە ئەوە چەند مانگێك بگرە چەند ساڵێکیشی پێویست دەبێت".

بە سەرۆکم ڕاگەیاند کە من هەڵێك دەبینمەوە بۆ سوود وەرگرتن لە سێ مانگی ئایندە لەپێناو



Scanned with CamSc

فراوانکردنی نوێنەرایەتی لەپەیکەری سیاسی عێراقیدا. " ئێمە پێویستمان بە زیادکردنی نوێنەرایەتی سوونەو میانڕەوە شیعەکان هەیە لە حکومەتی کاتیدا. پێویستە ئەم ئامانجە وا ئەکات کە هەموو کەسێکی سادەو ساویلکە بخرێتە ناو پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتەوە.

ئەم خاڵەی کۆتایی ئاماژە بۆ " ئەو بەرپرسە بێ ئاگایانە" دەکات ئەوانەی کە هەمیشە لەواشنتۆنەوە بەرۆژنامەکان دەڵێن کە پێویستە لەسەرمان سەروەری ڕادەستی ئەنجومەنی حوکم بکەین. بەسەرۆکم ووت، " بۆ فەراهەمکردنی ڕادەیەك لە بەردەوامیەتی" حکومەتی نوێ، ئەوا من دەمەویت لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا کاربکەم بۆ گرەنتیکردنی هەڵبژاردنی بەم زووانەی گروپێکی بەتوانا لە جێگری وەزیرەکان.

بەڵام ئەمەش یەکێکە لەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی حوکم شکستی هێناوە لەئەنجامدانی. ئەنجومەنەکە هەشتاو دوو کەسیان وەك جێگری وەزیر دەستیشان کردووە، بەڵام پاش چەند هەفتەیەك نەیانتوانیوە زانیاری لەبارەی ژیاننامەیانەوە پێشکەش بکەن. ئەمەش جارێکی تر وەك " کارێکی هەرزانە" دەردەکەوێت.

لەم ماوەیەدا بەردەوام بووم لە هەڵمەتەکەم بۆ بونیادنانی چەند دامەزراوەیەك بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیی. لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ئەنجومەنی هەڵبژێراوی شاری بەغداد لە هەفتەی سێیەم لە ئازار/ مارس، دانم بەوەدا نا کە ژمارەیەك لە عێراقیەکان نیگەرانن لەبارەی گەندەڵیەوە. هەروەها منیش. گەندەڵیی لەسەردەمی حوکمی صەدامدا پەرەی سەند. لەماوەی دوانزە ساڵی ڕابردودا، سیاسەتی فەرمیی هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی لەسزاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بدزێتەوە، بۆیە گەندەڵیی لەژمارەیەك لەوەزارەتەکاندا سیاسەترابوو، بەسەر حوکمی یاسادا زاڵ بوو بوو.

ئەو سێ دەستە سەربەخۆیەی کە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دایمەزراندبوو بۆ ئەنجومەنی شارەکەم ڕونکردەوە، ئەمەش بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە گشتیەکان: لیژنەی نەزاهەی گشتی کە ڕەگەزی سەرەکییە بۆ یاساکانی بنبڕکردنی گەندەڵیی لەعێراقدا. هاوشان لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای عێراقیدا کار دەکات بۆ ووردبینیکردن لەژمێریارییەکان و پشکنەرە گشتییەکان کە پەیوەندیدارن لەوەزارەتەکاندا.

پێمڕاگەیاندن کە " ئەو سێ دەستەیە- ووردبینیکارەکان و پشکنەرە گشتیەکان و لیژنەکە - پەیڕەوێکی تەواو دەگرنەبەر بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیی لەسەر ئاستەکانی حکومەتدا لەهەموو ناوچەکانی وڵاتدا".

دەرکم بەوە کرد کە گەندەڵیی لەچەند ئاستێکدا لەماوەی چەند مانگ و ساڵی ئایندەدا لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دەمێنێتەوە. بەڵام هەروەها هیواخوازیش بووم لەکۆتاییدا دەستە سەربەخۆکان



Scanned with CamSc

کە بۆ بەڕێوەبردنی گەندەڵی دامەزراندبوون بتوانن بەسەریدا زاڵ بن و نەیهێڵن.
بەکۆتم بە تێبینییەکی گەشبینانە کۆتایی پێهێنا، " هاوپەیمانان و ئەندامەکانی شانبەشانی گەلی عێراق دەوەستنەوە لەکاتێکدا کە ئەوان هەڵدەستن بە بونیادنانی سبەینێکی ئاوات بۆ خوازراو بۆ منداڵەکانیان و رۆڵەی رۆڵەکانیشیان".
"ئەو سبەینێ ئاوات بۆخوازراوەش بەدەست دێنن".
لەبەیانی رۆژی چوارشەممە ۳۱ ئازار/ مارسدا قەیرانی فەللوجە سەری هەڵدا. کاروانێکی بچووک لە ئۆتۆمبیلەکانی پاسەوانە ئەمنیەکانی سەر بە کۆمپانیای بلاك ۆوتەر تووشی بۆسەیەك هاتن لەناوەندی فەللوجەدا. چەکدارەکان ئۆتۆمبێلێکی ئەمریکیان بەر دەستدرێژی گوللەداو سوتا. خەڵکی شارۆچکەکە لەخۆشیدا سەمایان دەکردو جەستە سوتاوەکانیان لەنێو سوتماکەکەدا دەرهێنا و بە خاکەناز لێیان دەدان. پاشان دوو جەستەی بەخەڵوزبووی پەلوپۆکراویان بە پردێکی ئاسنینەکەی پردە سەرەکییەکەی شارۆچەکەکەدا هەڵواسی بوو.
کامێراکانی تەلەفزیۆنەکان ئەم دیمەنە دزێوەیان وێنە گرتبوو، ئەم وێنە دزێوانەش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە فەزاییە عەرەبییەکان نیشاندران. هەروەها لەو رۆژەدا کاسێتێکی رێپێدراو لەسەر کەناڵەی تەلەفزیۆنە ئەمریکییەکانیش نیشاندرا. یەکسەر وێنەکە گۆڕا بۆ هێماگەلێك بۆ واقیعی لەرادەبەدەر و لاوازی و ئەوەی دەرخست کە هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانان ناتوانن کۆنترۆڵی فەللوجە بکەن.
لەبەیانی رۆژی دواتردا، ژەنراڵ سانشێز رایگەیاند کە " سەرزەنشت"ی ژەنراڵ کۆنوای کردووە چونکە لەدوای ئەوەی مارینز پێڕاگەیاندووە پیاوەکانی بلاك ۆوتەر رووبەرووی بۆسە بوونەتەوە ئەوا هێزەکانی نەناردووە بۆ شارەکە.
پرسیم، " ئەی وەڵامی چی بوو"؟
کۆنوای جاوەڕوانی ئەوە بوو کە پۆلیسی عێراقی داوای یارمەتی بکات.
بە سانشێزم ووت، " هەنگاوەکانی تر چیە؟ پێویستە وەڵامی ئەو کردەوە دزێوە بدەینەوە ئەگەر نا دوژمن ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێنێت کە ئێمە ڕاڕاو دوو دڵین".
سانشێز وەڵامی دایەوە، " ئێمە تۆز لەسەر ئەو پرۆسەیە لادەبەین کەلە پایزی پێشوودا ئامادەمان کرد، پرۆسەی پاککردنەوەی فەللوجە کە دوامانخست کاتێك کە وەزیری ناوخۆ ترسا لەوەی پۆلیس بنێرێت بۆ یارمەتیدان لەمامەڵەکردن لەگەڵ رەوشی شارەکەدا".

مەنهەلی سیاسی لەکوڵاندابوو. لە بەراییەکانی نیسان/ ئەپریلدا، بەئاشکرا ئەوە ڕوونبۆوە کە



Scanned with CamSc

ژمارەیەك لە ئایدارەکانی شیعە لە رەوتە باوەکە شوێن پێی سیستانی هەڵدەگرن لە رەخنەگرتن لە یاسای ئیدارەی کاتی. لە ۲ نیسان/ ئەپریلدا، رایس پێی راگەیاندم کە چەلەبی بەشێوەیەکی زوو لەزیادبوو چالاکانە لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کار دەکات بەلادان بەلای شیعە رەتکەرەوەکاندا. ووتی، " هەستە باوەکان" لەواشنتۆن ئەوەیە کە چەلەبی لەئەنجومەنی حوکم دەربکرێت. بەلام من راسپاردەی ئەوەمدا کە بیری لێبکرێتەوە، چونکە لەدورخستنەوەشیدا هەندێك مەترسی هەیە.

لە ٤ نیسان /ئەپریلدا من و دیك جۆنز سەردانی ئایەتوڵلا حسێن صەدرمان کرد بۆ ئەوەی وریای پێبدەین سەبارەت بە مەترسیەکانی هێرشکردنە سەر یاسای ئیدارەی ئینتیقالی. من دەمزانی کە ئەو لەپەیوەندیەکی توندوتۆڵدایە لەگەڵ مەرجەعیەتدا لە نەجەف. هیواخواز بووم کە سیستانی قەناعەت پێبکات.

کاتێك کە لەنوسینگە پڕ لەکتێبەکەیدا دانیشتبووم پرسیم، " ئەگەر ئایەتوڵلا سیستانی بتوانێت میصداقیەتی دەستوری کاتی ئەهێڵێت ئەی ئەو شیعانە و عێراق لەکوێ بەجێ دەهێڵێت"؟

پیاوە ئاینی و زاناکە لەسەرو چوارچێوەی چاویلکەکانیەوە چاوی تێبڕیم بەلام بەشێوەیەکی راستەوخۆ وەلامی نەدایەوە.

ووتم، " هیوادارم واندەی سالی ۱۹۲۰تان لەیاد بێت. ئەم دەستورە کاتیە تاکە رێگایەکە بۆ ئەوەی عێراق حکومەتێکی دەستوریی هەڵبژێردراو بەدەست بهێنێت. گەلەکەتان بۆ ماوەی زیاتر لەهەشتا ساڵە چاوەڕوانی ئەم هەلەی کردووە".

بیرم لەوە سزایە کردەوە کە ئەم ئیمامە میانگیرو نەرمە لەڕووی رۆحی و مادیەوە لەکاتی حوکمی صەدامدا چەشتویەتی.

دواجار ووتی، " جەنابی باڵیۆز چەندین سەدەیە چاوەڕوانی بووین".

لەرێتمی قسەکانیەوە، ئەو ئینتیاعەم بۆ دروست بوو کە لەمبارەیەوە لەگەڵ سیستانیدا راوێژو گفتوگۆ بکات.

لەوانەیە. تەنها لەوانەیە..

لەرۆژێکی دواتر لەبەیانی ئەو رۆژەدا، لەنوسینگەکەمدا راپۆرتێکی کورتم لەبارەی ئەو پرۆسە سەرکەوتووەوە خوێندەوە کە لەکاتێکی درەنگی دوێنێ شەودا لەنەجەف ئەنجام درابوو بۆ دەستگیرکردنی موستەفا یەعقوبی، کە یەکێکە لە گەورە یاریدەدەرەکانی موقتەدار، یەکێکە لەو

کەسانەی کە تۆمەتبارە بە بەشداریکردن لەگەڵ موقتەدا لەتاوانی کوشتنی ئایەتوڵڵا خوئی لەساڵی ۲۰۰۳دا.

دواجار دەستمان بەلێپێچینەوە کرد.

کاتژمێرەکە ئاماژەی بۆ دوانزەو دوو خولەك دەکرد، ٤ نیسان/ ئەپریل ۲۰۰٤، کاتێك دانیشتم بۆ ئەوەی بەخێرایی ساندەویچێك بخۆم. سۆ چی زەنگی بۆ لێدام.

"جەنراڵ سانشیز لەسەر هێڵی تەلەفۆنە، بە پەلەیە".

وتی، " ڕەوشەکە لەگەڵ موقتەدا تەقیوەتەوە گەورەم. ئێمە ڕاپۆرتمان پێدەگات لەچەندین شوێنی جیاوازەوە، شاری صەدر، نەجەف، کوت، خۆپیشاندەرەکان بەکلاشینکۆف و ئار بی جی یەوە هاتوونەتە سەر شەقامەکان...".

لەو کاتەوە کە ڕۆژنامەکەمان داخست پیاوانی موقتەدا خۆپیشاندانێکی گەرمی ناتوندوتیژانەیان ئەنجام دەدا. بەڵام ئێستا چەکدارن و هاوار دەکەن، " نا بۆ ئیسرائیل نا بۆ ئەمریکا، موستەفا یەعقوبی ئازاد بکەن"و، لەدەوری ناوەندەکانی پۆلیسی عێراقی و نوسینگەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کۆدەبنەوە. لەکاتێکدا کە سوپای مەهدی تەقەی لە دەسەڵاتدارانی عێراقی یان هاوپەیمانان نەکردووە، ئەوا خۆپیشاندەرەکان دیاربوو توڕەبوون.

"ئەی چی لە فەللوجە ڕوو دەدات ڕیك"؟

ئەمویست هیچ تێکەڵبونێك روبدات لەنێوان هێرشی مارینز بۆ سەر ئەنبارو ئەو ئاڵۆزیی و یەکدادانەی کە لەوانەیە لەگەڵ چەتەکانی موقتەدا دروست ببێت.

پێڕاگەیاندم کە پێش هەڵهاتنی خۆر هێزێك لە ۱۳۰۰ پیاوی مارینز و هێزەکانی فەیلەقی بەرگری نیشتمانی و هێزەکانی سوپای نوێی عێراق بەربەستیان بەدەوری شارەکەدا دروستکردو، گەمارۆیەکیان بەدەوریدا سەپاندوە. هەروەها ئۆتۆمبیلەکانی هامفی کە بڵندگۆیان لێبەسترابوو لەگەڵ ئۆتۆمبیلی زرێپۆشدا چوونە ناو فەللوجەوەو قەدەغەکردنی هاتوچۆیان لە خۆرئاوابوونەوە هەتا بەرەبەیان ڕاگەیاندو هەڕەشەی لەناوبردنی ئەو یاخیبوانەی کرد کە نایانەوێت چەکەکانیان دابنێن و خۆیان بدەن بەدەستەوە. ڕەوشەکە لەوێ مەترسیدارە وەك ئەو قەیرانەی کە لەشاری صەدرو باشور ڕوبەڕوی بوینەتەوە.

دوای تێپەڕبوونی چەند سائێك، سانشیز جارێکی تر پەیوەندیکردەوە. " پیاوانی موقتەدا لەدەوری بنکەکانمان زیاد دەکەن... بەتایبەتی لەشاری صەدرو لەنەجەف. وا دیارە پێیان وایە کە دەتوانن وا لەئیسپانەکان بکەن پاشەکشە بکەن".

کاتژمێرەکانی دواتر یەکلایکەرەوە دەبێت لەنێوان موقتەداو فەللوجەدا. کۆمپیوتەرە



Scanned with CamScanner

لاپێڕەکەمان کردەوە دەستم کرد بەنوسینی یەك لەدوای یەکی ئەم ڕووداوانە.

کاتژمێر ١٢:٢٧: عەمید فۆلگسیو کول سەرکردەی ئیسپانی لەنەجەف، دەبەوێت " دانوستان" بکات لەگەڵ چەتەکانی موقتەدا دوای ئەوەی داوای ئازادکردنی یەعقوبیان کردبوو. فیل کۆستت لەوێ بوو بۆ زیاتر دان بەخۆداگرتن. ئەم بەیانیە ئیسپاینەکە لێدوانێکی گەمژانەی دابوو لەبارەی دەستگیرکردنی یەعقوبیەوە و ورتبووی کە ئیسپاینەکان ئەو پرۆسەیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو " هاوپەیمانان لەبەغدا" پێی هەستاون ئەویش بەهۆی بوونی دەستی یەعقوبیەوە لەکوشتنی سەربازێکی ئەمریکیدا. داوام لە دان سێنۆر کرد کەوەزارەتی ناوخۆ بەیاننامەیەك دەربکات کە یەعقوبی لەسەر یاداشتێکی دەستگیرکردنی عێراقی دەستگیرکراوە پەیوەندی هەیە بە کوژراتی ئایەتوڵڵا خوئیەوە. پێویستیشە بەتەواوەتی بەیانامە ئیسپاینەکە ڕەتبکاتەوە.

کاتژمێر ١٢:٤١ هەواڵێکم پێگەیشت لە کۆمەڵگەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە لەنەجەف کەوا ڕووبەڕووی هێرشێك بۆتەوە کە چەند سەد کەسێك لە پیاوەکانی موقتەدا ئەنجامی دەدەن. کۆستتیش داوای هەلیکۆپتەری هێرشبەرو یارمەتی دەکات. ئەو دەڵێت کە هێزە تایبەتە سلفادورییەکان شەڕ دەکەن بەڵام ئیسپانیەکان ڕەتی دەکەنەوە بێنە ناو جەنگەکەوە. داوام لە جێگرەکەی سانشێز کرد، عەمید جۆ وبر بێت بۆ لام و پرسیارم لێکرد چی دەکەن بۆ یارمەتیدانی بارەگای دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەنەجەف. وتیشم پێویستە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ئەو سەرکردە ئیسپانیە یەکسەر لەکارەکەی دوربخاتەوە. پەیوەندیشمکرد بە باڵیۆزی ئیسپانیەوە و جامی تورەیی خۆمم بەسەردا ڕژاند. وتی ئەو ئاگادار نەکراوەتەوە بەڵام پەیوەندی بە مەدریدەوە دەکەم.

کاتژمێر ١٤:٠٠ سانشێز لەبارەگای پرۆسەکانە ئێستا هەوڵدەدات پشتیوانی ئاسمانی دەستبکەوێت. پەیوەندی کرد پێمەوەو وتی، "بەلانی کەمەوە سەربازێکی کوژراوی ئەمریکیمان هەیەو چەندین برینداریش لەناو کۆمەڵگەکەدا". خەریکەش تەقەمەنیان بێ ئامێنێت و پێویستیان بە یارمەتیی خێرا هەیە. ڕەوشەکە زۆر سەختە.

کاتژمێر ١٥:١٠ پەیوەندیمکرد بە بالاشیو، وەزیری دەرەوەی ئیسپانیاوە لەمەدرید بۆ ئەوەی بڵێت کە هیچ شتێك نازانێت لەبارەی گرفتەکەی نەجەفەوە، وتیشی پەیوەندی کردووە بە سەرۆك وەزیرانەوە کە بڕوای بەڕاپۆرتەکە نەکردووە لەبارەی هەڵسوکەوتی ئیسپانیەوە. بۆیەر پەیوەندیکردو وتی کە هێشتا ئیسپانیەکان " پاڵیان لێداوەتەوە". هەڵوێستیان ئەوەیە کە ئەوان بەشداری جەنگ ناکەن ئەگەر تەقەیان لێنەکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە لەبەرچاویاندا ئەمریکیەکان و عێراقیەکان دەمرن. لەناو تانکەکاندا دانیشتبوون لەدەوری کۆمەڵگەکە بێ ئەوەی

هیچ شتێک بکەن. ئەو ڕەفتارەیان شۆکی دروست دەکرد- لەمەم ناو نا " هاوپەیمانیی ئارەزامەندانە".

کاتژمێر ١٦.٠٠ کۆنفرانسیم لە ڕووداوەکانی ئەمڕۆ ئاگادار کردەوە. ووتم کە ئەوە وەک " ڕفاندنی ڕاستەوخۆی دەسەڵات وایە" لەلایەن موقتەداوە. پێویستە لەسەرمان بە توندی وەڵام بدەینەوە، پێویستە نەهێڵین ئەو کارەی لەدەستمان دەربچێت.

لەکاتێکدا کە قەیرانەکە لەگەورەبووندا بوو، من و دان سێنۆر باسمان لەبابەتی بەدواداچوونی خشتەی کارەکانم کرد ئەگەر ئەوە مومکین بێت. گەلی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاودێری ئەوە دەکەن بزانن ئایا یاخیبووەکان دەتوانن ژاوەژاو لەسەر چالاکیەکانی هاوپەیمانان دروست بکەن و عێراق لەئاراستەی چوون بەرەو سەروەریی دووربخەنەوە. بۆیە سەرەڕای ئەو فشارانەش کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبینەوە، دوای گفتوگۆکەم لەگەڵ ڕایسدا چووم بۆ ناوەندی کۆنگرەکان لەناوچەی سەوز بۆ ڕاگەیاندنی ئەو دامەزراوە ئەمنیە عێراقیە نوێیانەی کە دەبنە ڕەگەزی یەکلاییکەرەوە لەحکومەتی کاتیدا.

لەو کاتەوە کە وەزارەتی بەرگریی بەعسی و دەزگای هەواڵگریی لەئایار/ مایۆی ڕابردوودا هەڵوەشێنرابۆوە، هەوڵماندا بۆ ئەوەی بناغەی دامەزراوە عێراقیەکان بونیاد بنێن کە جێگەی ئەو دەزگایانەی پێشووی ڕژێم دەگرنەوە. دەیڤید گۆمپێرت گەورەی ڕاوێژکارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، بۆ ماوەی چەند مانگێک لەگەڵ ئیاد عەلاوی سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لەئەنجومەنی حوکمدا، کاریان کرد بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکان و بەرپرسیارێتیەکانی وەزارەتی بەرگریی نوێ و، دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی عێراقی و، لیژنەی وەزاریی بۆ ئاسایشی نیشتمانی. دۆزینەوەی کەسانێک بۆ وەزیری بەرگریی و بۆ بەڕێوەبەری لیژنەی وەزاری بۆ ئاسایشی نیشتمانی قورس بوو، چونکە دەیڤید دوای ئەوەی دۆسیێ ژمارەیەک لە پاڵێوراوەکانی پشکنی بوو لەوانەی کارامەیی ئەوەیان هەیە کە بتوانرێت ئەو ئەرکەیان پێ بسپێرێت بۆی دەرکەوتبوو هەموویان بەعسی دەرچوو بوون و دەستیان بە خوێن سووربوو. بەڵام دواجار توانی کە پیاوانی بەتواناو بەهێز بۆ هەستان بەو ئەرکانە دیاری بکات.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، مەسعود بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بۆ مانگی نیسان/ ئەپریل ڕایگەیاند وەزیری بەرگریی کاتی عەلی عەلاوییە- خزمی هەردوو ئەندامی ئەنجومەنی حوکم ئیاد عەلاوی و ئەحمەد چەلەبی- و وەزیری بازرگانی کاتی پێشوو. کە شیعەیەکی میانڕەو باوەڕدارەو، کەسێکی بانکیەو هەڵگری بڕوانامەیە لە ئەندازەو پلاندانان و کارگێڕی و خاوەن تۆمارێکی پڕ لەکارکردنە لەدژی صەدام.



Scanned with CamSc

محمد عبدالله محمد شەحوانی بووە بەڕێوەبەری گشتی لیژنەی وەزاری بۆ ئاسایشی نیشتمانی. کە سوتیەکەو لەساڵی ١٩٥٥ەوە پەیوەندی بە سوپای عێراقەوە کردووەو بەرزبۆتەوە بۆ پلەی لیوا پێش ئەوەی صەدام ئاچاری بکات هەڵبێت بۆ دەرەوە لەساڵی ١٩٨٤دا. صەدام لە نەوەدەکاندا سیان لەکوڕەکانی کوشتبوو.

موفەق روبەیعیش، ئەندامی ئەنجومەنی حوکم و یاریدەدەری سیستانی، بووە ڕاوێژکاری نوێ بۆ ئاسایشی نیشتمانی.

هەروەها گۆمبرت پلانێکی ئامادەکرد بۆ دانانی میکانیزمێك بۆ هەماهەنگی سیاسەتی ئەمنی لەعێراقدا. لەڕێگەی لیژنەیەکی وەزارییەوە بۆ ئاسایشی نیشتمانی. کە لەواقیعدا ئەوە نوسخەیەکی عێراقیە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لای ئێمە. خۆشم سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی ئەو لیژنەیە دەکەم هەتا حکومەتی کاتی سەرۆك وەزیران دیاری دەکات.

لە بونیادنانی ئەم لیژنەیەدا شوێن دوو بنەما کەوتین، هەردوکیان داڕێژراون بۆ خۆلادان لە گەڕانەوەی ستەمکاری تاکە کەسێك. یەکەم بریتیە لەزاڵبوونی مەدەنییەکان بەسەر سوپاو دەزگای هەواڵگریدا. ئەمەش ڕەگەزێکی بنچینەیە لەرەگەزەکانی یاسای ئیدارەی ئینتیقالی. ستمەکەمان دەسەڵاتی دابەش کردبوو لەنێوان بەرپرسەکان لەئاسایشی نیشتمانی، کە ئەمەش وایکردبوو هاریکاری لەنێوان وەزیرەکاندا مەسەلەیەکی حەیەوی بێت. چەمکی ئیدارەی هاریکاریش بۆ قەیران لەرەوشە کتوپڕەکاندا لەمانگی نیسان /ئەپریلدا تاقیدەکەینەوە.

ئەم لێپێچینەوانەمان لەکاتی گونجاودا دانا، قەیرانەکە بەشێوەیەکی مەترسیدار سات بۆ دوای سات گەورەتر دەبێت.

کاتژمێر ١٧:٢٧ کاتی گەڕانەوەم بۆ نوسینگەکە، زانیم کە چالاکییەکانی موقتەدا درێژبۆتەوە بۆ باشور. فیل کۆسنت بەتەلەفۆن لەنەجەفەوە قسەی دەکرد. پێمڕاگەیاند کە من سەرسامم بە ئازایەتی ئەو و من نوێژ لەپێناو سەلامەتی ئەو و هاوەڵەکانیدا دەکەم. ووتی ئەوان باشن بەڵام نیگەرانن لەبارەی شەوەوە. چونکە هێزێکی کاراو چالاکی پێویستیان نیە لەسەر زەوی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەگەری هێرشێکدا کە شەو داهات بەهاوەن و ئارپی جی بکرێتە سەریان. داوایان لە سەرکردایەتی هێزەکانی هاوپەیمانان کردبوو فرۆکەی جەنگی بنێرن. بەڵام فرۆکەکان نەگەشتبوونە ڕێنگەکە و ڕەوشەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچوو. ووتیشی ئیسپانەکان هەتا ئێستا بەشدارییان نەکردووە، هیچ ئاماژەیەکیش نیشان نادەن بۆ ئەوەی کە بەشداری بکەن. فران گالاگر، سەرۆکی هێزەکانی ئاسایشی سەر بە کۆمپانیای بلاك ووتەر ووتی ناتوانن ئەمشەو پارێزگاری لە کۆمەڵگەکە بکەن.



Scanned with CamSc

کاتژمێر ١٧:٣٠ لیوا زێر و عەمید باربرا فاسە ئاگیهێنتکرد بۆ نوسینگەکەم بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنم کۆسپێک کە یەوێکی سەربازیی یە و یەوێکی بلاك ووتەوە، کە ئەو سەربازیە. دەڵێن ئەوان ناتوانن ئەمشەو خۆیان ڕابگرن. ووتیشیان کە هەڵبکۆپتەری ئەپاتشی لەوێستگەکەدا هەیە بەڵام ئەقە ناکات، هێشتا دوو کاتژمێر ڕۆژ لەبەردەمیدا ماوە. وە ئەوان پەیوەندی بەژەنراڵ سانشێزەوە دەکەن کەلە ئەجەفە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی ئەو بۆ ڕەوشەکە بزانن. فڕۆکەکانی ئێف-١٦ بەرێوەن بۆ ئەوێ. هەروەها داوام لێکردن گەمارۆی ناوچەی صەدر بدەن و دابڕن بۆ ئەوەی هێزو پشتیوانی بۆ نەچێت.

کاتژمێر ١٧:٣٥ مایك گفۆلەر ڕایگەیاند کە هێزەکانی صەدر بنکەی پۆلیسیان لەنەجەف داگیرکردووەو چەکەکانیان لێسەندوون و ڕوویان کردۆتە مزگەوتەکەی کوفە وەك وەڵامدانەوەیەکی موقتەدا کە داوایکردبوو سەرلەنوێ هێزەکان کۆبێنەوە.

کاتژمێر ١٧:٤٠ ئێستا ڕاپۆرتێکمان لایە لەبارەی تەقەکردن لە نوسینگەکەمان لەعیمارەو ئێستاش هەڵکێکی زۆر لەکەربەلا کۆدەبێتەوە. هەروەها گفۆلەر ووتی لە پەیوەندیە هەزییەکانەوە ئەوەی بیستووە خۆئامادەکردنێك هەیە بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی هاوشێوەی ئەوەی کەلەنەجەف ڕوویدا دژ بەنوسینگەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەکەربەلا لەمشەودا. لیوا وبەریش هاتەوە بۆ ئەوەی هەواڵی ئەوە بدات کە سریەیەکی سەر بەهێزە تایبەتەکان " بەمەزیکانە" دەگاتە نەجەف و ئامادە دەبێت بۆ کارکردن. پێویستە لەسەریان خێرا بکەن.

کاتژمێر ١٧:٥٥ لەناصریەوە هەواڵم پێگەیشت کە سوپای مەهدی دوێنێ چەند پردێکیان داگیرکردووە ( بۆچی ئیتالیەکان وەڵامیان نەداوەتەوە). ژمارەیەکی زۆریشیان ئەمڕۆ چوون بەرەو بارەگای سەرکردایەتی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان و لەگەڵ ئیتالیەکاندا بەیەکدا هەڵپڕاون. ئێستا ئەنجامەکان نەزانراون.

ئێستا ڕاپۆرتێکم پێگەیشت کە جەماعەتەکەی موقتەدا بەئاراستەی نوسینگەکەماندا دەجوڵێن لە کەرکوك. ئەو شارەی کە گەورەترین ئەگەری ئەوەی هەیە تەقینەوەیەکی ڕاستەقینە تێیدا ڕووبدات چونکە خۆی لەبنچینەدا ڕەوشەکە تێیدا زۆر ئاڵۆزە. وە ئێمە هەوڵە ئەمنیەکانمان لەهەموو شارەکاندا بەرزدەکەینەوە.

کاتژمێر ١٨:٠٠ ئێمە چاوەڕوانی هەواڵی تر بووین لەبارەی هێرشەکانەوە، سەرۆکی وێستگەکە هەڵسەنگاندنێکی گشتی پێشکەش کردم لەبارەی ڕەوشی عێراقەوە، وا دیارە کە بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوەندی لە لانگلی پێش هەفتەیەك داوای کردبوو. هەڵسەنگاندنەکە لەڕەشبینیدا زیادەڕۆیی تێدا کرابوو. شکستێکی (کارەساتبار) چاوەڕوانمان دەکات و بەرەو " ڕوخانێکی



Scanned with CamSc

بەردەوام دەچین لەعێراقدا". چوار لاپەڕەی لەمشێوەیە ئەوەی لێدەخوێنرایەوە بانگەشەیەکی تەقلیدیی بێت بۆ " پاراستنی پشتی خۆت". ئاژانسەکە بەهۆی ئەو گورزە یەکبەدوای یەکانەوە کەلەم ساڵانەی دواییدا ڕووبەڕوی بوبۆوە لەرزی بوو، بەشێوەیەك کە هەرچیەك دەینوسی تەنها جەخت لەلایەنە سلبیەکان دەکاتەوە.

کاتژمێر ۲۲:۰۰ سانشێز گەڕایەوە بۆ ئەوەی بڵێت کە ڕەوشەکە لەشاری صەدر لەخراپیدایە: دوای نیوەڕۆی ئەمرۆ ئۆتۆمبیلێکی هامفی کەوتۆتە بۆسەیەکەوە لەو ناوچەیەدا تێیدا سێ ئەمریکی کوژراوە. سانشێز فەرمانی کردبوو بە فرقەی زرێپۆشی یەکەم بۆ ئەوەی بەهێز بچنە ناوچەکەوەو، بنکەی پۆلیس بگرنەوە کە پیاوەکانی صەدر دەستیان بەسەردا گرتبوو، بەڵکو ئێستا دەتوانم گوێم لە دەنگی تەقەی ڕەشاشەکانی ئەوبەری ڕوبارەکە بێت.

کاتژمێر ۲۳:۱۰ کۆنفرانسی ئاگادارکردەوەو هەروەها بەسەرۆکیشم ڕاگەیاند. پێویستە لەسەرمان سبەینێ بەیانی کۆنگرەیەکی ڤیدیۆیی ڕێکبخەین، چونکە ئێمە ئێستا زانیاری پێویستمان لەبەردەستدا نیە بۆ ئەوەی پێشنیار بۆ سەرۆك بکەین سەبارەت بەو ئاراستەیەی کە پێویستە بگیرێتەبەر.

کاتژمێر ۰۰:۲۵ (٥ نیسان/ ئەپریل) ڕەوشەکە لەحیللە بەرەو ئاڵۆز بوون دەچێت. پێیان ڕاگەیاندین کە چەند هەزار کەسێك لە سەربازەکانی سوپای مەهدی لەنزیك کۆمەڵگەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کۆبونەتەوە. گەفۆڵەر پێش سێ کاتژمێر داوای هێزێکی وەڵامدانەوەی خێرای لە سەرکردە پۆڵۆنیەکە کردبوو بەڵام هیچ ڕوینەدابوو. منیش فشار دەخەمە سەر هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ئەوەی بجوڵێن. موقتەدا "فەتوا"یەکی دەرکردبوو تێیدا داوای لە هاوپەیمانان کرد بۆ ئەوەی هەموو زیندانیەکان ئازادبکات، هەروەها داوا لەعێراقیەکان دەکات هاوپەیمانان ناچاربکەن بۆ ئەوەی عێراق بەجێ بهێڵن. بۆیە هێڵەکان کێشران و جەماعەت لەواشنتۆن دەتوانن ببینن.

کاتژمێر: ۰۰:۳۵ ڕەوشەکەم بە ریچارد ئارمیتاج " جێگری پاوڵ" و ستیف هادلی و جۆرج تینت و بیت بیسم ڕاگەیاندو پێشنیارمکرد کە وەزارەتی ناوخۆ بەیانی ڕۆژی دووشەممە بەکاتی ئەوروپا لەباڵیۆزخانەکانمان لەوڵاتانی شەریك لەهاوپەیمانەکانمان داوا لەحکومەتەکانی ئەو وڵاتانە بکەن و پێیان بڵێین کە ئەوە " ئەحەددایەکی فراوان و ڕاستەوخۆ بۆ هاوپەیمانان" پێکدەهێنێت و، پێویستە بەتوندی وەڵامی موقتەدا بدەنەوە. کەسانێکی زۆر هەن لەوانەی کە چاودێری دەکەن بزانن چۆن وەڵامیان دەدەینەوە (میلیشاکانی تر و هۆزەکان و هتد) — هەموو ئەوانەش کە لەفەللوجە چاودێریمان دەکەن. ئەگەر ئێستا لاوازیمان نیشاندا ئەوا عێراق بەرەو جەنگێکی ئەهلیی دەڕوات.



Scanned with CamSc

ئێمە چاوەڕوانی لەهاوپەیمانەکانمان دەکەین بەئاشکرا لەسەر ئەرزی واقیع پشتوانیمان لێبکەن...
ئارمیتاج داوای لێکردین لەو بارەیەوە بەو پەڕی خێرایی بروسکەیەک بنێرین بۆ ئەوەی پشتیوانی
بەوەیکەن. ئارمیتاجیش بە زیرانەی خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە چەند مانگێکە من داوای
دەکەم لەبەرامبەر موقتەدا رێوشوێن بگیرێتەبەر وا ئێستاش ئێمە "ناچارین دەست بەجولان بکەین
دەتوانم ئەوەشی بۆ زیاد بکەم هەڵبەتە لەکاتێکی زۆر سەختدا لەوەی کە پێشتر هەبوو).

کاتژمێر ۰۱:۰۰ بەڕێوەبەری پۆلیس لەبەغدا بیستی کە موقتەدا ئەم بەیانییە داوای مانگرتنێکی گشتی دەکات لەبەغدا، ژنان و منالان دەخاتە پێشەوەو خۆپیشاندەران و چەکدارەکان لەدوایانەوە، جەماعەتێکی نایابن.

کاتژمێر ۰۱:۳۰ من و دیک بڕیارماندا رەنگە کەمێك خەوتن باشترین سوود وەرگرتنێك بێت لەکاتژمێرە کەمەکانی ئایندەدا. هەمیشەش دەتوانن بمانخەنەوە ئەگەر پێویستیان پێمانبوو.

بەلام پێش ئەوەی بچمە ناو جێگاوە، توانیم نامەیەکی ئەلەکترۆنی بنوسم بۆ فرانسی. ماوەی چەند مانگێك بوو پلانم بۆ ئەوە دادەڕشت کە بەسەردانێکی خێرا بگەڕێمەوە بۆ نیشتمان بۆ ئامادەبوون لە جەژنی پەڕینەوەدا (عید الفصح). هەروەها دەمانویست جەژنی هەشتا ساڵەی دایکی بگێڕین، بەکۆکردنەوەی خێزانە فراوانەکە لەماڵەکەمان لە ڤێرمۆنت. لە کانونی دووەم/یەنایەرەوە عێراقم بەجێ نەهێشتبوو. تەنها شەش رۆژ لەبەردەمدا مابۆوە بۆ ئەوەی بگەمەوە بەخێزانەکەم و ئەو جەژنە بگێڕین، بەلام روونە کە من ناتوانم عێراق بەجێ بهێلم. پێشتریش بۆم نوسیبوو بەداخەوە، "ئێمە رووبەڕووی کودەتایەکی تەواوەتی دەبینەوەو پێویستە لەسەرمان کە بەتوندی وەلام بدەینەوە ئەگەرنا دەدۆڕێین. بۆیە پێویستە لەسەرم لەعێراقدا بمێنمەوە".

لەکاتێکدا خەریك بوو وردە وردە خەوم لێدەکەوت، هەندێك وردەکاریم بیرکەوتەوە لەبارەی پلانە کرداریەکەی مارینزەوە لەفەللوجە. لەکاتێکی زوودا لەبەیانی ئەمڕۆدا، فرقەی یەکەمی مارینز هەڵدەستێت بەتوندکردنەوەی گەمارۆ لەدەوری شارەکە و، چوون بەرەو ناوەڕاستەکەی. ئێستا سەربازەکان هەڵدەستن لەناو کیسە خەوەکانیانداو دەست دەکەن بەگەرمکردنەوەی ژەمە ئامادەکراوەکانیان لەپێناو بەرچایدا، پاشان زەخیرەی فیشەکانیان و بۆمبە دەستیەکانیان دەپشکنن و خۆیان پڕ چەك دەکەن. لەشاری صەدرو حیللە و نەجەفیش و، ناوچەکانی باشوریش، ئێستا بەهەزاران کەس لەجەنگاوەرەکانی سوپای مەهدی پێش بەرەبەیان هەڵدەستن و ئاو گەرم دەکەن بۆ چای و، خۆئامادەکردن بۆ شەهیدبوون.

را خەریکە قەیرانەکە کۆدەبێتەوە.

راپۆرتە بەراییەکان لە بەیانی رۆژی ٥ نیسان/ ئەپریلدا ئەوەیان دەگەیاند کە سوپای مەهدی



Scanned with CamSc

هێرشی تریان نەکردۆتە سەر ناوەندەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە شارەکانی باشور. بەڵام میلیشیاکانی موقتەدا هێشتا لەحللەو کەربەلاو نەجەفدا کۆبونەتەوەو، تەحەدای فەرمانەکانی هاوپەیمانان دەکەن کە داوای ئەوەیان لێکردبون بڵاوەی لێبکەن. سلفادۆرییەکان و هیندۆراسیەکان لەگەڵ دوژمندا بەشەڕهاتبوون، بەڵام هێزی پیادەی ئیسپانی کەزیاتر پرچەك بوون لەدەرەوەی جەنگەکەوە مابونەوە. لەبەغدادیش، فرقەی یەکەمی زرێپۆش چوار ناوەندەکانی پۆلیسیان گرتبۆوە کەلەشاری صەدر داگیرکرابوون، بەهۆی ئەوەشەوە هەشت ئەمریکی کوژرابوون. هەروەها چەند راپۆرتێکمان پێگەیشت کە موقتەدا لەپەیوەندیدایە لەگەڵ یاخیبووە سونەکانی ناوچەی ئەنبار.

فیل کۆسنت نامەیەکی ئەلەکترۆنی نارد لەنەجەفەوە ئەوەی دەگەیاند کە کۆل (ژەنراڵە ئیسپانیەکە) هەوڵدەدات بگاتە چارەسەرێکی " سیاسی" بۆ قەیرانی موقتەدا بەوەی کە حوکمی ناوچەکە بداتە دەست سەرکردەی میلیشیاکانی فەیلەقی بەدر، کە هەواڵگریمان پێی وایە ئەو کەسە سیخوڕی ئێرانە ( سەرەڕای ئەوەی کە وا کۆل ئەم زانیاریانە نازانێت). دیارە کە کۆل نیگەرانە لەوەی کە هاوپەیمانان هەوڵ بدەن چەکدارەکانی موقتەدا لەکاتی پشووی چلەی شیعەکاندا لابدەن کەهاوکاتە لەگەڵ ١١ نیسان/ ئەپریلی ئەم ساڵدا. ئەگەری ئەوەش زۆرە کە یادی چلەکە، کە رۆژی چلەمی پرسەکەیە دوای عاشورا، بەمەلایین گەشتیاری شیعە بۆ کەربەلاو نەجەف رابکێشێت.

نامەیەکی رووم نارد بۆ کۆسنت: بە ژەنراڵ کۆل رابگەیەنە کە واز لەگەمە بێنێت لەسیاسەتدار دەست بکات بەجێبەجێکردنی فەرمانەکان. من تاکە کەسێکم کە دەسەڵاتی ئەوەم هەیە فەمانڕەواکان دابنێم، پێش چەند هەفتەیەکیش ڕازی نەبووم بەوەی کە پیاوێکی فەیلەقی بەدر لەو پۆستەدا دابنێم. پێویستە ئەو لەژێر هەر رەوشێکدا دانوستان لەگەڵ موقتەدا نەکات. کۆل زۆر لە ئاراستەکە دورکەوتۆتەوە. وا دەکەین کە دادپەروەریی ڕەوتی خۆی وەربگرێت سەبارەت بە هەمور ئەوەی کە پەیوەندی بە شوێنکەوتەکانی موقتەداوە هەیە ئەوانەی کە عێراقیەکان بەتاوانی کوشتن تۆمەتباریان دەکەن. ئەگەر ژەنراڵ کۆل پێویستی بە یارمەتی هەیە بۆ بەدەستهێنانەوەی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی کە ئەو لێیان بەرپرسیارە، ئەوا پێویستە داوای ئەوە لە هێزەکانی هاوپەیمانان بکات. فیل ئەو نامەیەی بەتوندی گەیاندە ژەنراڵە ئیسپانیەکە و راپۆرتەکەی بەوە هێنابوو کە " هیچ چارەسەرێکی سیاسی نیە بۆ دەستگرتنەوە بەسەر نەجەفدا".

من و ریك سانشێز چەندین خیارمان تاوتوێ کرد بۆ وەستاندنی میلیشیاکانی موقتەداو سەرلەنوێ کۆنترۆلکردنەوەی نەجەف. بۆمان دەرکەوت لە هەفتەی کۆتایی چلەکەدا دوایین خیار لەباشترین



Scanned with CamSc

حاڵەتەدا ترسناکەو مەحاڵە. لەگەڵ ئەوەشدا ریك دەتوانێت سەرلەنوێ هێزی متمانەپێکراوی هاوپەیمانان لەگەڵ یەکەی ئەمریکیدا لەو شوێنانەدا دابنێتەوە، تا رێگە لە موقتەدا بگرێت و بەهێڵێت چەك و تەقەمەنی و یارمەتی بنێرێت بۆ سوپای مەهدی لەو کاروانە درێژانەی ئۆتۆمبیلی کەی سپی بچووکدا کە گەشتیارەکان دەبات بۆ شاری پیرۆز.

دوای چەلەکەش دەتوانین، ئەگەر واشنتۆن ڕازی بوو، رێوشوێنی توندو یەکلاییکەرەوە وەربگرین لەدژی موقتەدا.

دوای چوونی ریك، سێ چاوپێکەوتنم ئەنجامدا لەگەڵ بەرنامە تەلەفزیۆنیە ئەمریکیە بەیانیەکاندا. ئەوانەی گفتوگۆکانیان ئەنجام دەدا هەمان پرسیاریان دەکردەوە: لەژێر رۆشنایی تەقینەوەی ناکاوی توندوتیژداو، داواکاری چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پیراندا، ئایا هێشتا هاوپەیمانان پلاندادەنێت بۆ گێڕانەوەی سەروەریی بۆ عێراق لە حوزەیران/ یۆنیۆدا؟ وەڵامەکەی مێش ڕوون بوو کە گومانی تێدا نیە: درو دڵی نواندن دەبێتە هۆی خستنەوەی زیانی گیانی لای هەموو لایەنەکان.

وتم، " سەرۆك زۆر روون بوو کە ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ بەرواریکەو پێیەوە پابەند دەبین".

بەوانەی میوانداری کرابوون وویستیان پەراگەندەم بکەن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

سانشێز هەواڵێکی نارد کە ئەوان بەرەو گەڕەکەکانی فەللوجە پێشڕەوی دەکەن و خەریکە رووبەڕووی بەرگریی دەبنەوە. ووتی، " هێشتا هیچ شتێکی گەورە نیە".

بەڵام تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە فیلمێکی نیشاندا کە گوایە ئەوانە مەدەنی بێ چەکن و لەفەللوجە کوژراون. دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەش، ئەو وێستگەیە کاسێتێکی دەنگی پەخشکردەوە کە هی ئەبو موصعەبی زەرقاوی بوو، هەڕەشەی دوورینەوەی سەری دوژمنانی ئیسلامی دەکرد لەعێراق.

دەرکم کرد کە زەرقاویی وێنەیەکی هاوشێوەی موقتەدایە، فاشیەکی سوونیە. پێویستە یەکێکیان رابگرێت پێش ئەوەی ژەهرەکە بلاوبێتەوە.

لەکاتێکی دواتری ئەو رۆژەدا، سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی لیژنەی وەزاریی بۆ ئاسایشی نیشتمانیم کرد کە تازە دروست بوو بوو. موقتەدا بابەتی سەرەکیمان بوو، وەزیرە عێراقیەکان خۆیان لەچارەسەری ڕیشەیی بابەتەکە دەبوارد. وەزیری داد پێی وابوو پێویستە لەسەرمان شێوازێك بدۆزینەوە بۆ خستنەڕووی " دەستپێشخەریەکی باش" لەبەرامبەر موقتەدادا — لەواقیعدا پێشکەشکردنی سازش. عەلی عەلاویی، وەزیری بەرگریش پێی وابوو کە پێویستە لەسەرمان واز لەموقتەدا بێنین با بۆ خۆی " هەڵوەشێتەوە" ، یاخیبوونی سوننی هەڕەشەی ستراتیژی و ستەمکارە.

پێداگریم لەو دەرئەنجامە شومانە کرد کە سەقامگیری عێراق دەشێوێنن ئەگەر ئێستا دەستمان



Scanned with CamSc

کرد بەساز شکردن بۆ موقتەدا.

هەندێك لەوەزیرەکان پێیان وابوو کە موقتەدا نەبەوێت " لەحکومەتدا بەشداری پێ بکرێت" وە ئەو " هەڕەشەیەکی ستراتیژی لە سەقامگیری عێراق دروست ناکات". وەڵامدایەوە کە دەستگرتن بەسەر چەند شارێکدا لەکاتی چلەی شیعەکاندا هەڕەشەیەك دروست دەکات بۆ عێراق کەمتر نیە لە هێرشەکانی فەللوجە. ئەوەش تەحەدایەکی ترسناکە لەئێستاداو تەحەدایەکی گەورەتریش دەبێت بۆ حکومەتی عێراقی خاوەن سەروەری دوای ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ.

وتم، " ئەگەر ئێستا رۆڵێك بدرێتە موقتەدا صەدر لەحکومەتدا، ئەوا ئەمە بنەمای حوکمی دیموکراتی هەڵدەوەشێنێتەوە" لە چەمکە جەوهەرییەکانی دیموکراسیەت ئەوەیە هەوڵ نەدەین لەرێگەی هێزەوە دەسەڵات بەدەست بێنین.

من و گۆمپرت و روبەیعی هیوادار بووین کە لیژنەکە رەزامەندی دەبڕێت لەسەر بەیاننامەیەکی رۆژنامەوانی کەتێیدا ئیدانەی موقتەدا بکات و داوا بکات لێپێچینەوەیەکی توند لەبەرامبەری وەربگیرێت. بەڵام جگە لەوەزیری دارایی کامل گەیلانی و سەرۆکی دەزگای هەواڵگری لیوا شەحوانی کە هەردوکیان سوننین هیچ یەکێك لەوەزیرەکان ئارەزووی ئەوەیان نەدەکرد بەتوندی لەبەرامبەر موقتەدا رێوشوێن بگیرێتەبەر. لەبری رازی نەبوون لەسەر بەیاننامەکە، ئاماژەم بۆ دەیڤید و روبەیعی کرد کە پێشنیاری بەیاننامەکە باس نەکەن.

نوێترین راپۆرتەکانی هەواڵگری لەباشور ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە موقتەدا لەمزگەوتی کوفەدا خۆی پەناداوەو ئامادەیە لەوێدا بمێنێتەوە هەتا ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ. بۆیە ئێمە ڕوبەڕوی گرفتێکی ڕاستەقینە بوینەوە. لەم کاتەدا هێزەکانی موقتەدا لەنەجەف کۆدەبوونەوە. گرتنەوەی نەجەف و کوفە لەکاتی چلەی شیعەکاندا کارێکی گونجاو نیە، بەڵام رێگەدان پێی بەوەی لەهەفتەی پیرۆزدا هەردوو شارەکە بەرێت بەرێوە هەڵبژاردنێکی باشتر نیە.

لەکاتێکی درەنگی ئەو شەوەدا، من و سانشێز ئامادەی کۆبونەوەیەکی تەلەفزیۆنی بووین بۆ بەرێوەبەری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ جێگری سەرۆك و ڕایس و ئارمیتاج و ڕامسفێلد و بیس کارد. ئەبی زەیدیش لەئامادە بەشداربوو. بەجەماعەتەکەم ڕاگەیاند ، ئێمە ڕووبەڕووی تەحەدایەکی جەوهەری دەبینەوە بۆ دەسەڵاتمان و هەموو دەسەڵاتی ناوەندیش لەعێراق. مەسەلەکەش هەمان بایەخی دەبێت لەدوای ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆوە، لەوانەشە زیاتر. زۆرێك لەتەماشاکەران هەن چاوەڕوانی ئەوە دەکەن ببینن چی لەبەرامبەر موقتەداو سوپاکەیدا " دەکەین"- بەتایبەتی حزبەکان و میلیشیاکانی تر. ئەگەر وەڵام نەدەینەوە، ئەوە بەرهەم دێنن کە ئەوانیش بۆ ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندیەکانیان بکەن پێویستە لەسەریان پەنابەرنە بەر چەك.



Scanned with CamSc

لەم حاڵەتەشدا، هەموو پرۆسەی سیاسی دەخەینە مەترسییەوە- بەرواری ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ و، هەڵبژاردن لەساڵی ئایندەداو، هەموو شتێك. "دەستپێشخەری نەکردن بۆ وەڵامدانەوەیەکی بەهێز دژی موقتەدا هەلی جەنگی ئەهلی زیاتر دەکات". ئێمەش دەمانەوێت بەیاننامەی پشتیوانی گشتیمان دەست بکەوێت لەلایەن عێراقییە کاراکانەوە، بەتایبەتی شیعە. هەروەها ئەو حزبە سیاسیانەی کە میلیشیایان هەیە (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق و حزبی دەعوە) ئاگادارمان کردنەوە کە خۆیان کەناربگرن. هەروەك چۆن هەمان نامەمان نارد بۆ هۆزەکانیش.

ڕاسپاردەم دا کە هاوپەیمانان " ستراتیژیەتی ئالاناکۆندا" بگرنە بەر، کە ئەوە زاراوەیەکی وەرگیراوە لەپلانی جەنگی ناوخۆیی ژەنراڵ وینفلید سکۆت بەوەی کە هێزەکانی موقتەدا لەنەجەفدا بپێچرێنەوەو، لە ئامانجەکانی تری موقتەدا بدرێت -پەناگەکان و سەربازگەکانی مەشق ڕێگەکانی سوپای مەهدی و هاوەڵەکانیان- هەرکاتێك و لەهەر شوێنێك دۆزینمانەوە- جگە لەنەجەف.

کۆدەنگییەکی هاندەرانە هەبوو بۆ ئەم چەمکە.

لە ٦ نیسان/ ئەپریلدا لەتاریکی پێش بەرەبەیاندا بەدەنگی فڕۆکەی سی- ١٣٠ سپکرت بەئاگاهاتمەوە کە بەدەوری مەدینە صەدردا دەسوڕایەوەو موشەکی دەهاویشت. چەند گروپێکی کەم لە پیاوەکانی میلیشیاکانی موقتەدا لەناو چەند بینایەکی حکومیدا خۆیان مەڵاس دابوو کەپێشتر داگیریان کردبوو نەیاندەویست خۆیان بەدەستەوە بدەن. فڕۆکە جەنگییەکەش لێی دەدان بۆ ئەوەی هێزە ئەمریکییەکان نەکەونە مەترسییەوەو هێرشی زەمینی بکەنە سەریان.

پەنجەرەکانی ژوورەکە بەهۆی ئاڵەو هێزی تەقینەوەکانەوەو دەلەرینەوە. من دڵخۆش بووم چونکە لەو لایەوە نەبووم کە گوزرەکانی بەردەکەوت.

بەڵام ئێمە دەستپێشخەر نەبووین لەم جەنگەدا، بەڵکو موقتەدا بوو.

لەڕۆژی دواتردا، بۆب، بلاکویل، کە ڕۆژانە لەگەڵ ئیبراهیمدا کۆدەبێتەوە پێیراگەیاندم هەست بەتریکی دەست کێشانەوەی ئیبراهیمی دەکات لەکارەکەی. چونکە ئاستی توندوتیژیەکان بەرادەیەك بوون شکستی بە کۆششەکانی دەهێنا بۆ کۆبونەوە لەگەڵ عێراقیەکاندا، هەروەها بەتەواوی دژی ئەو بەرنامەیەمان بوو کە لەبەرامبەر فەللوجەدا دەمانگرتەبەر. یەکسەر پەیوەندیم پێوەکردو هاندا کە بمێنێتەوە. لەکاتێکی دواتردا، پەیوەندیمکرد بە پاوڵ وەزیری دەرەوە بۆ ئەوەی پشتیواری بۆ بکەم هەمان نامە ڕەوانەی کۆفی ئەنان بکات. پاوڵ ڕازی بوو ووتیشی لۆمەی خۆی دەکات چونکە لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا گۆی بە ووریایدانەکانی من نەدا لەبارەی



Scanned with CamSc

موقتەداوە.

پاشیوەڕۆی ئەو رۆژە، بلاکویل ئیبراهیمی هێنا بۆ ئەوەی لەقەیرانە نوێیەکەی باشور ئاگاداری بکەمەوە. بەدرێژی ئەو کارە نایاساییانەم خستەڕوو کە موقتەدا لەساڵی ڕابردوودا پێی هەستاوەو وتم کە " موقتەدا دژی جەوهەری ئەو عێراقەیە کە ئێمە و نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراقییەکان دەیەوێت".

دبلۆماتکارە جەزائیریەکە زیاتر نیگەرانی رۆڵی خوێنی زیاتر بوو لەفەللوجەدا، هەڕەشەی بەجێهێشتنی عێراقی کرد. منیش پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی کە ئامادەبوونی پێویستەو بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان جیاوازییەکی بەهێز پێشکەش دەکات لەگەڵ ئەو پلانەدا کە موقتەدا بۆ عێراقی ئامادەکردووە. هەروەك چۆن پێویستە پارێزگاریی لە بەرەوپێش چوونی پرۆسەی سیاسی بکرێت، بەچاوپۆشین لە سستیەکەی.

ئیبراهیمی وتی ئەو رێز لەئاگادارکردنەوەکانی دەگرێت لەبارەی پێشهاتەکانەوە، بەلام دەبینێت عێراقیەکان شڵەژاون لەبەرامبەر قەیرانەکەی موقتەداو ناوی چەند کەسێکیشی هێنا کە دژی دەستگیرکردنی ئەون.

وتم، " گوێم لەو وتەو قسانە بووە، پێموایە ڕازیکەربن. موقتەدا هەڕەشەی بۆ سەر یاساو سستم دروستکردووە لەعێراقدا".

لەکۆتایدا ئیبراهیمی ڕازی بوو لەسەر ئەوەی بمێنێتەوە، " لەکاتی ئێستادا".

لەبەیانی رۆژی دواتردا هەواڵەکان باش نەبوون.

مارتێز لەچەند هێرشێکی ڕێکخراو لە رەمادی پانزە سەربازی لەدەست دابوو. روونە کە ئەو هێرشانە ئامانجیان ئەوەیە کە فشاری سەر فەللوجەی دراوسێی کەمبکاتەوە. لەدوای ئەوە چەند راپۆرتێکی ووردو درێژم لەئەرکانی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە لەکوتی پایتەختی پارێزگای واستەوە پێگەیشت، کەبەمدواییە لەوێ لەگەڵ نوێنەری سپستانیدا وتوێژمان کرد دەربارەی یاسای ئیدارەی ئینتیقالی. سوپای مەهدی دوێنێ شارەکەی داگیر کردبوو بەچەکی سووك و ئاڕ بی جی هێرشی کردبۆوە سەر کۆمەڵگەی دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان. هێزەکانی ئۆکرانیای سەر بەهاوپەیمانان لەشارەکە کشابونەوەو کۆمەڵگەی دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانانیان لەژێر رەحمەتی جەنگاوەرەکانی موقتەدا دا بەجێ هێشتبوو. دوای ئەوەی دەیڤید ریچمۆند بەدرێژایی شەو هانی ئۆکرانیەکانی دابوو، دواجار ڕازی بوو بوون لەسەر ئەوەی کە کاتژمێر شەشی سەرلەبەیانی بچنە ناو کۆمەڵگەکەوەو فەرمانبەرەکانمان رزگاربکەن و پاسەوانی لەبیناکە بکەن.



Scanned with CamSc

هێندەی نەبرد نامە لە کوتەوە هات، هەروەها لەمایك گفزلەرەوە لەحیللە، ئەوەی دەگەیاند سەرکردە ئۆکرانیەکە بەنیازە ئەو پیاواندی لەژوورەوە گیریان خواردوە دەربێنێت و، ئیدی کۆمەڵگەکە چۆڵ بکات. لەکاتژمێر شەش و نیودا پەیوەندیم بە سانشێزەوە کرد بۆ ئەوەی پێ بڵێم ئەوە هەڵەیەکی ترسناکە. بەڵام هەواڵەکە درەنگ بەمن گەیشتبوو چونکە من کاتژمێر حەوت و چارەکی بەیانی ئەوەم زانی کە ئۆکرانیەکان چوونەتە ناو کۆمەڵگەکەوەو فەرمانبەرەکانیان بردووەو شوێنەکەیان چۆڵکردووە، پاشان یەکسەر پیاوەکانی موقتەدا داگیریان کردووە.

پێنج فەرمانبەری تری بەریتانی سەر بە کۆمپانیایەکی ئاسایش کەوا کار لەگەڵ نوسینگەی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان‌دا دەکات لەدووری دو سەد مەتر لەکۆمەڵگەکەوە لەسەر بانی بینایەکی تر گەمارۆ درابوون کە چەکدارەکانی موقتەدا لەنهۆمی زەمینی بینایەکەدا بوون، بەڵام ئۆکرانیەکان بێ ئەوان ڕۆیشتبوون و بەجێیان هێشتبوون. چواریان توانیبویان هەڵبێن و، پێنجەمیان کوژرابوو. لەخەشم و قینی ئۆکرانیەکاندا بەبێدەنگیەوە نوسینگەکەمم دەپێواو تێیدا دەهاتم و دەچووم.

ڕۆژی یەکەمی مارینز بەرەو فەللوجە پێشڕەویان کرد، لەچەند شوێنێکدا و لەناو قوڵایی شارەکەدا ڕووبەڕووی بەرگریی چەکدارەکان بۆوە کەوا ڕەشاش و هاوەن و چەکی قەناصیان پێبوو. دوژمن لەناو قوتابخانەو نەخۆشخانەکان و شوقەکانی نیشتەجێبوون و مزگەوتەکانەوە شەڕی دەکرد، وەك چۆن هێزەکانی صەدامیش وایان دەکرد. کاتێکیش کە جەنگەکە پەرەی سەند، ژمارەی پێکراوەکان زیاتربوون و جەزیرەش وێنەی هەموو پێکراوەکانی دەگرت. هەلیکۆپتەرێکی مارینز لەجۆری کۆبرا موشەکێکی نا بە قەناصێکەوە کە لەناو بڵندگۆی مزگەوتێکدا بوو زیاتر لە دە عێراقی کوشت، زۆربەیان لەیاخیبووەکان بوون. بەڵام ئەو وێنە تەلەفزیۆنیانە بوونە هۆی ئەوەی هەستوسۆزێکی زۆری عێراقیەکان لەهەموو ناوچەکانی وڵاتدا بوروژێنێت.

لەکاتێکدا کەوا مارینز بەرەو قوڵایی شارەکە دەڕۆیشتن، پۆلیسی عێراقی یان هێزەکانی فەیلەقی بەرگریی نیشتمانیی کەلەدواوە پشتیوانی لێدەکردن یان دەیگوێزرانەوە بۆ لاکەی تر. سەرکردەی پۆلیسی ناوچەکە گیرا کە مامەڵەی لەگەڵ یاخیبووەکاندا دەکرد. سەربازەکانی بەرگریی نیشتمانی عێراقیش سەلماندیان کە " هیچ سودێکیان" نیە، بەپێی قسەی ئەفسەرێکی گەورەی مارینز نزیکەی نیوەی کەتیبەی یەکەمی سوپای نوێی عێراق بەرەو فەللوجە هەڵهاتوون.

لەڕۆژی سێ شەممە ٦ نیسان / ئەپریل نزیکەی یەك لەسەر سێی هێزەکانی بەرگریی مەدەنی لەبەغدا کەخۆی پێکهاتبوو لەپێنج کەتیبە دەوامیان نەکرد. لە کەتیبەکانی شاری صەدریش ئەو

ڕێژەیە بەرزبۆوە بۆ ٨٠٪. هەروەها پیاوانی پۆلیسی عێراقیش لەهەموو ناوچەکانی باشور ئامادەی دەوام نەبوون یان هەڵوێستیان سلبی بوو. بە "دیك"م ووت " ئەم برە بەسە لەوەی کە دەوترێت با عێراقیەکان خۆیان ئاسایشی خۆیان بپارێزن".

بەڵام ئاسایش تاکە خەمی ئێمە نەبوو. بەڵکو سەرەڕای قەیرانەکەش پێویست بوو بەردەوام بین لەسەر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت بگەینە پلانێکی سەرکەوتوو بۆ حکومەتی کاتی. لەگەڵ ئیبراهیمی و خاتوو کارینا بیریللی پسپۆری هەڵبژاردنەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان کۆبوومەوە. بیریللی هانیداین بۆ ئەوەی بەخێرایی کار بۆ داناتی سستمی هەڵبژاردنی پێویست بکەین. هەروەها ڕازی بووم لەسەر ئەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا وتوێژ بکات و ١٥ ئایار/ مایۆش دوا کاتمان بێت بۆ وەرگرتنی بریار لەبارەی سستمی هەڵبژاردنەوە.

بەڵام هێشتا ئەخزەر ئیبراهیمی دوو دڵ بوو لەبارەی ئەرکەکەیەوە. ئەو بەهۆی ڕەوشی ئەمنیەوە نەیتوانی ناوچەی سەوز بەجێ بهێڵێت، بۆیە وتوێژەکانی سنورداربوون. کاتێکیش کە من و بلاکویل جارێکی تر مشتومڕمان کردەوە، ڕازی بوو لەسەر ئەوەی هەتا ١٥ نیسان/ ئەپریل بمێنێتەوە، کاتێك کە پلانی هەڵبژاردنی حکومەتی کاتی رادەگەیەنین، بەڵێنیشی دا لە ئایار/مایۆدا بۆ یارمەتیدان لە دیاریکردنی ئەندامەکانیدا جارێکی تر بگەڕێتەوە.

لە ٧ نیسان/ ئەپریلدا، من و ریك سانشێز ئامادەی کۆبونەوەیەکی هەفتانەی ئەنجومەنی حوکم بووین. میزاجەکە خەمۆك و ناخۆش بوو، ڕاپەڕینی موقتەداو جەنگ لەپارێزگای ئەنبار هەژمونی کرد بەسەر خشتەی کارەکاندا. هەرکە ریك لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکەی بۆوە لەبارەی سەختەکانیەوە لەفەللوجە. پاشان سەلامە خەفاجی، کە پزیشکێکی ددانی ئیسلامی شیعەیە، بەتوندی قسەی کردو ووتی، " هەموو عێراق لەشۆڕشدایە. گرتنی یەعقوبی و هەوڵدان بۆ گرتنی موقتەدا هەڵەیەکی گەورە بوو. پێویستە دانوستان ئەنجام بدرێت". پێشنیاری کرد کە هاوپەیمانان کاتێك بۆ کشانەوەی هەموو هێزەکانی دیاری بکات.

دوای ئەو سنجل چابوك، کە تاکە نوێنەرێکی تورکمان بوو قسەی کرد، هەڵچوون بەقسەکانیەوە دیاربوو. دواجار هەردوو دەستەکانی گرت بەدەموچاویەوە دەستی بە گریان کرد.

لەمکاتەدا جێگرەکەی عەلاوی، راسم عەلاوی، دەنگی بەرزکردەوەو داوای کرد کە " ڕێوشوێنێکی یەکلاکەرەوە" لەدژی موقتەدا بگیرێتەبەر. پاشان سەمیر سومەیدی قسەی کرد، کە



Scanned with CamSc

یەکێک لە سوننە دیارەکانی پارێزگای ئەنبار لەبەرزەوەندی لێپێچینەوەی توند قسەی کردو دانی پەروەدانا کە " ئێستا بەکاتێکی سەختەدا دەڕۆین، بەڵام ئەوەی پێی هەڵدەستین ئازایەتی ئێمە دەردەخات. پێویستە لەسەرمان سووربین. خیارەکەش ڕوونە: ناتوانین ڕێگە بە گرووپە چەکدارەکان بەبێ ئاراستەی ڕوداوەکان دیاری بکەن".

دوای ئەوە ژمارەیەك لەشیعەکانیش بەهەمان ڕێچی ئەو قسەیان کرد، زۆربەشیان پێداگرییان لەسەر پێویستی کەمکردنەوەی بەرکەوتن کردەوە لەناو ڕیزی مەدەنیەکاندا. کاتێکیش ئەوان لێبوونەوە، داوامکرد قسە بکەم.

وتم، " ئێمە بەداخەوەین بۆ لەدەستدانی هەر گیانێکی بێتاوان". بێ ئەوەی میصداقیەت بلێهمە جەزیرە، ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە بەرکەوتنی مەدەنیەکان لەهەموو جەنگێکدا ڕوو دەدات. پێشوەختیش هێزە سەربازیەکانمم ئاگادارکردەوە لەوەی ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بخەنە کار بۆ ئەوەی کەمترین قوربانی مەدەنی بکەوێتەوە. ئەوەم بە بیر عێراقیەکان هێنایەوە کە لاوە کوڕو کچەکانمان نیوەی جیهانیان بڕیەوە بۆ ئەوەی لەپێناو ئازادی عێراقدا بمرن. " پێویستە تێبگەین لەو مەترسیانەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. ئێمە ڕووبەڕوی تەحەدایەکی جەوهەری ئایندەی عێراق دەبینەوە. ئایا یاسا حوکمی عێراق دەکات؟ ئەمە ئەو کێشەیەیە کە دەستگیرکردنی یەعقوبی و یاداشتی دەستگیرکردنی موقتەدا دەیورژێنێت. ئەو یاداشتانەش دادگایەکی عێراقی دەریکردووە ئەویش لەدوای لێکۆڵینەوەیەك کە دادوەرێکی عێراقی پێیهەستاوە".

هیچ یەکێك لە ئەنجومەنەکەدا نەیتوانی مشتومڕی ئەم حەقیقەتە بکات.

بەڵام شتی زیاترو، زیاتر هەیە لەبارەی موقتەداوە. ئەو بەڵاتی کەمەوە گومانلێکراوە بەئەنجامدانی تاوانێکی تر. ئەو " دادگاو زیندانی" شەرعیی نایاسایی لەنەجەف بەڕێوەدەبات. وتم، " ئێمە ئاینگاڵمان هەیە کە ئەوە دەگێڕنەوە لەناو ئەو زیندانانەدا ئەشکەنجەی پیاوان دەدرێت و ژنان ئەتك دەکرێن و لەناو زیندانەکاندا ئەشکەنجە دەدرێن".

پیاوەکانی موقتەدا فەلەستینیەکیان گرتووە کە لەنوسینگەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان‌دا کار دەکات لەنەجەف، قاچیان شکاندووەو بەرەو زیندانان ڕاپێچیان کردوە، هەواڵمان پێگەیشتوو ڕۆژانەڕووی ئەشکەنجە دەبێتەوە. وتم، " هەموو دەزانین موقتەدا لەکوێوە فێری تەکنیکاتەکانی بووە... لەصەدامەوە. ئایا ئەمە ئەو عێراقەیە کە ئێمە دەمانەوێت؟ ئایا ئەمە ئەو عێراقەیە کە ئەمریکی و عێراقیەکان لەپێناویدا جەنگان"؟

" پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە کە چۆن حوکمڕانی عێراقی نوێ دەکرێت؟ موقتەدا وەڵامەکەی



Scanned with CamSc

پێشکەش کرد. ئەو بەهێرشکردنە سەر هێزەکانی ئاسایشی عێراقی و هێزەکانی هاوپەیمانان و کوشتنیان وەڵامی دایەوە، ئەو بە داگیرکردنی بیناکانی حکومەتی عێراقی لەبەصرەو کوت و بەغداد و نەجەف وەڵامی دایەوە، بە برینی بانکێك لە بەغداو، ناردنی ئۆتۆمبیلی پڕ لە چەتە بۆ قوتابخانەکانی بەغدا لەم بەیانیەداو، هەڕەشەی تەقەکردن لەمناڵان ئەگەر قوتابخانەکان دەرگاکانیان دانەخەن".

" ئاسانە ئەو عێراق ببینیت کە موقتەدا دەیەوێت. عێراقێکی نادیموکراسی، کە ڕێز لە مافەکان یان یاساکان ناگرێت. نمونەی ئەم عێراقەش پەیوەندی نیە بەو عێراقەوە کەلەماوەی دە مانگی ڕابردودا لەسەر ئەم مێزە وتوێژمان لەبارەوە کرد. هەروەها پەیوەندی نیە بەو وڵاتەوە کە زۆرینەی هەرە زۆری عێراقیەکان دەیانەوێت، کە هەموومان لەبارەیەوە نوێژ دەکەین".

ئەندامانی ئەنجومەن بەبێدەنگی مانەوە.

پێداچوونەوەم کرد بەهەڕەشە هاوشێوەکەدا کە تیرۆریستە یاخیبوەکان لەفەللوجە دروستیان کردووە. ئەوان هاوشێوەی موقتەدان، دژ بەعێراقێکی دیموکراسین، ئەو پرسیارە بنەڕەتیەش کە ڕووبەڕوی دەبینەوە ئاسانە. ئایا دەسەڵاتی حوکم لەعێراقی نوێدا لە دەمی تفەنگەکانەوە سەرچاوە وەردەگرێت یان لەسندوقەکانی دەنگدانەوە"؟

ڕاستەوخۆ سەیری خەفاجیم کردو ووتم هەڵەیەکی گەورەیە کاتێك بۆ ڕۆیشتنی هێزەکانی هاوپەیمانان دیاری بکەین. روون بور کە هێزەکانی ئاسایشی عێراقی ناتوانێت بەتەنها خۆی بەرگری لەوڵات بکات. دیاریکردنی کاتی گەڕانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان نابێتە هۆی شتێك ئەوە نەبێت یاخیبوەکان و تیرۆریستەکان هان دەدات کە چاوەڕوانی ڕۆیشتنی ئێمە بکەن و پاشان هێرشەکانیان دەستپێدەکەنەوە".

ئێستا ئەندامەکان سەری ڕەزامەندی و هاوڕاییان ڕاوەشاند.

ووتم، " ژمارەیەك لەئێوە پرسیاری کرد کە ئایا چارەسەرێکی ئاشتیانە هەیە بۆ قەیرانەکە، وەڵامەکەی بەڵێ هەیە: با ئەمڕۆ موقتەدا بەهەڵوەشاندنەوەی سوپاکەی ڕژانی خوێن بوەستێنێت. پێویستیشە لەبەردەم دادگای عێراقیدا بوەستێت. بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وەك بێتاوانێك هەتا تاوانێکی لەسەر ساغ دەبێتەوە. مافی ئەوەشی هەیە بەبێدەنگی بمێنێتەوەو پارێزەرێك بکاتە وەکیلی خۆی. ئەو مامەڵەیەکی ئاشکراو خێرای لەگەڵدا دەکرێت. بەکورتیەکەی، هەموو ئەو مافانەی دەبێت کەوا یاسای ئیدارەی ئینتیقالی بۆ ئەو و بۆ هەموو عێراقیەکان گرەنتی دەکات".



Scanned with CamScanner

سەرنجم لە دەموچاوی ئیسلامیە شیعەکان دا. مرقتەدا مایەی هەرەشە بێت بۆ سەر هاوپەیمانان. زۆرێکیشیان لە ڕووبەڕووبونەوەی دەترسان. " هەموو ئەندامێك لە ئەنجومەنەکەدا لەنێوان دوو هەڵبژاردندایە لەبارەی ئەو عێراقەوە کە دەیەوێت. ئایا عێراقیەکان دەوێت هێز حوکمی بکات، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ دادگا نایاسایەکان و، زیندانەکان کە خەڵك تێیدا ئەشکەنجە دەدرێن و دەستدرێژیان دەکرێتە سەرو ئەلك دەکرێن، عێراقێك کە گوندەکان تێیدا وێران دەکرێن و لەگەڵ زەویدا تەخت دەکرێن؟ ئەمە ئەو عێراقە نیە کە ئێمە هاتین بۆ ئەوەی یارمەتی بونیادنانی بدەین. ئەمە ئەو عێراقە نیە کە ئێوە یان زۆربەی عێراقیەکان دەیانەوێت. ئێستا پێویستە لەسەرتان ئایندەی خۆتان هەڵبژێرن. هیچ هەڵبژاردنێکی تریش لەنێوان ئەو دوو هەڵبژاردنەدا بوونی نیە".

ئەنجومەنەکە واقیان وڕمابوو. هیچ کەسێك قسەی نەکرد. دوای ئەوە سەرۆك ئەنجومەن بۆ مانگی نیسان/ ئەپریل بەرووونی ووتی. " لەوانەیە بەهەزاران کەس لەپێناو مرقتەدا دا خۆپیشاندان بکەن، بەلأم بە ملیۆنان کەس هەیە کە پشتیوانی لێناکەن. عێراقی نوێ ناتوانێت مرقتەدا قەبوڵ بکات. ئێمە عێراقمان ئازاد نەکردوە بۆ ئەوەی ڕادەستی دیکتاتۆرێکی تری بکەین. پێویستە لەسەرمان سورو پێداگربین".

پاچەچی پێشنیاری کرد کە بەیاننامەکەی بارزانی بکرێتە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەیی کەلەلایەن ئەنجومەنەکەوە دەرچوویێت. ئەوە خرایە دەنگدانەوە بە بیست دەنگ بردیەوە. دوو کەس لەئیسلامیە شیعەکان دەنگیان نەدا، بەلأم نارەزایشیان دەرنەبڕی.

لەوانەیە هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین.

دوای ئەوەی گەڕامەوە بۆ نوسینگەکەم لەنێوان چەندین پەیوەندی تەلەفۆنیمدا یەکەم پەیوەندیم لەگەڵ ڕایس ئەنجام دا.

تێبینیکرد سەرەڕای ڕێکەوتنمان بۆ فشارخستنە سەر مرقتەدا، هیچ ئاماژەیەك نەخرایەڕوو لەبارەی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی ئەناکۆنداوە. " دەتوانم بڵێم کەزیاتر لە سی و شەش کاتژمێرە، هیچ پرۆسیەکی هێرشەبەری دژ بە چەتەکانی ئەنجام نەدراوە، دوای هەڵهاتنە گەورەکەی ئۆکرانیەکان لە کوت".

ووتی، " ڕامسفێڵد و ریچارد مایەرز ئەوەیان پێڕاگەیاندووم. هەروەها من نیگەرانم. لەکاتی کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا ئەم حاڵە لەگەڵ سەرۆکدا بوروژێنە. تۆ ڕاستەوخۆ لەناو واقیعەکەدا دەژیت وسەرۆك نارەزووی ئەوە دەکات گوێی لەهەڵسەنگاندنەکانت بێت".

دوای کاتژمێرێك، سەیری ئەو وێنە ڤیدیۆییەی ژووری ڕەوشەکانم دەکرد لەکۆشکی سپی، کە ژەنراڵ ئەبی زەید زنجیرەیەك توێژی نیشانداو چەند شارێکی ژمارد:

" بەغدا: ڕەوشەکە ئارامە".

"ناصریە: ڕەوشەکە ئارامە".

" نەجەف: ڕەوشەکە ئارامە".

دڵنیابومەوە لەوەی کە مایکرۆفۆنەکەمان کوژاوەتەوە، لامکردەوە بۆ لای بۆب بلاکویل " وەك ئەوەی ژەنراڵێکی بەریتانی باس لەڕەوشی لەندەن بکات لە تەمموز/ یۆلیۆ ١٩٤٠دا: ڕەوشەکە لەپاریس ئارامە. واتە: بەڵام هاوڕابوو لەسەر ئەوەی کە لەدەستی دوژمندایە".

دوای ئەوەی کە ژەنراڵ ئەبی زەید لێبۆوە، سەرۆك پرسیاری لەڕای من کرد.

دەستم کرد بەقسەو ووتم، " مەسەلەی ئەوەی کە ڕەوشەکە لەشارێکدا ئارامە گرنگ نیە".

ڕونمکردەوە کە ئۆتۆمبیلی پڕ لەچەکدارەی سەر بەموقتەدا ئەم بەیانیە چوون بۆ قوتابخانەکان لەبەغداو ناچاریان کردوون کە دەرگاکانیان دابخەن. دوێنێش بانکێکیان بریوەو ئەمڕۆش هێرشیان کردۆتە سەر بانکی ناوەندی. کاریگەری سیاسیشمان بۆ کشانەوەمان لەکوت زۆر ترسناکە، ئێستا موقتەدا پایتەختی دوو پارێزگای داگیرکردووە، ووتیشم، " بەلامەوە سەیر نابێت ئەگەر دوای ئەوە کەربەلاشی کۆنترۆلکرد". ئیدی دوای ئەوە رایدەگەیەنێت کە داگیرکردن بەشێوەیەکی سەرێنی خۆی کەوتوو. " پێویستە لەسەرمان موقتەداو ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات بەزێنین" . زەرورەتی ستراتیژی لای ئێمە ئەوە دەخوازێت میانڕەوە شیعەکان لەگەڵ خۆماندا بهێڵینەوە، بەڵام گرفتی ستراتیژمان ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین لەدژی خودی موقتەدا بجوڵێینەوە تا ئەو لەمزگەوتی کوفەدا خۆی پەنادابێت. ووتیشم پێویستە لەسەرمان زیاتر لەدژی هەموو ئەو " کردەوانە" بجوڵێینەوە کەلە دەرەوەی نەجەف ئەنجامیان دەدات. "هەر ڕۆژێك کە دەڕوات بێ ئەوەی لێپێچینەوەیەکی یەکلاییکەرەوە لەدژی وەربگرین ئەو زیاتر قەناعەت بە میانڕەوەکان دەکات کە ئێمە جدیی نین".

پاول پشتیوانی لەووتەکەم کرد کاتێك داوای لەوەمکرد لێپێچینەوەیەکی سەربازیی جدیی و بەهێز لەدژی موقتەدا ئەنجام بدەین و ، ووتی، " پێویستە بەپەلە کوت بگرینەوە".

سەرۆك لەسەر ئەوە ڕازی بوو. " ئەگەر ئەو ئەم کردەوەیەی بۆ بچێتەسەر، ئەوا ڕەوشەکە زۆر خراپتر دەبێت، پێویستە رێگەی پێنەدرێت زاڵ بێت، واباشترە ئەمڕۆ لەبری سبەینێ ئەوە بکرێت. کاتێك کەوا گەل لەسەر رێگەی دیموکراسی بێت، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکان بەتوندی لەپشتی دەوەستێت لەڕووبەڕووبونەوەی دوژمنەکانیدا".



Scanned with CamSc

لەم سالەدا پاول سەیری کامێراکەی کردو لەو هەشت هەزار میلەی کەلەنێوان واشنتۆن و بەغدادا بوو سرپەوەو ووتی، " ماوەی چەند مانگێکە جێریی فشاری بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی لەدژی موقتەدا بجولێنەوە. بەلاَم بەگوێمان نەکرد. مەسەلەکە پەیوەندی بە میلیشیاکەیەوە نیە، لەکۆتایی پڕۆسەکەدا، دەبێت موقتەدا کۆتایی پێ هاتبێت".

جێی پێشنیاری کرد کە ئێستا کاتەکەی لەبارە بۆ لابردنی ئاستەنگ بیرۆکراسیەکان لەبەردەم خەرجکردنی پارەکانی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەدا کە من سکالاَم لەبارەیانەوە دەکرد. ئەو بە دلگەرمیەوە لەسەری ڕازی بوو ( بەلاَم بیرۆکراسیەت لە وەزارەتی بەرگریدا بەردەوام بوون لەئاستەنگ خستنە بەردەم خەرجکردن لەو پڕۆژانەدا کە هەستیاری سیاسیان هەبوو لەناوچەی بەسرەو مەدینە صەدر دا).

لەکۆتایی کۆبونەوەکەدا، سەرۆك ووتی، "پێویستە ئێستا لە دۆزەخ توندتربین. ئەمریکیەکان پێویستە بزانن کە ئێمە شوێن شەرانگێزو پیاو خراپەکان دەکەوین و لێیان ناگەڕێین. پێویستە دەستپێشخەری بکەین لە هێرشداو، بەردەوامین لەسەری".

بە هەموان فەرمانی چونە پێشمان وەرگرت.

بەلاَم ئەو ڕۆژە درێژە هێشتا تەواو نەبووە. ئەو هەوالاَنەمان پێگەیشت کە مارینز ڕووبەڕووی بەرگریەکی توند دەبنەوە لەفەللوجەو، میلیشیاکانی موقتەداش لە باشور بەردەوامە لەبلاَوبونەوە. بۆیە ڕایس داوای کرد بۆ جاری دووەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کۆببێتەوە.

پێش ئەوە بەتەلەفۆن پەیوەندیمکرد، ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی ڕاپۆرتەکەی ئەبی زەید پێویستکەربوو. پێشنیارمکرد سەرۆك داوای کاغەزێکی ڕۆژانە بکات کە تێیدا بەووردی و بەدواوی ئەوە ڕون بکرێتەوە کە ئەو پرۆسە هێرشبەریانە کامانەن لەماوەی بیست و چوار کاتژمێری پێشوودا کراونەتە سەر موقتەدا. ئەو سەرسام بوو بە بیرۆکەکە.

کۆبونەوەی دووەمی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕێکخراو نەبوو.

ئەبی زەید ڕاپۆرتێکی کورتی پێشکەشکرد کە بە تێبینیەك دەستپێکرد ئاماژەی دا بەوەی " ، بەپێچەوانەی قەناعەتی هەندێك کەسەوە جلەوی دەستپێشخەریی هێرشبەریی لەدەستی ئێمەدایە"، سەرەڕای ئەوەی خستەڕووەکەی پێچەوانەی قسەکەی دەرچوو. ئەو ووتی هێزەکانی هاوپەیمانان لەوانەیە سێ شەممەی ئاییندە بەرەو کوت بەرێبکەوێت. لەدوای ١١ نیسان/ ئەپریل - چلەوە- بەئۆندی ئامەلە لەگەلَ نوسینگەکانی موقتەدا دەکەین و هەولَ بۆ هەلَوەشاندنەوەی تەواوەتی سوپاکەی" دەدەین.

لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی راپۆرتەکانی بەغدا، سوپای مەهدی تەنها پەنجا جەنگاوەری هەیە کەبەرگری لەکوت دەکەن. ئیدی بۆچی تا هەفتەیەکی تر چاوەڕوانی بکەین تا لەوێ دەریان بکەین یان بیانکوژین؟

توڕەیی بەڕوونی بە ئەبی زەیدەوە دیاربوو بەهۆی ئەوەوە کە دەستوەردانێکی مەدەنیانەی بینی و ووتی بەیانی لەبەغدا دەبێت.

بەو شکستە خێرایەدا چوومەوە کە تووشی هێزەکانی ئاسایشی عێراقی بوبەوە. تارادەیەکی زۆر پۆلیس هەڵهاتبوو، نیوەی فەیلەقی بەرگری نیشتمانیش بێ مۆڵەت دەوامی نەدەکرد، هەروەها کەتیبەی سوپای نوێش رەتی کردەوە جەنگ بکات. پاول دوای تێبینیەکانی من ئەوەی ووت کە ئێمە چەواشە بووین کاتێك دەمانووت نیوەی هێزەکان لەعێراق عێراقین، بۆیە دەتوانین ئاستی هێزەکانمان کەمبکەینەوە.

ئەوەش کە دەبێتە مایەی هاندان ئەو قسەیەی سەرۆك بوو کە ووتی راپۆرتێکی رۆژانەم دەوێت لەبارەی پرۆسە سەربازییەکانەوە. ئەبی زەید ووتی رۆیشتنی هەموو فرقەی یەکەمی زرێپۆش دوادەخات، ئەمەش ۲۰,۰۰۰ سەربازی زیادە دەداتە سانشێز بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکەدا بکات.

لەبەیانی رۆژی ۸ نیسان/ ئەپریلدا، دوو قەیرانی سەربازیی قەیرانێکی سیاسی بەرفراوانیان نایەوە. یەکەم، نوری بەدرانی وەزیری ناوخۆو، فەرماندەی خاو و سستی دەزگای پۆلیسی عێراق، دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەش کرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو هۆی دەست لەکارکێشانەوەکەی گێڕایەوە بۆ " هۆکاری شەخصی"، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو وازهێنانی بوو لەحکومەت لەکاتی قەیرانێکی بەردەوامدا. دووەم، ئەبو حاتم، ئەو جەنگاوەرە شیعە ئەفسانەییەی لەباشور بوو– " میری زۆنگاوەکان" دەسەلاتی بەسەر کۆمەڵێك هۆزی گرنگدا هەیە بەدرێژایی سنوری باشوری عێراق و ئێران– سوربوو لەسەر ئەوەی کە ئەندامێتی خۆی لەئەنجومەنی حوکمدا هەڵبواسێت. من لە ئەیلول/ سێپتەمبەردا سەردانی شوێنی هۆزەکەیم کردبوو لە زۆنگاوەکان و ئەو جەمارەرێتیەیم بینی بوو کەلەوێ هەیەتی.

لەرێگەی مۆبایلەکەیەوە پەیوەندیم پێوە کرد لە ماڵەکەی خۆیدا لەعەمارەی باشورو داوام لێکرد چاو بە بڕیارەکەیدا بخشێنێتەوە. ووتی، " لێمگەڕێ با بیری لێبکەمەوە. کاتێکی زۆر سەختەو ناڵەبارە". رێکەوتین لەسەر ئەوەی رۆژی دواتر چاومان بەیەکتر بکەوێت.

لەماوەی چەند خولەکێکدا، وەزیری مافی مرۆڤ عەبدولباست تورکی دەست لەکارکێشانەوەی



Scanned with CamSc

خۆی ڕاگەیاند. کە موسڵمانێکی سوننی میانڕەوەو پەیوەندیەکی خێزانی و خێڵەکی لەناوچەی ئەنبار هەیە. دوای ئەوەش بیستمان کە پاچەچی، ئەندامی گەورە لەئەنجومەنی حوکم، تووڕەیە لە پرۆسەی فەللوجەو بەئاشکرا ڕایگەیاند" سزادانێکی بەکۆمەڵە". خەریک بوو ئەویش دەستی لەپرۆسەکەی دەکێشایەوە.

پاش کەمتر لەکاتژمێرێك، حاجم ئەلحەسەنی، نوێنەری حزبی ئیسلامی عێراقی، هات بۆ ئەوەی پێم ڕابگەیەنێت مەکتەبی سیاسی پارتەکەی دەنگی داوە بۆ ئەوەی " لە ئەنجومەنی حوکم بکشێتەوە" ئەمەش وەك ناڕەزاییەك لەسەر ئەو هێرشەی کە مارینز دەیکاتە سەر فەللوجە. حاجم ئەوەشی ووت کە غازی یاوەر، کە یەکێکە لەئەندامە سوونە دیارەکان لەئەنجومەنی حوکمدا، ئەویش دەیەوێت ئەم دوای نیوەڕۆیە واز لە ئەنجومەنی حوکم بێنێت.

حاجم پێداگری کردو ووتی، " پێویستە لەسەرتان داوا بکەن بەپەلە جەنگ لەفەللوجە ڕابگیرێت".

ئەو ئارەزووی خۆشی نیشاندا سەرۆکایەتی وەفدێکی ئەنجومەنی حوکم بکات بۆ ئەوەی بچێت بۆ فەللوجە تا قسە لەگەڵ سەرکردەکانی شارەکەدا بکات لەبارەی چارەسەرکردنی قەیرانەکەوە.

ئەمە لەناڕەحەترین و ئەندگەلانترین کاتەکانی داگیرکاریدا بوورین، کە ئەدەبوو مەترسیەکان لەوە گەورەترین. ئەنجومەنی حوکم- کەپێویستە لەسەری یارمەتیدەربێت لەسەرکردایەتی کردنی وڵاتەکەدا لەماوەی ئەم چەند مانگە یەلاکیکەرەوەیەی ئاییندەدا لەخۆشی و ناخۆشیەکاندا- خەریکە هەڵدەوەشێتەوە بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی ئەو ئەندامە سوونانەوە کە پەیوەندیان بە فەللوجەوە هەیە. هەروەك چۆن ئەگەرێکی ڕاستەقینەی ئەوە هەیە کە ئیبراهیمیش واز لەئەرکەکەی بێنێت بەهۆی تووڕەبوونیەوە لەو ڕەوشەی کە لەفەللوجە هەیە. ئەم ڕووداوانەش لەگەڵ ئەنجومەنێکی حوکمی ناتەواودا بەجێمان دەهێڵێت بێ ئەوەی هیچ ئامرازێکی هەبێت بۆ ڕازیکردنی هەر سوونیەکی بەڕێز کە بێتە ناویەوە. بەمەش پێویستە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بەتەنها، بێ نەتەوە یەکگرتووەکان، حکومەتێکی کاتی پێکبهێنێت. بەڵام ئەگەر ئەوەمان بەخێرایی کرد، بۆ پابەندبوون بە بەرواری ۳۰ حوزەیران/یۆنیۆوە، ئەوا ئەو حکومەتەی کە دروست دەبێت لەدیدی عێراقیەکاندا میصداقیەتێکی گەورەی نابێت. ئەگەری ئەوەش نابێت نمونەی ئەم حکومەتە بەردەوام بێت لەجەنگ و خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادە بکات. بۆیە لەدەستدانی ئەنجومەنی حوکم و نەتەوە یەکگرتووەکان پێکەوە واتە لەدەستدانی بەرواری ۳۰ حوزەیران/ یۆنیۆ، بێ ئەوەی هیچ ڕێگەیەکی ڕۆشن و ڕوون هەبێت بۆ زیندوکردنەوەی پرۆسەی سیاسی خاوەن میصداقیەت و

هەر بیرۆکەیەك لەبارەی ئەو ماوەیەوە کە ئەوە دەیخوازێت.

شکستهێنان لەپابەندبوون بە بەرواری ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆوە مەسەلەی ڕێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر و دەستووری کاتی دەهێنێتە نێو خواس و باسەوە، بەتایبەتی ئەو حوکمانەی کە پەیوەندیان هەیە بەهەڵبژاردنەکانەوە. لەدەستدانی بەرواری ٣٠ حوزەیران /یۆنیۆ واتە مەحاڵی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان وەك ئەوەی بڕیارە لە کانونی دووەم/ یەنایەری ٢٠٠٥ دا بەڕێوە بچێت. ئەمەش بەدڵنیاییەوە قەیران لەگەڵ سیستانیدا دروست دەکات کە ڕازیبووە لەسەر ئەوەی جارێکی تر نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداری پێبکرێت، بەم درەنگاندنەش نەبێت نەیزانی کە یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی سەرەڕای بوونی گرفت لەگەڵ هەندێك لەبەشەکانیدا، ئەو بەڵگەنامەیەیە کە تاکە ڕێگەیەك پێشکەش دەکات بۆ بەرەو پێشچوون. ئەو سووربوو لەسەرئەوەی بەوپەڕی خێرایی کە مومکین بێت هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت، بەمەرجێك ئەوە نەگاتە بەراییەکانی ساڵی ٢٠٠٥. بۆیە دەکرێت پێشبینی تەقینەوەیەکی گەورەی شیعە بکرێت ئەگەر ئەم قەیرانەی ئێستا ناچاری کردین بەرواری ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ دوابخەین.

دەرکەوت پرۆسە بەردەوامەکان لەفەللوجە دەبێتە هۆی دارمانی تێکڕای پرۆسەی سیاسی و ناچارمان دەکات گواستنەوەی سەروەریی بۆ عێراقیەکان دوابخەین. من دڵنیا بووم لەوەی کە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی یاخیبوونەکان و کوژرانی ژمارەیەکی زیاتر لەئەمریکیەکان. لەهەمانکاتیشدا، هەستم بەوە کرد کە پێویستە لەسەرمان بەردەوامبین لە پرۆسە سەربازییەکان لەدژی موقتەدا.

نزیکەی کاتژمێر یەکی بەیانی، ڕۆژی هەینی توانیم پەیوەندی بکەم بە شێخ عجیل یاوەرەوەو هانمدا لەسەر ئەوەی واز لەئەنجومەنی حوکم نەهێنێت. پێم ووت، " من دەرك بە مەترسیەکانت دەکەم لەبارەی فەللوجەوە. بەڵام ئێمە پێویستیمان بە دانایی و ڕای تۆکمەو بەهێزی تۆ هەبە لەئەنجومەنەکەدا. هەروەها ئێمە هەڵدەستین بەپێداچوونەوە بە خیاراتە سەربازییەکانماندا".

ووتی، " دەتوانم هەتا سبەینێ چاوەڕوانی بکەم جەنابی باڵیۆز، بەڵام من ڕووبەڕووی فشارێکی گەورە دەبمەوە لەگەڵ گەلەکەمدا".

بەپەلە نامەیەکم نارد بۆ ڕیك سانشێز تێیدا پێمڕاگەیاند کە سوننەکان لەئەنجومەنی حوکمدا داوای هەڵپەساردنی پرۆسەکانیان کردوە بۆ ئەوەی یارمەتی مرۆیی بنێرن و قسە لەگەڵ سەرکردەکانی شارەکەدا بکەن. پرسیاریشم لێکرد ئەو مەرجانە چیە کە سەربازیەکان پێویستیانە



Scanned with CamSc

بۆ ئەوەی ڕازی بن لەسەر هەڵپەساردنی پرۆسە هێرشبەرییەکان. ڕەنگە پێویست بێت لەسەرمان ئەوەی ئەم پێشنیارە پێشکەش بە ئەندامە سوننەکانی ئەنجومەنی حوکم بکەین بۆ ئەوەی کارێك بکەین تا ئەنجومەنەکە هەڵنەوەشێتەوە.

ژەنراڵ سانشێز لەنووسینگەکەی خۆی لەنزیك فڕۆکەخانەوە پەیوەندی کرد. لەو نامەکەمی ئەنجامبووەو ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی من و ئەو و ئەبی زەید پاش نیوەڕۆ لەکۆشك کۆببینەوە. ووتم: " ناتوانین زۆر چاوەڕوانی بکەین. ئەنجومەنی حوکم خەریکە هەڵدەوەشێتەوە".

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك هەواڵی خۆشیش هەبوو لەبەرە سیاسیەکەدا. بلاکویل ووتی کە ئیبراهیمی تۆزێك گەشبینە، دوای ئەوەی دوێنێ چەند کۆبوونەوەیەکی بەرهەمداری لەگەڵ عێراقیەکاندا ئەنجام داوە. بۆب هانی لیبراهیمی دەدا وردەکاری دارشتنی حکومەتە کاتیەکەو بیرۆکەی ڕابگەیەنێت کە پێشبینی دەکات پێش ئەوەی لەهەفتەی ئایندەدا عێراق بەجێ بهێڵێت. ئەوەش پێویست بوو بۆ ئەوەی ئەوە بۆ عێراقیەکان بخەینەڕوو کە ئاراستەی بەرەو سەروەریی هێشتا کراوە سەرەڕای ئەو دوو قەیرانەش کەلە ئێستادا بەرپابوون.

ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی بەیانیان ئەوەیان خستەڕوو هێزەکانی هاوپەیمانان هێرشیان کردۆتە سەر ژمارەیەك لە ئامانجەکانی موقتەدا لەباشور. دەرکەوت کە خەریکە کوت دەگرینەوە. هەروەك چۆن دوو نووسینگەی موقتەدامان لەبەغداد وێرانکردووە. دواجار فشاری ئەناکۆندا دەستی پێکرد.

من و دیك جۆنز لەکاتی خواردنی قاوەی بەیانیدا تێبینیمان کرد، کاتی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتەکە هەندێك پەیوەندیمان پێوە دەکرێت لەلایەن ژمارەیەك لە ناوەندکارەکانەوە ئەوانەی کە ئامادەیی نیشان دەدەن بۆ بەرەو پێشچوون بەمەرجەکانی " چارەسەری سیاسی" بۆ قەیرانی نەجەفدا. لەو بیرۆکانەش کەلەلایەن سیستانیەوە هاتن لەکاتێکی درەنگی دوێنێ شەودا ئەوەیە کە خێزانی ئایەتوڵڵا خوئیی کوژراو داوا لە دادگاکانی عێراقی بکات هەر لێپێچینەوەیەکی دادوەریی لەدژی موقتەدا ڕابگیرێت بۆ دوای ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ. بەڵام ناکرێت ئەم بیرۆکەیە جێبەجێ بکرێت تەنها لەوکاتە نەبێت کە موقتەدا ڕێز لە ڕێککەوتنەکە بگرێت.

لەکاتێکی درەنگی ئەو بەیانیەدا ئەبی زەید و سانشێز هاتن بۆ کۆشك بۆ وتووێژکردن لەبارەی وەستاندنی کاتیی هێرشەکانی سەر فەللوجەوە. دانم بەوەدا نا کە بیرۆکەی وەستاندنی پرۆسە هێرشبەریەکان قورسە بۆ سەربازییەکان ئەوانەی کە پێش چەند ڕۆژێك هانمدان بۆ ئەوەی بەتوندی لەیاخیبووەکان بدەن. بەڵام دەهۆڵ لێدانی بەردەوام لەڕۆژنامە عەرەبیەکاندا ڕەوشەکانی لەسەر

زەمینی عێراق گۆڕی و پێویستە لەسەرمان ئاگامان لەو دەرئەنجامە سیاسیە سلبیانە بێت کە لەئەنجامی بەردەوامبوونی هێرشەکانەوە دەکەونەوە. پێمراگەیاندن کە " ئەنجومەنی حوکم دابەشبووە لەبارەی پرۆسەکانی فەللوجەوە". بەڵام من هەروەها پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی کە ئێمە پێویستیمان بەوەیە بەردەوام بین لەسەر هێرشکردنە سەر هێزەکانی موقتەدا کاتێك لەهەر شوێنێکی دەرەوەی هەردوو شارە پیرۆزەکەدا بیانبینمانەوە.

هەردوو ژەنراڵەکە ووتیان ئەوان دەرك بە دەرئەنجامەکانی بەردەوامبوونی هێرشی سەر فەللوجە دەکەن.

وا دیار بوو دوای کۆبونەوەی دوێنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ژەنراڵ ئەبی زەید ئارام بووبوویەوە.

ئەو مەرجانەیان خستەڕوو کە سەربازیەکان پێی ڕازی دەبن بۆ ئەوەی پرۆسە سەربازییەکانیان لەفەللوجەدا ڕابگرن. ئەم مەرجانەش دەدەینە وەفدێکی ئەنجومەنی حوکم بۆ ئەوەی بیانخاتە بەردەم سەرکردەکانی شارەکەوە: پێویستە شێخەکانی شارەکە ئەو کەسانەمان ڕادەست بکەن کە سەربازەکانیان کوشتووین. هەروەها دەمانەوێت ناوی ئەو جەنگاوەرە بیانیانەمان بدەنێ کە لەشارەکەدان. هەروەها پێویستە لەسەر یاخیبووەکان واز لەچەکەکانیان بێنن. ئەگەر تەقەشیان لێکردین ئەوا وەڵامیان دەدەینەوە. لەکاتژمێر ١٠:٤٥ خولەکدا پەیوەندیم بەحاجمەوە کردو ئەم پێشنیارانەم پێدا.

ووتم، " پێشنیار دەکەم کە بەپەلە ڕایبگەیەنین چونکە نوێژی هەینی نیوەڕۆ دەست پێدەکات".

حاجم ووتی ئەو هەوڵ دەدات یەکسەر پەیوەندی بە میانکارەکانیەوە بکات لەفەللوجە.

بەڕەزامەندی دەربڕینی ئەبی زەیدو سانشێزیش، گروپە هاوبەشەکەمان بۆ کاروبارە گشتیەکان بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیمان ڕاگەیاند کە هێزەکانی هاوپەیمانان لەنیوەڕۆوە دەست بە " هەڵپەساردنی یەکلایەنەی پرۆسە هێرشبەریەکان" دەکات. بەڵام ئێمە پارێزگاری لەمافی خۆمان دەکەین کەلەکاتی هەر هێرشێکدا بەرگری لەخۆمان بکەین و وەڵام بدەینەوە. هەروەك چۆن شەوێکی درەنگی دوێنێ لەسەری ڕێکەوتین " میری زرنگاوەکان" هات بۆ بینینم بەخۆی و بەدعبا خێڵەکیەکەیەوە. ئەبو حاتم لەرووی فیکریەوە شلەژابوو. دوای خستنەڕووی سکاڵا درێژەکان لەبارەی گرفتەکانی باشورەوە، توانیم ڕازی بکەم بەوەی دەست لەکارکێشانەوەکەی بکشێنێتەوە. بەهۆی ئەوەی کە تاکە ئەندامێکە لەئەنجومەنەکەدا دەڵێت پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەموقتەداوە هەیە، ئەو پەیامەم پێڕاگەیاند کە ئێمە دەمانەوێت موقتەدا ڕووبەڕووی یاسا بێتەوەو میلیشیاکەی

هەڵوەشێنینەوە. بەرێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و هەموو مافێکی پێ دەدرێت کەلەیاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا هەیە.

نەبیر حام ووتی، " جەنابی باڵیۆز سبەینێ لەندەن جەف دەبم، پەیامەکەشت بە موفەقدا دەگەیەنم".

پێش کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەشەوێکی درەنگی ئەم رۆژی هەینیدا، پەیوەندیمکرد بە رایسەوە بۆ ئەوەی سەرۆك بۆ هەواڵی ناخۆش ئامادە بکات. ووتم، " رەوشەکە لەفەللوجە باش نیە، ئێمە دەمانەوێت یەکلایەنە هەنگاو بنێین. بەڵام لەوانەیە سەرکەوتوو نەبێت. سونەکان زۆر شڵەژاون، لەوانەیە رووبەرووی شەپۆلێك لە دەست لەکارکێشانەوەی ئەنجومەنەکە ببینەوە. هەروەها ڕەوشی شیعەش زۆر خراپە".

بەڵام دەتوانین بەوپەڕی توندیەوە کە بکرێت بەردەوام بین لەفشارخستنە سەر موقتەدا، بەهیوای ئەوەی بەمەرجەکان ڕازی بێت. هەروەها چەند کەناڵێکمان هەیە بەئاراستەی موقتەدا دا بەڵام هیچ بۆڕکەیەکمان لا نیە لەبارەی ئەوەی لەلایەنی ئەوەوە کێ لەسەر هێڵەکەیە.

کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی درێژو بەئازار بوو.

ژەنراڵ ئەبی زەید بەڕاشکاوی قسەی کرد لەبارەی هەڵوێستی سەختی سەربازیەوە، من ڕاشکاو بووم لەبارەی ئەو فشارە سیاسیە زۆرەی کە هەردوو قەیرانە سەربازیەکە دروستی دەکەن. ووتم، " ئێستا زۆربەی فشارەکان لەلایەنی سونەکانەوەیە. بەڵام ئەگەر ڕەوشەکە بەمشێوەیە لەگەڵ موقتەدا دا بەردەوام بوو، ئەوا مەترسی ئەوە هەیە لەهەر کاتێکدا یاخیبونێکی شیعەش دروست بێت".

سەرۆك و ڕایس و پاول جەختیان کردەوە لەسەر مەسەلەی فشەڵی رەوشی سیاسی. چی ڕوو ئەدات ئەگەر ژمارەیەك لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکم دەستیان لەکارکێشایەوە؟ ئایا کەسانێکمان دەست دەکەوێت کە شوێنی ئەوان بگرنەوە؟

ووتم، " بەکورتی ئەوە " کارێکی ئاسان نیە".

کاتێك کە گەڕاین بەدوای ئەگەری روودانی چەندین دەرئەنجامدا، هیچیان باش نەبوون، ووتم، " ئاوام لەگرووپی ئیدارەی حوکم کرد کاغەزێك دابنێن ناومان نا، ، بیرکردنەوە لەوەی کە ناشێ و ڕێی تێناچێت،".

سەرۆك ووتی ئەگەر رەوشەکە دارمێت و شکست بخوات، ئەوا دەستەیەکمان نایێت کە لە حوزەیران/ یۆنیۆدا سەروەری تەسلیم بکەینەوە. کۆبونەوەکەی بەو قسەیە کۆتایی پێهێنا کە



Scanned with CamScanner

پێویستە لەسەرمان دەست بگرین بە بەرواری ۳۰ حوزەیران/ یۆنیۆوە.

من و ئەبی زەید و سانشێزو بلاکویل بۆ ماوەی نیو کاتژمێری تر قسەمان کرد، چۆن ووتی ئەو لەڕەوشی سیاسی تێدەگات کەئێستا ڕێگە بەوە نادات بەردەوام بین لەهێرشکردنە سەر فەللوجە. باسی ئەوەمان کرد ئایا وەفدێکی ئەنجومەنی حوکم دەتوانێت وەك پێویست ڕەوشەکە ئارام بکاتەوە تا جەزیرە لە گواستنەوەی هەواڵەکان بوەستێت.

ووتم، " دەمەوێت تۆ و سانشێز ئەوە تێبگەن کە ئێمە لەئەنجەفدا هێرش ناکەینە سەر موقتەدا. با لەم حاڵەدا ناکۆك نەبین. بەڵام پێویستە لەسەرمان توندبین لەهێرشکردنە سەر شوێن و ڕێگە دوورەکانی و، ئەو سەربازگانەی مەشق و پەناگانەی کە هەیەتی.

هەردوو سەرۆك ڕازی بوون لەسەر ئەمە.

پاول و رایس پەیوەندیان کرد پێمەوە بۆ ئەوەی لەبارەی ڕەوشی سیاسیەوە نیگەرانی خۆیانم پێڕابگەیەنن، بەبێ ئەنجومەنی حوکم یان دامەزراوەیەکی هاوشێوەی ئەو، تێکڕای پرۆسەی سیاسی شکست دێنێت، لەگەڵیشدا گواستنەوەی سەروەری لە حوزەیران/ یۆنیۆدا.

ووتم، " ئەوە هۆکاری سەرەکیە کە وامان لێدەکات لەفەللوجەدا کەمێك بکشێینەوە". بەڵام ئەوەشم ووت ئێمە بەم کارە تەنها ئەو ڕووبەڕووبوونەوە حەتمیە لەگەڵ یاخیبووە تیرۆریستەکاندا لەوێ دوادەخەین. پێموایە واباشترە ئەوە کاتێك ڕووبدات کە بۆ هەموو خەڵك ڕوونبێتەوە کە ئێمە هەموو هەوڵەکانمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەشێوەیەکی ئاشتیانە خستەگەڕ.

جارێکی تر پاول هاتەوە سەر باسی موقتەدا. " چەند هیواخوازبووم ئێمە پێش شەش مانگ لەدژی موقتەدا هەڵوێستمان وەرگرتایە کاتێك کە جێری ئاماژەی بەئەنجامدانی ڕێوشوێن دەکرد لەدژی. ئێستا پێویستە لەسەرمان کار بۆ ئەوە بکەین کە ئەنجومەنی حوکم و هەموو وڵاتەکە بەرەو هەڵوەشانەوە نەڕوات".

رایس ووتی، " سەرۆك دەرك بەوە دەکات کە ئێمە ناتوانین لێگەڕێین ئەنجومەنەکە یان عێراق هەڵبوەشێتەوە"

شەوی هەینی مەزن بوو پێویست بوو قسە لەگەڵ فرانسیدا بکەم. بەهۆی ئەو ڕۆژو شەوە درێژانەوە لەڕووی جەستەیی و دەروونی و ڕۆحیەوە تەواو شەکەت بوو بووم. سەیری هەر شوێنێکم دەکرد توندوتیژی و شکست دیاربوو. دەرکم بەوە نەکرد کە چەند حەز دەکەم بچمەوە بۆ ماڵەوەو بەشداری لەجەژنی پەڕینەوەدا بکەم. وا من کۆکردنەوەی هەموو خێزانەکە لەو



Scanned with CamSc

ونیەیدا لەدەست دەدەم. هەستمکرد کە لەهەموو لایەکی عێراقەوە وەحشی و تاریکی گەمارۆم دەدات.

پێم راگەیاند " من خەریکە دەروخێم خۆشەویستەکەم"

بەئارامی و پێداگرییەوە ووتی، " ئایا ئەوەت لەبیرە کە پێش ئەوەی لە مایۆ/ئایاری رابردودا بڕۆیت ووت؟ " وا لە ئەرکەکە نزیك دەبمەوە وەك ئەوەی ماراسۆن بێت، دەمزانم دەبێت لەماراسۆنەکاندا چی بکەم، وا دیارە تۆ خۆت بەدیوارەکەدا کێشاوە"

بەدوونە بەقسەکەی قایل بووم ، " هەروەها هەست بەوە دەکەم"

پاشان بەردەوام بوو ووتی، " پێشتر لەماراسۆنەکاندا بەر دیوار کەوتویت، دەشزانیت تاکە شتێك کە پێی هەڵدەستیت ئەوەیە کە ورە بدەیتە بەر خۆت و هەنگاو بەهەنگاو بەردەوام بیت لەرۆیشتن بۆ پێشەوە"

قایل بووم بەقسەکانی و هەستم بەلاوازی دەکرد.

"هەروەها بیر لەوە بکەیتەوە کە هەمووان ئێستا چاویان لە سەرکردایەتی تۆیە"

"هەوڵ ئەدەم. داوا لەخواش دەکەم هێزم پێ ببەخشێت".

"توانات پێدەبەخشێت جێری. ئێستا برۆ بۆ ناو جێگە. خۆشم دەوێت"

"هەروەها منیش خۆشم دەوێت".

لەبەیانی رۆژی دواتردا، کوڕەکەی سیستانی نامەیەکی ناردبوو ئایەتوڵڵا بیگەرانە لەوەی کە ئێمە هەستین بە هێرشکردنە سەر نەجەف وەك ئەوەی لەفەللوجە کردمان. ئایا ناکرێت دادگایکردنی جێگرەکەی موقتەدا بوەستێت تا حکومەتێکی خاوەن سەروەریی بەرپا دەبێت؟

لەوەڵامەکەمدا ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە ئێمە هەروەها دەمانەوێت خۆمان لەڕشتنی خوێن لابدەین. بەقوبییش لەدەستی پۆلیسی عێراقیدایە. بەڵام بەنسبەت موقتەداوە، بیرمکردەوە کە ئێمە نامەیەکمان بۆ ناردووە لەڕێگەی چەند کەناڵێکەوە کەئەگەر خۆی تەسلیم بەدەسەڵاتی عێراقی کرد، ئەوا گرەنتی ئەوەی بۆ دەکەین بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە شایستەی ئەوێت. " ئێمە نامانەوێت بیکوژین یان زەبوون و زەلیلی بکەین، بەڵکو ئێمە دەمانەوێت لەپێناو قوربانیەکانیدا و عێراقی دیموکراسی نوێدا کە هەوڵ بۆ بونیادنانی دەدەین دادپەروەریی بەدی بێت".

لەوانەیە سیستانی و هاوەڵەکانی رێگەیەك بدۆزنەوە بۆ دەرکردنی فیلەی هەڵێنتە گەرموو گوڕسەندووەکە لەهەردوو شارە پیرۆزەکەدا، بەڵام گومانم هەیە لەوە.



Scanned with CamSc

پاشا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، تەلەفۆنمکرد بۆ ئەوەی بەڕاپس ڕابگەیەنم کە جەژنی تیەڕینی لای خێزانی بوش بەسەر دەبرد لەتەکساس. دوای ئەوەی قسەمان کرد، سەرۆك هاتە سەر هێڵەکەو ووتی. "
بڕێمەر حاڵت چۆنە"؟

" باشە جەنابی سەرۆك".

ووتی، " لەسالی ڕابردوودا پێمووتیت من پیاوێکی بەهێزم دەوێت بۆ کارێکی سەخت و گران، ئێستا زانیم کە ئەو کەسە گونجاوەم لایە. ئێمە دەزانین کە هەندێك ناسەنگی و نارەحەتی دەبن، من زێز لەو ڕەقی و پتەویە دەگرم کە تۆ لەم قەیرانەدا دەیخەیتەڕوو".

ووتم، " سوپاس جەنابی سەرۆك. فرانسی هاوشێوەکردنی وڵاتێکی نەخۆش بەکاردەهێنێت کە برینێکی زۆر ژەهرای تێدایە. ئێمە هەوڵدەدەین ژەهرەکە ڕابکێشین بۆ ڕووی سەرەوە، ئەمەش پێویستە بکرێت تا نەخۆشەکە چاکبێتەوە، بەمەش سەرکەوتوو دەبین".

" هیچم نیە جگە لەقایل بوون لەسەر ئەوە بڕێمەر. جەژنێکی پیرۆز".

لەوتاری هەفتانەی ڕادیۆیدا، سەرۆك بوش ئیدانەی" ئەو دەستە بچوکەی کرد کە هەوڵدەدات دیموکراسیەتی عێراقی لەئاراستەی خۆی لابدات و دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت". پێداگریشی کرد کە ئێمە لە ٣٠ حوزەیران /یۆنیۆدا سەروەریی دەگێڕینەوە بۆ عێراق.

لەکۆبونەوەی دواتری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا لەپاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا، ئەبی زەید ووتی ڕەوشەکە لەناوچە سونیەکاندا زۆر خراپترە لەوەی پێشبینیکراوە. " پێویستە لەسەرمان ژمارەیەکی زیاتر لە ئەفسەرەکانی ڕژێمی پێشوو بگێڕینەوە".

پاول وەڵامی ئەوەی دایەوەو ووتی، " من پێویستم بە عەقیدو لیواکان نیە، بەڵکو هەندێك لەوانەم دەوێت کە پێشکەوتوون و شارەزاییەکیان هەیە لە سەرکردایەتیکردنی هێزەکاندا".

پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی کە " ئێمە ئەگەر کەسێکمان گێڕایەوە پێویستە بخرێتە ژێر پشکنینێکی وردەوە. پێویستە لەسەرمان ئەوەمان لەیادبێت کە بەتایبەتی کوردەکان و شیعەکان لەنزیکەوە چاودێری هەموو شتێك دەکەن.

ئەبی زەید دانی بەو مەترسیانەدا نا ئەگەر شیعە وا بۆ ئەم جۆرە هەنگاوانە بڕوانن کە هەوڵێکن بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی سوپای صدام.

سەرۆك ووتی، " من و جێری لەو بەیانیەدا باسی ئەوەمان دەکرد کە ژەهرێکی زۆر هەیە لە ڕژێمەکەداو ئێستا خەریکە دێتە دەرەوە. پێویستە وا نەکەین عێراقیەکان دوودڵ بن لەبەرەو پێشچوون. ئەوان هێشتا دەترسن لەوەی نەتوانین لەسەر ڕەوت و ئاراستەی خۆمان بمێنینەوە.



Scanned with CamSc

...نێکت هەڵبژاردن و خیار نیە، دوای تێپەڕاندنی ئەم ماوەیە عێراقێکی زیاتر سەلامەتمان دەبێت". پۆل برێمەر

دوای پاسکردنی فەللوجە، بەوە کۆتایی پێهێنا، "ئێمەو هەروەها عێراقیەکانیش لەژێر

هەڕەشەکردنەوەداین. ئەوان ئازادیان دەوێت. پێویستە لەسەر هەمووشمان کە توندو پێداگرو زیرەك

بین."

کاتێك گەیشتمە نوسینگەکەم، لەسەر مێزەکەم چاپکراوێکی هەواڵیم بینیەوە: موقتەدا تازە بانگەوازێکی ڕاگەیاندووە بۆ شۆڕشێکی میللی کە هەموو تایفەو ڕەگەزەکان بگرێتەوە.

لەڕۆژانی دواتردا، ڕەوشەکە زۆر بەمەترسیداری مایەوە. مارینز پارێزگاریان لەوە کرد لەدەرەوەی ناوەندی فەللوجەوە بمێننەوە، بەڵام تەقەیان لەیاخیبووەکان دەکرد ئەوانەی کە پێویست بەزەبری هێز بچنە دەرەوە. هێزەکانی هاوپەیمانانیش فشاریان دەخستە سەر سوپای مەهدی لەناوچە شیعەکاندا، جگە لە هەردوو شارە پیرۆزەکە.

لەدەرئەنجامەکانی قەیرانە دوانگیرەکە ئەوە بوو کە بەرەوپێشچوونێکی کەم لەدانوستانەکان سەبارەت بە میلیشیاکان بەدی هاتبوو کەماوەی چەند مانگێکە دەیڤد گۆمپرت بەئارامیەوە لەگەڵیدا خەریکە. گۆمپرت ئەوەی باسکرد کە ستراتیژیەتی ئەناکۆندا دوو کاریگەری هەبووە: پەیامێکی ڕوونی نارد بۆ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق کە ئێمە ئامادەین هێز لەدژی میلیشیایانە بەکار بێنین کە لەدەرەوەی چوارچێوەی یاساوە پەرە بەچالاك بوونی خۆیان دەدەن؛ هەروەها یارمەتیدەر بوو لە ڕوونکردنەوەی ئەوەدا کە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق ئەوە بزانێت کە میلیشای موقتەدا لەڕوویدا ئاوەستێتەوە ئەگەر ڕازی بوو لەسەر ئەوەی فەیلەقی بەدر لەناو سوپای نوێ عێراق و هێزە ئەمنیەکاندا تێهەڵکێش بکاتەوە. هەروەها عەبدولعەزیز حەکیمی سەرکردەی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراقیش دەرکی بەوە کرد کەئێمە دژ بەهەڕەشە هاوبەشەکە لەگەڵیاندا پێکەوە کاردەکەین.

لەهەمانکاتدا، کوردەکان بەوە ڕازی بوون کە ئێمە نامانەوێت بەتەواوەتی پێشمەرگە نەمێنێت بەڵام دەمانەوێت ئەوان بەژمارەی زۆرەوە بچنە ناو هێزەکانی حکومەت بۆ فەراهەمکردنی ئاسایش لەکوردستانی عێراق و شوێنانی تریش. کاتێکیش کە گۆمپرت پێشنیاری کرد نزیکەی ٣٥,٠٠٠ پێشمەرگە وەك هێزی بنبڕکردنی تیرۆرو هێزەکانی وەڵامدانەوەی خێرا بەسەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێن (وەك ئەوەی لە دەقی یاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا هاتووە)، کوردەکان لەسەری ڕازی بوون.

کاتێکیش کەوا کوردەکان ڕازی بوون، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیش لەعێراق ئەوانیش



Scanned with CamSc

بەهەمانشێوە ڕازی بوون. بەڵام من و گۆمبرت ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە ئیمزاکردنی گروپەکان لەسەر پرۆسەی سەرلەنوێ تێهەڵکێشکردنەوە گرەنتی ئەوە ناکات کە بەکردەوە ئەو کارە بکەن، پێشمڕاگەیاند، " زۆرێك لەگۆڕانە نادیارەکان هەیە بەنسبەت ئەوانەوە بۆ ئەوەی واز لە هێزەکانیان بێنن، پێش ئەوەی ئاراستەی کاروبارەکانیان بۆ ڕون بێتەوە".

لەیەکێك لەشەوەکاندا لەکاتی هێرشێکی موشەکیدا بۆ سەر ناوچەی سەوز، من و بلاکویل لەپەناگەکەدا بووین. پێمڕاگەیاند کە ئێمە خەریکە دەگەینە " چارەسەرێك" بۆ هەردوو گرفتی فەللوجەو موقتەدا، بەڵام بەشێوازی هەڵگرتنی گرفتەکان بۆ ئەوەی لەکاتێکی دواتردا چارەسەریان بکەین. ووتم، " پێویستە لەسەرمان جارێکی تر لەفەللوجە بجەنگینەوە. موقتەداش لەژێر چاودێریی ئێمەدا دادپەروەری نابینێت".

بۆب وەڵامیدایەوە کە دواخستنەکە باشترە لە شۆڕشێکی بەرفراوان بەسەر داگیرکەردا.

ئێمە رۆژانە لەگەڵ ئیبراهیمیدا قسەمان دەکرد لەبارەی شێوەی حکومەتە کاتیەکەوە. لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دەستمان کرد بە هەڵسەنگاندنێکی کاتی سەبارەت بە سەرکردەکانی ئەو حکومەتە کە بەلامانەوە باشن. ماوەی چەند مانگێکە هەستم بەوە دەکرد کە ئیاد عەللاوی لەوانەیە کەسێکی باش بێت بۆ سەرۆك وەزیران. هەروەها من و بۆب بینیمان عەللاوی لەهەموو هاوڕێکانی تری ڕەقترە. عێراقێکیش کە تازە سەروەریی بەدەست هێنابێتەوە پێویستی بەسەرکردەیەکی ڕەق و پتەوە. بەڵام من نەمویست چانسەکانی عەللاویی بەپاڵاوتنی لەناوبەرم. هیوام خواست کە ئیبراهیمی دواجار لۆژیکی ئەم هەڵبژاردنە ببینێتەوە، سەرەڕای ڕێکەوتنی من و بلاکویل کەلەوانەیە نارەزایی دەربڕێت لەسەر دیاریکردنی پیاوێك کە ناسراوە بەوەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکیدا. ئەوەش مەسەلەیەکی قورس دەبێت ئەوکاتەی کە ئیبراهیمی لە ئایار/ مایۆدا دەگەڕێتەوە بۆ عێراق. لەڕاستیدا سەرەکیە نادیارەکانی تریش ئەوەیە کە ئایا بەهۆی ئەوەی عەللاویی کەسێکی عەلمانیە سیستانی ڕەتیدەکاتەوە یان نا.

لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کەبەهۆی ڕۆشتیەوە لە ١٥ نیسان /ئەپریلدا سازیکرد ئیبراهیمی پلانەکەی خۆی ڕاگەیاند ئەو داوای بونیادنانی حکومەتێکی عێراقی کرد لە کۆتایی ئایار/مایۆدا لەگەڵ سەرۆکێك و دو جێگیریداو، سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان. ئەو حکومەتەش مانگێك کاتی پێدەدرێت " بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی حکوم کردنی وڵات لەئەستۆ بگرێت". هەروەها داوای کرد لەهاوینیدا کۆنگرەیەکی نیشتمانی سازبکرێت بۆ ئەوەی "ئەنجومەنێکی



Scanned with CamSc

ڕاوێژکاری " دیاری بکرێت.

بەڵام ئیبراهیمی باسی لەوە نەکرد کە چۆن ئەو حکومەتە نوێیە پێکدەهێنرێت. لەڕێگەی کۆنگرەی ناوچەکانەوە دیاری دەکرێت یان ئەنجومەنی حوکم هەڵیدەبژێرێت. بەڵام ڕوون بوو حکومەت دەردەکەوێت وەك چۆن ئەنجومەنی حوکم بەدیارکەوت، لەڕاوێژکردنە فراوانەکانی نێوان عێراقییەکان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان.

ئیبراهیمی سەرنجی بۆ تێبینییەکی من ڕاکێشا کە ووتبووم، " یەکێتیی عێراقی دەستورێکی دەوێت کە هەموو ڕەنگە جیاوازەکانی عێراق بتوانن پشتیوانی لێبکەن. لەبنەما جەوهەرییەکانیش بۆ دیموکراسیەت ئەوەیە کە دەستور حوکم بداتە دەست زۆرینە لەگەڵ پاراستنی مافی کەمینەکاندا".

لەڕۆژانی دواتری داهاتوودا، بیس و ئەبی زەید لەدەستەی سەرکردەی ئەرکانی هاوبەش بەردەوام بوون لەفشار بەکارهێنان لەپێناو دەستپێکردنەوەی پرۆسە هێرشبەرییەکان لەفەللوجە. بەمەش ئەوە بوو کە ئەبو زەید دەیویست ئەنجومەنی حوکم ڕەزامەندی لەسەر دەربڕێت. پێڕاگەیاندن، " ئەوە ڕێگەیەکی باشە بۆ چارەسەرکردنی ئەنجومەنی حوکم بەشێوەیەکی کۆتایی".

هەروەها سەربازییە ئەمریکییەکانیش بەردەوام بوون لەسەر بەرەوپێش بردنی بیرۆکەی " گێڕانەوەی" هەندێك لەئەندامەکانی سوپای پێشووی صەدام. لەکۆبونەوەیەکی لیژنەی وەزاریی بۆ ئاسایشی نیشتمانی لەناوەڕاستی نیسان/ ئەپریلدا، ئەبی زەید ئاماژەی بە پێویستی قوچەکێدنی سەرکردایەتی عێراقیی کردو پێشنیاری کرد هەندێك لە ئەفسەرە گەورەکانی پێشوو بەکاربهێنرێت. عەلی عەللاویی وەزیری بەرگریی هەڵوێستێکی توندی نواند بەوەی پێویستە هەموو ئەفسەرێك کە دەگەڕێترێتەوە بەووردی پشکنینی بۆ بکرێت، ووتیشی، " گونجاو نیە لەماوەی شەو ڕۆژێکدا لیوایەك لەسوپا بانگهێشت بکرێتەوە".

کاتێکیش کە سانشێز لەکۆبونەوەی دواتریدا لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم، باسی لەوە کرد کە بەنیازە "چەند" ژەنراڵێکی سوپای پێشوو بانگ بکاتەوە، ژمارەیەك لەئەندامەکان، لەناویشیاندا تاڵەبانی، هەڵوێستێکی توندی، نواند سەبارەت بەوەی کەپێویستە ئەو جۆرە هەنگاوانە " بەشێوەیەکی وورد پێ دۆسیەکانیان بپشکنرێت". ئەوە هێشتا مەسەلەیەکی زۆر هەستیار بوو.

ڕامسفێڵدو ڕایس بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوو پێداگرییان کرد لەسەر پێویستی ڕاگەیاندنی چەند هەنگاوێکی بەپەلە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکەدا. بیرۆکەکەش ئەوە دەخوازێت کە من لە ئاهەنگێکدا کە ئاراستەی میللەتی دەکەم ئەمە ڕابگەیەنم. بەڵام مشتومڕ ماوەی هەفتەیەك بەردەوام بوو سەبارەت بەوەی کە پێویستە بیڵێم. ئایا ئەندامەکانی سوپا بانگهێشت بکەینەوە؟ ئایا سیاسەتی



Scanned with CamScanner

ڕیشەکێشکردنی بەعس هەڵوەشێنینەوە، وەك ئەوەی کە لەواشنتۆن کەسانێك هەن و ئەمەیان دەوێت؟

بەبیری ئەوانی ترم هێنایەوە کە عێراق وەك یاریەکی فرە خاڵ و ڕەهەند وایە. پێویستە لەسەرمان کە کوردەکان و شیعەکانیش فەرامۆش نەکەین. بانگهێشتکردنەوەی گەورە ئەفسەرەکانی سوپای پێشوو گیروگرفتەکانمان چارەسەر ناکات. هەروەها چوونە ناو فەللوجەش بەزەبری هێز- تا سەرکردایەتیەکی عێراقی بەهێزمان دەست نەکەوێت کەپشتیوانی لەم هەنگاوانە بکات. هەروەها ئەوەم بەبیرهێنانەوە کە گرفتی ڕیشەکێشکردنی بەعس سیاسەت نیە بەڵکو ئەو ڕێگەیەیە کە لیژنەی ڕیشەکێشکردنی بەعسی سەر بەئەنجومەنەکە گرتویەتەبەر لەجێبەجێکردنی سیاسەتەکەدا. بەتایبەتی بێبەشکردنی دەیان هەزار کەس لەو مامۆستایانەی کە ناچارکرابوون بچنە ناو حزبەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە بوارەکەی خۆیاندا دابمەزرێنرێن و مومارەسەی پیشەکەی خۆیان بکەن. ئەوەش زۆر زیاتر لەنیازی ئێمە لەسیاسەتی سەرەتاییمان تێپەڕیکرد. بەهۆی ئەمەشەوە منالآنی عێراق دەبێت باجەکەی بدەن. بەلأم ڕەخنەگرتن لە ڕیشەکێشکردنی بەعس پەرچەکردارێکی بەهێز لەلایەن شیعەوە دروست دەکات.

گەرمای توندی هاوین گەڕایەوە بۆ بیابان. لەسەر ڕێگاکانی دەوروبەری فەللوجە و شەقامەکانی نەجەفدا، لەکاتێکدا کەوا سەربازەکانمان و پیاوانی مارینز چاوەڕوانیان دەکرد، شەپۆلە گەرمیەکان لەشۆستە و شەقامە قیرو کۆنکریتیەکانەوە بەرز دەبۆوە. فرقەی یەکی مارینز چەند دەورەیەکی ئەزموونی نارد بۆ فەللوجە. بەلأم تەقەکردن پچڕ پچڕبوو. بەگشتی ڕاگرتنی نافەرمیی تەقەکردن خۆڕاگربوو. ماوەی دە ڕۆژ بوو لەوێ هیچ سەربازێکی مارینزمان لەدەست نەدابوو. بەلأم فەللوجە ئارام نەبوو. یاخیبووەکان بەپشتیوانی جیهادیە بیانیەکان بەردەوام بوون لەتەقەکردن لەمارینزو هاوپەیمانە عێراقیەکانی. کەتیبەی فەیلەقی سی و شەشی بەرگریی نیشتمانی عێراقی دوای دوو ڕۆژ لە ڕێکخستنەوەیان، بەلأم ئامادە نەبوو فەرمانەکان جێبەجێ بکات.

ڕاگرتنی تەقەکردن وورده وورده لە فەللوجە جێگیربوو. لە ١٦ نیسان/ ئەپریلدا ئەبی زەید پەیوەندی کردو ووتی، " بڕوام وایە کە بوارێکمان هەیە بۆ ووچاندان لەفەللوجە. قسەم لەگەڵ کونوای کردو ئەو ڕازیە لەڕەوشەکە".

بەلأم ڕەوشی ئەمنی بەشێوەیەکی گشتی ڕووی لەئاڵۆزیی کرد. یاخیبووەکان هێرشەکانیان بۆ سەر بۆرییە نەوتیەکان زۆرکرد، حکومەتیان لەداهاتەکانی بێبەشکرد. کاروانە سەربازییەکانیشمان بەشێوەیەکی زۆر ڕێکخراو وەك ئەوەی کە من لە ١٧ نیسان/ ئەپریلدا فەرمانێك دەربکەم بۆ



Scanned with CamSc

دابەشکردنی خۆراك بە پشك لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانندا. لەوەش قەڵەمبازێك بوو لە هێرشەکان لە گەڕەکەکانی ئەبوغریبی خۆرئاوای بەغدا کە سوننەکان کۆنتڕۆڵیان کردبوو، راپۆرتە هەواڵگرییەکانیش ئاماژەیان بەبوونی پلانگەڵێك دەکرد بۆ هەستان بە ڕاپەڕینێکی هەرە گەورە لە بێجی و تکریت و موصل.

لە ٢١ نیسان/ ئەپریلدا، پێش بەستنی کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کەبڕیاربوو لەکاتێکی دواتری ئەمڕۆدا ببەسرێت، کۆندۆلیزا ڕایس پەیوەندی کردو پرسیاری لەڕای من کرد سەبارەت بەفەللوجە. " ئەی چی دەبێت ئەگەر سەرۆك فەرمانی کرد هێرشێکی گشتگیری بکرێتە سەر"؟

وتم، " من هەست بە یەکدادان دەکەم. پێویستە لەسەرمان زوو بێ یان درەنگ بگەڕێینەوە بۆ ئەوێ و ئەو کەسانەی لەوێن دەستگیریان بکەین. بەڵام بەڕاشکاوی دەڵێم، پێویستە لەسەر سەرۆك ئەوە گریمانە بکات ئەگەر ئێستا فەرمانی هێرشکردنی دەرکرد، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی دارمانی تێکرای پرۆسە سیاسیەکە". هەروەها پێمڕاگەیاند کە ئەوە ڕای هەمووعانە لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان. لەناویشماندا بلاکویل، سەرەڕای ئەوەش پێویستە بزانین کە ئێمە تەنها لەوێ لێچینەوەکە دوادەخەین. بەڵام زۆر باشترە ئەو لێپێچینەوەیە بخرێتە دوای بونیادنانی حکومەتی عێراقی، بەهیوای لەوەی هێزەکانی ئاسایشی عێراقی باشتر مەشقیان پێبکرێت تا لەپرۆسەکەدا بارمەتیدەربن. ووتیشم، " هیچ هەڵبژاردنێکی باشتر نیە".

"ئەی چی سەبارەت بە موقتەدا صەدر"؟

" بەنسبەت موقتەداوە، پێموایە کە ئێمە لەسەر ڕێگە ڕاستەکەیان. ئەو فشارەی کە بەهۆی ستراتیژیەتی لەناکۆنداوە بەرهەم هاتووە وادیارە سەرکەوتووبووە، ئێمە پەیامی ئەوەمان پێدەگات کەئەو دەیەوێت بکشێتەوە. هەروەك چۆن خەڵکی نەجەف زۆر لەوە دەترسن کە ئێمە هێرش بکەینە سەر هەردوو شارە پیرۆزەکە". هەروەها پێمڕاگەیاند کە من ناتوانم وێنای ئەو ڕەوشە بکەم کە بخوازێت لەسەرۆك فەرمان بکات ئەو جۆرە هێرشە ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوەشم ووت ، " ئەمەوێت بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەوە ڕابگەیەنم کە هێرش ناکرێتە سەر دوو شارە پیرۆزەکە چونکە ئەو فشارەکە لەسەر شیعەکان سووك دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ موقتەدادا".

لەکۆبونەوەی تەلەفزیۆنی دواتری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا، ژەنراڵ ئەبی زەید راپۆرتێکی بوختی پێشکەش کرد لەبارەی ڕەوشی فەللوجەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوان لەماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا پلانێکیان هەیە بۆ جوڵانەوەیەکی یەکلاییکەرەوە لەدژی یاخیبووەکان. سەرۆك



Scanned with CamSc

پرسیاری لەبارەی ئەو زەروورەتەوە کرد کە دەخوازێت ئێستا دەست بەجوڵانەوە بکرێت. بۆچی چاوەڕوانی ناکەین بۆ ئەوەی ڕێگە بدەین لەوێ ڕەوشی سیاسی پەرە بسێنێت و بچێتە پێشەوە؟ ئەبی زەید ووتی دەکرێت پرۆسەکە چاوەڕوانی بکات، سەرەڕای ئەوەی نمایشکردنی هێز لەقۆناغێکدا گرنگە. هەروەها سەرۆك نیگەران بوو لە مەترسیەکانی ڕوودانی پەرچەکرداری فراوان لەدژمان لەناوچەکانی تری عێراق لەکاتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ فەللوجەدا.

سەرۆك بوش بەڕوونی دەرکی بەو مەترسیانە دەکرد کە فەللوجە لەسەر پرۆسەی سیاسی دروستی دەکات بەتایبەتی لەسەر گواستنەوەی سەروەری لە ٣٠ حوزەیران/یۆنیۆدا. " جێری ناتوانێت بۆ ماوەی دە ساڵ لەوێ بمێنێتەوە".

ووتم، " چەند ماندووم لێرە درێژە بکێشێت کەمەندکێشیم بۆ بیرۆکەی گێڕانەوەی سەروەری بۆیان بەوپەڕی خێراییەك کە مومکین بێت زیاتر دەبێت ".

سەرۆك بەم قسەیە زۆر پێکەنی، پاشان بێ ئەوەی هیچ گوزارشتێك لەڕوویدا بەدیار بخات ووتی، " ئەگەر کاروبارەکان ڕوویان لەباشور کرد ئەوا پێویستە لەسەرت ساڵێك یان دوو ساڵی تر بمێنیتەوە".

" لەم حاڵەتەدا جەنابی سەرۆك پێویستە تۆ ئەوە بەفرانسی ڕابگەیەنیت، چونکە من پێی ناڵێم".

" بەفرانسی ڕاناگەیەنم".

وەڵامدایەوەو ووتم، " دەبێت تۆ ئەوە بکەیت چونکە من ناوێرم".

لەڕۆژی هەینی ٢٣ نیسان/ئەپرێلدا، قسەم بۆ گەلی عێراق کرد. ئەو وتارەی کە داوای، " هەڵدانەوەی لاپەڕەکەی" دەکرد، گرنگترین ئەو وتارانە بوو کە دەیاندەم. تێیدا هەوڵمدەدا یارمەتی عێراقیەکان بدەم بۆ بینینی ئەودیوی توندوتیژی و نەبوونی دڵنیایی کە ئێستا ئەم دووانە هەژموونیان کردووەو، بۆ ئایندەیەکی باشتریش بڕوانن.

دوای ئەوە باسی ئەوەم کرد پێویستە هەموو عێراقیەك ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرێت کە دەیگرێتەبەر، ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە وەزیری بەرگری عێراقی بەمدواییە چەند ئەفسەرێکی سەربازیی گەورەی دامەزراندووە دوای ئەوەی بەووردی لەدۆسێکانیان کۆڵراوەتەوە تا سەرکردایەتی هێزە ئەمنییەکانیان پێ بسپێرێت. هەروەها داوام لەخەڵکی فەللوجە کرد بۆ " ئەوەی پشتیوانی لەدەسەڵاتە شەرعیە عێراقییەکان بکەن" بۆ کۆتایی هێنان بەقەیرانەکە. هەروەها بەرنامەیەکی حەبەویم ڕاگەیاند بۆ خستنەڕووی زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو گیراوە عێراقیانەی کە لای ئێمە بەندکراون.



Scanned with CamSc

هەروەها قسەمکرد لەبارەی گرفتی هەستیاری ڕیشەکێشکردنی حزبی بەعسەوە. ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە ئەو سیاسەتەی لە ئایار/مایۆدا ڕامانگەیاندووە هێشتا کاری پێدەکرێت لەدژی سەرکردە باڵاکانی حزب کە تەنها لە ١٪ پێکدەهێنن. بەڵام لیژنەی ئەنجومەنی حوکم بەشێوەیەکی خراپ سیاسەتەکەی بەڕێوە بردووە. بۆیە دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ وەزیری فێرکردندا، من و ئەو بڕیارماندا کە نزیکەی دە هەزار مامۆستا بگەڕێنینەوە بۆ سەر کارەکانیان. ئەوانەی کە بەهۆی ئەوەی ئەندام بوون لەحزبی بەعسدا لەکارەکانیان دورخراونەتەوەو هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەداوە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك لەڕاپۆرتە ڕۆژنامەییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو ئێمە سیاسەتمان لەبارەی ڕیشەکێشکردنی بەعسەوە گۆڕیوە. بەڵام ڕەوشەکە بەو شێوەیە نەبوو.

وتارەکەشم بە چەند ووشەیەکی هاندان کۆتایی پێهێنا:

لەماوەی دە هەفتەی ئایندەی پێش گواستنەوەی سەروەریدا بۆ عێراقیەکان زۆر شت ڕوو دەدات. لەماوەی ڕۆژان و مانگەکانی ئایندەدا، هاوپەیمانان لەگەڵ ئێمەدا کار دەکەن لەپێناو فەراهەمکردنی ئارامی و دادپەروەری و بوژانەوە بۆ هەموو عێراقیەکان.

نوەی ئەم عێراقە مێژووی شکۆدار دەکات، مێژووی مەزن و کۆن کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شارستانیەت

نوەی ئەم عێراقە ڕێز لەو نەوانە دەگرێت کە پێش ئێوە کەوتن

نوەی ئەم عێراقە خزمەتی ئەو نەوانەش دەکات کەلە دوای ئێوەوە دێن.

نوەی ئەم عێراقە عێراقیەکان دەخاتە سەر ئەو ئاراستەیەی کەبەرەو سبەینێکی هیوا پێخوازراویان دەبات.

بەرجەکردارەکان لەسەر وتارەکە تێکەڵاوبوون. سوونە پێشوازیان کرد سەبارەت بە پێداگریی لەسەر فراوانکردنی بنکەی سیاسی و بونیادنانی قوچەکیەتی سەرکردایەتی سەربازیی عێراقی. شیعەکانیش بەتوندی سکاڵای ئەوەیان کرد کە ئێمە "خیانەتمان کردوە" لەبنەماکانی ڕیشەکێشکردنی بەعس. ئاماژەم بەوە دا من بەراشکاوی ووتم کە ئەمە سیاسەتی ڕاست و دروستە بۆ عێراق، بەڵام پێویستی بە جێبەجێکردنێکی باشتر هەیە. چەلەبیش ووتی کە پێشنیارەکەم لەبارەی مامۆستاکانەوە وەك ئەوە وایە ئێمە ڕێگەمان بە نازییەکان دابێت بۆ ئەوەی بۆ حکومکردنی ئەڵمانیا بگەڕێنەوە.

لەڕۆژی دواتردا، بڕیارمدا لەگەڵ ئەبی زەیدو سانشێزدا گەشتێك بۆ فەللوجە بکەم بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕەوشی ئەوێ بەسەربکەینەوە. دیك و جۆن و ڕۆن شلیشر بەرپرس لە وەزارەتی



Scanned with CamSc

دەرەوە بۆ ماوەی دە رۆژ کاریان لەگەڵ عەشایەرە ناوچەییەکان و سەرکردەکانی شارۆچەکەدو وەفدی ئەنجومەنی حوکمدا کردبوو بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ قەیرانەکە بدۆزرێتەوە

کاتێك کەلەگەڵ ژەنراڵ کۆنوایدا کۆبوینەوە، رێکەوتین لەسەر ئەوەی چەند رۆژێك رێگە بە شێخەکانی ناوچەکە بدرێت بۆ ئەوەی بگەنە شتێك لەگەڵ یاخیبوەکان کەلەناو شارەکەدا خۆیان شاردبۆوە. دوای ئەوەش، ئەگەر کۆنوای توانی هەندێك لە پۆلیسی عێراقی کۆبکاتەوە، ئەوا مارێتز دەست دەکات بە سوڕاندنەوەی چەند مەفرەزەیەکی ئەمریکی و عێراقی هاوبەش لەشارەکەدا.

بەڵام دەرکەوت کە شێخە ناوچەییەکان جێی هیوا نین، بە سانشێزو جۆنزم راگەیاند ئەوان دەیانەوێت لێمان " فەللوجەیان تەسلیم بکەین"

لەبەیانی رۆژی ٣٠ نیسان/ ئەپریلدا، دان سینۆ بەخێرایی هات بۆ نوسینگەکەم

ئەو کە خەریکی تێبینیکردنی تەلەفزیۆنەکە بوو لەسەر کەناڵی سی ئێن ئێن ئەنتەرناشیونال ووتی " جەنابی باڵیۆز پێویستە سەیرێکی ئەمە بکەیت"

لیوایەکی عێراقی بەدیارکەوت کە جلی سەربازیی سەوزی تاریك و کڵاوێکی پاسەوانانی کۆماریی سەر بە صەدامی لەسەردابوو کە چواردەوری بەژمارەیەکی زۆر لە گەنج و لاو گیراوبوو لەناو گۆرەپانێکی بەرخۆردا گۆرانیان دەووت و خۆشیان دەردەبڕی

دان ووتی، " ئەمڕۆی فەللوجە. ئەو پیاوە ناوی لیوا جاسم محمد ساڵحە. ئەو کەسەیە کە مارێتز هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی ئەوە بکات کە ناویان ناوە " لیوای فەللوجە".

پرسیم، " چی ڕوو دەدات"؟

تا ڕادەیەك یەکسەر زەنگی تەلەفۆنە پارێزراوەکە لێیدا. ژەنراڵ ئەبی زەیدبوو لەدۆحەوە تەلەفۆنی دەکرد. " ئایا هەواڵەکانت بیبی جێریی؟ ناتوانم بڵێم ئێمە دەیبەینەوە یان دەیدۆڕێنین" و پێکەنی. دڵخۆش نەبووم ئەوەشم پێراگەیاند.

بۆمان دەرکەوت کە مارێتز لەسەر پێداگریی بەڕێوەبەری هەواڵگریی عێراقی، لیوا محمد ئەلشەحوانی، لەڕوکەشدا، بڕیاریان داوە، مامەڵە لەگەڵ فەللوجەدا بکەن بەهێنانەوەی لیوایەکی پێشوو لەسوپاو رێگەیان پێداوە هاوەڵەکانی پێشووی بهێنێتەوە بۆ ئەوەی " لیوا" یەك پێك بهێنن. بەپێی پلانەکەی مارێتزیش، ئەم گروپە هەڵدەستن بە پاراستنی ئاسایش لەشارەکەدا بەمەرجێك مارێتز ڕازی بێت پاشەکشەی لێ بکات. گریمانە سەرەکیەکەش ئەوەیە لیوا عێراقیەکە کە پێکهاتووە لە ٣,٠٠٠ هەزار پیاو ئامانجەکانی ئێمە لەشارەکەدا بەدی دێنن لەوەی یاخیبوەکان یان

هەنگاوەرە بیانیەکان بگرن یان بیانکوژن.

ئەی زەید ووتی ئەو هەروەها نیگەرانە لەو هەنگاوەی کە مارتینز ناویدنێ. ووتیشی کە ئەو پەیوەندی بە سانشێزەوە دەکات بۆ ئەوەی بەبیری بهێنێتەوە کە هەموو پۆستە سەرکردایەتیەکان ملکەچی فەرمانی سەرکردەی هێزەکانی هاوپەیمانانن، هێشتا سالحی لە پۆستەکەیدا جێگیر نەکردووە.

سانشێز وەڕس و قارس بوو. ئەو ئینتیباعەم دەسکەوت کە سەرکردەی مارتینز لە فەللوجە لەم مەسەلەیە ئاگاداری نەکردۆتەوە.

لەکۆبونەوەی ڕۆژانەی لیژنەی وەزاریی ئاسایشی نیشتمانیماندا، عەلی عەللاوی وەزیری بەرگریی گوزارشتی لەتوڕەیی خۆی کرد لەو دامەزراناندەی کە ئەنجام دراون، تێبینی ئەوەی دا کە پێویستە ڕاوێژی پێکرێت بەوپێیەی کە ئەو وەزیری بەرگرییە. پرسیاری لەشەحوانی کرد کە ئایا صالح ئەفسەر بووە لەپاسەوانی کۆماریدا. شەحوانی دانی بەوەدا نا. عەلاوی پێداگریی کرد لەسەر ئەوەی کە ئەمە ناکرێت نمونەیەك بێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاسایش لەعێراقدا، وەگەرنا ئەوە هەموو وڵات توڕە دەکات.

بەکسەر بەحرلعلوم پەیوەندی کرد پێمەوە و دیاربوو زۆر بێتاقەت بوو، پێڕاگەیاندم کە صالح لەو پاسەوانە کۆماریانەی پێشووە کە تێوەگلاوە لەو سەرکوتکردنە خویناوییەدا کە صەدام لە ساڵی ١٩٩١ لەدژی شیعەکان لەکەربەلا فەرمانی پێکردبوو، ئەو هاواری دەکرد و ووتی، " چۆن ڕێگەت بەوە دا"؟

کاتێکیش کە دواتر قسەم لەگەڵ ڕایسدا کرد، زانیم ئەویش ئاگای لەو دامەزراندنە نەبوو. ووتی، "مەسەلەکە لەسەر تەلەفزیۆن دزێو دیارە. پیاوەکە وەك صەدام دەردەکەوێت"!

پێم ڕاگەیاند کە مارتینز دۆسیێکەیان نەپشکنیوە و هەوڵ دەدەم بەو پەڕی خێرایی کە مومکین بێت صالح لادەم لەو پۆستە. هەر بۆ خۆشی ئەنجامی دوایین ڕاپرسیم پێڕاگەیاند کە تێیدا پرسیار لەعێراقیەکان کراوە ئەو وڵاتە دیاری بکەن " زیاتر دۆست و دڵسۆزی عێراقە" ئەنجامەکە ئەوە بووە کە " هیچ وڵاتێك" نیە.

دوای دوو ڕۆژ، لیوا محمد لەتیف لەجێی لیوا صالح دانرا. بەڵام زیانەکە کاتێك کەوت کە وێنەی صالح لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن دەرکەوت کەلەچایخانەکانی باشوری عێراق و کوردستان بوو. ژمارەیەك لەعێراقیەکانیش بێزاربوون لەبەردەوامی بوونی هەمان " لیوای فەللوجە". لە کۆبونەوەی وەزاریی ئاسایشی نەتەوەیدا لە ٢ ئایار/ مایۆدا، عەلی عەللاوی وەزیری بەرگریی

ووتی ئەمە مەترسی ئەوە هەڵدەگرێت کە " پەرچەکردارێکی توند لەناوەندەکانی شیعەدا دروست بکات". بەگاڵتەجاڕیشەوە تێبینی ئەوەی دا کە یەکەکە یارمەتی دەر دەبێت لە سەقامگیرکردنی ڕەوشی شارەکەدا چونکە " خودی دوژمنەکە لەناو لیواکەدایە".

لە کۆبونەوەیەکی گەرمو توندی ڕۆژی دواتری ئەنجومەنی حوکمدا، ژمارەیەکی تر ڕەخنەیان لێگرتین. داوەر وائل ئەلبەصری ووتی، " لەوێ مافیا سەرکەوت و جڵەوی گرت بەدەستەوە". دکتۆر عادلیش کە ئەندامێکی شیعەی لەسەرخۆیە ووتی کە ، ئەو لیوایە " هەنگاوێکە بەرەو هەڵوەشاندنەوەی عێراق و هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆ".

وەڵامدانەوەی توند لەدژی لیوای فەللوجە وەك سەلماندنێکی دراماتیکی ئەو مەترسیە وابوو کە هاوپەیمانان هەوڵیان بۆ دەدا بۆ هێنانەوەی سوپای صەدام، وەك ئەوەی هەندێك کەس پێشنیاری کرد.

سەرەڕای ئەگەری ڕودانی توندوتیژی لەفەللوجەو، کەوتنەوەی هەمرو دەرئەنجامە مومکینەکانی ئەو ڕەوشە مەترسیدارە، ئەوا دوو قەیرانەکەی تر زیاتر ئارامبوون. هێشتا موقتەدا صەدر لەمزگەوتی ئەجەفدا خۆی حەشاردابوو. هاوپەیمانانیش چەند سەد کەسێکیان لەمیلیشیاکانی کوشتبوو، هەروەها ڕێگا گیرابوو لەوەی کۆمەك و یارمەتی بە موقتەدا بگات. ڕاستە ئێمە ئەو تەحەدایەمان چارەسەر نەکردبوو، بەڵام بەردەوام دەبین لەبەکارهێنانی فشاری سەربازیی و سیاسی لەدژی ئەگەر ئەوە ببێتە هۆی ئەنجامێکی ناتوندوتیژی قەبوڵکراو.

لەبەرەی سیاسیشدا، لەهەفتەی یەکەمی مانگی ئایار/مایۆدا ئیبراهیمی و گروپی ئەتەوە یەکگرتوەکان گەڕایەوە بۆ عێراق بۆ دەستکردن بەکارکردن لەگەڵماندا لەدیاریکردنی حکومەتی کاتیدا. شیعەکان بەردەوام بورن لەسکاڵاکردن لەوەی کە سونیەکی عەلمانی ئەو دەسەڵاتەی پێبدرێت، بەڵام هیچ کشانەوەیەك لە ئەنجومەنی حوکم یان دەست لەکارکێشانەوە لەحکومەت ڕوینەدا.

لە بەراییەکانی ئایار/مایۆدا بەڕوونی بۆمان دەرکەوت کە پێویستە لەسەرمان بەهێواشی لەفەللوجەدا کاربکەین.

لەوکاتەدا کە ئیبراهیمی کۆبونەوەی لەگەڵ عێراقیەکاندا ئەنجام دەدا، هەردوو ژەنراڵ کونوای و سانشێز هاتن بۆ ئەوەی بەئامادەبوونی جۆنو بلاکویل لەبارەی ڕەوشی ئەنبارەوە وتووێژم لەگەڵدا بکەن. کونوای پلانێکی زۆر باشی پێشکەشکرد. وورده وورده لیوای فەللوجە بەسەرکردایەتی لیوا لەتیف ئاقیدەکرێتەوە بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا ئارەزووی ئەوە دەکەن هەندێك بەرپرسیارێتی

بەی ڕەوشی ئەمنی لەئەستۆ بگرن. ووتیشی، " بەدەستەوازەیەکی تر، ئایا دەجەنگن؟"

ێر لەمن زیاتر گەشبین بوو، بەلاّم لەسەر ئەرزی واقیع بوو، لەهەفتەی ئایندەدا هەندێك

مەزرەزەی سنووردار دەخرێنەڕێ; ئەگەر ئەم مەفرەزانە بەباشی بەئەرکەکانیان هەستان، ئەوا وردە

وردە جیۆەی ئەرکەکانیان فراوان دەکرێت– ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەهاتنی حوزەیران /یۆنیۆ

هێزەکان و پۆلیسی عێراقی شارەکە کۆنترۆڵ بکەن.

بەحسکردەوەو ووتم، " سێ هەفتەی ئایندە زۆر ووردو هەستیارە. ئێمە هەوڵدەدەین حکومەت

بونیاد بنێین. ئیبراهیمیش هەستێکی دەمارگیرانەی هەیە لەبەرامبەر فەللوجەدا، ئەگەر ئاگامان

لەخۆمان نەبێت و بەووریایی کار نەکەین لەوانەیە مەترسیەکان زیاتر بکەین. ماوەی حوزەیران/

یۆنیۆش هەروەها مەترسیدارە، چونکە حکومەتی نوێ دەست بەهەنگاوە یەکەمینەکانی دەکات.

پاشانیش لەدوای هاتنی ١ تەمموز یۆلیۆش بەهەمان شێوە ڕەوشەکە هەستیارە. لەهەموو ئەمانەدا

شتێك نیە کە ئاسان بێت".

ریك ووتی، " هەتا ١ تەمموز/ یۆلیۆ پێویستە هیچ شتێك نەکەین. هیچ شتێك شایستەی

پرکێشکردن نیە".

ووتم، " وەك پێویست نا ریك. لەوانەیە وەرگرتنی بڕیارە قورسەکە کاتێك کە حکومەتی نوێ

پێکدەهێنرێت باشتربێت لەوەی تا ١ تەمموز/ یۆلیۆ چاوەڕوانی بکرێت. هەرچۆنێك بێت، ئەوە

فەرمانێك دەبێت سەرۆك بیدات".

ریك سانشێز ووتی ، " ئەو سەرکردەیە".



Scanned with CamSc

Scanned with CamSc

# بەشی سیانزیەم
# یارییە نەنجام یەکلایی نەبۆوەکان

## بەغدا
## ئایار/مایۆ ۲۰۰٤

رۆژی سێ شەممە ٦ ئایار/ مایۆ گروپی حوکم تێبینیەکانی خستبووە سەر مێزی کۆبونەوەکان کاتێك هەموو نوسینگەکە لەریەوە بەهۆی ئەو تەقینەوەیە کە لەشوێنێکی زۆر نزیکدا ڕوویدا. لەگەڵ لەرینەوەی پەنجەرەکان و بڵاوبونەوەی تەپوتۆزدا ترساین.

ورتم " تەقینەوەکە بەدڵنیاییەوە بەهۆی گوللە هاوەنەوە نەبووە".

فرانك گالاگر هاتە ناو ژوورەکەوەو ووتی ، " ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لای ئەو خاڵی پشکنینەوە تەقیوەتەوە کە دەکەوێتە سەر پردی چواردەی تەمموز، بەهۆیەوە ژمارەیەك کەس کوژراو و بریندارن. هەروەك چۆن تەقینەوەکە هەندێك پەنجەرەی ماڵەکەتی شکاندووە". هەروەها گالاگر ووتیشی ئوسامە بن لادن نامەیەکی لەسەر پێگەی ئەنتەرنێت بڵاوکردۆتەوەو تێیدا بڕی ۱۰,۰۰۰ گرام ئاڵتونی کردۆتە پاداشتی هەرکەسێك کە من بکوژێت.

" ئەوە ڕژدی و بەخیلیە، چونکە ئێمە پاداشتی ۲٥ ملیۆن دۆلارمان داناوە بۆ ئەو کەسەی شوێنەکەی ئەومان پیشان دەدات. فرانك لەهەواڵی نوێ ئاگادارم بکەرەوە".

ئەندێشەی خۆمم سەبارەت بە شوێن و کاتی تەقینەوەکەی دواتر خستە لاوەوەو ڕووم لەگروپەکە کرد.

چی لەخشتەی کارەکانماندا هەیە سکۆت؟"

کارپێنتەر کە خاڵەکانی وتوێژی بۆ گروپەکە ڕەوانە دەکرد ووتی، " جەنابی باڵیۆز، هێشتا کار لەسەر پوختەکردنی ئامانجە سیاسیەکانمان دەکەین بۆ ئەو ماوەیەی لەمانگەکە ماوەتەوە".

من داوام لێکردبوو لەگەڵ گروپەکەدا کار بکات بۆ دانانی خاڵە سەرەکیەکانی ستراتیژە سیاسیەکەمان لەپێناو پابەندبوون بەخشتە زەمەنیەکەی یاسای ئیدارەی ئینتیقالییەوە کە داوا دەکات بەهاتنی کۆتایی مانگی ئایار/ مایۆ حکومەتێکی عێراقی کاتی پێکبهێنرێت ، لە ۱ تەمموز/ یۆلیۆشدا



Scanned with CamSc

سەروەری بۆ بگوێزینەوە.
لەخاڵەکانم کۆڵیەوە: " ئامانجە سەرەکییەکە"ی هاوپەیمانان ئەوەیە دامەزراندنی حکومەتی نوێ بەکاربهێنرێت لەپێناو فراوانکردنی بنکەکەیداو، بەتایبەتیش لەرێگەی خستنە ناوی ژمارەیەکی زیاتر لە سوننەکان و کەسایەتی ناو پارێزگاکان. وەك ئەوەیش هەمیشە رەوشەکە وایە، پرۆسەکە ئەنجامدانی " حساباتی عێراقی" ئاڵۆزی لەخۆگرتبوو- گەڕان بەدوای ئەو پاڵێوراوە ژن و پیاواندا کە شیاون و، بەپێی پارێزگاکان نوێنەرایەتیەکی گونجاوی خەڵکەکەی دەکەن، هەروەها چاودێریکردنی هاوسەنگی لەنێوان پاڵێوراوە حزبی و ناحزبیەکان و نەفیکراوەکان و نەفینەکراوەکانیش، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی شیعە زۆرینە بن تییدا.
خەریك بوو نزیك دەبوینەوە لە کۆتایی پەرەسەندنێك کە پێش دوانزە مانگ دەستپێکرد کاتێك گروپێکی بچووك لەنەفیکراوەکان داوایان لەهاوپەیمانان کرد دەسەڵات ڕادەست بە گروپە نانوێنەرایەتیەکەیان بکرێت بۆ ئەوەی حوکمی عێراق بکەن. پاشان بەدرێژایی دوو مانگ بەجدیی کارمان کرد بۆ بونیادنانی ئەنجومەنێکی حوکم کەخاوەن بنکەیەکی جەماوەریی فراوانتر بێت. ئەو ئەنجومەنەش توانی بگاتە رێکەوتننامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەرو نوسینەوەی دەستوری کاتی، واتە یاسای ئیدارەی ئینتیقالی. ئێستاش گەیشتینە ئەو قۆناغی کۆتاییە کە دەکەوێتە پێش رادەستکردنەوەی سەروەرییەوە بۆ عێراقیەکان. هاوپەیمانان و ئەخزەر ئیبراهیمی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، راوێژیان کرد لەگەڵ توێژێکی فراوان لەسەرکردە عێراقیەکان بۆ هەڵبژاردنی حکومەتێکی کاتی کە سەرۆکێك و سەرۆك وەزیرانێك و ئەنجومەنی وەزیران لەخۆبگرێت.
لەمەدا ئەحەدای قورس ڕووبەڕوومان دەبۆوە. گرفتە ئەمنیەکان لەگەڵ موقتەدادا و کێشەی فەللوجە هێشتا بێ چارەسەر مابوونەوە. بۆیە، بەوپەڕی سادەییەوە بڕیارماندا خۆمان لابدەین لەو ڕووبەڕووبونەوە حەتمییە لەپێناو پاراستنی پرۆسە سیاسیە فشەڵەکەدا. ئیسلامیە شیعەکان ڕازی نەبوون لەئیبراهیمی، چونکە ئەتەوەییەکی عەرەبیی سوننی عەلمانی بوو، ئەوان هێشتا هەست بەبێزاریی دەکەن لەبەرامبەر نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کە تییدا "هاوپەیمان"ە کۆنە نافەرمیەکەی صەدام دەبیننەوە. هەروەك چۆن هەندێك لەشیعەکان نیگەران بوون لەوەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەوانەیە قەبوڵ نەکات بیانکاتە زۆرینە لەعێراقداو بێبەشیان بکات لەبوونی فرەییەك لەحکومەتی نوێدا. هەروەها کوردەکانیش داواکاریی خۆیان هەبوو.
کاتێك کە خەریکی خوێندنەوەی یاداشتەکەم بووم بەگاڵتەوە ووتم، " ئەوە کارێکی باشە بۆ ئەوەی کوڕەکەم برێکی باش لەقاوەی ئیسپیرسۆ بنێرێت. وا دیارە ئێمە لەماوەی سێ هەفتەی ئایندەدا



Scanned with CamSc

بەدرێژایی شەو دەمێنینەوەو خەریکی کارکردن دەبین".

دەرکەوت کە قاوەکە بەهای ناخەملێنرێت لەکاتێکدا کە من و بۆب و بلاکویل لەگەڵ ئیبراهیمیدا کارمان دەکرد بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ. هەروەك چۆن لەگەڵ کارینا پێریلی پسپۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری هەڵبژاردنەکان هەماهەنگیمان دەکرد، لە کۆششەکانیدا لەپێناو دانانی سستەمێکی هەڵبژاردنیدا بۆ عێراق. زانیم هەردوکیان حەزیان لەقاوەی باشە، بۆیە لای سۆچی فەرمانی هەمیشەیی هەبوو بەدانانی ئیسپرسۆ لەبەردەمیاندا کاتێك کە دادەنیشتن و برێکی زیاتریش لەو کاتەی کە پێویستیان پێی دەبوو.

ئیبراهیمی و دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دەستیان کرد بە خستنەڕووی ڕاوبۆچوونە جۆراوجۆرەکانیان لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێوە. گرێکەش حەشار درابوو لەوەدا کە ڕۆمان بە " تەکنۆکرات لەبری سیاسیەکان" وەسفیکرد؟ ئیبراهیمی نەیدەویست سیاسیەکان لەحکومەتە نوێیەکەدا هەبن، ئەو وای پێ باشتر بوو کەسانی ئەندازیارو، پسپۆڕە داراییەکان و پیشەوەرەکان و، بەڕێوەبەری دامەزراوە گشتیەکانی پێشوو کە سیاسی نەبوون لەو حکومەتەدا هەبن. ئەو مەراخوازبوو هەموو وەزیرەکان کە لەحکومەتی ئێستای عێراقیدا هەبوون بگۆڕێت و، ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم دووربخاتەوە لەوەزارەتە نوێیەکە، بەڵکو ئەو وای دادەنان کە شیاوبن بۆ ئەوەی پاڵێوراوبن بۆ هەڵبژاردنەکانی کانونی دووەم/ یەنایەریش.

هاوپەیمانان ڕازی بوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە هەموو وەزیرە نوێیەکان بەتواناو بێگەردبن، سەرەڕای ئەوەی کە بەرپێتانیەکانی ناو گروپەکەمان، وەك ڕەعد ئەلقادری، ئەوانیش بەدگومان بوون لە بوونی ژمارەیەکی زۆری سیاسیەکان لەناو حکومەتە نوێیەکەدا. ئێمە وەك ئیبراهیمی دانمان بەوەدانا، کە حزبە سیاسیەکان پێگەیەکی جەماوەریی زۆریان لەناو عێراقدا نیە- باشە جەماوەرێتیان لەکوێ هەبێت لەکاتێکدا حزبی بەعس تاکە حزبێك بووە کە عێراقیەکان ناسیبێتیان؟ هەروەها زانیشمان کە حکومەتە کاتییەکە پێویستی بە پشتیوانییەکی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا بتوانێت بڕیارە قورسەکان بدات. سەرەڕای نەبوونی جەماوەرێتی حزبە سیاسیەکان بەشێوەیەکی گشتیی، هەندێك لەسیاسیەکان خاوەن بڕێك پشتیوانی جەماوەریی بوون. ئیبراهیمیم ئاگادارکردەوە، پەرکێنشیکردنە ئەگەر بەو کەسانە دەست پێبکەین کە " پێشینەیان نیە، و ئەنجومەنی حوکم فەرامۆش بکەین و حکومەتێك هەڵبژێرین کە شارەزایی سیاسی نەبێت. زانیاریشمان پێگەیشت کە سیاسیە شیعەکان لەئەنجومەنی حوکمدا ئەوەیان دەزانی کە ئیبراهیمی لێیان دەسڵەمێتەوە، ئەوانیش بەهاندانی چەلەبی و، بەهاوکاریکردن لەگەڵ سیستانیدا پلان دادەنێن " بۆ

ئەوەی پێشتر حکومەتەکە ئامادە بکەن" و پاشان پێشکەشی ئیبراهیمی و تیمەی بکەن و بیکەنە ئەمریکی واقیع.

بە دبلۆماتکارە جەزائیریەکەم ووت، " ئەگەر مشتومڕێکی جدیی نەکەین لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا لەبارەی حکومەتەکەوە کە لەدوای ڕادەستکردنەوەی سەروەرییەوە وڵاتەکە بەڕێوەدەبات، ئەوا ئەگەری زۆری ئەوە هەیە هەموو پرۆسەکە تێکبدەن". جەختیشمکردەوە لەسەر ئەوەی کە وا باشترە حزبە سیاسیە سەرەکیەکان بخەینە ناو حکومەتە نوێیەکەوە و بەرپرسیارێتی هەڵسوکەوتەکانی بخەینە ئەستۆیەوە لەبری ئەوەی لەدەرەوەو لەو ماوەیەدا کە پێش هەڵبژاردنەکان دەکەوێت حکومەتەکە ڕووبەڕووی ڕەخنە بکەنەوە. ئەمە ئەوپەڕی بایەخی هەبوو سەبارەت بە حزبە جێگیرەکان– کۆمەڵە کوردیەکان و، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق و حزبی دەعوە لەناوەندی شیعەکاندا– کە ئەمانە ئەو حزبانەن لەکاتی هەندێك دووڕیانی گرنگدا، توانای خۆیان لەئاڵۆزکردنی پرۆسە سیاسیەکەدا سەلماندووە. هەروەها پێم ووت، " عێراق پێویستی بەسەرکردەی سیاسیی ڕاستەقینە هەیە بۆ ئەیارکردنی گەل لەدژی یاخیبوون".

دوای چەند کۆبونەوەیەك و خواردنەوەی برێکی زیاتر لە ئیسپرسۆ، ئیبراهیمی ڕازی بوو لەسەر "بیرکردنەوەی جدیی" لەدیاریکردنی چەند ئەندامێك لەئەنجومەنی حوکم و کەسایەتیەکانی ناو حزبە سیاسیەکان بۆ ئەوەی پۆستە وەزارییەکان وەربگرن. هەروەها خۆشمان وەك هاوپەیمانان ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی هەندێك لە وەزارەتەکان بدرێنە کەسانی ناسیاسی و تەکنۆکرات.

بە ئیبراهیمان ووت بایەخی سەرەکیی تیمە لەسەر حەوت پۆستە گەورەکە وەستاوە: سەرۆك وەزیران، وەزیری بەرگریی و، ناوخۆو، دارایی و، دەرەوەو، نەوت، و بازرگانیی. دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانیش زۆربەی هەرە زۆری ئەرکی کارکردنی لەئەستۆگرت لەدیاریکردنی پاڵێوراوەکاندا، بەتایبەتیش لەنوسینگەکانمان لەناو پارێزگاو هەرێمەکاندا: گروپی ئەتەوە یەکگرتوەکانیش دانی بەوەدا نا کە بەجێهێشتنی عێراق لەهاوینی ڕابردوودا ڕێگربوو لەوەی بتوانێت ژمارەیەکی زۆر لەکەسایەتیە عێراقیەکان بناسێت. بۆیە، گروپە ئەمریکیە بەریتانیەکەو هاوەڵەکانی ئیبراهیمی کاریان کرد بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە پاڵێوراون بۆ پۆستە باڵاکان. ڕێکەوتین لەسەرئەوەی دوای گواستنەوەی سەروەریی حکومەتە نوێیەکە، " کۆنگرەیەکی ڕاوێژکاریی نیشتمانی " گرێبدرێت کە تێیدا نزیکەی هەزار عێراقی لەهەمرو ناوچەکانی وڵاتەوە بەشداری تێدا بکەن بۆ ئەوەی مشتومڕێکی فراوان سەبارەت بەئایندەی عێراق ئەنجام بدرێت.

ئەنجومەنی حوکم پەشۆکا بوو. لە ٣ ئایار/مایۆدا، بلاکویل لەگەڵ عیزەدین سەلیمی سەرۆکی ئەو



Scanned with CamSc

دەنگەی ئەنجومەنی حوکمدا کۆبۆوە، کە بەرپرسێکی شیعەی خەڵکی بەصرەیە و خاوەن ئاگایی و ئەزموونێکی فراوان و زمانێکی پاراوە. بەو پێیەش کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی حزبی دەعوەی ئیسلامی نەیاری حوکمی بەعس، عیزەدین لەپێش پرۆسەی رزگارییەوە لەچەندین هەوڵی تووندڕەوی رزگاری بوو بوو ئەوکاتەی کە لەناو عێراقدا بوو، هەروەها لەکاتێکیشدا کە لە ئێران بوو.

عیزەدین پێداچوونەوەیەکی کرد بۆ رەوشی سیاسی و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەیەوێت لە رۆژی دواتردا داوای دیدارێکی هاوبەش بکات لەنێوان ئەنجومەنەکەو حکومەتدا لەپێناو دەنگدان لەسەر چەند رێگەیەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ دیاریکردنی حکومەتە نوێیەکە، لەناویشیدا فراوانکردنی ئەندامێتی ئەنجومەنی حوکم. ئەمەش ئەوەیە کە زانیارییە فەراهەمبووەکانی لای ئێمە جەختی لێدەکەنەوە، دیارە پێشنیاری ئەوەمان بۆ دەکرێت کە بەهەموو شێك رازی بین یان رەتی هەموو شێك بکەینەوە- ئەمەش ئەو مەسەلەیە کە ئیبراهیمی دەسەڵمێنێتەوەو ئەگەری زۆرە بیگێڕێتەوە بۆ نێزیزڕك. من و بۆب چووینە مشتومڕێکەوە لەگەڵ عیزەدین و پێمان ووت کە ئەوە بیرۆکەیەکی خراپەو، دژ دەوەستینەوە لەگەڵ رۆحی (شەراکەت و وتووێژکردندا)، کە هەموومان بەڵێنمان داوە پێشوازی لێبکەین. لەکۆتاییدا، عیزەدین رازی بو لەسەر ئەوەی واز لە بیرۆکەی دەنگدان بێنێت.

لەم کاتەدا، لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەستمان بەکارکردن کرد بۆ پێکهێنانی حکومەتە نوێیەکەو، لێکۆڵینەوە لەیەك بەیەکی ناوەکان.

لەناوەڕاستی ئایار/ مایۆدا، لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم مشتومڕی مەسەلەی ئەشکەنجەدانەکەمان کرد لە زیندانی ئەبوغرێبدا، مەبەستم بوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ رووبەڕووی مەسەلەکە ببینەوە- پێش ئەوەی شەپۆلێکی زیانبەخش لە پڕوپاگەندەی دژ بەهاوپەیمانان کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە بەسەر ئەندامەکاندا زاڵ بێت.

من لەکانوونی دووەم/ یەنایەردا لە واشنتۆن بووم کاتێك کە چیرۆکەکە بڵاوبۆوە. هاوپەیمانان سەبارەت بە فەزیحەتەکە کراوەبوون لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندندا. یەکسەر سوپا دەستی کرد بە زنجیرەیەك لە لێکۆڵینەوەی دوابەدوای یەك. وترا کە توانراوە چەند پاسەوانێك لەخۆبەخشەکان ناسرێنەوە کە سەر بە پۆلیسی سەربازین و پێکەوە کاردەکەن لە نۆرەیەکی شەوانەدا لەئەبوغرێب، ئەوانە وەك گومانلێکراو لەبەردەم دادگای سەربازیدا تۆمەتەکانیان رووبەڕوو دەکرێتەوە کە ئەنجامدانی کردەوەی درندانەو ، دەستدرێژیکردن و، کردەوەی ناشایستە لەخۆدەگرێت. هەر لەو کاتەشەوە کە لەکانوونی دووەم/ یەنایەردا رووداوەکە ڕاگەیەنراوە، ئەو

کەسانەی کە تۆمەتبارن خراونەتە ژێر لێکۆڵینەوەی نهێنییەوە کە سوپا پێی هەڵدەستێت. بواری ئەوەشم نەبوو کە زانیاریی زیادەی ترم دەست بکەوێت جگە لەو زانیاریانەی کە ڕۆژنامەکان باسی دەکەن

پاشان ڕۆژی ٢٨نیسان/ ئەپریل هات، کاتێك کە بەرنامەی " ٦٠ خولەك" چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی نمایشکرد تێیدا سوکایەتیپێکردنەکانی دەخستەڕوو. لەماوەی چەند کاتژمێرێکیشدا، ئەو وێنانە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان و کەناڵە فەزاییەکاندا نمایشکرا کە گیراوە عێراقیە ڕووت و بێ جلوبەرگەکانی نیشان دەداو لەسەر دەستی پۆلیسە سەربازییەکاندا سوکایەتی سێکسیان پێدەکرا– لەناویشیاندا دوو سەربازی ئافرەت بەدیار دەکەوتن کەوا بە لەخۆباییبوونەوە پێدەکەنین– زۆر توڕەبووم و بێزم دەکردەوە لە وێنە فۆتۆگرافیەکان وەك هەر ئەمریکیەکی تر. بۆیە، کاتێك من و سانشێز لە ئایار/ مایۆدا لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا کۆبوینەوە، لەبەرامبەر ئەو ڕەفتارانەدا بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە پۆزشم بۆ هەموو عێراقیەکان هێنایەوە. پاشان سانشێز کورتەیەکی لەبارەی ڕوداوەکەوە پێشکەش کردو، پۆزشی هێنایەوە لەبەرامبەر " ئەو مامەڵە نا مرۆییانەداو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە یەکەم دانیشتنی دادگایە سەربازییەکە لەهەفتەی ئایندەدا لەبەغدا دەست پێدەکات.

بەڕۆڵی خۆم، ئەوەشم باسکرد کە چەندین کەس لەعێراقیەکان داوایان کرد ڕاڤەکردنێك بدەم لەبارەی ئەوەوە کەڕوویدا. " بە هاوەڵە عێراقیەکانم ووت، من ئێستا پێتان دەڵێم کە ئەو ڕەفتارە قێزەونەو نمایشی ئەمریکا ناکات. سەرۆك بوشیش پۆزشی هێنایەوەو، ژەنراڵ سانشێزیش پۆزشی پێشکەش کرد، منیش پۆزش دەهێنمەوە. هەرکەسێکیش کە دەرکەوت لەو تاوانە گلاوە بەپێی یاسا سزا دەدرێت" ئەوەشم بە بیر ئامادەبووان هێنایەوە کە ئەو کردەوەیە جیاوازە، جیاوازیەکی زیاتر دڕندانە لەوەی لەژێر سایەی ڕژێمی بەعسدا ڕووی دەدا کاتێك کە ئەشکەنجەدانی توندو زیاتر دڕندانە مەسەلەیەك بوو پەیوەندی بەسیاسەتەوە هەبوو

پێم ووتن، " لەماوەی ئەو ساڵەدا کەلەعێراقدا کارم کرد، بەهەموو شوێنەکانی وڵاتدا گەڕام و بەهەزاران سەربازی ئەمریکیم بینیەوە کە شانبەشانی عێراقیەکان کاریان دەکرد بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئەم وڵاتە، لەو کاتەشدا کە ئەوان ڕۆحی خۆیان دەخستە مەترسیەوە، سەرلەنوێ قوتابخانەکانیان بونیادنایەوەو، ئەخۆشخانەکان و ناوەندەکانی شارەوانیەکانیان ئاوەدان کردەوەو، یاریگا وەرزشیەکانیان پاککردەوە بۆ ئەوەی بتوانن یاری تۆپی پێ لەگەڵ منداڵە عێراقیەکاندا ئەنجام بدەن. ئەمەش ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەمریکایە".

دوای ئەوەی قسەکانم تەواوکرد، دکتۆرە رجا خوزاعی وتی لەم دواییانەدا لەسەر پێشنیاری ئێمە سەرۆکایەتی وەفدێکی کردووەو سەردانی زیندانی ئەبوغرێبی کردووەو لەوێ بینیویەتی چاودێری پزیشکی فەراهەم بوو لەوێ "زۆرباشترە" لەو چاودێریە پزیشکییەی کە نەخۆشخانە عێراقییەکان فەراهەمی دەکەن.

هەندێکی تر لەئەندامانی ئەنجومەنەکە قسەی خۆیان کردو، هەموویان بەداخ بوون بۆ ئەو رەفتارە خراپانەی کە لەزیندانی ئەبوغرێبدا روویان دا، بەڵام زۆربەیان رەخنەشیان لە دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبی و نێودەوڵەتی گرت چونکە بەدرێژایی چەندین ساڵ سەرکوتکردنی صەدامیان فەرامۆشکرد. یەکێکیان پرسی " جەزیرە لەکوێ بوو کاتێک کە صەدام فەرمانی دەکرد بە گیراوەکان سەرەتا لەقاچەکانیانەوە دەخرانە ناو سندوقی تەختەوە". یەکێکی تریشیان وتی " کاتێک پۆلیس ژن و کچەکانی دەبردو ئەتکیان دەکردن، کەناڵی بی بی سی کڕ و بێدەنگ بوو.

پاچەچی پرسیاری کرد کە ئایا عەتا عەبدولوەهابی یاریدەدەری دەتوانێت قسە بۆ ئەنجومەنەکە بکات. عەتا کە دبلۆماتکارێکی سوننی بەتەمەن و بەڕێز بوو، پێشتر لە حەفتاکاندا بەدەستی ئەشکەنجەو تۆقێنی صەدامەوە ناڵاندبووی. ژوورەکە کپ و بێدەنگ بوو لەو کاتەدا کە ئەو چیرۆکی خۆی بۆ ئەنجومەنەکە دەگێڕایەوە.

ئەفسەرەکانی هەواڵگری عێراقی هەستان بە رفاندنی و بێهۆشکردنی لەکوەیت و گێڕایانەوە بۆ بەغدا، کە لەناو ئۆتۆمبێلی باڵیۆزی عێراقدا شارابۆوە. هەموو رۆژێک و بەدرێژایی هەشت مانگی ئایندە رووبەڕووی ئەشکەنجەدان بوو بۆوە، وەك لێدان و لەکارەبادان و ئەشکەنجەدان بەئاو. بۆ ماوەی سیانزە ساڵ لە زینداندا بوو، پێنج ساڵ و نیوی لەناو زیندانی تێفیرادیدا بەسەر بردووە کە نەیتوانیوە رۆشنایی ببینێت. عەتا وتی، " پێویستە لەسەرمان لەبارەی ئەوەوە قسە بکەین کە بەدرێژایی سی و پێنج ساڵی رابردوو لەزیندانی ئەبوغرێبدا رویداوە، پێویستە جیهان ئەوە بزانێت".

لەو کاتەدا کە بە هێواشی چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە، بینیم ژمارەیەك لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکم فرمێسکی چاوەکانیان دەسڕی. ساتێکی زۆر کاریگەربوو.

لەرۆژی دواتردا، رەوشەکەم لەگەڵ دۆناڵد رامسفێڵدا باسکرد، کە لەگەڵ ژەنراڵ دیك مایەرز سەرۆکی دەستەی سەرۆك ئەرکانە هاوبەشەکاندا هاتبوو بۆ کۆبونەوە لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان. لەبارەگای سەرکردایەتی لەکۆشکی فاوی پێشووی صەدام لەنزیك فڕۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی پێگەیشتین. رامسفێڵد ئامادەی دانیشتنێکی سەختی گرێلێگرتن بوو لەبەردەم ژمارەیەك لەئەندامانی کۆنگرێسدا لەبارەی فەزیحەتەکەی زیندانی

ئەبوغرێبەوە. رامسفێلد بەگاڵتەوە لەگەڵ کۆبووەکاندا دوواو ووتی " شتێکی نایابە لەبەغدا بم چونکە ژمارەیەك زۆر لەو کەسانەی لێ نیە کەهەوڵ دەدەن ڕاوم بکەن".

لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ سەرکردانەکەی، داوام لە عەقید تۆرروودی یاریدەدەرە سەربازیەکەم کرد، چەند بیرۆکەیەك دابنێت بۆ باشکردنی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ هەزاران عێراقیدا کە لای ئێمە بەندکراون. ماوەی چەند مانگێکیش پێداگریم لەگەڵ سوپادا کرد بۆ دانانی لێپێچینەوەی باشتر. بەتایبەتیش بەوە نائومێدبووم چونکە ئێمە نەمانتوانی تاوانبارەکان ئەوانەی کە دەدرێنە دادگا عێراقیەکان لەو پیاوانە جیابکەینەوە کە مایەی مەترسین لەسەر ئاسایش و ئەوانەش کە زانیاری هەواڵگری بەنرخ لەبارەی یاخیبوونەوە دەدەنە هاوپەیمانان.

بە وەزیرم ووت " دەکرێت کەسێك وەك بریکاری بەندکراوە عێراقیەکان دابنێین بۆ ئەوەی ببێتە بەرگریکارێك لەمافەکانیان، بۆ نمونە، دواجاریش، لەئاییندەدا عێراقیەکان خۆیان بەرپرسیارێتی زیندانیەکان لەئەستۆ دەگرن".

رامسفێلد وەڵامی دامەوەو ووتی بیرۆکەکە سەرسامی کردم، چی تر هەیە؟"

پێشنیارم کرد ژمارەی ئەو کەسانە دیاری بکرێت کەلای ئێمە ڕووبەڕووی مامەڵەی خراپ بوونەتەوەو لەرێگەی لیژنەیەکی هاوبەشی عێراقی و بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە قەرەبۆ بکرێنەوە.

وەزیر ڕازی بوو لەسەر " پێویستی پێدانی قەرەبۆ بۆ ئەو کەسانەی کە مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا کراوە. چی تریش؟"

بەردەوام بووم لەخوێندنەوەی لیستەکەم: دانانی پۆلیسی عێراقی لەناوەندەکانی دەستگیرکردندا لەسەر ئاستی کەتیبە و فشارخستنە سەر ئەو سەرکردانەی کە سەر بەئێمەن لەکاتێکی زووتردا زیندانیەکان جیابکەنەوە، لەبری ئەوەی کە گومانلێکراوەکان بنێرن بۆ ناوەندەکانی دەستگیرکردن لەبەغدا. ئاماژەم بۆ ئەوەشکرد کە بەسەیرکردن لەئاراستەکانی ئێستا، ئەوا لەگەری زیاترە ١٠,٠٠٠ گیراوی عێراقیمان ببێت کاتێك کەوا سەروەریی ڕادەستی حکومەتێکی خاوەن سەروەریی دەکەینەوە. زەحمەتیش نابێت خەیاڵی ئەو دەرئەنجامە سیاسیانە بکرێت کە بەهۆی ئەوەوە دروست دەبن. ووتیشم " باشترین ڕێگەیەك بۆ کەمکردنەوەی واقیعی سیاسی پرۆسەکانی دەستگیرکردن بریتیە لەنزمکردنەوەی ژمارەی بەندکراوەکان".

بەڵام بۆ ئەوەی ئەوە بەدی بهێنین، پێویستە لەسەرمان بەشێوەیەکی ڕیشەیی لەدەسەڵاتی



Scanned with CamSc

هەڵگری سەربازیی کەمبکەینەوە بە بەندکردنی گیراوەکان بۆ کاتێکی نادیاریکراو. ووتیشم، " بەپێی ئەو شارەزییەی کەلەماوەی ئەم ساڵەدا پەیدام کردووە، ئەمە گرنگترین بەربەستە کە وا دەکات نەتوانرێت زیندانییەکان ئازاد بکرێن". پێشنیارمکرد هەموو پانزە ڕۆژ جارێك بەدۆسێی هەر گیراوێکدا بچینەوە لەبری ئەوەی کە ئەو پێداچونەوەیە هەموو دوو مانگ جارێك ئەنجام بدرێت بەشێوەیەك کە ماوەی بەندکردنەکە لە سی ڕۆژ تێپەڕ نەکات بەمەرجێك بەیاننامەیەك لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە نەبێت کە ببێتە پاساو بۆ درێژکردنەوەی ماوەی گرتنەکە. ژەنراڵ سانشێزیش بە وەزیری بەرگریی ڕاگەیاند کار لەسەر خێراکردنی پرۆسەی پێداچوونەوەکە دەکەن.

هەروەها لەگەڵ ڕامسفێڵد دا باسم لە ئەو قەیرانە ئەمنیانە کرد کە لە نیسان/ ئەپریلدا سەریان هەڵدا: پرۆسەکانی مارینز لەفەللوجە و پرۆسەکانی ئەناکۆندا لەدژی سوپای مەهدی سەر بەموقتەدا صەدر.

سانشێز باسێکی ئەو شوێنانەی کرد کە هێزەکانی هاوپەیمانان لێیداون و شوێنی کۆبونەوەی میلیشیاکانی موقتەدا صەدر بوون. ووتیشی هاوپەیمانان و پۆلیسی عێراقی توانیویانە مەزارگەکە لەکەربەلا بخەنەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و، دەست بەسەر حەشارگەیەکی چەك و تەقەمەنیشدا بگرن لەوێ، کە چەکی هاوەن و ڕەشاش و تەقەمەنی تێدابووە.

ووتم، " دکتۆر عادل لەئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق، کە موسڵمانێکی پارێزکارو بەڕێزە ستایشی پرۆسەکەی کردووەو پێی ووتم پێویستە لەسەرمان " فشارەکە لەسەر موقتەدا بەردەوام بێت".

مایەرز ووتی " باشە، بڕوام وایە کە ئێمە پێویستە لەسەرمان کارەکە بەجێ بگەیەنین. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دەرمانەکەمان بخۆین و پرۆسەکە کۆتایی پێ بهێنین".

روون نەبوو چی لە هزرو بیری ژەنراڵدایە کاتێك قسەی کرد لەبارەی " ئەنجامدانی کارەکە". بەڵام ئێمە چووبوینە ناو ئەو ماوەیەوە کە هەستیارترین ماوەی سیاسی بوو لەوەتەی کە من گەیشتبوومە عێراق. نەماندەتوانی لەبەرەی سەربازییەوە بچینە پێش بەبێ ئەوەی دەرئەنجام و ئاکامە سیاسیەکان بڕازێنینەوە.

بەئامادەبووانم ووت، " من پێموا نیە کە ئەوە بیرۆکەیەی باش بێت. ستراتیژیەتی فشار لەسەر موقتەدا سەرکەوتنی خۆیی سەلماندووە، ئەو کەسانەش کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم پێم دەڵێن کە قاعیدەو بنکەی جەماوەریی موقتەدا خەریکە نامێنێت و پەرت و بڵاو دەبێتەوە. هەروەك چۆن هێزەکانی مارینزیش پێشبینی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە میلیشیاکانی موقتەدا دەکەن، بەهۆی ئەو

پرۆسە سەربازیانەوە کەلەماوەی ڕابردوودا لەلایەن هێزە سەربازییەکانمانەوە بۆ سەریان ئەنجام دران.

سەرکردە سیاسیە ئیسلامیە شیعەکانیش بەڵێنیان دابوو نارەزایەتیی جەماوەریی دەربڕن لەدژی ئەوە کە بە پیسکردنی شوێنە پیرۆزەکان ناویان دەبرد لە شارە پیرۆزەکاندا. پێویستە لەسەریشمان خۆمان لابدەین لە هەر ڕووبەڕووبونەوەیەکی سەربازیی لەشارە پیرۆزەکاندا و هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینێکی جەماوەری بەرفراوان.

مایەرز ووتی " زۆرباشە، مادام ئەو پشتیوانیەی کە موقتەدا هەیەتی بەرەو پاشەکشە دەچێت. بەڵام ئەی چی ئەگەر قەبارەی ئەو پشتیوانیەی لێیدەکرێت زیادی کرد؟"

" لەم حاڵەتەدا، پێویستە لەسەرمان سەرلەنوێ لێکۆڵینەوە لەرەوشەکە بکەین". بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە چارەنوسی کۆتایی موقتەدا زەحمەت و قورس دەبێت. لەباشترین حاڵەتەکاندا، ئەوەیە کە بەڵێنێکی ئاڵۆز بدات کە لەبەردەم دادگایەکی عێراقیدا ئامادەبێت و، ئێمە هەڵدەستین بە داماڵینی چەکەکانی میلیشیاکانی سەر بەئەو، لەوانەشە لەکۆتاییدا موقتەدا ملکەچی چاودێریی هۆزە شیعەکان یان مەرجەعیەت بێت.

سانشێز ووتی لەماوەی دە ڕۆژی ئایندەدا هیچ ئامانجێکی نامێنێتەوە کە لەبەرامبەر سوپای مەهدیدا جێبەجێی بکات. وەڵامم دایەوە لەو حاڵەتەدا، بەگریمانەی ئەوەی کە ئێمە ئازادی جوجوڵمان هەیە، ئەوا دەگوازینەوە بۆ ستراتیژیەتی ئابوریی بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی شیعەکان لەباشور لەرێگەی جێبەجێکردنی بڕێکی زیاتر لە بەرنامەکانی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەوە. ئەگەر ئازادی جوجوڵیشمان نیە، ئەوا ئەمە ماناى ئەوە دەگەیەنێت کە هێشتا ئامانجی سەربازیی ماوە.

ڕامسفێڵد لێی پرسیم، " ڕات چۆنە لەبارەی ڕەوشی فەللوجەوە؟"

" جەنابی وەزیر، من بەپێچەوانەی هەندێك لەسەربازییەکانەوە گەشبین نیم".

بۆم باسکرد کە مامەڵەکردن لەگەڵ لیوا محمد لەتیفدا، سەرکردەی نوێی کەتیبەی فەللوجە، لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا زەحمەت و نارەحەت بوو ئەو بەشێوەیەکی بەردەوام ڕەتی دەکاتەوە لیواکەی بخاتە ناو جەنگەوە. شارەکەش گرفتێکی بارگرانکەری ترە، پێویستە دوابخرێت تا ئەوکاتەی حکومەتێکی عێراقی خاوەن سەروەریی دێتە کایەوەو ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی چارەسەری بکات.

هەروەها پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە ژووری کۆبونەوە مەرمەڕییەکەدا باسمان لە باشترین



Scanned with CamSc

ئەمرازەکان کرد بۆ ئەوەی بەکاربخرێت تا حکومەتی عێراقی ئامادەبێت لەوەرگرتنی بڕیارە ئەمنییەکان و جێبەجێکردنیاندا. ووتم کاتێك کە حکومەتێکی کاتی دادەمەزرێت، پێویستە لەسەرمان وتوێژی لەگەڵدا بکەین لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بڕیارانەدا کە پەیوەستە بە تەکتیکاتە جەنگییەکان و بەکارهێنانی پشتیوانی ئاسمانی لەدوای ۳۰ حوزەیران/ یۆنیۆ. وەزیرەکەیشمدا لەوەی کە " پێویستە پێشبینی ئەوە نەکەین کە بەئاسانی حکومەتی کاتی قەناعەت بکرێت. لەواقیعدا ئارەزووی ئەوە دەکات خۆیمان لێ بەدور بگرێت. دەکەوێتە ناو چەند هەڵەیەکیشەوە".

ڕامسفێڵد ووتی، " من ڕازیم لەسەر ئەوەی بەوپەڕی خێرایی کە مومکین بێت بەرپرسیارێتی ئەمنیی عێراقیەکان بکرێتەوە".

ووتم " من قەناعەتم وایە کە حکومەتی کاتی ئارەزوی ئەوە دەکات لەکانونی دووەم/ یەنایەردا هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو ئەنجام بدرێت. هەروەها ئەوان دەزانن کە ئەو کارە فەراهەمکردنی ئاسایشی دەوێت، هێزە عێراقیەکانیش ناتوانن لەم کاتەدا ئەو کارە بکەن. بۆیە، پێویستە لەسەریان ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ هاریکاریکردن لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانانداا لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکەیاندا. بەڵام قیلنلیکردنیان ئاسان نایێت".

دیدارەکە ئامادەکاری پەیوەستی لەنێوان سیاسەت و ستراتیژیەتدا هێنایەوە ناو زەینی هەر یەکەمان. بەڵام من لە ڕوخساری گرژی ئەو سەرکردانەی کە دانیشتبوون لەدەوری مێزی کۆبونەوەکە ئەوەم بەدیکرد کەئەوان لەبەرامبەر ئەو ئەرکە ئاڵۆزەو نادیاریکراوەی کە چارەڕوانیان دەکات ئاسودە نین.

بابەخی ژەنراڵەکان نیگەرانیەکی فراوانی پەرچکردەوە: هێزەکانی هاوپەیمانان بەبێ ئاستێکی چڕ لەسەر زەوی عێراق پەرشوبلاو بوونەتەوە. لەمیانەی گوێگرتنیشم لە پوختەی راپۆرتە هەواڵگریەکانی بەیانیان، هەندێك جار وێنای دەستەیەکی سەربازی لاوازم دەکرد کەلەناوچەی تەقینەوەیەکەوە دەچێت بۆ ناوچەی تەقینەوەیەکی تر. سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لە سی وڵات بە سەربازەکانیان لەپرۆسەی عێراقیدا بەشداری دەکەن ، ئەوا پشتگۆن لەهاوپەیمانەکانی هیواخوازە بەرێکی زیاتر لەهێزەکانیان لەعێراقدا بەشداریان هەبێت، من بەدرێژایی چەند مانگێك بەردەوام بووم لەقسەکردن لەسەر مەترسی زیادەڕۆیکردن لەخەمڵاندنی توانای هێزەکانی ئاسایشی عێراقدا. دارینی ئەو هێزانەش لەقەیرانەکانی نیسان/ئەپرێلدا ئەم مەسەلەیەی سەلماند. بەڵام ئێستا کاروانەکانمان زیاتر ڕووبەڕووی هێرشەکان دەبنەوەو، یاخیبووەکان بەپرۆسە چەند جارەکانیان



Scanned with CamSc

بۆرییەکانی هەناردەکردنی نەوت دادەخەن بەشێوەیەك کە نائومێدی دروست دەکات. هەروەها کارکردن لەسەر پرۆژەکانی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە کە لێپێچینەوە رۆتینیەکان لەواشنتون خاویان کردۆتەوە بەهۆی هێرشی یاخیبوەکانەوە ئێستا زیاتر ئاڵۆز بووە. لە ٢ ئایار/مایۆدا، نامەیەکی ئەلەکترۆنیم نارد بۆ فرانسی تێیدا ئەو هۆکارانەم کورت کردەوە کە وام لێدەکەن نائومێدبم. بۆمن نوسی کە قەیرانەکانی نیسان/ئەپریل ئەوەی سەلماند کە هێزە عێراقیەکان " ناچالاکن یان خراپتریش لەوە". چەندین یەکەی هاوپەیمانانیش ملکەچی کۆتوبەندێکی زۆر توندی رێساکانی پێکدادان دەبنەوە کە وایان لێدەکات هیچ سودێکیان نەبێت." ئەوان ناتوانن بجەنگێن، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەرمان پشتیوانی لۆجیستیان بۆ فەراهەم بکەین، ئەمەش مانای بڕێکی زیاتری ئەو کاروانانە دەگەیەنێت کە پێویستە پارێزرێن". هەروەها پێموت کە من نیگەرانم لەنەبوونی سەربازی پێویست بۆ پاراستنی بنکەکانمان.

ستراتیژیەتی ئەناکۆندا وورده وورده سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، بەڵام ئێمە نرخی ئەو چاوەڕوانیە زۆر درێژەمان دەدا پێش ئەوەی لەدژی موقتەدا صەدر بجوڵێینەوە. ژەنراڵ دیمپسی سەرکردەی فرقەی یەکی زرێپۆش کە پرۆسەکان لەدژی ئەو پیاوە ئاینیە ئەنجام دەدات کە بەمزوانە دەرکەوت، لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی " نیویۆرك تایمز" لە ١٢ ئایار/مایۆدا دانی بەوەدا نا دواکەوتنمان هەلی بەموقتەدا دا ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرەکانی چەکدار بکات و مەشقیان پێبکات. "

لە ١٤ ئایار/مایۆدا– دوای تەنها رۆژێك لە کۆبونەوەی سەرکردەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان– موقتەدا هێرشەکانی بۆ سەر هاوپەیمانان و هێزە عێراقیەکان لەباشور دەستپێکردەوە، وەك ئەوەی بیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە ئێمە لەتەنگەبەرێکی سەربازیداین. میلیشیاکانی سەر بەو هاوەتیان لەنزیك مزگەوتی کەربەلا دامەزراند و چەکی قورسیشیان برد بۆ نزیك مەزارگەی ئیمام عەلی لەنەجەف. لەو شوێنانەشەوە تەقەیان لەهێزەکانمان کرد. ئامانجیشی لەمە ئەوەبوو هێزی خۆی نیشان بدات سەرەڕای دەستگرتنی هاوپەیمانان بەسەر زەخیرەیەکی چەك لەکەربەلا و هەروەها بۆ ئەوەش پلەمان بدات تا هێرش بکەینە سەر خودی شوێنە پیرۆزەکە.

ئەم تەکتیکەش چەکێکی کاریگەربوو. موقتەدا لەداواکاریەکانیدا بونیادنانی کەتیبەی ئەجەفی راگەیاند لەسەر شێوەو نمونەی کەتیبەی فەللوجە، بەنسبەت ئەمنیشەوە داوای کرد هەموو گیراوە سیاسیەکان ئازادبکرێن و ئەو دۆسیەش دابخرێت کە پەیوەندی هەیە بەم ڕووداوانەی دواییەوە. ئەوەش ئاماژە بوو بۆ تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانەکانی کوشتن و، یاداشتی دەستگیرکردنەکەی کە

دادوەرێکی عێراقی لەدژی دەریکردبوو. موقتەدا بانگەشەی ئەوەشی کرد کە ئامادەیە بەرگری لە دژمنیەکەی بکات، بەڵام تەنها لەبەردەم " حکومەتێکی دەستووری شەرعی هەڵبژێردراو لەهەڵبژاردنێکی نیشتمانی ئازاد دا" – بە دیك جۆنزم راگەیاند، " بەدەستەواژەیەکی تر، پێش شوبات/ فێبرایەر تا یان ئازار/مارسی ساڵی ئاینده".

ترسێنگەکانی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لەباشور لەرێگەی سەرۆك هێزەکانەوە ئەوەیان زانی کە موقتەدا هەوڵدەدات دانوستانێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوپەیمانانادا ئەنجام بدات. هەروەك چۆن ژمارەیەك لەئەندامانی ئەنجومەنی حوکم باسیان لەوە کرد چەند پەیوەندیەکیان ئەنجامداوە دەکرێت پشتی پێ بەسترێت بۆ دانوستان لەگەڵیدا. بۆیە، هەردوو پەیڕەوەکەمان گرتەبەر بەڵام چەند نامەیەکی ئاڵۆزو دژبەیەکمان پێگەیشتەوە. روون نەبوو کە ئایا کام لەو کەناڵانە لەواقیعدا پەیوەندیان لەگەڵ موقتەدا دا هەیە.

بەتەقەکردن لەسەربازەکان لەکەربەلاو نەجەف، موقتەدا سەرکەوتووبوو لە ڕاکێشانی هێزەکانمان بۆ ناوچە پیرۆزەکان. سانشێز پێی ووتم ئەو ویستویەتی ئاگربەستی یەکلایەنە ڕابگەیەنێت بۆ ئەوەی هێزەکانمان لە " تێپەڕاندنی هێڵە سورەکان" لابدات.

پێموت " با لەم ڕادەیەدا بوەستین ریکاردۆ"، بەهۆکاری ئەوەی ئێمە ژمارەیەکی زۆر پەیوەندیمان لەکەسانێکەوە پێگەیشتووە کە دەڵێن قسەیان لەگەڵ موقتەدا دا کردووە. ووتیشم " پێموا نیە پێویست بکات ئاگربەست ڕابگەیەنین بێ ئەوەی لەبەرامبەر ئەوەدا شتێکمان دەست بکەوێت".

لەرێگەی میانکارەکانەوە، پرسیارم لە ئایەتوڵڵا سیستانی کرد بۆ ئەوەی ڕای بزانم لەبارەی ئەنجامدانی وتووێژی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ موقتەدادا، وەڵامەکەی بەخێرایی و بەڕوونی هاتەوە.

" ئێمە هیچ هۆکارێك نابینینەوە بۆ دانوستان لەگەڵ موقتەدا دا، یان سودی ئەوە چیە". بەردەوامیمان بە هەوڵەکانمان دا بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ کە بتوانێت تا هەڵبژاردنەکانی کانونی دووەم/ یەنایەر بمێنێتەوە.

بۆ زانینی سودی وتووێژ لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم لەبارەی دیاریکردنی ئەو کەسانەوە کە پلە باڵاکان لەحکومەتی نوێدا وەردەگرن ئیبراهیمی هات، بەهۆی ئەوەشەوە کە ئەو ڕادەی نارەحەتی ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمی دەزانی لەغونەی ئەم مەسەلە ووردەدا لەگەڵ هەموو بیست و پێنج ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم، بۆیە پێشنیاری کرد کە ئەو و بلاکویل و من لەگەڵ چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی حوکم کۆببینەوە کەپێکهاتبوون لە سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنەکەو سەرۆکی ئێستاو ئەوەی



Scanned with CamSc

ئایندەشی، واتە مەسعود بارزانیی کوردی و عیزەدین سەلیمی شیعەو غازی یاوەری سوونە، هەریەکێك لەمانەش خاوەن پشتیوانییەکی بەهێز بوو لەلایەن گروپەکەیەوە. عزەدین و غازی خرانە ریزی نۆ سەرۆکەکەی ئەنجومەنەکە لەنیسان /ئەپریلدا دوای ئەوەی کە نۆری مانگانەی نۆ ئەندامە بنچینەییەکە تەواو بوو.

لەرۆژی یەکشەممە ۱٦ ئایار/مایۆ بارزانیی میوانداریی یەکەم دانیشتنی کرد لەماڵە چیاییەکەی لە صەلاحەدین. لەو کاتەدا جەختمکردەوە کەوا کاتی کەم بەدەستەوە ماوە ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە کۆتاییەکانی مانگی ئایار/مایۆدا لەپێکهێنانی حکومەتەکە ببینەوە.

عیزەدین بەدانایەوە قسەی کردو ووتی، " گرنگە کاتی پێکهێنانی حکومەتی کاتیی قەبارەی ئەو ئەبارییە کەمبکرێتەوە کە رووبەڕووی ئەنجومەنی حوکم دەبێتەوە لەژمارەیەك لەناوچەکاندا. ئێمە پێویستمان بە بەشدارییکردنی هەموو رەگەزەکانی کۆمەڵگەی عیراقی هەیە".

لەراستیدا ئیبراهیمی رەزامەندبوو لەسەر ڕاسپاردەکەمان بە پێویستی هێشتنەوەی ژمارەیەك لەوەزیرەکانی حکومەتی کاتی ئێستا لەحکومەتە نوێیەکەدا لەو ماوەیەدا کە دەکەوێتە دوای رادەستکردنەوەی سەروەرییەوە. وەزیرەکانیش هۆشیار زێباریی وەزیری دەرەوە بوو، ئەیهەم سامەرائی وەزیری کارەباو نەسرین بەروارییی وەزیری شارەوانیەکان و ژمارەیەکی تر لە وەزیرەکان ئەوانەی کە کاری باشیان ئەنجام دەدا، ئەوانەیش ئارەزووی ئیبراهیمی بەجێدێنن لەدانانی ژمارەیەکی گەورەتر لە تەکنۆکراتەکان. هەروەك چۆن ئەو هاوڕابوو لەگەڵماندا بۆ بەشدارییکردنی برێکی زیاتر لەکەسایەتیە سوننەکان، بەڵام دانیشی بەوەدا نا کە ئەو ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە لە دیاریکردنی پاڵێوراوە لەبارو شایستەکاندا.

بەڵام گرفتە سەختەکە لەپرۆسەی سیاسیدا هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات و سەرۆکی وەزیران بوو کەلەم وڵاتەدا دابەش بووەدا جێگەی ڕەزامەندی هەمووان بێت. ئەوەش هاوسەنگیەکی دەخواست لەنێوان گروپە سەرەکیەکاندا، سەرەڕای ئەوەی ئیبراهیمی لەگەڵماندا ڕێکەوتبوو لەسەر پێویستی خۆلادان لە بونیادنانی بونیادێکی رەق لەسەر شێوازی لوبنانی کە پۆستە گرنگەکان بەپێی دەستور تایەتکراون بۆ ئەو کەسانەی کە سەر بە کۆمەڵە ئاینی یان رەگەزییە دیاریکراوەکانن.

گرفتە خێراکەشمان جارێکی تر کوردەکان بوون. تاڵەبانی و بەرهەم صالح سەرۆك وەزیرانەکەی دوای ئەوەی چەند هەفتەیەك لەواشنتۆن مانەوە سەردانیان کردم، تاڵەبانی هەوڵی ئەدا پشتیوانی لێ بکرێت بۆ ئەوەی لەحکومەتە نوێیەکەدا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی پاڵێورێت. پێویست بوو لەسەرم پێی ڕابگەیێنم کە ئیبراهیمی و هاوپەیمانان ڕێکەوتوون لەسەر پێویستی ئەوەی کە



Scanned with CamSc

عەرەبێکی سوونی ئەم پۆستەی پێبدرێت، پێم ووت " بەرێز تاڵەبانی، ئەوان ماوەیەکی زۆرە هەست بەوە دەکەن کە وەك پێویست لەعێراقی نوێدا بەشداریان پێنەکراوەو نوێنەرایەتیان نیە. پێویستە لەسەرمان ئەم حکومەتە وەك هەلێك بۆ فراوانکردنی بنکەی سیاسی عێراق بەکاربهێنین". دیاربوو تاڵەبانی بەبیستنی ئەم هەواڵە بێزاربوو، گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

رەوشی ئەمنی لە چەند ناوچەیەکی عێراقدا زیاتر خراپ دەبوو. لە ١٧ ئایار/مایۆ، کۆبونەوەیەکی تایبەتیم لەگەڵ ژەنراڵ سانشێزدا گرێدا بۆ ئەوەی لەبارەی جەنگەوە قسەی لەگەڵدا بکەم.

ئەم پرسیارەم ئاراستە کرد " ریك، تۆ چیت دەکرد ئەگەر دوو فرقەی تری سەربازیت لەبەردەستدا بوایە؟".

ئەو سەربازێکی کرداری بوو زۆر لە گریمانە تیۆرییەکاندا پێشبینی خۆی نەدەخستەڕوو، لەکاتێکدا کە پێویست بوو لەسەری هەموو رۆژێك روبەڕووی کۆمەڵێك گرفتی ڕاستەقینە بێتەوە.

بەڵام بەکسەر وەڵامی دایەوە " بەغدام کۆنترۆڵ دەکرد".

ئەو رقی لەوە دەبۆوە کە یاخیبوەکان بتوانن بەشێوەیەکی ئاشکرا بەناو بەغدادا بێن و بچن و بسوڕێنەوە.

دەمتوانی ئەو بەکارهێنانانەی تری ئەو ٣٥,٠٠٠ یان ٤٠,٠٠٠ سەربازە ببینم. بۆیە پێمووت" بەڵام ئێمە هەروەها پێویستیمان بە پاراستنی هێڵەکانی گواستنەوەمان هەیە" مەبەستم لەمەش ڕێگە حەیوییەکان و بۆرییەکانی نەوت بوو لەناوخۆی عێراق کە بەبیابانەکاندا بەرەو وڵاتانی دراوسێ درێژدەبوونەوە. " هەروەها ئێمە پێویستمان بە هەستانە بەکارێکی باشتر بۆ پاراستنی ژێرخانی گرنگی ئابوری". بەبێ فەراهەمکردنی پاراستنێکی توند، داهاتەکانی نەوتی عێراقی پاشەکشەیان دەکردو پرۆژەکانمان بۆ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە خاوبی و سستیان تێدەکەوت. هەروەها ووتم، " ئێمە لەواقیعدا هەرگیز کۆنترۆڵی سنورەکانمان نەکردووە".

ریك زەردەخەنە گرتی و ووتی " گەورەم ئەو سەربازە زیادانە داوا بکەو بەکاریان بێنە".

کەمتر لەشەست رۆژ مابۆوە بۆ کۆتایی هاتن بە ماوەی مانەوەکەم لەعێراق وەك بەرێوەبەری ئیدارەی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان. بۆیە پێویست بوو لەسەرم لەوپەڕی هەوڵەکانی خۆم بخەمە گەڕ بۆ ئەوەی لەدوای خۆمەوە بەهێزترین رەوشی سیاسی و ئەمنی مومکین بەجێ بهێڵم. بنچینە سیاسیەکە لەدروستبووندا بوو، بەڵام وەك ئەوەی کە هەمیشە هەیە، نیگەران بووم لەرەوشە



Scanned with CamSc

ئەمنیەکە. لەقەیرانی نیسان/ ئەپریلەوە دەرکەوت کە ماوەیەکی درێژ بەسەر عێراقدا دەڕوات پێش ئەوەی هێزە عێراقیەکان بەتەنها بتوانن ڕەوشی ئەمنی وڵات لەئەستۆبگرن و بیپارێزن. ئایا ئەتوانین برێکی زیاتر سەربازمان دەست بکەوێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە؟

لە ١٨ ئایار/ مایۆدا، بەڕایسم ڕاگەیاند کە من دەمەوێت نامەیەکی زۆر تایبەت بنێرم بۆ ڕامسفێلد تێیدا پێشنیار بکەم کە هاوپەیمانان پێویستیان بە برێکی زیاتری سەرباز هەیە. ووتیشم کە پەیامبەرێك پەیامەکەی بۆ دەبات بۆ ئەوەی نوسخەی تری نامەکە لەبەری نەگیرێتەوە دەستاودەستی پێبکرێت.

لە دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا نامەکەم بۆ ڕامسفێلد نارد تێیدا باسی ئەوەم کرد کە ئاڵۆزبوونی ڕەوشی ئەمنی لە نیسان/ئەپریلەوە ئەوەی دەرخست لانی کەم بەنسبەت منەوە، کە ئێمە هەوڵدەدەین بەبرێکی کەم لەدەرامەتەکان زۆرێك لە بەرەکان پڕبکەینەوە. هەروەها ئێمە هەوڵدەدەین بەسەر سنورەکاندا زاڵ بین و بەرگری لە هێڵەکانی گەیاندن بکەین و ژێرخانی ئابوری بپارێزین. بەهۆی نەمانی ئەمن و ئاسایشەوە هەناردەکانی نەوتی عێراقی پاشەکشەیان کردووە. هەتا پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ئازادکردنیشدا، سوپا لەتوانایدا نەبوو پارێزگاری پێویست بۆ هاتوچۆی نێوان فڕۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی دابین بکات. هەروەك چۆن زۆربەی زۆری شوێنەکانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەباشور ڕووبەڕی هێرشی شەوانە دەبنەوە کە میلیشیاکانی صەدر پێی هەڵدەستن. هەروەها ووتم کە " نوسینگەکەمان لە ناصریە خەریك بوو ڕۆژی هەینی داگیربکرێت و هێزی وەڵامدانەوەی خێرای ئیتالیش پێویستی بە حەوت کاتژمێر بوو بۆ ئەوەی مەسافەی چەند میلێك ببڕێت. دوێنێ لەوێ هەستاین بەداگرتنی ئاڵای هاوپەیمانان" هەروەها بارەگای سەرکردایەتی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بەشێوەیەکی کرداری " گەمارۆدراوە"

جەختمکردەوە کە ئەرکەکەمان لەسەر ڕۆخ و کەناری دارمان نیە، بەڵام هەست دەکەم کە ڕەوشەکە زۆر مەترسیدارە. ڕاسپاردەم دا بەلێکۆڵینەوە لەوەی کە ئایا دەکرێت هاوپەیمانان فرقەیەکی تری زیادە یان دوو فرقە بۆ ئەوپەڕی ماوەی ساڵێکی تر لەعێراق بڵاوبکاتەوە

دڵنیابووم لەوەی کە وەزیر پەیامەکەی پێگەیشتووە، بەڵام وەڵامەکەیم پێنەگەیشتەوە.

دوای چەند ڕۆژێك، ڕایس پێشنیاری کرد کە ئەو و ستیف هادلی جێگری و بزب بلاکویل و من مشتومڕێکی ڕاشکاوانەی تەلەفۆنی بکەین لەبارەی ڕەوشی ئەمنیەوە

لەو کۆبونەوەیەدا ووتم " داهاتوانی ئەو پشتیوانەی کە تەرخان کراوە بۆ هاوپەیمانان لەم سێ مانگەی دواییدا خێرا بووە، سەرەڕای پێشکەوتن لەپرۆسەی سیاسیدا، یاسای ئیدارەی ئینتیقالی



Scanned with CamSc

و، دەرکەوتنی چالاکییەکانی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە لەم ماوەیەی دواییدا". هۆکارەکەش بەو
پەڕی سادەییەوە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی هێرشەکانی یاخیبووەکان. وورپایشم دا کە ئێمە دڵنیاین
لەوەی کە لەماوەی چەند هەفتەی ئایندەدا هێرشی زیاترمان دەکرێتە سەر لەگەڵ هەوڵەکانی
دوژمندا بۆ ئەوەی ئەو پێشکەوتنە کە لەرێگەی دیموکراسیەوە بەدی هاتووە لە ئاراستەکەی خۆی
لایدەن و بەم قسەیەش کۆتایم بەقسەکەم هێنا، " بۆیە لەو پەیامەی کە بۆ زۆربەی عێراقیەکان
ئاراستەیە ئەوەیە هاوپەیمانان ناتوانێت خزمەتگوزارییە حکومییە بنچینەییەکان بۆ زۆربەی عێراقیەکان
بەراهەم بکات وەك : ئاسایش. لەخراپترین حاڵەتیشدا بووینەتە- داگیرکەرێکی بێ توانا".

رابس و هادلی گوێیان بۆ قسەکانم گرت و هەندێك ڕاوبۆچونیان لەبارەیەوە ووت. من و
بلاکویلیش دڵنیا نەبووین لەوەی کە شیکارەکەمان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر واشنتۆن هەبێت.

لەم ماوەیەدا، ئێمە هێشتا خەریکی ئەوە بووین کە چارەسەری گرفتی دۆزینەوەی کەسێك بکەین
بۆ سەرۆکی وڵات و سەرۆك وەزیران کە بتوانن لەمامەڵەکردن لەگەڵ یاخیبووندا کێشەکان بەلایی
یەکەمەوە و لای زۆرینەی عێراقیەکان قەبوڵکراوبن.

عەدنان پاچەچی خاوەنی چانسێکی زیاتربوو لەوەرگرتنی پۆستی سەرۆکدا، کە پیاوێکی دەوڵەتی
بەتەمەن بوو رۆڵێکی یەلاکیکەرەوەی بینی لەکاتی دانانی یاسای ئیدارەی ئینتیقالیداو جێگەی
رێزێکی فراوانەو، پەیوەندی وکارکردنێکی بەرهەمداری هەیە لەگەڵ هاوپەیمانانندا، هەروەك چۆن
هاوڕێی ئیبراهیمی بووە. ئەگەرچی لای کوردەکان و شیعەکان خۆشەویست نیە، بەڵام پێشبینی
ئەوە دەکرا ئەوانیش رەتی نەکەنەوە بەو پێیەی سیاسیەکی بەتەمەنی لێهاتووە لەئەنجومەنی
حوکمدا.

دەرکەوت کە مەسەلەی دیاریکردنی سەرۆك وەزیران زیاتر ئاڵۆزە، ئیبراهیمی لەسەرەتاوە حسێن
شەهرستانی باڵاوتبوو، کە زانایەکی ئەتۆمییەو سەرۆکایەتی لیژنەی ووزەی ئەتۆمی عێراقی کردووە
تا ساڵی ١٩٧٩، صەدام فەرمانی کردبوو بۆ ماوەی ١١ ساڵ زیندانی بکرێت بەهۆی ئەوەوە کە
رەتیکردبۆوە بەشداری بکات لە بەرنامەی نهێنی چەکی ئەتۆمی بەعسەکاندا. شەهرستانی، کە
خوێندنی لە بەریتانیاو کەنەدا تەواوکردبوو، زۆربەی ساڵەکانی زیندانیکردنی لەزیندانی ئەبوغرێب
بەسەر بردبوو لە ژوورێکی ئینفیرادیدا یان لەژوورێکی تەنگدا کە پڕبوو لەزیندانی تر و ناچاربوون
بەنۆرە لەسەر زەوی ڕابکشێن. لەساڵی ١٩٩١ لەکاتی جەنگی یەکەمی کەنداودا کاتێك کە
بۆمبەکانی هاوپەیمانان لەنزیك زیندانەکەوە کەوتبوونە خوارەوە توانیبووی دەربازبێت. پاشان
هەڵهاتووە بۆ دەرەوەو کاری بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی کردووە لەدژی صەدام، لەساڵی



Scanned with CamSc

٢٠٠٣دا لەگەڵ خێزانەکەی گەڕاوەتەوە بۆ کەربەلا. لەوێ هەستاوە بەدامەزراندنی ڕێکخراوی خێرخوازیی تایبەت و چالاکیەکانی لەباشوری شیعەنشیندا بۆتە هۆی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئایەتوڵڵا سیستانیدا دروست بکات.

شەهرستانی کە وادیاربوو شوێن پێی سیستانی هەڵدەگرێت، ڕەتیدەکردەوە کۆبونەوە لەگەڵ بەرپرسانی هاوپەیمانانندا بکات، بۆیە بەنسبەت ئیمەوە کەمتر ناسراوبوو. لەسەر پێداگریی ئیبراهیمیش، ڕازی بوو لەگەڵ من و بلاکویلدا کۆببێتەوە کە بەتوندی بەزیرەکی و ژیریەکەی سەرسام بووین. بەلاّم زۆرمان نەدەزانی لەبارەی چۆنیەتی دانانی وەك سەرۆك وەزیران.

لەڕۆژی دواتردا، لەکۆبونەوەیەکی تەلەفزیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا ناویم هێنا، سەرۆك یەکسەر هاتە سەر ناوەڕۆکی باسەکە وەك ئەوەی کە دەیبینی: گرنگە ئەو کەسە ئامادەیی ئەوەی تێدا بێت کە بوەستێت و سوپاسگوزاریی پێشکەش بە گەلی ئەمریکا بکات لەبەرامبەر ئەو قوربانیانەدا کە لەپێناو ڕزگارکردنی عێرقدا داویەتی، من پێشبینی ناکەم کەسێك هەڵبژێرین کە مەیلی بەلای ئێمەدا هەبێت، بەلاّم کەسێکم دەوێت کە بەلانی کەمەوە سوپاسمان بکات. ئایا شەهرستانی لەیەوێت ئەو پۆستە وەربگرێت؟ ئایا پشتیوانیمان لێدەکات؟ ئایا وەك پێویست ئازایەتی تێدایە"؟

وەلاّمم دایەوە کە من و بۆب سبەینێ شەو چایەکی لەگەڵ دەخۆینەوەو لەوتەکانماندا جەخت لەسەر ئەو خالاّنە دەکەینەوە.

لەو شەوەدا، شەهرستانی دانایی خۆی و زمان پاراویی و بایەخپێدانە بەرفراوانەکانی خۆیی نیشاندا، بۆم دەرکەوت ئەمە یەکێکە لەو عێراقیانەی کە چاوم پێیان کەوتووە و پێیان سەرسام بووم. بەلاّم بەتێپەڕبوونی کات لەکاتی ئەو شەوە درێژەدا، ئینتیباعم لەبارەیەوە ئاڵۆز بوو. ئەو پێزان بوو بۆ ڕزگارکردنی عێراق، ووتی " پێویستە لەسەر حکومەتی نوێ بەتوندی مامەڵە لەگەڵ یاخیبووندا بکات. بەلاّم من داوای بەکارهێنانی هێزەکانی هاوپەیمانان ناکەم تەنها لەکاتی پێویستدا نەبێت" . ئەوە خاڵێکی لۆژیکی بوو، بەلاّم لەئەنجامی قسەکانیدا دەرکەوت، کە ئەو دوو دڵ دەبێت لەدۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی کە داوای بەکارهێنانی ئەو هێزانە بکات، هەتا ئەگەر وەك پێویستیش هێزی عێراقی نەبێت کە بەو تەحەداو ڕووبەڕووبونەوەیە هەستێت. کە دەشمانزانی ئەوە واقیعی خاڵی هێزە عێراقیەکان دەبێت لەماوەی ئاییندەدا، چەندێکیش زیاتر لەقسەکردندا ڕۆدەچووین، هەستە تێکەڵاوەکانی لەبەرامبەر هێزەکانی هاوپەیمانانندا زیاتر ڕوون دەبۆوە.

سەرەڕای ئەوەش، بۆمان دەرکەوت کە شەهرستانی شیعەیەکی داخراوە، هیچ پەیوەندییەکی



Scanned with CamSc

بوونی نەبوو لەگەڵ عێراقی باکوری بەغدادا. پاشان تووشی شۆك هاتین کە ووتی ئەو و سیستانی وەزیران لەسەر ئەوەی پێویستە کەسایەتیەکی سوننە سەرۆکایەتی وەزیران بکات. " هەرچۆنێك بێت ئەوا ئەرکەکە زۆر سەخت و گرانە. ئەگەری زۆرە هەرکەسێك ئەو پۆستە وەربگرێت شکست بێنێت ، بۆیە با شکستخواردووەکە یەکێك بێت لەسوونەکان".

بەراشکاوییەوە پێمووت " ئەوە لەکورتبینیەوە سەرچاوە دەگرێت و لەناویدا مەترسی دووبارەبوونەوەی ئەو هەڵە تراژیدیەی هەڵگرتووە کە شیعە لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کردیان کاتێك کە ئەوەیان بەباش زانی دووربکەونەوە لەپرۆسەی سیاسی و هەشتا ساڵ دوورکەوتنەوەو بەفکرانی ناوخۆییان بەسەر خۆیاندا هێنا.

لێدوانەکانی بەلانی کەمەوە ئەوەیان نیشان دەدا، کە ئارەزووی نەدەکرد بەهیچ شێوەیەك ببێتە سەرۆك وەزیران، بەبۆیم ووت " لێگەڕێ با شەهرستانی لەیدەگدا بێت. بۆب ڕەزامەندی دەربڕی و ووتی " ئینتیباعم لەبارەیەوە ئەوەیە کە زۆر نەرمە". لەگەڵ ئەوەشدا شەهرستانی وەك هەڵبژێردراوی یەکەمی ئیبراهیمی مایەوە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە.

لەبەیانی گەرمی ڕۆژی دووشەممە ١٧ ئایار/مایۆدا عیزەدین سەلیمی سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم و سێ لەپاسەوانەکانی و ، سێ کەسی عێراقی کەبەناوچەی ڕوداوەکەدا تێپەڕیبوون کوژران ئەویش کاتێك بوو کە خۆکوژێك ئۆتۆمبیلە بۆمبڕێژکراوەکەی لای خاڵێکی پشکنینی ناوچەی سەوزدا تەقاندەوە.

نیمچە دڵنیابووین لەوەی کە ئەبومووصعەب زەرقاوی ڕێکخەری ئەم تاوانەیە. سەرەڕای ئەوەی کە شکستی هێنا لەبەدیهێنانی ئامانجەکەی لەناستەنگ خستنەبەر کاروانی عێراق بەرەو سەروەریی، لەوانەشە یارمەتی ڕوداوێکی چاوەڕوانەکراویشی لەوەدا دابێت. لەو دەرئەنجامانەش کە چاوەڕوان نەکراوبوون کوژرانی عزەدین بوو، ئەوەبوو شێخ غازی یاوەر، کە دەبوو لەمانگی حوزەیراندا ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بەپێی بنەمای خولیی، سەرۆکایەتی ئێستای مانگی ئایار/مایۆی ئەنجومەنەکەی وەرگرت و، بەکارکردن بە پرۆتۆکۆلەکەش، یاوەر ئەو کەسە بوو سەرۆك بوش بەتەلەفۆن پرسەو سەرەخۆشی پێڕاگەیاند. یاوەر لەئەمریکا خوێندنی تەواوکردووە، شارەزایی هەیە لەبرۆژە تایبەت و سیاسیەکاندا. سەرۆك لەپەیامێکدا ئەوەی بۆ ناردم کە کاریگەربووە بەو سوپاسە ڕاشکاوانەیەی کە غازی یاوەر پێشکەشی هاوپەیمانانی کردووە بۆ خستنی صەدام و جەختیشکردۆتەوە لەسەر ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر پرۆسەکە تا بەدیهاتنی سەروەریی و دیموکراسیەت لەکۆتاییدا.

بەوشێوەیە، ئیدی من و بلاکوێل ئەوەمان لە غازیدا دەبینیەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە پاڵێوراو بێت بۆ سەرۆکایەتی.

لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیدا کە لە ١٩ ئایار/مایۆدا بەسترا، من و بلاکوێل لەبارەی لایەنە باشەکانی و خراپەکانی شەهرستانیەوە قسەمان کرد. دەمتوانی لە شاشە ڤیدۆییەکەوە ئەوە ببینمەوە کە سەرۆك بوش ئاسودە نەبوو پێی.

بوش ووتی " بەچاوپۆشین لەوەی کێ دەبێتە سەرۆك، ئەمەوێت لەوە دڵنیابم کە بەوە دەست پێناکات کە بۆ ڕازیکردنی خەڵکە گشتیەکە هەر لەوەندەی پۆستەکەی وەرگرت ئیدی هێرش بکاتە سەر هێزەکانی هاوپەیمانان".

وەڵامم دایەوە " بەدڵنیاییەوە هەندێك لەسیاسیەکان بەوە هەڵدەستن، بەتایبەتی لەوانەی کە حکومەت بەجێ دەهێڵن".

ڕامسفێلد ووتی " پێویستە لەسەرمان سەرۆك وەزیرانێکمان هەبێت کە وەك بەرد ڕەق و پتەوبێت".

" بەدڵنیاییەوە" سەرۆك وەڵامی دایەوە، " پێویستە لەسەرمان دڵنیابین لەوەی کە سەرۆك وەزیری نوێ دوای ڕۆژێك لە گواستنەوەی سەروەری داوامان لێناکات عێراق بەجێ بێڵین".

دەبوو لەم مەسەلە حەیەوییەدا ڕاشکاوم، ووتم، " ناتوانین ١٠٠٪ دڵنیابین لەهەر سەرۆك وەزیرێکی عێراقی کە هەڵیدەبژێرین".

پاول ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەچاوپۆشین لەوەی کە حکومەتی نوێ دەیڵێت، ئەوا ناچاردەبێت داوامان لێبکات عێراق بەجێ بهێڵین ئەگەر شتێکی خراپ ڕوویدا. ئەو دابەزینی جەماوەریەتیەشم بەبیر هێنایەوە کە ڕووبەڕووی هاوپەیمانان بۆتەوە لەسایەی ئەو پڕوپاگەندە عەرەبیانەو ئاڵۆزبوونی ڕەوشی ئەمنیدا. لەوانەیە کۆتایی هاتنی فەرمی داگیرکاریی یارمەتی دەربێت لەقەبوڵکردنی پێویستی بوون بە سەربازەکانی هاوپەیمانان. هەروەها ووتم، " بەڵام ئێمە ناتوانین داوای دەسکەوتنی گرەنتی تەواو بکەین و پێشبینی دەستپێوەگرتنی ئەوان پێوەی بکەین".

هەروەها سەرۆك ووتی گرەوکردن لەسەر کەسێك کەلەگەڵیدا کۆنەبوویتەوە دەبێتە پڕکێشکردن. " من متمانەم بە برێمەرو بلاکوێل هەیە لەهەستان بەم کارە بەڵام بەڕاشکاوی دەڵێم کە من هەست بەبڕێکی زیاتر لەئاسودەیی دەکەم کاتێك کە دەزانم ئەو پیاوە ئازایەتی تێدایەو لاواز نیە. بەچاوپۆشین لەوەی کێیە، پێویستە لەسەری سەرکردە بێت. چی پێشنیار دەکەیت ئەگەر بڕیارماندا لەگەڵ شەهرستانیدا ئەچوینە پێشەوە"؟



Scanned with CamSc

وەڵامم ئەوە بوو کە " ئەگەری زۆرە بەرەو ئیاد عەلاوی بڕۆین، سەرەڕای ئەوەی کە گومانێکی جدی هەیە لەوەی کە لای سیستانی قەبوڵکراوبێت".

هەمیشە من ڕێزی ڕەقی پتەوی عەلاویم گرتووە، ئەو کاتێك پابەند دەبێت بەسیاسەتێکی دیاریکراوەوە ئەوا هەرگیز لێی پاشگەز نابێتەوە.

سەرۆك وەڵامی دایەوە، " باشە، پێویستە لەسەرتان کە ئەوە بەبیر خەڵك بێنەوە کە هێشتا ساڵێك تێپەڕیوە بەسەر پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراقدا. وەرچەرخان بەرەو دیموکراسیش هەندێك کاتی دەوێت، پێویستە لەسەر ئێمەش ئارامیمان هەبێت- هەردووکمان، هاوپەیمانان و عێراقیەکانیش. لەبەر ئەم هۆیەش من بایەخ دەدەم بە بیستنی بەیاننامەی یەکگرتوو لەحکومەتی نوێی عێراقیەوە کە پشتیوانی لەهاوپەیمانان بکات".

ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە پێویستە داوا لە ئیبراهیمی بکەین کە ناوی غازی یاوەر وەك پاڵێوراوێك بۆ سەرۆکایەتی و ناوی شەهرستانی وەك سەرۆك وەزیران پێشنیاربکات. بەڵام ئێمە پێویستمان بە زانینی ئەوە بوو کە ئایا ئەو دووانە پشتیوانیەکی فراوانیان لێدەکرێت کە تەنها بریتی نەبێت لەشیعەکان. بۆیە، من و بلاکویل جارێکی تر لەگەڵیدا کۆدەبینەوە لەپێناو تاقیکردنەوەی هەڵوێستی سەبارەت بەمانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لەعێراق لەدوای ٣٠ حوزەیران یۆنیۆوە.

بەڵام بەروانین بۆ ئەو پێوەرە بەرەو یەکلاکەرەوانەی کە سەرۆك بوش دایناون بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراقی، هەستمکرد شەهرستانی ئەو پیاوە گونجاوە نیە کە ئەم پۆستە وەربگرێت. بۆیە دەبێت هەوڵبدەین ئیبراهیمی ڕازی بکەین بۆ ئەوەی ڕازی بێت لەسەر لادانی ناوی شەهرستانی.

لەرۆژی دواتردا، من و بلاکویل سەرنجمان چوو بەرەو پۆستی وەزیری بەرگری. ئیاد عەلاوی، سەرۆکی لیژنەی ئەمنیی سەر بە ئەنجومەنی حوکم، یەکەم هەڵبژاردنی حکومەتی ئەمریکا بوو بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە. سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە نیگەران بوین لەوەی کە ئەگەری ئەوە هەیە کە سیستانی قەبوڵی نەکات عەلاوی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت. بەڵام هیچ کەسێك مشومڕی نەدەکرد لەسەر ڕەقی و پتەوی ئەو، بۆیە پێمان وا بوو کە ئەگەر ئەو ببێتە وەزیری بەرگری ئەوا زیاتر مایەی قەبوڵکردن دەبێت. لەبەیانی ئەو ڕۆژەدا، عەلاوی هات بۆ وتوێژکردن لەبارەی مەسەلە سیاسەکان لەگەڵ من و بۆیدا.

بەو قسەیە دەستم پێکرد: " تۆ دەزانیت کە سەرۆك بوش و حکومەتەکەم ڕێز لە تۆماری درێژو ئازایەتی تۆ دەگرن لە دژ وەستانەوەی صەدام و یارمەتیدان لە خستنی ڕژێمەکەیدا".

عەللاویی ئەم ستایشەی بە رووخۆشیەوە وەرگرت. ئەو پیاوێکی باڵا بەرز بوو، جەستەی پڕبوو، نزیکتربوو لەوەی کە وەك کەسێك دەربکەوێت کە پێشتر باریزانی تۆپی پێ بوبێت و وازی لێهێنابێت لەوەی کە پزیشکێکی بواری دەمار بێت، هەروەها سەرکردەیەکی سیاسی بوو یەکێك بوو لەوانەی لە چەندین دەیە لە ململانێ شاراوەکان دەرباز بوو بوو. ئەو لەو ڕۆژانەدا کە رادەی شێ زۆر بوو بەناسەم دەیتوانی بڕوات بەرێوە بەهۆی ئەو ئازارەوە کە لە ئەژنۆیدا هەبوو کە پێش زیاتر لە بیست ساڵ کاتێك لە لەندەن لەناو نوێنەکەیدا بوو بوو پیاوەکانی صەددام بە تەور لێیاندابوو.

پێموت، " پێویستە لەسەر هەموو عێراقیە نیشتمانپەروەرەکان ئێستا بێنە پێشەوە بۆ ئەوەی خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن. بۆیە ئێمە ئارەزوومەندین کە ئێوە بێنە وەزیری بەرگری".

وەڵامیداوەو ووتی" ئەمە کارێکی سروشتییە، پرسیارم هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی ئیروانینت بۆ ئەو پۆستە. بەڵام پێش ئەوەی دەست پێبکەین، دەبێت پێت بڵێم کە من لەژێر سەرۆکایەتی شەهرستانیدا کارناکەم"

"بۆچی"

" چونکە ئەو زۆر نزیکە لەئێرانیەکانەوە".

گومانی تێدا نیە کە یادەوەریەکان لەوڵاتی نێوان دوو ڕوباردا بۆ ماوەی چەندین سەدە دەمێننەوە ئەگەر نەڵێین بۆ هەزاران ساڵ. دیك جۆنز ووریایی پێدام کە عێراقیەکان هەرگیز کەسێك قەبوڵ ناکەن ناوێکی ئێرانیی هەڵگرتبێت. ئەوەش کە جەختی لە شیکارەکەی دیك جۆنز کردەوە ئەوە بوو کەوا کاتێك باسم لەسیفەتە نمونەییەکانی سەرۆك وەزیری نوێ کرد لەگەڵ ئایەتوڵڵا حسێن صەدری هاوڕێمدا، ووتی بیستومە یەکێك لە پاڵێوراوەکان بۆ ئەو پۆستە هەڵگری " ناوێکی ئێرانییە"، شەهرستانیی.

پێموت " بەڵام خێزانەکەی ماوەی سێ صەد ساڵە لەعێراقدا دەژی".

پیاوە ئاینیەکە وەڵامی دامەوە " ئەوە ناوێکی ئێرانییە".

لەبارەی مەسەلەکانی تریشەوە کە پەیوەستە بە پۆستی وەزارەتی بەرگرییەوە، عەلاویی بە ووریایی گوێی بۆ وەسفەکانی ئێمە گرت بۆ دەسەڵاتەکانی وەزیر- بەشێوەیەکی ڕوون دیاربوو کە بێزاربوو کاتێك جەختمان کردەوە کە سەرۆك وەزیران دەتوانێت داوا لەهەر یەکێك لەوەزیرەکانی بکات لەپۆستەکەی بکشێتەوە.

عەلاویی دووبارەی کردەوە کە ئەو لەژێر سەرۆکایەتی شەهرستانیدا کارناکات.



Scanned with CamSc

کاتی پێویستمان نەبوو بۆ ئەوەی بەدرێژیی باس لەخاڵەکەی کۆتایی بکەین.

شێخ غازی یاوەر هات بۆ لام و سکاڵای کرد لەوەی کە داوام لێکردبوو سەرۆکایەتی وەفدی عێراقی نەکات بۆ لوتکەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی کە لە کۆتایی ئەو هەفتەیدا لە تونس دەبەستزا.

پێموت" شێخ غازی بڕوانە. هەفتەی ئاینده هەفتەیەکی یەکلاییکەرەوەیە. ئێمە پێویستمان بەتۆیە لێرە لەپێناو سود وەرگرتن لەڕاوبۆچونە داناییەکانت و ئەو ڕێزەی کەلەناو ئەنجومەنی حوکمدا هەتە".

پێم نەووت بەهۆی سەرسامی سەرۆك بوشەوە بووە پێی و بەجدیی دەستمانکرد بەباسکردنی ئەوەی پۆستی سەرۆکی پێشیترین لەحکومەتە کاتییەکەدا. پاچەچی بە گروپی حوکمی لای ئێمەی ووتبوو کە غازی- دەرچوی زانکۆی جۆرج تاونە- هیواخوازە بێتە باڵیۆزی عێراق لەواشنتۆن. من پێمرابوو ئەو زیاتر بایەخی دەبێت بۆ وڵاتەکەی وەك هێمایەکی دیار بۆ ئاشتەوایی رەگەزیی و تایفی. لەلایەن خۆشمانەوە، من و بلاکویل نیگەران بووین لەو پەرچەکردارە زیادەڕۆیی تێدا کراوەدا کە پاچەچی دەربڕی لەبارەی قەیرانەکەی فەللوجەوە. لەکۆتاییدا، غازی ڕازی بوو لەسەر ئەوەی ئاڕەزوومەندانە لەماوەی چەند هەفتەی یەکلاکەرەوەی ئایندەدا لەعێراق بمێنێتەوە.

هێندەی نەبرد هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت کە کوردەکان داوای وتووێژێکی سیاسی خێرایان کردووە لەهەولێر کە چاوەڕوان دەکرێت هەردوو پارتەکە بڕیارێك دەربکەن کە تێیدا یان داوای سەرۆکایەتی کۆمار بکەن یان سەرۆك وەزیران وەك نرخێك بۆ مانەوەیان وەك بەشێك لەعێراق. پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم لەگەڵ دکتۆر رۆژی جێگری بارزانیدا ئەنجامدا، ئەویش جەختیکردەوە کە بەنیازن ئەوە ئەنجام بدەن.

بەداخەوەبوونی خۆمم پێڕاگەیاند بۆ ئەم بەزاندنەی ڕۆحی ڕاوێژکردنی ڕاشکاوانە و پێمووت کە پاشیوەڕۆ ئەو ڕۆژە بلاکویل دەنێرم بۆ باکور بۆ وتووێژکردن لەگەڵ بارزانیی و تاڵەبانیی لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە.

پێش ئەوەی کە بلاکویل بڕوات، چاومان بە ئیبراهیمی کەوت، ئەوەمان بۆ باسکرد کە ئێمە پێویستمان بە پەرچەکردارێکی نوێنەرایەتی فراوان هەیە بۆ ئەگەری پاڵاوتنی شەهرستانی، ئەو هێشتا لەواشنتۆن نەناسراوە. ئیبراهیمی ووتی ئەو پلان دادەنێت بۆ "تاقیکردنەوەی" ناوی شەهرستانی و ژمارەیەکی تر لەناوەکانی تر لای کەسایەتیە شیعە دیارەکان. هەروەها جەختم لێکردەوە کە ئەو پێویستی بەوە هەیە پەرچەکرداری سونەکانیش بزانێت پێم ووت ئێمە هەندێك



Scanned with CamSc

ڕەخنەمان پێگەیشتووە لەسەر ناوە ئێرانیەکەی.

پرسیارم لەئیبراهیمی کرد " ڕاتت چۆن لەبارەی پاچەچیەوە؟"

" بەراشکاوانە"، ئیبراهیمی وڵامدایەوە، " وام لێهاتووە لەبارەیەوە دوودڵ بم. ئەو تەمەنی هەشتاو چوار ساڵە. هەتا ئەگەر پۆستەکانیش ڕەمزی بن، پێویستە لەسەری لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی لەهەندێك لەدیدارە گرنگەکاندا نوێنەرایەتی عێراق بکات". ئێمەش وەك سێ دبلۆماتکار کە ماوەیەکە پلەی باڵامان وەرگرتووە ئەمە بەسە بۆ ئەوەی دان بەڕاستی قسەکانی ئیبراهیمیدا بنێین.

بلاکویل پرسیاری کرد" بۆچی ناوی غازی پێشنیار ناکەیت وەك پاڵێوراوێك بۆ سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی پەرچەکردارەکان ببینیت؟" ئیبراهیمی لەسەر ئەوە ڕازی بوو، بەڵام هەستم بە دوودڵیەکەی کرد.

لەتەنگوچەڵەمەی ئەم پلانانەدا، ڕووبەڕووی قەیرانێکی تر بووینەوە کە چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی تێی گلابوو. گرفتی یەکەم لە ئازار/مارسدا دەستپێکرد کاتێك کە فەرمانبەرێك لەوەزارەتی دارایی بە وەزارەتی دادی ڕاگەیاندبوو کە ئیبراهیم نوری صەباح، سکرتێری شەخصی وەزیری دارایی، بڕێك دراوی کۆن کە یەکسانە بەملیۆنان دۆلار دوای ئەوەی تەسلیمکراوە بۆ ئەوەی تەلەف بکرێت بەشێوازێکی نائاسایی هێناویەتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بگۆڕێتەوە بەدراوی نوێ، هەروەها وتبووی کە صەباح داوای دراوی لەفەرمانبەرەکانی تریش کردووە. لەسەر داوایەکی وەزیری دادیش، مەسەلەکە خرایە بەردەم دادگای مەرکەزی تاوانەکان لە ١٦ ئازار/ مارسدا لەپێناو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك کە عێراقیەکان سەرپەرشتی دەکەن. لە ٢٤ ئازار/ مارسدا، بەپێی یاداشتێك کەلەلایەن دادوەرێکی عێراقیەوە دەرچووبوو صەباح دەستگیرکرا.

لەکاتی لێکۆڵینەوەدا کە دادوەرەکە ئەنجامی دابوو، صەباح چەند بەڵگەیەکی پێشکەش کرد ئەوە ئەسەلمێنێت کە بەرپرسانی تر لەکۆنگرەی نیشتمانی عێراقی تێوەگلاون لە پلانێکدا بۆ دەسخستنی ماڵومولکەکانی دەوڵەت لەوەزیری دارایی و مامەڵەپێکردنیەوە لەپێناو دەسکەوتنی قازانج بەشێوەیەکی نائاسایی. هەروەك چۆن لێکۆڵینەوەکە گەیشتە چەند بەڵگەیەك لەسەر دەستدرێژیکردنە سەر ئەیارانی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی و ڕفاندنیان. چەندێکیش لێکۆڵینەوەکان قوڵدەبوونەوە لەلێکۆڵینەوەکانیاندا، زیاتر ئەنجومەنەکە تێوە دەگلا، سەرەڕای ئەوەی سەرکردەکانی دڵنیابوون لەوەی کە بەبێوەی لەلێکۆڵینەوەکە دەردەچن " تا ئەوکاتەی ئەمریکیەکان دەگەڕێنەوە (دەسەڵاتی هاوپەیمانان)" وەك ئەوەی لەیەکێك لەراپۆرتەکاندا هاتبوو.



Scanned with CamSc

وەك وەڵامدانەوەی داوایەکی تری وەزیری دادی عێراقی، لە ٥ نیسان/ئەپریلدا هەستام بەئیمزاکردنی فەرمانی دووەم کە دادگای ناوەندیی تاوانەکان سەرپشك دەکات لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانە بکات کە ئاراستەی بەرپرسانی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی کراون. بە راوێژکاری وەزارەتی دادم ووت ، " لێگەڕێ با کاروبارەکان رەوتی خۆیان وەربگرن".

دوای کۆکردنەوەی بەڵگەی زیاتر، دادوەری عێراقی حسێن مولەزین یاداشتێکی دەرکرد بۆ دەستگیرکردنی ژمارەیەك لە گەورە بەرپرسانی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی، لەناویشیاندا سەرۆکی دەزگای ئاسایشی ئەو رێکخراوە، هەروەها چەند یاداشتێکی دەرکرد بۆ پشکنینی هەندێك لەبیناکانی ئەنجومەنەکە. بەڵام لەیاداشتەکانی دەستگیرکردندا ناوی چەلەبی نەهاتبوو.

بەسەڵەیەکی تر بووە هۆی ئەوەی کە چەلەبی زیاتر لەگرژی و ئاڵۆزییەکانەوە بگلێت. لە ئایار/مایۆدا، " نیوزویك" باسی ئەوەی کرد کە چەلەبی بە سیخوڕێکی ئێرانی راگەیاندووە ئەمریکا توانیوەتی جیفرەکانی هەواڵگریی ئێرانی بکاتەوەو نامە نهێنیەکانی بخوێنێتەوە. (چەلەبی نکوڵی کرد ئەوەی کردبێت، ووتی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکی دەیەوێت ناوبانگی بزڕێنێت). لە ١٠ ئایار/مایۆدا، دادوەرە عێراقیەکە نامەیەکی لەوەزارەتی داراییەوە پێگەیشتبوو " فەرمانی پێدەکات" دەست هەڵبگرێت لەلێکۆڵینەوە لە وەزارەتەکەی. من ئەو فەرمانەم رەتکردەوە بەوپێیەی کە لەدەرەوەی دەسەڵاتەکانی وەزارەتی داراییەوەیە.

بەهۆی ئەوەی شوێنەکانی سەر بەئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی، لەناویشیدا ئەو ڤیللایەی کە هی چەلەبییە لەناوچەی مەنصوری کەشخەو دەوڵەمەندنشین لەژێر چاودێریی و پاسەوانیەکی توندداییە بۆیە پۆلیسی عێراقی بڕوای نەکرد کە بەتەنها خۆی بتوانێت پرۆسەی پشکنین لەو شوێنانەدا ئەنجام بدات، دادوەر مولەزین داوای لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کرد هەستێ بەجێبەجێکردنی یاداشتەکە. ستیڤ هادلی جێگری رایسم ئاگادارکردەوە، کە ئێمە لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی عێراقیدا کەوتوینەتە قەیرانێکەوە، پێداگریم لە ژەنراڵ سانشێز کرد رێگە بدات کە هێزەکانی هاوپەیمانان بەکاربهێنرێن بۆ ئەوەی پەرژینێکی ئەمنی دروست بکەن بۆ هێزەکانی پۆلیسی عێراقی کە دەیانەوێت یاداشتەکان لەبەرامبەر کۆنگرەی نیشتمانی عێراقیدا جێبەجێ بکەن.

لە کاتێکی زووی بەیانی رۆژی سێ شەممە ٢٠ ئایار/مایۆ، هێزەکانی پۆلیس چوونە ناو ماڵەکەی چەلەبی و بارەگای کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی بەرامبەری کەناوی لەیاداشتەکانی پشکنیندا هاتبوو کە دادوەرە عێراقیەکە دەری کردبوو؟ پۆلیس بەدوای ژمارەیەك لەهەڵهاتووەکاندا گەڕا بەڵام هیچ یەکێکیانی نەدۆزیەوە. بەڵام دەستی بەسەر دۆسێکانی نوسینگەکان و کۆمپیوتەرەکان و ژمارەیەك

چەکی ڕێگەنەپێدراودا گرت. چونکە هێزەکانی ئەمریکاش کە هاوڕێیەتی پۆلیسی عێراقی دەکرد گەمارۆی شەقامەکەیان دابوو، ئەوا بەخێرایی پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبۆوە کە پرۆسەکە هێزەکانی هاوپەیمانان ئەنجامی داوە.

"ماڵی شیعی" کە ژمارەیەك لەکۆمەڵە سیاسیە شیعەکان لەئەنجومەنی حوکمدا بۆ ماوەی چەند کاتژمێك لەحاڵەتێکی هەڵچووندا بوو. لەدیدارەکانمدا لەگەڵ بەحرلعولم و جەعفەریداو، لەپەیامێکمدا کە ناردم بۆ سیستانی، ڕوونمکردەوە هێزەکانی پۆلیسی عێراقی هەستاوە بە جێبەجێکردنی پرۆسەکە بەپێی یاداشتێکی پشکنین کەلەلایەن دادگای عێراقیەوە دەرچووە، ئەگەر مەبەستیش لەجێبەجێکردنی یاسایێت لەعێراقدا، ئەوا نابێت هیچ کەسێك لەسەروو یاساوە بێت، بۆیە دەبێت ڕێگە بە دادگا عێراقیە سەربەخۆکان بدرێت بەدور لە کاریگەریی سیاسی کاربکەن. وا دیاربوو ئەوە یارمەتیدەر بوو لە ئارامکردنەوەی زۆرینەی ناوەندە شیعەکان.

چەلەبی توڕەیی وروژاو بەرۆژنامەنوسەکانی ووت کە پاڵنەری ڕاستەقینەی ئەو هەڵمەتە بەهۆی ئەبارێی ئەوەوە بووە لەبەعسیەکانی ڕژێمی پێشوو و سووربوونی لەسەر لێکۆڵینەوە لەگەندەڵیەکانی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراك کە نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتی دەکات. هەروەها چەلەبی بەشێوەیەکی شانۆییانە هاواری کرد " گەلەکەم ئازاد بکەن! گەلەکەم ئازاد بکەن! ئێستا کاتی ئەوە هاتووە گەلی عێراق خۆی کاروبارە تایبەتیەکانی بەڕێوە بەرێت ".

لەرۆژی دواتردا، ئیبراهیمی پێی ڕاگەیاندم کە ئەگەرەکانی پاڵاوتنی شەهرستانی لەپاشەکشەدان. ئیبراهیمی خۆی بینی کە عێراق پێویستی بەسەرۆك وەزیرێکی کاتی هەیە کە خاوەن کارامەییەکی سیاسی و وورەو ئازایەتیەکی پتەو ڕەق بێت. زەحمەت بوو ئەم جۆرە کەسە بدۆزرێتەوە. لەکۆتاییدا ووتی کە " شەهرستانی" ئەو تایبەتمەندی و سیفەتانەی تێدا نیە کە سەرۆك وەزیرێك لەوڵاتدا پێویستی پێیەتی. من و بلاکویل هەستمان بەئاسودەیی کرد کە ئەو خۆی توانی بگاتە ئەو دەرئەنجامە سەبارەت بە شەهرستانی.

هەروەك چۆن ئیبراهیمی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە چەلەبی بەچالاکیەوە کار دەکات لەسەر ڕێکخستنی " ماڵی شیعی" دژ بە ئەرکەکەی، ئەو هێشتا بەئاراستەی فراوانکردنی ئەنجومەنی حوکمدا کاردەکات بۆ ئەوەی ببێتە حکومەتێکی نوێ و یەکێك لەپۆستەکانی جێگری سەرۆکی بەربکەوێت. بۆ ئەوەی چەلەبی لەناوەندە شیعەکاندا پشتیوانی کۆبکاتەوە، بە دکتۆر عادل عەبدولمەهدی جێگری ئەندامی ئەنجومەنی حوکم لەئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراقی ووتوە، ئەو پشتیوانی پاڵاوتنی دەکات بۆ سەرۆکایەتی وەزیران لەبەرامبەر ئەوەدا کە مەهدی



Scanned with CamSc

پشتیوانی لەپلانەکەی ئەم بکات.

دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی ئارەزوو ناکەن یەکێک لەئیسلامیەکان سەرۆکایەتی وەزیرانی پێ بسپێرێت. ئیبراهیمی لێی پرسیم " ئایا ئەتوانیت قسە لەگەڵ دکتۆر عادلدا بکەیت و پێی ڕابگەیەنیت کە ئێمە پشتیوانی ناکەین بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە؟" ئەو دەیویست هەمان پەیام بگەیەنێتە جەعفەریش کە هەڵمەتێکی چالاك بەڕێوەدەبات بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران. ڕازی بووم لەسەر ئەوە، بەڵام پێویستە ئیبراهیمی پێش ئەوە ڕەزامەندی دەرببڕێت لەسەر ئەوەی عادل مەهدی پۆستی وەزارەتی دارایی پێ بسپێرێت، هەروەها پشتیوانی لەوە بکات کە یەکێك لەپۆستەکانی جێگری سەرۆك بدرێتە جەعفەری وەك شێوازێك بۆ ئەوەی بەشداری حزبەکەی لە حکومەتی کاتیدا بهێڵرێتەوە.

لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا، عادل مەهدی سەردانی کردم بۆ ئەوەی بەتەنها لەگەڵمدا کۆببێتەوە. من لەسالی پێشوودا ڕێزم لەم پیاوە دەگرت چونکە یەکێك بوو لەو نوێنەرانەی ئەنجومەنی حوکم کە زیاتر خۆشگفت و گوتەزان بوو. لەسەر داوای من، میگهان و تۆسزلیفان پێشوەخت پەیامەکەی ئێمەیان پێڕاگەیاندبوو. وتووێژێکی گشتی لەنێوانماندا دروست بوو لەبارەی پرۆسەی سیاسیەوە، ئەوەم بۆ باسکرد کە ئاماژە بۆ چەندین کەسایەتی سوننە کراوە لەبەردەم سەرۆك بوشدا. دەبوو یەکێك لە جێگرانی سەرۆك شیعە بێت و ئەوی دیکەشیان کورد بێت. ووتیشم کە " سەرۆك وەزیران شیعە دەبێت، لەوانەشە حزبی نەبێت"، هەروەها لەولاتیشدا بەوە ئەناسرابێت کە سەرکردەیەکی تایفیە.

بە کەمێك لەهەڵچوونەوە وەلامی دامەوە" جەنابی باڵیۆز، ڕەنگە ڕاوبۆچونی من جیاواز بێت لەگەڵ تۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە، " ماڵی شیعی" کۆبونەتەوەو دوو پاڵێوراویان بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران دیاری کردووە، من و ئیبراهیم جەعفەری. گرنگ نیە بەلامەوە ئەگەر جەعفەری دیاری بکەن و پشتیوانی لێدەکەم. لەلایەکی ترەوە، من لەلایەن چەندین کەسایەتیەوە پشتیوانیم لێدەکرێت- تالەبانی و، چەلەبی و، پاچەچی و ، غازی".

پێمووت" باشە دکتۆر عادل پێموایە کە گرنگە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق لەوەزارەتەکەدا نوێنەرایەتی هەبێت. من بیرم لەوە کردبۆوە کە تۆ پاڵێوریت بۆ ئەوەی پۆستی وەزیری دارایی وەربگریت لەوەش زۆر دەگونجێت لەگەڵ خوێندنەکەتدا وەك پسپۆڕێکی ئابووری". ئەمە وەك بریندارکردنی لوتبەرزی عادل وابوو، بەڵام مەسەلەکەی لەخۆگرت و گواستیەوە بۆ مشتومڕکردن لەسەر هاوسەنگی ڕەگەزی و تایفی نمونەیی لەحکومەتە نوێیەکەدا. ووتیشی، "



Scanned with CamSc

بەدڵنیاییەوە، من بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق بەوەرگرتنی یەکێک لەو دوو پۆستە بەشداری بکات. وە من دەبمە جێگری سەرۆک".

لەکاتێکی دواتری پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا، چاوم بە ئیبراهیم جەعفەری کەوت. بڕیاربوو دیدارەکە لەماڵەکەی ئەودا بێت لەیەکێك لەگەڕەکەکانی شاری بەغدا، بەڵام کاروانی ئۆتۆمبێلەکانم ڕووبەڕووی تەقەلێکردن بوونەوە لەکاتێکدا کە دەمانویست بۆ ئەوێ بڕۆین و فرانك گالاگر پێداگریی کرد کە لەبری ماڵەکەی لەنوسینگەکەی جەعفەریی یەکتری ببینین کە لەناو بینای ئەنجومەنی حوکمدایە.

کاتێك گەیشتم بینیم جەعفەریی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دانیشتووە قسەیان بۆ دەکات و چا دەخۆنەوە. ئەوەی بە عادلم وتبوو بۆ ئەمیشم دووپاتکردەوە کە پشتیوانی ناکەین لەوەی کە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران بدرێتە سەرکردەی حزبێکی نیشتمانی.

بەڕوشکی وەڵامیدایەوە، " ئەمە هەڵەیە. شەقام لەوە تێ ناگات یان قەبوڵی ناکات کەسێك ببێتە سەرۆك وەزیران کە سەرۆکی یەکێك لە حزبە شیعەکان نەبێت". ووتیشی کە حزبەکان دەیانەوێت "خۆیان" ئەو کەسە دەستنیشان بکەن". هەروەها ووتی " کەسەکەی تر" واتە شەهرستانی، لەواقیعدا عێراقی نیە.

پرسیارم لێکرد" ئایا دەتەوێت یەکێك لەپۆستەکانی جێگری سەرۆك وەربگریت؟"

وەڵامی دایەوەو ووتی، " مەسەلەکە لەسەر ئەوە دەوەستێت کە کێ دەبێتە سەرۆك هەروەها لەسەر ڕەوشی گشتی شیعەش لەحکومەتدا". ئەوە وەڵامێکی ئاڵۆز بوو. ڕوون بوو کە جەعفەریی هێشتا هیواخوازە کە پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت.

سەبارەت بەسەرۆکایەتی دەوڵەتیش، جەعفەریی بەدووری زانی کە پاچەچی ئەو پۆستە وەربگرێت، چونکە " زۆر عاتیفییەو، لەگەڵ ئەندامەکانی تری ئەنجومەنەکەدا دەچێتە ناو زۆرێك لە ململانێکانەوە، ئەو زمانێکی زۆر زبری لەگەڵماندا بەکارهێنا". هەروەها جەعفەریی ئەوەشی ووت کە ،غازی یاوەر زۆر باشترە، ئەو کەمتر دوژمنکارانەیە، هەروەها ڕوخساریشی ئەوە دەردەخات کە عەرەبییە".

سەرەڕای هەموو ناکۆکیەکانیش، بەرەوپێشچوونێکی سەرمان بەدەست هێنا لەپێکهێنانی حکومەتە نوێیەکەدا . بلاکویل لەکوردستان گەڕایەوە بەپابەندبوونێکی " لێران لێو" لەلایەن تاڵەبانی و بارزانییەوە کە نەبنە ئاستەنگ لەبەردەم بەرەوپێشچووندا لەڕێگەی پێداگرتنیانەوە لەسەر سەرۆکایەتی دەوڵەت یان سەرۆکایەتی وەزیران. سەرەڕای ئەوەی کە نرخی ئەو سازشە



Scanned with CamSc

دیارنەبوو چی دەبێت، ئەوان هەوڵدەدەن لەبری ئەو پۆستانە ژمارەیەك پۆستی وەزاریی تر بەدەست بێنن.

لە ٢٤ ئایار/مایۆدا، ئیبراهیمی و دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا کۆبونەوە بۆ وتوێژکردن لەبارەی گرفتی سەرۆکایەتی وەزیرانەوە. عێراقیەکان هەندێك ناویان پێشنیار کرد- عەدل شەهرستانی، ئیاد عەلاوی بۆ یەکەمجار. غازیش ڕایگەیاند کە سەرۆك وەزیر پێویستە پاوێکی حزبی بەتواناو دەسەلات بێت بتوانێت پشتیوانی جەماوەری بۆ حکومەتە نوێیەکە کۆبکاتەوە. هەر سێ عێراقیەکەش شەهرستانیان ڕەتکردەوە. ئیبراهیمی ژمارەیەك ناوی نوێی ناحزبی پێشنیارکرد. بەلام وەڵامەکە لەسەر هەر یەکێك لەو ناوانە هاندەر نەبوو. دوای ئەوە بڕێکی زیاتر لە پێشبڕکێی شێتانە لەنێوان سیاسیە عێراقیەکاندا دەستی پێکرد.
لێگەڕێ با گەردەلولەکە هێواش بێتەوە، بەلام ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان مەبە.

* * *

لەرۆژی دواتردا یەکەم ئاماژە هات لەبارەی ڕوودانی بەزاندن و پێشێلکردنەوە کاتێك کە من و ئیبراهیمی و بلاکویل جارێکی تر لەگەڵ ترویکا[٢] ی ئەنجومەنی حوکم کۆبینەوە. ئیبراهیمی باسی ئەو چاوپێکەوتنانەی کردەوە کە لەگەڵ پاڵێوراوەکاندا ئەنجامی داوە بەجیاوازی قەبارەیانەوە، چوونە سەر باسی گرفتی سەرۆکایەتی وەزیران.

غازی بەووتەیەك مشتومڕەکەی دەستپێکرد " عێراق پێویستی بە سەرۆك وەزیرانێکی بەدو تۆکمە هەیە، بۆیە پاڵێوراوی من ئیاد عەلاوییە". هەروەها هەردوو هاوڵەکەی تری ترویکاکە پشتیوانیان لە پاڵاوتنی عەلاوی کردەوە، بارزانی وتی " دەتوانێت بەو کارە هەستێت"، ئەمەش بێگومان مانای کوشتنی یاخیبووەکان و تیرۆریستەکانی دەگەیاند. حەمید موسا کە شرعی بوو لە ترویکاکەدا جێگای عیزەدینی گرتەوە پشتیوانی لە عەلاوی کردو وتی " ئەو پیاوێکی باشەو، کەسێکی پاك و یەکەردە".

دەیفید ریچمۆندی هاوڵە بەریتانیەکەم بەدەنگێکی بەرز پرسی لەبارەی ئەوەی کە ئایا عەلاوی لەلای سیستانی قەبولکراوە. ئێمە بڕوامان وابوو کە عیلمانیەتی ئەو وای لێدەکات لەدەرەوەی لیستی پاڵێوراوەکانی ئەوەوە بێت.

ئیبراهیمی وتی" لەوانەیە خیاری یەکەمی سیستانی نەبێت"، بەلام ئەوەشی ووت کە بەمدواییە نامەیەکی لەلایەن محمد ڕەزای کوڕی سیستانیەوە پێگەیشتووە کە تیدا ووتویەتی کە " لەوانەیە"

[٢]- ووشەیەکی ڕوسیە واتە ئەو عەرەبانەیەی کە سێ ئەسپ ڕایدەکێشێت. لەبواری سیاسیدا بە دەستەیەك یان لیژنەیەك دەوترێت لە سێ ئەندام پێکهاتبێت. / وەرگێڕی کوردی.

کەسانی لێوەشاوەو شایستە لەناو ماڵی شیعیدا هەبێت" ناوی جەعفەری وە عادل و ئیاد عەلاویی هێناوە. عادل و جەعفەری لەدەرەوەی ململانێکەوە بوون- بەڵام قەبوڵکردنی عەلاویی لەلایەن سیستانیەوە چاوەڕوانەکراو بوو.

تا ئەوکاتە کە من لەعێراق بووم ڕێسای بڕیمەر لەژیاندا لەبیرنەکرد. عێراقیەکان ڕازی بوون بەوەی داوای پشتیوانی بکەن لەهاوەڵەکانیان لەئەنجومەنی حوکم بۆ پاڵێوراوەکانی پۆستی سەرۆك وەزیران.

لەڕۆژی دواتردا سستمێکی هەڵبژاردنمان باسکرد کە مایەی قەبوڵکردن بێت لەپێناو هەڵبژاردنەکانی کانونی دووەم/ یەنایەردا لەگەڵ خاتوو کارینا پیریلی پسپۆڕی نەتەوە یەکگرتوەکان و، ئیبراهیمیدا. ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە یەکێك لەئامانجەکان ئەوەیە بگەینە سستمێك کە بەسەرداداتێکی ناداپەروەرانە فەراهەم ناکات بۆ ئەو گروپانەی کە ڕێکخستنیان زۆر توندو پتەوە وەك بەعسیەکان و ئیسلامییە شیعەکان. بەهۆی ئەوەی کە پابەندبوون بە خشتەی زەمەنی بۆ یاسای ئیدارەی ئینتیقالی پێویستە بۆ پاراستنی پشتیوانی سیستانی و شیعەکان، ئەوا پێویست بوو بگەینە پرۆسەیەك کە بکرێت لە کۆتایی کانونی دووەم /یەنایەردا جێبەجێ بکرێت.

پسپۆڕەکانی بواری هەڵبژاردنەکان ئەوانەی لەگەڵ پیریلیدا کار دەکەن و ڕێکخراوە ناحکومییەکانمان و، دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان، ڕازی بوون لەسەر ئەوەی کە تاکە ڕێگەیەك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لەو ماوە کورتەدا ئەوەیە ژمارەی دەنگەکان لەبازنەیەکی هەڵبژاردنی نیشتمانیدا ژمێرە بکرێت. کاتی پێویستیش لەبەردەستدا نەبوو بۆ ئەوەی سنورێك بکێشرێت کە پارێزگاکان لەیەك جیابکاتەوە یان ئەنجامدانی ڕوپێویەکی گشتگیر بۆ ژمارەی دانیشتوان یان دانانی لائیحەکانی هەڵبژاردنێکی نیشتمانی. پسپۆڕەکان گەشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە ئەم سستمە لەپێشتری ناداتە بەعسیەکانی پێشوو یان ئیسلامییە شیعەکان. هەندێك لەئەندامانی گروپی حوکم لەهاوپەیمانان بەتوندی دژی ئەمە وەستانەوە. دوای بگرەو بەردەیەکی زۆر، ڕاسپاردەم دا بە پشتیوانیکردن لەو ڕایەی کە پسپۆڕەکان پێی گەیشتوون. هەروەها حکومەتی ئەمریکاش ڕەزامەندی دەربڕی بوو لەسەری، بە گروپی حوکمیشم ووت " هەڵبژاردنمان هەر چیەك بێت، ئەوا " بەبێ هیوابوونێکی هاوسەنگ و شیاو دادەنرێت".

ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو ئەنجومەنی حوکم بەوە ڕازی بکەم کەی حکومەت دامەزرا ئەو خۆی هەڵوەشێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەش کە من ئامادەبووم فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکە دەربکەم

ئەگەر پێویست بوو. ئەوا زۆر باشترە کە بتوانم ڕازی بکەم خۆی ئەوە بکات.

لەکاتی کۆبونەوەیەکی درێژدا لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم لە ٢٦ ئایار/ مایۆدا، پێموتن کە عێراق جارێکی تر " لەساتێکی مێژوویدایە. ئەگەر ڕوانینمان بۆ ژمارەیەك لە بڕیارەکانمان کەلەدەوری ئەم مێزە وەرمانگرتووە، لەشەو ڕۆژداو، لەماوەی دە مانگی پێشوودا، دەکرێت ئەنجومەنەکە هەست بەشانازییەکی مەزن بکات بە بەشداریکردنی لە دارشتنی ئایندەی عێراقدا. ئێوە خۆتان خستە بەردەم چەندین مەترسیدوەو، لەپێناو خزمەتی نیشتمانەکەتاندا، دوو لەهاوەڵەکانیشتان گیانی خۆیان بەخشی".

" ئێستا گەیشتووینەتە کۆتایی گەشتەکەمان کەپێکەوە لە تەمموز/یولیۆی پێشوودا دەستمان پێکرد. بەڵام پێویستە لەسەرمان پێکەوە دوایین کیلۆمەتر ببڕین و گواستنەوەیەکی ئارام بەئەنجام بگەیەنین. ئێمە بەنیازین لەماوەی هەفتەیەکدا حکومەتی نوێ ڕابگەیەنین. پێویستە حکومەتی نوێش هەموو هەلەکانی لەبەردەستدا بێت بۆ ئەوەی لەبەرچاوی گەلی عێراقدا خۆی بسەلمێنێت". خەریك بوو دانیشتنەکەم کۆتایی پێدەهێنا وتم، " بۆیە، پێش ڕۆژێك لەوەی حکومەتی نوێ دەسەڵات وەربگرێت پێویستە ئەنجومەنەکە خۆیی هەڵبوەشێنێتەوە. ئەم گواستنەوە ئاشتیانەش بۆ دەسەڵات وەك سەلماندنێکی هەمیشەیی وایە لەسەر ڕێزگرتنی بنەماکانی دیموکراسیەت لەلایەن ئەنجومەنەکەوە".

بۆ نەرمکردنی توندی پێشنیارەکەش، یەکسەر وتم پێویستە عێراق بتوانێت بەردەوام بێت لەسود وەرگرتن لە شارەزاییەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم. بۆیە پێشنیارمان کردووە ئەو ئەندامانەی کە نەهاتوونەتە ناو حکومەتە نوێیەکەوە ببنە ئەندام لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری نیشتمانیدا کە لە تەمموز/ یولیۆدا بەشێوەیەکی لەخۆوەیی دەست بەکاردەبێت. هەروەها موچەکانیشیان بە بەردەوامی پێدەدرێت و، لەماڵەکانی خۆیاندا دەمێننەوە و ئەتوانن ئۆتۆمبیلەکانیان و مەفرەزە ئەمنییە شەخصیەکانیان بەکاربهێنن تا ئەو کاتەی کە هەڵبژاردنەکان لەکانونی دووەم/ یەنایەردا ئەنجام دەدرێت.ووتیشم " هەمووان هەست بەرەزامەندی تەواوەتی ناکەن، بەڵام بەهیوام هەمووان پشتیوانی لەم پرۆسەیە بکەن لەپێناو عێراقە خۆشەویستەکەتاندا".

ئەنجومەنەکە دەنگ و شێوانێکی تێکەوت. بەڵام زۆربەی ئەندامەکان لەچارەنوسی خۆیان ڕازی بوون ؟

لەکاتێکی دواتری ئەو ڕۆژەدا، لەکۆبونەوەیەکی تر لە ترویکادا، غازی و بارزانی و حەمید موسا ئەوەیان خستەڕوو کە ڕاپرسیەکانیان " پشتیوانیەکی بەهێزی" خستۆتەڕوو بۆ ئیاد عەلاوی لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم. دیاربوو کەبەشێوەیەکی لێهاتووانە هەندێك پەیوەندی سیاسی

لەپشت پەردەوە ئەنجامداوەو زۆرینەیەك لە پشتیوانی لیکەرانی کۆکردۆتەوە.

بەڵام ئێمە دووتر بووین لەوەی کە لەقەیرانەکە بچینە دەرەوە. "ماڵی شیعی" جارێکی تر کۆبوویەوە بۆ هەڵبژاردنی لیستی پاڵێوراوەکانی بۆ حکومەتی نوێ بۆ ئەوەی وەك رێکەوتنێکی چەسپاو و نەگۆڕ پێشکەشی بکات. زانیشمان کە چەلەبی لەگەڵ بەحرلعولمدا کاری دەکرد بۆ ڕازیکردنی شیعە بەوەی بەشداری لەحکومەتدا نەکات ئەگەر هەوڵەکانیان سەری نەگرت.

بارزانی بە گاڵتەوە ووتی ئەوان بە ئیحای ئێران دەجوڵێنەوە"، جارێکی تر بەمە ئەوەی خستەڕوو کە ئەو متمانەی بە پیاوانی ئاینی شیعە نیە.

هەروەها موسا ، کە شیعەیەکی عەلمانی بوو ووتی " هەرچۆنێك بێت هەرگیز لەسەر یەك لیست رێك ناکەون".

بەڵام دەیڤد ریچمۆند ئاماژەی بۆ ئەوە کرد گرنگە سەرۆك وەزیرانی نوێ " پشتیوانییەکی فراوانی لێبکرێت" لەئەنجومەنی حوکمداو بە پەراوێزێکی بەرتەنگ هەڵنەبژێرێت.

غازی ئەوەشی ووت کە تەنها چوار بۆ پێنج ئەندام دەبن لەناو ئەنجومەنەکەدا کە لەوانەیە لەدژی عەللاوی دەنگ بدەن. یەکێك لەبەشداربوەکان بەگاڵتەوە ئەوەی پێشنیار کرد بۆ ئەوەی جەعفەری ڕازی بکرێت "زانکۆیەکی باش" بخرێتە بەردەمی.

ووتم، "پێویستە بەووریاییەوە مامەڵە لەگەڵ جەعفەریدا بکەین، چونکە ئەو و حزبەکەشی لەپێشەوەی لیستی ڕاپرسیەکەوەیە".

" بەڵێ، ئیبراهیمی وەڵامی دایەوە، " بەڵام حزبە سیاسیەکان پێکەوە تەنها نزیکەی ١٠ لەسەدی پشتیوانیان بەدەست هێناوە".

بارزانی بەرەقیەوە ووتی، " ئەگەر شیعە پێداگربوون لەسەر پاڵێوراوێکی ئیسلامی، ئەوا کوردەکان بە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکانیاندا دەچنەوە".

بەلانی کەمەوە لەنێوان ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیەدا کۆدەنگییەك لەسەر عەلاوی هەیە. ئەو پرسیارەش کە دەمێنێتەوە ئەوەیە، ئەنجومەنی حوکم رۆژی دواتر بە تەواوی ئەندامەکانیەوە چی دەکات؟

لەرۆژێکی دواتری رۆژی ٢٦ ئایار/ مایۆدا، من و بلاکویل لەماڵی عەلاوی ناغان خوارد. عەلاوی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زۆربەی پشتیوانیە رووڵەزیادبووەکان بۆ پاڵاوتنی لە هۆزەکانی ناوەڕاستی عێراقەوەیە. وەك چاوەڕوانکراویش بوو، " ماڵی شیعی" نەیتوانی لەسەر لیستێکی یەکلایی کەرەوەی تایبەت بەخۆی رێبکەوێت بەڵام رەتی کردەوە خۆی لەحکومەتی نوێ



Scanned with CamSc

دابریکات. ئیمە دڵخۆش بووین بە بیستنی ئەم هەواڵە.

هەستاین بەتاقیکردنەوەی بیرۆکەکانی عەللاوی لەبارەی حکومەتی نوێوە، پێمان ئەو پێداگریی هەیە لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەمن و بوژاندنەوەی ئابوری لە لوتکەی کارەکانیدا بێت. لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە پرسیارمان لێکرد.

وەلامەکەی لەرووی هەستومۆزەوە دژیەکبوو" بەڵێ بەدڵنیاییەوە، بەلام ئاسایش مەسەلەیەکی زیاتر گرنگە. پێویستە هەڵبژاردنەکان لە کانونی دووەم/ یەنایەردا ئەنجام بدرێت، ئەگەر ئەوەش رووینەدا ئەوا لە شوبات/ فێبرایەر یان ئازار/ مارس یا هەرچۆنێك بێت لەهاوینەدا ئەبێت ئەنجام بدرێت".

ئەوە وەك قەدپاڵێکی خز وابوو. ووتم، " دکتۆر عەللاوی، وەك رێککەوتین، ناکرێت عێراق بەبێ یارمەتی ئەمریکیەکان ئارامی و ئاسایش بەخۆیەوە ببینێت. ئەمریکیەکان گەلێکن بڕوایان بە بیسالیەت هەیە، زۆربەی ئەمریکیەکان پشتیوانی لە هاتنە ناوەوەی بەردەوامی ئیمە دەکەن ئەگەر قەناعەتیان بەوە کرد عێراق بەرەو دیموکراسیەت دەڕوات. هەڵبژاردنەکانیش رەگەزێکی گرنگە لەو کاروانەدا. بۆیە، من دڵنیام کە سەرۆك و گەلی ئەمریکا پێیان وایە وەك ئەوەی پلانرێژی بۆ کراوە هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیاندا ئەنجام دەدرێت".

عەلاویی شانەکانی هەڵتەکاند، من هیچ بوارێکم نەهێشتەوە بۆ ئەوەی خۆی بدزێتەوە. ووتی " بەلام ... "، پاشان هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و بەردەوام بوو " تۆ ڕاست دەکەیت. کار بۆ ئەوە دەکەین هەڵبژاردنەکان لە کانونی دووەم/ یەنایەردا ئەنجام بدرێن".

دوای ئەوەی نانی ئێوارەمان خوارد، بە بۆم ووت ئیمە وەلامێکی گونجاومان لەعەللاویەوە دەست کەوت لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە، بەلام دەسکەوتنی وەلامی گونجاو لە شەهرستانیەوە لەمەسەلەی ئاسایش ئاسانتر نەبوو.

رەوشی ئەمنی لەباشور بەرەو باشبوون دەچوو، چوونی سێ کەتیبە لەفرقەی زرێپۆشی یەکەم بۆ ناوچەی باشوری بەغدا وای کرد فشار لەسەر موقتەداو سوپاکەی (سوپای مەهدی) بهێڵێتەوە.

لەم ماوەیەدا، موقتەدا صەدر وتوێژی لەگەڵ کورەکەی سیستانیدا دەکردو پلانی دادەنا بۆ ئەوەی میلیشیاکانی لە شارە پیرۆزەکان بیاندەرەوە- بەلانی کەمەوە بەشێوەیەکی کاتی. پێشتریش هەندێك لە رەگەزەکانی سەر بەموقتەدا مەزارە پیرۆزەکانیان چۆلکردبوو چووبوونە دەرەوەی شارەکە. کاتێکیش کە چاوم بە محمد بەحرلعلوم کەوت، بینیم کە دڵخۆش و کامەران بوو بەهۆی " چارەسەربوونی" رەوشی ئەنجەفەوە" ووتیشی " پاش چەند مانگێك بۆ یەکەمجار خەڵك دابەزینە سەر شەقامەکان".

لەوێ تەنها گرفتێکی گەورە مایەوە کە ئەم سەرکەوتنە دیارەی دەشێواند و لەکەداری دەکرد. بڕیاربوو لەم مانگەدا فرقەی زرێپۆشی یەکەم بەتەواوەتی عێراقی بەجێ بهێشتایە، کاتێکیش بەوە هەڵدەستێت لەوانەیە پیاوەکانی موقتەدا شارە پیرۆزەکان بگرنەوە.

لەکاتێکی درەنگی یەکێك لەو شەوانەدا بە دیکم وت" پێویستە حکومەتی نوێ زوو بێت یان درەنگ مامەڵە لەگەڵ ئەم پیاوەدا بکات".

رۆژە کەمەکانی ئەم دوایە لە ئایار/مایۆ- کەهاوکات بوو لەگەڵ هەندێك گەردەلوولی لیمی توندی باکوردا – ماوەیەکی نارەحەت و بارەگاویە بە میزاجێکی تورەو ئەنانیەتێکی هەستیار.

رۆژی سێ شەممە ٢٧ ئایار/ مایۆ، پاچەچی لەتورەیدا تەقیەوە بەسەر "کورەکەی"یدا شێخ غازی یاوەری سونی کەلەپشتەوە مانۆڕی دەکرد بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆکایەتی بەرێتەوە. پاشان ئیبراهیمی هاتە ناوەوە بۆ ئەوەی بڵێت پێموانیە غازی هەڵبژاردنێکی باش بێت بۆ پۆستی سەرۆکایەتی " چونکە هێشتا روون نیە کە ئایا ئەتوانێت بڕێکی فراوان لەپشتیوانی لەجیهانی سونیدا کۆبکاتەوە، یان هەتا لەناو هۆزە سونەکاندا". هەروەها دانی بەوەدا نا کە پرسیارگەلێك لەبارەی ئەو پشتیوانیەوە هەیە کە پاچەچی لەناو سوونەکانی دەرەوەی وڵاتدا هەیەتی. لەلایەکی ترەوە، سونەکان هیچ پاڵێوراوێکی تریان نەبوو.

پاشان ئیبراهیمی گوزارشتی کرد لەو ترسانەی کەهەیەتی سەبارەت بەعەللاوی ووتی گرفتەکە لەوەدایە کە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمریکی ئاماژە بۆ دامەزراندنی دەکەن وەك ئەوەی سەرکەوتنێك بێت بۆ وەزارەتی دەرەوەو ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکی بەسەر وەزارەتی بەرگریدا بەو پێیەی کە چەلەبی پشتیوانی ئەوی لەدەستداوە. ئەمەش لەعێراقدا وا گوزارشتی لێدەکرێت کە سەرکەوتنی " هۆزێکی" ئەمریکیە بەسەر یەکێکی تردا. ووتیشی " روخساری نوێمان" لانیە کە لەحکومەتەکەدا بەس بێت ".

بلاکویل ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بیست کەس لە کۆی سی و یەك کەس لەوانەی پێشنیارمان کردوون بێنە ناو حکومەتە نوێیەکەوە روخساری نوێن. بەڵام دانی بەوەدا نا کە ئەگەر تەنها سەیری پۆستە باڵاکانمان کرد، دەبینین کە روخسارە کۆنەکان زۆرترن لە روخسارە نوێیەکان. وە ئەگەر شتێکمان بەهەند وەرگرت، ئەوا تێبینی دەکەین کە رەگەزە سەرەکیەکان لە لیستەکەدا پێکهاتوون لەو کەس و حزبانە کە دەیانناسین و دەتوانین کاریان لەگەڵدا بکەین، هەروەها گروپێك پێکدەهێنن کە دەتوانێت لەرووی فشارە جەماوەریەکاندا بوەستێتەوە، بەڵام بەوپەڕی سادەییەوە ئەنجومەنی حوکمە لەبەرگێکی نوێدا.

بۆ فراوانکردنی حکومەتیش، ڕازی بووین لەسەر ئەوەی کە کەمێك لە"وەزیرەکانی دەوڵەت"،



Scanned with CamSc

زیاد بکەین، کە خاوەن پلەیەکی ڕێزدارو بەسودن کە باوە لەجیهانی عەرەبیدا.

دواجار توانیوم تاڵەبانی ڕازیبکەم بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ گۆرەپانی گفتوگۆکان لەبەغدا.

لەم کاتەدا یاخیبووەکان، ژمارەیەك لە کرێکارانی هونەری ڕوسیان کوشت کەلە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی ووزەدا کاریان دەکرد، ئەمەش وای لەحکومەتەکەیان کرد فشار بخاتە سەر کۆمپانیا ڕوسیەکان بۆ ئەوەی هەموو فەرمانبەرەکانیان بکێشنەوە کە لەعێراقدا بڵاوبووبوونەوە. بەهۆی ئەوەی ئەمە سەدان کرێکاری کارامەی دەگرتەوە، ئەمە بووە مایەی وەشاندنی گورزێکی توند لەکۆششەکانمان لەڕاکێشانی تۆڕەکان ڕەوانەکردنی زیاتری ووزەی کارەبا.

لەکۆبونەوەی بەڕێوەبەرێتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیدا شەوی ۲۷ی ئایار/ مایۆ، ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە ئیاد عەلاوی ئێستا پشتیوانیەکی پتەوو توندی لێدەکرێت بەلانی کەم لەلایەن شانزە ئەندامی ئەنجومەنی حوکمەوە. گرنگتریش لەوە، لەتێڕوانینی ئیبراهیمیدا، ئەو لای ئایەتوڵلا سیستانیش قەبوڵکراوبوو. " بەڵام هێشتا فورس بوو لای ئیبراهیمی عەلاوی دابنێت بەسەرۆك وەزیر بەهۆی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانیەوە لەگەڵ ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکادا. هەروەها لە پاچەچی و غازیشدا باڵیۆزاوێکی نمونەیی نەدەبینیەوە. لەلایەکی ترەوە، هەتا ئیبراهیمییش نەیتوانی باڵیۆزاوێکی سونی بێنێت کە میصداقیەتی ئەوەی هەبێت بکرێتە سەرۆك کۆمار".

ماوەتەوە ئەوە بڵێم کە واشنتۆن بەدرێژای چەند مانگێك ڕەخنەی لەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان گرت بەهۆی ئەوەی نەیتوانیبوو ژمارەیەکی زیاتر لەپاڵێوراوی سونە پێشکەش بکات کە بەعسی نەبن، بەڵام ئیبراهیمی، کە نەتەوەیەکی عەرەبی سوونی بوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕێزی لێدەگیرا، بەهەمان شێوە ئەویش دەستەوسان بوو لەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕوی ئێمەش بووبوویەوە. ئەو ئاستەنگانە حەقیقەتی بونیادی ژیانی سیاسی لەعێراقدا پەرچ دەکردەوە: هەموو سونیەك ئەماحی سیاسی هەبێت پێشتر چۆتە ناو حزبی بەعسەوە، یان کوژراوە، یان ناچار کراوە هەڵبێت بۆ دەرەوە. ئەو سەرکردە سیاسیانەش کە خاوەن میصداقیەتن زۆر کەمن. من پێموابوو کە خودی عێراقیەکانیش ڕووبەڕووی هەمان ئاستەنگ دەبنەوە کاتێك کە حکومەتێکی تایبەت بەخۆیان پێکدەهێنن.

دوای ئەوە ووتم، " بەڵام هەواڵی باشم لایە. بەلانی کەمەوە گەیشتینە ڕێکەوتنێك لەبارەی بیست و پێنج وەزیرەوە، هەروەها ئەنجومەنی حوکمیش ڕازی بووە لەسەر ئەوەی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە".

لەرۆژی دواتردا چاوم بەجەعفەری کەوت کە ڕقگرتوو دیاربوو. بەم ووتەیە دەستی بەقسەکرد" جەنابی باڵیۆز لەماوەی ساڵی ڕابردوودا چەند دیدارێکمان پێکەوە ئەنجامداوەو لەبارەی زۆر

مەسەلەوە قسەمان کردووە. ئێستا پێویستە لەسەرم وەك هاوڕێیەك، داوای ئامۆژگاریی و ڕێنومایت لێبکەم. دەبێت من ئێستا چیبکەم؟"

وەڵامم دایەوە، "بەباشی خزمەتی عێراقت کردووە. لەبەردەم هەر سەرکردەیەکی عێراقیدا بەرپرسیارێتیەك هەیە کە یارمەتیدانی وڵاتەکەیەتی. هەشت مانگی ئایندەش یەکلاییەکەرەوە دەبێت، بۆیە من هانت دەدەم لەسەر قەبوڵکردنی یەکێك لەپۆستەکانی جێگریی سەرۆك".

یەکسەر ئامۆژگارییەکەمی وەرنەگرت، بەڵام من پاڵاوتم بۆ ئەو پۆستە.

پاچەچی لەکاتێکی دواتری ئەو ڕۆژەدا هات، چاکەتە دیبلۆماسیە ڕەنگ تاریك و مەیلەو ڕەشەکەی لەبەردابوو. ئەو توڕەبوو لەشێخ غازی یاوەرو ووتی " من تێناگەم غازی چۆن توانی ئەو هەموو پشتیوانیە بەدەست بێنێت، ئەو هێشتا تەمەنی کەمە، لەکاتێکدا من لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا ناسراوم".

هاوڕابووم لەگەڵیدا کە هیچ عێراقیەکم نەناسیوە لەدوای پرۆسەی ڕزگارییەوە وەك ئەو کاری بۆ وڵاتەکەی کردبێت.

ئەمە پاڵی بە پاچەچیەوە نا باس لەیەکەم پۆستی دیبلۆماسی خۆی بکات: واشنتۆن ١٩٤٥، کاتێك پێش شەش ڕۆژ لەکۆچی دوایی سەرۆك فرانکلین ڕۆزفلت هاتبوو. لەوێ، لەگەڵ کچی باڵیۆزی عێراقدا هاوسەرگیریی کردبوو. ڕوون بوو ئەو داوای لێدەکردم کە دوایین مەدالیای پێدەم تا بەوە کۆتایی بە خزمەتە درێژەکەی بێنێت. بەڵام لەکاتێکدا بۆ لای دەرگاکە هاوڕێیەتیم دەکرد چەند گرەنتیەکی ئاشکرام پێدا کە لەکۆتاییدا کاروبارەکان باش دەبن.

کاتێك کە پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە من و بلاکویل چووین بۆ ئەنجومەنی حوکم بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی هەندێك ووردەکاریی ئیدارییەوە، پێی ووتین کە ئەندامان بەکۆی دەنگ لەسەر ئیاد عەلاویی ڕازی بوون وەك پاڵێوراوێك بۆ سەرۆکایەتی وەزیران. زۆورەکە قەرەباڵغ بوو بەئەندامەکان و فەرمانبەرەکان، هەمووان لەمیزاجێکی باشدابوون. خێرایی ئەنجومەنەکە لە وەرگرتنی بڕیارەکەدا بەلامەوە کەوپڕبوو. پیرۆزبایم لەعەلاویی کرد و پێمووت من متمانەم بەوە هەیە کە ئەو و هەموو هاوەڵەکانی هاوڕان لەسەر ئەوەی پێویستە هەموو سەرکردەیەکی سیاسی جدیی پشتیوانی لەحکومەتی نوێی عێراقی بکات.

بەڵام وەك ئەوەی کەزۆر جار وا دەبێت، ئەو پێشکەوتنە ئاساییە لەڕوکەشیدا فریودەربوو.

لەبەیانی ڕۆژی دواتردا، من و ئیبراهیمی و بلاکویل لەگەڵ ئیاد عەلاوییدا کۆبوینەوە بۆ پێداچوونەوە بە لیستی ئەو وەزیرانەدا کە ئامادەمان کردون. پێویستە بوو لەسەرمان پێش دەستکردن بەپێدانی پۆستەکان پێیان و ئاگادارکردنەوەیان، ئەوە بزانین کامیان لە دیدی عەلاوییدا



Scanned with CamSc

قەبولکراوین.

سەرۆك وەزیرانی نوێ ویستی هەندێك چاکسازی بکات کە بێگومان بەچەندین ڕێگای جۆراوجۆر ئاڕێکی دەخاتە هاوسەنگیی تێکرایی وەزارەتەکە: هاوسەنگی لەنێوان باکوورو باشور و، لەنێوان سوننەو شیعەکان و کوردەکاندا، لەنێوان ژنان و پیاواندا، بەدڵنیاییەوە، لەنێوان بەفیکراوەکان و " ئەوانەی ناوخۆدا". بۆیە، بۆ دوایین جار کارمان بۆ ئەوە کرد کە من بە یاری (تێك تاك تۆ)ی سێ ڕەهەند وەسفیدەکەم. ڕێکەوتین لەسەر ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە ئەرکی ئاگادارکردنەوەی پاڵێوراوەکان و ڕاگەیاندنیان، لەگەڵ ئەوەی کە عەلاوی ویستی زۆربەی پەیوەندییەکان خۆی ئەنجامیان بدات. دەبوو پەیوەندی بکەم بە وەزیرە نوێکانی ترەوەو هەموو وەزیرەکان کە پۆستەکانیان بەجێ دەهێڵن بۆ ئەوەی سوپاسیان بکەم لەبەرامبەر ئەو خزمەتانەدا کە پێشکەشیان کردووە.

عەلاوی بەڵێنی دا ئەوە بۆ تاڵەبانی شیکاتەوە کە کوردەکان ناتوانن هیچ یەکێك لەوەزارەتەکانی دەرەوەو بەرگریی وەربگرن ئەمەش ئەو داواکارییە بوو کە وەك دوایین ئاگادارکردنەوە وابوو کە لەسلێمانیەوە پێمان گەیشت. بەوشێوەیە کاروبارەکان بەڕێوەچوون، چەند هەنگاوێك بۆ پێش و، زۆرێکیش لەهەنگاوەکان بۆ دواوە.

دوای چەند کاتژمێرێك ئیبراهیمی هاتەوەو ووتی ئەو ڕووبەڕووی "گرفتێکی ڕاستەقینە" بۆتەوە لەگەڵ غازیدا. ڕێسای ناسینی برێمەرم بەبیرهێنانەوە لەسیاسەتی عێراقیدا: کە دەڵێت مەحاڵە دوو کۆمەڵە لەنێوان سێ کۆمەڵەکەدا بتوانن لەیەککاتدا یەدەنگ بن.

ئێستا گرفتێکمان هەیە لەگەڵ سوننەدا. ئیبراهیمی پەیوەندی بەغازییەوە کرد و ووتی ئەو بڕیاری داوە کە پاچەچی سەرۆك بێت و داوای لە شێخە لاوەکە کرد پالآوتنی خۆی بکێشێتەوە. بەپێی قسەی ئیبراهیمیش، غازی ئاسوده بووە بەم بڕیارەو وتویەتی " عەدنان وەك مامم وایە". بەڵام پاش چەند خولەکێك، غازی پەیوەندی کردوەو هاواری کردووە کە پاچەچی بەنیاز نیە لەسێ مانگی زیاتر لەپۆستەکەیدا بمێنێتەوەو پاشان دەکێشێتەوە بۆ ئەوەی غازی بێتە سەرۆك، غازیش ئەمەی وەك " سوکایەتیپێکردن" سەیر کردووە. بۆیە لەم ڕەوشەدا، غازی ڕەتیدەکاتەوە پالآوتنی خۆی بکێشێتەوە. کاتێك کە ئیبراهیمی پەیوەندی بە پاچەچیەوە کرد، وای ڕاگەیاند کە هیچ شتێك لەبارەی ئەو بابەتەوە نازانێت و پەیوەندی بەغازییەوە دەکات بۆ لابردنی هەر بەدحاڵی بوونێك کەدروست بووبێت.



Scanned with CamSc



ئیبراهیمی ووتی " جەنابی باڵیۆز تۆ ئەو کەسانە دەناسیت. ئایا دەتوانیت چارەسەی مەسەلەکە بکەیت بەشێوەیەك کە بتوانین حکومەتە نوێیەکە پێکبهێنین"؟

ڕازی بووم لەسەر لێکۆڵینەوە لەئەگەری ڕازیکردنی غازی بۆ ئەوەی ببێتە وەزیری دەوڵەت یان باڵیۆزی عێراق لەواشنتۆن.

جارێکی تر لەپێناو یارمەتیداندا دەبمەوە بەخۆبەخش.

هەستام بەرێکخستنی دیدارێك لەگەڵ غازیدا لە نوسینگە خۆرەتاو و تێروتەسەلەکەیدا لەبینای ئەنجومەنی حوکم. میزاجی باش نەبوو. ووتی هەستی " بەخیانەتی پاچەچی کردووە لەدژی ئەو"، ئەو پیاوەی کە هەست دەکات هێشتا نزیکە لێیەوە.

ووتم، " ئەوە تراژیدیایە کە ناکۆکی بکەوێتە نێوانتانەوە، هەریەکێکتان زۆری بۆ ئەم وڵاتە کردووە لەساڵی ڕابردوودا". پاشان دوو پۆستەکەی ترم بۆ غازی پێشنیارکرد.

غازی خۆبەدورگرتن و بەراوێزییەوە ووتی" من سەرکردەی یەکێك لەزۆرترین هۆزەکانم کە لەعێراقدا گرنگە، ئێمە بەشێوەیەکی گشتی وامان پێباشترە هاوەڵ و باروەری هۆز و گەلەکەمان بین. بەڵام بەنسبەت پۆستی باڵیۆزیەوە، ئەوا بەڕاشکاوی پێت دەڵێم کە من پیاوێکی سادەم و بۆ کاری دبلۆماسی ناشێم. لەگەڵ ئەوەشدا، خێزانەکەم و منداڵەکانم لەسعودیە دەژین".

بە پێشنیارێکی ئاڵۆز کۆتایی بە کۆبونەوەکە هات کە مەسەلەی سەرۆکایەتی بۆ ئەنجومەنی حوکم بەجێ بێڵین، ئەنجومەندەکەش کاری بۆ دەستخستنی دەنگەکان دەکرد تا بڕیارێك بۆ بەلاداخستنی

ئەو کێشە وەربگرێت.

دوای ئەوە بە چەند خولەکێك سەردانی پاچەچیم کرد، ڕەتیکردەوە بڕوا بەبانگەشەکەی غازی بکات کە هەوڵ بۆ پۆستی سەرۆکایەتی نادات. ووتی کە سەردانی نوسینگەکەی غازی کردووە بۆ چاککردنەوەی مەسەلەکەو پێی وتراوە غازی نایەوێت پێشوازی لێ بکات. پاچەچی ووتی " گومانی تێدا نیە کە غازی هەندێك پشتیوانی لەلایەن کوردەکان و شیعەکانی ناو ئەنجومەنەکەوە لێدەکرێت، بەڵام من هەموو وڵات پشتیوانیم لێدەکات. هەرچۆنێك بێت. بۆچی کوردەکان و شیعەکان بڕیاردەدەن لەبارەی ئەو کەسەوە کە سوننە بۆ سەرۆکایەتی دیاری دەکات؟"

لەکاتی گەڕانەوەم بۆ نوسینگەکەم، بینیم کە ناکۆکی لەنێوان شیعەکانیشدا دروست بووە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەر سێ پێکهاتەکە لەحاڵەتی جوڵاندان. عەبدولعەزیز حەکیم پەیوەندی کرد بە دیك جۆنزەوە و پێداگریی کرد لەسەر ئەوەی کە دکتۆر عادل یەکێك لەپۆستەکانی جێگری سەرۆکی پێبدرێت. کە ئەوە " پێویستیەکی ڕەها" بوو. خیارەکەی تریشی ئەوە بوو کە وەزارەتی ناوخۆ بدرێتە عادل ( کە ئەوانە ئەو دوو پۆستە بوون کە پێش دوو شەو بە عادلم ووت ناتوانین بیدەینە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق). پاشان عادل پەیوەندی بە ئیبراهیمەوە کردو پێداگریی کرد لەسەر دەسکەوتنی پۆستی جێگری سەرۆك.

وەزارەتی دارایی وا دانانرێت کە لەحزبدا وەزیفەیەکی " تەکنیکی بێت" ناتوانێت تواناکانی بەکاربخات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی عێراقدا. ئیبراهیمی فشاری خستە سەر عادل بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی وەربگرێت و، منیش ڕازی بووم لەسەر ئەوەی پشتیوانی لێبکەم.

پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، زنجیرەیەك پەیوەندیم ئەنجام دا لەگەڵ وەزیرەکانی ئێستادا کە لەحکومەتە نوێیەکەدا دەمێننەوە. پاشان پەیوەندی خواحافیزیشم لەگەڵ ئەو وەزیرانەدا ئەنجام دا کە پۆستەکانیان بەجێدەهێڵن، ئەوەش کارێکی نازاربەخش بوو چونکە ناچاربووم کە پێیان ڕابگەیەنم کە لەناو حکومەتە نوێیەکەدا پۆستیان پێنادرێتەوە.

ڕۆژی یەك شەممە ۳۰ ئایار/ مایۆ- ئەو ڕۆژەی کەتەرخانکرابوو بۆ سەرۆکایەتی- تراژیدیی و هەم پێکەنیناویش بوو لەیەککاتدا- بلاکویل نیگەرانی خۆی دەربڕی کە ئارەزووی ئاشکرای پاچەچی بۆ سەرۆکایەتی مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو وا دەزانێت کە ئەو پۆستە سەرۆکایەتیەکەی چالاك و کارا دەبێت، کە لەڕاستیدا ئەمە لەیاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا وانەبوو. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەدەستی سەرۆك وەزیراندا دەبێت وەك ئەوەی لەزۆربەی کۆمارییە پەرلەمانیەکاندا پەیڕەو دەکرێت.



Scanned with CamSc

ئێستا ئەنجومەنی هەرەشەی ئەوە دەکات کە خۆی بەدەنگدان سەرۆك هەڵدەبژێرێت. کۆندۆلیزا رایسیش پێی ووتین کە هەریەك لە پاچەچی و غازی لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە قەبولکراون، بۆیە خەمەکەمان ئەوە بوو خۆمان لابدەین لە رووبەڕووبونەوەیەکی ئاشکرا لەنێوان ئەو دووانەدا. لەم کاتەدا، ئیبراهیمی هێشتا بەدوای پاڵێوراوی تری عەرەبی سوننەدا دەگەڕا بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، عەلاوی هەندێك ناوی پێشنیارکردو ئێمەش ڕازی بووین لەسەر ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکەین.

بەهەنگاوی قورس سواری ئۆتۆمبیلەکەمم بووم بەناو تەوتۆزدا رێمکرد بۆ ئەوەی دیدارێکی تر لەگەڵ ئەنجومەنی حوکمدا ئەنجام بدەم. بە بەکارهێنانی باشترین ئەزموون و کارامەیی کە هەمە، بە بڕانەتەوە ئەوەم باسکرد کە هەر یەك لە ئیبراهیمی و دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لەپاڵێوراوی تر دەکۆڵنەوە جگە لەغازی و پاچەچی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی. لەرێگەی پەیوەندییەکانیشمانەوە لەسەر ئاستی پارێزەدەرکان، زانیمان کە ئەو پاڵێوراوانە پێشتر ئەفسەر بوون لە سوپای صەدامدا. ئەم هەواڵە وەك لێدانی شاوری ئاگادارکردنەوە وابوو لەناوەندە شیعەکاندا کەوا کەسایەتیەکی سوونەیان پێ باشتربوو کە دەیناسن لە کەسایەتیەك کە نایناسن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەلانی کەمەوە لەو رۆژەدا دەنگدان لەئەنجومەنەکەدا ئەنجام نەدرێت.

بارزانی داوای کرد دوای کۆبونەوەکە بەتەنها ببینێت. لەژورێکی بچوکی بەرامبەر بە ژووری کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی حوکمدا، لەکاتێکدا کە چای گەرممان دەخواردەوە، پێی ووتم ئەو بیرۆکەیەکی هەیە: " بۆچی پۆستی سەرۆکایەتی نەخەینە بەردەم پاچەچی و داوای لێبکەین رەتی بکاتەوە؟" ئەم بیرۆکەیە پێش چەند رۆژێك بەخەیاڵی ئیبراهیمیشدا هات، هاغدا بۆ ئەوەی بەدوایدا بچێت. بۆیە بە بارزانیم ووت خراپ نیە تاقیبکرێتەوە. بەم شێوەیە، دەکرێت لوتبەرزیی پاڵێوراوەکان رازی بکرێت و کەرامەتیان پارێزرێت. بەڵام کات زۆر بەخێرایی دەڕۆیشت.

من و بلاکویل چووین بۆ ماڵەکەی تاڵەبانی لە بەغدا بۆ ئەنجامدانی دیدارێکی توند کەتێیدا کوردەکان بۆیان بەوە تۆمەتبارە کرد لە رێکەوتنەکەی نێوانیان پاشگەزبۆتەوە " کە پێش دوو رۆژ ئەنجامی دا لەبارەی دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکانەوە. جارێکی تر، گەڕاینەوە بۆ ووتنەوەی دەستەواژە باوەکان: چۆن کوردەکان پشتیوانیان لێکردین و ئەو رۆڵە گرنگەی کە گێڕایان لە رزگاکردنی عێراقدا. لەکۆتاییدا، تاڵەبانی کە زیاتر ئارامەو لەسەرخۆیە ئەو پێشنارەی قەبولکرد کە پێش چەند رۆژێك پێشکەشمان کردو، ڕازی بوو لەسەر ئەوەی پۆستی جێگری سەرۆك وەزیران بدرێتە بەرهەم ساڵح. ووتمان با بزانین عەلاوی پێشنیارەکە قەبوڵ دەکات. کاتێکیش کە ئەو ڕازی بوو، پێمان وابوو ئێمە بەلانی کەمەوە رەزامەندی کوردەکانمان بەدەست هێنا.



Scanned with CamSc

لەکاتێکی درەنگی ئەو شەوەدا لەکۆشك، بڕیارماندا ڕاگەیاندنی حکومەتە نوێیەکە بۆ ماوەی پێنج و چوار کاتژمێر دوابخەین تا کاتی زیاترمان هەبێت و بتوانین گرفتی سەرۆکایەتی دەوڵەت چارەسەر بکەین.

لەکاتێکی زووی بەیانی ڕۆژی دواتردا، ٣١ ئایار/ مایۆ، من و دیك جۆنز و گرووپی حوکم و بلاکویل و ڕیچمۆند کۆبونەوەیەکمان گرێدا بۆ پێداچوونەوەی هەڵبژاردنەکان کەلەبەردەستدان. ئێمە هەستاین بەکارێکی باش لە ئاڵوگۆڕکردنی پۆستەکان لەنێوان کوردەکان و شیعەکاندا لەحکومەتی عێراقی کاتیی نوێدا، بەڵام پێشبڕکێکردن لەسەر سەرۆکایەتی هێشتا وەك خۆی مابوەوە.

لەرۆژی دواتردا چەند کاتژمێرێکمان بەسەر برد لەئامادەکردنی خستەڕووی حکومەتە نوێیەکەدا. پلانەکە وابوو کە سەرۆکایەتی بخرێتە بەردەم پاچەچی. بەڵام هیچمان نەیست لەبارەی ئەو گۆشانەوە کە بارزانیی دەیدا بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ عەدناندا بکات بۆ ئەوەی پۆستە وەربگاتەوە.

هەروەها پلانەکە ئەوەشی لەخۆگرتبوو ئیبراهیمی لە کاتژمێر ٩:٣٠ خولەکی بەیانی ڕۆژی دواتردا لێدوانێك بدات کە تێیدا دانانی سەرۆکی دەوڵەت و جێگری سەرۆك و سەرۆك وەزیران ڕابگەیەنێت. دوای ئەوە، لەپاش نیوەڕۆدا ئیبراهیمی و عەلاوی هەموو وەزارەتەکە پێشکەش بەعێراق و جیهان دەکەن. بەڵام ئێمە پێویستمان بەوە هەبوو پێش ڕاگەیاندنی سەرۆك کار بۆ ئەوە بکەین هەواڵەکە لەسەر غازی سووك بکەین بۆ ئەوەی قەناعەتی پێبکەین بەئارامی لەگۆڕەپانەکە بکشێتەوە.

دوای شەوێکی تری درێژ لەپەیوەندیکردن لەگەڵ وەزیرە نوێیەکاندا و ووتنی " سوپاس" بە ئەو وەزیرانەی کە دەڕۆن، لەکاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممەدا پەیوەندیمکرد بە کۆندۆلیزا ڕایسەوە. پێموت کە ئێمە هەستاوین بە پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ و پۆستە بەرزەکان تێیدا کەزیاتر بەلامانەوە گرنگەو داومانەتە کەسانێکی باش- سەرۆکی وەزیران و وەزیرەکانی ناوخۆو دارایی و بەرگری. هەروەها پێموت کە ئێمە پاش چەند کاتژمێرێکی تر پۆستی سەرۆکایەتی ئەخەینە بەردەم پاچەچی.

دیدارەکەمان لەو بەیانییەدا لەگەڵ شێخ غازی زۆر قورس بوو و سەخت بوو. غازی بە عەبا سپیە ناسکەکەیەوە هاتە ناو نوسینگەکەوە، ئەو زیاتر وەك پیاوی دەوڵەتێکی عەرەبی دەردەکەوت. ئیبراهیمی دەستی بە گفتوگۆکە کرد، کە چاکەتێکی ئەورووپی کەشخەی تۆز لێنیشتووی لەبەردابوو، بەئاماژەکردن بۆ ئەوەی کە مشتومڕێکی فراوانی لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی وڵاتدا



Scanned with CamSc

کردووە سەبارەت بە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار. ووتیشی " بەپشت بەستن بەو مشتومڕانە، گەیشتمە ئەوەی کە پێویستە پاچەچی ببێتە سەرۆك".

غازی بێ ئەوەی قسە بکات چاوەکانی تێبڕین. ئیبراهیمی بە غازی ووت ئێمە ڕێز لەو کارە زۆرانە دەگرین کە ئەو لەپێناو وڵاتەکەیدا پێی هەستاوە داوامان لێکرد کە دوایین قوربانیدانی خۆی پێشکەش بکات- کە شێخ ڕێگە بە ئیبراهیمی بدات بۆ ئەوەی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕابگەیەنێت کە غازی لەخۆپاڵاوتنەکەی کشاوەتەوە.

دەمی شێخ غازی داخرابوو و چاوەکانی واق وڕمابوون، بەهێواشی دەستی بەقسەکانی کردو هێندەی نەبرد پەرت و بڵاوبونەوە. ووتی کە پاچەچی کە ئەو وەك مامی خۆی دادەنا خیانەتی لێکردووە، هێرشی کردە سەر خۆی و سوککردنی خێزانەکەی. بەڵکو پاچەچی غازی تۆمەتبارکردووە بەوەی کە شلگیرە لەگەڵ چەلەبیدا، " درۆیەکی هیچ و پوچ". غازی سەری ڕاوەشاند و ووتی " لەناخەوە ئازاری داوم".

وای ووت کە هەوڵی وەرگرتنی پۆستی نەداوە، بەڵام لەماوەی چەند هەفتەی پێشوودا پشتیوانی لەلایەن هاوڕێیان و کەسانێکەوە پێگەیشتووە لەهەموو ناوچەکانی جیهانەوە.

لەگەڵ ئەوەی هاوڕابووم لەگەڵیدا کە پاچەچی بە بەردەوامی بەشێوەیەکی شاو شایستە هەڵسوکەوتی نەکردووە، بەڵام ئەوەم ووت کە هەروەها ئێمە هەموومان دان بە نیشتمانپەروەریەتی ئەودا دەنێین. پێویستە لەسەر هەموو عێراقیە دڵسۆزەکانیش یارمەتی سەرکەوتنی حکومەتی کاتی بدەن. ووتم " شێوازی تۆش شێخ غازی ئەوەیە کە بەم ئەرکە هەستیت و ئەم بەیانییە پێش بانگهێشتکردن بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنەکە بەشێوەیەکی نەرم و ڕەوان لەداواکردنی پۆستی سەرۆکایەتی بکشێیتەوە".

غازی پێشنیارەکەی ڕەتکردەوەو بەشێوەیەکی پێداگرانەوە دەستی ڕاوەشاندو ووتی " ناتوانم بکشێمەوە".

لەوکاتەدا، ئیبراهیمی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پاچەچی هەوڵیداوە سەردانی نوسینگەی غازی بکات بۆ لابردنی هەر خراپ حاڵیبونێك و بەبیری شێخ غازی هێنایەوە کە " لەکلتوری ئێمەدا"، پێویستە پیاوی کەم تەمەنتر پێشوازی لەگەورە بکات و پۆزشەکەی قەبوڵ بکات. غازی هەروەها ئەم قسەیەشی ڕەتکردەوە، بەسۆزێکی هەڵچووەوە ووتی " مەسەلەکە زۆر قورسە، ئەو سوکایەتی بە کەرامەتی من کردووە". لەوانەیە غازی ژن و منداڵەکانی ئاگادارکردبێتەوە کە بەمزووانە دەبێتە سەرۆکی عێراق. هەروەها ئەم هەواڵە باشەی لەناو تاکەکانی هۆزەکەیدا بڵاوکردبێتەوە. ئەو خەریك بوو سۆزو عاتیفە بەسەریدا زاڵ بێت.

بەوبەری ئارامیەوە، جەختم کردەوە لە بایەخی پشتیوانیکردنی لە حکومەتی عێراقی نوێ لەمانگە بەکلاییکەرەوەکانی داهاتوودا. بەڵام شێخ بەردەوام بوو لە جەختکردنەوە لەوەی کە دوای ئەو برینەی • لەدڵمدا" دروستیکرد چیدی پشتیوانی لە پاچەچی ناکەم. پشتیوانی لە حکومەتی نوێ و سەرۆك وەزیران دەکەم، نەك سەرۆك. بەڵێنی دا رۆژێك لەرۆژان بگەرێتەوە بۆ سیاسەت و جەنگان لەگەڵ هەر کەسێك کەلەناو حزبەکەی پاچەچیدا بێت " لەهەرکوێیەك بینیمەوە".

دواجار، دەرکەوت هیچ شتێك نەماوەتەوە ئەنجامی بدەین بۆیە خواحافیزیمان لە غازی کرد.

لەگەڵ ئیبراهیمیدا رێکەوتین لەسەر ئەوەی هەستێت بە پەیوەندیکردن بە پاچەچیەوە و داوای لێ بکات کە ببێتە سەرۆك. لەم کاتەدا، من دەرۆیشتم بۆ بینای ئەنجومەن بۆ کۆبونەوە لەگەڵ بارزانیدا بۆ سڕککردنی کاریگەریی هەواڵەکە لەسەر کوردەکان کەبەئاشکرا پشتیوانیان لە غازی کردبوو.

من و دەیڤید ریچموندو، سکۆت کارپنتەر و، میگهان و، رۆمان، لەژوورێکی ئەنجومەنی حوکم لەگەڵ بارزانیدا کۆبوینەوە. پێش ئەوەی دەست پێبکەین، میگهان نامەیەکی دایە دەستم کەلەلایەن ئالەبابەوە بوو. ئەو خۆی پەناگیر کردبوو لە نوسینگەکەی لەناو بیناکەدا، لەنامەکەدا پێداگریی کردبوو لەسەر لەنوێ وتوێژکردن لەبریارەکانی پەیوەست بە پۆستە وەزاریەکان. پەیامێکم بۆ نارد کێ وتوبەتی حکومەت داخراوە.

لامکردەوە بۆ لای بارزانیی و پێموت ئێمە پاچەچیمان هەڵبژاردووە، ئەمەش تورەیی کوردەکانی وروژاند.

وەڵامی دامەوەو وتی، " ناتوانم تێبگەم کە ئیبراهیمی چی دەکات. شەوی رابردوو، وا رێکەوتین سەرۆکایەتی بخەینە بەردەم پاچەچی و ئەویش رەتی بکاتەوە. ئەمە رێکەوتنی من بوو لەگەڵ ئیبراهیمیدا. ئەگەر کاروبارەکانیش بەمشێوەیە بڕوات بەرێوە، ئەوا ناچاردەبم کە ...."

هەرەشەکی تر لەلایەن کوردەکانەوە دەستی پێکرد لەخۆمم پرسی" ئەبێت لەمرۆدا چی تر روویدات؟"

لەم ساتەدا، باریدەدەرە سەربازیەکەم مۆبایلێکی پێدام، ئیبراهیمی بوو.

پێی ووتم، " هەواڵێکی سەرسامکەرم لایە. پاچەچی رەتیکردەوە پۆستەکە وەربگرێت. من سەراسیمە بووم و نازانم چی تووش هاتووە. ئێستا چی بکەین؟"

ریچموند پێشنیاری کرد با حکومەتەکە ڕابگەیەنرێت و ناوی سەرۆك بهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی چەند رۆژێکی تر ڕاوێژو گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، ڕازی بووم لەسەر ئەوەو ووتم " پێویستە ئێستا مەسەلەکە بەتەواوەتی کۆتایی پێ بهێنین ئەگەر نا هەموو شتێك دادەڕمێت و شکست دێنێت".

جارێکی تر لەگەڵ ئیبراهیمیدا قسەم کردەوە کە هێشتا چاوەڕوانی وەڵامی من بوو لەسەر

مۆبایلەکە، داوام لێکرد داوا لەغازی بکات پۆستەکە وەربگرێت " هەروەها لەخوا بپاڕێوە غازی پۆستەکە وەربگرێت".

پێموابوو ناکرێت ڕۆژێکی وەڕسکەر لەبەغدا تێپەڕێت، لەکاتێکدا کە سەیری ڕوخساری ئەندامانی گروپەکەم دەکرد کە واقیان وڕمابوو. " باشە، ئەمە یەکێکە لەو وانانەی کە فێری بووین. ئێوە هێشتا لەسەرەتای ئەمەتانەوەن دەکرێت سوود لەم وانانە وەربگرن. بەنسبەت منەوە، بڕیارمداوە ئەگەر کەسێك داوای لێکردم جارێکی تر بەم کارە هەستمەوە، ئەوا پێی دەڵێم کە من ئەم هەفتەیە سەرقاڵم". ئەوەی کە دەتوانین پێی هەستین ئەوەیە کە بەشداری بارزانیی بکەین لەپێکەنین بەو وەرچەرخانە نامۆو سەیرانە کە ڕوودەدەن.

یەکێك لە یاریدەدەرەکانی پاچەچی مەسەلەکەی بۆ ڕونکردینەوەو ووتی پیاوە بەتەمەنەکە چاودێریی لێشاوی ئەو لێدوانە سلبیانەی کردووە لەشەوی ڕابردوودا لەتەلەفزیۆندا نیشاندراون وئەم بەیانیە هەستاوەو ڕای خۆیی گۆڕیوە. ئێستا لەناو ماڵەکەی خۆیدا گۆشەگیربووە بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەکات کە لەئەبوزەبییە.

دوای دە خولەك جارێکی تر ئیبراهیمی تەلەفۆنی کردەوەو ووتی غازی پۆستەکەی قەبوڵکردووەو ئێستا بەڕێوەیە بۆ بینای ئەنجومەنی حوکم. بەتەلەفۆن پەیوەندیم پێوەکردو ووتم " پیرۆزە جەنابی سەرۆك. دیارە تۆ زۆر پاڕاوینەتەوە بۆ ئەوەی مەسەلەکان بەم خێراییە بگۆڕێن".

بەنەرمی پێکەنی و ووتی، " خوا گەورەیە، جەنابی باڵیۆز".

شەوی ئەو ڕۆژە، ئەخزەر ئیبراهیمی و شێخ غازی یاوەرو دکتۆر ئیاد عەلاویی هەستان بەپێشکەشکردنی حکومەتی عێراقی نوێی کاتیی لەبەردەم ڕۆژنامەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و جیهاندا.






Scanned with CamSc

# بەشی چواردەیەم

# عێراقی سەروەر

## بەغدا

## حوزەیران/ یۆنیۆ ٢٠٠٤

حکومەتی کاتی دەسکەوتێکی گرنگی تری بەدەستهێنا، بەڵام من پێمرابوو هێشتا لەبەردەمماندا زۆر گرێ هەیە کە وامان لێدەکات لەماوەی چوار هەفتەی ئایندەدا سەرقاڵین.

من زۆربەی کاتەکانم تەرخان دەکرد بۆ گواستنەوەی مەعریفەی کۆمەڵێ دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لەبارەی حوکمی عێراق و ڕەوشی ئابوری و ئاسایشەوە بۆ ئیاد عەلاوی سەرۆک وەزیران کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبۆوە لەسەرکردایەتیکردنی وڵاتدا لەو ماوەیەدا کە دەکەوێتە نێوان گەڕانەوەی سەروەریی و کاتی هەڵبژاردنەکان کە بڕیارە لە کانونی دووەم/ یەنایەردا ئەنجام بدرێت. هەروەك چۆن پێویست بوو لەسەر دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دەست بکات بەکارێکی سیاسی لەخولەکەکانی کۆتایی حوزەیران/ یۆنیۆدا بۆئەوەی بزانین کە ئایا هەموو لایەنەکان ڕێز لەپاسای ئیدارەی ئینتیقالیی دەگرن بەو پێیەی کە دەستوری کاتییە.

ئاسایش وەك گرفتێکی گەورە مایەوە. یاخیبوون لەبەغدا و لە سێگۆشەی سونیدا رووی لەزیادبوون کرد کاتێك کە تیرۆریستەکان و یاخیبووەکان زانیان عێراق بەرەو دیموکراسیەت دەچێت. هەروەها ڕەوشی چەقیەستویش لەفەللوجە هەڕەشەی لەهەڵگیرسانی جەنگێکی کراوە دەکرد. لەباشوریش، سوپای مەهدی تووشی لاوازیەکی توند هاتبوو، بەڵام هێشتا موقتەدا خۆی ئازاد بوو دەستگیر نەکرابوو.

لەو ماوەیەدا، ویستم خوا حافیزی لە ژمارەیەك لەعێراقیەکان بکەم کە بەجدیی کاریان کرد، لەسایەی ڕەوشگەلێکی سەخت و- زۆرجاریش مەترسیداردا- لەپێناو بەدیهاتنی هیوای عێراقیەکان لەئاییندەدا.

ئەرکی یەکەمم ئەوەبوو یارمەتی پاچەچی بدەم، کە دەیویست بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی لە ئەبوزەبی، بۆ ئەوەی بەکەرامەتەوە لەعێراق دەربچێت. بەسەیرکردن لەو ڕۆڵە گرنگەی کە لەنوسینەوەی دەستوری کاتیدا پێی هەستابوو هەروەها بەو ڕوداوە عاتیفی و ناکاوانە کەلەچەند ڕۆژی کەمی پێشوودا ڕوویاندا، ویستم ڕێزی خۆم بەو پیاوە دەوڵەتیە بەتەمەنە ڕابگەیەنم.

بەهاوڕێیەتی سکۆت کارپێنتەرو دەیڤد ریچمۆند لە ٢ حوزەیران /یۆنیۆدا چووین بۆ فڕۆکەخانە بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لێبکەین. کاتێك لەژووری کەسایەتیە گەورەکاندا سڵاومان لەیەك کرد، وا دیاربوو پاچەچی لەمیزاجێکی باشدا بوو. پێموت " من قەناعەتی تەواوم هەیە کە تۆ بەکارە ڕاست و دروستەکە هەستایت". سەرۆکایەتی دەبێت عێراقیەکان یەکبخات نەك زیاتر دابەشیان بکات. لەماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ڕووبەڕووی هێرشکردنەسەر بۆوە، بۆیە ئەمە گەیاندبوویە ئەو دەرئەنجامەی کە خزمەتکردنی وەك سەرۆك ڕێگردەبێت لەبەردەم کاری حکومەتە نوێیەکەدا. " ئەگەرێکی جدیی ئەوەش هەبوو کەهەندێك کەس ئامادەی ئاهەنگەکەی شەوی ڕابردوو نەبن".

" ئێستا چی دەکەیت؟"

بەئارامیی وەڵامی دایەوە، " حزبەکەم بەردەوام دەبێت لە ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ئاینده".

باسمان لەپێویستی هاریکاریی کردن کرد لەنێوان ئەندامانی حکومەتە نوێیەکەدا، ئاماژەم بۆ ئەوەشکرد کەئەو ئینتیباعەی لەماوەی ساڵێك لەگەڕان بەهەموو شوێنەکانی وڵاتداو، قسەکردن بۆ هەزاران عێراقی بۆم دروستبووە ئەوەیە کە پشکە تایفیەکان کە هەژمونی کردووە بەسەر بیرکردنەوەی سیاسیە عێراقیەکاندا لەئەنجومەنی حوکم تا ڕادەیەکی دوور کەمتر ڕوون و ئاشکرابوو لەنێوان تێکڕایی عێراقیەکان و خەڵکە گشتییەکەدا.

پاچەچی هاوڕابوو لەسەر ئەمەو وتی " لەناوبردنی چینی ناوەند لەلایەن صەدامەوە، بنکەی میانگیریی، وەك کارەساتێك وابوو، بەشداریکرد لە چاندنی تۆی دووبەرەکی لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلدا".

" بەڵام جەنابی پاچەچی تۆ بەزۆر شت هەستایت بۆ چاککردنەوەی ئەو زیانە". وتم ڕۆژی پێشوو لەدوایین کۆبونەوەی ئەنجومەنی حوکمدا من دانم بە بەشدارییەکانی ئەودا ناوە بەوەی بە باوکی یاسای ئیدارەی ئینتیقالی وەسفمکردووە. " یاسای مافەکان میراتی هەمیشەیی تۆیە بۆ عێراق. وە من هیوادارم کە ئەو ماف و پاراستنانە بخرێنە ناو دەستوریی هەمیشەییەوە".

هەروەها پێموت من هیوادارم جارێکی تر لەواشنتۆن یەکتر ببینینەوەو، بەڵێنم پێدا کە من و هاوسەرەکەم خوانێکی باشی بۆ ئامادە دەکەین، " هەست بەنیهانەیەکی گەورە دەکەم ئەگەر بیستم تۆ سەردانی وڵاتەکەمت کردووەو پەیوەندیت پێوە نەکردوم".

کاریگەری ئەم بانگهێشتەی پێوە دیاربوو وتی وەڵامی دەداتەوە. کەمێك باسمان لە مۆسیقای



Scanned with CamScanner

کلاسیکی کرد کە ئەو حەزی لێدەکات تا ئەوکاتەی کە کاتی سەرکەوتنی هات بۆ ناو فڕۆکەکە. لەوکاتەدا کە نشینگەی فڕۆکەکەی جێدەهێشت کەخۆرەکە ئاوابووبوو، پاچەچی سەرسامی کردم بەوینەی کە پیاوێکی دەوڵەتی عێراقی بەتەمەن و ئایەت بوو کە بە مەعنەویاتێکی نزم بەڵام بەشانازییەوە لەقەیرانێك دەرچووبوو.

لەکاتی گەڕانەوەماندا بۆ فڕۆکە سەتوونییەکە کە لەگەشتێکی کورتدا دەمانگێڕێتەوە بۆ بارەگەکەمان، بە دیڤید ریچمۆندم ووت، " سیاسەت وەرزشێکی خوێناوییە". زۆرجار بە هاوڕێکانم دەوت کە پیاوی کاربوون لە نیویۆرك، ئەوانەی شانازیان بەوەوە دەکرد کە پیاوانی بەهێزو بەتوانان و لەپیشەیەکی سەختدا کاردەکەن، ئەگەر ئێوە دەتانەوێت ئیرادەو توانستی خۆتان تاقیکەنەوە پێویستە لەسەرتان لەشارێکی سەختدا کاربکەن، واشنتۆن.

ئەوە پێش بەغدا بوو.

لەڕۆژی دواتردا، من و هەردوو ژەنراڵ ئەبی زەیدو سانشێز لە نوسینگەکەیدا لەگەڵ ئیاد عەلاوی سەرۆك وەزیراندا کۆبوینەوە بۆ راوێژکردن لەبارەی نامەیەکەوە کە عەلاوی ئارەزوو دەکات بینێرێت بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەست بە ئەو بڕیارەوە کە ئەنجومەنی ئاسایش مشتومڕی لەبارەوە دەکات کە بڕیارە تێیدا ئەنجومەنەکە پشتیوانی لەحکومەتی کاتی بکات و ئەو بەرپرسیارێتیە ئەمنیە دیاری بکات کە دەکەوێتە ئەستۆی هاوپەیمانانەوە لەدوای ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆوە. هەروەك چۆن بڕیارەکە جەختی لە رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکردەوە لەو پرۆسە سیاسیەی کە لەعێراقدایە.

کاتێك هەردوو ژەنراڵەکە ڕۆیشتن، لەگەڵ عەلاویدا یەکەم دانیشتنی زنجیرەیەك لە دانیشتنەکانمان ئەنجامدا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی هەواڵە رۆژانەیەکان. ویستم دڵنیابمەوە لەوەی کە لەماوەی چوار هەفتەی ئایندەدا هێندە بکرێت سازو ئامادەباش بووە.

یاریدەدەرەکانمان کتێبێکی زەبەلاحیان دانا کە چل بابەتی لەخۆگرتبوو، لەناویشیدا مەشقکردن بە هێزەکانی ئاسایشی عێراقی و، دانانی سیاسەتێکی نەخنی بۆ عێراق (کەرێگاکانی ڕووبەڕووبونەوەی هەڵئاوسانی لەخۆگرتبوو)، هەروەها بەردەوامبوون لە چاکسازیە حکومیە ناوچەییەکان و، دانانی بودجەی حکومەتی عێراقی بۆ هەردوو ساڵی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥ و، ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵیی و، بەهێزکردنی دەزگاکانی هەواڵگری و، کۆنترۆڵکردنی سنورەکان و، دانوستان لەبارەی قەرزە کەڵەبوەکانی سەر عێراق و، دیاریکردنی ئایندەی ئەو دامەزراوانەی کە وڵات خاوەنیانە و، فرەجۆرکردنی ئابوریی عێراق لەرێگەی کەمکردنەوەی پشت بەستن بەنەوت... زۆرێك

لەبابەتەکانی تر.

کتێبە قورسەکەی بەدەستە زلەکانی هەڵگرت، سەیری تیانوسی تێبینیەکانی کرد، وەك ئەوەی ژمارەی لاپەڕەکان بەژمارەی ئەو ڕۆژانە بپێوێت کە لە مانگەکە ماونەتەوە. " سبەینێ یەکتر دەبینینەوە، وانیە جەنابی باڵیۆز؟"

" هەموو ڕۆژێك و ئەوەندەی کە تۆ دەتەوێت تا ئەو کاتەی عێراق بەجێدەهێڵم".

لەماوەی چەند حەفتەی ئایندەدا، زیاتر لە سێ جار یەکترمان بینی، وەك هەمیشە دیدارەکانمان دابەش دەبوو بۆ دوو بەش: لەبەشی یەکەمدا مشتومڕی زانیاریە کورت و پوختەکانمان دەکرد کە ڕاوێژکارێکی ئاست باڵا ئامادەی دەکرد- کە ئەو بابەتانەی لەخۆدەگرت پەیوەندیان بەنەوت و، کارەباو... هتد هەبوو. لەبەشەکەی تریشدا مشتومڕی ئەو مەسەلانەم لەگەڵ عەلاویدا دەکرد کە زیاتر تایبەتمەندبوون.



**ئیاد عەلاویی**

لەشەوی دواتردا میوانداریی ئەندامانی پێشووی ناو ئەنجومەنی حوکمم کرد بۆ ناخواردنی ئێوارە. زۆربەی ئەو ئەندامانە ئامادەبووبوون، لەناویشیاندا سەرۆکی نوێ و سەرۆك وەزیران، ئەمەش ئاماژەیەکی بەسۆز بوو بۆ هاوڵەکانی پێشوویان. بەڵام هەمووی ساردو بێزیان و سەلامەت نەبوو. پێش ناخواردنی ئێوارە عیماد ضیاء نوسخەیەك لە پشتیوانی ساردوسڕی ئایەتوڵڵا سیستانی بۆ حکومەتی نوێ پێگەیاندم. لەسەرجەمیدا بەتوڕەییەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەنجومەنی نیشتمانی کە لەساڵی ئایندەدا هەڵدەبژێرێت " وابەستە نابێت بەیاسای ئیدارەی ئینتیقالییەوە". بە ضیائم ووت " ئەوە دەبێتە گرفت". گرفتێك نابێت زۆر چاوەڕوانی هەڵبگرێت. لەسەر خوانی ئێوارە، یەکێك لەهاوڵەکانی بارزانیی بردیە لاوە بۆ ئەوەی "پەیامێکی خێرا"م پێبدات (ئایا نامە هەیە لەجۆرێکی تر بێت؟) کە لەلایەن بارزانیەوە بوو کە تێیدا نارەزایی و نیگەرانی خۆیی دەربڕیبوو لەوەی کە لەپرۆژە بڕیاری ئێستای ئەنجومەنی ئاسایشدا هیچ ئاماژەیەك بە یاسای ئیدارەی ئینتیقالی نەکراوە. پیاوەکە سکاڵایەکی وەرسکەری تری باسکرد لە نەهامەتیەکانی کوردەکان کە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو- چۆن ئەوان " ڕەزامەند نەبوون"، و ئەوان ناچارن جارێکی تر چاو

بەهەڵوێستەکانیاندا بخشێننەوە لەبەرامبەر حکومەتی نوێدا. بەڕاشکاوی، لەهەموو ئەم هەڵوێستە سیاسیانە بێزاربووم.

بەبارپەدەرەکەی بارزانیم ووت" ئاڵۆزی و کارێکی نابەرپرسانە دەبێت لەلایەن کوردەکانەوە ئەگەر لەئێستادا بکشێنەوە. " ئەوەی کوردەکان بەدەستیان هێناوە لەپرۆسەی سیاسی چوار مانگی ڕابردووی ئەمدواییەدا زیاترە لەوەی هەر حزبێکی تر بەدەستی هێناوە، فەزلی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆششەکانی ئێمە.

باریەدەرەکە وەڵامی دامەوە " لەوانەیە شەقامی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە بکات.

بەسەرم ئاماژە کرد و ووتم " ئەوە کاری سەرکردەکانە- کە لەوەی مومکینە بۆ گەلەکانیان ڕوونیبکەنەوە".

مەسەلەی ئاماژەکردن بۆ یاسای ئیدارەی ئینتیقالی لەبڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا گرفتێکی نایەوە. لەلایەکەوە، کوردەکان پێداگرن لەسەر ئەوەو، لەلایەکی تریشەوە، پشتیوانیکردنی ڕاشکاوانە بۆ یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی هەڕەشە لەوە دەکات شیعە هانبدات بۆ یاخیبوون لەدژی حکومەتی نوێ و یاسای ئیدارەی ئینتیقالی. لەهەمانکاتدا، زانیم کە سیستانی دەیەوێت ئەنجومەنی ئاسایش ڕازی بێت لەسەر ئەو خشتە زەمەنیە سیاسیە کە لە ڕێکەوتنامەی ١٥ تشرینی دووەم/ نۆفەمبەرو یاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا هاتووە.

لەپێناو جەختکردنەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە، سیستانی شەوی ئەو ڕۆژە نامەیەکی نارد تێیدا دەڵێت ئەگەر لەبڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا ناوی یاسای ئیدارەی ئینتیقالی هات، ئەوا لێدوانێکی تر دەدات. پەیوەندیم بە ستیف هادلیەوە کردو پێشنیارمکرد بۆی کە سەرۆك بوش لەوتاری ڕادیۆیی هەفتانەیدا پشتیوانی لە یاسای ئیدارەی ئینتیقالیی بکات. هەروەها پێشنیاری داوای پشتیوانی بڕیاری ئەنجومەنم کرد بۆ بیرۆکەی فیدراڵیی، ئەوەش ئەو شتەیە کە کوردەکان دەیانەوێت و، پشتیوانی خشتەی زەمەنی تایبەت بەهەڵبژاردنەکانی کانونی دووەم/ یەنایەر ٢٠٠٥، وەك شێوازێك بۆ کۆکردنەوەی داواکاریەکانی کوردەکان و سیستانی.

ئایا هەموو مانگەکە بەمشێوازە دەبێت؟

لەراپۆرتی پوختی هەواڵگری بەیانیاندا لە ٥ حوزەیران/یۆنیۆدا، لەنەجەفەوە هەواڵی خۆشمان پێگەیشت، پێشکەشکەرانی ڕاپۆرتەکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە " لایەنگرەکانی موقتەدا" شەوی ڕابردوو لە مەزاری ئیمام عەلی کشاونەتەوەو پۆلیسی عێراقی چۆتە ناویەوە. لەگەڵ چوونە دەرەوەی موقتەداو لایەنگرەکانی لەمەزارەکە، بەشێوەیەکی کاتی ئەو قەیرانە هێواش بۆتەوە-



Scanned with CamSc

بەڵام تەنها بەشێوەیەکی کاتی. ڕام لەبارەی موقتەداوە ئەوەیە کە ئەو لەوەتەی پێش ساڵێك لەسەر شانۆی هەواڵەکان سەری هەڵداوە تائێستا نەگۆڕاوە. ئێستاش پێویستە لەسەر حکومەتی عێراقی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

بەڵام روون بوو کە رەوشی فەللوجە مایەی نیگەرانیە، راپۆرتەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە لیوای فەللوجە هێشتا مارینزی بێ هیوا کردووە سەبارەت بە گەڕاندنەوەی رژێم و یاسا بۆ شارەکە.

بە دیك جۆنزم ووت " ئێمە لەوێ ڕووبەڕووی زیانپێگەیاندنێکی توند دەبینەوە".

دوای ئەمە بەدوو رۆژ، سەرۆك وەزیران زەردەخەنەی بۆ کردم لەوکاتەدا کە لەلایەکی تری مێزی کۆبونەوەکانەوە سەیری دەکردم. پێی ووتم " مەسعود بارزانی ئەم بەیانییە پەیوەندی پێوە کردم و هەواڵێکی نایابی پێگەیاندم سەبارەت بە بریاری ئەنجومەنی ئاسایش".

ئێستا بارزانی رازی بوو بەوەی کە رەشنوسی بریارەکە ئاماژە بە فیدراڵی و مافەکانی کوردەکان بکات، ئەگەر بەراشکاویش ئاماژە بەیاسای ئیدارەی ئینتیقالیش نەکات. هەروەك من هیواخوازبووم، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بوو لەپشتیوانی سەرۆك بوش بۆ یاسای ئیدارەی ئینتیقالی لەوتارە هەفتانەکەی رۆژی شەممەدا.

عەلاوی ووتی" من وای دادەنێم کە گرفتەکە کۆتایی پێ هاتبێت".

لەدڵی خۆمدا ووتم سوپاس بۆ خوا، یەکێك لەگرفتەکان چارەسەر بوو.

چووینە سەر باسکردنی بابەتی موقتەدا. بە سەرۆك وەزیرانم ووت من بەداخەوەم چونکە لێگەڕاین ئەو مەسەلەیە بەبێ چارەسەرکردن بمێنێتەوە و حکومەت ناچارە بگاتە شێوازێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پیاوەدا. وەڵامی دامەوە کە پێویستە لەسەر پۆلیسی عێراقی پێش ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆ موقتەدا دەستگیر نەکات. کاتێکیش گرفتی یاخیبوونی گەورەم ورووژاند، عەلاوی ووتی کە ئەو لەئەنجامدانی شێوەیەك لەشێوەکانی وتووێژکردن لەگەڵ یاخیبووەکاندا بەباشتر دەزانێت.

ئەو لێك نزیکبوونەوانەم بۆ پوختکردەوە کەلەدوای دەستگیرکردنی صەدامەوە لەگەڵ یاخیبووەکاندا گرتوومانەتەبەر. کەهیچ سودو کەلکێکیان نەبووە، " بەڵام بەدڵنیاییەوە شایانی ئەوەیە هەوڵی بۆ بدرێت".

لە ٨ حوزەیران/یۆنیۆدا، ئەنجومەنی ئاسایش بەکۆی دەنگ بریاری ژمارە ١٥٤٦ی دەرکرد، تێیدا پێشوازی لەحکومەتی کاتی عێراقی کردو بەوە پێناسەی کرد کە " قۆناغێکی نوێیە لەگواستنەوەی عێراق بۆ حکومەتێکی هەڵبژێردراو بەشێوازێکی دیموکراسی" هەروەها بریارەکە پشتیوانیەکی



Scanned with CamSc

ڕاشکاوانەی تێدایە بۆ ئەو خشتە زەمەنییەی کە یاسای ئیدارەی ئینتیقالی دایناوە و بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەهاتنی ٣١ کانونی دووەم/ یەنایەر ٢٠٠٥. لەگەڵ بڕیارەکەشدا دوو نامەی عەلاوی و پاوڵ وەزیر هاوپێچکرابوو کە ڕۆڵی هێزەکانی هاوپەیمان فرە ڕەگەزەکانیان دیاریکردبوو.

شەوی ئەو ڕۆژە، ضیاء نامەیەکی پیرۆزبایی و گونجاویی لە ئایەتوڵلاوە بۆ هێنام. ئەو " خۆشحاڵ بوو" بەوەی کەلەشارە پیرۆزەکاندا ڕوی دابوو، هەروەها بەحکومەتی نوێ و سەرۆکەکەی. لەبەرئەوەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ڕاشکاوانە باسی لەیاسای ئیدارەی ئینتیقالی نەکردبوو، هەروەها پشتیوانی لەو خشتە زەمەنییە دەکات بۆ هەڵبژاردنەکان لەکانونی دووەم/ یەنایەری ٢٠٠٥دا. بەم قسەیەش کۆتایی بە نامەکەی هێنابوو " وتوێژەکانم لەگەڵ باڵیۆز برێمەر لەماوەی ساڵی ڕابردوودا زۆر بەسود بووەو هیوادارم بەردەوام بێت".

سەرەڕای ئەوەی کە ئایەتوڵڵا ڕەتیکردەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی داگیرکەردا کۆبێتەوە، بەڵام لەماوەی چواردە مانگی ڕابردوودا من و ئەو زیاتر لە سی نامەمان لەڕێگەی میانکارە جۆراوجۆرەکانەوە گۆڕییەوە و هەروەها منیش پێموایە کە " زۆر بەسود بوون".

نزیکەی زیاتر لە دوو هەفتەمان مابوو بۆ گواستنەوەی سەروەریی و بەجێهێشتنی عێراق. لەبەرئەوە بەهێواشی دەستمکرد بەمشتومڕکردن لەبارەی هەردوو بابەتی پرۆتۆکۆل و ئاسایش کە گواستنەوەی سەروەریی لەخۆیی گرتووە. بەهۆی ئەوەی کە ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان " ئاماژەی بەهێز"یان خستەڕوو لە نزیکبوونەوەی ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی گەورە لەڕۆژی چوارشەمە، ٣٠ حوزەیران/یۆنیۆ؛ مەترسی ئەوە هەبوو کە ئاسایش ببێتە ئەو کلکەی کە سەگ دەجوڵێنێت. لەمەش ئەوەی دەخواست کە پلاندابنرێت بۆ ڕەوشی گشتی و بەتوندی چاودێریکردنی.

لەوکاتەدا کە من خەریك بووم لیستێکی درێژی کێشەکانم نیشانی سەرۆك وەزیران دەدا، هەروەها دەمویست خواحافیزی لە ژمارەیەك لەو عێراقیانە بکەم کە بەدرێژایی چواردە مانگی ڕابردوو کارم لەگەڵدا کردن، لە ١٣ حوزەیران/ یۆنیۆدا تەلەفۆنم بۆ ئیبراهیم جەعفەریی کرد بۆ ئەوەی خواحافیزی لێبکەم، ئەو بانگهێشتی کردم بۆ ژەمە خواردنێکی بەچێژی تر، کە خواردنە سەرەکیەکەی بریتی بوو لە فسنجان. میزاجی جەعفەریی لەوپەڕی باشیدا بوو، لە کەشکۆڵەکەشیدا کۆمەڵێك بابەت هەبوو وەك زانایانی یۆنان و هیتلەرو ستالین و صەدام و جۆرج واشنتۆن و جۆن ئادمز– ئەو تەنها بۆ هەناسەدان نەبوایە نەدەوەستا، لەوکاتەدا کەلەبارەی ئایندەی حکومەتی نوێی عێراقییەوە دەدوا.

پیرۆزبایم لێکرد کەوا قەبوڵیکرد وەك جێگری سەرۆك کاربکات و ووتم، دەزانم بڕیارەکە ئاسان نەبوو لەسەرت، بەڵام جەنابی جێگری سەرۆك تۆ بەکارێکی ڕاست و دروست هەستایت بۆ خۆت و بۆ وڵاتەکەشت". لەوکاتەدا کە دەمویست بڕۆم، بیرم لەوە کردەوە کە جەعفەری هێشتا کەسایەتیەکی سیاسی خاوەن زۆرترین جەماوەرە لەوڵاتدا. ئەو ئیسلامیی بوو، بەڵام بەشانازییەوە باسی لەژنە تا باڵاپۆشکەی دەکرد، کەئەویش هەروەها پزیشکە، هەروەها لەبارەی سێ کچەکەشیەوە.

لەئاماقجە سەرەکیەکانمان دانانی ڕێوشوێن و دیسپلین بوو لە حکومەتدا بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو ئەزموونە مێژوییە بۆ حوکمکردنی مەرکەزیی کەلەسەر یەك پیاو دەوەستێت لەعێراق. دوای دوو ڕۆژ لە خواحافیزیکردن لە جەعفەریی، دووان لە بەرپرسە عێراقیە گەورەکان هاتن بۆ خواحافیزیکردن لێم و گوزارشتکردن لەپێزانینیان لەسەر ئەو کارانەی کە کردومانە.

یەکەم دکتۆر سنان محمد ڕەزا شەبیی، بەڕێوەبەری بانکی ناوەندیی، کە لە حوزەیران/ یۆنیۆی ٢٠٠٣دا دامەزراند، ئەو سوپاسی کردم چونکە بانکەکەم کردبوبە دامەزراوەیەکی سەربەخۆو تێکرایی سودەکانم ئازادکردبوو. پێی ووتم " ئەم هەنگاوانە جەوهەرین بۆ ئەوەی عێراق توانا ئابورییەکەی بەدەست بێنێتەوە– دواجاریش سەقامگیربێت".

دوای ئەوە بە دوو کاتژمێر، مەدحەت مەحمودی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی هات کە پێزانینی خۆی نیشاندا بۆ کارەکەمان لەگێڕانەوەی سەپاندنی یاسا لەعێراقدا. هەروەها ئەو سوپاسگوزاربوو چونکە من فەرمانێکم ئیمزا کردبوو کەوا لەدادگاکان دەکات سەربەخۆ بن لەحکومەت. قسەکەی بەزەردەخەنەیەکی فراوان کۆتایی پێهێنا و ووتی، " دەمێنێتەوە ئاماژە بەشتێکی شەخصی بکەم من بەتایبەتی سوپاسی تۆ دەکەم چونکە مووچەی دادوەرەکانت یەکاویەك زیادکرد.

* * *

لەکاتێکی دواتری ئەو بەیانییەدا هەندێك ڕاپۆرت گەیشتن باسیان لەهێرشە تێکدەرانەکان دەکرد بۆ سەر ژمارەیەك لە هێڵە ستراتیژیەکانی هەناردەکردنی نەوت لەباشور. کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ، قەبارەی زیانەکان ڕوونبۆوە، هێڵی ٤٢ ئینجی بۆرییە نەوتیەکان پچڕابوو کەوا کێڵگە نەوتیەکانی باشوری، بە پاڵاوگەکانی دۆرەوە دەبەستەوە هەروەها وێستگەی موسەییب بۆ بەرهەمهێنانی ووزە. هێشتا کارەکانی چاککردنەوە لەسەر بۆری نەوتی ١٢ ئینجی کە لەکێڵگەی دووەمی کەرکوکەوە دەهات تەواو نەبوو کە بەهۆی کردەوە تێکدەریەکانی پێشوەوە زیانی پێگەیشتبوو.



Scanned with CamSc

کاتژمێرێك دوای ئەوە، ڕاپۆرتێکم پێگەیشت باسی لەلێدانی بۆری نەوتی ٤٨ ئینجی دەکرد کەوا کێڵگەی کۆمپانیای نەوتی باشوری لەفاو بە وێستگەکانی بارکردن لەکەنارەکانی باشوری خۆرهەلاتی بەصرە دەگەیاند. بەهۆی تەقینەوەکەوە هێڵەکە پچڕابوو نەوت لێیەوە دەردەپەڕی و بەهەوادا دەچوو.

هەروەك چۆن ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە تیرۆریستەکان پلاندادەڕێژن بۆ ئەوەی شەپۆلێك لە هێرش ئەنجامبدەن کە لە ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆدا بگاتە ئەوپەڕی و ئەو هێرشانەش وێرانکردنی ژێرخانی نەوتی عێراقیان کردبووە ئامانج.

بەکردەوەش هێرشەکان دەستیان پێکرد، پێویستە لەسەرمان بیر لە ئاسایش بکەینەوە بەتایبەتی لە ٣٠ حوزەیران یۆنیۆدا کە کاتی تەسلیمکردنەوەی سەروەرییە بەعێراقیەکان.

خواحافیزیکردنم لە ئایەتوڵڵا حسێن صەدر لەبەغدا پێویستی کرد ئەوپەڕی ڕێوشوێنی ئەمنی بگیرێتەبەر. ڕانك گالاگر پێداگریی کرد کەبەشەو ئەو سەردانە ئەنجام نەدەم. فرانك پاساوی ئەمەی بەقسەیەك دایەوە کە ووتی " لەکاتی دوایین سەردانتدا بۆ لای بۆ خواردنی نانی ئێوارە نارنجۆکێکی دەستیان بۆ هەڵدایین".

سەردانەکەی ئەوم خستە کاتی نیوەڕۆ. سەرەڕای ئەوەش، فرانك خۆشحاڵ نەبوو بەوەی بەڕۆژی ڕۆشنا بمگوێزێتەوە بۆ ئەوێ بەهۆی ئەو لێشاوی زانیارییە هەواڵگریانەوە کە دەهات کە ئاماژەی دەکرد بۆ زیادبوونی ژمارەی هێرشەکان. بۆیە ئەمجارە هەڤدە ئۆتۆمبیلی هامەری زیاتری بەکارهێنا بۆ پاراستنی ئەو ڕێگەیەی کەوا کاروانەکەمان پێیدا تێدەپەڕی، هەروەها فەرمانی کرد کە سێ دانە لەهەلیکۆپتەرەکانی بلاك هۆك بەسەرماندا بفڕن کەهەریەکەیان دوو وەشێنەری لەسەربوو، هەروەها لەگەڵ سوپادا ڕێکەوت چەند فڕۆکەیەکی ئاباچی لەملاو لامانەوە بفڕن جگە لەچەند فڕۆکەیەکی جەنگی جۆری ف– ١٦ بۆ ئەوەی لەسەرەوە بمانپارێزن. ئەمەش باشترین شێواز نەبوو بۆ خواحافیزیکردن لە هاوڕێیەکی هێمن و سەنگین.

شێخ لەنوسینگە پڕ لەکتێبەکەیدا بەگەرمی پێشوازی لێکردم. لەگەڵ قسەکردنەکانماندا ساردەمەنی گازی بەتامی پرتەقاڵمان دەخواردەوە، پاشانیش لەسەر خوانی نیوەڕۆ و، دواجاریش چای گەرممان خواردەوە، هەموو بابەتەکان لەبارەی ڕۆڵی ئاین و گرنگی خێزان لەهەموو شوێنێکداو، بۆ پەرەسەندنی دیموکراسیەت لەعێراق، بۆ پێویستی باش چەکدارکردنی هێزەکانی پۆلیس بوون.

کاتێکیش دیدارەکەمان لەکۆتایی نزیك بۆوە . ئایەتوڵڵا سەیری چاوەکانی کردم و ووتی



Scanned with CamSc

رزگارکردن بەنسبەت ئەوەوە زۆر شت دەگەیەنێت. لەسەردەمی صەدامدا، زۆرجار هەواڵگری بەشەو هەڵیدەکوتایە سەر ماڵەکەی و دەیانبرد بۆ لێپرسینەوەو ئەشکەنجەدان. ووتی " جەنابی باڵیۆز، بەدرێژایی ساڵان نەمدەتوانی بخەوم چونکە دەترسام بێن بۆ ماڵەکەم و لەکاتێکدا کە نوستووم بمکوژن. ئێستا رزگاربووین و دەتوانم وەك مناڵێك بخەوم".
لەکاتێکی دواتری ۱۷ حوزەیران/ یۆنیۆدا، بیرۆکەیەکی کتوپرم گوێ لێبوو کاتێك کەلەلایەن رایسەوە پەیوەندیم پێوە کرا.
ووتی " سەرۆك بایەخ بەوە دەدات کە ئاسەنگ بخاتە بەردەم پلانەکانی ئەیارەکان بەوەی کە چەند رۆژێك کاتی گواستنەوەی سەروەریی پێش بخات".
هاورِابووم لەگەڵی ووتم " ئەمە بیرۆکەیەکی خراپ نیە، بەمەرجێك کە عەلاویی رازی بێت". یاخیبوەکان پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد. " بەلام دوو مەرج هەبوو، پێویست بوو تا دوا سات مەسەلەکە بشارینەوە ئەگەرنا وامان لە تیرۆریستەکان دەکرد زووتر بکەونە خۆیان". لەکاتی باسکردنی مەرجی دووەمدا جەختمکردەوە لەسەر پێویستی ئەوەی پێش گواستنەوەی پێشوەخت چەند رۆژێك ئارامی ئەمنی هەبێت، ووتم " کۆندی مەعقول نیە مەسەلەکە وا دەربکەوێت ئێمە لێرە شکستمان هێناوە. هاورابوو لەگەڵمداو پێموت لەگەڵ عەلاوییدا هەماهەنگی بۆ کارەکە دەکەم.
لەرۆژی دواتردا، مەسەلەکەم لەگەڵ سەرۆك وەزیردا باسکرد، ووتم زانیاریە هەواڵگرییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن تیرۆریستەکان پلاندادەرێژن تا لە ۳۰ حوزەیران /یۆنیۆدا کۆمەڵێك هێرشی تیرۆریستی ئەنجام بدەن. هاورابوو لەگەڵمداو دانی بەو دوو مەرجەدا تا کە لەگەڵ رایس باسمانکردبوون، رێکەوتین لەسەر ئەوەی لەماوەی هەفتەیەکدا بەووردی کاتی گواستنەوەی سەروەرییەکە دیاری بکەین.
لەرۆژی یەکشەممە، ۱۹ حوزەیران/ یۆنیودا، کاتی ئەوەهات کە خواحافیزی بکەم لەژورێك لەو خاتونە عێراقیانەی کە لەماوەی ساڵی رابردودا کاریان لەگەڵمدا کرد لەبەرگریکردن لەمافەکانی ژنان. لەسەر خوانێکی نیوەرۆ میوانداریم کرد لە نوێنەرانی ئەو کۆمەڵە ئافرەتانەی کە لەعێراقدا گرنگ بوون هەروەها وەزیرە ژنەکان لەحکومەتی نوێ و ئەو ژنانەی کە پۆستی جێگری وەزیریان پێدرابوو، ئەوان گرزارشتیان لەپێزانینی خۆیان کرد لەوەی کە پێی هەستاوین لەکاروبارەکان. هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی خۆشحاڵ بوون لەو پشکەی لەکورسیەکانی پەرلەمان بەدەستیان هێناوە کەلەکانونی دووەم/ یەنایەردا هەڵدەبژێرێت و دەگاتە ۲۵٪ی



Scanned with CamSc

کورسیەکان.

بە گاڵتەوە پێموتن " پێویستە لەسەرم بەئاگابم کاتێك کە بەژنەکەم دەڵێم، ئەمڕۆ لەگەڵ پەنجا ژندا نانی نیوەڕۆم خواردووە".

کاتێك کە دەنگی پێکەنین بەرزبۆوە، یەکێك لە خاتوونە دنیادیدەکان وەڵامی دایەوە " زۆر باشترە لەوەی لەگەڵ یەکێکدا نان بخۆیت".

لەرۆژی دواتردا، جودی ڤان رست کە یەکێکە لەو بەرپرسە سیاسیانەی زیاتر حەیەوبین لەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانندا، بەرنامەکەمان بۆ بونیادنانی دیموکراسیەت بۆ عەلاوی کورت و پوختکردەوە. یەکەمجار ئەوەم بۆ سەرۆك وەزیران باسکرد کە بۆچی ئەولەویەتمان بەو کۆششە داوە، ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە دیموکراسیەت زیاترە لەتەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بۆیە نزیکەی ۷۵۰ ملیۆن دۆلارم لەهەردوو بودجەی ئەمریکاو عێراق بۆ دابینکردووە. مەبەست لەزۆربەی ئەم بەرنامەیە بونیادنانی دامەزراوەکان و رێکخراوەکانە کە ئەوە پێکدەهێنن خۆرئاواییەکان پێی دەڵێن " کۆمەڵگەی مەدەنی". دوای چەندین دەیە لە تاکڕەوی و ستەمکاریی، عێراقیەکان زۆر پێویستیان بە "ئامرازەکانی هەڵمژینی پێکدادانە کۆمەڵایەتیەکان"ە کەیەکەمجار پێش ساڵێك بۆ سەرۆکم باسکرد.

جودی وتی " جەنابی سەرۆك وەزیر، ئێمە ئەم دامەزراوانە بونیاد دەنێین لە هەموو شوێنە جیاجیاکانی عێراقدا". بۆم باسکرد کە ئەفسەرە هەرێمییەکانمان سەرپەرشتی لەدایکبوونی دەیان ناوەندی بەرگریکردنیان کردوە لەمافەکانی مرۆڤ و، رێکخراوە ناحکومییەکان و، دامەزراوە یاساییەکان و، هەتا کۆمەڵەکانی مامۆستایان، هەروەها ئێمە پارەی پێویستمان فەراهەم کردووە بۆ بونیادنانی ناوەندەکانی ژنان لەهەموو پارێزگاکانی عێراقدا، تەنها لەبەغدادا نۆ ناوەندمان کردۆتەوە. هەروەك چۆن سەدان ملیۆن دۆلارمان لەبودجەی عێراق تەرخانکردووە لەپێناو پشتیوانیکردن لەناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران و ناوەندە فێرکارییەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەکانونی دووەم/ یەنایەردا.

عەلاوی وتی، " ئەمە کارێکی نایابە. من خوازیارم بتوانم هەندێك لەپارە فەراهەم بکەم بۆ بونیادنانی دامەزراوە راوێژکارییە سەربەخۆکان، چونکە ئەگەر مەبەست بێت عێراق ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی، ئەوا ئەم جۆرە دامەزراوانەمان پێویست دەبێت، کە دەتوانێت یارمەتی گەلی عێراق بدات لەفێرکردنی برێکی زیاتر لە بنەما دیموکراسیەکان".

ئەو کۆششانەمان کۆتای پێهێنا لەمامەڵەکردن لەگەڵ گرفتە سەختەکەدا کە پەیوەستە بە میلیشیا



Scanned with CamSc

حزبەکان لەحوزەیران/ یۆنیۆدا. بەدانانی یاسایەك کە خێرا حکومەتی کاتی عێراق پشتیوانی لێکرد. ئەم یاسایە هەموو میلیشیاکان یاساغ دەکات کە نەبوونەتە بەشێك لەپرۆسەی چوونە ناو دەزگا ئەمنییە حکومیەکان. یان بەرنامەی خانەنشینکردن، یان ملکەچی راهێنان نەبوونە لەپێناو گەڕانەوەیان بۆ ژیانی مەدەنی. هەروەها بەڕێوەبەریێتی جەنگاوەرە دێرینەکانمان دانا بۆ سەرپەرشتیکردنی تۆمارکردنی میلیشیاکان و ئەوانەی کە لەسوپای پێشوودا بوون و سەرلەنوێ تێهەڵکێشکردنەوەیان لەناو کۆمەڵگەدا.

هیچ گرەنتیەکمان لانەبوو کە ئەو رێککەوتنانەی دەیڤید گۆمپرت دانوستانی لەسەر دەکرد بتوانن خۆیان رابگرن. بەڵام بەوپێیەی کە چارەسەری ئەلتەرناتیف ئەوەیە هێز لەدژی ئەم کۆمەڵانە بەکاربهێنین، لەناویشاندا پێشمەرگە هاوپەیمانەکانمان، ئەوا هەستمان کرد ئێمە گەیشتوینەتە باشترین چارەسەری مومکین، بەلانی کەمەوە، بواری ئەوەمان بەعێراقیەکاندا ئەو میلیشیایانە بخەنە ژێر کۆنترۆڵەوە. بەڵام ئایا حکومەتی نوێی کاتی عێراقی دەتوانێت یاسا بچەسپێنێت و پرۆسەی گواستنەوەی سەروەری و رێککەوتننامەکانی سەرلەنوێ تێهەڵکێشکردنەوە جێبەجێ بکات؟

لە ٢٢ حوزەیران یۆنیۆدا، بەشێوەیەکی دیاریکراویش تەنها پێش شەش رۆژ لە رۆیشتنم، رۆژێکم لەدەرەوەی بەغدا بەسەربرد، یەکەمجار لەگەڵ سەرۆك غازی یاوەرو دەیڤید ریچمۆند و وەفدێکی رۆژنامەوانی گەورەدا گەشتمکرد بۆ کەرکوك. لەرووکەشدا، ئەوە سەردانێك بوو بۆ خواحافیزی، بەڵام لەواقیعدا، ویستمان چارەسەری هەندێك ئاڵۆزی توند بکەین کە هێشتا باڵی کێشاوە بەسەر رەوش و کەشی شارەکەدا.

خاتوو باسکاڵ وەردەی وەزیری کۆچکردن لەگەڵماندا هات، کە ئافرەتێکی مەسیحی بوو لەناوچەکەدا نیشتەجێ بوو. بڕیارە وەزارەتەکەی رۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت لە لابردنی ئەو زیانانەدا کە سی و پێنج ساڵ لە پرۆسەکانی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەی زۆرەملێیانە بەشارەکەی گەیاندووە. لەدوای دانوستانێکی فورسیش لەگەڵ کوردەکاندا، یاسای ئیدارەی ئینتیقالی ئەو بڕیارەی دواخست کە تایبەتە بەرەوشی کۆتایی و چارەنوسی کەرکوك. بەڵام کوردەکان بەردەوام بوون لە هەوڵدان بۆ داواکردنەوەی زەویەکانیان لەشارەکەدا، لەگەڵ هەوڵی هەر حزبێکی سیاسی کوردیدا بۆ ململانێکردن لەگەڵ حزبەکەی تر و باڵابوون بەسەریدا. کەرکوك شوێنێکی تەوقیتکراو بوو لێمە خۆمان بەخۆشبەخت دەزانی ئەگەر پێش هەڵبژاردنەکانی کانونی دووەم/ یەنایەر نەتەقێتەوە.

لەو چەمکانەی کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانی هانی دەدا لەسەری دامەزراندنی دامەزراوەکانی



Scanned with CamSc

کەرکوك و فەراهەمکردنی پارەیە بۆی لەپێناو هاندانی ئەو پڕۆژانەی کەوا بارمەتیدەر دەبێت لە لێك نزیکردنەوە لەنێوان کۆمەڵە رەگەزیە جۆراوجۆرەکاندا. من لە بودجەی نیشتمانی عێراقی بڕی ٥٠ ملیۆن دۆلارم تەرخانکرد و کوردەکانیشم قایلکرد کە ئەوانیش بە ٥٠ ملیۆن دۆلار بەشداری بکەن. لەگەڵ فەراهەمبوونی ئەم پارەیەو ئەنجومەنی ئیدارەی فرە رەگەزەکاندا، دەبێت دامەزراوەکە بتوانێت لەماوەی ساڵێکدا چەندین پڕۆژەی بەنرخ و گرنگ جێبەجێ بکات. بەلام وەك ئەوەی کەلەزۆربەی ناوچەکانی عێراقدا هەیە، ئەمە پشت دەبەستێت بە بڕیارێك کەوا گروپە جۆراوجۆرەکان وەریدەگرن بۆ ئەوەی لەنێو خۆیاندا هاوکاریی یەکتری بکەن. ئەمەش بەرۆڵی خۆی داوایان لێدەکات دووربکەونەوە لەوەی هەریەکەیان لەسەر حسابی ئەوەکەی تر دەسکەوتی زیاتر بەدەست بهێنێت لەهەموو مەسەلەکاندا.

لەدوای راگەیاندنی دامەزراوەکە لەبەردەم بەرپرسان و پیاوماقوڵانی شارەکەدا، بەفڕۆکە چووین بۆ نیشینگەیەکی بچوکی فڕۆکە لە پاریگای تۆبی بێ لەنزیك ماڵە چیایەکەی مەسعود بارزانی.
بارزانی بەگەرمی پێشوازی لێکردم و بەپەرۆشەوە پێشنیاری کرد بۆ ئەوەی خشتەی کارەکان بخەینە لاوەو ووتی " ناتوانیت عێراق بەجێ بێڵیت بێ ئەوەی ئەو هەلەم پێبدەیت تا جوانی کوردستانت نیشان بدەم. بەم شێوەیە، وات لێدەکەم رۆژێك لەرۆژان لەگەڵ خێزانەکەتدا سەردانی ئەم شوێنە بکەیتەوە".

بەئۆتۆمبیل نزیکەی دوو کاتژمێر بەرەو باکور ڕۆیشتین دواجار چووینە ناو دۆڵێکی قوڵ و سێبەرەوە. لەکاتی لێخوڕینماندا لەخوارەوەی قەدپاڵێکی زۆر لێژەوە، بەهۆی پریشکی تافگەکانەوە کەلەنێو کەلێن و کونی تاشەبەردەکانەوە دەردەپەڕین ئەمومۆ ئۆتۆمبیلەکانی داپۆشی. هەستمکرد لەناو وڵاتێکی تردام. چێشتخانەو چایخانەکان بەدرێژایی جۆگەو کانیاوەکان بلاوبووبنەوە. ئەگەر بڕیارماندا بەسەر ئەوەی کە بینمان هەروەها ئەو بازاڕەش کە شەوانی سێ شەممە ساز دەکرێت، دەبینین ئەوان کۆمەڵە کارێکی گەشەسەندوو بەسوود ئەنجام دەدەن. لەبیرمە پاوێکی جبایی بەتەمەنی سەر سپی لەتەنیشت ڕێگاکەوە وەستابوو کە پێیدا تێپەڕین. هاواریکردو ووتی " مەسعود، صەدام بخنکێنە!" بەملاولای ڕێگاکەشدا ژمارەیەکی زۆر خەڵك وەستابوون و دروشمیان دەوتەوە.

لەکاتێکی درەنگی دوای نیوەڕۆدا لەدیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ سەرۆك وەزیران لە ٢٣ یۆنیۆ/ حوزەیراندا ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی هەوڵبدەین لەڕۆژی دووشەممە ١٨ حوزەیران/ یۆنیۆدا.. سەروەریی رادەستی عێراقیەکان بکەینەوە... بەمەرجێك ئەگەر ڕەوشی ئەمنی لەباربوو.

بەڵام ڕۆژی دواتر بەکەوتنە خوارەوەی چوار هاوەن دەستیپێکرد لەکاتژمێر ٥:٤٥ خولەکی بەیانیدا، یەکێکیان بووە هۆی کوژرانی کرێکارێکی عێراقی لەناو حەوشەی کۆشکەکەدا. دەنگی تەقینەوە هەموو ناوچەی سەوزی گرتەوە.

لەکورتە هەواڵێکی ئەو بەیانییەدا، باربرا فاست ووتی ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تیرۆریستەکان لە خۆرئاوا باکورەوە دێنە ناو بەغداوە، بۆ تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو و ئەنجامدانی هێرشی تر لە ٣٠ حوزەیران/ یۆنیۆدا. بەڵام ئەگەر ئاستی توندوتیژییەکان بەرزبۆوە لەماوەی چەند ڕۆژی کەمی ئایندەدا، ئەوا ناچار دەبین واز لەمانۆڕەکانی گواستنەوەی پێشوەختی سەروەری بێنین، چونکە ئەمە وا دەردەکەوێت کە ئێمە لەعێراق دەرکرابین.

دوای کۆتاییهاتنی ئەو کۆبونەوەیە، چووم بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لە دکتۆر سەید محمد بەحرلعولم بکەم لەنوسینگەکەی. بینیم شێخە ریش سپیەکە پڕە لەچالاکی و حەیدویەت و لەمیزاجێکی باشدایە.

لەو کاتەدا کە پێدەکەنی ووتی" جەنابی باڵیۆز هەستم بەزیاتر سپی بوونی قژت کرد لەوەی کە پێش ساڵێک هاتیت بۆ ئێرە".

وەڵامدایەوە" تۆ چاودێرێکی ووردی جەنابی شێخ"، ئاماژەم بۆ قژمکرد لەلاجانگی ڕاستم و ووتم " هۆکاری ئەم قژە خۆڵەمێشیانەم سوونەکانە، ئەو قژانەی پشتی سەریشم کە سپی بوون بەهۆی کوردەکانەوە بوو، ئەم قژانەی ئەوقە سەریشم بەهۆی شیعەکانی نمونەی تۆوە بوو".

بەپێکەنینێکی کز وەڵامی دامەوە. ئەوەشم ووت ئەگەر پێی وایە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکیەکان کە حکومەت بەڕێوەدەبەن سەختە، " بوەستە هەتا پێویستیت بەمامەڵەکردن دەبێت لەگەڵ عێراقیەکان"، ئیمام بەدەنگێکی بەرز پێکەنی.

" پێشنیارێکم هەیە دەکەمە بەردەست جەنابی باڵیۆز. لێت دەبورم لەبەرامبەر ئەوەدا لێمبووره لەهەموو هەڵەکان"

"ڕێکەوتین سەیید".

هەروەها بیری ئەم پیاوەش دەکەم.

لەکاتی نیوەڕۆدا، سەرلەنوێ بازاڕی بەغدا بۆ پشکەکانمان کردەوە، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر کاری دەکرد بەڵام توانی ژمارەیەکی پێوانەیی تۆماربکات لە ئاڵوێرکردنی پشکەکاندا. دوای ئەوەی ئەم وڵاتە ئارامیی بەخۆوە دەبینێت، ئەوا سەرکەوتنێکی ئابوریی مەزن بەدی دێت.

ئاسایش لەو قۆناغەدا کە دەکەوتە پێش بەرواری گواستنەوەی سەروەریی پێشوەخت کەپلانمان بۆ دانابوو وەك ترسێك مابوویەوە. لەڕوژی هەینی ٢٥ حوزەیران/یۆنیۆ، جارێکی تر بەدەنگی



Scanned with CamSc

تەقینەوەیەك بەناگا هاتمەوە كەدەیووت " خۆتان پەنادەن! خۆتان پەنادەن!"

دوای چەند چركەیەك، بەبێ خاوس بەرەو پەناگەكە ڕامەكرد كەلەناو قیلاكەدا بوو كاتێك گوللە هاوەنێكی قورس لەناوەڕاستی ناوچەی سەوزدا كەوتە خوارەوە.

بەرای ڕاپۆرتەكان ئاماژەیان بۆ ئەوە كرد كە هیچ قوربانییەك یان زیانێكی بەدواوە نەبووە، بەڵام ئایا لەماوەی چەند ڕۆژی كەمی ئاییندەدا هێندە ڕەوشەكە ئارام دەبێتەوە تا بتوانین پرۆسەی گواستنەوەی سەروەریی پێشوەخت تەواو بكەین؟

لەكاتێكی دواتری پاشیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، داوام لە عەمید سكۆت كاسلی ڕاوێژكاری گشتی دەسەڵاتی كاتی هاوپەیمانان كرد بۆ ئەوەی لەگەڵم بێت بۆ كۆبوونەوەی ئاسایی لەگەڵ سەرۆك وەزیراندا. سكۆت سیاسەتەكەمانی پوختكردەوە لەئامادەكردنی زیاتر لە سەد یاسا كەلەساڵی ڕابرووددا داڕێژراوە. سكۆت ووتی " ئێمە پارێزكاربووین، جەنابی سەرۆك وەزیر، سووربووین لەسەر ڕێزگرتنی یاسا عێراقیەكان لەهەر شوێنێكدا مومكین بووبێت- تەنها كاتێك چاكسازیمان تێدا كردووە كە پێویست بووبێت بۆ ئەوەی پەیكەرێكی یاسایی بدۆزینەوە بكرێت لەرێگەیەوە دیموكراسیەت و ئابووریی ئازاد بووژێتەوە".

هەوڵماندداوە نزیكردنەوەیەكی " ئەشعەرگەریی" وورد ئەنجام بدەین لەبری ئەوەی بێین یاسا عێراقیەكان بگۆڕین بەهی خۆرئاوایی.

سكۆت ئەوەشی ووت كە پارێزەرە عێراقیەكان لەگەڵ گروپەكەمان كاریان كردووە، هەروەك چۆن ئێمە ڕاوێژی ڕێكخراو و بەردەوامان بە عێراقیەكانی تر كردووە- داواكارانی گشتی، پیشەوەران، پیاوانی كار. وەزارەتە عێراقیەكانیش بەشێوەیەكی توندوتۆڵ كاریان كردووە لەدیاریكردنی چاكسازییە پێویستەكان و پێداچوونەوەی ڕەشنوسی یاساكان. ئەم كارانەش بەهەماهەنگی وورد بەئەنجام دەگەیشت لەناو حكومەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانداو، لەگەڵ صندوقی نەختی نێودەوڵەتی و بانكی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەردوو حكومەتی بەریتانیا و ئوسترالیا. وە سووربوونێك هەبوو بۆ ڕێزگرتن لە هەموو چوارچێوە یاساییەكان لەسایەی یاسای نێودەوڵەتی و ئەو بڕیارانەی كە لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە دەردەچوو.

سكۆت بەم ووتەیە كۆتایی بەقسەكانی هێنا " پرۆسەیەكی زۆر ووردو بەئەرك بوو".

هەروەها ئەوەشم ووت ئێمە هەوڵماندداوە یاسای بازرگانی عێراقی نوێبكەینەوە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە وڵاتێك توانای ململانێی هەبێت و یارمەتی بدات لەپەرەپێدانی كەرتی تایبەتدا كە چالاكی و هەمەجۆری لەخۆبگرێت.

عەللاوی ووتی " بەڕێز ژەنراڵ کاسل، دەتوانم ببینم کارەکەتان ئاسان نەبووە. لەسایەی صەددامدا، لەعێراقدا زۆرێك لەیاساکان هەبوون بەڵام کەسێك نەبوو کە پێیانەوە پەیوەست بێت".

کاتێکیش وەختی ڕۆشتن هات، بەستەیەك لە بەرگەکانی یاسا عێراقییە نوێیەکانمان دایە کە بەزمانی عەرەبی نوسرابوو هەروەها هەزاران چاکسازیکردنی زیادەی پێشنیارکراو بۆ ئەوەی حکومەتی نوێی عێراقی لێیان بکۆڵێتەوە. بەڵام ئامادەکردنی کۆمەڵە یاساکان- کە چوارچێوەی کارێکی پەروو پشتیوانی لە لەدایکبوونی عێراق نوێ بکات- دەیان هەزار کاتژمێر لەکارکردنی وویستووە.

لە ڕۆژی یەکشەممە ۲٦ حوزەیران/ یۆنیۆ تازە خەوم لێکەوتبوو کاتێك یەك گوللە هاوەن لەنزیك ناوچەی سەوزەوە کەوتە خوارەوە کە ئەمە ماوەی سێ ڕۆژە بەردەوامە. ڕامکرد بۆ ڕاڕاوەکەو سەیرێکی کاتژمێرە ڕۆشنەکەمم کرد. پێنج خولەك لەنیوەی شەو لایدابوو.

لەگەڵ هەڵهاتنی ڕۆژدا، دەرکەوت کە هێرشەکان هیچ زیانێکیان بەناو حەوشەی کۆشکەکە نەگەیاندووە، بەڵام ئاماژەگەلێك بوون بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لەوانەیە لە ئایندەدا ڕووبدەن. ژەنراڵ فاست قسەی کرد لەبارەی ئەو ئامانجانەوە کە ئەوە دەگەیەنن یاخیبووەکان پلاندادەڕێژن تا لە ۳۰ حوزەیران/یۆنیۆدا یەکێك لە شارەکان داگیر بکەن- لەوانەیە ڕەمادیی یان بەعقوبە بێت.

ئەوان دەیانەوێت زیان بەحکومەتە نوێیەکە بگەیەنن پێش ئەوەی یەکەم هەنگاوەکانی هەڵبنێتەوە.

لەشەودا، نامەیەکی پێشبینی نەکراومان پێگەیشت کە وتەبێژێك بەناوی موقتەداوە تەقەکردنی لەدژی هێزەکانی هاوپەیمانان ڕاگرتبوو.

بە ژەنراڵ سانشێزم ووت " ئەمە دووەم هەواڵی باشە کە لەماوەی هەفتەیەکدا لەموقتەداوە دەیبیستم". دواتر گوێمان لەچەند ڕاپۆرتێکی متمانەپێکراو بوو کە باسیان لەوە دەکرد موقتەدا کار بۆ ئەوە دەکات کە عێراقیەکان لەدژی تیرۆریستەکان هانبدات.

ووتم" بەچاوپۆشین لەوەی لەباشور ڕوودەدات، پێویستە لەسەرمان پرۆسە هێرشبەرییەکانمان لەمەدینە صەدر لەدژی موقتەدا ڕابگرین. ئێمە ئارەزووی ئەوە ناکەین لەوێش خۆمان ڕابکێشینە ناو چارەسەرێکەوە وەك چارەسەرەکەی فەللوجە".

سانشێز ووتی " لەمەدا هاوڕام لەگەڵتدا، گەورەم".

لەدیدارێکی بەیانیاندا لەگەڵ عەللاوی لەڕۆژی یەکشەممەدا ۲۷ حوزەیران/ یۆنیۆدا لەنوسینگەکەی و لەپشتی دەرگا داخراوەکانەوە، ئەو هەڵبژاردنانەم بۆ خستەڕوو کە لەبەردەستدان بۆ گواستنەوەی پێشوەختی سەروەریی. کاتەکە زۆر تەنگ بوو.

ووتم " هیوادارم بتوانین سبەینێ ئەوە بکەین. بەڵام ئەوە پشت دەبەستێت بە پاراستنی ئاستێکی



Scanned with CamSc

دیاریکراو لەئارامیی ڕێژەیی لەم ڕۆژەدا"، واتە لەڕووی ئەمنیەوە ڕەوشەکە ئارامتر بێت. وەڵامیدامەوەو ووتی ، " لەوە تێدەگەم و ڕازیم". ووتم لەکۆتایی ڕۆژدا جارێکی تر پەیوەندی پێوە دەکەمەوە دوای ئەوە توانیمان لە ئاراستەی ڕەوشی ئەمنی تێبگەین.

لەم کاتەدا، دیاربوو کە گرووپی بەریتانی لەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دەنگۆی گواستنەوەی پێشوەختی سەروەرییان بیستبوو. دەیڤید ڕیچمۆند وتی لەکاتێکدا کە چیرۆکەکە درزە دەکات ئیدی ' هەموو مەرج و گرەوەکان هەڵدەوەشێنەوە".

ووتم " باشە، لە لەندەنەوە ڕێنومایم پێگەیشتووە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ عەلاویدا بکەم لەبارەی گواستنەوە پێشنیارکراوەکەوە. ئەوان ئارەزوو دەکەن دڵنیابن لەوەی کە لەڕاستیدا سبەینێ بەو کارە هەڵدەستێن".

بەشێوەیەکی تا ڕادەیەك سارد ووتم، "برۆ بۆ سەردانی سەرۆك وەزیران دەیڤید". من حەز ناکەم ئەم حکومەتە وابزانێت کە من هەوڵدەدەم هەڵوێستی عەلاوی بگۆڕم.

لەکاتێکی دواتری ئەو بەیانییەدا چاوم بەسانشێز کەوت بەتەنهاو پێموت " ئێمە بیر لە ئەگەری گواستنەوەی سەروەریی دەکەین لەسبەینێدا، بەڵام ئەمە پشت دەبەستێت بەوەی بتوانین پارێزگاریی لە ئارامییەکی ڕێژەیی ئەم ڕۆژە بکەین". لەبەرئەوە داوام لەژەنراڵ کرد لەکاتژمێر ١٦:٠٠دا ی دوای نیوەڕۆدا سەردانی ئەفسەرە سەربازییەکانی بکات بۆ ئەوەی بزانێت لەو ڕۆژەدا کاروبارەکان چۆن ڕۆیشتوون بەڕێوە. " جارێکی تریش لەکاتژمێر ٦:١٥ خولەکدا بەیەك دەگەینەوە بۆ ئەوەی گوێم لە ڕاپۆرتەکەت بێت و دوای ئەوە قسە لەگەڵ سەرۆکدا دەکەم.

لەوکاتە کورتەدا کەلەبەردەستدا بوو دوایین ماڵئاوایم مابۆوە . من پێویستم بەوە هەبوو جارێکی تر بچمەوە بۆ حیللە. پێش چواردە مانگ، سەردانی یەکەمم بۆ دەرەوەی بەغدا بوو بۆ گۆڕێکی بەکۆمەڵ کە تەرمی هەزاران عێراقی لەخۆگرتبوو لەوانەی کە لەسەر دەستی پیاوەکانی صەدامدا کوژرابوون و تەرمەکانیان فڕێدرابووە ناو چاڵێکی گەورەی سەربەتاڵەوە.

بەڵام ئەمجارەیان لەبری ئەوەی بچمەوە بۆ شوێنەکەی پێشوو، چەند کاتژمێرێکم بەسەر برد لەسەردانی یەکێك لە دیارترین ئەو کەسایەتیە عێراقیانەی کە چاوم پێیانکەوتووە، شێخ سەیید فەرقەت قەزوینی.

کاتێك بۆ یەکەمجار چاوم بەم ئیمامە باڵا بەرزە عەمامە ڕەشە کەوت، سوپاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد کە عێراقی ڕزگارکردو لەبارەی ئارەزووی خۆیەوە دووا بۆ ئەوەی

عێراق بگۆڕێت بۆ "ویلایەتی پەنجاو سێیەمین"ی ئەمریکا. لەو تازە ئیمامەتی مزگەوتی صەدامی وەرگرتبوو کە لە حیللە بونیادنرابوو پێی ووتم خەون بەوەوە دەبینێت بیگۆڕێت بۆ زانکۆیەك بۆ لێکۆڵینەوەو فێربوونی دیموکراسیەت.

ئێستا بۆم دەرکەوت کە بەپشتیوانی پڕ لەپەرۆشی دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان و مایك گفۆلەر بەو کارە هەستاوەو ئارەزووەکەی بەدیهێناوە. لەسەرەتادا، شێخ هاوڕێیەتی کردم بۆ پێشانگایەکی وێنەی فۆتۆگراف کە تیایاندا گۆڕە بەکۆمەڵەکان نیشاندرابوو لەگۆڕەپانی مزگەوتەکەی پێشوودا. ووتی مەبەست لەمە ئەوەیە "عێراقی کۆن" بەبیر هەمووان بهێنرێتەوە. وێنەکان کاریگەربوون- ژنان خەریکی هەڵدانەوەی گۆڕەکان و لابردنی خۆڵ بوون، یەکێکیان وێنەی سێ لەرۆڵەکانی هەڵگرتبوو کە بەدەستی پیاوەکانی صەدام کوژرابوون و هیچ شوێنەوارێکیان نەبوو. وێنەکانی تریش تێیدا دەیان کەللەسەریان نیشاندابوو کە دڕندەکانی صەدام شکاندبوویان بۆ ئەوەی رادەی کاریگەریی مادە کیمیاوییەکان بزانن کەلەکوشتنی قوربانیەکاندا بەکارهاتبوون.

هەروەها شێخی قەزوینی حەفتاو پێنج جەستەی نەناسراوی لەگۆڕستانەکە دەرهێنابۆوە بەچەند ڕیزێك لەبەردەم مینیمۆنتێکی یادگاریدا ناشتبوونی کە تابلۆیەکی بەسەرەوە بوو چەند دەقێکی تەورات و قورئان و ئینجیلی لەسەر هەڵکۆڵرابوو. بەتەنیشت "مەزاری نەناسراوەکانەوە" لەژێر تیشکی خۆرێکی درەوشاوەدا، دەیان پاڵەوانی زیندوو وەستابوون لەپیاوان و ژنان کە لەکاتی ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ لەدژی صەدام ڕاپەڕیبوون. لەنێوانیاندا دوو منالی بچووك هەبوون، لەگەڵ خێزانەکانیان برابوون و ، دوای ئەوەی تەقەیان لێکرابوو پاشان خرابوونە ناو گۆڕێکی بەکۆمەڵەوە. بەلام بەشێوازێك لەشێوازەکان توانیبویان هەڵبێن ئەویش بەوەی کە وا خۆیان نیشاندابوو کە مردوون، پاش ئەوەی تاریکی داهاتبوو، بەسەگە خشکێ چووبوونە دەرەوەی چاڵەکەوەو هەڵهاتبوون بۆ گوندەکانی دەوروبەر؟ لەو کاتەدا کە تەوقەم لەگەڵ دەکردن زۆر بەزەحمەت توانیم فرمێسك لەچاوەکانمدا قەتیس بکەم.

دوای ئەوە سەردانی " عێراقی نوێمان" کرد دامەزراوە سەرەکیەکە " ناوەندی دیموکراسیەتی هەرێمیی " بوو کە سەر بە قەزوینی بوو، کە وێستگەیەکی ڕادیۆی ناوخۆیی لەخۆگرتبوو، " دەنگی عێراقی دیموکراسی سەربەخۆ". هەروەها کۆڕ ئێنێکی کردبۆوە خوێندکارەکان کە زۆربەیان شەریعەتیان دەخوێند، بەووریاییەوە سەیری شاشەی کۆمپیوتەرکانیان دەکرد کە بیست و پێنج کۆمپیوتەر بوون و دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان پێبەخشیبوون. لەتۆڕەکانی ئەنتەرنێتدا بەدوای زانیاریدا دەگەڕان کە پەیوەندیان بەلایەنە جۆراوجۆرەکانی دیموکراسیەوە هەبوو. هەروەها



Scanned with CamSc

بەژمارەیەك لەژنانی پێشکەشکردم کە عەبای رەشیان بەسەرەوە بوو مافەکانی ژنان و مافەکانی مرۆڤیان دەخوێندو لەبارەیەوە دەیانوسی.

لەکۆتایی سەردانەکەدا، لێدوانێکی کورت و پوختم بۆ رۆژنامەنوسەکان دا کەلەگەڵم هاتبوون " یەکەم دیدارمم بیردەکەوێتەوە کە پێش زیاتر لەسالێك بوو. ئەوکاتە پێی ووتم ئەو خەون بە دامەزراندنی ناوەندێکی دیموکراسیەوە دەبینێت. ئەوا ئەو خەونە بەدیهات". هەروەها ئەوەشم ووت کە هێشتا کەسانێك هەن گومان لەوە دەکەن لادانی صەدام بەسوود بوبێت. کەسانێکی تریش هەن بڕوایان وایە کە عێراقێکی ئازاد و دیموکراسی لەخەونێك زیاتر نیە.

پەیامەکەشم بۆ هەردوو گروپەکە سادەیە:

بێن بۆ حیللە. بێن بۆ ئەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ببینن و دوای ئەوە بڵێن لادانی صەدام کارێکی جوامێرانە نەبووە. بێن بۆ ئەوەی ناوەندی دیموکراسیەت ببینن و دوای ئەوە بڵێن عێراقیەکان ناتوانن کۆمەڵێکی فرەیی بونیادبنێن. ئەگەر ئەوە خەونێك بووبێت، ئەوا خەونێکە بەملیۆنان عێراقی تێیدا بەشداری دەکەن.

لەشەوی ئەو رۆژەدا، سانشێز ووتی کە تەنها نۆزدە رووداو روویداوە لەهەموو ناوچەکانی وڵاتدا، بەرامبەر بە نزیکەی چل رووداو کەپێشتر رۆژانە روویدەدا.

جارێکی تر چاوم بە عەلاوی کەوتەوەو پێمووت " جەنابی سەرۆك وەزیر، دەتوانم دڵنیات بکەمەوە لەوەی کە ئێمە بەنیازین سبەینێ سەروەریتان بۆ بگوێزینەوە.. دوای وەرگرتنی رەزامەندی کۆتایی لەحکومەتەکەمەوە".

پەیوەندیم بە کۆندۆلیزا ڕایسەوە کرد لەئەنقەرە، کە هاوڕێیەتی سەرۆکی دەکرد لەکۆبونەوەی سەرۆکەکانی وڵاتانی پەیمانی ناتۆدا. " تەنها چەند رۆژێکی کەممان لەبەردەمدا ماوەتەوە، کۆندی، هیچ دزەکردنێکی هەواڵیش نیە. دەبێت بتوانین سبەینێ گواستنەوەی سەروەریی بەئەنجام بگەیەنین". هەناسەیەکی هەڵکێشاو ووتی: ئێستا بەریتانیەکان خەریکە گومان دروست دەکەن. ئەوان وا پرسیار دەکەن وەك ئەوەی ئێمە هەوڵماندابێت لەرەوشێکی گران و سەخت بێینە دەرەوە. سەرۆکیش لەسەر خوانی ئێوارە کاتژمێر ٩:٣٠ مەسەلەکە لەگەڵ بلێردا باس دەکات دوای ئەوە لەئەنجامەکان ئاگادارت دەکەمەوە".

نزیك نیوەی شەو، رایس پەیوەندیکرد. ووتی " بلێر رەزامەندە لەسەر لەوەی سبەینێ سەروەریی بگوازرێتەوە بۆ عێراقیەکان".



Scanned with CamScanner

وەڵامدایەوە " ئەمە باشە. داوام لەسانشێز کردووە لەدوایین هەواڵ لەبارەی ڕەوشی ئەمشەوەوە سبەینێ کاتژمێر ٧:٥٥ خولەك ئاگادارم بکاتەوە.

ووتی " کەواتە با سبەینێ کاتژمێر ٧:٥٥ قسە بکەین و لەو کاتەدا بڕیارەکە بدەین".

لەو شەوەدا بەهەندێك بەڵگەنامەدا دەچوومەوە کاتێك کە کۆلۆنێل نۆرروود هەواڵێکی نیگەرانکەری هێنا. پێی ووتم " گەورەم، فڕۆکەیەکی سی –١٣٠ لەکاتی هەڵفڕیندا لەفڕۆکەخانەی بەغدا بەچەکی سووك تەقەی لێکراوە. یەکێك لەفەرمانبەرە مەدەنییەکان لەوەزارەتی بەرگریی کەلەناو فڕۆکەکەدا بووە کوژراوە".

فرانك گالاگر کە لەتەنیشت سکۆتەوە وەستابوو لەڕاڕەوەکەدا، دەموچاوی پەست و ڕەشهەڵگەڕاو بوو.

لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا یاریدەدەرە ئەمنیەکانم نیگەرانیان زیادی کردبوو لەبارەی چۆنیەتی دەرکردنم بەزیندوویەتی لەم وڵاتەدا، زیاتر لەساڵێکە، من فڕۆکەی جۆری سی –١٣٠ بەکاردەهێنم کاتێك لەعێراقەوە بۆ دەرەوە گەشت دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆی. فڕۆکەی سی –١٣٠ بۆمبهاوێژی گەرمی تێدایە دەتوانێت زۆربەی– نەك هەمووی– موشەکە زەوی بەئاسمانە گەرمییەکان دووربخاتەوە. لە زۆربەی بۆنەکانیشدا موشەك بەفڕۆکەکانەوە نراوە کەمن لەناویدابووم. وا ئێستا، گالاگر تووشی نیگەرانی هاتووە، سەرەڕای ئەوەی کە تەنها چەند کاتژمێرێك ماوە لەنێوان گواستنەوەی سەروەریی و دەرچوونم لەوڵاتەکە، لەوانەیە تیرۆریستەکان هێندە کاتیان لەبەردەمدا بێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێرشێکی موشەکی بۆ سەر یەکێك لەفڕۆکەکانی سی –١٣٠ لەکاتی هەڵفڕیندا.

پەیوەندیمکرد بە بریان ماکورماکەوەو پێموت " دەمەوێت لەگەڵ فرانك گالاگرو ریك سانشێزی یاریدەدەرم و وێستگەکەدا کار بکەیت بۆ دانانی یەکێك لە پلانە جادوییەکانت، بۆ ئەوەی سبەینێ لێرە دەرمبکەیت و وام پێباشترە کە ئەوە بەیەك قۆناغ ئەنجام بدرێت".

گەڕامەوە بۆ ڤێللا نەخشێنراوەکەو جانتاکەمم کۆکردەوە، بەهیوای ئەوەی ئەمە دواین شەوم بێت تێیدا، جگە لەخۆم و یاریدەدەرە نزیکەکانم هیچ کەسێکی تر ئەمەی نەدەزانی، زۆربەیان پلانی دادەڕشت بۆ ئەوەی ڕۆژی چوارشەممە بەیەکێك لەفڕۆکەکانی جۆری سی– ١٣٠ لەگەڵم بێت بۆ ئەڵمانیا.

هەموومان لەواشنتۆن بیرەی سارد دەخۆینەوە، ئەمە دروشمێك بوو هێندەی ئەوەی هیوایەك بێت.



Scanned with CamSc

سانشێز ئەو روداوانەی کەلەشەوی ڕابردودا رویاندابو بەمن و بە دیکی ڕاگەیاندو وتی" تەنها چەند روادوێکی بلاّو و جیاجیا لێرەو لەوێ ڕویداوە وا دیارە چارەروانی هاتنی رۆژی چوارشەممە دەکەن".

وەك ئەوەی لەسەری رێکەوتبووین، پەیوەندیم کرد بە کۆندۆلیزا ڕایسەوە لەئەنقەرە لەکاتژمێر ٧:٥٥ خولەکی بەیانیدا و پێموت " هەموو شتێك ئامادەیە" بۆ گواستنەوەی سەروەریی لەمرۆدا لای کاتژمێر ١٠:٠٠ی، پێش نیوەڕۆ.

بەسەرۆك رادەگەیەنم کەئێمە دەستمان بە کارەکە کردووە".

ئێستا، کاتێك کە شتەکە دڵنیابوو کە ئەمرۆ ئێرە بەجێدەهێڵین، دوایین ڕاپۆرتم نارد بۆ سەرۆك. لەو نامەیەدا ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە عێراقیەکان ئێستا ئازادن، ئەوان لەماوەی ساڵی ڕابردوودا ئینویەتیەکی زۆریان نیشاندا بۆ ئازادیە فەردیەکان کەئێستا بەهۆی ڕزگاربوونیانەوە فەراهەم بووە. ئەوەشم بۆ گێڕایەوە کە چۆن قوتابیەکی زانکۆی بەغدا پێی ووتووم " ئێمە بەدرێژایی چەند دەیەیەك لەژوورێکی تاریکدا دەژیاین. بەلاّم ئێوە هاتن و پەنجەرەیەکی درەوشاوەتان بەسەر جیهانی دەرەوەدا کردەوە".

هاوپەیمانان ئەوپەڕی هەوڵەکانی خۆیان خستەگەڕ بۆ جێگیربوونی بنەمای " حکومەت بەرپرسە لەبەردەم گەلداو پابەندە بەسەروەریی یاساوە. چەمکی هاوسەنگی هێزەکانی خستە ناو حکومەتەوەو رێزگرتن لە ماف کەمینەکان لەیاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا. دانم بەوەشدا نا کە واقیعی سیاسی لەعێراق وایکرد لەئێمە کە بەداخەوە مەحاڵ بێت چەندین چاکسازیی ئابوریی پێویست ئەنجام بدەین. لەلایەکی ترەوە، سەرنجم بۆ هەوڵەکانمان ڕاکێشا لەڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیەکان و، ووریایی ئەوەشمدا کە چەندین ساڵ پێویست دەبێت بۆ ئەوەی ئەم دامەزراوانە بتوانن ڕەوتەکە پێچەوانە بکەنەوە".

لەبارەی ئاماژەکردنیش بەو زیانانەی کە حوکمی صەدام بە ژێرخانی ئابوریی عێراقی گەیاندووە، نوسیم" لەزۆرترین شوێنەوارە وێرانکەرەکان کە رژێمی صەدام بەجێ هێشتووە ئەو ژێرخانە دەروونیە سەختەی گەلی عێراقە". ئەوان بەدرێژایی چەندین دەیە لەژوورێکی تاریکدا ژیاون فێربووبوون متمانە بەکەس نەکەن. بەسەیرکردن لە دڕندایەتی ژیانی رۆژانە، " بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پڕ لە متمانە پرۆژەیەکی گەورە دەبێت".

دانم بەبێ هیوایی خۆمدا نا چونکە نەمانتوانی کەشێکی ئارام بدۆزینەوە. یاخیبووەکان سەلماندیان کە



Scanned with CamScanner

ڕێنخستنێکی باش و تۆکمەیان هەیە کە زەحمەتە بڕدرێت زیاتر لەوەی کە ئێمە پێشبینیمان دەکرد.
یاخیبووەکان کە سەر بە قاعیدەو زەرقاویی بوون بڕیاریاندابوو کە عێراق بکەنە بەرەی پێشەوەیان لە ململانێکردن لەدژی شەڕ. بەهۆی ئەوەش حکومەتێکی دیموکراسی دەبێتە سزاو تۆڵەلێکردنەوەیەك لەوان، ئەوا لەماوەی چەند مانگی ئایندەدا بڕێکی زیاتر لەکردەوە توندوتیژیەکان دەبینین". ووتیشم پێویستە جەختکردنەوەی خێرامان لەسەر مەشقپێکردنی سەرکردەی کارامەو لێهاتوو بێت بۆ هەموو هێزەکانی ئاسایشی عێراقی. هەروەها پێویستە لەسەرمان جەخت بکەینەوە لەسەر جۆری سەرکردەکان زیاتر لە جەختکردنەوە لەسەر بڕو ژمارەی شوێنکەوتەکانیان".

لەگەڵ ئەوەشدا، " لەتواناماندایە هەست بە بڕێك لەدڵزیبوون بکەین چونکە ئێمە بە بەرپرسیارێتیەوە کارمان کردو ئەمینداراێکی سەروەریی عێراق بووین لەساڵی ڕابردوودا".
ڕاپۆرتەکەشم بەم ووتەیە کۆتایی پێهێنا کە بەهۆی ئازایەتی سەرۆك و کۆششەکانی هاوپەیمانانەوە،
" لەبەردەم عێراقدا ئاراستەیەك دروست بووە بەرەو ئایندەیەکی باشتر. ئایندەی هیوا بەنسبەت هەموو عێراقیەکانەوە، ئایندەیەك عێراقیەکان دەتوانن ئەوەی تێدا بڵێن کە دەیانەوێت و، ئەوە بخوێنن کەحەزیان لێیەتی، گەشت بۆ هەر کوێیەك بکەن کە ئارەزووی دەکەن، بەچێژ و پەرۆشیەوە کارەکانی ڕۆژانەیان بەئەنجام بگەیەنن و، خێزان و باوەڕ، ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە لەئەمریکادا چەند سەدەیە لێی بەهرەمەندبووین".

دەوروبەری کاتژمێر نۆی بەیانی ٢٨ حوزەیران/یۆنیۆ، نوسینگەی پەیوەندییە ستراتیژیەکانی سەر بە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان نامەیەکی نارد بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن تێیدا دەڵێت کە من و ئیاد عەلاویی سەرۆك وەزیران لەبینای حکومەت لەکاتژمێر دەی سەر لەبەیانیدا چەند ووتەو لێدوانێك لەبەردەم ڕۆژنامەوانان و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا پێشکەش دەکەین.

کاتێك کە پەیامنێرەکان گەیشتنە بینای ئەنجومەنی حوکمی پێشوو، فەرمانبەرەکان هەستیان بە وەرگرتنی هەموو مۆبایلەکان لەئامادەبووان بۆ ئەوەی نەتوانن بەشێوەیەکی خێرا یان ماوەیەکی کەم ڕاپۆرتەکانیان بنێرن، بۆ ئەوەی من بتوانم یەکجار عێراق بەجێ بهێڵم.

لەکاتژمێر ٩:٥٥، من و دەیڤد ریچمۆند سواری ئۆتۆمبیلە قەڵغانپۆشەکە بووین و ماوەی کیلۆمەترو نیوێك پێی ڕۆیشتین بۆ لای بینای حکومەت. لەوێ، ژمارەیەك لە ڕۆژنامەوانان لەبەردەم هەیوانی دەرەوەدا بوون.

چووینە ناو نوسینگەی سەرۆك وەزیرانەوە، کە لەماوەی مانگی ڕابردوودا تێیدا زۆر یەکترمان



Scanned with CamSc

بێی، عەلاوی داوای کردبوو کە سەرۆک غازی و بەرهەم صالحی جێگری سەرۆک وەزیران ئامادەبن. دانیشتین و کەمێک قسەمان کرد لەگەڵ مەدحەت مەحمودی سەرۆکی ئەنجومەنی قەزا تا پەیامنێرەکان هاتنە ناو ژوورەکەوە. ئەوان لەپشت هێڵی گوریسێکەوە وەستان کە بۆیان دانرابوو، بێ ئەوەی بەتەواوەتی بزانن کە چی ڕوو دەدات.

لەبەرئەوەی کۆندۆلیزا ڕایس بڕی ئەو بایەخپێدانەی دەزانی کە سەرۆک بە ڕووداوەکەی دەدات، بۆیە داوای لەبریان ماکورماک کرد لەسەر هێڵێکی تەلەفۆنی کراوە لەگەڵ خاتوو لیز لاینبێری بمێنێتەوە کەلەگرووپەکەدا بۆ ئەنقەرە هاوەڵێتی دەکرد، لەوێ سەرۆک و سەرۆکەکانی وڵاتانی پەیمانی ناتۆ لەسەر مێزێکی گەورە کۆبووبوونەوەو گوێیان لەو وتارانە دەگرت کەهەر یەکێکیان پێشکەشی دەکرد. ڕوب تاپان، سەرۆکی بەشی پەیوەندییە ستراتیژیەکانی سەر بەدەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان ڕاستەوخۆ لەدەرەوەی نوسینگەکەی عەلاوییەوە وەستابوو بەردەوام لێدوانی بەدوایەکدا هاتووی دەبرد بۆ برایان، کەئەویش دەینارد بۆ لیز لەئەنقەرە.

دوای ئەوەی کە ژاوەژاوەکە ئارام بۆوە، وەستام و ئەو فایلە بەرگتێگیراوە بە بەرگی مەراکیشیە شینەم کردەوە کە بریان لەشوێنێک پەیدای کردبوو، نامەکەم خوێندەوە: ئەم بەیاننامە بەشێوەیەکی فەرمی فەرمانی گواستنەوەی سەروەریم بۆ گەل و حکومەتی عێراق ئیمزاکردووە، وتەکەشم بەوە کۆتایی پێهێنا کە " ئێمە پێشوازی لەو هەنگاوانە دەکەین کەعێراق گرتوونیەتەبەر بۆ ئەوەی کەرامەتی خۆی بەدەست بێنێتەوەو ئەو شوێنە داگیربکات کەلەنێوان وڵاتانی جیهاندا شایانیەتی".

بەکەمێک هەڵچوونەوە، فایلەکەم تەسلیم بە سەرۆکی ئەنجومەنی قەزا کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خۆشی و زەردەخەنەیەکی فراوان بکەوێتە ڕوخساری ئێمەو عێراقیەکانیشەوە.

لەئەنقەرە، کۆندۆلیزا ڕایس لەبریانی بیستبوو کەوا کارەکە بەئەنجام گەیشتووە. لەسەر کاغەزەکە ئەم دەستەواژەیەی نوسیبوو: عێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەرییە، نامەکەمان لەکاتژمێر ١٠:٢٦ خولەکی پێش نیوەڕۆ بەکاتی بەغدا لەبرێمەرەوە پێگەیشت". ڕایس تێبینیەکەی دابووە ڕامسفێڵدی وەزیری بەرگریی کەڕاستەوخۆ لەپشتی سەرۆک بوشەوە دانیشتبوو. وەزیر چەمابۆوە بۆ لای سەرۆک و تێبینیەکەی پێدابوو.

سەرۆکیش تێبینیەکەی بەتۆنی بلێر دابوو، کەلەتەنیشتیەوە بوو، لەسەری نوسیبوو با " ئازادی سەروەرو پایەداربێت!".

من و دەیڤد ریچمۆند بەهاوەڵێتی عەلاوی و غازی چووین بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە، ماڵئاواییمان لەیەکتر کردو لەوکاتەدا بەعەلاویم وتی " ئێستا وڵاتەکەتان لەئەستۆی خۆتاندایە. لەنێوان

دەستەکانی تۆدایە، بەباشی ئاگات لێی بێت".

لەکۆشك، هەواڵی گواستنەوەی سەروەریی بڵاوبۆوە، ژمارەیەکی زۆر لە هۆڵەکەداو لەدەرەوەی نوسینگەکەم کۆبووبوونەوە، هەندێکیان هاواریان دەکردو، هەندێکی تریشیان فرمێسکی خۆشی لەچاوەکانیەوە دەهاتە خوارەوە. ریك شانشێر لەناو نوسینگەکەمدا وەستابوو ئاڵای هێزەکانی هاوپەیمانانی هەڵگرتبوو بۆ ئەوەی پێشکەشی منی بکات و، ئیمزای خۆی و ئیمزای گەورە سەربازەکان و گەورە فەرمانبەرەکانی لەسەربوو. داوام لێکرد لەگەڵم بێت بۆ هۆڵەکە بۆ ئەوەی خواحافیزی لەمەدەنیەکان و سەربازییەکان بکەین ئەوانەی کە لەوێ کۆبووبونەوە. تەوقەمان لەگەڵ هەموو ئامادەبوەکاندا کرد پاشان بۆ دواجار چووین بۆ لای دەروازە بەمەڕمەڕ ڕوپۆشکراوەکە سواری ئۆتۆمبیلەکەم بووم لەگەشتێکی کورتدا بۆ لای نیشینگەی فرۆکەکان.

سوپا دوو فرۆکەی ستونی هێنابوو لەجۆری چینۆك بۆ ئەوەی تاقمە رۆژنامەوانیەکەو یاریدەدەرو کەلوپەلەکان بگوازێتەوە. ئیاد عەلاوی سەرۆك وەزیرانیش جێگری سەرۆك وەزیرانی ناردبوو بۆ خواحافیزیکردن لێم.

بۆ دوایین جار، لەسایەی کەشی گەرمی هاوینی بەغداد، دوو فرۆکە لەناوچەی سەوز هەستان لەگەشتێکدا کە بیست خولەکی خایاند بۆ فرۆکەخانەی بەغدا. لەدوای ژمارەیەك لە فرۆکەکانی جۆری سی -۱۳۰ کەئەرکیان چەواشەکردن بوو دوو فرۆکە ئەمبوونەوە، کەبڕیاربوو یەکێك لەو فرۆکانە من بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی عێراق. گروپەکەمان چوو بۆ ژورێکی فێنککراو کەتەرخانکرابوو بۆ گەورە کەسایەتیەکان بۆ پێشوازیکردن لە دوایین وەفدی ئەنجومەنی کۆنگرێس، کەبەسەرۆکایەتی دۆنکان هانتەری ئەندامی کۆنگرێسی کۆماریی لەویلایەتی کالیفۆرنیا بوو، سەرۆکی لیژنەی هێزە چەکدارەکان لەئەنجومەنی نوێنەران و یەکێك بوو لە بەرگریکارە دڵسۆزەکان لەرزگارکردنی عێراق. پیرۆزبایی لێکردم بەبۆنەی گواستنەوەی سەروەرییەوە، پاش چەند خولەکێك، پێی ووتم کە رۆژنامەنوسەکان لەدەوری فرۆکە سی -۱۳۰ ە کۆبونەتەوە بۆ وێنەگرتنی رۆیشتنەکەم.

من و جێگری سەرۆك وەزیران بەرەو لای نیشنگە گەرم و داخبووەکەی فرۆکەکان ڕۆیشتین، بۆ لای یەکێك لە فرۆکەکانی جۆری سی -۱۳۰ کە سەر بە پاسەوانی نیشتمانی ئاسمانیە لە ویست ڤێرجینیا. دوای تەوقەکردن و خواحافیزی، دوای ژمارەیەك لەپاسەوانە ئەمنیەکانم کەوتم هەتا دوایین پلەی قادرمەکە دوایین سڵاوم لەجێگری سەرۆك وەزیران کرد، پاشان لەگەڵ رۆژنامەوانەکاندا گەڕاندەوە بۆ هۆڵی چاوەڕوانی لەناو فرۆکەخانەکە.



Scanned with CamSc

دەستەی فڕۆکە سی – ١٣٠ دەرگاکەیان لەدوامەوە داخست و لەگەڵ فرانك گالاگەردا بۆ ماوەی پانزە خولەك لەناو فڕۆکە گەرمەکەدا چاوەڕوانیمان کرد تا ئەوکاتەی ڕۆژنامەوانەکان ڕۆیشتن. پاشان بەهێواشی چووین بۆ ژووری کەلوپەلەکان کەبەتەواوی بارکرابوو دەرگا لێژەکەی دواوەی فڕۆکەکەش داخرابوو. فڕۆکەکە بەخێرایی بۆ مەسافەی چل مەتر لەسەر ئینتگە داخ و گەرمەکە بەرەو ئاراستەی فڕۆکەی چینۆکەکە ڕۆیشت کەچاوەڕوانی دەکرد، ئەو گروپێکی بچووکی هەڵگرتبوو– سکۆتی نۆرروود، سو و، برایان. بەخێرایی فڕۆکە شینۆکەکە هەڵفری و ئێمە بۆ ماوەی پێنج خولەك بەئاراستەیەکی تری فڕۆکەخانەکەدا ڕۆیشتین لەوێ لەفڕۆکەکە دابەزین و خێرا سواری فڕۆکەیەکی ئەفاسەی بچووك بووین کە حکومەتی ئەمریکا ناردبووی. بۆ دوایین جار سەیرێکی عێراقم کردو پاشان فڕۆکەخانەکەمان بەجێهێشت.

لەکاتی گەشتەکەمدا بۆ ئوردن، سو نامەیەکی پێدام کەلەو بەیانیەدا پێمان گەیشتبوو. لەخوێنەکارێکی بچووکی بەغداوە بوو وەرگێڕابوو بۆ ئینگلیزی. تێیدا ووتبووی " تۆ ژیانێکی نوێت پێبەخشین. ئێمە لەوپەڕی خۆشیداین، ئێمە خۆشەویستی خۆمان پێشکەشی ئەو کەسانە دەکەین کە خەیرو چاکەیان بۆ ئێمە ویستووە. سوپاسیان دەکەین لەسەر ئەم کارە نایابە".

بیرۆکەکانم گەڕانەوە بۆ ئەو کاتەی کە چاوم بڕیبووە بیابانە خۆڵەمێشیەکە لەخوارەوە، تا وتاری ماڵئاوایکردنم لە گەڵ کە لەسەر کاسێتێکی ڤیدیۆی تۆمارم کرد تا دوا ڕۆیشتنم شەوەکەی پەخش بکرێتەوە.

من و دۆن هاملتۆن و دان سینۆر بەدرێژایی چەند هەفتەیەك کارمان لەسەر دەقەکە کرد، وویستم کە وتارێکی تەواو شەخصی بێت، حەقیقەتی هەستم بۆ عێراقیەکان ڕافە بکات لەبەرامبەر ئاییندەی وڵاتەکەیاندا.

(موعین جابری )ی وەرگێڕە سەرسامکەرەکەم کە لەدایك بووی عێراقە پێشنیاری کرد وتارەکەم بە هەندێك بڕگەی هۆنراوەیی بەزمانی عەرەبی کۆتایی پێ بێنم کە هی شاعیرێکی عێراقیی بەناوبانگە، ئیبن زەریقی بەغدادی. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك پێش تۆمارکردنی وتارەکە مەشقپێکردم لەسەر خوێندنەوەی ئەم دێڕە شیعرانە، کەلەو ڕۆژەدا لەعێراق دەردەچم پەخش دەکرێت.

هەندێ بڕگەی تێدابوو کە زانیم بەدرێژایی ژیانم لەیادەوەریمدا دەمێننەوە.

وڵاتێکی تەواو جیاوازم لەدوای خۆمەوە بەجێهێشت لەوەی کەپێش ساڵێك هەبوو. عێراقی ئەمڕۆ وڵاتێکی زۆر باشترە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر شت هەیە پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ بەدیهێنانی هیوا ئاواتی هەموو عێراقیەکان...

ڕۆژانی ستەمکارەکە ڕۆیشت و جارێکی تر ناگەڕێتەوە، دادپەروەری سەردەکەوێت– ئەو



Scanned with CamSc

دادپەروەرییەی کە وڵاتی نێوان دوو رووبار هەر لەسەردەمی حامورابیەوە شانازیی پێوەدەکات...

ئەمڕۆ، عێراق یەکگرتوو بووە، نەك لەرێگەی لایەنگری زۆرداراندوە بۆ ستەمکارەکە، بەڵکو بەتێڕوانینێکی هاوبەش بۆ ئازادی بۆ هەموو تاکێکی عێراقی- پیاو بێت یان ژن، عەرەبی بێت یان تورکمانی یان کورد، یان سوننە یان شیعە، مەسیحی بێت یان موسڵمان...

سەربازەکانمان هاتن بۆ عێراق بۆ هیچ شتێك نا تەنها بۆ لادانی ستەمکارەکە و، یارمەتیدان لەسەر لەنوێ بونیادنانەوەی وڵات و گێڕانەوەی سستم بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بەو کارە هەستن. ئەوان هیچ ئامانجێکیان بۆ خۆیان نەبوو. سەربازەکانیشمان دەمێننەوە تا ئەوکاتەی عێراقیەکان ئەوە بخوازن. کاتێکیش دەڕۆنەوە، جگە لەمردووەکانیان هیچ شتێك لەگەڵ خۆیان نابەنەوە.

ئایندەی عێراق مولکی ئێوەیە، مولکی گەلی عێراق. ئێمە و دۆستەکانمان یارمەتی پێشکەش دەکەین، بەڵام جگە لەیارمەتی ناتوانین شتێکی تر پێشکەش بکەین. پێویستە لەسەرتان هەستن بەکاری ڕاستەقینە... ئەی عێراقیەکان ئێستا پێویستە لەسەرتان بەرپرسیارێتی ئایندەی هیواکانتان لەئەستۆبگرن...

ئێرە ئەم وڵاتی نێوان دوو رووبارە جوانە وەك بەشێك لەدڵم دەمێنێتەوە، بەدۆڵ و قەدپاڵە بەپیتەکانی و، چیا ئەفسونگەرەکانی و گەلە نایابەکەیەوە. بەوپێیەش کە مێژووم خوێندووە، رێزم بۆ ئەو مێژووە قوڵەزبووە کە عێراق شانازیی پێوە دەکات. لەبەرئەوەی من لێرە ژیاوم، زانیم بۆچی وڵاتی نێوان دوو رووبار هەر لەهەزاران ساڵەوە لانکەی باشترین ئەو شتانە بووە کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدایە...وتارەکەم بەچەند بڕگەیەك هۆنراوە کۆتایی پێهێنا کە بەزمانی عەرەبی خوێندمەوە

أستودع الله في بغداد لي قمرا
بالكرخ من فلك الأزرار مطلعه

ودعته و بودي لو يودعني
صفو الحياة واني لا أودعه

كم قد تشفع بي ألا أفارقه
وللضرورات حال لا تشفعه

با فێری شێوازی نایاب بین لە فایلکردندا

پیرۆزە عێراقی نوێ...

بژی عێراق...

دوای گەشتێك کە نەوەد خولەکی خایاند، فڕۆکەکە لەفڕۆکەخانەی سەربازیی لەعەممان نیشتەوە. پەیوەندیم بە فرانسیەوە کرد، ئەو لەم ماوەیەدا ڕاپۆرتەکانی گواستنەوەی پێشوەختی سەرووەریی گوێ لێبوو بوو.

پێموت " من هیچ مەترسیەکم لەسەر نەماوەو، وا بەرەو وڵات دەگەڕێمەوە ".

L.PAUL BREMER



# MY YEAR IN IRAQ

TRANSLATED BY: MOHAMED CHYA

SECOND EDITION

نرخ ٧٠٠٠ دینار

نیوەندی
AWDER
بۆچاپ و بڵاوکردنەوە

Scanned with CamSc